مەنسوور حیکمەت (ژووبین ڕازانی)
2002 - 1951

کریکارانی جیهان یەکگرن!

هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی

مەنسوور حیکمەت

لە دوو بەرگدا

بەرگی

2

ئامادەکردن و پیاچوونەوەی

سالار ڕەشید

ناوی کتێب: هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت
بابەت: باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری
ئامادەکردن و پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید
بەرگ: کەریم مەلا ڕەشید
چاپ و دابەشکردن: چاپخانەی ڕەنج
چاپی یەکەم، سلێمانی 2008
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن: ژمارە 2228ی ساڵی 2008ی پێ دراوە

بەشی چوارەم

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

2001 _1991

مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ

(گفتوگۆ لەگەڵ ئینتەرناسیۆنال)

ئینتەرناسیۆنال: پاشەکشەی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە تێکشکانی سۆسیالیزم و کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم ناو دەبەن. ئایا هیچ ڕاستییەک لە پشتی ئەم داڕشتنە ڕەسمی و باوەی بۆرژوازییەوە لەمەڕ ئەم ئاڵوگۆڕانە خۆی حەشارداوە؟ بە ڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک دەتوانرێت بووترێت تێکڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات یان ئەزموونی سۆڤێت بە شێوەیەکی گشتی تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بووە؟

مەنسوور حیکمەت: تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزم وەک چوارچێوەی فیکری و تیۆریی ئەو هەیە، ئەم ڕووداوانە نە تێکشکانی سۆسیالیزم دەردەخەن و نە کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم. ئەمە تێکشکان و کۆتاییهاتنی جۆرێکی دیاریکراوە لە سۆسیالیزمی بۆرژوازی و مۆدێلێکی سەرمایەداریی دەوڵەتی کە بنەماکەی پێک دەهێنا. ئەو ڕاستییەی کە سۆڤێت وڵاتێکی سۆسیالیستی نەبوو، ئەو ڕاستییەی کە سۆڤێت بە تەواوەتی بە ئاسۆی مارکسیستانە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم نامۆ بوو، نەک تەنها بۆ بەشی هەرە زۆر و لە ڕاستیدا زۆرینەی ئەو توێژەی کە هەر چۆنێک بێت خۆی بە کۆمۆنیست ناودەبرد ڕۆشن بوو، بەڵکوو تەنانەت بیرمەندان و سۆڤێتناسانی جۆراوجۆری بۆرژوا دانیان پیادا دەنا. پێداگریی ئەمڕۆی ئایدیۆلۆژیی فەرمیی بۆرژوایی لەسەر ناوبردنی سەرلەنوێی سۆڤێت بە کۆمۆنیزم و مارکسیزم و درزتێکەوتنی کۆمەڵە لێکدانەوە و تەفسیرەکانی تا ئێستای زۆرێک لە چاودێران و ئەکادیمییە بۆرژواییەکان کە پێچەوانەی ئەم شتەی دەسەلماند، نووکی ڕمێکی تەبلیغاتییە لە هێرشێکدا کە ئەمڕۆ لەسەر زەمینەی تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەکرێتە سەر مارکسیزم و کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەی کرێکاری. دەڵێن سۆسیالیزم تێک شکاوە بۆ ئەوەی بتوانن تێکی بشکێنن، دەڵێن کۆمۆنیزم کۆتایی هاتووە بۆ ئەوەی بتوانن کۆتایی پێ بێنن. ئەمانە هەمووی خۆهەڵکێشان و هەرا و زەنای جەنگی بۆرژوازییە و هەر چەندە گوێ سووکتر بکرێت زیاتر دەلالەت لە زیندووبوونی کۆمۆنیزم وەک ئاسۆی هەڕەشەیەکی کرێکاری لە کۆمەڵگای بۆرژوازی دەکات.

خودی پاشەکشەی بلۆکی ڕۆژهەڵات لەم چەند ساڵەی دواییدا داوەرییەک لە بارەی سۆسیالیزم و کومۆنیزمەوە نادات بەدەستەوە، چونکە سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە هیچ پێودانگێک، هەر لە پێودانگی ئابووری و سیاسییەوە تا ئیداری و ئایدیۆلۆژی، نوێنەرایەتی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیان نەکردووە. بەڵام بێگومان ئەزموونی سۆڤێت بە گشتی تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتوو بووە بۆ شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبەر. ئێمە بۆچوونی خۆمان سەبارەت بەم مەسەلەیە پێشتر لە بۆڵتەکانی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێتدا خستۆتە ڕوو. بە بۆچوونی من شۆڕشی کرێکاریی ساڵی1917 توانی دەسەڵاتی سیاسی لە چنگ بۆرژوازی دەربێنێت و بەسەر هەوڵ و تەقەلا ڕاستەوخۆ سیاسی و سەربازییەکانی چینە دەسەڵاتدارە سەرنگونکراوەکانی ڕووسیادا کە دەیانویست نیزامی سیاسیی کۆن بگێڕنەوە، سەرکەوێت. بەڵام لەم قۆناغە بەدواوە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاری ڕاستەوخۆ بەوەوە بەسترابۆوە، کە ئایا توانای گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییە ئابووریەکانی هەیە یان نا و بەرنامەی ئابووریی سۆسیالیستی چینی کرێکار دادەمەزرێنێ یان نا، وە لێرەوە بوو کە شۆڕشی ڕووسیا نەیتوانی پێشڕەوی بکات. بە دەوڵەتیبوونی سەرمایە و خاوەندارێتی دەوڵەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا جێی مەسەلەی بەسۆسیالیستیکردن و گۆڕینی تەواوی هۆیەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان بە موڵکی گشتیی هاوڵاتیانی گرتەوە. کرێ و کاری بە کرێ، پارە، بەهای ئاڵوێر (القیمة التبادلیة) و جیابوونەوەی چینی بەرهەمهێنەر لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە جێی خۆیان مانەوە. لە نیوەی دووەمی دەیەی بیستدا بینای ئابوورییەکی میللی بە پێی ئەلگۆی سەرمایەی دەوڵەتی، کە بە کردەوە بەهۆی ڕوودانی شۆڕشێکی کرێکارییەوە تەنها ئاڵتێرناتیڤی لەڕووی مێژووییەوە مومکینی بورژوازی بوو بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی سەرمایە لەم وڵاتەدا، بووە بنەما و ناچار لەگەڵ پتەوبوونی ئابوورییانەی سەرمایەدا، سەرکەوتنی سیاسیی چینی کرێکاری ڕووسیاش زەوت کرایەوە. لە جێی حوکوومەتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی سەردەمی لێنین، بیروکراتییەتێکی بۆرژوازییانەی چەقبەستووی دەوڵەتی بەسەر سۆڤێتدا زاڵ بوو. لە سۆڤێت ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی، پشتبەستوو بە ئەلگۆیەکی دەستکاریکراوی سەرمایەداری، بەسەر کۆمۆنیزمدا سەرکەوت. تەواوی ئەم دیاردەیە لەمڕۆدا هاتۆتە دواوە. نەک پاشەکشە بەڵکوو پەیدابوونی ئەم دیاردەیە شایەتی سەرنەکەوتوویی سۆسیالیزمی کرێکارییە. کە ئەم مەسەلەیەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەمڕۆ و ئاڵوگۆڕەکانی

ئەمڕۆ.

سەبارەت بە هۆیەکانی ئەم کەموکوڕییە دەتوانرێت زۆر شت بووترێت. بە کورتی، وای بۆ دەچم کە دەرسی بنەڕەتی ئەزموونی سۆڤێت بۆ مارکسیستەکان ئەوەیە، شۆڕشی کرێکاری هەر وەک چۆن مارکسیزم بە تایبەتی لە بارەی ئەزموونی کۆمۆنەی پاریسەوە تەئکیدی لێ کردۆتەوە، بەبێ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئابووریییەکەی خۆی، بەبێ بەرپاکردنی شۆڕشێک لە بنەمای ئابووریی کۆمەڵگادا، هەر تێک دەشکێت و هەر سەرکەوتنێکی سیاسی بەبێ ئەم شۆڕشە ئابووریییە سەرئەنجام دووچاری ناکامییە. شۆڕشی سۆسیالیستی ناتوانرێت بەشبەش بکرێت و دەبێت لە کولییەتی خۆیدا، وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بە سەرکەوتن بگات. شۆڕش بەسەر پەیوەندییە ئابووریییەکاندا، پێویستە بە ڕاستی شۆڕش بێت، نەک سەپاندنی کۆمەڵە ڕێفۆرمێک بەسەر نیزامی ئێستادا. بنەمای ئەم شۆڕشە هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ و ئیشتراکیکردنی تەواوی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنە. ئەم کارە هەرگیز ئەنجام نەدرا لە سۆڤێت.

ئینتەرناسیۆنال: دەورانی گرنگ لە مێژووی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا کاریگەری تەکاندەریان لەسەر گشت بزووتنەوەی ناوبراو بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شەخسییەتی سۆسیالیزم هەبوو. دادوەرییەکانی دەیەی سییەکان، باسە نهێنییەکانی خرۆشۆڤ دەربارەی پەردەهەڵماڵین لەسەر سەردەمی ستالین، داگیرکردنی هەنگاریا و دواتر چیکۆسلۆڤاکیا هەر کامیان بوونە هۆی شەپۆلێک لە جیابوونەوە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم لەودیو سنوورەکانی خودی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا بەراورد ناکرێت. سەبارەت بەم ڕەوەندە خێرایەی جیابوونەوەی "کۆمۆنیستەکانی" پێشوو لە مارکسیزم دەڵێن چی؟ بە بڕوای تۆ پاشەکشەی بلۆکی ڕۆژهەڵات تا چ ڕادەیەک پێویستی پێداچوونەوە بە مارکسیزمدا دێنێتە ئاراوە؟

مەنسوور حیکمەت: مارکسیزم بەر لەوەی ڕستەیەک ئەحکام و پێشبینی بێت، ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری. ڕۆشنە کە ئەم ڕەخنەگرتنە خۆی پشتی بە شیکردنەوەیەکی ئیسپاتی لە بنەماکانی ئەم نیزامە و ناکۆکییە دەروونییەکانی بەستووە. بە بۆچوونی من جیابوونەوە لە مارکسیزم جیابوونەوەیە لە حەقیقەت. هەزار سۆڤێت بێت و بڕوات هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕەخنەی من وەکوو مارکسیستێک

لە کۆمەڵگای ئێستا، تێڕوانینێک کە سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی شایستە بە ئینسانی ئازاد و سەبارەت بەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ بەدیهاتنی ئەم کۆمەڵگا نوێیە لە دڵی کۆمەڵگای ئێستادا هەمە، ڕووناداتە. مارکسیزم تێڕوانینێکی یەکجار قووڵ و لەڕووی میتۆدۆلۆژی و ناوەڕۆکەوە پتەو و مونسەجیمە سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرمایەداری. مارکسیزم ڕەخنە و تاوانبارکردنی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگایە، واتە چینی کرێکاری بەکرێ، دژ بە پەیوەندییەکانی ئێستا. بەڕای من نەک تەنها ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی سۆڤێت بەڵکوو تەواوی ڕاستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئێمە، تەواوی سەرقاڵییەکانی دنیای ئەمڕۆ و ئەو مەسەلانەی کە لە دەزگا گشتییەکان و زانکۆکان، لەمەیدانەکانی هونەر و ئەدەبیات و ... هتد. وەک مەسەلەی بنەڕەتی کۆمەڵگای هاوچەرخ دەدرێنە بەر باس، هەموو ڕۆژە تەئکید لە ڕاست و دروستی تێڕوانین و ڕەخنەی مارکسیستییانە لەم کۆمەڵگایە دەکەنەوە. گاڵتەیان بە مارکس دەکرد کە پەیوەندییە ئابووریییەکان بە بنەمای ژیانی سیاسیی فەرهەنگی کۆمەڵگا دەزانێت. ئەمڕۆ لە هەر ڕێبوارێکی نێو شەقامەکان سەبارەت بە گەشەی ڕاسیزم و فاشیزم و ناسیۆنالیزم و تاوانکاری هەتا خراپبوونی فلانە شێوازی وێنەکێشان و مۆسیقایی پرسیار بکرێت، ئەمانە دەبەستێتەوە بە وەزعییەتی ئابووریییەوە. مەلا لە ئێران مانەوەی دیانەت لە کارکردی بانکی ناوەندی و وەزارەتی پیشەسازی و نرخی بەرامبەریەکی ڕیاڵ و دۆلاردا دەبینێتەوە. هەمووان دەزانن کە مەسەلە لەسەر قازانج و بەرهەمهێنەریی کارە (انتاجية العمل) [labour productivity]. هەموویان پڕ بە دڵیان دەزانن کە دەوڵەت دەزگای چ کارێکە و پۆلیس و سوپا بۆچی دروست کراون. هەموویان دەزانن کە لە ناوەندی کۆمەڵگادا کێشمەکێشێکی هەمیشەیی لە نێوان کرێکار و سەرمایەدار و کرێوەرگر و کرێدەردا هەیە. ڕۆشن بۆتەوە کە تۆزقاڵێک ئازادی و ئینسانییەت لە کۆمەڵگادا بەستراوەتەوە بە ڕادەی توانایی و هێزی کار و ڕێکخراوی کرێکارییەوە لەبەرامبەر دامەزراوەکانی سەرمایەداری و حیزب و دەوڵەتەکانیاندا. ئەو چاوەڕوانییە لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان کە دژی چەوسانەوە و ئیستیبداد بن، دژی هەڵاواردن بن، خوازیاری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ... هتد. بن، بووەتە چاوەڕوانیی سروشتیی خەڵک. لەگەڵ ئازادی و خۆشگوزەرانی و بۆرژوازی، یان هەڵاوردن و چەتەگەری و تاڵان، کرێکار دێتەوە بیر. بە بۆچوونی من سەدەی بیستەم سەدەی مارکسیزم و گشتیبوون و هەمەگیربوونی لێکدانەوە مارکسیستییەکان

سەبارەت بە جیهانی سەرمایەداری بوو. بەم پێیە تا ئەو جێیەی کە پەیوەندی بە مارکسیزمەوە وەک تێڕوانینێک هەیە، کە باس لە ناسین و پێناسەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا دەکات، بەڕای من نەک هەر هیچ پاساوێک بۆ پێداچوونەوەی ئەم بۆچوونە لە ئارادا نییە، بەڵکوو ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی جیهان سەد ئەوەندە ڕاست و ڕەوابوونی ئەم بیر و بۆچوونەی سەلماندووە.

بەڵام شەپۆلی دوورکەوتنەوە لە مارکسیزم هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاست و دروستی، یان هەڵەبوونی تەفسیری مارکسیستییەوە نییە. ئەمە ڕەوەندێکی سیاسییە. ئیختیارەکان سیاسییانەیە نەک زانستییانە. وانییە کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی سۆڤێت لەناکاو تیشکی مەعریفە چووبێتە دڵی کەسێکەوە. ڕاستبوون، یان ڕاست نەبوونی تەفسیری مارکسیزم بۆ کۆمەڵگا لێرەدا دەورێکی زۆر ناگێڕێ و ئەوانەی کە هەوڵ ئەدەن ڕواڵەتی پێداچوونەوەیەکی زانستییانە بەم پاشەکشە سیاسییەی چەپ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بدەن، بە بڕوای من کەسانێکن کە کات بەفیڕۆ دەدەن و بە نرخی ڕۆژ نان دەخۆن. واقیعییەت ئەوەیە کە هێرشی سیاسی و فیکری بۆرژوازی بۆ سەر مارکسیزم و سۆسیالیزم، بە پشتبەستن بە لەناوچوونی بلۆکی سۆسیالیزمێکی درۆزن، گوشارێکی سیاسی و تەبلیغاتی زۆری خستۆتە سەر باڵی چەپی کۆمەڵگا. ڕەوەندی ڕووتێکردنی ڕۆشنبیرانی ڕێفۆرمیستی کۆمەڵگا لە مارکسیزم، کە تایبەتمەندیی دەورەی تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم تا ناوەڕاستی ساڵەکانی هەفتا بوو، پێچەوانە بووەتەوە. زۆری دەوێ تا ئەم شەپۆلە هێرشبەرانەیە پووچەڵ بێتەوە و پێویستە زەربەی کرێکاریی گرنگ لە بۆرژوازی بدرێ، تا جارێکی تر ڕۆشنبیرانی بۆرژوا خۆناوبردنیان بە مارکسیست بە مایەی چوونە سەری ئیعتیباریان بزانن. دەبێ لەسەر ئەم ڕاستییەش جەخت بکەمەوە، کە بەشێکی زۆری "مارکسیستەکان" لە واقیعدا نارازییان و ڕەخنەگرانی غەیرە سۆسیالیستیی کۆمەڵگای مەوجود بوون کە بە ڕەچاوکردنی ئیعتیباری گشتیی مارکسیزم لە بزووتنەوە ئیعتیرازییە دژی سەرمایەدارییەکاندا ناچار ئەم بەرگەیان پۆشی بوو. ناسیۆنالیستەکان، ڕێفۆرمیستەکان، لایەنگرانی پیشەسازی لە جیهانی سێیەمدا، سەربەخۆییخوازەکان، موخالیفانی مۆنۆپۆڵ، کەمایەتییە زوڵم لێکراوەکان و بە شێوەیەکی گشتی، چەندین دەستە و تاقمی جۆراوجۆر مارکسیزم و سۆسیالیزمیان لە کۆمەڵگای ئیستادا کردبووە چوارچێوەی بەیانکردنی نارەزایەتی و داواکارییەکانیان.

دوێنێ مارکسیزم مۆدێل بوو، ئەمانە بوونە مارکسیست، ئەمڕۆ "دیموکراسی" مۆدێلە و هەموویان لەدەوری خڕبوونەتەوە و جێبەجێبوونی هەمان ئامانج و خواست و ئارەزوویان لە دیموکراسی و بازاڕ چاوەڕوان دەکەن. جیابوونەوەی ئەمانە لە مارکسیزم لەم دەورەیەدا چاوەڕوان کراو و بە بڕوای من مایەی خۆشحاڵییە. ئەمە ئەگەرچی فەزا لە مارکسیزم تەسکتر دەکاتەوە، بەڵام کاری شکڵدان بە کۆمۆنیزمێکی کرێکاریی و مارکسیستی قووڵ لە زۆر ڕووەوە ئاسانتر دەکاتەوە.

بە بڕوای من پێداچوونەوەیەک بە مارکسیزمدا، ئەگەر مارکسیزم لەو کێشانەی کە لەژێر ئەم ناونیشانەدا بە درێژایی دەیان ساڵ بە مەبەستی ساغکردنەوەی سیاسیی جۆراوجۆر هێنراونەتە بازاڕ جیا بکەینەوە، زەرووری نییە. ئەوەی کە زەروورییە، بەشداری تەحلیلی و تیۆریی جیددیی مارکسییەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتیدایە. جێگای هەڵوێستی مارکسیستییانە سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ و ئەو ڕەوەندە یەکلاکەرەوانەی کە جیهانی ئەمڕۆ پێیاندا تێپەڕ ئەبێت، خاڵییە. پێداگرتن و پشتبەستن بە مارکسیزم وەک جیهانبینی و تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی بە مانای وتنەوەی پایە گشتییەکانی مارکسیزم سەربەست لە بار و دۆخی کۆمەڵایەتی نییە. بەڵکوو بە مانای بەشداریە لە خەباتی فیکری هەر سەردەمەدا وەک مارکسیست و هەڵوێستوەرگرتن و خستنەڕووی شیکردنەوە سەبارەت بەو گیروگرفتە نوێیانەی کە لە ڕەوەندی حەرەکەتی مێژوویی کۆمەڵگا و خەباتی چینایەتیدا دێنە گۆڕێ. ئێمە پێویستیمان بە پێداچوونەوەی تاکە تێڕوانینێکی ڕاست و ڕادیکاڵ بۆ کۆمەڵگادا نییە، بەڵکو پێویستیمان بە بەکارهێنانییەتی لە جیهانی هاوچەرخ و گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانیدا.

ئینتەرناسیۆنال: سەبارەت بە لێنین و لێنینزم چۆنە؟ ئایا لێنینیزم پێویستی بە پێداچوونەوە نییە؟ ئایا تۆ هەتا ئێستا خۆت بە لێنینیست دادەنێیت؟

مەنسوور حیکمەت: زەمانە بە جۆرێکە، کە پێش وەڵامدانەوە بەم جۆرە پرسیارانە، سەرەتا دەبێت دەستەواژەکانمان پێناسە بکەین. ئەگەر قسە لەسەر هەڵسەنگاندنی واقیعییانەی لێنین، ڕاست و دروستی تێڕوانین و پراتیکی ئەو لە بۆچوونی مارکسیزمەوە و بەشداری لە بیرکردنەوە و کاری شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و لەم جۆرە شتانەیە، دەبێت بڵێم کە بێگومان من لێنینیستم. بە بۆچوونی من لێنین مارکسیستێکی ڕەسەن، بە لێکدانەوەیەکی تەواو دروست لەم تێڕوانینەوە و ڕابەرێکی

شایستەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکاری دنیا بوو.
لێنینیزم وەک لەقەبێک و "ناونیشان"ی جیاکەرەوەی باڵە جیاوازەکان و مەیلی دیاریکراوی نێو بزووتنەوەی ناسراو بە کۆمۆنیزم، مێژووچەی خۆی هەیە و داهێنەرانی سەرەتایی ئەم لەقەبە لە سەردەمی ستالین، یان کۆمەڵە ڕەوتێک کە لێکجیابوونەوەکانی دواتری نێو ئەم پایە ڕەسمییەی کۆمۆنیزم وەک مارکسیست_ لێنینیست ناسران، کەڵکیان لەم جۆرە ناونیشانە ڕێک هەر وەک زۆرێک لە زاراوە مارکسیستییەکانی دیکە بۆ دەربڕینی جیاوازییەکان و بەرژەوەندییە ماددییە غەیرە سۆسیالیستییەکان وەرگرتووە. بە بۆچوونی من ئەمانە نەک تەنها خراپ کەڵک لێوەرگرتن بوون لە ئیعتیباری لێنین، بەڵکوو لێنینیزم بەو دەربڕینەی کە من لە بارەیەوە هەمە، بە تەواوەتی لەبەرامبەر ئەم جۆرە "لێنینیست"انەدا دەوەستێتەوە. قسەکەرانی بۆرژوازیش لای خۆیانەوە هەوڵ دەدەن سەرجەم ئەزموونی سۆڤێت بدەنە پاڵ لێنین و وەک درێژکراوەی سروشتیی ڕێبازی لێنین لە قەڵەمی بدەن. بێگومان ئەمە ئەمڕۆ زیاتر بووە بە باو. ئەوان ئەوە لەیاد دەکەن کە لە ڕۆژی خۆیدا، لە بڕگەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، تەنانەت خودی بۆرژوازیش بە ئاشکرا دانی بە جێگە و ڕێگەی لێنین وەک شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز و عەدالەتخواز ناوە. واقیعییەت ئەوەیە کە لێنینیزم نە لە بیر و بۆچوون و کار و کردەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی سۆڤێت و چین و ئەلبانیادا، نە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سۆڤێتدا نوێنەرایەتی نەکراوە. ئەم حیزبانە و ئەم ئەزموونە لەسەر بنەمای سڕینەوەی تەواوی لێنین و بیر و بۆچوون و ئامانجەکانی دامەزراون. لێنین نوێنەری بەتینوتاوی یەکسانی و ئازادی و مرۆڤایەتی بوو. دیکتاتۆری و بیرۆکراتی و سەرکوتی میللی و سەرەگرتن بۆ نان و گۆشت، بە هیچ بیانوویەکەوە ناکرێت بدرێتە پاڵ لێنین.
لە بواری بیرکردنەوە و پراتیکی مارکسیستیدا، لێنین جێگا و ڕێگایەکی بەرجەستەی هەیە. ئەم جۆرە دارشتنانەی کە دەڵێت (لێنینیزم مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزمە) و شتی لەو بابەتە، بە ڕای من بێ ناوەڕۆکە. پێویستە گرنگی لێنین و ڕۆڵی دیاریکراوی لێنین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لەو پەیوەندییە ڕۆشنەدا بدۆزینەوە کە ئەو لە نێوان تیۆری و پراتیکی شۆڕشگێڕانەدا پێکی دێنێت. بە بڕوای من لێنین بەرجەستەکەری تەواو کەماڵی وەفادارییە بە تەعبیرەکەی مارکس لە کۆمۆنیزم وەک "ماتەریالیزمی پراکتیک". ڕۆڵی تایبەتیی لێنین، تێگەیشتنە لە دەوری ئیرادەی

شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار لە ڕەوتی ماددیی کۆمەڵگای سەرمایەداری و تێگەیشتنە لە بواری پراتیکی توخمی هەڵسووڕاوی شۆڕشی کرێکاریی لەسەر بنەمای مەسەلە بابەتییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر قۆناغێک. لێنین پاشەکشەی بە تێڕوانینی تەکامولی و ئینفیعالی زاڵ بەسەر نێونەتەوەیی دووەمدا کرد و هەمان تێگەیشتنی ئاکتیڤانەی لە کۆمۆنیزم کە جێمەبەستی مارکسە بە دەستەوەدا. ئەگەر بمەوێت باسەکەم سادە بکەمەوە، سۆسیالیزمی پێش لێنین بە گشتی، "زەرووری و حەتمی بوون"ی سۆسیالیزم لە مارکسەوە فێربووە. لێنین جەخت لە "مومکین بوون"ی سۆسیالیزم لەم چەرخەدا دەکاتەوە و بە عەمەلی بۆ بەدیهاتنی دەستبەکار دەبێت. تێگەیشتنی لێنین بۆ مێژوو و بۆ ڕۆڵی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی چینەکان لە گۆڕانگاری مێژووییدا بە قووڵی مارکسیستییانەیە. لێنین جێ بۆ ئەم پراتیکە دەکاتەوە و ڕێکی دەخات. دەزانم کە لێکدانەوەکانی دواتر و بە گشتی لێکدانەوە وردەبۆرژواییەکان سەبارەت بە گرنگیی توخمی کارا (عنصر فعالە) و پراتیکی شۆڕشگێڕانە مەیلێکی ڤۆلۆنتاریستی و ئیلیتیستی و پیلانگێڕانەی لە سۆسیالیزمدا دروست کرد. بەڵام هەر لێووردبوونەوەیەکی سادەی تێڕوانینەکان و پراتیکی سیاسیی لێنین نیشانی دەدا کە ئەو لەم ئیرادەگەرێتیە بێبەرییە. چونکە یەکەم: کاری شۆڕشگێڕانە بۆ لێنین چەمکێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە و دووەم: لێنین بە هیچ جۆرێک لە هەلومەرجی بابەتی و بابەتێتی کۆمەڵایەتی کە مەودای پراتیکی شۆڕشگێڕانەی چین دیاریکراو و بەمەرج دەکاتەوە، دانابڕێت و پشتگوێی ناخات.
بە بڕوای من بۆ هەر کەسێک کە سۆسیالیزم نەک وەک ئایدیاڵێکی جوانکاریی، بەڵکوو وەک مەسەلەیەکی خێرا و عەمەلی سەیر دەکات، بۆ هەر کەسێک بیر لە بەدیهاتنی عەمەلییانەی سۆسیالیزم و شۆڕشی کرێکاری دەکاتەوە، لێنین وەک بیریار و ڕابەرێکی سیاسی، هەمیشە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فێربوون و ئیلهام وەرگرتن دەبێت.
ئینتەرناسیۆنال: لایەنێکی سەرەکی لە هێرشی دژی سۆسیالیستیی ئێستادا لایەنی ئابوورییەتی. تێکشکانی سۆڤێت برەوی بەو حوکمە داوە، کە سەرمایەداری و بازاڕ باشترین و لێهاتووترین و مومکینترین ئەلگۆی ئابوورییە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بینیویەتی. تۆ وەک مارکسیستێک چۆن وەڵامی ئەم بانگەشەیە دەدەیتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: لێرەدا پێویستە دوو بابەت لێک جیا بکەینەوە. یەکێکیان، بەراوردکردنی کارکردی مۆدیلە جیاوازەکانی سەرمایەدارییە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و دووەم، بەراوردکردنی سەرمایەدارییە (چ کێبەرکێیی بێت یان هیتر) لەگەڵ سۆسیالیزمدا وەک ئاڵتێرناتیڤێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. سۆسیالیزم بەو مانایەی کە جێمەبەستی مارکسیستەکانە تا ئەمڕۆ بەکردەوە لە هیچ جێیەک بەرپا نەبووە. ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە نیزامی ئابووری لە سۆڤێت لە هیچ بڕگەیەکدا لە تێڕوانینی کرێکاریی و مارکسیستییەوە بتوانرایە بە سۆسیالیستی ناو ببرێت. بەم پێیە دواتر دێمەوە سەر مەسەلەی سەرمایەداری و سۆسیالیزم و سەرەتا ئاماژە بە چەند خاڵێک سەبارەت بە مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی گەشەی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەکەم.

ئایا سەرمایەداریی پشتبەستوو بە بازاڕ و مونافەسە "باشترین، لێهاتووترین، مومکینترین" ئەلگۆی ئابووریی کۆمەڵگایە کە تا ئێستا بە کردەوە هەبووە؟ بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە بتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، پێویستە پێودانگێکی پێناسەکراو بۆ داوەریکردنی باشتربوون و خراپتربوون و لێهاتووتربوون و لێهاتووتر نەبوونی سیستمە ئابوورییەکان لەدەستدا بێت. ئەم وشانە یەکجار زاتی و نارۆشنن، چونکە بەبێ ئەوەی کە موفەسیرەکە چ چاوەڕوانییەکی لە ئەلگۆی ئابووری هەبێت، پێودانگی تەشخیسکردنەکە دەکرێت بگۆڕێت. ئەمە لە خودی زانستی ئابووریی بۆرژوازیدا ماوەیەکی زۆر بابەتێکی جێ باس و لێکۆڵینەوە بووە. گەشەی چەندایەتیی ئابووری، گەشەی تەکنیکی، شێوازی دابەشکردنی سامان، بنەمای پیشەسازی، ئاستی کارکردن، مەرغوب بوونی بەرووبووم، خۆبژێوی (الاکتفاء الذاتی)، یان مەوقیعیەتی پتەو لە بازاڕی جیهانیدا و ... هتد. لە خودی مەکتەبە جیاجیاکانی ئابووریی بۆرژوازییدا وەک پێودانگ و پێوەری جیاواز و تەنانەت دژ بەیەک بۆ پێناسەکردنی ئەلگۆکانی بەرهەمهێنانی باشتر و خراپتر بەکار هێنراون و مەکتەبە ئابوورییەکان و حیزبە سیاسییە بۆرژوازییە جیاجیاکانی کێشاوەتە ململانێوە. لەبەرامبەر خەسڵەتی"لێهاتووترین و مومکینترین" مۆدیلی ئابووریدا، دەکرێت پرسیار لەوە بکەین کە "لێهاتووترین و مومکینترین" ئەلگۆی ئابووری بۆ چ کۆمەڵگایەک، لە چ دەورەیەکدا و بەکام گیروگرفتەوە؟ ئەمە خۆی بە تایبەتی مەسەلەیەکی کۆنی ئابووریی گەشەکردن (الاقتصاد التنموی) بووە. بۆ نموونە، مۆدیلی بازاڕی ئازاد بۆ سەرمایەداری و بۆرژوازیی ڕووسیا پاش شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتوبەر هەرگیز ئاڵتێرناتیڤێکی مومکین

و لێهاتوو نەبوو. مێژووی بەشی هەرە زۆری وڵاتانی دواکەوتووتر(یان تەنانەت وڵاتانی وەک ژاپۆن) شایەتی ئەو ڕاستییەن کە تەنانەت دروستبوونی بازاڕی ناوخۆی کار و کاڵا لە قۆناغەکانی یەکەمدا، یان پێکهێنانی بنەمایەکی سەرەتایی بۆ پیشەسازی، وەلانانی قۆناغی پێش سەرمایەداری و شتی لەم بابەتە بەبێ دەخاڵەتکردن لەسەرەوە لە میکانیزمی بازاڕدا نەدەتوانرا بکرێت. مێژووی خودی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا، پڕە لەو سەردەمانەی کە دەوڵەت ناچاربووە لە میکانیزمی بازاڕ بۆ زاڵبوون بەسەر قەیران و بێبازاڕی، یان بە مەبەستی هێنانە ناوەوە و نوێکردنەوەی تەکنەلۆژییەکان بەشداری بکات. هەر ئەمڕۆش، زاراوەی کێبەرکێ و بازاڕی ئازاد ناتوانێت بەبێ دەستکارییەکی گرنگی ئەم چەمکانە، بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا بەکاربهێنرێت، چونکە دەوڵەت و مۆنۆپۆڵە نادەوڵەتییەکان ڕۆڵی بنەڕەتییان لە بواری بەگەڕخستنی سەرمایەکان و دیاریکردنی موئەشیراتە ئابوورییەکانی وەک نرخەکان، پێکهاتەی بەرهەمهێنان، ڕێژەی گەشە، ئاستی کارپێکردن و ... هتد. هەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەڕای من، کاتێک داکۆکیکارانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا باشتربوونی مۆدیلی ئابووریی ڕۆژئاوا لەچاو ڕۆژهەڵاتدا ڕادەگەیەنن، چ بە بەکارهێنانی پێوانەکانی خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری و چ لەڕووی موئەشیراتە چەندایەتییەکانی کارکردی ئابووریی دوو بلۆکەکەوە لە ئاستێکی فراوانتری مێژووییدا بێت، بە تەواوەتی ڕاستیان وتووە. مۆدیلی ئابووریی سۆڤێت، وەک مۆدێلێکی نۆژەنکراوی سەرمایەداری، نەیتوانی چوارچێوەیەکی گونجاوتر و لێهاتووتر بۆ کەڵەکەی سەرمایە و هێوورکردنەوەی ناکۆکییە دەروونییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی بنیاتنراو لەسەر سەرمایە بەدەستەوە بدات. خەسڵەتی جیاکەرەوەی بنەڕەتیی سەرمایەداریی جۆری سۆڤێت هەوڵێک بووە بۆ دوورخستنەوەی میکانیزمی بازاڕ لە لایەن سیستەمێکی ئیدارییەوە، ئەوەی کە پێی دەووترێت بەرابەرکێی بەرنامە و بازاڕ. لەنێوبردنی میکانیزمی بازاڕ مومکینە، بە مەرجێک گشت بنەمای ئابووریی سەرمایەداری، یانی کاڵابوونی هێزی کار، لەئارادابوونی سیستەمێکی نرخدانان وەک بنەمای ئاڵووێر و دابەشکردنی بەرهەم لە نێوان بەشەکان و تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، ئابوورییەکی بنیاتنراو لەسەر پارە و ... هتد. بەتەواوەتی لە ناوببرێت. بەڵام هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییانە و لە هەمان کاتیشدا لابردنی بازاڕ وەک سەکۆیەکی دیاریکردنی ماددییانەی ئەم پەیوەندی و دەستەواژانە و میکانیزمێک کە پێکیانەوە دەبەستێت، بەبێ

پەکخستنی جیددییانەی کارکردی سەرمایەداری مومکین نابێت. هەر ئەمەش بوو کە لە سۆڤێتدا ڕووی دا. ئەوەی کە لە سۆڤێت ڕووی دا، جێگرتنەوەی بازاڕ نەبوو بە بەرنامە، بەڵکوو گواستنەوەی ئەرکەکانی بازاڕ بۆ کۆمەڵە دامەزراوێکی بڕیاردەری ئیداری بوو. لە سیستەمی سەرمایەداریدا بازاڕ(سەربەست لە سنووری کێبەرکێ و مۆنۆپۆڵ) کۆمەڵە ئەرکێکی ئاڵوز و جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. دەبێت چی بەرهەم بهێنرێت، چەندە بەرهەم بهێنرێت، چ تەکنیکێک دەبێت بەکار بهێنرێت، دەبێت چەندە سەرف بکرێت، چ کەسێک دەبێت سەرف بکات، هەلومەرجی بەرهەمهێنان، هۆیەکانی بەرهەمهێنان و هێزی مرۆیی لە چ بار و دوخێکدا و لە کام بەشەدا دەبێت بەگەڕ بخرێت، نرخ و بەهای کاڵاکان هەر لە هێزی کارەوە بگرە تا هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لە هەر دەورەیەکدا چییە، کام سیستەمی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن دەبێت بەکاربهێنرێت، کام پێداویستییانە دەبێت دابین بکرێن و کام پێداویستییانە دەبێت پشتگوێ بخرێن، ئابووری بەرەو چ ئاراستەیەک ئەڕوات، کام هۆیانەی بەرهەمهێنان دەبێت لاببرێن، کام تەکنیک دەبێت بخرێتە لاوە؟ و ... هتد. بەو ڕادەیەی کە کۆمەڵگا لەڕووی پیشەسازی و بەرهەمهێنانەوە گەشە دەکات و بەرهەم و پێداویستییەکان زیاتر جۆراوجۆر دەبن، ڕۆڵی بازاڕ ئاڵوزتر و ئاڵۆزتر دەبێت. وەلانانی ئەم میکانیزمە و سپاردنی دیاریکردنی ئەم موئەشیرات و ڕێژە و گواستنەوانە بە دامەزراوە ئیدارییەکان، درەنگ یان زوو سەرمایەداری دەگەیەنێتە بنبەست. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بانگەشەی سۆڤێت ئەوە بوو، کە بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە، ئەم ڕووبەڕووی دیاردەی وەک قەیرانە دەورییەکان و بێکاری نییە. بەڵام بۆ سەرمایەداری، ئەم قەیران و بێکاری و بێبازاڕی و ڕەونەقە دەورییانە، میکانیزمەکانی بازاڕ بۆ گونجاندنی سەرمایە لەگەڵ ناکۆکییە ئابوورییە پایەییترەکاندان. ئەمانە شێوازەکانی یەکهاتنەوەی سەرمایەن، لەگەڵ گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە جەرگەی ئەم نیزامەدا، کۆمەڵە میکانیزمێکن کە تیایاندا سەرمایە خۆی نوێ دەکاتەوە و لەگەڵ گەشەی چەندایەتی و چۆنایەتی "تەکنەلۆژیکی"ی هێزەکانی بەرهەمهێناندا دێنەوە. هەموو شێوەکانی بەرهەمهێنان بە درێژایی مێژوو، بە هەر ڕادەیەکیش چەوسێنەرانە و چینایەتی بووبن، لە دواشیکردنەوەدا ڕێکخراوێک بوون بۆ فراوانکردنی ڕادەی بەرهەمهێنان، گەشەی تەکنەلۆژیکیی بەرهەمهێنان و دابینبوونی پێداویستییە ئابوورییەکان. ئەگەر ئەمڕۆ لە بنەڕەتدا بکرێت شتێک لە بارەی ئابووریی

سۆڤێتەوە بووترێت ئەوەیە، کە ئەم مۆدێلە لە سەردەمێکی دیاریکراودا لەم ڕووەوە گەیشتە بنبەست. ئەزموونی سۆڤێت نیشانی دا، کە بازاڕ خۆی لێهاتووترین هۆکارە بۆ موحاسەبەی ئابوورییانە و ڕێکخستنی هاوکێشە ئابوورییەکان لە نیزامی سەرمایەداریدا و تەنانەت ئەگەر لەژێر هەلومەرجی تایبەتیدا لابردنی میکانیزمی بازاڕ و سپاردنی ئەرکەکانی بە سیستەمێکی ئاگادارکردنەوەی ئیداری لە نێوان بەشە ئابوورییە دیاریکراوەکاندا مومکین بێت، لە درێژماوەدا گەشەی تەکنیکی و جۆراوجۆربوونی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، ئەم شێوازە دەگەیەنێتە بنبەست.

ئەمڕۆ بازاڕ تۆڵە لە سیستەمی ئابووریی سۆڤێت دەکاتەوە. قەیرانە لە ئارادا نەبووەکان، بێکارییە شاردراوەکان، نرخە لە خوارەوە ڕاگیراوەکان، پیشەسازییە کۆمەک پێکراوەکان لە لایەن دەوڵەتەوە و ... هتد. لە ناکاو جێی خۆیان بە بێکاری ملیۆنی، هەڵاوسانی سەرسووڕهێنەر و کارگەی لەکارکەوتوو دەدەن. ڕۆشن دەبێتەوە کە بە درێژایی ئەم ماوەیە مەنتیقی بازاڕ بە شێوەیەکی پێچەوانە و مەنفی ئیشی خۆی کردووە. مۆدێلی سۆڤێت، ئەویش بە ڕادەیەکی زۆر بەهۆی توانای هەڵخڕاندنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی کە بەرهەمی ئاوێزانبوون لەگەڵ میراتی شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبەردایە، لە گەشەی سەرەتایی پیشەسازی لەم وڵاتە و پێکهێنانی ژێرخانێکی ئابووریدا ڕۆڵێکی کارای گێڕا. بەتایبەتی تا ئەو کاتەی کە گەشەی بەرهەمهێنان لە بنەڕەتدا پشتی بە بەکارهێنانی زیاتری هێزی مرۆیی و بەدەستهێنانی زێدەبایی ڕەها بەست بوو، وە ئەم هێزە مرۆییەش لە بەشی دێهاتییەوە قابیلی دابینکردن بوو، لاوازییەکانی ئەم سیستەمە بەرجەستە نەدەبوو. بەڵام لەم قۆناغە واوەتر، بەتایبەتی کاتێک کە بەرهەمهێنانی زێدەبایی ڕێژەیی لە ڕێگەی باشکردنی تەکنیکی بەرهەمهێنانەوە گرنگی پەیدا دەکات، کاتێک کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بە مەسرەفی و بەرهەمهێنراوەوە هەمەجۆر دەبنەوە، کاتێک کە مەسەلەی بەڕەغبەتبوونی بەروبوومەکان چ لەبەرهەمهێنان و چ لە بەکارهێناندا بایەخ پەیدا دەکەن، ئەم سیستەمە لاوازیی بنەڕەتی خۆی نیشان دەدات. سۆڤێت نەیتوانی لە شۆڕشی تەکنیکی دوو دەیەی دواییدا بەشداری بکات. مۆدێلی سۆڤێت، هەلومەرجی دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئابوورییەکی پێشکەوتووی نەبوو. هەر بۆیە لە گۆشەنیگای سەرمایەوە، ئەم مۆدێلە کەڵکی لێ وەرناگیرێت و مۆدێلی ڕۆژئاوا،

سەرمایەداری پشتبەستوو بە ڕۆڵی تەوەرەیی بازاڕ، هێشتا بە تاکە مۆدێلی لێهاتوو و مومکین دادەنرێت.

لەوانەیە بووترێت کۆمەڵگای سۆڤێت کۆمەڵگایەکی دادوەرانەتر بوو. بیمەی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ئابووری زیاتر بوو، جیاوازی چینایەتی کەمتر بوو ... هتد. لە گۆشەنیگای بۆرژوازیی ڕۆژئاواییەوە دادوەریی ئابووری بە ناچاری پێوەری باشتربوونی کۆمەڵگایەک نییە. باڵی چەپی بۆرژوازی، سۆسیال دیموکراتی و مەیلە نزیکەکانی لە بنەڕەتدا، بۆ ڕزگاربوون لە هەڵچوونی هەژاران لە لانکی پیشەسازی و مەدەنییەتدا، ئەم دەستەواژەیەی هێنابووە ناو سیستەمی ئابووریی خۆیەوە و هەمیشە بە ڕەچاوکردنی هەڵچوون و داچوونی کێرڤی قازانج دەستبەرداری بووە و وازی لێهێناوە. ئێمەش وەک کۆمۆنیست و کرێکار، ئاڵتێرناتیڤی خۆمان بۆ دادوەریی ئابووری هەیە. مەسەلەی ئێمە یەکەم، هێنانەکایەوەی نیزامێکە کە لەسەر ئەم دادوەرییە ئابووریە دروست بووبێت و ئەم دادوەرییە ئابووریە هەمیشە دووبارە بەرهەم بێنێتەوە و لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم بنەمایە گەشە بکات. چل ساڵ "دادوەری" لە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی کەم و تەسک، ئەویش بە کاری تاقەتپڕوکێن و دواتر کەوتنە ناو هەژاری و بێکاری ڕەهاوە و کەوتنە داوی کۆنەپەرستیی ئابووری و سیاسی و فیکری لەپەتبەربوو، جێگای خۆشحاڵی ئێمە نییە. دووەم، ئێمە جێگایەکی حەیاتی بە گەشەی ئابووری دەدەین، پێشکەوتنی تەکنیکی و پەرەگرتنی هەلومەرجی بەرهەمهێنان و چوونەسەری ئاستی بەکارهێنان و خۆشگوزەرانی و کاتی حەوانەوەی کۆمەڵگای مرۆیی. دابەشکردنی کەموکوڕییەکان ئاڵتێرناتیڤی ئێمە نییە. هەر کەموکوڕییەک هەبێت، بێ ئەملا و ئەولا دەبێت هەمووان لە ئەستۆی بگرن، بەڵام سۆسیالیزم ئابووریی پەرەگرتنی ئیمکاناتی ئینسانەکان و ئابووریی دابینبوونی هەرچی زیاتری پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانیانە. بەڵام سەبارەت بە ڕووی دووەمی پرسیارەکە لە بەرامبەر ئەو بانگەشەیەدا کە سەرمایەداری، ئەویش مۆدێلە ڕۆژئاوایی و "سەرکەوتوو"ەکەی، باشترین و لێهاتووترین نیزامی لەدەستدابوو و مومکینی تا ئێستا بۆ ئینسان بووە، دەتوانرێت چی بووترێت. نیزامێکی ئابووری یەکجار باشتر بۆ ژیانی ئینسان بە درێژایی ئەم سەدەیەی ئێستا مومکین و مەترەح بووە. ئەگەر ئینسانەکان ئەمڕۆ لە پەیوەندییە سۆسیالیستییەکاندا ژیان بەسەر نابەن، لەبەرئەوەیە کە نیزامی کۆن بە چنگ و ددان، بە کوشتار و ئازار و ئەشکەنجە و

تۆقاندن و گێژکردن و جیاوازینانەوە، بەرگری لە خۆی دەکات. ئەم نیزامە باشتر پێناسەکراوە. ملیۆنەها ئینسان لە پێناو ئەم نیزامەدا جەنگیون و دەجەنگن. ئەوەی کە سەرمایەداری باشترین نەزمی ئابوورییە، گەورەترین درۆی مێژووی بەشەرە. دزێوی لە سەر و کەللەی ئەم نیزامە دەباریێت. لە کاتێکدا کە سەدان ملیۆن ئینسان جێوڕێی نیشتەجێبوونیان نییە، خزمەتگوزاریی تەندروستییان نییە، لە قوتابخانە بێبەشن، لە خۆشی بێبەشن و تەنانەت هەندێکیان خواردنیان نییە، هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەستەبەرکردنی ئەم پێداویستییانە ئیش ناکەن و لەکار کەوتوون و دەیان ملیۆن ئینسان کە دەتوانن ئەم هۆیانە بخەنە گەڕ و ئەم کەموکوڕییانە نەهێڵن، بێکار کراون. کەسانێکیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی کە ئەگەر بێتوو کرێکاران لە خۆیانەوە دەست بدەنە ئەم هۆکارانەی بەرهەمهێنان گوللەبارانیان بکەن. پۆلیس لە لانکی شارستانێتی ڕۆژئاوادا، مەعدەنچییەک کە دەیەوێت سووتەمەنی بەرهەم بهێنێت، کوتەککاری دەکات و دەیخاتە زیندانەوە. بە بار گەنم و کەرە لە عەماری بازاڕەکانی ئەورووپادا بۆگەن دەکات و کەمێک لەولاتر خەڵک خەریکە لە برسان دەمرن. پێویست ناکات نموونە لەسەر لەشفرۆشی و هەژاری و بێ خانە و لانەیی و برسێتی، یان لەسەر وەزعییەتی خەڵک لە وڵاتانی دواکەوتوودا بێنینەوە. لەخودی ئەمەریکادا 30 ملیۆن کەس لەژێر ئاستی هەژارییەوە دەژین، 10 ملیۆن منداڵ لە بیمەی دەرمانی بێبەشن، لە نیویۆرکەوە تا لۆس ئەنجلس بێ خانەولانەیی بە لێشاوە. لەشفرۆشی لە تەواوی جیهاندا شێوازێکی گوزەرانە و ڕێکخستنی لەشفرۆشی و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی مادە هۆشبەرەکان شێوازێکی پڕ شانازیی پارە پەیداکردنە. لە بەریتانیا منەت بەوەوە دەکەن کە زستانان بەشەو دەرگای میترۆکان ئاواڵە دەهێڵنەوە بۆئەوەی خەڵکی بێجێوڕێ لەسەرمادا نەمرن. ئەم کۆمەڵگایە بەبێ کاری نێوماڵ و ژێردەستەیی ژن لە مەیدانی ئابووریدا، ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. ئەم کۆمەڵگایە منداڵان دەنێتە ژێر باری کارکردنەوە، پیرەکان لەسەر کار دەردەکات و بەبێ بەکوشتدان و پەکخستن و لەکارخستن، ناتوانێت بەرهەم بێنێت. ئەم کۆمەڵگایە بەبێ نکۆڵیکردنی ئینسانیبوونی زۆربەی دانیشتوانی سەرزەوی و بەبێ چاوپۆشین لە پێداویستییە سەرەتاییەکانیان، لە خواردن و خزمەتگوزاریی پزیشکی و خانوو و ئاسایشی ئابوورییەوە، تا کاتی حەوانەوە و زانیاری و هونەر، ناتوانێت هاوسەنگی خۆی بپارێزێت.

لە هەمووی گرنگتر، بنەمای ئەم کۆمەڵگایە، ئەو ڕاستییە شەرمهێنەرەیە کە بەشی

بەرفراوانی، واتە زۆرینەی، بۆ زیندەگیکردن لەم جیهانەدا کە چاویان تێدا هەڵهێناوە، دەبێت توانای جەستەیی و فیکری خۆیان بە کەمایەتییەک بفرۆشن. بەرهەمهێنانی پێداویستییەکان و هۆکارەکانی ژیانی ئینسانەکان بەندە بە قازانجهێنەری سەرمایەوە و ئەم ڕاستییە ڕیشەی هەموو ئەم نایەکسانی و بێبەشییانەیە. کاری بەکرێ، دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ کرێکار و سەرمایەدار، بۆ کەسێک کە کرێ وەردەگرێت و کەسێک کە کرێ دەدات و هێنانە خوارەوەی کار، وەک چالاکییەکی بەرهەمهێنەر و داهێنەر، بۆ "ئیش" وەک شێوازی دابینکردنی گوزەران، خۆی لەخۆیدا حوکمی تێکشکاوی ئەم نیزامەیە.

بەڕای من کەسێک کە نیزامی ئابووریی ئێستا بە باشترین و مومکینترین نەزم ناو دەبات، دان بە درندەیی خۆیدا دەنێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە، بەتایبەتی بە ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداری، ئینسان زەروورەت و ئیمکانبوونی نیزامێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی باڵاتری ڕاگەیاندووە و تەنانەت هێڵە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەی کێشاوە. کۆمەڵگایەکی پشتبەستوو بە یەکسانی و ئازادیی تەواوی ئینسانەکان، کۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر هەوڵ و کۆششی داهێنەرانەی گشتی بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئینسانییەکان، کۆمەڵگایەک کە تیایدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان مولکی هاوبەشی خەڵک بێت، کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ چین، بێ هەڵاواردن، بێ وڵات و دەوڵەت، دەمێکە لەتوانادایە. خودی سەرمایەداری، سەرەتا ماددییەکانی ئەم نیزامە ئابوورییە نوێیەی فەراهەم کردووە.

ئینتەرناسیۆنال: خاڵێک کە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی لەگەڵ تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا جەختی لەسەر دەکەن، تاکێتی و ڕەسەنایەتی تاکەکەس چ لە ئابووری و چ لە سیاسەتدایە. دەووترێت کە نەک تەنها لە ئابووری جۆری سۆڤێتدا، بەڵکوو لە تەواوی ئەو وڵاتانەدا کە بە درێژایی دوو سێ دەیەی ڕابردوو ڕوویان لە جۆرێک ئابووریی خۆشگوزەرانی پشتبەستوو بە ڕۆڵی هەڵسووڕاوی دەوڵەت لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابووریییەکاندا کردووە، زیادبوونی لێپرسراوێتی کۆمەڵگا، یان دەوڵەت و لاوازبوونی تاکێتی و کێبەرکێ و پاڵنەری فەردی لە هەڵسووڕانی ئابووری، دەبێتە هۆی سستیی ئابووری و بە دیاریکراوی دواکەوتنی تەکنیکی کۆمەڵگە. بە قسەی لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان ململانێ و تاکێتی نەک تەنها کۆڵەکەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، بەڵکوو بەشی جیانەکراوە و دانەبڕاوی

هەڵسووڕانی ئابووریی ئینسان بە شێوەیەکی گشتییە. سۆسیالیزم بەوە تاوانبار دەکرێت کە کۆمەڵگا لەسەرووی تاکەکەسەوە دادەنێت و تەنانەت دەیەوێت هەموو ئینسانەکان بکاتە یەک و تاکێتی لەناو بەرێت. یەکەم، بە ڕای ئێوە ئەم مەسەلەیە چ ڕۆڵێکی لە بنبەستی ئابووریی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا هەبووە، دووەم، بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندیی نێوان سۆسیالیزم و تاکەکەس چۆن لێک دەدەیتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: پێش هەموو شتێک پێویستە بە وردی لە مانای تاک و تاکێتی لە ئایدیۆلۆژیی بۆرژوازیدا ورد بینەوە. مەبەست لە فەرد لەم ئایدیۆلۆژییەدا ئینسان نییە و ڕەسەنایەتی فەرد نابێت وەک هاوتای ڕەسەنایەتی ئینسان وەربگیرێت. بە ئاشکرا ئەوە خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری و تێگەیشتنی بۆرژوازییە لە ئینسان کە لە تایبەتمەندێتی فەردی ئینسانەکان و لە تەواوی ئەو تایبەتمەندێتییانەی کە هەریەک لە ئێمە دەکاتە فەردێکی تاک و تەنها و ناسنامەی تاکەکەسیمان دەداتێ، ڕادەکات و چ لە بواری ماددی و ئابووریدا و چ لەڕووی مەعنەوی و سیاسی_ فەرهەنگییەوە، وێنەیەکی بێ سەروسیما و بێ ناسنامەی فەردی لە ئینسانەکان بەدەستەوە دەدات. لەم کۆمەڵگایەدا ئینسانەکان نەک بەپێی ناسنامە و تایبەتمەندێتی فەردییانەیان، بەڵکوو وەک هەڵگرێکی ئینسانی پەیوەندیی ئابووریی دیاریکراو لەگەڵ یەکدا ڕووبەڕوو دەبنەوە و بەم ناونیشانەوە لەگەڵ یەکدا هەڵسوکەوت دەکەن. پەیوەندیی نێوان ئینسانەکان وێنەیەک و ڕوویەکی پەیوەندیی نێوان کاڵاکانە و یەکەمین پێکنەر لە پێناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی تاکدا، پەیوەندییەکە کە لەگەڵ کاڵاکان و پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئاڵووێریاندا هەیەتی. تاکی مەوجود، زیندوویەکە کە جێگاوشوێنێکی ئابووری نوێنەرایەتی دەکات. کرێکاری هەڵگری هێزی کار وەک کاڵایەک و فرۆشیارێکی ئەم کاڵایە، سەرمایەدار ڕەنگدانەوەی ئینسانییانەی سەرمایەیە. بەکارهێنەر(المستهلک) خاوەنی توانای کڕینێکی دیاریکراوە لە بازاڕی کاڵادا. ئینسان بەم بار و دۆخانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەناسرێتەوە و حیسابی بۆ دەکرێت. کاتێک کە بیریارێکی بۆرژوایی قسە لە ڕەسەنایەتی تاک و تاکێتی دەکات، بە ئاشکرا قسە نەک لە ڕەسەنایەتی مرۆڤ، بەڵکوو لە پێویستیی داماڵینی لە تایبەتمەندییە ئینسانییەکانی تایبەت بە هەر ئینسانە و ئاوێزانبوونی لەگەڵ پەیوەندی و هاوکێشە ئابووریییەکان وەک یەکەیەک و هیچی تر دەکات. ڕەسەنایەتیی تاک بۆ بۆرژوازی، یانی ڕەسەنایەتیی کاڵا، ڕەسەنایەتی بازاڕ و ڕەسەنایەتی ئاڵووێری بەها وەک

کۆڵەکەی پەیوەندییە دژ بەیەکەکانی نێوان ئینسانەکان، چونکە تەنها لەم قاڵبەدا، یانی وەک ئاڵووێرکەرانی کاڵا جیاوازەکان لە دامەزراوەی بازاڕدایە کە سیما و ناسنامەی دیاریکراوی هەر ئینسانێک لەو دەسەندرێت و وەک "تاک"ێک، یەکەیەکی ئینسانی هەڵگری کاڵایەکی خاوەن بەهای ئاڵووێر، لەگەڵ ئینسانەکانی تردا بەرەوڕوو دەبنەوە. هێنانەخوارەوەی مرۆڤ بۆ ئاستی تاک لە سەرمایەداریدا پێویست و حاشاهەڵنەگرە، چونکە مرۆڤەکان دەبێت مەنتیقی جێگاوڕێگای ئابووریانەی خۆیان ئەنجام بدەن و ئەم مەنتیقە لە جێی ژیری و تێفیکرین و ئەولەوییەتی مرۆیی خۆیان دابنێن. کرێکار دەبێت خەریکی فرۆشتنی هێزی کاری خۆی بێت و دوای فرۆشتن کاڵاکەی بە کڕیار بدات، یانی کاری بۆ بکات. سەرمایەدار دەبێت پێویستییەکانی کەڵەکەی سەرمایە ئەنجام بدات. کرێکار دەبێت لەگەڵ فرۆشیارگەلێک کە هەمان کاڵای ئەویان هەیە، بکەوێتە بەرانبەرکێوە. سەرمایەدار دەبێت بە مەبەستی زیادکردنی بەشی خۆی لە تێکڕای زێدەبایی، بەردەوام بەرهەمهێنەریی کار(انتاجیة العمل) و تەکنیکی بەرهەمهێنان باشتر بکات. دەبێت بەپێی پێویست کرێکار بێکار بکات و بە پێی پێویست بیانخاتە کار. لە هەر یەک لەم دەور و نەخشانەدا ئەگەر ئینسانەکان بڕیار وابێت ئەولەوییەت و لێکدانەوەی سەروو ئابووریانەی خۆیان پیادە بکەن، ئەوا میکانیزمی ئابووریی سەرمایەداری تووشی شێواوی دەبێت.

لەسەر ئاستی سیاسیش مەسەلەی ڕەسەنایەتی تاک ڕۆڵێکی لەم چەشنەی هەیە. ڕەسەنایەتی تاک بنەمای سیستەمی حوکوومەتی پەرلەمانییە کە تیایدا لە باشترین حاڵەتدا، یانی ئەو کاتەی کە ئەگەر مەرجی خاوەندارێتی و پیاوبوون و سپی پێست بوون و لەم جۆرە شتانە لە ڕێی چەند دەیە لە خەباتی خەڵکەوە لە هەلومەرجی هەڵبژاردنەکاندا لابرابن، هەر کەسە یەک ڕای هەیە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی سەراسەری وڵاتدا. دوای هەڵبژاردن خەڵک دەچنەوە ماڵی خۆیان و نوێنەرانی هەڵبژێردراو لانی کەم لەسەر کاغەز مەسەلەی قانوونداناان لەجیاتی ئەوان دەگرنە ئەستۆ. هەر کەسە تەنها یەک دەنگە، نەک یەک ئینسانی خاوەن هەلومەرجی دیاریکردنی بەردەوامی پێداویستییەکان و ئەولەوییەتەکان و بواری جێبەجێکردنیان. سیستەمێکی سیاسی کە تیایدا ئەم بەشداریە بەردەوامەی تاکتاکی خەڵک لە ئارادا بێت، بۆ نموونە، سیستەمێکی شوورایی کە ئامادەیی هەمیشەیی خودی تاکتاکی خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردان لە ئاستی جۆراوجۆردا، هەر لە ناوچەییەوە تا سەراسەری

دابین بکات، لە ڕوانگەی بۆچوونی پەرلەمانییەوە بە"دیموکراتیک" حیساب ناکرێت. تێڕوانینی سیاسیی فەردییەت لە نیزامی بۆرژوایيدا هەڵهێنجراوی ڕاستەوخۆی تێڕوانینی ئابوورییەتی. بنەماکەی زەوتکردنی ناسنامەی کۆنکرێتی ئینسانەکانە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا. پاش ئەم پێشەکییانە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان سەبارەت بە سۆڤێت. سۆڤێت ئابوورییەک نەبوو کە تیایدا ئینسان وەک بنەما چاولێ کرابێت و فەردگەرایی بۆرژوایی لەم گۆشەیەوە خرابێتە ژێر مەنگەنەوە. ئەوەی کە ئەم فەردییەتەی لەم سیستەمەدا پووچەڵ دەکردەوە، ئەوە بوو کە سیستەمێکی ئیداری بە فراوانی دەستی خستۆتە میکانیزمی بازاڕەوە. کاتێک کە لێکۆڵەرێکی ڕۆژئاوایی ئاماژە بە پووچەڵبوونەوەی فەردییەت و فەردگەرایی لە سۆڤێت دەکات، لە بنەڕەتدا لەو سیستەمە ناڕازییە کە تیایدا خاوەندارێتیی تایبەتیی سەرمایە بە توندی بەرتەسک بۆتەوە و بە ناچاری خاوەن پیشەسازییەکان پەیڕەوی بڕیار و مەداری نیزامێکی ئیداری دەکەن نەک مەنتیقی ئابووریی بازاڕ. بە واتایەکی تر سەرمایە بێبەشە لە زۆر هەڵگری ئینسانیی فەردی و تایبەتی. دووەم، کرێکاری سۆڤێت لەگەڵ ئەوەشدا کە لەڕووی سیاسییەوە لە بەرامبەر سیستەمی ئیداریدا بە تەواوەتی تاک و تەریک خراوەتەوە، لەڕووی ئابوورییەوە، وەک فرۆشیارێکی تاککەوتوو لە حاڵی کێبەرکێدا لەگەڵ کرێکارانی تردا دەرناکەوێت. ئەوەی کە سیستەمی ئیداری بە شێوەیەکی گشتی تێدەکۆشێت کە لەسەر بنەمای حیسابی ئابووریی خۆی هەر وەک بازاڕ تاکتاکی سەرمایەکان لە مەیدانە قازانجهێنەرترەکاندا کەناڵیزە بکات، یان لە بنەڕەتدا بەهای هێزی کار لە لانی کەمی مومکیندا بهێڵێتەوە، لە ڕوانگەی بۆرژوازییەوە نەدەتوانرا جێی کێبەرکێی ئازادانە و ململانێی سەرمایەکان و بەرامبەرکێی نێوان کار و سەرمایە لە بازاڕێکی کاری مونافەسەییدا بگرێتەوە. درووشمی ڕەسەنایەتی تاک لە بەرامبەر مۆدێلی سۆڤێتدا درووشمێک بوو لە دژی ئەم سیستمە ئیدارییە بە قازانجی ئازادیی سەرمایەی تایبەتی و پەرەگرتنی کێبەرکێ و تاککەوتنەوەی ئابووریانەی کرێکاران لە بازاڕی کاردا. هەر وەک وتم ئەم سیستەمە ئیدارییە چیتر نەیدەتوانی ڕۆڵی ئاڵۆز و جۆراوجۆری بازاڕ لە ئەستۆ بگرێت و بە تایبەتی نەیدەتوانی ئەو شۆڕشە تەکنیکییەی کە لەسەر ئاستی وڵاتانی پیشەسازیی جیهان لە ئارادا بوو، بەسەر ئابووری سۆڤێتدا بەرپا بکات.

من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە بەم واتایە، تاکێتی و کێبەرکێی خاوەن کاڵاکان بەشی

جیانەکراوەی ئابووریی سەرمایەداری و هەڵگری بنەڕەتی گەشەی تەکنیکییە لەم نیزامەدا. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم، کە مانەوەی سەرمایەداری خۆی قەرزاری ئەو ڕاستییەشە کە خودی بۆرژوازی هەمیشە و لە سەردەمە چارەنووسسازەکاندا مەودای ئەم مونافەسە و فەردییەتەی بەرتەسک کردۆتەوە و ملی داوە بە بەشداری ئابوورییانە و سەروو ئابوورییانەی دامەزراوە ئیدارییەکان و دەوڵەتەکان لەم سیستمەدا. بە هەمان ڕادەی کە قەیرانە ئابوورییەکان بە ئاکامە وێرانکەرەکانی و بێبازاڕییە توندەکانییەوە بریتین لە خەسڵەتی زاتیی سەرمایەداری، ئاواش باشبوونی هەمیشەیی تەکنەلۆژی و کەڵەکەی سەرمایە هەر لەم خەسڵەتە زاتییانەن. سەرمایەداری لەم ڕێگەیەوە خۆی دەپاڵێوێت و خۆی نوێ دەکاتەوە. پێویستیی بۆرژوازی بە کۆنترۆڵ و جڵەوکردنی مەودای ئەم قەیرانانە و لەمەش گرنگتر زەروورەتی پاراستنی نیزامی بۆرژوایی لەڕووی سیاسییەوە لە بەرامبەر خەباتی چینی کرێکاردا، حیزب و دەوڵەتە بۆرژواییەکانی ناچار کردووە کە هەمیشە لە سەرەوە بەشداری لە ئابووریدا بکەن و هەندێ ئاڵوگۆڕ بەسەر میکانیزمی بازاڕدا بسەپێنن. تاتشەریزم و مۆنیتەریزمی[1] دەیەی هەشتاکان لە بەرامبەر نەریتێکی بەهێزی کینزی[2] و سیاسەتە سۆسیال_ دیموکراتییەکاندا کە جەختیان لەسەر بەشداری گرنگی دەوڵەت و ڕۆڵی بودجە دەوڵەتییەکان لە گەشەی ئابووریدا دەکرد، ڕاست بوونەوە و پێ دەچێت ئەمڕۆ خۆیان لە ڕەوتی پاشەکشەدا بن. بە هەر حاڵ مەبەستم لەوەیە، قەبووڵکردنی ڕۆڵی سەرەکی و تەوەرەیی کێبەرکێ و بازاڕ لە گەشەی تەکنیکی سەرمایەداریدا، هێشتا بەو مانایە نییە کە تەنانەت خودی بۆرژوازی، مانەوەی سەرمایەداری و گەشەکردنی لە درێژماوەدا لە بازاڕی ئازاد و کێبەرکێی تەواودا

[1] مۆنیتەریزم (monetarism) دیدگایەکی ئابووریناسی بۆرژوازییە، کە فۆکەس ئەخاتە سەر ئەوەی دەرکردنی بڕی پارە کارکردی جیددی هەیە لەسەر زیادبوون، یان کەمبوونەوەی ڕادەی هەڵئاوسان. (جەمال موحسین)

[2] مەبەست لە ئابووریناسی ئینگلیزی جۆن مەینارد کەینزە کە تیۆرییەکەی لەسەر ئەو بنەمایەوە دانا کە دەخاڵەتی دەوڵەت بەسەر بازاڕ و ڕێکخستنی ئابوریدا جێگیری ئابوری و بازاڕ بە شوێن خۆیدا ئەهێنێت. تیۆرییەکەی کەینز بە "تیۆری کەینز" (Keynesian Theory) یان "کەینزیانیزم" (Keynesianism) ناسرا. ج. م.

دەبینێتەوە، یان پێشتر لەسەر ئەم بنەمایە حەرەکەتی کردووە. بازاڕی ئازاد و کێبەرکێی تەواو و تاکگەرایی ئابووریی توندڕەوی جێمەبەستی باڵی ڕاستی نوێ، بە هەمان ڕادەی فیکرەی سەرمایەداریی بەرنامەڕێژکراو و بێ کێبەرکێ، ناواقیعی و بێ ناوەڕۆکە. سەبارەت بە سۆسیالیزم و تاک، یان باشتر بڵێم سۆسیالیزم و ئینسان، دەتوانرێت زۆر شت بووترێت. مارکس هەتا ئێستا جیددیترین و قووڵترین ڕەخنەگرە لە داماڵینی مرۆڤدۆستی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. بنەمای باسی کاڵاپەرستی لە کتێبی سەرمایەدا، نیشاندانی ئەم ڕاستییەیە کە چۆن سەرمایەداری و بوونی بەرهەمهێنان و ئاڵوێری کاڵاکان بە تەوەری پەیوەندییە دژ بەیەکەکانی نێوان ئینسانەکان بنەمای لەخۆنامۆبوون و سیماونی ئینسانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. سۆسیالیزم وا بڕیارە ئەم ناسنامەیە بگێڕێتەوە بۆ ئینسانەکان. شیعاری، "لە هەر کەس بەپێی توانای و بۆ هەر کەس بەپێی پێویستی" بە تەواوەتی لەسەر بنەمای بەفەرمیناسین و دابینبوونی مافی خودی هەر مرۆڤێک لە دیاریکردنی جێگاوڕێگای خۆی لە ژیانی ماددیی کۆمەڵگادا دامەزراوە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئینسان کۆیلەی ئەو قانوونە کوێرە ئابووریانەیە کە سەربەست لە بیرکرنەوە و هۆش و بیر و تەشخیسی خۆی، چارەنووسی ئابووری ئەو دیاری دەکەن. هەر وەک وتم لە بیرکردنەوەی بۆرژواییدا تاک یانی، مرۆڤێک کە ناسنامەکەی لێ زەوت کراوە، مرۆڤی نامۆ و بێگانە بەخۆ، مرۆڤێک کە تەواوی تایبەتمەندییەکان و چۆنایەتییە فەردییە تایبەتەکانی لێ داماڵراوە و هەر بۆیە دەتوانێت بە شێوەی یەک "سەر"ی ئینسان، هەڵگری زیندووی ئەم یان ئەو پەیوەندیی ئابووری و ئەم یان ئەو ڕۆڵ لە بەرهەمهێناندا دەربکەوێت. کڕیار یان فرۆشیاری کاڵایەکی دیاریکراو. لە ڕاستیدا ئەوە کۆمەڵگای سەرمایەدارییە کە مرۆڤەکان بەم شێوەیە لە قاڵب دەدات و هەموویان پێکەوە وەک کۆمەڵە ئەلگۆیەک لێ دەکات، کە لە کاردابەشکردنی ئابوورییەوە هاتوون. لەم نیزامەدا ئێمە مرۆڤێکی دیاریکراو نین بە تێڕوانینی فەردیی خۆمانەوە بۆ ژیان، بە سایکۆلۆژییەت و ڕۆحییات و سۆزی تایبەتی خۆمانەوە، بەڵکوو کەسانێکین، هەڵگری پۆستی ئابووریی تایبەتین. ئێمە ئامرازی زیندوو لە ئاڵوێری کاڵای مردووداین. تەنانەت لە پەیوەندیی نزیکی شەخسی و سۆزداریماندا لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگادا، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی ئەم تایبەتمەندییانەوە دەمانناسنەوە کە چ کارەین، توانای کڕینمان چەندە، چینەکەمان چییە، چ ئیشێک دەکەین. بەپێی ئەم مەوقیعیەتە

ئابووریيە، یانی لە سەر بنەمای پەیوەندیمان لەگەڵ کاڵاکاندا دەستەبەندی دەکرێین و هەڵماندەسەنگێنن. کۆمەڵگای سەرمایەداری مۆدێل و شێوازی ژیانی هەریەک لەم دەستەبەندکردنانەشی داوە بە دەستەوە، چی دەخۆین؟ چ بەرگێک لەبەر دەکەین؟ لە کوێ دەژین؟ بە چی دڵمان خۆش دەبێت؟ لە چی دەترسین؟ خەون و کابوسمان چییە؟ سەرمایەداری سەرەتا ناسنامەی ئینسانییانەمان زەوت دەکات و دواتر خۆی بەپێی کۆمەڵە ناسنامەیەکی جێگری ئابووری کە پێوەی لکاندووین بە یەکترمان دەناسێنێ. لە بەرامبەردا، سۆسیالیزم کۆمەڵگایەکە کە تیایدا ئینسان بە سەر تواناییە ئابووریيەکانی خۆیدا زاڵ دەبێت. لەدەست یاسا کوێرە ئابووریيەکان ڕزگاری دەبێت و خۆی هۆشیارانە هەڵسووڕانی ئابووریی خۆی پێناسە دەکات. بڕیار بەدەست ئینسانەکانە نەک بازاڕ و کەڵەکە و زێدەبایی. ئەمە، یانی ڕزگاربوونی تەواوی کۆمەڵگا لە یاسا کوێرە ئابووریيەکان، مەرجی ڕزگاریی تاک و گەڕانەوەی مرۆڤایەتی و تایبەتمەندیی مرۆیی هەر تاکێکە.

ڕێز و پایەدانانی سەرمایەداری بۆ فەردییەت لە ڕاستیدا ڕێز و پایەدانانە بۆ تاکتاککەوتنەوە و تەریککەوتنەوەی ئینسانەکان. کۆمەڵی ئینسانەکان سەرئەنجام ئەوەندە ناجێگیر و شلۆق دەردەچن کە دەتوانن بەپێی پێداویستییە ئابووریيەکانی سەرمایە ئەمسەر و ئەوسەر بکەن. وردبنەوە، سەیرکەن، بۆرژوازی لە کوێدا بیری فەردییەت و مافە فەردییەکانی دەکەوێتەوە. لەبەرامبەر هەوڵ و کۆششدا بۆ هەر جۆرە بەرنامەدارشتنێکی ئابووری کە میکانیزمی بازاڕ شلۆق بکات و ئەولەوییەتە کۆمەڵایەتییە سەروو ئابووریيەکان بێنێتە ناوەوە. بە باسکردنی فەردییەت و ئازادیی هەڵبژاردنی فەردییەوە دەچنە جەنگی بیمەی دەرمانی دەوڵەتی و قوتابخانە دەوڵەتییەکان و باخچەی منداڵان و خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییە گشتییەکان و قەدەغەکردنی لەسەر کار دەرکردن و بیمەی بێکاری و ... هتدەوە. بە هەمان شێوە لە دژی یەکێتییە کرێکارییەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، چونکە ئەم ڕێکخراوانە، بە هەر ڕادەیەک بێت، کرێکار لە تاکتاککەوتن دێنێتە دەر و مەودای ململانێی فەردی لەنێوان تاکە فرۆشیارەکانی هێزی کاردا کەم دەکەنەوە و بە شێوازێک لە شێوازەکان بڕیاری کۆمەڵە ئینسانێکی دیاریکراو سەبارەت بە ئاستی کرێکان و هەلومەرجی کار و ... هتد. بەسەر هاوکێشە دزێو و بێ پەردەکانی بازاڕدا دەسەپێنن. ڕێک لەو شوێنەدا کە کرێکار و هاووڵاتی دەیەوێت ئینسانییەتی خۆی پیادە بکات و لە ڕوانگەی پرانسیپ

و پێداویستییە ئینسانییەکانی خۆی و کۆمەڵگای خۆیەوە بڕیاری ئابووریيانە بدات، بە تێروانینی بۆرژوا فەردییەت خۆی پووچەڵ دەکاتەوە. هەر ئەمە خۆی شایەدی مانای واقیعی ڕەسەنایەتی فەردە لە سەرمایەداریدا.

بنەمای سۆسیالیزم ئینسانە، چ لە هەلومەرجێکی گشتیدا و چ فەردیدا. سۆسیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسانەکان. بزووتنەوەیەکە بۆ ڕزگارکردنی ئینسانەکان لە زۆرەملێی ئابووری و لە کۆیلەمانەوە لە سایەی کۆمەڵە قاڵبێکی لەپێشەوە دیاریکراوی بەرهەمهێناندا. بزووتنەوەیەکە بۆ لەناوبردنی چینەکان و چینبەندیکردنی ئینسانەکان. ئەمە مەرجی حەیاتی گەشە و هەڵدانی فەردییە.

ئینتەرناسیۆنال: کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە جێی کێبەرکێ و ئارەزووی تاکەکەسی دەتوانێت چی شتێک دابنێت؟ باشبوونی هەمیشەیی شێوەکانی بەرهەمهێنان، زیادبوونی هەمەجۆری و باشی بەرهەمەکان، گەشەی تەکنیکی و داهێنان و نوێکردنەوە کە لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا تەنانەت بە شێوەی شۆڕشی تەکنەلۆژی بینیومانن، ئەمانە چۆن لە سۆسیالیزمدا دەستەبەر دەکرێن؟ چ میکانیزمێک هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی تاکتاکی ئینسانەکان بۆ نوێکردنەوە و باشکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمهێنان دابین دەکات؟

مەنسوور حیکمەت: باشبوونی تەکنیک و چۆنایەتیی بەرهەمهێنان داهێنراوی سەرمایەداری نییە، هەر وەک چۆن بەرهەمهێنانی گوزەرانی ئینسانەکان لە داهێنانی ئەو نییە. نیزامی سەرمایەداری شێوازێکی دیاریکراوە کە تیایدا هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی ئینسانەکان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوە و باشکردنی هەلومەرجی ژیانیان بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێک دەخرێت. لە دڵی ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە دیاریکراوەشدا کێبەرکێ و ئارەزووی فەردی هێشتا سەرچاوەی پێشکەوتنی تەکنیکی نییە، بەڵکوو هەڵگر و ڕەوەندێکن کە لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵە مەسەلەیەکی بنەڕەتیتر گوشار دەخەنە سەر گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و دەگوێزرێنەوە بۆ دامەزراوەکان و کەسەکان لە بازاڕدا و تاویان دەدەن. بردنە سەری هەمیشەیی بەرهەمهێنەریی کار و ڕێژەی زێدەبایی مەرجی پێویستی ڕێگرتنە لە هاتنە خوارەوەی ڕێژەی گشتی قازانج لە هەلومەرجێکدا کە بەردەوام قەبارەی سەرمایەی نەگۆڕ زیاد دەبێت. ئەم پێداویستییەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بازاڕەوە بە شێوەی زۆر و گوشاری کێبەرکێ دەگۆڕێتەوە بۆ سەرمایە تاکەکان و دامەزراوەکان. سەرمایەیەک کە تەکنیکەکەی خۆی

باش نەکات لە مەیدان دێتە دەرەوە. لە ئەڵقەیەکی دواتردا هەمان ئەم کێبەرکێیە لەنێوان بەرهەمهێنەرانی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا لە ئارادایە. بەم شێوەیە زانست، فزوولییەتی زانستی، داهێنان و نوێکردنەوە لە ڕێگای بازاڕ و لە لایەن سەرمایەوە ڕێک دەخرێن. ئینسان هەمیشە بەدوای زانست و باشکردنی فەننی بەرهەمهێنان و چۆنایەتیی ژیانی خۆیەوەیەتی، بەڵام ئەم هەوڵ و تەقەلا زاتییەی مرۆڤ لە سەرمایەداریدا لەدەوری قازانجهێنەری و کەڵەکەی سەرمایە ڕێک دەخرێت. گومان لەوەدا نییە کە سەرمایەداری لەچاو نیزامەکانی پێشوودا چەند قات توندی و ڕادەی هەڵسووڕانی زانستی و فەننی ئینسانی زیاد کردووە. بەڵام بە هەر حاڵ نابێت شێوەی دیاریکراوی بە دواگەڕانی زانستی و فەننی ئینسان لەم نیزامەدا بە هەڵە لەگەڵ سەرچاوەی بنەڕەتیی ئەم بەدواگەڕانەدا تێکەڵ بکەین. کێبەرکێی دامەزراوەکان و ویست و ئارەزووە ماددییەکان سەرچاوەی بەدواگەڕانی زانستی و نوێکردنەوەی فەننی ئینسان نین، قاڵبێکی دیاریکراوە کە سەرمایەداری تەنها لەسەر بنەمایەوە دەتوانێت ئەم هەوڵ و تەقەلا هەمیشەییەی ئینسان، ڕێک وەک هەوڵ و تەقەلای گوزەران، لە خۆیدا جێ بکاتەوە.

چ لە سەرمایەداریدا و چ لە هەر نیزامێکی دیکەدا بە هەر حاڵ پێویستی دایکی داهێنانە. لە سەرمایەداریدا ئەوە بازاڕە کە پێویستییەکان ڕادەگەیەنێت و مەودای داواکاری لەسەر ئەو کاڵایانەی کە ئەم پێداویستییانە پڕ دەکەنەوە پێناسە دەکات و ئەو سەرمایانەی کە کۆمەڵە کاڵایەک بەرهەم بێنن کە ئەم پێداویستییانە پڕ دەکەنەوە قازانجیان چنگ دەکەوێت. لەنێو ئەم هاوکێشە کاپیتالیستییانەدایە کە زانایان و پسپۆڕان پڕۆژە زانستی و فەننییەکانی خۆیان دەبیننەوە، لێرەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە چ بەشێک لە ئیمکاناتی کۆمەڵگا دەبێت بۆ پێشکەوتنی زانستی و فەننی تەرخان بکرێت، زانست و بەکارهێنانە عەمەلییەکەی دەبێت بە چ ئاقارێکدا بچێتە پێشەوە، کام مەیدانانە ئەولەوییەتیان هەیە و ... هتد. لە سۆسیالیزمدا ، بازاڕ و کێبەرکێ و قازانجی تاکەکەس لە ئارادا نین، بەڵام ئینسان و بەدواگەڕانی زانستی و ئارەزووی نوێسازی و باشکردنی چۆنایەتیی ژیان لە جێی خۆیاندان. پرسیارێکی گرنگ کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە، میکانیزمی تێگەیشتن لە پێداویستییە زانستی و فەننییەکانی کۆمەڵگا، هەڵبژاردنی ئەولەوییەتەکان، تەرخانکردنی سەرچاوەکان و ڕێکخستنی هەوڵ و کۆششی زانستی و فەننی لە غیابی بازاڕدا چۆن دەبێت. ئەوە بە ڕای من مەیدانێکی

گرنگی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مارکسیستانەیە و من بێگومان وەڵامێکی دەستبەجێ و ئامادەم بۆی نییە، تەنها ئەو لایەنە سەرەکییانە باس دەکەم کە لە لام هەیە. بە پلەی یەکەم دەبێت ئەوە بزانرێت کە کۆمەڵگای سۆسیالیستی کۆمەڵگایەکی ئاوەڵە و بەئاگایە. ئاگادارکردنەوەی بەردەوامی دانیشتووان لە دەنگوباس و ئاگاداری سەبارەت بە پێداویستییەکان و گیروگرفتەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیان و هەڵسووڕانی ئینسان لە ئاستی جیهانیدا شێوازێکی پەیڕەوکراو دەبێت لەم کۆمەڵگایەدا. لە نیزامی ئێستادا بازاڕ سەرمایەکان لە هەبوونی داواکاری لەسەر کاڵا دیاریکراوەکان و دەرفەتی قازانجهێنەرییان ئاگادار دەکاتەوە، لە نیزامی سۆسیالیستیدا دانیشتووان و دامەزراوەکانیان هەمیشە یەکتر لە پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان و هەروەها لە پێشکەوتنە زانستی و فەننییەکانی بەشە جیاوازەکان ئاگادار دەکەنەوە. ڕێکخستنی مەسەلەی هێنان و بردنی هەمیشەیی ئەم زانیارییانە و دەستڕاگەیشتنی بەردەوامی هەموو کەس پێیان، هەر ئەمڕۆ بە تەواوەتی لە توانادایە. دووەم، کۆمەڵگای سۆسیالیستی کۆمەڵگایەکە خەڵک خاوەنی ئاستێکی زانستیی یەکجار پێشکەوتووترن لەچاو ئەمڕۆدا. بەهرەمەندبوون لە زانست و بەشداریکردن لە هەڵسووڕانی زانستیدا، بەشێک نییە لە ئیمتیازاتی بەشێکی کۆنکرێت، بەڵکوو بەشێکە لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵک. هەر وەک چۆن سەردەمانێک خوێندن و نووسین ئیمتیازی کەسانێکی دیاریکراو بوو، کەچی ئێستا خوێندن و نووسین یەکێک لە مافەکانی خەڵک. بۆ نموونە هەر ئەمڕۆ بەرچاومان دەکەوێ، کە چۆن کەڵکوەرگرتن لە کۆمپیوتەر و تەنانەت بەکارهێنانی تاڕادەیەک ئاڵۆز و پسپۆڕانەی، لانی کەم لە کۆمەڵگا پێشکەوتووترەکاندا بە ڕادەیەکی فراوان گشتی بۆتەوە. کە ئەمە هێشتا ناتوانرێت لەگەڵ توانایی سۆسیالیزم لە گەشەپێدانی هەلومەرجەکانی زانستی گشتی و فەراهەمکردنی ئاسانکاریی پێویست لە بواری هەڵسووڕانی زانستییانەدا لەدەست تەواوی خەڵکدا بەراورد بکرێت.

لەوانەیە بووترێت ئاگاداربوون لە پێداویستییەک و توانای پڕکردنەوەی، هێشتا بە مانای هەنگاونانی عەمەلی بۆ پڕکردنەوەی نییە. لە غیابی ئارەزووی کەڵکوەرگرتنی فەردیدا چ شتێک بەکردەوە ئینسانەکان ڕادەکێشێتە مەیدانی هەڵسووڕانی هەمیشەیی و گرد و کۆی زانستی و فەننییەوە. لێرەدا ئیتر پێویست دەکات بگەڕێینەوە سەر تایبەتمەندییە مەعنەوییەکانی ئینسان و گرێدانەوەیان بە پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانەوە. ناتوانرێت وێنەی قاڵبیانەی کاپیتالیزم بۆ ئینسان و مەیلە ئینسانییەکان بکرێتە بنەمای ڕێکخستنی سۆسیالیزم. سەرمایەداری پشتی بە بەرژەوەندیخوازی و ململانێخوازی تاکی مرۆڤەکان بەستووە و لە پێناو کارکردی ئابووریی سەرمایەداریدا بە گشتی هەر ئەم تایبەتمەندییانە لە مرۆڤەکاندا بەهێز دەکات و هەر ئەمانەیان فێر دەکات. بنەمای سۆسیالیزم خۆشویستنی جۆری مرۆڤ و کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤە. نەک هەر بەرزی و پێشکەوتوویی زانستی، بەڵکوو هیچ یەکێک لە ئامانجە سۆسیالیستییەکان بەبێ خاوێنکردنەوەی زەین و جەوی فەرهەنگی ئینسانەکان لە دەمارگیرییە دروستکراوەکانی دەستی سەرمایەداری قابیلی بەدیهاتن نین. لێرەدا نامەوێت بچمە ناو باسی ذاتی ئینسانەوە، هەرچەندە خۆم لەو باوەڕەدام کە خۆشویستنی جۆری ئینسان و کۆمەڵایەتیبوون لە نێوان ئینسانەکاندا، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتتر و جێ متمانەترن لەچاو ململانێ و خۆپەرستیدا و ئەم ڕاستییەش دەیان جار و بە شێوازی جۆراوجۆر هەر لەم کۆمەڵگا دواکەوتوو و پڕ دەمارگیرییە چینایەتییەدا سەلمێنراوە. هەتا ئێستاش هەر کە بیانەوێت خەڵک زیاد لە ڕادەی ئاسایی لە خۆبوردوویی بنوێنێت، پەنا بۆ ئەم عەواتیف و تایبەتمەندێتییە شەریفە ئینسانییانە دەبەن. بە هەر حاڵ سۆسیالیزم هەر وەک هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتی دیکە، ئینسانی گونجاو لەگەڵ خۆیدا پەروەردە دەکات. هێنانە بەرچاوی کۆمەڵگایەک کە تیایدا بەشداریکردن لە بەختەوەری گشتی و هەوڵ و تەقەلای هاوبەش بۆ باشکردنی ژیانی هاوجۆری خۆ، مەیل و ئارەزووی پراتیکی ئابووری و زانستی ئینسانەکان بێت، شتێکی ئەوەندە نارەحەت نییە.

پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم. ئەوە ڕاستییەکە کە سەرمایەداری نەک تەنها خۆی لەسەر بنەمای شۆڕشێکی پیشەسازی پەیدا بووە، بەڵکو خۆی بە بەراورد لەگەڵ نیزامە ئابوورییەکانی پێشویدا گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەری لە بواری تەکنیکی کۆمەڵگادا پێک هێناوە. بەڵام لە دڵی ئەم گۆڕانکارییە تەکنیکییانەدا، بە هەمان شێوە مۆرکی ئیفلیجکەر و ڕۆڵی بەرەو پاشهێنەری سەرمایە لە بواری گەشەی هەلومەرجە فەننییەکانی کۆمەڵگای ئینسانیدا بە ڕۆشنی دەبینین. تەکنەلۆژیا لەم کۆمەڵگایەدا لەو مەیدانانەدا گەشە دەکات کە چ لەڕووی قازانجهێنەری سەرمایەوە و چ لەڕووی توانایی سیاسی بۆرژوازییەوە زەرووری بووە. گەشەی مەزنی تەکنەلۆژیای جەنگی لەپاڵ دواکەوتوویی فەننی جیددی لە مەیدانی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و

فێرکردن و بەرهەمهێنانی خانووبەرە و لە کشتوکاڵ و ... دا دەبینین. بەشی هەرە زۆری خەڵکی دنیا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بێبەشن لە بەروبوومی ئەم گۆڕانکارییە تەکنیکییانە. سیمای فەننیی سۆسیالیزم بە تەواوەتی لەگەڵ سەرمایەداریی ئەمڕۆ جیاوازی دەبێت، چونکە ئەولەوییاتە فەننییەکانی کۆمەڵگایەک کە بنەماکەی باشکردنی ژیانی ئینسانەکانە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا کە قازانج قیبلەنمایەتی بە تەواوەتی لێک جیاوازن.

ئینتەرناسیۆنال: ئەمڕۆ لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا کە کۆمۆنیستەکان بە سەردەمی شۆڕشی پرۆلیتارییان ناو بردبوو، کۆمەڵگای سۆسیالیستی بە هەمان ڕادەی سەرەتای ئەم سەدەیە بە شێوەی ئامانجێکی دوورەدەست خۆ دەنوێنێ. تۆ وەک مارکسیستێک ئەم سەرنەکەوتوویە چۆن ڕوون دەکەیتەوە و چ ئاسۆیەکت بۆ بەدیهاتنی عەمەلییانەی شۆڕشی پرۆلیتاری و کۆمەڵگای سۆسیالیستی هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: بڕیارِ نەبوو کۆمۆنیزم وەک ئەلگۆیەکی عاقڵانە، یان ئایدیاڵێکی ئینسانی و لەبەر مەعقول بوون و مەرغوب بوون عەمەلی بکرێتەوە. ڕۆڵێکی گرنگی مارکس لە مێژووی بزووتنەوە سۆسیالیستییەکاندا، گرێدانەوەی ئامانجی کۆمۆنیزم و ئاسۆی بەدیهاتنی بە خەباتی کۆمەڵایەتی چینێکی دیاریکراوەوە بوو، یانی چینی کرێکاری بەکرێ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. سەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنها دەیتوانی و دەتوانێت ئاکامی بزووتنەوەی چینی کرێکار بێت. بەم پێیە بە تێڕوانینی من بەدینەهاتنی سۆسیالیزم لە بنەڕەتەوە بەرهەمی گۆڕانی جێگای کۆمەڵایەتی و چینایەتی لایەنی ڕەسمی کۆمۆنیزم پاش ئاڵوگۆڕەکانی نیوەی دووەمی دەیەی بیستەکان لە سۆڤێت بووە. بە ڕای من شۆڕشی ڕووسیا و چارەنووسی ئەو گرنگترین ڕۆڵیان بووە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشی کرێکاران بوو لە پێناو سۆسیالیزمدا و لە لایەن بۆڵشەڤیزمەوە کە نوێنەری ڕادیکالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریی لەنێو تەیفی گشتیی سۆسیالیزمدا بوو، ڕابەرایەتی کرا. بە سەرکەوتنی سیاسیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر جەمسەرێکی کۆمۆنیستی لە سۆڤێت دروست بوو، کە لە بەرامبەر ئەزموونی ئینتەرناسیونالی دووەمدا دەوەستایەوە و دیارە کە بزووتنەوەکان و حیزبە کۆمۆنیستەکان و پراتیکی کۆمۆنیستی لە ئاستی جیهاندا بە گشتی بە شێوەیەکی لێکدانەبڕاو دەبەسترێتەوە بەم جەمسەرەوە. پێکهاتنی دەوڵەتی شووراکان و دروست بوونی نێونەتەوەییەکی بنیاتنراو لەسەر ئاسۆی مەیلی ڕادیکال و کرێکاری لەنێو تەیفی

سۆسیالیستیدا، بەرزترین ڕادەی بەرەوپێشچوونی کۆمۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاریی لەم سەدەیەدا بووە. هەر وەک پێشتر وتم، بەداخەوە ئەم جەمسەرە وەک بلۆکێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری نەمایەوە. بە درێژایی قسە و باسەکانی لەمەڕ ئاسۆی ئابووریی سۆڤێتەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەر ئاسۆ و سیاسەتی ناسیۆنالیستیدا پاشەکشەی کرد و بە تەواوەتی لەگەڵ جێگیربوونی ڕێگای گەشەی سەرمایەداریی بەرنامە داڕێژراوی دەوڵەتیی لەژێر ئاڵای دامەزرانی سۆسیالیزم لە سۆڤێتدا کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە عەمەلی چەک کرا و دواتر هەنگاو بە هەنگاو کۆمۆنیزم و کرێکاران لە یەکیەکی مەیدانەکاندا پاشەکشەیان کرد. گشت ئیعتیباری شۆڕشی کرێکاری بوو بە سەرمایەی جەمسەرێکی سۆسیالیزمی بۆرژوایی کە بۆ دەیان ساڵ چارەنووسی خەباتی کۆمۆنیستی لە دوورترین شوێنەکانی جیهاندا خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی سۆڤێتێکی بۆرژوا وەک سەرچاوە و جەمسەری کۆمۆنیزمی ڕەسمی، سۆسیالیزمی کرێکاری بە تەواوەتی دەکەوێتە پەراوێزەوە و تەنانەت ئەو حیزبە جیددیانەی کە بتوانن ئەم زاڵبوونەی سۆسیالیزمی بۆرژوایی بەسەر بزووتنەوەی ناوبراو بە کۆمۆنیزمدا بخەنە ژێر پرسیارەوە لە نەریتی سۆسیالیزمی کرێکارییدا پێک نایەت.

دەبێت بڵێم، کە سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری هەمیشە بەشێکی زیندوو لە نەریتی گشتیی سۆسیالیزم و ڕەخنەگریی چەپ لە کۆمەڵگادا بووە. ئەم مەیلە تا پێش ئەزموونی سۆڤێت لە تەنیشت سۆسیالیزمی کرێکاری و بە کێشمەکێش لەگەڵیدا دێت و ئەوەش دەزانین کە هەڵبژاردنی ناونیشانی کۆمۆنیستی لە لایەن مارکس و ئەنگڵسەوە ڕێک بە مەبەستی ڕاگەیاندنی وابەستەیی ئەوان و تێڕوانینەکانیان بە باڵی کرێکارییەوە وەک مەیلێکی تایبەت لە سۆسیالیزمدا بووە. بەڵام لە ڕێگەی ئەزموونی سۆڤێتەوە دەسەڵاتی سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری لە ئاستێکی فراوان و چارەنوسسازدا سەپێنرا و کۆمۆنیزمی کرێکاری چیتر تەنانەت وەک مەیل و باڵێکی خاوەن نفوز لە چارەنووسی سۆسیالیزمدا نەمایەوە.

بەڕای من، لە کۆتایی دەیەی بیست بەدواوە، کۆمۆنیزم لە بنەڕەتدا لە خەت لایداوە. لێرە بەدواوە خودی مەسەلەی سۆڤێت لە تەنیشت مەسەلەی کاپیتالیزمەوە بە شێوەی گشتی، بووەتە گیروگرفتێکی تەوەرەیی کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەی کرێکاری. سەرنەکەوتوویی تا ئێستای سۆسیالیزم وەک ئامانجێک، بەرهەمی ئەو ڕاستیەیە، ئەو

تاکە بزووتنەوەیەی کە دەتوانێت ئەم ئامانجە بە ئەنجام بگەیەنێ، بەهۆی بە میللیکردن و دەست بەسەردا گیرانی شۆڕشی کرێکارییەوە لە سۆڤێت دووچاری لاوازی و لێکدابڕان هات. سۆسیالیزمی کرێکاری تا ئەمڕۆ لەژێر باری ئەزموونی سۆڤێتدا پشتی ڕاست نەکردۆتەوە. ئەوەش بڵێم کە کاتێک باس لە ئەزموونی سۆڤێت دەکەم، مەبەستم تەنها لە کۆمەڵە ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک نییە کە بە وڵاتێکەوە مەحدود ئەبێتەوە. دەرکەوتنی کۆمۆنیزمی چینی، کە ڕووبەندێکی ناسک و ڕازاوە بۆ ئامانج و ئارەزووی میللی لە وڵاتێکی لە بنەڕەتەوە جووتیاری بوو، دەرکەوتنی پۆپۆلیزمی چەپی میلیتانت، بە تایبەتی لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزم، پەیدابوونی چەپی خوێندکاری و لیبراڵیزمی چەپێک کە بە مەکتەبی چەپی نوێ و چەند بەشێک لە ترۆتسکیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا دیاری دەکرێت، پەیدابوونی ئورۆکۆمۆنیزم و ... هتد. کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی جووڵانەوەیەکی شێوە سۆسیالیستییانەی بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکانی دەکرد، هەموویان بە شێوەیەک بەرهەمی دواتری ئەزموونی تێکشکانی شۆڕشی کرێکارییەن لە سۆڤێت. بەڕای من، ئەگەر ئەم ئەزموونە نەبووایە، سۆسیالیزمی کرێکاری دەیتوانی وەڵامدەرەوەی ئەم جووڵانەوانە بێت و جێگاوڕێگای خۆی وەک سەکۆی بنەڕەتی و خاوەن ئیعتیباری مارکسیزم و خەباتی سۆسیالیستی بپارێزێت و پتەو بکات. بەڕای من ئەو بزووتنەوە غەیرە کرێکاری و نیمچە سۆسیالیستییانەی کە بە ناوی کۆمۆنیزم و مارکسەوە هاتنە مەیدان یەک لەدوای یەک پایەکانی کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگادا سست کردووە. یەکەمین قوربانی لەم نێوەدا، بیرکردنەوەی مارکسیستییانە و ڕەخنەگریی مارکسیستییانە لە نیزامی سەرمایەداری بوو. ئەم بیرکردنەوەیەیان لە ناوەڕۆکە جەربەزە و ژێرەوژوورکەرەکەی خاڵی کردەوە و لەجیاتی ڕەخنەی مارکسیزم لە سەرمایەداری، بارێک لە وردەگلەیی ڕێفۆرمیستانە و هەندێک جار تەنانەت کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەیان لەژێر ئەم ناونیشانەدا جێ کردۆتەوە. ڕاستیخوازی و میتۆدی تەواو زانستییانەی مارکسیان سڕییەوە و مارکسیزمیان کردە عەماری ئەو کلێشە و ئایەتە ئاسمانییانەی کە بێجگە لە خستنە ڕووی ئامانجە نزم و حەکیمانەکانی تویژە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگا هیچی تر نەبوون. کار گەیشتۆتە ئەو جێگەیەی کە کاتێک ئێمە دەڵێین مارکسیزم ڕەخنەگری دیموکراسییە و دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا هەیە، شۆڕشی ئابووری بە بنەما دەزانێت و داواکاری هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێیە، دڵی

بۆ فەرهەنگە میللی و ناسنامە قەومییەکان ناسووتێت، دوژمنی دینە و ... هتد، گوایە دەمانەوێت نوێسازی بکەین. زاڵبوونی مەیلە نیمچە سۆسیالستییەکانی چینە غەیرە کرێکارییەکان و ئامانجە غەیرە کرێکاریی و تەنانەت دژی کرێکارییەکان کە لەم نێوەدا بە ناوی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمەوە ناونرا و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ کرێکارانی بەرەو بەرتەسکمانەوە لە سنووری تریدیۆنیۆنیزم و تەنانەت پەیڕەوکردنی سۆسیال دیموکراتی، واتە باڵی چەپی خودی چینی دەسەڵاتدار لە ئاستێکی بەریندا پاڵ پێوە ناوە. سۆسیالیزمە درۆینەکان، ئەگەر وەک سۆڤێت بە ڕەسمی ڕابەرانی کرێکارییان سەرکوت نەکردبێت، هەر چۆنێک بێت ئەو ڕۆڵەیان بووە کە پەیوەندی کرێکار و کۆمۆنیزمیان لە ئاستێکی بەرفراواندا بچڕاندووە. چ لەو جێگایەدا کە وەک سۆڤێت و چین و ئەلبانیا و ... هتد. کۆمەڵە نموونەیەکی بێزارکەر لە کۆمەڵگای داخراو، ئیستیبدادی و ڕاوەستاویان لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا لەبەردەم کرێکاردا داناوە و چ لەو جێگایەدا کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، یان وڵاتانی ژێردەستەدا کۆمۆنیزم و ڕادیکالیزمی چەپیان کردۆتە ئۆپۆزیسیۆنیزمی پڕ هەراوزەنا و بێ ناوەڕۆکی ڕووناکبیران، سەرەنجام بێجگە لە دوورخستنەوەی کرێکار لە کۆمۆنیزم و بێ دەنگکردنی کرێکاری کۆمۆنیست لە دەروونی بزووتنەوەی کرێکارییدا هیچی دیکە نەبووە. بەهۆی هەبوونی ئەم ڕەوتانەوە، ئەو کۆمۆنیزمە کرێکارییەی کە دەیتوانی لەبەردەم جەنگێکی جیهانی بۆرژوازیدا ڕاست بێتەوە و وڵاتێکی بە پانتایی ڕووسیای قەیسەری، یان ئەڵمانیا بخاتە نێو شۆڕشەوە، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بووە پرتە و بۆڵە و هەوڵ و تەقەلای ڕەخنەگرانە و دژی ئاڕاستەی ڕووداوەکان. ئەمڕۆ بە ڕووخانی ئەم بلۆکە درۆیینانە و بە کەمبوونەوەی پێویستبوونی کۆمۆنیزم و مارکسیزم لەنێو توێژە غەیرە کرێکارییەکان و بیریارانیاندا ئەم بازنەیە تازە خەریکە دادەخرێت.

هەر بۆیە کاتێک پرسیار لەوە دەکەیت، بۆچی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لەم سەدەیەدا سەرنەکەوتن، من لە بەرامبەردا دەپرسم کام سۆسیالیزم دەبوو سەرکەوێت؟ سۆسیالیزمی ئێمە، سۆسیالیزمی کرێکاری بەو تێکشکانەی کە لە لایەن خەتی ناسیۆنالیستییەوە لە سۆڤێت بەسەریدا هات، توانای پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئێستادا بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەدەست دا. هێزی خۆی بە تریدیۆنیۆنیزم و سۆسیال دیموکراتی و ڕێفۆرمیزمی چەپ دا و ڕەخنەگرتنە تیژەکەی لە کۆمەڵگای

ئێستا، کەوتە ژێر وێرانەی لادان و تەحریفاتە نیمچە سۆسیالیستییەکانەوە. ئەمڕۆ، ئەویش لە دڵی هێرشێکی نوێدا بۆسەر کرێکار و کۆمۆنیزم، تازە خەریکین لەم ئەزموونە پشت ڕاست دەکەینەوە.

لە کۆتاییشدا با خاڵێک بڵێم. من لەو کۆمۆنیستانە نیم کە سەرکەوتنی تەواوی کۆمۆنیزم بە ئاکامێکی حەتمی ڕەوەندی مێژوو دەزانن. بە دیهاتنی سۆسیالیزم بەرهەمی خەباتی چینایەتییە و ئەم خەباتە بە هەمان ڕادە کە دەتوانێت سەربکەوێت، دەتوانێ تێکشکان و کەموکووڕیش لە گەڵیدا بێنێت. نەک تەنها کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای ئازادی ئینسانی، بەڵکوو بەربەرییەتی بۆرژوایی و بە شێوەیەک کە لەوانەیە نەوەی ئێمە هێشتا تاقی نەکردبێتەوە، دەتوانێت لەم کێشمەکێشەوە بێتە دەر. لەگەڵ ئەمەشدا، بەهۆی بەسترانی ئەو بازنەیەوە کە باسم کرد و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هێزە مەزنەی کە کرێکاری ئەمڕۆ لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی لە بواری ئابووریدا بە دەستی هێناوە بەرامبەر بە ئایندەی سۆسیالیزم گەشبینم. بە هەر حاڵ مەسەلەکە لەسەر پراتیکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان دەوەستێت.

ئینتەرناسیۆنال: لە نەبوونی نموونەیەکی پیادەکراو، یان ئەلگۆیەکی ئیسپاتیی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، کۆمۆنیستەکان ئیتر بە گشتی بە داواکارییە ئۆپۆزیسیۆنییەکانیان دەناسرێنەوە. ئایا پێویست بەوە ناکات کە سیمای کۆمەڵگای سۆسیالیستی کۆنکرێتتر بخرێتە ڕوو؟ ئایا پێویست ناکات، تەرحی عەمەلیتر بۆ ڕێکخستنی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیدا هەبێت؟

مەنسوور حیکمەت: ئەگەر ئەم پرسیارەیان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە مارکسیستێک بکردایە، وەڵامی دەدایەوە، کە ئەرکی ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەلگۆ خستنە ڕوو و خەیاڵ داتاشین نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی شۆڕشێکە دژی نیزامی ئێستا و بنەمادیاریکراو و پێناسەکراوەکانی. ئامانجەکانی ئێمە ڕۆشنن و ڕەوەندی شۆڕشی کرێکاری شێوەی عەمەلیی بەدیهاتنی ئەم ئامانجانە بە دەستەوە دەدات. بە بڕوای من ئەم وەڵامە لە بنەڕەتدا ئەمڕۆش دروستە. بە هەر حاڵ دوو هۆکاری بنەڕەتی، یەکێکیان دروست و ئەوی تریان نادروستە، دەبنە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس ئەمڕۆ مەسەلەی پێویستی خستنە ڕووی ئەلگۆیەکی ئیسپاتیی سۆسیالیزم بە باسێکی مەعقول بزانن. یەکەم ئەوەی کە لە ئەزموونی سۆڤێت و چین و ... بەکردەوە کۆمەڵە ئەلگۆیەک لەژێر ناونیشانی سۆسیالیزمدا خرانە ڕوو، کە کۆمۆنیستێک دەبێت

نامۆبوونیان لەگەڵ ماركسیزمدا نیشان بدات و ئەمە بە ڕادەیەک پێویست بە خستنە ڕووی ئاڵتێرناتیڤی عەمەلی ئیجابیش دەکات. من لەم تێڕوانینەوە بە ڕادەیەک ئەم زەروورەتەم قەبووڵە. بەڵام هۆکاری دووەم، ملدانی تەواوی چەپە لە خەباتی سیاسیدا بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بە جەوی پەرلەمانی و سیستەمی پەرلەمانی. مەیدانی پەرلەمانی بۆ زۆرێک لە حیزب و هێزە بەناو کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بوو بووە مەیدانی سەرەکی خەبات لە پێناو دەسەڵاتی سیاسیدا. بە پێچەوانەی خەباتی شۆڕشگێرانەوە کە بە گشتی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن و نەفیکردنەوەی سیستەمی ئێستا ڕێک دەخرێت، خەباتی هەڵبژاردن بە گشتی لە دەوری پلاتفۆرمی ئیجابی دەبرێتە پێشەوە. ئەمە ڕێک جیاوازیی نێوان شۆڕش و ڕێفۆرمە. ڕێفۆرم دەبێت بە شێوەیەکی دیاریکراو باسی لێ بکرێت، بەڵام شۆڕش حەرەکەتێکە لە دژی بار و دۆخێک کە هەیە، بە مەبەستی بەرپاکردنی بنەما و هاوکێشەی گشتیی جیاواز لە کۆمەڵگادا. حەرەکەتی شۆڕشگێرانە لە ڕەوتی تێکشکاندنی دۆخی ئێستادا، شێوازی عەمەلیی بەدیهاتنی ئامانجەکانی خۆی پێناسە دەکات، لە کاتێکدا حەرەکەتی ڕێفۆرمخوازانە لە نیزامێکی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بە بەرنامەی دیاریکراوی ڕێفۆرمخوازانەیەوە بۆ ڕاکێشانی حیمایەت و بەدەستهێنانی ڕەئی هەنگاو دەنێت. پەیدابوونی سەرمایەداریش لەسەر بنەمای ئەلگۆیەکی ئیجابی ڕۆشن لەم نیزامە دروست نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ڕەخنەگرتن لە نیزامی پێشوو و خستنە ڕووی کۆمەڵە درووشمێکی گشتی سەبارەت بە ئازادییە سیاسی و ئابوورییەکان بوو. هەر بۆیە پێم وایە پێویستی ئەوەی کە سۆسیالیزم وەک پلاتفۆرمێکی سیاسی و ئابووریی دیاریکراو و وەدەستهاتوو بخرێتە ڕوو تا ڕادەیەک زیادەڕۆیی دێتە بەرچاو. بە تێڕوانینی من کۆمۆنیزم بە مەبەستی ڕاکێشانی هێزی چینەکەی خۆی، پێویستە تێڕوانینی ڕەخنەگرانە و ئامانجەکانی خۆی بەرێتە نێو چینەکەوە و هێڵە گشتی و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای جێمەبەستی خۆی بخاتە ڕوو و لە هەمان کاتدا وەک ڕەوتێکی زیندووی سیاسی لە دڵی خەباتی ئێستای نێو کۆمەڵگادا پلاتفۆرمی عەمەلی و ڕۆشنی بۆ ڕێفۆرم هەبێت. کارێک کە پێویستە بکرێت ئەوەیە یەکەم، مانای وردی ئامانجە سۆسیالستییەکان ڕۆشن بکرێتەوە و دووەم، ئیمکانبوون و لە توانادابوونی بەدیهاتنی ئەم ئامانجانە نیشان بدرێت. یەکەم دەبێت بۆ نموونە ئەوە جێگیر بکرێت کە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی بۆرژوایی بە مانای خاوەندارێتیی دەوڵەتی نییە و

دواتر ئەمە نیشان بدرێت کە چۆن ڕێکخستنی کۆنترۆڵی دەستەجەمعی خەڵک بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا شتێکی عەمەلییە. یان سەرەتا پێویستە تەئکید لەوە بکرێت کە سۆسیالیزم نیزامێکی ئابووری بێ پارە و بێ کاری بەکرێیە و دواتر ئیمکانبوونی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بەبێ بەکاڵابوونی هێزی کار نیشان بدرێت. ئەوەی کە نابێت بکرێت ئەوەیە کە پلانی بەرهەمهێنان و ئیداریی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی بە وردی بکێشرێت و بخرێتە بەردەم خەڵک. شێوەی دیاریکراوی ئابووری و بەرهەمهێنان و نیزامی ئیداری لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا دەبێت لەنێو دڵی بزاوتی مێژووییدا بدرێت بە دەستەوە. ئەرکی ئێمە ئەلگۆ دروستکردن و خەیاڵ داتاشین نییە، بەڵکوو نیشاندانی ئەوەیە کە کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە چ ڕوویەکەوە لە کۆمەڵگای ئێستا جیاوازە. بۆ نموونە ئێمە ڕەوەندی نەمانی دەوڵەت دوای شۆڕشی کرێکاری لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی پایە ماددییەکانی دەوڵەتەوە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا و پێویستنەبوونی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی لە لایەن کۆمەڵگایەکی بێ چینەوە نیشان دەدەین، نەک لە ڕێگەی نامیلکەیەکەوە کە تیایدا ئەم یان ئەو حیزبە بەرنامەی عەمەلیی خۆی بۆ داخستنی هەنگاو بە هەنگاوی دامەزراوەکان و ئیداراتە دەوڵەتییەکان خستبێتە ڕوو.

ئینتەرناسیۆنال: سیستەمی سیاسی و کارگێڕیی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات هەر وەک نیزامە ئابووریەکەی، وەک ئاکامی سروشتی و حەتمی کۆمۆنیزم نیشان دەدەن. کۆمۆنیزم بە "تۆتالیتاریزم" و نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدەن و دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە تاکە شێوەی واقیعی و مومکین بۆ بەشداری خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگادا پەرلەمانتاریزم و پلۆرالیزمی باوە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا. یەکەم، خودی ئەم بانگەشەیە چەندە ڕاستە و دووەم، ئاڵتێرناتیڤی کۆمۆنیستەکان بۆ بەشداری خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، دیموکراسیی شوورایی، تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ڕێکخراوەی ئاڵۆزی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا دێتەوە و قابیلی جێبەجێکردنە؟ وە سەرەنجام، ئایا نیزامی سیاسی لە سۆسیالیزمدا تاک حیزبییە؟

مەنسوور حیکمەت: یەکەم، نیزامی سیاسیی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات سەرخانی سیاسی و حقوقیی نیزامێکی ئابووری بوو کە لەم وڵاتانەدا هەبوو، وە بچووکترین پەیوەندی بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و ماركسیزمەوە نەبوو. ئەمە نەک تەنها ئاکامی سروشتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوو، بەڵکوو بە سەرکوتکردنی دەستکەوتە

سیاسییەکانی ئەم شۆڕشە و لە ڕێگەی خەفەکردنی مەودای فراوانی ئەو ئازادی و مافە سیاسییانەوە کە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا بەدەست هاتبوون، توانرا بسەپێنرێ. دووەم ، پەرلەمانتاریزم شکڵێکی دیاریکراوی حوکوومەتی چینە داراکانە. بە چاوپۆشین لەوەی کە بەشی سەرەکی ئەو بڕیار و مەدارانەی کە پەیوەندی بە ژیانی ملیۆنەها ئینسانەوە هەیە لە وڵاتە پەرلەمانییەکاندا، لەدەرەوەی پەرلەمانەوە و لە لایەن نوخبەی سیاسی و ئابووری و عەسکەرییەوە دەدرێت کە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێک نین، بە ئاستەم دەتوانرێت پەرلەمان وەک ئۆرگانێک بۆ بەشداریی خەڵک لە کاروباری کۆمەڵگادا سەیر بکرێت. چوار پێنج ساڵ جارێک بڕێک پۆستەر و تەبلیغات و وەعدە و وەعیدی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر خەڵکدا دەبارێنن، دەنگیان وەردەگرن و دەکەونە شوێن کارەکانیان. ئەگەر بمانەوێت بڕوا بە ئیدیعای نیزامی پەرلەمانی بکەین، دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامە سەیرەی کە بۆ ماوەی دە ساڵ، خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدەست و ڕەئی خۆیان خەریکی هەڵوەشانەوەی خشتەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بێکارکردن و بێ مافکردنی خۆیان بوون. ڕۆشن نییە کە چۆن خەڵکی بەریتانیا باجیان بەسەر خۆیاندا سەپاندووە، یان خەڵکی ئەمەریکا لە کام سەرچاوەی دەسەڵاتدارێتیدا دەنگیان بۆ شەڕ لە کەنداو و تەرخانکردنی گیان و ماڵی خەڵک بۆی دا. ئەم بانگەشەیە نوکتەیە. نیزامی پەرلەمانی نیزامێکە کە تیایدا هەر چەند ساڵە جارێک خەڵک لەنێو باڵە جیاوازەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە یەکێک لەسەر سەری خۆیان دادەنێن. بێگومان ئەم نیزامە باشترە لە ئیستبدادی بێ پەردەی فلانە ژەنراڵی سوپایی، یان فلانە حوکوومەتی ئاشکرای پۆلیسی. بەڵام ناوبردنی بە نیزامێکی ڕاوەستاو لەسەر بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک ئیتر زیادەڕۆییە. سێیەم، پەرلەمانیش بە هەمان ڕادەی ڕژێمە پۆلیسی و سەربازییەکان بەرهەمی سروشتیی سەرمایەدارییە. تەواوی دنیا لەژێر دەستی سەرمایەداریدایە و ژمارەی ئەو ڕژێمانەی کە تیایدا پەرلەمانێک هەیە، کە لەسەر پایەی هەڵبژاردنی جێگیر و دەستکاری نەکراو و بەپێی مافی دەنگدانی گشتی هاتۆتە سەرکار و بەشداریەکی هەڵسووڕاوانە لە یاسادانادا دەکات، بە پەنجەکانی دەست ئەژمێردرێن. کەسێک لە سەرمایەداریدا کە باس لە سیاسەت دەکات، دەبێت لەبیری بێت کە مارکۆس، شای ئێران، فرانکۆ، پینوشە، خومەینی، سەدام، پاپا دۆک، بەیبی دۆک، ئاورین، هیتلەر و مۆسۆلینیش بەرهەمی هەمان کۆمەڵگا بوون. پلۆرالیزمی بۆرژوایی پاشکۆی جێگیری جێگاوڕێگای سیاسی و ئابووریی

بۆرژوازییە لە کۆمەڵگادا. لە هەر شوێنێک ئەم جێگیرییە کەوتبێتە مەترسییەوە، خۆیان دەرگای پەرلەمان و حیزبە نەیارەکانیان داخستووە و پەنایان بۆ ئەم جۆرە حوکوومەتە ئیستیبدادییانە بردووە.

ئایا سۆسیالیزم نیزامێکی تاک حیزبیە؟ کۆمۆنیزم وەک دوائامانجی شۆڕشی کرێکاری، دەوڵەتی وەک دامەزراوێکی سیاسی تیادا نییە. بەڵام بۆ دەستڕاگەیشتن بە بار و دۆخێکی لەم چەشنە، پێویستی بە جۆرێک لە دەوڵەتە لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی چینی کرێکاردا. حوکوومەتی کرێکاریی خۆی لە بنەڕەتەوە حوکوومەتی حیزبی نییە. حوکوومەتی ئەو دامەزراوانەیە کە کرێکاران دەگرنە خۆیان. حوکوومەتی کرێکاری، حوکوومەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران نییە، حوکوومەتی شووراکان و ئۆرگانەکانی کاری ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکاران و هاووڵاتییانە. سروشتییە کە دەبێت لەم سیستەمەدا حیزبەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی جێمەبەستیان لە لایەن شووراکان و ئۆرگانەکانی دیموکراسی ڕاستەوخۆوە ئازادیی هەڵسووڕانیان هەبێت. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران بیەوێت لەم مەیدانەدا جێگایەکی کاریگەری هەبێت، دەبێت لەبەر ئەوە بێت کە توانیویەتی وەک ڕێکخراوێک دەرکەوێت کە کرێکاران و ڕابەرانی بەنفووزی ئەوانی تیادایە. حوکوومەتی کرێکاری ڕژێمێکی تاک حیزبی نییە، لە هەمان کاتدا ڕژێمێکیش نییە کە تیایدا حیزبەکان دەسەڵاتی دەوڵەتی بە دەستەوە دەگرن. لە سەرووی ئەوانەشەوە، ئەمەش وەک باقی خاڵەکانی دیکە، ڕای شەخسیی خۆمە، حوکوومەتی کرێکاریی حکومەتێکی ئایدیۆلۆژیک نییە. ئەوە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە مارکسیزم و تێڕوانینی کۆمۆنیستی بکەنە پایەیەکی خۆ هۆشیاریی کۆمەڵگا و هەمەگیری بکەن. ئەوەی کە ئایا ئەو حیزبە سیاسییانەی کە خوازیاری لەنێوبردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و شووراییی خەڵکن و لەپێناو گێڕانەوەی دەسەڵاتی چینە سەرنگونکراوەکاندا تێدەکۆشن، لە نیزامێکی ئاوادا ئیجازەی هەڵسووڕانیان دەدرێتێ یان نا، مەسەلەیەکە خودی شووراکان لە ڕۆژی خۆیدا بڕیاری لەسەر دەدەن. بە هەر حاڵ پرسیارەکە ئەوە دەبێت، کە ئایا ئازادیی پێدانیان، یان ڕێگرتن لە هەڵسووڕانیان، ڕێگەیەکی کاریگەر دەبێت بۆ ڕیشەکێشکردنیان لە کۆمەڵگادا.

ئایا سیستەمی شووراییی لەگەڵ کۆمەڵگای پڕ پێچ و پەنای ئەمڕۆدا دێتەوە؟ بە تێڕوانینی من تەنها لە سیستەمی شووراییدایە، یانی نیزامی پشتبەستوو بە بەشداریی

ڕاستەوخۆی دانیشتووان لە ئاستی ناوچەییەوە تا سەراسەری، کە بە ڕەچاوکردنی ئابووری و کاردابەشکردنی ئاڵۆزی جیهانی ئەمڕۆ دەکرێت ئامادەیی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بڕیاردانی سیاسی و ئابووری و ئیداریدا بە واقیعی دابین بکرێت. لە نیزامی پەرلەمانیدا، سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروبار دەبێتە تایبەتمەندییەکی دوور لە دەست پێڕاگەیشتنی خەڵکەوە. لە سیستەمی شوورایيدا بواری دەسەڵاتداریتی هەر شوورایەک لەگەڵ چوارچێوەی عەمەلیی هەڵسووڕانیدا دێتەوە. هەر شوورایەک لە نوێنەرانی کۆمەڵێک لە شووراکانی ئاستێکی خوارتر پێک دێت. سەرجەم دامەزراوەی شوورایی کە پایەییترین ئاستی محەلی تا ئاستی سەراسەری و مەرکەزی دەگرێتەوە، لە ئاستی جۆراوجۆردا دەرفەتی بەشداریی کاریگەری خەڵک و نوێنەرانیان و هەمان شێوەی پیادەکردنی کۆنترۆڵی دەنگدەران بەسەر نوێنەرانیاندا فەراهەم دەکات. سیستەمی پەرلەمانی ڕووپۆشێکە بۆ دەسەڵاتی ئۆلیگارشێکی بۆرژوا. سیستەمی شوورایی جێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەشداریی جەماوەری خەڵک خۆیان.

ئینتەرناسیۆنال: یەکێک لە ئاکامەکانی تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات سستبوونی ئیدەی حیزبیەت و هەڵسووڕانی حیزبییە لەنێو چەپەکاندا، بەجیا لەو حیزبە ئۆردووگاییانەی پێشوو، کە یان یەک لەدوای یەک خۆیان هەڵدەوەشێننەوە، یان هەمان ئەو وابەستەییە ڕووکەشییەی پێشووشیان بە کۆمۆنیزمەوە وەلا دەنێن، کۆمەڵە چەپێکی ڕادیکاڵیش هەن کە قۆناغی ئێستا بە قۆناغی تەحەزوب نازانن و بۆ نموونە بڕوایان وایە کە دەبێت چالاکیی تیۆری بکرێت، یان وەک توخمگەلی سۆسیالیست لە بزووتنەوە بنەڕەتییەکاندا هەڵسووڕاو بێت. بۆچوونت سەبارەت بەم تێڕوانینە چییە؟ هەروەها تۆ خۆت لە دامەزرێنەرانی حیزبێکی تازەیت کە دەیەوێت پتەوتر لە جاران وەک ڕێکخراوێکی مارکسیستی و کرێکاری هەڵسووڕێت، پێت وانییە کە دروستکردنی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەلومەرجی ئێستادا بەرەو ڕووی سەرسووڕمان و تەنانەت گاڵتەجاڕی ببێتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: بە هەر حاڵ هەمیشە کەسانێک پەیدا دەبن کە سۆسیالیزم و ڕێکخراوبوون و تەنانەت هەبوونی ئامانجە مەزنەکان بەکەم بگرن. قسە وتن بە سۆسیالیزم و کرێکار لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا هەمیشە خەڵات کراوە و ئەمڕۆ لەوانەیە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک لە دەزگاکانی میدیا و زانکۆکان و دامەزراوە سیاسی و تەبلیغییە جۆراوجۆرەکاندا ڕوویان لەم ئیشە شەریفە کردبێت. ئەمانە مەسەلەی ئێمە

نین، بەڵام سەبارەت بەو چەپە ڕادیکاڵ و هەڵسووڕاوە سۆسیالیستییانەی کە لەگەڵ بڕوابوونیان بە زەروورەتی تێکۆشانی سۆسیالیستییانەدا، "قۆناغی" ئێستا بە قۆناغی تەحەزوب نازانن چەند خاڵێک باس دەکەم. منیش لەو باوەڕەدام کە هەڵسووڕانی تیۆریی مارکسیستی و چوونە ناو بزووتنەوە کرێکارییە بنەڕەتییەکانی ئەمڕۆوە گرنگییەکی زۆری بۆ کۆمۆنیستەکان هەیە. من لێرەدا جەخت لە وشەی "مارکسیستی" و "کرێکاریی" دەکەمەوە، چونکە دەزانم بۆ زۆرێک لە چەپەکان چالاکیی تیۆری، یان بزووتنەوە بنەڕەتییەکان ئەم مانا دیاریکراوەی نییە و لە زۆر جێگا مەبەستیان چالاکیی فەرهەنگی و بەشداری لە بزووتنەوەکانی وەک بزووتنەوەی بەرگری لە کەمایەتییەکان و پاراستنی ژینگە و دیموکراتیزەکردنی چەند لایەنێک لە نیزامی سیاسی و ... شتی ترە. بە تێڕوانینی من لەگەڵ ئەوەشدا کە چەپەکان دەبێت بە تەواوەتی لەم مەیدانانەشدا ئامادە بن، بەڵام هێشتا ناتوانرێت ئەمانە و بە تایبەتی لەم سەردەمەدا وەک چالاکیی تیۆری، وە یان کاری بنەڕەتیی کۆمۆنیستەکان سەیر بکرێن. بەڵام تەنانەت بۆ کەسێک کە چالاکیی تیۆریی مارکسیستی و کاری بنەڕەتیی کرێکاری جێمەبەستی بێت، دوورکەوتنەوە لە تەحەزوب هەڵەیەکی بنەڕەتییە. کانوونەکان و مەحافیل و مەکتەبەکان و کەسایەتییەکان ناتوانن جێگای خاڵیی حیزبە سیاسییەکان پڕ بکەنەوە. بە تێڕوانینی من لە دیارنەبوونی ئەو حیزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییانەدا کە بتوانن سەرجەمی ئاڵتێرناتیڤێکی چینایەتی بە تەواوەتی لە بەرامبەر چینی دەسەڵاتداردا دانێن، لە دیارنەبوونی ئەو حیزبانەدا کە پێکەوەگرێدانی هەوڵ و تەقەلا کۆمۆنیستییەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بە ئەرکی خۆیان بزانن و سیمای حەرەکەتێکی هەمەلایەنە کە تەواوی دەسەڵاتداریتی سەرمایەداری دەداتە بەر هێرش بە خەباتی کۆمۆنیستی بدەن، چالاکییەکانی کانوونەکان و توخمە سۆسیالیستییەکان لەم یان لەو مەیدانە لە کۆمەڵگادا کاریگەریی درێژخایەنی نابێت. بە تایبەتی پێم وایە لە دیارنەبوونی دەرکەوتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە شێوەی حیزبە سیاسییەکاندا، هەوڵ و تەقەلا مەحفەلی و کانوونییەکانی سۆسیالیستە ڕادیکاڵ و ڕەخنەگرەکان لە مەیداندا نامێننەوە. کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەمانە هەرس دەکات و ڕەنگی خۆی لێ دەدات. دنیا پڕە لەو مەحافیل و کانوون و توخمە سۆسیالیستانەی کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دەستیان دایە "چالاکی ئاڵتێرناتیڤ" و دوای ماوەیەک هەر هەمان چالاکیی ئاڵتێرناتیڤ بووەتە بڕبڕەیەکی سوننەتی ڕەسمییان. ڕادیکالیزم لە کۆمەڵگادا پاشکۆی مەوقیعیەتی

چینی کرێکارە لە خەباتی نێوان چینەکاندا. ئەمە مەیدانێکە کە بە پلەی یەکەم پێویستی بە هەبوونی حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانە.

بە بۆچونی من، ئەو حیزب و لایەنانەی کە ئەمڕۆ دەیبینین بەرەنجامی هێرشی بەرینی بۆرژوازییە بۆسەر کۆمۆنیزم بە گشتی و کۆمۆنیزمی ڕێکخراو بە تایبەتی. کاتێک کۆمۆنیزم غەیرە قانونی دەکرێت و کۆمۆنیستەکان ڕاو دەنرێن، حیزبە کۆمۆنیستەکان ئەندام لەدەست دەدەن و تەنانەت هەندێ جار بەکردەوە هەڵدەوەشێنەوە. ئەمە هەمووان دەیزانن. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەمڕۆ لانی کەم لە ڕۆژئاوا کۆمۆنیزم غەیرە قانونی نییە، بەڵام هێرشی تەبلیغاتیی بۆرژوازی بۆ سەر سۆسیالیزم لەتەنیشت هێرشە ئابوورییەکەی بۆ سەر چینی کرێکار و بێکاریی ملیۆنی، کاریگەرییەکی لەم چەشنەی هەیە. دەکرێت ئینسان بە تەواوەتی لەوەش تێبگات کە لە هەلومەرجێکی ئاواشدا زۆر کەس لە ڕێکخراوبوونی سۆسیالیستی دوور دەکەونەوە. هەر بۆیە من زۆر گرنگی بەو تیۆرییە بە ڕواڵەت قووڵانە نادەم، کە دەڵێن، ئەمڕۆ "سەردەمی حیزبایەتی نییە". ئەوە خاسیەتی ئینسانە کە بەڵگەی فەلسەفی و حیکمەتی ئاڵۆز بۆ بزووتنەوە قابیلی دەرک و ڕۆشنەکانی خۆی داتاشێت. گوایە کاتێک کرێکار و کۆمۆنیزم لەژێر مەنگەنە و گوشار بێنە دەرەوە، ئیتر سەرلەنوێ "سەردەمی حیزبایەتی" دێتەوە. بە ڕای من ئەم پاشەکشەیە کاتییە و بزووتنەوەی نارەزایەتیی چینی کرێکار لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا و تەنانەت لەوانەیە لە ئەمەریکا، لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا کۆتایی بەم جەوە فیکرییە بێنێت.

ئینتەرناسیۆنال: لە خودی ڕۆژئاوادا ڕووبەڕووی چەند ڕەوەندێکی گرنگی بەرەودوا دەبینەوە. دواییین خشتەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لێک دەترازێ و هەر ئەم ڕادەیەی ئێستاش لە لێپرسراوێتی کۆمەڵگا لەبەرامبەر خۆشگوزەرانی و ئاسایشی ئابووریی تاکدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لەڕووی سیاسییەوە ناسیۆنالیزم، فاشیزم، ڕاسیزم و دین کەوتوونەتە جووڵە. شانبەشانی ئەمانە پاشەکشەیەکی مەعنەویی ئاشکرا دەبینین کە بۆ نموونە لە تەئیدی میلیتاریزم و دەستدرێژی سەربازییانەی ڕۆژئاوادا، پاکانەکردن بۆ ڕادەی فراوانی هەژاری و بێکاری، چوونە سەری دەرگیرییە قەومی و دینییەکان، ژۆرنالیزم و ڕۆژنامەگەریی گەندەڵ و بە ئاشکرا وابەستە بە سیاسەتە دەوڵەتییەکان و ... هتد. خۆی نیشان دەدات. ئەم ڕەوەندە لە کوێدا کۆتایی دێت؟ ئایا ئەم پاشەکشەیە بە شێوەی هاوسەنگییەکی مێژوویی درێژخایەن ڕەسمییەت

پەیدا دەکات، یان ڕەوەندێکی کاتی و سەردەمییە؟

مەنسوور حیکمەت: بە بۆچوونی من، لە دوا شیکردنەوەدا کۆتایی ئەم ڕەوەندە، سۆسیالیستەکان و کرێکاران دیاری دەکەن. نەک بەو مانایەی کە تەواوی ئەو باڵە بۆرژوازییانەی دەیانەوێت تەواوی ئەم ڕەوەندە ببڕن و سەرخانێکی سیاسی دامەزرێنن کۆنەپەرستن. بە بۆچوونی من، بۆ نموونە ڕاسیزم و فاشیزم بەو ئاستەی کە جێمەبەستی باڵی ڕاستی توندڕەوە، تەنانەت لەنێو خودی بۆرژوازیی ڕۆژئاوادا تەواو مەتڵوبییەتی نییە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە یەکەم، هاوسەنگیی درێژماوەتری جێمەبەستی بۆرژوازی بە هەر حاڵ ڕاستترە لەچاو بار و دۆخی ئێستادا. دووەم، ئەگەر بار و دۆخ بە مەیلی بۆرژواکان بڕوات، ئەوا تەواوی پرۆسەیەک کە تیایدا ئەم هاوسەنگییە بەدەست دێت، کوێرەوەری و جەنگ و خوێنڕشتنی فراوانی لەگەڵدا دەبێت. فاشیزم، ڕاسیزم، میلیتاریزم، ئایین و ناسیۆنالیزم مەیلگەلێک نین کە تەنها باڵی ناوەڕاست و کۆنەپارێزی چینی دەسەڵاتدار زاڵ بکەن و دواتر هەر کە پێویستبوونیان تەواو بوو، وازیان لێ بهێنرێت. ئەمڕۆ دەیانەوێت ڕێگە بەم ڕەوتانە بدەن بۆئەوەی لەپەنا جەوێکەوە کە پێک دێت ڕادیکالیزم و عەدالەتخوازی و ئازادیخوازی نەهێڵن و یاسا ڕاستڕەوەکانی خۆیان وەک بنەمایەکی نیزامی نوێی جیهانی جێگیر بکەن. ڕەنگە بەنیاز بن ڕانەوەستن و تا لێواری کوورەکانی ئینسانسووتاندن، یان جەنگێکی ماڵوێرانکەر بچن. تەنانەت ئەگەر سەرەنجامی بزووتنەوە کۆنەپەرستییەکانی ئەمڕۆ دۆخێکی ئاوا لێڵ و تاریکیش نەبێت، بەڵام ڕەوەندێک کە دەبێت تێپەڕ بکرێت بۆ ئەوەی خاڵی هاوسەنگییەکی نوێ بێتە دی، بۆ ئەو نەوەیەی کە لەم سەردەمەدا دەژی پڕ دەبێت لە نارەحەتی و کوێرەوەری.

بە تێڕوانینی من، بە پلەی یەکەم، ئەوە چینی کرێکار و هێزی سۆسیالیستیی کۆمەڵگایە کە دەتوانێت و دەبێت پێش بەم ڕەوەندە بگرێت. ئەمڕۆ تێکەوڵێکەیەک لە جەوی سیاسیی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا لە پەیدابوونایە، کە گەشەی فاشیزم و ئەو کاردانەوانەی بەرامبەری دروست بوون خۆی گۆشەیەکێتی. ئەم وڵاتانە خەریکن بەرەبەرە لە بێدەربەستیی سیاسیی دەیەی هەشتاکان دێنە دەرەوە. کۆمەڵگا جارێکی دیکە بەرەو پۆلاریزەبوون و سیاسیبوون دەچێتە پێش. بە ڕای من، خودی ئەم هەلومەرجە، زەمینە خۆشکەری پەیدابوونی چەپێکی نوێ و سۆسیالیزمێکی کرێکاریی دەخاڵەتگەر لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو بڕوایەدام کە پێشگرتن بە پەرەگرتنی مەودای نفووزی فاشیزم، ڕاسیزم، ناسیۆنالیزم و بە شێوەیەکی گشتی مەیلە سیاسییەکانی ڕاستی توندڕەو هێشتا زیاتر لە توانادایە وەک لە بەرگرتن لە مەیدانی ئابووریدا لەبەرامبەر ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی بۆ ڕامالینی "سەرمایەداریی خۆشگوزەران" لە ئارادایە. هێرشی بۆرژوازی بۆسەر ئەو شێوازە ئابوورییانەی کە میراتی دەیەی شەستەکان و نیوەی دووەمی هەفتاکان بوون پەیگیرانەتر و بنەبڕکەرانەترە لەچاو لایەنە سیاسییەکاندا. هاودەنگییەکی فراوانتریش لەم زەمینەیەدا لەنێوان بەشە جیاوازەکانی بۆرژوازیدا هەیە. بێگومان هەر ئەم هێرشە ئابوورییە خۆی دەبێتە هۆی پێداچوونەوەی بنەڕەتی لە خۆهۆشیاری کۆمەڵگا و جێگاوڕێگای هاووڵاتی لەم کۆمەڵگایانەدا. لە کۆتایی ئەم ڕەوەندەدا، مرۆڤی ئاسایی، بە تایبەتی کەسێک کە لە فرۆشتنی هێزی کارەکەیەوە ژیان بەسەر دەبات، ئینسانێکی بێمافتر، بێشەخسییەتتر، بێڕێزتر و بێبەشتر دەبێت لە ئەمڕۆ. کاتێک بەشی خزمەتگوزاریی پزیشکی و تەندروستی دەدەنەوە دەست کەرتی تایبەتی و ئەرکی تێچوونی دکتۆر و دەرمان دەخەنە سەرشانی "بەکارهێنەر"، بەڕواڵەت دەیانەوێت سیاسەتێکی ئابووری بەرنە پێش. بەڵام لەگەڵ ئەم حەرەکەتەدا ئەو ڕاستییە لە کۆمەڵگادا جێگیر دەبێت و ڕەسمییەت پەیدا دەکات، کە مافی سەلامەتی و تەندروستی، مافێکە بە خاوەندارێتی و دەرامەتەوە پەیوەستە. لە فێرکردن و پەروەردەدا هەروەها، لە کاتی حەوانەوە و خۆشیشدا هەر بە هەمان شێوە. ئەم جۆرە پاشەکشە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و حوقووقییانە کە بە ڕواڵەت "فاشیستی"یش نین، بەرفراوانترن و خەبات لە دژیان نارەحەتترە لەچاو شێوازە توندڕەوەکانی دەرکەوتنی باڵی ڕاستدا.

ئینتەرناسیۆنال: بەم جۆرە ئایا تۆ فاشیزم و ڕاسیزم بۆ کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بە مەترسی سەرەکی نازانیت؟

مەنسوور حیکمەت: ڕێگەم بدە با ئەوە بڵێم، کە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئەڵمانیای نازی بۆ فاشیستەکان ئاسان نییە. باڵە چەپەکان و تەنانەت ناوەندەکانیش لە کۆمەڵگادا کاردانەوەیەکی توند لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەدا نیشان دەدەن. زەمینەکانی گەشەی ڕاستی توندڕەو لەوانەیە لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا، یان هەندێک لە کۆمارەکانی سۆڤێتی پێشوو زیاتر بێت و لە بەریتانیا و ئەمەریکا کەمتر. بە هەر حاڵ گۆڕانی فاشیزم بە هێزێکی زاڵ لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، ڕووبەڕووی ڕێگری ماددی و

بەرهەڵستییەکی سیاسیی مەزن دەبێتەوە. بە بۆچوونی من، تەنانەت لەم بار و دۆخەی ئێستادا، جووڵانەوەی سیاسیی چینی کرێکار و هێزی سۆسیالیستی توانای وەڵامدانەوەی ئەم هەڕەشەیەیان دەبێت. بێگومان ڕۆشنە کە پێویستە هەوڵ و کۆششێکی فراوان بۆ هێنانەمەیدانی ئەم هێزە دژی فاشیزم و ڕاسیزمە بدرێت. بە ڕای من گومان لەوەدا نییە کە فاشیستەکان بەهێز دەبنەوە و بە شێوەی ڕەوتێکی ڕێکخراو و وەخۆکەوتووی ڕاستی توندڕەو جێگایەکی دیاریکراو لە مەیدانی سیاسی ئەم وڵاتانەدا بەدەست دێنن. بەڵام پێم وا نییە بتوانن لە ئایندەیەکی پێشبینی کراودا ببنە ڕەوتێکی زاڵ، یان چارەنووسساز لە دەرونی بۆرژوازیدا.

سەبارەت بە ڕاسیزم مەسەلەکە ئاڵۆزترە. ڕاسیزم لەم وڵاتانەدا پایەدارتر و ڕیشەدارترە و فاکتەری زۆر هەن کە خەبەر لە گەشەی لەمە زیاتری ڕاسیزم دەدەن لە داهاتوودا، هەرچەندە لەسەر ئاستی ڕەسمی لە لایەن بۆرژوازییەوە دزێو کرابێت. بۆ نموونە لایەکی فیکرەی ئەورووپای یەکگرتوو بە تەواوەتی دژی دانیشتووانی وڵاتانی ناوبراو بە جیهانی سێیەم کەوتۆتە کار. ناسنامەی ئەورووپایی تەنها بۆ جیاکردنەوە لە ناسنامەی ئینگلیزی و ئەڵمانی نییە، بەڵکوو لە بەرامبەر ئاسیایی و ئەفریقاییدا مانا پەیدا دەکات. سیمای ڕەگەزپەرستانەی مەسەلەی یەکگرتنی ئەورووپا لێرە و لەوێ و بەدیاریکراوی لەبەرامبەر مەسەلەی سیاسەتێکی تاقانە لە بەرامبەر کۆچکردن و پەناهەندەیی، یان لە پێناسەکردنی سیفات و فەرهەنگی ئەورووپاییدا، چەندین جار خۆی نیشان داوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی فراوانی بێکاری ئێستا لە خودی ئەورووپادا برسێتی و ناجێگیری ئابووری و سەرکوتی سیاسی لە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا و سەرەنجام کۆچی فراوان بۆ ئەورووپا، وا دێتە بەرچاو کە جیاوازینانەوەی ڕەگەزی و هاندان و جووڵاندنی ڕاسیستی مەیدانێک دەبێت کە بۆرژوازی وا بە سادەیی دەستبەرداری نابێت. لانی زۆری کارێک کە سیاسەتی ڕەسمی لەم وڵاتانەدا دەیگرنە بەر ئەوەیە کە فاشیستەکان زیاد لە پێویست هێز لەم وەزعیەتەوە وەرنەگرن. لەم مەیدانەدا بێ سێ و دوو یاسا مەدەنییەکان بە زەرەری خارجییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

ئینتەرناسیۆنال: ئاڵوگۆڕەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، دوو ڕەوەندی دژ بەیەکی خستۆتە بەرچاوی هەمووان، لە لایەکەوە سەرپێکەوتنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سۆڤێت دەبینین، کە بوونەتە هۆی دابەشبوونی سۆڤێت و

ڕیزبەستنی میللی، قەومی و دینی جیاواز تیایدا. لە لایەکی دیکەوە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەرەتای لابردنی سنوورە میللی و وڵاتییەکانی ئێستا و پێکهێنانی ئەورووپایەکی یەکگرتوودایە. کام یەک لەمانە ئەلگۆی ئایندە بە دەستەوە دەدەن؟ یەکێتیخوازیی ئەورووپای ڕۆژئاوا، یان ناسیۆنالیزم و دابەشبوونی میللی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا؟

مەنسوور حیکمەت: بە تێڕوانینی من، هیچ کامیان. میللیگەرایی ئەمڕۆ لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا ئاکامی دابەشبوونی ئەم بلۆکەیە، نەک هۆی ئەو. هەر بۆیە گەشەی سەردەمییانەی مەیلە ناسیۆنالیستییەکان لە ڕۆژهەڵاتدا، ڕەوەندێکی قابیلی گشتگیر لەسەر ئاستی جیهانی لەسەر بنەمای گەشەی ناسیۆنالیزم و قۆناغێکی نوێ لە ژیانیدا ناخاتە ڕوو. لە لایەکی دیکەوە گومان لەوە دەکەم کە بکرێت، تەرحی ئەورووپای یەکگرتوو بە جیابوونەوەیەکی جیددی لە ناسیۆنالیزم لە ئەورووپادا دابنرێت. وا دێتە بەرچاو کە مەسەلەکە زیاتر لەسەر پێکهاتنی بازاڕێکی ناوخۆی پێکەوە لکاو لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا وەک بنەمای قوتبێکی ئەورووپی لە ململانێدا لە بەرامبەر ئەمەریکا و یاباندایە، تا ئەوەی کە ڕۆیشتن بێت لە ناسنامەی میللییەوە بۆ ناسنامەی سەروو میللی. خودی سۆڤێت ماوەیەکی دوورودرێژ بلۆکێکی پێکەوەلکاو بوو بە پارە و دەوڵەت و سوپای تاقانە و سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووریی موتەمەرکیزەوە، ئەمڕۆ بۆتە مەڵبەندی میللیگەرایی. تا ئەو جێگایەی کە بۆ سەیرکەرێکی دەرەکی قابیلی تێبینیکردنە، تەرحی یەکگرتنی ئەورووپا، دزێوی ناسنامەی ئەورووپایی لەبەرامبەر غەیرە ئەورووپایی زیاد کردووە، بێ ئەوەی کە وابەستەیی میللی تاکتاکی هاوبەشانی ئەورووپای یەکگرتووی کەم کردبێتەوە. ئەوەی کە بە واقیعی دێتە بەرچاو ئەوەیە، کە جەمسەرە نوێیە ئابووری و سیاسییەکان، پێکهاتوو لە ئیئتیلافاتی جۆراوجۆری وڵاتی، خەریکە جێی دابەشبوون و جەمسەربەندیی پێشوو دەگرێتەوە و ئەم ڕەوەندە بە ئاشکرا پێکدادانی زیاتر دروست دەکات.

بە تێڕوانینی من ئەزموونی سەرمایەداری نیشانی داوە کە هەرچەندە حەرەکەتی سەرمایە و جیهانیبوونی پرۆسەی کار لە بەشە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا سنوورە وڵاتییەکان لەڕووی ئابوورییەوە لاوازتر دەکات، بەڵام ناهاوسەنگیی گەشەی سەرمایەداری لە بەشە جیاوازەکاندا، کەمیی سەرمایە لە ئاستی جیهاندا و ناجێگیری گشتیی بار و دۆخی سەرمایەداری، ناسیۆنالیزم لەسەر ئاستی سیاسی و لە ستراتیژی ئابووریی بەشە جیاوازەکانی بۆرژوازیدا بە زیندوویی دێڵێتەوە. بە بۆچوونی من،

سەرمایەداری ئەگەر لەڕووی تەجریدیشەوە نەبێت، لەڕووی ڕەوتی پێکهاتنی دیاریکراوی تا ئێستاشییەوە پێویستی بە ناسنامەی میللی و ناسیۆنالیزم هەیە. بەم پێیە هەر یەکگرتنێک جگە لە پێناسەکردنی سنووربەندییە نوێکان، شتێکی دیکە نابێت. هەرچەندە مەیلی زاتیی سەرمایە بەرەو جیهانیبوون بەهێزیش بێت، وا دێتە بەرچاو کە ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ناسیۆنالیزم و ناسنامەی میللی بە عەمەلی کاری ئینتەرناسیۆنالیزم و شۆڕشی کرێکاری دەبێت.

بە گشتی ڕام وایە، کە قۆناغی ئێستا قۆناغی ناسیۆنالیزم نییە. قۆناغی لەناوچوونیشی نییە. ناسیۆنالیزم نە وەڵامێکی تایبەتی بۆ مەسەلەکانی سەرمایەداریی ئەمڕۆ پێیە و نە بە شێوەیەکی تایبەتی لەژێر گوشاردایە. ئەوەی کە خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئارایشی میلیی جیهانیی سەرمایەداریە، نەوەک جێگای میللیگەرایی تیایدا.

ئینتەرناسیۆنال: لە هەلومەرجێکدا کە بۆرژوازی ئەلگۆکانی خۆی لە ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ لە شێوازی جۆراوجۆردا، لە ناسیۆنالیزم و دینەوە تا فاشیزم و نەژادپەرستی، لەبەرامبەر کۆمەڵگادا دادەنێت، وا دێتە بەرچاو کە چینی کرێکار لە سنووری ئابووریدا سەرقاڵی بەرگریکردنە لە خۆی. ئەم مەسەلەیە چ لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا و چ لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، کە لەگەڵ سیاسیتربوونی جەوی کۆمەڵگادا هەژاری ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ئیحتیمالی قەتیسمانەوەی کرێکاران لە بەرگی خەباتی ئابووریدا زیاتر دەکات، دەکرێت ببینرێت. پێت وا نییە ئەم دۆخە جێی نیگەرانی بێت؟ بەڕای تۆ هاتنە دەر لەم دۆخە لە گرەوی چیدایە؟

مەنسوور حیکمەت: بە بۆچوونی منیش ئەمە واقیعیەتێکی مەلموس و بە تەواوەتی مایەی نیگەرانیە. دەرکەوتنی چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسیدا درێژەی وشکوبرینگی خەباتی ئابووری نییە."کرێکاران" بە هەمان مانای کۆمەڵناسانەی وشەکە تا ئێستا کەمتر لە سیاسەتدا بەشدارییان کردووە. کرێکار لە ڕێگەی حیزبە کرێکارییەکانەوە، چ ڕێفۆرمیست بن و چ شۆڕشگێر، بەشداری لە ململانێی سیاسیدا دەکات. ئێستا هەلومەرجێک هاتۆتە دی، کە هەموو ئەو نەریتە سیاسی و حیزبییانەی کە هەر چۆن بێت سەکۆیەک بوون بۆ بەشداری سیاسیی کرێکار لە کۆمەڵگادا، وەک سۆسیال دیموکراتی و بەشە جیاوازەکانی کۆمۆنیزم هاتوونەتە دواوە. چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە کرێکاران بەبێ ڕێکخراوبوونیان لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکان دەتوانن لە مەیدانی ئابووریەوە زۆر پێ بکێشنەدەر، چاوەڕوانییەکی بێ ناوەڕۆک و لەڕووی

مێژووییەوە بێ پایەیە. شەخسی خۆم لەو باوەڕەدا نیم سۆسیال دیموکراتی تەنانەت بیەوێت لێرە بە دواوە وەک ڕەنگدانەوەی سیاسیی بزووتنەوەی سەندیکایی لە کۆمەڵگادا سەیر بکرێت. بە تێڕوانینی من ئەم ڕەوتە بە ڕادەیەکی زۆر دەستی لە کرێکاران شتووە و ڕووی کردۆتە توێژە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگا. جگە لەمەش سۆسیال دیموکراتی تەنانەت خاوەنی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆشن نییە. هەر بۆیە مەسەلەکە بە چارەنووسی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە گرێی خواردووە. لێرەدایە کە بڕوام وایە، بەبێ هەوڵ و تەقەلای جیددی بۆ یەکەم، دژ وەستانەوەی هێرشی دژی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ و دووەم، دروستکردنی حیزبە کۆمۆنیستە دەرگیرەکان لە ڕێکخستنی چینایەتیی کرێکاراندا و بەشدار لە خەباتی سیاسیدا، کرێکاران تەنانەت ئەگەر بشتوانن لە مەیدانی ئابووریدا کۆمەڵە سەنگەرێکی دیاریکراو بپارێزن، بە هەر حاڵ ڕووبەڕووی هاوسەنگییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی چەند قات دژی کرێکاریتر لە بار و دۆخی تا ئێستا دەبنەوە. بە تێڕوانینی من، قۆناغێک کە چووینەتە ناوی لەڕووی بزووتنەوەی نارەزایەتیی چینی کرێکارەوە کەموکووڕی نابێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم خەباتە دەگاتە چ سەرئەنجامێک و بە شێوەیەکی دیاریکراو چ کاریگەرییەکی لەسەر مەوقیعیەتی گشتی کرێکار لە کۆمەڵگادا و توانا و ڕێز و پایەی ئەو دەبێت، پرسیارێکی دیکەیە. ئەوەی دووەم ئیتر دەبەسترێتەوە بە هەبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستییەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و لە دڵی بزووتنەوەی کرێکاریدا.

وەرگێڕانی: ئاوات سەعید
تایپکردنەوەی: پەیمان غەریب
پیاچوونەوەی: جەمال موحسین

تێبینی: ئەم نووسراوەیە لە بڵاوکراوەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ە.

سەرچاوە:
مارکسیسم و جهان امروز
"انترناسیونال"، شمارە 1
اسفند 1370، مارس 1992

پایەکان و ئاسۆکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

ئەم نووسراوەیە دەقی کورتکراوە و پوختەکراوی وتاری مەنسوور حیکمەتە سەبارەت بە پایەکان و ئاسۆکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە یەکەمین کۆنفرانسی کادرەکانی حیزبدا

زەمینەکانی پێکهاتنی حیزب

ڕواڵەتی مەسەلەکە بەو جۆرەیە، کە ئەم حیزبە لە ئاکامی ناکۆکی و کێشمەکێشەکانی هەناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێک هاتووە. بە بڕوای من ئەم لێکدانەوەیە، واتە گەڕان بەشوێن ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم حیزبەدا لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، هەرچەندە دەزانم کە تەنانەت هەندێ لە هاوڕێیانی ئەم حیزبەشمان کەم و زۆر هەر وا بیردەکەنەوە. واتە خۆیان لە درێژەکێشانی ئەو ناکۆکی و چەپ و ڕاست وەرگەڕان و جەمسەرگیرییانەی ناو حیزبدا پێناسە دەکەن. بە بڕوای من دیتنی ئەم حیزبە وەک جۆرە بەرهەمێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شتێکی هەڵەیە. چونکە ئەو ناکۆکی و کێشمەکێشە ناوخۆییانەی کە تیایدا دروست بوون، خۆیان بەرهەمی هەلومەرجێکی بابەتیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بوون و ئەم حیزبەش هەر لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی هەمان هەلومەرجی بابەتیدا پێک هاتووە نەک لەدرێژەی ئەو ناکۆکییانەدا.

ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زادەی بار و دۆخێکی جیهانیی تایبەت بوون. ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم ناکۆکییانە دەگەڕایەوە بۆ ئەو بار و دۆخەی کە جیهان و کۆمۆنیزم بە شێوەیەکی گشتی تێی کەوتبوو. بێگومان کاریگەری ئەم بار و دۆخە وەک هەموو حیزبە چەپەکانی تری جیهان و هەموو ئەو کەسانەی کە بانگەشەی کۆمۆنیزمیان دەکرد، ئێمەیشی گرتەوە. زۆر ڕەوت و لایەن هەڵوەشانەوە، زۆری تر تووشی کەرتبوون هاتن، ئێمەش ئاڵوگۆڕمان کرد. لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێ هۆکاری دروستبوونی ئەم حیزبە لەم دەورە و بڕگە دیاریکراوەدا بدۆزینەوە، ئەوا ئەم فاکتەرە هەمان ئەو بار و دۆخە بابەتیی کۆمەڵایەتییەیە کە لە دەرەوەی ئێمەدا بوونی هەیە.

دارمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم 6_7 ساڵەی دوایی، سەروسیمای دنیای زۆر بە خێرایی گۆڕیوە، هاوکێشە ئابووری و سیاسییەکان و هەلەمەرجی ئایدیۆلۆژی و سەرخانی فیکری و عەقیدەیی جیهان، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە و ئەم ڕەوتەش هەروا بەردەوامە. ئەو هاوسەنگییەی پێشتر لە جیهاندا سەقامگیر ببوو بە تەواوی تێک چووە. لە ئابووریی سیاسی جیهانی هاوچەرخ و لە دابەشبوونی جیهان لەنێوان بلۆکە بۆرژوازییە جیهانییەکانەوە تا دۆخی فیکری و ئایدیۆلۆژی هەمووی بە خێرایی گۆڕاوە و پرسیاری نوێ کەوتووەتە بەردەم کۆمەڵگاکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بێگومان فەلسەفەی هەبوونی ئەو حیزبە سیاسییانەی کە لە چوارچێوەی دۆخی پێشوودا بەپێی نیاز و پێویستییەکانی دەورەکانی پێشوو پێک هاتبوون، دەچێتە ژێر پرسیارەوە و گرێوگۆڵی نوێ ڕووبەڕووی بزووتنەوە سیاسی و حیزبییەکان دەبێتەوە، کە ئیتر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەڵامەی کە بەم گرێوگۆڵانە دەدرێتەوە، دەکرێت قسە لە ڕیزبەستن و یەکگرتنە حیزبییەکان لەم دەورەیەدا بکرێ، پرسیاری نوێ و یەکگرتن و قەڵشتی نوێ بەدی دێنێ. وەڵامی هاوبەش بە گرفتەکانی ڕابوردوو، ئەمڕۆ ئیتر ناتوانێ مەرجی یەکگرتوومانەوە بێ.

باڵەکانی لایەنگری یەکێتیی سۆڤێت، چ لە ڕۆژئاوا، یان لە ڕۆژهەڵاتدا، یان هەڵوەشاونەتەوە، یاخود بە شێوەیەکی گشتی ڕێباز و ناوی خۆیان گۆڕیوە. هەندێکیشیان زۆربەی هەرە زۆری هێزی خۆیان لەدەست داوە و خراونەتە پەراوێزەوە. پاشماوەی ئەم حیزبانە هەوڵ دەدەن بە سوودوەرگرتن لە بار و دۆخی نارەزایەتی لە کارکردی بازاڕ لە ڕۆژهەڵاتدا یاخود نارەزایەتیی قووڵی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژئاوا دوابەدوای دە ساڵ لە هێرشی ڕاسترەوی نوێ، ببنە نوێنەری نارەزایەتییە دیفاعییەکانی چینی کرێکار و لەم ڕێگایەوە لە مەیدانی سیاسیدا بمێننەوە، یانی بە پشتبەستن بە شێوەکارێک کە تاکوو پێش ئەم ئاڵوگۆڕانە پێی نامۆ بوون. ئەم ڕەوتانە بە هەر حاڵ زۆر تەریک بوونەتەوە و هیچیان چیتر حیزبی بەهێز و بەتوانا نین. دوور نییە حیزبەکانی وەک حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا و حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیا هێشتاش ئاسۆی بەهێزتربوونیان هەبێ. بەڵام بە هەر حاڵ ئەمە بە ئاڵوگۆڕی جیددی لە بنکەی سیاسی و عەمەلی و ڕێبازی تا ئێستای ئەوانەوە بەستراوەتەوە. ئایندەی ئەم حیزبانە نەک پەیوەستبوونیان بە بلۆکێکی جیهانی بەهێزەوە وەک جاران،

بەڵکوو پەیوەندییان لەگەڵ هەمان بزووتنەوەی نارەزایەتیی چینەکەدا دیاری دەکات. بزووتنەوەی چەپی ڕادیکاڵی دژی ڕیڤیژینیستیش بە فەوتانی بابەتییانەی خودی "ڕیڤیژینیزم"، بە شێوەیەکی گشتی قیبلەنمای جووڵە و فەلسەفەی هەبوونی خۆی بە تەواوی لەدەست داوە. ئەو باڵە ڕادیکاڵەی کە لەبەرامبەر بلۆکەکانی یەکێتیی سۆڤێت و چین و حیزبە وابەستەکان بەوانەوە شکڵی گرتبوو، وە خەت و تاخمی جۆراوجۆری دەگرتە خۆی، ئەمڕۆ ئیتر بەهانەیەکی ڕۆشنی بۆ مانەوەی نییە. سەرەڕای ئەوەش بەشی هەرە زۆری هێزی ئەم حیزبانە لە ڕادیکاڵیزمی توێژە ناکرێکارییەکانەوە ... ببوو، کە ئەم ڕادیکاڵیزمەش دیسانەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ساڵانەی دواییدا کۆتایی پێ هات و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم جۆرە حیزبانە دەیانتوانی لەدەوری درووشمە ڕادیکاڵەکانی خۆیان کۆی بکەنەوە ئەمڕۆ ئیتر نەماوە. ئەم ڕۆژگارە ئیتر ئەو دەورانە نییە کە حیزبە ڕادیکاڵە زانکۆیی و وردەبۆرژوازییەکان لە هەر جۆرێک بن، ماویست، ترۆتسکیست و ئەوانی تر، بتوانن کەس لەدەوری خۆیان و کەمپەینە سیاسییەکانی تا ئێستایان گرد و کۆ بهێڵنەوە. هەمان هێزی کۆمەڵایەتی لاوازی خۆدی خۆشیان خەریکە لەدەوریان پرش وبڵاو ببێ.

لە جیهانی سێیەمدا جۆرێک سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی جیهانی سێیەمی هەبوو، لە ئەمەریکای لاتینەوە تا فیلیپین و ئێران، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ زۆرتر لەژێر کاریگەری ستالین و ماویزم، یان ڕاستتر بڵێین لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمدا بوون. ئەمانەش دیسانەوە لەبەریەک ترازاون. لەبەر ئەوەی یەکەم، لە ڕوانگەی ئاسۆ و بەرنامەی ئابووریییەوە بە تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئەو پایە و کۆڵەکانەی ئەم جۆرە ڕەوتانە لەسەری وەستابوون تێک ڕووخا. ئەڵتێرناتیڤ و ئاسۆی گشت ئەو ڕەوتانە ئابووریییەکی دەوڵەتی ژێر کۆنترۆڵی کۆماریێکی خەڵکی بوو، ئەم ئەڵتێرناتیڤ و ئاسۆیە ئیتر بازاڕی نەماوە. وە لە لایەکی ترەوە ناسیۆنالیزمی ڕەسمی بە شێوەیەکی ئاشکرا و بێپەردە هاتۆتە مەیدانەوە و خۆی ڕاستەوخۆ هێزی خۆی گرد و کۆ دەکاتەوە. بەم جۆرەش چوارچێوەیەک بۆ خۆدەرخستنی ئەم ڕەوتە چەپانە نامێنێتەوە. هەر بۆیە لە جیهانی سێیەمدا ئەم جۆرە ڕادیکاڵانە شوێنیان لە ئیعرابدا نییە. ڕاستییەک کە بەتایبەت پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە هەیە ئەوەیە، کە لە هێرشی دژی کۆمۆنیستی ئەم ساڵانەی دواییدا دوو ڕەوتی کۆمەڵایەتی وەک ئاڵاهەڵگری ئایدیۆلۆژی و سیاسی ئەم هێرشە هاتنە مەیدانەوە. یەکێکیان ناسیۆنالیزم و ئەوی

تریان دیموکراسیخوازی بوو. ئەم دوو ڕەوتە هەردووکیان لە هێرشی بۆرژوازی بۆ سەر کۆمۆنیزمدا بوونە مەیداندار. ئەوە ڕاستە کە فاشیزمیش لەم دەورەیەدا سەری بەرز کردەوە. بەڵام گەشەی فاشیزم بەرەنجامی دواتری ئەم ئاڵوگۆڕانە بوو، وە لە سەرەتای ئەم هێرشەدا دەوری نەبوو. فاشیزم بەرهەمی تێکچوونی هاوسەنگییەکانی پێشووە. بەڵام ئەو بزووتنەوانەی کە لە هێرشی دژی کۆمۆنیستی بۆرژوازی کە لەژێر پەردەی هێرش بۆ سەر بلۆکی بەناو سۆسیالیستی ڕۆژهەڵات ئەنجام دەدرا، بوون بە ئاڵاهەڵگر. لە ناسیۆنالیزم و دیموکراسیبوون کاتێک ورد دەبینەوە، دەبینین ئەم دوو بزووتنەوەیە هەر دووکیان لە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی چەپی ڕادیکاڵ، یاخود کۆمۆنیزمی جیهانی سێیەمی بوون. بە واتایەکی تر ئەو دوو نەریتە سیاسییە ئەسڵییەی کە لەم جۆرە وڵاتانەدا بە ئاوێتەبوون لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاراندا چەپی ڕادیکاڵ و حیزبەکانی ئەم نەریتەیان شکڵ پێ دابوو، ئێستا لە مەیدانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا بە ئاشکرا_کەوتوونەتە بەرامبەر کۆمۆنیزم و بوونەتە قاوغی ئەسڵی بۆ کۆکردنەوە و کێشکردنی هێز لە دژی کۆمۆنیزم، ئاساییە کە ئەم جۆرە حیزبانەی کە ئەم نەریتە ناکۆکانەیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، لە هەلومەرجێکی وادا لەبەریەک هەڵدەوەشێن. کاتێک ئەم بزووتنەوانە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا بەرامبەر یەکتر دەوەستن، ئیتر بە پێچەوانەی دە ساڵی ڕابوردووەوە، ناکرێ لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی چەپی ڕادیکاڵدا بەیەکەوە بمێننەوە. بە تایبەتی لە حاڵێکدا کە ناسیۆنالیزم و دیموکراسیخوازی ئەم دەورەیە بەدەورەی خۆیان دەزانن و هیچ پێویستییەک بۆ سازش و تەسلیم لەبەرامبەر سۆسیالیزمدا، جا لە هەر جۆرێک بێت، نابیننەوە. بێگومان لە هەلومەرجی وادا پاراستنی چوارچێوەی ڕێکخراوەییە خەڵکییەکان بۆ حیزبە چەپەکان مەحاڵ دەبێ. دیموکراتەکان و لەوان ئاشکراتر ناسیۆنالیستەکان، خەریکن لە دنیای دەرەوەدا کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیزم بە گشتی بە هەر مانایەک دەکوتن. بێگومان ناکرێ حیزبێک هەبێ کە لەودا کۆمۆنیست، مارکسیست، ناسیۆنالیست و دیموکرات لەدەوری یەک کۆ ببنەوە و ڕێکخراوێکی چەپی یەکدەستیان پێک هێنابێت. ڕەوت و حیزبی لەم جۆرە بەناچاری پارچەپارچە دەبێ. هەمان ئەم ڕاستییەشە کە کەوتووەتە پشتسەری جیابوونەوەکانی ئەم دواییەی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەم ڕوانگەیەوە، پێکهاتنێکی جیاواز و تایبەت نەبوو، چارەنووسێکی جیاوازیشی نەبوو. گومانی تێدا نییە کە

سۆسیالیزمی کرێکاری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەهێز بوو، وە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئامرازێک بوو کە لە ڕێگەی ئەوەوە هەموو بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری لە ئێراندا بەئاگاتر بووەوە بە تایبەت لە هەلومەرجێکی دژوار و مەترسیداردا لە بواری سیاسیدا چالاک مایەوە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک حیزبێکی سیاسیی وابەستەی هەمان ئەو قانوونمەندییانە بوو کە بەسەر هەموو حیزبە چەپەکاندا بەڕێوە دەچوو. واتە بە شکستی سۆسیالیزمی درۆیینەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و هێرشێک کە بۆرژوازی لەجەرگە و لە درێژەی ئەم شکستەدا بۆ سەر گشت کۆمۆنیزم و ئامانجی سۆسیالیزم ...دایە، لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا ناسیۆنالیزم و دیموکراسیخوازی، کە هاتبوونە ژێر چەتری سۆسیالیزمەوە، خەریک بوون دەست بە تەپڵێدانی خۆیان بکەن. هۆی هەڵبژاردنی جیابوونەوە لە لایەن ئێمەوە ئەوە بوو، کە مەیلەکانی تری ناو حیزب لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە لە هەلومەرجی جیهانیدا خەریک بوون ئیتر لە ملدان بە کۆمۆنیزم و ڕێبازی کۆمۆنیستی سەرپێچی بکەن. بەلەبەرچاوگرتنی هێز و توانای نەریتی کۆمۆنیستی لە حیزبدا بەر لە جیابوونەوە، ئەم ڕەوتانە توانای ئەوەیان نەبوو بە ئاشکرا ئاڵای خۆیان بەرز بکەنەوە و ئاسۆ و خواستەکانی خۆیان ڕابگەیەنن، بەڵام توانای گۆجکردنی حیزبیان هەبوو. دەیانزانی ... بەدبینی و بێبڕوایی و ناسیاسیگەری تیادا دروست بکەن و لەژێرەوە هەڵسووڕانی تایبەت و دڵخوازی خۆیان ئەنجام بدەن. هۆی جیابوونەوەی ئێمە ئەوە بوو کە ئێمە بەڕوونی دەمانبینی ئەم بزووتنەوانە خەریکن لە ئاستی کۆمەڵگادا بە ئاشکرا و بێپەردە ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستنەوە. ڕواڵەتی مەسەلەکە وابوو کە ئێمە ئەو حیزبەمان بەجێهێشت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەوان ڕۆیشتن. مەیلەکانی تری ناو حیزب دوو ساڵ پێش ئەوەی ئێمە لەو حیزبە بێینە دەرەوە، لە ڕووی سیاسییەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان بەجێهێشتبوو. کۆمۆنیزم ئیتر لە هەمان سەردەمی کۆنگرەی سێیەمەوە، بۆ ئەم ڕەوتانە قورسایی و بایەخێکی نەبوو. بەم پێیەش حیزبی کۆمۆنیست و ڕێباز و ڕابەریی کۆمۆنیستی حیزبیش لای ئەمانە نرخی خۆی لەدەست دابوو، بەشوێن مەبەستی خۆیانەوە بوون، چونکە دەیانبینی لە مەیدانی کۆمەڵگادا ڕۆژ ڕۆژی دیموکرات و میللیگەراکانە. ئەم ڕەوتانە بە هۆی دیکتاتۆرییەت و سەرکوت لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێراندا ڕوویان لە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست کردبوو، ئێستا ئیتر لە خودی زلهێزەکانەوە دەیان بیست کە سەردەمی ڕووخانی دیکتاتۆرەکان

هاتووە. هەندێکیش میللیگەرای سەرکوتکراویان بەرەو کۆمۆنیزم پاڵی پێوە نابوو، بەڵام ئەمڕۆ کە خەریکن ناسیۆنالیستەکان خەڵات دەکەن، ئەم خۆبەستنەوەیان بە کۆمۆنیزمەوە ئیتر خێری بۆیان نەماوە. هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان لەم ساڵانەی دواییدا هیوا و ئومێدی تازە لە دڵی مەیلەکانی تری ناو حیزبی کۆمۆنیستدا زیندوو بووەوە و بەناچاری ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتییان دەگۆڕا. لەم دەورەیەدا بوو کە ئیتر چەندپایەبوون و ئیئتیلافیبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە تەواوی هەستپێکراو و بەرجەستە دەبووەوە. قسە و باسەکانی ئەم دەورەیەی دوایی، کاریگەرییەکی لەسەر بناغەی ئەم ڕەوەندە نەبوو. لەوانەیە ڕۆژ و سەعاتی جیابوونەوەی ئێمەی دیاری کردبێ، بەڵام خودی ئەم جیابوونەوەیە حەتمی بوو. پێشتریش قسەی ئێمە ڕووبەڕووی ئەم ڕەوتانەی ناو حیزب هەر ئەوە بوو. ئێستا ئیتر کەوا بە ڕواڵەت کۆمۆنیزم خێرێکی بۆ ئێوە نەمابێت بڕۆن، بهێڵن با ئەم حیزبە کۆمۆنیست بمێنێتەوە. ئەمە یەکەم جار نەبوو ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستدا لەگەڵ کەسانێکدا موناقەشە و پلمیک بکەین. مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، مێژووی کەوتن و پێخزانی بەردەوام و یەک لەدوای یەکی مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی تری ناو حیزب بەرەو ئامانجی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی خۆیان ... گرتنەوە و هەوڵ و تەقەلای ڕەوتی مارکسیستی بۆ ڕیگەگرتن لەم کەوتن و پێخزانەی ئەوان بووە. ئەم جارەی دوایی یەکەمین جار نەبوو کە ناسیۆنالیزم و دیموکراتیزم لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، خۆیان دەربخەن. سەبارەت بەشەڕ لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا بۆ نموونە، لێکدانەوەیەکی تەواو ناسیۆنالیستییانەیان وەک بنچینەی ئەم شەڕە تەرح کرد و هەندێکیش هەبوون زۆر بە سنگێکی فراوانەوە ئەم شیکردنەوەیان قبووڵ کرد. ئەوە هەر مارکسیستەکان بوون کە ڕووبەڕووی ئەم تێڕوانینە وەستانەوە و پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە هۆی ئەم تێکهەڵچوونانە بە پێچەوانەی تێڕوانینی ئەوانەوە نەک کێشمەکێش لەسەر بەدەستهێنانی هەژموونی لە یەک بزووتنەوەی میللیدا، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەی چین و بزووتنەوە چینایەتییە جیاوازەکانە. لە کاتی توندبوونەوەی شەڕی شارەکان لەنێوان عێراق و ئێراندا، یان بە شێوەیەکی بەرجەستەتر لە سەردەمی ئاگربەستی ئێران و عێراقدا، دیسانەوە لێکدانەوە و ڕێبازی تەکتیکی غەیرە کۆمۆنیستی تەرح کرا. دووبارە هەر مارکسیستەکانی ناو حیزب بوون کە پێشیان بە کەوتن و خزانی ئەوان بەرەو ئەو جۆرە هەڵوێست و ڕێبازە تاکتیکییانە

گرت. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، جگە لەم جارەی دوایی کە باس لەسەر نەزمی نوێی جیهانی و هەڵچوونی سیاسی لە عێراق بوو، لایەنی بەرامبەر زۆر لەوە مەمنوون دەبوو کە دەستی گیراوە و نەهێڵراوە پێی بەرەو ئۆپۆرتیۆنیزم و پۆپۆلیزم ... هتد. بخزێ و ئیعتیبار و جێگا و شوێنی سیاسی پارێزراوە. بەڵام ئەم جارەی دوایی خۆیان هۆشیارانە دەیان ویست بخزێن و بکەون. تۆڕی سەلامەتی و ڕزگاربوونی سیاسییان نەدەویست، لە یەکێک لە پرۆپاگەندەکانی کۆکاکۆلادا، فرۆکەیەک بەسەر پردێکەوە ئەفڕێ و یەکێک لە سواربووەکانی بۆ خوارەوە دەڕوانێ و چاوی بە کیۆسکی (فرۆشگایەکی بچکۆلەیە لەلای خۆمان پێی دەڵێن کیشک/ و.) کۆکاکۆلا دەکەوێ، خۆێ پێ ناگیرێ لە فرۆکەکەوە بەسەردا خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. ئەمانیش ئەم جارە زۆر بە ڕوونی کۆکاکۆلای خۆیان لەسەرەوە بینی و بەرەو خوار خۆیان بۆ هەڵدا و ئەو تۆڕەیان بە ڕێگر دەبینی کە ئێمە لەژێریاندا گرتبوومانەوە. ئێمەش ئەم جارەیان لێیان گەڕاین بکەونە خوارەوە، جیاوازی ئەم جارە لەگەڵ پێشوودا تەنیا لەوەدا بوو، کە ئێمە ئەم جارەیان هیچ بەوە خۆشحاڵ نەبووین، یەکێتیی حیزبی خۆمان لەگەڵ ئەم ڕەوتانەدا بهێڵینەوە، چونکە خۆمان لە سێ ساڵ لەوە پێشەوە، جەختمان لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا حیزبێکی یەکپارچەی مارکسیستی دەتوانێ وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی ئەمڕۆ بێت و ئێمە هیچ ئیئتیلافێکمان پێ خۆش نییە. ڕەنگە پێشتر دابینبوونی باڵادەستی سۆسیالیزم و مارکسیزممان لە حیزبدا بەکافی زانیبێ و ئەم مەیلانەی ناو حیزبمان وەک هۆکارێکی دەست و پێگیر تەماشا بکردایە، کە دەکرێ لە چوارچێوەی حیزبێکدا زیانەکانی بۆ کەمترین ڕادە کەم بکەیتەوە و درێژە بە کاری خۆت بدەیت. بەڵام لەم هەلومەرجە نوێیەدا و لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەی کە بەسەر دنیادا هاتووە، ئیتر نەدەکرا ئەمە شێوازی مامەڵەی ئێمە بێ و ئەمە بەکردەوە دەست و پێی ئێمەی لە شکڵدان بە جووڵانەوەیەکی حیزبی و مارکسیستی کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا بتوانێ دەور بگێڕێ، دەبەستەوە.

بە هەر حاڵ ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە کە کێشمەکێشەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیست لەسەر بنەمای کێشمەکێشی قووڵتر و هەمە لایەنەتری کۆمەڵایەتی پێک هاتبوون. ئەمەش واتە ئاڵوگۆڕکردن لەژێر کاریگەری گۆڕانگارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نیشاندەری خەسڵەتی واقیعی و کۆمەڵایەتی خودی ئێمەیە وەک ڕەوتێکی سیاسی. کەسێک کەپێی وایە حیزبە سیاسییەکەی بەهۆی ناکۆکی نێوان کەسەکانەوە ئینشیقاقی کردووە و

لەبەریەک ترازاوە، ئەوا تێڕوانینی نزمی خۆی بۆ حیزبەکەی نیشان دەدات، ئەوە خۆیەتی کە حیزبە سیاسییەکەی خۆی بێ پەیوەند بە دنیا و تەریک دەبینێ. ئێمە بە پێچەوانەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەوە، لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ماددیمان بۆ جیابوونەوەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە. ئێمە بە سادەییەوە دەڵێین: بەهۆی ڕەوتە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا قەڵشت دروست بووە و کەسێک بیەوێ ئەم جیابوونەوانە حاڵی ببێ، دەبێ دەرک بەم ڕەوتانە بکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیش دیسانەوە لە ئاکامی ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەوت و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە پێک هاتووە. بۆ ئێمە، واتە بۆ ئەو چەند کەسەی کە بانگەوازی پێکهێنانی ئەم حیزبەمان کرد، ئەمە فاکتەری ئەسڵی بوو. بەڵگەکانی ئەم جۆرە تێڕوانینەمان نووسراونەتەوە و هەر لە کۆنگرەی دووەمەوە و دواتریش لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە ئەوە دەرکەوتووە کە ڕەوتێک لە حیزبدا هەیە کە بۆ پێکهێنانی حیزبێک بە کۆمەڵێک خەسڵەتی جیاواز و تایبەتەوە هەوڵ دەدات و تێدەکۆشێ. ئێمە دەمانزانی کە بێ دابڕان لە نەریتەکانی مێژووی ڕابوردووی ئەو حیزبە و پێکهاتە سیاسی و کادرییەکەی، ناتوانین بچینە شەڕی مەسەلە و گرێوگۆڵەکانی کۆمۆنیزم لەم دەورەیەدا، هاتینە سەر ئەوەی کە حیزبێکی تر پێک بهێنین. بانگەوازی ئێمەش بۆ هیچ بەش و باڵێکی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبوو. بەڵکوو بانگەوازی ئێمە بۆ هەموو ئەو کەسانە بوو کە خۆیان لەو ئامانجەدا بە هاوبەش دەزانی. ئێمە هەرگیز نەماندەویست حیزبی تازە وەک ئینشیقاقێک لە حیزبی کۆن تەماشا بکرێ. ئەو هاوڕێیانەی کە لە کۆنفرانسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبی پێشوودا ئامادە بوون، لە یادیانە کە ئێمە فیکرەی پێکهێنانی حیزبمان لە لایەن فراکسیۆنەوە ڕەت کردەوە. ئەم حیزبە وەڵامێکە لە لایەن کۆمەڵێک کەسی کۆمۆنیستەوە، بە تێڕوانین و ئاسۆیەکی دیاریکراوەوە کە بەگرێوگۆڵەکانی کۆمۆنیزم و جیهانی سەرمایەداریی ئەمڕۆ دراوەتەوە و چیتر ناشێ لە چوارچێوەی پێکهاتن و گەشەی چەپی ئێراندا بۆی بڕوانرێ. تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی تەقویمییەوە وا بێتە بەرچاو کە ئەم حیزبە لە لایەن هەڵسووڕاوانی پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە پێک هاتووە، ڕیشەی ئەم حیزبە لەو ڕابوردووەدا نییە. ئێمە، هەر یەکە لە ئێمە، هەر پێشینەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەییمان هەبووبێ، لە

برگەیەکی دیاریکراودا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە دنیا خەریکە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا دێ و ئێمە دەبێ وەک کەسانی کۆمۆنیست وەڵامی خۆمانی پێ بدەینەوە.

تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

بناغەی یەکگرتنی ئێمە و وەڵامێک کە دەمانەوێ بە مەسەلەکانی ئەمڕۆی کۆمۆنیزم بدەینەوە چییە؟ پێم وابێ لەم چەند ساڵەی دواییدا سەبارەت بە جیاوازییەکانی خۆمان وەک کۆمۆنیستی کرێکاری لەگەڵ مەیلەکانی تری چەپ بە گوێرەی پێویست نووسیومانە و قسەمان کردووە. دەمەوێ لێرەدا سەرخەتە گرنگەکانی ئەم جیاوازییانە بژمێرم. بێگومان دەکرێ وردتر و هەمە لایەنەتر لەم قسانەی منیش، چوارچێوە ناسنامەییەکانی خۆمان پێناسە بکەین، بەڵام بە هەر حاڵ من ئەو نیشانە و تایبەتمەندییانەی کە بە بڕوای من خەسڵەتنمای سیاسی جووڵانەوەی ئێمەن و بێخ و پایەی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەن دەژمێرم:

1) خەسڵەتی بابەتی_ کۆمەڵایەتیی سۆسیالیزمی کرێکاری:

یەکەمین خاڵێک کە ئێمە لەم دەورەیەدا جەختمان لەسەر کرد ئەوە بوو، کە سۆسیالیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بابەتییە، بەرەنجامی هەڵسووڕانی مارکسیستەکان و کۆمۆنیستەکان نییە. ئەم جووڵانەوەیە، جووڵانەوەیەکە کە مێژووییانە بەڕێ کەوتووە و لە ئارادایە. جا ئەگەر لە سەرەتادا پێویستی بەوە بووە کە کەسێک چوارچێوە فیکرییەکەی بناسێنێ و دەستنیشانی بکات، ئەوا بە هەر حاڵ ئەمڕۆ ساڵانێکی زۆر دوای ئەو کارەی کە مارکس ئەنجامی دا، سۆسیالیزمی کرێکاری جووڵانەوەیەکی مەوجوود و زیندووە. خەبات لە دژی سەرمایەداری بۆ گۆڕین و جێگرتنەوەی بە سۆسیالیزم، لە ڕێگەی شۆڕشێکی کرێکارییەوە، ئاسۆیەکی زیندوو و جێکەوتووی کرێکاری و نەریتێکی خەباتگێڕانەی زیندووە لە دەروونی چینی کرێکاردا. دەکرێ تیۆری و خۆهۆشیاری ئەم بزووتنەوەیە لە هەر دەورەیەکدا دەقیق یان نادەقیق، دروست یان نادروست بێت. بەڵام هەر چۆنێک بێت، ئەم خەتە و ئەم مەیلە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هەمیشە بوونی هەیە و دەیەوێ و بەردەوام لە هەوڵدایە تا گشت چینەکە بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. یەکەمین خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئێمە ئەوەیە کە دەڵێین کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر زەمینەی خەباتێکی واقیعی لەم چەشنە و تەقەلایەکی بابەتی کە لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا لە

دەروونی چینی کرێکاردایە و شکڵ دەگرێ. جا ئەم خەبات و هەوڵ و تەقەلایە هەرچەند هەندێ جار لاواز و بەرتەسکیش بێت. سۆسیالیزم نموونەیەک، ئۆتۆپیایەک، یان نەخشەیەکی ژیرانە بۆ کۆمەڵگا نییە کە ئێمە بمانەوێ بەڕێوەی بەرین. بێگومان سۆسیالیزم هەم ژیرانەیە و هەم ئێمەش مەبەستمانە بەڕێوەی بەرین. بەڵام سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری پێش ئەوەی هەر شتێک بێت، چوارچێوەیەکە بۆ خەباتێکی کۆمەڵایەتی کە جیاواز لەوەی حیزب هەیە یان نییە، بە ناچاری بەڕێ کەوتووە و لە جم و جووڵدایە. ئەگەر لە یادتان بێ، لە سەرەتای باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە جەختی ئێمە بە زۆری لەسەر ئەم لایەنە بوو. ئێمە جەختمان دەکرد کە کۆمۆنیزم تێزێکی دڵخوازانە یان نوسخەیەکی هەنارده لە قەڵەمڕەوی ئەقڵەوە بۆ قەڵەمڕەوی کارکردن نییە. سۆسیالیزم هەوڵ و تەقەلایەکی کۆمەڵایەتییە کە کەم و زۆر لە تەواوی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا لە جم و جووڵدا بووە و ئەمڕۆش دەکرێ بە ڕوونی ببینرێ. بێگومان مەیلە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تر تێدەکۆشن کۆنترۆڵی بکەن و ئەم بزووتنەوە چینایەتییە بەرەو ئاسۆی دڵخوازی خۆیان پاڵ پێوە بنێن. بەڵام خودی ئەم هەوڵ و تێکۆشانە چینایەتییە لە دژی سەرمایەداری و لە پێناوی یەکسانی کۆمەڵایەتیدا، دەکرێ لە پشت ئەو ڕەنگ و ڕواڵەتەوە کە بزووتنەوە سیاسی و حیزبییە جۆربەجۆرەکان پێی دەبەخشن ببینرێ و دەستنیشان بکرێ. ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ لەسەر بناغەی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی، نارەزایەتییەکەی لە کۆمەڵگادا، سەرچاوە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی لە تەواوی بزووتنەوەکانی تری ئەم چەرخە جیا بکرێتەوە. هەریەک لە ئێوە، ئەگەر بڵاوکراوە کرێکارییە جۆراوجۆرەکان بخوێنێتەوە، تەنانەت بڵاوکراوەی سەندیکاکان، یاخود ئەگەر لە هەڵسووڕانی خۆتان لە پەیوەند بە بزووتنەوەی کرێکاریدا ورد ببنەوە، دەبینن کە بەردەوام بەشێک لە چینی کرێکار هەیە کە بە خەباتێکی دیفاعی قەناعەت ناکەن، بڕوایان بەوە نییە کە بکرێت مافە ڕاستەقینەکانی خۆیان لەم نیزامەدا بەدەست بهێنن. وا بیر دەکەنەوە کە دەبێ سەرمایەداری جێگای خۆی بدات بە سۆسیالیزم. بڕوایان وایە کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبێ لەژێر دەستی بۆرژوازی دەربهێنرێ و وا بیر دەکەنەوە کە دەبێ لە پێناوی هەموو ئەمانەدا یەکگرتوو بن و شۆڕش بکەن. ئەمە جگە لە پێناسەی سۆسیالیزمی کرێکاری شتێکی تر نییە. پێداگرتن لەسەر بوونی ئۆبژەکتیڤ و ماددیی ئەم تێکۆشانە سۆسیالیستییە لەناو خودی چینی کرێکاردا،

جیاواز لەو قاڵبە فیکرییەی کە لە هەر بڕگەیەکدا دەکرێ بە خۆیەوە بگرێ، تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی جیددیی ڕەوتی ئێمەیە. ئێمە تەنانەت لەپشت هەڵسووڕانی ڕاستڕەوترین سەندیکاکانەوە، چەند ڕاستییەک سەبارەت بە مەیل و تەقەلای سۆسیالیستییانەی چینی کرێکار دەبینین، کە هیچ مەیلێکی چەپی تر توانای بینینیانی نییە. ئێمە لە پشت قسەکانی ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری لە خەبات و نارەزایەتیی ڕۆژانەیاندایین، هەر چەندیش ئەم قسانە لاواز و خۆشباوەڕانەش بێت. ڕاستی و نیشانەکانی بوونی سۆسیالیستییانەی چینی کرێکار دەبینین، چونکە ئەم خۆشباوەڕییە داسەپێنراوە، بەڵام مەیلی دژی کاپیتالیستی لە دەروونی چینی کرێکاردا، ئەو مەیلەی کە ڕابەرانی کرێکاری دێنێتە زمان، پایەدار و واقیعییە. سۆسیالیزمی کرێکاری ئەو مەیلەیە لە ناو چینی کرێکاردا کە ڕابەرانی کرێکاری دروست دەکات و گوشاری بەردەوامیی ڕادیکاڵیزم لەسەر ڕابەرانی نارادیکاڵ لە بزووتنەوەی کرێکاریدا دەهێڵێتەوە. ئەمە تایبەتمەندییەکی سەرەکی مەیلی ئێمەیە کە لە پشتسەری جووڵانەوەی ڕۆژانەی بزووتنەوەی کرێکاری و کار و کاردانەوە سیاسی و خەباتکارانەکان لە دەروونی چینی کرێکاردا، بوونی ئۆبژەکتیڤی مەیلێکی سۆسیالیستی دەبینێ و دانی پیادا دەنێ و بڕوای وایە کە حیزبییەتی کۆمۆنیستی دەبێ خۆی لەجەرگەی ئەم نەریتە خەباتکارە واقیعییە لە کۆمەڵگادا شکڵ پێ بدات و لێرەوە هێزی خۆی بەدەست بهێنێ. حیزبێک کە ئەمڕۆ ئێمە پێکی دەهێنین بەم نەریتەوە پەیوەستە، نەک بە نەریتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕادیکاڵی ئێران، یان بە چەپی ڕادیکاڵەوە بە گشتی. خەباتی دژی پاشایەتی، خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، خەباتی دژی ئیستیبداد و دیکتاتۆری، خەباتی دژی ئیمپریالیستی، هیچ کامیان سەرچاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم حیزبە نین. ئەم حیزبە لە نەریتی خەباتی کرێکاری لە پێناوی بەرابەری ئابووری، کە بەردەوام لەجەرگەی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە جم و جووڵدایە، پێک دێت و توانا و هێزی خۆی لێرەدا دەبێنێتەوە.

2) ئینتەرناسیۆنالیزم:

تایبەتمەندییەکی تری ڕەوتی ئێمە ئینتەرناسیۆنالیزمە، نەک تەنیا تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێمە لە جیهان، بەڵکوو ڕەفتار و پراکتیکی سیاسیشمان بنەمایەکی ئینتەرناسیۆنالیستی هەیە. هەر ئەمڕۆ زۆر بەڕوونی دیارە کەسێک کە بچووکترین دڵ لێدانی بۆ دەستەواژەی نیشتمان هەبێ و ئەو چەپانەی کە کاتێ باسی کرێکاران

دەکەن، یان خواستێک بۆ کرێکاران مەترەح دەکەن هێشتا کرێکاران بە "کرێکارانی نیشتمانی خۆمان" ناو دەبەن، بەم حیزبە پەیوەست نەبوون و پەیوەست نابن. ناسیۆنالیزم لە نەریتی ئێمەدا بارێکی زۆر نێگەتیڤی هەیە و لە ڕاستیدا گیروگرفتی ئێمە ئەوەیە کاتێک هاوڕێیان هێرش بۆ سەر ناسیۆنالیزم دەکەن، دەبێ کارێکی وا بکەین کەمێک نەرم ببنەوە. ئێمە ئەمڕۆ بە زمانێک دەربارەی نیشتمان و نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزم دەدوێین، کە دە ساڵ پێش ئێستا بۆ چەپی ئێرانی هەرگیز تەسەور نەدەکرا. هەر خۆمان وشەی "میللی"مان لابرد، کە وەک وشەیەک بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ لەسەر زمانی چەپی ئێران بەکار دەهێنرا، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها وشەی میللی لەسەر زمانیان لاچوو و ڕێبازی سیاسی و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان بە زۆری هەر وا بە میللی و ناسیۆنالیستی مایەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هیچ جۆرە مەیلێکی بە لای میللیگەراییدا نییە. میللەت ئەو دەستەواژەیە نییە کە ئێمە مرۆڤەکانی پێ دەستەبەندی و بەشبەش بکەین. ئێمە کە لە دەستەواژەی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی واوەتر بچین بە کرێکار دەگەین. لەم نێوەدا هیچ دابەشکردنێکی تر لەنێوان مرۆڤەکاندا بایەخێکی ڕەهای بۆ ئێمە نییە. ئێمە خوازیاری لاچوونی هەڵاواردن لەسەر توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆیین. ئێمە بۆ لاچوونی ئەم هەڵاواردنە خەبات دەکەین. بەڵام خودی ئەم دابەشکردنانە خاڵی دەستپێکردن و پایەی هەڵسووڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمە نین. ئێمە لە هیچ خەباتێکی میللییەوە سەرمان دەرنەهێناوە. ئێمە هیچ سنوورێکی میللی و وڵاتیی نە لە تەبلیغ و تەرویج، نە لە کاری سیاسیدا بە فەرمی ناناسین و لە هەر کوێ بین، خەباتی چینایەتی بە بابەتی هەڵسووڕانی خۆمان دادەنێین. ئەمە ئەو لایەنەیە کە نەریتی سیاسی ئێمە بە بۆڵشەڤیزمی کاتی لێنین دەشوبهێنێ. ئێمە لە لێکدانەوەی سیاسی خۆمان ئینتەرناسیۆنالیستین. ئاست و جێگا و شوێنی جیهانیی خەباتی چینایەتی بۆ پێناسەکردنی ئەرکەکانمان، خاڵی دەستپێکردنی ئێمەیە. ناسنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی و خەباتکارانەی خۆمان بە هیچ شێوەیەک بە دابەشکردنە میللی و وڵاتییەکان نابەستینەوە. ئێمە بەشوێن ستراتیژییەکی جیهانییەوەین و وەک بەشێک لەو ستراتیژە جیهانییە لە ئێراندا کە نفووز و ئاشناییییەکی ڕاستەوخۆمان هەیە، بەرنامەی کارێکی سیاسی ڕاستەوخۆتر و هەمەگیرتر دەبەینە پێشەوە. ئێمە چینی کرێکار بەپێی نەتەوە دابەش ناکەین. ئێمە تایبەتمەندییەکانی هەلومەرجێکی جیاواز کە

بەشە جۆراوجۆرەکانی چینەکەمان بەهۆی بوونی سنووری بازاڕ و دەوڵەتە جیاوازەکان لەژێر سایەیدا بەسەر دەبەن، لەبەرچاو دەگرین. بەڵام هەرگیز چینی کرێکار بە شێوەی دابەشبوو بەسەر یەکە نەتەوەییەکاندا نابینینەوە و لە تێکۆشان و خەباتی سیاسی خۆماندا لە بەرژەوەندیی گشت چینی کرێکاری جیهانی و تەواوی بەشەکانییەوە دەستپێ دەکەین.

ئەم ئینتەرناسیۆنالیزمە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی ئەم حیزبە و ئەم نەریتە سیاسییەیە کە ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ و بە بڕوای من هەر کەسێک بچووکترین دڵەخورپەی میللی لە خۆیدا هەستپێ دەکات، نابێ بەم حیزبەوە پەیوەست بێت.

3) سۆسیالیزم وەک دوائامانج:

لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێمە بۆ سۆسیالیزم، ڕەوتی ئێمە و مارکس لە هەموو مەیلە چەپەکان و بانگەشەکەرانی سۆسیالیزم جیا دەکاتەوە. ئەمڕۆ تەنیا ڕەوتێک کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە سۆسیالیزم بە مانای نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و لەناوبردنی کرێ و پارە وەک شیوازی ئابووری و هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتەیە، ئێمەین. سۆسیالیزم بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە و گوزارشت کراوە، ئێمە یەکێکین لەو ڕەوتانەی کە بەتوندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە سۆسیالیزم بە مانای ڕووخاندنی نیزامی کرێگرتەیی و هێنانەدی یەکسانی ئابووریی نێوان مرۆڤەکان و بە مانای یەکسانبوونی جێگاوشوێنی مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە. ئەمەش ئێمە بە ڕوونی لەو ڕەوتانەی کە سۆسیالیزم وەک ئابووریی بەرنامەڕێژکراو و دەوڵەتیی، گەشەی پیشەسازی، دابەشکردنی سەروەت و شتی تر نیشان دەدەن، جیا دەکاتەوە. ئێمە هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کار بە موڵکی گشتیی کۆمەڵگا بە پێداویستی و مەرجی هێنانە دی سۆسیالیزم دەزانین. ڕیفاهی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ئابووریی مرۆڤەکان بە شۆڕشێکی لەم چەشنە لە بناغەی ئابووریی کۆمەڵگا دێتە دی.

4) جیهانبینی و ڕەخنەی مارکسیستی:

ئەم حیزبە لە ناو نەریتی مارکسیستی و دیفاع لە مارکسدا پێک دێت. بە بڕوای من کۆمۆنیزم، سۆسیالیزمی کرێکاری بەبێ مارکس ناچێتە پێشەوە. دیفاعی ئێمە لە مارکس و مارکسیزم وەک ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی، خەسڵەتێکی تایبەتی و

جیاکەرەوەی نەریتی ئێمەیە، لەم دەورەیەدا زۆرێک هەن لەوانەیە بیانەوێ حیزبە چەپەکانی خۆیان بهێڵنەوە و بیانەوێ بە ئامانجە سۆسیالیستییەکانی خۆیانەوە لە مەیدانی سیاسیدا بمێننەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لەوانەیە وا بیر بکەنەوە، کە مەرجی پێویستی ئەم کارە دەست پێداهێنان و چاوخشاندنەوەیە بە مارکسیزمدا، وە بۆ نموونە تێکەڵکردن و پێکەوەسازدانی دیموکراسی و بازاڕ لەگەڵ سۆسیالیزم و مارکسیزمدا. ئەم شتانە بۆ ئێمە بێ مانا و بێ نرخن، ئێمە ڕەوتێکین کە دەستبەرداری ڕەخنەی مارکسیستی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و لایەنە جۆراوجۆرەکانی نابین، چونکە ئەم ڕەخنەیە بە بڕوای ئێمە ڕاست و دروستی خۆی سەلماندووە. من خۆم نازانم چ ڕووداوێک لە دنیادا دەتوانێ وام لێ بکات تا بڕوام بەو شتەی کە زۆر بە قووڵی پەییم بە ڕاستییەکەی بردووە، لەق بکات. چۆن دەکرێت حەقیقەتێک بیر ببرێتەوە و لە مێشک بسڕێتەوە؟ ئێمە پەیمان بە هۆیەکانی مەینەت و کوێرەوەرییەکانی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەدا بردووە. ئێمە میکانیزمەکانی وەبەرهێنان و سەرکوت و خەرەفاندنمان لەم کۆمەڵگایەدا ناسیوە. چ شتێک دەتوانێ ناچارمان بکات ئەم زانستەی خۆمان وەلابنێین و لێکدانەوەیەکی تر بۆ ڕوونکردنەوە و ناساندنی دنیای دەوروبەری خۆمان بەدەستەوە بگرین. چ شتێک دەتوانێ لە مارکسیستەوە بمان گۆڕێ و بمان کات بە شتێکی تر. لەوانەیە مرۆڤەکان بەرژەوەندییەکانیان وایان لێ بکات کە بیروباوەڕی خۆیان وەلا بنێن و شتێکی تر بڵێن. بەڵام ڕەخنەی مارکسیستی شتێک نییە کە کەس بتوانێ لە مێشکی بیسڕێتەوە. لە بەراورد لەگەڵ قووڵی و هەمەلایەنیی ڕەخنەی مارکسیستی، تێوریە کۆمەڵایەتییەکانی تر جا چ ڕەخنەگرانە و چ سەرزەنشتکەرانە بن، منالانە و فۆرمالیستی دێتە بەرچاو. ئەگەر کەسێک تەنانەت بۆ یەک جاریش لەم ڕەخنە کۆمەڵایەتییە لەگەڵ مارکسدا هاوبەش بووبێ، ئیتر ناتوانێ بڕیاری ئەوە بدات خۆی بداتە دەست گەمژەیی تیۆریک و جیهان بە جۆرێکی تر لێک بداتەوە. بە بڕوای من تەواوی ئەو کەسانەی دەست لە مارکس و مارکسیزم دەکێشنەوە، کەسانێکن کە هەر لە سەرەتاوە مارکسیزمیان نەک وەک تێڕوانینێکی ڕۆشنگەر و ڕەخنەگرانە، بەڵکوو وەک مەکتەبێکی فیکری کە مۆدەی ڕۆژ بووە، یان وەک شتێکی داسەپێنراو و بە ناچاری قبووڵ کردووە. زۆریان خەڵکانێک بوون کە قاڵب و دەستەواژە مارکسیستییەکانیان بۆ پێچانەوە و خستنە ڕووی مەیلی کۆمەڵایەتی و تیۆری بێگانە بە مارکسیزم بەکار دەهێنا. تا ئەم دواییەش جیهان پڕ بوو لەم جۆرە مارکسیستانە. بە

بڕوای من ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی مارکسیزم بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ناکرێ جێگەی چۆڵی بە شتێکی تر پڕ بکرێتەوە. من خۆم یەکێک لە جیاوازییەکانی خۆم لەگەڵ زۆربەی مەیلەکانی تری ناو بزووتنەوەی کرێکاری بە بایەخنەدانی ئەوان بە مارکسیزم و ڕەخنەی مارکسیستی دەزانم. ئێمە مارکسیستەکانی بزووتنەوەی کرێکارین. ئێمە دەبێ یەخەی مەیلەکانی تر بگرین و تێڕوانین و لێکدانەوەیان لەسەر بار و دۆخی چینەکە، لەسەر کۆمەڵگا، ئابووری، دەوڵەت، ئایین، ڕژێمی سیاسی و شتی تر لە ڕوانگەیەکی مارکسیستییەوە بخەینە ژێر ڕەخنەوە و مەبەستمان بێ و تێبکۆشین کرێکاران و ڕابەرانی کرێکاران ببنە مارکسیست، ئەم هەوڵ و تێکۆشانە خەسڵەتێکی تایبەت و جیاکەرەوەی ڕەوتی ئێمە و حیزبی ئێمەیە.

5) ڕەوتی سۆسیالیزم و هۆکارەکانی ناکامی کۆمۆنیزمی کرێکاری:

لێکدانەوەی ئێمە سەبارەت بە مێژووی تێکۆشانی سۆسیالیستییانەی چینی کرێکار و هۆکارەکانی ناکامیی تا ئێستای کۆمۆنیزم، یەکێکە لە خەسڵەتە جیاکەرەوە و ناسێنەرەکانی نەریتی ئێمە. پرسیارێک کە ئەمڕۆ هەر کۆمۆنیستێک دەبێ وەڵامی بداتەوە ئەمەیە کە لەبەرچی ئەمە ڕووی دا؟ ئەمە چی بوو بەسەر کۆمۆنیزمدا هات؟ زۆر هەن ئەمڕۆ، کە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە و هەموومان ئەم وەڵامانە دەبیستین و دەیخوێنینەوە، دەڵێن تیۆری مارکسیزم هەڵە بوو، مارکس هەڵەی کرد. لێنینیزم درێژەپێدانێکی هەڵەی مارکسیزم بوو، سۆسیالیزم بە گشتی ئۆتۆپیایەک بوو، سۆسیالیزم عەمەلی نییە و چی و چی. لە وەڵام بەم جۆرە لێکدانەوانەدا و لەڕاستیدا بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی مەوقیعییەتی ئەمڕۆی کۆمۆنیزم، ئێمە قسەیەکی ترمان هەیە. ئێمە دەڵێین ئەوەی کە بەکردەوە گەیشتە بنبەست، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی_ چینایەتی تر بوو، کە بێجگە لە ناوەکەی، هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ سۆسیالیزم و مارکسیزم و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکاردا نەبووە. ئەوەی کە ئێمە دەیبینین، تێکشکانی مێژوویی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی سەدەی بیستەمە. ئەوەی ئێمە دەبێت وەڵامی بدەینەوە، هۆیەکانی ناکامیی تا ئێستای بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکارییە، نەک تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ئەو مەیلە جۆراوجۆرە شێوە سۆسیالیستییانەی کە بە پلەی جیاواز لە نزیکی و دووری لەدەوری ئەم بلۆکە شکڵیان گرتبوو. پەیدابوونی ئەم بلۆکە کاریگەرییەکی زیانباری لەسەر بزووتنەوەی

سۆسیالیستی کرێکاری هەبووە. شۆڕشی 1917 لە ڕووسیا بەرهەمی بزووتنەوەی ئێمە بوو. بەڵام ئێمە لە یەکێتیی سۆڤێتدا شکستمان هێنا. نەک ئەمڕۆ، بەڵکوو گەلێک پێش ئێستا. ئێمە گەلێک پێش ئێستا لە یەکێتیی سۆڤێت شکستمان خوارد، بە تاق خراینەوە و ئەو نفووزە فراوانەی کە لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە مەیدانی سیاسیدا هەمان بوو، لەدەستمان دا. بەم پێیە ئەگەر پرسیارمان لێ بکرێت کە بۆچی کۆمۆنیزم سەدە و نیوێک دوای مارکس بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتووە، وەڵاممان ئەوەیە کە ئێمە لە ئەزموونی ڕووسیادا شکستی وا گەورەمان بە دەستی بۆرژوازی خوارد، کە تا ئەمڕۆش پشتمان ڕاست نەکردۆتەوە. پەیدابوونی بلۆکی ڕۆژهەڵات، نیشانەی شکستی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو، نەک هەڵوەشاندنەوەکەی. لەبەر ئەوە، ئەوەی کە دەبێ ڕوونی بکەینەوە، هۆکار و فاکتەرەکانی ئەو شکستە و ناکامیی خۆمانە لە تازەکردنەوەی هێزەکانمان و دەرکەوتنی سەربەخۆی کاریگەرمان بە درێژایی سەدەی بیستەم. ئەو لێکدانەوەیەی کە میژووی سۆسیالیزمی کرێکاری و مارکسیستی لە مێژووی یەکێتیی سۆڤێت و ئەو چەپەی کە زادەی ئەوە جیا دەکاتەوە و لەبەرامبەر یەکتریان دادەنێ، تایبەتمەندییەکی نەریتی ئێمەیە. بە بڕوای من، بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار لە جێگاوشوێنی خۆی و لە کەناری جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی فەرمی، بوونی هەبووە. هەر بۆیە دەبێ لەجیاتی وشەی کۆمۆنیزم کە ئەم زەمینە فەرمی و ناپرۆلیتارییە بیر دێنێتەوە، ئێمە دەستەواژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ناولێنانی بزووتنەوەی چینایەتیی خۆمان بەکار بهێنین. کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ چەندین دەورە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زیندوو و زۆر هەڵسووڕاو و کاریگەر بووە. لەبەرامبەر جەنگی جیهانیی یەکەم و لە شۆڕشەکانی ڕووسیا و ئەڵمانیادا، ئەم بزووتنەوەیە زۆر چالاک و کاریگەر بووە. لە دەورانە جۆراجۆرەکاندا دەکرێ ئەوە ببینرێ کە ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە بە ئاڵای سەربەخۆی خۆیەوە لە ڕیزی پێشەوەی کرێکاران نەبووە، بەڵام ڕابەرە کرێکارییەکانی بەرەو سیاسەت و پراکتیکی ڕادیکاڵ پاڵ پێوە ناوە. ئەم بزووتنەوەیە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە پاشەکشەی پێ کرا، ئێمە دەتوانین هۆکارەکانی ئەم شکستە ڕوون بکەینەوە. دەتوانین ئەوە نیشان بدەین کە لەبەر چی بزووتنەووەکانی تر ئامادەییەکان و زمان و بزووتنەوەکەی ئێمەیان بەکار هێنا. ئێمە دەتوانین ڕوونی بکەینەوە، کە چۆنچۆنی و بەهۆی کام خاڵی لاواز و کام نائامادەییەوە بزووتنەوەی

ئێمە لە ئەزموونی یەکێتیی سۆڤێت لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمدا شکستی خوارد و هەر وا ئێمە دەتوانین ئەمەش ڕوون بکەینەوە، کە بۆچی خودی ئەم جەمسەرە دەسەڵاتدارە لە کۆتاییدا شکست دێنێ و لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. ئامادەییەکانی ئەم سۆسیالیزمە درۆیینەیە و پایە کۆمەڵایەتییەکانی چی بوو و ... هتد.

بەم پێیە من وەک کۆمۆنیستێکی کرێکاری، ئەمە بە یەک خەسڵەتی جیاکەرەوەی خۆم لە تەواوی مەیلەکانی تر دەزانم، کە قەیرانی جەمسەری فەرمیی کۆمۆنیزم بە قەیرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزم نازانم. گیروگرفتەکانی ئێمە کۆنترن. تەریککەوتنەوەی ئێمە کۆنترە. بێتوانایی ئێمە لە وەڵامدانەوە بە مەسەلەکانی جیهانی هاوچەرخ لەمانە کۆنترە. هەر وەکوو وتم، سەرهەڵدانی بلۆکی یەکێتیی سۆڤێت، خۆی نیشانەی تەریککەوتنەوەی خەتی کۆمەڵایەتی ئێمە بوو. بەم پێیە وەڵامی عەمەلیی ئێمە نەک چاوخشاندنەوە بە بنەما فیکری و عەمەلییەکانی بزووتنەوە چینایەتییەکەمان، بەڵکوو ئەوەیە کە دەبێت تێکۆشانمان توندتر بکەینەوە. سەبارەت بەم تێکۆشانە، ڕێگا بدەن سەرنجتان بۆ هەڵسەنگاندنێکی شەخسی و تایبەت بە خۆم ڕابکێشم، کە لەوانەیە هاوڕێیانێک لەم بارەوە ڕای جیاوازیان هەبێ. من سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییە هەرگیز بە حەتمی نازانم، تەنانەت گەشەکردنیشی بە حەتمی نازانم. ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ 70 ساڵی تریش بە هەمان شێوە ببێتە گەمەی دەستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر و بە لاڕێدا ببرێ، یان بە فەرمی سەرکوت بکرێ. ناڕەزایەتیی کرێکار لە دژی سەرمایەداری حەتمییە. بەڵام هیچ کەسێک نەی گوتووە کە ناڕەزایەتی دژی سەرمایەداریی کرێکار لەژێر ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاریدا وەک بزووتنەوەیەکی خاوەن تێڕوانین و ستراتیژییەکی سیاسی_ ئابووریی دیاریکراو حەتمییە. من بڕوام بەم حەتمییەتە نییە و هەر بۆیە لە لای من هەڵبژاردن و بڕیاری هۆشیارانەی مرۆڤەکان و پراتیکی دیاریکراوی بزووتنەوەکان لە دەوران و بڕگە جیاوازەکاندا بایەخ پەیدا دەکەن. ئەم هەڵبژاردن و بڕیارانە و ئەم پراتیکە دەبێ دروست و کۆمۆنیستی بێت، تا بەرەوپێش بچین. مرۆڤە زیندوو و چالاکەکان و نەوە چالاکەکانی چینی کرێکار، چارەنووسی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم دیاری دەکەن. بەدیهاتنی سۆسیالیزم حەتمییەتی مێژوو نییە. چونکە لەوانەیە بۆرژوازی شێوەی مەسەلەکان لە جیهاندا بۆ دەورانی دوورودرێژ لە بناغەوە بگۆڕێ. لەوانەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەست و باڵی بۆرژوازی لە ئێستا بەستراوەتر هاتبێتە بەرچاو، لەوانە بوو

مرۆڤ وا بیر بکاتەوە کە بۆرژوازی لەبەرامبەر گوشاری چینی چەوساوەدا ناتوانێ هیچ بکات، بەڵام ئەمڕۆ بۆرژوازی دەتوانێ بە شێوەیەکی ماددی دنیا لەناو بەرێت. دەتوانن گۆی زەوی بێکەڵک بکەن. دەتوانن کارێکی وا بکەن کە ئەوەندە موحتاجی نان و ئۆکسیجین بین، کەس نەپەرژێتە سەر سۆسیالیزم، تەنانەت دەکرێ کۆیلەتییەکی مۆدیرنیش لانی کەم بۆ چەندین نەوە، چارەنووسی داهاتووی جیهان بێت.

بەم پێیە، باسەکەی من ئەمەیە کە پرسیار لەسەر چارەنووس و داهاتووی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە، بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری. هۆی وەزعییەتی ئەمڕۆی جیهان و مانەوەی بەربەرییەتی سەرمایەداری ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە کات و ساتێکی گرنگ و هەستیار لە مێژووی هاوچەرخدا شکستی هێناوە. ئێمە لە ئەزموونی یەکێتیی سۆڤێتدا شکستمان هێنا و ئەمەش چارەنووسی جیهانی بۆ ماوەی دەیان ساڵ دیاری کرد. ئێمە لە قسە و باسە چارەنووسسازەکان سەبارەت بە ڕەوەندی حەرەکەتی یەکێتیی سۆڤێتی دوای شۆڕش لە ڕوانگەی فیکری و سیاسییەوە بە دروستی نوێنەرایەتی نەکراین و ئامادە نەبووین. ئامادەیی پێشووی بزووتنەوەی ئێمە بۆ سەرکەوتن لەو بڕگە دیاریکراوەدا کافی نەبوو. هیچ کام لە ڕابەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکاری ڕووسیا بە تێڕوانینێکی سۆسیالیستییانەوە پێی نەنایە ئەم دەورەیە و لەبەر ئەوەش هیچ بەرگرییەک لەبەرامبەر پێشڕەویی ناسیۆنالیزم و ئاسۆی بۆرژوازی لە یەکێتیی سۆڤێتدا لە هەڵوێستی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە ڕێک نەخرا و شکڵی نەگرت. هێزی بزووتنەوەکەی ئێمە بەسەر دوو باڵی ئەسڵی ئەو قسە و باسانەی ئەو سەردەمەدا دابەش بوو. ڕەوتی ستالین ئاڵای ئیمکانگەرایی و واقیعبینی و بەردەوامی و جێگیربوون و بەهێزبوونی یەکێتیی سۆڤێتی بەدەستەوە گرت و بەشێک لە بزووتنەوەکەی ئێمەی، ئەو بەشەی کە بە هەر حاڵ بە ئومێدی پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشەکەی خۆی بوو، بەرەو خۆی کێش کرد و ترۆتسکی و باڵی چەپیش، ئینتەرناسیۆنالیزم، واتە ئامانج و مەبەستێکی بنەڕەتی سۆسیالیزمی کرێکاری هێنایە مەیدان و بەشێکی تری بۆ خۆی برد. ئێمە نەمانتوانی هێزی چینایەتی خۆمان لەژێر ئاڵای خۆماندا بهێڵینەوە و بپارێزین. لەبەر ئەوەی لە بڕگەیەکی چارەنووسسازدا و لەبەرامبەر مەسەلەیەکی تەوەرەیی دەورانی دوای شۆڕش، بە عەمەلی ئاڵا و بەرنامەیەکی سەربەخۆمان نەبوو. بەم پێیە ئایندەشمان دیسانەوە بە تەواوی بەوەوە بەستراوەتەوە کە بزووتنەوەکەمان

و هەڵسووڕاوەکانی لە خاڵی وەرچەرخان و بڕگە مێژووییە جیاوازەکاندا، بە عەمەلی چی دەکەن و چ ئاسۆیەک دێنێتە بەردەم بزووتنەوەی کرێکاری. چاک کار بکەین سەردەکەوین، خراپ کار بکەین سەرناکەوین، هیچ جەبرێکی مێژوویی لەم نێوەدا نییە.

کۆمۆنیزمی جێمەبەستی مارکس و ئێمە، چووەتە دەورەیەکی ترەوە لە ژیانی خۆی و ئایندەکەیشی دیسانەوە هەر خودی خەبات و پراتیکی چینایەتی دیاری دەکات. ئێمە نارۆشنبیرەکمان نییە و پێویستیشمان بە قووڵبوونەوە و وردبوونەوەیەکی تایبەت لە پایە تیۆرییەکان و چارەنووس و داهاتووی کۆمۆنیزم نییە. تێکشکانی بلۆکی رۆژهەڵات، تێکشکانی جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە لە مێژووی هاوچەرخدا کە هۆکاری خۆی هەیە و خۆی لە خۆیدا هیچ حوکمێک سەبارەت بە کۆمۆنیزم و داهاتووی سۆسیالیزمی کرێکاری نادات.

6) شۆڕش و ڕێفۆرم:

پێکهێنەرێکی تری نەریتی سیاسی ئێمە، دەرکێکی تایبەت لەمەڕ پەیوەندی نێوان شۆڕش و ڕێفۆرمە. بە بڕوای من ئەمە زۆر گرنگە، تایبەتمەندیی ڕەوتە ڕادیکاڵەکانی چەپی تا ئێستا ئەوە بوو، کە لە بزووتنەوە عەمەلییەکان دوورەپەرێز بوون و لە لایەن ڕابەرانی ئەم بزووتنەوە عەمەلییانەوە گاڵتەیان پێ کراوە. ئەم ڕەوتانە چەندە ڕادیکاڵتر بووبن، لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کاتی خۆیان بێتواناتر بوون. وەک بڵێی ئوسووڵییەتی سیاسی و ڕادیکاڵیزم لە ئامانج و بەرنامەدا پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ هێز و دەخاڵەتگەری کۆمەڵایەتیدا هەبێت. وەک بڵێی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ هەڵسووڕانی عەمەلی ناکۆک بووبێ. بە بڕوای من ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە دیدگای ئەمانەوە ئەم ناکۆکییە بە واقیعی هەیە. مارکسیزم بۆ ئەمانە بە تەنیا هەر تیۆرییەکە، نەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە دەبێ لە لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا خۆی دەربخات. خەسڵەتی تایبەتیی نەریتی ئێمە، کە هەر ئێستا دەکرێ تروسکە سەرەتاییەکانی لە هەڵسووڕانی هەندێک لە هاوڕێیانی ئەم حیزبەدا بەدی بکرێ ئەوەیە، کە شۆڕشگێڕییە کۆمۆنیستییەکەی نەک تەنیا لەگەڵ هەڵسووڕانی ڕۆژانەی بۆ باشبوونی بار و دۆخی ژیانی خەڵک، بار و دۆخی ژیانی چینی کرێکار و بار و دۆخی ئابووری و سیاسی و حقوقی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگادا ڕێک دێتەوە، بەڵکوو پەیوەندییەکی زۆر نزیکیشی لەگەڵ ئەمەدا هەیە. لە لای ئێمە ئەمە بەڵگەنەویستە کە مرۆڤەکان لە ڕووی سیاسییەوە هەرگیز بێ جووڵە و بێ سەروسیما

نین، بەڵکوو لە هەر دەورەیەکدا بۆ چاککردنی بار و دۆخی ژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان، لە تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتیدان. مرۆڤەکان و چینەکان وەک کۆمەڵە کەسانێک کە لە چارەنووس و لە جێگاوشوێنیاندا هاوبەشن، بەردەوام لە ڕووی سیاسییەوە لە جووڵە و پەلکوتاندان. کۆمۆنیستەکان ناتوانن ئەو خەباتەی کە هەر ئێستا هەیە و دەچێتە پێشەوە لەبەرچاو نەگرن، بۆ نموونە گوێ بەو خەباتە نەدەن کە بۆ پێشگرتن بە هاتنەخوارەوەی ئاستی خۆشگوزەرانیی کرێکار بەڕێ خراوە و لە هەمان کاتدا بانگەواز بۆ شۆڕشێک بکەن کە لە ڕواڵەتدا پەیوەندییەکی بە خەباتی هەر ئێستاوە نییە. کرێکاران لەمێژەوە بەردەوام گاڵتەیان بەم جۆرە چەپە پێ لە هەوایانە کردووە.

باسی پەیوەندیی شۆڕش و ڕێفۆرم و پەیوەندیی توخمی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ئەو بزووتنەوە و ڕێکخراوانەی کە لەدەوری ئەم ڕێفۆرمانە شکڵیان گرتووە، یەکێک لە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی دیدگای ئێمەیە. ئەم باسە سەرچاوەی زنجیرەیەک ئەحکامی بەرنامەیی و تاکتیکی و شێوەکارییە بۆ ئێمە. پەیوەندیی شۆڕشی کرێکاری لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە هەقخواز و ئازادیخوازە جۆراوجۆرانەی کە لە هەمان کۆمەڵگای ئێستادا و بە ئامانجی بەرتەسکەوە شکڵ دەگرێ، پەیوەندیی حیزب و سەندیکاکان، بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی ئێمە و خواستە دەستبەجێکانی ئێمە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا، پەیوەندیی هەڵسووڕانی یاسایی و نایاسایی و شتی لەم جۆرە، هەموو ئەمانە پابەندی تێڕوانینێکی دیاریکراو لە پەیوەندیی شۆڕش و ڕێفۆرمن.

ئەمڕۆ دەکرێ ئەوە بڵێین کە بە پێچەوانەی نەریتی چەپی ڕادیکاڵەوە، چ لە ئێران و چ لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکان لە ئەورووپا، هەڵسووڕاوانی ئێمە بەها و بایەخی ئامادەبوونمان لە مەیدانی خەبات بۆ ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە دروستی بۆ دەرکەوتووە. هەرچەندە پێم وایە کە هێشتاش دەبێ جەخت لەسەر ئەم لایەنەی مەسەلەی شۆڕش و ڕێفۆرم، واتە پێویستیی ئامادەبوونی بەردەوامی هێزی شۆڕشگێڕ لە ڕیزی خەبات بۆ ڕێفۆرم بکەین. دەبێ ئەمە ببێتە خەسڵەتێکی پایەدار و خۆبەخۆیی و غەریزی هەموو حیزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییەکان. لەم ڕوانگەیەوە حیزبی ئێمە لە بنەڕەتدا بە هۆی پێشینەی تایبەتی پێکهاتنییەوە و بە هۆی ئەو دەزوولە و داوە بینراو و نەبینراوانەوە کە لە مەیدانی عەمەلیدا، تەنانەت حیزبێکی وەکوو ئەم حیزبەی ئێمەش کە بە هۆشیارییەوە لە نەریتە سیاسییەکانی پێشوو دادەبڕێ، بەو

ڕابوردووەوە دەبەستێتەوە. هێشتا قۆناغێکی ئینتقالی دەگوزەرێنێ و ئێمە دەبێ بۆ پتەوکردنی ئەم نەریتەی هەڵسووڕان لە هەوڵدا بین و زەحمەت بکێشین. بەڵام دەرکی بایەخی خەبات لە پێناوی ڕێفۆرمدا بە مانای توانەوە لەناو خەبات بۆ ڕێفۆرمدا نییە. ئەمە ڕوویەکی پەیوەندیی شۆڕش و ڕێفۆرمە کە دەرکپێکردنی بە هەمان ئەندازە گرنگ و حەیاتییە. وەک چۆن دروستە ئەگەر بڵێین، توخمی کۆمۆنیستیی شۆڕشگێڕ لە چینی کرێکاردا بەبێ ئامادەبوون لە نارەزایەتی ڕۆژانە و بەردەوام لە کۆمەڵگادا، دەکەوێتە کەنارەوە و ناکۆمەڵایەتی دەبێت و لەبەر ئەوەش شۆڕشگێڕێتییە سۆسیالیستییەکەی زەمینەیەک بۆ دەرکەوتن و کاریگەرینواندن لەسەر چینەکە نابینێتەوە. بە هەمان ئەندازەش ئەوە دروستە کە مەیلی سۆسیالیستیی کرێکاری بەبێ نوێنەرایەتیکردنی سۆسیالیزم و شۆڕشی کرێکاری لەناو چینی کرێکاردا نەک هەر لە ئامادەیی شۆڕشگێڕانەی خۆی نزیک نابێتەوە، بەڵکوو بزووتنەوە ڕێفۆرمخوازەکانیش بە باڵبەستراوی لە چوارچێوەی ئاسۆ و ڕێبازی بەرتەسکی بۆرژوازیدا دەهێڵێتەوە. تەواوی مەسەلەکە لەسەر دەرکی ئەم ڕاستییەیە، کە ئامادەبوون لە بزووتنەوە عەمەلی و ڕۆژانەییەکاندا، بەهێزکردن و ڕێنوێنیکردنی خەبات بۆ ڕێفۆرمی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لەگەڵ خۆدەرخستن وەک کۆمۆنیستی ڕەخنەگر، ئامانجخواز و موددەعی، نەک هەر ناکۆکییان لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵکوو بەیەکەوە و سەرجەمی ئەوانە پایەکانی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی پێک دێنن. ئەوە کافی نییە کە سەندیکا کرێکارییەکان و ڕابەرە عەمەلییەکانی بزووتنەوەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان ئەمڕۆ ئێمە وەک ڕەوتێکی ڕەسەن و دڵسۆز و دەخاڵەتگەر لە نارەزایەتی کرێکاری، وەک ڕەوتێک کە هاوسەنگەری کرێکارانە لە خەباتی ڕۆژانە و بەردەوامیاندا و بەشێکی خودی ئەم بزووتنەوەیە بناسن. تا ئێرە ئێمە تەنیا جیاوازی خۆمان لەگەڵ چەپی ڕادیکاڵی ناکۆمەڵایەتیدا نیشان داوە. بەڵام کۆمۆنیزمی ئێمە لەو کاتەوە دەستپێ دەکات کە لە خودی هەمان ئەم بزووتنەوانەدا، لە دەروونی چینەکەی خۆماندا، وەک ڕەوتێکی ڕەخنەگر لە مەیلە ناسۆسیالیسستییەکان، وەک ڕەوتێک کە بەشوێن مەسەلەیەکی بنەڕەتیتر و ئاڵوگۆڕێکی بنچینەییترەوەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، وەک ڕەوتێکی مارکسیست کە تێڕوانینێکی تایبەت دەباتە ناو چینی کرێکارەوە، دەرکەوین. ئێمە پاش ئەوەی برایەتی و هەقی هاوماڵی خۆمان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بۆ مەیلەکانی تری ناو ئەم بزووتنەوەیە سەلماندبێ، دەبێ وا بکەین کە ئەو مەیلانە هەست بە گوشاری

بەردەوامی ئێمە وەک کۆمۆنیستی ڕەخنەگر لەسەر خۆیان بکەن. پشتیوانیکردنی سەندیکاکان و پەیوەندی نزیک لەگەڵ باڵی چەپی ئەم سەندیکایانە و بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری بە شێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر بۆرژوازیدا حەیاتییە. بەڵام ئێمە دەبێ وەک کرێکارانێکی کۆمۆنیست، ئاسۆ و سیاسەت و تێڕوانینی ڕێکخراو و ڕابەرانی کرێکاری ببینە ژێر پرسیارەوە. دیموکراتیزەکردنی فلانە سەندیکا لە ئەمەریکا کارێکی باشە، بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ ڕێبەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەم پرسیارەدا ڕووبەڕوو بکاتەوە، کە ئەگەر سێ ساڵ دوای ئێستا سەندیکا دیموکراتیزە بوو، دوای ئەوە چی ڕوو دەدات. بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و مارکسیزم چییە؟ ئەڵتێرناتیڤیان بۆ کۆمەڵگا چییە؟ بە بڕوای ئەوان ڕزگاریی یەکجارەکی کرێکاران چۆن چۆنی بەدەست دێت؟ ڕابەرایەتی ڕادیکاڵی کرێکارانی ئەمەریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا و ئینگلیستان چ جای ئێرانیش کە بزووتنەوە سەندیکاییەکەی تا ئێستا شتێکی بەرجەستەی بۆ کرێکاران ئەنجام نەداوە، دەبێ لەگەڵ ئەو پرسیارەی ئێمەدا ڕووبەڕوو بێ کە بۆچی کۆمۆنیست نییە؟ لەبەرچی لەبەرامبەر پایە ئابووریەکانی سیستەمی مەوجوودا، لەبەرامبەر دەوڵەت، ئایین، فێرکردن، پەروەردە، یەکسانی ژن و پیاو، شەرخوازیی زلهێزەکان و چی و چی، بۆچی کەمقسەیە و ئەرک بۆ خۆی دیاری ناکات. ئێمە بەو مەبەستە ڕەخنە لە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتیی چەپی ناکرێکاری ناگرین تا لە هەنگاوی دواتردا مل بە تێڕوانینی سەندیکایی و بە هەمان ئەندازە دوورەپەرێزیی بزووتنەوە ڕێفۆرمیستییە کرێکارییەکان و دوورەپەرێزیی ئەوان لە مەسەلەی شۆڕشی کرێکاری بدەین. ئێمە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا ئەو مەیلەین، کە چینی کرێکار بە شایستە و لێپرسراو بۆ دەخاڵەتکردنی کۆمەڵایەتی بە پێوانەیەکی فراوان و هەمە لایەنە، لە مەیدانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژی دەزانێ، و دەیەوێت کرێکار بە سیمای مژدەهێنەر و پێشکەشکەری ئەڵتێرناتیڤێک بۆ تەواوی کۆمەڵگای بەشەری دەرکەوێت. بە بڕوای ئێمە ئاسۆ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، تیۆری، یەکگرتن لە پێناوی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا گرنگە. وەک چۆن زیادبوونی کرێ، بیمەی بێکاری، ئازادیی مانگرتن و یەکگرتن بۆ چاککردنی بار و دۆخی ئابووری و سیاسی و توێژە کارکەرەکانی کۆمەڵگا لە هەر دەورەیەکدا بۆ ئێمە گرنگە. هەریەک لەمانە نیشاندەری لایەنێک لە ژیان و خەبات و خۆدەرخستنی چینی کرێکارە و بە بڕوای ئێمە ناکرێ لێک دابڕێن و چاوپۆشی لە هیچ لایەکیان

بکرێت. تەواوی ئەو مەیلە کۆمەڵایەتییانەی، چ کرێکاری و چ ناکرێکاری، کە ئەم کوللیەتە تێک دەشکێنن و شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە کرێکار و کرێکار لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دوور دەخەنەوە، دەبێ بکەونە ژێر ڕەخنەی ئێمەوە.

7) حیزب و چین:

نیشانەیەکی جیاکەرەوەی تری ڕەوتی ئێمە، دەرکێکی تایبەت لە پەیوەندیی نێوان حیزب و چینە. حیزبی ئێمە حیزبی نەریتێکی خەباتکارانەی تایبەت لەناو خودی کرێکاردایە. پەیوەندی ئەم حیزبە بە چینی کرێکارەوە لە ڕاستیدا لەسەر بناغەی پەیوەندی ئەو مەیلە دەروون چینایەتییە لەگەڵ هەموو چینەکە دامەزراوە. ئەمە واتە، یەکەم: ئەم حیزبە حیزبێک نییە کە کۆمەڵێ خێرخوازی کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاری چینی کرێکار پێکیان هێنابێ. بەڵکوو حیزبێکە، کە بەشێک و مەیلێک لە دەروونی خودی چینی کرێکار و لە پێناوی یەکگرتووکردن و ڕێنوێنیکردنی هەموو چینی کرێکار ڕووەو ئامانجە چینایەتییەکانی پێکی هێناوە. بەم پێیە پەیوەندی نێوان حیزب و چین بۆ ئێمە بە مانای پەیوەندیی سۆسیالیزمی کرێکاری بە مەیلەکانی تری ناو چینی کرێکار و هەموو جەماوەری ئەم چینەوەیە. دووەم: بەم پێیە ئەوە ڕوونە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حیزبی "هەموو کرێکاران" بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێڕوانین و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتییان نییە. ئەم حیزبە جێگای کرێکارێکە کە لەگەڵ تێڕوانین و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم حیزبەدا هاوبەش بێت. بە شێوەیەکی تر، دەکرێ بڵێین حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، نە حیزبێکە کە بەرهەمی بیروباوەڕ و تیۆرییەکی لەوەوپێش بێت و تازە خەریک بێت لەگەڵ چینی کرێکار بەرەوڕوو بێت و نە حیزبی هەموو کرێکارانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تیۆر و تێڕوانینی کۆمەڵایەتییان. ئەم حیزبە حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستە کە ڕەخنەیەکی بنەڕەتیتر و هەمەلایەنەتر لەبەرامبەر سیستەمی مەوجوودا دادەنێ. ئێمە خۆمان بە حیزبێکی سیاسی دەرەوەی چینی کرێکار نابینین، بەڵکوو بە حیزبی مەیلێکی ڕەخنەگری، خاوەن تێڕوانینێکی دیاریکراو، لە دەروونی خودی چینی کرێکاردا دەبینین. بەم پێیە ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری و سیاسی و عەقیدەیی لەگەڵ مەیلەکانی تری ناو چینی کرێکار بۆ ئێمە جێگایەکی پڕ بایەخی هەیە.

8) بزووتنەوەی شوورایی:

لە زەمینەی ڕێکخستنی خەباتی چینی کرێکاردا، ئێمە سەربە بزووتنەوەی شووراییین، ئەمەش لایەنێکی جیاکەرەوەی ڕەوتی ئێمەیە. ئێمە حیزبێکین کە بەرگری و لایەنگری لە ڕێکخراوبوونی شوورایی و کاری ڕاستەوخۆی کرێکاری دەکەین و لە ڕوانگەی ئەم نەریتەوە مامەڵە لەگەڵ شێوەکانی تری ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار دەکەین. لێرەدا نامەوێ سەبارەت بە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ جووڵانەوەی سەندیکایی لە دەروونی چینی کرێکاردا بە دوورودرێژی بدوێم. پێشتر لەم بارەیەوە قسەمان کردووە. ئەگەر بمەوێ لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەم باسانە بکەم، دەبێ بڵێم، ئەگەر ڕەوتێک بە ڕاستی بەشێک بێ لە چینی کرێکار و لە هەوڵی ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی چینی کرێکاردا بێ، تەنیا کاتێک و بەو ڕادەیە دەکرێ شێوازەکانی تری ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار ڕەت بکاتەوە و خوازیاری جیابوونەوەی کرێکاران لەم شێوازانە بۆ نموونە سەندیکاکان بێت، کە لە هەمان کاتدا بتوانێ ئەڵتێرناتیڤێکی ئامادە نیشانی کرێکاران بدات کە پێوەی پەیوەست بن. مادام ئەڵتێرناتیڤی ئێمە ڕێکخراوێکی واقیعی و ئامادە نییە، مادام ڕێکخراوبوونێکی واقیعی و دەستپێڕاگەیشتوو بۆ کرێکاران نییە، کە بتوانێ هەمان ئەو مەسەلانەی کە سەندیکاکان بە دەستیانەوە گرتووە، بەدەستەوە بگرێ و وەڵامیان بداتەوە، بانگەوازکردن لە دژی سەندیکاکان بە بڕوای من کارێکی زۆر دژی کرێکارییە. بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی شوورایی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستابێ و بتوانێ ئەو لایەنانەی خەباتی دیفاعی لە سەندیکاکاندا ڕێکی دەخەن، بخاتە ئەستۆی خۆیەوە، ئەو کاتە شتێکی زۆر دروست و ئوسووڵییە کە داوا لە کرێکاران بکەین لە سەندیکاکان بێنە دەرەوە و بە شوورا و بزووتنەوەی شووراییەوە پەیوەست بن. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە، هیچ دوو بەردێک کە کرێکاران لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە لە خەباتی ڕۆژانە و بەردەوام و بەزۆری دیفاعی خۆیاندا ناویانەتە سەریەک، بەو بیانووە کە کە ئەمە دیموکراتیک نییە، یاخود بە ڕێژەی پێویست چەپ و ڕادیکاڵ نییە و چی و چی تێک بدات. مامەڵەکردن لەگەڵ سەندیکاکاندا ناکرێ وەک مامەڵە لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتییەکان، یان ئایینییەکاندا بێت. ناکرێ هیچ کەس خوازیاری هەڵوەشانەوەی سەندیکاکان بێت. ئەگەر بزووتنەوەیەکی تر توانیبێتی بەعەمەلی ئەڵتێرناتیڤی چاکتر شکڵ پێ بدات، ئەوکاتە کارێک کە دەکرێ ئەنجام بدرێ، بانگەوازکردن بۆ پاڵپێوەنانی کرێکاران بۆ پەیوەسبوون بەو بزووتنەوە چاکتر و ئوسووڵیترەیە.

ئەم باسە بە مانایەکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە سەر ئەو باسەی کە سەبارەت بە ڕێفۆرم و شۆڕش کردم. سەندیکا بە هەر حاڵ پارێزگاری لە ڕێفۆرم و دەستکەوتی کرێکاری و کۆمەڵایەتیی تایبەت دەکات. ڕێکخراوێکە بۆ بەدەستهێنان و پارێزگاریکردنی ڕێفۆرم، دەکرێ بیهێنینەوە بەرچاو، ئەمڕۆ لە سایەی نەبوونی ئەڵتێرناتیڤی ڕێکخراوی کرێکاریی چاکتر، بە هەڵوەشاندنەوەی سەندیکاکان چ ڕۆژگارێکی ڕەش باڵ بەسەر دنیادا دەکێشێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە، بە فەرمیناسینی پێویستی سەندیکا لە حاڵی نەبوونی ئەڵتێرناتیڤێکی شوورایی کارسازدا، بەو مانایە نییە کە ئێمە ئەم ڕێکخراوانە بەپیرۆز بگرین، یان لەبەرامبەریاندا دەستبەرداری هەڵوێستی سەربەخۆی خۆمان بین.

ئەمانە گرنگترین ئەو خاڵانەن کە بە بڕوای من، دەتوانێ لایەنە جیاکەرەوەکانی ئێمە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ئێمە پێناسە بکات. بێگومان دەکرێ ئەو پێکهێنەرانەی کە ناسنامەی تایبەتیی نەریتی سیاسی و حیزبی ئێمە وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری بەیان دەکات، بە شێوەیەکی هەمەلایەنەتر و وردتر لەمەش ڕوون بکرێنەوە.

چەند خاڵێک سەبارەت بە ئەرک و شێوازەکانمان

بێگومان بەشێک لە ئەرکەکانی حیزبێکی لەم چەشنە، گشتییە و لە دەورانە مێژووییە تایبەتەکان سەربەخۆیە و لە کوللی پایە بنەڕەتییەکانی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێ. کۆمەڵە ئەرکێک کە لە ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ سەرمایەداریدا بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوە دەگرێ. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵە ئەرکێک هەیە، کە خەسڵەتێکی دەورەیی هەیە و بەهۆی تایبەتمەندییەکانی سەردەمەوە دەکەوێتە سەرشانمان.

تەنیا بە کورتی ئاماژە بۆ ئەرکە گشتی و هەمیشەییەکانی حیزب دەکەم:

1) چەکدارکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری بە ئاسۆیەکی ڕۆشن و تێڕوانینێکی پتەو و بەڵگەدار، ئەمە هەمیشە کاری مارکسیستەکان بووە. بنچینەی ئەمەش بردنی ڕەخنەیەکی ڕۆشنی مارکسیستی لە جیهان و کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ ناوجەرگەی بزووتنەوەی چینی کرێکارە.

2) یەکگرتووکردنی بزووتنەوەی چینی کرێکار بەوێنەی یەکریزی بەهێز و کاریگەر لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیدا. گۆڕینی بزووتنەوەی

چینی کرێکار لەژێر ئاڵای مەیلی سۆسیالیستیی کرێکاریدا بۆ بزووتنەوەیەکی خوازیار و داواکاری دەسەڵات و بۆ ئەڵتێرناتیڤێکی کۆمەڵایەتی.

3) خستنەڕووی ئەڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی بۆ ڕێکخستن و دارشتنی کۆمەڵگا، خستنەڕووی سۆسیالیزم وەک ڕێگاچارەیەکی عەمەلی بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخ.

4) ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم.

5) بەشداریکردن لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتی کرێکاری، بە دیفاعی و هێرشبەرییەوە لەبەرامبەر بۆرژوازی و خەبات بۆ لابردنی هەڵاواردن و ستەم لەسەر توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگا. داکۆکی لە مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە لەبەرامبەر سیستەمی دژی مرۆیی ئێستا و داکۆکیکردن لە هەر تۆزقاڵێک لە ئازادی و یەکسانی.

بێگومان هەریەکێک لەمانە دەکرێ بۆ زنجیرەیەک لە هەڵسووڕانی جۆراوجۆر ورد بکرێتەوە، کە ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی و کرێکاری پێک دەهێنێ.

ئەرکە تایبەتییەکانی ئێمە لە هەلومەرجی تایبەتیی ئەمڕۆی جیهانەوە هەڵدەهێنجرێ. ئێمە پێشتر سەبارەت بەم هەلومەرجە جیهانییە قسەمان کردووە و بە هەر حاڵ لێرەدا بواری باسی ورد و هەمەلایەنە لەم بابەتەوە نییە. من تەنیا ئەو خاڵانە دەژمێرم کە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر هەڵسووڕانی ئێمە وەک کۆمۆنیستێکی کرێکاری و ئەولەویاتێکی تایبەت دەخاتە دەستووری کارمانەوە:

1) دنیا تووشی کێشمەکێش و سەرلێشێواوییەکی کۆمەڵایەتی گەورە بووە. ئەم دەورانە دەورانی ڕۆشنی و یەقین نییە. دەورانێک نییە، کە خەڵک ئاراستەی جووڵەی بار و دۆخەکە دەستنیشان بکات و بناسێت. لە ساڵەکانی دەیەی هەشتادا بۆ نموونە لەم بابەتەوە زۆر ڕۆشنتر بوو. بۆ نموونە لە ئەورووپا، چوارچێوەی گشتی ئەو نیزامەی کە خەریک بوو جێگای بار و دۆخی دەیەکانی پێشووی دەگرتەوە، کەم و زۆر ئاشکرا بوو و بە گشتی شاهیدی هەوڵ و کۆششی خەڵک بووین بۆ پتەوکردنی جێگا و شوێنی خۆیان لە پەیوەند لەگەڵ ئەو ڕەوتە ئابووری و سیاسییانەی کە دیار و ئاشکرا بوون. بەڵام ئەم دەورانە، دەورانێکە کە هەموو هاوکێشەکانی پێشووی تیادا تێک چووە. هەموو ئەو هاوسەنگییانەی کە تا چەند ساڵ پێشتر بە جێگیر دەزانرا، چۆتە ژێر پرسیارەوە. بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان لە گومان و ڕاڕاییدا دەژین. سیمای سیاسی و ئابووریی جیهان دەگۆڕێ و بەم پێیەش هەموو حیساباتەکانی تا ئێستای تاکەکەسەکان بۆ چاکترکردنی گوزەران و دابینکردنی پێداویستی و

بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵدەوەشێتەوە. بێمتمانەییەکی قووڵ بە هەموو جۆرە بیروباوەڕێک بۆ گۆڕینی بنەڕەتی کۆمەڵگا لە ناو خەڵکدا شەپۆل دەدات. زنجیرەیەک گرێوگۆڵی دیاریکراو هاتۆتە پێشەوە کە هێشتا هیچ وەڵامێکی وای بۆ نەدۆزراوەتەوە کە چ بەڕاست بێ، یان بەهەڵە بتوانێ مێشکی ئەم خەڵکە ئاسوودەتر بکات. ژینگە خەریکە چی بەسەردا بێت، یەکگرتنی ئەورووپا دەگاتە کوێ، قەڵشتی نێوان باکوور و باشوور چ ئەنجامێکی دەبێت، پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ ئەورووپا و زایۆنیدا چی لێ دێت، نەزمی نوێ چییە، گەشەی فاشیزم و ناسیۆنالیزم دنیا بەرەو کوێ دەبات، هەژاری لە جیهانی سێیەمدا چۆنچۆنی کەم دەکرێتەوە، دەوڵەت و فێرکردن و پەروەردەی نائایینی تا چ ڕادەیەک لەژێر گوشاری جم و جووڵی تازەی ڕەوتە ئایینییەکاندا چاوی پێدا دەخشێندرێتەوە، جەنگ و ئاوارەیی و کۆچکردن دنیا ڕووبەڕووی چی دەکاتەوە؟ ... هتد. دەیان پرسیاری چارەنووسسازی لەم چەشنە هاتۆتە پێشەوە، کە هیچ کەس تەنانەت سەرەداوێکیشی لە وەڵامێک لە ئاستێکی سەرتاسەریدا بەدەستەوە نییە. ئەم نارۆشنییە، ئەم سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێیە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەورەیە.

هەر هێزێکی سیاسی مەبەستی بێت لەم دەورەیەدا خۆی نیشان بدات و خۆی بناسێنێ دەبێ قسەی هەبێ، دەبێ وەڵامی هەبێ، لەوانەیە 30 ساڵ پێشتر بار و دۆخەکە هەرگیز وا نەبووبێ. ڕێکخراوە سیاسییە لەقاڵبدراوەکان بە وەڵامی حازر و ئامادە و ستاندارد هەبوون و هەریەکە بەشیان لە بازاڕی سیاسەتدا بۆ خۆیان دەبرد. ئەمڕۆ هەر هێزێکی سیاسی، هەر مەیلێکی خەباتکارانە و هەر سیاسەتمەدارێک دەبێ سەرلەنوێ وەڵامە بناغەییەکانی خۆی بە مەسەلە گرنگ و کلیلییەکانی دنیای ئەمڕۆ بداتەوە. دەستەواژە بنچینەییەکان خەریکن لە دەیەی نەوەتەکانەوە سەرلەنوێ پێناسە دەکرێنەوە. هەق، یەکسانی، ناسنامەی میللی، بازاڕ، جێگای دەوڵەت لە کۆمەڵگادا و شتی تر. ئەو هێزە سیاسییەی کە نەتوانێ وەڵامی خۆی بەم مەسەلانە بداتەوە، نابێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی. سۆسیال_ دیموکراسی بەو شانوشەوکەتەیەوە گۆج بووە. لە ئینگلیستان تەنانەت کاتێک ڕۆژنامە کۆنەپارێزەکانیش پشتی دەوڵەتی کۆنەپارێز چۆڵ دەکەن، دیسانەوە سۆسیال_ دیموکراسی ئینگلیستان دەنگ ناهێنێ و لە هەڵبژاردندا سەرناکەوێ. بەبێ وەڵام، بەبێ ڕێباز، هیچ ڕەوتێکی سیاسی بە هیچ نابێ.

لەبەر ئەوە بە بڕوای من، یەکەمین ئەنجامگیری لە لێکۆڵینەوەی ئەم بار و دۆخە بۆ ئێمە، ئەوەیە کە ئێمە دەبێ لەبەرامبەر هەندێ بابەتی گرنگ لە ئاستی جیهاندا، قسە و وەڵاممان هەبێ. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە توانای شیکردنەوە و تیۆری ئەم حیزبە دەبێ لەسەرەوە بێ. مەسەلە جیهانییەکان دەبێ مەسەلەی ئەم حیزبە بێ و دەبێ خاوەن قسە و بۆچوون بوون سەبارەت بەو مەسەلانە لە یەکەمین خەسڵەتەکانی کادر و هەڵسووڕاوی ئەم حیزبە بێت. ئێمە پێویستیمان بە حیزبێکی خاوەن توانای تیۆری و تیۆریکی بەرز هەیە.

2) هێرشێکی فراوان بۆ سەر کۆمۆنیزم لە ئارادایە. بە بڕوای من بۆرژوازی تا ئەو کاتەی کە تێدەکۆشێ وشەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە بەرچاوی ڕای گشتی بکاتە زاراوەی کۆن، سوورە لەسەر ئەوەی درێژە بەم هێرشەی بدات و بەسەرئەنجامی بگەیەنێت. لەبەرامبەردا ئێمە دەبێ زۆر لێبڕاوانە دیفاع لە سۆسیالیزم بکەین وەک بزووتنەوەیەک، وەک ڕێگاچارەیەک و ئەڵتێرناتیڤێک کە دەکرێ بەدی بهێنرێ. دەبێ توانای ئەم دیفاعەمان هەبێ. حیزبی ئێمە دەبێ حیزبێک بێت کە بتوانێ بەوێنەی ئۆتۆریتەیەک لە مەیدانی پلمیکی تیۆری و فیکریدا دەربکەوێ. حیزب دەبێ بەرگریکەرێکی بەهێزی ئامانجی بەرزی سۆسیالیزم بێت. دەبێ بتوانێ بانگەشەی باوی سەرکەوتن و نەمریی سەرمایەداری بەدرۆ بخاتەوە و ڕیسوای بکات. بوونی بلۆکێکی جیهانی مودەعی سۆسیالیزم، بە هەر حاڵ مارکسیزم و سۆسیالیزمی وەک چەند بابەتی گرنگ لە ژیانی فیکریی جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی زیندوو دەهێڵێتەوە. دیدگای چەپڕەوەکانی ڕەخنەگری یەکێتیی سۆڤێت و چین، سەرەڕای کەمنفوزیی سیاسی و عەمەلییان لە کەش و هەوایەکی وادا بۆخۆی جێگای سەرنج بوون. ئەمڕۆ هەلومەرج گۆڕاوە، کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ خۆی جارێکی تر سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و تیۆری مارکسیستی لە کۆمەڵگادا بخاتەوە دەستووری باس و خەباتی فیکرییەوە. بۆرژوازی دەیەوێ مارکس و بیری سۆسیالیستی بیر ببرێتەوە. ئێمەش دەبێ سەرنجی کۆمەڵگای بۆ ڕابکێشین. ئەمە هێز و توانایەکی تیۆری و فیکری زۆری دەوێ. پوختەی ئەم قسانە ئەوەیە کە دەورانی چەپی کەمشارەزا و کلێشەیی و کەمقسە و خنکاو لە قسە و باسی فیرقەیی و مەشغەڵەی ڕێکخراوەیی بەسەرچووە. کۆمۆنیستی ئەمڕۆ دەبێ هەر وەک کۆمۆنیستی سەرەتای ئەم سەدەیە، باڵادەستی

فیکری خۆی لەبەرامبەر قەڵەمبەدەستانی پلە یەکی بیرکردنەوەی بۆرژوازیدا بسەلمێنێ و جێگیری بکات.

3) ڕاستییەکی تر قەیرانی یونیۆنیزمە، ئەم قەیرانە ماوەیەکە دەستی پێ کردووە. سەندیکا کرێکارییەکان لە زۆر وڵاتدا زۆر بە خێرایی ئەندامەکانیان لەدەست دەدەن. زۆر سەندیکا کە پێشتر بەهێز و توانا بوون، ئەمڕۆ تەنیا بەشێکی کەم لە کرێکارانی بەشەکەی خۆیانیان ڕێک خستووە. لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەکاندا، ژمارەی کرێکارانی دەرەوەی سەندیکاکان زۆر بە فراوانی زیادی کردووە. لە ماوەی ساڵانی هەشتاکاندا بەردەوام ئیمتیازات و سەڵاحییەتە یاساییەکانی سەندیکاکان یەک لەدوای یەک هەڵدەوەشێنرانەوە. کار گەیشتە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی مانگرتنی پشتیوانەیی و دەستبەسەراگرتنی پارە و پولی سەندیکاکان لە لایەن دادگاکانەوە. جاروبار نەبێ بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا، خەباتی سەندیکاکان ئیتر کەمتر بە ئەنجام دەگات و زۆر لە سەندیکاکان لەبەرامبەرکێی جیددی لەگەڵ خاوەنکارەکان و دەوڵەتدا خۆلا دەدەن. بەم ڕیزە ملیۆنییەی بێکارانەوە و بەم نائەمنییەی بار و دۆخی ئابووریی کرێکارانی لەسەرکارەوە، ئاسۆی سەندیکاکان لەمەش تاریکترە.

قەیرانی سەندیکا و شێوەکانی تری ڕێکخراوبوونی دیفاعی و ناسۆسیالیستی تا ئێستای کرێکاران، هەلومەرجێکی هەستیار و تایبەتی پێک هێناوە. لە لایەک دابڕبوون و ئەتۆمیزەبوون و پێشبڕکێ لەنێوان کرێکاراندا زیاد دەکات و لە لایەکی ترەوە پێویستیی بەدیلی جیددی بۆ ڕێکخراوبوونی جەماوەری کرێکاران و یەکگرتووڕاگرتنیان لەبەرامبەر بۆرژوازی زۆر بە توندی هەستی پێ دەکرێت. لێرەشدا بۆشاییەک و پێویستییەکی جیددی بۆ جم و جووڵ و دەستبەکاربوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری دروست بووە. بزووتنەوەی شوورایی، وەک ئەڵتێرناتیڤی ئیسپاتیی سۆسیالیزمی کرێکاری بۆ ڕێکخراوبوونی جەماوەری دەکرێ و دەبێ بە جیددی لەو بۆشاییەدا بهێنرێتەوە کایەوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چەپ بە شێوەیەکی گشتی بەبێ بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و چالاکی کرێکاری بە هیچ ناگات. هیچ ڕێکخراوەیەکی حیزبی ناتوانێ جێگای چۆڵی نارەزایەتیی ڕێکخراو و جەماوەریی بەردەوامی کرێکاران بە پێوانەیەکی فراوان پڕ بکاتەوە. هەر حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری کە بیەوێ لەم هەلومەرجەدا پێشڕەوی بکات، دەبێ بزانێ کە یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە لەگەڵی بەرەوڕووە، مەسەلەی ڕێکخراوبوونی

جەماوەریی چینەکە لە شێوازی گونجاو و کارسازدایە. ئەمڕۆ ئیتر سەندیکاکان وەک جاران ئامراز و چوارچێوەی ئەم کارە نین. زەربەخواردنەکانی دەیەی هەشتاکان و بێکاری و نائەمنیی ئابووری توانای بە سەندیکاکان بۆ ڕێکخراوڕاگرتنی کرێکاران نەهێشتووە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ ئەڵتێرناتیڤی شوورایی خۆی شێلگیرانە تەرح بکات.

4) لایەنێکی تری هەلومەرجی ئەم دواییە، لغاوپچڕاندنی ڕەوتە کۆنەپەرستەکانە، وەک فاشیزم، ڕاسیزم، ناسیۆنالیزم و ئایین، ئەمانە وەک درندە کەوتوونەتە گیانی خەڵک و کۆمەڵگا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وەک هێزێکی چینایەتی پێشڕەو، دەبێ لە مەیدانی بەرگری لە مرۆڤایەتی لەبەرامبەر ئەمانە ئامادە بێ. ئەمە خۆی کۆمەڵێک ئەرک و ئەولەوییەتمان بۆ دێنێتە پێشەوە.

5) خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەژموونی دیموکراسی وەک پێکهێنەرێکی ئەسڵی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی بۆرژوازی جێگیر بووە. ئەم دیموکراسییە هاوتای ئازادی و ئازادیخوازی نییە و من نە لێرەدا و نە بە گشتی بە بارێکی پۆزەتیڤ ناوی ئەم وشەیە نابەم و لێی نادوێم. دیموکراسی دەستەواژەیەکی دیاریکراوە و ناوەڕۆکی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە. مەبەست لە دیموکراسی، ڕەفتار و ڕژێمێکی دیاریکراوە کە بۆرژوازی بۆ بڕیاردانی سیاسی لە نیزامی سەرمایەداری شکڵی پێ دەدات و تەوەرەکەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی (هەر چەندە نیوەناچڵیش بێت) و پلۆرالیزم و فرەحیزبیی بۆرژوازی بۆ نوێنەرایەتیکردنی باڵە جۆراوجۆرەکانی چینی دەسەڵاتدارە. یەکێتیی سۆڤێت چەندە لە سۆسیالیزمەوە نزیک بوو، ئەم دیموکراسییەش هەر ئەوەندە لە ئازادیی سیاسییەوە نزیکە. هەردووکیان بەرهەمی فەوتان و شێوانی ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤن لە لایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە. دیموکراسی بەم مانا دیاریکراوە، لەبەرامبەر مەیلەکانی تری کۆمەڵگای بۆرژوازی، وەک ناسیۆنالیزم، کە ئەویش بەدەوری خۆی لەم دەورانەدا کەوتۆتە جم و جووڵ، هەژموونی بەدەست هێناوە. ئەوەی کە بە فەرمی پێی دەگوترا کۆمۆنیزم، بۆ دەورانێکی دوورودرێژ، لە پێکەوەژیان و تێکەڵبوونێکی سیاسی و فیکری لەگەڵ دیموکراسی و ناسیۆنالیزمدا دەی گوزەران. ئەگەر لەو کۆمۆنیزمە ورد ببینەوە دەبینین، کە مارکسیزم بە تەنیا هەر زمان و ڕواڵەتی بوو، بەڵام دیموکراسی و ناسیۆنالیزم ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سیاسەت و ڕەخنە و نارەزایەتییەکەی پێک دەهێنا.

ئەمڕۆ دیموکراسی و ناسیۆنالیزم لە شیوازی سەربەخۆ و دیاریکراوی خۆیان و بەبێ پۆشاکی چەپ، لە ئاستی کۆمەڵگادا بوونەتە مەیداندار. بەشە پێکهێنەرەکانی چەپی تا ئێستا کەوتوونەتە بەرامبەر یەک، ئەم ڕاستییە واتە هێنانەپێشەوەی دیموکراسی و ناسیۆنالیزم وەک مەیلی بە ئاشکرا دژی کۆمۆنیستی، وەک مەیلگەلێک کە بە ئاشکرا و بە فەرمی خۆیان لە وەستانەوە لەبەرامبەر کۆمۆنیزمدا نیشان دەدەن، کاری پێناسەکردنەوەی کۆمۆنیزمێک کە ئەویش بە ڕاشکاوی ڕەخنەگری ناسیۆنالیزم و دیموکراسی بێت، سەد جار زەرووری و گرنگتر دەکات. نیشاندانی سیمایەک لە سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە دیموکراتیزم و ناسیۆنالیزم بەشی پێکهێنەری نین، حەیاتییە. ئەمە لە لایەنێکدا بە مانای زیندووکردنەوەی ڕەخنە سەرەتایی و لەمێژینەکانی مارکسە لەم مەیلە بۆرژوازییانە و بە مانای ڕەواندنەوەی ئەو خۆشباوەڕییە فراوانەیە کە لە ناو کۆمەڵگا و لە دەروونی چینی کرێکاردا سەبارەت بە دیموکراسی و میللیگەرایی هەیە و بڵاوە. ئێمە دەبێ پەردە لە ڕووی پووچەڵی دیموکراسی و پلۆرالیزمی بۆرژوازی هەڵدەینەوە، کە وەک نموونە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵی ئازادی سیاسی نیشان دەدرێ. ئێمە دەبێ لەبەرامبەر دیموکراسیدا سیمای واقیعی ئەو ئازادییەی کە چینی کرێکار مژدەهێنەرێتی دابنێین. سەبارەت بە ناسیۆنالیزم مەسەلەکە لەمەش ڕۆشنترە. هەر ئەمڕۆ ئەو تاوانانەی کە بەدەستی ناسیۆنالیزم لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، بۆ نموونە لە یۆگۆسڵاڤیا و کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو ئەنجام دەدرێ، چوارچێوەیەکی بەربڵاوی سەرسووڕهێنەر و سەیری بە خۆیەوە گرتووە. نابێ بهێڵین بەشەرییەت تاوانەکانی ئەم بزووتنەوە سیاسییە، کە بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکانی خۆی بە مەیلی خۆیی و شایانی ڕێزی بەشەری لەقەڵەم دەدات، فەرامۆش بکات. چینی کرێکار دەبێ بە ڕاشکاوی و بە بەرچاوی هەمووانەوە گوێی میللیگەرایی بگرێ و لێپرسراوێتی تاوانەکانی بخاتەوە ئەستۆ.

لە لایەکی ترەوە، ئەمە تا ڕادەیەکیش ئێمە لەگەڵ ئەو چەپڕەوانەدا ڕووبەڕوو دەکاتەوە کە پێیان وایە ڕێگای دەربازبوون لەژێر ئەو گوشارەی کە خراوەتە سەر سۆسیالیزم، تەسلیمبوون بە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی و بەدەستەوەگرتنی ئەو دەستەواژەیە کە ئەمڕۆ دیموکراسی و میللیگەرایی جاری بۆ دەدەن. ئەوانەی دەیانەوێ سۆسیالیزم دیموکراتیک بکەن و لەگەڵ بازاڕدا بیگونجێنن و شتی تر. بەشێکی خەباتی ئێمە لە

دژی ئەو چەپڕەوانەیە کە لەژێر ئەم گوشارەدا کەوتوونەتە هەوڵی ڕێفۆرمکردنی مارکسیزم. دەبێ ڕێگا لەم خۆشەویستکردنە وردەبۆرژوازییانە بگرین.

6) تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دەورەیە ئەوەیە کە چینی کرێکار لەڕووی ئابووری و ژیانەوە بە توندی کەوتۆتە ژێر مەنگەنەوە و خەباتەکانی لە بنەڕەتدا دیفاعییە. ئێمە دەبێ نەخشە و ئامانج و سیاسەتی عەمەلی و ڕێکخراوەییمان بۆ دەربازبوون لەم وەزعییەتە بە ڕۆشنی بەیان بکەین و لەم مەیدانەدا ڕێنیشاندەر بین.

7) لە کۆتاییدا خاڵێکی دیکەی بنەڕەتیی ئەوەیە کە ئێمە وەک ڕەوتێک ئینتەرناسیۆنالیستین و ئەمڕۆ ئیتر هەموو کەس لەمە تێگەیشتووە، کە چارەنووسی کۆمەڵگاکان لە ئاست و پێوانەیەکی جیهانیدا دیاری دەکرێت. ڕێگاچارەی ئێمە و ستراتیژەکەشمان دەبێ جیهانی بێت. ئەو ئەڵتێرناتیڤانەی کە ئێمە لە هەر مەیدانێکی خەباتدا تەرحی دەکەین، دەبێ خەسڵەتێکی جیهانی هەبێت. وەڵامی ئێمە بە مەسەلەی یەکگرتنی نێونەتەوەیی چینی کرێکار لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا چییە؟ چ حیزبی و چ جەماوەری. ئەم پرسیارە پرسیارێکی گشتی و هەمەلایەنەیە. بەڵام هەندێک گرێوگۆڵی عەمەلیی کۆنکرێت هەر ئێستا لەم مەیدانەدا مەترەحە. بۆ نموونە لە ساڵی 93دا بڕیار وایە سنوورە ئابوورییەکان لەنێوان وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا هەڵبگیرێت. بڕیار وایە کاڵاکان و مرۆڤەکان ئازادانە بگوێزرێنەوە و هاتوچۆ بکەن. بەڵام سەندیکاکان هەر وا ناوچەیی و لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکاندا دەمێننەوە. لەم هەلومەرجەدا ئیتر هەر هیچ کارێک بەم سەندیکایانە ناکرێت. مەسەلەکە گەیشتۆتە ڕادەیەکی وا کە هەندێک لەو کۆمپانیایانەی کە نەبوونی ڕێکخراوەیەکی کرێکاری لە ئاستی ئەورووپادا کە بتوانێ ببێتە لایەنی بەرامبەر بۆ گفتوگۆ و پەیمانبەستن لەگەڵیاندا نیگەرانی کردوون، خۆیان خەریکن تکا لە لقەکانی سەندیکاکان دەکەن کە جۆرە ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی پێک بهێنن. بازاڕی هاوبەشی ئەمەریکای باکوریش لە ئەمەریکا، کەنەدا و مەکسیک پێک دێت. بە هەمان شێوە مەسەلەی بنەڕەتی دێتنە پێشەوە. جم و جووڵ بۆ پێکهێنانی بازاڕی هاوبەشی ئیسلامی لە لایەن ئێران و کۆمارە بەناو ئیسلامنشینەکانی یەکێتیی سۆڤێتیش هەمان شت، تەنانەت لە نەبوونی ئەم تەرح و نەخشە دیاریکراوانەشدا، خودی بازاڕی جیهانی زۆر بە توندی لێک هەڵپێکراوە و چارەنووسی کریکاران لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بە یەکترەوە بە هاوکێشە ئابوورییە

جیهانییەکانەوە گرێی خواردووە. هەموو ئەمانە بوونی تەرح و نەخشە بۆ یەکێتیی نێونەتەوەیی چینی کرێکار وەک پێویستییەکی گرنگ و کۆنکرێت تەرح دەکات.

لە ئاستی حیزبی و سۆسیالیستیشدا بە هەمان شێوە جێگای مەرجعییەتێک و ناوەندێکی ڕێنوێنیکەری جیهانی کە هەڵسووڕانە سۆسیالیستییە کرێکارییەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بەیەکەوە گرێ بداتەوە خاڵییە. کە لە یەک وشەدا، ئینتەرناسیۆنالیزم وەک مەیدانێکی عەمەلیی هەڵسووڕان دەبێ لە لایەن حیزبی ئێمەوە بە جیددی بگیرێ.

کۆتایی

دەم ویست سەبارەت بە ئەولەوییەتە عەمەلییەکان و مەیدانەکانی حیزبیش، بەتایبەت لە ئێران و لە ناوچەکە کە مەیدانی ڕاستەوخۆی هەڵسووڕانی ڕێکخراوەیی ئێمەیە، لێرەدا قسە بکەم. بەڵام وادیارە وەک بابەتێکی جیاواز کاتێکی جیاوازی لە کۆنفرانسدا بۆ دانراوە. لەبەر ئەوە لێرەدا قسەوباسەکانی ئەمڕۆم کورت و پوخت دەکەمەوە.

ئەو نموونەیە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە لە زەینی منداید ئەمەیە: حیزبێکی ئینتەرناسیۆنالیست، مارکسیست، جێکەوتوو لە بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخەری بەشی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی ئەم بزووتنەوەیە، موددەعی و دەخاڵەتگەر و زۆر ڕووناکبین و زاڵ بەسەر لایەنە تیۆرییەکانی هەڵسووڕانی خۆیدا. وە دیارە بەدیسیپلین و بەباوەڕ و گەشبین. هەر نموونەیەکی لەمە لاوازتر نوسخەیەکە بۆ شکستهێنان. ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم نموونەیە لە خۆمان مادی بکەینەوە، ناتوانین هیچ کارێک ئەنجام بدەین. لەوانەیە بە هەر حاڵ بمێنینەوە و بستێکیش باڵا بەرزتر لە ڕەوتە چەپەکانی تر بین. بەڵام ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت کە بە درێژایی ئەم دەساڵە کاریگەری لەسەر واقیعە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خۆمان دابنێین، جگە لە خۆنزیککردنەوە لەم نموونەیە ڕێگایەکی ترمان نییە. لێرەدا پەنجە لەسەر چەند خاڵێک وەک کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی خۆمان دادەنێم.

1) ئێمە پاڵپشتییەکی بەهێزی تیۆری وامان نییە کە لە ئاستی نێوتەوەییدا نوێنەرایەتی بکرێ. ئێمە بڕبڕەپشت و مەرجەعییەتێکی تیۆری خاوەن ئۆتۆریتەمان لە ئاستی نێونەتەوەییدا نییە کە لانی کەم بوونی خۆی بەسەر مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی تردا داسەپاندبێ و بووبێتە قوتبێکی قسە و باسە تیۆری و جەدەلە ئایدیۆلۆژییەکان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا. بەبێ ئەمەش کاری ئێمە ناچێتە پێشەوە. مەبەستی من لێرەدا ئەوە

نییە کە ئەم مەرجەعییەتە دەبێ لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە شکڵ پێ بدرێت، بەڵکوو ئەوەیە کە دەبێ وەک ڕەوتێک و وەک کەسانێکی کۆمۆنیستی کرێکاری خەبات بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕییە بکەین. دەرکەوتنی عەقیدەتی ئێمە لە ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر کەمە و دەبێ ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین. دەبێ لە ئاستی جیهاندا ئۆرگان و تریبونی وا پێک بهێنین کە بە بەردەوامی لێکدانەوەی مارکسیستی سەبارەت بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەکانی خەباتی چینایەتی بەتواناوە تەرح بکات و لەو نەبەردە جۆراوجۆرە ئایدیۆلۆژییانەی کە قەڵەمبەدەستە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی، سۆسیالیزم و کرێکارانی لەگەڵ ڕووبەڕوو دەکەنەوە، هەڵسووڕاوانە بەشداری بکات. ئێمەش پێویستیمان بە بلۆکی نێونەتەوەیی خۆمان هەیە.

2) پێویستە هەر خۆمان وەک حیزبێک و وەک کۆمەڵێک لە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست، حیزبێکی مارکسیستتر لە ئێستا بین. بە بڕوای من پەیکەر و پێکهاتی ئێمە لەسەرەوە تا خوارەوە، لە بەراورد لەگەڵ چاوەڕوانی و پێداویستییەکانی خەبات، نەک لە بەراورد لەگەڵ ڕەوتە چەپەکانی تردا کە لەم ئاستەش بەهرەمەند نین، زۆر مارکسیست نییە. جیاوازییەکی بنەڕەتی کە بە درێژایی حەوت هەشت ساڵی ڕابوردوو چ لەژێر کاریگەری هەلومەرجی بابەتی و چ بەهۆی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بەدی هاتووە ئەمەیە، کە نموونەی هەڵسووڕاوێکی حیزبی ئێمە کەسێکی دەرگیری بزووتنەوەی کرێکارییە و بە تەواوی جیاوازە لەگەڵ نموونەی هەڵسووڕاوانی چەپی ڕادیکاڵ. ئەم دەسکەوتە لەدەست ناچێ، بەڵام دەشێ بگۆڕێ بۆ بارێکی نەخوازراوی تر. ئەگەر ئێمە بە ئەندازەی پێویست مارکسیست نەبین و هەر هەڵسووڕاوێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کەسێکی ئەوەندە لە تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی مارکسیستی بۆ کۆمەڵگە بەتوانا نەبێ، کە ببێتە قوتبێکی فیکری لە دەوروبەری هەڵسووڕاوانی خۆیدا، ئەو هێزەی کە ئێمە ئەمڕۆ لەم بزووتنەوەیەدا (واتە بزووتنەوەی کرێکاری) هەڵی دەسووڕێنین، مەیلە ناسیۆنالیستییە ڕەگ و ڕیشەدارەکان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا قووتی دەدەن. ئەگەر مارکسیست نەبین، ئەگەر ڕەوتێک نەبین کە هەڵسووڕاوەکانمان بە قووڵی بڕوایان بە ئەڵتێرناتیڤێکی هەمەلایەنەتر و ڕەخنەیەکی بنەڕەتیتر لە کۆمەڵگا هەبێ، کاری ئێمە لە دەروونی چینی کرێکاردا هەر دەبێتە کادر پەروەردەکردن بۆ باڵی چەپی بزووتنەوەی سەندیکایی. لە ڕاستیدا بەڵگە و نیشانەی ئەم ڕەوتە هەر ئێستاش

دەکرێ ببینرێ. ئەمە شێوازێکی لەمێژینەی بزووتنەوەی سەندیکاییە کە کرێکارانی سۆسیالستی چالاک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دادەبڕێ و باری دێنێ و لایەنێکی هەڵسووڕانی خۆی بەسەردا دەدات و تەواوی ئامانج و بیروباوەڕە ڕادیکاڵترەکانی لێ دەستێنێتەوە و دەیخاتە ئەرشیفەوە. ئەگەر ئێمە سەبارەت بە ناسنامەی کۆمۆنیستی خۆمان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هەستیار نەبین، ئەگەر سوور نەبین لەسەر بردنی دیدگای خۆمان بۆ ناو ئەم بزووتنەوەیە، ئەو کاتە بزووتنەوەی سەندیکایی، هەڵسووڕاوەکانی ئێمە قووت دەدات و هەرسی دەکات. هەر ئەمڕۆ ئێمە لێرە و لەوێ دەبێ وەڵامی کەسانێک بدەینەوە کە هەر لە سایەی بوونی هەمان ڕەوتی کۆمۆنیستی کرێکاری و باسەکانی چەندین ساڵەی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا چالاک بوونەتەوە، کەچی ئەمڕۆ لە هەڵوێستی سەندیکاوە لەگەڵ خودی ئێمە مامەڵە دەکەن. تەحەزوبی کۆمۆنیستیمان لەبیرچووەتەوە و لەوە ئاگادار نین کە لە سایەی نەبوونی کۆمۆنیزم و تێڕوانینێکی مارکسیستی و پەیوەندییەکی سیاسیی جیددی لەگەڵ ڕەوتێکی حیزبیی کۆمۆنیستی لە چاکترین حاڵەتدا دەبنە ڕابەرانێک لە ڕابەرە ناوچەییەکانی فلانە سەندیکا کە دەبێ 90%ی کاتەکانی خۆیان لە ئارامکردنەوەی کرێکاران و ناردنەوە سەرکاریان بەسەر بەرن. کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێویستییەکی حەیاتی بە بوونی تێڕوانینێکی پوختە و قووڵی مارکسیستی بۆ دنیا و توانا و لێوەشاوەیی بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی زەینی کرێکاران هەیە. بەبێ ئەمە، نەریتە ڕەگ و ڕیشەدارە ناسیۆنالیستییەکان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، زۆر بە ئاسانی هەڵسووڕاوانی چەپی ناو بزووتنەوەی کرێکاری کۆنترۆڵ دەکەن و بە ڕەنگی خۆیانیان دەردێنن. دەبێ لەمە تێبگەین، کە ئێمە تەنانەت لە بزووتنەوەی کرێکاریشدا و لە بەراورد لەگەڵ هەموو مەیلەکانی تری ناو ئەم بزووتنەوەیەدا، هێزێکی پێچەوانەی ڕەوتین. سەرکەوتنی هەر مەیلێکی پێچەوانەی ڕەوتیش لە گرەوی مەحکەمی و توندوتۆڵی تیۆری و بیروباوەڕ و پوختەیی و فراوانی ئاسۆ سیاسییەکەیدایە. دەبێ ئەمە بەدەست بهێنین و کلیلی ئەمەش بایەخدانی هەرچی زیاتری کادرەکانی ئەم حیزبەیە بە مارکسیزم.

ئێمە کەموکووڕی زۆرمان هەیە، ئیمکاناتی ماددی و ئابووریمان کەمە. ئیمکاناتی ئێمە بۆ تەبلیغی فراوانی جەماوەری لە ئێران بەهۆی بار و دۆخی سیاسی وڵاتەوە بەرتەسکە، بۆ نموونە ڕادیۆمان نییە. بەڵام گیروگرفتی بنەڕەتیتر بە بڕوای من هەر

ئەوانەن کە باسم کرد. ئەگەر نەریتێکی بەهێزی تیۆری لە پشتسەر ئێمەوە بێ و ئەگەر حیزب لە کۆمەڵێک کادر و هەڵسووڕاوی ڕووناکبین و ئاسۆدار پێک هاتبێ، تەنگانە ماددی و عەمەلییەکان لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونمان وەلا دەنرێ. سەرکەوتن و شکست نەک بەم فاکتەرە عەمەلییانە، بەڵکوو بەتوانایی و بێتوانایی ئێمە لە بردنی ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتیی قووڵی مارکسیستی و ئاسۆیەکی سۆسیالیستی ڕوون بۆ ناو چینی کرێکار دیاری دەکرێت.

وەرگێڕانی: ماجد سەعید
تایپکردنەوەی: جەمال ساڵح

سەرچاوە:
مبانی و چشم اندازهای حزب کمونیست کارگری
"انترناسیونال"، شمارە 2
خرداد 1371، ژوئن 1992

دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ)

ئینتەرناسیۆناڵ: بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، لە هەموو شوێنێک باس باسی سەرکەوتنی دیموکراسییە. دەڵێن بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دیموکراسی لە 170 وڵاتدا بەرقەرار بووە. تێکڕووخانی یەک لەدوای یەکی دیکتاتۆرییە سەربازییەکان لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین لەم چەند ساڵەی دواییدا، هاتنەسەرکاری هەندێ دەوڵەتی تازە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، وە یان لەم دواییە لە ئەفریقادا، دەکەنە بەڵگەی ئەم مەسەلەیە. ئێوە ئەم ڕووداوە چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئایا ئەوەی ڕووی داوە بە ڕاستی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییە سەربازییەکان و حوکوومەتە سەرکوتگەر و تۆتالیتارەکانە؟

مەنسوور حیکمەت: وا پێ دەچێ باسی سەرکەوتنی دیموکراسی لەم دواییەدا خامۆش بووبێتەوە. لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا و لە گەرمەی ئەم باسەدا لێکدانەوەی خۆم خستە ڕوو. سەردەمی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرییەکان (هەر ئەو کاتەش دەستەواژەیەکی خۆشباوەڕانە بوو کە بووبوە وێردی سەر زمانی سیاسەتمەدارە لیبراڵی و ڕۆشنبیرە نارازییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو و بلۆکی ڕۆژهەڵات. ئەمە نیشانەی شادمانی ئەوان بوو لەوەی کە بە بۆنەی سەرکەوتنی بلۆکی ڕۆژئاوا بەسەر بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا پاداشتێک وەردەگرن. زۆر زوو ئاشکرا بوو کە شتی لەم بابەتە لە ئارادا نییە. ئەگەر لە بیرتان بێت بۆ نموونە کۆماریخوازە ئێرانییەکان، تەنانەت خۆیان ئامادە کردبوو کە بەرەو تاران بڕۆن و جەژنی دەستپێکردنی ئەم سەردەمە لە هاوشانی پرێزیدێنت ڕەفسەنجانیدا بگێڕن. ئەمڕۆ خەریکن زەرەر و زیانیان دەژمێرن. بە هەر حاڵ بەم دەستەواژەیە ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە و بە دوای ئەوانیشدا بەشێک لە خەڵکی بێبەش چ لە ڕۆژئاوا و چ لە ڕۆژهەڵات و چ وەک پێی دەڵێن لە باشووردا، کەوتنە دوای ئەڵتەرناتیڤەکانی ڕاستڕەوی نوێ و چاویان بڕییە ئاسۆی سیستەمی نوێی جیهانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا. ئەم خۆشباوەڕییانە ئەمڕۆ زۆر لاواز بووە. ئاشکرابوو کە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بە مانای پەرەسەندنی ئازادی و مافە مرۆییەکان، وە یان ئاشتی و خۆشی کۆمەڵایەتی نییە. بە پێچەوانەوە هەموو دنیا

باس لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم سێ ساڵەی دوایی و نائارامی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە ئاستی دنیادا دەکات.

ئەوە ڕاستە کە ژمارەیەک لە ڕژێمە سەربازییەکان، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەمەریکای لاتین لەناوچوون و لە جێگەیاندا دەوڵەتی مەدەنی دامەزراوە. بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا هێشتا شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە توندوتیژی یان سستی سەرکوت و ستەم لەم وڵاتانەدا دەرناخات. ڕژێمە سەربازییەکان تەنها شێوە، یان تەنانەت باوترین شێوەی سەرکوتی سیاسی نەبوون. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگرتنەوەی حوکوومەتە سەربازییەکان بە حوکوومەتە ناسەربازییەکان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت و تەنانەت لە پەیکەری دەوڵەتدا پێک نەهێناوە. تا ئەو شوێنەی کە دەگەڕێتەوە بۆ تۆتالیتاریزم، واتە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هەموو جم و جووڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لە لایەن دەزگا دەوڵەتییەکانەوە. بە سەرهەڵدانی حوکوومەتە ئیسلامییەکان و هەروەها بە پەرەسەندنی دەسەڵاتی فەرمیی کڵێساکان لە وڵاتە جیاجیاکاندا، ئەم لایەنە تەنانەت لە هەندێ لە ڕژێمەکاندا بە هێز بووە. ئەوەی کە لە هەندێ لە وڵاتە هەژارەکاندا حوکوومەتە ناسەربازییەکان جێگای حوکوومەتە سەربازییەکانی گرتۆتەوە، پێش ئەوەی لە ئەنجامی هێرشی ئازادیخوازیدا بێ، لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئابووری بوو لەم وڵاتانەدا و هەروەها لە ئەنجامی بەرەو لەناوچوونی کارکردنی کۆمەڵایەتی ڕژێمە سەربازییەکان بووە لەم وڵاتانەدا. گیروگرفتی لەمێژینەی ئەم وڵاتانە بە شێوەیەکی سەرەکی، گەشەی ئابوورییە. لایەنی ئیجابی ڕژێمە سەربازییەکان بۆ بۆرژوازی ئەم وڵاتانە بڕیار بوو، بریتی بێت لەمانە، لە نێوبردنی پەرشوبڵاوی سیاسی لە ناوخۆی چینی دەسەڵاتداردا، بەرقەرارکردنی ستەم و سەرکوتی توندوتیژی چینی کرێکار و سەرەنجام پێکهێنانی زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ زیادکردنی سوودی سەرمایە و تێکڕای گەشەی ئابووری. ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی ستراتیژییەکانی گەشەی ئابووری لەم وڵاتانەدا بە بنبەست گەیشتووە. ئێستا لە هەموو لایەک چاویان بڕیوەتە میکانیزمی بازاڕ و بێگومان ئازادیی کاری سەرمایەی تایبەتی. حوکوومەتی سەربازی بووەتە مایەی نارەزایەتیی گشتی و نائارامی سیاسی، بێ ئەوەی بتوانێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئیتر هیچ دەردێکی بۆرژوازی ئەم وڵاتانە دەرمان بکات. بە هەر حاڵ دیموکراسی، بەو مانایەی کە دەڵێن ئەمڕۆ سەرکەوتووە، دژایەتی لەگەڵ تێزی زوڵم و سەرکوت نییە، بەڵکوو

تەنها بە مانای بوونی جۆرێک لە ئەنجوومەنی سەرتاسەری نوێنەرانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی گشتی (مەرجیش نییە هەڵبژاردنێکی ئازاد بێت). ئەمە بێگومان لە حوکوومەتی ئاشکرای سوپا و پۆلیس باشترە، چونکە بانگەشەی بۆرژوازی بە ئازادبوونی کۆمەڵ چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی فیکرییەوە تا ڕادەیەک ئازادی بۆ چینی کرێکار و توێژە ستەمدیدەکان و لایەنگرانی ئازادی فەراهەم دەکات. بەڵام ئەمە تا ئەو ڕادەیە نییە کە شایانی سەما و هەڵپەڕکێ بێت. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حوکوومەتە بۆرژوازییەکان لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتیندا کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بریتییە لە قەدەغەکردن، وە یان تەنگەبەرکردنی جیددیی بزووتنەوە و ڕێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان، تەنگەبەرکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، هەڵسووڕانی سیاسی، ڕێکخراوبوون و نارەزایەتیی دەربڕین، بوونی دەزگا سەربازی و پۆلیسییە دەسەڵاتدار و سەرکوتگەر و سەروو قانوونییەکان، بوونی وەزارەتێکی دادی گوێ لە مشتی دەوڵەت، زامننەبوونی مافە سیاسی و مەدەنییەکان بۆ هاوڵاتیان، ئاساییبوونی ئەشکەنجە، بوونی حوکمی ئیعدام، وە لە یەک قسەدا بێمافی و دەست بەستراویی هاوڵاتی لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، لە بنچینەدا لە جێگای خۆی ماوەتەوە. دەتوانین هەر لە ئۆقیانووس و ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتەوە تا باکووری ئەفریقا و ئەمەریکای باشوور، یەکیەک وڵاتەکان بژمێرین و حوکم بدەین.

ڕاستییەکەی من ئامادەم ئەوە قەبووڵ بکەم کە دیموکراسی هەر ئێستا لەسەد و حەفتا وڵاتدا سەرکەوتووە، واتە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کەسانێک وەکوو نوێنەری ئەنجوومەن، لە کیسەی خەڵکی مانگانە وەردەگرن بەرقەرارە. هەڵبەتە ئەمە لیتوانیا و ئیستوانیا کە نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتووان بە تاوانی ئەوەی کە بە زمانی ڕووسی لایلایە بۆ منداڵەکانیان دەکەن، مافی دەنگەکانیان نییە، میسر، ئەردەن، ئێران کۆریای باشوور، لەم دواییانەدا کوێت، کینیا و وڵاتانی تری لەم بابەتە دەگرێتەوە. کاسە لە چێشت گەرمتر نابێت. ئەگەر لە ڕوانگەی دیموکراتەکانەوە ئەو هەلومەرجەی کە لە دنیادا بەرقەرارە ناوی دیموکراسی بێت زۆر باشە، کەوایە ئاشکرایە کە کێشەی خەڵکی لەسەر ئەم دیموکراسییە نەبووە، بەڵکوو لەسەر ئازادی و بەرابەری بووە. ئاماری سەرکوتکردنە سیاسییەکان، ئیعدامەکان، ئەشکەنجەکان، ئەو یاسا و ڕێنوێنییانەی کە مافی بەشە جیاجیاکانی خەڵک تەنگەبەر دەکەنەوە، یان هەر لێیان دەستێننەوە، تا بگات بە هەژاری و بێ خانە و لانەیی و ئاوارەیی و مەرگ و

لەناوچوون لەبەر بێ خۆراکی و بەدخۆراکی هەر لەم چەند ساڵەی سەرکەوتنی دیموکراسیدا، ئەمانە حوکمێکی ئیجابی لەبارەی دنیای ژێردەسەڵاتی دیموکراسییەوە نادەن بەدەستەوە.

ئینتەرناسیۆناڵ: تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر دیموکراسی هەیە، لە ڕوانگەی ئێوەوە دیموکراسی چییە؟

مەنسوور حیکمەت: پێم وانییە مەبەستتان ئەوە بێت کە من لێکدانەوەیەک لەسەر دیموکراسی "واقیعی" و "ڕەسەن" بەدەستەوە بدەم. دیموکراسی لە سیستەمی فیکری مندا وەک کەسێکی سۆسیالیست و مارکسیست، دەستەواژەیەکی بناغەیی نییە. ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین. بۆ ئێمە ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە، وەلێ دیموکراسی، هەر وەک پێشووتریش باسم کردووە، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاریکراوە لە چەمکی فراوانتری ئازادی. دیموکراسی دەستەواژەیەکە کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووییدا لە ڕێگای ئەم دیموکراسییەوە چەمکی فراوانتری ئازادی لەقاڵب داوە. کەواتە تێگەیشتنی من لە دیموکراسی تەنها دەتوانێ تێگەیشتنێکی بابەتی و مێژوویی بێت. کەسێکی لیبراڵ یان دیموکرات، کەسێک کە دیموکراسی یەکێکە لە ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانێ لێکدانەوەیەکی "داخیلی" و زاتی لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بە دەستەوە بدات، دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسی واقیعی چییە و چی نییە. بەڵام بە ڕای من کەسێکی مارکسیست دەبێ مانای مێژوویی و پراکتیکی دیموکراسی و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی باس بکات. دیموکراسی، نەک وەکوو زاراوەیەک لەم یان لەو کتێبی کۆندا، بەڵکە وەکوو ڕاستییەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن لە دیموکراسی هەیە و لەڕووی مێژووییەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە، وە یان لێکی داوەتەوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوەی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێردەستەکان بووە و لە لایەن بیریاران و بزاڤەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە دەرناخات کە ئەم چەمکە بۆرژوایی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتداریتی

ئایدیۆلۆژی و ترمینۆلۆژیی بۆرژوایی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشان دەدات. کۆمەڵگای بۆرژوایی توانیویەتی چەمکی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنووری کۆتایی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە ژێردەستەکان و شێوەی کۆتایی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ئێوە بۆ ئازادی دەجەنگن و دوای "سەرکەوتن" پەرلەمان و "پلۆرالیزم" بەدەست دێنن.

بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم چەمکەی کردۆتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و ناڕۆشنترین چەمکەکان لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکاندا. بزووتنەوە و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان، بە ئامانج و بەرژەوەندیی جیاواز و جاروبار دژ بەیەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووە و دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نییە. هەلومەرجی سیاسیی جیاجیا لە لایەن ڕەوتە جیاجیاکانەوە بە دیموکراسی ناوبراوە. هەر لە دەربڕینە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردییەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە مرۆڤدۆستانە و حەقخوازانەکان، وجوودیان بووە و هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادیخوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە، بناسین و پێناسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی چەمکی دیموکراسی، هەر بەم شێوە گشتییەی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەوە پاش ئەوەی ئەو سیفەت و پاشگر و پێشگرانەی کە دەخرێنە پاڵ دیموکراسی، ئینجاکە ئەم وشەیە مانایەکی ڕۆشنتر پەیدا ئەکات. وەک دیموکراسی لیبراڵی، دیموکراسی خەڵک، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی (representative)، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی ڕۆژئاوا و شتی تر. ئەم زاراوانە لەڕووی سیاسییەوە بە تەواوی زانراوە و دەکرێ پێناسە بکرێن و جیاوازییەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتییەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوە و هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیابکرێنەوە.

ئینتەرناسیۆنال: دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم جیاوازییانە. بە تایبەتی جێگای خۆیەتی دەربارەی دیموکراسی ڕۆژئاوا و پەرلەمانی و لیبراڵی بدوێین. بەڵام لە سەرەتاوە

چاکترە بچینە سەر ئەو "ناوەڕۆکە هاوبەش و بابەتییە"ی کە وتت بە هەر حاڵ لەپشتی هەموو تێڕوانینەکانەوە بۆ دیموکراسی لە ئارادایە. ئەمە چۆن پێناسە دەکەیت؟

مەنسوور حیکمەت: لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ چەند پێکنەرێک بکەین. بێگومان لێرەدا ناکرێ لەوە زیاتر قسەی لەسەر بکەین. دیموکراسی بە مانای حوکوومەتی خەڵکی تێڕوانینێک بوو کە لە سەدەی 18و19دا لە بەرامبەر حوکوومەتە پاشایەتییە ڕەهاکان و ئەو حوکوومەتانەدا هاتە مەیدان کە لەسەر بناغەی پاشایەتی و کڵێسای دیانەکاندا دامەزرابوون. لە بەرامبەر حوکوومەتەکانی ئەو کاتەدا کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە شەرعییەت و دەسەڵاتیان لە سەرچاوەیەکی سەرووی خەڵک و کۆمەڵگاوە سەرچاوەی دەگرت، بۆرژوازی ڕوو لە گەشە، کۆمەڵانی خەڵک و خێرخوازە کۆمەڵایەتییەکان خوازیاری دەوڵەتێک بوون کە لە خەڵکەوە هەڵقوڵابێ. هەڵبەتە ئەم خواستە خۆی زۆر ناڕۆشنە، هەر وەک خەبات و تێکۆشانەکانی دوو سەدەی دواتر تا ئەمڕۆش بە ڕوونی نیشانی داوە. یەکەم، شێوەی عەمەلیی دەخاڵەتی خەڵکی لە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتدا دەبێ چۆن بێت، دووەم، چەمکی "خەڵک" چ کەسانێک دەگرێتەوە. تا ئەم سەردەمەی ئێمەش، بەشێکی زۆر و لە هەندێ شوێندا تەنانەت زۆربەی مرۆڤەکان، وەک ژنان، ڕەشپێستەکان، کۆچکردووان و کەسانی تر لەم یان لەو دەوڵەتی دیموکراسیدا بە بەشێک لە "خەڵک" نەژمێردراون. زۆر لەمێژ نییە کە مرۆڤی کرێگرتە (کرێکار) لە ڕوانگەی پرۆسەی دیموکراتیکەوە بە بەشێک لە خەڵک دانراوە. ئەم دوو مەیدانە هەردووکیان، واتە پێکهاتەی حوکوومەت و پەیوەندیی عەمەلیی خەڵکی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیدا و ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەم دیموکراسییە توێژە جیا جیاکانی خەڵک دەگرێتەوە، مەیدانی سەرەکیی خەباتی سیاسی بوون و لە ئەنجامی ئەم خەباتەدا، سیمای عەمەلیی دیموکراسی لە خودی کۆمەڵگای ئەورووپا و ئەمەریکادا تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. بەڵام بە هەر حاڵ واقیعەتێکی بابەتی لە چەمکی دیموکراسیدا هەیە و ئەویش ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەیە کە تیایدا سەرچاوەی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ سەروو کۆمەڵگا، وە یان کەس نەزانێت لە کوێوە هاتبێت. لە ڕوانگەی دیموکراسی و بیرکردنەوەی دیموکراتیکەوە، نە تەنها زۆری شمشێر و بە میراتگرتنی خانەدانی و پێغەمبەرایەتی و ئیمامەتی و شتی وا لە باب و باپیرانەوە وەکوو سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی شتێکی ناڕەوایە، بەڵکوو دەسەڵاتێکش کە نەتوانرێ وەلا بنرێ بە شێوەیەکی گشتی تەنانەت ئەگەر خۆشی لە

سەرەتاوە لە هەڵبژاردنەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە نادیموکراتیک دەژمێردرێت. بە واتایەکی تر بیروباوەڕی دیموکراتیک و ڕژێمی دیموکراتیک، لە هەر شێوەیەکیدا بێت، دەسەڵاتی دەوڵەتی بەوە دادەنێ کە لە خەڵکەوە هەڵقوڵابێت، وەڵام بە خەڵکی بداتەوە و بە هەر شێوەیەک بێت لە توانادا بێت کە لە لایەن خەڵکەوە بگۆڕدرێت. جا ئەوەی کە ئەم بانگەشەیە لەم یان لەو ڕێبازی دیموکراسیدا و لەم یان لەو دەوڵەتدا چەندە پوچ وەیان واقیعییە مەسەلەیەکی ترە. هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی دیموکراسی بە هەر حاڵ خوازیاری جۆرێک لە پرسپێکردنی ڕای خەڵکە لە مەسەلەی دیاریکردنی دەوڵەتدا. دووەم و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دیموکراسی و دیموکراسیخوازی خۆی لە خۆیدا لەبەرامبەر پێکهاتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئابوورییەکاندا کوێرە. بە واتایەکی تر، هەلومەرجی ئابووریی مەوجود، دەوری دەوڵەت، جێوشوێنی مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی موڵکایەتیدا، دابەشبوونی خەڵکی بۆ توێژ و چینە جیاجیاکان و شتی لەم بابەتە، دامودەزگا سیاسی و ئیدارییە مەوجوودەکان، لە ڕوانگەی دیموکراسی و دیموکراتیزمەوە هەر ئەوەیە کە لە ئارادایە. بۆ نموونە تێکۆشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەرجی خاوەندارێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکە، بەڵام خودی خاوەندارێتی و پەیوەندی بەشە جیاجیاکانی خەڵک لە پەیوەند بە خاوەندارێتییەوە جێگەی پرسیار نییە. لە ڕوانگەی دیموکراتیکەوە دەکرێ خوازیاری ئەوە بیت کە ژنانیش لەو سوپا سەربازییەی ئەمەریکادا کە بۆ کەنداو نێردرا بەشداری بکەن و لە هەمان کاتدا هیچ هەقیشت بەسەر دەور و جێگای ئەم سوپا و ئەم ئۆپەراسیۆنەوە نەبێت، وە یان لەبەرامبەر ڕێکخراوی "سیا"دا نارەزایەتی دەربڕی، کە بۆچی بە ئەندازەی پێویست سووربپێستەکان لە ئۆرگانەکانی سەرەوەیدا نییە. دابەشکردنی خەڵکی بۆ شیعە و سوننی و دیان و پاشان بۆ نموونە، داواکردنی ئەوەی کە دەوڵەتێک لە لوبنان دامەزرێت کە ئەم "توێژانە" هەموویان تیایدا بەشدار بن، جا هەر چەندە مرۆڤەکان بکا بە گژی یەکتردا، بەڵام هەڵوێستێکی دیموکراتیکە. بۆ نموونە دیموکراسیی پیشەسازی، بەش بە حاڵی خۆی لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ یەکێتییە کرێکارییەکان داوای دەکات، دابەشبوونی خەڵکی بۆ کرێکار و خاوەنکار وەک پێشفەرزێک وەردەگرێت و لە سیستەمی خۆیدا وەک شتێکی ئەبەدی چاوی لێ دەکات.

بەم جۆرە ئەوە ئاشکرایە کە لەبەرچاونەگرتنی پەیوەندییە ئابووریەکان و دابەشبوونی خەڵکی بۆ چینە جیاجیاکان لە کۆمەڵدا، بەو مانایە نییە کە دیموکراسی تەنها لە چوارچێوەی سیاسیدا دەمێنێتەوە و دیموکراسیخوازی تەنها مەسەلەیەکی سیاسییە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەو مانایەیە، کە گشت بنەما ئابووریەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئێستا، واتە خاوەندارێتی بۆرژوایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەیەوە، لە لایەن ئەم بیروباوەڕ و ئەم بزووتنەوانەوە وەرگیراوە و بووەتە بنەمای کۆمەڵایەتیی دیموکراسی. دیموکراسی ڕژێمێکی سیاسی، وە یان داواکردنی ڕژێمێکی سیاسییە، لەسەر بنەمای ئابووری_ کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری. چ لە ڕووی تیۆرییەوە و چ لەڕووی واقیعییەتی مێژووییەوە، داواکردنی دیموکراسی بە مانای داواکردنی "سەرمایەداریی دیموکراتیک".

بە کورتی، ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا، بە فەرزوەرگرتن و لەسەر بناغەی لە ئارادابوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و باڵادەستیی ئابووری، سیاسی و فیکری چینی بۆرژوا، خوازیاری ئەوەیە کە پایەی فۆرماڵ و حوقووقیی دەسەڵاتی سیاسی بەشێکی هەرچی زیاتر لەو توێژ و بەشانە بگرێتەوە کە لەو کۆمەڵگایەدا هەیە. لەڕووی عەمەلییەوە دیموکراسی ئەو دەستەواژەیەیە کە توێژێک وەختێ بیەوێ نارەزایەتی دربڕێ بە مەحرومبوونی قانوونی، وە یان دوو لایەنەی خۆی لە مافی بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردانداا، بزووتنەوەی خۆی پێ ناو دەبات. بە ڕای من سیفەتی هاوبەش و گشتیی دیموکراسی لەمە زیاتر نییە.

دیموکراسی خۆی بۆ خۆی هەلومەرجێک یان ڕژێمێکی سیاسی و دەستوورێکی دیاریکراو و سنووردار بە تاکەکەسەوە نییە، بەڵکە بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشتگوێخراوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە ئەوانی تر هەیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا. هەروەها ناوەڕۆکی دیموکراسی و دیموکراتیزم سەرەنجام پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە چ توێژێکەوە لە چ کۆمەڵگایەک و لە چ هەلومەرجێکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆرژوازیی تایبەتی (خسووسی) لە کێشەی لەگەڵ بیرۆکراسیی ئیداری و پیشەسازیی دەوڵەتی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لە زمانی قسەکەرانییەوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، خوازیاری ئەوەیە کە بواری ئەوەی هەبێت

کە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکات و ناوی بزووتنەوەکەی خۆی چ لە ڕۆژئاوا و چ لە خودی ڕۆژهەڵاتدا ناو دەنێت دیموکراسیخوازی. ڕەشپێستی ئەفریقای باشووریش خوازیاری مافی بەشداریکردنی یەکسانە لە هەڵبژاردندا، ئەویش دیموکراسی دەوێت. وەلێ ئاسۆ و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازن.

ئینتەرناسیۆنالْ: ئێوە دەڵێن دیموکراسی دەستەواژەیەکە بۆ توێژێک کە دەیەوێ دەرگا داخراوەکانی دەسەڵات بە ڕووی خۆیدا بکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر، فراوانکردنەوە و پەرەپێدانی پایەی حقوقیی دەسەڵات و بەشداریکردنی توێژگەلێکی هەرچی زیاترە لە دەسەڵاتدا. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە وا دەکات، لە بیروڕای گشتیدا ڕەوایی بە دیموکراسی بدات و داواکاری لەسەر بێت، واتە ئازادیی فەردی و ئازادیی تاکەکەس لە دەخاڵەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا. بە ڕای ئێوە ئەمە هیچ کەمایەسییەکی تێدایە؟

مەنسوور حیکمەت: بەگشتیکردنی پایەی حقووقی و فۆرماڵیی دەسەڵاتی سیاسی، یانی ئەوەی کە من وتم لەگەڵ "بەشداریکردنی توێژگەلێکی هەرچی زیاتر لە دەسەڵاتدا"، وە یان "ئازادیی فەردی و ئازادیی تاکەکەس لە دەخاڵەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا" بە هیچ جۆرێک یەک شت نین. هەڵبەتە ئەوەی کە نە تەنها ڕەوایی بە دیموکراسی داوە، بەڵکوو کردوویەتی بە وشەیەکی پیرۆز لە فەرهەنگی سیاسیی خەڵکی و کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، هەر ئەوەیە کە فراوانکردنەوەی حوقووقی فۆرماڵیی ڕێگەدان بە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئازادیی تاکەکەس و لەگەڵ فەراهەمبوونی دەخاڵەتکردنی واقیعی هەر کەس لە کاروباری کۆمەڵدا، بە یەک شت دادەنێن. ئەمانە یەک شت نین. سەبارەت بەوەی کە دیموکراسی بەو شێوەیەی کە ئێوە پێناسەتان کرد، کە لە ڕاستیدا پێناسەی دیموکراسیی لیبراڵی بوو "چ کەمایەسییەکی هەیە" دواتر قسە دەکەم.

ئەو خاڵە سەرەکییەی کە من لە باسەکەمدا ئاماژەم پێ کرد، ئەوەبوو، کە دیموکراسی بە بێ پێشگر و پاشگر، شتێکی زیاتر لە فۆرموولاسیۆن و داواکارییەکی سیاسی لە چوارچێوەی سەرمایەداری، بۆ بەشداریکردنی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی حوقووقی پێکهاتنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە. دیموکراسی بەم مانایە تەنانەت هێشتا نیشاندەری نیزام و پەیڕەوێکی سیاسیی تایبەت بۆ کۆمەڵ نییە. هاوتای داواکردن یان دانی ئازادیی زیاتر بە تاکە کەس، یان بە "خەڵک" نییە. هەموو وڵاتانی

دنیا، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، بەدەر لەوەی کە مەودای ئازادییە مەدەنییەکان تیایاندا چەندە، خۆیان بە دیموکراتیک دەزانن، چونکە دەتوانن پرۆسەیەکی شکڵی و حوقووقی نیشان بدەن کە تیایدا "خەڵکی" لە دیاریکردنی دەوڵەتدا بەشداری دەکەن. بە پێی لێکدانەوەی دیموکراسی لیبراڵی، ژمارەیەکی زۆر لەم وڵاتانە، بۆ نموونە حوکوومەتە مەدەنی و پەرلەمانییەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا لە ئەمەریکای لاتین و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دیموکراتیک نین و نەبوون. بەپێی لێکدانەوەی دیموکراسیی خەڵکی، دیموکراسیی لیبراڵی خۆی دیموکراتیک نییە. بەڵام ئەمە جیاوازیی تێگەیشتنی لیبراڵی، جەنگی ساردیی، خەڵکی، ئانارشیستی، سۆسیال دیموکراتیک، تەکنۆکراتیک و ئەوانی تر لە دیموکراسی نیشان دەدات، نەک "واقیعی" نەبوونی دیموکراسی لەم یان لەو وڵاتدا.

وە سەرەنجام من جەختم لەسەر ئەوە کرد، کە ئێمە وەک سۆسیالیست پێش ئەوەی ئەم پێشگر و پاشگرانە بخەینە نێو باسەکەمانەوە، ناکۆکییەکی تەواومان لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە هاوبەشەی کە لە پشت هەموو ئەم تێگەیشتنانەوە حەشاردراوە هەیە، واتە قەبووڵکردنی ئەم بناغە ئابووریییەی کە لە ئارادایە و هێنانەخوارەوەی مەسەلەی ڕزگاریی سیاسی بە بەشداریکردنی تاکەکەس یان "توێژەکان" لە پرۆسەی شکڵی و حوقووقیی پێکهێنانی دەوڵەتدا. دیموکراسی لە شێوە تێڕوانینە جیاجیاکانی تا ئێستایدا، میکانیزمێکە (هەر وەکوو لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەی پێ دەکات، مەبەست لە دیموکراسیی جەنگی ساردیی دیموکراسیی ڕۆژئاواییە/ وەرگێڕ) بۆ ئەوەی حوکوومەتی چینایەتی و لە ناوەڕۆکدا سەروخەڵکیی بۆرژوازی وەک حوکوومەتێکی خەڵکی نیشان بدات و مەشروعییەتی پێ بدات.

وە بیرتانی دێنمەوە یەکەم، سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر حوکوومەتە ملهوڕەکان لە ئەوروپادا بە هیچ جۆرێک نەبووە هۆی ئەوەی کە تاکە کەس بتوانێ لە دیاریکردنی دەسەڵاتدا، بە هەمان مانای شکڵی فۆرماڵیش بەشداری بکات، تا دەیان ساڵ ئەو هاووڵاتییەی کە مافی هەڵبژاردنی هەبوو لە سیستەمە دیموکراسییەکانی ئەوروپادا پیاوی سپیپێستی "ئازاد" و خاوەن زەوی یان سەرمایە بوو. مافی دەنگدانی کرێکاران، ژنان، سوورپێستەکان و کەسانی لەم بابەتە، بەشێکی سەرەکی پێناسەی دیموکراسی پێک ناهێنن و لەگەڵیدا لەدایک نەبوون، بەڵکوو بەرەنجامی خەباتی حەقخوازانەی چین و توێژە جیاجیاکان بوو لەو کۆمەڵگا دیموکراتیکەدا کە لە ئارادا بووە. ئەو خەباتانەی

کە لەژێر ئاڵای فیکری و سیاسیی بزووتنەوەکانی تردا، وەک بزووتنەوەی سۆسیالیستی، بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، بزووتنەوەی دژی هەڵاواردنی نەژادی و میللی و شتی ترەوە، بە گشتی شێوەیەکی نادیموکراتیک و ناقانوونی چوونەتە پێشەوە. دووەم، دەستەواژەی دیموکراسی خۆی بە مانای تایبەتی وشەکە ڕێک وەکوو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی، مەرج نییە لەگەڵ پەرەسەندنی دادوەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی، وە یان تەنانەت ئازادیی فەردی زیاتردا هاوتا بێت. دیموکراسی، سەربەخۆیی و شتی لەم بابەتە، ئەو قاڵبە سیاسی و ئیداریە دیاریکراوانەن کە دەتوانن ناوەڕۆکی جیاجیا بگرنە خۆیان. ئەوە لە سەرەتاوە ئاشکرا نییە کە سەربەخۆیی بەنگلادیش یان لیتوانیا و تاژیکستان، وە یان باسک، هەر بە مانای پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی بووبێت، وە یان ببێت لەم وڵاتانەدا. ئەوە لە پێشدا ئاشکرا نییە کە کاتێک "خودی" کرواتەکان و سربەکان و بۆسنییەکان بە پێی ئەو نەخشانەی کە دیاریکراوە حوکوومەتی خۆیان دامەزرێنن، خەڵکانی مامناوەندی زیندەگییەکی باشتر، یان خراپتریان لەو جوگرافیایەدا کە پێشووتر نێوی یۆگۆسلاڤیا بوو دەبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە زۆر حاڵەتی مێژووی هاوچەرخدا، وە لەوانە هەر ئەم سەردەمەی خۆشمان، ئەو خەڵکەی کە پێشووتر نیمچەمانێکی هەبوو لەژێر ئاڵای سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و "حوکوومەتی خۆمان"دا لە دەستیان داوە. لە مەڕ دیموکراسیشەوە بە مانای تایبەتی وشەکە، واتە دیموکراسی بێ پێشگر و پاشگر، ئەم خاڵە هەر ڕاستە. ئەمڕۆ لە بەشی هەرە زۆری وڵاتە ئیسلامییەکاندا، هەر پەرلەمانێک زۆربەی خەڵک هەڵی بژاردبێ و هەر ڕێفراندۆمێکی جەماوەری، بە ئەگەرێکی یەکجار زۆرەوە، جێ و شوێنی ژن وەک هاوڵاتی پلە دوو، وە تەنانەت خراپتر لەویش، لە قانووندا جێگیر دەکات. ڕای گشتی و ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا، وە لە ڕاستیدا هەموو ئەورووپای دیموکراتیک، دەنگی بۆ لە شکرکێشی و مرۆڤکوژی لە کەنداو دا. نەوەت و چەند لە سەدی خەڵکی ئێران لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا، دەنگیان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا دا و لە جەزائیریش خەریک بوو هەمان شت ڕوو بدات، کە لە کاتی خۆیدا پێشیان پێ گرت. پەرلەمانە ئازادەکان لە ئەورووپا، وە هەر ڕێفراندۆمێکی جەماوەری لەم وڵاتانەدا، ئەمڕۆ بە ئاسایی دەنگ بە پێشێلکردنی مافی سەرەتایی خەڵکی جیهان لە گواستنەوەی شوێنیان و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە هەر شوێنێک کە

ئارەزوویان لێ بێت دەدات. ئەم جۆرە بڕیارانە لەگەڵ مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و حورمەتی مرۆییدا نایەتەوە، وەلێ لەگەڵ دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیدا دێتەوە. دیموکراسی قاڵبێکی حوقووقییە بۆ پرۆسەی بڕیاردان، نەک شێواز و و پێوەرێک بۆ ناوەڕۆکی خودی بڕیارەکان.

دیموکراسی خۆی لە خۆیدا بە مانای حوکوومەتی خەڵکە و هەر وەک وتم، ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر حوکوومەتە ئایینی و ئەرێستۆکراتی و پاشایەتی و دواکەوتووەکاندا سەری هەڵدا. ئەوەی کە کۆمەڵگایەک کە دیموکراسی تێیدا بەرقەرارە، چ تێڕوانینێکی بۆ ئازادیی تاکەکەس، دادوەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی مرۆڤەکان، مافی مرۆڤ و شتی لەم بابەتە هەیە، ئەوە مەسەلەی خودی دیموکراسی نییە، بەڵکە ئەم مەسەلەیە بە کێشمەکێشی نەریتە فیکری و سیاسییەکانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە لە کۆمەڵدا بەستراوەتەوە. بەشێکی زۆر لەو داواکارییانەی کە ئەمڕۆ دراونەتە پاڵ دیموکراسی، وەکوو سەروەریی یاسا، لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە مەدەنی و فەردی و گشتییەکان و شتی لەم بابەتە، خۆیان لە خۆیاندا هیچ پەیوەندییەکیان بە دیموکراسییەوە نییە، بەڵکوو کاریگەریی چەند مەیلێکی تایبەت و چەند نەریتێکی فیکری و سیاسیی تایبەت وەک، لیبراڵیزم یان سۆسیالیزمە.

ئینتەرناسیۆناڵ: ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە دیموکراسی خۆی چەمکێکی سەربەخۆی لە بواری ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان، وە یان حوکوومەتی خەڵکدا نییە؟

مەنسوور حیکمەت: مەسەلە ئەوەیە کە بە بێ ئەو بزاوت و ڕێبازەی خەریکە قسە لە دیموکراسی دەکات، ئێمە بۆچوونێکمان لەسەر دیموکراسی نییە. بنەما زێڕینەکانی دیموکراسی، سەربەخۆ لە ڕێبازە سیاسییەکان لە هیچ شوێنێکدا نەنووسراوە. لەسەر کاغەز، ڕوانگەی ڕێبازی لیبراڵیزم بۆ دیموکراسی، دەربڕینێکی باو و زاڵ بووە. دەڵێم لەسەر کاغەز، چونکە لە واقیعدا لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا، تا ئەم دواییەش، ژیانی بەشی هەرە زۆری خەڵکی گۆی زەوی بەکردەوە لەژێر کاریگەری دوو تێگەیشتنی تر لە دیموکراسیدا بوو، یەکێکیان، تێگەیشتنی جەنگی ساردیی "دیموکراسی ڕۆژئاوایی"، کە سەرەڕای خزمایەتی نزیکی لەگەڵ تێگەیشتنی لیبراڵیدا، بە هیچ جۆرێک نابێ بە هاوتای یەکیان بزانین و دووەم، تیگەیشتنی خەڵکیی "دیموکراسی خەڵک"، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە لێکدانەوەی جەماوەری فراوانتری خەڵکی وڵاتانی ژێردەستە و دواکەوتووی لە چەمکی دیموکراسی پێک دەهێنا. چەمکگەلی ئەم ڕێبازانە

لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی و مافە مەدەنییەکان و ئازادیی فەردییەوە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازییان هەیە. لە بەشی هەرە زۆری دەورانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە حاڵێکدا کە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی و دیموکراسیی خەڵک لەوپەڕی دنیادا لەسەر ئەوەی کە مانای عەمەلیی ئەم وشانە بۆ خەڵکی چییە، شمشێریان لە یەکدی ڕاست دەکردەوە، دیموکراسیی لیبراڵی لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا هەڵەکانی هەردوو لای لە دەفتەرەکانی خۆیدا تۆمار دەکرد.

ئەوەی کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە و هەر وەک وتم حوکمی سەربەخۆ و ناوەڕۆکی بابەتیی دیموکراسی پێک دەهێنێت، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و دامەزراندنی میکانیزمێکی حوقووقی بۆ بەشداریکردن (جا بە هەر پێناسەیەکەوە بێت) لە پرۆسەی دیاریکردن و ئاڵوگۆڕپێکردنی دەوڵەتدا بە بنچینەی خۆی دەزانێت. خودی دیموکراسییان بە حوکوومەتی زۆربە داناوە، نەک بە بەرقەرارکردنی کۆمەڵێ پێودانگ و بەها و مافی دیاریکراو. تێهەڵکێشانی ئەم پێودانگە تایبەتانە لەگەڵ چەمکی دیموکراسیدا، کاری ڕێباز و بزاڤە سیاسییە جیاجیاکان بووە. ئەم کارە لیبراڵیزم، سۆسیالیزم، کۆنسێرڤاتیزم، ئانارشیزم و ئەوانی تر هەموویان ئەنجامیان داوە. ئەوە گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی، وەک نیزامێک کە تیایدا دەخاڵەتی فەرد و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کاروباری دەوڵەتدا بە ڕەوا لە قەڵەم دراوە، هەلێکی زیاتر بۆ بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەرەخسێنێ، لە چاو شێوەکانی تری حوکوومەتە نادیموکراتییەکاندا، تاوەکوو مۆری خۆیان بە کۆمەڵگاوە بنێن و بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە تێبکۆشن کە گەرەکیانە بەدی بهێنن. وەلی ئەمە خۆی لە خۆیدا کاراکتەری کۆمەڵ پێناسە ناکات. مەرج نییە بەرەنجامی پرۆسەی دیموکراتیک بە مانای ئازادیی فەردی یان گشتیی زیاتر، یەکسانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی، پێشێل نەکردنی مافەکانی مرۆڤ و شتی تر بێت. ئازادییە سیاسییەکان و دادوەریی کۆمەڵایەتی، بەرەنجامی خودی پرۆسەی دیموکراتیک نییە، بەڵکە بەرەنجامی ئەو بزووتنەوە و هێزە کۆمەڵایەتییە ئازادیخواز و عەدالەتخوازانەیە کە بە درێژایی مێژوو توانیویانە، چ لە جەرگەی پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا و چ لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەدا، سەنگ و سووکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی خۆیان و ئامانجەکانیان بگۆڕن و بەشێک لەم ئامانجانە بکەن بە قانوون و عادەت. لە زۆر حاڵەتدا، هەر وەک لە ساڵانی

هەشتاکاندا بە پەرەسەندنی تاتشەریزم، بینیمان و ئەمڕۆش بە پەرەسەندنی هێزە فاشیستی و ڕاسیستییەکان لە مەیدانی سیاسەتی پەرلەمانی ئەورووپادا دەیبینین. خودی پرۆسەی دیموکراتیک، وە یان لانیکەم چەند شێوەیەکی دیاریکراوی ئەم پرۆسەیە، دەتوانێ ببێتە مایەی گەشە و تەنانەت بەهێزبوونی هێزە دژی مرۆیی و کۆنەپەرست و ملهوورەکانیش. ئەو تێڕوانینە زێڕینەی کە سەرمایەداری لە ئایدیۆلۆژیی فەرمی و لە پرۆپاگەندە سیاسییەکەیدا لەبارەی دیموکراسی دەیدات بە دەستەوە، تێڕوانینێک کە تیایدا فەرد ئازاد و سەرفرازە و هەروەها جۆرێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ زامنە، لێکدانەوەیەکە لەسەر بنەمای تێڕوانینی لیبراڵیزم (وە تا ڕادەیەک سۆسیال دیموکراتیش) بۆ دیموکراسی. بۆ کەسانێکی زۆر ئەم تێڕوانینە موجەڕەد و تیۆرییە لە دیموکراسی، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ژیانی چینی ناوەنجیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا، وە لەگەڵ ئەو شتەدا کە لەم وڵاتانە، دەمارگیری و داسەپاندنی بیروباوەڕ کە لەبەر هۆی جۆراوجۆر کەمتر لە ئارادایە، تێهەڵکێش دەکرێن و تێڕوانینێکی خەیاڵی لە دیموکراسی پێک دەهێنن. بۆ نموونە وەختێک ڕۆشنبیرێکی ئێرانی یان ڕووسی وە یان میسری و ... هتد. داوای دیموکراسی دەکات، ئەم وێنایەی دەوێ. بەڵام ئەمە پرۆپاگەندەی سەر سنوقەکەیە. دیارە ئەگەر تەنانەت ناوەڕۆکەکەشی هەر ئەو شتە بێت کە خۆیان نیشانی دەدەن، دیسانەوە ئێمە وەکوو کرێکار و وەکوو مارکسیست ڕەخنەی بنەڕەتیمان لێی هەیە. ئێمە ڕەخنەمان لە لیبراڵیزم و تێڕوانینی لیبراڵی بۆ ئازادی هەیە. دیموکراسیی لیبراڵی ئەندێشەی ئازادیی مرۆ دەشێوێنێ، دەستەواژەیەکە بۆ هەڵاواردنی مرۆڤەکان لە بەرامبەر سەرمایە لە مەیدانی سیاسیدا و بۆ ڕەواییدان بە دیکتاتۆریی سەروو خەڵکیی چینی سەرمایەدار. ئەمە لایەنێکی سەرەکیی باسەکەی ئێمەیە لەسەر دیموکراسی کە دەبێ بە شێوەیەکی سیستەماتیک بە کۆمەڵی ڕابگەیەنین. بەڵام ئەم تێڕوانینە لیبراڵییە نە تەنها لە نموونە هەناردەکراوەکانی دیموکراسیدا، بەڵکوو لە خودی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواشدا ئەوەندە لە ڕاستییەوە نزیک نییە. دیموکراسیی عەمەلی، دیموکراسی بەو شێوەیەی کە هەیە، تەنانەت لەو تێڕوانینە لیبراڵییەی پوچتر و ڕیاکارانەترە. لە زۆر حاڵەتدا، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە جەنگی سارد لەگەڵ بلۆکی بۆرژوایی ڕەقیبدا، وە یان لە جەنگی تەبلیغاتی لە دژی سۆسیالیستەکان و مارکسیزم لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، دیموکراسی بە شێوەیەکی فەرمی بە مانای

پیرۆزیی خاوەندارێتی تایبەتی و بازاڕ بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە یەکێک لە کۆڵەکەکانی تاتشەریزم، وێناکردنی ئۆرگانە کرێکارییەکان بوو وەک هۆکاری بەرتەسککەرەوەی دیموکراسی و ئازادیی فەردی (بۆ قەبووڵکردنی هەموو ئیشێک و هەموو هەلومەرجێک). چەندین جار ڕاپۆرت لەسەر بەکارهێنانی دەزگای ئەشکەنجە لە دامودەزگا پۆلیسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دراوە. بوونی کۆڕ و کۆمەڵی نافەرمی لە سەرووی دەوڵەت و لە سەرووی ئەنجوومەنەوە بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکانی وڵات، دادگا نهێنییەکان و دادگا شکڵییەکان، دەزگا و دامەزراوە نهێنی و چەکدارەکانی کۆنترۆڵکردنی خەڵک، ئاژانسەکان و ئەو ژۆرنالیزمەی کە هونەری تۆقاندن و وروژاندن و گێژکردنی لە ئەنجامی شۆڕش لە تەکنیک و فۆڕمدا بەوپەری گەیاندووە، دەستە و تاقمی گۆپاڵبەدەست و ڕاسترەو کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت و پەیوەندییان بە پۆلیسەوە هەیە و کاریان ملکەچ پێکردنی توێژە مەحرووومەکان و باڵی چەپە لە کۆمەڵدا، وە دەیان دەزگا و ڕێوڕەسمی تر ماف و ئازادیی فەردی و مافەکانی مرۆڤی لە خودی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا کردۆتە گاڵتەجاڕ. ئەو مرۆڤەی لەم وڵاتانەدا گوزەرانیان مام ناوەندییە، کە دیارە حاڵی لە خەڵکی باقیی وڵاتانی جیهان باشترە، بە شێوەیەکی دڵتەزێن بێماف، ترسێتراو و بێ دەخاڵەتە لە چارەنووسی خۆیدا.

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە چەمک و دەستەواژەکانی دیموکراسی لە بارەی مافی فەردی و مەدەنی و شتی ترەوە قسە بکەین، یان دەبێ بە دیاریکراوی دەربارەی ڕێبازە جیاجیاکان و تێگەیشتنە تایبەتەکانی ئەم ڕێبازانە لە دیموکراسی بدوێین و ئەمە لە بنچینەدا ئێمە دەباتە ناو باسی دیموکراسیی لیبراڵی و سیستەمی پەرلەمانییەوە، وە یان دەبێ دیموکراسی لە کارکردە دیاریکراوەکەی لە مێژووی هاوچەرخدا هەڵبەسەنگێنین. لە هەردوو حاڵەتەکەدا کەسێکی مارکسیست خۆی لە سەنگەری ڕەخنەگر لە دیموکراسی، چ وەک چەمکێک و چ وەک واقیعەتێک، دەبینێتەوە.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

ئینتەرناسیۆنال: لەڕووی تیۆرییەوە هەروەها بەپێی ئایدیاڵێک کە قسەکەرانی سەرمایەداری پەیوەندییە سیاسییەکانی لەم نیزامەدا پێ وەسف دەکەن، دیموکراسیی

لیبراڵی و سیستەمی پەرلەمانی جێگایەکی بنەڕەتییان هەیە. تایبەتمەندییەکانی دیموکراتی لیبراڵی لەم وێنا تەجرید و دەربڕینە فۆرماڵییەیدا کامانەن؟

مەنسوور حیکمەت: دیموکراتی لیبراڵی چەمکێکی (بە واتایەکی تر مۆدێلێکی) ئاوێتە و پێکەوە پەیوەستکراوە، پشتی بە دووپایەی جیاواز بەستووە: دیموکراتی، وەک حوکوومەتی خەڵک، یان حوکوومەتی زۆربە و لیبراڵیزم وەک زنجیرەیەک بیروباوەڕ و پێودانگ و ئەحکامی تایبەتی سەبارەت بە پەیوەندیی سیاسی و حوقووقی تاک و کۆمەڵ، تێگەیشتنی گشتی و هاکەزایی زۆربەی خەڵک لەم دەستەواژانە ئەوەیە، دیموکراتی وەک ڕژێمێکی سیاسی و لیبراڵیزم وەک زنجیرەیەک لە بایەخ و پێوەری سیاسی و مەدەنی، بەر و پشتی یەکترین، یەکەمیان فۆرم و دووەمیان ناوەڕۆکی نیزامێکی سیاسی پێشان دەدات، هەردووکیان لە یەکترەوە هەڵدەقوڵێن و لەم جۆرە شتانە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێوان ئەم دوو بەشەی دیموکراتی و لیبراڵیدا ناکۆکییەکی هەمیشەیی و لە دواشیکردنەوەدا ناسازگارییەکی تەواو هەیە، کە بەکردەوە سەرچاوەی زۆر کێشمەکێش و ناکۆکیی سیاسیی گرنگ لە کۆمەڵگای بۆرژوازی بووە و لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا.

دیموکراتی مانای ڕەسەنبوونی بڕیاری خەڵک، یان زۆربەیە (لێردا ئێمە هیچ کارێکمان بەسەر ڕاستیی ئەم مەسەلەیە لە جیهانی واقیعیدا نییە). هەر بڕیارێک کە زۆربەی خەڵک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا بۆ نموونە، لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە پەرلەماندا، پێی دەگەن، لە تێڕوانینی چەمکی دیموکراتییەوە ڕەوایەتی هەیە. لە کاتێکدا لیبراڵیزم کۆمەڵە بایەخێکی سیاسی و مەدەنی لەپێشەوە هەبووی هەیە، کە وەک مافی سروشتی، یان مافی مەدەنی قابیلی دەستکاری نەکردنی مرۆڤەکان سەیریان دەکات. بە واتایەکی تر لە تێڕوانینی لیبراڵیزمەوە بواری کارکردنی دیموکراتی و دەسەڵاتی خەڵک پێویستە کۆنترۆڵکراو و سنووردار بکرێتەوە. ئەو بڕیارە دیموکراتییەی کە مافە سروشتییەکانی جێمەبەستی لیبراڵیزم هەڵوەشێنێتەوە، یان لەکەداری بکات، لە تێڕوانینی ئەم ڕێبازەوە مەشروعییەت و ڕەسەنایەتی نییە. لیبراڵیزم وەک مەرجێکی جڵەوکەر و سنووردارکەری حوکوومەتی دیموکراتی کار دەکات، نەک وەک ناوەڕۆکی ئەو حوکوومەتە. بابەتی لیبراڵیزم، پێناسەکردنی مافە فەردییەکان و پاڕاستنیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتدار، دەوڵەت وە یان بە واتایەک "کۆمەڵگە"دا. لیبراڵیزم تەنها کاتێک پێشوازی لە حوکوومەتی پەرلەمانی، وە یان هەر چۆنێک بێت حوکوومەتی

هەڵبژێردراو دەکات، کە وەک جان ستیوارت میل دەڵێت: حوکوومەتی "خودی خەڵک" دەست نەبات بۆ مافە مەدەنییەکانی خەڵک. بە نیسبەت لیبراڵیزمی کلاسیکەوە، ئەم مافانە بنکارن و شێوازی حوکوومەت شتێکی لاوەکییە. بەڵام ئەم بۆچوونەی لیبراڵیزم چ لەڕووی تیۆری و چ لە دنیای واقیعدا، زۆر پشتی پێ نابەسترێت و دووپایەبوونی سیستەمەکە و نارۆشنی و ناکۆکییەکی دەروونی لە خودی تیۆری دیموکراتی لیبراڵدا دروست دەکات و لە ڕەوتی جووڵەی دیموکراتییە لیبراڵەکاندا کێشمەکێشی سیاسیی گرنگ دەنێتەوە. بێجگە لە بەریتانیا کە هیچ قانوونێکی بنەڕەتی (دەستوور)، وە یان بەیاننامەی مافە فەردی و مەدەنییەکانی نییە.

ئەگەر ورد بنەوە، دەبینن کە باقیی نیزامە پەرلەمانییەکان بە گشتی پشتیان بە قانوونێکی بنەڕەتی بەستووە، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شکڵگیری ئەم نیزامە لە هەر وڵاتێکدا نووسراوەتەوە و بڕیاری زۆرایەتیی ڕێژەیی نوێنەرانی پەرلەمان ناتوانێت دەسکاری بکات. هەر خودی هەبوونی قانوونی بنەڕەتی، ڕێک بەرتەسکییەکە خراوەتە بەردەم پرۆسەی دیموکراتی. ئەمە یانی ئەوەی کە ڕای ئەمڕۆی خەڵکی وڵاتێکی دەیان ملیۆنی بە بەراورد لەگەڵ بڕیارەکانی یەک سەدە پێش ئێستای پەرلەماندا، بە دەیەکی دانیشتوانی ئەمڕۆوە و بە هەبوونی مافی دەنگدانێکی یەکجار بەرتەسکتردەوە بۆ تاکەکان، بە لاوەکی سەیر دەکرێت. زۆربەی خەڵکی ئەم نەوەیە سەر بۆ بڕیارەکانی ژمارەیەکی چەند قات کەمتری خەڵکی چوار نەوە پێش ئێستا شۆڕ دەکەن. لە تێڕوانینی دیموکراتییەوە، ئەمە بە ڕێگری و بەرتەسکییەک دادەنرێت، بەڵام لە تێڕوانینی لیبراڵیزمەوە، کە ئەحکام و ئایدیاڵەکانی خۆی لە دڵی خەبات و تێکۆشانێکی گەرمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەدەکانی پێشوودا لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامە پەرلەمانییەکاندا چاندووە، ئەوە بە دەسکەوت و زامنی مانەوەی ئازادیی فەردی و مەدەنی لە دیموکراتییە پەرلەمانییەکاندا دادەنرێت. ئەم ناتەباییە لەناو دیموکراتیی لیبراڵیدا دەبینرێت، چ وەک چەمکێک و چ وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی.

ئینتەرناسیۆنال: بەم شێوەیە کام یەک لەم دوو پایەیە، لیبراڵیزم، یان بیرۆکەی حوکوومەتی زۆربە، بە سەرچاوە و زامنی بنەڕەتیی ئازادی لە دیموکراتی پەرلەمانیدا دادەنرێت؟

مەنسوور حیکمەت: هەردووکیان و هیچ کامیشیان. بەپێی تیۆری حوکوومەتی بۆرژوایی لە سەرمایەداریی نوێدا، هەردووکیان زامنی ئازادین. لەڕووی کاری

سیاسیی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەشییەوە، هیچ کامیان. لەڕووی تیۆرییەوە هەردوو پایەکە حەیاتین. دیکتاتۆرییەتێکی "خەڵکی و دڵسۆز" بە هەر ڕادەیەکیش پابەندی مافە فەردی و مەدەنییەکانی بێت، ناتوانێت بە ئازاد دابنرێت، چونکە ئەو مافە سەرەتاییەی کە بەپێی ئەو تاکەکەس بۆی هەیە لە مەسەلەی دەوڵەتدا بەشدار بێ. وە هەروەها پرانسیپی حوکوومەتی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵک پێشێل دەکات. وە ئەمە یەکەمین لافی تێڕوانینی دیموکراتییانەیە لە بارەی ئازادیی سیاسییەوە، کە دەسەڵات لە ڕژێمی دیموکراتیدا لەدەست خەڵکدا دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، هیچ شتێک ئەوە دەستەبەر ناکات کە زۆربەی خەڵک لە پرۆسەی دیموکراتیدا، کۆمەڵە بڕیارێک دەرناکەن دژی مافە سروشتی و سەرەتاییەکانی مرۆڤ بەو شێوەیەی کە لیبراڵیزم پێناسەیان دەکات. "ئیستیبدادی زۆرایەتی" چەمکێکە کە بانگبێژانی ڕێبازی لیبراڵی، وەک میل، لێی دەسڵەمێنەوە. هەر بۆیە لەڕووی تیۆرییەوە هەردووک ئەم بەشانە بۆ دیموکراتیی لیبراڵی حەیاتین و هەر وەک وتیشم ئایدیۆلۆژیی فەرمی، پێکەوە وەک بنەمای فیکریی سیستەمی سیاسیی سەرمایەداری ئەمڕۆ لە ئەورووپا و ئەمەریکا نیشانیان ئەدات. ئەو ڕاستییەی کە ئەمە ناکۆکییە، هەتا ئێستا لە تەبلیغاتی فەرمیی بۆرژوازیدا سەبارەت بە پایەکان و باشییەکانی نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ڕۆژئاوا هیچ گیروگرفتێکی پێک نەهێناوە. بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە بە قسەی بۆرژوازی، هیچ کام لەمانە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ ناکرێت، سەرچاوە و زامنی ئازادیی خەڵک بن. بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە حوکوومەتی چینایەتیی بۆرژوازی، یانی دیکتاتۆریی کەمایەتییەک، بە نێوی خەڵک و بە نێوی ئازادییەوە شەرعییەت پێ بدات. ئەگەر بێت و خەڵک بانگەشەی ئازادیخوازانەی هەریەکە لەم دوو بەشەیان لێ ببێت بە ڕاست، ئەو کاتە بۆرژوازی مانای ڕاستەقینەی ئەم دووانە لە ڕێگەی دەست بەسەرا گرتنیانەوە نیشان دەدات. لەم حاڵەتەدایە کە دووپایەییبوونی دیموکراتیی لیبراڵی خەسڵەتی عەمەلیی خۆی دەخاتە ڕوو. لە هەر جێیەک مەترسی ئەوە هەبووبێت کە خەڵک، یان نەوەیەکی ڕادیکاڵ، بۆ نموونە هەر ئەم پەرلەمانە نیوەناچڵە بۆرژواییە، سەنگەرێک بۆ بەدەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی خۆی دروست بکات، بۆرژوازی سنووردارییە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و پیرۆزیی ئەو ئەحکامە لەپێشەوەییانەی کە لەژێر ئاڵای مافە فەردی و مەدەنییەکاندا ئیمتیازاتی چینایەتیی بۆرژوازی دەپارێزن، وەبیر هێناوەتەوە. لە هەر جێیەکیش جەوی ڕاسترەوانەی کۆمەڵگا دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندبێت کە

پەرلەمان لە کۆنەپەرستانەترین باڵەکانی بۆرژوازی پڕ بێت، بچووکترین ئیمتیازیان بۆ ئازادییە مەدەنییەکان داناوە و لەژێر ناوی "ڕای خەڵک" و "حوکوومەتی خەڵک"دا سەرەتاییترین مافە سەلمێنراوەکانی ملیۆنەها مرۆڤیان پێشێل کردووە. گرنگی و خەسڵەتی دیموکراتی و لیبراڵیزم لە کارکردنی عەمەلیی حوکوومەتی بۆرژوازیدا لە ناوەرۆکی ئازادیخوازانەی ئەم چەمکانەدا نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لە جوودایی ئەم چەمکانە لە ئازادیی ڕاستەقینە و لە ڕێژەییبوون و چینایەتیبوونی تێگەیشتنی هەردووکیاندایە سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی.

ئینتەرناسیۆنالْ: ئەحکامە پایەییەکانی لیبراڵیزم و ئەو مافە "سروشتی"یانەی ئەم ڕێبازە مەبەستێتی بەگشتی کامانەن؟ بە چ شێوەیەک لیبراڵیزم لە پشت پێناسەکردنی ئەم مافانەوە پارێزگاری لە ئیعتیباری بۆرژوازی دەکات؟

مەنسوور حیکمەت: بەشێک لەم ئەحکامانە هەر ئەوانەن کە ئەمڕۆ وەک مافە سەلمێنراوەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان باس دەکرێن. ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، ئازادیی کۆبوونەوە و ڕێکخراوبوون و لیستێک لە ئازادییە فەردییەکان، ئەو کۆمەڵە ئەحکامە بنچینەییەی لیبراڵیزمی کلاسیکن. پێویستە وەبیری بێنینەوە کە من لێرەدا قسە لە لیبراڵیزمی کلاسیک وەک ڕێباز "قوتابخانە"یەک دەکەم. لیبراڵەکان و حیزبە لیبراڵییەکان کە لەوانەیە بە قەدەر نووکە دەرزییەک بەرامبەر هیچ کامیان وەفدار نەبن.

لیبراڵیزم و ئەو داواکاری و مەسەلانەی کە دەدرێنە پاڵی، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی بۆرژوازیی ڕوو لە گەشەی ئەوسادا، دژی کۆت و بەندەکانی فیۆداڵی و پێودانگەکانی پاشایەتییە ڕەهاکان بوون و هاتنەسەرکاری ئەم مافانە و تەنانەت لەسەرکاربوونی نیوەناچڵ و ڕووکەشانەشیان وەک مافە سروشتییەکان لە کۆمەڵگادا، بە پێشکەوتنێکی بنەڕەتی لەچاو بار و دۆخی کۆندا دادەنرێت.

بەڵام مەسەلەکە، نە هەر بەوەندە دەبڕێتەوە و نە ئەم جۆرە مافانەش کرۆکی ئەسڵیی لیبراڵیزم پێک دێنن. ئەو ئازادییانەی کە ڕێبازی لیبراڵی لە مەیدانی سیاسەت و دەوڵەتدا مەبەستییەتی، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوە و لێ وەرگیراوی کۆمەڵە بنەمایەکە، کە ئەم ڕێبازە لە زەمینەی ئابووری و چینایەتیدا نیشانی دەدات. لیبراڵیزم وەک ئایدیۆلۆژیی سەرمایەداری و ڕەسەنێتی بازاڕ لەبەرامبەر سیستەمی ئابووریی دەرەبەگایەتیدا هاتە مەیدان. بەپیرۆزڕاگرتنی خاوەندارێتیی تایبەتیی بۆرژوایی، ئازادیی

تاک، وەک ڕەنگدانەوەی مرۆڤییانەی خاوەندارێتیی تایبەتی و یەکەیەکی ئابووری، لە گۆڕەپانی هەڵسوکەوتی ئابووری لە بازاڕدا، بنەمای لیبراڵیزم پێک دێنێت. لایەنگری لە ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان لە تیۆری سیاسیی لیبراڵیزمدا، ڕەنگدانەوەی بەرگریی ئەم ڕێبازەیە لە ئازادیی هەڵسووڕانی ئابووری و سیاسیی کەسی بۆرژوا لە جیهانی واقیعی بازاڕدا. ڕۆشنە کە ئەم بنەما بەئاشکرا چینایەتییە، کە بە ئاشکرا بەرگری لە ئابووریی سیاسیی سەرمایەداری دەکات، نەک تەنها هەر مەودای لایەنگری ئەم ڕەوتە لە ئازادی و مافە سیاسییەکان سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵکوو مانا و لێکدانەوەیەکی تایبەتیش بە پێناسەیەک دەبەخشێت، کە لە بارەی ئازادییە سیاسییەکانەوە دەدرێت. ئەوەی کە لەنێو تەواوی ئەحکامەکانی لیبراڵیزمدا پیرۆزە و دەستکاری نەکراوە، ئەوەی کە لێکدانەوە و باسکردن هەڵناگرێت، خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوازییە. پیرۆزترین و "سروشتیترین" مافی تاک لای لیبراڵیزم، مافی خاوەندارێتییە. کاتێک بیری لێ بکەیتەوە، خاوەندارێتییەک کە بەم شێوەیە پیرۆز سەیر دەکرێت، لە لایەکەوە لەسەر ڕەخنەلێگرتن و ڕەتکردنەوەی شێوەیەکی تری خاوەندارێتی، یانی خاوەندارێتیی خانەدانی و دەرەبەگایەتی دامەزراوە و لە ڕوویەکی ترەوە پەیوەندە بە هەبوونی چینێکی مەزن، کە خاوەندارێتی لەو کۆمەڵگایەدا کە لیبراڵیزم مەبەستێتی لەدەست داوە، ئەوسا ڕۆشن دەبێتەوە کە چۆن مەبەستی ئەم ڕێبازە لە ڕاستیدا بیانووهێنانەوە و بەپیرۆز سەیرکردنی جێگا و دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەدەستەوەدانی سەرخانێکی سیاسیی گونجاو بۆ سەرمایەدارییە. ڕۆشن دەبێتەوە کە چۆن ئەو "کۆمەڵگا مەدەنی"یەی کە لیبراڵیزم بەرگری لێ دەکات، جگە لە ڕەنگدانەوەی حوقووقییانەی بازاڕ و مافە "سروشتی"یەکانی جێمەبەستی لیبراڵیزم شتێکی دیکە نییە. مافە بۆرژواییەکانی تاک لە دواشیکردنەوەدا ئیمتیازاتی تاکی بۆرژوازییە. لیبراڵیزم لە ئەسڵە سەرەتایی و ئینگلیزییەکاندا، پشتی بە شتێک بەستووە کە بە زاراوە و بە لێکدانەوەیەکی میکانیکییانە، پێی دەوترێت "ئازادیی سیلمی"، یانی ئازادی لەو ڕێگر و کۆتە (لەوانە، قانوونەکان و بڕیارنامەکان) دەرەکییانەی کە دەتوانێت ڕێگە لە هەڵسوکەوتی ئازادانەی فەرد بگرێت. لیبراڵیزم خاڵی دەستپێکردنی خۆی بە پارێزگاریکردنی هەڵسوکەوت و ئازادیی هەڵسووڕانی فەردی لەبەرامبەر دەستدرێژی دەسەڵاتداران و دەوڵەت و "کۆمەڵگا"دا پێناسە دەکات. لەم ڕێڕەوەدایە کە ئازادییە فەردی و مافە مەدەنییەکانی مانایەکی نوێ و سەیر و سەمەرە پەیدا دەکەن.

ڕەسەنێتی فەرد و ئازادیی فەردی بۆ چینی بۆرژوا، بە نەبوونی کۆمەڵە قانوون و دامەزراوێک گوزارشتی لێ دەکرێت، کە ڕێگری ئازادیی هەڵسووڕانی سەرمایە و فەردی سەرمایەدار لە بواری ئابووریدا بن. لە لایەکی ترەوە، لەبەرامبەر چینی کرێکاردا، کە هیچ باسێک لە خاوەنداریتی و زاڵبوونی فەرد بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا لە گۆڕێدا نییە، ڕەسەنێتیی فەردیی کرێکار بە شێوەی زەروورەتی تاکخستنەوە و بەتەنیاکەوتنەوەی فەردی کرێکار لەبەرامبەر سەرمایەدا پێناسە دەکرێت. لیبراڵیزمی کلاسیک لە پەیوەند بە سەرمایەوە، تایبەتیگەرا و دژی دەستتێوەردانی دەوڵەتە لە ئابووریدا. دژی وابەستەکردنی سەرمایەی تایبەتی و فەردیی بۆرژوازی بۆ جۆرە قانوون و بڕیار و مەدارێکی سەروو قانوونەکانی بازاڕەوەیە. لەڕوویەکی ترەوە لەبەرامبەر کرێکاراندا، لیبراڵیزم دژی دەرکەوتنی بەکۆمەڵیان و دژی وابەستەبوونی فەردی کرێکارە بۆ سیاسەتی سەندیکا و ڕێکخراوەی کرێکاری. من و تۆ لەوانەیە پێمان وابێ، بوونی سەندیکا ڕێگا بۆ بەدیهاتنی هەندێ لە مافە "سروشتی" و مەدەنییەکانی کرێکاران خۆش دەکات. بەڵام لیبراڵیزمی کلاسیک ئەمە بە ڕەتکردنەوەی ئازادیی فەردیی کرێکار لە شێوەی فرۆشتن و کەڵکوەرگرتن لە هێزی کارەکەی دەزانێت. ئەم ڕووە یەکجار کۆنەپەرستەی لیبراڵیزم و ئەم لێکدانەوە ڕاستڕەوانەیە لەمەڕ ئازادیی فەردییەوە، کە لەژێر ناوی نرخدانان بۆ ئیرادەی فەرد و هەوڵ و داهێنانی فەردیدا، تەبلیغ بۆ لێپرسراوێتی ڕەهای هەر فەردە لەبەرامبەر بەش و چارەنووسی لە دنیادا و هەروەها بۆ ڕزگاربوونیشی بە هەوڵ و تەقەلای فەردیی خۆی دەکات، لە ڕێبازی لیبرتاریانیزم، کە بەهۆی تاتشەریزم و تێکەڵکردنی ڕێبازی ئابووری "مانتاریزم"ەوە بوو بە مەیلێکی زاڵ لە دەیەی هەشتاکاندا، دەگاتە ئەو پەڕی. لیبراڵە بەناو شارستانیتر و ئینسانترەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا کە باڵی ناوەندی سیاسەتی ئەم وڵاتانە پێک دەهێنن، ئەوانەی کە بە ڕادەیەک لەژێر گوشاری سۆسیالیزم و سۆسیال دیموکراتیدان، کە کۆمەڵە نەریتێکی بنەڕەتی ئەورووپا لەبەرامبەر بەریتانیادا بوون، بەڵێ لەژێر ئەم گوشارەدا زۆر بە شێوەیەکی توندڕەوانە دوای دەستەواژەی ئازادیی مەنفی ناکەون. لەم ڕێبازانەی تردا، ئازادی نەک تەنها مانای نەبوونی ڕێگریی دەرەکی و بڕیار و مەداری دەستوپێگرن، بەڵکوو پەیوەندی بە هەبوونی هەلومەرجی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ هەڵبژاردنی فەردیی هەیە. هەموومان لەم دنیایەدا مۆڵەتمان هەیە زۆر کار ئەنجام بدەین کە هەرگیز

دەرفەتی ماددی، وە یان پێناسە و زانیاری تەواومان بۆ ئەنجامدانیان چنگ ناکەوێت. ئەم ڕووەی دەستەواژەی ئازادی، کە بە "ئازادیی پۆزەتیڤ" ناو دەبرێت، یانی بەهرەمەندبوون لە پێداویستیی هەڵبژاردنی ئازادانەدا، بەشێک نییە لە سیستەمی فیکریی لیبراڵیزم و لەبنەڕەتدا میراتی نەریتە سۆسیالیستی و کۆمەڵگەخوازەکانە. گەشە و سەرهەڵدانی سۆسیال دیموکراتی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە ڕادەیەک ئەم لایەنەیان لە فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوادا بۆ ماوەیەک بەهێز کرد. ئەمە وا نیاز بوو ببێتە بنەمای سەرمایەدارییەکی "بەڕەنگ و بۆی مرۆیی". لەوانەیە بۆ زۆرێک لە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، ئەمە ئەو "ڕەنگ و بۆ"یە بێت کە نیزامی سیاسیی ئەورووپای ڕۆژئاوا و لێرەشەوە دەستەواژەی دیموکراتی کە خۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم "ڕەنگ و بۆ مرۆیی"یەوە نییە، لە لایان دەبێتە شتێکی سەرنجڕاکێش. ڕێبازی لیبرتاریانیزم بە ڕابەرایەتیی ڕەوتی تاتشەر، لەسەر پایەی گیروگرفتە ئابوورییەکانی سەرمایەداری ڕیفاه لە دەیەی هەشتاکاندا، ڕێک بە پشتبەستن بە دەستەواژەی "حوکوومەتی خەڵک" و بە وەرگرتنی ڕای خەڵک، پایەی ئەم سیستەمەی هێنایە لەرزە.

ئینتەرناسیۆنالْ: ئایا بەم جۆرە ناتوانین بڵێین کە دەستەواژەی ئازادیی پۆزەتیڤ، کە وا دێتە بەرچاو جێ بۆ دەرفەتی یەکسانی تاکەکان و لێپرسراوێتی کۆمەڵگا و هۆشیاری دەکاتەوە، خاڵی دەستپێکردنێکی چاکترە بۆ پێناسەی ئازادیی سیاسی؟

مەنسوور حیکمەت: هەر وەک پێشتر وتم، بەڕای من خودی ئەم جیاکردنەوەیە وەک پێناسەیەکی پایەیی لە ناساندنی دەستەواژەی ئازادیدا بایەخێکی ئەوتۆی نییە. لە دواقسەدا و هەر وەک لە هەڵسوکەوتی سیاسیی کۆمەڵگای تا ئێستادا بینراوە، نەریتی لیبراڵیزمی ئینگلیزی و نەریتی سۆسیال دیموکراتیی ئەورووپا هەردووکیان نیشانیان داوە کە بەقەدەر یەکتر دەتوانن ئازادیی واقیعیی مرۆڤەکان بە لاڕێدا بەرن، وەکیەک دەتوانن لەژێر ناوی دامەزراندنی نیزامێکی سیاسی ئازاددا ملکەچییەکی پایەییتری چینایەتی و بێمافییەکی سیاسیی ئاشکرا لە ئاستی گشتیدا ساز بکەن. ئازادیی پۆزەتیڤ و سیلمی هەردووکیان لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی بۆرژواییانە بۆ مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤ و لەسەر پایەی کۆمەڵگایەکی دابەشکراو بۆ چینەکان پێناسە دەکرێن. نەبوونی ڕێگری سیاسی و حوقووقی لەبەردەم پیادەکردنی ئیرادەی ئازادانەی فەرددا، کاتێک کە ئابووریی سیاسیی کۆمەڵگە پێشتر مرۆڤەکانی بە دوو چینی دەسەڵاتدار و

ژێردەست گۆڕیوە، هیچ مانایەکی نییە جگە لە دەستئاوەڵابوونی چینی دەسەڵاتدار لە هەڵسوکەوت لە دژی چینی کرێکار و بەتاککەوتنەوە و دەستوپێگرتنی تەواوی تاکەکانی چینی ژێردەست لەبەرامبەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نەبێت، کە گۆڕینیان وای پێ دەچێت، لە سنووری توانای ئەوان بەدەر بێت. هەر بۆیە ئازادیی سیلمیی لیبراڵیزم، هەر ڕۆڵێکیشی لەبەرامبەر ڕژێمە پاشایەتییە ڕەهاکانی سەدەکانی پێشوودا گێڕا بێت، لە دنیای ئەمڕۆدا بە هەر پێودانگێکی ئازادیخوازانەی ڕاستەقینە سەیر بکرێ، دەستەواژەیەکی بێبایەخ و لەکەدارە. "ئازادی پۆزەتیڤ" لە ڕوویەکی ترەوە، وا پێویست دەکات کە دەزگا و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییانە کە زەروورن دیاری بکات، تاوەکوو مرۆڤ شانسی هەڵبژاردنی ئازادانەی لە مەیدانی سیاسی و مەدەنیدا هەبێت. چ پلەیەک خوێندەواری و چ جۆرە خوێندەوارییەک پێویستە، تا مرۆڤ بتوانێت لە هەڵبژاردنێکدا بڕیارێکی تەواو ئازادانەی خۆی بدات؟ چ ڕادەیەک زانیاری و چ جۆرە زانیارییەک پێویستە تا مرۆڤ بشێت، بڕیاری ئەوە بدات کە لەبەرامبەر فلانە سیاسەتی دەوڵەتدا، هەر لە ڕاگەیاندنی جەنگەوە تا سیاسەتە ماڵییەکەی، کام هەڵوێست وەربگرێت؟ پانی و درێژی ئەو خانووەی کە بەکەڵکی ئەوە بێت، مرۆڤ تیایدا مافی "سروشتی" خۆی لە هەبوونی جێگایەکی تایبەتیی ئەمیندا پیادە بکات، چەند و چییە؟ مرۆڤ پێویستە لە ڕۆژێکدا چەند کار بکات، بێ ئەوەی مافی سروشتیی لە گەیشتن بە پێداویستییە مەعنەوی و عاتیفییەکانیدا لەکەدار بێت؟ دەستەواژەی ئازادیی پۆزەتیڤ و سۆسیالیزمی بۆرژوایی عادەتەن دەوڵەتی وەک لێپرسراوی دابینکردنی ئەم لانیکەمانە و لێرەشەوە سەرچاوەی دیاریکردنی بڕ و ڕادەیان لەبەرچاو گرتووە. بەڵام لەبیرتان نەچێت کە کۆمەڵگا هەر ئێستا چینایەتییە و دەوڵەت بۆرژواییە. لەبەر ئەوەی پوختەی مەسەلەکان ئەوەیە کە تەواوی ڕێگرییە بۆرژواییەکانی سەر ڕێگەیی ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەم جارە لە لایەن دەزگای دەوڵەتەوە پیادە دەکرێت، نەک لە لایەن قانوونە کوێرەکانی بازاڕەوە. لەژێر پەردەی پاڕاستنی تاک لەو بێمافییانەی کە کارکردی خۆبەخۆی سەرمایەداری و بازاڕن، بە شێوەیەکی فەرمی جۆری بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە لایەن دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای بۆرژواییەوە لەقاڵب دەدرێن.

هەروەها ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە چۆن، بەتایبەتی لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ئینفۆرماتیک و ئەلیکترۆنی ئەم چەند دەیەی دوایی، دەزگا گشتییەکان و ژۆرنالیزمی

فەرمی ئەرکی گێژ و وڕکردنی جەماوەریان، کە پێشتر کاری کڵێسا و سوپا و پۆلیس بوو، بەشێوەی مۆدێرنتر و "بەبێ دەستتێوەردان" گرتۆتە ئەستۆ. لەژێر ناوی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە پێویستەکانی بڕیاردانی ئازادانە و ڕاستەقینە کە مەرجێکی پێناسەکردنی ئازادیی پۆزەتیڤە، بە فەرمی زانیارییە درۆیینەکانیان کردۆتە بەشێکی جیانەبووەوەی ژیانی جەماوەر. شاشەی تەلەفیزیۆنەکانتان چەندە گەورەتر بێت، توانا و ئیرادەی سیاسیتان بە هەمان ڕادە بێناوەڕۆکتر و درۆیینەتر دەبێت. ئاکامی عەمەلیی ئەم ڕێبازانە لەبەرامبەر مەسەلەی ئازادیدا لە مۆدێلی لیبراڵی پوخت کەمترسناکتر نییە. لەو وڵاتانەدا کە سۆسیالیزم لە شێوەی جۆراوجۆردا دەستی باڵای هەبووە، وەک سۆڤێتی پێشوو، یان ئەوروپای باکوور تاکەکەس تەئمینتر و ئاسوودەترە، بەڵام بە هەمان ڕادە بە دەوڵەتی بۆرژواییەوە وابەستەترە و لە ژیانی خۆیدا زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. دەستئاوەڵایی حوقووقییانەی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەستبردن بۆ هاوکێشە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ژیانی جەماوەر فراوانترە. دەوڵەت پەیوەندییەکی سەرپەرشتکەرانە لەگەڵ جەماوەری کارگەری کۆمەڵگادا دادەنێت، کە دەرفەتی ئەوەی دەداتێ بە ڕادەیەکی زۆر هەڵسوکەوتیان لە خەباتی چینایەتیدا بەرتەسک بکاتەوە. لەم کۆمەڵگایانەدا تاکەکەس بێ شەخسییەتتر و لەقاڵبدراوترە. لەبەرامبەر کۆمەڵە "ڕاستی"یەکدا کە لەسەرەوە دەردەچن، لەوانە جۆری ژیانێک کە بەناوییەوە مۆر دەکرێت، ئەو سیناریۆ ئابووری و سیاسییانەی کە بەسەریدا دەسەپێنرێت، بەتەواوەتی بێ دەسەڵات و بێ چارەیە. لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگا چینایەتییە، دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتدار بۆرژوازین و هۆکاری فەرمانڕەوایی ئەون، ڕێبازە بۆرژواییەکان هەر پێناسەیەک سەبارەت بە ئازادی بەدەستەوە بدەن، بەشێکە لە میکانیزم و دامودەزگای بەرتەسککردنەوەی ئازادیی جەماوەریی کرێکار لە کۆمەڵگادا. ناکرێت چینی دەسەڵاتدار هەبێت و ئازادیی سیاسی واقیعیش هەبێت. کۆمەڵگای چینایەتی ناتوانێت کۆمەڵگایەکی ئازاد بێت. گومانی تێدا نییە کە لە ڕژێمە پەرلەمانییەکاندا تاکەکەس بەرەوڕووی کۆمەڵە هەڵبژاردنێکی سیاسی دەبێتەوە و سەرپشکە بەم یان بەو شێوەیە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا بەشداری بکات. گومان لەوەشدا نییە کە تاکەکەس سەرپشکە لەوەی چوارچێوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە دەخرێنە بەردەمی، ئازادانە کامیانی لا پەسەندە هەڵیژێرێت. گیروگرفتەکە لێرەدایە کە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا خودی ئەو کۆمەڵە هەڵبژاردنە سیاسییەی دەخرێتە بەردەم

مرۆڤ و ئەو ڕێگایانەی نیشانی دەدرێت بۆ بەشداریی سیاسی، لەچاو ئازادیی واقیعی مرۆڤدا، ساختە و ئاوەژوون. سەرەتا من و تۆ وەک سرب و کروات، عەرەب و کورد، موسڵمان و دیان، سپی و ڕەشپێست، ژن و پیاو، لەسەرکار و بێکار و لەم جۆرە شتانە پێناسە دەکەن، سەرەتا هۆشیاری و ناسنامەی هەریەکەمان وەک ئەندامی تیرەیەک، نەژادێک، ئایین و وڵاتێکی دیاریکراو یان ئەندامی دەستەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو پێناسە دەکەن، دواتر لەبەردەمماندا، واتە لەبەردەم ئەم مەخلوقاتە زمانبەستراوی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتداردا، ئەو ڕێگا "ئازاد"انەیە دادەنێن کە ئایا وەک ژمارەیەک مرۆڤی مێشک وشک و ترسێندراو لەگەڵ میللەت و ڕەگەزی پەنادەستی خۆماندا خوێنەخۆری یەکتر دەبین، یان تەنها ململانێی ئابووری دەکەین؟ سەرەتا بەهۆی دەزگا بڵاوکەرەوە و ڕاگەیاندنە بیروباوەڕ دروستکەرەکانی چینی دەسەڵاتدارەوە، گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا بەپێش پەرلەمانی حیزبە چەپ و ڕاستەکانی بۆرژوازی دەتەنن و دواتر داوامان لێ دەکەن، ئەویش زۆر بەپێداگرتنەوە نا، کە هەر چەند بەیانییەک دەنگ بۆ یەکێکیان بدەین. بێگومان ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لیتوانیا، ڕێفراندۆمی ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنی پەیمانی ماستریخت، هەڵبژاردنەکانی جەزائیر و ... هتد. نیشانەی هەبوونی دیموکراسی و ئیرادەی فەردییە، بەڵام هەر خودی ئەو ڕێگایانەی کە دەیخەنە بەردەم جەماوەر کۆیلەیی هێنەرە.

بە تێڕوانینی من، مەرجی پێویستی ئازادی، شۆڕشکردن لە دژی ڕامکردنی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتییە. کۆمەڵگای نایەکسان، کۆمەڵگایەک کە نایەکسانیی وەک سیفەتێکی بنەڕەتی خۆی هەمیشە بەرهەم دێنێتەوە، ناتوانێت جێگەی ئازادی و ئیرادەی مرۆڤ بێت. دیموکراسیی لیبراڵی و ڕژێمی پەرلەمانی، بە هەر چەمکێکی ئازادیشەوە کە پاڵپشتی فیکری بێت، نیزامێکی سیاسییە و بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگایە و بۆ هەڵاواردنێکە کە بنەماکەی پێک دەهێنێت.

ئینتەرناسیۆناڵ: پێشتر باسی دەستەواژەی دیموکراسیی ڕۆژئاوات کرد و وتت کە پێویستە جیاوازییەکانی ئەم چەمکە لەگەڵ دیموکراتیدا بناسین. دەکرێت لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدەیت.

مەنسوور حیکمەت: بەپێچەوانەوەی دیموکراتیی لیبراڵی یان لیبراڵیزم و پەرلەمانتاریزم و هتد. "دیموکراتیی ڕۆژئاوا" دەستەواژەیەکە هیچ سەرچاوەیەکی فەلسەفی و تیۆری نییە، ئەم چەمکە لە مێژووی هاوچەرخدا بەرهەمی ململانێیەکی سیاسیی دیاریکراوە،

یانی ململانێی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و هەبوونی جەنگی سارد لە نێوانیاندا. چەمکی دیموکراتیی ڕۆژئاوا بە پلەی یەکەم مەبەست لە بلۆکێکی سیاسییە، نەک ڕژێمێکی سیاسی. ئەم دەستەواژەیە زۆرتر مەکینەی ئایدیۆلۆژیی ڕۆژئاوا و زیاتر سیاسییەکان، لە ململانێ دژی ڕۆژهەڵات و سیستەمی ئابووری و سیاسی دەسەڵاتدار لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا بەکاریان دەهێنا. سەرەتا ئەوە بڵێم کە لەم ساڵەی دواییدا بە چوونەسەری پەتای ناسنامەی ڕۆژئاوایی و ئەورووپی و بەتایبەتی بەدارمانی ڕۆژهەڵات، دەستەواژەی دیموکراسیی ڕۆژئاوا بە ڕادەیەکی زۆر لەڕووی ناوەڕۆکەوە وردتر بۆتەوە. پێشتر وابەستەبوونی وڵاتێک بە ئۆردووگای دیموکراتی ڕۆژئاواوە، کە پێی دەوترا جیهانی ئازاد، کە مەرج نەبوو ئەو وڵاتە هەر لە ئەورووپا و ئەمەریکاشدا بێت، یان هەر پەرلەمان و حوکوومەتی قانوونیشی هەبێت، بەڵکوو تەنها وابەستەبوون بە ئۆردووگای ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی لێڵ و نارۆشنیش بەس بوو بۆ ئەوەی ئەم ناوە لە وڵاتێک بنرێت. دیموکراسیی ڕۆژئاوا پراکتیکێکی سیاسی دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو دەرخستنی لایەنگری بوو بۆ زنجیرەیەک پێوەر و کۆمەڵێک بایەخی سەرەکیی سیاسی و فەرهەنگی، لەویش گرنگتر ئابووری، کە ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا مەشخەڵ و بەرگریکەری بنەڕەتییان بوون. هەر بۆیە تەوەرەی بنەڕەتی ئەم چەمکە پیرۆزڕاگرتنی خاوەندارێتیی تایبەتی و وابەستەیی بە یەکێک لە پەیمانە سەربازییەکانی سەربە ئەمەریکاوە بوو. ڕۆشنە کە مۆدێلە سیاسییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا، پەرلەمانی بوون و لەژێر کاریگەری لیبراڵیزمدا بوون. بەڵام ناکرێت هەر وا بە ئاسانی هەمان شت سەبارەت بە ئیسرائیل، ئێرانی سەردەمی شا، فیلیپین، ژاپۆن، شیلی، یۆنان، تورکیا و ئەم جۆرە دەوڵەتانە، یانی ئەندامە فەخری و یەدەکەکانی دنیای دیموکراتیی ڕۆژئاوا بووبێت. بە کورتی قسەکەم ئەوەیە، کە دەستەواژەی دیموکراتیی ڕۆژئاوایی زیاتر هۆکارێک بوو لە ملاملانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی نێوان دوو بلۆکەکەدا، نەک چەمکێک لە مەیدانی حوقووق و تیۆری سیاسیدا.

بەڵام وەک وتم، ئەم چەمکە خەریکە ئەمڕۆ ناوەڕۆکێکی بەڕادەیەک تیۆریتر پەیدا دەکات. بێگومان تا ئێستاش ئەم دەستەواژەیە پێش ئەوەی کۆمەڵە شێواز و دامەزراوە و پێکهاتوویەکی سیاسی بگرێتەوە، مەبەستی جۆرێکی دیاریکراوە لە "مەدەنییەت" و ئاستی ژیان و "فەرهەنگ". دیموکراتی ڕۆژئاوا دەرخەری جۆرێکی دیاریکراوە لە ژیان، نەک تەنها ڕژێمێکی سیاسیی تایبەتی. پێدەچێ ئەمڕۆ لێکۆڵەرە سیاسییە

ڕۆژئاواییەکان بەگشتی دەستەواژەی دیموکراتیی ڕۆژئاوا بۆ سەرمایەدارییە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان بەکار بێنن، کە ئاستی بەکارهێنان (الاستهلاک) تیایاندا بەرزە و نەریتە دواکەوتووە قەومی و میللی و دینییەکان بوونەتە پاشکۆی فەرهەنگی فەردخوازانە و ململانێخوازانەی سەرمایەداریی پیشەسازی، بەتایبەتی ئایدیۆلۆژیی بۆرژوایی بووبێتە هێزێکی ماددیی ئەوتۆ کە بتوانێت پێکدادانە سیاسی و فەرهەنگییە توندوتیژەکان جڵەو بکات. هیندستان هەرچەندەش پەرلەمانەکەی پەرلەمان بێت و هەڵبژاردنەکەشی بێ دەستتێوەردان، بەم وەزعە و بەم خەڵکەیەوە، بەم ململانێ میللی و دینییانەوە کە سەرتاپای داگرتووە، بە نموونەی "دیموکراتیی ڕۆژئاوا" دانانرێت. بەڵام ژاپۆن تەنانەت ئەگەر گشت سیاسییەکانیشی داردەستی کانگسترەکان و بەرتیلخۆری کۆمپانیاکان بن، بە دورگەیەکی دیموکراسیی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی دونیادا دادەندرێت. لەوانەیە تایوان و کۆریای باشووریش هەر وا سەیر بکرێن. بە تێڕوانینی من دەستەواژەی دیموکراتی لەوێوە سەرنجراکێشە کە ئەوەمان بۆ دەردەخات "سەرەوە" لە دیموکراتییەت چی دەوێت و بەناوی دیموکراتییەوە چی دەکات. ئەم دەستەواژەیە زۆر جیددیتر و واقیعیترە لەو ئەفسانە دیموکراتییەی کە ڕۆشنبیرە لیبراڵەکانی کۆمەڵگا چ لە دنیای سیاسەت و چ لە زانکۆکاندا دەرخواردی خەڵکی دەدەن.

ئینتەرناسیۆنالْ: بنچینەی ڕەخنەی مارکسیستی لە دیموکراسیی لیبراڵی و پەرلەمانی وەکوو چوارچێوەیەک بۆ جێبەجێبوونی عەمەلیی ئازادیی سیاسی لە کۆمەڵگا چییە؟

مەنسوور حیکمەت: دواتر کەمێک ئیسپاتیتر چەند قسەیەک سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی دەکەم. بەڵام دەربارەی دیموکراسیی لیبراڵی یەکەم خاڵ کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لیبراڵیزم و بیرکردنەوەی دیموکراسیی پەرلەمانی وەکوو هەموو شێوە ئایدیۆلۆژی و تیۆرییە کۆمەڵایەتییە بۆرژواییەکان هەوڵ دەدات ڕیشەی چینایەتیی خۆی بشارێتەوە و وەکوو کۆمەڵە پرانسیپ و ڕاستییەکی گشتی و "مرۆیی" دەرکەوێت، بەڵام ناوەڕۆکی چینایەتی و جێگاوڕێگای لە ڕێکخستنی دەسەڵاتداریتی بۆرژواییدا بە ئاسانی دەبینرێ. هەر وەکوو وتم، لیبراڵیزم ئایدیۆلۆژییەکە لە خاوەنداریتی بۆرژوازییەوە وەرگیراوە و داکۆکی لە خاوەنداریتیی بۆرژواییش دەکات. لیبراڵیزم وەرگێڕراوی میکانیزمی بازاڕ و پێداویستییەکانێتی بە زمانی تیۆریی سیاسی و حوقووقی. دیموکراسیی لیبراڵی بە پەرلەمان و هەڵبژاردن و

شتەکانی دیکەیەوە، نیزام و سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگایەکە کە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی لە ئاستێکی بنەڕەتیتردا لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بە دەسەڵاتی سیاسییەوە دیاری کراوە. ئایدیۆلۆژیی زاڵ ماهییەتی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان ناکات، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاراستەی دەکات. بەم پێیە دیموکراسی لیبراڵی ڕێک پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بانگەشەی بۆ دەکرێت. دیموکراسیی لیبراڵی چوارچێوەیەک بۆ بەشداریکردنی جەماوەری خەڵک لە کاروباری دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە، بەڵکوو پاکانە و ڕووپۆشێکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی چینێک، کەمایەتییەک، بەسەر کۆمەڵگادا. لەبەرامبەر دەستدرێژی و ملهوڕییەکانی خاوەن دەسەڵاتەکاندا، پارێزراوبوونی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، چ گشتی و چ فەردی، زامن ناکات، بەڵکوو چەند بڕیار و پێوانەیەکە بۆ شێوەی شەرعییەتپێدانی حاشاکردن، وە یان زەوتکردنی ئەم مافانە. دیموکراسی چەمکێکە پەیوەندە بەشەرعییەتپێدانی دەوڵەتەوە، نەک بەجێگیربوون، وە یان دیاریکردنی کەسایەتیی سیاسیی دەوڵەتەوە. دەوڵەتی دیموکراتیک دەوڵەتێکە، ڕەوابوون و قانوونیبوونی لە دەنگدانی خەڵکەوە وەردەگرێت. بەڵام خودی وجوودی دەوڵەت، دەسەڵاتەکەی، ئەو بەرژەوەندییانەی کە بەشوێنیانەوەیە و ئەو چینەی کە دەوڵەتی لەدەستدایە لە ڕێگەی دەنگدان و پەرلەمانەوە دیاری ناکرێن و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ناپارێزرێن. ئەمانە ئیتر لەدەرەوەی پرۆسەی دیموکراتیک و لەجەرگەی خەباتی چینایەتیی بەرینتر و بە هۆی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن.

دیموکراسیی لیبراڵی شێوازێکە بۆ ڕەواییبەخشین بە دەسەڵاتداریتی هەر ئێستا دامەزراوی بۆرژوازی و شاردنەوەی خەسڵەتە چینایەتییەکەی_ بەڵام خودی ئەم دەسەڵاتداریتییەیە، ئازادی پێشێل دەکات و لەگەڵیدا ناکۆک و ناتەبایە. دیموکراسیی لیبراڵی، وە یان هەر مەکتەبێکی سیاسیی دیکە، کە چوارچێوەی فیکری و ئیداری ئەم حاکمییەتە بێت، هەر بەم چەشنە بە ئازادی بێگانەیە. تەنانەت لە کاملترین دیموکراسیی ڕۆژئاواییشدا، پەرلەمان، دەستووری وڵات، نەریتەکان، یاسا لیبراڵییەکان و شتی دیکە، پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و جێورێی ئەسڵیی بەماددیکردنیشی نین. لەبنەڕەتدا حاکمییەتی بۆرژوازی لەسەر زۆرنواندن، یان هەڕەشەی زۆرنواندن لەدژی خەڵک ڕاگیراوە. سەرکوت، تۆقاندن و فریودان تەوەری حوکوومەتی بۆرژواییە. هێزی چەکداری سەرکوتگەر، چ سوپا و پۆلیسی ئاشکرا و چ دەزگا نهێنییەکانی سەرکوت،

دادگاکان و زیندانەکان و تەواوی سیستەمی دادوەری و سزادان، ئەمانە هەموویان کەناڵە ئەسڵییەکانی دەسەڵاتداریتی و زامنی پاڕاستنی ئەم دەسەڵاتەن. بڕیارە سیاسییە بنەڕەتییەکان لەناو کۆڕ و کانوونە جۆراوجۆرەکانی چینی دەسەڵاتدار و لە ڕێگەی ئۆرگان و دەزگا نافەرمییەکانەوە دەدرێن و تەنانەت کاری نوێنەرایەتیی ئەنجوومەن خۆی لەخۆیدا بە مانای ئاگاداربوونی نوێنەرانی ناوبراو لە کارکردەکانی نییە، نەخوازەڵا بەشداریکردن تیایاندا. تەنانەت لە نیزامە دیموکراتیکەکانیشدا ئەنجوومەن لە زۆر باردا، ئامرازی بنچینەیی نییە بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە پەسەندکراوانە دەرخواردی خەڵک بدات. ئەمە لە بنەڕەتدا کاری ئاژانسەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی چینی دەسەڵاتدارە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەرمافە سەرەتاییەکانی خەڵک، ئەوا درێژە و مانەوەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دڵگەورەیی و تەحەمووڵی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازییەوە هەیە. هیچ دیموکراسییەک لە دنیادا نییە کە چەمکی "بار و دۆخی نائاسایی" و حوکوومەتی سەربازی و هەڵوەشاندنەوەی مافە مەدەنییەکان لە یاساکان و نەریتە حوقووقییەکاندا تێهەڵکێش نەکرابێت. هیچ کەس نابێت بۆ ساتێکیش لەوە بەگومان بێت، کە تەنانەت لە کاتێکدا بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنێکی ئاسایی لە وڵاتێکی وەکوو بەریتانیادا باڵی چەپی خودی حیزبی کار (کرێکار) بێتە سەرکار، ئەوا هەر لە هەمان ساتی تەواوبوونی هەڵبژاردنەکەوە ڕەوەندی دەخاڵەتی سوپا و پۆلیسی نهێنی بۆ سەرەوژێرکردنی بەتۆپزی و سەرووقانوونی دەوڵەتی ناوبراو دەستپێ دەکات. خاسییەتی ئەم پاشا و شاژنانە کە لە کۆشکەکانی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا بە خەرجێکی بێشومار وەکوو سرکە هەڵگیراون ئەوەیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا وەکوو نیشانە بەرزەکانی وڵات و نیشتمان و سوپا دژی "خراپ کەڵک لێوەرگرتنەکانی چەپ" لە دیموکراسی بێنە مەیدان. مەبەستم ئەمەیە کە بازاڕی گەرمی دیموکراسیی لیبراڵی تەنانەت وەکوو چوارچێوەیەکی حوقووقیی شکڵی بۆ حاکمییەتی بۆرژوایی، یان زامنکەری مافە فەردی و مەدەنییەکان، بەدەورانە ئاسایی و بێ قەیرانەکانەوە تەنگەبەر دەبێتەوە. لە دەورانی قەیرانگرتوودا، لە دەورەیەکدا کە ململانێی چینایەتی توندوتیژ دەبێتەوە، تەنانەت سەرکەوتنی سۆسیالیستییانەی چینی کرێکار وەکوو هەڕەشەیەکی بیلقووە بۆ چینی دەسەڵاتدار دێتە ئاراوە، لە شەوێکدا ئەم بار و بنەیە دەپێچرێتەوە.

هەر چۆنێک بێت، نیزامی پەرلەمانی میکانیزمێکی ناڕاستەوخۆی بەشداریکردنی خەڵکە. نەک خەڵک، بەڵکوو بڕیارە کەسانێک بە نوێنەرایەتی ئەوان دەخاڵەت لە دەسەڵاتداریتیدا بکەن. ئەم نوێنەرانە لە نیزامی پەرلەمانیدا "نوێنەری پابەند" نین، واتە، بەرپرسیار نین لەوەدا کە ویست و ئارەزووی ئەوانەی کە هەڵیان بژاردوون سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەربڕن، بەڵکوو لە پەرلەمانەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی یاسادانان و شتی دیکەدا بۆچوون و ڕای خۆیان ڕادەگەیەنن. بە واتایەکی تر، خەڵک نەک بۆ نوێنەرایەتی و قسەکردن لەجیاتی خۆیان، بەڵکوو وەکوو جێنشینی خۆیان لە مەسەلەی دەسەڵاتداریتیدا هەڵیان دەبژێرن. بەم پێیە پرۆسەی هەڵبژاردن بە مانای پرۆسەی مەشروعییەتپەیداکردنی دەوڵەتە، نەک دەخاڵەتی خەڵک لە سیاسەتدا. وە ئەمە، وەکوو پێشتریش وتم، مەسەلەی بنەڕەتیی دیموکراسییە واتە، بەرقەراری حوکوومەتێک کە بەڕواڵەت لە خەڵکەوە هەڵقوڵاوە. هەڵبژاردن ئەمە بۆ چینی دەسەڵاتدار دەستەبەر دەکات. هەر چەند ساڵ جارێک لە لایەن خەڵکەوە ئەم مۆری تەئیدە وەردەگرن و دەچن بەسەرکاری خۆیانەوە. دەنگدەر هەر وەکوو پێشتر لە باسێکی تردا ڕوونم کردەوە، نەک وەکوو مرۆڤێکی دیاریکراو بە بۆچوونێکی دیاریکراوەوە، کە لە ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردنیشدا هەروا زیندووە و قسەی هەیە، بەڵکوو وەکوو تاکێک کە دەژمێردرێت، لەم سەرژمێرییە ناوبەناودا ئامادە دەبێ. نە کەسێک لێی دەپرسێت و گوێی لێ دەگرێ، نە دەستی بە جێگایەک دەگات و نە تا چوار ساڵی دیکە، کە دووبارە دەنگی بێ بایەخی لە نۆبەیەکی تردا بخاتەوە سندوقەوە، سەبارەت بەو یاسایانە کارێکی لەدەست دێ، نوێنەرانی ناوبراو سەبارەت بە ژیانی ئەو پەسەندیان دەکەن. دیارە دەتوانێ لەم ماوەیەدا ناڕەزایەتی دەربڕێ، بەڵام بە مەرجێک کە شار نەشێوێنێ و ناڕەزایەتییەکەی نەبێتە هۆی ڕوودانی پشێوی لە کاروباری ئاسایی کۆمەڵگادا و زەحمەت و ناڕەحەتییەکی وا بۆ بۆرژوازیی سیاسەتمەدار و بۆرژوازیی کاسب دروست نەکات. ئەگەر وایش نەبێ، ئەوا وەکوو کرێکاری کانەکانی بەریتانیا، لەباربوونی خۆی بۆ بەهرەمەندبوون لە مافە مەدەنییەکانی لەدەست دەدات.

ئینتەرناسیۆنناڵ: لە ڕوانگەی خواستی پەیگیرانەتری دیموکراسییەوە، چەندین ڕەخنەی جۆراوجۆر لە مۆدێلی پەرلەمانی دەگیرێت وەکوو، ئەوەی کە ناتوانرێت نوێنەرەکانی لە لایەن ئەوانەوە کە هەڵیان بژاردبوون لاببرێن، مۆنۆپۆڵکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە

لایەن بۆرژوازییەوە، پڕخەرجیبوونی مەسەلەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا وەکوو، کاندید و تا ڕادەیەکیش وەکوو دەنگدەر، هەڵبژاردنی کۆمەڵە دەوڵەتێک کە بەکردەوە بەشێکی کەمی خەڵک دەنگی داونەتێ، چ بە هۆی کەمی ڕادەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکان و چ بە هۆی شێوەی دیاریکراوی دەسنیشانکردنی کورسییەکانی پەرلەمانەوە لەسەر بنچینەی دەنگی حیزبەکان و شتی لەم بابەتە. ئەم جۆرە ڕەخنانە لە دیموکراسی لە باسەکەی ئێوەدا چ جۆرە جێگاوڕێگا و بایەخێکی هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: ئەمانە ڕەخنەگەلێکی بنەڕەتی نین لەم سیستەمە. بەشێکیان وەکوو ناڕەزایەتی لەو سیستەمانەی لە چەشنی بەریتانیا کە کورسییەکانی پەرلەمان بەپێی ڕێژەی سەدی ڕاستەوخۆی دەنگەکان دابەش ناکرێن، لە بنەڕەتەوە تەنانەت وەکوو ڕەخنەش ناژمێردرێن. هەر چۆنێک بێت، لە پێش هەموو کەسێکەوە، خودی بیرمەندانی بۆرژوایی بە ڕوونی و ڕاشکاویی تەواوەوە ئەم کەموکووڕییانە باس دەکەن و بە گەڕانەوە بۆ پرانسیپەکانی دیموکراسی و لیبراڵیزم، باش و خراپیی ئەم خاڵانە بۆ هەموومان لێک دەدەنەوە. لاوازیی بنەڕەتی، خاڵێک کە بە بڕوای من کرۆکی ڕەخنەی مارکسیستییە لەم نیزامە، ئەوەیە کە مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بە بەشێکی جیا لە ئابووریی سیاسی و خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگادا دەژمێردرێت و ڕاڤەیەکی حوقووقی و ئیداریی ڕووت بۆ دەوڵەتی بۆرژوایی دەخرێتە ڕوو. ئەو وێنایەی کە لای وایە ئەوە خەڵکن کە تا ئێستا لە پرۆسەیەکی کەم و زۆر ئازاد و دادپەروەرانەدا، بە دەنگی خۆیان دەوڵەت هەڵدەبژێرن، وێنایەکی ئاوەژووە، لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووری، لەسەر بنەمای دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر ژیانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتیدا، لەسەر بنەمای هاوسەنگیی ئایدیۆلۆژیکی کۆمەڵگا و خۆ هۆشیاریی خەڵک، خاوەنی چینایەتیی دەوڵەت پێشتر دیاری کراوە. بەر لە هەڵبژاردن و پەرلەمان، هێزی چەکداری سەرکوتگەری بۆرژوایی بۆ پارێزگاری بەتۆپزی لەم دەسەڵات و دەوڵەتە هەیە و ڕێکخراوە. یاسا و حوقووقە جەزاییەکان، بە نووسراو و نەنووسراوەوە، بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی بۆرژوازی و پیرۆزڕاگرتنی وێنای بۆرژوا لە کۆمەڵگادا، هەروەها دادگا و زیندانەکانیش بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێبوونیان لە ئارادان. هەڵبژاردن ئەوە دیاری دەکات، کە کام ڕەوت و پارت و کۆمەڵە ئەفراد، بە کام بەرچاوڕۆشنی بەرنامەیی و شێوەکانییەوە، بەڕێوەبردنی ئەم سیستەمە و دیاریکردنی کارە لەپێشینە تەنفیزییەکانی بۆ دەورەیەک لە ئەستۆ

دەگرێت. کۆمەڵە ڕەخنەیەکی لەو بابەتە، کە هەر چۆنێک بێت لەڕووی دڵسۆزییەوە بۆ حاڵی چەپ دەخرێتە ڕوو، هۆی بنەڕەتیی ئاکامی چەپی ڕادیکاڵ لە نیزامە پەرلەمانییەکاندا پەردەپۆش دەکات و مۆری ڕاست و دروستی لە خۆشخەیاڵیی پەرلەمانیی چەپ بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپاییدا دەدات. بە پێچەوانەی وێنای ڕەخنەگرانی دیموکرات لە دیموکراسیی پەرلەمانی، هۆی بنچینەیی ئەوەی کە چەپی ڕادیکاڵ لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر بە کەمی شتێک بەشتێک دەکات ئەوە نییە کە پارەیان نییە تەبلیغات بەڕێ بخەن، پرۆسەی هەڵبژاردن دیموکراتیک نییە، یان فۆرموولی ماتماتیکی دیاریکردنی کورسییەکان لە پەیوەند بە ژمارەی دەنگەکانەوە بە قازانجی حیزبە گەورەکان کار دەکات و شتی لەم بابەتانە. هۆیەکە ئەمەیە کە دەنگدەر و بەر لە هەموومان جەماوەری فراوانی خودی چینی کرێکار، وێنایەکی واقیعیتر و خۆشخەیاڵی کەمتری سەبارەت بە جێگاوڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمان لە ژیانی خۆیاندا هەیە. دەزانن کە هەڵبژاردن ئامرازی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا نییە. دەزانن کە خاوەنی چینایەتیی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە دیاری ناکرێت. دەزانن کە لانی زۆری چاوەڕوانی لە پەرلەمان بریتییە لە کۆمەککردن بە مەسەلەی کۆمەڵە ڕێفۆرمێکی دیاریکراو. دەزانن کە هەڵبژاردن بۆ بوون و نەبوونی سەرمایە و سەرمایەداری نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە بەشی ئەوان لە ئیمکاناتی کۆمەڵگای ئێستا لە دەورەی داهاتوودا هەندێ کەم و زیاد بکات، دەزانن کە ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمان تەنها ڕەنگدانەوەیەکی کەم تا زۆر وەفادارانەی هێزهاوسەنگییەک دەبێ کە ئێستا لەدەرەوەی پەرلەمان و دیموکراسیدا، لەناو چینەکاندا بەرقەرارە. ڕەنگە کرێکار هۆشیارانە دوژمنی سەرمایەداری بێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەگشتی، نەک دەنگ بەو حیزبانە دەدات کە خوازیاری شۆڕش لە دژی سەرمایە، بەڵکوو دەنگ بە باڵی چەپی بۆرژوازی خۆی دەدات. دەنگ بە حیزبێک دەدات کە بە حیسابی خۆی دەتوانێ جێگاوڕێگای لە پەیوەند بەو سەرمایەیەی کە لەکاردایە چاک بکات. ئەگەر ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی وەک شتێکی عەمەلی نەیاتە بەرچاو (کە خودی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ڕەسەنایەتیی پەرلەمان و لەئارادابوونی بار و دۆخی ناشۆڕشگێڕانە ئەمە لە خەڵک دەگەیەنێت)، ئەوا ئەو کاتە زۆر ئاساییە کە توێژە بێبەشەکان کە ئیتر دەبێ بە ڕێفۆرم ڕازی بن، بەو کەسایەتی و حیزبە ڕێفۆرمخوازانەی چینی دەسەڵاتدار دەنگ بدەن کە بەحیسابی خۆیان توانای ماددیی

عەمەلیکردنی ئەم ڕێڤۆرمانەیان هەیە. گیروگرفتی چەپ ئەمە نییە کە بۆچی دیاریکردنی کورسییەکان بە ڕێژەی ڕاستەوخۆی دەنگەکان نییە و بۆچی حیزبێکی ترۆتسکیستی لاکۆڵان لە توانای ڕاگەیاندنی تەلەفیزیۆنیی یەکسان بەهرەمەند نییە، تا بەڵکوو لەناو 400 نەفەردا ئەویش بۆ خۆی نوێنەرێکی هەبێت. گرفتەکە لە وێدایە کە لە بار و دۆخی ئاساییدا، کرێکار بەگشتی، ئەو کەسە بە نوێنەرێکی باش بۆ کەوتنەدوای بەرژەوەندییە ڕۆژانەکانی خۆی لەم ڕێرەوە تایبەتەدا نازانێ، کە لە هەڵوێستی شۆڕش لە دژی سەرمایەوە دەیەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵ ببێتە نوێنەری ئەنجوومەن. خەڵک تەنها لە دەورانی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا نەبێت (کە لەو بارەدا ئیتر پەرلەمانیش وەکوو جاران لە کۆمەڵگایەکدا کە ئارامیی تێدا نییە، ناوەندی یاسادانان نییە، بەڵکوو بڵندگۆیەکە بۆ ئاژیتاسیۆن و مانۆری سیاسی)، ئیتر بە تەواوی شارەزای بڕیاربازی پەرلەمانییەکانن و چاودێری دەکەن. یەکێک لە گرنگترین ئەو بڕیارانە ئەوەیە، کە براوەی چینایەتیی یارییەکە لەپێشەوە دیارە، ئەگەر نا، هەموو ئەم بار و بنەیە دەپێچرێتەوە.

ئینتەرناسیۆنالْ: بەم پێیە بە بڕوای ئێوە، بەدیهێنانی ئەم جۆرە چاکسازییانە لە نیزامی پەرلەمانیدا، ئەم نیزامە لە تەسویری مارکسیستی بۆ ئازادی نزیکتر ناکاتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: باسی ئازادی لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە بە تەواوی لە لاپەڕەیەکی ترەوە دەستپێ دەکات. بابەتی دیموکراسی "دەوڵەتی شەرعی"یە. بەڵام ئازادی دەستەواژەیەک نییە پەیوەندی بە شێوەی حوکوومەت و پەیوەندیی نێوان تاک و دەوڵەتەوە هەبێت، بەڵکوو پەیوەندی بە خودی حوکوومەت و بوون و نەبوونی دەوڵەتەوەیە. چەمکی بنەڕەتی لە باسی ئازادیدا، چین، وەبەرهێنان و سەرکوتی چینایەتییە. ئەمە سەرچاوەی دەوڵەتە. مەرجی ئازادیی واقیعی مرۆڤ، سڕینەوەی دابەشبوونی چینایەتی، کۆتاییهاتنی وەبەرهێنانی بەشێکی کۆمەڵگا لە لایەن بەشێکی ترەوە، لەنێوچوونی بنەمای سەرکوت و زەوتکردنی ئازادی و لە ئاکامدا ئاوابوون و نەمانی دەوڵەتە وەکوو ئامرازی داسەپاندنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و پاڕاستنی باڵادەستیی چینایەتییە. نیزامی پەرلەمانی نەک هەر بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک لەم چەمکانە نزیک نابێتەوە، بەڵکوو خۆی یەکێکە لەو ڕێگری و کۆسپانەی کە کۆمەڵگای مرۆیی لە ڕێرەوی ئازادیی کامڵ و واقیعیدا دەبێ لەسەر ڕێگای لابەرێت. چەمکی ئازادی لە مارکسیزمدا بۆ مەیدانی سیاسەت و ئابووری، وە یان بۆ کۆمەڵگا و فیکر

بەشبەش ناکرێت. ڕزگاری، ڕزگارییەکی تەواو کەماڵە. ناوخۆیی و دەرەکی. هەر ئەو پرۆسەیە ئەو ڕێگرییە ناوخۆییانە لەناو دەبات کە ڕێگا لە ئیرادەی ئازادیی مرۆڤەکان دەگرێت، لەخۆ نامۆبوونی مرۆڤەکان و هەموو ئەو بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییە لنگەوقوچانەی کە مرۆڤەکان بۆ قەبووڵکردنی ئەخلاقییانەی نایەکسانی و کۆیلەیەتی و قەبووڵکردنی دەوری سەرکوتگەر و سەرکوتکردن و پاڵپێوە دەنێت، لەنێو دەبات. یاساکان و پێویستیی یاساکان هەردووکیان پێکەوە لەنێو دەچن. هەر ئەو پرۆسەیەی کە یەکسانی دێنێ، لەگەڵ خۆیدا مرۆڤدۆستی و ڕێزگرتنی قووڵ لە ئاسودەیی و ئازادیی یەکتریش دێنێ. ناکرێ لە لایەکەوە کەسێک هەبێ، کرێ بدات و بەشوێن قازانجەوە بێت، لەولاشەوە کەسێک کرێ وەربگرێت و ناچار بە کارکردن بکرێت و کەچی لە مەیدانی سیاسیشدا ئازاد بێت. ناکرێ چینە باڵادەستەکان و چینە چەوساوەکان هەبن و دەمارگیری و دواکەوتوویی و زوڵم و زۆرداری و تاوان لە ئارادا نەبن. ئازادیی واقیعی، تەنها بەرهەمی ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستییانەی کۆمەڵگا و دەرچوونی مرۆڤە لە دەورانی وەحشیگەرییە چینایەتییەکەی. ئازادیی واقیعی، چەمکێکی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەیە، نەک تەنها چەمکێکی حوقووقی و کارگێڕی. بەم پێیە ئازادیی واقیعی بابەتێکی دیموکراسی نییە، چونکە دیموکراسی و لیبراڵیزم دوای بەفەرزوەرگرتنی بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووریی بۆرژوایی و دوای بەفەرزوەرگرتنی بوونی سەرمایە و قازانج و کرێ و بازاڕ و خاوەندارێتیی تایبەتی، دەچێتە سەر تایبەتمەندییەکانی سەرخانی سیاسی و کارگێڕیی کۆمەڵگا.

ئینتەرناسیۆنالْ: ئایا ڕەخنەی ئێوە لە دیموکراسی، هیچ مۆرکێکی دەورانی نییە؟ مەبەستم ئەوەیە، کە ئایا لەڕووی مێژووییەوە، سەرهەڵدانی دیموکراسی وەک ئامرازێک بۆ بەرینکردنەوەی ئازادیی واقیعیی مرۆڤەکان نەبووە، وە یان ئێستا ناتوانێ لە هەندێ کۆمەڵگادا بەو شێوەیە بێت؟ ئایا ڕەخنەی مارکسیستێکی ئەم سەردەمە لەم بیرکردنەوە و نیزامە، ڕەخنەیەکە لە کۆنبوونی، وە یان لە ناتەبایی هەمیشەیی و بناغەیی ئەو لەگەڵ ئازادیی واقیعیدا؟

مەنسوور حیکمەت: لە هەردووکیان. بە بڕوای من لەم ڕووەوە ڕەخنەی ئێمە لە لیبراڵیزم و دیموکراسی، وەکوو ڕەخنەی ئێمە لە خودی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. کاتێک کەسی بەرهەمهێن لە وابەستەیی بە زەوی و لەژێر کۆنترۆڵی ئەربابی دەرەبەگ دەردەچێت و دەبێتە "کرێکارێکی ئازاد" کە دەتوانێ ئازادانە هێزی

کارەکەی بفرۆشێت، پێشڕەوییەکی مێژووییە. بەڵام هیچ کەس چەمکی "کرێکاری ئازاد"، کە لە واقیعدا بە مانای مرۆڤێکی دامالراوە لە هەموو جۆرە مولکییەتێک، کە ناچارە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت، لەگەڵ ئازادیی واقیعیی مرۆڤەکان لە مەیدانی ئابووریدا بەیەک شت دانانێت. پەیدابوونی دیموکراسی و بەرقەراریی کۆمەڵە مافێکی مەدەنی لەسەر بنچینەی پرانسیپە لیبراڵییەکان و پەیدابوونی دەستەواژەی تاک و هاوڵاتی وەکوو بنەمای ڕواڵەتیی بەدەستهێنانی مەشروعییەتی حوکوومەت، پێشڕەوییەکی مێژوویی لە بەرامبەر حوکوومەتە ڕەهاکاندا بوو. بەڵام ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ئازادیی واقیعیدا، لەگەڵ ئەو تیۆرەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی بە هەموو تەوەهومات و ناڕۆشنییەکانییەوە و هەر ئەو کاتە بۆ ئازادیی واقیعی دەیخاتە ڕوو، دواکەوتووانەیە. سۆسیالیزم و دیموکراسی، دوو فیکرەن بەدرێژایی مێژووی سەرمایەداری، شانبەشانی یەکتر وجودیان هەبووە و گەشەیان کردووە. دوو بزووتنەوە لە تەنیشت یەکدا و ناتەبا لەگەڵ یەکتر و بێگومان لە زۆر حاڵەتیشدا تێکەڵ بەیەک. بەم پێیە ڕەخنەی سۆسیالیستی لە دیموکراسی و بەدیلی سۆسیالیستی بۆ دیموکراسی بە ئەندازەی خودی دیموکراسی کۆنە. ڕەخنە جەوهەرییەکانی سۆسیالیزم لە دیموکراسی، کە لە واقیعدا ڕەخنەیە لە تێڕوانین و پێناسەی بۆرژوایی بۆ ئازادی و بۆ دەوڵەت و سەرخانی سیاسی لە سەرمایەداریدا، سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر بە هەمان ڕادەی ئەمڕۆ مەوزوعییەتی هەبووە. ئەو تیۆرەی کە پێی وایە، بەرقەراری دیموکراسی، بەو تێگەیشتنەی کە من لەم باسەدا لەسەر دیموکراسی بەدەستەوەم دا، لە هەندێ کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، هێشتا دەتوانێت هۆیەک بێت بۆ بەرینبوونەوەی ئازادیی مرۆڤەکان، بە بڕوای من تیۆرێکی ساویلکانەیە و دوورە لە هەر ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە. بەو مانایە کە ئازادیخوازی لەم وڵاتانەدا دەداتە دەست خوا (واتە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە/ و.). ئەمڕۆ ئیتر دیموکراسی کۆمەڵە حوکمێک سەبارەت بە ئازادیی چاپەمەنی و بیروباوەڕ و مامەڵەی باش لەگەڵ کەمایەتییەکان (تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک ئەمانەش بووبێت) نییە، مۆدێلێک نییە کە بتوانرێ دڵخوازانە لە هەموو شوێنێک عەمەلی بکرێتەوە، بەڵکوو ناونیشانێکە بۆ ڕژێمێکی سیاسیی بۆرژوازیی ئەم سەردەمە. ناکرێت خوازیاری دیموکراسی بیت وەکوو ئۆرگانێک و سەرخانێکی سیاسیی پتەو و قایم، وەلێ حوکوومەتی بۆرژوازیت نەوێ. لەبەر ئەمە، ئەوە بۆرژوازی و بەرژەوەندییەکانی ئەوە کە مانای عەمەلیی دیموکراسی و بەشی خەڵکیی

کۆمەڵگایەک لە ئازادی لە هەر بارێک و لە هەر دەورەیەکدا دیاری دەکەن. ئەگەر لە جێگایەکدا بۆرژوازی ئیستیبدادی بێت و بایەخێک بۆ مافە فەردی و مەدەنییەکان دانەنێت، کە ئەمە کەمکەم خەریکە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەموو دنیا دەگرێتەوە، ئەوکاتە چاوەڕوانیکردنی بەرینبوونەوەی ئازادی لە ڕێگای دیموکراسییەوە خەڵک و خۆ هەڵخەڵەتاندنە. ئەمڕۆ ئیتر دیموکراسی خۆی وەکوو ئەنتیتێزی فیۆدالیزم و پاشایەتیی ڕەها و حوکوومەتی دینی ناناسێنێ، بەڵکوو ڕێک و ڕاست قەڵغانی بەرگریی بۆرژوازییە لەبەرامبەر ئازادیخوازیی کرێکار و ئەو کۆمەڵە چاوەڕوانییە ئازادیخوازانەیەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ئیلهام لە سۆسیالیزمەوە وەردەگرن.

ئینتەرناسیۆنال: بەم شێوەیە ئایا بە بڕوای ئێوە وشە و چەمکی دیموکراسی، ناکرێ لە لایەن چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکارییەوە سوودی لێ وەربگیرێت؟ با پرسیارەکە ئاوا بخەمە ڕوو: بۆچی ناتوانرێ لەبەرامبەر گوزارشتی بۆرژوایی بۆ دیموکراسی، گوزارشتێکی پرۆلیتاری و سۆسیالیستانە بۆ دیموکراسی هەبێت، هەر بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی و لەوانەش لە بیری خودی لێنیندا هەبووە و لەناو کۆمۆنیستەکاندا دەستەواژەیەکی کۆن و مەقبووڵ بووە؟

مەنسوور حیکمەت: من دژایەتییەکی فۆنەتیکیم لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی دیموکراسیدا نییە. لە زۆر باردا خەڵک لەجیاتی چەمکی ئازادی، بەرقەراریی مافە مەدەنییە ناسراوەکان، وە یان تەنانەت لەجیاتی بوونی تەحەمولی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر بیروڕا و عادەت و نەریتە جۆراوجۆرەکان و شتی لەم بابەتانەدا، لەم دەستەواژەیە کەڵک وەردەگرن. ئەوەی کە من دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، ئەم چەمکە لەو جێگایەدا کە وەکوو ئایدیاڵێکی سیاسی بەکار دەبرێت و بەتایبەتی لەو جێگایەدا کە چەپ دەچێتە سەر ناساندن و پیاهەڵدانی، چەمکێکی گومڕاکەرە و لەڕووی سیاسییەوە زیان لە خەبات بۆ ئازادیی واقیعی دەدات. باسەکەی من ئەوەیە کە دیموکراسی هاوتای ئازادی نییە. دیموکراسی شێوازێکی حوکوومەتی و زنجیرە ئایدیا و پراکتیکێکی سیاسییە لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتی سەرمایە و ئەو بێمافییە سیاسییانەدا دەگونجێت کە لێوەی سەرچاوە دەگرن، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێمەدا هیچ پەیوەندییەکی بە بەرینبوونەوەی مافەکانی جەماوەری خەڵکەوە نەماوە. دیموکراسی ناوێکی سیاسی و ئارمێکە بۆ بار و دۆخێکی سیاسی و ئابووریی کۆنەپەرستانە کە تیایدا پیرۆزیی بازاڕ تەوەری بنچینەییەتی.

ئەوە ڕاستە، کە تا ئێستا وشەی دیموکراسی بە گشتی لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا لایەنێکی پۆزەتیڤی هەبووە و وەکوو وشەیەکی بنچینەیی لە خەباتی سیاسیدا و لە مەسەلەی تاکتیکدا حیساب کراوە، بەڵام ئەمە ئیتر بە بڕوای من دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، چونکە بار و دۆخی بابەتی و مانای عەمەلیی دیموکراسی و هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ دیموکراسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئەوەش بڵێم کە خودی مامەڵەی بیریارانی کۆمۆنیست لەگەڵ دەستەواژەی دیموکراسیدا هەر لە نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس و ئەنگڵس (1843_ 1847) سەبارەت بە ڕەوەندە فیکرییەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەوروپاوە، تا دەگاتە شێوە مامەڵەی لێنین لەجەرگەی شۆڕشی ڕووسیا، لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکانی سەرەتای ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەردا هاتووە، کە خۆی لە لایەکەوە پێشاندەری پلەیەک لە لێووردبوونەوەی تیۆرییە و لەوەش گرنگتر پێکهاتی کۆنکرێتی دیموکراسی و دیموکراتیزمە لە دنیای واقیعیدا. لە نووسراوە مارکسیستییە کۆنەکاندا لە نێوان پرانسیپی دیموکراسی بە مانای حوکوومەتی خەڵک، یان حوکوومەتی خەڵکی لەگەڵ لیبراڵیزم و پەرلەمانتاریزم وەکوو ناوەڕۆکی عەمەلیی دیموکراتیزمی بۆرژوایی، لێک جیاکردنەوەیەکی بەرجەستەتر لە ئارادایە لەچاو ئەوەی ئەمڕۆ من دەیڵێم. لە کاتێکدا لیبراڵیزم و دیموکراسیی بۆرژوایی بە ڕۆشنی بە خاوەنداریێتی تایبەتی و بازاڕ و سەرمایەوە گرێ دەدرێنەوە، دیموکراسی بە مانا گشتییەکەی بە ناونیشانی "کۆماریخوازی" و کۆتایی پاشایەتییە ڕەهاکان، بە ناونیشانی خواستی بوونی خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات و دامەزراندی کۆمەڵگایەکی شارستانی پشتبەستوو بە یاسا و دڵسۆز بۆ ئاسودەیی و بەختەوەریی هاووڵاتیان و شتی لەم چەشنە تەماشا دەکرێت. لەم بارەدا دیموکراسی وشەی ڕۆژە. لە مێشکی خەڵکدا هاوتای هۆشیاربوونەوەی خەڵکە بە مافەکانیان و ویست و ئارەزوویانە بۆ بەدەستەوەگرتنی کاروباری خۆیان. لەسەر ئەم بنەمایەوەیە کە مارکس و ئەنگڵس چەندین جار لە "دیموکراسیی کۆمۆنیستی" لە "ئێمە دیموکراتەکان"، لە "دیموکراسیی واقیعی"، بۆ جیاکردنەوەی دیموکراسیی کرێکاران لە دیموکراسیی بۆرژواکان و خانەدانەکان و هەروەها لە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ وەکوو ئامانجی دیموکراسی و ئەم جۆرە شتانە دەدوێن. بە بڕوای من ئەمە ئاساییە، چونکە جەنگی کۆمەڵایەتی بۆ مانادان بە وشەی دیموکراسی لە ئارادایە و ئەم جۆرە فۆرموولبەندییانە خۆیان بەشێک لە تەقەلای

کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی سۆسیالیستن بۆ دانانی سۆسیالیزم لە دەستووری کاری کۆمەڵگایەکدا کە لەبەرامبەر ئیستیبداددا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە "دیموکراسی" ناو دەبات. دواتر بێگومان لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگڵسدا لێک جیاکردنەوەیەکی یەکجار ڕۆشنتر لە نێوان کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان لەگەڵ دیموکراتەکان و دیموکراسیدا دەکرێت و دیموکراسی دەبێتە وشەیەک کە زۆرتر لەجەرگەی قسەکردن سەبارەت بە ڕادیکاڵیزمی بۆرژوایی و جم و جووڵی وردەبۆرژوازی دێتە ئاراوە. هەر چۆنێک بێت لە سەرەتای کاردا، مارکس و ئەنگڵس تا ڕادەیەک سۆسیالیزمیان تەنانەت وەکوو ئامانج و ناوەڕۆکی عەمەلیی سەرکەوتنی دیموکراسی، وەکوو بەدیهاتنی دیموکراسیی واقیعی باس کردووە. سەردەمی لێنین سەردەمێکی جیاوازە. دیموکراسی بەکردەوە بە لێکدانەوەی بۆرژوا_ لیبراڵییانەی خۆیەوە جێ کەوتووە و کەمتر ئەو مانا گشتی و بێ شکڵە "کۆماریخوازی"یەی کۆنی هەیە. لێنین تەنانەت هەوڵی داوە، بنەماکانی مانەوەی ڕادەیەک لە تەحەمولی سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، لەسەر بنەمای بوونی نیزامێکی جیهانی و ئیمپریالیستی و دابەشکردنێکی نێونەتەوەیی ئازادی و داپلۆسین ڕۆشن بکاتەوە. لێنین زۆر زیاتر لە ڕابەرانی پێشووی کۆمۆنیزم خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت کە لەگەڵ ئەو دیموکراسییەی لە واقیعدا هەیە، لەگەڵ لیبراڵیزم و نیزامی پەرلەمانی و هەڵبژاردنەکەیدا، ڕووبەڕوو بێتەوە و وێنایەکی کۆنکرێتتر لە دیموکراسیی کرێکاریی پشتبەستوو بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و شووراکان بەدەستەوە بدات. بەڵام دەرکەوتنی سیمای حوکوومەتی کرێکاری وەکوو "دیموکراسی"ی کرێکاری بۆ لێنین، زیاتر لایەنێکی دیفاعی هەیە و لە بنەڕەتدا لە پلمیک لەگەڵ کەسانێکدا دەهاتە ئاراوە، کە لە هەڵوێستی پێشداوەرییە لیبراڵییەکان و نیزامی پەرلەمانییەوە ئازادییە سیاسییەکان لەژێر سایەی حوکوومەتی کرێکاریدا دەخستە ژێر پرسیارەوە. خودی چەمکی دیموکراسی بۆ لێنین ئیتر زیاتر لە جاران لەجەرگەی پراتیکی سیاسیی بۆرژوازیدا جێگا داگیر دەکات، "دیموکراسی شۆڕشگێر" دەستەواژەیەک کە لێنین پێی باش بوو سەبارەت بە ڕادیکاڵیزمی دەستەنگانی غەیرە پرۆلیتێری بەکاری بەرێت، لە نووسراوەکانی ئەودا لە سەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەتایبەتی لە دوای شۆڕشدا، ئیتر بە تەواوی وەکوو تەمایولات و بزووتنەوەیەکی ناپرۆلیتاری و جیاواز

لە سۆسیالیزمی کرێکاری بەکار دەبرێت. ڕادیکاڵیزم و ئازادییخوازیی کرێکاری بە سۆسیالیزم و ڕادیکاڵیزمی ناکرێکاری بە "دیموکراسیی شۆڕشگێڕ" وەسف دەکرێن.
دوو خاڵ لە تێڕوانینی لێنیندا بۆ دیموکراسی، شایانی سەرنجدانە: یەکەم، دیموکراسی زیاتر لە جاران لە یەک ئایدیاڵی گشتی، لە یەک هاوتای سیاسییەوە بۆ چەمکی ئازادی، دەبێتە بار و دۆخێکی سیاسیی موشەخەس و تەنانەت ڕاگوزەر کە بە وێستگەی سەر دووڕێیانێک و بە بەردەبازێک بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە قەڵەم دەدرێت. ئەوە ڕادەگەیەنرێ کە سۆسیالیزم واتە زیاتر ڕۆیشتن لە دیموکراسی، واتە گەیشتن بە ئازادیی واقیعی. دووەم، بار و دۆخی دیموکراتیکی جێمەبەستی کرێکاران، وەکوو دەورەیەکی ڕاگوزەر، زیاتر لە جاران لەگەڵ شکڵ و چوارچێوەیەکی غەیرە لیبراڵی و شووراییدا وەسف دەکرێت. پراکتیکی ڕاستەوخۆ و لەخوارەوەی کرێکاران و توێژە ژێردەستەکان و هەروەها ئۆرگانە جەماوەرییەکانی ئەم پراکتیکە ڕاستەوخۆیە بەرجەستە دەبێتەوە. بە واتایەکی تر، دیموکراسی لە شێوە مامەڵەی لێنیندا ڕەسەنایەتی و حەقانییەتی خۆی لەو توێژە کۆمەڵایەتییانەوە بەدەست دێنێ، کە لە هەر دەورەیەکدا پایە و بناغەکەی پێک دەهێنن و ئەو بار و دۆخەش بە دیموکراتیک دەژمێردرێ کە ڕێگرییەکانی بەرێوەچوونی ئیرادەی سیاسیی توێژە دەستتەنگەکان تیایدا لەنێو چووبێت. بۆ لێنین بوون و مانەوەی ئازادییە سیاسی و مەدەنی (تەنانەت بۆرژوایی)یەکان کە بە بڕوای ئەو بۆ پێشڕەوی چینی کرێکار حەیاتییە، خۆی بە بەرێوەچوونی ئیرادەی ئەو چینانەوە کە بە پێچەوانەی بۆرژوازییەوە لەم مافانە کەڵک وەردەگرن بەندە.
تەداعیبوونی دیموکراسیش لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ بەرێوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆ و لە خوارەوەی جەماوەر و ئۆرگانە ڕاستەوخۆ و ناوچەییەکانی ئەم حەرەکەتە، نەک بەوەی کە کۆمەڵێکی زانراو لە ماف و ئازادییە مەدەنییەکان و ئۆرگانە یاسادانەرە هەڵبژێردراوەکانی وەک پەرلەمان، بە نۆرەی خۆی بەڕەچاوکردنی هەلومەرجەکانی ئەو دەورەیە قابیلی دەرککردنە. لەو دەورەیەدا لە لایەکەوە لە ئەورووپا دیموکراسیی پەرلەمانی بووە بە شتێکی جێکەوتوو، وە پەیوەندیی لیبراڵیزم و پارلەمانتاریزمی بۆرژوایی لەگەڵ کۆنەپەرستیی کاپیتالیستی و ئیمپریالیستیدا دەتوانرێت زیاتر ڕۆشنتر ببینرێت. لە لایەکی ترەوە بەکردەوە خەریکە هەڵسانە سۆسیالیستییەکان لەپێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا لە دەستووری بزووتنەوەی چینی کرێکاردا جێ

دەکەوێت. تواناییەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکار بە شێوەیەکی بابەتی لە ڕێفۆرمی پەرلەمانی زیاتر تێپەڕی کردووە.
لە ڕێچکەی شێواندنی مارکسیزم لە سۆڤێت لە سەردەمی ستالیندا و دواتریش لە ئەزموونی چین و پەرەسەندنی ماویزمدا، پەیوەندیی دەستەواژەی دیموکراسی لەگەڵ ماف و ئازادییە مەدەنییەکان لە لایەکەوە و لەگەڵ بە عەمەلیبوونی ئیرادەی لەخوارەوەی توێژە دەستەنگەکان لە لایەکی دیکەوە بەتەواوی وەلا دەنرێت. لە لایەکەوە دیموکراسی دەبێتە ناوی خوازراوی چەند توێژێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی کە سەربەخۆ لە سیاسەت و ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان تەنها بە ئیعتیباری جێگای ئابووریان بە "دیموکرات" لەقەڵەم دەدرێن، لەلایەکی دیکەشەوە خودی ئەم توێژانە چ لە تێڕوانینی سیاسیدا و چ لە دنیای واقیعدا، بەو هێزە سیاسییانە و بەو دەوڵەتانە جێگایان دەگیرێتەوە کە "نوێنەری" چینایەتی ئەوانن. زۆر بە سادەیی، بار و دۆخێکی دیموکراتیک کە لەم مەکتەبانەدا بە دیموکراسیی خەڵکی، یان جەماوەری ناو دەبرێن، بار و دۆخێکە کە حیزبە "خەڵکی"یەکان تیایدا دەسەڵاتیان لەدەستدایە. لەم جۆرە دیموکراسییانەدا کە فۆرمی بنەڕەتیی حوکوومەتکردن لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی بلۆکی سۆڤێت و چین و پەیڕەوە سیاسییە دوور و نزیکەکانیاندا بوو، ئەوەی کە پاکانەی دیموکرات لەقەڵەمدانی ڕژێم دەکات، خەڵکیبوونی دەوڵەت نەک لەئارادابوونی ئازادییە فەردی و سیاسی و مەدەنییەکان، وە یان ئۆرگانە ناوچەییەکانی بڕیاردانی جەماوەری و شتی لەم چەشنە.
ئەم لێکدانەوە دەوڵەتی_ خەڵکییە بنچینەی دەرکیی چەپی دژی ئیمپریالیستیی جیهانیی سێیەمی لە دیموکراسی بوو. ڕەنگە لەبیرتان بێت، کاتێک لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی 79دا، ئێمە قسەمان لە ئازادییە بێ قەید و شەرتە سیاسییەکان دەکرد لە بابەتی ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی و شتی لەم بابەتە، تەنانەت ڕادیکاڵترین بەشی چەپی ئەوسا، خەتی3 و دەوروبەرەکانی، تەزوو بە لەشیاندا دەهات. بەوەیان تاوانبار دەکردین کە دەمانەوێ بڵاوکراوەی میزان بپارێزین! لە مەکتەبی ئەواندا، یان هەر چۆنێک بێت لە دەربڕینە شێوە سۆسیالیستییەکانیاندا کە بیانەوێ و نەیانەوێ لە ستالین و ماوتسیتۆنگەوە بە میرات بۆیان بەجێ مابوو، دیموکراسیی خەڵکی بە مانای بەدەسەڵاتگەیشتنی بەرەیەکی یەکگرتووی حیزبە خەڵکییەکان بوو. ئەمەی کە مافەکانی

تاک لەم نیزامەدا چییە، ئازادیی بڵاوکردنەوە و مانگرتنی خەڵک لە ڕوانگەی ئەوانەوە چی بەسەر دێ، ئیتر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەیدانی لیبراڵیزمەوە هەبوو.
ئەم تێڕوانینە دەوڵەتگەرایی و خەڵکییانەش بۆ دیموکراسی، زەمینەی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو. ئەمە شتێک نەبوو بێجگە لە ناسیۆنالٚ ڕێفۆرمیزمی ئیمپریالیستیی وردەبۆرژوازی و ڕۆشنبیرانی ناڕازی لە دواکەوتوویی ئابووری لەم جۆرە وڵاتانەدا. بڕیار بوو دیموکراسی خەڵک، ڕژێمێکی سیاسی بۆ گەشەی ئابووری و پیشەسازی و کۆتاییهێنان بە وابەستەیی بە ڕۆژئاواوە بێت و ڕژێمێکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی "سەربەخۆیی" ئابووری و بەرزکردنەوەی ئیعتیباری سیاسیی وڵات بێت. چونکە پەرەسەندنی ئابووری و سەربەخۆیی سیاسی ئەو تەمایولاتانە بوون کە خەڵک و توێژە خەڵکییەکانی دیاری دەکرد. لەبەرامبەردا، ئازادیی فەردی، بەرینبوونەوەی ڕۆشنبیری، جۆراوجۆربوون و بەرەوسەرچوونی ئاستی بەکاربردن (استهلاک)، هەموو وەکوو تەمایولاتی بۆرژوایی و ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا حیساب دەکران. لەپشتی هەموو ئەمانەوە، دەتوانرا هەوڵ و تەقەلای بەشێک لە بۆرژوازیی جیهانیی سێیەم و وڵاتانی دواکەوتوو ببینرایە کە دەیویست بە ڕێکخستنی دەوڵەتێکی بەتوانا و نەتەوەیی، لەسەر بنەمای هەڵخڕاندنی ئایدیۆلۆژیکی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵ، بۆ ڕازیبوون بە هەلومەرجی سەختی ئابووری و تەنگەبەریی سیاسی، قۆڵی پەرەپێدان و پیشەسازیکردنی ئابووریی نیشتمانیی لێ هەڵماڵێت.
دیموکراسی و دیموکراسیی خەڵک، هۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی دەوڵەتێکی بۆرژوایی لەو چەشنە بوو. بە بڕوای من لەگەڵ پەیدابوون و دواتر بەسەرچوونی دەستەواژەی دیموکراسیی خەڵکیدا، ئیتر دەورانی شانبەشان ڕۆیشتنی کرێکار و سۆسیالیزم لەگەڵ دەستەواژەی دیموکراسیدا بەفەرمی تەواو دەبێ، چونکە لە دیموکراسیی خەڵکیدا، ڕێک وەکوو دیموکراسیی لیبراڵی، دەستەواژەی دیموکراسی جارێکی دیکە دەبێت بە ئامرازی شەرعییەتپێدانی دەوڵەتی چینایەتی_ بۆرژوازیی دەسەڵاتدار.
ئەم واقیعییەتەی کە دەورەی نوێی خۆشەویستبوونی دیموکراسی کە لەم ساڵانەدا بینیومانە بە فەرمی لەجەرگەی بەپیرۆزدانانی بازاڕ و بە نەمر ناساندنی کاپیتاڵیزمدا شکڵ دەگرێت، خۆی شایەدی ئەوەیە کە ئیتر دەورانی ڕادیکاڵیزەکردن و "بەڕەسەن"کردن و کرێکاریکردنی دەستەواژەی دیموکراسی لە لایەن سۆسیالیستەکانەوە بەسەر چووە. دیموکراسی لە هەر دەورەیەکدا بەرهەمێکی

دیاریکراوی مێژوویییە و ناگاتە هەر شوێنێک کە لێکۆڵەرەوەکانی دەیانەوێ. ئێمە ئیتر نە لە سەردەمی مارکس و چاوکرانەوەی کرێکار سەبارەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکاندایین و نە لە سەردەمی لێنین و یەکەمین شۆڕشە کرێکارییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدایین. ئەمە سەردەمێکی تازەیە. بۆگەنیی کردەوەکانی سەرمایەداری و ئابووری و سیاسەتەکەی بڵاو بۆتەوە. هەر کەس سەرپشکە لەوەی هەر وشەیەک بەکار بێنێ کە مەبەستەکەی ڕوون دەکاتەوە. بەڵام بە بڕوای من، چەمک و دەستەواژەی دیموکراسی بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هیچ ڕێگایەک ڕۆشن ناکاتەوە. زیاتر لەوەی ببێتە مایەی هۆشیاری، نارۆشنی دروست دەکات، زیاتر لەوەی ڕیزی ئازادیخوازیی دنیای ئەمڕۆ پێناسە بکات، بە خێڵێکی گەورە لە خراپترین دوژمنانی ئازادیی مرۆڤ لە کەداری دەکات، زیاتر لەوەی نیزامی کۆمەڵایەتیی شایستەی ژیانی مرۆڤ پێناسە بکات، مۆری پشتیوانی لە نیزامە گەندەڵ و سەرکوتگەرەکانی ئێستا دەدات. بە بڕوای من دەبێ ئەم وشەیە وەلا بنێین و هەر چەندە نابەدڵیش بێت، لەم شانۆگەرییە منداڵانەیەی دوادوایی سەدەی بیستەمدا بەشداری نەکەین. ئێمە دیموکرات نین، ئێمە ئازادیخوازین، سۆسیالیستین بەرگری لە مرۆڤ و حورمەت و مافە فەردی و گشتییەکانی لەبەرامبەر نیزامی چینایەتیی حاکمدا دەکەین. ئامانجی مێژوویی ئێمە دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو لەنێوبردنی کۆڵەکەکانی وجودیەتی. ئێمە لێبراوانە داکۆکی لە ئازادییە فەردی و مەدەنییەکانی مرۆڤەکان دەکەین لەبەرامبەر دەسدرێژییەکانی دەوڵەت و حیزبەکاندا بە دیموکراتیک و نادیموکراتیکەوە، بە پەرلەمانی و ناپەرلەمانییەوە، وە پێمان وایە کە تەنها شۆڕشی سۆسیالیستیی کرێکار و ئەو مرۆڤانەی کە بەدەوری ئاڵای ئەم شۆڕشەدا گرد و کۆ دەبنەوە، دەتوانن کۆمەلگایەکی ئازاد بە مانای واقیعی وشەکە دابمەزرێنن.
ئینتەرناسیۆنالٚ: یەکێک لە ڕیشەکانی بە خۆداچوونەوە لەناو سۆسیالیستەکاندا لە ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە، ڕەخنەیە لەوەی کە پێی دەووترێ کەمڕەنگبوونی ئایدیاڵی دیموکراسی لە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی تا ئێستادا و هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی هێنانەناوەوە و تێکردنی سۆسیالیزم بە چەمکی دیموکراسی ئەم بەناو کەموکوورییە پڕ بکرێتەوە. هەروەها چەندین مەیلی جیاجیا وای لێک ئەدەنەوە، کە نەبوونی دیموکراسی لە سۆڤێت و وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، هۆکارێکی سەرەکیی تێکشکانی ئەم نیزامانە بووە. ڕای ئێوە سەبارەت بەم جۆرە ڕەخنە دیموکراتیکانە

چییە، چ لە مارکسیزم و چ لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێکهاتن و سەرەنجام ڕووخانی سۆڤیەت وەکوو بلۆکێک کە لافی سۆسیالیزمی لێ دەدا؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من، ئەم جۆرە ڕەخنەگرانە دوو دەستەن، یەکێکیان مەبەستی لە دیموکراسی هەمان مانا موشەخەسە بۆرژوا_ لیبراڵییەکەیەتی و باسە واقیعییەکەشیان ئەمەیە کە نەک تەنها تیۆریی سیاسیی مارکسیزم، بەڵکوو بنەما ئابوورییەکانیشی دەبێت پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و دەبێ هەم بازاڕ و هەم دیموکراسی بە مانای پراکتیکە پەرلەمانی و ڕۆژئاواییەکەی بۆ ئەم تێڕوانینە زیاد بکرێت و لەگەڵیدا ئاوێزان بێت. پووچی و بۆرژواییبوونی ئەم جۆرە هەڵانە لە ڕوانگەی کۆمۆنیستییەوە کە لە بنەڕەتدا ڕەخنەگری ئابووریی بۆرژوایی و سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگای بۆرژواییە و مارکسیزمی لەم بار و دۆخەدا ناسیووە و قەبوولی کردووە، پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە. ناتوانرێ بەر بە کەسێک بگیرێ، کە دەیەوێ بە تێکەڵکردنی مارکسیزم و بازاڕ و مارکسیزم و لیبراڵیزم مەکتەبێکی سێیەم دروست بکات. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەم جۆرە مەکتەبە تێکەڵ و پێکەڵە، نە پەیوەندییەکی بە ڕزگاریی لە سەرمایەداری دەبێت و نە بە ئازادیی مرۆڤەوە و لە کۆتاییشدا نە لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکارییەوە بەدەستەوە دەگیرێت. بەڵام قسەوباسی ئەوانەی کە پێیان وایە دەستەواژەی تاک و ئازادیی تاکەکەسی بە مانایەکی گشتیتر لە کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا کەمڕەنگ بووە، دەبێ بە شێوەیەکی کۆنکرێتتر وەڵام وەربگرێتەوە. دیارە لێرەدا بواری باسی دوورودرێژ لەم بارەیەوە نییە. من تەنها بە باسکردنی ئەم خاڵە ئیکتیفا دەکەم، کە بیانەوێ و نەیانەوێ ئەم ڕەخنانە لەژێر کاریگەری پراکتیکی جەمسەری فەرمیی کۆمۆنیزم لە سۆڤێت و چین و پەیڕەوانیاندان و بیانەوێ و نەیانەوێ ئەم پراکتیکە بە گشتی، یان بەشێکی لەسەر مارکسیزم دەنووسن. جگە لەم حاڵەتە بە بڕوای من ئەوە زۆر سادەیە کە مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ ئامانجەکان و لێکدانەوە مارکسیستییەکان، بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆمۆنیزم پێش ئەوەی خەتی سۆڤێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، ئەوە نیشان بدات کە چۆن مارکسیزم نەک تەنها هیچ پێویستییەکی بە ڕێفۆرمی ئازادیخوازانە نییە، بەڵکوو چ لەڕووی شیکاری و چ لە مێژووی واقیعیی جیهاندا، بە هۆی ئازادیخوازیی لەڕادەبەدەر و پێداگرتنی شێلگیرانە لەسەری، هەمیشە ئەم ڕەوتە کەوتۆتە بەر هێرشی بیریاران و سیاسەتمەدارانی بۆرژوایی. ئەگەر تەفسیری کۆمەڵگا لە دەستەواژەی ئازادی و نرخ و

حورمەتی مرۆڤ بەدرێژایی دوو سەدەی دوایی قووڵتر بووبێتەوە، ئەوە لە بنەڕەتدا قەرزاری مارکسیزم و کۆمۆنیزم بووە. مارکسیزم تەفسیرێکی ئەوەندە ماکزیمالیستی لە ئازادیی مرۆڤ هەیە و ڕواڵەتەکانی زنجیری دیلێتی مرۆڤەکان ئەوەندە هۆشیارانە نیشان دەدات، کە بە بڕوای من مایەی گاڵتەجارییە ئەگەر کەسێک بە ئیلهاموەرگرتن لە ئەزموونی دیموکراسیی ڕۆژئاوا، بیەوێ ئازادئەندێشانەتری بکات. کەسێک کە مرۆڤەکان هەر تەنها بە وابەستەنەبوونیان بە زەوییەوە و بوونی مافی مامەڵەکردن بە پارەوە لە بازاڕدا و خاوەن دەنگبوونیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەندا بە ئازاد لەقەڵەم بدات، زەحمەتە بتوانێ شتێکی بەکەڵک بۆ ئەو تێڕوانینە زیاد بکات کە تەنانەت لە ئازادترین دیموکراسییەکاندا زەبوونی ئینسانەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتی هەمەلایەنەی سەرمایەدا دەخاتە ڕوو. هەر چۆنێک بێت بە بڕوای من گومانی تێدا نییە، کە تەفسیری مارکسیستییانەی ئازادی، مەیدانێکە کە دەبێ بەجیاواز بچینە سەری، ئەگەر بە ڕاستی ئێمە دەمانەوێ لە بەرامبەر فریوکارییە دژی سۆسیالیستییەکانی ئێستادا ڕابوەستین.

سەبارەت بە سۆڤێت دیارە کە باسەکە شتێکی ترە. دیارە کە لە سۆڤێتدا دیموکراسیی لیبراڵی حاکم نەبوو. ئەمە هەرگیز مەرج نییە بەو مانایە بێت کە هاوڵاتیی یەکێتیی سۆڤێت تەنانەت لە مەیدانی سیاسیدا بە ناچاری مافێکی کەمتری لە هاوڵاتییەکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەبووبێ. لە زۆر باردا، بۆ نموونە لە مەیدانی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە یەکسانی ژن و پیاو، مافی هاووڵاتی، یان لە مەیدانی خوێندن و تەندروستیدا، مافی بەشداریکردن لە بڕیارەکان و پێوانەکانی شوێنی کار و ژیانەوە هەبووە، ئەوە بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو کە بە ئازادییەکی زیاتر بۆ فەرد قایل بوو. بەڵام جیاوازی نێوانیان سەرەنجام بریتی بوو لە میکانیزمەکانی بێمافکردنی عەمەلیی خەڵک لە هەردوو جەمسەرەکەدا. ئەم مەسەلەیە لە نیزامی پەرلەمانیدا بە نەرم و ناسکییەکی زیاتر و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت. بەڵام بە هەر جۆرێک بێت ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بە هۆی نەبوونی دیموکراسیی لیبراڵییەوە نەبوو. هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد، بنچینەی مەسەلەکە لە مایەپووچیی ئابووریی مۆدێلی سۆڤێت و بێتواناییەکەی لە بواری بەدیهێنانی گۆڕانکارییە تەکنیکییەکانی دوو دەیەی دوایی و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی پێشکەوتوودا بوو. لە کۆتایی دەیەی پەنجاکاندا سۆڤێت بە هەمان ئەندازە غەیرە لیبراڵی بوو. لە هەمان

کاتیشدا گەشەیەکی ئابووریی بەرزی هەبوو، وە نیشانەیەکیش لە داچوون و ئاوابوونی لە ئارادا نەبوو. لە چینی ئەمڕۆدا ئیستیبداد حاکمە، کەچی ئاستی گەشەی، مایەی سەرسووڕمانی ڕۆژئاوایە. ئەگەر بکرێ شتێک سەبارەت بە پەیوەندیی دیموکراسی لەگەڵ پاشەکشەی سۆڤێتدا بووترێ ئەوەیە، کە نەخوازەڵلا بەو جۆرەی کە کادری کۆنی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی پێشوو، ئێستا پێی وایە، ئەگەر تەسلیمبوون بە بازاڕ بەبێ هەڵکردنی چرای سەوز بۆ مافە لیبراڵییەکان ئەنجام بدرایە (کارێک کە چین خەریکە دەی کات)، واتە "پێڕێسترۆیکای بێ گلاسنۆست"، ئەوا پاشەکشە و ئاوابوونی سۆڤێت ئا بەم شێوە کامڵ و دراماتیکییە ڕووی نەدەدا.

وە سەرەنجام بە بڕوای من ڕەخنە لە نەبوونی ئازادیی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگای سۆڤێتی پێشوودا ئەم لاوازییەی هەیە کە بەفەرمی، یان بە ناڕاستەوخۆ مۆری تەئید لە ئابووریی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات دەدات. ئازادیی سۆسیالیستی تەنها دەتوانێ لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەک لە بنچینەی ئابووریی کۆمەڵگادا، لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانداا شکڵ بگرێت. ئازادییەکی لەم جۆرە لە سۆڤێتدا وجوودی نەبوو، چونکە هەرگیز ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە لە بنچینەی ئابووریی کۆمەڵگادا ڕووی نەدا. چاوەڕوانکردنی ئازادییەکی لەو بابەتە لە بلۆکی ڕۆژهەڵات مانایەکی تری نییە جگە لەوەی کە وێنای خودی ڕەخنەگر لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەمان نیزامی دەسەڵاتدار لەم بلۆکەدا نییە. ئەمە هەڵوێستی ڕەوتە ترۆتسکییە ڕەسەنەکان و زۆربەی چەپی نوێ بووە و بە بڕوای من سەراپا پڕە لە نارۆشنی و نارۆشنیش پەرە پێ دەدات. تەنانەت نەبوونی ئازادی بە دەربڕینە کرێکاری و مارکسیستییەکەیشی لە هەنگاوەکانی یەکەمدا، هۆی ئاوابوون و پاشەکشەی بلۆکی ڕۆژهەڵات نەبوو. بە بڕوای من دەبێ مانای کۆمەڵایەتی و مێژوویی پشت ئەم مەیلە، واتە شەیدابوون و سەرقاڵبوون بە دیموکراتیزەکردنی سۆسیالیزم لەم سەردەمەدا تێبگەین. بۆچوونی مارکسیزم سەبارەت بە ئازادی و جێگاوڕێگای دەستەواژەی ئازادی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە ماوەی سەدە و نیوێکدا لەوە ناسراوتر بووە کە کەسێک بێ ئاگا ئەمڕۆ بیەوێ لە بۆتەی تاقیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بدات. ئەوەی کە ئەم جۆرە سەرقاڵییە دەکاتە مۆدێلی ئێستا، باڵادەستیی فیکریی و هاتوهاواری تەبلیغاتی باڵی ڕاست سەبارەت بە دیموکراسییە. بەشێکی چەپ لە ڕەوتی پاشەکشەکردندا خەریکە فەرمانی داگیرکەران جێبەجێ

دەکات. خەریکە مێژووی تا ئێستای سۆسیالیزم و بناغەکانی بیروباوەڕی سۆسیالیستی بەپێی ڕیوایەتی ڕەوتی سەرکەوتوو دەنووسێتەوە و دووبارە بیری لێ دەکاتەوە. ئەمە کرنۆشبردنێکی سیاسییە، نەک چاوکرانەوە لەبەرامبەر ڕاستییە زانستییە نوێکان. بەم پێیە تەواوی ئەم کێشە و سەرقاڵییانە بە بڕوای من بێ بەهان. بێ بەهان بەڵام بێ بایەخ نین. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار لە مەنگەنە دەدەن و دەیخەنە کەنارەوە. دەبێ لەبەرامبەریدا بوەستییەوە، بەڵام نەک بەجیددیگرتنی حاڵەتە زانستییەکەی، بەڵکوو بە ئاشکراکردنی حەقیقەتە سیاسییەکەی.

ئینتەرناسیۆناڵ: یەکێک لەو قسەوباسە گرنگانەی کە لە کاتی شۆڕشی 1979 لەنێو چەپی ئێراندا لە ئارادا بوو، چۆنێتی و پێداویستییەکانی دامەزراندنی دیموکراتی بوو لە ئێراندا. لەو سەردەمەدا ئێوە و یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە کۆمەڵە نووسینێکدا وەک " ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" و باقی ئەو نووسینانەدا کە دواتر بنەمای بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان پێک هێنا، بە تەواوەتی زەمینەی بابەتیی دامەزراندنی دیموکراسیی لیبراڵیتان لە ئێراندا، بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییە ئابووری_ سیاسییەکانی وڵاتێکی لەم چەشنە بردە ژێر پرسیارەوە. ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕە جیهانییە گرنگەکانی ئەم ساڵانەی دوایی و هەروەها ئەو کۆمەڵە باسانەدا کە سەبارەت بە دیموکراتی لە دنیای ئەمڕۆدا خستتانە ڕوو، لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا دەڵێن چی؟

مەنسوور حیکمەت: باسەکەی ئێمە لە شۆڕشی 79دا و لەوانەش لەو نووسینانەدا کە باستان کرد، چوارچێوەیەکی ڕۆشن و سادەی هەبوو. خەڵک دژی ڕژێمی ئیستیبدادیی پاشایەتی شۆڕشیان کرد و ئازادییان دەویست و بەشی زۆری چەپ بەکردەوە، بە تەئکیدکردنی حیزبە سەرەکییە بۆرژوایی و وردەبۆرژواییەکان، ئەو خۆشخەیاڵییەی خەڵکیان پەرەپێ دەدا کە پێی وابوو، گوایە هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی سیاسی غەیرە سەرکوتگەر، وە بە واتایەکی گشتیی دیموکراتیانە، بەبێ دەستکۆتاکردنی یەکجاریی بۆرژوازی، بەبێ هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی سەرمایەداری لە ئێران مومکینە. لە کاتێکدا یەکێکیان حوکوومەتی دیموکراسی بە حوکوومەتی کۆمەڵە مەخلوقاتێکی ئەفسانەیی وەک بۆرژوازیی میللی، وە یان وردەبۆرژوازیی دژی ئیمپرپالیست دادەنا و یەکێکی تر خۆی، وە یان چینی کرێکاری بە هۆکاری جێبەجێکردنی ئەم ئاڵوگۆڕە دیموکراتییە دەزانی. یەکێکیان ڕەنگە مۆدێلەکەی خۆی لە ئەوروپا و ڕۆژئاواوە

وەرگرتبێت و ئەوەی تر لە شۆڕشە گەلییەکانی جیهانی سێیەمەوە. یەکێکیان لیبراڵ بوو و ئەوی تر دەوڵەتگەرا و خەڵکی. بەشێک لەم ڕەوتانە بێ ئەملا و ئەولا نکۆڵیی لە دەسەڵاتی سەرمایەداری لە ئێراندا کرد و لەو بڕوایەدا بوو کە ئەرکی شۆڕش تازەبەتازە بەدیهێنانی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە، بێگومان لە جۆرە "خۆیی و چاک و سەربەخۆ"کەی، ئەویش لەبەرامبەر فیۆدالیزمێکی کۆڵۆنیالیدا، کە بەقسەی ئەوان بەسەر وڵاتدا زاڵ بوو، وە سەرچاوەی ئیستیبدادی سیاسی پێک دەهێنا. هەر چۆنێک بێت، ڕووی هاوبەشی هەموویان، ئەوە بوو کە سەرمایەداری غەیرە سەرکوتگەرانەیان نەک هەر بە ئەگەرێکی واقیعی دادەنا، بەڵکوو وەک ئامانجی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژیشیان لەقەڵەم دەدا. هەر یەکەیان بە شێوەیەک ئیستیبدادیان لە دەسەڵاتی سەرمایە لە ئێران جیا دەکردەوە و سەرچاوەکەیان بۆ شتێک لەدەرەوەی ئەو ئەگەڕانەوە. بۆ یەکێکیان سەرچاوەی ئیستیبداد فیۆدالیزم و کۆڵۆنیالیزم بوو، بۆ یەکێکی تریان ئیمپریالیزم و "وابەستەیی" و بۆ یەکێکی تریان ناپیشەسازیبوون و ناکامیبوونی گەشەی سەرمایەداری لە ئێران، یان گەشەنەکردنی فەرهەنگی پێشکەوتووی بۆرژوایی. لەبەرامبەر ئەمانەدا ئێمە ڕامان گەیاند، کە بێمافی سیاسیی خەڵک و دڕندەیی دەوڵەت و سەرکوت لە ئێرانی هاوچەرخدا، نە لەخۆوەیە و نە پیلانگێڕی بێگانەیە و نە ئاکامی دواکەوتوویی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری خەڵک و نە بەهۆی کەمی کارگە و سەرمایەداریی خۆولاتییەوەیە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم سەرکوتە لە ئێران لە پێداویستییەکانی گشت سەرمایەداریدایە. ئێمە ڕامان گەیاند کە هەبوونی ئەو ئازادییە مەدەنییانەی کە بە دیموکراتی ناو دەبرێن، وەک ئازادیی ڕادەربرین، ڕێکخراوبوون و مانگرتن تەنانەت بە شێوە ڕۆژئاواییەکەیشی، لەگەڵ کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش کە پێداویستییەکی بنەڕەتیی سەرمایەیە لە ئێران (وەک توێژێکی فراوانی وڵاتانی جیهان) ناکۆکی هەیە. سەرکوت لە ئێراندا نە ئامرازێکە بۆ داپڵۆسینی بۆرژواکان لە لایەن دەرەبەگەکانەوە و نە لێدانی بۆرژوا "نیشتمانی"یەکان لەلایەن بۆرژوا "وابەستە" کانەوە. ئەمە ڕژێمێکە کە گشت بۆرژوازی لەبەرامبەر چینی کرێکاری ئێراندا ڕای گرتووە و لە سایەیدا سەرمایە کەڵەکە دەکات. هەر کەسێک و بە هەر نیازێکەوە و بە هەر ڕەنگی ئاڵایەکەوە و بە هەر مۆدێلێکی ئابوورییەوە بیەوێت لە دنیای ئەمڕۆدا سەرمایەداریی ئێران بەڕێوە بەرێت، بە ناچاری پێش هەموو شتێک بنەماکانی ئەم سەرکوتە قایم دەکات.

ئێمە کاتێک ئەم قسانەمان دەکرد کە نەک هەر هێرشەکانی 30 خورداد (مەبەستی لە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی ئیسلامییە بۆسەر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ و کۆمۆنیستی لە مانگی حوزەیرانی 1980دا/ و.) ڕوویان نەدابوو، بەڵکە هێشتا ئیسلامییەکان نەهاتبوونە سەرکاریش. سەردەمێک کە تیایدا لانیکەمی چاوەڕوانیی چەپی ڕادیکاڵی باو لە بۆرژوا و وردەبۆرژوا "پێشکەوتنخواز و دژەئیمپریالیستییەکان"یان، کە خەریک بوو دەگەیشتن بە دەسەڵات، ئەوە بوو کە ئازادی و دیموکراتی بێننەگۆڕ. 15 ساڵ و دەیان هەزار قوربانی بەسەر ئەو سەردەمەدا تێدەپەڕێت. پێم وایە ڕاستی و دروستی ئەو باس و وریاکردنەوانەی ئێمە بۆ هەر کەسێک کە ئازادیی سیاسی، تەنانەت بە بۆچونێکی لیبراڵی و دیموکراتییانەش خەمێکی ڕاستەقینەی بێت، شتێکی بەرچاو و ئاشکرایە. ئەگەر ئێستاش لەوە ئەچێ پاشماوەکانی چەپی ڕادیکاڵ دیسانەوە خەریکن جارێکی تر، ئەمجارە تەنانەت بە شێوەیەکی ساویلکانەتریش، پەیمانی ئێرانێکی بۆرژوا_ دیموکراتیک بە خەڵک دەدەن، لەوێوەیە کە تەنانەت دیموکراسی خەمی واقیعییان نییە، بەڵکوو ناسیۆنالیزم و ئامانجی گەشەی پیشەسازی پێکهێنەری سەرەکییە لە پێناسەی ناسنامەی سیاسییاندا. دیموکراسی لای ئەمان مانای "دەوڵەتێکە کە دەکرێت تەحەمولی بکەیت" و دامەزراندنیشی بە قسەی زۆربەیان، لە هەندێک باڵی حوکوومەتی ئێستا، وە یان لە چەند لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دەوەشێتەوە. بە بۆچوونی من ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە جیهاندا، چ وەک گەشەی تاتشەریزم لە هەشتاکاندا و چ ئەو گۆڕانکارییە مێژوویی و چەند قات گرنگترانەی ساڵەکانی دوایی واتە، داڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و ئاکامە فراوانەکانی، ڕاستی و دروستی تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی دیموکراسی بە جێگاوڕێگای ئابووریی بۆرژوازییەوە لەبەرامبەر چینی کرێکاردا سەلماند. بەریتانیا لانکی لیبراڵیزم و دیموکراسی بووە، بەڵام کاتێ چینی بۆرژوا مەیدانی ئابووری لە خۆی بەرتەسک دەبینێ و گوشاری بۆ دێت، تاتشەریزم دەکاتە ئایدیۆلۆژیی فەرمی خۆی و سەرەتاییترین مافە سەندیکاییەکانی کرێکاران و مافە مەدەنییەکانی جەماوەری خەڵک پێشێل دەکات. لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، نەک هەر ڕۆشن بووەوە کە دیموکراسی نازناوی بازاڕ و ململانێ و فرەسەرمایەکانە، بەڵکوو ئەوەش کەوتە ڕوو کە گەشەی سەرمایەداریی تایبەتی و کەڵەکەی سەرمایە لەو وڵاتانەدا کە

بنەمایەکی تەکنەلۆژیی لاوازیان هەیە، تەنها لە ڕێگەی هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران و بەشی ئەوان لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا دێتە دی و هیچی تر. ئەم مەسەلەیە دەستبەجێ دەربڕینی گونجاوی خۆی لە دەستەواژەی دیموکراتی هێنایە گۆڕ. دەربڕینێک کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ژۆرنالیزمە بێشەرمەکانی دەیەی نەوەتەکان ڕۆژانە دەرخواردی خەڵکی دەدەن. لێرەدا دیموکراسی ئیتر تەنانەت لە ئاستێکی ڕووالەتیشدا مانایەکی پێچەوانە بەدەستەوە دەدات. لێرەدا "دیموکرات" بەو هێزە جێمتمانانەی ڕۆژئاوا دەڵێن کە ئامادەن نرخەکان بەرەڵا بکەن و ئاستی گوزەرانی خەڵک بە تەواوەتی بێتنە خوارەوە و لەبەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵکدا، بار و دۆخی نائاسایی ڕابگەیەنن، مافە مەدەنییەکان بخەنە ژێرپێوە و ئیستیبدادی تاکەکەسی دامەزرێنن و مانگرتن و حیزبایەتی قەدەغە بکەن. دیموکراتی نازناوی دۆستە ڕاسترەو و دیکتاتۆررەفتارەکانی بانکی جیهانییە لەم وڵاتانەدا. بە هەر حاڵ، ڕۆشن بووەوە کە ئەو نیزامە پەرلەمانییەی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا کە لە جامخانەدا هەڵیواسیبوو، لەگەڵ جێگەوڕێگەی ئابووریی بۆرژوازیی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ پێویستییەکانی ئەم چینە لە سەرکوتکردنی بێڕەحمانەی هەر جووڵە و وەگەڕکەوتنێکی کرێکار لەم وڵاتانەدا نایەتەوە.

ئینتەرناسیۆنالْ: بەم جۆرە بە ڕای ئێوە دامەزراندنی دیموکراتیی لیبراڵی لە ئێران و هاتنەسەرکاری کۆمارێکی پەرلەمانی کەم تا زۆر و بە هەمان پلە ئازادیی فەردی و مەدەنییەوە کە ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەیبینین، لە توانادا نییە؟ بەڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک ئاسۆیەکی لەم چەشنە، کە بە تایبەتی جێی سەرنجی ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ و توێژاڵێکی فراوان لە ڕێکخراوە چەپەکانی دەورەی پێشووە، دەکرێ بەدی بێت؟

مەنسوور حیکمەت: مەسەلە لەسەر ئیمکانبوون و نەبوونی "هاتنەکایەوە"ی دۆخێکی لەم چەشنە نییە، بەڵکوو لەسەر ئیمکانی دووبارە بەرهەمهاتنەوەیەتی وەک سەرخانێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا. دیموکراتیی لیبراڵی لە ئێراندا لە حوکوومەتی مەلاکان دوورتر و ناومکین تر نییە. ئەو پرسیارەی کە بە هەمان شێوە لە بارەی خودی ڕژێمی ئیسلامیشەوە دێتەگۆڕ، ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک ڕژێمێکی سیاسی ئاوا دەتوانێت سەرخانێکی دووبارە بەرهەمهاتووی کۆمەڵگا و هەلومەرج و بنەمایەکی پایەداری هەڵچوون و داچوونە سیاسییەکانی وڵات بێت. ڕژێمی ئیسلامی لە

فرسەتێکدا بەپێی هەلومەرجێکی سیاسیی دیاریکراو و لە وەڵام بە کۆمەڵە زەروورەتێکی مێژوویی دیاریکراو پەیدا بووە. بەڵام هەرگیز، تەنانەت دوای نزیک بە دەیە و نیوێک هێشتا نەبۆتە بنەمایەکی سیاسیی مەقبووڵ و ئاسایی سەرمایەداری لە ئێراندا. کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە هەر ڕۆژێکی ژیانی پێویستە سەرلەنوێ خوێن بڕێژێ، سەرکوت بکات و بەرنامە دارێژێ. پەرلەمان و دەستووری لیبراڵییانەش لەوانەیە لە سایەی هەلومەرجێکی مێژوویی دیکەدا وەک ڕووداوێک و وەک ڕێکەوتێکی سیاسی لە ئێران خۆی نیشان بدات. لەوانەیە زەخت و زۆری نەوەیەکی دیاریکراو لە پەرلەمانتاریستەکان، بێ ئاڵتێرناتیڤی ئۆپۆزیسیۆنەکان و دەخاڵەتی سەربازیی لایەنگرە جیهانییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە و دەیان فاکتەری پێشبینی نەکراوی دیکە تەنانەت ڕێگە خۆش کەن کە ئەم پەرلەمان و پێودانگە لیبراڵییانە چەند ڕۆژێکش بمێننەوە. بەڵام ڕاستییەک کە لەم نێوەدا نابێت لەبیر بکرێت ئەوەیە، ئەم ڕژێمە پەرلەمانییە ڕیشەی لە ئابووریی سیاسی کۆمەڵگە و بە دیاریکراوی لە شێوازی دەرکەوتنی سیاسیی بۆرژوازی ئێران و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی چینی دەسەڵاتدار لەبەرامبەر کرێکاردا بەوە پایەدار نییە کە جارێکی دیکە لێیەوە سەر دەرناهێنێتەوە و دروست نابێتەوە. ئەم پەرلەمانەش پێویستە لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە بە زەبروزەنگ و بە پێچەوانەی مەیلی بەشی سەرەکیی چینی بۆرژواوە، کە لە مەیدانی ئابووریدا چالاکە لەسەر پێ ڕاگیرێت، ئەگینا باڵی چەپ، یان ڕاست شتێکی دیکە دەخەنە جێگای.

بەڵام گیروگرفتێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەر خودی دروستبوونی نیزامێکی پەرلەمانی و لیبراڵی، تەنانەت ئەگەر وەک یەک ڕێکەوتی مێژووییش بێت، هەر چۆنێک بێت پێویستی بە هەبوونی پارتگەلی لیبراڵی و نەریتی خەباتی لیبراڵی هەیە، کە ئەمەش لە کۆمەڵگای ئێراندا نییە. نیزامی لیبراڵی هەر چۆنێک بێت، پێویستی بە چەند کەسێکی لیبراڵ هەیە! کەسانێک کە ئەمڕۆ بە هەڵە لە ئۆپۆزیسیۆندا بە لیبراڵ ناو دەبرێن، لە ڕاستیدا بریتین لە کەسانێکی کۆماریخواز و ناسیۆنالیست کە تەنها مێژەریان لەسەر نییە (تەنانەت مەرج نییە عەلمانی و غەیرە دینیش بن)، کە تا ئەمڕۆ بچووکترین پابەندبوونی خۆیان بە پێودانگ و بنەماکانی لیبراڵیزمەوە، جا ئەم لیبراڵیزمە هەر چی نرخێکی هەبێت نیشان نەداوە. ئەمانە کاتێک باس لە پەرلەمان و پلۆرالیزم دەکەن، مەبەستیان لە شتێکی وەک کۆریای باشوور، یان تورکیایە. بەم پێیە پوختەی قسەکانی

من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەوەیە کە دیموکراتی و سیستەمی پەرلەمانی لیبراڵ، نە لەگەڵ پێویستییە ئابوورییەکانی سەرمایە و بۆرژوازیی ئێراندا دێتەوە و نە هەرگیز بە شێوەیەکی جیددی لە لایەن بەشێکی ئەم چینەوە داوا دەکرێت. هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەگەری دروستبوونی کەمە و ئەگەری مانەوەشی وەکوو واقیعەتێکی ڕاوەستاو و دووبارە بەرهەمهاتوو لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا سفرە.

ئینتەرناسیۆنالْ: بەدرێژایی ئەم باسە دەستەواژەی دیموکراتیتان لە لایەک بە بەراورد لەگەل ئازادیدا بە تێڕوانینی سۆسیالیستییانە و لە لایەکی تریشەوە لە پەیوەند بە ڕاستییە عەمەلییەکانی ڕژێم و کۆمەڵگە دیموکراتییەکان دایە بەر ڕەخنە و خستتانە لاوە. لە پەیوەند بە ئێرانەوە ئەگەری هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتیتان کەمێک هەڵسەنگاند. بە گوێرەی ئەم قسانە، ئایا بەڕای ئێوە قۆناغێک لە نێوان ئیستیبدادی بێپەردەی بۆرژوازی و ئازادیی سۆسیالیستی لە ئێراندا تەسەور ناکرێت؟ ئایا خودی بەدیهاتنی مافە فەردی و مەدەنییەکان دەبێتە یەکێک لە ئەرکەکانی شۆڕشی کرێکاری؟ ئایا بەدیهاتنی ئەم مافانە خۆی پێشمەرجێکی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری نییە؟

مەنسوور حیکمەت: لە وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتدا دەڵێم، کە قۆناغی لەو جۆرە نەک هەر قابیلی تەسەورە، بەڵکوو لە ڕەوتی مێژووی دیاریکراوی ئێراندا چەندین جار ڕوویان داوە و ڕووش دەدەن. مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئایا ڕەتکردنەوەی ئیستیبدادی بێ پەردەی بۆرژوازی لە وڵاتێکی وەک ئێراندا شتێکی عەمەلییە یان نا، بەڵکوو ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک بار و دۆخێکی ئاوا دەتوانێت فۆرمێکی حوکوومەتیی ئۆرگانیک و پایەداری سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوازی لە وڵاتدا بێت. سەبارەت بەم مەسەلەیە لە ماوەی 14_ 15 ساڵی پێشوودا زۆرمان نووسیوە. جیاوازی هەیە لە نێوان ئازادییەکی سیاسیی دوولایەنە و سەپێنراو کە بەرهەمی هاوسەنگیی هێز و قوناغێکی مێژوویی دیاریکراوە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە وڵاتێکدا بەردەوام دەبێت، لەگەڵ ئەو سەرخانە سیاسییە بۆرژوا_ دیموکراتیکەی کە لەگەڵ کارکردی ئاسایی سەرمایەداریی ئێراندا هاویەک و گونجاو بێت. یەکەمیان واقیعییە هەر ڕوو دەدات و دووەمیشیان خۆشخەیاڵی و فریودانی ئەنقەستانەیە. ئەمە مەسەلەیەکی ئەکادیمییانە نییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گیانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانەوە هەیە. بێگومان لەم قۆناغە "دیموکراتی"یانە لە ژیانی هەر ئەم نەوەیەی چینی کرێکاری ئێران دێتە پێشەوە. لە قۆناغێکی ئاوادا دیاریکردنی ئەم

ڕاستییە بۆ چینی کرێکار مەسەلەیەکی چارەنووسسازە. ئەو چینی کرێکارەی کە ئاوەڵاییەکان و مافە بەدەستهاتووەکان بە بەرهەمی ململانێ و هاوسەنگیی هێزی سیاسیی کاتی نێو کۆمەڵگا سەیر بکات و سیفەتی کاتیبوون و بەردەوامنەبوونی بار و دۆخەکە بناسێت، لە میکانیزمی پاڕاستنی ئەوەی کە بەدەست هاتووە و هەروەها پەرەپێدان و واوەتر ڕۆیشتن لێی و دینامیزمی وەرچەرخانی شۆڕشگێرانە و کۆنەپەرستانەی ئەم بار و دۆخەش تێ دەگات، لەو هەڵسوکەوتە سیاسیی بۆرژواییانە و ئەو کودەتا و پیلانگێڕی و شەڕە ناوخۆییانەی کە بۆرژوازی لەم بار و دۆخەدا خۆی بۆ ئامادە دەکات تێ دەگات، نرخی هەر ساتێک لە بەردەوامیی هەلومەرجی ئازادیی ڕێژەیی بۆ بەدەستهێنانی ئامادەیی پێویست بۆ شەڕە سیاسییە جیددیترەکان لە داهاتوودا دەزانێت و لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا دەمێنێتەوە. لەبەرامبەردا چینی کرێکار لەو ڕۆژەوە کە پێی وابێت بەڵێ دیموکراسی هاتۆتە دی و ئێران چۆتە ڕیزی وڵاتە "شارستانی"یە سەرمایەدارییەکانەوە، پێویستە خۆی بۆ یەک دوو ساڵ زێدەکاری و سکهەڵگوشین لە پێناوی شانازی بە دیموکراتییەوە و هەر لە ساڵی سێیەمیشەوە خۆی بۆ ژمارەیەکی زۆر زیندانی و ئیعدام ئامادە بکات.

بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەم و سێیەمی پرسیارەکەت، بەدیهاتنی مافە کۆمەڵایەتی و فەردییەکانی مرۆڤ و بە مانای ڕاستەقینە و قووڵی وشەکە و پاڕاستنیان، بێگومان تەنها بە شۆڕشێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری دەکرێت. مرۆڤی سەدەی بیستەم ئەوپەڕی سنووری پەرەسەندنی ئازادی لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا تاقی کردۆتەوە. هەرچی هەیە هەر ئەمەیە کە دەیبینین. بڕیار نییە موعجیزەیەکی تازە ڕوو بدات. ئەگەر لەم بارەیەوە قسەیەک هەبێت کە شایانی وتن بێت ئەوەیە، کە بە ڕاستی ماوەیەکە ڕەوتی گەڕانەدواوەی تێڕوانینی گشتیی خەڵک لە ئازادی و پێودانگە حوقووقییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی دەستی پێ کردووە. بەڵام هەر وەک وتم، نەفی ئیستیبدادی بۆرژوایی لەڕووی عەمەلییەوە، گۆجکردنی توانای سەرکوتگەرانەی دەوڵەتەکان و حیزبە بۆرژواییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و سەپاندنی هەلومەرجێک کە تیایدا زەوتکردنی ئازادیی دوولایەنەی خەڵک بە نیسبەت چینی دەسەڵاتدارەوە بۆ ماوەیەک یەکجار قورس بێت، نەک هەر شتێکی عەمەلییە بەڵکوو تەوەرێکی تاکتیکەکانیشمانە. ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، چەکدارکردنی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتێکش و پاڕاستنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵک نەک هەر لە توانادایە،

بەڵکوو چارەنووسسازیشە. بەڵام هێنانەسەرکاری نیزامێکی پەرلەمانی لە تاراندا، کە لەوە بەدواوە هەموو بۆرژواکان بەپێی بڕیارنامەکانی یاری بکەن و قسەی خۆیانی تێدا بکەن و بیری بەدەستەوەگرتنی ملهوڕانەی دەسەڵات و قەدەغەکردنی حیزب و دامەزراوە کرێکارییەکان و سەربڕینی ئازادییە بەدەستهاتووەکانی خەڵک لە مێشکیاندا دەربکەن، تەنها خۆشخەیاڵییە. هەڵپێچانی ئیستیبداد و بەرقەرارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان پێشمەرجێکی سیاسییە بۆ کۆکردنەوەی هێز و تواناییەکی ئەوتۆ کە لێدانی دواین گورزی چینی کرێکار لە نیزامی سەرمایەداری ئاسان بکات. بەڵام گشت باسەکەی ئێمە لەم ساڵانەدا ئەوە بوو کە پێویستە چینی کرێکار بەهێزی خۆی و لە ڕووبەڕووبوونەوەدا و لەگەڵ بەرهەڵستیی توندی بۆرژواییدا ئەم پێشمەرجە دابین بکات.

ئینتەرناسیۆنالّ: ئایا کۆمەڵە ڕەخنەیەک کە بەدرێژایی ئەم باسە لە پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم گیرا، لەڕووی مەبدەئییەوە ئێوە دەگەیەنێتە هەڵوێستی بایکۆتی یەکجاریی پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانی؟ ئایا بەڕای ئێوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێت هەر لەپێشەوە مەسەلەی بەشداری لە هەر جۆرە پەرلەمان و هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی لە ئێراندا بە تەواوەتی ڕەت بکاتەوە؟ ئایا دەکرێت هەلومەرجێک بهێنرێتە بەرچاو، حیزب لە هەڵبژاردن و تەنانەت لە دەوڵەتێکی پەرلەمانیشدا بەشداری بکات؟

مەنسوور حیکمەت: مەسەلەی مەبدەئی لە زەمینەی هەڵوێستی حیزبی کرێکاری لەبەرامبەر پەرلەمان و ڕژێمی پەرلەمانیدا لای من ئەوەیە، کە ئەم دامەزراو و ئەم ڕژێمە سیاسییە ناتوانێت ئامراز و هۆکارێک بێت بۆ سەرکەوتنی سۆسیالیزم. سۆسیالیزم لە ڕێگای پەرلەمانەوە بە سەرکەوتن ناگات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە پەرلەمان بە هەر ڕادەیەک دیموکراسی بێت و ڕواڵەتیش نەبێت، وەک سەنگەرێکی بەرهەڵستیی بۆرژوازی لە بەرامبەریدا دەوەستێتەوە. من لەڕووی مەبدەئییەوە بایکۆتکردنی پەرلەمان تەرح ناکەم، بەڵکوو باس لە لاوەکیبوونی لە تاکتیکی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکاری سۆسیالیستدا دەکەم. ئەبێت ئەوەش بڵێم، کە هەڵوێستی من بەرامبەر پەرلەمان، تەنانەت لە وڵاتانی چەشنی بەریتانیا و فەرەنسادا لەچاو تێگەیشتنی گشتیی چەپی شۆڕشگێڕ، یان حیزبە ڕادیکاڵە کرێکارییەکان لەم وڵاتەدا، زیاتر لە بایکۆتەوە نزیکە. بە بۆچوونی من بەنیسبەت

کرێکارەوە، پەرلەمان مەیدانێکی ململانێ و بەرەیەکی خەباتە، نەک دەروازەیەک بۆ دەسەڵات گرتنەدەست.

لەڕووی عەمەلییەوە مەسەلەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەم جۆرە شتانەدا، بە تەواوی پەیوەندە بە کات و شوێنەوە. من خۆم ڕام وایە، کە کۆمۆنیزم لە ئەورووپا لە ڕادەبەدەر سەرقاڵی پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانییە. لە ئەمەریکای ئەمڕۆدا، بە ڕای من، بایکۆتکردنی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و هەڵبژاردنەکانی سەرەککۆمار وەک پرانسیپێک، کە تەنها بۆ هەندێ هەلومەرجی تایبەتی دروست نییە، تاکتیکێکی مەبدەئیترە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری. لەبەشی زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا و بەتایبەتی لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تیایدا پەرلەمان یان دیکۆرێکە وەیان بەفەرمی و بەکردەوە چوونەناوەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بۆ ناویان مومکین نییە، بەڕای من لەڕووی مەبدەئییەوە دەبێ بایکۆت بکرێت.

بە ڕای من، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێویستە هەمیشە و لەدرێژەی هەمان ئەو مەسەلانەدا کە لەم باسانەدا هاتنەگۆڕ، پەردە لەڕووی پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم هەڵماڵێت. بەڵام لەڕووی تاکتیکییەوە هەڵسووڕانی ئینتیخاباتی و پەرلەمانیی حیزب هەرگیز ڕەت ناکەمەوە. سەرەنجام بە ڕای من، ئەوە بە تەواوی لەسەر خودی حیزب ڕادەوەستێ، کە لە هەر بارێکدا زەروورەتی بەشداری لە پەرلەماندا، لەسەر بنەمای لێکدانەوەی جێگاوڕێگای سیاسی و بەرژەوەندیی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار بخاتە ڕوو. بێگومان دەکرێت هەر لەپێشەوە کۆمەڵە پایە و پرانسیپێک وەک پێشمەرجەکانی ئوسووڵیبوونی بەشداری حیزب لە پرۆسەی پەرلەمانیدا دیاری بکرێت. بەڵام لە دواشیکردنەوەدا، ئەوەی کە وەڵامی ئەم مەسەلەیە دەداتەوە، لێکدانەوەی تایبەتیی حیزبە سەبارەت بە جێگاوڕێگای مێژوویی_ دیاریکراوی هەر قۆناغێک.

ئینتەرناسیۆنالّ: پرسیارێک کە ئەمڕۆ لەگەڵ نەمانی نیزامی دووجەمسەریی دەسەڵات لەسەر ئاستی دنیادا زۆر دێتە پێش و بە تایبەتی بەهۆی جەنگی ئەمەریکاوە لە کەنداو و کارکرد و تەبلیغاتی دەخاڵەتگەرانەی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەرجەستە بۆتەوە ئەوەیە، کە ئایا دامەزراندنی ڕژێمێکی سۆسیالیستی لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بەرەوڕووی لەشکرکێشی دەستبەجێی هێزە سەرمایەدارییەکان نابێتەوە؟ ئایا بەم پێیە شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتێکی ئاوادا، هیچ دەرفەت و شانسێکی هەیە؟ وە ئایا هەر ئەم فاکتۆرە و ئەو تێبینییە محافەزەکارانەیەی لێیەوە هەڵدەقوڵێت، دەستی تەبلیغاتی

لایەنگرانی نیزامی پەرلەمانی، هەر چەندەش بەڵێنە ئازادیخوازانەکانیان بێ ناوەڕۆک بێت، زاڵتر ناکات؟

مەنسوور حیکمەت: بە ڕای من، ئەم تێبینییانە زۆر گرنگن و لە وەڵامیاندا چەند خاڵێک دەخەمە ڕوو. گومان لەوەدا نییە کە ئەمڕۆ دامەزراندنی هەر نیزامێکی سۆسیالیستیی کرێکاری لە هەر گۆشەیەکی دنیادا یەکسەر بۆرژوازیی جیهانی و لەسەرووبانەوە ئەمەریکا و هاوپەیمانی سیاسی_ سەربازی ناسراو بە ڕۆژئاوا دەخاتە سەر ڕێچکەی دەخاڵەت و گێڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی. ئەوەی کە ئایا دەخاڵەتێکی لەم چەشنە یەکەم، لەڕووی عەمەلییەوە دەتوانرێ ئەنجام بدرێ، وە دووەم، ئایا توانای تێکشکانی ئەو حوکوومەتە سۆسیالیستییەی کە باسمان کرد، هەیە یان نا، مەسەلەیەکی ترە. ئەزموونی دەخاڵەتە سەربازییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی هەر لە جەنگی کەنداوەوە تا سۆماڵ و بۆسنە، کە یان بە ناوی ڕۆژئاوا و ئەمەریکاوە، وە یان ڕۆژانە بە ناوی (UN)ەوە ئەنجام دەدرێن، ئەو ڕاستییەی نیشاندا، کە توانای عەمەلییان لە لەشکرکێشی و سەرکوتکردندا سنووریکی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەڕووی تەکنەلۆژییەوە توانای وێرانکردنیان یەکجار زۆرە، بەڵام لەڕووی ئابووری و لەڕووی پشتی بەرەی کۆمەڵایەتییانەوە، دەستەویەخەبوونیان بە شەڕێکی هەمەلایەنەوە لەگەڵ شۆڕش و بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا کارێکی ئاسان نابێت. بە ڕای من، هیچ دوور نییە کە نەتوانن تەنانەت لە حاڵەتی دەخاڵەتی سەربازیی ڕاستەوخۆدا، سەرەنجام حوکوومەتێکی سۆسیالیستیی کرێکاری لە وڵاتێکی خاوەن ئابووری و جوگرافیا و دانیشتوانێکی مامناوەندیشدا بڕۆخێنن. بە ڕای من ئەمە شتێکی واقیعییە. بەڵام لە خودی خۆیدا بە هیچ جۆرێک نە دەتوانێت وەڵامێکی تەواو بێت بە پرسیارەکەتان و نەدەتوانێت دڵخۆشکەر بێت بۆ ئەو نەوەیەی کە بڕیارە لە کۆمەڵگایەکی شۆڕش کردوودا و لە ڕەوتی پووچەڵکردنەوەی هێرشی سەربازیی بۆرژوازیی جیهانی بۆسەر شۆڕشە سۆسیالیستییەکەیان گیانیان فیدا کەن، یان ژیانیان لێ ببێتە دۆزەخ. لە سووچی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەی یەکێک لە لایەنە فیداییەکاندا (مەبەست لە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێرانە_ و.) دروشمێک دەنووسرێ ،کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە "جەماوەری چەکداری یەکگرتوو لە شووراکاندا هەرگیز تێک ناشکێن". با وا دابنێن وایە و ئەم شتە میتافیزیک و خەیاڵییە لە جیهاندا، قانوونێکی ماددی بێت. بەڵام پرۆسەی سەلماندنی ئەم نەبەزی و تێکنەشکاوییە ڕەوەندێکی پڕ چەرمەسەرییە، کە

تیایدا مرۆڤەکان و ژیان و بوونیان و هەروەها سۆز و عاتیفەشیان لە خوێندا نوقم دەبێت. لایەنی مرۆیی تەنها ڕوویەکی مەسەلەکەیە. لایەنی درێژماوەتر و سیاسی_ مێژووییتری مەسەلەکە و ئاکامەکانی ئەم پرۆسەیە بەنسبەت ئەو شۆڕشە سۆسیالیستییەوە لە ڕووە مرۆییەکەی کەمترسناکتر نییە. خودی ئەم هێرشە مانای ماددیی شۆڕشی سۆسیالیستی لای ئەو جەماوەری خەڵکەی کە بڕیارە لەم ڕێگەیەوە ڕزگاریی بەدەست بێنێت، ئاوەژوو دەکاتەوە. سۆسیالیزم شۆڕشێکە لە پێناو خۆشگوزەرانی و کۆتاییهێنان بە بێمافییەکانی مرۆڤە. شۆڕشێکە دژی ئازار و توندوتیژییەک کە ناوەڕۆکی ئەسڵی کۆمەڵگای تا ئێستای پێک هێناوە. شۆڕشێکە لە پێناو ئازادی، خۆشی و شادی و توانای داهێنەرانەی مرۆڤەکاندا. بەڵام هێرشی سەربازیی بۆرژوازیی جیهانی، ئەم ڕووداوە لەخوێن هەڵدەکێشێ و لەگەڵ بێبەشی، هەژاری، تەریککەوتنەوە، فیداکاری، تەحەمولی نەخۆشی و دەرد و خەم و بێبەشی زیاتر هاوتای دەکاتەوە. تەنانەت سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش تا چەندین ساڵ، ناتوانێت ئەم دێوەزمەیە لە قۆناغی دروستبوونی کۆمەڵگای نوێ دوور بخاتەوە. ئەم گوشار و بێبەشییانە ئاکامی ماددییان بۆ شۆڕش و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی هەیە. دەبێتە هۆی پەرەپێدانی مەیلە دواکەوتووەکان کە ناسیۆنالیزم و قەومپەرستی و دین و پیاوسالاری، تەنها نموونە دیار و بەرجەستەکانییەتی. ڕێز و بەهای گیان و ئاساییشی مرۆڤ لای خودی مرۆڤەکان دێنێتە خوارەوە. سۆسیالیزم تا ئاستی دابەشکردنی هەژاری دێنێتە خوارەوە و چەندین شتی لەم بابەتە. کەوایە پرسیار لەسەر نەبەزی و لەشکاننەهاتوویی ئێمە نییە. ئەگەر جەنگێکی ئاوهامان بەسەردا بسەپێنن، ئەوسا ئەرکی سەرشانمانە کە سەرکەوتن بەدەست بێنین. بەڵام ڕێگاچارەی واقیعی بە ڕای من، لە نەفیکردنەوەی ئەم مەترسییەدایە. وە ئەمەش دەمانگەیەنێتە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی شۆڕشی کرێکاری، یانی خەسڵەتی نێونەتەوەییبوونی چینی کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکاری. بە تێڕوانینی من، خەسڵەتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار و جەوهەری ئینتەرناسیۆنالیستیی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو فاکتەرەیە کە سۆسیالیزم لە دنیای ئەمڕۆدا دەکاتە ئەڵتێرناتیڤێکی ماددی و واقیعی. شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتێکی وەک ئێراندا پێویستە بە یارمەتی هێزی چینی کرێکاری جیهانی و بە تایبەتی چینی کرێکاری ئەو وڵاتانەی کە ڕابەرایەتی میلیتاریزم و عەسکەرتارییەتی بۆرژوایی لە ئاستی جیهانیدا دەکەن، لە هێرش و گوشاری سەربازی و ئابووریی جیهانی

بپارێزرێت. ئەمە شتێکی واقیعییە. بە تێڕوانینی من، کرێکار لە ئێران پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە کام یەک لەمانە واقیعی و کامیان خەیاڵییە: ئەوەی کە پەرلەمان لە ئێران بێتە سەرکار و ئازادیی مانگرتن و ڕێکخراوبوون و هەڵسووڕانی کرێکاری و کۆمۆنیستی ببنە شتێکی قانوونی و سەرمایەدارانی ناوەوە و دەرەوە و سوپای بۆرژوایی و کانگستەرە (چەتە) سیاسییە چەکدارەکان، هەر لە ڕەوتی پانئیسلامیی حیزبوڵڵاوە بگرە، تا ناسیۆناڵ_ ئیسلامییەکان، پاشاییخوازان، فاشیستەکان و عەزەمەتخوازان، ئەم هەلومەرجە نوێیە قەبووڵ بکەن و چەکەکانیان دانێن و بۆن لە خۆیان بدەن و بێتە نێو پەرلەمانەوە، یان ئەوەی کە کرێکار دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و بە یارمەتی کرێکارانی ئەڵمانی، فەرەنسی و ئەمەریکی خۆی لە دەستەویەخەبوون لە هەڵوێستی لاوازەوە لەگەڵ شەڕێکی نەویستراودا بپارێزێت؟ بە تێڕوانینی من بار و دۆخی ئەمڕۆ ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری تەنها پرانسیپێک و باوەڕێک، وە یان بڕواهێنان و هەستکردنێکی تاقانەی چینایەتی نییە، بەڵکوو چەکێکی کارا و واقیعییە لە جەنگی چینایەتیدا. پێویستە ئەم چەکە بێنینە مەیدان و بیخەینە کار. ستراتیژی ئێمە بۆ دوورکەوتنەوە لەو تراژیدیایەی کە بۆرژوازیی جیهانی دەیەوێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بەسەر شۆڕشی کرێکاریدا بیسەپێنێت، هەوڵ و تێکۆشانە بۆ پێکهێنانی ڕیزێکی جیهانیی کرێکاری، کە پارێزگاری لەم جۆرە شۆڕشانە بکات. لەوانەیە ئەو ترسەی کە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا دەیانەوێت لە دڵی جەماوەری زەحمەتکێشی جیهاندا بیچێنن، وایان لێ بکات زیاتر بەلای بەڵێنە نیوەدیموکراتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئەم وڵاتانەدا بچن. "ئێمە تێک ناشکێین" هەر چەندە باوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و شێلگیرانە بێت، ناتوانێت وەڵامی ئەم مەسەلەیە بداتەوە. وەڵامی واقیعیی، ڕێکخستنی ماددییانەی ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری لە ئاستە جیاوازەکاندایە.

مەبەستی من لەم پێداگرتنە لەسەر ئینتەرناسیۆنالیزم هەرگیز ئەوە نییە کە شۆڕشی کرێکاری لەسەر ئاستی جیهانی نەبێ لەنێو دەچێت. من تێۆری دروستبوونی سۆسیالیزم لە ڕێگەی تەقینەوەیەکی گەورە و هاوکاتی جیهانییەوە بەڕاست نازانم. لە ڕێڕەوی واقیعی مێژوودا، ئەگەری ئەوە زۆر زیاترە کە کرێکاران لە گۆشەیەکی دنیادا دەسەڵات بەدەست بێنن، بێ ئەوەی کە لە بەشەکانی تری جیهاندا ئەم تواناییە هەبێت. هەر بۆیە سۆسیالیزمی کرێکاری ناچار دەبێت، لەم یان لەو وڵات و فڵانە کۆمەڵە

وڵاتەدا، تەواوی بەرنامەکەی خۆی، چ سیاسی و چ ئابووری پیادە بکات. بە ڕای من، ئەوەی کە چارەنووسسازە ئەوەیە، کە چینی کرێکار لە وڵاتەکانی تر و بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە پێشەوای میلیتاریزمی بۆرژوایین لە ئاستی جیهانیدا، ئەم هۆشیاری و ڕێکخستنە ئینتەرناسیۆنالیستییەی هەبێت، کە دەستی بۆرژوازیی وڵاتەکەی خۆی لە پیادەکردنی هەر سیاسەتێکی هێرشکەرانە و دەستدرێژکەرانەی سەربازی ببەستێت. ئەمە عەمەلی و قابیلی بەدیهاتنە.

وەرگێڕانی: ئاوات سەعید
تایپکردنەوەی: نەسرەوت عوسمان

سەرچاوە:
دمکراسی: تعابیر و واقعیات
"انترناسیونال"، شمارەهای 4 تا 7
اسفند 1371 تا مرداد 1372، فوریە تا ژوئیە 1993

لە کۆتایی دەورەیەکدا

(وتارێک لە دەسپێکی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە ساڵی 1994)

باسەکەی من لەسەر جێگاوشوێنی تایبەتیی بڕگەیەکە کە ئەم کۆنگرەیەی تیادا بەرپا دەکرێت. پێم وایە چ لەڕووی ڕەوتی هەلومەرجی بابەتی لە ئاستی جیهانیدا و چ لەڕووی ئاڵوگۆڕی دەروونیی چەپەوە، وە تەنانەت لەڕووی ڕەوتی حەرەکەتی حیزبی خۆشمانەوە، ئێمە کۆتایی قۆناغێک و کۆتایی دەورەیەکی لێڵ تێدەپەڕێنین. گەیشتنی هەموو ئەم پرۆسە جیاوازانە بە خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسساز لەم بڕگە تایبەتەدا، لە بنەڕەتدا بەڕێکەوت نییە، هەر چەندە لە هەندێ جوزئییاتدا دەتوانێ وابێ. ئەو قۆناغەی کە خەریکە تەواو دەبێ، لایەن و ڕەهەندی جیاجیای هەیە و من دەمەوێ سەرنجی کۆنگرە بۆ ئەم تایبەتمەندییەی ئەم دەورەیەی ئێستا و لایەنە گرنگەکانی ڕابکێشم و جەخت لەسەر ئەو ئەنجامانە بکەم کە بە بڕوای من دەبێ لەم جێگاوشوێنەوە وەربگیرێت.

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئێمە شایەدی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ بووین کە گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی سەرتاپای سەدەی بیستەمیان پێک دەهێنا. ئەم دەورەیە، کە بە زاراوەی وەک دەورانی پاش جەنگی سارد، دەورانی داڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، مەرگی کۆمۆنیزم، دەستپێکردنی نەزمی نوێی جیهانی و ... تاد. قسەی لێ ئەکرێت، لەڕووی گرنگی و چارەنووسسازییەکەیەوە لە مێژووی کۆمەڵگای هاوچەرخدا، هاوتای دوو جەنگی جیهانی وە یان شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. لەڕووی سیاسییەوە، لەڕووی ئابوورییەوە، لەڕووی ئەو ئاڵوگۆڕە ئایدیۆلۆژییەوە کە بەسەر کۆمەڵگایدا هێناوە، لەڕووی کاریگەرییەکەوە کە لەسەر جیهانبینی ئینسانەکان و تێڕوانینی ئەوان بۆ فەلسەفەی ژیان دای ناوە، وە سەرئەنجام لەڕووی تێکۆشان و کاریگەرییەک کە لەسەر کۆمۆنیستەکان و چەپی دانا، ئەم دەورەیە لە ڕادەبەدەر میژوویی و چارەنووسساز بووە. هەڵبەتە ئەوەی کە ئێمە بووینە شایەدی دەورەیەکی وا چارەنووسساز هونەری خۆمان نەبوو. بەڵام شتێک هونەری ئێمە بووە و من دەمەوێ بەر لە هەر شتێک سەرنجی کۆنگرەی بۆ ڕابکێشم.

ئەم دەورەی ئاڵوگۆڕە گەلێک قوربانی هەبوو. لە شێوەی بزووتنەوە جیاجیاکان، ئامانجە جیاجیاکان و ئەو ئاسۆیانەی کە لەدەست دران، بەڵام ئێمە لەنێو ئەم قوربانییانەدا نەبووین. ئەمە دەورەیەک بوو کە تیایدا کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزمیان ڕاگەیاند. ئەگەر 80 لە سەدی ئەم بانگەشەیەش درۆ بووبێت، بە هەر حاڵ 20 لە سەدی نیشاندەری واقیعییەتێکی بابەتییە، ئەویش تەریککەوتنەوەی چەپ و چەپی مارکسیست لە کۆمەڵگادا بوو. ئەمە واقیعییەتێک بوو. خودی ئێمە لە چەندین ساڵ بەر لە ئێستاوە، لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، وە تەنانەت بە مانایەکی گشتیتر لە کۆنگرەی دووەمییەوە، چووین بە پێشوازی ئەم واقیعییەتەوە. ئەم پاشەڕۆژەمان بینیبوو، پووکانەوەی ئەم چەپەمان پێشبینی کردبوو، وە لەبەرامبەریدا کۆمۆنیزمی کرێکاریمان وەکوو ئاڵتێرناتیڤ خستبووە ڕوو. لەم دەورەیەدا نە تەنها بزووتنەوە چەپ و کۆمۆنیستەکان کەوتنە ژێر مەنگەنەوە، بەڵکوو بە گشتی ئامانجە یەکسانیخوازەکان، ئازادیخوازەکان، خودی خۆشبینی بە زاتی ئینسانی، ئومێدی ئەوەی کە کۆمەڵگا دەتوانێ بە ئاراستەی باشتربووندا بڕوات، وە تەنانەت هەر جیهانبینی و تێڕوانینێکی فەلسەفی کە بە هەر شێوەیەک مرۆڤ بە توخمێکی کاریگەر لە ژیانی خۆیدا پێناسە بکات، هەموو ئەمانە پاشەکشەیان پێ کرا. لەبەرامبەردا، دەورەیەک لە نائومێدی، سەرلێشێواوی، وە بەدبینی سەبارەت بە ئایندەی مرۆڤ و ڕێڕەوی کۆمەڵگای ئینسانی دەستی پێ کرد. لەم دەورەیەدا شایەدی پەرتبوونی ژمارەیەکی زۆر، ژمارەیەکی بێشومار، لەو ئینسانانە بووین کە لە دەورەی پێشوودا خۆیان بە پێشکەتنخواز، ئازادیخواز، یەکسانیخواز، پۆزەتیڤ و سودمەند پێناسە دەکرد. ئێمە شایەدی قوربانیبوونی ئەمانە بووین. شایەدی ئەوە بووین کە ژمارەیەکی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیچ شتێک سودی نییە، تەنانەت بوونە کۆرسی خەڵکانی تر و لەدوای ئەوانەوە وتیان ئەمە "کۆتایی میژوو"ە، دنیا هەر ئەمەیە و ئیتر هەر وا دەمێنێتەوە. فۆرموولبەندی جۆراوجۆر سەبارەت بەوەی کە دنیا هەر ئەمەیە و دەبێ لەگەڵی بسازێین، لە هەموو دەلاقەکانی کۆمەڵگاوە، لە جیهانی هونەرەوە تا سیاسەت و تیۆری و ئایدیۆلۆژی سەریان دەرهێنا. ئەنجامێکی بە ڕواڵەت حاشاهەڵنەگر کە بەدەستەوە دراو حوکمێک کە وەکوو بیرۆکەیەکی سەرکەوتوو ڕاگەیەنرا ئەمە بوو، کە ئەوە کۆمەڵگای سەرمایەدارییە سەرکەوتووە، ئیتر ئەمە بەشی ئینسانە، ئەمە دیموکراسییە (هەر ئەمەی کە دەیبینن نەک بیرۆکەکانی سەدەی نۆزدەهەم)، ئەمە

هەلومەرجی کار و گوزەرانە، زاهیر و باتینی جیهان هەر ئەمەیە و ئینسانەکان دەبێ خۆیانی لەگەڵ بسازێنن. ئەم خۆسازانەش هەر کەسە دەبێ لە خەڵوەتگە و تەنهایی خۆیدا ئەنجامی بدات، چونکە ئەتۆمیزەبوونی تەواوی مرۆڤەکانیش تایبەتمەندییەکی تری ئەم دەورەیە بوو، دەست و پێبەستراوی و تەسلیمبوونی تەواوی تاک لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە بەسەری دەهات، لە سەیرکردنی هەموو ڕۆژەی کوشتاری خەڵک لە ئاستی دەیان هەزار کەسی لە ڕۆژێکدا، وە ئەوەی کە کارێکت لەدەست نایەت، تا ئەوەی کە نازانرێت، سبەینێ چی بەسەر کار و سەعاتکار و کرێکەی خوتدا دێت، وە یان چارەنووسی مافی زیندوومانەوەت، یان مافی چوونە قوتابخانەت چی بەسەر دێت. ئەم تەمومژە ئاسمانی جیهانی داگرت.

بە بڕوای من ئێمە قۆناغی یەکەمی ئەم دەورەیەمان تێپەڕاندووە، دواتر ڕوونی دەکەمەوە چۆن و بۆچی. بەڵام ئەوەی کە ئێمە سەرەڕای هەموو شتێک دەبێ لەم دەورەیەدا شانازی پێوە بکەین، ئەوەیە کە ئێمە نە تەنها لە ڕیزی قوربانیانی ئەم دەورەیەدا نەبووین، بەڵکوو لەو چەند دانە ڕووداوە ئیجابییانە بووین کە لەم دەورەیەدا لە جیهاندا ڕوویان دەدا. لەبەرامبەر ئایینده‌یەکی تاریکدا کە بۆرژوازی بەکردەوە سەرباری هەموو وەعدە و بەڵێنەکانی دەی خستە بەردەم ملیۆنەها مرۆڤ، ئێمە یەکێک بووین لەو چەند ڕایەڵانەی کە کۆمەڵگایان بە ڕابردوویەکی ئومێدبەخش، بە خەباتی حەقخوازانەی ڕابردوو، وە ئەو ئاسۆ ئینسانییە فراوانانەی کە لە دەیان ساڵ پێشترەوە مرۆڤ چاوی تێ بڕیبوو پەیوەست دەهێشتەوە. ئەگەر ئێمەومانان لەم وێنایە بکەنە دەرەوە، ئێمە و ئەو مرۆڤ و ڕەوتانەی چەشنی ئێمە کە وەک هەمیشە پێیان داگرت و وتیان نەخێر، ئازادیی مانای هەیە، یەکسانیی مرۆڤەکان مانای هەیە، بزووتنەوەی چینی کریکار مانای هەیە، ئەو کاتە ئەم دەورەیە دەبووە دابڕانێکی بنەڕەتی لە مێژووی جیهاندا. وەکوو شەڕێکی ئەتۆمی کە شارستانییەتی دوای ئەو دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە. بەڵام کەسانێک و مرۆڤگەلێک هەبوون کە بەرگرییان کرد و هەوڵیان دا ئاراستەی جیهان لەم دۆخە چەپەڵ و ئایینده چەپەڵترەی کە بەڵێنیان دەدا بە لای ڕابردوویدا وەرچەرخێنن و وەبیری بهێننەوە کە پێشتر هیوا و ئامانجێک هەبووە، پرانسیپێک هەبووە، کۆمەڵێک پێشڕەوی هەبووە، مارکسێک هەبووە، ئامانجێکی سۆسیالیستی هەبووە، بیمەیەکی بێکاری هەبووە، حوقووقێکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی هەبووە. ئێمە لە ڕیزی ئەم بەرگرییەدا بووین، لەو ڕایەڵانە

بووین کە نەیان دەهێشت دنیا لە چاوگە مرۆیی و مەدەنییەکەی ڕابردووی دابڕێت و بە پەیوەستی دەیان هێشتەوە و بەم جۆرە ڕێگەیان خۆش دەکرد بۆ پەلاماری دووبارە لە ئایینده‌دا. ئێمە لەو دەروازانە بووین کە دیمەنە کۆنتر و ئینسانیتر و گەورەترەکانیان لەبەر چاوی ئەم دنیایە دەهێشتەوە.

کاتێک دەڵێم "ئێمە"، ڕەنگە کەسێک لێرە لەبەر خۆیەوە بیر بکاتەوە و بڵێ، "بەڵام من خۆم لەم دەورەیەدا کارێکی ئەوتۆم نەکردووە". ئەمە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە کە ئێمە هەموومان خشتەکانی بزووتنەوەیەکمان پێک دەهێنا کە بەسەریەکەوە ئەم ڕوخسارەی لە خۆی نیشان دا و ئەم ڕۆڵەی گێڕا. وە بە بڕوای من ئەم ڕۆڵە لە چوارچێوەی هەڵسووڕانی ڕاستەوخۆی ئەم بزووتنەوەیەدا، ئێران و ناوچەکە، چارەنووسساز بوو و لەدەرەوەی ئەویش بێ بایەخ نەبوو. لە ئایینده‌دا زۆر کەس دەگەڕێنەوە و چاو بەم دەورەیەدا دەگێڕنەوە و ناچارن لە ڕێگەی ئێمەوە، وە لە کەناڵی ئەم دەریچە و ئەم پەیوەندییانەی کە ئێمە و کەسانی وەک ئێمە لەگەڵ مرۆڤایەتی بەر لەم تاریکییەی دواییەوە لەگەڵ ئامانجە مرۆیی و سۆسیالیستی و یەکسانیخوازانەکاندا پاراستمان و هێشتمانەوە، سەیری مێژووی خۆیان بکەن. بۆ نموونە ئێمە هەوڵمان دا مارکس زیندوو ڕابگرین. بۆ یەک سات بیهێننە بەرچاوتان کە ئەگەر مارکس لە جیهان بسەننەوە، چ شتێکی لێ ئەمێنێتەوە. ئێمە لە ڕیزی کەسانێکدا بووین کە هەوڵیان دا ڕێگە نەدەن دنیا لە مارکس، لە لێنین، لە بیرۆکەی یەکسانی و ئازادی بە شێوەیەکی گشتی مەحرووم بکەن. وە ئەم دەریچەیە هەر چەندێک بچووک بووبێت، هەر چەندێک ئێمە ناچالاک بووبێتین، هەر چەندێک حیزب و بزووتنەوەیەکی بەرتەسک بە وڵاتێک و ناوچەیەکی کەمبایەخ و لاوەکی بووبێتین لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بە هەر حاڵ دەریچەیەک بووین و لە دەریچە بچووکەکانەوە دەکرێ سەیری دیمەنی گەورە بکرێت. کەسێک کە دواتر سەیری ئەم دیمەنە دەکات، کارێکی بە ڕادەی هەوڵەکەی ئێمەوە نییە. کاری بە ناوەڕۆکی هەوڵەکەی ئێمەوە هەیە. ئەمە ئەو شتەیە کە بە بڕوای من ئێمە دەتوانین سەربەخۆ لە ئەندازەی هەوڵی تاکە کەسیی یان دەستە جەمعی خۆمان، پێی سەبەرز بین. دەتوانین بگەڕێینەوە و بڵێین کە لەم ساڵانەدا، لەم دەورەیەدا کە تۆپێک دای بە ناوەڕاستی جیهانی بۆرژوازیدا و بۆگەناو بە هەموو لایەکدا پەڕی، وە ژمارەیەک مرۆڤی زۆریش لەگەڵیدا پەڕین، بە جۆرێک کە ئیتر جیاکردنەوەی بۆگەناو لەو مرۆڤانە لەتوانادا نەبوو، ئێمە ئاشکرا بوو کە چی

دەڵێین. ئێمە ڕاوەستاین و ئەو ئاسۆیانەمان لەبەرچاوی خەڵکدا هێشتەوە. وە بە بڕوای من ئەمە ئەمڕۆ خەریکە وەڵام دەداتەوە. دەورانی لیڵی خەریکە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و هەروەها بە هەوڵ و تەقەلایەکی لەم جۆرە، کۆتایی پێ دێت و ئێمە دەگەینە خاڵێک کە بۆ جارێکی تر دەکرێ قسە لە پێشڕەوی بکرێت و بۆ پێشڕەوی هەوڵ بدرێت.

ئەم کۆنگرەیە دەبێ کۆنگرەی بەفەرمیناسینی ئەم ڕاستییە لە بارەی خۆمانەوە بێت. ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە مایەی شوڕوشەوق و شانازی بێت، ئەوە نییە کە گوایا زۆر باش کارمان کردووە، بووینەتە حیزبێکی زۆر مەزن، سەدان ئەندامەمان گرتووە و ... تاد. حەقیقەتی ئەمڕۆی ئێمە ئەمە نییە. بەڵکوو ئەوەیە کە ئێمە سەربە یەکێک لە باشترین ڕێچکە فیکری_ سیاسییەکانی دەیەی ئەخیر بووین و بزووتنەوەکەی ئێمە لەم دەورەیەدا یەکێک بوو لە باشترین، شیرینترین، پۆزەتیڤترین و ڕۆشنبینترین ڕێچکە فیکری و سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا. بە بڕوای من کەسێک کە لەم ساڵە خەتەرانەدا، سەر بەم بزووتنەوەیە بووە، دەتوانێ ئەمڕۆ بەراستی سەربەرز بێت. ئەم سەرفرازییە حەقی ئەم کۆنگرەیەیە. ئەم کۆنگرەیە بە ڕێکەوت نییە. ئێمەش دەکرا پەرت و بڵاو بووینایە، ئەتۆمیزە بووینایە، دەمانتوانی دەرگیری خانەگیترین و گەوجانەترین مشتومڕ بووینایە لەگەڵ خانەگیترین و گەوجانەترین ڕەوتەکاندا. بەڵام نەبووین. چووینە پێشەوە، وە بە بڕوای من تەنانەت ڕوونتر لە هەر کاتێکی تر بیرمان کردەوە و ڕێڕەوی خۆمان دیاری کرد. ئایا وەکوو حیزبێک لە خۆمان ڕازین؟ بە بڕوای من وەکوو حیزبێک یان هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەیەک جێگای ڕەزامەندییەکی زۆر بۆ ئێمە لە ئارادا نییە. بەڵام جێگاوشوێنی ئێمە لە کۆمەڵگادا لەم 8_ 10 ساڵەدا، جێگاوشوێنێکی موعتەبەرە و ئێمە دەبێ وەکوو خاڵێکی بەهێزی زۆر گرنگ چاوی لێ بکەین و حیزبەکەمان لێرەوە دروست بکەین.

ڕێگام بدەن بچمە سەر تایبەتمەندییەکانی ئەو دەورەیەی کە بەرەو تەواوبوون دەچێ. ئەم دەورانە لە هەندێ ڕووەوە لە باری ئۆبجەکتیڤەوە گەیشتووەتە کۆتایی خۆی و لە هەندێ ڕووی ترەوە ئێستا دەکرێ و دەبێ بە هێزی توخمی چالاک، بە هێزی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە هێزی خودی خۆمان، کۆتایی پێ بهێنرێت.

ئەگەر لەبیرتان بێت دروشمە خەسڵەتنماکانی ئەم دەورانە، "هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم"، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و دەستپێکردنی سیستەمێکی نوێی جیهانیی، وە یان لە

واقیعدا پێویستی جیهانی بۆرژوایی بە سەرلەنوێ ئاراییشدانەوەیەکی جیهانی بوو. بەڵام بە بڕوای من لەژێر ئاڵای ئەم دروشمانەدا دەورانێکی لێڵ دەستی پێ کرد کە تیایدا هیچ کەسێک نەیدەزانی چی ڕوو دەدات. ئاوا نەبوو کە بە هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بۆرژوازی چارەنووسی خۆی لە دەورەی داهاتوودا بزانێ. ئێمە هەر ئەو کاتە جەختمان لەسەر ئەو خاڵە کرد، کە بەپێچەوانەوە ئەم دەورەیە بۆ بۆرژوازی، دەورەی بەرچاوڕۆشنی نییە، دەورەی "ئاشتی" و "دیموکراسی" نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا دەورەی نارۆشنییە. وتمان خودی ڕۆژئاوا مەڵبەندی ئەم نارۆشنییە دەبێت کە لایەنگیریی ئایدۆلۆژیکی و سیاسیی خۆی لەدەست دەدات و تەنانەت باوەڕە بناغەییە ئابوورییەکانیشی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. ڕێک ئەمە ڕووی دا. ڕاست و چەپی ئەم کۆمەڵگایە درا بەسەر یەکدا. مەحفەلەکانی "ڕاستی تازە" ی دەورانی پێشوو، کە نۆکەرایەتی بانکی جیهانی و سندوقی نێونەتەوەیی دراویان دەکرد، لەم دەورەیەدا لە ترسی تێکەوڵیکەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە جیاجیاکاندا و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی قەومی، وایان لێهات کە ئاهیان بۆ نەبوونی باڵێکی چەپی بۆرژوایی کاریگەر هەڵدەکێشا. لەبەرامبەریشدا بەشێکی زۆر لە چەپەکانی دوێنێ، لەسەر گرتنەبەری سیاسەتی ڕاستڕەوانە پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد. پێشتر وا بڕیار بوو ئەورووپا بەرەو یەکێتی بڕوات، بەڵام پاش ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئاشکرا بوو کە نە تەنها خەبەرێک لە یەکبوونی زیاتر نییە، بەڵکوو کەلێنی قووڵ دەکەوێتە نێوانیانەوە. ئەمڕۆ تەنانەت لەسەر دیاریکردنی سەرۆکێک بۆ کۆمیسیۆنی ئەورووپا کێشمەکێشێکی توند لە ئارادایە. دراوی هاوبەش ئەوە هیچ، تەنانەت ئەو میکانیزمە دراوییە هاوبەشەش کە هەبوو دەشێوێت. هەر ئەم تەرحی یەکێتیی ئەورووپایە بۆ نموونە، هی وەختێک بوو کە جەمسەربەندیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا حاکم بوو. ئەمڕۆ ڕووی مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە گۆڕاوە و تێکڕای ئەم تەرحە خەریکە دەستخۆشی قەیران دەبێت. تەنانەت یەک ئایدیۆلۆژیی موعتەبەر و مەحفەلێکی فیکریی بەنفوزیان نییە کە نیشانی کەسێکی بدەن. قەرار بوو بازاڕ ببێتە دەرمانی هەموو مەسەلە و گرفتەکان، بەڵام ئەمڕۆ سەروگوێلاک کوتانی بازاڕ سەرلەنوێ خەریکە لە وڵاتە جیاجیاکان دەبێتە مۆدی ڕۆژ. ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتاندا ئەو باڵانە خەریکن دەنگ دەهێنن کە بەڵێنی هەموارکردنی میکانیزمە بێ سنوورەکانی بازاڕ دەدەن. خودی ڕۆژئاواییەکان لە ڕووسیادا پشتی باڵی لایەنگری بازاڕی ئازادیان بەردا و بە ئاسوودەییەوە خۆیان

لەگەڵ سیاسەتەکانی باڵە میانڕەوترەکاندا ڕێک خست. لەیەک قسەدا بۆچوون و پێشبینییەکانی بۆرژوازی بەدرۆ دەرچوو. ئەوەی بە واقیعی هاتە دی، وە ئێمە لە ڕۆژی خۆیدا پەنجەمان خستبووە سەر، پەراکەندەیی، بۆشایی ئایدیۆلۆژیکی، بۆشایی مەعنەوی و سەرلێشێواویی بزووتنەوە حیزبییە سەرەکییەکانی خودی بۆرژوازی بوو. ئیتالیا تەنها نموونەیەکی ئەمەیە. جەنگ لە یۆگۆسلاڤیای جەرگەی ئەورووپا نموونەیەکی ترە. دنیاکەی ئەوان و سیمای واقیعیی دنیای پاش جەنگی سارد ئەمەیە کە ئەیبینین. تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم دەورەیە ئاشووب بوو. ئەم دەورەیە، دەورەی سەرکەوتنی ئەم یان ئەو ڕێبازی بۆرژوایی نەبوو. دەورەی بەرزەخ و بێدەربەستی و نارۆشنی بوو. چوارچێوە کۆنەکان شکان، فۆرموولی پێشوو تڕۆ بوو، کەش و هەوا ئاوەڵا بوو، لەم کەش و هەوایەدا هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان دایە خەبات لەدژی یەکتر. لەم کەش و هەوایەدا هەر کەسە و ئاڵای خۆی بەرز دەکاتەوە و سازی خۆی ئەژەنێ و بۆ سەرکەوتن و پێشڕەویی خۆی هەوڵ دەدات.

لێرەدا بواری قسەکردن لەسەر ئاکامە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکرییەکانی ئەم دەورەی لێڵییە نییە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە، کە ئێستا ئیتر قۆناغی یەکەمی ئەم دەورەیە تەواو بووە. ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو ئاسۆیەی کە بۆرژوازی لە تەبلیغاتەکانی خۆی لە سەرەتای ئەم دەورەیەدا دەیخستە بەردەم دنیا پووچ بوو. چەمک و فۆرموولە سەرەکییەکانی وەکوو "کۆتایی کۆمۆنیزم"، "بازاڕی ئازاد"، سەرکەوتنی "دیموکراسی"، "کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەکان"، "ئاشتیی جیهانی"، "دنیای تاکە زلهێزی"، "سەرکەوتنی شارستانیتی ڕۆژئاوا" و ... تاد. کە لە زمانی میدیا و سیاسەتمەدار و قسەکەرانی بۆرژوازییەوە وەکوو ناوەڕۆکی دەورەی تازە نیشان دەدران و لە سەرتاپای ئەم ماوەیەدا بەسەر سەری کۆمەڵگاوە دەسووڕانەوە، بێ ئەوەی سەرەنجام بنیشنەوە، یەک لەدوای یەک خرانە لاوە. ئێستاکە نە تەنها قسەیان لەسەر کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم نییە، بەڵکوو قسەیان لەسەر ئەوەیە کە چی بکەن لەو "کۆمۆنیستە پێشووانە"ی کە ناوی خۆیان گۆڕیوە و ئێستاکە یەک لەدوای یەک خەریکن دێنەوە سەرکار. لە بارەی مۆدێلی ئابووریی بازاڕی ئازادیشەوە هەر وایە. ئەوە ڕاستە کە مۆدێلی ئابووری دەوڵەتیی شکستی خوارد، بەڵام هێرشی باڵی ڕاست بۆسەر کۆنترۆڵ و دەخاڵەتی دەوڵەتیی ئەوەندە فراوان بوو، کە ئەمڕۆ ئیتر ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە گەڕانەوە بووەتەوە و لە هەندێک شوێن لەژێر گوشاری

خەڵکدا و لە هەندێ شوێنی تریش بەهۆی ئەوەوە کە ئەو مەترسییە لە ئارادایە کە بەتەواوی شیرازەی کاروباری ئابووری لە زۆربەی وڵاتەکان تێک بچێت و ئاکامێکی سیاسیی ئاڵۆز پەیدا بکات، هەندێ باڵی جیاجیا لە خودی بۆرژوازیی "سەرکەوتوو" بوونەتە لایەنگری پیادەکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەتی. سۆسیال دیموکراسی سەری لە قاوغەکەی خۆی دەرهێناوە. ئەویش تەنها و ڕێک بەو بەڵێنەی کە وەکوو باڵی ڕاست توندڕەوی ناکات. ئەم بەڵێنی میانەڕەوییە، تێکڕای ناوەڕۆکی سیاسی و بەرنامەی سۆسیال دیموکراسیی ئەمڕۆ پێک دەهێنێ. نە مۆدێلێکی لە حوکوومەت بەدەستەوە داوە و نە لە ئابووری. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر ئەم بەڵێنی میانەڕەوییە، بەڵێنی ئەوەی کە لە پێناوی خزمەتکردنی بازاڕدا شمشێری لە خۆی نەبەستووە، ئایندەی سیاسی ئەم ڕەوتەی لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا ڕۆشنتر کردووەتەوە.

ئەم دەورەی لێڵییە بە بڕوای من بە پلەی یەکەم لەو ڕووەوە کۆتایی پێ هاتووە کە تەپوتۆزی سەرەتا نیشتووەتەوە و هەندێک هێزی کلاسیکتر هاتوونەتە مەیدان. هەر ئەو حەقیقەتەی کە لە زۆرێک لە وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشوو سەرلەنوێ ڕیفۆرمیستەکان دەنگ دێننەوە، وە لە ڕۆژئاواشدا خەڵکی زیاتر بەرەو ئەوە ئەڕۆن، کە دەنگ بە سەنتەر بدەن و زیاتر دەور بە سۆسیال دیموکراسی بدەن، ئەو واقیعییەتەی کە باڵی ڕاستی نوێ، کە نووکی تیژی هێرشی ڕۆژئاوای لە قۆناغەکانی کۆتایی جەنگی ساردا پێک دەهێنا، ئێستا بەکردەوە لە مەیدان کراوەتە دەرەوە و بەرەو پووکانەوە ئەڕوات، نیشاندەری نیشتنەوەی گەرد و خۆڵ و دەرکەوتنیمۆدێلە کۆنترەکانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگادا. خواست و دەرک و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی خەریکە بە مانایەک "ئەقڵانی" تر و لە ڕابردوو نزیکتر دەبێتەوە. ئەو هێزانەش کە پێیان ناوەتە مەیدان، هێزگەلێکی کلاسیکیترن. چەپەکان، کۆمۆنیستەکان، لیبراڵەکان، سۆسیال دیموکراتەکان، فاشیستەکان و ... تاد. سەرلەنوێ دێنە ڕیزی پێشەوە. ئەو بێسەرەوبەرە و بێ شکڵییە خەریکە تەواو دەبێت.

لە ئاستی جیهانیشدا ئاشکرا بووە کە بڕیار نییە هەموو وڵاتەکان پەرلەمانیان هەبێت. ئەمە ڕەنگە ببێتە مایەی سەرئێشە. ژەنەراڵە سەرکوتگەر و مەلا کۆنەپەرستەکانیش دەکرێ ببن و هەر وا لەسەرکار بمێننەوە. ئەمە قسەی ئەمڕۆی بۆرژوازییە. لە موحاسەباتەکانی ئەمڕۆیاندا وا دیارە سەقامگیری و خۆلادان لەو کێشمەکێشانەی کە کۆنترۆڵ ناکرێن و خۆلادان لە شێواندنی بێ بەرنامەی ئەم هەلومەرجەی کە هەیە، لە

هەر فاکتەرێکی تر گرنگترە. لە ئەنجامدا نە تەنها خەبەرێک لە شکۆفایی جیهانیی دیموکراسیی پەرلەمانی نەبوو، بەڵکوو ڕژێمە کۆنەکان لەسەرکارن و تەنانەت لە جاران زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. خەڵکی لە وڵاتانی دواکەوتوودا لەوە گەیشتن کە خەبەرێک لەم شتانە نییە و بڕیار نییە ڕووداوێکی تایبەتی بە لوتفی "سیستەمی نوێ" بقەومێ. ئەگەر کەسێک ئازادی دەوێت، ئەوا دەبێت هەر وەکوو ڕابردوو خۆی خەمی خۆی بخوات. وە ئەمە پێچەوانەی ئەو کەش و هەوایەیە کە لە سەرەتای ئەم دەورەیەدا هەبوو. بیرتانە کە چۆن ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە کاسە بەدەست ڕیزیان گرتبوو تا بەشە دیموکراسیی خۆیان لە ئەمریکا و دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان وەربگرن. بەڵام ئێستا، جاریکی تر ئەوە دەرکەوتووە، ئەوە هێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن کە چارەنووسی کۆمەڵگاکان دیاری دەکەن. هەڵقون هەڵقون و درووشمە سووک و بێ ناوەڕۆکەکانی سەرەتای ئەم دەورەیە ئێستا کەمڕەنگتر بوونەتەوە و لەبری ئەمە تامەزرۆیی بۆ بیستنی بەرنامە و سیاسەتەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بووە. ئاوڕدانەوەی خەڵکی لە سیاسەت زیاتر و هۆشیارانەتر بووە. مەیلە سیاسییەکان و کێشمەکێشە سیاسییەکان بە شێوەیەکی پوختەتر بەیان دەکرێن.

هێرشی باڵی ڕاست لە ساڵانی هەشتاکاندا بهێننەوە یادتان، ئەو فەردگەراییە فراوانە، ئەو کاریریزمە، ئەو بەسووک تەماشاکردنەی بەرژەوەندیی گشتی و مرۆڤدۆستی و دواتریش ئەو هەراوهوریا و جەژنگرتنە تەبلیغی و گاڵتەجاڕییە عەقیدەتییەی سەرەتای ئەم دەورەی لێڵییە بهێننەوە یادتان و لەگەڵ ئەمڕۆدا بەراوردی بکەن، ئەبینن کە نە تەنها وەرچەرخانی گەورە لەچاو سەرەتای ئەم دەورەیەی دواییدا لە ئارادایە، بەڵکوو خەڵکی خەریکن هەندێک جار تەنانەت وەڵامی ڕاستگەرایی بێ ئەندازەی ساڵانی هەشتاکان دەدەنەوە.

بە هەر حاڵ ئەمە ئەنجامگیری منە و ئیلزامەن نامەوێ حوکمێکی تیۆریی قورس و خەست لە بارەی ئەم قۆناغبەندییەوە دەر بکەم. ڕەنگە بۆچوونی هاوڕێیانێکی تر جیاوازی هەبێت. بەڵام بە هەر حاڵ هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە کە ئێمە لە دەورەی لێڵی پاش هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات هاتووینەتە دەر و زەمینە بۆ کاری هێزە سیاسییەکان ڕۆتینیتر بووەتەوە. بەتایبەتی دەکرێ ئەوە بەڕۆشنی ببینرێ کە دیسانەوە لایەنگریکردن لە دیدێکی ئینسانی و سکاڵاکردن لە کۆمەڵگای ئێستا لە

دیدگایەکی ئینسانی، وە هەندێ جار تەنانەت سۆسیالیستییەوە، خەریکە مەیدان پەیدا دەکات و دەبێتە مایەی ئیعتیبار بۆ کەسەکان. ئەمە نە تەنها لە جیهانی سیاسەتدا، بەڵکوو لە مەیدانی ژیانی فەرهەنگی و هونەریی دوو ساڵی دواییشدا دەکرێ بەدی بکرێت.

بە بڕوای من کاتی هێرشی سەرلەنوێ مارکسیستی هاتووەتەوە و کۆمۆنیستەکان دەتوانن بە قەوارەی واقیعیی خۆیانەوە بێنە پێشەوە. دەورەی پاشەکشەی مارکسیزم و تەریککەوتنەوەی مارکسیستەکان بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد دەستی پێ نەکرد، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ بەر لە ئەو. لەم نێوەدا ئاڵوگۆڕەکانی سوڤێت چارەنووسساز بوو، نەک بەو مانایەی کە سۆڤێت مەڵبەندی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە بوونی جەمسەرێکی بەهێز لە ئاستی جیهانیدا کە بانگەشەی کۆمۆنیزمی دەکرد، هەر چەندە درۆزنانەش بێت، جێگا و شوێنێکی گرنگی لە مەیدانی سیاسی و فیکریدا دەبەخشییە مارکسیست و ڕەخنەگرە مارکسیستییەکانی سۆڤێتیش، وە ئەمە سەرنجی هەموو لایەکی لەسەر ئەوان دائەنا. کەس نەیدەتوانی حاشا لە ڕکودی ئابووری و جمودی کۆمەڵایەتیی کۆتایی دەورانی بریژنێڤ تا هاتنەسەرکاری گۆرباتشۆڤ، بکات. بە هاتنەسەرکاری گۆرباتشۆڤ و باسی پرۆسترۆیکا دەورانی پووکانەوەی ئەم جەمسەرە دەستی پێ کرد. هەر لێرەدا دیار بوو، وە ئێمەش لە ڕۆژی خۆیدا پێشبینیمان کرد، کە مارکسیزم بەرەو ئەوە دەڕوات کە بکەوێتە ژێر مەنگەنەوە و تەریک بکەوێتەوە. بە پووکانەوەی سۆڤێت، مارکسیزمی واقیعیی و ڕەخنەگری سۆڤێتیش بە هەر حاڵ بۆ ماوەیەک لە ناوەندی گۆڕەپانی خەباتی فیکری و سیاسی دەکەوێتە لاوە و ئەمە ئەو ڕووداوە بوو کە لە دەورانی لێڵی پاش کوتاییهاتنی جەنگی ساردا بەکردەوە قەوما. ئەو شتەی کە من ئەمڕۆ خەریکم دەیڵێم ئەوەیە کە زەمینە بۆ هەڵسووڕانی کۆمۆنیستەکان سەرلەنوێ لەبار ئەبێتەوە. گومان لەوەدا نییە کە خۆهەڵنانە دژی کۆمۆنیستییەکانی قسەوەشێنەکانی بۆرژوازی و هەراوهوریای کۆتایی کۆمۆنیزم تەنانەت ئەگەر نیشتبێتیشەوە، بە هەر حاڵ هەرگیز تەواو نەبووە و هیچ کاتێکیش تەواو نابێ. بەڵام واقیعییەتێکی زۆر بەرچاو ئەوەیە، ئەمڕۆ هەلومەرج بۆ ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان پێ بنێنە مەیدان، قسەی خۆیان بکەن و هێز کۆ بکەنەوە، بە تەواوی لە 8_ 10 ساڵی ڕابردوو لەبارترە. ئەو دەورەیە،

دەورەی پاشەکشە و ئاوابوونی چەپگەرایی بوو، وە ئەمڕۆ دەورەی سەرهەڵدان و پێشڕەوی سەرلەنوێی ئەوە.
ڕێگەم بدەن بە کورتی بچمە سەر کاریگەرییەکانی ئەم دەورەیە لەسەر چەپ و بەتایبەتی ڕەوتی خۆمان و قسەکانم بەم باسە کۆتایی پێ بهێنم. دەورەی بەرزەخ و سەرگەردانی مەرج نییە هەمیشە دەورەی تەسلیمبوون و مەنگی بێت. لە واقیعدا لە زۆربەی کاتەکاندا بە پێچەوانەوەیە. ئەم دەورانانە، دەورەی سستبوونەوەی گوتەکان، باوەڕەکان، نەریتەکان، وە ئەو کۆنترۆڵە باوانەی کە ژیان و پراتیکی ئینسانەکان لەقاڵب دەدەن. دەورەکانی لێڵی و قەیران لە کۆمەڵگادا بەگشتی ئەو دەورانەن کە کەسەکان تیایاندا هەست بە دەستئاوەڵاییەکی زیاتر دەکەن، نەریت و دەزگا و حیزب و بزووتنەوە جێکەوتووەکان کەمتر قورسایی دەخەنە سەر زەینی ئینسانەکان و هەر بۆیە ئینسان هەست بە دەستئاوەڵایی و سەربەخۆییەکی مەعنەوی و عەمەلیی زیاتر دەکات. بەشێک لە بەرچاوترین داهێنانەکان لە مەیدانە جیا جیاکاندا لە دەورەی لەم چەشنەدا سەریان هەڵداوە. کاتێک نەریتی فەرمی، جا لە هەر قەڵەمڕەوێکدا بێت، بێ بایەخ دەبێت و دەچێتە ژێر پرسیارەوە و وەڵامە فەرمییەکان و حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکان دەچنە ژێر پرسیارەوە، کاتێک ئەوە دەسەلمێت کە نۆرمەکانی پێشوو کارایی و خاسییەت و هەر بەم پێیە ئیعتیباری خۆیان لەدەست داوە، بواری داهێنان و توێژینەوە و ڕەخنە فەراهەم دەبێت.
هەڵبەتە ئاکامی ئەم کۆششانە مەرج نییە هەمیشە ڕەسەن و پێشکەوتنخوازانە بێت. لەم دەورەیەدا ئەم پرۆسەیە لەنێو چەپدا لە ئاستی ملیۆنیدا ڕووی دا. گەلێکیان ڕۆیشتن نەک تەنها دۆگمەکان بەڵکوو ئامانجەکانی پێشووی خۆشیان بدەنە بەر ڕەخنە، نە تەنها بە کلێشەکان، بەڵکوو بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەی خۆشیان پێبکەنن و نە تەنها لە بیروباوەڕ، بەڵکوو لە دڵپاکی تا ئێستای خۆیان بکەونە گومانەوە. لەنێو چەپی ئێران و لەنێو خودی ئێمەشدا زۆرێک وایان کرد. زۆرێک، زۆربەی ئەوان، لەدرێژەی بیرکردنەوە و گومانەکانی خۆیاندا نەگەڕانەوە بۆ هیچ جۆرە چەپگەراییەک و بوون بە کەشفکەرانی تازە بەدەورانگەیشتووی مەزایاکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. مایکرۆفۆنیان دەخستە بەردەمی هەر کەسێک، لەوانە کەسانێک کە تەنانەت خودی خۆمان بە زەحمەت لە سۆسیالیزمی دێهاتی و جیهان سێیەمی هەڵمان کەندبوون، یەکسەر بە دوورودرێژی دەکەوتە پیاهەڵدانی دیموکراسی. چاو لە بڵاوکراوە

چەپەکانی جیهان لەم دەورەیەدا بکەن، بزانن چۆن بە خێرایی ئەم باسە لەنێویاندا بووە باو کە پێویستە جێگای دیموکراسی لەنێو سۆسیالیزمدا بکەینەوە. بەشی هەرە زۆریان لەگەڵ ئەم شەپۆلەدا ڕۆیشتن. بە بڕوای من بۆیە ڕۆیشتن چونکە پێشتر لەژێر گوشاردا و بەهۆی مەترەحبوون و موعتەبەربوونی کۆمۆنیزم و مارکسیزم لە ناوەندی سیاسی و زانکۆییدا پێوەی پەیوەست ببوون. ئێستا، کە کۆمۆنیزم و مارکسیزم بە فەرمی و بە ئاشکرا کەوتبوونە بەر پەلامار و خرابوونە ژێر مەنگەنەوە، ئەوانیش لەو گوشارە ڕزگار بوون و دەستیان کرد بەوەی کە قسەی خۆیان بڵێن و سازی خۆیان بژەنن. بەشێکی زۆریان بە لای ئەو ڕێبازە فیکری و سیاسییانەدا ڕۆیشتن کە لە ئێستادا بازاڕیان گەرم بوو.
هەموومان شایەدی ئەم دەورەی پەرتەوازەییە بووین و هەین و لەنێو خۆشماندا دەوری بووە. ئەم کاریگەرییانە هەم ڕەهەندی پۆزەتیڤیان هەبووە، هەم نێگەتیڤ. سەربەخۆیی لە بیرکردنەوە و بڕیاردان و دوورکەوتنەوە لە قبووڵکردنی ساف و سادەی بۆچوونە فەرمی و ئەحکامە بەڵگەنەویستەکان پەرەی سەند. لە هەمان کاتدا گەلێک حەقیقەتی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕانەی گرنگ پشتگوێ خرا. دانانی ئەرکی سیاسی بۆ خۆت وەکوو تاکەکەس و بوون بە هەڵسووڕاوی پشتبەخۆبەستووی ئەم یان ئەو بزووتنەوە و دانانی پرۆژەی شەخسی بۆ خوت، ڕەواجی پەیدا کرد، لە هەمان کاتدا فەزای کاری هاوبەش لەژێر چەتری نەخشە و تەرحە هاوبەشە حیزبییەکاندا، هەڵسووڕان وەکوو ئەندامی ڕێکخراوێک و گۆشەیەک لە نەخشەیەکی فراوانتر، لاواز بوو. لە ئاستێکی فراوانتردا، بەتایبەت بۆ بەشێکی فراوان لە چەپی ئێران کە پەروەردەی باوی بەپیرۆزگرتنی دواکەوتوویی میللیی خۆ بوون، ئەم دەورەیە، دەورەی قووڵبوونەوە لە تێڕوانین بۆ ژیان، بۆ کۆمەڵگا و بۆ فەرهەنگ بوو. هەندێ کەس بەوە گەیشتن کە لە دەرەوەی دنیای میللی و وڵاتی و بزووتنەوەیی خۆیاندا، دنیایەکی فراوانتر بە هەمەچەشنی و ئاڵۆزی و دەسکەوتی مەزنەوە بوونی هەیە. ئەم ڕۆچوونە فیکرییە دەرفەتی بۆ ڕەخسا، چونکە لەم دەورەیەدا کۆنترۆڵ و نفووزی بزووتنەوە و نەریتە دواکەوتووەکان لەسەر هەندێک کەس لاچوون.
ئەم دەورەیە لە زۆر ڕووەوە بۆ زۆر کەس دەورەی بەخۆداچوونەوە بوو. نەک "بەخۆداچوونەوەخوازی و ڕیڤیژینیزم"، نەک دۆزینەوەی هەندێک مەکتەب بۆ ڕاڤەکردنی بیروبۆچوونەکانی پێشوو لە خزمەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە

تایبەتەکاندا، بەڵکوو دەورەیەکی بەخۆداچوونەوەی فەردی، بە بیروباوەڕ و ئومێد و ئاسۆکانی خۆ، لە مێژووی ژیانی خۆ، لە سیستەمی بەهاو بیروباوەڕەکانی خۆ. زۆر کەس لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە ئەنجامی گرنگ گەیشتن. منیش پێم وایە هەندێ کەس بەڕاستی بە ئاکامی گرنگ گەیشتن. توانای ئینسانەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. زۆرێک توانییان لایەنی مرۆیی سۆسیالیزم و مرۆڤدۆستیی قووڵی ئەو تێبگەن. زۆر کەس قووڵتر لە پەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و ئازادی و خۆشگوزەرانی ئینسانی تێگەیشتن. زۆر کەس توانا واقیعییەکانی خۆیان باشتر ناسی و متمانەیان بە خۆیان پەیدا کرد. هەندێک لەو ئەحکامە مارکسیستییانەی کە لە دەورانی جەنگی سارد و لەژێر دەسەڵاتی ڕێنوێنییەکانی "کۆمۆنیزمی" ئوردووگاییدا، نە بەدروستی و بەڕۆشنی بەیان دەکران، وە نە بە ئاسوودەیی و زەینکراوەییەوە گوێی بۆ شل دەکرا و نە بەقووڵی دەرک دەکرا. لەوانە خودی باسەکانی ئێمە لەمەڕ کۆمۆنیزمی کریکاری، لەم دەورەیەدا بەڕوونییەکی زیاترەوە خرانە ڕوو و وەرگێڕان.

بەم پێیە تا ئەو جێگایەی بۆ چەپ و بەدیاریکراوتر بۆ ڕەوتی خۆشمان دەگەڕێتەوە بە بڕوای من ئەم دەورانی بەرزەخە، ئەم دەورانی نارۆشنی و تەمومژ و دڵەراوکێ و بەخۆداچوونەوەیە، گوزەراوە. هەڵبەتە بە پێچەوانەی ڕەوتە ماددییەکانی دەرەوەی خۆمانەوە، پێم وایە کۆتاییهێنان بەم دەورەیە و هەنگاونان بۆ دەرەوەی فەزایەک کە ئیتر بە حوکمی هەلومەرجی بابەتیی دەورەی بەسەرچووە، هێشتا مەسەلەیەکی پراتیکییە. ئەم دەورەیە بۆ کۆمۆنیستەکان خۆبەخۆ تەواو نابێت، دەبێ هۆشیارانە کۆتایی پێ بهێنرێت. هەلومەرجی بابەتیی ئێستا ئیتر ڕێگەمان پێ ئەدات کە بگەڕێینەوە و نەتەنها کۆتایی بەم دەورەی سەرلێشێواوییە بهێنین، بەڵکوو ئەو قووڵی و هەمەجۆری و ئامادەییە پەرەسەندووانەی کە بەدەستمان هێناون بخەینە خزمەتی خەباتێکی ئامانجدارانە و ڕێکخراوەوە.

یەکێک لە ئاکامەکانی ڕەوندەکانی چەند ساڵی دوایی کە لە ڕیزەکانی ئێمەدا بەرچاو بووە ئەوەیە کە "کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی" خرابووە لاوە. ڕێگەم بدەن مەبەستم لە کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی لە چەند ڕستەیەکدا دەرببڕم و تەسویرێکی لەسەر بدەم. کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی واتە بکەوێتە ڕێ و بەو ئینسانانەی کە دەردێکیان هەیە، وە لە سەرووییانەوە بە چینی کرێکار بڵێیت کە دەبێ کۆمۆنیست بن. لەنێوان خۆت و باقی کۆمۆنیستەکاندا پەیوەندی دابمەزرێنیت. لە مەیدانی سیاسەتدا

داکۆکی لە کۆمۆنیزم بکەیت و دەنگ بە کۆمۆنیستەکان بدەیت. کتێبەکانی مارکس بخوێنیتەوە. لەبەرامبەر سەرکوتکردنی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا بەرهەڵستی بکەیت. ڕەخنە لە مەیلەکانی تری نێو کۆمەڵگا و دەروونی چینی کرێکار بگریت و لاوازییەکانیان نیشان بدەیت. ئەوە بڵێیت کە بەڵێن و ڕێگاچارە ناکۆمۆنیستییەکان لە مێژووی کۆمەڵگا و مێژووی کرێکاراندا زۆرن، بەڵام هیچ یەکێکیان وەڵامێکی بنەڕەتیی بە پێویستیی چینی کرێکار و کۆمەڵگا بە ئازادی نەداوەتەوە. واتە ئەو کارەی کە کۆمۆنیستەکان زیاد دەکات و توانای سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزم دەباتە سەر.

ئەم جۆرە هەڵسووڕانانە لەم ساڵانە نەبوونەتە جێسەرنجی سەرەکیی حیزبی ئێمە. هەڵبەتە هەمووان زۆر هەڵسووڕاو بوون. هەمووان هەوڵیان داوە لە ڕێگای جیاجیاوە چاکەی خۆیان بە کۆمەڵگا و بەشە ژێردەست و ستەمدیدەکان بگەیەنن. بەڵام ئێوە کڵاوی خۆتان بکەن بە قازی، چەندە کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی، کار وەکوو مارکسیستێک لە بزووتنەوە فیکرییەکاندا، وەکوو سۆسیالیستێک لە بزووتنەوە کرێکارییەکاندا، کار وەکوو فراکسیۆنە کۆمۆنیستییەکان لە یەکیتییە کرێکارییەکاندا، کار وەکوو هەراسازکەرە کۆمۆنیستەکان لە شەقامەکان و ئینسانە کۆمۆنیستەکان لە شوێنی ژیان و کاردا. ئەمانە چەندە بوونەتە خەسڵەتی تایبەتمەندیی ئەم هەڵسووڕانانە. کاری ئێمە زیاتر ئەوە بووە، کە "خزمەتی" سیاسی_ خەباتکارانە پێشکەش بە تەیفێک لە بزووتنەوەکان لەبەرامبەر تەیفێک مەسەلەدا بکەین، کە هەموویان بە تێکڕایی، بەو کارەشەوە کە من باسم کرد، ناکاتە کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی.

ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی فەزای زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و بەسەر هەموو بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا، لەڕوویەکەوە ئەوەندە نە ئەکرا خۆتی لێ لابدەیت. بە بڕوای من ئەو هێرشە فراوانەی کە بۆ سەر کۆمۆنیزم و ئەندێشەی مارکسیستی لە ئارادا بوو، وەها ڕووی مەسەلەکەی گۆڕیبوو کە ئەو ڕەوتەی بیویستایە بێ لەبەرچاوگرتنی هێزهاوسەنگی و کێشمەکێشی تیۆریی دەرەکی، بیروباوەڕە دەروونییەکانی خۆی تەنها بۆ خۆی دووپات بکاتەوە و هەر بە هەمان شێوە کاری ڕابردووی خۆی درێژە پێ بدات، زۆرتر لە فیرقەیەکی ئایینی دەچوو. بە بڕوای من ئەوەی کە زۆر کەس لە وەها هەلومەرجێکدا لەڕووی فیکری و ڕەخنەیییەوە خامۆشتر ببنەوە و خۆیان لەڕووی "پراتیکی"یەوە لەژێر مەنگەنە دەربێنن و خۆیان سەرقاڵی خزمەتگوزاری لە بزووتنەوە

هەنوکەیی و جۆراوجۆرەکاندا بکەن، کاردانەوەیەکی زۆر سروشتی و قابیلی دەرک بوو. قابیلی دەرک، بەڵام جێگای پشتیوانی نەبوو. بە هەر حاڵ قسەی ئەمڕۆی من ئەوەیە، کە ئەو دەورەیە ئیتر تەواو بووە.

بە هەر حاڵ مەبەستی من لەم باسە ڕاکێشانی سەرنجی کۆنگرەیە بۆ ئەم پرسیارە، ئایا حیزبی ئێمە دەتوانێ ئالابەدەستی کوتایی پێهێنانی ئەم دەورەی بەرزەخە بێت بۆ چەپ، لانی کەم ئەو بەشەی کە ئێمە دەتوانین کاریگەری لەسەر دابنێین؟ ئەمە پرسیارێکی ئاوەڵایە. بە بڕوای من دەتوانین. جێوشوێنی سیاسی ئایدۆلۆژیکیی ئۆبژەکتیڤی ئێمە لە چەپی ئێراندا، وە لە چەپی باقی وڵاتەکاندا، تا ئەو ڕادەیەی کە بە ئێمە ئاشنایە، جێوشوێنێکی لەبار و سەرفرازانە بووە. جێوشوێنێکی پۆزەتیڤ بووە. من خۆم بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، ئەوەندە نیگەرانی ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤ و پەرتەوازەکەرە نەبووم کە ئەم دەورەی بەرزەخە لەسەر دۆخی حیزبی و پراتیکی حیزبیی ئێمە دای دەنا. بە بڕوای من نە دەکرا لەو دەورەیەدا بە تەواوی و بە شێوەیەکی ڕەها بە پێچەوانەی ئاراستەی واقیعییەتێکی مەزنی مێژووییەوە حەرەکەت بکرێت. گەلێک لەو کاریگەرییانە نە دەکرا خۆتی لێ لابدەیت. ئەوە دەکرا کە سەنگەرە سەرەکییەکان پارێزگارییان لێ بکرێت و خۆت بۆ شەپۆلی گەڕانەوە ئامادە بکەیت_ هەر ئەو کارەی کە ئێمە کردمان. بەڵام نە دەکرا هەندێ شێوەی تایبەتی لە خەباتی فیکری و عەمەلی بەسەر ئەو هەموو کەسانەدا بسەپێنی کە ڕێک بەهۆی بار و دۆخی جیهانەوە گومانیان لەوە هەبوو کە سودێکی هەبێت. کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە زەروورەتەکەیان دەرک دەکرد، لە جەرگەی ئەم دەورە تایبەتەدا ڕەنگە "فیرقەیی و بێ ئاکام" خۆی بنواندایە. حوکمی ئێمە لە بارەی دەبووا و نەدەبووا کانی دەورەی پێشووەوە هەر چییەک بێت، قسەی من ئەوەیە کە ئیتر ئەو دەورەیە تەواو بووە. ئەم کارانە ئیتر فیرقەیی و بێ سەمەر نین.

ئەمە بزووتەوەیەکە و ئینسانە جیاجیاکان بە توانا و پێشینە و قەڵەمڕەوە پسپۆرییە تایبەتەکانەوە تیایدا بەشدارن. بە بڕوای من هەموو ئەو کەسانەی کە دەتوانن، بەبێ سەرفکردنی ئینێرژیی هەرقلی، لە سازماندانی ناوکۆکەی سەرەکیی هەڵسووڕانی ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی لە مەیدانە جیاجیاکاندا دەور بگێڕن، دەبێ حەتمەن وا بکەن. باسەکەی من ئەوە نییە کە دەبێ هەمووان ناچار بکرێن کە لەمە بەدوا کارێکی تایبەتی ئەنجام بدەن، یان لە واقیعدا وەکوو نوێژ "ئادای بکەن". ئەوە ئەرکی حیزبە کە

سەرنجی پێویست بداتە ئەمە، بۆئەوەی هێزی هەڵسووڕانێکی بەم جۆرە کۆ بێتەوە و ئامادە بێت. من خۆم پێم وایە مارکسیزم ئیتر ئەو دەورە دژوارەی تێپەڕاندووە. وەختێک سەیر ئەکەین، ئایدیۆلۆژییە بۆرژوواییەکان لە حاڵەتی هێرشبەرانەدا نابینین. نە تەنها ئەمە بەڵکوو خودی ئەوان لە قەیراندا پەلوپۆ دەکوتن. ڕێبازە ئایدیۆلۆژییە سەرەکییە بۆرژوواییەکان تەنانەت توانای ئەوەیان نییە کە لەبەردەم گەشەی فاشیزمدا ڕیزبەندییەکی سادە پێک بهێنن. تەنانەت ناتوانن داکۆکی لە سکۆلاریزم بکەن، کە بۆ ماوەی چەندین دەیە و لە هەندێ حاڵەتدا چەندین سەدە سیستەمی دەسەڵاتداری گەلێک لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بووە. ناتوانن بەر بە چوونی فێرکارییە ئایینییەکان بۆناو قوتابخانەکان بگرن. ناتوانن وەڵامی قەومچێتی بدەنەوە کە ئیتر بووەتە مایەی پشێوی خودی سەرمایە. وە تازە تەنانەت فاشیزم و ناسیۆنالیزمی قەومی کە ئەمانە ڕەوتە ئایدۆلۆژیکە هەوسارپچڕیو و لە قەفەسدەربازبووەکانی ئەم دەورەیەی جیهانی سەرمایەداری بوون، لە چڵەپۆپەی گەشەی خۆیان هاتوونەتە خوارەوە و ئیتر خەریکن لەپێ ئەکەون. من ئەوە هیچ کە هیچ ڕێبازێک لە ئایدیۆلۆژیی بۆرژوازی لە حاڵەتی هێرشبەرانەدا نابینم، بەڵکوو لە جێوشوێنێکی ڕاوەستاو کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مارکسیزم و کۆمۆنیزم پێ بدات نابینم. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ قاڵبە واقیعییەکەی خۆی، واتە ڕەوتێک بێت کە ڕەخنە دەگرێت، هێرش دەبات، وە لە کۆمەڵگا هێز وەردەگرێت. ڕەوتێک کە ئەرکی گۆڕینی جیهانە، نەک وەکوو ساڵانی دوایی کاری تەنها پوچەڵکردنەوەی پەلاماری بۆرژوازی بێت. ئێمە لەم شەش حەوت ساڵەی ڕابردوودا توانیمان هەندێک سەنگەر ڕاگرین. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەستین و پێشڕەوی بکەین. جا ڕەنگە چەند هەنگاو لەولاتریش دیسانەوە ناچار بین ڕاوەستین و ئەو جێوشوێنە بپارێزین کە بەدەستمان هێناوە. بەڵام ئەوەی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە، کە کاتی پێشڕەوی هاتووە.

کاری کۆمۆنیستی، کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی، ئەمە دەستەواژەی بنەڕەتیی ئەم دەورەیەیە. بەڵام پاش ئەمە ڕەنگە پێویست بێت تێبینییەکیشی بخەمە سەر، کە خودی پێویستبوونەکەی زۆر دەردناکە. ڕاستییەکەی لەوە ئەترسم، کاتێک من باسی گرنگی حەیاتیی کاری کۆمۆنیستیی ڕاستەوخۆ دەکەم، دیسانەوە کەسێک هەستێتە سەرپێ و ئەو ئەنجامگیرییە لە قسەکەی من بکات، کە گوایا ئیتر ئەولەوییەت بۆ کارەکانی تر، کار لە فیدراسیۆنی شووراکانی پەنابەران، کار لەگەڵ کۆمیتەکانی هاوپشتیی کرێکاری،

کار لەگەڵ کرێکاری ئەمڕۆ و ... تاد. دانانێم! دەبێ هەر لەپێشدا بڵێم نەخێر، مانای ئەم قسەیە ئەمە نییە. چەندین جار دووپاتمان کردووەتەوە کە توانای کۆمۆنیستەکان لە ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردن و کاریگەریدانان لەسەر تەیفێکی زۆر لە خەبات و کەمپینەکانی لەم بابەتە، ڕێک لە کۆمۆنیستبوون و کاری کۆمۆنیستیکردنیانەوە سەرچاوە دەگرێ. کۆمۆنیست ڕێک لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستە و لەنێو کرێکاراندا قسەی کۆمۆنیستی دەکات و کاری کۆمۆنیستی دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو توانای فیکری و عەمەلی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری لەپشتە، لە بزووتنەوەکانی تر و ڕەهەندەکانی تری خەباتی کۆمەڵایەتیدا نفوز پەیدا دەکات. کۆمۆنیستەکان تەنها وەکوو ڕابەرانێک کە بە ڕادیکاڵیزم و سۆسیالیزم و ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگا و بزووتنەوە ڕۆژانەکان ناسراون، لە یەکێتی وە یان کەمپینەکان و بەرەکانی خەباتی ئازادیخوازانەدا ئیعتیبار و نفووز پەیدا دەکەن و کاریگەری دادەنێن. کاری کۆمۆنیستی و ناسنامەی کۆمۆنیستی نە تەنها ئەڵتێرناتیڤی خۆنواندن لە قەڵەمڕەوەکانی تری خەباتی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکوو بۆ کۆمۆنیستێک لەم مەیدانانەدا مەرجی پێویستی سەرکەوتنە. ئەگەر کۆمۆنیستێک بیەوێت لە یەکێتیدا دەور بگێڕێ، دەبێ وەکوو کۆمۆنیست دەور بگێڕێ، ئەگەر نا، ئەوا یونیۆنیستی لە ئێمە باشتر زۆرە. کرێکاران ڕێک لەبەر ئەوەی پێیان وایە کۆمۆنیستەکان کۆمۆنیستن و وەڵامیان پێیە دەچن بەلایاندا. بەپێچەوانەوە بە بڕوای من پێویستە هەڵسووڕانی ئێمە لە مەیدانەکانی تردا چەند قات زیاد بکات، چونکە بڕیارە وەکوو کۆمۆنیست، نەک هەڵسووڕاوی سادەی هەمان مەیدان، تیایاندا بەشداری بکەین. خەباتکردن بە شێوەی جیاجیا و لە مەیدانی جیاجیادا، هیچ کاتێک ناکۆکی لەگەڵ ئەوەدا کە ئایدیۆلۆژی و ئامانجێکی سەرەکیت هەبێت، دەرکێکی ڕۆشنت لە خەباتی چینایەتی و پابەندییەکی قووڵت بە بزووتنەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە هەبێت، نەبووە و نییە. بەم پێیە ئەو دەرکەی کە پێداگرتن لەسەر کاری کۆمۆنیستی بە بانگەوازی کەمکردنەوەی چالاکییە جۆراوجۆرە لاوەکییەکانی حیزب دادەنێ، لەڕادەبەدەر میکانیکی و بێجێیە. مرۆڤ دەبێ بتوانێ هەم پاسکیل لێخوڕێ و هەم فیکە لێبدات! پێویست ناکات کەسێک بۆ فیکەلێدان لە پاسکیلەکەی دابەزێ! بزووتنەوەی ئێمەش ڕێک تەنها بە هیمەتی ئەو ئینسانانە دەتوانێ بەرەو پێشەوە بڕوات کە بتوانن بە شێوەیەکی زیندوو و جۆراوجۆر کار بکەن، کەسانێک کە بتوانن بە سواری پاسکیلەوە فیکە لێبدەن! کۆمۆنیست بن و لە

یەکێتییەکاندا هەڵسووڕێن، کۆمۆنیست بن لەدژی هەڵاواردن و بێبەشی بکەونە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی ڕۆژانەوە.

بە هەر حاڵ هەر وەکوو باسم کرد، کەمڕەنگبوونەوەی کاری کۆمۆنیستی بە مانای تایبەتی وشەکە، وە ڕازیبوون و جێگاخۆشکردنی هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست لە مەوقیعییەتی هەڵسووڕاوی بزووتنەوە و کەمپینە جۆراوجۆرەکاندا، بەڕێکەوت نەبوو، ئاکامی دەورەیەکی تایبەتی بوو، کە ئێستا خەریکە تەواو دەبێ. بەڵام درێژەدان بەو شتەی کە لەجەرگەی دەورەی پێشوودا بە قابیلی ڕوونکردنەوە و قابیلی دەرک دەژمێردرا، لە دەورەی داهاتوودا، لە دەورەیەکدا کە پێ ئەنێینە ناوییەوە، ئیتر بێ پاساوە و نابێ لێی خۆش بین.

تا ئەو جێگایەی کە بۆ تاکەکان دەگەڕێتەوە و تێفکرین و پێداچوونەوەکانیان لە دەورەی پێشوودا، دەبێ بڵێین کە فرسەتێکی زۆرمان بۆ تێڕوانینی سەرلەنوێ بۆ خۆ و بۆ سیاسەت و بۆ دەوری خۆمان لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا هەبووە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بەروبوومی ئەم قووڵبوونەوە و خۆیەکلاکردنەوەیە ببینین. بۆ ئەو کەسانەی کە لەم مەیدانەدان، ئاراستەی حەرەکەتەکە ڕۆشنە. ڕێگا بۆ هەڵسووڕانی چڕوپڕی کۆمۆنیستی، بێ ئەم کەنار و ئەو کەنارکردن، بێ کەموکاست، ئاوەڵایە. ڕێگرییەکانی دوێنێ، هەلومەرجی دوێنێ و گوشارەکانی دوێنێ، ئیتر خەریکن لەسەر ڕێگای ئێمە لائەچن. ئەگەر تا دوێنێ کارێک هەبوو کە بە حوکمی هەلومەرجەکە نەدەکرا ئەنجام بدرێت، ئەمڕۆ ئیتر دەکرێ ئەنجام بدرێت. ئەگەر لەجەرگەی ئەو هێرشە فراوانە سیاسی و تەبلیغاتییەی دەورەی پێشوودا ئەو چاوەڕوانییەی کە هەڵسووڕاوانی حیزب کۆڕی خویندنەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست و سەرمایە پێک بهێنن و پەرەی پێ بدەن چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەمڕۆ ئیتر وا نییە.

ئەو شتەی کە من وەکوو یەکێک لە بەشداربووان پێم خۆشە ئەم کۆنگرەیەی پێ بناسرێتەوە و پێی پێناسە بکرێت، بەرجەستەبوونەوەی کاراکتەری کۆمۆنیستیی حیزبە. دەمەوێ دواتر ئاوا باس بکرێت کە لەم کۆنگرەیەدا، کاری کۆمۆنیستی، نەخشە و پرۆژە کۆمۆنیستییەکان و هاویشتنی تیشکی کۆمۆنیستی بۆسەر تەیفی فراوانی هەڵسووڕانەکانی ئێمە، جێگای خۆی دۆزییەوە. ئومێدەوارم کۆنگرە بەم ئاراستەیەدا بڕوات و ئەم ئاواتەی من ئاواتی زۆربەی هاوڕێیانی تریش بێت. باسەکەی من لەسەر

دەرکردنی ڕێنوێنی و ڕاگەیاندن و بڕیارێکی تایبەتی نییە. بەڵکوو سەرنجدانی ئیسپاتیی خودی کادرەکانی ئەم حیزبەم دەوێ.
ئێمە حیزبێکین کە هەموو شتێکمان، بیروباوەڕەکانمان، پێشینەمان و سیاسەتەکانمان، بە ئێمە دەڵێن کە دەبێ لە هەڵوێستێکی پەلاماردەرانەدا بین. ئەو حیزبەی کە نوێنەرانی لەم کۆنگرەیەدا ئامادەن، چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی باوەڕەوە، قەرزاربارى هیچ کەسێک لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە. ئەمە ڕەوتێکی سەرفرازە کە ئەمڕۆ بە شایەدی ئەم کۆنگرەیە، لە کۆتایی دەورەیەکدا کە ناویان نابوو دەورەی "مەرگی کۆمۆنیزم"، زیندووبوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری جارِ دەدات و بانگەوازی دەستپێکی دەورەیەکی هێرشبەرانەی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆسەر نیزامی کۆن و ئابرووتکاوی سەرمایەداری دەکات. ئەم کونگرەیە دەبێ کۆنگرەی ئەم بانگەوازە بێت.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
در پایان یک دورە
"انترناسیونال"، شمارە 15
شهریور 1373، سپتامبر 1994

میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەشی یەکەم:
چاوخشاندنەوەیەک بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا

چوارده ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک دەست بە کاری ئامادەکردنی پرۆژەی بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و دواتر بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بووین، بەندی تایبەت بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بە یەکێک لە ڕۆشنترین و بێ پێچوپەناترین بەشەکانی بەرنامە دادەنرا. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم تەنانەت بێنەوبردەیەکی جەدلیی کەمیش لەسەر ئەم بەندە دروست نەبوو. یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و لە قوناغی دواتریشدا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندایان بە وێنەی فۆرموولێکی بەڵگەنەویست و بێ قەیدوشەرت و تەفسیرهەڵنەگر لەبەرنامەکانی خۆیاندا جێ کردبووەوە. پاش چەندین ساڵ، ئەمڕۆ دووبارە لە سەروبەندی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی حیزبیدا لەگەڵ ئەم فۆرموولە ڕووبەڕوو بووینەتەوە. بەڵام ئەم جارەیان بەپێچەوانەی پێشترەوە، هیچ شتێکی ئەم فۆرموولە بێ پێچوپەنا و بێ تەمومژ نایاتە بەرچاو. لەڕاستیدا هەردانە وشەیەکی ئەم دەستەواژەیە ئاڵۆز، نادیاریکراو و مایەی نارۆشنییە. ئەم فۆرموولە بە بڕوای من بەم شێوەیەی ئێستایەوە ناتوانێت لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا جێگای ببێتەوە. مەبەستی ئەم نووسینە کە لە چەند ژمارەیەکی ئینتەرناسیۆنالدا بڵاو دەبێتەوە، پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بە میللەت و میللەتچێتی و چەمکە گشتیترەکان و ئەو واقیعییەتە سیاسییانەی کە ژێربینای ئەم فۆرموولبەندییە پێک دەهێنن. دواتریش لەسەر پایەی ئەم باسە گشتییانە فۆرموولێکی دیاریکراو کە بۆ بەرنامەی حیزب بە دروستی دەزانم دەخەمە ڕوو.

چ شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

هەم ئێمە و هەم دنیای دەرەوەی ئێمە هەردوو لامان ئاڵوگۆڕمان بەسەردا هاتووە. بێگومان ئەمڕۆش ئەو حەقیقەتە سۆسیالیستییە بەڕۆشنی دەرک دەکرێت کە چوارده

ساڵ بەر لە ئێستا "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا"ی وەک پرانسیپێکی بەڵگەنەویست خستبووە بەرنامەی ئێمەوە. لەو سەردەمەدا دانپێنانی پراتیکیی بەندی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئێمە، مەسەلەی کورد و کوردستان بوو. فۆرموولی گشتیی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان لە ڕاستیدا زەمینەسازییەکی مەبدەئی بوو بۆ دەرکردنی ئەم حوکمە واقیعی و دروست و پڕاوپڕ کۆمۆنیستانەیە، کە خەڵکی کوردستان لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە لە ئێراندا مافی ئەوەیان هەیە بۆ لابردنی ستەمی میللی لەسەر خۆیان تەنانەت جیاش ببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن، کە بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە کاری خودی خەڵکی کوردستانە، نەک تەواوی خەڵکی ئێران، یان دەوڵەت و دەزگا تەشریعییە ناوەندییەکان، وە سەرەنجام ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان هەر چەشنە دەستبردنێک بۆ کاری توندوتیژی لەدژی پیادەکردنی ئەم مافە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە مەحکووم دەکەن و لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن. لەجەرگەی شۆڕشی 79دا ئەمە مانای واقیعی و عەمەلیی بەندی مافی میللەتان بوو بۆ ڕەوتی ئێمە و بە دیاریکراویش ئامانجی ئەم بەندە، کوتانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ڕیسواکردنی موبەللیغە ڕەنگاوڕەنگەکانی لەشکرکێشی بۆ "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات" لەنێو هەردوو باڵی ڕاست و چەپی بۆرژوازی ئێراندا بوو.

تا ئەو جێگایەی کە بە کوردستان دەگەڕێتەوە، هیچ شتێک لە بنەمای هەڵوێستگیری ئێمە نەگۆڕاوە و نابێ بگۆڕێ (لە بەشی کۆتایی ئەم نووسینەدا دەچمە سەر چەند خاڵێک سەبارەت بە ڕەخنە لە دەستەواژەی ئۆتۆنۆمی و هەروەها تەرحی پلاتفۆرمی دیاریکراوی حیزب بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد). بەڵام گرێی فۆرموولە گشتییەکان، وە لە ڕاستیدا هونەریان لەوەدایە کە سەراپاگیرن و مانا و بەکارهێنانی عەمەلیی جۆراوجۆر پەیدا دەکەن. بە دڵنیاییەوە هەر لەم 14 ساڵەی ڕابردووشدا ئەو فۆرموولە گشتییەی ئێمە، لە ڕوانگەی خۆمانەوە بە مانای داکۆکیکردن لە فیدرالیزم و پارچەپارچەکردنی وڵاتە گەورەکان بۆ بەشبەشی بەناو قەومی و ڕەگەزی نەبووە. تەنانەت هەر ئەو کاتەش ئەگەر کەسێک بیگوتبا کە ئەم فۆرموولە گشتییە تەنها بە مەسەلەی کورد و فەلەستینەوە ناوەستێ و بمانەوێ و نەمانەوێ مافی پێکهێنانی دەوڵەت بۆ فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا لە کیوبک، بۆ باسکەکان و بۆ کاتالونییەکان، بو سربەکان و کرواتەکان و چیکەکان و سلۆڤاکییەکان و مەکدۆنییەکان و جورجییەکان و

ئەفغازییەکان و سکۆتلەندییەکان و ویلـزییەکان و ئەفریکانەکان و زۆلۆکان و بە هەندێک دەستکارییەوە بۆ سیکەکان و شیعەکان و مەسیحییەکان و یان تەنانەت بۆ "میللەتی ڕەش" لە واشنتۆن و بەکورتی ئەم مافە بۆ هەر دەستەیەک کە لە تۆماری جێگایەک و لە مێشکی کەسانێکدا بە میللەت ژمێردرابن تەعمیم دەبێت. بیگومان بێنە و بردەیەک کە لەسەر ئەو بەندە نەمان کرد دەسبەجێ دەستی پێ ئەکرد. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا هیچ کەس شتێکی وای نەگووت و ئەو بێنەوبردەیەش نەکرا. ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە ئێمە تا ئێرەمان هێناوە و ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە بەسەرماندا هاتووە. بە هاتنەگۆڕی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەوتی ئێمە سەبارەت بە ماهییەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بزووتنەوەکان و مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، وە لەناویاندا بەتایبەتی ناسیۆنالیزم، وە ڕووبەڕووبوونەوەی مێژوویی_ جیهانی ئەوان لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاریدا، ئامادەییەکی زەینی زۆر زیاتری پەیدا کرد. میللەت و میللەتچێتی تەنانەت لە پەیوەند بە "میللەتە کەمینە" و ستەملێکراوەکانیشەوە، ئێستاکە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و شیکاری فراوانتردا هەڵـدەسەنگێندرێن و داوەرییان لەسەر دەکرێ. هەر بۆیە بەهەستیاری و وردبینییەکی زیاترەوە مانا فراوانترەکانی فۆرمووڵی گشتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس تاقیب دەکەین. سەرەڕای ئەمەش، چ بەهۆی دامرکانەوەی جۆش و خرۆش و حەماسەتی دەورانی شۆڕشی 79 و چ بەهۆی پێگەیشتنی تیۆری و سیاسی بزووتنەوەکەمانەوە، ئەمڕۆ ئەحکامە بەرنامەییەکان هەرچی زیاتر لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا هەڵدەسەنگێندرێن. فۆرمووڵی گشتیی مافی میللەتان، لەژێر سێبەری مەسەلەی کورد و کوردستان و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دێتەدەر و قورساییە گشتی و جیهانییەکەی خۆی پەیدا دەکات. لە پێوانەیەکی جیهانیدا فۆرمووڵی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بە هیچ جۆرێک قیبلەنومایەکی سۆسیالیستییانە نییە بۆ تێپەڕین بەناو جەنگەڵی بەرژەوەندی و ناکوکییە قەومییە بێشومارەکاندا.

بەڵام زۆرتر لە ئێمە، خودی جیهانی ماددی و واقیعییەتی مێژوویی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مەبەستم ڕووداوەکانی دەورانی قەیران و دواتریش لەبەریەک هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و دنیای دوای جەنگی ساردە. ئەگەر ڕوو وەرچەرخاندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی پێشوو بە لای ڕۆژئاوا و مۆدێلی بازاڕ لە ساڵانی یەکەمی دەستپێکردنی قەیرانی ڕۆژهەڵاتیشدا فەرامۆش بکەین (چونکە هەرچی چۆنێک بێت،

ڕەوتی ئێمە لە خۆشباوەڕییەکانی چەپی باو سەبارەت بە پێشکەوتنخوازیی ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم و ناسیۆنالیزمی کەمینە میلییەکاندا هاوبەش نەبووە)، بزووتنەوە جودابیخوازەکان و دواتریش جەنگ و کۆمەڵکوژییەکانی "میللەت"ە هەوساریچڕیوەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەندیدا، بەڕاستی خواستی میللی و جیاخوازی تەنانەت لەبەرچاوی کەسانێک کە لە لانیکەمی مرۆڤدۆستی بەهرەمەندن، بێ نرخ و زۆر جاریش بێزراو کردووە. هەموو دەتوانن ئەوە ببینن، کە چۆن ناسیۆنالیزم تەرجومەی ماددیی خۆی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان و "پاکسازییە قەومییەکان" و کوورەکانی مرۆڤسووتاندندا پەیدا دەکات و چۆن نە تەنها خواستی میللی، بەڵکوو تەنانەت خودی دەستەواژەی میللەت و ناسنامەی میللیش لە زۆر حاڵەتدا نارەسەن و دەسکردی ناوەندێکی سیاسی دیاریکراوە.

ڕووداوە میلییەکانی جیهانی پاش جەنگی سارد بە ناچاری فۆرمووڵی بە ڕواڵەت خێرخوازانە و عادیلانەی "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" دەخاتە بەردەم چاوخشاندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە. بە بڕوای من، بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرئەنجامی ئەم چاوخشاندنەوەیە جگە لە ڕەتکردنەوەی ئەم فۆرمووڵە لە شکڵ و شێوەی ئێستایدا، ناکرێ شتێکی دیکە بێت.

مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا: لوغزێک لە پێنج وشەدا

باسی ئەسڵیی من سەبارەت بە مەسەلەی میللی و "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" لە ژمارەی داهاتووەوە و لە ڕەخنە لە خودی ناسنامەی میللییەوە دەست پێ دەکات. ڕێگا بدەن لەم بەشەدا کەمێک سەبارەت بەم فۆرمووڵە بە دەنگێکی بەرز بیر بکەینەوە. وەرن با بەشەکانی ئەم فۆرمووڵە هەر لەم ڕواڵەتەی ئێستایدا یەک بەیەک تاوتوێ بکەین. ئەمە کۆمەکمان پێ دەکات، تا لانیکەم زنجیرەیەک لە پرسیار و ناکۆکی پەیدا بکەین کە دەتوانێ خاڵی دەستپێکردنی باسەکەمان بێت.

1) لە ئاسانترین و کەمناکۆکیترین بەشەوە دەست پێ بکەین: "دیاریکردنی چارەنووسی خۆ". مەبەست لەم دەستەواژەیە چییە؟ میللەتێک کە مافی چارەنووسی خۆی بەدەست دەهێنێ (ئەگەر لە ئێستادا وای دابنێین کە مانای "ماف" و "میللەت"مان بۆ مەعلومە)، مافی چ کارێکی بەدەست هێناوە؟ لە ڕوانگەی مێژووییەوە هەروەها لە نەریتی کۆمۆنیستیدا ئەم دەستەواژەیە بە مانای مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی وڵاتێکی

سەربەخۆیە کە "میللەت"ی جێمەبەست تیایدا بە "میللەتی سەرەکی"، یان "زۆرینە" بژمێردرێ.
بەگشتی، دوو جۆرە بەدحاڵیبوون یان تێگەیشتنی نادروست تێکەڵ بەم باسە بووە. عەیبی یەکەم، تێگەیشتنێکی بەناو دیموکراتیک و ئازادیخوازانەی درۆیینەیە کە ئاخنراوەتە ناو خودی ئەم دەستەواژەیەوە، کە بەتایبەتی لە دارشتنە فارسییەکەیدا (تعیین سرنوشت خویش) تۆختریشە (بۆ دارشتنە کوردییەکەیشی "دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" هەر وایە/ و.). خودی دەستەواژەکە بەتایبەت لە دەربڕینە فارسییەکەیدا (هەروەها کوردییەکەیشی/ و.) بە بەکارهێنانی وشەی ڕۆمانسی و حەماسیی "سرنوشت" (چارەنووس/ و.) مەشروعییەتێکی بەڵگەنەویست و لەوەوپێشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. کام ئینسانی شەریف و ئازادیخواز هەیە، بەوەی کە کەسێک، ئیتر هەر کەسێک، خۆی "چارەنووسی خۆی" دیاری بکات زۆر خۆشحاڵ نەبێت و ئەم کارە بەپیرۆز و بە هەنگاوێک لە بەرەوپێشچوونی بەشەر نەزانێ. بۆ نموونە دەستەواژەی self determination لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم جۆرە تێگەیشتنە حەماسییەی لێ بەدی ناکرێ. بەڵام بە هەر حاڵ تا ڕادەیەک ئەو مەشروعییەتە لەوەوپێشە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. بەڵام پێکهێنانی وڵاتێکی نوێ بۆ نموونە بۆ خەڵکی باکووری ئیتالیا، کە ئێستا کۆمەڵێک خەریکی ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی ناسنامەیەکی میللی سەربەخۆن بۆیان، یان بۆ ئەو خەڵکەی بە تامیل یان بە باسک ناویان دەبەن، هێشتا هیچ شتێک سەبارەت بەوە ڕۆشن ناکاتەوە کە ئاخۆ ئەم خەڵکە بەتاک یان بەکۆمەڵ بەم ئاڵوگۆڕە بەقەد سەرەدەرزییەک زیاتر لە جاران "چارەنووسی خۆیان" بەدەستەوە دەگرن یان نا. سیستەمی ناوخۆی وڵاتی تازە پێکهاتوو، چ لەڕووی سیاسییەوە و چ لەڕووی ئابوورییەوە، بە کۆمەڵە کێشمەکێش و ئاڵوگۆڕێکی ترەوە کە کاریگەرییەکانی خودی سەربەخۆبوون لەسەری ناکرێ لە سەرەتاوە پێشبینی بکرێ، بەندە. وڵاتی تازە ئەشێ کۆنەپەرستتر، نایەکسانتر، سەرکوتگەرتر و خەڵکەکەی لە جاران بێ مافتر و داماوتر دەربچێت. چاوگێڕانێکی سەرپێیی بە دنیای دوای جەنگی ساردا کە تابلۆیەکی گەورە لە "میللەت"ە سەربەخۆبووەکان و "چارەنووسی خۆ بەدەستگرتووان" دەنوێنێ، بەسە بۆ حاڵیبوون لەو مەسەلەیە. دواتر لە تاوتوێکردنی دەستەواژەی "میللەت"دا دەچینە سەر ئەوەی کە چۆن لە تەبلیغاتی ناسیۆنالیستیدا زۆر بە ئاسانی حاکمییەتی میللی بە حاکمییەتی تاکتاکی ئینسانەکانی ئەو "میللەت"ە

دادەنرێ. وە ئەو حەقیقەتە پەردەپۆش دەکرێ کە لە ڕاستیدا خودی حاکمییەت بەناوی "میللەت"ێکەوە و دانانی ناسنامەی میللی بە بنەمای حوقووقی و مەعنەوی وجودی وڵاتێک، خۆی پێشێلکردنی مافی حاکمییەتی دانیشتووان و بەرتەسککردنەوەی مافی خەڵکە واقیعییەکە لە "دیاریکردنی چارەنووسی خۆی"دایە.
بە کورتی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی وڵاتێکە بەناوی میللەتێکی دیاریکراوەوە. باس لەسەر بەدیهێنانی مافە مەدەنی و فەردییەکان و فراوانبوونەوەی مەودای دەسەڵاتی خەڵک وە یان دیموکراسی بە مانا باوەکەی ئەم وشەیە نییە. مەشروعییەتێکی لەوەوپێش کە لەناو ئەم دەستەواژەیەدا حەشار دراوە، زیادە و ناواقیعییە.
دووەم تیگەیشتنی نادروست بە گشتی پەیوەندی بە دەستەواژەی ئۆتۆنۆمیی کارگێڕی و فەرهەنگی و خۆ بەڕێوەبردن و شتی لەم بابەتەوە هەیە. بە فەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕوانگەی حوقووقی و سیاسی و هەروەها لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بۆ نموونە لە تێڕوانینی لێنین و بەرنامەی سۆسیال_ دیموکراسیی ڕووسی و دواتریش بۆڵشەڤیکەکاندا، بە مانای مافی جیابوونەوەیە نەک هەر سیناریۆیەکی بەیناوبەینی کە بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی تر لە نێوان میللەتی جێمەبەست و دەسەڵات و دەوڵەتی ناوندیدا پێشنیار دەکات. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای تایبەتیی وشەکە، پەیوەندیی بەم چەمکانەوە نییە. بە فەرمیناسینی ئەم مافە بە مانای قەبووڵکردنی مافی پێکهێنانی پەیوەندییەکی حوقووقی و کارگێڕی تایبەت لە نێوان یەکێک لە "میللەت"ە نیشتەجێکانی وڵات لەگەڵ دەوڵەت و باقی هاووڵاتیاندا نییە. دواتر لە بەشی کۆتایی ئەم وتارەدا کاتێک دەگەینە سەر ڕەخنە لە ئۆتۆنۆمی، ئەم خاڵە زیاتر ڕۆشن دەکەمەوە. لێرەدا بەم تەئکیدە ئیکتیفا دەکەم کە بەپێچەوانەی مافی جیابوونەوە، کە لانیکەم بە ڕواڵەتیش بێت ڕووی لە پەرەپێدانی جێگاوشوێنی "میللەت"ێکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لابردنی هەڵاواردنی میللی لە پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەتدا، بەدەستهێنانی خودموختاری و ئۆتۆنۆمی، بەپێچەوانەوە، بە مانای بەدیهاتنی جۆرێک لە نایەکسانی تازەیە لە نێوان هاووڵاتیانی یەک وڵاتدا لەسەر بناغەی ئینتیمای میللی. ئەم بانگەشەیە، یان ئەم ئومێدە، کە مەبەست لە ئۆتۆنۆمی قەرەبووکردنەوەی ستەمەکانی ڕابردووە، وە دەبێتە زەمانەتێک لەبەردەم گەڕانەوەی هەڵاواردنەکان لە داهاتوودا، هیچ لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت کە

بناغەی ئۆتۆنۆمی دانانی پەیوەندییەکی نایەکسانی نوێ و زیندووهێشتنەوەی کێشمەکێش و جیاوازیی میلللییە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا. بەم پێیە داکۆکی کۆمۆنیستەکان لە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بە هەر تێگەیشتنێکەوە کە لەم دروشمە هەبووبێت، شتێک دەربارەی مەسەلەی خودموختاری و خۆبەڕێوەبردن و ... تاد. ڕۆشن ناکاتەوە. مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، فۆرموولێک بۆ بەڕەوازانینی دەستوورە "پەلکەزێڕینەیی"یەکان و پلەبەپلەکردنی هاووڵاتیان بەپێی ئینتیما میللی و قەوماییەکانیان لە وڵاتە "فرەمیلللییەکان"دا نییە. لانیکەم لەو نەریتە کۆمۆنیستییەدا کە ئەم فۆرموولەی بۆ بەرنامەکانی ئێمە بە میرات هێشتووەتەوە، لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە لەم مافە نەکراوە.

بە هەر حاڵ ئەم تێگەیشتنانە ئەمڕۆ بوونەتە پاشکۆی ئەم فۆرموولە. دەستەواژەی "دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" سەردێڕێکی چاکە بۆ مشتومڕ لەسەر ئەم تێگەیشتنانە. بەڵام هەرگیز دەستەواژەیەکی کارساز بۆ داڕشتنی فۆرموولێکی ڕۆشن و ئازادیخوازانەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتان و مەسەلەی میللیدا نییە.

هەرچۆنێک بێت ئێمە لەم باسەدا، مافی "دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" تەنها بە مانای مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی میللیی سەربەخۆ بەکار دەبەین.

2) وشەیەکی تری کلیلی کە دەبێ لێی ورد بینەوە، وشەی "ماف"، یان دەستەواژەی "بە فەرمیناسینی ماف"ە لە سەرەتای فۆرموولەکەدا. کاتێک کەسێک "ماف"ی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە فەرمی دەناسێ، ئەو مافە بە چ جۆرە مافێک دادەنێ و خۆی بە پابەندی چ کارێک یان فیکرێک دەزانێ؟ بە فەرمیناسینی مافێک یانی چی؟

لە یەکەم سەرنجدا دەکرێ ئەم پرسیارە زیادە و بیانووگیرانە بێتە بەرچاو. بەڵام لە ڕاستیدا مشتومڕ لەسەر ئەم پرسیارە، ئەویش تەنها لە یەکێک لە گۆشەکانییەوە، بەدرێژایی مێژوو مەیدانێکی گرنگی باس و لێکدانەوەی کۆمۆنیستی لەسەر مەسەلەی میللی بووە. مەبەستی من بەدیاریکراوی، باس و لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ئەو تێبینییە ئینتەرناسیۆنالیستی و پرۆلیتارییەی کە ڕێک بەهۆی ئەوەی ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە لێکدانەوەی جیاجیا هەڵئەگرێ، دەکرێتە پاشکۆی: "بە فەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس(مافی جیابوونەوە) خۆی لەخۆیدا و بە زەروورەت بە مانای

پێشنیارکردنی جیابوونەوە نییە." ئەم تێبینییە بە مانای قایلبوونە بە جۆرێک لە پلەپلەکردنی "مافەکان" لە کۆمەڵگادا. یەکسەر ئەوە دەرئەکەوێ کە خودی وشەی "ماف" خۆی لەخۆیدا هیچ شتێکمان سەبارەت بە بایەخ و گرنگی و هەندێ جار تەنانەت لەتوانادابوونی ماددییانەی بەدیهاتنی پێ ناڵێت، وە دیارە بۆ ئێمەیەک کە مافێک "بە فەرمی" دەناسین، پەیوەستە بەوەی کە ئەم مافە لە چ جۆرە مافێک بێت، چاوەڕوانی جیاوازمان لێ دەکرێت. مافی ژیان، مافی بەڕێوەبردنی گوزەران، مافی ڕێکخراوبوون، مافی تەڵاق، مافی جگەرەکێشان، مافی سەفەرکردن بۆ ئاسمان، هەموو ئەمانە بەشێکن لە مافەکانی خەڵک. دەبێ هەر هەموویان بە فەرمی بناسرێن. بەڵام لە فەلسەفەی سیاسی و جیهانبینی و ئامانجەکانی ئێمەدا هەر هەموویان لە یەک چاوگەوە سەرچاوە ناگرن و جێگاوشوێنی چۆن یەک لە سیستەمی فکری و ئەولەوییەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا داگیر ناکەن.

مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا چ جۆرە مافێکە؟ بەراوردکردنی باو، بەراوردکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بە مافی تەڵاق. مافی تەڵاق دەبێ دەستەبەر بکرێت، بەڵام ئەمە بە زەروورەت بە مانای پێشنیارکردن و هاندان بۆ خودی جیابوونەوە نییە. بەرگریکردن لە مافی تەڵاق هاوتای پێشنیازکردنی تەڵاق نییە. بەڵام ئەم قەڵەمڕەوە بە بڕوای من زۆر نارۆشن و لێڵە. بەراوردکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی تەڵاق، بە بڕوای من لە لایەنێکی زۆر گرنگەوە بەراوردکردنێکی ڕێ لێ ونکەرە، دواتر ئەمە لە تاوتوێکردنی دەستەواژەی میللەتدا ڕۆشن دەکەمەوە. بەڵام لێرەدا لانیکەم ئەوە ڕۆشنە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە لە ڕیزی "ئەو مافانە" نییە کە دەبێ وەکوو مافی دەنگدان، مافی سەلامەتی یان مافی خوێندن، هەرچی زیاتر بە شێوەیەکی ماددی وەدی بێن و پیادە بکرێن. بەڵکوو مافێکە کە دەبێ بە فەرمی بناسرێت، بەڵام دواتر، بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی بەشی هەرە زۆری ئەو کێشمەکێشە میلللییانەی کە تا ئێستا بینیومانن، دەبێ ئارەزوو بکەین یان تەنانەت هەوڵـیش بدەین کە تا دەکرێ بەکار نەهێنرێ. کاتێک دەڵێین کەسێک مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بە فەرمی دەناسێت، بێگومان ئەمە هێشتا خۆی لەخۆیدا ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئەو کەسە چ جێگاوشوێنێک بۆ ئەو مافە دادەنێت و ئەو مافە بە چ جۆرە مافێک دەزانێت.

بەڵام گرێوگۆڵ و تەفسیر هەڵگرتنی دەستەواژەی ماف هەر بەمە کۆتایی نایات. بە فەرمیناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا بە مانای بەڵێندان بە ئەنجامدانی چ کارێکی سیاسییە؟ پەسەندکردنی سیستەمێکی فیدراڵی لە حاڵەتی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی، یان بەخشینی مافی جیابوونەوە بە "میللەت"انی نیشتەجێی وڵات؟ هاوپشتی و هاریکاریکردنی بزووتنەوە جودابیخوازەکان؟ ئایا بە فەرمیناسینی ئەم مافە بە مانای دانانی ئۆتۆماتیکییانەی بزووتنەوە جودابیخوازەکانە لە ڕیزی بزووتنەوە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکاندا؟ بێگومان ئەمە دەروازەیەکی ترە بۆ هاتنە ناوەوەی لێکدانەوەی جۆراوجۆری تر. بۆ نموونە، تێڕوانینی لێنین بۆ مەسەلەکە بە دروستی لەسەر پرانسیپی خۆلادان لە جیابوونەوە بنیات نراوە و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو مافێکی "سەلبی" سەیر دەکات. بە بۆچوونی لێنین بە فەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای ئەوەیە کە: یەکەم، کۆمۆنیستەکان دژی لکاندنی ئیجباری و "بەکارهێنانی زەبروزەنگ، وە یان شێوازی ناعادیلانە"ن بۆ وابەستەهێشتنەوەی میللەتان و دووەم، لەو بڕوایەدان کە ئەوە تەنها مافی خودی ئەو میللەتەیە کە سەبارەت بە جیابوونەوە، یان جیانەبوونەوە بڕیار بدات. ئەم تێڕوانینە نیشاندەری ئەو ئامانج و دیدە کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستییەیە کە ئێمەش ڕێک بەم جۆرە بۆ دارشتنی بەرنامە حیزبییەکانی پێشوو لەبەرچاومان گرتووە. بەڵام لەڕووی حوقووقییەوە نارۆشنییەکان بە تەوای لەبەین نابات. دەکرێ بۆ نموونە ئەوە بووترێ کە کۆمۆنیستەکان لە حاڵەتی بە فەرمی نە ناسینی مافی جیابوونەوە بۆ میللەتێکیشدا، دیسانەوە دژی بەکارهێنانی توندوتیژی و شێوازی ناعادیلانەن لەبەرامبەر خواست و بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکانی جەماوەری خەڵکدا و مەحکوومی دەکەن. بەڵام لایەنی دووەمی ئەم تێگەیشتنە، پرسیارێکی گەورەتر دێنێتە پێشەوە و تا ڕادەیەک دووبارە بەشی یەکەم نارۆشن دەکاتەوە. دەڵێ، "خودی میللەتی جێمەبەست دەبێ بڕیار بدات". زۆر چاکە. گریمان ناسنامەی میللیی ئەو میللەتە دەکرێ دەستنیشان بکرێ و ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو خەڵک و لایەنانەی کە نابێت لەم بڕیاردانەدا دەخاڵەت بکەن، دیاری بکرێن. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوە دەستنیشان بکرێت، چ جای ئەوەی زامن بکرێت، کە ئەو بڕیاری جیابوونەوەیە بڕیاری خودی ئەو میللەتە بووە. گرفتی ئەم فۆرموولەیە لەوەدایە کە لە لایەک چەمکێکی لە "ئیرادەی میللی" لە خۆیدا حەشار داوە و وەکوو بەڵگەنەویست

وەریگرتووە. کە بەمەش ئەم خۆشباوەڕییە دێتە ئاراوە، کە گوایە لەنێو هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایيدا، کە تیایدا ئیرادە و بەرژەوەندییەکان چینایەتین، مەسەلەیەک هەیە بە ناوی جیابوونەوەی میللەتانەوە، کە دەکرێ لەودا ئیرادەیەکی گشتی و سەرووچینایەتی، کە ئیتر نەک ئیرادەی چینی دەسەڵاتدار، بەڵکوو ئیرادەی هەموو "میللەت"ە، پەیدا بکرێ و پیادە بکرێت. ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە پاداشتکردنێکی ژێراوژێری ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم تێڕوانینە دەرگای باس لە هەردوو لاوە لەسەر ئەوە بە کراوەیی ئەهێڵێتەوە کە ئایا ئەم بڕیارەی کە دراوە (بەقازانج یان لەدژی جیابوونەوە) بڕیاری خودی ئەو میللەتە بووە یان نا. ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا بڕیاری "خودی میللەت"ەکە مەعلوم ئەبێت و جێ ئەکەوێت چییە؟ بۆ نموونە چۆن دەکرێ لەوە بکۆڵینەوە و بیسەلمێنین کە جیابوونەوەکانی ئەم دواییە لە وڵاتانی باڵتیک یان چیکۆسلۆڤاکیا ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خودی میللەتە جیابووەکان و بڕیارێکی مەشروع و ڕەسەنی ئەوان بووە یان نا؟

ئەو پرسیارەی کە چ کەسێک بڕیار لەسەر ڕەسەنایەتی و ڕاست و دروستی پرۆسەی ڕەئیدانی میللەتێک لەسەر جیابوونەوە و جیانەبوونەوە دەدات، دووبارە باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەگێڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ئایا دەخاڵەتی دەوڵەتی ناوەندی، یان کۆمۆنیستەکان، وە یان تەنانەت جەماوەری خەڵکی "میللەتی سەردەست" لە داوەریکردن لەسەر ڕەسەنایەتیی حوقووقی بڕیاری "میللەتی ژێردەست" لەگەڵ بە فەرمیناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا ناکۆک نییە؟ وە لەبەرامبەر ئەمەشدا، ئایا چاوپۆشیکردن لەم پرۆسەیە و دەخاڵەت نەکردن تیایدا لە واقیعدا بە مانای پاشگەزبوونەوە لە "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان" و جێگرتنەوەی بە "مافی ناسیۆنالیزم لە دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان"دا نابێت؟ هەر لەم پرسیارەدا بە ئەندازەی پێویست کەرەسە بۆ جەنگێکی تری میللی وجودی هەیە.

سەرەنجام دەبێ ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە پرۆسەی نیشاندانی ئیرادەی میللەتێک، کە ڕیفراندۆم و گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی تەنها یەکێک لە شێوازەکانێتی، بە هەر حاڵ پرۆسەیەکی فۆرماڵی و حوقووقییە. چ بەو جۆرە بێت کە لە وڵاتانی باڵتیکدا ڕووی داوە و حیزبە ڕاستە توندڕەوەکان بە پشتیوانی شەپۆلی تەبلیغاتیی خەفەکەری ڕۆژئاوا و بە زەوتکردنی مافی دەنگدان لە نزیکەی نیوەی دانیشتووان سەربەخۆییان

عەمەلی کردەوە، یاخود ڕیفراندۆمێکی ئازادانە و بەدوور لە گوشار و تۆقاندنی چاوەڕوان نەکراو ببێتە مایەی بڕیارێکی وا، بە هەر حاڵ هیچ کام لەم دوو حاڵەتە بۆ کۆمۆنیستەکان نابنە نموونەیەکی ماددی لە وەگەڕخستنی ئیرادەی واقیعیی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش لە چارەنووسی خۆیاندا. وشە و دەستەواژەی وەک "ماف"، "بڕیاری ئازادانەی خودی میللەت" و شتی لەم بابەتە ئەم ڕاستییە پەردەپۆش دەکەن، کە ئەوەی بە عەمەلی خەریکە ڕوو دەدات، تەنانەت لە دیموکراتیکترین پرۆسەکانیشدا، نەک بەدیهاتنی یەکێک لە مافە ڕەها و هەمیشە موعتەبەرەکانی ئینسانەکان، وەکوو ئازادیی ڕادەربڕین یان مافی تەڵاق، بەڵکوو هەڵبژاردنێکە لە نێوان سیناریۆ جۆراوجۆرە بۆرژواییەکان بۆ ڕێکخستنی ئیداری و ئارایشتی ئایدۆلۆژیکی کۆمەڵگا و ئینسانەکان لەم پرۆسەیەدا وەکوو تاکەکانی یەک "میللەت" و لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی درۆیینە و هۆشیارییەکی ئاوەژوو بەشداری دەکەن. ڕەنگە لەم یان لەو حاڵەتی دیاریکراودا، پیادەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس ژیانی ماددیی زۆرێک لە ئینسانەکان بۆ دەورانێک کەمدەردیسەرتر بکات. بەڵام ناوبردنی ئەم ئاڵوگۆڕانە و باسکردنیان لە قاڵبی دەستەواژەیەکی وەک ماف و ئازادی و وەگەڕخستنی ئیرادە، ماهییەتی مەرجدار و چینایەتی پرۆسەکە پەردەپۆش دەکات. بێگومان بۆ کۆمۆنیستێک بە فەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان بەپێی لۆژیک بە مانای هەمان ئەو ئەرک و بەڵێنانە نابێت کە بەدوای بە فەرمیناسینی ئەو مافانەی کە ڕاستەوخۆ لە ئامانجە ئینسانی و یەکسانیخوازییەکانی کۆمۆنیزمەوە سەرچاوە دەگرن. بە بڕوای من ڕوونکردنەوەی شێوازی مامەڵەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ سەربەخۆییخوازیی میلیدا لەژێر ناوی "بە فەرمیناسین"ی جۆرێک لە "ماف" و هەر بەم پێیەش دانانی ئەم مەسەلەیە لە ڕیزی ئەو مافانەی کە بۆ بەدیهێنانیان لە کۆمەڵگادا خەبات دەکەین، زۆرتر لەوەی ڕۆشنگەرییەک بەدیبێنێ، دەبێتە مایەی نارۆشنی و بەدحاڵیبوون.

3) وە سەرەنجام دەگەینە دەستەواژەی میللەت. میللەت چییە؟ ئەمە لەو پرسیارانەیە کە لەبەر ئەوەی لێیان نەپرسیوین پێمان وایە وەڵامەکانیان ئەزانین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە میللەتان، یان میللەت، نارۆشنترین و پڕ گرێوگۆڵترین بەشی ئەم فۆرموولەیەیە. ڕەخنە لە دەستەواژەی میللەت، تەوەرەیەکی ئەسڵیی باسەکەی منە لەم نووسراوەیەدا و بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەشی داهاتوودا دەچمە سەری. بەڵام لێرەدا بۆ تەواوکردنی ئەو چاوخشاندنەوەیە گشتییەمان بە بەشەکانی فۆرموولەی

مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، بەبێ تەفسیلات و بەڵگەهێنانەوە، ئاماژەیەکی کورت بە ناکۆکی تەوەرەیی ئەم دەستەواژەیە دەکەم.

بگەڕێینەوە سەر نموونەی مافی تەڵاق. نموونەیەکی ڕۆشنە. جیاوازیی مافی جیابوونەوەی میللەتان لەگەڵ مافی تەڵاقدا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی تەڵاقەوە کە تیایدا هەردوولا بوونەوەری حەقیقی و لەڕووی ناسنامەییەوە دیاریکراو و مەلموسن، ناسنامەیان لەکات و شوێندا بەردەوامیی هەیە، لەبارەی مافی میللەتانەوە ناکرێ لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە لە دیاریکراوبوون و بابەتی بوون و بەردەوامیی ناسنامەی دوو تەرەف بەدەستەوە بدرێ. مەعلوم نییە، مافی جیابوونەوە خەریکە دەدرێتە چ بوونەوەرێک. زۆر هەوڵی بێهودە بۆ داڕشتنی پێناسەیەک بۆ میللەت دراوە. لێکدانەوە ئۆبژەکتیڤەکان، کە ئاماژە بۆ هەندێ فاکتەری وەک بوونی زمان، کات، مێژوو، عورف و عادەت و نەریت و شتی تری لەم بابەتەی هاوبەش دەکەن، وە لێکدانەوە سۆبژەکتیڤەکان کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئینتیمای میللی بە بەرهەمی هەڵبژاردن و بڕیاردانی خودی جەماوەری خەڵک دادەنێن. هەموو ئەم پێناسانە کاتێک لەگەڵ دەستەبەندییە میلییە واقیعییەکانی دنیادا بەراورد دەکەین، نادروستی و نەهاتنەوەیان لەگەڵ ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە ئاشکرا دەبێت.

میللەت دەستەواژەیەکی دیاریکراو نییە کە بە سادەیی بکرێ پێناسە بکرێت و بناسرێتەوە. ئەم نادیاریکراوییە دەکرێ لە ئاستی جیاجیادا شی بکرێتەوە. ئینتیمای میللی، ناکرێ بۆ نەژاد و تەنانەت بۆ ڕەگەزیش بگێڕدرێتەوە. ناکرێ بۆ تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانی بەشەر بگێڕدرێتەوە، بە بوون و ژیان لەسەر یەک نیشتمان دیاری ناکرێت. میللەت و ئینتیمای میللی، زمانی هاوبەش نییە، عورف و عادەتی هاوبەش نییە، ئەزەلی نییە، ئەبەدی نییە، بەرهەمی مێژووە، بەوجود دێت و لەناو دەچێت، دەگۆڕێت و سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. لەڕووی فیزیکییەوە، میللەت بوونەوەرێکی تاقانەی خاوەن یەک جەستە و یەک هۆش نییە. بوونەوەرێکی ئاوێتەیە لە تاکتاکێکی جیاجیا و نەوەی جۆراوجۆر و هەمیشە لە حاڵی ئاڵوگۆڕی ئینسانەکان. تا ئەم ساتە پێناسەیەک لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە کە بتوانێ ناسنامەی هاوبەشی میللی بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک تایبەتمەندی مەلموس و تەفسیرهەڵنەگر بەیان بکات. هەر کام لەو فاکتەرانەی سەرەوە یاخود هەر کۆمەڵێک لەوانە وەکوو زمانی هاوبەش، مێژوو و فەرهەنگی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش و ...

تاد. بکەینە پێوەر و بناغە، ئەگەر هەندێک لێی قووڵ ببینەوە، ئەبینین کە ئیستیسناکان لە قاعیدە گشتییەکان زۆرترن و پەی بە زەینیبوون و هەڕەمەکیبوونی هەموو دەستەبەندییە میلییەکان و تەنانەت خودی فاکتەرەکانیش دەبەین. لەنێو هەموو ئەم ناسنامانەی کە بەدریژایی مێژوو بۆ دەستەبەندیکردنی ئینسانەکان داتاشراون، لە ئینتیمای خوێنی، قەبیلەیی، قەومی، جنسی و نەژادی و ... تاد. میللەت لە هەمووان شلۆقتر، نادیاریکراوتر، بێ پاساوتر و زەینیتر و لەڕووی مێژوویییەوە مەرجدارترە.

ئینتیمای میللی بە پێچەوانەی جنسی ئینسانەکانەوە خولقاوی سروشت نییە، خولقاوی کۆمەڵگا و مێژووی ئینسانە. ئینتیمای میللی لەم ڕوانگەیەوە لە ئایین دەچێت. بەڵام بەپێچەوانەی ئینتیمای دینییەوە، ئینتیمای میللی تەنانەت لە ئاستێکی فۆرماڵیشدا شتێک نییە کە خۆت هەڵیبژێری و دیاری بکەیت. وەک تاکێک ناتوانیت بە میللەتێکی تایبەتەوە پەیوەست بیت، یاخود لێی دابڕێیت. (هەرچەندە بەشێک لە توێژەرەوەکانی میللەت و میللەتچێتی تێڕوانینێکی سۆبژەکتیڤی لەم چەشنەیان لەم دەستەواژەیە بەدەستەوە داوە). ئەم تایبەتمەندییە، کارایی و تونایەکی سیاسیی سەرسوڕهێنەر بە میللەت و ئینتیمای میللی دەبەخشێ. کۆتێکە لە گەردنی جەماوەری فراوانی خەڵک کە هیچ کەسێک نازانێ لە کوێوە هاتووە و ناتوانێ بەشوێن سەرچاوەکەیدا بگەڕێ و بەم حاڵەشەوە بوونی ئەوەندە شتێکی سروشتی و بەڵگەنەویستە کە هەمووان بە بەشێک لە پەیکەر و بوونی خۆیانی دەزانن. بەڵام ئەوەی ئێمە شانسی ئەوەی پێ بڕاوە کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕۆژانە دروستبوونی میللەتی تازە و بێ ئیعتیباریی دەستەواژە میللییەکانی پێشوو بە چاوی خۆی ببینێ و هەر بەم بۆنەیەوە دەتوانێ ناسنامەی میللی وەک بەرهەمێکی ئابووریی سیاسی ببینێت و تەنانەت ڕەخنەشی لێ بگرێت. ئینتیمای میللی قاڵبێکە بۆ دەستەبەندیکردن و ئارایشتدان بە ئینسانەکان لە پەیوەند بە بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگاوە. میللەت بە مانای کۆی ئەو ئەفرادانە نییە کە یەک ئینتیمای میللییان هەیە، بە پێچەوانەوە، ئینتیمای میللیی فەرد بەرئەنجامی سەپاندنی ناسنامەی میللی کۆیە بەسەر ئەودا. ئەوە میللەتەکان نین کە جودا دەبنەوە یان پێکەوە دەلکێن، بەڵکوو ئەوە پێکەوەلکان و جیابوونەوە داسەپاوەکانە بەسەر جەماوەری ئینسانەکاندا کە میللەتەکان پێک دەهێنێ. ناسیۆنالیزم بەرهەمی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیی میللەتان نییە، بە پێچەوانەوە، ئەوە میللەتانن کە بەرهەمی ناسیۆنالیزمن.

هەر وەک وتم، دەبێ باسی دووروودرێژتر لەسەر ڕەخنەگرتن لە ناسنامەی میللی بۆ بەشی دواتر هەڵگرم. لێرەدا هەر ئەوەندە پێویست بوو، ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە دەستەواژەی میللەت کە تەوەرەی فۆرموولەی "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" پێک دەهێنێ، دەستەواژەیەکی نادیاریکراو و نائۆبژەکتیڤە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئینتیمای میللی و ناسنامەی میللی، نامادی و خەیاڵییە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە لە هەر بڕگەیەکدا، بە جیاواز و دابڕاو لە دەورەی مێژوویی و ڕەوەندە سیاسییەکان و هاوسەنگییە ئایدیۆلۆژییەکان لە کۆمەڵگادا قابیلی پێناسەکردن نییە. میللەت دەستەواژەیەکی ڕەها و سەربەخۆ نییە. بەرهەمێکی ناجێگیر و هەمیشە لە حاڵی ئاڵوگۆڕی قەڵەمڕەوی سیاسەتە. لەبەر ئەمە، مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، لەوە نارۆشنتر و نادیاریکراوترە کە وەک پرانسیپێکی جێگیری سیاسی و بەرنامەیی تەماشا بکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێشتر باس کرا، ئەگەر مانای ژێرەوەی ئەم فۆرموولـە بە بنەما وەربگرین، بە فەرمیناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووس، دەکاتە ئەوەی کە مافی بڕیاردانی یەکلایەنە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە هەر کومەڵە خەڵکێک کە خۆیان، یان لایەنێک لەجیاتی ئەوان، بانگەشەی ناسنامەیەکی میللی سەربەخۆ بکات، بدرێ. بە زەحمەت دەکرێت ئەمە بە پرانسیپێکی ئازادیخوازانەی کۆمۆنیستی دابنرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە بۆ کۆمۆنیستەکان "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" ئاماژە بە شتێک دەکات کە جیاوازە لەوەی وشەکان پیشانی دەدەن، وە ئێمە وەکوو کۆمۆنیست ڕێک تەنها لەو مانا نادیارەی ئەم فۆرموولەدایە کە بە ڕاستی سوودمەندین. بە فەرمیناسینی مافی دەستەبەندییە میللی و قەومییەکان لەوەی هەریەکە وڵاتی خۆی دروست بکات، لە ڕوانگەی منەوە ئەسڵێکی پرانسیپیی کۆمۆنیستەکان نییە. تەنانەت ئەگەر لێکدانەوە مینیمالیستی و بە بڕوای من دروستەکەی لێنینیش لەمەڕ ئەو ئەرکانەی، لە ئەنجامی ئەم بە فەرمیناسینەدا ئەکەوێتە سەرشانمان قبووڵ بکەین. بەڵام نە بۆ لێنین و نە بۆ ئێمەش ڕووی دەرەوەی ئەم فۆرموولبەندییە و ئەو ئەرکە حوقووقییانەی لێی دەکەوێتەوە، ئەسڵی مەسەلەکە نییە. دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس فۆرموولێکە بۆ وەستانەوەی کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر ڕاستییەکی تاڵی مێژوویی و زەمانەتکردنی کەمدەردیسەریترین ڕێگا بۆ

وەلانانی لە ڕێڕەوی خەبات لە پێناو ڕزگاری و ئازادیی ئینسانەکاندا. ئەم ڕاستییە تاڵە، ستەمی میلّییە کە فۆرموولی مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنانەت ئاماژەیەکیشی پێ ناکات. دەوری ئەم فۆرموولەیە بۆ لێنین و بۆڵشەڤیزم و بۆ ئێمە بریتییە لە ڕێخۆشکردن بۆ خەبات لە پێناوی یەکێتیی چینایەتی لەبەرامبەر تەفرەقەی میللی، خەبات لە دژی ستەم و هەڵاواردنی میللی، وە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ژەهراوی نەتەوەپەرستی لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا. ئەمڕۆ، لە ڕۆژگارێکدا کە ئەم تەفرەقەیە حوکم دەکات و هەوڵی ئێمە لە پێناوی یەکێتیی کرێکاراندا هەوڵێکی دژە ڕەوەندە، لە ڕۆژگارێکدا کە میللەتپەرستی و میللەتداتاشین لەوپەڕی دنیا و لەپێش هەمووشیانەوە لەناوجەرگەی ئەوروپادا ملیۆنەها ئینسان خەڵتانی خوێن و بێ خانە و لانە دەکات، لە ڕۆژگارێکدا کە جیهانیبوونی بەرهەمهێنان، ناوەڕۆکپووچیی ئینتیمای میللی و پەیوەندیی لێکدانەبڕاوی "چارەنووس"ی خەڵکی هەموو دنیای هێناوەتە بەرچاوی ئەوان، مەرجی خەباتی ڕاستەقینە لە دژی ستەمی میللی و تەفرەقەی میللی، گرتنەدەستی درووشمێکە کە خودی میتۆدۆلۆژیای میللەت و "چارەنووس"ە میللییە جیاوازەکان بەهێز نەکات. ئەگەر فۆرموولی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ڕۆژگارێک بەکاربردنێکی ئاوا کارسازی بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەبووە، ئەوا ئەمڕۆ، لە دەورەیەکی تری ژیانی دەستەواژەی میللەتدا، ئەم فۆرموولەیە جگە لە هەگبەیەک لە ناکۆکی و نارۆشنی و تەخشان و پەخشانکردنی خۆشباوەڕی، شتێکی دیکە نییە.

بەشی دووەم: "لیستەی ستالین"

بەشی یەکەمی ئەم نووسینەمان بە چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بەسەر فۆرموولەی "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" دەستپێ کرد. دیارە مەبەستمان هەلاجیکردنی ئەم فۆرموولەیە نەبوو، بەڵکوو مەبەستمان ئەوە بوو، کە گۆشەیەک لەو ناکۆکی و نارۆشنییانە بخەینە ڕوو کە سەرتاپای باسی میللەت و میللەتگەرایی داگرتووە. لە کۆتایی بەشی پێشوودا گەیشتینە سەر دەستەواژەی "میللەت". بە ڕای من، گرێ سەرەکییەکە لەم دەستەواژەیەدایە. دەستەواژەی میللەت، نەک تەنها لە بیرکردنەوەی چەپ، وە یان لە پێوانە بەرنامەییە کۆمۆنیستییەکانی تا ئێستای سەبارەت بە مەسەلەی میللیدا، بەڵکوو لە بەشی هەرە زۆری ئەو شتەی کە کۆمەڵگای

ئەمڕۆ وەکوو مێژووی خۆی، وە یان وەکوو ناسنامە و وجودی کۆمەڵایەتیی خۆی سەیری دەکات، بووەتە سەرچاوەی سەرلێشێواوییەکی قووڵ و لنگەوقوچییەکی بنەڕەتی لە توێژینەوە و بیرکردنەوەدا.

نیشاندانی ئەوەی کە ڕێبازە باڵادەستەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و تیۆری سیاسی و هەندێ جار تەنانەت زانستە ماتماتیک و سروشتییەکانیش لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا تا چ ڕادەیەک تێکەڵ بە خورافە و ئەفسانەن، کارێکی زۆر دژوار نییە. ئەوەی کە مرۆڤی کۆتایی سەدەی بیستەم، بەتایبەت لە زمانی بیریارە فەرمییەکانییەوە، سەرهەڵدانی خۆی، فەلسەفەی ژیانی خۆی، هۆی کردە فەردی و جەمعییەکانی خۆی، سەرچاوەی بەختەوەری و بەدبەختی، یاخود خۆشگوزەرانی و بێبەشییەکانی خۆی و ... تاد. چۆن و بە چ دەستەواژەیەک لێک دەداتەوە، بێگومان دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕیی نەوەکانی داهاتوو. هەڵبەتە هەندێک لەم خورافاتانە تەمەنیان بەسەر چووە. ئەمڕۆ بۆ نموونە، سەرەڕای شەپۆلی پاشەوپاشگەڕانەوەی دژایەتیکردنی عەلمانییەت و ڕەونەق پەیداکردنەوەی سەرلەنوێی بنە و بارگەی دین، هێشتا گێڕانەوەی "خودا"، لانیکەم خودای ئایینی، بۆ زانکۆکان و توێژینەوە زانستییەکان، عەمەلی نییە. بەڵام ڕێچکەی فەرمیی لێکدانەوە زانستییەکانی دنیای هاوچەرخ، بەتایبەتی لە هەندێ بەشی وەک تیۆری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا پشتی بە کۆمەڵێک دەستەواژە و بەڵگەنەویست بەستووە، کە بە هەمان ڕادە خورافی و ناحەقیقین. دەستەواژەی میللەت یەکێکە لە گرنگترینیان.

میللەت چییە؟

ئەمە خاڵی دەستپێکردنی گەلێک لە توێژینەوەکان لەسەر میللەت و میللەتگەراییە. لە سەرەتاوە وا دێتە بەرچاو کە گرفتی سەرەکی، دژواریی بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی زانستییە، وە یان پێناسەیەک کە هەموو لایەک لەسەری کۆک بن. ئەوە ڕاستە کە بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی پوختە و پاراو لە دەستەواژەی میللەت، لەسەر بناغەی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ماددی و مەلموس (وەک زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، خوو و نەریتی هاوبەش و ... تاد.) کە بە پشتبەستن پێی، میللەتە ڕەسەنەکانی جیهان لە میللەتە ساختەکان جیا بکرێنەوە، کامەی میللەت بێت تیایدا بگونجێت و ئەوەی میللەت نەبێت نەگونجێت، تا ئەمڕۆ لە توانای زانا و سیاسەتمەدارەکاندا نەبووە. ستالین، تەنانەت بە دانپێنانی نەیارە سیاسی و مەکتەبییەکانیشی، لە ڕیزی ئەو

کەسانەیە کە لیستێکی تا ڕادەیەک هەمەگیریان لەو تایبەتمەندییانە کۆکردۆتەوە کە میللەتان لێک جیا دەکاتەوە. بەڵام هەر وەک دواتر ئەیبینین، ئەو لیستانەی کە تایبەتمەندییەکانی میللەتانیان دەستنیشان کردووە، تەنانەت لە لیستە هەمەگیر و ستالینی و میکانیکییەکەیشیدا، نەیانتوانیوە هەر ئەم میللەتانەی کە بە واقیعی لە جیهاندا هەن، بە دروستی دەستەبەندی بکەن و لە زۆربەی ئەم لیستانەدا ئیستیسناکان زۆرترن لەوانەی کە ڕێساکە دەیانگرێتەوە.

بەڵام بە بڕوای من گرفتەکە لە دژواریی پێناسەکردنی میللەتدا نییە. لە بارەی دوو بەشەکەی تری فۆرموولەی "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" ڕەنگە بکرێ بە پێناسەیەکی دروست، یان بە هەر حاڵ بە ڕێککەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو، گرێیەک لە مەسەلەکە بکرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێ لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، کە دیاریکردنی چارەنووس لە فۆرموولبەندییەکەی ئێمەدا، بە مانای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و "بە فەرمیناسینی" ئەم مافە هەر ئەو مانا سەلبی و لانیکەمەی هەیە کە لێنین مەبەستی بوو. بەڵام لە بارەی دەستەواژەی میللەتەوە بە بڕوای من، ئەسڵی مەسەلەکە هەرگیز لێرەدا نییە، بەڵکوو هەنگاوێک لەپێشترە. گرفتەکە لێرەدایە کە ناکرێ پێناسە و لیستێک لە تایبەتمەندییەکانی "میللەت" بەدەستەوە بدرێت (هەر وەک ناتوانرێ لە بارەی "خودا"، یان "سیمرخ"ەوە ئەمە بکرێت)، بەبێ ئەوەی کە لەپێشدا خودی بوونی ئەو سەلمێنرابێت، یان وەکوو بەڵگەنەویستێک سەیر کرابێت. شتێک دەتوانرێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی پێناسە بکرێت، کە خۆی بەر لە پێناسەکەی ئێمە و سەربەخۆ لە پێناسەکەی ئێمە بوونی هەبێت. ئەگەر ئەو دیاردەیە یان ئەو شتە، سەربەخۆ لە پێناسەکەی ئێمە بوونی نەبێت، ئەو کاتە هەوڵی ئێمە بۆ پێناسەکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی، لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ خوڵقاندنی. پێناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی خودا، هەوڵێکی زانستی نییە، بەڵکوو کارێکی دینییە، وە بەم پێیە سیاسییە، بۆ خوڵقاندنی خوڵقێنەرێکی باڵادەست و بەتوانا لە زەین و ژیانی خەڵکیدا. ژماردنی خەسڵەتەکانی دێو و درنج و بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی وێنەی ئەمانە لە مێشکی گوێگردا و لەم ڕێگایەوە کاریگەریدانان لەسەر ژیان و کردەوەی ئەوان. پێناسەکردنی میللەت و تایبەتمەندییەکانی میللەتیش، هەوڵێکی زانستی نییە بۆ ناسین و وەسفکردنی بابەتییانەی بوونەوەرێکی دەرەکی و مەلموس، بەڵکوو دەخاڵەتێکی چالاک و زاتییە لە پرۆسەی دروستبوونی میللەت و میللەتاندا.

ئەمە کارێکی سیاسییە. هەوڵە زانستی و ئەکادیمییەکان بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی میللەت، بەشێک و ساتێکە لە بزووتنەوەیەکی فراوانتری سیاسی بۆ خوڵقاندن، وە یان هێشتنەوە و دەمەزەردکردنەوەی میللەتان. جیاوازی ئەم دووانە لەوەدایە کە ئەگەر دین سەرەنجام ناتوانێ خودایەک لەدەرەوەی مێشک و بیروباوەڕی خەڵکیدا بخوڵقێنێ، ئەوا میللەتسازیی، واتە "پێناسە"کردنی "میللەت" بە مانا سیاسی و پراکتیکییەکەی ئەم وشەیە، لە زۆر حاڵەتدا بە واقیعی دەبێتە هۆی پێکهێنانی دەستەبەندییە ماددییە میللییەکان لە نێوان خەڵکیدا.

تێگەیشتنی زاڵ بەسەر زەینی گشتیی، بەسەر بیرکردنەوەی ئەکادیمی، بەسەر چەپی ناسراو بە کۆمۆنیست و تەنانەت بەسەر بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری تا ئێستادا، ئەم لنگەوقوچییەی لە خۆیدا حەشار داوە. تەنانەت لە دەروونی چەپ و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تا ئێستادا، ئینتیما و ناسنامەی میللیی کەسەکان، هەر وەکوو جنسی ئەوان، بە تایبەتمەندییەکی بابەتی و دراو و گومان هەڵنەگر دەژمێردرێت (ئەوەی کە جنس و جیاوازیی جنسی بووەتە کۆڵەکەیەکی ناسنامە و خوناسیی کۆمەڵایەتیی کەسەکان، ئەمەش خۆی بەرهەمێکی مێژوویی کۆمەڵگا چینایەتییەکانی تا ئێستایە و جێگای ڕەخنەیە و لێرەدا ناچمە سەری).

لێرەدا من تەنانەت مەبەستم لەو مەیلە جۆراوجۆرانە لە مێژووی کۆمۆنیزمدا نییە، کە چەند جۆرێکی تایبەتییان لە ناسیۆنالیزم و نەژادی قەومی و نیشتمانپەروەری پیرۆز کردووە و لە کۆمۆنیزمەکەی خۆیان بار کردووە. کۆمۆنیزمی ڕووسی و چینی و جیهانی سێیەمی، کۆمۆنیزمی دژی مۆنۆپۆڵی و دژی ئیمپریالیستی و دژی یانکی و کۆمۆنیزمی سوسیال دیموکراتیک_ سەندیکایی و چەپی نوێی ڕۆژئاوایی کە لەسەر وێرانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەوز بوون، هەموویان زیاتر لەوەی کە ڕەنگوبۆی ئینتەرناسیۆنالیزمیان پێوە بێت، داتاشراوی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنال ڕیفۆرمیزم بوون.

لە ئێراندا، گشت چەپی نەریتی، لە حیزبی تودەی پێڕێوە، تا فیدایی و ڕاهی کارگەر و هێڵی سێی دوێنێ و چەپە تازە دیموکراتە "پاش_ جەنگیساردی"یەکان، هەموویان لەسەر زەمینەیەکی بەهێزی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەرانە سەوز بوون. کە نە تەنها قەبووڵکردنی دەستەواژەی میللەت وەکوو واقیعییەتێکی بابەتیی دەرەکی، بەڵکوو پیرۆزکردن و بیناکردنی هەموو وجودی سیاسیی خۆی لەسەری، لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانێتی. میللەت بۆ ئەم ڕەوتانە چوارچێوەیەکی گشتییە کە خەڵکی وڵاتێک

پێش هەر دابەشبوونێکی تر، بە وێنەی چینەکان و ... تاد. تیایدا کۆ دەبنەوە. کرێکار و بۆرژوا، ژن و پیاو، ڕەش و سپی، هەژار و دەوڵەمەند، پیر و لاو، بە قسەی ئەوان تەقسیماتی ناوخۆیی یەک میللەتێکن و بەشە جیاجیاکانی ئەو پێک دەهێنن. دەستەواژەی قێزەونی "کرێکارانی وڵاتەکەمان" کە ڕازێنەرەوەی تەقریبەن هەموو وتارە "کرێکاری"یەکانی گرووپەکانی سەر بەم نەریتە سیاسییەیە، یان پێداگرتنی ناسیۆنالیستییانە بۆ ناوبردنی ئەو کرێکارەی کە لە تاران لەدایک بووە و هەشت ساڵ پێشینەی کاری لە کۆمپانیای مێرسیدس بێنز هەیە لە خودی ئەڵمانیا، بە "کرێکاری دوورخراوەی ئێرانی"، هەموویان نیشانەی لەپێشتربوونی تەحلیلی و عاتیفی دەستەواژەی میللەتن لە باقی دابەشبوونە واقیعی و دراوەکانی جەماوەری خەڵک.

سەیر لەوەدایە کە بۆ زۆربەیان ئاستی دووەمی لێکدانەوە، لەدوای میللەت، هێشتا چینەکان نییە. بەڵکوو "گەلان"ە. گەل لەم تێڕوانینەدا میللەتێکە بێ دەوڵەت، بێهێز و زۆر جار ستەم لێکراو لەناو میللەتێکی تردا. بۆ چەپی ئێران دەستەواژەی "گەلان" سەرەنجام هاوتایە لەگەڵ هەستکردن بە بەزەیی و میهرەبانی و چاوپۆشی لێکردنێکی تایبەتیش. فەرهەنگ و نەریتی گەلان، ئەو نەریتانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خودی ئەو گەلانە دەیانەوێ هەر چونێک بێت لەدەستی هەڵبێن، دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگی شۆڕشگێرانەی چەپی سەرتاسەری. ئەگەر وڵاتێک بە حوکمی پرۆسەی مێژوویی "فرەمیللەت" و چەند گەلیی ڕەخسا بێت، ئەو کاتە کرێکارانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بۆ بەدەستهێنانی لانیکەمی هۆشیاریی چینایەتی، دەبێ بەسەر دوو ناسنامەی میللیدا باز بدەن. دەستەواژی وەک "کرێکارانی کورد"، "کرێکارانی بلوچ"، "کرێکارانی ئازەری" چەند نموونەیەکی دیکە لە دەستەواژەی ناسیۆنالیستی باو لە ئەدەبیاتی چەپی نەریتیی ئێراندان.

بە هەر حاڵ هەر وەک ئاماژەم پێ کرد، ئەمانە جێگای چەقبەستنی سەرنجی ئێمە نین لەم باسەدا. گرفتی ئەم ڕەوتانە تەحلیلی_ تیۆریک نییە. مەعریفی، یان تیۆری نییە. بەڵکوو ناسیۆنالیزم و میللەتپەرستیی ئاگایانەی ئەوانە.

کێشەکە ئەوەیە کە لە نەریتی کۆمۆنیزمی ئینتەرناسیۆنالیستیشدا، تێگەیشتنی باو لە دەستەواژەی میللەت و ناسیۆنالیزم بە ئەندازەی پێویست ڕەخنەگرانە نییە و بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان میللەت و ناسیۆنالیزم لنگەوقوچ نیشان دەدرێت. لەم تێڕوانینەدا میللەت دیاردەیەکی دراو، بەڵگەنەویست و مەلموسە، وە ناسیۆنالیزم بەرهەمی فیکری

و سیاسیی چەوت و بۆگەنی میللەتێکە. ناسیۆنالیزم خۆوشیارییەکی چەوتە، کە چینە باڵادەستەکان تێدەکۆشن بەسەر تاکەکانی میللەتێکدا زاڵی بکەن. ڕواڵەتی مەسەلەکە بۆ بەشی هەرەزۆری کۆمۆنیزمی ئینتەرناسیۆنالیستی، خەبات بووە لە دژی ناسیۆنالیزم و پێشگرتن بە پەرەسەندنی نفووزی لەنێو میللەتێکدا. خودی میللەت، وەکوو دەستەواژەیەک، وەکوو دیاردەیەک، لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە و نە جێگای پرسیارە و نە ڕەخنە. میللەت وەکوو بوونەوەرێک چاوی لێ دەکرێت، کە بارێکی سیاسی و چینایەتیی تایبەتی نییە. کۆمەڵێک لە ئینسانەکانن کە هاوبەشییان لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیاریکراودا دەیانکاتە میللەتێک. کۆمەڵێک لە ئینسانەکان کە هەر بەم ئیعتیبارە، وەکوو میللەتێک، دەتوانن دەورێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بگێڕن. دەتوانن خاوەنی ماف، خاوەنی دەوڵەت، خاوەنی سەربەخۆیی و خاوەنی چارەنووسی تایبەتی خۆیان بن.

لە واقیعدا پەیوەندییەکە بە پێچەوانەوەیە. ئەوە میللەتە کە بەرهەم و دەستکردی مێژوویی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم بەر لە میللەت وجودی هەیە. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە قەبووڵ بکەین، ئەو کاتە یەکسەر ئەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە خەباتی کۆمۆنیزم لە دژی ناسیۆنالیزم، سەرەنجام خەباتێک لەسەر پاڵپێوەنانی میللەتان بۆ ئەم یان ئەو خۆوشیاری و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو خەباتە لەسەر خودی ئینتیما، یان نەبوونی ئینتیمای میللی ئینسانەکان. لەسەر ڕەتکردنەوە و قەبووڵ نەکردنی ناسنامەی میللی. سەرکەوتن بەسەر ناسیۆنالیزمدا، بەبێ تەحقیقکردنی گوزارێک لە دەستەواژەی میللەت و ناسنامەی میللی، ئیمکانی نییە. هەروەها ئەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە چۆن فۆرموولی بەرنامەیی "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" بە شەخسییەتپێدان و ماددییەتپێدان بە دەستەواژەی میللەت، وەکوو بوونەوەرێک کە پێشوەخت کۆمەڵێک مافی تایبەتی خۆی هەیە، بەکردەوە لەجیاتی ئەوەی هەڵوێستێکی تاکتیکی بۆ پاشەکشەپێکردن و پووچەڵکردنەوەی ناسیۆنالیزم بێت، دەبێتە بە فەرمیناسینێکی ستراتیژییانەی ناسنامەی میللی و بەم جۆرە زەربە لە مەسەلە واقعییەکەی خۆی دەدات.

ئەمانە ئەو بابەتانەیە کە دەبێ زیاتر لێیان ورد ببینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چەند هەنگاوێک بگەڕێینە دواوە و لە چاوگێڕانێک بەسەر ئەو تایبەتمەندی و پێکنەرانەوە کە پێناسەی میللەت پێک دەهێنن دەستپێ بکەین.

"لیستەی ستالین"

ستالین تاقە کەسێک نییە کە پێناسەیەکی لە میللەت و لیستەیەکی لە تایبەتمەندییەکانی میللەت بەدەستەوە دابێت. بەڵام دەستپێکردن لە ستالینەوە لەو ڕووەوە بەکەڵکە کە یەکەم، بناغەی فۆرموولبەندییەکەی ئەو، لێکدانەوەیەکە کە چەپ لەگەڵیدا ئاشنایە و بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەری لەسەری هەیە، دووەم، لیستەی ستالین لیستەیەکی تێکەڵەی کەم تا زۆر هەمەگیرە کە سەرەکیترین ئەو تایبەتمەندییانەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە کە پێشینانی ئەو بۆ میللەتیان ژماردووە. ستالین تا ئەو پلەیە لە تێکەڵی بەهرەمەند بووە کە بتوانێ کۆمەڵێک فاکتەر لەژێر چەتری یەک فۆرموولار و یەک تیۆری سەبارەت بە میللەت کۆ بکاتەوە، کە هەندێکیان تەنانەت لەگەڵ یەکتر ناکۆکن.

میللەت چییە؟ بە بۆچوونی ستالین بە خەڵکێک دەوترێت میللەت کە "لە ڕەوتێکی گەشەی مێژووییدا و بە شێوەیەکی پایەدار، زمانێکی هاوبەش، نیشتمانێکی هاوبەش، ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، وە سیما و قاڵبێکی دەروونیی هاوبەشیان گرتۆتە خۆ کە لە فەرهەنگێکی هاوبەشدا ڕەنگ دەداتەوە". هەڵبەتە ستالین ئەوەش بەبیر دێنێتەوە کە میللەت وەکوو بەرهەمێکی مێژوو، ئەبەدی و ئەزەلی نییە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە. لە ڕوانگەی ستالینەوە هیچ یەکێک لەم تایبەتمەندییانە بە تەنهایی بۆ ناودێرکردنی ئەم یان ئەو کۆمەڵ لە خەڵکی بە میللەت کافی نییە. بەڵام نەبوونی تەنها یەکێکیان کافییە بۆ ئەوەی ناوی میللەتیان لێ وەربگیرێتەوە. بەم مانۆرە تەحلیلییە، ستالین بە شێوەیەکی ناسەرکەوتووانە، هەوڵ ئەدات یەخەی خۆی لەم گرفتە دەرباز بکات کە بەپێی هەر تەنها دانەیەک لەو تایبەتمەندییانە، پێکهاتەی میللیی جیهان و لیستی میللەتانی واقیعی، چ ئەو کاتە و چ ئەمڕۆ، شتێکی تری غەیری ئەو پێکهاتە کۆنکرێت و ئامپریکییە دەرئەچوو کە بەعەمەلی هەیە. ستالین خۆی ئەو نموونانە دەزانێ کە بە تەنها وەرگرتنی هەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەت دەکەنەوە و جاروبار ناویشیان دەبات. بەڵام بەستنەوەی شایستەیی میللی بە بەهرەمەندبوون لە تێکڕای ئەم تایبەتمەندییانە، نە تەنها کەموکووڕی هەر تاکە پێکنەرێک پڕ ناکاتەوە، بەڵکوو نەهاتنەوەی پێناسەی میللەت لەگەڵ واقیعییەتی کۆنکرێتدا هەرچی زەقتر دەکاتەوە.

فاکتەری زمان، میللەتبوونی خەڵکی وڵاتە "پایەدار و لە مێژوودا شکڵگرتوو"ە چەند زمانییەکانی وەک سویسرا، بەلژیکا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ئەمڕۆ، کەنەدا،

فەرەنسا، ئیسپانیا، بەریتانیا و بەشی زۆری وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا و ئاسیا دەباتە ژێر پرسیارەوە. جێگای سەرنجە کە بۆ نموونە لە سەردەمی یەکێتیی ئیتالیا و دروستبوونی میللەتی یەکپارچەی ئیتالیادا، تەنها دوو و نیو لە سەدی خەڵکیی بەم زمانە قسەیان دەکرد کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئیتالی. لە لایەکی ترەوە نە تەنها میللەتی چەند زمانی، بەڵکوو زمانی چەند میللەتییش لەدنیادا زۆرە. چاوگێڕانێکی خێرا بەسەر نەخشەی جیهاندا نیشانی دەدات کە مەودای بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی وەکوو زمانی یەکەم و "زمانی ماڵەوە"ی خەڵکی، چەندە فراوان و جیهانییە.

ئەم تێبینییانە دیارە دوای ئەو گریمانەیەیە کە خودی دەستەواژەی زمان بکرێ بەدیقەتێکی زۆرەوە پێناسە بکرێت، کە لە ئەمری واقیعدا وانییە. بۆ نموونە دەکرێ بپرسین ئایا سربەکان و کرواتەکان بەدوو زمانی جیا قسە دەکەن؟ هەروەها یەکێک لەو شتانەی کە لایەنگرانی پێکهێنانی کوردستانی یەکپارچە بۆ سەلماندنی میللەتبوونی کوردەکان پشتی پێ دەبەستن بوونی زمانی هاوبەشە، لە کاتێکدا هەندێک لە توێژەرەوە ڕۆژئاواییەکان بەپێچەوانەوە، پێکنەهاتنی تا ئێستای دەوڵەتی کوردستان دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی زمانێکی کوردیی هاوبەش. ناسیۆنالیستێکی ئەڵمانیی توندڕەو کە ئینتیمای قەومی و هاوبەشیی لە زماندا دەکاتە پێوانەی ناسنامەی میللی خۆی، دەبێ حەوسەڵەی ئەوەی هەبێت کە یەهودییە ئەشکەنازییەکان کە بە زمانی یەدیش قسە دەکەن (کە لقێکە لە ئەڵمانیی کۆن) وەکوو ئەڵمانیی ڕەسەن بە فەرمی بناسێت.

فاکتەری زمان نە کۆمەکێکی ئەوتۆ بە لێکدانەوەکەی ستالین دەکات و نە بە دەرککردنی مەسەلەی میللەت.

دەستەواژەی نیشتمانیش، بە هەمان ڕادە ئاڵۆزە. نە تەنها قەوم و میللەتە جیاجیاکان لەسەر نیشتمانی هاوبەش ژیاون و بە نۆرە فەرمانڕەواییان کردووە و یەکتریان بەملا و بەولادا کۆچاندووە، بەڵکوو بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی دنیا و پەرەسەندنی جم و جووڵ و هاتوچۆ و کۆچی ئینسانەکان لە پانتایی جیهاندا، هەر پێناسەیەکی میللی کە لەسەر بناغەی هاوبەشیی لە نیشتماندا بنیات نرابێ، دەبێ هەموو ساڵێک چاوخشاندنەوەی پێدا بکرێتەوە. درێژی و پانیی گۆی زەوی نەگۆڕە. بەڵام ئینسانەکان، ئەویش بە خێرایی جیاجیا لەنێو قەوم و دینە جیاجیاکاندا، هەمیشە ژمارەیان زیادی کردووە و زیاد دەکات. لە زۆربەی کێشمەکێشە میللییەکانی ئەمڕۆدا، مشتومڕ لەسەر نیشتمان و دەعوای ئەرزی، بابەتێکی سەرەکییە کە بێنەوبردەی

لەسەرە. فەلەستین نموونەیەکی بەرجەستەیە، بەڵام هەرگیز تەنها نموونە نییە. ئەو نیشتمانەی کە ناسیۆنالیزمی کورد چاوی لێیەتی، هەندێکی هەمان پلانی جێمەبەستی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنییە. لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا و ئەو کێشمەکێشەی کە لەسەر میللیکردنی هەر مەترێکی چوارگۆشە لە بۆسنە هێرسەگۆڤین لە ئارادایە، چەند نموونەیەکی زیندوو و ئامادەی دیکەی بەدەستەوە داوە. پێوەری نیشتمان بەتایبەت لە پەیوەست بە نموونەی یەهودییەکانەوە لە سەردەمی ستالیندا، کە نیشتمانێکی هاوبەشیان بە ناوی خۆیانەوە نەبوو، ناکۆک دێتەوە. بە پێوەری ستالین یەهودییەکان لەبەرئەوەی نیشتمانێکی هاوبەشیان نییە، میللەت نەبوون. بۆ هەندێکی تر لە تیۆریسینەکان نموونەی "میللەتی یەهود" بەڵگەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی پێوەری نیشتمان (وە هەڵبەتە زمانیش) لە پێناسەکردنی میللەتدا.

لێکدانەوەی ستالین بۆ پێودانگی ژیانی ئابووریی هاوبەش و پەیوەندیی ئابووریی نێوخۆیی، زۆر نارۆشن و بەتایبەت زۆر نامارکسیستییە. لە لایەکەوە لە باسی بزووتنەوە میللییەکاندا، سەرهەڵدانی میللەت بە بەرئەنجامێکی سەردەمی سەرمایەداری ناو دەبات و لە لایەکی ترەوە پێودانگی پەیوەندیی ئابووری دەگێڕێتەوە بۆ دەورانی پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بەم پێودانگانانەوە لە دنیای پێش سەرمایەداریشدا دەکەوێتە ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنی بڕوانامەی میللی گەلە جیاجیاکان. بۆ نموونە بۆ ڕەتکردنەوەی میللەتبوونی گورجییەکان (سەرباری ئەوەی کە زمان و نیشتمانی هاوبەشیان هەیە)، بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا هاوپشتی و پەیوەندییەکی ئابووری لەنێو خەڵکی گورجستاندا نەبووە. ئەگەر بکرێت دەستەواژەی بازاڕی ناوخۆ لە سەردەمی سەرمایەداریدا وەکوو بنچینەیەک بۆ ژیانی ئابووریی هاوبەش و دابڕاو لە میللەتانی تر پێناسە بکرێت (کە خۆی جێگای باسە)، "ژیانی ئابووریی هاوبەش" و "پەیوەندیی ئابووریی ناوخۆیی" لە سەردەمی دەرەبەگایەتی، یان لە نیزامێکدا کە بازنەیەکی ئاڵوگۆڕی کاڵایی پەرەسەندووی تێدا نەبێ، ئیتر هەرگیز قابیلی دەرککردن نییە.

تا ئەو جێگایەی کە بۆ سەرمایەداری دەگەڕێتەوە، ئابووریی هاوبەش و بازاڕی ناوخۆ، بە دابڕاوی لە دەستەواژەی دەوڵەتێکی یەکپارچە ناکرێ باسیان لێ بکرێت. ئەگەر دەوڵەتێکی بەم جۆرە لە ئارادا بێت، ئەگەر خەڵکانێک بە واقیعی پێکهێنانی دەوڵەتی "خۆیان" لە پەیوەندییەکی ئابووریی کاپیتالیستیدا بەدەست هێنابێ، ئەو کاتە و

هەر بەم ئیعتیبارە، میللەتبوونی خۆیان یەکسەر سەلماندووە و ئیتر گەڕانەوە بۆ هەر پێودانگێکی تر لەڕووی پرانسیپەوە زەروورەتێکی نامێنێ. بەم جۆرە پێودانگی ئابووریی هاوبەش پێودانگێکی زیادە و لەڕووی تیۆرییەوە گومڕاکەرە، کە بەکردەوە سەرتاپای مەسەلەی پێناسەکردنی میللەت تووڕ هەڵئەدات.

وە سەرەنجام دوا فاکتەری ستالین، دەستەواژەی کاراکتەر و تایبەتمەندیی دەروونیی هاوبەش (فەرهەنگی هاوبەش)ە. ڕەنگە ئەمە ئارەزوومەندانەترین و نازانستیترین بەشی پێناسەکە بێت، کە هەر لە بنەڕەتەوە تێکڕای مەسەلەی پێناسەکردنی بابەتییانەی میللەت لەکەدار دەکات. ستالین دەڵێ:

"هەڵبەتە تایبەتمەندیی دەروونی، یان بە دەربڕینێکی تر "کاراکتەری میللی" بۆ چاودێری دەرەکی ناکرێ پێناسە بکرێت. بەڵام تا ئەو جێگایەی کە خۆی لە فەرهەنگێکی هاوبەش و تایبەتیی ئەو میللەتەدا دەنوێنێ، دەستەواژەیەکە، دەکرێ پێناسە بکرێت و حاشاهەڵنەگرە".

ئەم دەستەواژەیە دەروازەیەکە بۆ هاتنەناوەوەی هەڕەمەکیترین دەستەبەندییەکان. نەژاد، قەوم، ئایین، سەرلەنوێ لەم دەروازەیەوە دێنە ناو باسەکەوە، چونکە هەر یەکەیان بە ئاشکرا فاکتەرێکی لەقاڵبدانی زەین و دەروونناسیی تاکەکانە. ڕازیبوون بە وجودی "فەرهەنگێکی میللی" سەرووچینایەتی کە زەین و مەوقیعییەتی دەروونیی مرۆڤەکانی سەربە میللەتێک بە تەواوی لەوانی تر جیا دەکاتەوە، زۆر نامارکسیستی و ناواقیعی و خەیاڵییە. ستالین بە دیاریکراوی باس لە جیاوازیی کاراکتەری میللیی ئەمەریکاییەکان لەگەڵ ئینگلیزەکان دەکات، سەرباری زمانی هاوبەشیان. بە قسەی ستالین، دنیای زەینیی کرێکاری ئەمەریکی لە دنیای زەینیی خاوەنکارەکانی ئەم وڵاتەوە نزیکترە وەک لە کرێکارانی ئیرلەندی و ئینگلیزی.

داننان بە جۆرێک لە مەعنەوییاتی هاوبەش لەنێو تاکەکانی یەک میللەتدا، هەندێ فۆرموولەی تریشی هەبووە. "مێژووی هاوبەش"، "هۆشیاریی میللی"، "ناسنامەی میللی"، کۆمەڵە دەستەواژەیەکن کە کەم تا زۆر ئاماژە بۆ هەمان دەروونناسی هاوبەشی ستالین دەکەن. ئەوەی لە هەموو ئەم فۆرموولانەدا ڕوون و ئاشکرایە، خەسڵەتی لە ڕادەبەدەر پرۆبلێماتیکیی خودی ئەم دەستەواژانە و پێکنەرەکانیانە. هەر وەک ئەرنست ڕەنان دەڵێ، شێواندنی مێژووی خۆ (وە یان دەبێ بووترێ مێژوو دروستکردن بۆ خۆ)، خۆی بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی میللەتبوون. ڕوونکردنەوەی

میللەت لەسەر بنەمای مەعنەوییاتی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، یادەوەری مێژوویی و کاراکتەری میللیی هاوبەش، لێکدانەوەی ئەفسانەیە بە ئەفسانە. چەمکی وەک مێژوو، فەرهەنگ، دەروونناسی و شتی لەم بابەتە، خۆیان پێویستییان بەوەیە کە لەپێشدا ماددییەت و ڕاست و دروستییان بسەلمێنرێ.

میللەت و مێژوو

گرفتی سەرەکیتری لێکدانەوەکەی ستالین و لێکدانەوەکانی تری لە بابەتی ئەوەی ستالین بۆ دەستەواژەی میللەت، خەسڵەتە نامێژوویی و وشکەڵاتووەکەیانە. هەڵبەتە ستالین میللەت بە دەستەواژەیەک دادەنێ کە "لە مێژوودا پێک هاتووە". وشکەڵاتوویی ئەم فۆرموولەیە، سەرباری ئاماژەکردن بۆ ڕۆڵی مێژوو لە بنیاتنانی دەستەواژەی میللەتدا، لە لێکدانەوەی "پەرەسەندنکاری" و نیمچە بایۆلۆژیکییەکەیدایە کە لە میللەت و شێوەی سەرهەڵدانی مێژوویی ئەو بەدەستەوە دەدرێ. میللەت وەکوو بوونەوەرێکی ئاوێتە سەیر دەکرێت (کە خاوەنی زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش و ...) کە مێژوو هەنگاو بەهەنگاو بەشەکانی بەدەستەوە دەدات و کەرەستەکانی دروستکردنی فەراهەم دەکات. کاتێک ئەم خوڵقاندنە ڕوو دەدات، کاتێک مێژوو دوابەرهەمی خۆی لە شێوەی میللەتێک حازر و ئامادە دەکات، ئیتر میللەت لەدەرەوەی مێژوو، وەکوو ئاپارتمانێک، یان جانەوەرێک کە لە مێژوودا پێک هاتووە، ژیان و بوونی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆی پەیدا دەکات. میللەتەکان لە مێژوودا دەخوڵقێن و هەروا بە "خوڵقاوی" دەمێننەوە. بە جۆرێک کە چاودێری دەرەکی دەتوانێ هەڵیان سەنگێنێ و تایبەتمەندییەکانیان بژمێرێ. هەر وەک چۆن دەکرێ مراوییەک، وەکوو بەرهەمێکی مێژووی سروشتی، بەپێی تایبەتمەندییەکانی وەسف بکرێت.

میللەتێک کە بەم شێوەیە دەخوڵقێ و تایبەتمەندییەکانی لە مێژووەوە وەردەگرێ، ئیتر وەک بڵێی پێویستی بە پرۆسەی مێژوویی نامێنێ و دەکەوێتە دەرەوەی سووڕی "گەشەسەندن". دەرکێکی لەم چەشنە بە تەواوی میکانیکی و بەتایبەت لە ڕیشەوە نامارکسیستییە. میللەت بە هەر شێوەیەک لە مێژوودا پێک هاتبێت، دەبێ لە ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگاکاندا بە بەردەوامی سەرلەنوێ بەرهەم بێتەوە. دەبێ بمێنێتەوە و لەنێو نەچێت. ئەوە چ میکانیزمێکە کە هەستی میللی و تێگەیشتنی هاوبەش لە مێژووی خۆ، زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، ئابووریی هاوبەش و پێوەرەکانی تری میللەتبوون دەپارێزێ و دەمەزەردیان دەکاتەوە؟ لە لێکدانەوەی میکانیکییانەی میللەتدا

ئاماژە بۆ ئەم پرۆسەیە ناکرێت، بۆ مارکسیزم، بۆ نموونە، چین لە لێکدانەوەی کۆمەڵگادا دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە. هەردوو چینی کرێکار و بۆرژواش بەرهەمی مێژوون. بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا کاری مێژوو لەگەڵ ئەوان کۆتایی پێ نایات. هەموو داستانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، داستانی بەهەرمهێنانەوە و خوڵقاندنەوەی کرێکار و سەرمایەدار وەکوو کرێکار و سەرمایەدار لە جەرگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتی ڕۆژانەی مێژوودایە. میللەتیش هەر وایە. هەلومەرجی میللەتبوون و بە میللەت ناوبردنی جەماوەری جیاجیای خەڵکی، هەموو ڕۆژێک لە جەرگەی مێژووی هاوچەرخ نەک لە ڕابردوودا، بەرهەم دێتەوە. پرۆسەی "پیناسەکردنی میللەتێک" پرۆسەیەکی زانستی نییە، ڕووداوێکی ماددییە کە لە قەڵەمڕەوی ئابووری، سیاسەت و ئایدۆلۆژیدا هەموو ڕۆژێک سەرلەنوێ ڕوو دەداتەوە. ڕێک هەر لەبەر ئەمەشە کە میللەت سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە.

لە هیچ شوێنێکی ئەم باسەدا ئێمە حاشامان لەم واقیعییەتە نەکردووە کە خەڵکی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی نەژادی و زمانەوانی و قەومییان هەیە کە دەکرێ پێناسە بکرێن، لە نیشتمانی جیاجیادا دەژین، جم و جووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەعنەوی نێوان ئینسانەکان لە جیهاندا ئەوانی لە شێوەی ئەو کۆمەڵ و چەقبەستنە ناوچەییانەدا لەدەوری یەکتر کۆکردۆتەوە، کە لە هەر یەکەیاندا زمان و داب و نەریتێکی تایبەت ڕەواجی زیاتری هەیە. ئەوەی جێگای ڕەخنەیە دەستەواژەی میللەتە. ئەگەر لە ئێمە بپرسن ئایا هەر نەژادێک، یان هەر قەومێک یان قسەکەرانی زمانێکی تایبەت، یان دانیشتووانی هەر نیشتمانێکی دیاریکراو "ماف"یان هەیە دەوڵەتی خۆیان پێک بهێنن، بێشک وەڵامی ئێمە سەلبییە. ئەم دەستەواژانە نابێتە بناغە و بیانوویەک بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵ و مەوجودییەتێکی جیاوازی ئینسانی کە لە خەڵکانی تری جیا بکاتەوە. گرنگیی دەستەواژەی میللەت لەوەدایە کە ئەم دابڕانە دروست دەکات، بە ڕەوای لەقەڵەم ئەدات و شەرعییەتی پێ ئەدات. بەم پێیە ئینتیمای میللی ناوێکی تری قەوم و نەژاد و زمانی هاوبەش نییە. ناونیشانێکی تر نییە بۆ لێکهەڵپێکانی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە کۆمەڵێکی دیاریکراوی ئینسانیدا. بەڵکوو چەمکێکی ناواقیعی و ئیختیاریییە، ئاڵایەکی سیاسی بۆ بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییانەیە، وە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنها یەکێکیان، بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی جیاواز و بەدەستهێنانی مافی سیاسی و وڵاتێتی جیاواز لەوانی تر.

نە تەنها میللەت، بەڵکوو خشتەبەندییەکانی لە چەشنی پێناسەکانی ستالینیش بەرهەمی مێژوون. لە نووسینەکەی ستالیندا ئەو واقیعییەتە بە تەوای فەرامۆش دەکرێت، کە لیستەکەی ئەو لە واقیعدا کۆگایەکە لەو پێکنەر و تایبەتمەندییە میللییانەی کە لە بڕگە جیاجیاکانی مێژوودا، لە لایەن ڕەوتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دژ بەیەکتری و لە بەرامبەرکێ لەگەڵ یەکتردا هێنراوەنەتە گۆڕ. ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە مێژوودا میللەتیان بە زمانی هاوبەش پێناسە کردووە و خوازیاری ئەوە بوون کە میللەتەکان لە خەڵکی هاوزمان پێک بێن، خۆیان لەبەرامبەر لایەنگرانی تیۆری میللەت لەسەر بناغەی نیشتمان، وە یان بەتایبەت میللەت وەکوو پێکهاتەیەکی ئابووری، بینیوەتەوە. ئەمانە ئاڵای ناسیۆنالیزمە جیاجیاکان و بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانن کە لە پرۆسەی مێژوویی واقیعیدا بە پراتیکی خۆیان ئەو میللەتانە دروست دەکەن کە هەن، وە پاسەوانییان لێ ئەکەن. ئەم پرۆسەیە و ئەم پراتیکە لە هیچ شوێنێک تەواو نەبووە و نابێت. ئەم پراتیکە هەمیشە درێژەی هەیە، میللەتە کۆنەکان سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوە و بۆ سەرهەڵدانی میللەتە تازەکان تێدەکۆشێ، لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ پێودانگەکانی ڕەسەنایەتی و بەرتری و حوقووقی میللی لەبەرامبەر یەکتر دادەنێ و لە زەینی جەماوەردا دەیچێنێ.

پێودانگەکانی ستالین ئاڵای ناسیۆنالیزمە جیاجیاکان و کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراوجۆرەکان بووە و هەیە. بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسا، لە پێناسەکردنی ئینسانی فەرەنسیدا، "ئەندامی میللەتی فەرەنسا"، هەرگیز پێودانگی قەومییەت و کاراکتەری میللی و تەنانەت فەرەنسیبوونی زمانی نەکردە بناغە. قەبووڵکردنی ئەرک و مافەکانی هاووڵاتیی فەرەنسا تەنها پێودانگ بوو. قسەکردن بە زمانی فەرەنسی، واتە زمانی فەرمیی وڵات، یاسایەک بوو کە هەر فەرەنسییەک و هەر ئەندامێکی میللەتی فەرەنسا سەربەخۆ لەوەی کە زمانی دایکی چییە، دەبوایە دواتر ڕەچاوی بکردایە. بەستنەوەی ئینتیمای میللی بە زمان و قەومییەت و دواتریش بن و بنەچەوە، لەگەڵ ئەو جۆرە میللەتسازییەی شۆڕشی فەرەنسادا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. پێناسەکردنی میللەتی ئەڵمان لەسەر بناغەی نیشتمان، وە یان زمان، کۆمەڵێک لقی جیاجیا لە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیی پێناسە دەکات و کۆمەڵی جیاجیا وەکوو میللەتی ئەڵمان بە فەرمی دەناسێ. هەروەها پێداگرتن لەسەر فاکتەری ئابووری لە پێناسەکردنی میللەتێکدا، لە بنەڕەتدا ئاڵای بزووتنەوەیەکی ناسیۆنال_لیبراڵی بووە، کە بە کەمترین

سەرنجدان لە ئینتیمای قەومی و زمانی و نەژادی، ئەو میللەتانەی کە توانای ئەوەیان هەبێت ببنە بنەمایەک بۆ ئابووریەکی میللیی بۆرژوایی و ئامرازێک بۆ سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی تاقانە و گەشەی سەرمایەداری بە فەرمی ناسیووە. لەم ڕێبازەدا کە لە نیوەی سەدەی 19ەوە تا نیوەی سەدەی بیستەم بەکردەوە بەنفوزترین ڕەوتی ناسیۆنالیستی بوو، هاوزمانی، هاوبەشی لە قەومییەت و مێژوو و ناسنامەی میللیدا، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێ. بەڵکوو بەپێچەوانەوە، زۆر جار مەبەست ئەوە بووە، کە خەڵکی قەوم و نەژاد و زمانە جیاجیاکان لە کۆمەڵی میللی و دەوڵەتی بە ئەندازەی کافی گەورەدا کە بتوانێ ببێتە چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیداری بۆ گەشەی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایە یەک بخەن. بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی قەومییەوە، واتە ناسیۆنالیزمێک کە یەکێک لەو شتانەی پێی لەسەر دائەگرێ هاوبەشییە لە زماندا، ناسیۆنالیزمی لیبراڵی یەکخەر و ئاوێتەکەری قەومە جیاجیاکان بووە.

بە هەمان شێوە دەکرێت لە درووشم و کارکردەکانی لقەکانی تری ناسیۆنالیزم ورد ببینەوە. ناسیۆنالیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لەگەڵ ناسیۆنالیزم لە ئەورووپای باشوور و ڕۆژهەڵاتدا گرێوگۆڵ و کارکرد و ڕێچکەیەکی یەکسانیان نەبووە. ناسیۆنالیزمی دژی کۆڵۆنیالیی وڵاتانی دواکەتوو و کۆڵۆنەکانی پێشوو کە لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و مودێرنیزەکردنی وڵاتی خۆی هاتە مەیدان، وە ناسیۆنالیزمێکی وردەبۆرژوایی و دژی ئیمپریالیستیی کۆنەپەرست و نەریتی کە بەتایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا لە هەندێک لە وڵاتانی گیرۆدە بە ئیسلامدا سەری هەڵدا، هەریەکەیان بەشوێن ئامانجێکی تایبەتەوەن و پێودانگێکی تایبەتییان بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی "میللەتی خۆیان" هەیە. هەڵکەندنی ئەم پێودانگانە لە دڵی بزووتنەوە و جووڵانەوە مێژووییەکانی لایەنگریان و لیستکردن و لەوەش خراپتر کۆکردنەوە و لێکدانیان وەکوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی میللەتان کە لە مێژوودا گەشەیان سەندووە و جێگیر بوون، پشتکردنە لە هەموو چەمکێکی جیددی لە مێژوو و شیکردنەوەی مێژوویی کۆمەڵگا.

میللەت و پراتیکی کۆمۆنیستی

ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێت کە میللەت بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی "میللەتسازی"یە، کە ئەم پرۆسە مێژووییە ڕەوتێکی پراتیکییە کە تیایدا چینەکان و هێزە سیاسییەکانی چینەکان بەپێی ئاوات و سیاسەت و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانیان بەشداری دەکەن، کە

میللەت و تایبەتمەندییە بە ڕواڵەت ئۆبژەکتیڤەکانی لە واقیعدا ماددییەتبوونەوەی دروشم و شەکاندنەوەی ئاڵای بزووتنەوە میلليیە جۆراوجۆرەکانە لە مێژووی دوو سەد ساڵی دواییدا، ئەو کاتە دەرککردنی ئەم مەسەلەیە دژوار نابێت کە لە مێژووی سەرهەڵدان و ڕەوتی پێکهاتنی میللەتاندا، کرێکار و کۆمۆنیزم چاودێرێکی دەرەکی نین. داوەرانێک نین کە ئەرکی گێڕانەوەی مافی میللەتان لە ئەستۆی خۆیان ببینن. میللەت و میللەتسازی و پاراستن و هێشتنەوەی ناسنامە میلليیەکان لە جیهاندا، پرۆسەیەکە کە ئێمەش دەگرێتەوە و لە پراتیکی ئێمەش کاریگەری وەردەگرێ. مێژووی سەرهەڵدانی میللەتان تەنها مێژووی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستەکان نییە، مێژووی ئینتەرناسیۆنالیزمیشە. مێژووی خەباتی چینایەتییە لە لایەنە جیاجیاکانیدا.

قەبووڵکردنی ئەم حوکمە، باسی هەڵوێستی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتان و خەباتی میلليدا لە بناغەوە دەگوێزێتەوە بۆ لاپەڕەیەکی جیاواز. [ئەگەر پراتیکی کۆمۆنیستی و کرێکاریی ئێمە لە پرۆسەی پێکهاتنی میللەتاندا کاریگەری خۆی هەیە، ئەو کاتە بەرامبەرکێی کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم دەتوانێ شێوەی بەرامبەرکێی کۆمۆنیزم لەگەڵ خودی پێکهاتن وە یان بەهێزکردنی ناسنامەیەکی میللی تایبەت بگرێتە خۆی. کۆمۆنیستەکان حەقیانە و بگرە لەسەریانە کە بانگەشەی میللەتکردنەکان و حەقداواکردنە میلليیەکان یەکسەر بخەنە ژێر وردبینەوە و بیدەنە بەر ڕەخنە. پرانسیپی پوچەڵکردنەوەی نفوزی ناسیۆنالیزم بەسەر میللەتاندا، دەگۆڕێ بۆ پرانسیپێکی ئینتەرناسیۆنالیستیی فراوانتر کە لەسەر بناغەی هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی سنوورە میلليیەکان لە نێوان خەڵکی، سستکردنی ناسنامە میلليیەکان، وە پێشگرتن بە دروستبوونی سنوور و جیاوازییە میلليیە تازەکان بنیات نراوە. خەباتی دیفاعی لەدژی ناسیۆنالیزم جێگای خۆی بە بزووتەوەیەکی هێرشبەرانە و ڕەخنەگرانە لە پێناوی ئینتەرناسیۆنالیزمدا دەدات. کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە ڕۆشن بکەنەوە کە لە کوێ و لە کام چوارچێوەی مێژوویی و لە سایەی چ هەلومەرجێکی دیاریکراودا مەشروعییەتی ناسنامەیەکی میللی و پرانسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتان بە فەرمی دەناسن. فۆرموولێکی گشتی وجودی نابێت کە هەموو داواکەرانی حوقووقی میللی دەکاتە مووەکیلی ئۆتۆماتیکی کۆمۆنیستەکان.

کلیلێکی سەرەکی لە باسی کۆمۆنیستی لە بارەی مەسەلەی میلليیەوە، ستەمی میلليیە. وەستانەوە بەڕووی ناسیۆنالیزمی میللەتی ستەمگەر، وە یان ستەمێکی چینایەتی کە بە

ناوی میللەت و میللەتچێتییەوە مەشروعییەت دەداتە خۆی، شتێکی بەڵگەنەویستی هەمیشەیی بزووتنەوەی ناوبراو بە کۆمۆنیزم بووە. بەڵام دەرکی ڕەخنەگرانە و مێژوویی لە دەستەواژەی میللەت، دەرکی ئەرکە پراتیکییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری نە تەنها لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمدا، بەڵکوو لەبەرامبەر ناسنامە و خۆناسینی میللی بە شێوەیەکی گشتی، دەروازەی تازە بەڕووی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکاتەوە لە خەبات لەدژی نفووزی ناسیۆنالیزم لەنێو هەردوو خەڵکی میللەتانی باڵادەست و ژێر دەستدا. مادام ناسنامەی میللی وەکوو خەسڵەتێکی ئۆبژەکتیڤی گرووپەکانی خەڵکی چاو لێ بکرێ، مادام کرێکاران و کۆمۆنیستەکان ڕەخنەی خۆیان لە ناسیۆنالیزم تێنەپەڕاندبێ، بۆ ڕەخنە لە ناسنامەی میللی بە شێوەیەکی گشتیی، پراتیکی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزمی باو بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و خوڵقاندنەوەی خەسڵەتە میلليیەکان و هەر بەم پێیەش دەمارگیری و ڕایەڵی میللی خەڵک ناکەوێتە بەر تیغی ڕەخنەی تیۆری و پراتیکیی کۆمۆنیزمی کرێکاری. ناسیۆنالیزم تەنها لە سیما سیاسی و حیزبییەکەی دەبینرێ. لە کاتێکدا ئەم ڕووە تەنها گۆشەیەکی بچووکە لە وجود و کاری سیاسی ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە. ڕەهەندی فەلسەفی، فەرهەنگی، هونەری، فێرکاری، کارگێڕی، وە تەنانەت "زانستی"ی بەهێزکردن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی میللەتان و ناسنامەی میللی لە لایەن ناسیۆنالیزم، وە هەروەها ئەو دامودەزگا جۆراوجۆر و ئالۆزانەی کە کاری ناسیۆنالیزم لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ڕائەپەڕێنن، نابینرێ و ناکەوێتە بەر پەلامار. ستەمی میللی درێژکراوەی چارەهەڵنەگری ناسنامەی میلليیە، نەک تەنها شێوەیەکی تایبەت و زێدەگۆیی لە ناسیۆنالیزم و شۆڤێنیزم. وەستانەوە بەڕووی ستەمی میللی، بە ناچاری، جیاواز نییە لە وەستانەوە بەڕووی ناسنامەی میللی لە هەردوو سەری ئەم پەیوەندییەدا.

لە بەشی داهاتوودا بە شێوەیەکی موشەخەستر دەچمە سەر ئەو ئەنجامگیرییە سیاسییانەی لەم باسەوە سەرچاوە دەگرن. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە تێڕوانینی بەرنامەیی حیزبەوە بۆ مەسەلەی میللی هەیە، بە بڕوای من ئێمە پێویستمان بە تێڕوانینێک هەیە، کە مەسەلەی "میللەتان و مافەکانیان" دەنێتە لاوە و لابردنی ستەمی میللی و پەلاماری ئینتەرناسیۆنالیستیی بۆ سەر ناسیۆنالیزم، دەکاتە بناغە. تێڕوانینێک کە هەر ئەو لایەنە تاکتیکی و مەرجدارە دەبەخشێتە پشتیوانیی کۆمۆنیستەکان لە "میللەتان"ی ژێردەستە، کە خەسڵەتی ئینتەرناسیۆنالیستیی بزووتنەوەکەی ئێمە

دەیخوازێ و لەجێگایدا دژایەتیی بنەڕەتیی کۆمۆنیزم لەگەڵ ناسیۆنالیزم و نەژاد و ناسنامەی میللی دەباتەسەر بۆ ئاستی پرانسیپێک کە ناکرێ لێی لابدرێت.]
(ئەم سێ پەرەگرافەی لە نێو ئەو دوو کەوانە ڕاستەدا دامان ناون، لە هیچ سەرچاوەیەک لە سەرچاوە فارسییەکاندا نەمان بینییەوە!/ سالار)

بەشی سێیەم:
ئینتەرناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی

لە بەشەکانی پێشوودا جەختمان لەسەر ئەو خاڵە کردەوە کە ئەو دەستەواژە و فۆرموولبەندییانەی کە بە شێوەیەکی باو لە بەرنامە کۆمۆنیستییەکاندا لەبەرامبەر میللەت و مەسەلەی میللیدا بەکار هێنراون، نە تەنها وەڵامدەرەوەی مەسەلەکە نین، بەڵکوو بە شێوەیەکی جیددی گومڕاکەرن و مایەی خۆشباوەڕین. "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" نە تەنها پرانسیپێکی قابیلی تەعمیمی کۆمۆنیستی نییە، نە تەنها مەرج نییە ئازادیخوازانە بێت، بەڵکوو بە مانای پراوپڕی وشەکە خورافی و نارۆشنە. دەستەواژەی تەوەرەیی لەم فۆرموولەیەدا، واتە دەستەواژەی میللەت، لە بنەڕەتەوە دڵخوازانەیە، ئایدۆلۆژییانە و ئەفسانەییە. مەرجی ڕۆشنبوونەوەی هەڵوێستی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتان و مەسەلەی میللیدا، لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە خۆمان لەم فۆرموولەیە ڕزگار بکەین.
لە ئاستی تیۆریدا، گرفتی سەرەکی ئەم فۆرموولەیە ئەمەیە کە یەکەم، میللەت وەکوو دەستەواژەیەکی موعتەبەر و بابەتی و دراو وەردەگرێ، ناسنامەی میللی وەکوو تایبەتمەندییەکی ئۆبژەکتیڤی خەڵک بەفەرز وەردەگرێ. دووەم، مەسەلەکە وەکوو زەروورەتی بە فەرمیناسین، یان گێڕانەوەی مافە بە ڕواڵەت سروشتی و زاتییەکانی ئەم بوونەوەرە (میللەت) نیشان دەدات. "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا" بەم جۆرە بە هەڵە بۆ ئاستی پرانسیپێکی ئینسانی و ئازادیخوازانەی حاشا هەڵنەگر و جیهانگیر بەرز ئەبێتەوە. تێگەیشتنی سەرەتایی هەر کۆمۆنیستێک کە بەم فۆرموولەیە بار هاتبێ ئەوەیە، کە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا، واتە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە لایەن "میللەتان"ی جیاجیاوە، پرانسیپێکی موعتەبەرە هەر وەکوو یەکسانی ژن و پیاو، ئازادیی بەیان و ڕێکخراوبوون و مانگرتن، یان مافی تەڵاق. ئەمە بەدحاڵیبوونێکی بنەڕەتییە کە بەڵگەی پێشڕەوییەکی عەقیدەیی گرنگە بۆ ناسیۆنالیزم.

لە ئاستی عەمەلیدا، خەوشی ئەم فۆرموولەیە لەوەدایە کە یەکەم، سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی تا ئێستا، پێناسەیەکی کارساز لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە تا بکرێ بە پشتبەستن پێی خاوەنەکانی ئەم "مافە" لە دەورانە جیاجیاکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا بناسرێن. دووەم، هیچ یەکێک لە ڕەوت و مەکتەبەکانی لایەنگری ئەم فۆرموولەیە، چی سۆسیالیست و چی ناسیۆنالیست، تاوەکوو ئێستا ئامادە نەبووە ئەم باسە تا ئەنجامە عەمەلییە لۆژیکییەکەی درێژ بکاتەوە و بەرگری لە دەوڵەتداربوونی هەموو میللەتان بکات، بەپێی هەر ئەو پێناسەیەی کە خۆی بۆ میللەتی بەدەستەوە دەدات. ئەدەبییاتی لایەنگرانی فۆرموولەی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا، پڕە لەو پەراوێز و تێبینییانەی کە بە بەهانەی جۆراوجۆر "میللەتان"ی جیاجیا دەکەنە دەرەوەی ئەو بازنەیەی کە ئەم "ماف"ە دەیگرێتەوە.
بەرنامەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا دەبێ لە کۆتی ئەم تێڕوانینە ناسیۆنالیستییە ڕزگار ببێت و ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا و تەمومژ بچێ بەشوێن گرفتەکەدا، بەو شێوەیەی کە لە واقیعدا هەیە. بەرنامەی کۆمۆنیستی بەر لە هەر شتێک دەبێ ڕووی مەسەلەکە بەدروستی بخاتە ڕوو. دەبێ ئەوە ڕۆشن بێت کە بۆچی دەچێتە سەر دەستەواژەی میللەت و میللەتگەرایی و مەسەلەی میللی و دەیەوێ وەڵامی چ شتێک بداتەوە. بەرنامە دەبێ لە لێکدانەوەی خۆیدا پشت بە دەستەواژە و چەمکگەلێک ببەستێ کە واقیعی و قابیلی پێناسەکردن بن، هاوتایەکی قابیلی تەشخیسیان لە جیهانی ماددیدا هەبێت. بەرنامە دەبێ ئەوە ڕۆشن بکاتەوە کە ئەنجامگیرییەکانی لە بارەی مەسەلەیەکەوە کە باسی لەسەرە، تا چ ڕادەیەک مەبدەئی و جیهانگیرە و تا چ ڕادەیەک سیاسی و پەیوەستە بەو کات و شوێن و هەلومەرجە دیاریکراوەوە.

سەرەتاکان و ستراتیژ

بەشی هەرەزۆری باسی میللەت و مەسەلەی میللی لە ئەدەبییاتی کۆمۆنیستیدا تێکەڵەیەکی جۆشخواردووە لە پرانسیپە عەقیدەییەکان لە لایەک و تێبینییە تاکتیکی و ستراتیژییەکان لە لایەکی ترەوە. ئەمانە لە نووسراوە جیاجیاکاندا هەمیشە بە وردی لە یەکدی جیانەکراونەتەوە. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. دەبێ ئەوە ڕۆشن بکرێتەوە کە لەنێو حوکمە مارکسیستییەکانی پەیوەست بە میللەت و ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی و مافی جیابوونەوە و ... تاد. ئەحکامێک کە جاروبار

به ڕۆشنی لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە ناکۆکییەکی شکڵییەوە، کامەیان نیشاندەری پرانسیپە لەشکان نەهاتووە کۆمۆنیستی و پرۆلیتێرییەکانە و کامەیان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە تاکتیکییەکان و بەرژەوەندییە مەرحەلییەکانی خەباتی بزووتنەوەکەیە؟
بۆ مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ تێکڕای پرۆبلێماتیکی میللەت و مەسەلەی میللیدا، چەند پرانسیپێکی عەقیدەیی بنەڕەتی هەیە کە جیهانگیرن و ناکرێ لێی لابدرێت و هیچ پەیوەندییان بە کات و شوێن و سەردەمی مێژوویی و قۆناغی گەشەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی چینایەتییەوە نییە. کە بریتین لەمانە:
1) کرێکاران نیشتمانیان نییە. ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری ناکۆکییەکی ئاشکرا و ڕەهایان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، ناکرێ تێهەڵکێش بکرێن، یان پێکەوە سازش بکەن. ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژییەکی بۆرژوواییە کە لەبەردەم خۆ هۆشیاریی چینایەتی و ئینتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکاردا ڕێگرە.
2) کۆمۆنیزم بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی سنوورە میلییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ناسنامە میلییەکان تێدەکۆشێ. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کۆمەڵگایەکە کە تیایدا دابەشکردنی ئینسانەکان بەسەر میللەت و وڵاتاندا وجودی نییە.
3) ستەمی میللی، واتە هەڵاواردن لەسەر بناغەی ئینتیمای ئینسانەکان بۆ میللەتە جیاجیاکان، یەکێکە لە سیما و شێوە گرنگەکانی نایەکسانیی ئینسانەکان لە کۆمەڵگای چینایەتیدا و دەبێ ڕابماڵرێت. لەنێوبردنی ستەمی میللی و زامنکردنی یەکسانیی هەموو ئینسانەکان سەربەخۆ لە ئینتیمای میللییان، ئامانجێکی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکارە.
ئەوە بەڵگەنەویستە کە دەبێ بەدڵنیاییەوە هەموو ئەم پرانسیپانە لە بەرنامەی کۆمۆنیستیدا بنووسرێن. ئەمانە بنچینەی هەڵوێستی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر میللەت و میللەتچێتی و ستەمی میللی پێک دەهێنن.
هەر لە سەرنجدانی یەکەمەوە ئەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە حوکمی مافی جیابوونەوە، یان وەک پێی دەڵێن مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا، بۆ کۆمۆنیزم لە ڕیزی ئەم ئەحکامە بنچینەییانەدا نییە. نە تەنها ئەمە، بەڵکوو لەگەڵ ئەم پرانسیپانەدا ناکۆکیشە. لێرەدا قسە لەسەر پێکهێنانی سنووربەندییەکی میللی و جیابوونەوە و پێکهێنانی وڵاتێکی تازەیە، سنووربەندی و جیاکردنەوەیەک کە کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری وەکوو پرانسیپێکی بنەڕەتی خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هەمەلایەنەیەتی.

گەر وایە ئیتر بۆچی کۆمۆنیستەکان قسە لە بە فەرمیناسینی مافی جیابوونەوە و جاروبار تەنانەت زەروورەتە سیاسییەکەیشی لەم یان لەو هەلومەرجی دیاریکراودا دەکەن؟ ئەم هەڵوێستە چۆن ئەگونجێنری لەگەڵ ئەو پرانسیپانەدا؟
وەڵام ئەوەیە کە مافی جیابوونەوە بۆ کۆمۆنیستەکان نەک پرانسیپێکی تیۆری، بەڵکە ئامرازێکە لە قەڵەمڕەوی سیاسەتدا. بە فەرمیناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتان، کە هەلومەرج و مەحدوودییەتەکانی لە دیدگای مارکسیستییەوە دواتر باس ئەکەم، لە پرانسیپەکانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بەرەنجامی ناچارییەکانی قەڵەمڕەوی سیاسەتە، ئەمە یەکێکە لە ئامرازە عەمەلییەکان بۆ بردنەپێشەوەی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری لە بار و دۆخ و هەلومەرجی تایبەتیی سەرمایەداریی هاوچەرخدا.
تەنانەت لە قەڵەمڕەوی کار و خەباتی سیاسیشدا هێشتا یەکسەر و بێ پێشەکی ناگەینە دەستەواژەی مافی دیاریکردنی چارەنووس. پرانسیپێکی عەمەلی و تاکتیکیی مارکسیزم لە جیهانێکدا کە لە ئێستادا دابەش بووە بۆ وڵاتان و میللەتان، بە باشترداناني چوارچێوە وڵاتییە گەورەترەکانە لە بچووکترەکان و دژایەتیکردنی وردکردن و دابەشکردنی چوارچێوە وڵاتییە گەورەترەکانە بۆ بەشبەشی بچووکتر، چ قەومی بێت، یان غەیرە قەومی. بە واتایەکی تر، "مافی جیابوونەوە" لە خودی قەڵەمڕەوی تاکتیکیشدا لەگەڵ پرانسیپێکی گشتیتر و بنەڕەتیتردا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. هەموو ئەمانە بەو مانایەیە کە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، یان بە مانایەکی وردتر، مافی جیابوونەوەی میللەتان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، نەک هەڵێنجراوی پرانسیپە مارکسیستییەکان و هەڵبەتە نەک بەشێک لەم پرانسیپانەیە، بەڵکوو لە ناوەڕۆکدا ئیستیسنایەکە لەم پرانسیپانە. بەرەنجامی ئەو هەلومەرجە تایبەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە کۆمۆنیستەکان ناچار بە پاشەکشێ لە پرانسیپە تیۆری و پێوانە سیاسییە گشتییەکانی خۆیان دەکات. ڕەتکردنەوەی مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو پرانسیپێکی کۆمۆنیستی لە لایەک و قەبووڵکردنی مەرجداری وەکوو ناچارییەکی تاکتیکی لە هەلومەرجی دیاریکراودا، ئەمە بە بڕوای من خاڵی دەستپێکردنی هەڵوێستێکی مەبدەئیی کۆمۆنیستییە. باسی جێگاوشوێنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە تێڕوانین و بەرنامەی مارکسیستیدا بەم پێیە، بەپێچەوانەی تێڕوانینی باو، کە ئەمە بە پرانسیپێکی پۆزەتیڤی مارکسیزم لەقەڵەم دەدات، دەبێ ڕێک لەسەر ئەم خاڵە چەق ببەستێ کە ئەو هەلومەرج و سنووربەندی و مەوقیعییەتە

ئیستیسنائییانە کامانەن کە داکۆکیکردن لەم مافە و جاروبار تەنانەت پێشنیارکردنیشی دەخوازن.

جگە لەو ڕێبازانەی کە دواتر لە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم و بەتایبەتی لەبەرامبەر جەنگی یەکەمدا، ناسیۆنالیزمیان خستە نێو بنەماکانی سۆسیالیزمی خۆیانەوە، وە یان کۆمۆنیزمی ڕووسیی پاش ستالین کە میللەتان و گەلانی لە پاڵ چینەکاندا بۆ ئاستی کەسایەتییەکی موعتەبەر و ڕەهای ڕەوتی مێژوو بەرز کردەوە، سەرتاپای نەریتی مارکسیستیی لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا، مەسەلەی بە فەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو شێوازێکی سیاسی لە ستراتیژی عەمەلیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەیر دەکات، نەک وەکوو پرانسیپێکی تیۆری. سەرباری هەموو ئەو ڕۆشنی و تەنانەت نارۆشنی و لێڵییانەی کە دەکرێ لە شێوە هەڵوێستی خودی مارکس، یان لێنین بەدی بکرێت، ئەم مەسەلەیە لە مامەڵەی هیچ کامیاندا جێگای گومان نییە، کە دژایەتی لەئاشتی نەهاتووی ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم پرانسیپێکی عەقیدەییە، لە کاتێکدا کە بە فەرمیناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا خشتێکە لە ستراتیژی عەمەلیی بزووتنەوەکە.

فۆرموولەکەی ئێمە لەڕووی میتۆدەوە بەتەواوی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم نەریتەوە، بەڵام بەکاربردنێکی عەمەلی و مەودایەکی گشتگیری لەوە بەرتەسکتری هەیە کە چ مارکس و چ لێنین لە سەردەمی خۆیاندا مەبەستیان بووە. لەبەر ئەوەی کە یەکەم، ڕوخساری میللیی جیهان و جێگاوشوێنی میللەت و میللەتسازی لە سەردەمی مارکسدا لەگەڵ سەردەمی لێنین و هەردووکیشیان لەگەڵ سەردەمی ئێمەدا زۆر جیاوازن. دووەم، مەوقیعیەتی ناسیۆنالیزم و جێگاوشوێنی لە پرۆسەی مێژووییدا لە هەر یەکێک لەم سەردەمانەدا زۆر جیاوازە، سێیەم، پەیوەندیی هەر یەکێک لە سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم لەگەڵ یەکتری، هێزهاوسەنگیی نێوانیان و شێوەی بەیەکدادانیان لە مەیدانی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆدا زۆر جیاوازە و ئیلتیزاماتی تاکتیکیی ئەمڕۆی ئێمە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەردوو سەردەمی پێشوودا هەیە و سەرەنجام چوارەم، بە بڕوای من بە لوتفی ئەوەی کە ئێمە لەدوای ئەوان هاتووین، ئێمە ئەو ئیمکانەمان هەیە کە هەندێ دەستەواژە و لێکدانەوە بخەینە سەر باسەکە، کە دیقەت و ڕێکوپێکییەکی زیاتر دەبەخشێتە هەڵوێستی کۆمۆنیستی و ڕەنگە هەندێک لە نارۆشنییەکان بڕەوێنێتەوە. بە شێوەیەکی دیاریکراو، شێوازێک کە ئێمە مەودای گشتگیری ئەم

فۆرموولەیەی پێ پێناسە دەکەین، جیاوازی لەگەڵ هەردوو شێوازی مارکس و لێنین هەیە.

گۆشەنیگای مێژوویی

مارکس لە سەرەتای سەردەمی ناسیۆنالیزمدا دەژیا. بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمی ئەمڕۆ وە یان ناسیۆنالیزمی سەردەمی لێنین نەبوو. شارێی سەرەکیی ناسیۆنالیزم لەو سەردەمەدا نە تەنها قەومی نەبوو، بەڵکوو ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە ئاوێتەکردنی قەومە جیاجیاکان لە یەک چوارچێوەی میللیی هاوبەشدا. ڕەوتی میللەتسازی و وڵاتسازیی سەردەمی مارکس ڕەوتێک نەبوو بۆ ئەوەی هەموو قەومەکان ببنە خاوەنی وڵاتی خۆیان، بەڵکوو پێکهاتنی ئابووورییە میللییە کاپیتالیستییە تەمەن درێژەکان بوو لە ئەورووپا و تێکوپێکدانی سیستەمی کۆن بوو. لێرەو لەوێ هەندێ بەڵگەنامە هەیە کە تیایاندا مارکس و ئەنگڵس "پرانسیپی ئینتیمای میللی"، وە یان بەو دەستەواژەیەی کە دواتر ڕەواجی پەیدا کرد، "مافی دیاریکردنی چارەنووس"، یان بە مافی "هەموو میللەتان" زانیوە. بەڵام هەڵوێستی لەمە بەرجەستەتر و کۆنکرێتتری مارکس و ئەنگڵس جیاکردنەوەی "میللەت"ە لە "ئینتیمای میللی" و میللەتانی "مێژوویی"یە لە میللەتانی "نامێژوویی"، واتە ئەو میللەتانەی کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی لە پرۆسەی سەرهەڵدانی پەیتاپەیتای کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی سەرمایەداریدا بە واقیعی شانسی پێکهێنانی وڵاتی خۆیان هەیە. مەودای شمولیی هەڵوێستی مارکس و ئەنگڵس لە واقیعدا مەسەلەیەکی زۆر بەرتەسکترە لە "هەموو میللەتان". قسە لەسەر ڕەوتی بابەتیی پێکهاتن و خۆگرتنی پێکهاتەی میللی_ وڵاتیی دەوامداری کاپیتالیستییە لە ئەورووپادا، نەک مافی هەموو پێکهاتە میللی و قەومییەکانی جیهان بۆ پێکهێنانی وڵاتی خۆیان. مارکس و ئەنگڵس پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر بناغەی ئینتیمای میللی_ قەومی بە ڕاشکاوی ڕەت دەکەنەوە. لە چەند حاڵەتێکی کەمدا کە مارکس بە دیاریکراوی هەستاوە بە بەرگریکردن لە سەبەرخۆیی میللەتانی بچووکتر و لاوەکیتر و "نامێژوویی" وەک ئیرلەندا و پۆڵەندا. خاسییەتی سیاسی ئەم هەڵوێستگیرییانە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار زۆر ڕۆشن بووە. سەربەخۆیی پۆڵەندا گورز لە کۆنەپەرستیی تزاری دەوەشێنێ و سەربەخۆیی ئیرلەنداش زەمینداریتی گەورەی بەریتانیا لە ئەڵقە لاوازەکەیدا دەکوتێ و هەروەها

فاکتەرێکی مێژوویی نیفاق لە نێوان چینی کرێکار لە ئینگلستان و ئەمەریکا لەنێو دەبات.

سەردەمی لێنین سەردەمێکی ترە. کاتێک لێنین قسە لە مافی جیابوونەوەی میللەتان دەکات، لەبنەڕەتدا میللەتانی ستەملێکراو لە ئیمپراتۆرییەتی تزاری و کۆڵۆنەکان و وڵاتانی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم دێنە بەرچاوی. لێنین ڕۆڵی پۆزەتیڤی خەباتە دژی کۆڵۆنییەکانی میللەتانی بچووکی لەبەرچاوە لە گورزوەشاندن لە دەسەڵاتی بۆرژوازیی جیهانی. لێرەشدا بە مانایەکی تر لەگەڵ ڕەوتێکی ئۆبژەکتیڤی میللەتسازی لەجەرگەی نیزامێکی کۆنە و کۆنەپەرستانە بەرەوڕووین، لە پێناوی گۆڕینی پەیوەندییە ئابوورییەکان و گەشەی سەرمایەداری لە ئاستی جیهانیدا. لەگەڵ جۆرێک لە ناسیۆنالیزم بەرەوڕووین کە نەک تەنها لەبەرامبەر پرۆلیتاریا و بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکوو لە هەمان کاتدا لەبەرامبەر کۆڵۆنیالیزم، کۆنەپەرستیی سیاسی و فیۆدالیزمدا مانا پەیدا دەکات. لێنین سەیری توانای سیاسیی ئەم ڕەوتە و جۆر و شێوەی بەیەکدادان و بەرامبەرکێکەی لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکاردا دەکات. مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ لێنین لەم چوارچێوە سیاسییەدا مانا پەیدا دەکات. لێنینیش مەودای شموولی ئەم مافە بەرتەسک دەکاتەوە. فۆرموولەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە لێکدانەوەی لێنیندا لە فۆرموولی مارکس و ئەنگڵس گشتیترە، بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە جیاوازییەک کە لە نێوان "مافی جیابوونەوە" و "ئیجابیبوونی جیابوونەوە"دا دای دەنێت، بەکردەوە پشتیوانیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە جیابوونەوەی میللەتان بۆ چەند حاڵەتێکی دیاریکراو بەرتەسک دەکاتەوە. دەستنیشانکردنی زەروورەتی جیابوونەوە، وە یان پێشنیارکردن یان نەکردنی جیابوونەوە لە فۆرموولبەندییەکەی لێنیندا بە تەواوی بە شیکردنەوەی ئەو هەلومەرجە دیاریکراوە سپێردراوە.

سەردەمی ئێمە سەردەمێکی تەواو جیاوازە. تا بەر لە داڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، هیچ ڕەوتێکی گشتگیر، وە یان بەرچاوی میللەتسازی لە ئاستی جیهانی، وە یان لە ئاستی ناوچەییدا لە ئارادا نەبوو. ئەو چەند حاڵەتە پەراگەندەیەی کە هەبوو، ئەوپەڕەکەی ئەیتوانی ئارایشتی میللیی جیهانی هاوچەرخ لە هەندێک لایەنی کەمبایەخدا بگۆڕێت. لەمە گرنگتر، بزووتنەوە میللییەکان ناوەڕۆکێکی ئابووریی تایبەتییان نەبوو. ئەو ئاڵوگۆڕانەی جێمەبەستی بزووتنەوە میللییەکان بوو لە بنەڕەتدا سیاسی و

فەرهەنگی بوو. سەرچاوەی ئەم بزووتنەوانە بەپێچەوانەی سەردەمی مارکس و لێنینەوە، بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ئابووریی سیاسیی جیهانی نە ئەگەڕایەوە، بەڵکوو لەبنەڕەتدا سەرچاوەکەیان ستەمی میللی و فەرهەنگی، وە یان دوژمنایەتی ناسیۆنالیستی لەسەر دەسەڵات بووە. ئابووریی سیاسیی جیهان و جەمسەربەندییە ئابووری و سیاسییەکانی، بچووکترین کاریگەری لەم کێشمەکێشانەوە وەرناگرێت. ئەوەی لەبنەڕەتدا لەم سەردەمەدا قەڵەمڕەوی باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئارادایە، چەند مەسەلەیەکی میللیی چارەسەرنەکراوە، وەکوو مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی کورد، مەسەلەی ئیرلەندا و ... تاد. کە بە پلەی جیاجیا ڕێگرن لەبەردەم ڕەوتی ڕۆتینیی ئابووریی کاپیتالیستی لە ناوچەکەی خۆیاندا، وە یان بوونەتە هۆکاری ناجێگیری و ئاڵۆزیی سیاسی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا. ئەم مەسەلانە هەندێ جار ببوونە مەیدانی کێشمەکێشێکی فراوانتر لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا و بەم پێیە ناوەڕۆکێکی لێڵتریان لە حاڵەتە ڕۆتینییەکانی کێشمەکێشی میللی پەیدا کردووە.

هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بە مانەیەکی تازە بووە مایەی دەستپێکردنی ڕەوتێکی میللەتسازی، کە تەنانەت لەڕووی ئابووریشەوە ناوەڕۆکێکی چارەنووسسازی هەیە. سەرمایەداریی بازاڕ لە بەشێکی گەورە لە جیهانی پیشەسازی و نیوە پیشەسازیدا، لەجەرگەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی نیزامی پێشوو و نەبوونی قاڵبێکی پەسەند بۆ فەرمانڕەوایی، بەرەو ئەوە ئەڕوات کە جێگای مۆدێلی بەبنبەستگەیشتووی سەرمایەداریی دەوڵەتی بگرێتەوە. جۆرێک لە ناسیۆنالیزم، بە شێوەیەکی سەرەکی ناسیۆنالیزمی قەومی، وەکوو ماتەریاڵێک بۆ بیناکردنی شادەماری ئایدۆلۆژیکیی حوکوومەت و بەدەستهێنانی مەشروعییەتی سیاسی بۆ دەوڵەتە بۆرژوایییە تازەکان لە پارچە و پریشکی ئیمپراتۆرییەتە پووکاوەکە خۆی ئەنوێنێ. هەموو ڕۆژێک مەسەلەیەکی میللی تازە دروست ئەکرێت. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە فراوانی دەچێتە دەستوورەوە. سەیر لەوەدایە هەر ئەو ڕەوتەی کە مەسەلەی میللیی تازە دێنێتە نێوانەوە، ئەگەری چارەسەرکردنی مەسەلە میللییە کۆنەکان زیاتر دەکات.

ئەم هەلومەرجە زەوی تا ئاسمان جیاوازی لەگەڵ سەردەمەکانی تردا هەیە. مەسەلەکە بەتەواوی لەجەرگەی پاشەوپاش گەڕانەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی سیاسی و فەرهەنگیدا لە ئارادایە. ناسیۆنالیزمی قەومی لە سووکترین و بۆگەنترین شێوەکانیدا

ئاڵاهەلگری مەسەلەی میلّلییە. بەپێچەوانەی سەردەمی مارکس و لێنینەوە، میللەتسازیی ئەمڕۆ و ئەو ناسنامە میلّلییانەی لە دەمەزەردکردندان، هیچ پەیوەندییەکیان بە چوونە پێشەوەی ماددییانەی مێژوو بە هیچ ئاراستەیەکی ئیجابیدا نییە. نووکی تیژی ئەم ناسیۆنالیزمە ڕاستەوخۆ ڕووی لە کرێکار و کۆمۆنیزم و تەنانەت ڕیفۆرم و لیبرالیزمیشە. دووبارەکردنەوەی سووک و سادەی فۆرموولەکەی لێنین لەبەرامبەر سەربەخۆیی کۆڵۆنەکان و فۆرموولەکەی مارکس لەبەرامبەر میللەتسازیی بۆرژوایی سەدەی نۆزدەهەمدا وەڵامی مەسەلەکانی ئەمڕۆ نییە. کۆمۆنیست و کرێکاری ئەمڕۆ دەبێ وەڵامی مەسەلەی میللی ئەمڕۆ بەو شێوەیەی کە هەیە بداتەوە. لەم کۆششەدا بە بڕوای من دەکرێ بگەیت بە لێکدانەوەیەک کە بشێ بەسەر سەردەمەکانی ڕابردووشدا گشتگیر بکرێت و ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە و هاوئاهەنگی هەڵوێستی مارکس و لێنینیش بە ڕوونییەکی زیاترەوە نیشان بدات.

لە میللەتەوە تا "مەسەلەی میللی"

خودی بوونی میللەت، یان بەفەرز وەرگرتنی بوونی میللەتێک، نابێتە بنەمایەک بۆ هیچ حەقی حاکمییەتێک. ئەوەی کە هەر میللەتێک، بە هەر پێناسەیەکەوە، مافی هەیە وڵاتی "خۆی" پێک بهێنێ، نە بنچینەیەکی زانستیی هەیە، نە حوقووقی و نە مێژوویی. مارکس و لێنین نە تەنها لە ڕووی عەمەلییەوە تێڕوانینێکی لەم چەشنەیان بۆ مەسەلەکە نەبوو، بەڵکوو ئەوەیان لا بەڵگەنەویست بوو کە لە جیهانی واقیعیدا و لە جەرگەی پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی نێوان قەوم و میللەتە جیاجیاکاندا، "هەموو میللەتان"، بەشوێن پێکهێنانی وڵاتی خۆیانەوە نابن و جیهان هیچ کاتێک نابێتە سەبەتەیەکی پڕ لە وڵاتانی ورد و درشتی بە قەد ژمارەی میللەتان، چ واقیعییەکان و چ ساختەکان. وە هەر ئەم دڵنیابوونە عەمەلییە، هەندێ جار دەوری لە جیددی نەگرتنی زانستییانەی ئەوان بۆ دیاریکردنی وردتری پێودانگەکان و مەودای شمووڵی "مافی میللەتان"، یان لە هەنگاو نەهاویشتنی ئەوان بۆ ناو ڕەخنەی حوقووقی لە دەستەواژەی میللەت هەبووە.

بوونی ستەمی میللیش خۆی لە خۆیدا بنچینەیەک بۆ بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ نییە. وەڵامی کۆمۆنیستی بە بوونی ستەمی میللی، خەباتە بۆ لابردنی ستەمی میللی. ئەمە شێوازێکە کە بزووتنەوەی چینی کرێکار و گشت بزووتنەوەی یەکسانیخوازانە لە 99%ی کۆمەڵگا مەوجوودەکاندا لەبەرامبەر ستەمێک

کە لە میللەتە کەمینەکان دەکرێت گرتوویانەتە بەر. وەڵامی یەکجارەکی کۆمۆنیزمیش کۆتاییهێنانی یەکجارییە بە ستەمی میللی لە ڕێگەی لەنێوبردنی سەرمایەداری و چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتییەوە بە شێوەیەکی گشتی.

بەفەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، یان مافی جیابوونەوە، ئامرازێکی سیاسی و دروشمێکی تاکتیکی لەبەرامبەر بوونی میللەتان و ئینتیما و خۆشباوەڕیی میللی، وە یان تەنانەت بوونی ستەمی میللیشدا نییە. ئامرازێکە بۆ وەڵامدانەوە بە "مەسەلەی میللی". بوونی میللەت و ستەمی میللی، خۆبەخۆ بە مانای بوونی "مەسەلەیەکی میللی" نییە. ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە لە باسەکەی ئێمەدا. هەڵبەتە بەبێ ناسنامەی میللی، مەسەلەی میللی ناتوانێ بوونی هەبێت. هەر وەک چۆن بەبێ ستەمی میللیش، یان تەسەووری بوونی ستەمی میللی، وە یان لانیکەم کێبەرکێی میللی، مەسەلەی میللی وجودی ماددی نابێت. ئەمانە مەرجی پێویستی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللین لە کۆمەڵگادا، بەڵام بەس نین. کاتێک ئەتوانین باس لە بوونی مەسەلەی میللی بکەین کە ئەم ناسنامە میللییە ناکۆکانە و کێشمەکێش و کێبەرکێ و دوژمنایەتییان گەیشتبێتە ئاستێک لە خەستبوونەوە و توندبوونەوە، وە پێشینە و مێژوویەکیان هەبێت و حەساسییەتێکیان لە گشت کۆمەڵگادا دروست کردبێ کە ئەوی خستبێتە ڕیزی مەسەلە تەوەرەییەکانی کۆمەڵگاوە. مەسەلەیەک کە لە ڕوانگەی جەماوەری فراوانی خەڵک و لە ڕووی ژیانی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگاوە وەڵام ئەخوازێ. بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە، یەکێک لە شێوازەکانی تیمارکردن و یەک نەشتەرگەریی کۆمەڵایەتییە، کە لە هەلومەرجێکی وادا بەدەست چینی کرێکارەوەیە. بەڵام لەپێشدا دەبێ مەسەلەیەک هاتبێتە ئاراوە تا وەها ڕێگاچارەیەک لە بنەڕەتەوە مەوزووعییەتی پەیدا کردبێ. دەبێ دەردێک وجودی هەبێت تا دەرمانێکی لەم چەشنە، کە بە شایەتیی مێژووی سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوو، لە زۆربەی کاتەکاندا بۆ کۆمۆنیستەکان "قابیلی پێشنیارکردن" نییە، بخرێتە دەستووری چارەسەرکردنەوە.

کاتێک وردتر سەرنج ئەدەین، ئەبینین مارکس و لێنینیش تا ئەو جێگایەی کە بە مافی جیابوونەوە پەیوەستە لە واقیعدا نەک هەموو چەشنەکانی میللەت، یان حاڵەتە بێشومارەکانی ستەمی میللی، بەڵکوو "مەسەلە میللییە" ئاوەڵاکانی جیهانی هاوچەرخی خۆیان مەبەست بووە. فۆرموولبەندییەکانی ئەوانیش دەبێ هەر لەم چوارچێوەیەدا دەرک بکرێت و داوەری لەسەر بکرێت.

بەرنامەی کۆمۆنیستی سەنەدی دڵڕاگرتنی میللەتان نییە. بڕیار نییە چینی کرێکار بۆ دابەشکردنی هەر وڵاتێک بۆ کۆمارە سەربەخۆکانی دانە دانەی میللەتان بخرۆشێ. لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە هەر سکاڵا و نارەزایەتییەک لە ستەمی میللی یەکسەر بە ڕێفراندۆم بۆ جیابوونەوە وەڵام وەرناگرێتەوە، سەرکەوتنی کرێکاری، جەژنی ناسیۆنالیزم نییە. چینی کرێکار و بەرنامەی کۆمۆنیستی لەسەرێتی کۆتایی بە ستەمی میللی بهێنێت و بۆ ئەو مەسەلە میلییانەی کە لە ژیانی جەماوەری خەڵکدا بوونەتە مەسەلەگەلێکی واقیعی، ڕێگاچارە دابنێ. ئەم ڕێگاچارەیە دەتوانێ بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتی ستەملێکراو و ژێردەستە بێت.

لە بارەی ئێرانەوە بە دیاریکراوی، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی میللی کراوە و مەترەحە. مەسەلەی لوڕ، یان مەسەلەی ئازەری، یان هەر ناسنامەیەکی میللی تر کە دەتوانێ لەم یان لەو بڕگەیەدا خۆی قووت بکاتەوە، ئەمڕۆ بە ئەندازەی مەسەلەی کورد لە ئێران، یان لە ناوچەکەدا مەترەح نییە. ئێمە فۆرموولێکمان بە ناوی مافی "میللەتان" لە وڵاتی "قرەمیللی"ی ئێراندا بۆ "دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان" نییە. درووشمێکی ڕۆشنمان لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا هەیە: بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوەی خەڵکی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

کاتێک بوونی مەسەلەی میللی دەکەینە پێودانگ بۆ مەوزوعییەت پەیداکردنی مافی جیابوونەوە، کۆمەڵێک دژواری و تێکەوڵیکەی تیۆریی گرنگ وەلا ئەنێین. یەکەم، لەجیاتی قەڵەمڕەوی سۆبژەکتیڤ و دڵخوازانەی پێناسەکردنی میللەت و دواتریش دابەشکردنیان بۆ میللەتانی گەورە و بچووک، موعتەبەر و ناموعتەبەر، مێژوویی و نامێژوویی، شایستە و ناشایستە، مەسەلەی ئۆبژەکتیڤ و کۆنکرێتبوون و نەبوونی "مەسەلەی میللی" دەبێتە بنەمای توێژینەوەمان. ئێمە ئیتر ناچار نابین پێناسە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناسیۆنالیستەکان بۆ میللەت قەبووڵ بکەین، ناچار نین بە قەبووڵکردنی ناسنامە میلییەکان لە خوڵقاندن و مانەوەیاندا بەشداری بکەین، ناچار نین بچینە ناو باسی ڕەتکردنەوە، یان قەبووڵکردنی بڕوانامە میلییەکانەوە، وە یان تەنانەت بچین بەشوێن دۆزینەوەی خەتاباری مێژوویی بۆ پێکدادان و کێشمەکێشە میلییەکان، ناچار نین ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستەکان بۆ باش و خراپ، پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست و ... تاد. دابەش بکەین. ئێمە لەسەرمانە بوونی ئۆبژەکتیڤی مەسەلەیەکی میللی لە کۆمەڵدا کە خەڵکی بە شێوەیەکی جیددی بە دەوریا

جەمسەریان بەستووە و داوای وەڵامی ئەکەن بە فەرمی بناسین. ئەمە خۆی مەودای شموولیی مافی جیابوونەوە و ئەو میللەتانەی کە ئەتوانن کاندید بن بۆی دیاری دەکات و سنووورداری دەکاتەوە، وە ئیتر پێویستیمان بەوە نابێ کە پێودانگە سۆبژەکتیڤەکان، کە هەر چۆنێک بێت لەسەر پێناسە و دەستەواژە ناسیۆنالیستییەکان بنیات دەنرێن، بێنین و بیاندەین بەسەریەکدا. مەودای شموولیی مافی جیابوونەوە لانی زۆر بە ئەندازەی ژمارەی مەسەلە میلییە واقیعییەکانە لە کۆمەڵگا لە هەر بڕگەیەکی دیاریکراودا، وە نەک بە ئەندازەی ژمارەی میللەتانی ئێستا، یان داهاتوو، وە یان بە ئەندازەی ستەمگەرییە میلییەکان لەدژی میللەتانی کەمینە. دووەم، ئەم تێڕوانینە ڕێک ئەو بارە سەلبییە دەبەخشێتە مەسەلەی بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە کە ئەم جیابوونەوانە لە واقیعدا بۆ چینی کرێکاری ئینتەرناسیۆنالیست هەیانە. دانی مافی جیابوونەوە، گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی میللەتان نییە، قەبووڵکردنی لێکترازانێکی تازە لەناو کۆمەڵگای ئینسانیدایە و تەسلیمبوونە بەو واقیعییەتە دەردناکە کە ژیانێکی هاوبەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای میللی و قەومی لە نێوان زۆرێک لە ئینسانەکاندا مەیسەر نەبووە. بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە لە ڕوانگەی کۆمۆنیستێکەوە، وەدیهاتنی بنەمایەکی "پیرۆز" و "ڕزگاریبەخش" نییە، کە "بە ڕێکەوت" "کەمێک" ناکۆکی لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریدا هەیە، بەڵکوو تەسلیمبوونە بە واقیعییاتێکی تاڵ کە لە جیهانی واقیعیدا و بە پێچەوانەی ئامانجەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکارییەوە هاتۆتە ئاراوە. ئێستا دەکرێت بە ڕۆشنی و بەبێ هیچ سەرزمانگرتنێک وەڵامی میللەتان و ئەدیبان و شاعیرانیان بدەینەوە. ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی ئێمە وەکوو کرێکار و کۆمۆنیست مافی جیابوونەوە بە مافێک دەزانین کە بەکارهێنانی سنووورداره و تەنانەت لەو جێگایەشدا کە ئەم مافە بە فەرمی دەناسین، بە شێوەیەکی گشتی ڕێگای جیابوونەوە بۆ ئەو میللەتە پێشنیار ناکەین. سێیەم، ئەم لێکدانەوەیە دەستی ئێمە بۆ وەڵامدانەوە بەو مەسەلە میلییانەی کە ناوەڕۆکی ئابووری و سیاسیی جۆراوجۆر و تایبەتمەندیی مێژوویی جیاجیایان هەیە ئاوەڵا ئەکات. ئێمە ئیتر لە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر ئەو مەسەلە میلییانەی کە لە کۆمەڵگادا مەترەحن ناچار بە داوەریکردنی ئەخلاقی، وە یان ناوبژیوانییەکی مێژوویی لە بارەی "ڕەسەنی و شایستەیی" میللەتانی جێگای باس، یان بوون و نەبوونی ستەمی میللی و ڕەهەندەکانی، وە یان دەوری چارەسەرکردنی مەسەلەکە لە ڕەوتی گەشەی

مێژووی مرۆڤدا تایبەت نابین. ئێمە تەنانەت ناخواستە ناکەوینە پاڵ ناسیۆنالیزمێک لەبەرامبەر یەکێکی تردا. مەبەستی ئێمە چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا و چینی کرێکار لە ئاکامە زیانبارەکانی هەردوو دیوی قڵشتە میلییەکەدایە، نەک دانەوەی مافە میلییەکانی ئەم یان ئەو میللەت. پووچترین، بێ ناوەڕۆکترین و ساختەترین کێشمەکێش و ناکۆکییە میلییەکانیش، ئەگەر بە ڕاستی کۆمەڵگایان بەرەو جەمسەربەندی بردبێت، دەتوانن وەڵامێکی ڕۆشن لە کۆمۆنیستەکانەوە وەربگرنەوە. ئەم لایەنەی باسەکە بە تایبەت لە سەردەمی ئێمەدا بە ڕەوتێکی کۆنەپەرستانە و پووچیی میللەتسازییەوە کە لە ئارادایە و ئەو دەردەسەرییانەی کە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێ، زۆر گرنگە.

بەڵام گرنگترین لایەنی ئەم شێوە لێکدانەوەیەی مەسەلەکە ئەوەیە، کە کێشمەکێشی کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم لەسەر مەسەلەی میللی و جیابوونەوەی میللەتان دەخاتە سەر ڕێچکە واقیعییەکەی خۆی. قەڵەمڕەوی هەڵسووڕانی دژی ناسیۆنالیستیی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەتاو پەرە پێ دەدات و دەیگۆڕێ. دەبێ ئەمە زیاتر شی بکەینەوە.

ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی

مەسەلەی میللی، وەکوو بەرامبەرکێیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ناسنامە میلییەکان کە ئەوەندە پەرە ئەگرێ کە جیابوونەوەی سیاسی وەکوو ڕێگاچارەیەک دێنێتە گۆڕ، چۆن سەرهەڵئەدات؟ خودی بوونی ناسنامە میلییە جیاجیاکان نابێتە مایەی سەرهەڵدانی حەتمیی مەسەلەیەکی میللی لە کۆمەڵگادا. نموونەکانی پێکەوە ژیانی بێ گیروگرفت و بێ پێکدادانی میللەتە جیاجیاکان لە یەک چوارچێوەی وڵاتیدا زۆرن. بوونی ستەم و هەڵاواردنی میلیش هێشتا بە مانای سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا نییە. لە زۆرێک لە وڵاتاندا هەڵاواردنە میلییەکان لە هەمان کاتدا کە واقیعییەتێکی هەستپێکراو و مەینەتباری ژیانی میللەتە ژێردەستەکانن، لەگەڵ ئەمەشدا لەجەرگەی ئەو پەیوەندییە جێکەوتووە ئابووری و سیاسییانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن، بۆ خودی تاکەکانی میللەتی ژێردەست لەوە لاوەکیتر دەرئەکەون کە کێشمەکێشێکی سیاسیی توندوتیژ بخوازن. خەبات بۆ لابردنی ئەم هەڵاواردنانە لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا نابێتە مایەی سەرهەڵدانی مەسەلەیەکی میللی بۆ ئەو کۆمەڵگایە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی دەبێ ناسیۆنالیزم وەکوو ئایدۆلۆژی و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە تەواوی هاتبێتە مەیدان. جیاوازییە میللی و قەومییەکان و نایەکسانییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەسەر بناغەی ئینتیمای میللی، ئەو واقیعییەتانەن کە بە دەستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە بە سەرەنجامی جیاجیا دەگەن. لیبرالیزم و کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی و ناسیۆنالیزم لەگەڵ ئەم واقیعییات و پۆتانسیۆلانەدا وەکوو یەک ڕەفتار ناکەن. ناسیۆنالیزم ئەو ڕەوتەیە کە دەیەوێ تەبەلوری سیاسی ببەخشێتە ئەم قڵشت و جیاوازییانە. ناسیۆنالیزم ئەو ڕەوتەیە کە ئەم جیاوازییانەی ئێستا و داهاتوو ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی حوکمڕانییەوە گرێ دەدات.

پێشتر وتم، کە ناسیۆنالیزم بەرهەمی خۆپەرستانەی میللەتان نییە. بەپێچەوانەوە، میللەتان و خۆپەرستی و دەمارگیریی میلییان بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم سەربەخۆ لەوەی کە لە چ سەردەمێکدا و لەجەرگەی کام ڕەوتی پایەیی لە قەڵەمڕەوی ئابووریی سیاسیدا پێ ئەنێتە مەیدان، ئایدیۆلۆژییەکی بۆرژوواییە بۆ بەرپاکردنی دەسەڵاتی چینایەتی. ئایدیۆلۆژییەکە کە هەوڵ دەدات حوکوومەتی چینایەتیی بۆرژوا بە جۆرێک بەرپا بکات کە وەکوو بەرهەم و تەجەسومی سیاسی خاسییەت و تایبەتمەندییە زاتییە هاوبەشەکانی نێوان شوێنکەوتووانی نیشان بدرێت. ناسنامەی میللی بەردی بناغەی ستراتیژیی ناسیۆنالیزمە لە بەرپاکردنی دەوڵەتی چینایەتیی بۆرژوازیدا. دەوڵەتی چینی دەسەڵاتدار، بە قەوارەبەستنی دەرەکیی زات و ناسنامەی میلیی هاوبەش و سەروو چینایەتی شوێنکەوتووانی لەقەڵەم ئەدرێت، لە کاتێکدا لە باری واقیعییەوە، ئەوە ناسنامەی میلیی شوێنکەوتووانی کۆمەڵگایە کە تەجەسومی دەروونی و ڕەنگدانەوەی ئایدۆلوژیی ناسیۆنالیستیی دەسەڵاتە لە زەینی ئەواندا. ئەوە پێداویستییەکانی بەرپاکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازییە کە بۆ ناسیۆنالیزم داهێنانی دەستەواژەی میللەت و ناسنامەی میللی دەکاتە شتێکی پێویست.

مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندییان بە میللەت و ناسنامەی میلییەوە، مەسەلەی بنەڕەتیی ناسیۆنالیزمە. ڕۆڵی ناسیۆنالیزم لە خوڵقاندنی مەسەلەی میلیدا، گواستنەوەی مشتومڕ و جیاوازییە میلییەکانە لە قەڵەمڕەوی ئابووری، یان فەرهەنگییەوە بۆ قەڵەمڕەوی سیاسەت و مەسەلەی دەسەڵات. تا ئەو کاتەی کە جیاوازی و نایەکسانی و کێشمەکێش و مشتومڕە میللی و قەومییەکان ڕاشکاوانە

نەبەسترابێتنەوە بە مەسەلەی دەوڵەت و حاکمییەتەوە، هێشتا مەسەلەی میللی بە مانای تایبەتیی وشەکە سەری هەڵنەداوە. کاری ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ئەم گوزارە بۆ نێو قەڵەمڕەوی سیاسەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی زامن بکات.

مەسەلەی میللی زیاتر لە هەر شتێک، ئاکامی میلیبوونی فەلسەفەی دەسەڵاتی دەوڵەتییە لە کۆمەڵگادا. ناسیۆنالیزمی میللەتی باڵادەست و هێنانەمەیدانی دەوڵەت وەکوو ئامرازێک بۆ زامنکردنی بڵندتری میللی و بەقانوونیکردنی هەڵاواردنە میلییەکان، سەرچاوەیەکی سەرەکیی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی لە چوارگۆشەی جیهاندایە. ستەمی میللی بە مانای تایبەتیی وشەکە، دەستەواژەیەکی سیاسییە. لە نیزامێک کە تیایدا ئایدۆلۆژیی حاکمییەت لەسەر ئینتیمای میللی دانەمەزرابێ، ئەو نایەکسانییانەی کە لە ئیمکاناتە ئابووری و فەرهەنگییەکانی نێوان میللەتە جیاجیاکاندا هەیە، شانسێکی کەمتری هەیە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی کێشمەکێشێکی سیاسی و شکڵدان بە مەسەلەیەکی میللی لە کۆمەڵگادا. بەڵام سەرکوتگەریی ناسیۆنالیزمی باڵادەست تەنها سەرچاوە و زەمینەی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی نییە. واقیعییەتەکانی هەر ئەم چەند ساڵەی یەکەمی دەیەی نەوەد ئەوە بە ڕۆشنی نیشان دەدات کە جم و جووڵە ناسیۆنالیستییەکان دەتوانن لە سایەی هەلومەرجی تایبەتیدا لەسەر بچووکترین و لاوەکیترین قڵشتی میللی و قەومی، گەورەترین کێشمەکێشی میللی بنیات بنێن. ئەگەر بکرێت فۆرموولەیەکی گشتی لە بارەی سەرهەڵدانی مەسەلەی میلییەوە بەدەستەوە بدرێت ئەوەیە، بوونی مەسەلەی میللی بە مانای تایبەتیی وشەکە، بەرهەمی کارکردی ناسیۆنالیزمە و ڕووبەڕووبوونەوە و بەرامبەرکێی توندوتیژی ناسیۆنالیزمە جیاجیاکان تایبەتمەندیی هەموو حاڵەتەکانی مەسەلەی میلییە. کاتێک ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بەکردەوە ڕوو ئەدات و مشتومڕ لەسەر دەسەڵات لەژێر ئاڵای ناسنامە میلییە جیاجیاکان لە نێوان بەشە جیاجیاکانی بۆرژوازیدا هەڵئەگیرسێ، ئیتر سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی پێکهەڵپژانەکانی یەکەم شتێک لەبارەی ناوەڕۆک و بناغەی ئەمڕۆی مەسەلەکەوە ڕوون ناکاتەوە.

مەسەلەی میللی بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. بەڵام چارەسەرکردنەکەی زۆر جار ئەکەوێتە ئەستۆی سۆسیالیزمی کرێکاری. باسی بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە، ئامرازێکی گرنگی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارە لەبەرامبەر بنبەست و قەیرانێک کە ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی خوڵقاندوویانە. بەم پێیە هاتنەناوەوەی باسی مافی جیابوونەوە بۆ نێو

بەرنامەی کۆمۆنیستی، بە مانای بەفەرمیناسینی توانای تێکدەرانەی ناسیۆنالیزمە لە دنیای بۆرژوازیدا. بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە چەکێکە بۆ خەبات لەدژی ناسیۆنالیزم. وە ئەمەش ئەو لایەنەی دەرکی مارکسیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا کە بەشێوەیەکی تایبەتی قەرزاربارى لێنینە. "کۆمۆنیزمێکی پراکتیک"ی کە سرینەوەی هەڵاواردن و ناسنامە درۆیینە میلییەکان تەنها درووشمێکی سەر ئاڵاکەی و ئارەزوویەک نییە لە دڵیدا، بەڵکوو ئەرکێکە کە بەکردەوە خستوویەتییە ئەستۆی خۆی. کۆمۆنیزمێکی پراکتیکی کە دەیەوێ پرانسیپەکانی لە جیهانی واقیعی و لەبەرامبەر هێزی مەزنی ڕەوتە بۆرژواییەکاندا پیادە بکات. بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتانی ستەملێکراو وەکوو ڕێگاچارەی مەسەلەی میللی، شێوازێکە بۆ چەککردنی ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی و ڕێگاخۆشکردن بۆ ڕزگاربوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە کارکردە زیانبارەکانی ناسیۆنالیزم لەسەر زەین و ژیانیان.

ئەم باسە لە هەمان کاتدا بەو مانایەیە کە بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە وەختێک مەوزوعییەت پەیدا دەکات، کە ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان پێشڕەوییەکی بەرچاویان کردبێت و خورافاتەکانی خۆیان کردبێتە هێزێکی ماددی لە کۆمەڵگادا. بەتایبەت ئەوەی کە کارەکەیان کێشابێتە قەڵەمڕەوی کێشمەکێشی چالاک لە مەیدانی سیاسیدا. بوونی ناسیۆنالیزمێک کە هێشتا لە قەڵەمڕەوی فەرهەنگ و خۆنواندنی فەرهەنگیدا ماوەتەوە، ناسیۆنالیزمێک کە هێشتا لەنێو ئەو میللەتەدا، چ باڵادەست و چ ژێردەست، ڕەوتێکی لاوەکی و وەرەقەیەکی زەختی بچووکە، نابێتە پاساوێک بۆ بازدان بۆ باسی مافی جیابوونەوە. بەفەرمیناسینی مافی جیابوونەوە دەرمانی دەردێکە کە بەکردەوە نیشانەکانی دەرکەوتبێت، فاکسن (کوتان)ێک بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی نییە. ڕوویەکی تری ئەم باسە ئەوەیە، ئەو مەسەلە میلییانەی کە هەن، ڕەنگە لە ڕەوتی مێژوودا لە مەیدان بچنە دەرەوە و مەسەلەگەلێکی تازە بێنە مەیدان. قڵشتێکی میللی کە ئەمڕۆ نەبووەتە گرێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی، دەتوانێ لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە هیمەتی ناسیۆنالیزم وای لێبێت. دەستنیشانکردنی کۆنکرێتی مەسەلەکە لە هەر حاڵەتێکدا، مەرجی مەبدەئییەتی کۆمۆنیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا.

فۆرموولبەندییەکەی ئێمە، کە لەسەر بناغەی گرێدانی باسی مافی جیابوونەوە بە بوونی مەسەلەی میلییەوە، بە مانای سیاسیی وشەکە، بنیات نراوە، کۆمەکمان پێ

دەکات کە بتوانین جەختێکی زیاتر لەسەر ئەرکە دژی ناسیۆنالیستییەکانی کۆمۆنیزم بەر لە سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی بکەین. خەباتی چالاکانە لەدژی ستەم و هەڵاواردنی میللی، بانگەواز بۆ خەباتێکی سەراسەری لە پێناو کۆمەڵگایەکی یەکسان و دوور لە هەڵاواردن، پەردەهەڵماڵین لە ڕووی ناسیۆنالیزم و بەرژەوەندی و ناوەڕۆکە بۆرژواییەکەی لە هەردوو بەری کێشمەکێشە میلییەکاندا، تەبلیغکردنی ناسنامەی چینایەتیی هاوبەشی کرێکاران و ناسنامەی ئینسانیی هاوبەشی هەموو خەڵک و ڕەخنەگرتن لە تێڕوانینی دەمارگیرانەی ناسیۆنالیستی، ئەمانە ئەرکە سەرەکی و حەیاتییەکانی کۆمۆنیزمە لەدژی جم و جووڵی ناسیۆنالیستی و ئاسۆی میللی. فۆرموولبەندییە بەرنامەییەکەی ئێمە بە دانانی باسی "مافی میللەتان" لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و مەودا شموولییە سنووردار و واقیعییەکەی خۆیدا، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەو جۆرەی کە پێویستە لە دژایەتییەکی لە ئاشتی نەهاتوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا پێناسە دەکات و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ هێرشکردنە سەری بانگەوازی دەکات، بێ ئەوەی کە ئێمە لە ئامرازە سیاسییە واقیعییەکان بۆ دەخاڵەتی واقیعی لە قەیرانە میللییەکانی کۆمەڵگادا بێبەش بکات.

بە کورتی:

1) بناغەی بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەرامبەر میللەت و میللەتچێتیدا، پرانسیپە ئینتەرناسیۆنالیستییەکانی مارکسیزمە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەدژی ناسیۆنالیزم و ستەمگەریی میللی پێناسە دەکات و سرینەوەی سنوورەکان و ناسنامە درۆیینە میللییەکان دەخاتە دەستووری بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکارەوە.

2) هەروەها بەرنامە دەبێ حیساب بۆ هێزی ماددی و تێکدەرانەی ناسیۆنالیزم لە دنیای هاوچەرخدا بکات و ڕێگاچارەی چینی کرێکار بۆ قەیران و مەسەلە میللییەکانی دنیای هاوچەرخ بخاتە ڕوو. بەرنامە دەبێ مافی جیابوونەوەی میللەتانی ژێردەست وەکوو ڕێگاچارەیەکی ڕەوای مەسەلەی میللی بە فەرمی بناسێ.

3) بەرنامە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە قەڵەمڕەوی سەرەکیی هەڵسووڕانی حیزبە، واتە ئێران، پەنجە بخاتە سەر ئەو مەسەلە میلییانەی کە لەم بڕگە دیاریکراوەدا چارەسەرکردنیان بە دیاریکراوی، پیادەکردنی پرانسیپی مافی جیابوونەوە دەخوازێ. بە بڕوای من، لە چوارچێوەی بار و دۆخی سیاسیی ئێرانی ئەمڕۆدا، تەنها حاڵەتی کوردستان ئەم حوکمە ئەیگرێتەوە.

*

بەر لە کۆتاییهاتنی ئەم زنجیرە وتارە، دەبێ هێشتا دوو خاڵی دیکە تاوتوێ بکرێ. یەکەم، ئایا دەستەواژەی خودموختاری و ئۆتۆنۆمی ... تاد. لە وەڵامدانەوەی کۆمۆنیستی بە مەسەلەی میللیدا، چەندە ئیعتیباریان هەیە یان نییە. بە بڕوای من ئیدەی ئۆتۆنۆمی، واتە پاراستنی چوارچێوەی وڵاتێک و پیادەکردنی دەسەڵاتە میللی و قەومییە خودموختارەکان تیایدا. نەخشەیەکە بۆ هەتاتاییکردنی ناسیۆنالیزم و ناسنامەی میللی و چاندنی تۆوی قڵشت و کێشمەکێشە میللییەکان لە کرۆکی ئیسکی کۆمەڵگادا. ئەمە دەبێ ڕەت بکرێتەوە. خاڵی دووەم، لێکۆڵینەوەیەکی کۆنکرێتتری مەسەلەی کورد و ڕێگاچارەی پێشنیارکراوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدایە. دەبێ لە بەشی داهاتوودا بچینە سەر ئەم خاڵانە.

ڕوونکردنەوە: ئەم وتارە لێرەدا بە عەمەلی کۆتایی پێ هات و هیچ بەشێکی تر لە درێژەی ئەم زنجیرە وتارەدا بڵاو نەبووەوە.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
ملت، ناسیونالیسم و برنامه کمونیسم کارگری
انترناسیونال، شماره های 11 تا 16
از بهمن 1372 تا آذر 1373، فوریه تا نوامبر 1994

دنیایەکی باشتر

(بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری)

خوێنەری بەڕێز، ئەم بەرنامەیە لەسەر بناغەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، "دنیایەکی باشتر" دارێژراوە، کە مەنسوور حیکمەت نووسیویەتی و کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە تەمموزی 1994دا پەسەندی کردووە. بەشی یەکەمی بەرنامە، کە بنەما فیکرییەکانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەخاتە ڕوو، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لێرەشدا هاتووە، بەڵام بەشی دووەم بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی عێراقدا ئاڵوگۆڕی پێویستی تێدا کراوە.
کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە لە شوباتی 1998دا بەسترا، ئەم بەرنامەیە و گۆڕانکارییەکانی لیژنەی ئامادەکردنی بەرنامەی حیزبی پەسەند کرد و داوای لە کۆمیتەی ناوەندی کرد کە دوا گەڵاڵەی بەرنامە ئامادە بکات. ئەم دەقەی بەردەستتان گەڵاڵەی دواییە و فەرمیی پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە.

1

بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

دنیایەکی باشتر

گۆڕینی جیهان و بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر، بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای بەشەری، ئاوات و ئامانجێکی هەمیشەیی مرۆڤەکان بووە. سەرباری بڕەوی بیروباوەڕە قەدەری و خورافییەکان، بە دینی و غەیرە دینییەوە، تەنانەت لە دنیای بەناو مۆدێرنی ئەمڕۆشدا، کە هەر یەکەیان بە جۆرێک جارِ بۆ بێمەرهەمی و موقەدەربوونی هەلومەرجی زاڵ ئەدەن، ژیانی واقیعی و کردەوەی ڕۆژانەی جەماوەری فراوانی خەڵک هەمیشە بەڵگەی ئومێد و باوەڕێکی قووڵە بەوەی کە

دنیای سبەینێ دەتوانێ لە بێبەشی و کوێرەوەری و کەموکووڕی و دزێوییەکانی دنیای ئەمڕۆ بێبەری بێت. ئەو ئومێدەی کە دنیای سبەی دەکرێت لە بێبەشی و میحنەت و نەبوونی و کارەساتەکانی ئەمڕۆ ئازاد بکرێت، ئەو باوەڕەی، کە کردەوەی دەستەگەلی و فەردیی ئەمڕۆی مرۆڤەکان لە دیاریکردنی چۆنیەتی دنیای سبەی کاریگەرییان ئەبێ، تێڕوانینێکی ڕیشەدار و بەهێزە لە کۆمەڵگادا، کە زیندەگی و هەڵسوکەوتی جەماوەری فراوانی خەڵک ئاراستە دەکات.
کۆمۆنیزمی کرێکاری بەر لە هەر شتێک سەرچاوەکەی بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە، بۆ ئومێد و باوەڕی ئینسانە بێشوومارەکان و وەچە یەک لە دوای یەکەکان، بەوەی کە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر، بە دەستی خودی ئینسان، زەرووری و مەیسەرە.

ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی

دیدی هەمووان بۆ ژیانێکی خوازراو و دنیایەکی ئایدیاڵ بێگومان وەک یەک نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە درێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵەی کۆمەڵگای بەشەری، هەندێ چەمک و دەستەواژە هەمیشە بە وێنەی مەحەکی بەختەوەری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە شێوەی جۆراوجۆر بەرجەستە و دووبارە کراونەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئیتر بە وێنەی کۆمەڵێک چەمکی پیرۆز لە کولتووری سیاسیی جەماوەری خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا جێگای خۆیان کردۆتەوە، ئازادی، یەکسانی، دادوەری و خۆشگوزەرانی لە ڕیزی پێشەوەی ئەم مەحەکانەدان.
ڕێک هەر ئەم ئاوات و ئارەزووانە بنچینە مەعنەوییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێک دەهێنن. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە بۆ گۆڕینی جیهان و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و ئینسانی و خۆشگوزەران.

خەباتی چینایەتی: پرۆلیتاریا و بۆرژوازی

بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری فیرقەی خێرخوازانی خەیاڵساز و قارەمانانی تاسەی ڕزگاریی مرۆڤایەتی نییە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ئەلگۆ و گەڵاڵەیەکی دەرهاویشتەی مێشکی حەکیمانێکی خێرئەندێش نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە کە لە هەناوی خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخەوە سەردەردێنێ و ڕەنگدانەوەی ئاسۆ و ئامانج و نارەزایەتیی بەشێکی گەورەی هەر ئەم کۆمەڵگایەیە.

مێژووی تێکڕای کۆمەڵگاکانی تا ئێستا، مێژووی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتییە. مشتومڕێکی بێوچان، تاوێک ئاشکرا و تاوێک پەنهان، لە نێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان، ستەمگەر و ستەمدیدەکان لە سەردەم و کۆمەڵگا جیاجیاکاندا هەمیشە لە ئارادا بووە. ئەم مشتومڕە چینایەتییە کە سەرچاوەی سەرەکیی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگادا.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی پێشووەوە کە بە گشتی لەسەر بنەمای چینبەندی و توێژبەندییەکی ئاڵۆز دامەزرابوون، کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەداری دابەشبوونی چینایەتی زۆر سادە کردۆتەوە. کۆمەڵگای هاوچەرخ، سەرباری هەمەچەشنیی بەربڵاوی پیشەکان و کاردابەشکردنێکی بەرین، بە شێوەیەکی گشتی لەدەوری دوو ئۆردووگای چینایەتیی سەرەکی بینا کراوە کە ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستاون: کرێکاران و سەرمایەداران، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی.

بەرامبەرکێی ئەم دوو ئۆردووگایە لە بنەڕەتدا چاوگ و بنچینەی هەموو کێشمەکێشە ئابووری و سیاسی و حوقووقی و فیکری و کولتوورییە جۆراوجۆرەکانە کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا لە ئارادان. نە تەنها ژیانی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگا، بەڵکوو تەنانەت ژیانی کولتووری و فیکری و زانستیی ئینسانی ئەمڕۆش کە بە ڕواڵەت وەکوو قەڵەمڕەوی سەربەخۆ و سەروچینایەتی دێنە بەرچاو، مۆری ئەم ڕیزبەندییە سەرەکییەی کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەدارییان پێوەیە. ئۆردووی پرۆلیتاریا، ئۆردووی کرێکاران، لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕ و ئامانج و مەیل و حیزبە جۆراوجۆرانەی کە تیایدایە، نوێنەری گۆڕین یان باشکردنی ئەم نیزامەی ئێستایە بە قازانجی جەماوەری بێبەش و ستەمدیدەی کۆمەڵگا. ئۆردووی بۆرژوازیش، دیسانەوە بە هەموو ڕێباز و حیزبە سیاسی و بیرمەند و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانییەوە، خوازیاری پاراستنی کۆڵەکەکانی ئەم دۆخەی ئێستایە و لە بەرامبەر گوشاری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی کرێکاریدا داکۆکی لە نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵات و ئیمتیازاتە ئابووری و سیاسییەکانی بۆرژوازی دەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتە چینایەتییەوە سەردەردێنێ. ڕیزێکە لە ئۆردووگای پرۆلیتاریا. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار بۆ ژێرەوژوورکردنی نیزامی سارمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێی بێ چین و چەوسانەوەیە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەڵام نە تەنها ئازادی و یەکسانی، بەڵکە تەنانەت سرینەوەی چەوسانەوە و چینەکانیش، ئامانجێکی تایبەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری نییە. لە کۆمەڵگاکانی پێشووشدا ئەم ئامانجانە ئاڵای بزووتنەوە جیاجیاکانی چین و توێژە بێبەشەکان بوون. ئەو شتەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکوو بزووتنەوە و ئامانجێکی کۆمەڵایەتی لە هەوڵ و کۆششە ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری چ لە ڕووی عەمەلی و کۆمەڵایەتییەوە، چ لە ڕووی ئامانج و فیکرەوە، لە بەرامبەر سەرمایەداری، واتە پێشکەوتووترین و مۆدێرنترین نیزامی چینایەتیدا ڕادەوەستێ.

کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی پرۆلیتاریایە، ئەو چینەی کە خۆی بەرهەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانی مۆدێرنی پیشەسازییە. ئەو چینەی کە لەسەر فرۆشتنی هێزی کاری خۆی دەژی و جگە لە هێزی کاری خۆی ئامرازێکی تر بۆ بەرێوەچوونی گوزەرانی شک نابات. پرۆلیتاریا کۆیلە نییە، ڕەعیەت نییە، وەستاکار و پیشەوەر نییە، نە مولکی کەسێکە و نە کۆیلەی کەس، نە خۆیشی خاوەنی ئامرازی کاری خۆیەتی. هەم ئازادە و هەم ناچارە کە هێزی کاری خۆی لە بازاڕدا بە سەرمایە بفرۆشێت. پرۆلیتاریا، بەرهەمی سەرمایەداری و پیشەسازی مۆدێرنە و چینی چەوساوەی سەرەکییە لەم نیزامەدا.

بنەما فیکرییەکان و ئامانجی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر بنەمای ڕەخنە لە پایە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی نیزامی سەرمایەداری دامەزراوە. ڕەخنەیەکی حەقیقی و شۆڕشگێڕە. دیدی زەحمەتکێشان و بەرهەمهێنەرانی غەیرە پرۆلیتێری بۆ ئازادی و یەکسانی و بەختەوەریی بەشەر، چ ئەمڕۆ و چ لە کۆمەڵگاکانی پێشوودا، بە ناچاری ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، هەروەها ڕەنگدانەوەی جێوشوێنی خودی ئەوانە لە پەیوەند بە بەرهەمهێنان و خاوەندارێتییەوە. دیدی کۆیلە بۆ ئازادی بە ناچاری زۆر لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری تێناپەڕێ و دەرکی ڕەعییەت یان پیشەوەری بچووکی شار لە یەکسانی ناتوانێ شتێکی زیاتر لە یەکسانیی مافی خاوەندارێتی بێت. بەڵام بە سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا وەکوو جەماوەری فراوانی بەرهەمهێنەرانی داماڵراو لە هەر جۆرە خاوەندارێتییەکی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، چینێک کە ئەسارەت و چەوسانەوە

ئابوورییەکەی، ڕێک لەسەر بناغەی ئازادییە حوقووقییەکەی بنیات نراوە، ئاسۆی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە بنەڕەتەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پرۆلیتاریا ناتوانێ ئازاد بێت بێ ئەوەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی لە خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشبوونی چینایەتی ڕزگاری ببێ. یەکسانی مەسەلەیەکی حوقووقیی ڕووت نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا و لە بنەڕەتدا ئابووری_ کۆمەڵایەتییە.

ڕەخنەی پرۆلیتاری لە سەرمایەداری، هەروەها جیهانبینی و خەباتی سیاسیی ئازادیخوازانە و ڕزگاریخوازانەی کرێکاریی کە نزیکی دوو سەدە بەر لە ئێستا لە شێوەی دیاریکراوی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا سەری هەڵدا، بە هۆی مارکسیزمەوە هاوئاهەنگی و بەرچاوڕۆشنی و توانستێکی تیۆریی مەزنی بەدەست هێنا. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە درێژایی مێژووی خۆی، پەیوەندییەکی قووڵ و نەپساوی لەگەڵ مارکسیزم و ڕەخنەی مارکسیستی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەبووە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەسەرهەڵدانی سەرمایەداری و چینی کرێکاری کرێگرتە قەوارەی گرت و گشتیترین و قووڵترین شێوەی ڕەخنە و ناڕەزایەتیی چینی کرێکار بە نیزامی سەرمایەداری و مەینەتییەکانی نۆێنەرایەتی دەکات. ئامانج و بەرنامە عەمەلییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بناغەی ڕەخنەی مارکسیستی لە بنچینەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریی هاوچەرخ، وەکوو ئاخرین و مۆدێرنترین و پێشکەوتووترین شێوەی کۆمەڵگای چینایەتی دامەزراوە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری، بزووتنەوەیەکی دابڕاو لە گشت چینی کرێکار پێک ناهێنێ و بەرژەوەندییەکی جیا لە بەرژەوەندیی هەموو چینی کرێکاری نییە. جیاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ باقی بزووتنەوە و حیزبە کرێکارییەکان لەوەدایە کە یەکەم، لە خەباتی چینایەتی هەر وڵاتێکدا، ئاڵای یەکێتی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کرێکارانی سەراسەری جیهان بەرز دەکاتەوە، دووەمیش، لە قۆناغ و سەنگەرە جیاجیاکانی خەباتی چینی کرێکاردا، بەرژەوەندیی تێکڕای بزووتنەوەی پێشڕەوترین بەشی چینی کرێکارە کە هەلومەرج و پێداویستییەکانی سەرکەوتن و دوا ئامانجی خەباتی چینایەتی بە باشی دەناسێ و لە پێناو هێنانەمەیدانی بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکاردا تێدەکۆشێ.

سەرمایەداری

کارنامە

نیزامی سەرمایەداری سەرچاوە و هۆی مانەوەی هەموو ئەو کوێرەوەرییانەیە کە بەرۆکی مرۆڤی ئەمڕۆکەی گرتووە. هەژاری و بێبەشی، جوداسازی و نایەکسانی، ئیستیبداد و سەرکوتی سیاسی، نەزانی و خۆرافە و دواکەوتوویی کولتووری، بێکاری، بێ خانە و لانەیی، نائەمنیی ئابووری و سیاسی، فەساد و تاوان، هەر هەموویان ئاکامی حەتمیی ئەم نیزامەن. قسەکەرانی بۆرژوازی بۆ نکۆڵیکردن لەم حەقیقەتە، پێمان دەڵێن کە ئەم مەینەتییانە سەرمایەداری دای نەهێناون، هەموویان بەر لە سەرمایەداریش هەر هەبوون، پێمان دەڵێن کە چەوسانەوە و دەستبەسەراگرتنی دەسترەنجی بەرهەمهێنەران، سەرکوت، جوداسازی، ستەمکێشیی ژن، نەزانی، خورافە، ئایین و لەشفرۆشی کەم و زۆر هاوتەمەنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین.

ئەوەی لەم نێوەدا پەردەپۆش دەکرێ ئەم ڕاستییەیە کە یەکەم، هەموو ئەم کوێرەوەری و بێبەشییانە لەم کۆمەڵگایەدا، ناوەڕۆک و مانایەکی تازەیان پەیدا کردووە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی دنیای سەرمایەداریدا دێنەوە و هەموو ڕۆژێک سەرلەنوێ لە هەناوی سەرمایەداریی مۆدێرنی ئەمڕۆوە وەکوو بەشێکی جیانەکراوەی ئەم نیزامە، سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە. سەرچاوەی هەژاری و برسێتی، بێکاری و بێ خانە و لانەیی و نا ئەمنیی ئابووری لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، نیزامی ئابووریی کۆتایی سەدەی بیستەمە. ئیستیبداد و دیکتاتۆرییە خوێناوییەکان، جەنگەکان، کوشتارە بە کۆمەڵەکان و سەرکوت و داپڵۆسینێک کە لە ژیانی ئەمڕۆدا بووەتە نسیبی سەدان ملیۆن ئینسان، حیکمەتی خۆیان لە پێداویستی و پێشمەرجەکانی نیزامی زاڵ بەسەر دنیای ئەمڕۆدا وەردەگرن و خزمەت بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی هەر ئەم دنیایە دەکەن. ژێردەستەیی ژن ئەمڕۆ لە پانتایی جیهاندا، بەرهەمی ئابووری و ڕەوشتگەلی سەدەکەنی ناوەڕاست نییە، بەرهەمی نیزامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە.

دووەم، ئەوە بۆرژوازی و نیزامی سەرمایەداریە کە هەمیشە و بە سەرسەختانەترین شێوە بەرامبەر بە تەقەلای هەموو ڕۆژەی جەماوەری فراوانی خەڵک لە چوارگۆشەی

جیهان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کوێرەوەری و بێبەشی و دوواکەوتوویییانەدا ڕادەوەستێ. هەوڵی هەموو ڕۆژەی کرێکار بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و گوزەران و مافە مەدەنییەکانی جەماوەری فراوانی خەڵک جگە لە بۆرژوازی و حیزب و دەوڵەت و زوڕناژەنەکانی، لەگەڵ کۆسپێکی تر بەرەوڕوو نییە. یەکەمین کۆسپێک کە دێتە سەر ڕێگای خرۆشانەکانی جەماوەری فراوانی خەڵک لە ناوچە دواکەوتوو و بێبەشەکان بۆ دەخاڵەتکردن لە چارەنووسی خۆیاندا، هێزی سەرکوتی بۆرژوازیی ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکانە. دەوڵەت، ئایین وەکوو دامەزراوێک، میدیاکان و دەزگا ئیعلامییە مەزنەکانی بۆرژوازی، داب و نەریت و ڕەوشتگەل و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی چینی دەسەڵاتدار هەموویان دەبنە مایەی قەوارەپێدانی بیروباوەڕە دواکەوتوو و دەمارگیر و تەفرەقەئامێزەکان لەنێو جەماوەری خەڵک و نەوە یەک لە دوای یەکەکاندا. گومانی تێدا نییە کە ئەوە سەرمایەداری و بۆرژوازییە کە بووەتە ڕێگر لەبەردەم ڕەخنەگرتن و گۆڕینی جیهانی ئەمڕۆ لە لایەن ئەو ملیۆنەها ئینسانەوە کە نە تەنها لەم نیزامەی ئێستا دەنگیان دەرهاتووە، بەڵکوو کەم و زۆر بەو هێڵە گشتییانەش گەیشتوون کە دەبێ لەسەر بنچینەیان، کۆمەڵگایەکی شایستەی ئینسانیی بنیات بنرێ.

ئەمڕۆ، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا و لەوپەڕی جیهانیبوونەوەی سەرمایە و سەرمایەداریدا، لە جەرگەی مەزنترین شۆڕشە تەکنەلۆژییەکاندا، مرۆڤایەتی یەکێک لە ترسناکترین قۆناغەکانی مێژووی خۆی بەسەر ئەبات. مەسەلەی مانەوەی فیزیکی بووەتە گرفتی ملیۆنەها ئینسان لە وڵاتانی هەژارکەوتووی ئەفریقیا و ئاسیا و تا ناوجەرگەی پایتەختەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا. بێئومێدی بە تەواوی جێگای ئومێدی گەشەی ئابووریی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی گرتۆتەوە. کابووسی هەمیشەیی قاتوقڕی و بێ خۆراکی و نەخۆشی جێگای خەونی گەشەی گرتۆتەوە. لە ئەورووپا و ئەمەریکای پێشکەوتوودا، بە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە متبوونێکی قووڵی ئابووری، مژدەی نیوەناچڵی "ڕەونەق بەبێ دەرفەتی کارکردن"، ڕێک هەمان کابووسی ناوەتە بەردەم ملیۆنەها خێزانی کرێکاریی. جەنگ و کۆمەڵکوژی هەر پێنج کیشوەرەکە دەگرێتەوە. مەزنترین پاشەوپاش گەڕانەوەی فیکریی و کولتووری لە ئارادایە، هەر لە پەرەسەندنەوەی سەرلەنوێی دواکەوتوویی ئایینی، پیاوسالاری، نەژادپەرستی، ڕەگەزپەرستی و فاشیزمەوە تا داتەپینی ماف و پلە و پایەی تاکەکان

لە کۆمەڵگادا و سپاردنی هەموو وجود و ژیانی ملیۆنەها خەڵک لە منداڵ و پیر و لاو بە دەستی بێڕەحمی بازاڕی ئازاد. تاوانی نەخشەمەندانە لە زۆربەی وڵاتەکاندا بووەتە واقیعییەتێکی چەسپاو بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ژیانی ئابووری و سیاسیی هەموو کۆمەڵگادا. ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و توانای ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری تۆڕە تاوانکارەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مەوادانە بووەتە گرفتێکی هەرە گەورە و لەچارنەهاتووی نێونەتەوەیی. نیزامی سەرمایەداری و پرانسیپی هەموو شتێک لە پێناوی قازانجدا، هەموو ژینگەی لەگەڵ مەترسی گەورە و زیانی لەقەرەبوو نەهاتوو ڕووبەڕوو کردۆتەوە. لەم نێوەدا بیرمەندان و قسەکەرانی بۆرژوازی، تەنانەت هیچ جۆرە وەڵامێکیشیان لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا پێ نییە. ئەمە واقیعییەتی عەمەلیی سەرمایەداریی ئەمڕۆیە کە ئایندەیەکی یەکجار پڕ مەترسی دەنێتە بەردەم هەموو خەڵکی جیهان.

کۆڵەگەکانی سەرمایەداری

کۆمەڵگای هاوچەرخ بێگومان کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز و ئاوێتەیە. بە میلیارد ئینسان لە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە فراوان و هەمەچەشنەکاندا لەگەڵ یەکتریدا هەڵسوکەوتی هەمیشەیی دەکەن. تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنان مەودایەکی سەرسووڕهێنەریان پەیدا کردووە، ژیانی فیکری و کولتووریی مرۆڤی ئەمڕۆ، هەر وەک گرفت و مەینەتییەکانی، فراوان و هەمەجۆرە. بەڵام ئەم هەموو ئاڵۆزییە تەنها کۆمەڵێک حەقیقەتی سادە و ئاسان لەبەرچاو ون دەکەن کە بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهانی سەرمایەداری پێک دەهێنن.

بنچینەی نیزامی سەرمایەداری وەکوو هەر نیزامێکی چینایەتی تر، چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆیە، واتە دەست بەسەراگرتن و موڵکایەتیکردنی بەشێک لە بەرهەمی کاری ئەوان لە لایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە. تایبەتمەندیی هەر نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە سەردەمە جیاجیاکاندا، بە درێژایی مێژوو، لەو شێوازە تایبەتەدایە کە لە هەریەکێکیاندا ئەم چەوسانەوەیە ئەنجام دەدرێ. لە سیستەمی کۆیلەداریدا نە تەنها بەرهەمی کاری کۆیلە، بەڵکوو هەموو وجودی ئەو، موڵکی خاوەنەکەیەتی. کۆیلە بۆ خاوەنەکەی کار دەکات و لە بەرامبەردا لە لایەن ئەوەوە ژیانی دابین دەکرێ. لە نیزامی فیۆدالیدا ڕەعییەت بەشێک لە بەرهەمەکەی دەداتە خاوەن موڵک و ئاغا، وە

یان چەند کات و ڕۆژێک بێگاری بۆ دەکات. چەوسانەوە لە نیزامی سەرمایەداریدا لەسەر بنچینەیەکی تەواو جیاواز ڕاوەستاوە.

لێرەدا بەرهەمهێنەرانی سەرەکی، واتە کرێکاران، ئازادن، مولکی هیچ کەسێک نین، بە مولک و زەوییەوە نەبەستراونەتەوە و ژێردەستەی هیچ ئاغایەک نین. خۆیان خاوەنی لەش و هێزی کاری خۆیانن و هەر خۆیان تیایدا خاوەن بڕیارن. بەڵام کرێکاران لەم نیزامەدا لە ڕوویەکی تریشەوە "ئازاد"ن، ئەوان خاوەنی هیچ جۆرە ئامرازێکی کار و بەرهەمهێنان نین. هەر بۆیە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان ناچارن لەبەرامبەر کرێدا هێزی کاری خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە چینی سەرمایەدار، واتە ئەو کەمینە بچووکەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایە و پاوانیان کردووە، بفرۆشن و دواتر پێداویستییەکانی گوزەران و ژیانی خۆیان، کە خۆیان بەرهەمیان هێناوە، لە بازاڕ لە سەرمایەدار بکڕنەوە. کاڵابوونی هێزی کار لە لایەک و لە لایەکی ترەوە خاوەندارێتی تایبەتیی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، ئەمانە کرۆکی سەرمایەداری و بنچینەی چەوسانەوە لەم نیزامەدا پێک دەهێنن. ناکرێ بیر لە بوونی کۆمەڵگای بەشەری و خودی مانەوەی ئینسان و دابینکردنی پێداویستییەکانی لە سایەی هەر نیزامێکدا بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی کە هێزی کاری زیندووی ئینسانەکان ئامراز و هۆیەکانی کار بخاتە گەڕ و بەرهەمی نوێ بخوڵقێنێ. بەڵام هێزی کار و هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە نیزامی سەرمایەداریدا، بە دیواری خاوەندارێتیی تایبەتی لێکجیا کراونەتەوە. بوونەتە هەندێک کاڵا کە خاوەنەکانیان دەبێ لە بازاڕدا لەگەڵ یەکتری ڕووبەڕوو ببنەوە. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە خاوەنی ئەم کاڵایانە لە بازاڕدا دەکەونە سەودایەکی هاوسەنگ و ئازادەوە. کرێکار هێزی کارەکەی بۆ چەند سەعاتێکی دیاریکراو بە سەرمایەدار، واتە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەفرۆشێ و لەبەرامبەر ئەمەدا کرێ وەردەگرێ. سەرمایەدار، هێزی کار ئەخاتە گەڕ، بەکاری ئەهێنێ، وە سەرئەنجام بەرهەمی نوێ بەرهەم دێنێ. ئەم کاڵایانە لە بازاڕدا دەفرۆشرێت و ئەو پارەیەی کە بەدەست دێت وەکوو سەرمایە سەرلەنوێ سووڕی بەرهەمهێنان دەستپێ ئەکاتەوە.

بەڵام لەودیوی سەودای بە ڕواڵەت هاوسەنگی کار و سەرمایەوە، نایەکسانییەکی بنەڕەتی خۆی حەشارداوە کە چارەنووسی هەموو بەشەرییەتی ئەمڕۆ دیاری دەکات و ڕزگاری و ئازادیی کۆمەڵگا بەبێ ڕزگاربوون لەمە مەیسەر نابێ. کرێکار بە

کرێیەک کە وەری دەگرێ، تەنها ئەو شتە بەدەست دێنێتەوە کە فرۆشتوویەتی، واتە توانای کارکردن و سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ بازاڕی کار. چینی کرێکار بە کاری هەر ڕۆژەی هێزی کار زامن دەکات. بەڵام سەرمایە لەم نێوەدا کەڵەکە دەکات و پەرە ئەسێنێ. هێزی کار هێزێکی خوڵقێنەرە. بایی تازە بۆ کڕیارەکەی بەرهەم دێنێ، بایی ئەو بەرهەم و شمەکانەی کە هەر جارێک لە لایەن چینی کرێکارەوە بەرهەم دێت، زیاترە لە کۆی ئەو بەشەی بەو ئەبڕێ و ئەو بەشە لە بەرهەمهێنان کە بۆ دەستپیاهێنانەوەی ئەو هۆیانەی بەرهەمهێنان خەرج دەکرێت کە بەکار براون یان سەرف کراون. ئەم زێدەباییە، کە خۆی بە شێوەی خەرواریک لە کاڵاکان نیشان دەدات، بە هۆی خاوەندارێتیی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەچێتە کیسەی ئەوەوە و سەرمایەکەی هەر چی قەبەتر دەکات. هێزی کار لە میانەی ئاڵووێری لەگەڵ سەرمایەدا تەنها خۆی سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوە. لە کاتێکدا کە سەرمایە لە ئاڵووێری لەگەڵ هێزی کاردا گەشە دەکات. توانای داهێنەرانەی هێزی کار و چالاکیی خوڵقێنەرانەی چینی کرێکار، خۆی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەی تازە بۆ چینی سەرمایەدار دەردەخات. هەر چی چینی کرێکار زۆرتر و باشتر کار بکات، توانای سەرمایە زیاد دەکات. توانای سەرسووڕهێنەری سەرمایە لە جیهانی ئەمڕۆدا و دەسەڵاتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بەسەر ژیانی ئابووری و سیاسی و فیکریی میلیاردەها دانیشتووانی سەرگۆی زەویدا، شتێکی تر جگە لە ڕەنگدانەوەی ئاوەژووی توانای خوڵقێنەرانەی کار و بەشەرییەتی کرێکار نییە.

بەم جۆرە چەوسانەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەبێ هیچ کۆت و زنجیرێکی ئاسنین لە گەردن و دەست و پێی بەرهەمهێنەران، لە ڕێگەی بازاڕ و سەودای ئازاد و هاوسەنگیی کاڵاکانەوە مەیسەر دەبێت. ئەمە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سەرمایەداریە و لە ڕووی جەوهەرییەوە لە هەموو نیزامەکانی پێشووی جیا دەکاتەوە.

تێکڕای زێدەبایی بەدەستهاتوو لە چەوسانەوەی چینی کرێکار بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی بازاڕ و هەروەها لە کەناڵی سیاسەتە دارایی و دراوییەکانی دەوڵەتانەوە لە نێوان بەشە جیاجیاکانی چینی سەرمایەداردا بەش دەکرێت. قازانج و سوود و مولکانە شێوە سەرەکییەکانی بەش پێبڕانی سەرمایە جیاجیاکانە لە بەروبوومی ئەم

چەوسانەوە چینایەتییە. کێبەرکێی سەرمایەکان لە بازاڕدا بڕی هەر بەش و یەکە و دامەزراوێکی سەرمایەداری دیاری دەکات.

بەڵام کار بەمە کۆتایی نایەت. سەرجەم خەرجی داموودەزگای دەوڵەت و سوپا و سیستەمی بەڕێوەبردنی بۆرژوازی، سەرجەم خەرجی داموودەزگا ئایدیۆلۆژی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی و خەرجی ئەو ژمارە زۆرە لە ئینسانەکان کە لە ڕێگەی ئەم داموودەزگایانەوە پارێزگاری و پاسەوانیی لە دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەکەن، هەر لەم سەرچاوەیەوە دابین دەکرێت. چینی کرێکار بە کاری خۆی خەرجیی چینی دەسەڵاتدار، خەرجیی کەڵەکەبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی سەرمایە و خەرجیی باڵادەستیی سیاسی و کولتوورییی و فیکریی بۆرژوازی بەسەر خۆی و هەموو کۆمەڵگادا دابین دەکات.

بە کەڵەکەبوونی سەرمایە هەمیشە قەوارەی خەرواری ئەو کاڵایانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگای بۆرژوایی پێک دەهێنن زیاد دەکات. گەشەی هەمیشەیی و خێرای تەکنیک و چوونەسەری قەوارە و توانای ئامراز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان کە چینی کرێکار لە هەر سووڕێکی تازەی بەرهەمهێناندا دەیانچەرخێنێ، ئاکامی بێ ئەملا و ئەولای پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ مەودای پەرەسەندنی سەروەت و سامان و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگادا، چینی کرێکار هەمیشە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بێبەشتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەها و یەکلایەنە سەیری بکەین، دەبینین کە پلە بە پلە و بە شێوەیەکی سنووردار ژیانی کرێکاران لانی کەم لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا دەچێتە سەرەوە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە لە پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەدا ڕێژەی بەشی چینی کرێکار لە تێکڕای سەروەتی کۆمەڵگا، بە خێرایی دێتە خوارەوە و مەودای نێوان ئاستی ژیانی چینی کرێکار و ستاندارده مومکینەکانی ئاسایش و خۆشگوزەرانی، کە بە هەوڵ و تەقەلای خودی ئەو بەدی هاتووە، قووڵتر دەبێتەوە. هەر چی کۆمەڵگا سەروەتمەندتر دەبێت، ئەوەندەی تر کرێکار تیایدا بەشێکی مەحرووەمتر پێک دەهێنێ.

باشبوونی تەکنیک و چوونەسەری ئاستی بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنانی کار، بە مانای ئەوە دێت کە هەر چی زیاتر دەزگا و ئامێر و سیستەمە ئۆتۆماتیکەکان جێگای هێزی کاری زیندوو بگرنەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئینسانی و ئازاددا ئەمە دەبێ بە مانای فەراهەمبوونی دەرفەتی زیاتر بۆ هەمووان بێت، بۆ دەستئاوەڵابوون و

چێژوەرگرتن لە ژیان. بەڵام لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کە هێزی کار و هۆیەکانی کار تەنها کۆمەڵە کاڵایەکن کە سەرمایە بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج بە دەستییەوە گرتووە، جێگرتنەوەی ئینسان بە ئامێر دەبێتە مایەی بێکاری و بێکارسازیی هەمیشەیی بەشێک لە چینی کرێکار و بێبەشبوونیان لە دەرفەتی دابینکردنی گوزەران. پەیدابوونی لەشکرێکی زەخیرە لە کرێکارانی بێکار، کە تەنانەت دەرفەتی فرۆشتنی هێزی کاری خۆشیان نییە، ئاکامێکی حەتمیی ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەیە کە لە هەمان کاتدا خۆی یەکێک لە مەرجەکانی بوون و مانەوەی نیزامی سەرمایەداریش دابین دەکات. بوونی سوپایەکی زەخیرەیی لە بێکاران. کە لە بنەڕەتدا ئەرکی بەڕێوەچوونی ژیانیان دەکەوێتە ئەستۆی بەشی لەسەرکاری خودی ئەم چینە، کێبەرکێ لەنێو چینی کرێکاردا پەرەپێ دەدات و کرێ لە ئاستێکی هەرچی کەمتردا ڕادەگرێ. ئەم سوپای زەخیرەیە ئەو دەرفەتەش بە سەرمایە دەدات کە بڕی ئەو هێزی کارەی کە دەیخاتە گەڕ، بەپێی پێویستییەکانی بازاڕ کەم و زۆر بکات. بێکاری، دەرهاویشتەیەکی لاوەکیی بازاڕ، یان ئاکامێکی سیاسەتی هەڵەی ئەم، یان ئەو دەوڵەت نییە، بەڵکوو بەشێکی زاتیی کارکردی سەرمایەداری و ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەیە.

قەیرانە ئابوورییە ناوبەناوەکان بە ئاکامە ترسناک و ماڵوێرانکەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، بەشێکی جیانەکراوەی نیزامی سەرمایەدارین. ئەم قەیرانانە لە بنەڕەتدا لە ناکۆکییەکی بنچینەیی نێوجەرگەی خودی پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە سەرچاوە دەگرن. لە کاتێکدا کە کار سەرچاوەی قازانج و زێدەباییە، ڕەوتی کەڵەکەبوونی سەرمایە و گەشەی حەتمیی تەکنیک، بە بەردەوامی ڕێژەی هێزی کار بە بەراورد لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێنان دێنێتە خوارەوە. زێدەبایی بەرهەمهاتوو، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەها و یەکلایەنەش ڕوو لە زیاد بوون بێت، بە شێوەی ئاسایی ناتوانێ هاوشان لەگەڵ چوونەسەری هەمیشەیی ئەو سەرمایەیەی کە دەخرێتە کارەوە زیاد بکات. تێکڕای قازانجی سەرمایە، بەپێی یاسا ماددییەکانی خودی ڕەوتی کەڵەکەبوونی سەرمایە، بە ناچاری ڕوو لە دابەزینە. هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم دابەزینە و ڕاگرتنی تێکڕای قازانج بە تایبەت لە ڕێگەی توندکردنەوەی چەوسانەوە، کەمکردنەوەی بەشی چینی کرێکار لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا کە لە شێوەی کرێ و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و

... تاد. دا پێی دەدرێت، مەشغەڵەی هەموو ڕۆژەی چینی سەرمایەدار و دەوڵەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی و هەروەها توێژاڵێکی فراوان لە بیرمەندانی ئابووری و بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی بۆرژوازییە لە سەرتاسەری جیهاندا.

سەرباری هەموو ئەم هەوڵانە، ناکۆکییە دەروونییەکانی سەرمایە و ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی تیکڕای قازانج، هەموو جارێک سەرەنجام خۆی ئەسەپێنێت و هەموو نیزامی ئابووری دەکێشێتە قەیرانێکی قووڵەوە. سەردەمی متبوون و قەیران نە تەنها نیشانە و بەڵگەی توندبوونەوەی ناکۆکییە دەروونییەکانی سەرمایەیە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا میکانیزمی عەمەلیی خامۆشکردنەوەی قەیران و دەست بە خۆدا هێنانەوەی سەرمایەشە. کێبەرکێ لە نێوان توێژە جیاجیاکانی سەرمایەدا توند دەبێتەوە و گەلێکیان دەکەونە داوی ئیفلاسبوونەوە. ئەمە لە هەمان کاتدا سەرمایە لاوازەکان لە مەیدان دەکاتە دەر و هەلومەرجی قازانجهێنان بۆ ئەوانەی کە دەمێننەوە لەبارتر دەکات. لە لایەکی تریشەوە چینی سەرمایەدار و دەوڵەتەکانی لە وڵاتە جیاجیاکاندا هێرشێکی بەربڵاو لە شێوەی جۆراوجۆردا بۆ سەر ئاستی ژیانی چینی کرێکار دەستپێ دەکەن. ژمارەی بێکاران بە خێرایی دەچێتە سەرەوە و چەوسانەوەی تێکڕای چینی کرێکار توندتر دەبێتەوە.

سەرمایە لە دڵی قەیرانێکدا چەقبەستووتر دێتە دەرەوە و بەم پێیەش قەیرانی دواتر بە مەودایەکی فراوانتر و قووڵترەوە سەر هەڵدەدات و دەبێتە مایەی کێبەرکێ و کێشمەکێشێکی توندوتیژتر لەناو خودی چینی سەرمایەداردا. سووککردنی هەر قەیرانێکی تازە، خۆسازدانەوەیەکی هەمە لایەنەتری سەرمایە دەخوازێ. پێبەپێی ئەمەش ئاسۆیەک کە بۆرژوازی دەینێتە بەردەم کۆمەڵگا، جار لە دوای جار تاریکتر و خەتەرناکتر دەبێت.

ئاکام و دەرهاویشتەکانی ناکۆکی و قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداری تەنها لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئابووریدا نامێنێتەوە. جەنگە ماڵوێرانکەرەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، میلیتاریزم و دەستدرێژیی سەربازی، داسەپاندنی حوکوومەتە پۆلیسی و سەرکوتگەرەکان، سەندنەوەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی جەماوەر و بە تایبەت چینی کرێکار، پەرەسەندنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی و ڕێکخراوە ڕاستە توندڕەوەکان، توندبوونەوەی ڕاگەیاندن و گوشارە دواکەوتووە ئایینی و

ناسیۆنالیستی و نەژادپەرستانە و دژی ژنەکان، ئەمانە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سەرمایەداریی هاوچەرخن، بە تایبەت لە سەردەمی قەیرانەکاندا.

دەوڵەت و سەرخانی سیاسی

قسەکەرانی کۆمەڵگای بۆرژوازی وای نیشان دەدەن، دەوڵەت دەزگایەکی پێویستە کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەپێی بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا پێک هاتووە. دەزگایەک کە گوایە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتیی جەماوەرە و دەسەڵاتی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات. دەڵێن یاسا زاڵەکان، کۆمەڵە پرانسیپێکی بەڵگەنەویست و سروشتی و جێی ڕەزامەندیی تاکەکانی کۆمەڵگان و دەوڵەت زامن و جێبەجێکەری ئەم یاسایانەیە. نیشاندانی دەوڵەت وەکوو دەزگایەکی سەربەخۆ و بێلایەنی بەرژەوەندییە چینایەتییە ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵگا، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی ئایدیۆلۆژیی بۆرژوواییە. ئەم تێڕوانینە بۆ دەوڵەت بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشکەتووی ڕۆژئاوادا کە نیزامێکی پەرلەمانیی سەقامگیرتریان هەیە، ڕیشەیەکی بەهێزتری لەنێو جەماوەردا هەیە. بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتووتریشدا، سەرباری فەرمانڕەوایی دەوڵەتە سەرکوتگەر و پۆلیسییەکان، هەروەها سەرباری ئەوەی کە خەڵک بە گشتی بە چاوێکی خراپ سەیری ئەو دەوڵەتانەی لەسەر کارن ئەکەن، خودی پێویستبوونی دەوڵەت جێگای پرسیار نییە و دەرکی جەماوەر لە دەوڵەت وەکوو دەزگایەک کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای لە ئەستۆیە بە هەمان ڕادە بەهێز و ڕیشەدارە. پەرەسەندنی ڕۆڵی ئابووریی دەوڵەتەکان و بە تایبەت دەخاڵەتی ئەوان لە قەڵەمڕەوی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی ئابووری لەم چەند دە ساڵەی دواییدا، گەلێک پەرەی بەم خۆشباوەڕییانە داوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت گرنگترین ئامرازی چینی دەسەڵاتدارە بۆ یەخسیر هێشتنەوەی جەماوەری چەوساوە. لە ڕووی مێژووییەوە سەرهەڵدانی دەوڵەت ئاکامی پەیدابوونی چەوسانەوە و چینەکان و دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چینی چەوسێنەر و چەوساوە بووە. سەرباری هەموو ئاڵۆزییەکانی بونیادی دەوڵەتانی ئەمڕۆ، دەوڵەت هەر دەزگایەکە بۆ توندوتیژی نواندن و سوپا و دادگا و زیندانەکان کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی پێک دەهێنن. دەوڵەت هێزی سەرکوتگەری سازماندراوی چینی چەوسێنەرە. دەوڵەت ئامرازی پیادەکردنی دەسەڵاتداریتی چینایەتییە. هەر دەوڵەتێک،

جا لە هەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت، چ پاشایەتی و چ کۆماری، چ پەرلەمانی و چ ئیستیبدادی، ئامرازی پیادەکردنی دیکتاتۆریی چین، یان چینە دەسەڵاتدارەکانە.

لە هەر نیزامێکدا، تەنانەت لە توندوتیژترین کۆیلەداریەکانی سەردەمەکانی ڕابردووشدا کە تیایاندا ئینتیمای چینایەتی دەوڵەت شتێکی شاراوە نەبوو، چینی دەسەڵاتدار پێویستی بەوە بووە کە بناغەیەک بۆ مەشرووعییەتدان بە دەوڵەتەکەی بەدەستەوە بدات. پاشایەتی و دەسەڵاتداریتی میراتیی، دەسەڵاتداریتی ئەریستۆکراتی، دەسەڵاتداریتی ئایینی و ئیلاهی، قاڵبە جیاجیاکانی ئەم مەشرووعییەت پێدانە بوون. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کۆمەڵگایەک کە بناغەکەی لەسەر بازاڕ دانراوە و تیایدا کرێکار و سەرمایەدار وەکوو توخمێکی "ئازاد" پێناسە ئەکرێن، کە بە ڕواڵەت دەچنە ناو سەودایەکی ئارەزوومەندانە و هاوسەنگەوە، مافی دەنگدان و پەرلەمان و نیزامی هەڵبژاردن، قاڵبی سەرەکی مەشرووعییەت پێدانی حوکمڕانیی چینایەتیی بۆرژوازییە. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەت ئامرازی حوکمڕانیی هەموو خەڵکە و بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک پێک دێت. بێگومان لە ڕووی مێژووییەوە، مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پەرلەمان، بە کۆمەڵە دەسکەوتێکی گرنگی هەوڵ و کۆششی جەماوەری کرێکار لە پێناو پەرەپێدانی مافە مەدەنییەکانی خۆیاندا دەژمێردرێن. ئەوە بەڵگەنەویستە کە ژیان لە سایەی نیزامێکی لیبراڵیی بۆرژواییدا ئاسانترە وەک لە ژیان لە سایەی نیزامێکی پۆلیسی و ئیستیبدادیدا. بەڵام ئەم قاڵبانە ناتوانن ماهییەتی چینایەتیی دەوڵەتی هاوچەرخ بشارنەوە. جەماوەری بەرینی خەڵکی کرێکار تەنانەت لە پێشکەوتووترین و سەقامگرتووترین و ئازادترین نیزامە پەرلەمانییەکانیشدا، کەمترین ڕێگادەستیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەت و هەنگاوەکانی دەوڵەت هەیە. نیزامی پەرلەمانی توانیویەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژییەکی کەمتر و بە دەستبەدەست پێکردنی پلە و پایە دەوڵەتییەکان لە نێوان بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتدارا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی دەورەییەوە، دەسەڵاتداریتی بێ ئەملا و ئەولای تێکڕای بۆرژوازی بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگادا زامن بکات. دێمۆکراسی پەرلەمانیی، میکانیزمێک بۆ دەخاڵەتی جەماوەر لە کاروباری حوکمڕانیدا نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ مەشرووعییەت پێدانی حوکمڕانی و دیکتاتۆریی چینی بۆرژوا.

کولتوور و ئایدیۆلۆژی و ئەخلاق

چەوسانەوە و جوداسازی و بێمافییەکی ئاوا لە ڕادەبەدەر و لە شێوەیەکی ئاوا ئاشکرادا، بەبێ ملکەچکردن و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندییانە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بەپێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و بە ئەزەلی و ئەبەدی لەقەڵەمدانی و ترساندن و تۆقاندنی ژێردەستانی کۆمەڵگا لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندییانە، ئەرکی سەرخانی فیکریی و کولتووری و ئەخلاقی لەم کۆمەڵگایەدایە. جبەخانەی کولتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسووڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماوەتەوە، بەڵام بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراوەتەوە. دین و ئایینە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیرییە ئەخلاقییە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بە درێژایی مێژوو، چەکە فیکری و کولتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا بۆ کپکردنەوە و بەملکەچی هێشتنەوەی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بوون. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە لە سەردەمی ئێمەدا، خزمەت بە پارێزگاریکردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتداریتی بۆرژوایی لە هەڕەشەی هۆشیاری و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە دەکەن.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگای بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کولتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە، زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانجپەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بە شێوەیەکی گشتی دەژمێردرێن و وەکوو بەها بەرزەکانی بەشەر پیرۆز دەکرێن. لەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندیی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندیی نێوان کاڵاکانە. ئەوە جێگەوشوێنی ئینسانەکانە لە پەیوەند بە خاوەندارێتییەوە کە پلە و پایە و بەهایان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگای کۆنی تێک شکان و وڵاتەکانی پێک هێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدیۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوو، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵاوە و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتۆتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام حوکمڕانی و کۆنترۆڵی فیکری و کولتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵییەوە بێ وێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازییە مەزنەکانی دوو سەد ساڵی ڕابردوو و میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنووورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کولتووری دەبەزێنێ، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە دەستی بۆرژوازییەوە بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرانسیپ و بیروباوەڕە خورافییەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکوو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خۆڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێ شومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە قاڵبە ئەدەبی و هونەرییەکان، گۆڕانکاری میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەرییەکان و پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کولتووریدا ڕووی داوە، لە پلەی یەکەمدا، مەیدانی بە بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژوازییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا داوە. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوندیی گشتی و ئینفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و سەتەلایت لە دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بە دەستی بۆرژوازییەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستێکی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جم و جووڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدییەکانی دامەزراوی خێزان و دەزگا دینییەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگادا گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەورێکی زیاتر لە پاراستنی ئەم هاوسەنگییە ئایدۆلۆژییەی لە کۆمەڵگادا هەیە، دەبینن، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەوییات و ڕەوشتگەلی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لەقاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پووچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگادا. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کولتووریی کۆمەڵگا،

کۆڵەگەیەکی سەرەکیی سەقامگیریی سیاسیی کۆمەڵگای بۆرژواییە، بە تایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێ ئاسۆیی و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتیی گشتیدا.
خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ڕەوشتگەلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری بووە.

شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیزم

کۆمەڵگای ئازادی کۆمۆنیستی

بە سەرەنجدانێکی کورت، ئەوە دەرئەکەوێت کە چۆن جیهانی سەرمایەداری، جیهانێکی لنگەوقووچە. پەیوەندیی نێوان کاڵاکان دەبێتە بناغەی پەیوەندیی نێوان ئینسانەکان. هەوڵ و کۆششی گەورەوگران و هەر ڕۆژەی بەشەرییەتێک کە کار دەکات و جیهان دەخوڵقێنێ، خۆی لە دەسەڵاتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری سەرمایە بەسەر وجودی ئەودا دەبینێتەوە. مەبەست لە چالاکی ئابووری، بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ئینسانەکان نییە، بەڵکوو قازانج هێنانە بۆ سەرمایە. گەشەی هەموو ڕۆژەی تەکنەلۆژی و مەعریفەی زانستی و هونەری کە کلیلی بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی ئینسانە، لەم نیزامەدا دەبێتە مایەی بێکاری و بێبەشیی هەر چی زیاتری سەدان ملیۆن کرێکار. لە جیهانێکدا کە سەرەنجام لەسەر شانی هاوکاری و هەوڵی بەکۆمەڵ بیناکراوە، ڕکەبەرایەتی حوکمڕانی دەکات. ئازادیی ئابووریی فەرد، پەردەیەکە بۆ داپۆشینی ناچاریی هەموو ڕۆژەی بۆ ئامادەبوون لە بازاڕی کاردا، ئازادیی سیاسیی فەرد، بێ مافی و بێ دەورییە سیاسییە واقیعییەکەی دەشارێتەوە و مەشرووعییەت بە دەوڵەت و حوکمڕانیی سیاسیی چینی سەرمایەدار دەدات. یاسا، ئیرادە و بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدارە کە بە شێوەی ڕێوشوێنێک بۆ هەمووان دارێژراوە. لە عەشق و ئینسانییەتەوە تا ماف و دادوەری، لە هونەر و ئەفراندنەوە تا زانست و حەقیقەت، دەستەواژەیەک لە جیهانی سەرمایەداریدا پەیدا نابێت کە مۆری ئەم لنگەوقووچییەی پێوە نەبێت.
ئەم دنیا لنگەوقووچە دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە. ئەمە ئەرکی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ئەمە ئامانجی شۆڕشی کۆمۆنیستیی چینی کرێکارە.

تەوەرەی سەرەکیی شۆڕشی کۆمۆنیستی، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتییە بەسەر هۆیەکانی کار و بەرهەمهێناندا و کردنێتی بە موڵکی گشتیی هەموو کۆمەڵگا. شۆڕشی کۆمۆنیستی، کۆتایی بە دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگا دەهێنێ و نیزامی کرێگرتەیی لەنێو دەبات. بازاڕ و ئاڵوێری کاڵایی و پارە لەنێو دەچن. بەرهەمهێنان لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەموو جەماوەر بۆ خۆشگوزەرانیی هەر چی زیاتری هەموو ئینسانەکان، جێگای بەرهەمهێنان لە پێناو قازانج دەگرێتەوە. کار، کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بۆ زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر تەقەلایەکی ناچاری و کوێرانە و تاقەت پڕووکێنە لە پێناوی بەرێوەچوونی گوزەراندا، جێگای خۆی بە هەڵسووڕانی خوڵقێنەرانە و ئارەزوومەندانە و ئاگایانەی جەماوەر بۆ هەر چی دەوڵەمەندترکردنی ژیانی ئینسانی دەدات. هەر کەسێک بەو پێیەی کە ئینسانە و چاوی بە کۆمەڵگای ئینسانی هەڵهێناوە، بە یەکسان لە هەموو نیعمەتەکانی ژیان و بەروبوومی کۆششی هاوبەش بەهرەمەند دەبێت. هەر کەسێک بەپێی توانای و بۆ هەر کەسێک بەپێی پێویستییەکانی، ئەمە بنەمایەکی سەرەکیی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە.

نە تەنها دابەشبوونی چینایەتی، بەڵکە دابەشبوونی پیشەیی ئینسانەکانیش لەنێو دەچێت. هەموو مەیدانەکانی هەڵسووڕانی خوڵقێنەرانە بە ڕووی هەموواندا دەکرێتەوە. شکۆفایی هەر تاکێک دەبێتە مەرجی شکۆفایی کۆمەڵگا. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کۆمەڵگایەکی جیهانییە. سنوورە میللی و نیشتمانییەکان دەسڕێنەوە و ناسنامەی جیهانداگری ئینسانی جێگای دەگرێتەوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کۆمەڵگایەکە بێ دین، بێ خورافە، بێ ئایدیۆلۆژی و بێ کۆت و زنجیری نەریت و ئەخلاقییاتە کۆنەکان بەسەر ئەندێشەی ئازادی ئینسانەکانەوە.

لەنێوچوونی چینەکان و ململانێی چینایەتی، دەوڵەت دەکاتە دیاردەیەکی زیادە. لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا دەوڵەت دەپووکێتەوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کۆمەڵگایەکە بێ دەوڵەت. کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە کەناڵی هەرەوەز و هاوبیری و پەیوەندیگرتن و بڕیاردانی هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە یەکلایی دەکرێتەوە.

بەم جۆرە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بۆ یەکەمین جار ئامانجی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان بە مانای واقیعی وشەکە بەدی دێنێ. ئازادی، نە تەنها لە ستەم و سەرکوتی سیاسی، بەڵکوو لە ناچاری و یەخسیربوونی ئابووری و ئەسارەتی

فیکری. ئازادی لە مومارەسەکردنی لایەنە جیاجیاکانی ژیان و لە شکۆفایی توانای خوڵقێنەرانە و سۆزە پیرۆزە ئینسانییەکاندا. یەکسانی، نە تەنها لە بەرامبەر یاسادا، بەڵکوو لە بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگادا. یەکسانیی پلە و بەهای هەمووان لە بەرامبەر کۆمەڵگادا.

کۆمەڵگای کۆمۆنیستی شاری خۆشبەختی و ئاواتێکی خەیاڵی نییە. هەموو مەرجەکانی پێکهاتنی نیزامێکی بەم جۆرە، لە هەناوی هەر ئەم جیهانە حازروبزرەی سەرمایەداریدا هەر ئێستا فەراهەم کراون. توانای زانستی، تەکنەلۆژی و بەرهەمهێنانی ئینسانی ئەمڕۆ هێندە ڕەهەندگەلێکی مەزنی پەیدا کردووە، کە داڕشتنی کۆمەڵگایەک لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و دابینکردنی ئاسایشی هەموواندا بە تەواوی لە توانادایە. شۆڕشە ئەلیکترۆنیک و ئینفۆرماتیکەکانی دەیەکانی ئەم دواییە و گۆڕانکاریی سەرسووڕهێنەر لە هۆیەکان و شێوازەکانی پەیوەندیگرتن و گەیاندنی بیستراو و بینراوی زانیاریدا، بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی جیهانی و بەشداریی هەمووان لە داڕشتن و بەرنامەڕێژی و ڕاپەڕاندنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای زیاتر لە هەمیشە مەیسەر کردووە. بەشێکی زەبەلاح لەم توانای بەرهەمهێنانە هەر ئێستاکە، یان بە شێوەی جۆراوجۆر بەفیڕۆ دەدرێت، وە یان بە ئەنقەست دەکرێتە سەروکاری بەرگرتن بە خستنەگەڕی ئەم ئیمکاناتە لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەشەردا. بەڵام سەرباری هەموو زەبەلاحییەکی ئیمکاناتی ماددی کۆمەڵگا، کۆڵەکەی سەرەکیی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هێزی خوڵقێنەر و زیندووی ئەو میلیاردەها ئینسانەیە کە لە ئەسارەتی چینایەتی، لە کۆیلایەتیی بەکرێ، لە ئەسارەتی مەعنەوی و لە خۆ بێگانەبوون و لە سووکایەتییەک کە ئەم نیزامەی ئێستا بەسەریانیدا دەسەپێنێ، ڕزگار دەبن. ئینسانی ئازاد، زامنی بەدیهاتنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە.

سەرمایەداری خۆی ئەو هێزە مەزنە کۆمەڵایەتییەی داوەتەدەر کە دەتوانێ ئەم ئاسۆ ڕزگاریبەخشە بەکردەوە بەدی بێنێ. توانای سەرسووڕهێنەرانەی سەرمایە کە بە پانایی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، ڕەنگدانەوەی توانای چینێکی کرێکاری جیهانییە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بەرەنجامی شۆڕشی کرێکاری بۆ کۆتاییهێنان بە نیزامی کۆیلایەتیی بەکرێیە. بەم پێیە شۆڕشی کرێکاری، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە کە بە ناچاری هەموو بنج و بنەوانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەتەکێنێ. چینی کرێکار، بە

پێچەوانەی هەموو چینە ژێردەستەکانی مێژووی ڕابردووی کۆمەڵگای بەشەری، بێ ئەوەی کە هەموو بەشەرییەت ئازاد بکات ناتوانێ ئازاد بێت. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ئۆتۆپیا نییە، بەڵکوو بەرەنجام و ئامانجی خەباتی چینێکی مەزنی کۆمەڵایەتی لە دژی سەرمایەدارییە. خەباتێکی زیندوو و واقیعی و ڕۆژانە، کە تەمەنی بە ئەندازەی تەمەنی خودی کۆمەڵگای بۆرژواییە.

شۆڕشی پرۆلیتاری و حوکوومەتی کرێکاری

قسەکەران و بیرمەندانی بۆرژوا، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەوە تاوانبار دەکەن کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا، جارِ بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و زەبروزەنگ دەدەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە خودی نیزامی بۆرژواییە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر زەبروزەنگی سازماندراو دامەزراوە. زەبروزەنگ لە دژی گیان و لەشی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی سۆز و بیر و زەینیان، زەبروزەنگ لە دژی ئومێد و هەوڵی ئەوان لە پێناو باشکردنی ژیان و دنیای خۆیاندا. نیزامی کاری کرێگرتە، واتە ناچارکردنی هەموو ڕۆژەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا بە فرۆشتنی توانای جەستەیی خۆیان بە کەسانی دیکە لە پێناو بەڕێوەچوونی ژیانیاندا، خۆی سەرچاوە و جەوهەری هەموو زەبروزەنگە زاتییەکانی ئەم نیزامەیە. ژنان، کرێکاران، منالان، بەساڵاچووان، خەڵکی ناوچە بێبەش و دواکەتووەکانی جیهان، هەر کەسێک کە داوای مافێک دەکات و لە دژی ستەمێک ڕاست دەبێتەوە، وە هەر کەس و هەموو کەسێک کە لەم کۆمەڵگایەدا مۆری ئەم یان ئەو "کەمینە" بەنێوچاوانییەوە نراوە، قوربانیی ڕاستەوخۆ و هەموو ڕۆژەی زەبروزەنگی بێ پەردەی ئەم نیزامەن. شەڕ و کۆمەڵکوژی، لە بنەڕەتدا بە هۆی کێبەرکێی سەرمایەکان و جەمسەرە ئابوورییەکانەوە، لەم نیزامەدا مەودایەکی سەرسووڕهێنەری پەیدا کردووە. تەکنەلۆژیای چەکە نابودکەر و کۆمەڵ کوژەکان چەند ئەوەندە لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان پێشکەوتووترە. جبەخانەی بۆرژوازی لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەوەندە زۆرە کە بەشی نابودکردنی چەندین و چەند جارەی هەموو گۆی زەوی دەکات. ئەمە نیزامێکە کە چەکە ترسناکە ئەتۆمی و کیمیاییەکانی بەکردەوە لە دژی کۆمەڵانی خەڵک بەکار هێناوە. سەرەنجامیش سەرباری هەموو ئەمانە، کۆمەڵگای بۆرژوایی دەتوانێ شانازی بە پێشڕەوییە سەرسووڕهێنەرەکانییەوە

لە بواری کردنی تاوان و کوشتن و دەستدرێژی و پەلاماردان بە مەسەلەیەکی ئاسایی و هەموو ڕۆژە لە ژیانی تێکڕای خەڵکیدا بکات.

ئایا دەکرێ نیزامێکی بەم چەشنە بەبێ پەنابردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ زەبروزەنگ، لەسەر ڕێگای ڕزگاریی ئینسان و بنەبڕکردنی هەتاهەتایی توندوتیژی وەلا بنرێت؟ لە هیچ گۆشەیەکی تیۆری کۆمۆنیزمدا، بەکاربردنی زەبروزەنگ بە بەشێکی جیانەکراوە و زاتیی شۆڕشی کرێکاری دانەنراوە. بەڵام هەر کەسێک کە بڕێک ئەم کۆمەڵگایە بناسێ، دان بەوەدا دەنێ کە چینی دەسەڵاتدار بەخۆشی خۆی لە بەرانبەر ئیرادەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە ناکشێتەوە. ئەگەر بەرگریکردن لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕۆژانەی بۆرژوازی ئەرکی دەوڵەت و دەزگاکانی سەرکوتە، ئەوە هیچ قسەی تێدا نییە کە بەرگریکردن لە خودی مانەوەی سەرمایەداری و خاوەندارێتی بۆرژوایی، فەلسەفەی وجودی ئەوان پێک دەهێنێ. ئەگەر خواستی زیادکردنی کرێ، یان ئازادیی بەیان لەم کۆمەڵگایەدا پێی دەوڵەت و پۆلیس و سوپا دێنێتە ناوەوە، دەکرێ ئەوە پێشبینی بکرێت کە کۆشش بۆ دەستکۆتاکردنی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازی دەبێ لەگەڵ چ کاردانەوە و بەرگرییەکی زەبروزەنگاویدا بەرەوڕوو بێتەوە. زەبروزەنگی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی لە دژی شۆڕشی کرێکاری، لە دژی ئیرادەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کە لەژێر ئاڵای چینی کرێکاردا لە پێناو بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی نوێدا دەخرۆشێن، مەسەلەیەکە کە لە ڕووی عەمەلییەوە حەتمییە.

شۆڕشی کرێکاری دەبێ دەوڵەتی بۆرژوایی بڕوخێنێ. موقاوەمەتی بۆرژوازی لەبەرامبەر شۆڕش و بە تایبەت لە بەرامبەر ئیشتیراکی بوونەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، تەنانەت پاش تێکشکاندنی دەسەڵاتە دەوڵەتییەکەیشی هەر درێژەی دەبێت. لەم ڕووەوە پێکهێنانی حوکوومەتێکی کرێکاری کە ئەم موقاوەمەتە پووچەڵ بکاتەوە و فەرمانی شۆڕش بەجێ بێنێ، مەسەلەیەکی چارەنووسسازە. حوکوومەتی کرێکارییش، وەکوو هەر حوکوومەتێکی دیکە، حوکوومەتێک نییە لە سەرووی کۆمەڵگا و چینەکانەوە. بەڵکوو حوکوومەتێکی چینایەتییە. بەڵام ئەم حوکوومەتە، کە هەر لەبەر ئەمە لە تیۆری مارکسیزمدا بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ناوزەد کراوە، دەوڵەتی زۆرینەی چەوساوەی کۆمەڵگا بۆ داسەپاندنی حوکمی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان بەسەر چینە چەوسێنەرەکان و بۆ زاڵبوون بەسەر هەوڵ و تەقەلا و

پیلانەکانیاندایە. لە ڕووی شکڵ و شێوەوە، حوکوومەتی کرێکاری، دەوڵەتێکی ئازادە کە بڕیاردان و پیادەکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش لە کۆمەڵگادا سازمان دەدات. حوکوومەتی کرێکاری بەپێی ماهییەتەکەی خۆی، حوکوومەتێکی ڕاگوزارە کە بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش زەروورەتی بوونی خۆی لەدەست دەدات و دەپووکێتەوە.

حیزب و ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار

مەرجێکی هەرە گرنگی قەوارەگرتن و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار، پێکهاتنی حیزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییەکانە کە ئاسۆیەکی لەم چەشنە بخەنە بەردەم چینی کرێکار و هێزی ئەم چینە لەم خەباتەدا ئامادە و ڕابەری بکەن. ئەم حیزبانە کە بەر لە هەر شتێک دەبێ ڕێکخراوی یەکگرتووکردنی هۆشیارترین و هەڵسووڕاوترین ڕابەرانی خەباتە کرێکارییەکان بن، دەبێ لە وڵاتە جیاجیاکاندا پێک بێن. سەرمایەداری نیزامێکی جیهانییە، چینی کرێکار چینێکی جیهانییە، کێشمەکێشی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا کێشمەکێشێکی هەمەڕۆژەیە لە ئاستێکی جیهانیدا، هەروەها سۆسیالیزم ئاڵتێرناتیڤێکە کە چینی کرێکار دەینێتە بەردەم هەموو مرۆڤایەتی. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریش دەبێ لە ئاستێکی جیهانیدا ڕێکخراو بێت. پێکهێنانی ئینتەرناسیۆنالێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری، وەکوو ناوەندی یەکخەر و ڕابەریکەری خەباتی جیهانیی چینی کرێکار لە پێناو سۆسیالیزمدا، ئەرکی دەمودەستی بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی چینی کرێکار و هەموو حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان لە وڵاتە جیاجیاکاندایە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی

مارکسیزم و کۆمۆنیزم لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا قورساییەکی مەزنیان لەناو بزووتنەوە جۆراوجۆرە ناڕەزایەتی و ڕێفۆرمیستییەکانی جیهانی سەرمایەداریدا هەبوو. هەمەگیری و قووڵیی ئەندێشەی ڕەخنەگرانەی مارکس و ئینسانییەت و یەکسانیخوازیی قووڵی مارکسیزم لە لایەک، وە لە لایەکی تر بڕەوی عەمەلیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری، بە تایبەت بە بەرپابوونی شۆڕشی کرێکاری 1917 لە ڕووسیا کە کۆمۆنیزمی کردە چرای ئومێدی سەدان ملیۆن کرێکار

و زەحمەتکێش لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکان و تەنانەت غەیرە سۆسیالیستییەکانیش بە درێژایی سەدەی بیستەم ناوی کۆمۆنیست و مارکسیست بە خۆیانەوە بلکێنن. زۆربەی ئەم بزووتنەوانە خزمایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا نەبوو، وە ئەوپەڕەکەی خوازیاری کۆمەڵێک ڕێفۆرم و وردە ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی خودی نیزامی سەرمایەداریدا بوون.

کۆمۆنیزم ئەو ناونیشانە بوو کە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری لە سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ خۆجیاکردنەوە لە سۆسیالیزمی غەیرە شۆڕشگێڕ و هەندێ جار تەنانەت کۆنەپەرستانەی چینەکانی تر، خۆی پێ ناوزەد کردبوو. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ئەوە خودی ناونیشانی کۆمۆنیزم بوو کە کەوتبووە بەر دەستدرێژیی چینەکانی دیکە و بەکردەوە مانا جیاکەرەوەکەی خۆی لەدەست دا. لەژێر ناونیشانی گشتیی کۆمۆنیزمدا، کۆمەڵێک ڕەوت و مەیلی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر سەریان هەڵدا، کە نە لە تێڕوانین و بەرنامەدا و نە لە پێگە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانیاندا، هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزمدا نەبوو. چەند لقێکی ئەم کۆمۆنیزمە غەیرە کرێکارییە، وە لەپێشەوەی هەموویاندا کۆمۆنیزمی بۆرژوایی جەمسەری سۆڤێت، لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا بەکردەوە بوون بە لانکەی سەرەکی و ڕەسمیی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکارییان بەرەو کەنار و تەریککەوتنەوە برد.

گرنگترین ڕەوتی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لە سەدەی بیستەمدا بە بەلاڕێدابردن و دواتر شکست پێهێنانی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیا قەوارەی گرت. بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری بە ڕابەرایەتیی حیزبی بۆڵشەڤیک توانی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەسەڵاتی دەوڵەتیی چینە دەسەڵاتدارەکان تێک بشکێنێ، حوکوومەتێکی کرێکاری بەرپا بکات و تەنانەت هەوڵ و تەقەلا سەربازییە ڕاستەوخۆکانی کۆنەپەرستیی شکست خواردوو بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی پووچەڵ بکاتەوە. بەڵام سەرباری ئەم سەرکەوتنە سیاسییە، چینی کرێکاری ڕووسیا سەرەنجام نەیتوانی گۆڕانکاری لە بنەمای پەیوەندییە ئابووریەکانی ڕووسیادا پێک بهێنێ، واتە هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کرێگرتەیی و ئیشتیراکی کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان. لە نیوەی دووەمی دەیەی بیستدا، لە جەرگەی گوشاری توندی ئابووریی پاش جەنگ و شۆڕش، وە لە نەبوونی

ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی سۆسیالیستییانەی پەیوەندییە ئابوورییەکاندا، دیدی ناسیۆنالیستی بەسەر سیاسەت و ڕێبازی ئابووریی حیزب و بزووتنەوەی چینی کرێکاری ڕووسیادا زاڵ بوو. ئەوەی لە سەردەمی ستالیندا ڕووی دا، نەک بنیاتنانی سۆسیالیزم، بەڵکوو سازدانەوەی ئابووریی میللیی سەرمایەداری لە ڕووسیا، لەسەر بنەمای مۆدێلێکی دەوڵەتی و چاودێریکراودا بوو. لەجیاتی ئامانجی خاوەندارێتیی هاوبەش و سۆسیالیستی، خاوەندارێتیی دەوڵەتیی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بەرقەرار بوو. کرێ و پارە و نیزامی کاری بەکرێ هەروا مانەوە. ناکامیی چینی کرێکاری ڕووسیا لە بەدیهێنانی شۆڕشێک بەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکاندا، بووە مایەی شکستی سەرتاپای شۆڕشی کرێکاری. چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی لەدەست دا. لەجیاتی حوکوومەتی کرێکاری، دەوڵەتێکی تازەبابەتی بۆرژوایی، بە بیرۆکراسی و دامودەزگایەکی سەربازیی زەبەلاحەوە کە لەسەر ئابوورییەکی سەرمایەداریی دەوڵەتی دامەزرابوو، لە ڕووسیا سەری هەڵدا.

ئەم مۆدێلە دەوڵەتییە بووە ئەلگۆی ئابووریی ئەو جەمسەرە بەناو کۆمۆنیستییەی کە بە لەباربردنی شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبەر لە ئاستی جیهانیدا خۆی نواند. دەوڵەتگەرایی ئابووری و دەستبردن بۆ جێگرتنەوەی میکانیزمی بازاڕ بە بەرنامە و بڕیارە ئیدارییەکان، ڕادەیەک لە هاوسەنگ کردنەوەی سامان و دابینکردنی لانی کەمێک لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و بیمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەمووان، ئەمە هەموو ناوەڕۆکە بەناو سۆسیالیستییەکەی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی یەکێتیی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو.

بەڵام سۆڤێت تەنها چاوگی قەوارەگرتنی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لەم سەدەیەدا نەبوو. لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا چەند لقێک لە کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری سەریان هەڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەندێ شتی بنەڕەتیدا لەگەڵ تێڕوانینی ئابووریی کۆمۆنیزمی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا یەکیان دەگرتەوە، واتە لەقەڵەمدانی دەوڵەتگەرایی ئابووری بە سۆسیالیزم و هێشتنەوەی نیزامی کرێگرتەیی، بەڵام لە دیدگای جۆراوجۆری وەک دیموکراسی، ناسیۆنالیستی، ئۆمانیستی و مۆدێرنیستییەوە دەستیان دایە ڕەخنەگرتن لە ئەزموونی سۆڤێت و لەم بلۆکە دوورکەوتنەوە. مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، ئۆرۆکۆمۆنیزم، چەپی نوێ و لقە جیاجیاکانی ترۆتسکیزم لە ڕەوتە بەرجەستەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا بوون. لە وڵاتە دواکەوتوو و

کۆڵۆنییە کۆنەکاندا، ناسیۆنالیزم و بۆچوونە دژی کۆڵۆنیالییەکانی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی و جاروبار بزووتنەوە ئەرزی و جووتیارییەکان بوونە بنەمای جۆرێکی تازە لە کۆمۆنیزمی "جیهانی سێیەم". سەربەخۆیی ئابووری، بەپیشەسازیکردن و پێشخستنی خێرای ئابووریی میللی، بەپێی مۆدێلێکی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژکراو، دەرچوون لەژێر دەسەڵاتی سیاسیی ئاشکرای هێزە ئیمپریالیستییەکان و جاروبار تەنانەت زیندووکردنەوەی نەریت و میراتی کولتووریی کۆنی خۆجێیی لە بەرامبەر مۆدێرنیزم و کولتووری ڕۆژئاواییدا، ناوەڕۆکی ئەم جۆرە کۆمۆنیزمەی پێک دەهێنا. نموونەی بەرجەستەی کۆمۆنیزمی جیهانی سێیەم، ماویزم و کۆمۆنیزمی چینی بوو، کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تێڕوانین و سیاسیی ڕەوتە بەناو کۆمۆنیستییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو دانابوو.

بەرەنجامی سەرهەڵدانی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری لە سەدەی بیستەمدا، تەریککەوتنەوە و پاشەکشەی بەرچاوی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزم بوو. یەکەم، ئامانجە بنەڕەتییەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری و لایەنە جیاجیاکانی تیۆری مارکسیزم پێ بەپێی ناوەڕۆکە غەیرە سۆسیالیستی و غەیرە کرێکارییەکانی ئەم بزووتنەوانە، کەوتنە بەر پێداچوونەوە و بە لێکدانەوەی بنەڕەتی و ئەم لادانانە بە فراوانی جیهاندا وەکوو مارکسیزم و کۆمۆنیزم ناسێتران. دووەم، چەقی قورسایی کۆمەڵایەتیی چینایەتیی کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم لەناو چینی کرێکارەوە بۆ ناو بەشێکی فراوان لە توێژە غەیرە کرێکارییەکان گوێزرایەوە. لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، ڕووناکبیران و خوێندکاران و قوتابیانی زانکۆ و بەشە ڕێفۆرمیستەکانی خودی چینی بۆرژوا بوونە لانکەی سەرەکیی قەوارەگرتن و خۆنواندنی ڕەوتە کۆمۆنیستییەکان. لە وڵاتە دواکەوتووەکانیشدا، سەرەڕای ئەمانە، جووتیارانی نەدار، وردەبۆرژوازی ناڕازی و لە هەمووانیش زیاتر بۆرژوازی ناسیۆنالیست و سەنعەتگەرا و تامەزرۆی گەشەسەندنی ئابووریی میللی، پێگەی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمی ناکرێکارییان پێک هێنا.

لە ئەنجامی نەبوونی نەریتێکی ڕیشەداری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، چینی کرێکار بەکردەوە بۆ دەیان ساڵ توانای خۆنواندنی سیاسیی سەربەخۆ و بەهێزی لە چوارگۆشەی جیهاندا لەدەست دا. لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و تا ڕادەیەک لە

بەشێک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیدا کرێکاران بۆماوەی دەورەیەکی دووروودرێژ بەجارێک کەوتنە دەستی بزووتنەوەی سەندیکایی و حیزبەکانی باڵی چەپی خودی چینی دەسەڵاتدار، بە تایبەت سۆسیال دیموکراسی، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم ڕەوتانە لەبەرچاوی گشتی و تەنانەت لە دیدی بەشێکی فراوان لە خودی کرێکارانیشەوە وەکوو چوارچێوە و لانکی سروشتی و بەڵگەنەویستی بزووتنەوەی کرێکاری سەیر دەکران. لە سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، لە بەرامبەر هەندێ ئیمتییازی لاوەکی بە کرێکاران لە ناوەندی کاردا، بێ مافییەکی سیاسی و بەتاکخستنەوەیەکی بەرین لە ئاستی کۆمەڵگادا بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنرا. لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی دواکەوتووتردا، تەنانەت خودی پێکهێنانی حیزب و دامەزراوە کرێکارییەکانیش تەنها وەکوو خەونێکی سەرکوتکراو مانەوە.

لقە سەرەکییەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لە چەند دەیەی ڕابردوودا، یەک لە دوای یەک بە بنبەست گەیشتن. دوا قۆناغ، هەرەسهێنانی سەرسوورهێنەرانەی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکەندا بوو، کە قسەکەرانی بۆرژوازی بە هەست بەسەرکەوتنەوە، بە "کۆتایی کۆمۆنیزم" ناوزەدیان کرد.

سەرەڕای کەش و هەوای دژی کۆمۆنیستیی سەرەتای نەوەدەکان و هاتوهاواری وڕوکاسکەری بۆرژوازی لەمەڕ سەردەمی "هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم" و سەرباری ئەو هەموو کوێرەوەرییەی کە دوابەدوای داڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەسەر سەدان ملیۆن کەس لە خەڵکی سەراسەری جیهاندا باری، ڕەوتی ئێستای بار و دۆخەکە نیشانەی کرانەوەی کەشوهەوا بۆ سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێوجەرگەی گۆڕەپانی سیاسی، بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدایە. مەرجێکی سەرەکیی ئەم کارە، بەستراوەتەوە بە بەرامبەرکێی فیکری و سیاسیی توندوتۆڵ لەگەڵ لقە جیاجیاکانی کۆمۆنیزمی بۆرژواییدا، کە بە پێشڕەویی بزووتنەوەی چینی کرێکار و پەرەسەندنی برەوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، دیسانەوە لە بەرگی جۆراوجۆردا سەربەرز دەکەنەوە.

شۆڕش و ڕێفۆرم

بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار ئەرکی دەستبەجێی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییە، شۆڕشێک کە سەرتاپای پەیوەندییە چەوسێنەرانەکانی سەرمایەداری ژێرەوژوور دەکات و کۆتایی بەو کوێرەوەری و مەینەتییانە کە لەم نیزامەوە سەرچاوەیان گرتووە دێنێ. بەرنامەی ئێمە، دامەزراندنی دەستبەجێی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستییە. کۆمەڵگایەکی بێبەری لە دابەشبوونی چینایەتی، بێبەری لە خاوەندارێتیی تایبەتیی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، بێبەری لە کرێگرتەیی و بێبەری لە دەوڵەت. کۆمەڵگایەکی ئازادی مرۆیی کە لەسەر بناغەی هاوبەشیی هەمووان لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و لە دیاریکردنی ڕێباز و چارەنووسی کۆمەڵگا دامەزراوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێت. بەڵام ئەو شۆڕشە مەزنە کرێکارییەی کە دەبێ ئەم کۆمەڵگایە بەدیبێنێ، تەنها بە ویستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕوو نادات. ئەمە جووڵانەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و چینایەتییە کە دەبێ لە شکڵ و شێوە و ڕەهەندگەلی جۆراوجۆردا سازمان بدرێت. کۆسپی جۆراوجۆر دەبێ لەسەر ڕێگای لابدرێت. ئەم هەوڵ و کۆششە، فەلسەفەی وجودی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ناوکۆکەی هەڵسووڕانی هەموو ڕۆژەی پێک دەهێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئەم خەباتە لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاریدا لە ئارادایە، ملیاردەها ئینسان لە جەرگەی جیهانێکی سەرمایەداریدا بەردەوام لە هەوڵی هەموو ڕۆژەدان بۆ دابینکردنی گوزەران و ئاسایشی خۆیان. خەباتی شۆڕشگێڕانە لە پێناو بەرپاکردنی دنیایەکی نوێدا، جیا ناکرێتەوە لە هەوڵی هەموو ڕۆژە بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵانی کرێکار هەر لەم دنیایەی ئێستادا.

لە ڕووی سیاسییەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاری نە تەنها هەر ناکۆکییەک لە نێوان بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی ئەم نیزامە و هەوڵ و کۆشش بۆ سەپاندنی ڕێفۆرمێکی هەر چی بەرینتر بەسەریدا نابینێ، بەڵکە حوزوور لە هەردوو سەنگەری خەباتەکەدا بە مەرجێکی بنەڕەتیی سەرکەوتنی یەکجاریی چینی کرێکار دادەنێ. شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێک نییە لە هەژاری و داماوی و ناچاریی هەلومەرجی کرێکارانەوە سەرچاوە بگرێت، شۆڕشێکە کە پشت بە هۆشیاری و ئامادەیی ماددی و مەعنەویی چینی کرێکار دەبەستێ، چەندە کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار لە ئازادییەکی سیاسیی

بەرفراوانتر بەهرەمەند بن، چەندە شەخسییەت و حورمەتی خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی و چینی کرێکار بە شێوەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵگادا جێکەوتەتر بێت، چەندە چینی کرێکار لە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییەکی ئابووریی زیاتر بەهرەمەند بێت و بە شێوەیەکی گشتی چەندە خەباتە کرێکاری و ئازادیخوازانەکان یاسا و ڕێسایەکی سیاسی و خۆشگوزەران و مەدەنیی پێشڕەوتریان بەسەر کۆمەڵگای بۆرژوایيدا سەپاندبێ، بە هەمان ڕادە هەلومەرج بۆ شۆڕشی کرێکاری لە دژی سەرتاپای سەرمایەداری ئامادەتر دەبێ و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لێبڕاوانەتر و هەمە لایەنەتر دەبێت، بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێک ڕادەوەستێ کە لە پێناو ڕێفۆرمی یاسا و ڕێساکانی ئەم نیزامەی ئێستا بە قازانجی خەڵک بەڕێ دەخرێت.

ئەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە خەباتیدا بۆ ڕێفۆرم لە ڕەوت و بزووتنەوە ڕێفۆرمیستەکان جیا دەکاتەوە، چ کرێکاری و چ غەیرە کرێکاری، بەر لە هەر شتێک ئەوەیە کە: یەکەم، کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمیشە پێ لەسەر ئەم ڕاستییە دادەگرێ، کە بەدیهاتنی ئازادی و یەکسانیی تەواو لە ڕێگەی ڕێفۆرمەوە مەیسەر نابێت. تەنانەت قووڵترین و ڕیشەییترین ڕێفۆرمە ئابووری و سیاسییەکانیش بەپێی پێناسەکەی، دەست بۆ بنەما قێزەونەکانی ئەم نیزامە، واتە خاوەندارێتیی تایبەتی، دابەشبوونی چینایەتی و نیزامی کاری بەکرێ نابات. جگە لەمەش ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە شایەدیی سەرتاپای مێژووی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئەزموونی هەر ئێستای وڵاتە جیاجیاکان، بۆرژوازی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە توندوتیژترین شێوە لە بەرامبەر بەدیهاتنی سەرەتاییترین داخوازییەکاندا موقاومەت دەکات. هەروەها ئەو پێشڕەوییانەش کە بەدەست هاتوون، هەمیشە کاتین و ئەگەری زەبرخواردنیان هەیە و شیاوی لێسەندنەوەن. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەناوی خەبات لە پێناو ڕێفۆرمیشدا بەردەوام پێ لەسەر زەروورەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دادەگرێ، وەکوو تەنها ئاڵتێرناتیڤی بە ڕاستی کارا و ڕزگاریبەخشی کرێکاری. دووەم، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەمان کاتدا کە داکۆکی تەنانەت لە بچووکترین باشبوونێکیش لە ژیانی ئابووری و سیاسی و کولتوورییی کۆمەڵانی کرێکار لە کۆمەڵگادا دەکات، هاوکات خستنەڕوو و داواکردنی مافی سیاسی و مەدەنی و خۆشگوزەرانیی هەر چی بەرینتر و پێشڕەوتر بە ئەرکی خۆی دەزانێ. بزووتنەوەکەی ئێمە بۆ دیاریکردنی درووشم و خواستەکانی

لە میانەی خەباتکردن بۆ ڕێفۆرم، خۆی بە دەسترۆییشتوویی و ئیمکانات و توانای چینی سەرمایەدار، بە لێکدانەوەی قازانج و زیانی سەرمایە و بەرژەوەندیی "ئابووریی وڵات" و ... تاد. نابەستێتەوە. خاڵی دەستپێکردنی ئێمە مافە حاشا هەڵنەگرەکانی ئینسانی سەردەمی ئێمەیە. ئەگەر بەدیهاتنی ئەم مافانەی وەک مافی سەلامەتی، مافی فێربوون، ئاسوودەیی ئابووری، یەکسانیی ژن و پیاو، ئازادیی مانگرتن، مافی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی کۆمەڵانی خەڵک لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا، دەستکۆتاکردنی دین و ... تاد. لەگەڵ قازانجی سەرمایە و بەرژەوەندییەکانی نیزامی سەرمایەداریدا نایەنەوە، ئەمە تەنها دەتوانێ بەڵگەیەک بێت بۆ پێویستیی ژێرەژوورکردنی ئەم نیزامە. بزووتنەوەکەی ئێمە لە میانەی خەبات بۆ ڕێفۆرم، هەمیشە ئەم ڕاستییە دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگا و چینی کرێکار. ئامانجی ئێمە لەم خەباتەدا پێکهێنانی سەرمایەدارییەکی دەست پیاهێنراو، سەرمایەدارییەکی خاوەن "ڕوخساری ئینسانی"، یان سەرمایەدارییەکی "دڵسۆز" نییە. ئامانجی ئێمە سەپاندنی بەشێکی هەر چی زیاتر لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کرێکار بەسەر نیزامی دەسەڵاتدارایە. کۆمەڵە ماف و داخوازییەک کە بۆرژوازی لەگەڵ مانەوەی خۆیدا بە ناتەبایان دەزانێ و سەرکوتیان دەکات، چینی کرێکار هەر ئەمڕۆ ئامادەیە بە هەمەلایەنەترین شێوە بەدییان بێنێ.

2

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی تەواو و هەمە لایەنەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری و پیادەکردنی تێکڕای بەرنامەی کۆمۆنیستی و ئازادیبەخشی چینی کرێکار خەبات دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێی وایە، کە پێشکەوتنە زانستی، تەکنەلۆژی و مەدەنییەکانی تا ئێستای کۆمەڵگای بەشەری هەلومەرج و پێداویستییە ماددییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازادی بێ چین و چەوسانەوە و ستەم، کۆمەڵگایەکی جیهانیی سۆسیالستی، هەر ئێستا فەراهەم کردووە و چینی کرێکار لەسەرێتی هەر لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیدا، جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمۆنیستیی خۆی دەست پێ بکات.

لە هەمان کاتدا، مادام وە لە هەر شوێنێک کە نیزامی سەرمایەداری بەرقەرارە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە پێناو بەرینترین و قووڵترین ڕێفۆرمە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیشدا خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئاستی ژیان و ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک تا بەرزترین ئاستی مومکین باش بکات. ئەم ڕێفۆرمانە و هێنانە مەیدانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ بەدیهێنانیان، ڕێگا بۆ تێسرەواندنی دوا گورز لە پەیکەری نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریتیی چینی سەرمایەدار بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا خۆش دەکات.

ئەم بەشەی بەرنامە سەردێڕی ئەو هەنگاو و داخوازییە ڕێفۆرمیستییانەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەگرێتەوە کە ئاڵای دەستی حیزبە لە بزووتنەوە موتاڵەباتییەکانی کرێکاراندا و لە خەبات بۆ سەپاندنی ڕێفۆرم بەسەر ئەم نیزامەی ئێستادا. ئەو خواست و یاسا و ڕێسایانەی لەخوارەوە هاتوون ئەگەرچی تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتووترین کۆمەڵگا سەرمایەداریەکانی جیهانی ئەمڕۆشدا وەکوو یاسا و ڕێسایەکی ڕادیکاڵ و نموونەیی دێنە بەرچاو، لە ڕاستیدا تەنها بەشێکی بچووک لەو ماف و ئازادییانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیدا بە کاملترین شێوە وەدی دێن.

گومانی تێدا نییە کە ئەمڕۆ تەنانەت بچووکترین باشبوون لە ژیانی ماددی و مەعنەویی خەڵکی عێراقدا و بەدەستهێنانی سەرەتاییترین ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان لە گرەوی ڕووخاندنی ڕژێمی کۆنەپەرست و دژی بەشەریی بەعسی ناسیۆنالیستی عەرەبی دایە. ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ئەرکێکی دەستبەجێی شۆڕشی کرێکارییە لە عێراقدا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی دەستبەجێی حوکوومەتێکی کرێکاری تێدەکۆشێت. حوکوومەتی کرێکاری نە تەنها بەدیهێنانی دەستبەجێی ئەم یاسا و ڕێسایانەی کە لەم بەشەی بەرنامەدا هاتوون وەکوو سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی عێراق زامن دەکات، بەڵکوو بە جێبەجێکردنی تێکڕای بەرنامەی کۆمۆنیستیی خۆی، هەلومەرجی ئازادی و ڕزگاری و یەکسانیی ڕاستەقینە و کاملی هەموو خەڵک دەستەبەر دەکات.

بنەما و چوارچێوە گشتییەکان:

1) دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی بنیاتنراو لەسەر دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی خەڵک لە کاروباری حوکمڕانیدا.

2) دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان، بە شێوەیەکی بەرین و بێ قەید و شەرت و زامنکراو و یەکسان بۆ هەمووان. سڕینەوەی هەر جۆرە جوداسازییەک لەسەر بناغەی جنسی، ڕەگەزنامە، ئینتیمای ڕەگەزی و میللی و نەژادی و دینی، تەمەن ... تاد.

3) پیادەکردنی یاسا و ڕێسا ئابووری و خۆشگوزەرانییە گشتییەکان، وە هەروەها قانوونکارێکی پێشڕەو، کە بەرزترین ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ئابووریی خەڵک بەسەر نیزامی سەرمایەداریی حوکمڕاندا بسەپێنێ.

4) پەسەندکردنی کۆمەڵە یاسا و هەنگاوێک کە بە خێراترین و ڕیشەییترین شێوە بیروباوەڕ و داب و نەریت و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانە و تەفرەقەئامێز و سووکایەتی ئامێز هەڵپێچێ و ڕێگە بۆ بەرقەرارکردنی کولتوور و کۆمەڵە بەهاو پەیوەندییەکی ئینسانیی هەرچی ئازادتر و ئازادیخوازانەتر خۆش بکات.

5) بەرقەرارکردنی کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک کە عێراق بکاتە ناوەندێک بۆ بەهێزکردن و پشتیوانیکردنی خەباتە ئازادیخوازانەکان و پێوانە و بەها ئینسانییە پێشڕەوەکان و خەباتە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا.

ئەم بنەما گشتییانەی سەرەوە دەبێ دەستبەجێ لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەدی بهێنرێن:

بونیاد و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسی

حوکوومەتی شوورایی

سەردەمی هاوچەرخ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بێمافی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕووکەشبوونی دەخاڵەتی ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لە نیزامە دیموکراسییە لیبراڵی و پەرلەمانییەکاندا نیشان داوە. کۆمەڵگایەک کە بیەوێت دەخاڵەتی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستەمی دیموکراسیی نوێنەرایەتیی

دابمەزرێ. دەبێ حوکمڕانیکردن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا، لە لایەن شووراکانی خودی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ کە هەمووان هەم وەکوو یاسادانەر و هەم پیادەکەری یاسا کار دەکەن. بەرزترین ئۆرگانی حوکوومەتیی لە وڵاتدا کۆنگرەی سەرتاسەریی نوێنەرانی شووراکانی خەڵک دەبێت. هەر کەسێکی سەرووی 16 ساڵ بە ئەندامێکی خاوەن دەنگی شوورا ناوچەییەکەی خۆی دەژمێردرێت و مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ هەموو پلە و پایە و پۆستەکانی شوورای ناوەندەکەی یان نوێنەرایەتیکردن لە شووراکانی سەرەوەتردا کاندید بکات.

هەڵوەشاندنەوەی سوپا

سوپا و هێزە چەکدارە پیشەییەکان لەم کۆمەڵگایەی ئێستادا، شتێکی تر جگە لە کۆمەڵێک دارودەستەی چەکدار و بەکرێگیراوی چینی دەسەڵاتدار کە بە خەرجیی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بۆ یەخسیر هێشتنەوەی خودی ئەوان و هەروەها پاسەوانیکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بازاڕی ناوخۆی بۆرژوازی هەر وڵاتێک لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا سازدراوە نین. سەرباری ئەوەی کە چینی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات لەژێر ناوی جۆراوجۆردا، ماهییەتی چینایەتی و سوودی حەقیقی سوپاکەی بشارێتەوە و بە ئۆرگانێکی گشتیی و پارێزەری بەرژەوەندیی هەمووانی لەقەڵەم بدات، بەڵام پەیوەندیی توندوتۆڵی سوپاکان بە چینە دەسەڵاتدارەکانەوە، ڕۆڵی ئەوان لە پاسەوانیکردنی بەرژەوەندییەکانی ساحێبانی کۆمەڵگا، نە تەنها لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی و ئەمەریکای لاتین کە ڕۆڵی سەرکوتگەرانەی سوپا و پۆلیس تیایاندا بەرجەستەتر بووە، بەڵکوو لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکووریشدا کە ئەفسانەی سوپای غەیرە سیاسی ڕەواجێکی زیاتری هەیە، بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵک زۆر بەرچاوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری هەڵپێچانی سوپا و هێزە چەکدارە پیشەییەکانە.

سوپا و جەیشی شەعبی و باقی هێزە چەکدارە پیشەییەکان و هەروەها هەموو ڕێکخراوە سەربازی و ئینزیباتی و جاسوسی و موخابەراتییە نهێنییەکان دەبێ هەڵوەشێنەوە.

هێزی میلیشیای شووراکانی خەڵک، دامەزراو لەسەر مەشقی سەربازیی گشتی و بەشداریی گشتی لە ئەرکە دیسپلینی و دیفاعییەکاندا، جێگای سوپای پیشەیی و سەروو خەڵکی دەگرێتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەروەها پێی وایە، تا وەختێک کە هێزە چەکدارەکان هەن، دەبێ ئەم بنەمایانەی خوارەوە لە هەموو حاڵەتێکدا و لە هەموو هەلومەرجێکدا پیادە بکرێن:

هەڵوەشاندنەوەی تەجنیدی ئیجباری.

هەڵوەشاندنەوەی گوێڕایەڵیکردنی بێ ئەملا و ئەولای خوارەوە لە سەرەوە لەناو هێزە چەکدارەکاندا. هەر سەربازێک مافی ئەوەی هەیە کە سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەدا بکات کە بە بڕوای ئەو لەگەڵ یاساکانی وڵاتدا ناکۆکن، وە یان لەگەڵ بنەما مرۆیی و ویژدانییەکانی ئەودا نایەنەوە.

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە، کە سەرپێچی لە بەشداریکردن لە شەڕ یان هەر چالاکییەکی سەربازیدا بکات کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەودا ناکۆک بێت.

هێزە دیسپلینییەکان دەبێ لە کاتی ئیشوکار و ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا جلوبەرگی سەربازیی فەرمیی خۆیان لەبەر بێت و چەکەکانی خۆیان بە جۆرێک هەڵگرن کە لەبەرچاو بێت. پێکهێنانی هێزی چەکداری بێ جلوبەرگی ڕەسمی، وە یان ئەنجامدانی ئیشوکار وەکوو پۆلیسی چەکدار بە جلوبەرگی مەدەنییەوە قەدەغەیە. ئەوە مافی هەر هاووڵاتییەکە کە بتوانێ لە بوونی هێزە ئەمنییە چەکدارەکان لە ناوەندەکەیدا (شوێنی کار، ژیان، هاتووچۆ و ... تاد.) ئاگادار بێت.

کەسانی ئەندام لە هێزە سەربازییەکاندا، مافی ئەوەیان هەیە کە لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەشداری بکەن و ببنە ئەندامی حیزبە سیاسییەکان. هەڵسووڕانی حیزبە سیاسییەکان و سەندیکا و باقی ڕێکخراوەکان لەنێو هێزە سەربازییەکاندا ئازادە.

هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکراسیی سەروو خەڵکیی و بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا

هەموو پلە و پایە و پۆستە سیاسی و ئیدارییەکانی وڵات بە هەڵبژاردن دەبێ و لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، هەر کاتێکیش ویستیان دەتوانن لەسەرکاریان لابەرن. مووچەی کەسانێک کە بۆ کاروباری سیاسی و ئیداریی وڵات

هەڵدەبژێردرێن، نابێ لە کرێی ناوەنجیی کرێکار تێپەڕێت. ئەنجامدانی چاودێریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە ڕێگەی دامەزراوە شووراییەکانەوە بەسەر هەموو دامەزراوە شووراییەکانەوە بەسەر هەموو دامەزراو و پلە و پایە ئیدارییەکاندا سادەکردنەوەی سیلسیلە مەراتب و زمان و ڕێوشوێنی کاری فەرمانگە دەوڵەتییەکان بە جۆرێک کە دەخاڵەتکردن و کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتیان بە سادەیی ئەنجام بدرێت.

بردنەسەری ستانداردەکانی ڕەوشتی ئیداری و ویژدانی کار و ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان و ئەوانەی کاریان ئەکەوێتە لایان. بەدکەڵکوەرگرتنی کاربەدەستانی ئیداری لە پلە و پایەی ئیشکردنیان، دەمچەورکردن، واستەکردن، جیاوازیکردن و سەرپێچیکردن لە یاسا و ڕێسا و دەقە قانوونییەکان یان کەمتەرخەمیکردن لە جێبەجێکردنیاندا، ئەمانە دەبێ بە وێنەی تاوانی گەورە لە دادگا ئاساییەکاندا لێیان بکۆڵرێتەوە. قەدەغەکردنی بێ ئەملا و ئەولای بەکارهێنانی ئەو ئیمکانات و ئاسانکارییانەی پەیوەستن بە پلە و پایەی ئیدارییەوە بۆ کاروباری شەخسیی.

مافی بێ قەید و شەرتی هەر کەسێک بۆ سکاڵا تۆمارکردن لە دژی هەر پۆستێکی دەوڵەتیی لە دادگا ئاساییەکاندا.

بەرقەرارکردنی دادگای سەربەخۆ و دابینکردنی عەدالەتی قەزایی بۆ هەمووان

سیستەمی قەزایی و چەمکی عەدالەتی قەزایی لە هەر نیزامێکدا ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بنچینە سیاسی و ئابووریەکانی ئەو نیزامەیە. قەڵەمڕەوی قەزا، هەر لە پێکهاتەی یاساکان و دیدی زاڵ لە بارەی حەق و ئینساف و عەدالەتەوە، تا بە دامەزراوەکان و سیستەمی ئیداری و شێوازی دەسەڵاتی قەزایی دەگات، بەشێکن لە سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگا کە پارێزگاری لەو بنەما ئابووری و چینایەتییانە دەکەن کە لە کۆمەڵگادا هەن. بەم پێیە عەدالەتی قەزایی ڕاستەقینە و بەهرەمەندبوونی یەکسانی هەمووان لێی، هەروەها قەزاوەت و داوەری سەربەخۆ و ئینسافانەی ڕاستەقینە، بە گۆڕینی ڕیشەیی کۆمەڵگای چینایەتیی ئێستاوە بەستراوەتەوە .

لەم پێناوەدا، هەروەها بە مەبەستی زامنکردنی عادیلانەترین ڕێوشوێنی قەزایی شیاو لە کۆمەڵگای ئێستادا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، خوازیاری بەدیهاتنی دەستبەجێی ئەم بنەما بنەڕەتییانەی خوارەوەیە.

سەربەخۆیی کاملی قازییەکان، دادگاکان و سیستەمی قەزایی لە ڕووی حوقووقییەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

قازییەکان و کاربەدەستانی دیکەی قەزایی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێکیش زۆربەی دەنگدەران ویستیان دەتوانن لایان بەرن.

هەڵوەشاندنەوەی دادگا تایبەتییەکان و لێپێچینەوە لە هەموو تاوانەکان لە دادگای ئاساییدا.

ئاشکرابوونی هەموو دادگاییەکان. بەرپاکردنی دادگا بە حزووری دەستەی دادوەری لە هەموو تاوانە جیناییە گشتییەکاندا. مافی تاوانبارکراو و پارێزەرەکانی لە ڕەتکردنەوە یان قەبووڵکردنی قازی و ئەندامانی دەستەی دادوەریدا.

لە هەموو دادگاییەکاندا ئەسڵ لەسەر بێتاوانیی تاوانبارکراوە و ئەرکی سەلماندنی تاوان لە ئەستۆی داواکاری گشتی وە یان لایەنی داواکارە.

یاسا و ڕێسا قەزاییەکانی وڵات و مافی تاکەکان لە بەرامبەر دەزگای قەزاییدا، لە شوێنێکی تری ئەم بەرنامەیەدا بە وردی باس کراوە.

ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان

قسەکەرانی سەرمایەداری، ڕێزدانان بۆ مافە فەردی و مەدەنییەکان بە خەسڵەتی جیاکەرەوە و بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی نیزامەکەی خۆیان لەقەڵەم دەدەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەنێو ئەو پێنج میلیارد ئینسانەی کە ئەمڕۆ لەژێر سایەی حوکمڕانیی سەرمایەدا دەژین، تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم، ئەویش لە چەند وڵاتێکی دیاریکراودا، دەکرێ پەیدا بکرێت، کە لە جۆرێک مافی فەردی و مەدەنی پێناسەکراو و تا ڕادەیەک جێکەوتوو بەهرەمەندن. نسیبی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری جیهانی سەرمایەداری، بێ مافیی سیاسیی کەم تا زۆر ڕەها، دەوڵەتانێکی ملهوڕ، سەرکوتگەر، تیرۆریزم و زەبروزەنگی سازماندراوی دەوڵەتییە. جگە لەمەش، لە خودی وڵاتانی پیشەسازیی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکاشدا، مافە فەردی و مەدەنییەکانی جەماوەر نەک هەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازادییانەدا کە ئینسانی ئەمڕۆ خوازیارێتی بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێ و زۆر کەمە، بەڵکوو لە جەرگەی یەخسیریی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار بەدەست سەرمایەوە و گرێخواردنی توندوتۆڵی ماف و ئازادی بە خاوەندارێتیەوە، ئەم مافانە لە هەر جۆرە

مانایەکی ماددی و جیددی خاڵییە. سەرەنجامیش، ئەزموونی ژیانی خەڵک لەم وڵاتانە، لە دەورانی قەیران و تەنگانە ئابوورییەکاندا، بە ڕۆشنی ئەوەی نیشان داوە، کە مانەوە و تەمەنی هەر ئەم مافە کەموکورت و فۆرماڵییانەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە جێوشوێنی ئابووریی چینی سەرمایەدارەوە هەیە و هەر کاتێک ئەم مافانە بووبێتنە کۆسپ لە بەردەم قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدا، بە سادەیی کەوتوونەتە بەر پەلاماری دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار.

ئازادیی فەردی و مەدەنیی ڕاستەقینە، تەنها لە کۆمەڵگایەکدا دەکرێ بەدی بێن، کە خۆی ئازاد بێت. شۆڕشی کۆمۆنیستیی کرێکاری، بە لەنێوبردنی کۆیلایەتیی چینایەتی و ئابووریی ئینسانەکان، مژدەدەری فراوانترین ئازادییەکان و دەرفەتی خۆنواندنی تاکەکانە لە مەیدانە جیاجیاکانی ژیاندا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەمان کاتدا، بۆ بەدیهێنان و دابینکردنی بەرینترین مافە فەردی و مەدەنییەکان هەر لەم کۆمەڵگایەدا خەبات دەکات. گرنگترین ئەم ماف و ئازادییە حاشاهەڵنەگرانە کە بە هیچ جۆرێک نابێت پێشێل بکرێن، بریتین لەمانە:

_ مافی ژیان و پارێزراوبوونی جەستەیی و دەروونیی تاکەکان لە هەر جۆرە پێشێلکارییەک.

_ مافی گوزەران. مافی بەهرەمەندبوون لە پێداویستییەکانی ژیانێکی نۆرماڵ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا.

_ مافی دەست ئاوەڵابوون و ڕابواردن و ئاسوودەبوون.

_ مافی فێربوون. مافی بەهرەمەندبوون لە هەموو ئەو ئیمکاناتی فێربوونەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە.

_ مافی سەلامەتی. مافی بەهرەمەندبوون لە هەموو ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ، بۆ پاراستنی تاکەکان لە مەترسی و نەخۆشییەکان، مافی بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتە تەندروستی و پزیشکییەکانی کۆمەڵگا.

_ مافی سەربەخۆیی فەردیی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە یەخسیری و کۆیلایەتی و بێگارییەک لە هەر بەرگێکدا و بە هەر بیانوویەکەوە بێت.

_ مافی تێکەڵبوون و ژیانی کۆمەڵایەتی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە جوداسازی و بێبەشکردنێکی تاکەکان لە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و دەرفەتی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

_ مافی پشکنینی حەقیقەت و ئاگاداربوون لێی، لە گشت لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. قەدەغەکردنی سانسۆر، قەدەغەکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەت، یان خاوەن میدیاکان و بەڕێوەبەرانی بەسەر ئەو زانیارییانەی کە دەگاتە دەستی هاووڵاتیان.

_ مافی بەهرەمەندبوون لە ژینگەیەکی پاک و ئاسوودە. ئازادیی دانیشتووانی وڵات و نوێنەرانی ئەوان لە چاودێریکردن و لیکۆڵینەوە لە کاریگەری چالاکییەکانی دەوڵەت و دامەزراوە جیاجیاکان لەسەر ژینگە.

_ ئازادیی بێ قەید و شەرتی بیروباوەڕ، بەیان، کۆبوونەوە، چاپەمەنی، خۆپێشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەکان.

_ ئازادیی کامڵ و بێ قەید و شەرتی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە هەموو لایەنە سیاسی، کولتووری و ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا. هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ئاماژەیەک بۆ بەناو موقەددەساتی میللی و نیشتمانی و دینی و ... تاد. لە یاساکاندا وەکوو فاکتەرێک بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادیی ڕەخنە و ڕادەربڕینی جەماوەر. قەدەغەکردنی هەر جۆرە ورووژاندن و چاوسوورکردنەوەیەکی دینی و میللی و ... تاد. لە دژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی تاکەکان.

_ ئازادیی دینداری و بێ دینی.

_ مافی دەنگدانی گشتی و یەکسانی سەرووی شانزە ساڵ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جنس، ئینتیمای دینی، ڕەگەزی، میللی، کار و کەسابەت، ڕەگەزنامە، مەرام و بیروباوەڕی سیاسی، هەروەها ئازادیی هەر کەسێکی سەروو شانزەساڵ بۆ خۆکاندیدکردن لە هەر دامەزراو و ئۆرگانێکی نوێنەرایەتیدا، وە یان بەدەستهێنانی هەر پۆست و پلە و پایەیەکی ئینتیخاباتیدا.

_ قەدەغەکردنی پشکنینی بیروباوەڕ. مافی هەر کەسێک لە سەرپێچیکردن لە شایەتیدان لە دژی خۆی، بە جۆرێک کە ببێتە بەڵگەی تاوانبارکردنی ئەو کەسە. ئازادیی بێدەنگیکردن لە بارەی دید و بیروباوەڕی شەخسییەوە.

_ ئازادیی بێ قەید و شەرتی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، ئازادیی سەفەر و جێگۆڕکێ بۆ هەموو کەسێکی سەرووی شانزە ساڵ بە ژن و پیاوەوە. قەدەغەکردنی هەر جۆرە کۆنترۆڵکردنێکی هەمیشەیی هاتوچۆ لە ناوخۆی وڵاتدا لە لایەن دەوڵەت و کاربەدەستانی دیسپلینییەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە قەید و شەرت دانانێک بۆ

چوونە دەرەوە لە وڵات. بەخشینی بێ قەید و شەرت و دەستبەجێی گوزەرنامە و پاسپۆرتی هاتوچۆ.

_ قەدەغەکردنی دانانی هەر جۆرە کۆسپ و تەگەرەیەک لە بەردەم دەرچوون و هاتنە ژوورەوەی خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ وڵات. بەخشینی ڕەگەزنامەی وڵات بە هەر کەسێک کە خوازیاری بێت و ئەرکە حوقووقییەکانی هاوڵاتێتی قەبووڵ بکات. بەخشینی بێ قەید و شەرتی مۆڵەتی مانەوە و کارکردن بۆ کەسانێک کە خوازیاری مانەوەن لە عێراقدا.

_ پارێزراوبوونی ژیانی تایبەتیی کەسەکان. پارێزراوبوونی شوێنی ژیان، نامە و نووسراوگۆڕینەوە و قسەکردنیان لە هەر جۆرە دەخاڵەتێک لە لایەن هەر دەسەڵاتێکەوە. قەدەغەکردنی گوێهەڵخستن بۆ قسە، شوێنکەوتن و چاودێریکردن. قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ژیانی تاکەکانەوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی ڕەسمیی لە خۆیان. مافی هەر کەسێکی دانیشتووی وڵات لە ئاگاداربوون و بینینی هەموو ئەو زانیارییانەی کە دەزگا دەوڵەتییەکان لەسەر ئەو هەیانە.

_ ئازادیی هەڵبژاردنی پیشە.

_ ئازادیی بێ قەید و شەرتی جلوبەرگ پۆشین. هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە قەید و بەندانانێکی فەرمی و نافەرمی لەسەر چەندوچوونی جلوبەرگی خەڵکی، چ ژن چ پیاو، لە شوێنە گشتییەکاندا. قەدەغەکردنی هەر جۆرە جوداسازیی، وە یان سنووردانانێک بۆ تاکەکان لەسەر بناغەی شێوەی جلوبەرگ و پۆششیان.

_ ئازادیی لێپرسینەوە و چاودێری نوێنەرانی خەڵک بەسەر هەڵسووڕان و بەڵگەنامە و نووسینگەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا. قەدەغەکردنی دیپلۆماسیی نهێنی.

یەکسانی و سڕینەوەی جوداسازی

یەکسانیی ئینسانەکان چەمکێکی سەرەکیی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بنەمایەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگای ئازادی سۆسیالیستییە، کۆمەڵگایەک کە دەبێ بە هەڵپێچانی نیزامی چینایەتی و چەوسێنەرانە و پڕ لە جوداسازیی سەرمایەداری دابمەزرێت. یەکسانیی کۆمۆنیستی چەمکێکی زۆر فراوانتر و جیهانگیرترە لە یەکسانیی حوقووقی و ڕووکەشیی تاکەکان و پیادەکردنی یەکسانیی قانوون و یاسا و ڕێسا دەوڵەتییەکان بە سەریاندا. یەکسانیی کۆمۆنیستی، یەکسانییەکی ڕاستەقینە و

ماددیی نێوان ئینسانەکانە لە مەیدانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. یەکسانی نە تەنها لە مافە سیاسییەکاندا، بەڵکوو لە بەهرەمەندبوون لە ئیمکانات و نیعمەتە ماددییەکان و بەروبوومی کۆششی هاوبەشی ئینسانەکان، یەکسانیی تاکەکان لە جێوشوێنی کۆمەڵایەتییاندا و لە ئاست پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، یەکسانی نە تەنها لە بەرامبەر یاسادا، بەڵکوو لە پەیوەندییە ماددییەکانی نێوان ئینسانەکان لەگەڵ یەکتریشدا. یەکسانیی کۆمۆنیستی، کە لە هەمان کاتدا مەرجی پێویستی شکۆفایی توانا و بەهرە جیاجیا و جۆراوجۆرەکانی هەموو تاکەکان و گوڕ و تینی ماددی و مەعنەویی کۆمەڵگایە، تەنها بە لەنێوچوونی دابەشبوونی ئینسانەکان بەسەر چینەکاندا مەیسەر دەبێت. کۆمەڵگای چینایەتی بەپێی پێناسەکەی، ناتوانێ کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد بێت.

خەباتی ئێمە لە پێناو یەکسانی و سڕینەوەی جوداسازی لەنێو کۆمەڵگا سەرمایەداریییەکانی ئێستادا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی بەرینتر و بنچینەیی ئێمەیە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و ئازادی کۆمۆنیستی. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی کۆمەڵایەتی لە دژی جوداسازی و نایەکسانییەکانی جیهانی ئەمڕۆ ڕادەوستێ و پێی وایە کە یەکسانیی حوقووقیی هەمووان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەموواندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جنس، میللەت، دین، نەژاد، بیروباوەڕ، مەرام، کار و پیشە، پلە و پایە و ڕەگەزنامە و ...ی ئینسانەکان، دەبێ وەکوو پرانسیپێکی لەبەزاندن نەهاتوو و بنەڕەتی لە ڕیزی سەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگادا ڕابگەیەنرێت. هەموو ئەو قانوون و یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ پرانسیپی یەکسانیی تەواوی مافە فەردی و مەدەنییەکانی تاکەکاندا ناتەبان، دەبێ دەسبەجێ هەڵوەشێنەوە، هەر حاڵەتێکی جوداسازیکردن، جا لە لایەن هەر کەس و دەزگا و کاربەدەست و دامەزراوێکەوە ئەنجام درابێت، دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، بە جیددی پەیگیری بکرێت و ئەنجامدەرانی بەپێی یاسا دادگایی بکرێن.

یەکسانیی ژن و پیاو، قەدەغەکردنی جوداسازیی لەسەر بناغەی جنسی

جوداسازیی لە دژی ژنان تایبەتمەندییەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بە ڕەسمی و بە قانوونی هەر لەو ماف و ئازادییە بەرتەسک و بێنرخانەش بێبەشن کە پیاوان لێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە

ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئایین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کولتووریی کۆمەڵگادا هەیە، ستەمکێشی ژن و بێمافی و ژێردەستەیی ئەو بە ئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و مۆدێرندا، وە تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە بە لوتفی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و پەلامارە سۆسیالیستییە کرێکارییەکان جوداسازیی جنسیی بە ڕواڵەت لە بەشی هەرە زۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا لە جەرگەی میکانیزمی ئابووریی سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالارییەکانی نێو کۆماڵگادا، ژنان بەکردەوە لە زۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جوداسازیی و ستەم.

خودی ستەمکێشیی و ژێردەستەیی ژنان زادەی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە چەپەڵەی مێژووی لەوەو پێشی خەملاندووە و کردوویەتییە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نا یەکسانی و بێمافییەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکریی و کولتووریی نیزام و کۆمەڵگا دێرین و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهلییەت، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداریی سەنعەتیی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. ئەو نیزامەی کە وەکوو فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و سیاسی دەڕوانێتە دابەشبوونی جنسیی ئینسانەکان لە مەیدانی بەرهەمهێناندا بۆ زامنکردنی قازانجی سەرمایە، مرونەت بەخشین بە هێزی کار لە خستنە سەرکار و دەرکردندا، پێکهێنانی دووبەرەکی و کێبەرکێ و کێشمەکێشی دەروونیی لەنێو سوپای کۆمەڵانی کرێکاردا، زامنکردنی بوونی بەشە مەحروومترەکان لەنێو خودی چینی کرێکاردا کە لە خوارەوە ڕاگرتنی ئاستی ژیانی هەموو ئەم چینە مەیسەر دەکات و سەرئەنجام لەکەدارکردنی هەستی ئینسانی و چینایەتیی کۆمەڵانی کرێکار و زیندوو هێشتنەوەی بیروبۆچوون و ئەفکار و دەمارگیریە کۆن و سواو و ئیفلیجکەرەکان، ئەمانە خێر و بەرەکەتەکانی ستەمکێشی ژنانە بۆ سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆ و لە هەمان کاتدا بەشێکن لە کۆڵەکەکانی کەڵەکەی سەرمایە لە دنیای ئەمڕۆدا. بەدەر لەوەی کە سەرمایەداری لە زاتی خۆیدا و بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکسانیی ژناندا دێتەوە یان نا، سەرمایەداری کۆتایی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی دیاریکراو

خۆی لەسەر ئەم نایەکسانییە بینا کردووە و بە سووک و ئاسانی و بەبێ بەرگریی سەرسەختانە و توندوتیژ دەستبەرداری نابێت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە پێناو یەکسانیی تەواو و بێ قەید و شەرتی ژنان و پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە، خەبات دەکات. سەردێڕی ئەو یاسا و هەنگاوانەی کە دەبێ هەر ئێستا و دەستبەجێ بۆ دەستکردن بە سڕینەوەی جوداسازیی لە دژی ژنان پیادە بکرێن بریتین لەمانە:

1) ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێ قەید و شەرتی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردییەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرانسیپەدا ناکۆکن.

2) دابینکردنی دەسبەجێی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگا لە ئاستە جیاجیاکاندا. مافی بێ قەید و شەرتی ژنان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلە و پایەیەک، سیاسی بێت یان ئیداری، قەزایی ... تاد. هەڵوەشاندنەوەی هەر قانوون و یاسا و ڕێسایەک کە مافی ژنان لە بەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا بەرتەسک دەکاتەوە.

3) یەکسانیی تەواوی ماف و جێوشوێنی قانوونیی ژن و پیاو لە خێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتییازاتەکانی پیاو بە وێنەی "سەرپەرشتیاری خێزان" و بەرقەرارکردنی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە پەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و چوونە سەرکاری پیشەیی، تەڵاق، سەرپەرشتیکردنی منداڵانی ساوا لە حاڵەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتی کردنی ماڵ و موڵکی خێزان. قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی کە لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی یەخسیربوونی ئەو، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ئەو، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. ئەم حاڵەتانە ئەگەر ژنەکە شکاتی لەسەر بکات دەبێ وەکوو دەستدرێژیی جنسیی لە لایەن مێردەکەیەوە پەیگیری و دادگایی لەسەر بکرێت. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ، وە یان ئەرکی

تایبەتیی ماڵداری بەسەر ژنان لە خێزاندا. دانانی سزای قورس بۆ هەر جۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژییەک لە دژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

4) یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. باڵکێشانی یەکسانی قانوونەکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ژنان و پیاواندا، بەبێ هیچ جۆرە جوداسازییەک. کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە بەرامبەر کاری یەکساندا. هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە تەنگەبەرییەک بۆ چوونی ژنان بۆ سەر کار و پیشە جیاجیاکان. یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە کرێ، بیمەکان، مەرەخەسییەکان، سەعات و شیفتی کار، کاردابەشکردن و پۆلێنکردنی کارەکان، پلەپێدان لە کاردا، نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە ئاستە جیاجیاکاندا. پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسای تایبەتی لە دامەزراوەکاندا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی ژنان لەسەر کار و پیشەکانیان، وەکوو قەدەغەکردنی دەرکردنی ژنانی دووگیان، قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان و دابینکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی ژنان لە شوێنی کاردا. 16 هەفتە مەرەخەسی بۆ کاتی دووگیانیی و منداڵبوون و یەک ساڵ مەرەخەسی بۆ چاودێریکردنی کۆرپە، کە دەبێ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو لا لە لایەن ژن و مێردەوە کەڵکی لێ وەربگیرێ. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردن کە ئەرکیان بریتی بێت لە، چاودێریکردنی جێبەجێبوونی ئەو ئەرکانەی سەرەوە لە لایەن دامەزراوەکانەوە.

پێکهێنانی دامەزراوی تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو لە کارە پیشەییەکان و شوێنەکانی کاردا، چ دەوڵەتی، یان نادەوڵەتی، خزمەتگوزاری بێت یان قازانجهێنەر. بەدواداچوونی یاسایی و سزادانی گەورەی ئەو دامەزراو و بەڕێوەبەرانەی کە پرانسیپی یەکسانیی ڕەهای ژن و پیاو لە چالاکی پیشەییدا ڕەچاو ناکەن.

پێکهێنانی دامەزراو و داموودەزگا و فەراهەمکردنی خۆڕایی ئاسانکاری وەک دایەنگە و باخچەی ساوایان و کلوبی یاری_ پەروەردەیی ساوایان لە گەڕەکەکاندا، کە بە لەبەرچاوگرتنی گوشاری یەکلایەنەی کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی منداڵان لەسەر ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنگاوەکانی ژنان بۆ نێو چالاکیی ئابووری و سیاسی و کولتووری لە دەرەوەی خێزان ئاسان دەکەن.

5) هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاسا و ڕێسا دەست و پێگیر و دواکەوتووە ئەخلاقی، کولتووری و ناموسییانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسییەتی ئەوان وەکوو هاوڵاتییەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگادا نایەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە کۆسپ دانانێک لە ڕێگای مافی سەفەرکردن و جێگۆڕکێی ژناندا، شووی کردبێت یان نەکردبێ، لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات، بە حەز و ئارەزووی خۆی. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاسا و ڕێسایانەی کە ئازادیی ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکیاندا، هەڵبژاردنی کار و هاوەڵانیاندا، بەرتەسک دەکەنەوە. قەدەغەکردنی هەر جۆرە جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە دامەزراو و کۆڕ و کۆبوونەوە و گوزار و هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیدا. فێرکردن و بارهێنانی تێکەڵاو لە هەموو ئاستەکاندا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناوی وەک خان و خانم و خوشکە و هەر نازناوێک کە ژن بەپێی جێوشوێنی لە ئاست پیاودا پێناسە دەکات، لە نامە و نووسراو و قسەوباسە ڕەسمییەکاندا لە لایەن کاربەدەستان و داموودەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکانەوە. قەدەغەکردنی هەر جۆرە دەخاڵەتێک لە لایەن هەر ناوەندێکەوە بێت، چ کەسوکار بێت، یان داموودەزگا و ناوەندە ڕەسمییەکان لە ژیانی تایبەتی و پەیوەندییە شەخسی و سۆزداری و جنسییەکانی ژناندا. قەدەغەکردنی هەر جۆرە مامەڵەیەکی سووکایەتیی ئامێز، پیاوسالارانە و نایەکسان لەگەڵ ژناندا، لە داموودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا. قەدەغەکردنی ناوبردنی جنسیی ئینسانەکان لە ئاگادارییەکانی کاردا. لابردنی هەموو ئاماژە جوداسازیی ئامێزەکان و سووکایەتی ئامێزەکان بەرامبەر بە ژنان لە کتێب و سەرچاوەکانی خوێندندا و لەبری ئەمە دانانی مەوادی خوێندنی پێویست بۆ نیشاندانی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی ژن لە کۆمەڵگادا. پێکهێنانی داموودەزگای پشکنین و دەستخستنە سەر تاوان و یەکە دیسپلینییەکانی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی ئازاردان و جوداسازی بەرامبەر بە ژنان.

6) هەوڵی چڕوپڕ و ڕاستەوخۆی داموودەزگا پەیوەندیدارە دەوڵەتییەکان بۆ خەبات لە دژی کولتووری پیاوسالارانە و دژی ژن لە کۆمەڵگادا. هاندان و بەهێزکردنی ئەو داموودەزگا غەیرە دەوڵەتییانەی کە بۆ بەدیهێنان و سەقامگیرکردنی یەکسانیی ژن و پیاو تێدەکۆشن.

یەکسانیی هەموو دانیشتووانی وڵات لە ڕووی حوقووقییەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان.
یەکسانیی تەواو و بێ قەید و شەرتی هەموو دانیشتووانی عێراق، سەربەخۆ لە ڕەگەزنامەیان، لە هەموو ماف و ئەرکە یاساییەکاندا، بە فەردی و مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییەکانەوە.
باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کار و خۆشگوزەرانی بەسەر هەموو کرێکاراندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان.
بەخشینی مۆڵەتنامەی هاتنەژوورەوە، مانەوە، کارکردن و کارتەکانی بیمە و ... تاد.
بۆ هەموو ئەو کەسانەی خوازیاری مانەوەن لە عێراقدا.

قەدەغەکردنی جوداسازیی نەژادی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لێبڕاوانە لە دژی هەر جوداسازییەکی نەژادی و نەژادپەرستانە خەبات دەکات، نە تەنها هەر جۆرە جوداسازییەک لەسەر بناغەی نەژاد دەبێ ڕاشکاوانە لە یاساکانی وڵاتدا قەدەغە بکرێت، بەڵکوو دژایەتیکردنی لێبڕاوانەی جوداسازیی نەژادی لە ئاستی جیهاندا دەبێ بەشێکی هەمیشەیی سیاسەتی دەرەوەی وڵات پێک بهێنێت.

سڕینەوەی ستەمی میللی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێدەکۆشێ لە پێناو سڕینەوەی تەواوی هەر جۆرە ستەمێکی میللی و هەر جۆرە جوداسازییەک لەسەر بناغەی ئینتیمای میللی لە یاساکانی وڵات و کارکردەکەنی دەوڵەتدا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ناسنامەی میللی، دەمارگیری میللی و ناسیۆنالیزم بە بیروباوەڕ و میولێکی زۆر دواکەوتوو، تێکدەر و ناکۆک لەگەڵ پیرۆزیی ئینسان و ئازادی و یەکسانیی ئینسانەکان دەزانێ و لێبڕاوانە لە دژی هەر جۆرە دابەشکردنێکی میللیی دانیشتووانی وڵات و هەر جۆرە پێناسەکردنێکی ناسنامەی میللی بۆ خەڵکی دەوەستێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری بەرقەرارکردنی نیزامێکە کە تیایدا دانیشتووانی وڵات بەبێ لەبەرچاوگرتنی میللەت یان هەستی ئینتیمای میللی خۆیانەوە، ئەندامانی خاوەن مافی یەکسانی کۆمەڵگا بن و هیچ جۆرە جوداسازییەک چ بە پۆزەتیڤ و چ نەگەتیڤ لەبەرامبەر خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکاندا پیادە نەکرێت. حیزبی کۆمۆنیستی

کرێکاری تێکۆشان لە پێناو سڕینەوەی ناسنامەی میللی و دانانی ناسنامەی چینایەتی و ئینسانیی گشتیی و جیهانیی کرێکاران لە جێگاکەی بە ئەرکێکی بنەڕەتیی خۆی دەزانێ.
وەکوو مەبدەئێکی گشتی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکانە وەکوو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوە وڵاتییە گەورەترەکاندا کە سازدانی ڕیزی بەهێزی کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی میللی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکان پێکەوە ژیانی ئەوانی لە چوارچێوە وڵاتییەکانی ئێستادا دژوار و پڕ لە دەردەسەری کردووە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی میللەتانی ستەملێکراو و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بە فەرمی دەناسێ.

مەسەلەی کورد

دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بە وێنەی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبیی و دانی مۆری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەوانی دانیشتووانی عەرەبزمانی عێراق، بووەتە هۆی دابەشکردنی باقی دانیشتووان لەسەر بناغەی ئینتیمای میللی و کردنی جیاوازی و جوداسازیی میللی بە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی قەوارەی ئەم وڵاتە. حوکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا بە خۆشکردنی ئاگری هەستی میللی و پاکتاوکردنی میللی و سەرکوتی خوێناوی خواستە ڕەوا و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان و خوازیارانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، کینە و قڵشتی میللییان کردووەتە یەکێک لە سیما گرنگەکانی کۆمەڵگای عێراق و مەسەلەی کوردیان کردووەتە گرێیەکی گەورە و گرنگ.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکوو مەبدەئێک، مافی جیابوونەوە لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتییەوە بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی دەناسێ و هەر جۆرە هەنگاوێکی توندوتیژ و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەڵبژاردنە ئازادانەیە بە توندی مەحکووم دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری چارەسەرکردنی دەستبەجێی مەسەلەی کوردە لە عێراقدا لە ڕێگەی بەرپاکردنی ڕێفراندۆمێکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی

باکووری عێراقدا، لەژێر چاودێری دامودەزگا فەرمییە نێونەتەوەییەکاندا. ئەم ڕێفراندۆمە دەبێ بە چوونە دەرەوەی هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتی ناوندی و زامنکردنی دەورەیەک لە هەڵسووڕانی ئازادانەی هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ئاشناکردنی جەماوەری خەڵک بە بەرنامە و سیاسەت و بۆچوونی خۆیان لە ڕێفراندۆمەکەدا، ئەنجام بدرێت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەر بڕگەیەکدا تەنها کاتێک دەنگ بە جیابوونەوەی کوردستان دەدات کە ئەگەری ئەوە بەهێز بێت کە گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە مافی مەدەنی پێشڕەوتر و جێوشوێنێکی ئابووری و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی یەکسانتر و ئاسوودەتر بەهرەمەند بکات. هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەر بڕگەیەکدا لەسەر بناغەی لێکدانەوەی دیاریکراو لەو هەلومەرجەی کە لە ئارادایە و لەسەر بناغەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی تێکڕای چینی کرێکار و بە تایبەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان دیاری دەکات.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەڵاڵە جۆراوجۆرەکانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزمی میللی بۆ کوردستان کە لە لایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێنە ڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕوو لەپێش نازانێت بە ئاقاری چارەسەرکردنی مەسەلەی میللیی کورد، بەڵکوو ئەمانە بە گەڵاڵەیەک دادەنێ بۆ هەمیشەیی کردنەوەی ناسنامەی میللیی کورد و غەیرە کورد لە چوارچێوەی یەک وڵاتی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ ئەبەدیکردن و شەرعییەتدان بە جیابوونەوە میللییەکان و زەمینەسازی بۆ درێژەپێدانی دژایەتی و کێشمەکێشە میللییەکان لە ئایندەدا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەر جۆرە چارەسەرێک لە بارەی ئایندەی سیاسیی کوردستانەوە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خودی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی ناوەندی، وە یان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حیزبە ناوچەییەکان پیادە بکرێت، بە نا مەشروع و نا قانوونی دادەنێت.

یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و کولتوورییە مۆدێرن و پێشڕەوەکان

یاسا و ڕێسا سیاسی و ئیدارییەکانی کۆمەڵگا دەبێ کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکی مۆدێرن و سکۆلار و پێشڕەو بێت. بنچینەی ئەم یاسا و ڕێسا پێشڕەوانە دابڕانی

تەواوی حوکمڕانی و دەسەڵاتی دەوڵەتیی و سیستەمی ئیداری وڵاتە لە دین و موقەددەساتی ڕەگەزی و میللی و نەژادی و هەر ئایدۆلۆژی و دامەزراوێک کە لەگەڵ یەکسانیی تەواو و ڕەهای مافە مەدەنییەکانی هەموو هاووڵاتیان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەموواندا ناکۆک بێت، وە یان ئازادیی ئەندێشە و ڕەخنە و ژیانی زانستیی کۆمەڵگا تەنگەبەر بکاتەوە. دین و ناسیۆنالیزم دوو ڕەوتی فیکری و کۆمەڵایەتین کە لە خودی خۆیاندا، جودایی ساز، خورافی و ناکۆک لەگەڵ ئازادی و شکۆفایی ئینسانن. بە شێوەیەکی دیاریکراو دین، تەنانەت وەکوو کاری تایبەتی تاکەکانیش، لەبەردەم ڕزگاری و شکۆفایی و باڵاکردنی ئینساندا کۆسپە. بۆیە بەرپاکردنی دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی مۆدێرن و سکۆلار، تەنها هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگای ڕزگاریی هەمە لایەنەی ئینسانەکان لە چنگی خورافات و دەمارگیریی ساویلکانەی دینی، میللی، ڕەگەزی و نەژادی و جنسی.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پیادەکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوەیە:

ئایین و میللەت و ڕەگەز

ئازادیی ئایین و بێ ئایینی و جیایی تەواوی ئایین لە دەوڵەت. داتەکاندنی یاساکانی وڵات لە هەموو ناوەڕۆک و پشتبەستن و کاریگەرییەکی ئایین. کردنی ئایین بە کاری تایبەتیی تاکەکان. هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی ئایینی فەرمی. سڕینەوەی هەر جۆرە ئاماژەکردنێک بە ئایینی کەسەکان لە یاساکان و ئەوراقە ناسنامەیی و ئیدارییەکانی پەیوەست بە خۆیان. قەدەغەکردنی لکاندنی تاکەکان، بە تاک یان بە کۆ، بە هەر جۆرە ئینتیمایەکی ڕەگەزی و ئایینییەوە لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و میدیاکان و ... تاد.

جیاکردنەوەی تەواوی ئایین لە خوێندن و پەروەردە. قەدەغەکردنی خوێندنی وانە ئایینییەکان، ئەحکامە ئایینییەکان، وە یان ڕاڤەکردنی ئایینیی بابەتەکان لە خوێندنگە و دامەزراوەکانی فێرکردندا. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی هەموو ئەو قانوون و یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ پرانسیپی فێرکردن و بارهێنانی غەیرە ئایینیدا ناکۆکن.

قەدەغەکردنی هەر جۆرە پشتیوانییەکی دارایی و ماددی و مەعنەوی لە ئایین و چالاکی و دامەزراو و دەستە ئایینییەکان لە لایەن دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە. ئەرکی دەوڵەتە کە لە ڕێگەی کارکردن بۆ هۆشیارکردنەوە و بردنەسەری ئاستی خوێندەواری و زانیاری زانستیی گشتییەوە، ئایین لە لایەنە

جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بسرێتەوە. سرینەوەی هەر جۆرە ئاماژەکردنێک بۆ بۆنە و ساڵڕۆژە ئایینییەکان لە ڕۆژمێری فەرمیدا.
قەدەغەکردنی مەراسیمی ئایینی زەبروزەنگئامێز و نامرۆیی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە چالاکی و مەراسیم و خۆنواندنێکی ئایینی کە لەگەڵ ئازادی و مافە مەدەنییەکانی خەڵک و پرانسیپی یەکسانیی هەموواندا ناکۆک بێت. قەدەغەکردنی هەر جۆرە خۆنواندنێکی ئایینی کە ببێتە مایەی شێواندنی ئاسوودەیی و هەست بە ئاسایشکردنی خەڵک. قەدەغەکردنی هەر جۆرە مەراسیم و ڕەفتارێکی ئایینی کە لەگەڵ قانوون و یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە تەندروستی و سەلامەتیی تاکەکان و ژینگە و قانوونەکانی پەیوەست بە پاراستنی ئاژەڵ ناکۆک بێت.
_ پارێزراوبوونی منداڵان و کەسانی ژێر شانزە ساڵ، لە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی ماددی و مەعنەویی ئایینەکان و دامەزراوە ئایینییەکان. قەدەغەکردنی ڕاکێشانی کەسانی ژێر شانزە ساڵ بۆ ناو کۆمەڵە ئایینییەکان و مەراسیم و شوێنە ئایینییەکان.
_ پێویستیی ناونووسکردنی فەرمیی ئایین و کۆمەڵە ئایینییەکان وەکوو دامودەزگا و دامەزراوە تایبەتییەکان و پەیڕەویکردنی دامەزراوە ئایینییەکان لە هەموو قانوون و یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە هەڵسووڕانی دامەزراوەکان. کۆنترۆڵی دامەزراوە قانوونییەکان بەسەر حەق و حیساب و دەفتەر و داهات و خەرجی کۆمەڵە و دامەزراوە ئایینییەکاندا. پەیڕەویکردنی ئەم دامەزراوانە لە قانوونەکانی باجگیریی پەیوەست بەم جۆرە دامەزراوانە.
_ قەدەغەکردنی هەر جۆرە گوشارێکی جەستەیی و نەفسیی بۆ قەبووڵکردنی ئایین.
_ قەدەغەکردنی ئەو ڕێوڕەسمە ئایینی و ڕەگەزی و تەقلیدی و ناوچەییانەی کە لەگەڵ ماف و یەکسانیی و ئازادیی خەڵکدا، چ تاک و چ کۆ، یان لەگەڵ بەهرەمەندبوونی ئەوان لە هەموو ئەو مافە مەدەنی و کولتووری و سیاسی و ئابووریانەی کە قانوون دانی پێدا ناوە، وە یان لەگەڵ خۆنواندنی ئازادانەی ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکن.
_ دەستبەسەراگرتن و گێڕانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامان و دارایی و شوێنانەی کە دامەزراوە ئایینی و حیزبییەکان بەزۆر، وە یان لە ڕێگەی دەوڵەت و دامودەزگا و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە بە دەستیان هێناوە. ئەم موڵک و شوێنانە، دەخرێنە

بەردەست دامەزراوەکانی هەڵبژێردراوی دەستی خەڵک، بۆ بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندیی گشتیدا.
_ هەڵوەشاندنەوەی پێناسەکردنی عێراق وەکوو دەوڵەتێکی قەومی_ عەرەبی و ڕاگەیاندنی عێراق وەکوو وڵات و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و غەیرە قەومی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئاماژەیەک بۆ ڕەگەز و نەتەوە و ئایینی تاکەکان لە بەڵگەنامە ڕەسمییە حکومییەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە جوداسازییەک لە ماف و ئیمتیازاتی تاکەکان و دامەزراوەکان لەسەر ئەم بناغەیە.
قەدەغەکردنی گرتنەبەری هەر جۆرە پاکتاوکردنێکی میللی و ڕاگوێزانێکی زۆرەملێ، قەدەغەکردنی سزادانی بەکۆمەڵ و ڕووخاندنی خانووبەرەی خەڵک وەکوو جۆرێک لە سزادان. مافی بێ ئەملا و ئەولای گەڕانەوەی خەڵکی ئاوارە و بەزۆر کۆچ پێکراو بۆ جێگا و ڕێگای خۆیان و دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی و خۆشگوزەران بۆیان.
_ قەدەغەکردنی لکاندنی تاکەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکان بە میللەتێکی دیاریکراوەوە لە ئاستی گشتیدا، لە میدیاکان، فەرمانگەکان و ... تاد. بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی ڕەسمیی لە خۆیان.
_ سرینەوەی هەر جۆرە ئاماژەکردنیک بۆ ئینتیمای میللیی تاکەکان لە ئەوراقە ناسنامەییەکان، بەڵگەنامە دەوڵەتییەکان و کاروبارە ئیدارییەکاندا.
_ قەدەغەکردنی هەر جۆرە پرۆپاگەندەیەکی نەفرەتکردنی ئایینیی، میللی و ڕەگەزی، نەژادی و جنسی، قەدەغەکردنی پێکهێنانی حیزب و گروپی سیاسی کە خۆ بەبانتر زانینی میللی، ڕەگەزی، نەژادی، ئایینی و جنسیی بەشێک لە خەڵکی بەسەر ئەوانی تردا، بەشێک بێت لە پرانسیپە بەڕەسمیی ڕاگەیاندراوەکانیان.

ژیانی هاوبەش، خێزان، زەواج و تەڵاق

هەر جووتێکی بانتر لە 16 ساڵ مافیان هەیە کە بە مەیل و ئارەزووی خۆیان پێکەوە بژین. قەدەغەکردنی هەر جۆرە ناچارکردن و گوشاردانانێک لە لایەن هەر کەس و دەزگایەکەوە، لەسەر تاکەکان لە مەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەر و ژیانی هاوبەش و جیابوونەوەدا.
بۆ بەفەرمیناسینی ژیانی هاوبەش لە لایەن دەوڵەتەوە و بۆ ئەوەی ئەگەر هەردوو لا بیانەوێت یاساکانی پەیوەست بە خێزان بیانگرێتەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە لە تۆماری دەوڵەتیدا بنووسرێت. سرینەوەی هەر جۆرە مۆرکێکی ئایینی پەیوەست بە

زەواج لە بەڵگەنامە و دامەزراوە ڕەسمییە دەوڵەتییەکاندا. قەدەغەکردنی هەر جۆرە وتارێکی ئایینی لە مەراسیمە دەوڵەتییەکانی تۆمارکردنی زەواجدا. بەڕیوەبردن یان نەبردنی مەراسیمی تایبەتی، چ شەرعی و چ تەقلیدی لە زەواجدا، هیچ ڕۆڵێک لە ڕەسمییەت پێدان و پلە و پایەی لە بەرامبەر یاسادا ناگێڕێت.
قەدەغەکردنی هەر جۆرە سەودا و مامەڵەکردنێک لە زەواجدا، وەکوو دیاریکردنی شیربایی، جیهازیی، مارەیی و ... تاد. وەکوو مەرجێکی زەواج.
قەدەغەکردنی فرەژنی و سیغە.
یەکسانیی تێکڕای مافەکانی ژن و پیاو لە خێزاندا لە مەسەلەی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، کاروباری پەیوەست بە سەرپەرشتی و فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، بڕیاردان لە بارەی دارایی و ئابووریی خێزانەوە و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوبەش. هەڵوەشاندنەوەی جێوشوێنی تایبەتی پیاو وەکوو سەرپەرشتیاری خێزان لە هەموو قانوون و یاسا و ڕێساکاندا و دانانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری خێزاندا.
مافی بێ قەید و شەرتی جیابوونەوە(تەڵاق) بۆ ژن و پیاو. یەکسانیی تەواوی ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لە کاروباری پەیوەست بە بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی منداڵان لە دوای جیابوونەوەدا.
یەکسانیی مافی هەردوو لا لە کاتی جیابوونەوەدا، لەو دارایی و ئیمکاناتەی کە لە ماوەی ژیانی هاوبەشدا خێزان بە دەستی هێناوە، وە یان لە ماوەی ژیانی هاوبەشدا بە دەستی تێکڕای خێزانەوە بووە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە.
هەڵوەشاندنەوەی گواستنەوەی ئۆتۆماتیکییانەی نازناوی خێزانیی باوک بۆ منداڵ و سپاردنی دیاریکردنی نازناوی کۆرپە بەڕێککەوتن و بڕیاری هاوبەشی باوک و دایک. ئەگەر بە ڕێککەوتن نەگەیشتن، ئەوا منداڵەکە نازناوی خێزانیی دایک هەڵدەگرێ. لابردنی خانەی ناوی باوک و دایک لە ناسنامە و بەڵگە ناسنامەییە ڕەسمییەکان (وەکوو، پاسپۆرت، مۆڵەتنامەی شۆفێریی و ... تاد). هەڵوەشاندنەوەی دانانی ناوی باوک وەکوو ناوی خێزانیی، وە دانانی ناوی خێزانیی بەپێی خواستی کەسەکە.
پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی دەوڵەت لە خێزانە بێ دایک یان بێ باوکەکان و بە تایبەت پشتیوانیی چالاکانە لەو دایکانەی کە جیابوونەتەوە، یان هەر لە بنەڕەتەوە

بەبێ زەواج منداڵیان بووە، لە بەرامبەر گوشاری ماددی و ڕەوشتگەلی کۆنەپەرستانەدا.
هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاسا و ڕێسا دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەی کە وەکوو تاوان مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی جنسیی ژن و مێرد لەگەڵ کەسانی دیکەی جگە لە هاوسەری خۆیان دەکەن.

مافەکانی منداڵان

مافی هەر منداڵێک لە بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە و داهێنەرانە.
کۆمەڵگا لەسەرێتی کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆ هەموو منداڵێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانیی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەرێتی ستانداردێکی چوونیەک لە خۆشگوزەرانی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەویی منداڵان و تازەلاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا دابین بکات.
دانی خەرجی پێویست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی و فێرکاری و کولتووریی خۆڕایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منداڵان و تازەلاوان بێ گوێدانە وەزعی خێزانییان.
سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو منداڵانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانییان نییە لە لایەن دەوڵەتەوە و بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرن و پێشکەوتوو و پۆشتەکاندا.
دەستەبەرکردنی دایەنگە پۆشتە و مۆدێرنەکان، بە مەبەستی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانییان، لە ژینگەیەکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیدا.
یەکسانیی تەواوی منداڵان لە ڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە چوارچێوەی زەواج یان دەرەوەیدا لەدایک بووبن.
قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی ژێر تەمەنی 16 ساڵی.
قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئازاردانێکی منداڵان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لە ئاستی کۆمەڵگا بە گشتی. قەدەغەکردنی بێ ئەملا و ئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشار و ئازاری دەروونی و ترساندنی منداڵان.
ڕووبەڕووبوونەوەی توندی قانوونیی لەگەڵ بەدکەڵکوەرگرتنی جنسیی لە منداڵان.
بەدکەڵکوەرگرتنی جنسیی لە منداڵان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.

لێپرسینەوە و سزادانی قانوونیی کەسانێک کە بە هەر جۆرێک و بە هەر بیانوویەک ببنە ڕێگر لە بەردەم بەهرەمەندبوونی منالان، چ کوڕ چ کچ، لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، وەکوو فێربوون، ڕابواردن و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە منالان.
قەدەغەکردنی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربازی بۆ منالانی خوار تەمەنی 16 ساڵی.

پەیوەندیی جنسی

بەرقەرارکردنی پەیوەندیی ئازادانە و ئارەزوومەندانەی جنسی، مافی حاشاهەڵنەگری هەموو ئەو کەسانەیە کە بە تەمەنی یاسایی کامڵیی جنسی گەیشتوون.
تەمەنی یاسایی کامڵیی جنسی بۆ ژن و پیاو 15 ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون) لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بە تاوان دەژمێردرێت.
هەموو کەسانی گەورەساڵ چ ژن چ پیاو، بۆ بریاردان لەسەر پەیوەندیگرتنی جنسیی خۆیان لەگەڵ کەسانی گەورەساڵی دیکەدا بە تەواوی ئازادن، پەیوەندیی جنسیی ئارەزوومەندانەی کەسانی گەورەساڵ لەگەڵ یەکتردا، مەسەلەی تایبەتیی خۆیانە و هیچ کەس و هیچ دەزگایەک مافی تاقیبکردن و دەخاڵەتکردنی تێدا نییە، وە بۆی نییە کە لە ئاستی گشتیدا ڕایبگەیەنێ.
هەموو خەڵکی و بە تایبەت لاوان و تازەلاوان دەبێ بخرێنە بەر فێرکاریی جنسی و فێرکردنی شیوازە بێ مەترسییەکانی بەرگرتن بە سکپڕی، هەروەها فێرکردنی ئەو شیوازانەی کە سەلامەتیی پەیوەندیی جنسیی زامن دەکەن. فێرکاریی جنسیی، دەبێ یەکێک لە وانە ئیجبارییەکانی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بێت. دەوڵەت لەسەرێتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، پێکهێنانی کلینیک و تیمە فێرکارییە گەڕۆکەکان، هەڵمەت و بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییە تایبەتەکان و هەر شێوازێکی کاریگەری دیکەوە، ڕۆشنبیریی زانستیی خەڵک لەسەر لایەنە جیاجیاکانی پەیوەندیی جنسیی و مافە یاساییەکانی تاکەکان لە پەیوەندیی جنسیدا بە خێرایی و بە فراوانترین شێوە پەرە پێ بدات.

هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و ئەو نەخۆشییانەی کە لە پەیوەندی جنسییەوە سەرچاوە دەگرن، دەبێ بە خۆڕایی و بە ئاسانی بخرێنە بەردەستی هەموو کەسانی گەورەساڵ.

لەباربردن

کەم دیاردە بە ئەندازەی لەباربردن، واتە لەناوبردنی بە ئەنقەستی کۆرپەلەی ئینسانی، بەهۆی گوشارە کولتووری و ئابوورییەکانەوە، بێ بایەخیی وجودی ئینسانی و ناتەبایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەر و چینایەتییە زاڵەکان لەگەڵ وجود و بەختەوەریی بەشەردا نمایش دەکات. لەباربردن، بەڵگەی لە خۆنامۆبوون و داماویی ئینسانە لە بەرامبەر ئەو کوێرەوەری و بێبەشییانەی کە کۆمەڵگای چینایەتی بەسەریدا دەسەپێنێ.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دژ بە کرداری لەباربردنە و لە پێناو کۆمەڵگایەکدا خەبات دەکات کە هیچ تەنگەبەری و هۆکارێک پاڵ بە ئینسانەکانەوە نەنێ بۆ ئەنجامدان، وە یان ڕازیبوون بەم کارە.
لە هەمان کاتدا، مادام هەلومەرجی ناشیاوی کۆمەڵایەتی بە هەر حاڵ، ژمارەیەکی زۆری ژنان بۆ ئەنجامدانی لەباربردن پاڵ پێوە دەنێت، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی نهێنیش بووبێت، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە مەبەستی ڕێنەدان بە بەدکەڵک لێوەرگرتنی قازانجپەرستان و بە مەبەستی زامنکردنی سەلامەتیی ژنان، خوازیاری بەدیهاتنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:
یاسایی بوونەوەی لەباربردنی کۆرپەلە تا تەمەنی 12 هەفتەیی.
لە دوای تەمەنی 12 هەفتەییەوە تەنها لە حاڵەتێکدا لەباربردن یاسایی دەبێت، کە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانی دایکەکە (تا ئەو کاتەی کە نەشتەرگەریی قەیسەری و پاراستنی کۆرپە، بە پشتبەستن بە دوا دەسکەوتە پزیشکییەکان مەیسەر دەبێت).
دیاریکردنی ئەم حاڵەتانە، لە لایەن ناوەندی پزیشکیی خاوەن دەسەڵاتدایە.
دابینکردنی فراوان و خۆڕایی هۆ و پێداویستییەکانی تێستی سکپڕی و فێرکردنی خەڵک لە چۆنێتی بەکارهێنانیاندا، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی خێرای سکپڕییە نەخوازراوەکان.
ئەنجامدانی لەباربردن و چاودێریکردنی پزیشکیی دوای ئەوە، بە خۆڕایی و لە کلینیکە مۆڵەت پێدراوەکان و لە لایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە.

مافی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدان یان نەدانی لەباربردن، لەدەستی ژن خۆیدایە. دەوڵەت لەسەرێتی بەر لەوەی ژنەکە بە دوابڕیاری خۆی بگات، وە بە مەبەستی ئەوەی کە ڕێگای لەباربردن نەگرێتەبەر، لە ڕێنمایی و پێشنیاری پسپۆڕانی زانستی و لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ئەرکە ماددی و مەعنەوییەکانی دەوڵەت لەبەرامبەر خۆی و کۆرپەکەی ئاگاداری بکاتەوە.

هەروەها بە مەبەستی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی لەباربردن، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، خوازیاری ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە دەستبەجێیانەی خوارەوەیە، بۆ بەرگرتن بە سکپڕییە نەخوازراوەکان و لەناوبردنی گوشارە ئابووری و کولتوورییەکان لەسەر ژنان:

فێرکاریی فراوانی جنسیی خەڵک لە بارەی شێوازەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و گرنگی ئەم مەسەلەیە و دابینکردنی ڕاوێژکاران و لیکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێنوێنیکردنی خەڵک.

فەراهەمکردنی فراوان و خۆڕایی هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی.

تەرخانکردنی بودجە و ئیمکاناتی پێویست بۆ کۆمەک بەو ژنانەی کە لە ڕووی گوشاری ئابوورییەوە بە ناچاری پەنا بۆ لەباربردن ئەبەن. ڕاگەیاندنی ئامادەیی دەوڵەت بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆرپە لە حاڵەتی وازهێنانی دایک لە لەباربردن.

وەستانەوەی کولتووریی لێبڕاوانە بە ڕووی ئەو دەمارگیری و گوشارە ئەخلاقییانەی کە ژنان ناچار بە لەباربردن ئەکەن. پشتیوانیی چالاکانەی دەوڵەت لە ژنان لەبەرامبەر ئەم جۆرە گوشار و دەمارگیری و هەڕەشانەدا.

خەبات لە دژی تێگەیشتنە خورافی و ئایینی و پیاوسالارانە و دواکەوتووانەکان لە کۆمەڵگادا کە ڕێگرن لە بەردەم گەشەسەندنی هەستی جنسیی ئینسانەکان و بەدیاریکراویش کۆسپن لە بەردەم بەکارهێنانی فراوانی هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و پاراستنی سەلامەتیی پەیوەندیی جنسیی لە لایەن ژنان و لاوانەوە.

خەبات لە دژی ئالودەبوون و تەهریبی ماددە هۆشبەرەکان

قەدەغەکردنی بێ ئەملا و ئەولای کڕین و فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان و تاقیبکردن و سزادانی توند و لێبڕاوانەی ئەوانەی دەبنە هۆی بەرهەمهێنان و تەهریب و فرۆشتنی غەیرە یاسایی ماددە هۆشبەرەکان.

کۆمەک بە مەسەلەی خەبات لە دژی ئالوودەبوون لە ڕێگای لە ناوبردنی زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکانی ڕووهێنانی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و پشتیوانیی لە ئالوودەبووان لەبەرامبەر دەڵاڵ و تۆڕەکانی تەهریب و فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکاندا.

بێتاونکردنی ژیانی ئالوودەبووان و یارمەتیدانیان بۆ وازهێنان لە ئالوودەبوون لە ڕێگەی:

پێکهێنانی کلینیکی دەوڵەتیی تایبەت کە لە حاڵەتی ئامادەیی نیشاندانی ئالوودەبووان بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی وازهێنان لە ئالوودەبووندا، پێویستییەکانیان لە ماددە هۆشبەرەکان بۆ دابین دەکەن.

ڕێگەدان بە هەڵگرتنی بڕێک مادەی هۆشبەری دیاریکراو بە ئەندازەی پێویستیی شەخسیی. فەراهەمکردنی بە خۆڕایی سرنج و ئەمپول لە ڕێگەی دەرمانخانەکانەوە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەخوازن، بە مەبەستی پاراستنی ئالودەبووان لە نەخۆشییەکانی وەک ئایدز، هیپتایت و ... تاد. و بەرگرتن بە تەشەنەکردنی ئەم نەخۆشییانە.

قەدەغەکردنی هەر جۆرە دوورخستنەوە، زیندانیکردن و جیاکردنەوەی ئالوودەبووان لە کۆمەڵگا، تەنها لەبەر ئالوودەبوونیان. ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان خۆی لە خۆیدا تاوان نییە.

خەبات لە دژی لەشفرۆشی

خەباتی چالاکانە لە دژی لەشفرۆشی لە ڕێگەی لەناوبردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانییەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ تۆڕەکانی سازدانی لەشفرۆشی و دەڵاڵ و میانجیگەر و باجخۆرەکان.

قەدەغەکردنی بێ ئەملا و ئەولای هەر جۆرە سازدانێکی لەشفرۆشی و دەڵاڵی و میانجیگەری و بەهرەکێشی لەو کەسانەی کە دەست دەدەنە لەشفرۆشی.

بێتاوانکردنی ژیان و کاری ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە لەشفرۆشی. کۆمەک بە گێڕانەوەی حورمەتی کۆمەڵایەتی و ڕێز لەخۆگرتنیان و کۆتاکردنی دەستی تۆڕ و باندە تاوانکارەکان لەسەر ژیانی ئەوان لە ڕێگەی:

هەڵگرتنی یاساغیی لەسەر فرۆشتنی سێکس وەکوو پیشەیەکی فەردی و پشتیوانیی یاسا و داموودەزگاکانی ئاسایش لەم کەسانە، لە بەرامبەر تۆڕ و باندە چەتە و باجخۆر و گیرفانبڕەکان.

بەخشینی مۆڵەتی پیشە بۆ ئەو کەسانەی کە وەکوو پیشەیەکی فەردی دەست دەدەنە لەشفرۆشی، پارێزراوبوونی شەخسییەت و حورمەتیان وەکوو هاوڵاتی بەڕێزی کۆمەڵگا و کۆمەککردن بە ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوی پیشەیی خۆیاندا.
پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکیی تایبەت، بە خۆپارێزی و دەرمانییەوە، بۆ پاراستنی ئەم نەخۆشی و زیانانەی کە بە هۆی ئەم پیشەیەوە تووشیان دەبێت.
هەوڵدانی دامودەزگا بەرپرسە دەوڵەتییەکان بۆ هۆشیارکردنەوە و هاندان و یارمەتیدانی عەمەلیی کەسانی لەشفرۆش بۆ دەستهەڵگرتن لەم پیشەیە و بەدەستهێنانی شارەزایی و فێرکاریی پێویست بۆ کارکردن لە مەیدانەکانی دیکەی کۆمەڵگادا.

ڕێوشوێنی دادگاییکردن

لە هەموو دادگاییکردنێکدا ئەسڵ لەسەر بێتاوانبوونی تاوانبارکراوە.
دادگاییکردنەکان دەبێ دوور بن لە ورووژاندن و پێشداوەری و لە کەشێکی دادپەروەرانەدا بەڕێوە بچێت. شوێنی دادگاییکردنەکە و قازی و دەستەی دادوەری، دەبێ بە جۆرێک دیاری بکرێن کە ئەم هەلومەرجە زامن بکەن.
تاوانبارکراو و پارێزەرەکەی مافی ئەوەیان هەیە کە بەر لە دادگاییکردنەکە لە هەموو بەڵگە و بەڵگەنامە و شایەتییەکی داواکاری گشتی، وە یان لایەنی داواکار، ئاگادار ببنەوە و لێی ورد ببنەوە.
بریاری هەر دادگایەک دەکرێ لانی کەم بۆ یەک جار داوای تێهەڵچوونەوەی بەسەردا بکرێتەوە، چ لە لایەن تاوانبارکراوەوە بێت، یان داواکاری گشتییەوە، وە یان هەردوو لای دەعوانامە حوقووقییەکەوە.
قەدەغەکردنی ورووژاندنی پێشداوەریی گشتیی لە بارەی دادگاییکردنەکان و یەکسانی پەیوەندیدار پێیانەوە، تا ئەو کاتێک کە دادگاییکردنەکە تەواو نەبووبێت.
قەدەغەی دادگاییکردنی کەسەکان لە هەلومەرج و کەش و هەوایەکدا کە گوشاری ڕای گشتی بوار بە دادگاییکردنێکی بێلایەنانە نەدات، وە یان لەکەداری بکات.
شایەتیدانی پۆلیس لە دادگاییکردنەکاندا بە ئەندازەی شایەتیدانی باقی شایەتەکان بایەخی هەیە.

قازی و دادگا دەبێ بە تەواوی لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە جیا بن. ڕاست و ڕەوابوونی یاسایی پرۆسەی لیکۆڵینەوە دەبێ لە لایەن کۆمەڵە قازییەکی تایبەتەوە چاودێری و تەئیید بکرێ.
لە یاساکانی سزاداندا دەستدرێژیکردنە سەر لەش و ئاسایشی دەروونیی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی منالان، زەبروزەنگ لە دژی ژنان، تاوانە "ناموسپەرستانەکان" لە دژی ژنان، ئەو تاوانانەی کە لە دەمارگیری و نەفرەتکردن بەرامبەر بە دەستەیەک لە خەڵک سەرچاوە دەگرن و ئەو تاوانانەی کە تۆقاندن و زەبروزەنگیان تیادا بەکار دێت، دەبێ بە تاوانی زۆر قورستر بژمێردرێن لەچاو تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر مافی خاوەندارێتی و دارایی، چ تایبەتی بێت چ دەوڵەتی. ئەو سزایانەی کە وەکوو تۆڵە، یان وەک پێی دەڵێن بۆ عیبرەت لێ وەرگرتن دانراون، دەبێ بگۆڕدرێن بەو سزایانەی کە بە ئاراستەی ڕاستکردنەوەی تاوانبار و پاراستنی کۆمەڵگا لە دووبارەبوونەوەی تاوان دادەنرێن.

مافەکانی تاوانبار و تاوانبارکراوان

هیچ کەسێک بەبێ ڕاگەیاندنی تاوانەکەی ناکرێ زیاتر لە 24 سەعات تەوقیف بکرێت. ئەم تەوقیفگا کاتییە، نابێ زیندان بێت، بەڵکوو دەبێ بەشێک بێت لە بارەگای هێزی دیسپلینیی کە پێداویستییە نۆرماڵەکانی تێدا بێت.
بەر لە دەستگیرکردن، دەبێ مافەکانی کەسی تەوقیفکراو بەو ڕابگەیەنرێت.
هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە پارێزەر یان شایەت بۆ دەستگیرکردن و لێپرسینەوەکەی خۆی بانگ بکات. هەر کەسێک مافی هەیە، ئەوپەڕەکەی تا یەک سەعات دوای تەوقیفکردنەکەی، دووجار لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ پارێزەر، یان کەسوکاری خۆی، وە یان هەر کەسێک کە خۆی پێی باش بێت، قسە بکات.
مەئموورانی دیسپلینیی بەر لە ڕاگەیاندنی تاوانەکە و بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە کەسەکە، مافیان نییە پەنجەمۆری لێ وەربگرن، یان وێنەی بگرن، وە یان تاقیکردنەوەی پزیشکی و تێستی کرۆمۆسۆمی بۆ بکەن.
لەگەڵ دەستگیرکردنەکەدا یەکسەر دەبێ کەسوکاری پلە یەکی کەسی تەوقیفکراو، وە یان هەر کەسێک کە خۆی دەیەوێت، لە تەوقیفکردنی ئەو ئاگادار بکرێتەوە.

هەر جۆرە ئەشکەنجە، تۆقاندن، سوکایەتی و گوشاردانانێکی فیکریی و دەروونی لەسەر کەسانی تەوقیفکراو، تاوانبارکراو و حوکمدراو، بە هەموو جۆرێک قەدەغەیە و گرتنەبەری ئەم شێوازانە بە تاوانی جینایی دەژمێردرێت.
ئیعتیراف وەرگرتن لە ڕێگەی هەڕەشە و تەماح پێدانەوە، قەدەغەیە.
موقاوەمەتی بێ توندوتیژی لە بەرامبەر دەستگیرکردن، هەوڵدانی بێ توندوتیژی بۆ هەڵاتن لە زیندان، وە یان خۆ بواردن لە دەستگیرکردن، خۆی لە خۆیدا تاوان نییە.
هێزە دیسپلینییەکان، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە کەسەکە خۆی، وە یان دەسەڵاتی دادوەریی خاوەن سەڵاحییەت، مافی لێپرسینەوە و پشکنینی هاووڵاتی، وە یان چوونەژوورەوە بۆ ناو شوێنە تایبەتییەکانی ئەویان نییە.
سەربەخۆیی دادپزیشکی و ئەو دامودەزگا پسپۆر و تاقیگە هونەری و زانستی و پزیشکییانەی کە توێژینەوەی بەڵگەنامە بابەتییەکانی تاوانیان لە ئەستۆیە، لە پۆلیس و دامودەزگا ئەمنییەکان. ئەم دامەزراوانە دەبێ سەربە دادگاکان بن.
شوێنی وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی کە لە دژی پۆلیس دەکرێ، دەبێ دەزگایەکی جیا لە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بێت. ئەنجامی لیکۆڵینەوەکانی ئەم دەزگایە، دەبێ بە ئاشکرا بە هەمووان ڕابگەیەنرێت.
هەموو کەسێک دەبێ بە ئاسانی بتوانێ دەستی بەو دۆسێ و زانیارییانە ڕابگات و بیانخوێنێتەوە کە هێزە ئەمنییەکان لەسەری کۆیان کردۆتەوە.
باڵکێشانی یاساکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و تەندروستی گشتی، بەسەر هەلومەرجی ژیان و چالاکیی ئابووریی زیندانیاندا.
بەڕێوەبردنی زیندانەکان دەبێ لە ئەستۆی کۆمەڵە دامەزراوێکی جیا لە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان و لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی دادگاکاندا بێت.
لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک، مافی ئەوەیان هەیە کە بەپێی لێکدانەوەی خۆیان لەسەر بڕیاری خۆیان، تەنانەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتریش، سەردانی زیندانەکان بکەن و بیانپشکنن.

هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام

سزای ئیعدام دەبێ دەستبەجێ هەڵوەشێتەوە. ئیعدام یان هەر سزایەکی دیکە کە دەستدرێژی بۆ سەر لەشی ئینسانەکان (بڕینی ئەندامەکانی لەش، سزادانی جەستەیی

و ... تاد.) بێت، لە هەموو بارێکدا قەدەغەیە. هەروەها سزای زیندانیکردنی ئەبەدییش دەبێ هەڵوەشێتەوە.

پاراستنی حورمەت و شەخسییەتی خەڵک

قەدەغەکردنی هەر جۆرە پلەبەندی کردنێکی ڕەسمی یان نارەسمیی جێوشوێن و شەخسییەتی ئینسانەکان لەسەر بناغەی پلە و پایە، پۆست، ئینتیمای ئایینی، میللەت، ڕەگەزنامە، جنس، ئاستی داهات، سەر و ڕووخسار، تایبەتمەندییە جەستەییەکان، پلەی خوێندن و ... تاد.
قەدەغەکردنی بوختان و لەکەدارکردنی حورمەتی کەسەکان.
قەدەغەکردنی هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی، دەرمانی و ژینگەیی لەسەر ئینسانەکان، بەبێ ئاگادارکردنەوە و وەرگرتنی ڕەزامەندیی فەرمیی خۆیان.
قەدەغەکردنی هەر جۆرە دەخاڵەت و دەستێوەردانێک لە یەکپارچەیی جەستەیی کەسەکان (وەکو نەزۆککردن، لابردن یان دانانی ئەندام، دەستکارییە ژینەتیکییەکان، لەباربردن، خەتەنە و ... تاد.) بەبێ ئاگادارکردنەوە و ڕەزامەندیی کەسەکە.
قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناو، پلە و پایەی زانستی و ئایینی و نیشتمانی و سەربازی (وەکوو فەریق، ئایەتوڵڵا، دکتۆر، ئەندازیار و ... تاد.) لە دەرەوەی ناوەندی پیشەکەیان. لە کاروباری ڕەسمی و دەوڵەتیدا، دەبێ تەنها بە ناو و ناوی خیزانییەوە ئاماژە بۆ کەسەکان بکرێت. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناو و سیفاتی سووکایەتی ئامێز لە وەسفکردنی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، لە لایەن هەر دامودەزگا و پۆستێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتییەوە.
قەدەغەکردنی دروستکرنی بەشی لۆکس و بەشی عادی، پلە یەک و پلە دوو و ... تاد. لە خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی گشتی، شەمەنەفەرەکان، فڕۆکە و میوانخانە دەوڵەتییەکان و مەڵبەندەکانی ڕابواردن و بەسەربردنی ڕۆژانی پشوو. ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە، دەبێ بە گونجاوترین شێوە و بە ستانداردێکی یەکسان، هەمووان لێی بەهرەمەند بن.

هۆیەکانی ڕاگەیاندن

دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە بڵاوکراوە پڕتیراژەکان و تۆڕە ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییەکان. پێکهێنانی تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن لە لایەن دەوڵەتەوە و

دابەشکردنی سەعاتەکانی پەخش بەسەر شووراکان، دامەزراوەکان، مەڵبەندەکان و ئەنجوومەنی حیزبە جیاجیاکاندا، کە لە دانیشتووانی وڵات پێک هاتوون. لابردنی هەر جۆرە سانسۆرێک، بە سیاسی و غەیرە سیاسییەوە، لەسەر میدیاکان.

داننان بەو زمانانەی کە لە وڵاتدا بەکار دێن

قەدەغەکردنی زمانی ڕەسمیی ئیجباری. دەوڵەت دەتوانێ یەکێک لە زمانە باوەکانی وڵات وەکوو زمانی ئیداری و فێرکاریی سەرەکیی دیاری بکات، بەو مەرجەی کە ئیمکانات و ئاسانکاریی پێویست لە زەمینەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فێرکاری بۆ ئەو کەسانە فەراهەم کرابێت کە بە زمانەکانی دیکە دەدوێن، وە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێت کە بتوانێ بە زمانی دایکی خۆی، لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات و لە هەموو ئیمکاناتە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان بەهرەمەند بێت.

گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی

بە مەبەستی کۆمەککردن بە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی چی دی لە ڕیزی پێشەوەی پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازیی و کولتووریی جیهانی ئەمڕۆ دوا نەکەوێت و بە مەبەستی کۆمەککردن بە بەهرەمەندبوونی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق لە ناز و نیعمەتی ئەم پێشکەوتنانە و دەرفەتی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆتر و چالاکانەتری ئەوان لە ژیانی زانستیی و کولتووریی جیهانی هاوچەرخدا، دەبێ ئەلفوبێی عەرەبی لە پرۆسەی بەرنامەیەکی زانستیدا بە ئەلفوبێی لاتینی بگۆڕدرێت.

جگە لەمەو هەر لەم پێناوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، خوازیاری ئەوەشە کە:

بە مەبەستی گۆڕینی هەنگاو بەهەنگاوی زمانی ئینگلیزی بە زمانێکی فێرکاری و ئیداری باو لە وڵاتدا، هەر لە ساڵەکانی یەکەمەوە ئەم زمانە لە خوێندنگاکاندا دەخوێندرێت.

دانانی ڕۆژژمێری زایینی، کە ئەمڕۆ لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕۆژژمێرێکی ڕەسمییە، بە ڕۆژژمێری ڕەسمیی وڵات و هەڵوەشاندنەوەی بەکارهێنانی ڕۆژژمێری کۆچی.

یاساکانی کار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی

تا ئەو کاتەی کە سەرمایەداری بەسەر ژیانی ئینسانەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکات، تا ئەو کاتەی کە تاکەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان ناچار بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان و ئەنجامدانی کار بن بۆ سەرمایە و ئەوانەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لە دەستدایە، تا ئەو کاتەی کە نیزامی کرێگرتەیی و کرین و فرۆشتنی هێزی کاری ئینسانەکان لە ئارادایە، هیچ قانوونکارێک، هەر چەندە کۆمەڵێک ماددە و پەراوێزی بە قازانجی کرێکاران تێدا گونجێنرا بێت، هێشتا قانوونکارێکی بە ڕاستی ئازاد و کرێکاری نییە. قانوونکاری ڕاستەقینەی کرێکاران، ڕەتکردنەوەی نیزامی کرێگرتەیی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکە کە تیایدا هەر کەسێک ئارەزوومەندانە و بەپێی توانا و داهێنانی خۆی لە بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیان و خۆشگوزەرانیی گشتیدا بەشداری دەکات و بەپێی پێویستییەکانیشی کەڵک لە بەروبوومی ئەم کۆششە دەستەجەمعییە وەردەگرێت.

بەڵام لە هەمان کاتدا، لە هەر شوێنێک و تا ئەو کاتەی کە نیزامی کاری بەکرێ لە ئارادایە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری بۆ سەپاندنی وەها هەلومەرجێک بەسەر قانوون و پەیوەندییەکانی کار لەم نیزامەدا تێدەکۆشێت کە لانی زۆری ئاسایش و خۆشگوزەرانیی شیاو و گونجاوترین هەلومەرجی کار بۆ کرێکاران دابین بکات و هەرچی زیاتر چینی کرێکار و هەموو هاووڵاتیان لە دەرهاویشتە زیانبارەکانی نیزامی کاری بەکرێ بپارێزێ. هەروەها کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتەدا بۆ هێنانە کایەی وەها هەلومەرج و ڕێوشوێنێکی کار تیدەکۆشێت کە چوونەسەری هۆشیاری چینایەتی و توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار بە باشترین شێوەی مومکین مەیسەر و ئاسان بکات.

یاساکانی کار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیش وەک هەموو ماف و ئەرکەکانی دیکەی هاووڵاتیان دەبێ بەبێ هیچ جوداسازییەک کرێکارانی خارجیی و ئەو خارجییانە بگرێتەوە کە موقیمی وڵاتن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری یەکسانیی تەواوی هەموو کرێکارانە لە وڵاتدا لە ڕووی مافەکانیانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامە، ئینتیمای میللی، ئایین، جنس و ... تاد. سەرخەتی خواستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بواری یاساکانی کار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیدا بریتین لە:

یاسای کار

1) ئازادیی تەواو و بێ قەید و شەرتی ڕێکخراوبوونی کرێکاران.

2) ئازادیی تەواو و بێ قەید و شەرتی مانگرتن. مانگرتنی کرێکاریی پێویستیی بە هیچ مۆڵەت وەرگرتنێک لە دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتییەکان نییە. دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. مافی یەکسان بۆ مانگرتووان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی دەستبردنیان بۆ مانگرتن و وەڵامدانەوەی قسەکانی دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە میدیاکانەوە. قەدەغەکردنی نایاساییکردنی ئەم یان ئەو مانگرتن بە بیانووی وەک "بەرژەوەندیی میللی و نیشتمانییەکان"، "هەلومەرجی نا ئاسایی"، "هەلومەرجی شەڕ" و... تاد.

3) قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مانگرتن شکێنەکان، وە یان بەکارهێنانی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە جێگەی مانگرتووان لە هەموو دامەزراوەکاندا، چ تایبەتی و چ دەوڵەتی.

4) مافی دەست لە کار کێشانەوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە هەڵسوکەوت و کارکردی خاوەنکار و دەستوپێوەندەکانی، یان مەسەلەی سەلامەتیی شوێنی کار، وە یان سەرهەڵدانی کێشەی پێشبینی نەکراو لە شوێنی کاردا، بە شێوەیەکی کاتی کار ڕادەگرن، بۆ ئەوەی وەڵام بە ناڕەزایەتییەکەیان بدرێتەوە.

5) ئازادیی پێکێت لەبەردەم دامەزراوەکاندا. ئازادیی هەمووان لە پەیوەستبوون بە پێکێتە کرێکارییەکانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو دامەزراوەدا کار دەکەن یان نا.

6) بەرقەرارکردنی دەستبەجێی لانی زۆر 30 سەعات کار لە هەفتەدا (پێنج ڕۆژی شەش سەعاتی)، 25 سەعات لە هەفتەدا بۆ کارە سەختەکان، وە دەبێ بە بەردەوامی هەموو پێنج ساڵ جارێک کەم بکرێتەوە. کاتەکانی نانخواردن، ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هاتوچۆ، کاتی خۆشتنی دوای کار، کاتی وانە بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین و فێرکاری تەکنیکی و کاتی کۆبوونەوە گشتییەکان دەبێ بە بەشێک لە سەعاتکار بژمێردرێن.

7) دوو ڕۆژ پشوو لەسەریەک لە هەفتەدا. گۆڕینی ڕۆژانی پشووی هەفتە بۆ شەممە و یەکشەممە بە مەبەستی هاوئاهەنگی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و بە تایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا. لانی کەم 30 ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانە. مۆڵەتی کورت

خایەنی کوتوپڕ بەبێ داشکاندن لە کرێ، سەرباری مۆڵەتی ساڵانە، بۆ بەدواداچوونی گیروگرفتە پێشبینی نەکراوە شەخسی و خێزانییەکان. کرێکارانی ژن بۆیان هەیە لە مانگێکدا بەو جۆرەی کە خۆیان دیاری دەکەن، دوو ڕۆژ مۆڵەت بۆ سووڕی عادەی مانگانەیان وەربگرن.

8) قەدەغەکردنی زێدەکاری. حەقدەستی ئاسایی کرێکاران دەبێ لە ئاستێکدا بێت، کە هیچ کرێکارێک لەبەر پێداویستیی ئابووری، خۆی ناچار نەبینێ کە مل بە زێدەکاری بدات.

9) دانانی ڕۆژی یەکی ئایار بە پشووی ڕەسمی وەکوو ڕۆژی جیهانیی کرێکاران.

10) دانانی ڕۆژی 8ی مارس بە پشووی ڕەسمی وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژنان.

11) قەدەغەکردنی هەر جۆرێک لە کار_ کرێ، وەکوو پارچەکاری و کۆنتەراتی.

12) دیاریکردنی لانی کەمی کرێ لە لایەن نوێنەرانی کرێکارانەوە.

13) چوونەسەری ئۆتۆماتیکیی لانی کەمی کرێ پێ بەپێی هەڵاوسان.

14) دیاریکردنی لانی کەمی تێکڕای چوونەسەری ساڵانەی حەقدەستەکان لە ڕێگەی گفتوگۆی هاوبەشی نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا لەگەڵ نوێنەرانی سەراسەریی خاوەنکارەکان و دەوڵەت.

15) کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە بەرامبەر کاری چوونیەکدا.

16) قەدەغەکردنی دانی حەقدەست بە شێوەی شمەک و غەیرە نەقدی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە دواخستنێکی حەقدەست. قەدەغەکردنی هەر جۆرە داشکاندنێک لە کرێ و غەرامەکردنێک بە بیانووی جۆراوجۆرەوە. دانی کرێی ڕۆژانی غیابی پاساودار، دەورانی نەخۆشی و لەجێکەوتن، ڕۆژانی مانگرتن، وە یان هەر جۆرێک لە ڕاگرتنی بەرهەم لەبەر هەر هۆیەک بێت، وە یان بە هەر بیانوویەکی خاوەنکارەوە بێت.

17) حەقدەستی کرێکاران، جگە لە ئەنجامدانی خودی کارەکە، نابێ بە هیچ مەرج و فاکتەرێکی دیکەوە ببەسترێتەوە (وەکوو زیادکردنی بەرهەم، بەرهەمهێنەریی، دیسپلین، ڕادەی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و ... تاد.). هەموو حەقدەستی کرێکاران دەبێ بە یەکپارچەیی بە شێوەی کرێ بدرێت.

18) قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی خوار 16 ساڵ.

19) قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە کرێکارانی دووگیان، وە یان ئەو کرێکارانەی کە بە هۆی تایبەتمەندیی فیزیکیی تایبەتیی خۆیانەوە سەلامەتییان

دەکەوێتە مەترسییەوە. هەموو کرێکارێک مافی ئەوەی هەیە، هەر کارێک کە بەپێی وایە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە زیانی پێ دەگەیەنێت، ئەنجامی نەدات.

20) قەدەغەکردنی دەرکردنی کرێکاران. دانی بێ کەمایەسی دوا مووچەی وەرگیراو بەو کرێکارانەی کە دامەزراوەکەیان ڕائەوەستێ، تا ئەو کاتەی کە ئەچنە سەر کارێکی دیکە. بەرپرسبوونی دەوڵەت لە پەیداکردنی کاری هاوشێوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بە هۆی ڕاوەستانی دامەزراوەکانیانەوە بێکار دەبن. فێرکردنی پیشەیی تازە بە خەرجی دەوڵەت، بۆ ئەو کرێکارانەی کە پیشە وە یان بەشەکەیان بەهۆی ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژییەوە لەدەست دەدەن.

21) بیمەی بێکاری تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانی ئامادە بەکاری سەرووی 16 ساڵ لەسەر بناغەی دوا کرێی وەرگیراو. دانی بیمەی بێکاری تێروتەسەل و باقی دەرماڵە پێویستەکان بە هەموو ئەو کەسانەی کە لەبەر هۆی جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە.

22) دیاریکردنی تەمەنی خانەنشینی بۆ ژنان و پیاوان بە 55 ساڵ، یان دوای 25 ساڵ پێشینەی کار (18 ساڵ بۆ کارە سەختەکان). دانی مووچەی خانەنشینی بەرامبەر بە بەرزترین کرێی وەرگیراو لە دەورەی کارکردندا. بردنەسەری بیمەی خانەنشینی شانبەشانی چوونەسەری ئاستی کرێ.

23) دابینکردنی سەلامەتی و هەلومەرجی تەندروستی شوێنی کار و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کار تا نزمترین ئاستی مومکین، بەبێ هیچ سک هەڵگوشینێک، بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتووترین کارئاسانی و ئیمکاناتێک کە لە ئاستی جیهانیدا بەکار دەهێنرێ. چاودێری و فەحسی پزیشکیی ڕێکوپێک لە بەرامبەر ئەو مەترسی و نەخۆشییانەی کە لە پیشە و کارەوە سەرچاوە دەگرن، لە لایەن دامودەزگای پزیشکیی سەربەخۆ لە خاوەنکارەوە، لەسەر خەرجی خاوەنکارەکان و دەوڵەت.

24) بیمەکردنی بێ کەمایەسی کرێکاران لە بەرامبەر ئەو کارەسات و زیانانەی کە لە ئەنجامی کارەوە تووشیان دەبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە لە شوێنی کار، وە یان دەرەوەی شوێنی کار ڕووی داوە، وە بەبێ ئەوەی کە کرێکار پێویستیی بە سەلماندنی کەمتەرخەمیی خاوەنکار یان بەڕێوەبەرێتی هەبێت. دانی کرێی تەواوی خانەنشینی بەو کرێکارانەی کە لە ئەنجامی کارەساتی کارەوە توانای کارکردن لەدەست دەدەن.

25) پێکهێنانی دەستەی ناوبژیوانی و چارەسەرکردنی کێشە، کە لە کەسانێکی هەڵبژێردراوی کرێکاران پێک دێت.

26) دارشتن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکانی کارگە و یەکە ئابووری و بەرهەمهێنەرەکان لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکارانەوە.

27) پێکهێنانی دەستە پشکنینە کرێکارییەکان بۆ چاودێری بەسەر پیادەکردنی ڕاست و دروستی یاسای کار لە سەرتاسەری وڵات و هەموو یەکە و دامەزراوەکاندا، بە خزمەتگوزارییەکانی نێومالیشەوە.

28) پابەندکردنی خاوەنکار بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران لە بارەی هەر بڕیارێکەوە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەر شێوەی کار، سەعاتی کار، شوێنی کار و ژمارەی کرێکارانی لەسەرکار بهێنێت.

29) مافی نوێنەرانی کرێکاران لە پشکنینی نووسینگەکانی ئەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکەن. خاوەنکار لەسەرێتی، هەموو ئەو زانیارییانەی کە کرێکاران لەم پشکنینەدا مەبەستیانە بخاتە بەردەستیان.

خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان

1) دانی بیمەی بێکاری هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمی، بە هەموو کەسانی بێکاری سەرووی 16 ساڵ.

2) دانی بیمەی خانەنشینیی دەوڵەتیی هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمی، بە هەموو کەسانی سەرووی تەمەنی 55 ساڵی، کە مووچەی خانەنشینییان نییە.

3) هەموو منداڵ و نەوجەوانێکی خوار تەمەنی 16 ساڵی، کە لە ڕێگەی خێزانەوە گوزەران و خۆشگوزەرانی دابین نابێت، بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت.

4) چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکیی خۆڕایی و شیاو و نزیکەدەست بۆ هەمووان. چاودێریی تەندروستی ڕێکوپێک و کوتانی هەمە لایەنەی منداڵان. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان لە نیزامێکی خواردنی تێروتەسەل و شیاو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی داهاتی خێزان و ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوون و ... تاد. ڕیشەکێشکردنی ئەو نەخۆشییە پەتایی و تەشەنەکەرانەی کە لە پاکژنەبوونی ژینگەوە سەرچاوە دەگرن، چاودێریکردنی تەندروستی هەموو هاووڵاتیان لە بەرامبەر نەخوشییەکانی دڵ، شێرپەنجە باوەکان و ئەو نەخۆشییانەی

کە زوو تەشخیسکردنیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئاکامەکانی. پەرەپێدان و باشکردنی جیددیی ئاستی تەندروستیی گشتی، زانیاری پزیشکی و تەندروستیی جەماوەر، پەرەپێدان و ڕێکخستنی ئیمکاناتە پزیشکی و دەرمانییەکان بە شێوەیەک کە دەستڕاگەیشتنی دەستبەجێ بە پزیشک و داوودەرمان بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات ئاسان بێت.

5) خوێندنی گشتی و ئیجباری و خۆڕایی تا تەمەنی 16 ساڵی. خوێندنی باڵا(زانکۆیی، پسپۆڕی)ی خۆڕایی و نزیکەدەست بۆ هەموو خوازیاران. دانی دەرماڵەی تێروتەسەل بە خوێندکاران. ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری هەمشەیی پلەی خوێندەواری و زانیاریی زانستی و تەکنیکیی دانیشتووانی وڵات. فێربوون مافی هەمووانە و دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە فێرکارییەکان نابێ بە هیچ جۆرێک بە ئاستی داهاتی خێزانەوە ببەسترێتەوە .

6) دابینکردن و زامنکردنی خانوبەرەی گونجاو لە ڕووی فراوانی و تەندروستی و سەلامەتی و خزمەتگوزاریی شارییەوە (کارەبا، ئاوی سارد و گەرم. چێشتخانە، گەرماو و دەستشۆری ناو خانووەکە، دەزگای فێنککردنەوە و گەرمکردنەوە، هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی تەلەفۆنی و تەلەڤیزیۆنی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییە ناوچەییەکان) بۆ هەمووان. کرێی خانوو نابێ لە 10%ی داهاتی تاک یان خێزان زیاتر بێت. ئەگەر کرێکە لەمە زیاتر بوو، ئەوا دەبێ زیادەکەی لە ڕێگەی کۆمەکی دەوڵەتەوە دابین بکرێت. بێخانە و لانەیی، وە یان ناچارکردنی ئینسانەکان بە ژیان لە سەرپەنای خوارتر لە ستاندارد پەسەندکراوەکان، کارێکی نایاساییە و دەزگا دەوڵەتییەکان لەسەریانە دەستبەجێ سەرپەنای گونجاو بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکەن.

7) پێکهێنانی دامەزراوە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان لە گەڕەک و موجەممەعە سەکانییەکاندا، وەکوو دایەنگە، باخچەی ساوایان، چێشتخانە و مەڵبەندە گشتییەکانی خۆخزمەتکردن، جلشۆرگەی مۆدێرن و ... تاد. بە مەبەستی سووککردنی باری کاری ناوماڵ و ئاسانکردنی بەشداریکردنی هەموو خەڵک لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

8) فەراهەمکردنی ئاسانکاریی وەرزشی و هونەری و کولتووریی خۆڕایی(یاریگا، هۆڵ و ستۆدیۆی نمایش و نواندن، کتێبخانە و ... تاد.) و تەرخانکردنی ڕاهێنەر و فێرکارانی پێویست لە ئاستی ناوچەییدا.

9) دابینکردنی ئاسانکارییە پێویستەکان بۆ بەشداریکردنی چالاکانەی ئینسانە نوقسانەکان و کەمئەندامان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، دەستەبەرکردنی ئاسانکارییەکان و ئامرازە تایبەتییەکانی نوقسانەکان لە شوێنە گشتییەکان، گوزەرگاکان، موجەمەعە سەکەنییەکان و ... تاد. دابینکردن و لەئەستۆگرتنی خەرجیی هۆ و ئامرازە تەکنیکی و یارمەتیدەرە پێویستەکان بۆ ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانەی کەسانی کەمئەندام.

10) دابینکردنی ئاسانکاری و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی بەساڵاچووان و باشکردنی شێوەی ژیانیان. دابینکردنی ئیمکانات و ئاسانکاریی پێویست بۆ بەردەوامی بەخشین بە بەشداری چالاکانە و داهێنەرانەی بەساڵاچووان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

11) دابینکردنی تۆڕی پاس و میترۆی خۆڕایی بۆ هاتوچۆی ناو شارەکان.

12) دابینکردنی هەموو پێداویستییە شارییەکان (کارەبا، ئاو، تەلەفۆن، مەڵبەندی فێرکردن و پزیشکی و کولتووری و ... تاد.) لە هەموو ناوچە دێنشینەکان و نەهێشتنی جیاوازیی خۆشگوزەرانی لە نێوان شار و دێدا.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، جەخت لەسەر ئەم پرانسیپانەی خوارەوە وەکوو بنەمای هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە مەیدانی نێونەتەوەییدا دەکات:

_ هەڵوەشاندنەوەی دیپلۆماسیی نهێنی، سیاسەتی دەرەوە و هەڵسوکەوتە دیپلۆماسییەکان، دەبێ پەیڕەوی لە یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکانی ئۆرگانە یاسادانەرەکانی هەڵبژێردراوی خەڵک بکەن.

_ هاوپشتیکردنی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ بزووتنەوە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان و هەموو ئەو ڕژێمانەی کە مافە فەردی و مەدەنییە سەرەتاییەکان لە هاووڵاتیانی خۆیان زەوت دەکەن.

_ خەبات بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی ئەو دەزگا و ناوەندە نێونەتەوەییانەی کە ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی وڵاتە جیاجیاکان نوێنەرایەتی دەکەن و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی ئازادییە مەدەنییەکان و دابینکردنی یەکسانیی خەڵکی جیهان لە کاروبارە جیاجیاکاندا دەکەنە ئامانجی خۆیان. خەبات بۆ

هەڵوەشاندنەوەی هەموو داموودەزگا و پەیمان و ناوەندە نێونەتەوەییە ئیمپریالیستی و میلیتاریستی و ناکۆکەکان لەگەڵ یەکسانی و پیادەکردنی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان لە مەیدانی نێونەتەوەییدا.
_ تەرخانکردنی هەمیشەیی بەشێک لە داهات و سامانە ئینسانی و تەکنیکی و پسپۆرییەکانی وڵات، بۆ کۆمەککردن و باشکردنی ژیانی ئابووری و کولتووریی خەڵک لە وڵات و ناوچە بێبەشترەکانی جیهاندا.
_ قەدەغەکردنی بەشداریکردنی وڵات لە پەیمانە دژی خەڵکی و پاوانخوازی و سەر کوتگەرانەکاندا.

*

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، چینی کرێکار و هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە ئاوات و ئامانجەکانیاندا خۆیان بە هاوبەشی ئەم حیزبە دەزانن، بۆ پەیوەستبوون بە ڕیزەکانییەوە بانگەواز دەکات.

تایپکردنەوەی: پەیمان غەریب
پیاچوونەوەی: جەبار موحسین

سەرچاوە:
یک دنیای بهتر_ برنامه حزب کمونیست کارگری
انتشارات حزب کمونیست کارگری ایران ISBN 91-630-4467-6

لەپێناوی داکوکیکردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق

(خستنەڕووی بەرایی باسەکە)

هێزی سێیەم، هێزی یەکەم

ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا قسە لە زەروورەتی سەرهەڵدانی هێزێکی سێیەم ئەکرێت. ئیفلاسی سیاسی و بێ ئاسۆیی دوو ڕەوتە سەرەکییەکەی ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراقدا، یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات، بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک ئاشکرا بووە و نسیبی ئەوان چ لە "دەوڵەت" و چ دواتر لە شەڕی دەسەڵاتی ئەم حیزبانەدا، جگە لە هەژاری و بێبەشی و نائاسوودەیی و بێمافی شتێکی تر نەبووە. لە ڕوانگەی زۆرێک لە خەڵکەوە، وە تەنانەت لە ڕوانگەی خودی دوو حیزبە ناسیۆنالیستییە سەرەکییەکەوە، هەر ئێستا هێزێکی سێیەم لە مەیداندایە، ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقە.

بەڵام دەستەواژەی هێزی سێیەم دەتوانێ گومڕاکەر بێت. ئەم وەسفە بۆ حیزبی لیبراڵ_ دیموکراتی بەریتانیا، یان ڕەوتی ڕاس ڕەو لە ئەمەریکا گونجاوە. بەڵام لە کوردستانی عێراقدا هەلومەرجێکی پەرلەمانی، وە یان کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و نۆرماڵی پلۆرالیستی بەرقەرار نییە. هێزی سێیەم قەرار نییە بەشێک لە کورسییەکانی ئەم یان ئەو پەرلەمان لە دەستی دووانەکەی تر دەربێنێ. مەسەلەکە لەسەر گۆڕینی نیزامێکی دوو حیزبی بۆ نیزامێکی فرە حیزبی نییە. کوردستانی عێراق کۆمەڵگایەکە کە مەوقیعییەتێکی ناجێگیر و گوزاری هەیە. کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگ چاوەڕێی ئەم کۆمەڵگایە و ئەم خەڵکە دەکات کە سەرتاپای ئەم دیمەنە بە خێرایی تێکوپێک دەدات. خەباتێک کە لە نێوان هێزە سیاسییەکان لە ئارادایە خەباتێکە لەسەر ئەم داهاتووە. لەسەر وەڵامێکە کە بە هەلومەرجی نادیاری ئەمڕۆ دەدرێتەوە و ڕێگایەک کە دەخرێتە بەردەم خەڵکی. لەگەڵ هەر ئایندەیەکدا، لەبنەڕەتدا تەنها یەک هێز سەرئەکەوێ و لەگەڵ سەرکەوتنی هەر هێزێکیشدا تەنها یەک ئایندە دێتە ئاراوە. هێزی سێیەم یان دەبێ ببێتە هێزی یەکەم، یان ببێتە تەماشاکەری ئەوەی کە چارەنووسی کوردستانی عێراق، لانیکەم لەم دەورەیەدا، بۆرژواکان دیاری بکەن. ڕووی مەسەلەکە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق ئەمەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق دەبێ ڕێگای

دەربازبوون لە بار و دۆخی ئەمڕۆ نیشان بدات و هێزی خەڵکی و لە سەرووبانەوە چینی کریکار بۆ وەدیهێنانی جۆش بدات.

دوو گرێی سەرەکی

هەلومەرجی ناسک و ترسناکی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق لە بناغەوە دەرەنجامی دوو واقیعییەتی سەرەکییە. یەکەم، مەسەلەی کورد، وەکوو مەسەلەیەکی میللیی چارەسەرنەکراو نە تەنها لە عێراقدا، بەڵکوو لە تێکڕای ناوچەکەدا، وە دووەمیش، شەڕی عێراق و ئەمەریکا و بەدوای ئەویشدا نادیاربوونی جێوشوێنی حوقووقی_ سیاسی و ناسنامەی وڵاتیی کوردستانی عێراق. ئەم دوو گرفتە لە کوردستانی ئەمڕۆدا بە جۆرێک پێکەوە گرێیان خواردووە، کە لێک جیا ناکرێنەوە. هەر بۆیە وەڵامێک دەتوانێ کارساز و واقیعی بێت، کە لە هەمان کاتدا وەڵامی هەردوو گرفتەکە بداتەوە. بە بڕوای من لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، خواستی کردنی کوردستانی عێراق بە وڵاتێکی سەربەخۆ، دەبێ یەکێک لە خاڵە تەوەرەییەکانی پلاتفۆرمی سیاسیی کۆمۆنیزمی کریکاری بێت. تەنها ئەم خواستە وەڵامی مەسەلەی میللی و نادیاریی سیاسی و ئیداریی ئەمڕۆی کوردستانی پێیە. تەنها ئەم خواستە دەتوانێ لە جەرگەی ئەم بێسەر و سامانی و داڕوخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا، ئاسۆیەکی ئەقڵانی بۆ دەربازبوون لەم هەلومەرجە بخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان. وە تەنها ئەم درووشمە ئیمکانی ئەوە ئەبەخشێ، کە کۆمۆنیزمی کریکاری، ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان لەنێو خەڵکیدا تەریک بکاتەوە و وەکوو هێزی یەکەم دەربکەوێ و بەرنامەی کریکاری و سۆسیالیستیی خۆی بکاتە بەهێزترین ئاڵتێرناتیڤ لە گشت کۆمەڵگادا. مەبەستی من لەم نووسینە کورتەدا، خستنەڕووی ئەم باسە و چوونەسەر هەندێ لە لایەنە گرنگەکانیتی.

مەسەلەی کورد

مەسەلەی کورد یەکێکە لە گرنگترین مەسەلە میلییە چارەسەرنەکراوەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا. خەسڵەتی ناوچەیی ئەم مەسەلەیە و لەنێودابوونی پێی سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا، یەکەم، بەرجەستەیی و گیانسەختییەکی تایبەتیی بە مەسەلەی کورد بەخشیوە، وە دووەم چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەی تەنانەت لە چوارچێوەی هەر یەکێک لەو وڵاتانەشدا زۆر دژوار و ئاڵۆز کردووە. ناوەڕۆکی عەمەلیی مەسەلەی

کورد لە هەرسێ وڵاتەکەدا، ڕێک وەکوو یەک نییە. مەودا و ڕەهەندی ستەمی میللی، جێوشوێنی حوقووقیی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی هەر وڵاتە و پەیوەندی ئەوان لەگەڵ باقیی خەڵکی وڵاتدا و لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا، هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی کوردستان، جۆری ڕژێمە سیاسییەکان و ... تاد. لە هەر یەکێک لەم سێ وڵاتەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەم نووسینە کورتەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە بچینە سەر باسی جیاوازییە گرنگەکانی نێوان لایەنە جیاجیاکانی مەسەلەی کورد لەم سێ وڵاتەدا. لەبارەی عێراقەوە دەبێ ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکرێت. لە عێراقدا ستەمی میللی و جێوشوێنی ژێردەستەیی خەڵکی کوردستان مەسەلەیەکی سروشتی و ڕەسمییە. ناسنامەی قەومیی کورد لە یاساکانی عێراقدا نەک تەنها حاشای لێ ناکرێ، بەڵکوو وەکوو یەکێک لە پایەکانی کۆمەڵگای عێراق بە فەرمی دەناسرێ. بەڵام ئەم بە فەرمیناسینە لە وڵاتێکدا کە بە فەرمی و ئاشکرا وەکوو وڵاتێکی عەرەبی و بە بەشێک لە جیهانی فراوانتری "عەرەب" پێناسە دەکرێت، هاوتایە لەگەڵ پێناسەکردنی کورد وەکوو ئینتیمایەکی میللی پلە دووەم و هەمیشەییکردن و ئیجباریکردنی ئەم جێوشوێنە پلە دووە بۆ کەسانێک کە وەکوو "کورد" لەدایک دەبن. کورد بەپێی پێناسە لە عێراقدا هاووڵاتیی پلە دووە. تەنانەت بە پێچەوانەی تورکیاوە، کە تیایدا ناسنامەی قەومیی کورد لە بنەڕەتەوە حاشای لێ دەکرێ و خەڵکی وڵات بەپێی پێناسە بە تورک دەژمێردرێن، لە عێراقدا، بۆ کەسێک کە مۆری "کورد" لەنێوچاوانی دراوە، تەنانەت ڕێگاچارەیەکی فەردیش لەدەست ئەم ژێردەستەییە قەومییە لە ئارادا نییە. "کورد"ێک لە تورکیادا ناچارە ببێتە "تورک"، بەڵام لە عێراقدا، تەنانەت ئەگەر بشیەوێ ناتوانێ ببێتە "عەرەب". سڕینەوەی سنوورەکانی ناسنامەی قەومی لە عێراقدا ئیمکانی نییە، ئیمکانی پشتگوێخستن، یان فەرامۆشکردنی نییە. مەسەلەی کورد بە حوکمی عەرەبیبوونی عێراق و قەومیبوونی پێناسەی "عەرەب"، لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەری مەحاڵە.

ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی ناسیۆنالیستیی عەرەبییە و لەگەڵ هەموو دانیشتووانی ئەم وڵاتەدا بە کورد و عەرەبەوە بێ ئەندازە سەرکوتگەر و هارە. خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی، چەندین جار و بە تراژیدیترین شێوە، ئەم سەرکوت و درندەییەیان تاقی کردووەتەوە. سەرەڕای هەموو کوێرەوەری و گرفتەکانی ئەمڕۆ، یەکێک لە کابووسەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق، گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی

بەعسە. بەڵام تەنانەت گۆڕانکارییش لە ڕەفتاری سیاسیی ڕژێمی عێراقدا ڕووی مەسەلەکە ئەوەندە بۆ خەڵکی کوردستان ناگۆڕێ. تا ئەو کاتەی کە ناونیشانی "کورد" بە مانای پەیوەستەگیی تاک بۆ توێژێکی "کەمینە" و "پلە دوو" لە کۆمەڵگادا بێت، مەسەلەی کورد لەجێی خۆی دەمێنێتەوە. ئەمە ئاکامی حەتمیی بە عەرەبی پێناسەکردنی عێراقە. لە نیزامێکی وادا، بەدەر لە خەڵک و سرووشتی دەوڵەتی ناوەندی لە بەغداد، بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگای عێراق هەمیشە لەژێر سووکایەتی، بێمافی، نائەمنی و هەڕەشەی زەربەخواردندا دەمێنێتەوە.

وەڵامی گشتی، وەڵامی دیاریکراو

مەسەلەی کورد لە عێراقدا دەبێ وەڵامی پێ بدرێتەوە. سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بێگومان یەکەمین هەڵبژاردن نییە. وەڵامی یەکەمی ئێمە بە مەسەلەی میللی لە گشت ناوچەکەدا، شۆڕشی کرێکارییە. شۆڕشێکی کۆمۆنیستی کە ئەو سنوورانەی ئینسانەکان لێک جیا ئەکاتەوە و بەسەر وڵات، قەوم، میللەت و ئایینی جیاجیا دابەشیان دەکات و لەبەرامبەر یەکتردا ڕایان دەگرێ، لەنێو دەبات. شۆڕشێک کە ئینسانەکان لە خورافەی میللی و لە کۆتی ناسنامەی میللی ئازاد دەکات و بە مانای واقیعی دەیانکاتە ئینسان. سەربەخۆیی کوردستانی عێراق تەنانەت دووەم هەڵبژادنیشمان نییە. عێراقێکی غەیرە قەومی، عێراقێکی ئازاد کە تیایدا هاوڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی قەومییەت و ئینتیمای میللییان، لە مافە مەدەنییە یەکسانەکان بەهرەمەند بن، عێراقێک کە تیایدا نە پرسیار لە قەومییەتی هاوڵاتیان بکرێ، نە لە هیچ شوێنێکدا تۆمار بکرێ و نە لە هیچ یاسا و دانراوێکدا ناوی بێت، بێگومان لە جیایی کوردستان باشترە. ئەم دوو ئامانجە هەردووکیان، چ ڕێکخستن و بەدیهێنانی شۆڕشێکی کرێکاری لە عێراق و لە گشت ناوچەکەدا و چ پێکهێنانی ڕژێمێکی سیاسیی ئازاد و عەلمانی و غەیرە قەومی لە عێراق، کە تیایدا "کورد" و "عەرەب" و هەموو ئەو کەسانەی کە ئیتر ئامادە نین بەم نازناوە قەومییانە دەستەبەندی بکرێن، وەکوو هاووڵاتییانی خاوەن مافی یەکسان بە فەرمی بناسرێن، ئامانجی ڕاگەیاندراوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە. هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکوو حیزبێکی سەراسەری، لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا بە دروستی لەسەر دوو کۆڵەکەی بنچینەیی وەستاوە. یەکەم، شۆڕش لە سەرتاپای عێراقدا و بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی غەیرە قەومی و لابردنی ستەمی میللی،

وە دووەم، بە فەرمیناسینی مافی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆ جیابوونەوە و پێداگرتن لەسەر پرانسیپی ڕێفراندۆم. بەڵام ئەم هەڵوێستە گشتییە ئەگەرچی لە گۆشەنیگای حیزبێکی سەرتاسەرییەوە کافی و مەبدەئییە، لە گۆشەنیگای کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە خودی کوردستانی عێراقدا هێشتا دەبێ کۆنکرێتتر بکرێتەوە. پرسیار ئەوەیە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە خەڵکی کوردستانی عێراق لە ڕێفراندۆمێکدا، ڕای خۆیان لەبارەی جیابوونەوە، یان مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەرببڕن؟ وە ئەگەر وەڵامەکەی ئیجابییە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چ وەکوو بەشێک لەم خەڵکە و چ وەکوو نوێنەری بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار لەم کۆمەڵگایەدا، کام هەڵبژاردن پێشنیار دەکات؟ بە بڕوای من وەڵامی پرسیاری یەکەم بێ هیچ گومانێک ئیجابییە، بەبێ یەکلاکردنەوەی دەسبەجێی کوردستان لە ڕووی حوقووقییەوە، دەربازبوون لە موسیبەت و کوێرەوەرییەکانی ئەمڕۆ و دەربازبوون لەم تەنگژەیەی ئەمڕۆ ئیمکانی نییە. ئەم یەکلاکردنەوەیە دەبێ لەسەر ڕاو هەڵبژاردنی خودی خەڵکی کوردستانی عێراق ئەنجام بدرێت. دووەم، هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، دەبێ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراقدا بێت. بە بڕوای من، تەنها ئەم هەڵوێستە لەگەڵ هەلومەرجی موشەخەسی ئەمڕۆ، چ لە ناوچەکە و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دێتەوە. وە ئەمە ئێمە دەگەیەنێتە گرێی دووەم لەم باسەدا: بێ ناسنامەیی وڵاتی و سەرگەردانیی سیاسی_ ئیداری کوردستانی عێراق.

"کوردی عێراقی" هاووڵاتیی کوێیە؟

کاتێک دوابەدوای جەنگی کەنداو، باسی پێکهێنانی ناوچەیەکی ئەمنیی لە باکووری عێراقدا هێنرایە ئاراوە و لەگەڵ پێشوازی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کورد بەرەوڕوو بووەوە، هەر ئەو کاتە ئێمە لە بڕیارنامەی مەکتەبی سیاسیی ئەو کاتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا زەنگی بێداریمان لە ئاکامە کۆمەڵایەتی و حوقووقییەکانی ئەم هەنگاوە لێدا. وتمان بە پێچەوانەی تەبلیغاتی میللیگەرایانی کوردەوە، پێکهێنانی ناوچەی ئەمنیی لە کوردستانی عێراق، نە تەنها مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان ئاسان ناکاتەوە، بەڵکوو کوردستانی عێراق لە قەوارەی کۆمەڵگایەک دەردێنێ و دەیکاتە ئۆردووگایەکی فراوانی پەنابەرێتی. ئۆردووگایەک کە جم و جووڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی تێدا نییە و ئۆردووگایەک کە بۆ مانەوەی خۆی موحتاجی کۆمەکی ماددی و شمەکیی دەرەوەیە. ئەم ڕووداوە ڕووی دا و ڕێک

هەر ئەم هەلومەرجە هاتە پێشەوە. خەڵکی کوردستانی عێراق باجێکی گەورەیان لەبەرامبەر "ئەمنییەت"ی خۆیاندا دا. خەڵکی کوردستانی عێراق لەم بڕگەیەدا، لە ڕاستیدا سەر بە هیچ وڵاتێک نیین. کوردستانی عێراق بێ قانوون (هەر قانوونێک) و بێ دەوڵەتە (هەر دەوڵەتێک). بێ ناوەڕۆکیی شانوگەریی پێکهێنانی پەرلەمان لە لایەن پارتگەلێکەوە کە لە لایەن ڕۆژئاواوە بۆ پارێزگاریکردن لەم ئۆردووگایە دانرابوون، زۆر زوو ئاشکرا بوو. پەرلەمان بەبێ حەقی حوکمڕانی مانایەکی نییە. هەر وەک چۆن کە بەرنامەرێژیی ئابووری، بەرهەمهێنان، ڕێکخستنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، تەندروستی، فێرکردن و پەروەردە، نەزم و ئاسایش و بەرقەرارکردنی قانوون، بەبێ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەوڵەت و حوکمڕانی مانایەکی نییە. تا ئەو کاتەی کە چارەنووسی کوردستان لە ڕووی ناسنامەی وڵاتیی و مەسەلەی حوکمڕانییەوە موشەخەس نەبووەتەوە، تا ئەو کاتەی کە کوردستان نەک کۆمەڵگایەکی مەدەنی، بەڵکوو هۆڵێکی چاوەڕوانیی چەند ملیۆنی بێت، نە تەنها ناکرێ قسەیەک لە باشبوونی ژیانی خەڵکی، بەڵکوو ناکرێ تەنانەت قسە لە گێڕانەوەی لانیکەمی ستاندارد نۆرماڵە کۆمەڵایەتییەکانیش بکرێت. لەم نێوەدا ڕەوتی پاشەوپاشگەڕانەوەی فەرهەنگیی شتێکی حەتمییە. خەڵکی کوردستان نە تەنها مافێکیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەدەست نەهێناوە، بەڵکوو تەنانەت ئیمکانی ماددی کاریگەریدانان لەسەر هەلومەرجی دابینکردنی گوزەرانی خۆشیان لەدەست داوە. ئاکامی حەتمیی درێژەکێشانی ئەم وەزعە مەینەتبارە، داڕوخانی لە جاران زیاتری کۆمەڵگایە لە هەموو بوارەکانی ئابووری و خۆشگوزەرانی و فەرهەنگیدا. چارەنووسی حوقووقیی کوردستانی عێراق دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە.

ئەوە کارێکی سادەیە کە ئوبالی ئەم دژوارییانە بخەیتە ئەستۆی هەردوو حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکە. هەڵبەتە ئەمانە ڕاستەوخۆ باعیس و مایەی گەلێک لە دەردەسەرییەکانی خەڵکن. بەڵام ئەگەر تەنانەت نوێنەرانی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی خەڵکیش لەسەر کاربوونایە، بەبێ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی مەسەلەی جێوشوێنی حوقووقی و وڵاتیی کوردستانی عێراق، ئیمکانی مانورێکی زۆریان لە قەڵەمڕەوەکانی ئابووری، بەرهەمهێنان، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، بەرقەرارکردنی قانوون، دابینکردنی ئەمنییەتی هاووڵاتیان و ... تاد. نەدەبوو.

ئەم هەلومەرجە هەر وا نامێنێتەوە

ئەم هەلومەرجە هەروا نامێنێتەوە. ئەمە هەمووان دەیزانن. کوردستانی عێراق دەبێ بگەڕێتەوە بۆ قەوارەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی خاوەن هەڵسووکەوتی ئابووری و سیاسی و سەرخانێکی حوقووقیی پێناسەکراو، وەکوو بەشێک لە وڵاتی عێراق، یان وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ. ئەمە دووڕێیانێکی واقیعییە و وەڵامێکی دەستبەجێ و واقیعی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و هەموو خەڵکی دەخوازێت. هەردوو حیزبی میللی_ خێڵەکی کورد خەریکن خەڵکیی بە چاوی بەستراو و دەستی بەستراوەوە بەرەو "ڕێگاچارە"ی یەکەم لێئەخوڕن. ئەوە لای هەمووان بەڵگەنەویستە کە درەنگ یان زوو بە چارەسەربوونی مەسەلەی ئابڵۆقەی عێراق، ڕژێمی بەعس سەرلەنوێ هێرش دەکاتەوە سەر کوردستان. هیچ کەسێک حاشا لەوە ناکات کە حیزبە میلییەکان توانا، وە یان تەنانەت مەیلی بەرگرتن بەم ئاسۆیەیان نییە. نەخشەی ئەوان بۆ خەڵکی کوردستان ئەمەیە: درێژەپێدانی دەورەی گوزار هەتا ئیمکانی هەبێت، پاشانیش، هەر کاتێک کە خۆیان پێیان باش بێت، ڕێگەدان بە گەڕانەوەی حوکمڕانی ڕژێمی عێراق بۆ سەر کوردستان. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تێکڕای هەلومەرجەکە، ڕێگاچارەی مەبدەئیی، هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی حاڵەتی دووەم، واتە جیابوونەوە لە عێراق و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا.

هیچ یەکێک لەم دوو حاڵەتە بێ دەردیسەری و بێ چەرمەسەری نین. لەبارەی ئاکامەکانی حاڵەتی یەکەمەوە، هیچ کەسێک لە کوردستانی عێراقدا نارۆشنییەکی نییە. بە ڕاستی جێگای سەرسووڕمانە، کە خەڵکی کوردستان، لە حاڵەتێکدا کە بە واقیعی سەرپشک بکرێن، گەڕانەوە بۆ ژێر سایەی حوکوومەتی بەعسی عێراقیان پێ باشتر بێت لە پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ. ئەگەر خەڵکی چالاکانە و وەکوو ئاڵتێرناتیڤێک بیر لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی ناکەنەوە، لەبەرئەوەی کە بە نە شیاو، یان بە مایەی گیروگرفتی دادەنێن. بۆ ژمارەیەک لە خودی کۆمۆنیستەکانیش هەندێ نارۆشنیی تیۆریی دیایکراو لەمەڕ مەسەلەی جیابوونەوە لە ئارادایە. دەبێ بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێک لەم بۆچوونانە بکەین.

"ئەمەریکا و ڕۆژئاوا نایانەوێ، تورکیا و ئێران و عێراق نایەڵن"

ئەمانە پاساوە کلاسیکییەکانی "ڕابەرانی میللی"ی کوردستانی عێراق بوونە، بۆ خۆلادان لە درووشمی سەربەخۆیی. ئەگەر ڕابەرانی میللی ناچار بن لە پێناوی قازانج و

بەرژەوەندییەکانیاندا خۆیان لە چوارچێوەی ئەو سیناریۆیانەدا قەتیس بکەن کە دڵخوازی دەوڵەت و هێزەکانە، ئەوا خەڵکی کوردستان هیچ مەجبوری ئەم کارە نییە. نموونە مێژووییەکانی ئەو خەڵکانەی کە توانیویانە ئیرادەی خۆیان بەسەر دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکاندا بسەپێنن کەم نین. بە بڕوای من لەبارەی توانای واقیعیی دەخاڵەتی ئێران و تورکیا، بەتایبەت لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەمڕۆدا، موبالەغە ئەکرێت. حەتمەن هەوڵ و تەقەلای سیاسی و سەربازیی جۆراوجۆر لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە ئەدرێت، کە هەر ئێستاش هەیە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەوە ئاشکرا نییە کە خەڵکی کوردستان لەژێر سایەی ڕابەرایەتییەکی مەبدەئیدا، توانای جڵەوکردن یان پوچەڵکردنەوەی ئەم جم و جووڵانەی نەبێت. لە ئاستێکی موشەخەستردا، هیچ کاتێک وەکوو ئەمڕۆ هاوکێشە نێونەتەوەییەکان و دابەشکارییە جیهانییەکان بەم فراوانییە نەچوونەتە ژێر پرسیارەوە و پێداچوونەوەیان تێدا نەکراوە. ئەگەر لە بنەڕەتەوە بشێ بڕگەیەک هەبێت، کە تیایدا دەرفەتێک بۆ داسەپاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەسەر ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی ناوچەکەدا بڕەخسێت، ئەوا ئەو بڕگەیە ئەمڕۆیە. ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر دەرفەتی بە فەرمیناسینی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی جیاجیاوە، بەرقەرارکردنی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری و دیپلۆماسی لەگەڵ بەشێک لە جیهاندا، تەنانەت بە پێچەوانەی مەیلی ڕۆژئاواشەوە هەیە. ئێرانیش لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی گەورەدایە، کە کۆماری ئیسلامی لەپێ ئەخات و بێ توانای ئەکات. دەستی تورکیا بۆ کاری سەربازی زۆر ئاوەڵا نییە و دەوڵەتی عێراقیش لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر وا تەریک ماوەتەوە. درێژەکێشانی ئەم دۆخەی ئێستا و پاشانیش وێڵکردنی خەڵکی نارێکخراو و هەژار و جەنگزەدەی کوردستان لەبەردەم سوپای عێراقدا، واتە ئەم سیناریۆیەی ئێستا، ئاسۆیەکی زۆر تراژیدیتر نیشان دەدات وەک لە دەوڵەتێک کە لە کوردستانی عێراقدا سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە و بە دەنگی خەڵک پشتئەستوورە و دەستبەکاری بنیاتنانەوەی ئابووری و کۆمەڵگایە و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەشوێن بەدەستهێنانی ئیعتیراف و ڕاکێشانی ئیعتیباراتی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەدەستهێنانی زەمانەتی نێونەتەوەییەوەیە لە دژی هێرشی وڵاتە دراوسێکان.

"ئایا کوردستانی سەربەخۆ ناکەوێتە دەستی حیزبە ناسیۆنالیستەکان؟"

ئەمە نیگەرانییەکی واقیعیی چەپە. ئایا سەربەخۆیی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا بە مانای قبوولکردنی حوکمڕانی تاڵەبانییەکان و بارزانییەکان نییە؟ بە بڕوای من بەپێچەوانەوەیە. کەشوهەوای ئەمڕۆ، کەشوهەوای ژیان و نەشونمای ئەوانە. ڕەوتە میللی_ خێڵەکییەکانی کورد و سەرکوتی ڕژێمی بەعس دوو دیوی یەک پارەن. مادام کە مەسەلەی میللی وجودی هەیە و مادام ڕژێمێکی سەرکوتگەر خەڵکی کوردستان بە هۆی ئینتیمای میلییانەوە دەکوتێتەوە، ئەم ڕەوتانە هەروا بە پاڵەوانی سەر گۆڕەپانی کوردستان دەمێننەوە. ئەمانە زۆر لە کۆمەڵگای کوردستان و پێکهاتەی چینایەتی و پەیوەندیی ئابووری و ئاستی فەرهەنگییەکەی لەدواترن. کوردستانی عێراق کۆمەڵگایەکی لەوە شاریتر، پیشەسازیتر، وە لە ڕووی فەرهەنگییەوە لەوە پێشکەتووترە کە ئەم هێزانە لە هەلومەرجێکی نۆرماڵدا جێگا و شوێنێکیان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەودا هەبێت. تەنها وجودی کۆنەپەرستییەکی هار و "بێگانە"، خەڵکی ناچار کردووە، مەیدانداریی ئەمانە قبووڵ بکات. ئەمانە ئاکامی زاڵبوونی خەباتی پێشمەرگانەن بەسەر ژیان و میتابۆلیزمی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا. بە هەر ڕادەیەک کە ئەم شێوەیە مەوزوعییەتی خۆی لەدەست بدات و شارەکان ببنە مەڵبەندی سیاسیی بنەڕەتی، ئەمانە تەریک دەکەونەوە و نامۆ ئەبن. هێزهاوسەنگیی چینایەتی لە خودی کۆمەڵگای کوردستانی عێراقدا زۆر لە دژی ئەوانە. نە تەنها چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کۆمەڵگادا ئاڵتێرناتیڤێکی واقیعی و بەهێزە، بەڵکوو تەنانەت بەشێکی فراوان لە خودی چینی ناوەنجیی کوردستان و ڕۆشنبیران و توێژە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەکانیش، سەرەنجام بۆ بەیانکردنی ئارەزووەکانیان، خوازیاری چوارچێوەیەکی سیاسیی مودێرنتر و شاریترن. ئەم حیزبە کۆنانە لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بە خێرایی دەکەونە پەراوێزەوە. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، زیانێکی گەورەی درێژەکێشانی هەلومەرجی ئێستا، وە یان گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی عێراق ئەوەیە، کە دەسەڵاتی ئەم حیزبە میللی_ خێڵەکییانە بەسەر ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستانی عێراقەوە بەردەوام و سەقامگیر ئەکات.

ئایا خواستی سەربەخۆیی، خواستێکی ناسیۆنالیستی نییە؟

لەم حاڵەتە دیاریکراوەدا و لە زمانی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمەوە، وەڵام نەخێرە. ئێمە لەبەر خاتری سەربەخۆیی خوازیاری سەربەخۆیی نین. ئێمە یەکلاکردنەوەی

دەستبەجێی چارەنووسی حوقووقیی کوردستانی عێراقمان دەوێت و لەنێوان دوو ئاڵتێرناتیڤی مانەوە لەگەڵ عێراق و جیابوونەوە لە عێراق، پێمان وایە ئەمەی دووەم لە بەرژەوەندیی خەبات بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی خەڵک و ئازادی و سۆسیالیزمدایە. درووشمی ئێمە پێکهێنانی "دەوڵەتێکی کوردی" نییە. درووشمی ئێمە ئەوە نییە کە "کوردەکان" دەبێ دەوڵەتی "خۆیان" هەبێت. ئێمە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆین لە کوردستانی عێراقدا. دەوڵەتێکی غەیرە قەومی کە خەڵکی کوردستان بتوانن تیایدا دوور لە هەر ستەمێکی میللی بژین. ئێمە پێمان وایە لەبارەی چارەنووسی کوردستانەوە دەبێ دەنگی هەموو دانیشتووانەکەی سەربەخۆ لە ئینتیمای قەومییان وەربگیرێت. ئێمە لە هەوڵدانماندا بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بەلای ئەم درووشمەدا، پەنا بۆ ناسنامە و خۆشباوەڕی و دەرمارگیریی قەومی و میلییان نابەین. ئێمە لای خەڵکی قسە لە ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی و ئینسانییەت دەکەین و لەدەوری ئەم ئاڵایە کۆیان دەکەینەوە. بەڵام هەموو ئەم باسانە بە مانای ئەوەیە کە ئێمە بە هێنانەگۆڕی ئەم درووشمە، ئەچینە ناو قەڵەمڕەوێکی هەستیارەوە و دەبێ بە وردی ئاگاداری سنووربەندیی خۆمان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورددا بین. بە هەر حاڵ شێوازی دروست ئەوەیە کە پێ بنێینە ئەم مەیدانەوە، مەیدانی ڕێنیشاندانی واقیعی بۆ دەربازبوون لە گرفتەکانی کۆمەڵگا، وە بە هۆشیارییەوە لەگەڵ مەترسییەکانیدا بەرەوڕوو بینەوە، نەک ئەوەی کە لە ترسی تووشبوون، لێگەڕێین کۆمەڵگا و چارەنووسەکەی هەر وا بە دەست هێزە دواکەوتوو و بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکانەوە بێت.

"یەکێتیی چینی کرێکاری عێراق چی بەسەردێ؟"

بەدەستەوەگرتنی ئەم سیاسەتە، نابێتە مایەی هیچ جیابوونەوە و کەرتبوونێک لە هیچ ڕێکخراو و کەمپێنێکی کرێکاریدا کە بەکردەوە لە سەرتاسەری عێراقدا هەیە. چونکە ئەمڕۆ ئەم یەکێتییە زیاتر لەوەی کە واقیعییەتێکی هەنووکەیی بێت، ئامانجێکی سیاسیی حیزبی خۆمانە. بە بڕوای من سیاسەتێک کە مەوقیعییەتی گشتیی بزووتنەوەی کرێکاری بەکردەوە باش بکات، خزمەتێکی زیاتریش بەم ئامانجە دەکات. بە بڕوای من ئەم سیاسەتە بە تەواوی ئێمە بەهێزتر دەکات، وە بێگومان توانای ئێمە بۆ یەکگرتووکردنی هەردوو بەشی کوردی و عەرەبیی عێراقیش زیاتر دەکات.

چوارچێوەی عەمەلی

لە ڕووی عەمەلییەوە، بەدەستەوەگرتنی ئەم سیاسەتە بە مانای، بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییخوازانە نییە. ئەم درووشمە دەبێ گۆشەیەک لە ئاڵتێرناتیڤی عەمەلیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و بزووتنەوەی شوورایی لە کوردستانی عێراقدا بێت، کە لە وەڵام بە هەلومەرجی سەرگەردان و نابەسامانی ئەمڕۆ ئەخرێتە ڕوو. چوارچێوەی عەمەلیی تەرحکردنی ئەم درووشمە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوەیە، یەکەم، ڕێفراندۆم و گەڕانەوە بۆ ڕای خودی خەڵکی. ئەم ڕێفراندۆمە دەبێ و وا باشترە کە بە ڕەزامەندیی "دەزگا فەرمییە نێونەتەوەییەکان" ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی زەمانەتێکی زۆرتری هەبێت. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمەش عەمەلی نەبێتەوە، ئێمە دەبێ هەر خوازیاری بەرپاکردنی ڕێفراندۆمێکی ئازاد لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بین. لە ڕوانگەی ئێمەوە، ڕای خەڵکی هەر چییەک بێت، ئەوە لەبەرچاو ئەگیرێ. لە وەها ڕێفراندۆمێکدا، ئێمە دەبێ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ پێشنیار بکەین. دەبێ لێرەدا جەخت لەسەر ئەوەش بکەین کە هەر بەندوبەست و پەیماننامە و ڕێککەوتننامەیەک لە لایەن هەر هێزێکەوە کە مۆری ڕای ئازاد و ڕاستەوخۆی خەڵکی پێوە نەبێت، لە ڕوانگەی ئێمەوە شەرعییەتی نییە. دووەم، ئەم خواستە دەبێ وەکوو ڕێگاچارەیەکی عەمەلی و ئاڵتێرناتیڤێکی قابیلی تەحەمولتر بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوە. پرسیار ئەوەیە کە کوردستان بەرەو کوێ ئەڕوات. بە درێژەکێشانی ئەم دۆخەی ئێستا و سیاسەتێک کە حیزبە میللی_ خێڵەکییەکانی کورد گرتوویانەتە بەر، تراژیدیایەکی تری مرۆیی چاوەڕوانی خەڵک دەکات. ئێمە دەبێ مەشخەڵبەدەستی دوورخستنەوەی خەڵکی لەم چارەنووسە بین. ئەم درووشمە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە کۆمەکمان پێ دەکات. سێیەم، خواستی سەربەخۆیی مەسەلەیەکی تەم و مژاویی لە زەینی زۆرێک لە خەڵکیدا ڕۆشن دەکاتەوە. هەر بۆیە بەدەر لەوەی کە عەمەلی ئەبێتەوە یان نا، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە ئیمکانی دەخاڵەت لە چارەنووسی خۆیان گەشبین دەکات و دەیانهێنێتە مەیدان. ئەم درووشمە بێ ئاسۆیی ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان و ناشایستەییان لە ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگای کوردستان و نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەخاتە ڕوو. لە یەک قسەدا، خواستی سەربەخۆیی، چەقی قورسایی و قیبلەنومای هەڵسووڕانی ئێمە لە کوردستان نییە، بەڵکوو بەشێکی گرنگ و زەروورییی ڕێبازی تاکتیکیی ئیمە لە

کوردستانی ئەمڕۆدایە و دەبێ هەر بەم جۆرە و لەم چوارچێوەیەشدا تەبلیغی بۆ بکرێ.

*

هەر وەکوو باسم کرد، ئامانجی ئەم نووسینە، خستنەڕووی عەلەنیی باسەکە بوو. هێشتا دەکرێ لایەنی جیاجیای ئەم باسە تەرح بکرێت، کە من بۆ چەقبەستن لەسەر باسە سەرەکییەکەی لێرەدا نایانهێنمەوە و چاوپۆشییان لێ ئەکەم. شایانی باسە کە ناوەڕۆکی ئەم نووسینە و هەندێ بابەتی تری لەم بارەیەوە، لە پلینۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، بە ئامادەبوونی چەند کەسێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هێنرایە گۆڕ و دواتریش پوختەی ئەم باسانە خرایە بەردەستی ناوەندی و کادرەکانی حیزبی عێراق. بە بڕوای من جێگای خۆیەتی کە هەموو خاڵەکانی پەیوەست بەم باسە، بە وردی و بە دوورودرێژی لە نێو بزووتنەوەکەمان لە عێراق، بخرێتە بەر باس. دەرفەتێکی زۆرمان بۆ یەکلاکردنەوەی باسەکە بەدەستەوە نییە، بەڵام لەبەر گرنگی و تازەیی بابەتەکە، دەبێ دەرگا بە ڕووی وردکرنەوەی مەسەلەکان و بیستنی بۆچوونە جیاجیاکاندا کراوە بێت. من خۆم نەک وەکوو ئەحکامێکی دۆگم و وشک، بەڵکوو وەکوو گەڵاڵەیەکی سەرەتایی ڕێبازێکی تاکتیکیی گرنگ لە عێراقدا، دەڕوانمە ئەم تێزانە، کە دەبێ لە درێژەی قسە و باسەکاندا، ورد و قووڵ بکرێنەوە.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
در دفاع از خواست استقلال کردستان عراق
"انترناسیونال"، شمارە 18
تیر 1373، ژوئن 1995

بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

(پەسەندکراوی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)

پێشەکی: بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ئەو بنەما گشتییانەیە، کە بڕیارەکانی پەیوەست بە پەیڕەوی ناوخۆ و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزب پشتی پێ دەبەستێت. پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەر قۆناغێکدا، ئاوێتەیەکە لەم سەنەدە و لە ئایینnامە ئیجراییەکان و بڕیار و مەوازینێک کە کۆنگرە، وە یان کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەسەر بنچینەی ئەم بنەما ڕێکخراوەییە، لە مەیدانە موشەخەسترەکانی هەڵسووڕانی حیزبی، پەسەندی ئەکات. ئەم بڕیار و ئایینnامانە ناتوانن و نابێت لەگەڵ ئەم بنەمایانەی لەم سەنەدەدا هاتووە، دژ بەیەک و ناکۆک بن.

*

بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

1) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسییە، بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی چینی کرێکار، بۆ بەدیهێنانی شۆڕشی کۆمۆنیستی پێک هاتووە. ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا خراوەتە ڕوو.

2) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، شوێنی یەکگرتن و هەڵسووڕانی کرێکارانی کۆمۆنیست و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای شۆڕشی کۆمۆنیستیی چینی کرێکارە. ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا ئارەزوومەندانەیە. هەر کەسێک کە خۆی بە کۆمۆنیست و بە شەریکی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی حیزب بزانێت، وە ئامادە بێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، هەڵسووڕانی ڕێکخراو ئەنجام بدات، دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزب. دوورکەوتنەوە و وازهێنان لە حیزبیش کارێکی ئازاد و ئارەزوومەندانەیە.

3) ئەندامەتی لە حیزب، سنوور و مەرج بۆ هیچ یەکێک لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکانی ئەندام دانانێت. بە هەمان شێوە، ئەندامەتی لە حیزب لە هیچ هەلومەرجێکدا، نابێتە مایەی هیچ جۆرە ئیمتیاز، وە یان باڵاتربوونی ئەو لەچاو باقیی خەڵکدا.

4) کادر، بە ئەندامێکی حیزب دەگوترێت، کە لە ڕێگای هەڵبژاردن، وە یان دانان، لێپرسراوێتی ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی هەڵسووڕانی حیزب، لە مەیدانێکی دیاریکراودا، لە ئەستۆ ئەگرێت. هەڵسووران بە ناونیشانی کادر، پێویستی بەوەیە، کە ئەو مەوازین و دیسپلینانەی کە هاوشانی ئەو لێپرسراوێتییە حیزبییەیە کە ئەو کەسە لە ئەستۆی ئەگرێت، قبوڵ بکات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە، ڕەنگە لێپرسراوێتی زیاتر و وابەستەبوون بە زەبتوڕەبتی توندتر، بە بەراورد لەگەڵ مەوازینی گشتی چاودێر بەسەر ماف و ئەرکی ئەندامان بە شێوەیەکی گشتی، لە ئەستۆی ئەفراد دابنێت. مەوازینی چاودێر بەسەر هەڵسووڕانی کادری حیزب، لە بڕیارە تایبەتییەکانی هەڵسووڕانی هەر ئۆرگانێک و لە ئەسنادێکیش کە چاوەڕوانییە گشتییەکانی حیزب لە کادرەکان خستوویە ڕوو، دائەنرێت.

5) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، ڕێکخراوێکە بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی خەباتێکی کۆمەڵایەتی، کە لە لایەن خودی چینی کرێکارەوەیە، وە تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزب، تابیعی ئەم ئامانجە بنەڕەتییەیە. پێکهاتە و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە جۆرێکە، کە پەیوەستبوونی هەرچی زیاتری پێشڕەوانی کۆمۆنیستی چینی کرێکار و هەڵسووڕانی بەردەوامی ئەوان لە حیزبدا، ئاسان و مسۆگەر ئەکات.

6) سێلوولی پایەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، شانەی ئەندامانە، کە لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران پێک ئەهێنرێت. ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ستوونی حیزب، ڕێکخراوێکی هەرەمیی پێکهاتوو لە کۆمیتە ناوچەییەکانی حیزب ساز ئەکات، کە هەر یەکەیان بردنەپێشەوە و ڕێنوێنیی هەڵسووڕانی حیزبیان لە سنووڕێکی زیندەگی_ جوگرافی دیاریکراودا، لە ئەستۆدایە. گرنگترینی ئەو کۆمیتانە بریتین لە کۆمیتەی شوێن (کۆمیتەی شوێن: شوێنی کار وە یان ژیان/ وەرگێڕ)، کۆمیتەی شار و ناوچە. کۆمیتەی ناوندی لە نوکی قوچەکی ڕێکخستنەکەدایە و تەواوی هەڵسووڕانی حیزب، لە ئاستی سەراسەریدا ڕێک دەخات و ڕێنوێنی دەکات.

7) سەرباری ڕێکخستنی هەرەمی و ستوونی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەگوێرەی پێویست، کۆمەڵێک ئۆرگان و هەیئەتی پسپۆر و دەزگای ستادی لە چەشنی چاپەمەنی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فێرکردن، یەکە و تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و شتی لەم جۆرە، پێک ئەهێنێت، کە لەژێر چاودێری کۆمیتە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخستنەوە هەڵئەسووڕێن.

8) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بۆ بەرفراوانکردنەوەی نفووزی خۆی لەنێو ڕێکخراوە ناحیزبییەکاندا، چ ڕێکخراوەی کرێکاری، وە یان ناکرێکاری، وە بۆ زاڵکردنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر جم و جووڵی ئەم ڕێکخراوانە، وە یان بۆ بەدەستهێنانی ڕابەرییەکەی هەوڵ و تەقەلا ئەدات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانێت، بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوگەلێکی لەو چەشنە، خۆی دەستپێشکەری ئەکات. حیزب لە هەر ڕێکخراوەیەکی ناحیزبیدا، بە شێوەی یەک باڵ و فراکسیۆنی ڕێکخراو کار دەکات.

9) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئەرکێتی کە دەخاڵەت لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی چینایەتیدا بکات و ڕۆڵی پێشڕەویان تێدا بگێڕێ. هەروەها ئەرکێتی کە ڕەوتی کۆمۆنیستی نێو دەروونی چینی کرێکار لەژێر هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕێک بخات. لەم ڕووەوە حیزب، لەسەر بنچینەی ئەمە، ئێسکبەندیی بنەڕەتی، لە هەر قۆناغێک و لە هەر هەلومەرجێکدا، شێوە ئاراییشێکی ڕێکخراوەیی وەها بەخۆ دەگرێت، کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییە دیاریکراوەکانی تێکۆشانی چینایەتی لە هەر دەورەیەکدا بێت. پێویستییەکانی هەڵسووڕانی ئاشکرا و قانوونی و هەڵسووڕانی نهێنی و ژێرزەمینی، هەڵسووڕانی سیاسی وە یان سەربازی، هەڵسووڕان لە دەورەی ئارام وە یان جم و جووڵی سیاسی، هەڵسووڕان لە هەلومەرجی لە ئارادابوون وە یان نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی تر، هەر یەکە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و جۆری ئۆرگانەکانی و دەزگا ڕێکخراوەییەکانی کە لە لایەن حیزبەوە پێک ئەهێنرێت دائەنێت.

10) کۆنگرەی حیزب بەرزترین ئۆرگانی ڕابەریی حیزبە، کە لانیکەم هەردوو ساڵ جارێک ئەبەسترێت. کۆنگرە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە حیزبییەکان پێک دێت، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵبژێردراون. بەرزترین ئۆرگانی

ڕابەریی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، کۆمیتەی ناوەندییە، کە لە هەر کۆنگرەیەکدا، ئەندامەکانی هەڵئەبژێردرێن.

11) تێکڕای کۆمیتە حیزبییەکان، لە ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ستوونی ڕێکخستن، بە هەڵبژاردنە.

12) لە ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێکخستندا، ئەوەی کە ئەسڵە، پەیڕەویکردنی هەر کۆمیتەیەکە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی باڵاتر و پەیڕەویکردنی هەموو کۆمیتەکانە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتە ناوەندی.

13) هاوفیکریی لە دیاریکردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاویی لە تێکۆشانی عەمەلی بۆ گەییشتن پێی، پرانسیپی بناغەیی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. فراوانترین ئاڵوگۆڕی نەزەر و هاوفیکری و زۆرترین کەشی کراوە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان و تێڕوانینە جیاوازەکانی کەسەکان، لە پرۆسەی بڕیاردان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێک، لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا، هاوشانی توندوتۆڵترین زەبتوڕەبت و هاوهەنگاوی و یەکپارچەیی عەمەلی لە بەرەوپێشبردنی سیاسەت و هەنگاوە پەسەندکراوەکان، کۆڵەکەی لەجیاوەبوو نەهاتووی پەیوەندییە دەروونییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێک ئەهێنێ.

14) دیسپلینی توندوتۆڵی ڕێکخراوەیی، مەرجی پێویستی بەردەوامکاری و پێشڕەویی حیزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکارییە، لە هەلومەرجی نالەبار و سنووردارکراوی مەوجود، تەنانەت لە وڵاتە زۆر لیبراڵەکانیشدا. دیسپلینی زاڵ بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دیسپلینێکی پشتبەستوو بە هۆشیاریی ئەندامان لەسەر پێویستییە عەمەلییەکانی تێکۆشانی کۆمۆنیستی و هەلومەرجەکانی هەڵسووڕانی حیزبە. دیسپلینی حیزبی بە پلەی یەکەم، پەیوەستە بە هاوئاهەنگی سیاسی و مەعنەوی حیزب و پوختەیی و هۆشیاری ئەندامان و هەڵسووڕاوان. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە میانەی هەوڵ و کۆششی هەمیشەیی، بۆ فێرکردنی ئەم دیسپلینە و بەهێزکردنی ئەم ئاگایی و هۆشیارییە لەنێو ئەندامان و هەڵسووڕاوانی خۆیدا، لەبەرامبەر لادان لە پرانسیپی حیزبیدا، هەنگاوی ئینزیباتی دیاریکراو ئەگرێتەبەر. ئاگادارکردنەوەی فەرمی، سووکترین و دەرکردن (لێسەندنەوەی ئەندامەتی)، توندترین هەنگاوی ئینزیباتییە، لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا.

15) بناغەی دیاریکردنی ئەرک و لێپرسراوێتی حیزبیی هەر کەسێک، ئامادەیی و پەسەندکردنی ئاگایانەی خودی ئەو کەسەیە. هیچ کەسێک لە ئەندامانی حیزب، بە زۆر و بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەر ئیش و کارێک، وە یان قبووڵکردنی هەر ئەرک و لێپرسراوێتییەک ڕاناسپێردرێت. لە هەمان کاتدا، قبووڵکردنی هەر لێپرسراوێتییەکی ڕێکخراوەیی و ئامادەبوون لە هەر ئۆرگانێکی حیزبی، بە مانای، ڕاگەیاندنی ئامادەیی ئاگایانەی ئەو کەسە، بۆ قبووڵکردنی ئیش و کار، نۆرم و دیسپلین و مەوازینی ڕێکخراوەیی تایبەت بەو پۆستە، وە یان ئەو ئۆرگانەیە.

16) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە ژیانی تایبەتیی ئەندامەکانیدا دەخاڵەت ناکات. ئەم مافە، هەمیشە بۆ حیزب پارێزراوە کە هەر کاتێک ڕەفتار و کردەوەی ئەندامانی حیزب لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پێچەوانەی پرانسیپەکانی حیزب بێت، هەنگاوی ئینزیباتی پێویست تا ڕادەی لێسەندنەوەی ئەندامەتی ئەو کەسە بەکار ئەهێنێت.

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

سەرچاوە:
اصول سازمانی حزب کمونیست کارگری
"انترناسیونال"، شمارە 19
آذر 1374، دسامبر 1995

"دیپلۆماسی" یان هەڵبژاردنی سیاسی؟

(کۆمەڵەی تازە لە "کێشمەکێشەکانی ناوچەکە"دا)

لە ژمارەی مانگی کانوونی دووەمی 1996ی بڵاوکراوەی "جیهانی ئیمروز"، وتارێکی کورتی جەنابی عومەری ئێلخانیزادە بڵاو کراوەتەوە کە گەلێک خاڵی گرنگی تێدایە. ئەم وتارەی ئەو بە ڕواڵەت لە وەڵام بە وتارەکەی من لە ئینتەرناسیۆنالی ژمارە 19 (مەبەست وتاری "سیناریۆی ڕەش، سیناریۆی سپی"یە/ و.) نووسراوە. من لەو وتارەدا ئاماژەم بۆ چەند نموونەیەک لە هەڵوێستی سەرپێیی و ناکاملی ڕێکخراوە بە ناو چەپەکان بەرامبەر بە باسی ئەگەری لوبنانیزەبوونی هەلومەرج لە ئێراندا کردبوو. بە ڕای من نە تەنها کەسانێک کە خۆیان بە چەپ و سۆسیالیست و هەڵسووڕاوی سیاسی دەزانن، بەڵکوو هەر ئادەمیزادێک لە دنیای ئەمڕۆدا کە تۆزقاڵێک ئەقڵی هەبێت و بە هۆڵی خۆی و هاوڕەگەزەکانییەوە بێت، بەپێی لۆژیک دەبێ سەبارەت بە ئەگەری ئەم ئاسۆ تاریکە بیر بکاتەوە و هەڵوێستی هەبێت. بەڵام هەر وەکوو لەوێشدا نووسیم، وا دیارە ئەمە چاوەڕوانییەکی بێجێیە لە "چەپ".

بە هەر حاڵ جەنابی ئێلخانیزادە لەم نووسراوەیەی ئەخیریدا نەچووەتە ناو ئەم باسەوە و ئەو چەند پەرەگرافەش کە لە سەرەتاوە بۆ پەردەهەڵماڵین لە ڕووی "مەبەستەکانی" ئێمە لە هێنانەگۆڕی ئەم باسە نووسیویەتی، وا باشترە هەر لە بەرچاوی نەگرین. بایەخی نووسینەکەی ئەو لەوەدایە کە ئەو پرسیارە گرنگەی کە ماوەیەکی زۆرە بە سەر سەری ڕێکخراوەکەیانەوە دەسووڕێتەوە، بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی دەخاتە بەردەم خۆی و هەوڵ ئەدات وەڵامی پێ بداتەوە. شێوەی پرسیارەکە بەم جۆرەیە: ئەم لنگەوقووچی و ئەم جێوشوێنە لە پەیوەندییە سیاسی و عەمەلییەکانی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لەگەڵ دەوڵەت و هێزە سیاسییەکانی ناوچەکەدا کە قابیلی هەرس نییە، چۆن لێک ئەدرێتەوە، لە لایەکەوە دۆستایەتی و سازش و بێدەنگی لە بەرامبەر دەوڵەت و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا، وە لەپەیوەند بە حیزبە قەومی و خێڵەکییەکانی کوردەوە تەنانەت پشتیوانیی سیاسیی ئاشکرا لێیان، وە لە لایەکی تریشەوە، هەڵوێستی سەلبی و ڕەتکردنەوە و لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت دوژمنایەتیکردن لە بەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا.

عومەری ئێلخانیزادەش لە هەوڵی ئەوەدا نییە کە ئەم وێنایە لە سەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا لە ڕووی بابەتییەوە ڕەت بکاتەوە. بە پێچەوانەوە، پاساوی ئەکات، نەک هەر ئەمە، بەڵکوو ئەم جێگاوشوێنە وەکوو خاڵی بەهێزی ڕێکخراوەکەی خۆی نیشان دەدات و بە شانازییەوە باسی ئەکات.

بە ڕای من باسەکەی جەنابی ئێلخانیزادە بۆ پاساوکردنی ئەم جێوشوێنە، لاواز و خۆفریودەرانەیە. لەم وەڵامەی جەنابی ئێلخانیزادەدا بە ڕۆشنی دەکرێ ئەوە ببینی، کە ئەم دۆست و دوژمن "لێ تێکچوونە"، بە ڕێکەوت نییە، لە بێ دیقەتی نییە، بەڵکوو هەڵوێستێکی هۆشیارانەی کۆمەڵەی ئەمڕۆیە، هیچ زۆرلێکردنێک، یان هەڵەیەک لە ئارادا نییە.

ئەو دەنووسێ:

"لە کەس شاراوە نییە، کە کۆمەڵە هەم لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان لە کوردستانی ئێران و عێراق و هەم لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا پەیوەندییەکی سیاسی و دیپلۆماسیی دیاریکراوی هەیە و ئەم مەسەلەیە بە هیچ جۆرێک تازە نییە و تەنانەت پێش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست (ی ئێران/ و.) و پێش پێکهێنانی پەیوەندییەکی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ئێوە و ڕێکخراوەکەتان (یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست) لەم پەیوەندییە ئاگاداربوون و پێی قایل بوون. دواتریش لە حیزبی کۆمۆنیستدا ئێوە داکۆکیتان لەم پەیوەندییە دەکرد. ئەم پەیوەندییە لە سەر بنەمای پاراستنی پرانسیپ و سەرەتا شۆڕشگێڕانەکان و لە سەر بنەمای هێزهاوسەنگی ناوچەیی دامەزراوە. کۆمەڵە وەکوو هێزێکی کۆمەڵایەتی و دەخاڵەتگەر لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەدا، تاکوو ئێستا توانیویەتی بە شێوەیەکی مەبدەئی و قابیلی دیفاع، ئەم پەیوەندییانە بپارێزێ و لە هەمان کاتدا لە ئیمکاناتی دوو ڕادیۆی کۆمۆنیستی ... و حوزووری ڕێکخراوەی ئاشکرا و سەربازی بەهرەمەند بێت. تەنها مەحدوودییەتێک کە ئێمە لە بەرامبەر (بەهرەمەندبوون/ و.) ئەم ئیمکاناتانە قبووڵمان کردووە، مەحدوودییەت لە تەبلیغاتماندا بووە، وە ئەمە مەسەلەیەکە کە ساڵەهایە ... بە ئاشکرا ڕامان گەیاندووە، بۆ ئەوەی هیچ نارۆشنییەک لە بارەی سنووری ئەم پەیوەندییانەوە نەمێنێتەوە. تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵە بتوانێت، هاوکات لەگەڵ پاراستنی پرانسیپە کۆمۆنیستییەکان، بە قازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە کەڵک لەم ناکۆکی و کێشمەکێشە ناوچەییانە وەردەگرێت، وە هەر وەکوو تاکوو ئێستا بەکردەوە نیشانی داوە، بە ئاشکرا و

سەربەرزانە، وە بێگومان بە پاراستنی پرانسیپە شۆڕشگێڕانەکانەوە، ئامادەی درێژەدان بەم پەیوەندییانە دەبێ و هیچی تر.

ئەم وەڵامە دوو عەیبی بنەڕەتی هەیە:

1) ئەو هەوڵ ئەدات کە مەسەلەکە وا نیشان بدات کە تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی فەننی_ تەداروکاتی (دیپلۆماسییانە!) لەگەڵ ڕژێمی عێراق و تەنها عێراقدایە، وە هەوڵ ئەدات پشتیوانیی سیاسیی ڕێکخراوەکەی لە حیزبە کۆنەپەرستەکانی کورد لە کوردستانی عێراق، کە لە تەبلیغاتی ئەواندا ناونراون "دەوڵەتی" کورد، لەبیر بەرێتەوە_ بەو ئومێدەی کە بەم شێوەیە خلیسکانی ڕێکخراوەکەی بۆ ناو سیاسەتێکی ڕاستڕەو و ئاشکرا ناسیۆنالیستی لە 5 ساڵی دواییدا (دەورەی پاش جەنگی کەنداو و پێکهاتنی " دەوڵەتی کورد") پەردەپۆش بکات. لە کاتێکدا کە بە توندبوونەوەی دۆخی سیاسیی عێراق و کوردستان و بەرجەستەبوونەوەی ڕیزبەستنە سیاسی و چینایەتییەکان لەم وڵاتەدا، دزێوی هەڵوێستی سیاسیی ئەم ڕێکخراوەیە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و ناوچەکەدا بە ناشرینترین شێوە دەرکەوتووە. ئەوەی بە بەرچاومانەوە ڕوو دەدات، ڕاستڕەوییەکی ئاشکرای سیاسییە، کە پەیوەندییەکی تایبەتی بە دەستەواژەی "دیپلۆماسی"یەوە نییە.

2) گرفتەکە لەوەدایە کە خودی "دیپلۆماسی" پەیوەندی لەگەڵ عێراقیشدا بە تەواوی باری لیژە و بەم جۆرە فۆرموولانە ناکرێ داکۆکی لێ بکرێت. داکۆکیکردنەکەی جەنابی ئێلخانیزادە لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا تەنانەت هەر لەو چوارچێوە ساویلکانەیەدا کە ئەو بە مەسەلەکەی دەدات، هیچ پەیوەندییەکی بە حەقیقەت و واقیعییەتی عەمەلی ناوچەکەوە نییە. ڕوونکردنەوەکانی ئەو نە تەنها گرفتە واقیعییەکانی ئەمڕۆی ئەوان پەردەپۆش دەکات، بەڵکوو میژووی واقیعیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەو پرانسیپ و مەبدەئە کۆمۆنیستییانە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بنچینەی ئەو حیزبەی پێک دەهێنا دەشێوێنێ.

لەم نووسینەدا دەمەوێ ناکۆکییەکان و لاوازیی داکۆکیکردنەکەی جەنابی ئێلخانیزادە دەستنیشان بکەم و بۆ جارێکی تر ئەوەیان وەبیر بهێنمەوە کە ئەو جێوشوێنەی ئەم دۆستانە خۆیان تیایدا گرفتار کردووە، وە بەپێی لێکدانەوەکانی جەنابی ئێلخانیزادە، وا دیارە بە داخەوە دەستیان کردووەتە ئەوەی کە چێژیشی لێ وەربگرن، قابیلی ئەوە نییە داکۆکی لێ بکەن. لە کۆتاییشدا، وەڵام بە پرسیارێکی دیاریکراوی جەنابی ئێلخانی

زادە سەبارەت بەوەی کە بۆچی ڕێکخراوەکەیان بە "کۆمەڵەی تازە" ناو ئەبەم ئەدەمەوە.

ئاشکرایە کە لێکدانەوەکەی جەنابی ئێلخانیزادە لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حیزبە قەوماییە کوردییەکاندا، داکۆکیکردنێکی گشتی و گشتگیر و جیهانداگرە و خۆی بە هەلومەرجێکی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە. فۆرموولەکەی ئەو نە تەنها ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە بە هیچ جۆرێک لەبەرچاو ناگرێ کە لە ماوەی ئەم دەورانەدا بە سەر هەموو ئەو فاکتەر و هەلومەرجانەدا هاتووە کە ڕۆڵیان لەم مەسەلەیەدا هەیە و بێگومان دەتوانرێ بۆ پاساودانی هەر جۆرە پەیوەندییەک لە داهاتووشدا بەکار بهێنرێت، بەڵکوو خۆبەخۆ بەسەر هیچ یەکێک لە دەورانەکانی ئەو دەیە و قسورەش جێبەجێ نابێت. ئەو ئەوە دەرک ناکات (یان دەبێ بڵێم وای پێ باشە دەرکی نەکات) کە لە ماوەی ئەم 13 ساڵەدا گەلێک فاکتەر ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە و گەلێک قوناغ بەسەر چووە. جێوشوێنی ماددیی کۆمەڵە، شێوەی جێگیربوونی لە ناوچەکەدا، جۆری پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەم دەوڵەت و حیزبانەدا، مەودای ئەو سنووربەندییانەی بەسەریدا سەپێنراوە و ڕەهەندەکانی وابەستەییەکەی، پەیوەندی ئەم دەوڵەت و حیزبانە لەگەڵ خەڵکی عێراقدا، بار و دۆخی خودی کۆمەڵگای عێراق، پەیوەندی و مەودای هەڵسوکەوتی کۆمەڵە لەگەڵ خەڵکی عێراقدا، جێوشوێنی عێراق لە زەین و بیری سیاسیی خەڵکی چ لە ناوچەکە و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا، پەیوەندی ئەم دەوڵەت و حیزب و هێزانە لەگەڵ یەکتریدا و چی و چی تر، ئەمانە هەموویان لە چاو 13 ساڵ بەر لە ئێستا بە تەواوی ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە. وا نزیکەی دەیە و نیوێک بەسەر هاتنی کۆمەڵە بۆ نێو قەڵەمڕەوی "دیپلۆماسی" تێپەڕ دەبێت و چاوبەستن لە ئاستی ئاڵوگۆڕەکانی هەلومەرجی بابەتی و ماهییەت و ناوەڕۆکی پەیوەندیی هێزەکانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتری لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، نیشانەی سادەئەندێشییە.

پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا:

یەکەمین چاوپێکەوتنی کۆمەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، نە پەیوەندییەکی بە دامەزراندنی ڕادیۆوە هەبوو، وە نە پەیوەندی بە بەدەستهێنانی ئیمکانات بۆ دروستکردنی ڕێکخستنی ئاشکرا و ئۆردووگای سەربازی هەبوو. داکۆکیکردنەکەی جەنابی ئێلخانیزادە هیچ پەیوەندییەکی بە دەورەی یەکەمی دامەزراندنی پەیوەندی

لەگەڵ عێراقدا نییە، کە ئەم دەورەیە تا ئەو دەمە ئەگرێتەوە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1983دا دەگەنە سەر سنوورەکان. یەکەمین دانیشتنی نێوان کۆمەڵە و عێراق کاتێک بەڕێوە چوو، کە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵە نەک لە دەوروبەری سلێمانی، بەڵکوو لە دەوروبەری بۆکان بوو. شاری بۆکان و بەشی هەرە زۆری ڕێگاکان و ناوچە دێهاتییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە شارۆچکەکانی کوردستان بە دەست پێشمەرگەوە بوون. ناوەندی و هەموو ئۆردووگاکانی کۆمەڵە لەناو خاکی ئێراندا بوو و تەنانەت بە پێچەوانەی حیزبی دیموکراتەوە، لە نزیکی سنوورەکانی عێراقیشدا نەبوون. هێشتا ڕادیۆیەک لە ئارادا نەبوو. دامەزراندنی ڕادیۆ و جێگیربوونی کۆمەڵە هیچ پێویستییەکی بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ عێراقدا نەبوو. ڕادیۆی کۆمەڵە چەند مانگ دواتر بە ئیمکاناتی خودی ڕێکخراو و لە خاکی ئێراندا کاری خۆی دەست پێ کرد و تا چەندین مانگی تریش هەر بەم شێوەیە درێژەی پێدا. مانەوەی ڕادیۆ لەم دەورەیەدا، بە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ عێراقدا نە بەسترابووەوە.

مەبەست لە پەیوەندیگرتنی یەکەم لەگەڵ عێراق، لە بنەڕەتدا بۆ بەدەستهێنانی چەکوچۆڵ بوو، بۆ پێکهێنانی هاوسەنگیی چەکدارکردنی زیاتر لە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی و لە پلەی دووەمدا بۆ بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی پێشکەوتووی پزشکی بوو. دواتر ئیمکاناتی پەیوەندیگرتن، وەکوو ئیمکانی پەیوەندیگرتن و هاتوچۆی ئەوروپا و شتی تر هاتە سەر ئەم پێویستییانە. "هێزهاوسەنگیی ناوچەیی" (کە ماناکەی بۆ من نەزانراوە)، "بەهرەمەندبوون لە ڕادیۆ و دانانی ڕێکخستنی ئاشکرا و سەربازی"، بە هیچ شێوەیەک جێگایەکیان لە پێکهێنانی ئەم پەیوەندییەدا نەبوو. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵە بۆ بەدەستهێنانی ئەم کۆمەکانە پێویستی بە هیچ سازشێک نەبوو. تەبلیغات لە دژی عێراق، لەو قوناغەدا هەرچی چونێک بێت، جێگایەکی تایبەتی لە تەبلیغاتی کۆمەڵەدا نەبوو، وە هەر لەبەر ئەمەش کەمکردنەوەی مەوداکەی بە مەحدوودییەت و سازشێکی بەرچاو نەدەژمێردرا. ڕژێمی عێراق نەیدەتوانی هەڕەشەیەکی سەربازی و ئەمنیی تایبەت بۆ کۆمەڵە پێک بهێنێ. ناوەڕۆکی پەیوەندی لەگەڵ عێراق لەم دەورەیەدا، وەرگرتنی بێ قەید و شەرتی چەکوچۆڵ و تەقەمەنی و ئیمکاناتی ماددی بوو. هەڵبەتە هەر لێرەدا دەبێ بووترێ، ئەو چەکوچۆڵ و ئیمکاناتەی کە لە عێراقەوە وەردەگیرا، تەنها بەشێکی کەمی لە پێویستییەکانی کۆمەڵە دابین ئەکرد و کۆمەڵە لە بنچینەدا پشتی بە کۆمەکە ماددییەکانی خودی خەڵکی بەستبوو. بە هەر

حاڵ لەم دەورەیەدا "دیپلۆماسی" بۆ کۆمەڵە بە مانای سازش و بێدەنگی و باجدان بە هیچ هێزێک نەبوو.

لە هەلومەرجی ئەو ڕۆژەوە، تا هەلومەرجی ئێستا و ئەو هەلومەرجەی کە جەنابی ئێلخانیزادە شانازی پێوە ئەکات، تێکڕای ئەم فاکتەرانە هەنگاو بەهەنگاو و چەندین جار ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە. بۆ کەسێک کە مەبەستی خۆفریودان نەبێ، یەک ساتێک سەرنجدان و وردبوونەوە بۆ دەرککردنی ئەم مەسەلەیە کافییە. ڕێگەم بدەن بە شێوەی فەهرەستی، تەنها باسی خاڵی وەرچەرخانە گرنگەکان بکەم.

کۆماری ئیسلامی دەگاتە سەر سنوورەکان:

ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی ئەوەی کە بنکە ناوەندییەکانی ئێمە بگوێزرێنەوە بۆ ناو خاکی عێراق. ئەمە هەلومەرجێکی بە تەواوی تازەی پێک هێنا. لە لایەکەوە لە ئارادابوونی ڕێکخستن لە ڕووی ئۆردووگاییەوە بە ڕەزامەندی عێراقەوە گرێی خوارد. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵە بۆ یەکەمین جار کەوتە ناو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەوە لەگەڵ خەڵکی عێراق و کوردستاندا. بەم جۆرە هەنگاو بەهەنگاو سنووربەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراق و حیزبە کوردییەکاندا زەروورییتر بووەوە و بێدەنگیش زیانبارتر و نامەبدەئیتر دەبووەوە. گوشاری عەمەلیی دەوڵەتی عێراق و حیزبە کوردییەکان و توانای ئەوان بۆ تەنگەبەری دروستکردن پەرەی سەند. بواری کۆمەڵە بۆ ڕاگەیاندنی بێلایەنیی و هەڵوێستنەگرتن و پاراستنی هاوسەنگیی دیپلۆماسی، هەمیشە کەمتر و کەمتر دەبووەوە. هەنگاو بەهەنگاو هەبوونی ئۆردووگا لە خاکی عێراق و "بەهرەمەندبوون لە ئیمکانات" بە قیمەتێکی سیاسی گرانتر لە سەری تەواو دەبوو.

کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراق:

هێدی هێدی ئۆردووگاکان بۆ ناو قووڵایی کوردستانی عێراق گوێزرانەوە و کەوتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەربازیی عێراقەوە. هاتوچۆ و جێگۆڕکێی سەربازی، بە عەمەلی بە مۆڵەتی عێراقەوە گرێی خوارد و ئازادیی ئیرادەی ڕێکخستن بۆ ناردنی هێز بۆ ناو ئێران بەرتەسکتر بووەوە. باری ئۆردووگاکان قورس بووەوە و خەرجییان زۆر زیادی کرد و هەندێکیان بوون بە شارۆچکەی گەورەی پەنابەرەکان، کە کۆمەڵە باری قورسی دابینکردنی گوزەران و ژیانیانی لە ئەستۆ بوو. چالاکیی سەربازی کەم

بووەوە. وابەستەیی ماڵی ڕێکخستن پەرەی سەند. مۆڵەتی جێگیربوونی ئۆردووگایی و ئیمکاناتی ماڵی و هۆیەکانی زیندەگی، لەناو لیست و خواستەکانی کۆمەڵەدا کەوتنە سەرووی چەک و تەقەمەنییەوە. دەستی ڕژێم و سوپای عێراق بۆ تەنگەبەرکردنەوەی چالاکی ڕێکخراوەیی و گوشاردانان لە سەری، چەند بەرابەر ئاوەڵاتر بوو.

پەرەسەندنی شەڕی دەوڵەتیی عێراق لە دژی حیزبە قەومییەکانی کورد لە دوای شکستی گفتوگۆ:

هەلومەرج لە ڕووی ئەمنییەوە لەوەش دژوارتر بووەوە. هاتوچۆی سوپای عێراق و ڕێکخراوە کوردییەکان و تەنانەت سوپای پاسداران لەو ناوچانەی کە ئۆردووگاکانی ئێمەی لێ بوو، پەرەی سەند. پاراستنی هاوسەنگی و سیاسەتی دەخاڵەتنەکردن لە "کاروباری ناوخۆی عێراق" چەند بەرابەر دژواتر بووەوە. بۆ نموونە تەنیا بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵە و دوورخستنەوەی لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی عێراقی، ڕژێمی عێراق ئۆردووگاکانی ئێمەی چەندین جار بۆمباران کرد. تەنها لە یەک بۆمبارانێکی کیمیایی ئۆردووگای ناوەندیی کۆمەڵەدا، بیست و سێ کەس لە بەرجەستەترین و کۆنترین هەڵسووڕاوانی ئێمە گیانی خۆیان لەدەست دا. بۆمبارانی کیمیایی خەڵکی هەڵەبجە بەڵگەیەکی گرنگی دیکەی ئەو حەقیقەتە بوو، کە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، بووەتە کۆتێکی گەورە بە پێی ڕێکخستنەوە و دەبێ هەرچی زووترە خۆمانی لێ ڕزگار بکەین.

ئەمانە هێشتا سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بار و دۆخەکە بوون. کۆمەڵێک فاکتەری تازە بە خێرایی سەرتاپای تەسویرەکەی ژیرەوژوور کرد:

پەرەسەندنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراقدا:

نفوزی سیاسیی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە عێراق و بە تایبەتی لە کوردستاندا، فاکتەرێکی تازە و لەڕادە بەدەر گرنگ بوو، کە هاتە گۆڕێ و دەبوایە لە دیاریکردنی هەڵوێست لە بەرامبەر ڕژێمی عێراق و حیزبە کوردییەکاندا لەبەرچاو بگیرێ. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەم کۆمۆنیزمە تازە هەڵچووەی عێراق، وە لەگەڵ دوژمنە سیاسی و چینایەتییەکانیدا، چ دەوڵەتی عێراق و چ حیزبە کوردییەکان کە قۆڵیان بۆ کپکردنەوەی هەڵماڵیبوو، ڕەهەندێکی بە تەواوی تازەی بە گرفتی "دیپلۆماسی" بەخشی. کۆڕ و کۆمەڵە کۆمۆنیستییەکانی نزیک بە حیزب دروست

دەبوون، پەیوەندییان لەگەڵ حیزبدا دەگرت و جاروبار دەکەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و سەرکوتی ڕژێمی عێراق. خۆنواندن وەک بێلایەنێک و دامەزراندنی پەیوەنییەکی بە تەواوی نهێنی لەگەڵ ئەم ڕەوتانەدا و بێدەنگی لە بەرامبەر کردەوە کۆنەپەرستانەکانی ڕژێمی عێراق لە دژی ئەوان ئیتر ناومکن بوو.

شەڕی کەنداو:

جەنگی کەنداو سەرنجی ڕای گشتی بۆ لای ڕژێمی عێراق و بار و دۆخی کۆمەڵگای عێراق ڕاکێشا. جێوشوێنی ڕژێمی عێراق لە تەبلیغات و ئەدەبیاتی سیاسیی ڕەوتێکدا کە خۆی لە ناوچەکە حوزووری هەیە، ئیتر نەیدەتوانی وەکوو پێشوو بمێنێتەوە. بۆ ڕێکخراوە غەیرە عێراقییەکان، تا بەر لە جەنگی کەنداو، قسەکردن لەسەر ماهییەتی ڕژێمی عێراقی وەک شتێکی پێویست لە دەستووریاندا نەبوو. بەڵام پاش ئەوە، مەسەلەی عێراق و ڕژێمی سەددام حوسێن، ڕێک وەکوو بار و دۆخی فەلەستین و ئیسرائیل و سۆماڵ و یۆگۆسلاڤیا و ئەوانی تر بووە مەسەلەیەکی جیهانی، کە هەر ڕێکخراوەیەکی جیددیی سیاسی دەبووایە لە بەرامبەریدا هەڵوێست بگرێ. پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا (وە لە ڕاستیدا قابیلی زەربەخواردن لە بەرامبەر ئیجرائاتە تۆڵەسێن «ئینتقامی»ییەکانی عێراقدا) بێدەنگییەکی بەسەر کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەسەپاند، کە لە ڕووی سیاسییەوە ئیتر نە ئەکرا درێژەی پێ بدرێ.

هێرشی ڕژێمی عێراق بۆسەر کوردستان لە دوای شەڕی کەنداو و ناوارەبوونی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان:

بە بڕوای من ئەمە ئیتر دوا بزمار بوو کە لە تابووتی "پەیوەندی لەگەڵ عێراق"دا درا. بۆ ڕێکخراوێک کە بانگەشەی پشتیوانی لە حەقخوازیی خەڵکی کوردستان دەکرد، بۆ ڕێکخراوێک کە لە گۆشەیەکی تری ناوچەکەدا ئاڵای لابردنی ستەمی میللی بەرز کردبووەوە، مانەوە وەکوو چاودێرێکی بێ نقە و جقەی تاوانێکی بەم جۆرە نەدەکرا لەمە زیاتر پاساو بدرێ.

بە فۆرمووڵە ساویلکانەکەی جەنابی ئیلخانیزادە (ڕادیۆ و ئۆردووگا لە بەرامبەر تەبلیغاتی کەمتردا) ناکرێ تەنانەت 5 دەقیقەی لەم مێژووە لێک بدرێتەوە و هیچ کەسێکیش لە ڕابەرایەتی ئەو حیزبەدا هەرگیز لێکدانەوەیەکی بێ ناوەڕۆکی بەم جۆرەی لە مەسەلەکە بە دەستەوە نەدا. واقیعیەت ئەوەیە کە "دیپلۆماسی"ی ناوچەیی

کۆمەڵە بە درێژایی ماوەی یەک دەیە تا سەردەمی جیابوونەوەی ئێمە، لەگەڵ ناکۆکییەک بەرەوڕوو بوو، کە تا دەهات قوڵتر دەبووەوە. لە حاڵێکدا کە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و هاوپشتیی ئاشکرا لەگەڵ چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لە عێراق و کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ دەبووە ئەرکێکی دەمودەستتر، بار و دۆخی ماددی و ئۆقرەگرتنی ڕێکخراوەیی، بە پێچەوانەوە هەر چی زیاتر ڕێکخستنی دەخستە ژێر مەنگەنەی دەوڵەتی عێراق و ڕەوتە کۆنەپەرستانەکانەوە و هەرچی زیاتر ئازادیی عەمەلیی ئەوی کەمتر دەکردەوە. ناکۆکی نێوان "پەیوەندی دیپلۆماسی" کە هەموو ڕۆژێک دەست و پێی ڕێکخستنی زیاتر دەبەستەوە لە لایەک، وە ئەرکە سیاسییە ڕوو لە سەرەکانی و زەروورەتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ڕێکخستن بە دەخاڵەتگەری لە لایەکی ترەوە، هەردەم بەرجەستەتر دەبووەوە. ئەو ڕەوتەی کە بە سیاسەتی وەرگرتنی بێ قەید و شەرتی کۆمەکی چەکوچۆڵ بۆ شەڕ لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی دەستی پێ کردبوو، قوناغ بە قوناغ، گەیشتبوو بە قبووڵکردنی قەید و شەرتێکی هەر چی زیاتر بۆ پاراستنی ئەمنییەتی خۆت. ئەم وەزعییەتە نەدەکرا درێژەی پێ بدرێ و درێژەشی نەکێشا. جیابوونەوەی چەپ و ڕاست ئەم بنبەستەی شکاند.

فۆرموولەکەی جەنابی ئێلخانیزادە، لێکدانەوەی ئێمە لە ڕابەرایەتی ئەو حیزبەدا نەبوو. هیچ کەسێک لەو ڕابەرایەتییەدا ئەوەندە ساویلکە یان خۆفریودەر نەبوو. فاکتەری ئەسڵی لە موحاسەباتی ئێمەدا لە ماوەیەکی زۆر پێشترەوە، لەو کاتەوە کە ئۆردووگاکانی ئێمە ئیتر گوێزرایەوە بۆ پشتی هێڵی بەرەی عێراق لە جەنگ لەگەڵ ئێراندا، لە پلەی یەکەمدا پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕژێمی عێراق و هەموو ڕەوت و هێزە کۆنەپەرستەکان و خۆلادان بوو لە پێکدادان لەگەڵیاندا، تا ئەو کاتەی کە هەوڵی کۆمۆنیستەکانی کۆمەڵە بۆ خۆڕێکخستنێکی تازە لە سەر بناغەیەکی سیاسیی جیاواز لە دەوری ڕێکخراوە حیزبی و کرێکارییەکان لە شارەکان، بە ئەنجام بگات و مەترسی زەربەخواردنی ئەفراد و ئیمکاناتە ڕێکخراوەییەکان لە خاکی عێراقدا نەمێنێ. ئێمە هەرگیز لەو حیزبەدا ئەم دانیشتن و پەیوەندی و مانۆر و باجدانانەمان بە نیشانەی هێز و نیشانەی "وەزنەی سیاسی" خۆمان و بە مایەی شانازی نەدەزانی. بەڵکوو بە نیشانەی لاوازی و مەحدودییەتی خۆمان، بە بەڵگەی پشتنەبەستی کافیمان بە هێزی ماددی و واقیعیی حیزب لە شارەکانی کوردستان و بارقورسیی پشتی بەرەی ئۆردووگایی خۆمان دەزانی. بە پێچەوانەی لێکدانەوەکەی جەنابی ئێلخانیزادەوە، ئەو

حیزبە لەنێو ئەم پەیوەندییەدا جێگای خۆی خۆش نەکردبوو، بەڵکوو لە هەوڵێکی هەمیشەییدا بوو بۆ خۆدەربازکردن لێی. دیارە من قسەم لەسەر ڕابەرایەتی و ڕێبازی باڵادەستی حیزبە لەو دەورەیەدا، نەک باڵی ڕاست، کە هەرگیز تا سەردەمی جیابوونەوە، نفوزێکی بەرچاوی لە سەرەوەی ئەو حیزبەدا نەبوو. ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، مەشغەڵەیەکی گرنگ و هەمیشەیی ڕابەرایەتی ئەو ڕێکخستنە و بابەتێکی زیندوو بوو کە هەمیشە باسی لە سەر بوو. فۆرموولەی باڵی ڕاست و دیدی ئەو بۆ ماهییەتی کۆمەڵە و بنەمای پەیوەندییەکانی، ڕێک هەر ئەمە بوو کە جەنابی ئێلخانیزادە ئەمڕۆ بەیانی دەکات. ئەم فۆرموولەیە، ئەو مێژووە و ئەو ئوسووڵە نوێنەرایەتی ناکات.

ناکۆکیی چەپ و ڕاست

جەنابی ئێلخانیزادە هەوڵ ئەدات مۆری تەئیدی منیش بە فۆرموولەکەی خۆیەوە بنێ. بەڵام قسەهێنانەوە زمنی(ضمني)کەی ئەو لە گفتوگۆیەکی نێوان من و هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە یەکەمین دیدارمان لە ساڵی 1981بەر لە پێکهێنانی حیزب، وە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە من لە حیزبی کۆمۆنیستدا "لەم" پەیوەندییە داکۆکیم ئەکرد، هیچ کۆمەکێک بە ئەو ناکات، وە تەنانەت زیان بە باسەکەی ئەو ئەگەیەنێ، چونکە دەرگا بە ڕووی گێڕانەوەی هەموو حەقیقەتەکان و گەڕانەوە بۆ گشت ئەو کێشمەکێشە سیاسی و فیکرییانە دەخاتە سەر پشت کە بەدرێژایی ئەو دەورانە لەسەر جێوشوێنی کۆمەڵە لە ناوچەکە و شێوەی پەیوەندی لەگەڵ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و عێراق لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لە ئارادا بووە. جەنابی ئێلخانیزادە ئەوە فەرامۆش دەکات (یان پێی خۆشە فەرامۆش بکرێت) کە تێڕوانینی ئەو بۆ ماهییەتی کۆمەڵە و پەیوەندییەکانی لە ناوچەکەدا و پەیوەندییە بە ئیستیلاح دیپلۆماسییانەکەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هێزە کۆنەپەرستە کوردییەکاندا، تێڕوانینی باڵی ڕاست و ناسیۆنالیستی ئەو حیزبە بوو، کە لە یەکبەیەکی خاڵی وەرچەرخانەکانی ئەو ساڵانەدا، لە بەرامبەر ڕێبازی کۆمۆنیستیی ڕابەرایەتیی حیزبدا قەراری ئەگرت و لە یەکبەیەکی ئەم بەرامبەرکێیانەدا شکستی خوارد.

جیاوازیی بۆچوونی چەپ و ڕاست لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ عێراقدا، ڕەنگدانەوەیەکی جیاوازی دیدی هەریەکەیان بوو بۆ ماهییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە و ستراتیژی ئەو لە کوردستاندا. باڵی ڕاست، لە سیمای کۆمەڵەدا وێنەیەکی

چەپگەرای حیزبی دیموکراتی بەدی ئەکرد. ڕێکخراوێک کە لە بنەڕەتدا پشتی بە خەباتی پێشمەرگانە، حوزووری سەربازی، وە یان پاراستنی ڕووخساری سەربازیی خۆی، کە چاوەڕێی ئەوەیە لە ئاکامی قەیران و پووکانەوەی کۆماری ئیسلامیدا بچێتە ناو شارەکانەوە و بنکە و کۆمیتەکانی خۆی دامەزرێنێ و کاروبارەکان بەدەستەوە بگرێ. ئەو کارەی کە جەنابی تاڵەبانی کردی. ئۆردووگای سەربازی و ڕادیۆ (کە دەبێ وجود و بەردەوامیی ڕێکخستن بە گوێی خەڵکیدا بدات و ناوی بەسەر زاری خەڵکییەوە بهێڵێتەوە) بنچینەی ئەم ستراتیژییەیە. بۆ پاراستنی ئەم دوو کۆڵەکەیەی مەوجودییەتی ڕێکخراو، دەکرێ هەر باجێک بدرێت و هەر قەید و شەرتێک بخرێتە سەرچاو. ئەم ڕەوتە نەیدەتوانی شێوەیەکی تر لە خەبات لە کوردستاندا تەسەور بکات. چەپ لە بەرامبەردا، کۆمەڵەی بە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی، ڕێکخەر و پشتبەستوو بە هێزی لەبننەهاتووی کرێکاران لە شارەکانی کوردستان دادەنا. کۆمەڵە باڵی چەپی بزووتنەوەی قەومی و نوسخەی تورەمەزاجی حیزبی دیموکرات نەبوو، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بوو کە دەبووایە پایەی ئەسڵی بوونی خۆی لە شارەکان و مەڵبەندە کرێکارییەکانی کوردستان بچەقێنێ. چەکداربوون و خەباتی چەکدارانە، لایەنێکی حەیاتیی خەباتی کۆمەڵە بوو، بەڵام ناسنامەی کۆمەڵە نەبوو، وە شێوەی پێشمەرگانە تەنها شێوەی بەردەوامیی ئەم لایەنەی خەبات نەبوو. ئۆردووگاکان بە تەنها شێوەی موجودییەت و مانەوەی ڕێکخراو نە ئەژمێردران. قەڵشتی نێوان چەپ و ڕاست لەسەر مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا لە پلینۆمی دوانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە دەستی پێ کرد، کە دەسبەجێ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق بەستراو، تیایدا بڕیارنامەیەک لە سەر کەمکردنەوەی وابەستەیی بە عێراق و بەهێزکردنی سەربەخۆیی ئیرادەی ڕێکخستن پەسەند کرا. کە ئەم بریارنامەیە گەیشتە ڕێکخراوی کوردستان، باڵی ڕاست ناسازگاری و جم و جووڵی خۆی لە دژی ڕابەرایەتی حیزب دەست پێ کرد. ئەم جم و جووڵانە کە لە درێژەیاندا وەکوو نموونەیەک بە ئاشکرا لە دەوری دروشمی "دەیانەوێ پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا بشێوێنن" ڕێکخرا، سەرەنجام تەنانەت (بە بەشداری چالاکانەی خودی جەنابی ئێلخانیزادە) شێوەی کودەتایەکی ڕێکخراوەیی لە دژی ئێمە بە خۆوە گرت. ئەم جم و جووڵە، هەر وەک زۆر کەس ئاگادارن، لە لایەن باڵی چەپی حیزبەوە پوچەڵ کرایەوە و لە پلینۆمی شازدەهەمدا بووە مایەی وەلانانی ئەو و چەند کەسێکی تر لە

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە. هەموو ئەم قسە و باس و کێشمەکێشانە، کە باسی جێوشوێن و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکەدا گۆشەیەکی پێک دەهێنا، بە فراوانی بەڵگەدارن و نووسراونەتەوە. نە تەنها خودی جەنابی ئێلخانیزادە دەستی بەم بەڵگەنامانە دەگات، بەڵکوو چەند گۆشەیەک لەم بەڵگەنامە و قسە و باسانە هەر لەو کاتەدا لە لایەن حیزبی کۆمۆنیست و دواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە بڵاو کراونەتەوە.

هەر وەکوو وتم، لە ڕوانگەی ڕابەرایەتیی حیزب و گشت مەیلی چەپەوە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا کەم تا زۆر بە کۆتایی خۆی گەیشتبوو، سەرباری پیلان و دڵساردکردنەوەکانی باڵی ڕاستی ناسیۆنالیست، کۆمەڵێک هەنگاوی فراوان بۆ گۆڕینی ڕێچکەی هەڵسووڕانی کۆمەڵە لە ئارادا بوو. بەڵام بە جیابوونەوەی چەپ و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مەسەلەکە بە شێوەیەکی ڕیشەییتر چارەسەر کرا. زۆربەی هەرە زۆری ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، وە زۆربەی هەرە زۆری کادر و ئەندامانی ئەو حیزبە، ئەم پەیوەندییەیان بچڕاند. لە حیزبێکدا خۆیان ڕێکخست، کە بچووکترین مەحدودییەتی بۆ بەیانکردنی ڕاستییەکان، بۆ داکۆکی لە چینەکەی خۆی لە عێراق و هاوپشتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتەدا قبووڵ نەکردووە. ئەوان بە هەنگاوێکی گەورە خۆیان لەو پەیوەندییە ڕزگار کرد، بۆ ئەوەی بتوانن لە یەکێک لە ناسکترین دەورەکانی ناوچەکەدا، قسەکەری کرێکار و کۆمۆنیزم و داکۆکیکەری لە سازشنەهاتووی خەڵکی شەریف و زەحمەتکێش لە بەرامبەر ڕژێمی کۆنەپەرستی عێراق و حیزبە کۆنەپەرستەکانی کورددا بن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە بە ڕووی جەنابی ئێلخانیزادە و دۆستەکانیشیدا ئاوەڵا بوو، بەڵام ئەوان خۆیان نەیانویست بیگرنە بەر. هەر کەسێک کە بچووکترین ڕێز بۆ ڕاستییەکانی مێژووی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە دابنێ، تێدەگات کە جەنابی ئێلخانیزادە و ڕێکخراوەکەیان و "دیپلۆماسی"یەکەیان، تەواوکەری مێژووی حیزبی کۆمۆنیست و پەیوەندییەکانی ئەو لە ناوچەکەدا نین. ئەوەی درێژەی مەنتیقی ئەو میژووە و ئەو پراتیکە و بەڵگەی حەقانییەت و مەبدەئیبوونی ئەوە، هەنگاونانی پەیکەرەی ئەسڵی ئەو حیزبە لە سەرەوە تا خوارەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو پەیوەندییەیە. ئەو بزووتنەوە حیزبییە، ئەو ڕێبازە سیاسییە، ئەو ڕابەرایەتییە، ئەو کادر و هەڵسووڕاوانەی کە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی کۆنیان پێک دەهێنا، بێ هیچ دوودڵییەک، دەورانی "دیپلۆماسیی ئەسارەت"یان

کۆتایی پێ هێنا. پەیوەندی ئەمڕۆی جەنابی ئێلخانیزادە و ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، نەک بە ڕێنمایی یان پشتیوانیی ئێمە، بەڵکوو سەرباری نارەزایی ئێمە، سەرباری ئاگادارکردنەوەی ئێمە و بە پێچەوانەی ڕێگای پێشنیارکراوی ئێمەوە، ڕووی داوە. ئەم بار و دۆخە نەک درێژکراوەی پەیوەندییەکانی پێشووی کۆمەڵەی کۆمۆنیست لە ناوچەکەدا نییە، بەڵکوو هەلبژادنێکی سەرلەنوێ و ئاگایانە لە لایەن کۆمەڵەی تازەوە، لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازدایە و دەبێ هەر لەم چوارچێوەیەشدا داکۆکی لێ بکەن.

بە هەر حاڵ ڕابردوو هەر چییەک بووبێ، ئەمڕۆ ئیتر پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا وەکوو بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ کۆمەڵە وایە و ئەقڵی ساغ حوکم دەکات، کە بە خێرایی خۆیانی لێ دەرباز بکەن. پەیوەندیی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لەگەڵ حیزبە قەومییەکانی کورد لە عێراقدا، لە دوا لێکدانەوەدا لە سەر تەئید و نزیکایەتییەکی سیاسی دامەزراوە. یەکێتیی نیشتمانی و "دەوڵەت"ی بێ ئاکامی تاڵەبانی_ بەرزانی بە شێوەیەکی کۆنکرێت، لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە دیاردەگەلێکی پۆزەتیڤ و پێشڕەو لەقەڵەم ئەدرێن. بەڵام ئاشکرایە کە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا لە بابەتێکی ترەو تەواو جیاوازە. نزیکایەتی و لایەنگرییەکی سیاسی لە ئارادا نییە. بۆ جەنابی ئێلخانیزادە و دۆستەکانیان، هەر وەکوو ئەو پێی لەسەر دائەگرێ، ئەمە تەنها سەودایەکی ماددییە. شتێک ئەدەن و لە بەرامبەردا شتێک وەرئەگرن. بەڵام تەنانەت لە چوارچێوەیەکی سەوداگەرانەشدا دەبێ ئاگایان لەوە بێت کە کاریگەرییەکانی ئەو پەیوەندییە بۆ ڕێکخراوەکەیان لە ڕووی سیاسییەوە، هەر چەندە ئامادەش بێت سەری شۆڕ بکات، ئیتر دەتوانێ زۆر زیانبار بێت. کوردستانی عێراق لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی گرنگدایە. کۆمەڵەی تازە لە بەرامبەرکێی داهاتووی نێوان ڕژێمی عێراق و خەڵکی کوردستاندا، لە کام لا ڕائەوەستێ؟ ئەمە تەنها یەکێکە لە دەیان پرسیار.

حیزبە قەومییەکان و "دەوڵەت"ی کورد

هەوەکوو وتم، پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا سەرباری ئەو مانا و ئاکامە سیاسییە تێکدەرانەیەی کە دەتوانێ بۆ ئەم دۆستانە هەیبێ، لە ناوەڕۆکدا پەیوەندییەکی سیاسی نییە، بەڵکوو بازرگانییە. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ حیزبە قەومییە کوردییەکاندا مەسەلەیەکی ترە و پشتیوانیی سیاسی لەم حیزبانە ناکرێ لە پشتی فۆرموولە دیپلۆماسییەکانی پەیوەست بە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا بشاردرێتەوە. لێکدانەوەی

دیپلۆماسییانە لەسەر پەیوەندی لەگەڵ حیزبگەلێکی وەک یەکێتیی نیشتمانی و قییادە موئەقەتە، داهێنانێکی تازەی چەند ساڵی دوایی ئەم دۆستانەیە. ئەمە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ڕاستڕەوانەی کۆمەڵەی تازەیە، بۆ بە فەرمناسینی ئەم ڕەوتانە وەکوو "دەوڵەت".

پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانیش لە ماوەی ئەم دەیە و نیوەدا، ئاڵوگۆڕێکی گرنگی بە سەردا هاتووە. تا بەر لە گواستنەوەی ئۆردووگاکان بۆ قووڵایی کوردستانی عێراق، پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ ڕێکخراوە قەومییە کوردییەکانیشدا، پێویستی بە هیچ سازش و بێدەنگی و هاتنەخوارەوەیەک لە ئامانجەکان و تەبلیغاتی کۆمەڵەدا نە ئەکرد. قییادە موئەقەتە لە پاڵ ڕژێمی ئێراندا خەریکی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بوو، وە لە تەبلیغاتی ڕێکخستندا، لە هاوتای "جاش"ەکان دائەنرا. یەکێتیی نیشتمانیش بە ڕێکخراوێکی دۆست دەژمێردرا، کە ئەگەرچی ڕێکخستنی کۆمەڵە بەتایبەت، بە گرتنەبەری ڕێچکەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هەستی بە جیاوازییە سیاسی و بەرنامەییەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا دەکرد، لەو ڕووەوە کە لە چوارچێوەیەکی وڵاتی و کۆمەڵایەتیی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەدا چالاکی نە دەکرد، هێشتا زەروورەتێک بۆ سنووربەندیی ئاشکرا لەگەڵیدا، لانی کەم لە ئاستی تەبلیغاتدا بەدی نە ئەکرا. دواکەوتوویی سیاسی و فەرهەنگی ئەم ڕەوتە، مامەڵەی کۆنەپەرستانەی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراقدا، وە دژایەتیکردنی لەگەڵ ئینتیمای کۆمەڵە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەمانە کۆمەڵە خاڵێک بوون کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی بۆ هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی توند لەسەر یەکێتیی نیشتمانی پاڵ پێوە دەنا، بەڵام لە ڕووی عەلەنی و تەبلیغاتییەوە، ئەمانە لە دژی یەکێتیی نیشتمانی ئەنجام نە ئەدرا.

جێگیربوونی ئۆردووگاکان لە کوردستانی عێراقدا، گرژی نێوان کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانی زیاد کرد. پەیدابوونی ڕێکخراوێکی مارکسیستی بە هەڵوێست و فەرهەنگێکی سیاسیی پێشڕەوەوە لە ناوچەی هەڵسووڕانی یەکێتیی نشتیمانیدا فاکتەرێکی نیگەرانکەر بوو بۆ ئەم ڕەوتە. نە تەنها لە شارەکانی کوردستانی عێراقدا، بەڵکوو لەنێو خودی ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیشدا، هەندێک ڕەوت سەریان هەڵدا، کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە. بەڵام ئەم واقیعەتە لە سەرەتاوە محافەزەکارییەکی زیاتر و خۆلادان لە گرژی دەخستە دەستوورمانەوە. لە بەشی هەرە

زۆری ئەم دەورەیەدا هێشتا قییادە موئەقەتە ڕێکخراوێک بوو کە کۆمەڵە بە ئاشکرا وەکوو ڕەوتێکی کۆنەپەرست تەبلیغاتی لە دژی ئەکرد و بابەتی هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماسییانە نەبوو. هیچ جۆرە پەیوەندی و ڕابیتەیەکی تایبەتی لەگەڵ دەستە و تاقمە کوردییەکانی تری عێراق و تورکیادا لە ئارادا نەبوو.
هەڵچوونی سیاسیی پاش جەنگی کەنداو لە کوردستانی عێراقدا، هەلومەرجەکەی بە تەواوی گۆڕی. بزووتنەوەی چەپ و کرێکاری کە بە ئاشکرا خۆی بە ئێمە دەخوێندەوە، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر گەشەی کرد و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان لە ئاستێکی فراواندا هاتنە ڕیزی پێشەوەی مەیدانی خەباتی جەماوەری. ئەمە ئەو ڕەوتە بوو کە دەبووایە لە مەیدانی سیاسیی عێراقدا لەگەڵ پشتیوانی لێبڕاوانە و ئاشکرای ئیمەدا ڕووبەڕوو بێتەوە. لەو لاشەوە، لەژێر چەتری پشتیوانی ئەمەریکادا، "دەوڵەتی" کارتۆنیی یەکێتیی نیشتمانی و قییادە موئەقەتە پێک هات. ڕوون و ئاشکرا بوو کە مەیدانی سیاسیی کوردستانی عێراق ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ئیتر هاوکێشە و موحاسەباتە باوەکان ناتوانن ببنە بنەمای دیاریکردنی پەیوەندییەکانی ئێمە لە ناوچەکەدا. هەڵبژاردنێکی سیاسی ئاشکرا کەوتە بەردەمی هەموومان.

"مەرحەبا نەبوو عەممار"!

وە ئەم هەڵبژاردنە کرا. هاتنەسەرکاری "دەوڵەتی کورد" لەگەڵ جیابوونەوەی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هاوکات بوو. ناکۆکی لەسەر شێوەی هەڵوێستوەرگرتن لە حیزبە قەوماییەکان و حوکوومەتەکەیان، کە لە حاڵی پێکهاتندا بوو، یەکێک بوو لەو خاڵە سەرەکییانەی کە چەپ و ڕاست لەو حیزبەدا مشتومڕیان لەسەر ئەکرد و یەکێک بوو لە فاکتەرە گرنگەکانی هێنانە پێشەوەی جیابوونەوە. (بڕوانە کتیبی: "بحران خلیج و رویدادهای کردستان عراق").
باڵی چەپ، کە دواتر بە شێوەیەکی سەرەکی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا خۆی ڕێک خست، خوازیاری دوورکەوتنەوە لە حیزبە قەوماییەکان بوو، وە هیچ مەشرووعییەتێکی پێیان نە ئەدا. دەوڵەتی دواتری ئەم ڕەوتانە نەیدەتوانی ببێتە جێگای تەئیدی ئێمە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە مەیدانی سیاسیی کوردستانی عێراقدا چووە پشتی کۆمۆنیستەکان و لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی

عێراقدا ڕۆڵێکی پڕبایەخی گێڕا. لەو دەمەوە تاکوو ئەمڕۆ لە هەموو عێراقدا ئێمە تەنها لەپشت یەک حیزبێک ڕاوەستاوین، ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە.
سەرانی کۆمەڵەی تازە بە پێچەوانەوە، بە پەرۆشەوە پێشوازییان لە حوکوومەتی تاڵەبانی و بارزانی کرد. ئەم حوکوومەتەیان وەکوو "دەوڵەت"ی کوردستان و نوێنەری خەڵکی کوردستانی عێراق لە مەیدانی نێونەتەوەییدا بە فەرمی ناسی. بەندوبەستی هەردوو ڕەوتی تاڵەبانی و بارزانییان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئەمەریکادا، کە لە سەرووی خەڵکی و بە پێچەوانەی هەر جۆرە ئیرادەیەکی ڕاستەوخۆی خەڵکییەوە دەکرا، وا دیار بوو تەنها لەبەر ئینتیمای قەومیی ئەوان، بە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە لەقەڵەم دا. لەم نێوەدا وا دیار بوو، قییادە موئەقەتەش بە ئاوی پێشکەوتنخوازانە لە گوناه پاک کرایەوە و مەشرووعییەتی سیاسی پەیدا کرد. ئەم دۆستانە نە تەنها لە ئاست کارکردی دژی خەڵکی و دواکەوتووانەی حیزبە قەوماییە کوردییەکاندا چاوی خۆیان بەست، نە تەنها لە بەرامبەر هەوڵی ئەم حیزبانە بۆ سەرکوتی کۆمۆنیستەکان بێدەنگ بوون، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، دەنگیان تێکەڵ بە شەپۆلی تەبلیغاتی هەموو ڕۆژەی ئەم ڕەوتانە لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران کرد. کردەوەی ئەمانە وەبیرهێنەرەوەی هاوپشتی دەربڕینی کەسانی وەکوو یاسر عەرەفات بۆ ڕژێمی خومەینی لە ساڵی 1979دایە. ئەوان بە ناوی خەڵکی فەلەستینەوە، مۆری تەئیدیان لە حوکوومەتێکی کۆنەپەرست دا، کە بۆ خەفەکردنی شۆڕشی خەڵک هاتبووە سەرکار.
ئەمە ئەو بار و دۆخەیە کە سەرانی کۆمەڵەی تازە دەبێ بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە. دۆستانی ئازیز، تکایە ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی لە بەرامبەر تاوانکاری و ملهوڕییەکانی ئەم حیزبانە لە دژی خەڵکی بێدەنگن؟ بۆچی لە بەرامبەر شەپۆلی تیرۆری ژناندا بێدەنگن؟ بۆچی دەستگیری و سەرکوت و تەنانەت هەندێ جار کوشتنی کرێکارانی نارازی و کۆمۆنیستەکان (کام کۆمۆنیستانە؟!) لە لایەن ئەم تاقمانەوە مەحکوم ناکەن؟ بۆچی ڕاگرتنی ڕۆژنامەی کۆمۆنیستیی بۆپێشەوە مەحکووم ناکەن؟ بۆچی لە بەرامبەر "فەتوای" کوشتنی ڕابەرانی کۆمۆنیست و تەئیدکردنی لە لایەن "دوڵەتی خۆیی"یەوە بێدەنگ دانیشتوون؟ لە قاموسی ئێوەدا سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرین چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەددا هەیە، کە زمانتان لە ئاست کۆنەپەرستیی هاری ئیسلامیدا لاڵە؟ بۆچی لە بەرامبەر نۆکەرایەتی "دەوڵەتی" خۆیی بۆ

ڕژێمی ئێران، کە دەستی ئینسانکوژ و تیرۆریستەکانی ڕژێمی ئیسلامی بە ئاشکرا بۆ ناو جادە و شەقامەکانی سلێمانی و کۆڵانی سەرووی مەقەرەکەی خۆشتانەوە ڕاکێشاوە، بێدەنگن؟ بۆچی لە هەلومەرجێکدا کە فرۆشیارە گەڕۆکەکانی لادێکانی کوردستانیش ئەم حیزبانە بە "دەوڵەت" ناو نابەن، ئێوە بەردەوام لەم مینبەر و ئەو مینبەرەوە مەشرووعییەت بە حوکوومەتەکەیان دەدەن، ئەوان بە دەوڵەت و بەرپرسی کاروبار لەقەڵەم ئەدەن، "پەرلەمان"ە هەرەسهێناوەکەیان ستایش ئەکەن، سەرانە وەرگرتنی قییادە موئەقەتە لەسەر سنووری تورکیا بە "بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی گومرکەکانی باکوور" ناو دەبەن و بانگەوازیان دەکەن کە "ئاوڕێک لە وەزعی خەڵکی بدەنەوە"؟ بۆچی بڕیارتان داوە لەم پسکان پسکانە سیاسییەی ناوچەکە و لە جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕە چارەنووسسازانە لە مێژووی کوردستان و عێراقدا، لە بەرگی ملکەچترین، ڕازیترین، موئەدەبترین و خۆشباوەڕترین هاووڵاتیی "دەوڵەت"ی پێ لە هەوا و ئێکسپایەری تاڵەبانی_ بارزانی دەربکەون؟ بۆچی ئیمزای خوتان لە وەرەقەی هەر ڕەوت و جەماعەتێک چ لە عێراق، یان لە تورکیا بێت، ئەدەن، تەنها لەبەر ئەوەی کوردن؟

"لە بەرامبەر ئەمانەدا ڕادیۆمان هەیە" تەنانەت بۆ منالانی باخچەی ساوایانیش وەڵام نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەم دەستبەکاربوون و دەستبەکارنەبوونانە، سەرچاوەکەی بۆ هاوڕێبازیی سیاسیی ئێوە لەگەڵ کەسانێکدا کە بە خەیاڵی خۆیان حوکمی تیولداریی کوردستانیان لە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیان وەرگرتووە، دەگەڕێتەوە. ئەمە "دەوڵەت"ی ئێوە، یان بە هەر حاڵ "دەوڵەت"ی خوازراوی ئێوەیە، کە لەوێ لەسەر کارە. بە ڕاستی مەرحەبا ئەبوو عەممار!

"کام کۆمۆنیستانە"!

وەختێک هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا دژایەتی ئەم دۆستانە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی عێراقدا دەبینین، دزێوی ئەم دۆستایەتی و "دیپلۆماسی"بازییە لەگەڵ کۆنەپەرستی لە کوردستانی عێراقدا سەد ئەوەندەی تر ئاشکرا ئەبێت. وە ئەم دژایەتییە وا دیارە ئەوەندە چارەهەڵنەگر و زاتییە کە تەنانەت نامەی بەدرۆخستنەوەکەشیان بێ ئیختیار، دەبێتە هێرشێکی ئاشکرای دیکە لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. جەنابی ئێلخانیزادە دەنووسێ:

مەبەستتان کام کۆمۆنیستانەیە؟(!!) بێگومان ئێوە مەبەستتان "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق"ە. ... بە داخەوە ئەم حیزبە بووەتە داردەستی ئێوە. جگە لەمەش ئەم حیزبە حوزووورێکی جیددی لە ناوچەکەدا نییە، وە لە بنەڕەتەوە ناتوانێ وجودێکی سەربەخۆی جیا لە حیزبی ئێوەی هەبێ، تا ئەو ڕادەیەی کە کۆمیتە ناوەندییەکەشیان لە لایەن کادرەکانی ئێوەوە بەڕێوە ئەبرێت."

دنیایەک بێ ئابڕوویی لەم چەند دێڕەدا هەیە. باسی نەبوونی "حوزووری جیددیی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەوە گەوجانەترە کە بییەوێ دڵی خودی جەنابی ئێلخانیزادەش بداتەوە. نە تەنها پاسەوانی بنکەی کۆمەڵە کە لانی کەم لە سەربانەوە کۆمەڵگای کوردستانی عێراق ئەبینێ، بەڵکوو هەر کەسێک کە تەنها لە دوورەوە بەدوای دەنگوباسی ناوچەکەوە بێت، بێز لەم خۆفریودان و پیلانگێڕییە ئەکاتەوە.

بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە خودی ئەم تەبلیغاتە لە ڕادەبەدەر قێزەونە. بۆچی ڕێکخراوێک کە بۆ ڕەخنە لە حیزبە قەومی و خێڵەکییەکانی کورد فزە ناکات و ئەوە هیچ کە حەقیان بەسەر درێژی و پانییانەوە نییە، بەڵکوو حەقیان بەسەر دژایەتیکردنی خەڵکیش لە لایەن ئەوانەوە نییە، دەبێ وەڕێ بکەوێ و لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەیەکەوە کە بینیمان بە چ نرخێک کەوتۆتەگەڕ، تەبلیغات بکات و بڵێت، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق "هێز" نییە؟ بۆچی ناکرێ ئەم پەیامە شەریفە و ئەم کاری خێرە بە هەمان دەوڵەتی ناوبراو و تاقمە ئیسلامییەکان و میدیا ورد و درشتە کۆنەپەرست و محەلی و ناوچەییەکان بسپێردرێت، کە لە ڕووی هەبوونی کیلۆواتی و مەتری چوارگۆشەییەوە "حوزوور"ێکی زۆر جیددیتریان لەم دۆستانە هەیە؟ بۆچی دەکرێ لە پێناو پاراستنی بنکە و ڕادیۆدا بێدەنگ دانیشی، بەڵام لە پێناو ڕێزدانان بۆ کۆمۆنیزم لە عێراقدا ناکرێ؟ با وای دابنێین کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هێز نییە و دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی کورد و حیزبوڵای عێراق لە خۆڕایی کردویانەتە هەرا و دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستانی عێراق بە هەڵە دێن بۆ میتینگەکانیان، با وای دابنێین ئاوایە، چ کەسێک وتوویەتی دەبێ تەنها ڕێز بۆ ملهوڕان دابنرێت؟ مەگەر ڕێکخراوە تاکشانە و کاغەزییەکانی "یەکێتیی چەپی کارگەری"، لە باڵی بنیاتنەری حیزبی ڕەنجبەرانەوە تا دوا پووش و پەڵاشی بەجێماو لە نەریتی فیدایی و ڕاهی کارگەر چەندە هێزن، یان لە کوێ "حوزوور"یان هەیە، کە جەنابی ئێلخانیزادە و دۆستەکانی بە بەشداریکردنی ئەمانە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان شاگەشکە ئەبن؟

مەگەر جیاوەبووەکانی "ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات" چەندە هێز بوون، یان سەرەنجام بوونە هێز، کە سەرنج و ئینێرژی کۆمەڵەی ئەوسا و بەتایبەت خودی ئەم دۆستانەیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشا؟

"پاسپۆرتەکانتان، تکایە"!

واقعییەت ئەوەیە، کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە شێوەیەکی گشتی، هێزێکی سیاسیی زۆر جیددییە لە ناوچەکەدا و جەنابی ئێلخانیزادە و ڕێکخراوەکەیان لەبەر ئەوەی موخالیفی ئەون، لە دژی تەبلیغ و جم و جووڵ دەکەن. وە لەم تەبلیغاتەدا بە داخەوە دەست بۆ دواکەوتووانەترین و ڕەزیلانەترین هەست و سۆز لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەبەن و دەنگیان تێکەڵ بە دەنگی کۆنەپەرستترین هێزەکان دەکەن. سەیری ئەم چەند دێڕە ئیفتیخار ئامێزەی ئەو بکەن. دەفەرموێ، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق داردەستی بیگانەکانە. لەنێو هەموو خەڵکی دنیادا، جەنابی ئێلخانیزادە و شەریکەکانی ئەم ئەرکە پڕ لە شانازییەیان گرتووەتە ئەستۆ، کە داوای پاسپۆرت و جنسیەی عێراقی لە کۆرشی مودەڕیسی و ڕەحمانی حوسێنزادە، ئەندامانی ڕابەرایەتی هەردوو حیزبی ئێران و عێراق بکەن. دەڵێی بڕیارە ئەم تەبلیغاتە خوێنی قەومی و نیشتمانی لە دەمارەکانی خەڵکیدا بێنێتە جۆش و لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بیزاریان بکات. بە ڕاستی شەرمەزارییە. بزانن لە ماوەی ئەم 4_ 5 ساڵەدا لە کوێوە سەریان دەرهێنا. جێگای سەرسووڕمانە، نازانن کە خەریکن هێرش ئەکەنە سەر خاڵی بەهێزی ئێمە. "5" ساڵی ڕەبەق ڕێک هەر ئەم جۆرە هەستجووڵاندنە لە لایەن "دەوڵەتی کورد" و ناوەندە کۆنەپەرستەکانەوە، سەد ئەوەندە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی خوشەویستتر کردووە. ئەمە بۆ ئێمە لە هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و عێراق مایەی شانازییە، کە ناسنامەی سیاسی و ئینتیمای ڕێکخراوەییمان هیچ پێودانگێکی میللی و قەومی و کرۆمۆسۆمی ناناسێ. ئەگەر جەنابی ئێلخانیزادەش بیەوێت ببێتە ئەندامی هەر یەکێک لەم دوو حیزبە، نە خوێنی تاقی ئەکەنەوە، نەلێی ئەپرسن لە کوێ لەدایک بووە، نە تاقیکردنەوەی زمانەوانی ئەکەن و نە سەیری پاسپۆرتەکەی ئەکەن. ئەمە ڕەوتێکی کۆمۆنیستی کرێکارییە لە تەواوی ناوچەکەدا، کە سەنەدی ناسنامەکەی ئینتیمای چینایەتی و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانێتی. هەر ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کە لە کوردستاندا پێشڕەوترین بەشی کۆمەڵگا لە دەوری ئەم حیزبە کۆ ببنەوە و

چاوی ئومێدی تێ ببڕن. هەڵبەتە دنیای قەومپەرستی و دواکەوتوویی قەومی وجودی هەیە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەوپەڕی ئارەزووەوە "حوزووری جیددی" لەم دنیایەدا بە جەنابی ئێلخانیزادە و هاوبەشەکانی سپاردووە.

بە هەر حاڵ پەیوەندیی کۆمەڵەی تازە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا پاساو نادرێ. ڕاسپاردەی من بۆ بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوە ئەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی کە "سەرکێشی" لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، وە یان خۆشیرینکردن لەبەرامبەر مام جەلال بکەنە بنەمای دیاریکردنی سیاسەتیان لە ناوچەی سلێمانی، واقیعییەتە ئوبژەکتیڤەکانی ناوچەکە بە فەرمی بناسن، دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا بکەن و ڕێزی بۆ دابنێن. بۆ کەسانێک کە خۆیان بە چەپ دەزانن ئەم مامەڵەیە ماقوڵترە. کێ ناڵێ سەرەنجام ئەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بێت، کە بتوانێ ڕۆژێک کارێک بکات کە هەڵسووڕانی ئەم دۆستانە لە خاکی کوردستانی عێراقدا، پێویستی بە سازش و باجدان بە هیچ کەسێک نەبێت. بە کورتی، جێوشوێن و پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی تازە لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا لەوە دەردناکترە کە بکرێ بە پاساوکردنی لەو چەشنەی وتارەکەی جەنابی ئێلخانیزادە پاساو بدرێ. ئەمە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە. ئێستا ئیتر درەنگیشە.

بۆچی "کۆمەڵە"، بۆچی "تازە"؟

جەنابی ئێلخانیزادە مەسەلەیەک دێنێتە گۆڕ کە من خۆم ماوەیەک بوو، لە فرسەتێک ئەگەڕام بۆ دەربڕینی ڕای فەرمی خۆم لە سەری، ئەمە فرسەتێکی لە بارە. مەسەلەکە ئەوەیە کە من بەکارهێنانی ناونیشانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" بۆ ناوبردنی ڕێکخراوەکەی جەنابی ئێلخانیزادە و هاوەڵەکانی بە کارێکی دروست نازانم و خۆم بەکاری ناهێنم. بەکارهێنانی ناونیشانی "کۆمەڵە"ش بە ڕای من، پێویستی بە چەند پێناسە و پاشگرێک هەیە، وەک "تازە"، "ئەمڕۆ"، "ئێستا" و شتی لەم بابەتە، بۆ ئەوەی جیاوازی ئەو لەگەڵ کۆمەڵەی سەردەمی پێش جیابوونەوە وەبیر بێنێتەوە. ئەمە بۆچوونێکی شەخسییە، هەڵوێستی فەرمیی حیزبی ئێمە نییە، بەڵام ئەمە وەکوو شێوازێکی دروست بە هەموو هاوڕێیانی حیزبی ڕائەسپێرم.

جەنابی ئێلخانیزادە دەپرسێ: بۆچی؟ ڕێگەم بدەن وەڵام بدەمەوە:

لە کاتی جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، من نە لە ڕووی حوقووقی و نە لە ڕووی سیاسییەوە مەشرووعییەتی کەڵکوەرگرتن لەم ناونیشانە بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە

مانەوە، نەخستە ژێر پرسیارەوە. هەڵبەتە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان، بە تایبەتی لە ئاستی ڕابەران و کادرانی سەرەوەی کۆمەڵەی ئەو ڕۆژگارە، پێیان وا بوو، کاتێک زۆرینەی هەرە زۆری ڕابەرایەتی و قسەکەرانی ئەسڵی و کادر و هەڵسووڕاوە سەرەکییەکانی حیزب و کۆمەڵە خەریکن جیا ئەبنەوە، بۆ ئەوەی لە حیزبێکی تردا خۆیان ڕێک بخەن، هێشتنەوەی ناو و ئیمکاناتی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە بۆ کەمایەتییەکی بچووک کە دەمێننەوە، کارێکی ئوسووڵی و دادپەروەرانە نییە. بەڵام بە هەر حاڵ ئەمە هەڵوێستی من نەبوو. لە ڕوانگەی منەوە ئەوە ئێمە بووین کە جیا ئەبووینەوە، لەبەر ئەوە ئەوانەی کە دەمانەوە، گەرچی کەمایەتییەکیش بن، هێشتا لەو بڕگەیەدا لە ڕووی حوقووقییەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بوون. لە ڕووی سیاسییەوە مەسەلەکە نارۆشنتر بوو. ئاشکرا بوو کە بە چوونە دەرەوەی چەپ، هێزهاوسەنگیی سیاسی و عەمەلی لەو ڕێکخراوەدا کە مایەوە، بە قازانجی باڵی ڕاست ئاڵوگۆڕ دەکات. بەڵام وەرچەرخانی گەورە بەرەو ڕاست، چ جای دابڕانێکی سیاسی و بەرنامەیی ئاشکرا و بنەڕەتی لە نەریتی چەپی حیزب و کۆمەڵەی ئەو کاتە، مەسەلەیەکی حەتمی نەبوو. لە پەیوەند بە باسی مەشرووعییەت و نامەشرووعییەتی ئەو ڕێکخراوەی کە مایەوە لە بەکارهێنانی ئەم ناونیشانانە، لە ڕوانگەی منەوە بڕیار و هەڵوێستی دوو کەسی دیاریکراو، ئیبراهیمی عەلیزادە و عەبدوڵای موهتەدی، دەیانتوانی مەسەلەکە یەکلا بکەنەوە. ئەم دوو هاوڕێیە لە شەخسییەتە سەرەکییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون، چ لە سەرهەڵدان و چ لە ڕەوتی پێشڕەوی ئەودا دەوری بەرچاویان هەبوو. هەردووکیان، جگە لە دوا قوناغەکان، لە داکۆکیکەرانی هێڵی ڕەسمی و مارکسیستی حیزب بوون. جگە لەمە عەبدوڵای موهتەدی هەستی بە نزیکایەتییەکی زۆر لەگەڵ باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئەکرد.

ئەم دووانە بڕیاریان دا لەگەڵ ئێمە نەیەن و لەو ڕێکخراوەدا بمێننەوە. لەمەش گرنگتر، هەردووکیان بە ئاشکرا چ لە پلینۆمی بیست و یەکەمدا و چ لە بەڵگەنامە عەلەنییەکانی سەردەمی جیابوونەوەدا، ڕایان گەیاند کە ئامانجیان هێشتنەوەی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەیە لەسەر هەمان پرانسیپی تیۆری و عەمەلی کە تا ئەو کاتە بنچینەی پێک دەهێنان. (تا ئەو ڕادەیەی کە هەوڵیان دا، ئێمە بە کەسانێک نیشان بدەن کە ئەرکی داکۆکیکردن لە بۆچوون و "بیروباوەڕە هاوبەشەکان"مان بەوان سپاردووە و مەیدانمان چۆڵ کردووە!). ئەگەر لەو سەردەمەدا ئیبراهیمی عەلیزادە و عەبدوڵای

موهتەدیش بڕیاریان بدایە لەگەڵ ئێمە بن، وە یان هەر ڕێگایەکی تری جگە لەم دووانەیان هەڵبژاردایە، بێگومان نە من و نە هیچ کەسێکی تر لەو ڕابەرایەتییەدا، جەنابی ئێلخانیزادە و دۆستەکانی لە باڵی ڕاستدا بەخەبەر نە ئەهێنا، بۆ ئەوەی مۆر و ناونیشان و ئیمکاناتی حیزب و کۆمەڵەیان تەسلیم بکات. لە حاڵەتێکی وادا ئەوانەی کە دەمانەوە، ئەگەر بمانایەوە، ئیتر تەنانەت مەشرووعییەتی حوقووقیشیان نەدەبوو. لەو حاڵەتەدا، حەتمەن ڕێگایەکی ترمان بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی جیابوونەوە دەدۆزییەوە. بە هەمان شێوە لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەگەر ئەم دوو هاوڕێیە هەر لەو کاتەدا ڕایان بگەیاندایە، کە حیزبی کۆمۆنیست دوای جیابوونەوەی ئێمە، دەست دەداتە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ڕێبازی سیاسیی خۆیدا، دیسانەوە لە ڕوانگەی منەوە مەشرووعییەتی هەڵسووڕانی دواتری ئەو ڕێکخراوە لەژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەدا دەچووە ژێر پرسیارەوە. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئەوان ڕایان گەیاند دەمێننەوە و حیزب و کۆمەڵە لە سەر هەمان هەڵوێستەکانی پێشوو دەهێڵنەوە و لەسەر هەمان ڕێڕەو درێژە بە ڕێگایان ئەدەن. لە ڕوانگەی منەوە ئەمە کافی بوو. ئەم هاوڕێیانە هەقیان هەبوو هەوڵ بدەن و هەقیان هەبوو سەرکەوتوو بن. بەڵام کاتێک ئاشکرا بوو کە لە کردەوەدا ڕێچکەیەکی تریان گرتووەتە بەر و ئاسۆیەکی تریان ناوەتە پێش خۆیان، کاتێک ئاشکرا بوو کە "بیروباوەڕە هاوبەشەکانی" دوێنێیان تووڕ هەڵداوە، ئەو کاتە ئیتر لە ڕووی سیاسییەوە تەمەنی ئەم مەشرووعییەتەش بەسەر ئەچێت. ڕێکخراوێک کە ئەمڕۆ لەژێر ناوی کۆمەڵە، یان حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەڵدەسووڕێت، ئێستا ئیتر تەنها ناوی ئەو ڕەوتەی کردووەتە دەسمایە و ئەمەش جگە لە شانۆگەری، شتێکی تر نییە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ڕێکخراوەکەی ئەم دۆستانە چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی سیاسی و تاکتیکی و چ لە ڕووی پراتیکییەوە بە ئاشکرا و بە فەرمی پشتی لەو حیزب و مێژووە و پرانسیپەکانی کردووە و سووکایەتی بەو ڕابردووە دەکات. ئەمە تەنها بانگەشەیەک نییە. سەیر کەن ئەمڕۆ چی ئەڵێن و چی ئەکەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەکوو حیزبێکی دژی ئۆردووگاگەلی ڕیڤیژینیستی و لێکدانەوە بۆرژوواییەکانی سۆسیالیزم لەدایک بوو، ئەمڕۆ ئەوان بە فەرمی و بە ئاشکرا ڕای ئەگەیەنن، مەسەلەکە ئەوە نییە کە "سۆسیالیزمی چ کەسێک واقیعییە"، بەڵکوو مەسەلە یەکگرتووکردنی پایەی کۆمەڵایەتیی "چەپ"ە. فەرموویانە کە باسی ماهییەتی سۆڤێت

باسێکی زیادە و ڕۆشنفکرانە بووە! حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئینتیما بنچینەیی و ستراتیژیکییەکانی خۆی بۆ بزووتنەوەی شوورایی بە پێودانگێکی ناسنامەی سیاسیی خۆی دەزانی، کەچی ئەم دۆستانە بەوە گەیشتوون، کە باسی شوورا و سەندیکا، باسێکی بێهوودە و لادەرانە بووە، کە ژمارەیەک ڕۆشنبیر بەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و سەد جار هەڵبەتە بەسەر خودی ئەوانیاندا سەپاندبوو. ئێستا بۆیان ئاشکرا بووە کە حیزبێکی کۆمۆنیستی ئەرکێکی تایبەتی لە ڕێنوێنیکردن و ڕێنیشاندانی کرێکاران نییە و دەبێ بە شێوەی لادێییترین مەحفەلەکانی چەپی سەردەمی شۆڕشی 1979 لەوانەوە شت فێر بێت. جارێکی تر، هەر وەکوو دواکەوتووترین ڕەوتەکانی بەر لە 79، خواستە کرێکارییەکان بە توانای بۆرژوازی و "ئاستی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان"ەوە گرێ ئەدەن و درووشمی سادەی 35 سەعات کاریان (چ جای سی سەعات)، بێگومان بە تۆمەتی زیهنیوون و ڕۆشنفکریبوون، لە گەرووی ڕێکخراوەکەیاندا گیر کردووە. کارکرد و جێوشوێنی ئەوانمان لە عێراق و کوردستان بینی. لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا وەزعیان لەمە باشتر نییە. ڕۆشنکردنەوە و گوتنی ڕاشکاوانەی جیاوازییەکان کە نەریتی ئەو کاتە بوو، جێگای خۆی بە سەیر و سەمەرەترین و بێ ئوسوولێترین ئیئتلافبازی و پێکهێنانی جۆرەها ئەنجوومەنی مەراییکردن لە بەرامبەر هەر ڕەوت و مەحفەلێکی ئۆپۆزیسیۆنی "چەپ" و دیموکراتیک داوە. لەم نێوەدا بۆ جارێکی تر ڕێورەسمی هەمیشەیی چەپی قەومیی بنیاتنراو لەسەر ڕابەر داتاشین و کەسایەتی دروستکردن لە شاعیران و نووسەرانی میانەحاڵ و دەرویشی تەریقەت و وەتەنپەرستیی "ناوخۆ"یش بووەتە باو.

لایەنێکی بەرجەستەی وەرچەرخان و شێواندنی ئەم ڕەوتە، نەفرەتکردنێتی لە مێژووی ڕابردووی "خۆی". هەندێک کەس وا خەیاڵ ئەکەن کە پشتکردنی ئەم دۆستانە لە مێژووی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی پێش جیابوونەوە، بۆ دژایەتی ئەمڕۆیان لەگەڵ ئێمەدا دەگەڕێتەوە و کاردانەوەیەکی غەیرە سیاسی بە تاڵی و سوێرییەکانی دەورانی جیابوونەوەیە. ڕاستی پێچەوانەی ئەمەیە، دوژمنایەتییان لەگەڵ ئێمەدا، ڕەنگدانەوەی بیزارییانە لەو ڕابردووە. تەفسیری سەرانی ئەمڕۆی کۆمەڵە بۆ ئەو ڕابردووە، تەمەنی بە قەد تەمەنی خودی حیزبی کۆمۆنیستە. تێگەیشتنی جەنابی ئیلخانیزادە بۆ خۆی و دۆستانی، وەکوو کۆمەڵێکی "فریوخواردوو و پشتگوێخراو"، کە ئەمە بنچینەی هۆشدارییەکانی ئەوان بۆ هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیشە،

لێکدانەوەیەکی کۆنە. ئەم قسەیە لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە و ڕێکخراوی " تۆبەکردووان"ی ڕژێم و لە سەروویەوە مەعروف کیلانە لە سەردەمی بەر لە پێکهێنانی حیزبدا جاڕ ئەدرا. "کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کۆمەڵەیان فریو داوە". ئەم تێگەیشتنە ناوەڕۆکی سەدان بەرنامەی ڕادیۆیی و وتاری بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکرات بووە. ئەم لێکدانەوەیە ناوەڕۆکی هۆشداری و نەسیحەتە یەک لەدوای یەکەکانی یەکێتیی نیشتمانی و عیزەدین حوسێنی و باقی "دۆستانی کۆمەڵە" لەنێو بزووتنەوەی خودموختاریخوازی کوردستان بووە. ئەم لێکدانەوەیە ناوەڕۆکی تەبلیغات و تەحریکاتی هەر ڕۆژەی "دەوڵەت"ی کورد لە دژی ئێمە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بووە. ئەم لێکدانەوەیە هەر لە سەرەتاوە، فۆرموولەی هەموو ڕێکخراوە چەپە ساختە و ئۆردووگاییەکانی ئێران بووە، کە بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خەونیان بۆ گۆڕینی "کۆمەڵەی بێگوناه" بۆ ڕێکخراوی کوردەکان لە بەرەی "گەلانی نیشتمانەکەمان" بوو بە بڵقی سەر ئاو. ئەم لێکدانەوەیە کە جەنابی ئیلخانیزادە و شەریکەبەشەکانی وا دیارە ئەمڕۆ پەیان بە حەقانییەتی بردووە، لێکدانەوەیەکی کۆنەپەرستانە و دژی کۆمۆنیستییە. ئەمە تەنها لە دژی ئەو مێژووە و ئێمە نییە، بەڵکوو لە دژی چەپگەراییشە لە کۆمەڵەی ئەمڕۆدا. ئەم لێکدانەوەیە بڕیارە هەر لە سەرەتاوە ئەوە ڕابگەیەنێ، کە تێڕوانین و سیاسەتی چەپ لەم ڕێکخراوەدا یاساغ و مەحکووم و ناپەسەندە.

بە داخەوە لەم چەند ساڵەدا، ئەم لێکدانەوەیە لە مێژووی حیزب و کۆمەڵەدا، بووەتە هێڵی ڕەسمی لەنێو ئەم ڕەوتەدا. سەرەنجام چاڵێکی دە ساڵی لە مێژووی ئەم ڕەوتەدا هاتووەتە کایەوە. دەورانی یاساغ. دەورانێک کە دەڵێی ڕێکخستن هەر نەبووە، بڵاوکراوەی نەبووە، ڕا و بۆچوونی نەبووە، ڕابەری نەبووە، ناوەندێتییەکی نەبووە، کۆنگرە و کۆنفرانس و پلینۆمی نەبووە. عەزم و ئومێد و حەقانییەتی نەبووە. دەورانێک کە باسکردن لێی و بیرکردنەوە لێی قەدەغەیە و دەبێ فەرامۆش بکرێت. ڕاستەکان (باڵی ڕاست/ و.) لێکدانەوەی خۆیان جێخستووە. بەڵگەنامەکانی ئەو دەورانە دەبێ بسووتێنرێن و سووتێنران. وێنەکان دەبێ ڕوتووش بکرێن و کردیان. دەبێ خانووەکان بگەڕێن و کتێبەکان بدۆزنەوە و تووڕیان بدەن و تووڕیان دا. ئەمڕۆ ئەوە تەنها ئینتەرناسیۆنال نییە کە بوون و خوێندنەوەی لە بنکەی پیرۆزی دەوروبەری سلێمانی قەدەغەیە، بەڵکوو بسوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیست و بۆڵتنی شوورەوی و

ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی پێشکەوتنخواز و ... تاد. سانسۆریان لەسەرە. دەستەواژەی وەکوو کۆمۆنیزمی کرێکاری ئیتر کفرە و زمانی ئەو کەسە دەسووتێنێ کە لە دەمی دەربچێت. ئەگەر ئەم جەماعەتە عەزمیان کردووە کە بیرەوەری ئەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەو کۆمەڵەیە لە زەین بسڕنەوە، ئەگەر بە سەردەمی بێخەبەری و فریوخواردنی خۆیانی دادەنێن، ئەگەر خۆیان ئەو مێژووە بە نەنگ ئەزانن و دەیانەوێ بە خاکی بسپێرن، بۆچی دەبێ بەکارهێنانی ناوی ئەم حیزبە لە لایەن ئەوانەوە بە کارێکی مەشرووع دابنرێت؟

واقیعییەت ئەوەیە کە ناونیشانی حیزبی کۆمۆنیست، "کە خودی کوردە قەوماییەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە داویانەتە دەستی کۆمەڵێک، تا سەرگەرم بن، نەک جاروبار کۆسپ بخەنە بەردەم مەسەلەی ترسناکی "دیپلۆماسیی بنکە و ڕادیۆ" لە ناوەندیی جیهاندا. تەنها ئەمە و هیچی تر.

ئەی ناونیشانی کۆمەڵە چی؟ کۆمەڵەی ئەمڕۆ، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی دەورانی حیزب نییە. بەڵام کۆمەڵەی بەر لە حیزبیش نییە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی چەپ بوو، کە بە ڕۆشنبینی و جەسارەتەوە بووە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی کۆمۆنیستی جیا لە کۆمەڵەی ناسیۆنالیستەکان و میللگەراکانی پێک هێنا. بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەیبینین، کۆمەڵەیەکی تازەیە. کۆمەڵەیەک کە ڕەنگە باڵی ڕاست و موخالیفینی پێکهێنانی حیزب ئەگەر 15 ساڵ بەر لە ئێستا سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە، دروستیان ئەکرد. ڕێکخراوێکی خودموختاریخواز لە کوردستانی ئێراندا، کە نموونەی هاوچەشنی ئەو لە هەموو بەشەکانی تری کوردستاندا زۆروزەبەندە. ئەوان وەکوو ڕێکخراوێکی خودموختاریخواز دەبێ بە جیددی وەربگیرێن. بەڵام ئەم ڕێکخراوە، حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی کۆن نییە. ئەمە تەنانەت (لە واقیعدا بەتایبەت) نزیکترین هاوپەیمان و دۆستانی ئەمڕۆشیان نکۆڵی لێ ناکەن. هیچ کەسێک ئەمانە بە درێژەپێدەری ئەو حیزبە و ئەو کۆمەڵەیە و بەرپرسی کاروبار و سیاسەتەکانی ئەو دەورەیە نازانێ. هەمووان بەبێ ئیستیسنا، دۆستی و دوژمنایەتییەکانیان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی کۆندا گواستووەتەوە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نەک ئەم ڕەوتە.

باسەکەی من باسێکی حوقووقی نییە. باسێکی سیاسییە. نابێ لەم شانۆگەرییەدا بەشداری بکرێت. ئەم دۆستانە هەر ناوێکیان پێ خۆشە لە خۆیانی بنێن، بەڵام ئێمە ئەرکمانە دەرگا بە ڕووی کەسانێکدا دانەخەین کە هۆگری ڕاستییەکانی ئەو مێژووەن.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
"دیپلوماسی" یا انتخاب سیاسی؟
کومەله جدید در "شکافهای منطقه ای"
انترناسیونال، شماره 20
فروردین 1375، آوریل 1996

گفتوگۆ سەبارەت بە درووشمی فیدرالیزم:
فیدرالیزم درووشمێکی کۆنەپەرستانەیە

ئینتەرناسیۆنال: لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە هێنانەمەیدانی درووشمی فیدرالیزم لە لایەن هەندێک لە حیزبەکانەوە هەرگیز ڕەنگدانەوەی بوونی خواستێکی وەها لەنێو خەڵکدا نییە. کەوایە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە چ زەروورەتێکی هەبوو؟

مەنسوور حیکمەت: نە تەنها درووشمی فیدرالیزم جێگایەکی لە زەین و ژیانی خەڵکدا نییە، بەڵکوو ناسنامەی قەومی و قەومچێتیش بە شێوەیەکی گشتی، لەنێو ملیۆنەها خەڵکی دانیشتووی ئێراندا هیچ جێگایەکی لە ئیعرابدا نییە. بەڵام بەداخەوە، بۆ پاراستنی خەڵکی لەو کارەسات و تراژیدیایانەی کە قەومپەرستی و قەومپەرستان دەتوانن بیهێننە ئاراوە، ئەمە کافی نییە. سەیری دنیای دەوروبەری خۆتان بکەن و چاوێک بە ڕووداوەکانی ئەم دوو سێ دەیەیەی دواییدا بگێڕن. حوکوومەتی شەرع و دەوڵەتی ئاخوندی چ زەمینەیەکی لە ئێرانی سەدەی بیستەمدا هەبوو؟ دیارە هیچ. ئەم خەڵکە هەر ئەوانە بوون کە هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا، ڕۆژێکیان بەسەر مەشرووعەچییەکاندا هێنا کە دەیزانین. ئاخوند تویژێکی مشەخۆری بێ ئابڕوو و جێگای گاڵتەجاڕیی خەڵک لە شار و لە دێدا بوو. کچانی دوو نەوە بەر لە ئێمە بێ سەرپۆش ئەچوونە قوتابخانە. موسیقا و سینەما بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی خەڵکی بوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەمڕۆ لەم کۆمەڵگایەدا شێتیی ئیلاهی و جەهالەتی دینی و جانەوەرانی ئیسلامی حوکم دەکەن. یۆگۆسلاڤیا کۆمەڵگایەکی مودێرنی پیشەسازی و بە هەموو ستانداردەکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی بوو. یۆگۆسلاڤەکان باسی ئەوە ئەکەن کە چۆن بەر لەم ڕووداوانە ئینتیمای قەومی و میللی خۆیان هەر لەبیر نەبوو. نەیان دەتوانی تەسەوری ئەم وەزعە بکەن. هەتا ئێستاش باوەڕ ناکەن و نازانن بۆچی ئەمە ڕووی دا.

ئەوەی کە قەومییەت و قەومپەرستی لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕیشە و زەمینەیەکی بەهێزی نییە و ئەوەی کە خواستی فیدرالیزم جێگایەکی لەنێو خەڵکیدا نییە، بەو مانایەیە کە ڕەوەند و ڕەوت و بزووتنەوە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگادا بەم ئاراستەیەدا نارۆن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگا چەندە لە بەرامبەر جم و جووڵە قەومپەرستانەکاندا پارێزراوە و لەپێشدا چەندە ئامادەیی بەرگری لەخۆکردنی لەبەرامبەر هێرشی

داهاتووی ئەم پاشەوپاشگەڕانەوەیە و کۆنەپەرستییە قەومییەدا هەیە. هەر وەک نادری بەکتاش دەڵێت ناسیۆنالیزم و قەومپەرستی وەکوو ئەو ڤایرۆسانە وان کە لە حاڵەتی متبووندا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و لە هەلومەرجێکی تایبەتدا چالاک دەبنەوە و تەنانەت هەندێ جار دەبنە مایەی پەتایەک. ناسیۆنالیزم و قەومپەرستی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا نەخۆشییەکی سیاسی_ فەرهەنگیی باو نییە. بەڵام نە ڕیشەکێش کراوە و نە کۆمەڵگا لە دژی ئەمە تەلقیح کراوە. بوونی هەر ئەم فیدرالیست و دەستە دواکەوتووانەی کە هەر ئێستا و لەوپەڕی بێشەرمی و گەوجێتیدا، دەستیان بە دەرکردنی ناسنامە قەومییەکان بۆ خەڵکی ئێران کردووە، شایەتی ئەوەیە کە ئەم ڤایرۆسە ڕیشەکێش نەکراوە و دەتوانێ، بە تایبەت لە هەلومەرجێکی پڕ لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی سیاسیدا، ببێتە مایەی گەلێک موسیبەت. دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە بۆ دروستکردنی ئامادەیی و بەرگرییە لە کۆمەڵگادا. هەروەها دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە ڕاگەیاندنی ڕاستوڕەوانی ئەو واقیعییەتەیە بە ناسیۆنالیست و قەومپەرستان و میللەتگەرا و ڕۆشنبیرە گەوجەکانی دەوروبەریان، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لێبڕاوانە لە بەرامبەر ئەم پاشەوپاش گەڕانەوەیەدا ڕادەوەستێ و ئەم جەماعەتانە و ئەم ئارەزووە دژی ئینسانی و دژی کرێکارییانە لەنێو خەڵکیدا ڕیسوا دەکات. ناکرێ بیست ساڵ خەڵکی بە دین ئەسیر بکەن و بکوتن و دواتریش بیست ساڵی تر بە قەومییەت و میللەت. ئێمە ڕێگا نادەین.

ئینتەرناسیۆنال: بەیاننامەکە، سەرهەڵدانی درووشمی فیدرالیزم ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی کوردەوە گرێ دەدات. ئەمە پێویستە تیشکێکی زیاتری بخرێتە سەر.

مەنسوور حیکمەت: هەر وەک باسم کرد، ناونانی میللی و قەومی لە خەڵک، چ جای بگات بە کێشمەکێشە میللی و قەومییەکان لە نێوان بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، دیاردەیەکی لەمێژینە و باو و هەمەگیر نییە لە وڵاتدا. ئاشکرایە کە لە فۆلکلۆری دواکەوتووی قەومەکاندا (هەر قەومێک)، خۆپەسەندیی قەومی و شۆڤێنیزم و سڵکردنەوە لە بێگانە و ... تاد. هەیە. لە هەموو وڵاتاندا، تەنانەت لەنێو یەکپارچەترین "میللەتان"یشدا ئەمە هەیە، وە ئاشکرایە کە تا وەختێک سەرمایە و سەرمایەداری هەبێت ئەم جۆرە تەفرەقە خستنە نێوان خەڵکییەش هەر دەمێنێتەوە. ئێرانیش لەمە بەدەر نییە. بەڵام هەر چاودێرێک کە مەبەستێکی تر و نەخشەکارێکی شاراوەی تری نەبێت، دان بەوەدا دەنێت کە کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەک نییە کە وەها لەنێو چنگاڵی

کێشمەکێش و تەحەممولنەکردنی قەومی و میللیدا گیروده بووبێت، کە چاوەڕێی ئەوە بێت، حەکیمێک بە دەرمانی شیفابەخشی فیدرالیزمەوە فریای بکەوێت.
کاتێک ورد دەبیتەوە، دەبینی کە پەیدابوونی سەر و کەللەی ئەم دەستەواژەیە لەم دەورەیەی دواییدا، بە مەسەلەی کورد و ساتوسەودا و گفتوگۆکانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئۆپوزیسیۆنی میللیدا پەیوەستە، کە بە قسەی دیموکراتەکان بریارە لە سبەینێدا دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران بەدەستەوە بگرن. هەموو مەسەلەی حیزبی دیموکرات ئەوەیە کە ناووناتۆرەی جیاخوازی نەخەنە پاڵی، بەتایبەت کە درندەیی ناسیۆنالیستە مەزنخوازە ئێرانییەکان و ئەو تاوانانە دەناسێ کە ئامادەن لەژێر ئاڵای بەرگریکردن لە "یەکپارچەیی خاک"دا بەڕێی بخەن. بێگومان خودی حیزبی دیموکرات لە ڕیزی پێشەوەی "ئێرانچێتی" و بەرگریکردن لە "یەکپارچەیی خاک"دا ڕاوەستاوە. وەختێک عفت داداشپور لە بڵاوکراوەی "نیمروز"دا ڕای سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە، لەسەر هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران (بە فەرمیناسینی مافی جیابوونەوەی کوردستان، گەڕانەوە بۆ ڕای خودی خەڵکی لە ڕێفراندۆمێکدا لەسەر جیابوونەوە، یان مانەوە وەکوو هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەی ئێراندا) دەپرسێت، جەنابی حەسەنزادە هەڵئەچێ و دەڵێ: "نەخێر ئێمە جودابیخواز نین"، وە بۆ ئاسوودەکردنی خەیاڵی دەوڵەتی ناوەندیی ئایینده، سنووربەندییەکی ئاگردار لەگەڵ ئێمەدا دەکات. حیزبی دیموکرات ئۆتۆنۆمی دەوێت و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بە گشتگیرکردنی خواستەکەی خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا، یان بە بەدەستەوەدانی فۆرموولێک کە تیایدا ناسیۆنالیزمی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی ناوەندیدا بەتاک نەکەوێتەوە، باشتر بەم ئامانجە دەگات. فۆرموولی فیدرالیزم، ئەو کۆمەکە بە حیزبی دیموکرات دەکات کە ئۆتۆنۆمی بوێت، بێ ئەوەی کە کوردستان وەکوو حاڵەتێکی ئیستیسنائی سەیر بکرێت. فیدرالیزم واتە ئۆتۆنۆمی "بە هەموو ئەو میللەتانەی کە ئێران پێک دەهێنن" بدەن، لەوانەش میللەتی کورد بە ڕابەرایەتی حیزبی دیموکرات. جا ئەگەر باقیی خەڵکی ئێران، وە لەناویاندا بەشێکی فراوان لە خودی کوردستان بە ناچاری بە ناو و ناتۆرەی قەومیی وەک فارس، لوور، گیلک، ئەفغانی، کورد، عەرەب، بلوچ و تورکمان خۆیان پێناسە ناکەن، ئەوا چاکتر.

لەوبەری ئەم سات و سەودا کۆنەپەرستانەیەوە، ڕەوتە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان ڕاوەستاون، کە خۆیان لەگەڵ مەسەلەی کوردا بەرەوڕوو دەبینن و ئەمە بە یەکێک لە گرێ سەرەکییەکانی مەحکەمکردنی حوکوومەتی داهاتووی خۆیان دەزانن. ئەمانە لە دروشمی فیدرالیزمدا دەروازەیەک بۆ شاردنەوەی مەسەلەی کورد و خۆلادان لە گەڕانەوە بۆ ڕای خودی خەڵک و ساتوسەوداکردن لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا دەبیننەوە.
سەرچاوەی باسی فیدرالیزم، بۆ لێکدانەوە هەلپەرستانە و پێ لە هەواکانی چەند حیزبێکی سیاسی دەربارەی مەسەلەی کورد دەگەڕێتەوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا نە ئەوەندە جێگەی نیگەرانییە و نە وەڵامدانەوەش پێی لە کەناڵی تەبلیغاتی ڕۆژانەی کۆمۆنیستی و دژی ناسیۆنالیستییەوە کارێکی دژوارە. بەڵام لە هاوشانی دوو لایەنە سەرەکییەکەی ئەم باسەدا، کە هەر یەکەیان بەشوێن بەرژەوەندییە ماددییەکانی خۆیانەوەن، وەک هەمیشە ڕیزێکی تەواو لە کەسانێک پەیدا دەکەین، کە پێیان وایە بەپێی کاری شەریفی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری، یان بەپێی پێداویستییەکانی گروپداری خۆیان، دەبێ حەتمەن بێ قووڵبوونەوە و بەپێی مۆدی ئەو ڕۆژە شتێک بڵێن و خۆیان شیرین بکەن، وە ئەمانە بە شایەتیی چارەنووسی تاڵی خەڵکی یۆگۆسڵاڤیا و سۆڤێت، لە هەلومەرجێکی وادا ترسناکترین توخمەکانن. بە ڕاستی ناچێتە ئەقڵەوە کە کەسێک لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە تەماشای یاری منداڵەکەی و منداڵی دراوسێکانی بکات، دواتر ئاهێک هەڵکێشێت و قەڵەمەکەی بگرێتە دەست و جاهیلانە خەڵکی وڵاتێکی 60 ملیۆنی بەسەر 9 میللەت و 13 قەومیەت و 5 تاقمی زمانی و قسەی لەم بابەتەدا دابەش بکات و نەخشەی ئەوە دابڕێژێ کە ئەمانە دەبێ شار و گەڕەکەکان بەپێی خشتەکەی ئەو لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن و لە بەرامبەر یەکتردا بووەستنەوە. ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوە گەوجانەیە ئەنجامی ئاوا خوێناوی لێ نەکەوتایەتەوە، ڕەنگە تەنانەت ببووایەتە مایەی گاڵتەجاڕیی گوێگرانیشی. بەڵام مەبەستیان بێت یان نەبێت، ڕێگا خۆشکەری پاکسازییە قەومی و ئیعدامە بەکۆمەڵەکانی سبەینێن. ئەمانە لە دژی ژیان و گیانی ئەو منداڵانەی دەرەوەی پەنجەرەکە خەریکی پیلانگێڕانن، بۆیە حەساسییەتی مەسەلەکە لێرەدایە.
ئەمە دنیای 30 ساڵ بەر لە ئێستا نییە. شۆڕشی ئەلیکترۆنی و ئینفۆرماتیک و سەرهەڵدانی میدیا بیسرا و بینراوە جیهانییەکان، ژۆرنالیزمی نۆکەر و

موهەندیسیکردنی ئەفکاری کردووەتە فاکتەرێکی چارەنووسساز لە هاوکێشەکانی دەسەڵات و ڕەوتی دۆخی سیاسی لە وڵاتە جیاجیاکاندا. تەنانەت گەوجانەترین و بەئەقڵانەهاتووترین ئامانجی سیاسی و نەخشەی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لە چوارچێوەیەکی فراوانتری چینایەتی و جیهانیدا بە کەڵکی بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتدار بێت، یەکسەر پەڕ و باڵی بۆ دروست ئەکرێت و دەئاخنرێتە مێشکی خەڵکەوە. مەسەلەکە لە وردە لێکدانەوەکانی حیزبی دیموکرات و پاشماوەی حیزبە میللی و کۆماریخواز و ئاریامیهرییەکان گەورەترە. ئەمانە خۆیان گەمەن. ئێمە دەبێ گشت گەمەکە بکەینە شتێکی نەکردە.

ئەوەش بڵێم، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، ئەوە خودی خەڵکی کوردستانە کە دەبێ لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا دەربارەی جیابوونەوە، یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا وەکوو هاوولاتیی خاوەن مافی یەکسان بڕیار بدات. ئەوە تەنیا ئەم بڕیارەیە، جا هەر چییەک بێت، ئوسووڵی و شەرعییە. مەسەلەی کورد مەسەلەیەک نییە لەسەر شەریکەبەشبوونی حیزبی دیموکرات و باقی حیزبە خودموختاریخوازەکان لە بنیاتی دەسەڵات و سپاردنی "حوکمڕانی کوردستان"، لەسەرووی خەڵکەوە بەوان. بەندوبەست و گفتوگۆ و ساتوسەودای حیزبەکان لەسەر کوردستان هیچ مەشرووعییەتێکی نییە.

ئینتەرناسیۆنال: هەندێک لە ڕێکخراوە چەپەکان ئەڵێن، حیزبی ئێمە لەو مەترسییانەی کە لە وتاری "سیناریۆی ڕەش و سپی"دا باس کراوە زیادەڕەوی کردووە. پێت وا نییە هەڵوێستێکی هەر لەم جۆرە بەرامبەر بەم بەیاننامەیەش بنوێنرێت؟

مەنسوور حیکمەت: بەینی خۆمان بێت، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ تاکتاکی ئەندامان و هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی خانەوادەی چەپی دژی پاشایەتی و تەقلیدیی ئێران وەکوو ئینسانگەلێک کە سەرەنجام بە هەر زمانێک بێت خێری خەڵکی زەحمەتکێشیان دەوێت، دەبێ بڵێم، وەکوو حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، نە ئەوان بە سۆسیالیست دەزانم و نە هیچ باوەڕێکم بە توانای تەشخیسی ئەوان و توانای ئەوان لە گێڕانی دەورێکی کارساز لە جیهانی پاش جەنگی ساردا هەیە. ئەمانە تەیفێکی بەسەرچوو و بێ ئاسۆن. هەڵوێستی ئەم تەیفە لەبەرامبەر ئەم بەیاننامەیەدا فاکتەرێکی گرنگ نییە. ڕەنگە لەمە گرنگتر، هەڵوێستی بەیاننامەکە بەرامبەر بەوان بێت.

بەڵام بەیاننامەکە لە بنەڕەتدا ڕووی دەمی لەوان نییە. ڕووی لە خەڵک و بەتایبەت چینی کرێکارە، کە بە مانای کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی سەرنج بدەنە ئەم وشە و دروشمانە و نەکەونە داوی میلیچێتی و قەومپەرستییەوە، وە بۆ وەستانەوە بە ڕوویدا ئامادە بن. بە پێچەوانەی باسی سیناریۆی ڕەش و سپییەوە، ئێمە لێرەدا جەختمان لەسەر ئەوە کردووە، کە ئەگەری داسەپاندنی دروشمی فیدرالیزم بەسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا زۆر لاوازە. بەم پێیە باسەکە لەسەر زیادەڕۆیی لەمەڕ ڕەوتی هەلومەرجی بابەتی نییە. باسەکە لەسەر ئەو بۆگەنییەیە کە لە خودی دروشم و لێکدانەوە میلییەکان و لەوانە دروشمی فیدرالیزمدا خۆی حەشار داوە. لەمەدا بە هیچ جۆرێک، ناکرێ زیادەڕۆیی بکرێت و هەر چییەک بووترێت، هێشتا کەمە.

ئینتەرناسیۆنال: ئایا دەکرێ بڵێین ئەم دروشمە خەسڵەتنمای ئەو حیزب و ڕەوتانەیە کە تەرحیان کردووە، وە دەبێ لەم چوارچێوەیەدا داوەرییان لەسەر بکرێ؟ ئایا بەم بەیاننامەیە، شێوەی هەڵوێست و پەیوەندیی حیزب لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی کە لایەنگری فیدرالیزمن، گۆڕانی بەسەردا دێت؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من لە ئاستی تیۆریدا، لەسەر بناغەی ئەم دروشمە دەکرێ داوەری لەسەر حیزبەکان بکرێت. هەر وەکوو چۆن دینیبوون، شۆڤێنیستی میلیبوون، پاشاییخوازبوون، وە یان دژایەتیکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لەجەرگەی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا بۆ بە کۆنەپەرست ناوبردنی ڕەوتێک کافییە، بڕوابوونیش بە دەرکردنی ناسنامەی قەومی بۆ خەڵک و دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئینتیمای میللی و قەومیش بۆ بە کۆنەپەرست لەقەڵەمدانی ڕەوتێک کافییە. ئەگەر پرسیارێک هەیە ئەوەیە، ئایا بۆگەنیی دروشمی فیدرالیزم و مانا دژی کۆمەڵایەتی و دژی مرۆیی و دژی کرێکارییەکانی بە قووڵی و لە ئاستێکی فراواندا ناسراوە، یان نا؟ ڕەنگە هێشتا ناسراو نەبێ. ئەمە ئەوە دەخوازێ کە لە سەرەتاوە بۆ دەورەیەک هەوڵ بدەین، ئەم فۆرموولە لە بەرنامە و تەبلیغاتی ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆندا نەمێنێ. هەڵبەتە ئاشکرایە کە هەر لە ئێستاوە هەر ڕەوتێک کە هۆشیارانە و سەرسەختانە داکۆکی لە فیدرالیزم و ڕێکخستنی قەومیی کۆمەڵگا بکات، دەبێ بە ڕەوتێکی کۆنەپەرست بژمێردرێت.

ئینتەرناسیۆنال: ئەم بەیاننامەیە چ هەڵسووڕانێک دەخاتە بەردەم هەڵسووڕاوانی حیزب؟ هەڵسووڕاوانی حیزب دەبێ لەبەرامبەر ئەو ڕەوتانەی کە درووشمی فیدرالیزمیان تەرح کردووە چی بکەن؟

مەنسوور حیکمەت: ئەوە ڕوونە کە لێرەدا ناکرێ و پێویستیش نییە کە لیستێک هەنگاوهەڵگرتن ڕیز بکەین. مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە ئێمە ناوەڕۆکی ئەم درووشمە بە تەواوی وجودییەوە، وە لێبڕاوانە بۆ خەڵکی ڕۆشن بکەینەوە. ئەو حیزبانەی کە ئەم درووشمە تەرح دەکەن لە هەر کوێ بن و بۆ کوێ بچن، دەبێ هەست بە گوشاری ڕەخنەی ئێمە لەسەر خۆیان بکەن. دەبێ بیرکردنەوە و سیاسەتی قەومی و میللی، بێ ئابڕوو بکەین، هەر وەک چۆن بیرکردنەوە و سیاسەتی دینیی ئەمڕۆ بێ ئابڕوو قێزەونە. ئەگەر نەڵێین هەموو خەڵکی زەحمەتکێش، لانیکەم دەبێ بەشە چوست و چالاک و هەڵسووڕاوەکانی چینی کرێکار لە ئێراندا وەها هۆشیارانە لە کۆنەپەرستیی میللی و قەومپەرستی بێزار بن و نەفرەتی لێ بکەن، کە درووشمی فیدرالیزمیش جگە لە یەکێک لە شتە ڕوتووشکراوە لۆکسەکانی شتێکی تر نییە، وە لەبەرامبەریدا هەستیار بن، کە هیچ هێزێک سبەینێ نەتوانێ بە دروستکردنی کێشمەکێش و کارەساتی قەومی بەر بە پێشڕەویی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری بگرێت و ڕۆژگارێک بەسەر خەڵکیدا بهێنن کە لە یۆگۆسلاڤیا بینیمان. تەبلیغات و ئاکسیۆنەکانی ئێمە دەبێ سەرهەڵدانی توجمانەکان و ئیززەت بگوویچەکان و کارادیچەکان و ملادیچەکان و میلۆسۆڤیچەکان و ژیرینفسکییە نیشتمانپەروەرەکان بکاتە شتێکی مەحاڵ. لە یەک ڕستەدا، هەم دەبێ ئامادەیی زەینیی خەڵک بەرینە سەرەوە، هەم قەومپەرست و هاوکارەکانی سبەینێیان لەوە حاڵی بکەین کە لەگەڵ هێزێکی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسازشنەهاتوو و بەرچاو ڕۆشندا بەرەوڕوون.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
مصاحبه با منصور حکمت درباره شعار فدرالیسم:
فدرالیسم شعاری ارتجاعی است
انترناسیونال، شماره21
خرداد 1375، ژوئن 1996

نامەیەک بۆ دوو هاوڕێ

(دەربارەی ئیختیلاف و پێکهێنانی فراکسیۆن لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا)

هاوڕێیانی ئازیزم ئاسۆ غەریب و بەمۆ عەلی!
بە سڵاوێکی گەرم و ئارەزووی لەشساغیتان
نامەی بەرواری 14/ 06/ 1996ی ئێوەم دەربارەی ئیختیلافاتە دەروونییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەدەست گەیشت. سوپاستان دەکەم بۆ ئەو لوتفەی دەرتان بڕیوە و بۆ ئەوەی ڕای منتان پرسیوە.
لەگەڵ ئەمەشدا هاوڕێیان، نامەکەی ئێوە لە زۆر ڕووەوە جێگای داخە. لە هەلومەرجێکدا کە بۆ یەکەمین جار لە هەموو مێژووی ناوچەکەدا حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری بەم بیر و باوەڕە ڕادیکاڵانەوە سەری هەڵداوە و ئیحتیکاری حیزبە میللی و کۆنەپەرستەکانی لەسەر جەوی سیاسی لانی کەم کوردستان شکاندووە. لە هەلومەرجێکدا کە تێکڕای کۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا ئێمەیان بە دوژمنی هاوبەشی خۆیان داناوە، لە هەلومەرجێکدا کە بار و دۆخی عێراق و بار و دۆخی جیهانی هەلێکی پڕ بایەخ و بێشک کەم ماوەی بۆ دەخاڵەتی چارەنووسسازانەی ئێمە هێناوەتە کایەوە، زۆر جێگای داخە کە ئێمە نەتوانین وەکوو ڕیزێکی یەکگرتوو و بەگوڕ و یەکپارچە دەرکەوین. زۆر جێگای داخە ئەگەر ناچار بین تەنانەت یەک ڕۆژ خەریکی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆمان بین. زۆر جێگای داخە ئەگەر جارێکی تر نیشان بدرێت کە کۆمۆنیستەکان پسپۆری خۆخۆرین ئەویش لە ناسکترین ساتەکاندا. ئێمە دەبێ لەم دەرفەتە بچووکە مێژووییەدا کە بە ڕێکەوت بۆ ئێمە لە عێراق و کوردستاندا ڕەخساوە، کارێکی گرنگ بە سەرئەنجام بگەیەنین. ئەم هەلە بۆ ئێمە دووبارە نابێتەوە. ئەگەر ئەم دەرفەتە لە کیس خۆمان بدەین نابەخشرێین.
هاوڕێیانی ئازیزم! بەدەر لەوەی کە ڕیشەی ئەم ئیختیلافاتانە لە کوێیە، لەسەر چییە، ئێوە لەسەر حەقن یان نا، ئایا کەمتەرخەمی (تەقسیری)یەک هەیە و کەمتەرخەم کییە و ... هتد. بۆ ئێمە کە لێرە و دوور لە مەیدان و بە دەستی بە ستراوەوە، بە شۆڕ و

شەوقەوە چاومان بڕیوەتە هەڵسووڕانی ئێوە، ئەم ڕووداوە لە قووڵایی دڵەوە جێگای داخە.
من مەبەستم یەکگرتوویی و یەکێتی بە هەر نرخێک و پەردەپۆشکردنی ئیختیلافاتە جیددییە سیاسییەکان نییە. ئەگەر هەڵوێستی هەڵە هەیە، دەبێ ڕاست بکرێتەوە، شێوازە نادروستەکان دەبێ ڕاست بکرێنەوە و ئەمە هەرگیز بەبێ گفتوگۆ و مشتومڕ و خەبات لە دەروونی حیزبە کۆمۆنیستییەکاندا ئیمکانی نییە، بەڵام کەسێک کە بەتایبەت قسە لە نەبوونی نەریتی کۆمۆنیستی دەکات، دەبێ بزانێ کە یەکێک لە نەریتە گرنگ و فەرامۆشکراوەکانی کۆمۆنیزمی مارکس و لێنین، نەریتی گفتوگۆی ئازاد و سیاسی لە جەرگەی خەباتێکی هاوبەش و پراکتیکێکی یەکگرتووانەی کۆمۆنیستیدایە. بەداخەوە، ئەو وێنایەی کە نامەکەی ئێوە دەیدات بە دەستەوە ئەمە نییە.
هاوڕێیان! لە چەند ڕۆژ بەر لە ئێستاوە کە نامەکەی ئێوەم بە دەست گەیشتووە، هەموو فکرم مەشغوڵی ئەوە بووە کە وەڵامی ئوسووڵی بە ئێوە دەبێ چی بێ. من لەم نامەیەدا نامەوێ داکۆکی لە هیچ کەس و ئۆرگانێک بکەم. زانیارییەک کە ئێستا من لەسەر ناوەڕۆک و پێشینەی ئیختیلافاتەکان هەمە، لەوە کەمترە کە ئیمکانی دەخاڵەتێکی بەو جۆرەم پێ بدات. چەند فاکتەرێک دەخاڵەتی من لە ناوەڕۆکی قسە و باسەکان دژوار دەکات:
1) ئێوە باس لە ئیختیلافێکی سیاسی لەگەڵ ڕابەرایەتی و ڕێبازی حیزبی عێراق دەکەن، کە وا دیارە ئەوەندە پەرەی سەندووە کە بە قسەی ئێوە حیزبی قوتبی کردووەتەوە و یەکپارچەیی حیزبی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام من تەنانەت یەک دێڕێکم لە بارەی ناوەڕۆکی ئەم ئیختیلافە سیاسییە، ئەو مەسەلانەی ئیختیلافیان لە سەرە، پێشینەیان، قۆناغەکانی پێشتری ئەم ئیختیلافانە، بۆچوونە ئیسپاتییەکانی ئێوە، پلاتفۆرمی سیاسیی ئێوە و ئاڵتێرناتیڤی ئێوەم نەبینیووە. پێم وانییە مەسەلەکە تەنها بێخەبەری من بێت. ئەو هاوڕێیانەی مەکتەبی سیاسیی عێراقیش کە من لەگەڵیاندا پەیوەندیم هەبووە، هیچ سەنەدێکیان نەبینیوە. هەموو مەسەلەکە زۆر کوتوپڕ و بێ پێشینە دێتە بەرچاو. نامەکەی ئێوە لەگەڵ وەزعێکدا دەهاتەوە، کە تیایدا خەتێکی سیاسی پێناسە کراو، بە پلاتفۆرم و سەنەدی نووسراو، بڕیارنامە و قەراری سیاسی و عەمەلی، سیاسەتە بەدیلەکانی و ... هتد. پاش چەندین مانگ قسەوباس و مشتومڕ لەگەڵ ڕابەری و خەتی ڕەسمی لە کەناڵە حیزبییەکانەوە، ئێستا بڕیاری داوە کە

فراکسیۆن پێک بهێنێ. ئەگەر ئەم مشتومڕ و قسە و باسانە ڕووی بدایە، ئەو کاتە هەر کەسێک کە داوای ڕادەربڕین و داوەرییان لێی کردبایە، چ من و چ هەر هاوڕێیەکی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە ئێوە بانگەوازتان دەکرد، دەبێ بە پێی مەنتیق سەیری ئەم سەنەدانە بکات و بڕیاری خۆی بدات. ئەگەر ئەم سەنەدانە هەن، زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بۆ منیشی بنێرن، بۆ ئەوەی پێشینەی باسەکە تێبگەم. ئەگەریش ئەم سەنەدانە و ئەم پێشینە نووسراوەی ئیختیلافاتەکان وجودی نییە، ئەو کاتە پرسیاری من و هەر ئەندامێکی ئەم حیزبە ئەوە دەبوو، کە بۆچی بەر لە بڕینی ئەم قۆناغانە، ئیختیلافاتەکان بەم شێوە توندوتیژە و لەم ئاستە بەرزەدا تەرح دەکرێن.

2) بە هەمان شێوە کۆمەڵێک تاوانی ڕێکخراوەیی قورستان داوەتە پاڵ ڕابەرایەتی، وەک سەرکوتی موخالیفین، بیرۆکراتیزم، خەڵاتکردنی لایەنگرانی خۆ، تەزویری واقیعییەتی حیزبی، پیلانگێڕی و داکۆکیردن لە مەوقیعیەتی خۆ بە هەر نرخێک بووە. لە بارەی ئەم ئیتیهامانەوە دواتر چەند خاڵێکی تر باس دەکەم. بەڵام هەر لێرەدا پرسیاری من و هەر چاودێرێکی ئۆبژەکتیڤی تر ئەوەیە، چ بەڵگەیەک هەیە، کە دەلالەت لە جۆری بێ ئوسووڵییە ڕێکخراوەییەکان دەکات؟ ئەو بەڵگە و سەنەد و نموونانە پێشتر لە چ کەناڵێکی ڕێکخراوەییەوە گەڵاڵە کراون؟ ئێوە چ سکاڵایەکتان کردووە و وەڵامی ڕابەرایەتی بۆ ئەو سکاڵایانە چی بووە؟ ئەم ئیتیهامانە لە کام مەرجەعی ڕێکخراوەییدا گەڵاڵە کراون؟ ئەگەر ئەم بەڵگە و سکاڵایانە وجودیان هەیە، هەر چاودێرێک کە بانگەواز دەکرێت بۆ ڕادەربڕین، دەبێ لێی ئاگادار بێتەوە. وە ئەگەر وانییە، ئەو کاتە پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە حیزبێکی واقیعیدا، لە حیزبێکی جیددیدا، نابێ سەرەتا ئەم قۆناغانە تێبپەڕێنرێ؟ ئایا بەر لەوەی تاوانێکی عەلەنی بدرێتە پاڵ کەسێک، نابێ سەرەتا هەوڵ بدرێت، بۆ ئەوەی لە مەرجەعێکی مەشرووعی ڕێکخراوەییدا بسەلمێندرێت؟ ڕابەرایەتیی حیزب و کۆمیتەکانی ڕابەریی حیزب لە ئاستە جیاجیاکاندا، کە خودی ئێوە هاوڕێیان تیایاندا ئەندامن، بە سکاڵا فەرمی و نووسراوەکانی ئێوە چ وەڵامێکیان داوەتەوە کە لە ڕوانگەی ئێوەوە وەڵامدەرەوە نەبووە؟

3) ئێوە داواتان لە من کردووە ڕای خۆم بدەم. تەنانەت لەوپەڕی خۆشەویستییەوە وتوتانە، کە ڕەنگە ڕای من لای ئێوە سەنگی هەبێت. بەڵام ئایا بە واقیعی لە ڕوانگەی ئێوەوە بۆ ئەم کارە درەنگ نییە؟ کەسێکتان بانگ کردووە بۆ داوەری، بەڵام وەختێک

ئاگادارتان کردووەتەوە کە دادگاییەکە کۆتایی پێ هاتووە، حوکمەکە دەرکراوە و تەنانەت جێبەجێ کراوە و هەموو بڕیاری خۆیان داوە، تاوانباریان بردووە و هەموو ڕۆیشتوون. من دەتوانم چ شتێک بخەمە سەر ئەم باسە لە کاتێکدا کە هەر ئێستا لە بارەگای ئێوەدا تاوانی ڕابەرایەتیی حیزب یەکلا کراوەتەوە و نە تەنها کارکردی ڕابردووی، بەڵکوو نییەت و هەڵسووکەوتی داهاتوویشی (وەک ڕەفتاری لە کۆنگرەی داهاتوودا) مەحکووم کراوە. لەمەش واوەتر، تەنانەت چارەنووسی لایەنگرانی ئێستا و داهاتووی ڕابەرایەتیش دیاری کراوە، دەڵێن، "جگە لە کەسانێکی کەم، کە مەبەستی تایبەتییان هەیە، ئیتر هیچ کەسێک متمانەی بە ڕابەرایەتی نییە"، "پشتیوانی ئێوە (واتە من) لەوان، بەبێ چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان، پرسیار و بێبڕواییەکان زیاتر دەکات". ئەمە قاڵبێکی زۆر تەنگ و بەرتەسک بۆ ڕادەربڕین پێک دەهێنێ. چۆن دەکرێ دەخاڵەت بکەی، کاتێک لە ڕوانگەی لایەکەوە، موافیقبوون لەگەڵ لایەکەی تر، هەر لە سەرەتاوە ڕەت کراوەتەوە و بە نیشانەی نییەتپیسی و بێخەبەری لە قەڵەم دراوە؟

بە هەر حاڵ، هەر وەک وتم من لێرەدا مەبەستم داکۆکیکردن لە کەس، ئۆرگان، بۆچوون و سیاسەتێکی تایبەت نییە، چونکە نە ئاگاداری ئەو باسانەم کە مشتومڕیان لەسەرە و نە بۆچوونی هەردوولا دەربارەیان دەزانم. ئومێدەوارم هەرچی زووتر بەڵگەنامەی ئەم قسەوباسانە بە من و هاوڕێیانی ئێرەش بگات، تاوەکوو بتوانین دەخاڵەتێکی ڕاستەوخۆترمان لەم قسەوباسانەدا هەبێت.

ڕێگام پێ بدەن، لێرەدا چەند خاڵێک سەبارەت بە چوارچێوەی گشتی مەسەلەکە و ئەو ئوسوڵانە بخەمە ڕوو، کە دەبێ لەم نێوەدا جەختیان لە سەر بکرێت.

1) ئێوە دەڵێن لە حیزبی ئێمەدا ناکۆکییەکە لە نێوان تیۆری بەرنامە و تیۆری ڕێکخستنە. دەڵێن مەسەلەکە لەسەر دووری نێوان تیۆری کۆمۆنیستیی حیزب و پراتیکی وردەبۆرژوازییانەی ئەوە. خوێنەر ئەو چاوەڕوانییەی هەیە، کە لەسەر ئەم بنەمایە شیکردنەوەیەک لە سەر هۆکارە مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و مادییەکانی ئەم دوورییەی نێوان تیۆری و پراتیک ببیستێت. بەڵام ئەنجامگیرییەکەی ئێوە هەموو مەسەلەکە بە کۆمەڵە کەسانێکەوە کە پێ "لەسەر ئەم پراتیکە" دائەگرن، گرێ دەدات. مەسەلەکە لەسەر ڕابەرایەتییە. بە بڕوای منیش لە نێوان تیۆری و پراتیکی ئێمەدا کەلێنێکی واقیعی هەیە، بەڵام گومانم لەوەدا هەیە، بکرێ کەموکورتی گرفتێکی مێژوویی_ کۆمەڵایەتی بەم جۆرە، کە لە ڕاستیدا نەبوونی لەم قۆناغەی بزووتنەوەکەی

ئێمەدا جێگای سەرسوورمان دەبوو، بخرێتە ئەستۆی چەند کەسێک لە هاوڕێیان. پاشان ئەم ڕابەرایەتییە کێیە؟

ئایا مەبەست مەکتەبی سیاسییە؟ کۆمیتەی ناوەندییە؟ کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانە؟ کۆمیتەی سلێمانییە؟ خودی ئێوە هاوڕێیان وە بێگومان هاوڕێیانێکی زۆرتر لەنێو ئەو کەسانەی کە هاوبیری ئێوەن، ئەندامی ئەم کۆمیتانەن. ئەو شیکردنەوەیەی کە گرفتەکە لە کەسەکاندا دەبینێتەوە، ئەرکێتی کە پەنجە بخاتە سەر ناسنامەی کەسەکانیش. لە درێژەی کام ڕەوەندا مەعلوم بوو، کە دەبێ لەم هەموو دەیان کەسە بێئومید بێ. چۆن مەعلووم بوو، کە تاکتاکی ئەمانە لە نەریتە وردەبۆرژوازییەکان داکۆکی دەکەن؟ تا ئەو جێگایەی کە من دەیزانم، بەشێک لەم هاوڕێیانەی ڕابەرایەتی، تازە بەتازە وا خەریکن بۆ یەکەمین جار لە بۆچوون و ئیختیلافاتەکانی ئێوە ئاگادار ببنەوە. حیزب هێشتا لە سەرەتای کاریدایە. کۆمیتەی ناوەندی تەنها چەند دانیشتنێکی دیاریکراوی بەستووە و تازە خەریکە وەک یەکەیەکی حیزبی شکڵ بە خۆی دەدات، ئێستا چۆن پێداگرتنی یەکیەکی ئەندامانی لە سەر پراتیکی وردەبۆرژوازی ئاشکرا بووە و ئیسپات بووە؟ دەرکردنی ئەم ئەنجامگیرییە بەم مەودا فراوان و هەمەگیرەیەوە، بۆ من دژوارە.

2) ئەو ئیتیهامە ڕێکخراوەییانەی کە دەیدەنە پاڵ "ڕابەرایەتی" (سەرکوتگەری و شتی تر)، ئیتیهاماتێکی قورسە. سەرکوتگەری و کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە ڕێکخراوەییەکان لە دژی موخالیفینی سیاسی، لە نەریتی ئێمەدا ڕەت کراونەتەوە و مەحکووم کراون. کەسێک ئەمە شێوازی بێت، لە بزووتنەوەکەی ئێمەدا جێگای نابێتەوە. بەڵام ڕێک لەبەر ئەم هۆیە، هیچ کەسێک ناتوانێ ئاوا بە ئاسانی و بێدەربەستانە ئیتیهامگەلێکی بەم جۆرە بداتە پاڵ هاوڕێیانی حیزبی، چ لە سەرەوە و چ لە خوارەوەی ڕێکخستن. کەس ناتوانێ گوناهی بەم جۆرە، بەبێ ئەوەی پێشتر لە مەرجەعێکی فەرمیی ڕێکخستندا ئیسپات کرابێ، بە ئاشکرا بداتە پاڵ کەسێک. ئێمە لە بەرنامەماندا، کە ئێوەش بە دروستی دەتانەوێ لەگەڵیدا پراتیکمان جووت بێ، بوختان (واتە هەڵبەستنی تاوانێک کە بە فەرمی نەسەلمابێ)مان قەدەغە کردووە. ئێمە دەمانەوێ ئەم مافانە بۆ هەموو خەڵکی دەستەبەر بکەین. وەرن با لەپێشدا لە حیزبی خۆماندا کاری پێ بکەین. نامەکەی خۆتان جارێکی تر بخوێننەوە. ڕەنگە لە ڕوانگەی ئێوەوە دانەپاڵی ئەم کارانە بە ڕابەرایەتی حیزب (کە ناسنامەکەیتان دیاری نەکردووە و بێگومان هەمووان

دەگرێتەوە) ئینسافانە و واقیعی بێت. بەڵام هاوڕێیانی ئازیزم، پێودانگی ئێمە سەلماندنی تاوان لە هۆڵی دادگادا نییە. ئێمە حیزبێکی سیاسیی جیددین، یان بڕیارە وابین. بەر لە خستنە سەرکاغەزی یەک لە سەدی ئەم ئیتیهامانە بە هەر ئەندامێکی حیزب، چ جای ئەوەی بە ڕابەرایەتییەکەی، دەبێ ڕاستی و دروستیان لە مەرجەعێکی فەرمی و خاوەن دەسەڵاتی ڕێکخراوەییدا سەلمابێ. ئایا وا کراوە؟

بۆ من ئەمە قورسترین لایەنی مەسەلەکانی ئەخیر و نامەکەی ئێوەیە. ئیختیلافاتی سیاسی، نە تەنها شتێکی ترسناک نییە، بەڵکوو زۆر پۆزەتیڤ و بنیاتنەرە، بەو مەرجەی سیاسی بێت و بە سیاسی بمێنێتەوە و لە نێوان کۆمەڵێک ئینسانی سیاسیدا لە ئارادا بێت. ڕێگا بدەن سەرنجتان بۆ لایەنێکی دیکەی ئەم مەسەلەیە ڕابکێشم. ئەم ئیتیهامانە نە تەنها قورسن، بەڵکوو بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر ئاشنان. هاوڕێیانی ئازیز، ئەوە بەڕێکەوت نییە، کە لە هەر بەرامبەرکێ و کێشمەکێشێکی باڵەکان لە حیزبە چەپەکاندا، بە درێژایی دەیان ساڵ ئیتیهامی "سەرکوتی موخالیفین و پیادەکردنی دیکتاتۆری" دراوەتە پاڵ ڕابەرایەتی ئەم ڕێکخراوانە. ئەم ئیتیهامانەی بۆرژوازی و ڕۆژئاوا چ پێش جەنگی سارد و چ لە ماوەی جەنگی ساردا بەتایبەتی، بۆ حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکانیان هەڵبەستبوو. لە هەندێ حاڵەتدا ڕەنگە ئەم ئیتیهامانە ڕاست بووبن. بەڵام ئەمە هۆی ڕەواج پەیداکردنیان نییە. ئەمە وێنایەکە کە بۆرژوازی (ڕاست) خەڵکی پێ لە چەپ دەترسێنێ. ئەمە یەکێکە لە چەکە گرنگەکان لە ئەمباری دژی کۆمۆنیستی بۆرژوازیدا. لێم ببوورن ئەگەر هەر لە سەرەتاوە سەبارەت بەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵ دەربڕینی ئیختیلافی بۆچوونی خۆیان لەگەڵ "ڕابەرایەتی" و "سەرەوە"دا دەستبەجێ دەست بۆ ئەم وشە ئاشنا و ئالوودانە دەبەن و دەیهاوێژنە هاوڕێکانیان، هەست بە لایەنگری ناکەم. گوێ لە دەنگوباسەکان بگرن، بزانن سەرۆکی حیزبی پارێزگاران و حیزبی کرێکارانی ئینگلتەرا چی لەگەڵ موخالیفەکانیاندا دەکەن و چ دەسەڵاتێکی فراوانیان بۆ داسەپاندنی بۆچوون و سیاسەتەکانیان، یان دەرکردنی ئەندام و کادر و ئەندامی ناوەندیی حیزبەکەیان هەیە. بڕوانن پاکسازی و سەرکوتی موخالیفان لە حیزبە لیبراڵ و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپادا لە چ ڕەهەندێک و بە چ ئاسانییەک و مەشرووعییەتێک دەبرێتە پێشەوە. سەیری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەم حیزبانە لە سەندنەوەی ئازادیی ڕادەربڕینی یاریدەدەرەکانی خۆیان بکەن. هەر لە هەمان ناوچەی دەوروبەری خۆتان سەیر کەن، جەنابی تاڵەبانی چ دەسەڵاتێکی

نووسراو و نەنووسراوی هەیە و لە دەروونی یەکێتیی نیشتمانیدا چی دەکات. ئەگەر بڕیار بێ بە واقیعی بەشوێن سەرکوتگەر و دیکتاتۆر و نەریتی سەرکوتی موخالیفیندا بگەڕێین، لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە دەست پێ ناکەن. من لە دیسپلینەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئاگادار نیم. بەڵام ئەگەر لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا کەسێک بە تایبەتی ئەم ئیتیهامە ناسراوانە بەر لە تەرحکردنی ڕەسمی و سەلماندنی لە مەرجەعێکی خاوەن دەسەڵاتی حیزبیدا، بداتە پاڵ هاوڕێیان و کۆمیتەکانی ڕێکخستن، ئەوا بە توندی دەکەوێتە بەر ڕەخنە و دەبێ لێیان پاشگەز ببێتەوە و داوای لێبوردن بکات.

هاوڕێیان! ئەگەر ئیختیلافاتی ئێوە لەگەڵ "ڕابەرایەتی"دا، ئیختیلافێکی سیاسییە، ئەوە بە سیاسی بیهێڵنەوە. هێنانی ئەم ئیختیلافانە بۆ ناو ڕەهەندی ڕێکخراوەیی، نە پێویستە و نە بە کەڵک. گومانم لەوەدا نییە کە لە کێشمەکێشێکی بەم جۆرەدا گەلێک هەڵەی ڕێکخراوەیی، بێگومان لە هەردوو لاوە ڕوو دەدات و دەبێ دواتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. بەڵام کێشکردنی باسەکە بۆ ناو ئیتیهاماتی لە چەشنی ئەوانەی سەرەوە و سیستەم دروستکردن لێیان(بە سیستماتیک لەقەڵەمدانیان)، نە تەنها خۆی لەخۆیدا لاوازە و وەڵامدەرەوە نییە، بەڵکوو ئەو ئیختیلافە سیاسییە گرنگتر و بنەڕەتیترەی کە ئێوە دەڵێن هەتانە، دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. بۆچی حەتمەن دەبێ لایەنی بەرامبەری باسەکەی ئێوە بێ ئوسووڵ و دیکتاتۆر نیشان بدرێت، بۆ ئەوەی قسەی ئێوە لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات، بۆچی پشت بە توانای باسی سیاسیتان نابەستن؟ ئەمە وەکوو قانوونێکی خەباتی سیاسی لە من قبووڵ بکەن! هیچ کەسێک لە مەوقیعییەتی مەزڵوومییەوە نابێتە ڕابەری کەس. کەسێک ناتوانێت خۆی لە ڕووی سیاسییەوە بەهێز بکات، کە لە هەمان کاتدا خەریکە لاوازبوون و ژێرچەپۆکەیی و مەزڵوومبوون و لەشکانهاتنی خۆی و ڕەهابوونی دەسەڵاتی لایەنی بەرامبەری تەبلیغ دەکات. پێکهێنانی ڕابەرایەتییەکی بەدیل، کە وادیارە ئامانجی ئێوەیە، تەنها لە ڕێگای خستنەڕووی بۆچوونەکانتانەوە تا داوەرییان لەسەر بکرێ، ئیمکانی هەیە.

من وەکوو هەر ئەندامێکی جیددیی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری، شەرافەت و ئوسووڵییەتی هاوڕێیانی حیزبی و ئۆرگانەکانی ڕابەری حیزبەکەم بە ئەسڵ دەزانم. تەنها بە تەرحکردنی سکاڵا، وە یان تاوانبارکردنی ڕابەرایەتی، پشتی خاڵی ناکەم و متمانەم بەو لەدەست نادەم. تاوان دەبێ بسەلمێنرێت. بە بڕوای من هەر ئەندامێکی

حیزب وەکوو بەڵگەنەویستێکیش هەر ئۆرگانێکی ڕابەری حیزبی تا پێچەوانەی ئەوە ئیسپات نەکرابێ، موعتەبەر و بەڕێز و مەشرووعە. ئەمە متمانەیەکی کوێرانە و ڕواڵەتی نییە. ئەمە بە مانای خۆشباوەڕی بە ئەفراد، وە یان بینینی حیزب و ڕابەری بە جۆرێک کە هەڵە هەڵناگرن نییە. ئەمە پرانسیپێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. یەکەم، ئەسڵ لەسەر بەرائەتە، وە ئەگەر من ئەمە بۆ تاوانبارکراوەکان بە تاوانی جینایی بە دروست بزانم، بێگومان بۆ هاوڕێیانی کۆمۆنیستی خۆشم، چ جای کەسانێک کە ڕابەرایەتیی حیزبیان لە ئەستۆیە، بە دروست دەزانم. دووەم، من وەکوو ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بزووتنەوە و حیزب و ڕابەرانی خۆم بە خۆڕایی بە دەست نەهێناوە، تا بە خۆڕایی لە دەستیان بدەم. من پێم ناوەتە ناو ئەم حیزبەوە تا بتوانم لە پاڵ ئەوان بم و ڕێز و ئیعتیباریان بۆ دادەنێم و سروشتییە کە تا پێچەوانەی ئەمە نەسەلمابێ، لە پاڵ ئەوان لا ناچم. بەهرەمەندبوون لە متمانەی ئەندامان (تا کاتێک کە کەسێک ناحەقبوونی ئەوی نەسەلماندبێ) حەقی ڕابەرایەتیی حیزبێکی کۆمۆنیستە. ڕابەرایەتی ئێستای حیزبی عێراق ئەم مافەی هەیە. ئێوەش ئەگەر ڕۆژێک بۆ ڕابەرایەتی ئەم حیزبە هەڵبژێردرێن، ئەم مافەتان هەیە. قسە لەسەر کەسەکان، تاکەکان و تەنانەت سیاسەتەکانیش نییە، بەڵکوو لەسەر ئیعتیباری پۆستی ڕابەرایەتی لە حیزبیکدایە کە لە سەختترین هەلومەرجدا، لە پێناو ئازادی و یەکسانی خەبات دەکات.

3) پێکهێنانی فراکسیۆن لە نەریتی ئێمەدا نە کفرە و نە تابوو. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا بییەوێ فراکسیۆنێک ڕابگەیەنێ، وەکوو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە، لانی کەم ئەم خاڵانەی خوارەوەی پێ دەڵێم:

_ پلاتفۆرمی سیاسی_ بەرنامەیی ئاڵتێرناتیڤتانم پێ بدەن. ناوی ڕاگەیەنەران و قسەکەرانی ئەسڵی فراکسیۆنم بدەنێ.

_ لەبەر ئەوەی کە لە بەرامبەر خەتی فەرمیدا فراکسیۆن پێک دەهێنن، پێویستە بە فەرمی و بە نووسراو جەخت لەسەر داکۆکیکردنتان لە دیسپلین و پێودانگە ڕێکخراوەییەکانی حیزب، قبووڵکردنی قانوونیبوونی کەناڵە فەرمییەکانی حیزب بۆ تەرحی بۆچوون و ئیختیلافاتەکان، قبووڵکردنی مەشرووعییەتی پەسەندکراوەکانی کۆمیتە حیزبییەکان، قبووڵکردنی مەشرووعییەتی ڕابەرایەتی و ئۆرگانە حیزبییەکان

بکەن. پێکهێنانی فراکسیۆن نە تەنها بە مانای دەرچوون لە دیسپلین و پێودانگی حیزب نییە، بەڵکوو جەختێکی زیاتر لەسەر وەفاداربوون پێیان پیویست دەکات.
_ زۆرینەیش لە بەرامبەردا، مافی ئەوەی هەیە کە لە بەرامبەر ئێوەدا وەکوو فراکسیۆنێکی ڕێکخراو دەربکەوێت.
وە بە وێنەی ئەندامێکی حیزب دەپرسم:
_ بۆچی فراکسیۆن؟ بۆچی لە مەوازینە ڕۆتینییەکان و قسەوباس و بڕیاردان لە حیزبدا بۆ خستنەڕووی سیاسەت و بۆچوونە پیشنیارییەکانتان کەڵک وەرناگرن؟ بۆچی بۆچوونەکانی ئێوەش ناتوانێ وەکوو بۆچوونی هەر کەسێکی تر لە خودی ئەو کۆمیتانەدا کە تیایدا ئەندامن، تەرح بکرێت و بدرێتە بەر باس و بخرێتە دەنگدانەوە؟
_ پێکهێنانی فراکسیۆنەکەتان چۆن حیزب بە هێزتر دەکات؟
_ ئەو بەڵگەنامانەی کە تیایدا جیاوازی و سیاسەتەکان و تەرحە ئاڵتێرناتیڤەکانی ئێوە ئەخاتە ڕوو کامانەن؟
4) هاوڕێیان! هەر وەک پێشتر وتم، ڕادەربڕین لەسەر ناوەڕۆکی باسەکانی ئێوە، پێویستی بەوە هەیە کە بەڵگەنامەکانتان بگاتە دەستمان. ئومێدەوارم ئەم بەڵگەنامانە هەرچی زووتر بە دەستم بگات. سەبارەت بە گەلێک لایەن، لەوانە سەبارەت بە بەشێک لەو خاڵانەی کە بیستوومە قسەتان لە سەری هەیە، منیش قسەم هەیە. کۆمەڵێک ئەرکی خەتەر کەوتووەتە ئەستۆمان و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گەلێک خاڵی لاوازمان هەیە. هاوبیری لە سەریان، قسەوباس و مشتومڕ و هاتوهاوار لە سەریان، مەرجی پێویستی چوونە پێشی ئیمەیە و لە نەریتی ئێمەدا هیچ کارێک مەشرووعتر و پەسەندتر لەوە نییە، کە بۆچوونت هەبێت و بۆچوون بدەیت و مشتومڕ بکەیت. بەڵام بریا لە بیرمان نەچێت کە لە دڵی هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانەدا، هێشتا هەموومان ئەندامی حیزبێکین، کە دەبێ ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر بێت و بەهێزتر دەرکەوێت.
بریا ئیمکانی دیدار و قسە و باسی ڕاستەوخۆی دوورودرێژمان هەبووایە. بە ئومێدی دیدار. ئەملا و ئەولاتان ماچ دەکەم و دەستتان دەگوشم.

مەنسوور حیکمەت
27/ 06/ 96

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
نامە بە دو رفیق
درباره اختلاف و تشکیل فراکسیون در حزب کمونیست کارگری عراق
http://www.wpiran.org/farsi1/index-farsi.htm

ڕووداوە گەورەکان و ئینسانە بچووکەکان

(لە پەراوێزی قسەکانی ئەم دواییەی عەبدوڵای موهتەدیدا)

بە داخەوە وا دەرئەکەوێ کە جەنابی عەبدوڵای موهتەدی سەرەنجام لە ڕووداوەکانی شەش ساڵی پێشووی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە بووە مایەی جیابوونەوەی ئێمە بە سەلامەتی دەرنەچووە. گومان لەوەدا نییە کە ئەو دەورانە، بۆ هەموومان دەورانێکی دژوار بوو. هەم بۆ ئێمە، هەم بۆ ئەو کەسانەی کە لەو ڕێکخراوەیەدا مانەوە، هەم بۆ ئەو کەسانەش کە هەر لە بنەڕەتەوە ڕێگایەکی تریان گرتە بەر. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو سەدان هەڵسووڕاوە سیاسییە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەرەنجام ڕێگای خۆیان دۆزییەوە و ئەو ئاڵوگۆڕ و جیابوونەوانەیان وەکوو قۆناغ و دەورەیەک لە ژیانی خۆیان سەیر کرد و تێیان پەڕاند. بەڵام بەداخەوە وا دیارە جەنابی موهتەدی هەر لەوێدا کەوت و مایەوە.

درۆنامەکەی ئەخیری ئەو لە دژی من و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و درۆهەڵبەستنە سەرسامکەرەکانی لە بارەی مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، هەر چەند لە ڕووی زمانپیسییەوە هەنگاوێکی گەورەیە کە ئەو لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا هەڵی گرتووە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تازە نییە. ئەمە تەنها هەنگاوێکی ترە بەو ئاقارەدا کە ئەو لە شەش ساڵ بەر لە ئێستاوە گرتییە بەر. هەر ئەو کاتە هەندێ قسەی لەم بابەتەی کرد و هەر ئەو کاتەش وەڵامی وەرگرتەوە. وە هەر لەبەر هەستکردن بە مەیلی ئەو و چەند کەسێکی تر بۆ ئەم جۆرە جم و جووڵە ناسیاسی و بوختان دروستکردنانە بوو کە من و هاوڕێیانی تری مەکتەبی سیاسی، سەرباری ئەوەی کە ڕامان گەیاند دەمانەوێ لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جیا بینەوە، بەڵام تا کۆتایی پلینۆمی بیست و یەکەم لە ڕابەرایەتی ئەو حیزبەدا ماینەوە، بۆ ئەوەی ئەم شێوازانە لە کاتی جیابوونەوەدا مەیدان پەیدا نەکەن. هەر کەسێک نووسراوەکەی ئەمڕۆی جەنابی موهتەدی بخوێنێتەوە، دەتوانێ ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە ئەم جۆرە قسانە لە کەشوهەوایەکی قوتبی و لە ڕێکخراوێکی گەورە و چەکداردا دەیتوانی چ ئاکامێکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە. ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە بەو فەرهەنگە سیاسییە بەرزەوە،

ئەو جیابوونەوەیەی عەمەلی کردەوە، گەواهینامەی شانازییە بۆ هەموو هەڵسووڕاوانی ئەو حیزبە. جەنابی موهتەدی هیچ کاتێک ئەو فەرهەنگەی دەرک نەکرد.

بۆچی لایەنگری پێشووی ئێمە، هاوڕێی پێشووی ئێمە، کەسێک کە حەزی ئەکرد خۆی بە داکۆکیکەری خەت و باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناوبەرێت، کەسێک کە تا دوا ساتی جیابوونەوەی ئێمە، ناونووسکردنی خۆی لە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەدا بەگوێی ئەم و ئەودا، کەسێک کە بەدرێژایی هەشت ساڵ لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا تەنانەت یەک وشەشی لەدژی ئێمە نەوتووە، کەسێک کە لەو حیزبەدا دەنگی لە دژی هیچ پێشنیار و تەرحێکی ئێمە نەداوە، کەسێک کە پلینۆم لەدوای پلینۆم، تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی نییەتی ئێمە بۆ جیابوونەوە، بۆ ڕابەرایەتی ئەو حیزبە، دەنگی بە "شەخسی مەنسوور حیکمەت" داوە، ئەمڕۆ ئاوا بەم شێوە هیستریک و ناشیرینە، قسە بە ئێمە و ئەو دەورانە دەکات؟ بادانەوە بە لای ڕاستدا، دڵڕاگرتنی باڵی ڕاستی بەجێماو لە کۆمەڵەی پاش جیابوونەوە، مەرایی و ماستاوکردن بۆ مام جەلالەکان و هەوڵدان بۆ لێبووردن لە بارەگای ناسیۆنالیزمی کوردا، "خۆئامادەکردن" بۆ هەڵبژادنی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا؟ زۆر باشە، هەموو ئەمانە بەجێی خۆیان. بەڵام لە قسەکانی جەنابی موهتەدیدا پەیامێک لەپشتی ئەمانەوەیە. ئەم چەمکانە مانایەکی لەئەندازەبەدەر سیاسی دەبەخشنە کردەوەکانی ئەمڕۆی جەنابی موهتەدی، ئەویش ئەوەیە کە نووسراوەکەی جەنابی موهتەدی، لە بنەڕەتدا ڕاگەیاندنێکە سەبارەت بە هەرەسهێنانێکی شەخسی. ڕەنگە عەبدوڵای موهتەدی تەنها کەسێک بێت کە توانێ لە ئاڵوگۆڕ و جیابوونەوەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تراژیدیایەکی شەخسی بۆ خوی دابتاشێ. بەداخەوە وا دەرئەکەوێت کە پرۆسەی جیابوونەوە، سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی هەمووان، سەرەنجام بێ قوربانیدان نەبوو.

بادانەوەی سیاسی شتێکی سەمەرە نییە. لە جیهانی سیاسەتدا زۆرێک بادەدەنەوە. هەندێکیان لە ڕووی بەرژەوەندیخوازی و حیسابکردنی سوود و زیانەوە، هەندێکیان لە ڕووی دەرککردنی حەقیقەتی تازەوە، یان ئەوەی خۆیان پێیان وایە حەقیقەتی تازەیە. بەڵام ئەم حاڵەتەی جەنابی موهتەدی، بادانەوەی سیاسی نییە. ئەو بانگەشەیەی کە گوایە جەنابی موهتەدی ئەمڕۆ بەوە گەیشتووە، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ فریوی مەنسوور حیکمەتی خواردبوو، وە ببووە پەیژەی سەرکەوتنی ئەو و ئەمڕۆ تووڕ دراوە، نە لێکدانەوەیەکی سیاسییە و نەجیددییە. خۆشیان باوەڕیان پێی

نییە. چەندین جار هەر خودی ئەم جەنابانە وەڵامی ئەم قسە پڕوپووچانەیان بە ئاخوندە خەڵکییەکان و پاسدارانی دژی خەڵکی لە کوردستان داوەتەوە. وە تازە لە هیچ شوێنێک ئاماژە بۆ ئەوە ناکەن کە سەرەنجام کەی لە کەرویشکە خەویان ڕاپەڕین، چۆن لەخەو هەستان و سەرەنجام لە چ وەختێکەوە ئیتر بەرپرسیارێتی کار و کردەوەکانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ. بۆچی دەبێ گوێگری جەنابی موهتەدی، دوای ئەم دانپێدانانەی ئەو بە گێلی و شوێنکەوتنی سیاسیی کوێرانە، دەبێ جۆرێک ڕێز بۆ ئەو و بیروباوەڕەکەی دابنێت و بییەوێت "بڵاوکراوە تیۆری"یەکەی‌بخوێنێتەوە؟ نەخێر، ئەمە بیروباوەڕی واقیعیی خودی جەنابی موهتەدیش نییە، بەڵام هەر ئەوەی کە ئەو ئامادەیە، ئاوا خۆی بە بەرچاوی هەمووانەوە سووک بکات، حەقیقەتێکی بنەڕەتیتر لەبارەی کاری ئەمڕۆیەوە ئاشکرا دەکات.

جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان بادانەوەی سیاسی و تۆبەکردندا هەیە. بادانەوەی سیاسی، خاڵی دەستپێکردنی حەرەکەتێکە. ئامادەیی نیشاندانە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بە ڕێڕەوێکی تردا. بەڵام تۆبە، خاڵی کۆتایی ڕێچکەیەکە. ڕاگەیاندنی شکست و تەسلیم بوونە. ئەوەی کەسێکی تۆبەکردوو ئەیخاتە سەر زمانی، نە بۆ خودی ئەو و نە بۆ ئەو کەسەی داوای تۆبەی لێ کردووە و نە بۆ تەماشاکەران، حەقیقەتێکی نییە، دەزانن حەقیقەتی نییە، پێویست ناکات هەیبێت، قەرار نییە هەیبێت. تۆبەکردن ڕاگەیاندنی وردبوونی شەخسییەت و ئیرادەی ئەو کەسەیە. وە دەبێ هەر ئەمەش نیشانی هەمووان بدات. سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی پێشووی خۆت، بە هاوڕێیانی پێشووی خۆت، گاڵتەکردن بە شانازیکردنەکان و دەسکەوتەکانی پێشووی خۆت، لەژێرپێنانی پرانسیپەکانی پێشووی خۆت و نکۆڵیکردنی بێشەرمانەی حەقیقەتە زیندووەکانی بەرچاوی خۆت، هەموو ئەمانە بڕیارە ئەم وردبوونە نمایش بکەن. ناوەڕۆکی باسەکەی جەنابی موهتەدی بێ بایەخە، هەر وەک خودی خۆیشی حەقی بەسەر ناکۆکییە سەرسووڕهێنەرەکانی قسەکانی ئەمڕۆی خۆیەوە لەگەڵ مێژوویەکی نووسراودا نییە. ئەوەی کە ئەم قسانەی سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەی قسە فەرمییەکانی پێشووی خۆیەوەیەتی، ئازاری نادات. ئەو بە پێچەوانەوە خەریکە ئەمە ڕادەگەیەنێ: "هیچ شەرم ناکەم، من ڕۆیشتووم، ئیتر هەموو شتێک ئەشێ بڵێم، ئیتر هەموو کارێک ئەشێ بکەم.

چ کەسێک داوای ئەم تەسلیمبوون و حەقارەتەی لەو کردووە؟ چ هیزێک، چ فاکتەرێک، چ پێداویستییەک، ئەوی ئاوا ناچار بە دەربڕینی پەشیمانی کردووە؟ نە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد و نە چەپی خەڵکیی ئێران، هیچ کامیان ئەم تاقیکردنەوە دەردناکەیان بۆ قبووڵکردنی ئەو لە مەحفەلەکەیاندا دانەنابوو. تەنانەت ئەگەر واش بووایە دەکرا بپرسین بۆچی ئەو ئامادە بووە ئەم بەهایە بدات. ئەو دەیتوانی چەپتر بووایە، بەئەدەبتر بووایە، بەئینسافتر بووایە، ڕاستگۆتر بووایە، بەڕەوشتتر بووایە، بەپرانسیپتر بووایە و بە هۆی خەتی سیاسیی خۆیەوە لایەنگریی نەتەوەچییە کوردەکانی بۆ لای خۆی ڕابکێشایە، لە یەکێتیی چەپی کرێکاریشدا خۆی ناونووس بکات و بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکەی خۆشی هەڵبژێردرایە. بڕوا ناکەم هیچ بزووتنەوەیەک، هەر چەندێک بۆرژوایی و خێڵەکی و دواکەوتووش بێت، پێی خۆش بێت کە کەسایەتی و ڕابەرانی خۆی، یان دۆست و هاوپەیمانانی خۆی لەنێو شکستخواردووەکان، فریوخواردووەکان و تۆبەکردووەکاندا هەڵبژێرێت. لە ڕووی سیاسییەوە جەنابی موهتەدی نە ناچار بووە و نە پێویستی بەوە بووە کە ئەم ڕۆژەی بەسەردا بێت. مەگەر چەند کەسی تر لە بەشداربووانی ئەو مێژووە دە ساڵەیەدا هەیە، کە ئامادە بن بۆ دڵخوشکردنی ئەم و ئەو، یان بەدەستهێنانی ئەم یان ئەو بەرژەوەندیی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئارەزوومەندانە ئەو ساڵانە و ئەو پراتیکە و تەنانەت ناسنامەی سیاسیی خۆیان لە ماوەی دەیەیەکدا بخەنە ژێر پێوە؟ نەخێر، ئەمە ئیتر هەڵبژاردنێکی شەخسییە. لەناخەوە هەڵدەقووڵێ. ناکرێ ئەمە بخرێتە ئەستۆی سیاسەت. ناکرێ ئەمە بخرێتە ئەستۆی جەلال تاڵەبانی و ڕاهی کارگەر و عومەری ئێلخانیزادە.

لە وەڵام بە درۆکانی جەنابی موهتەدی سەبارەت بە مێژوو و پەیوەندییەکان و هەڵسووڕاوانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی ئەو کاتە، هاوڕێیانێکی تر وەڵامی شایستەیان داوەتەوە. ئەو "بیرەوەری"یە هەڵبەستراوانەی کە لەو سەردەمەی دەگێڕێتەوە، تەنانەت شایستەی بەدرۆخستنەوەش نین. لە وەڵامیش بە هەموو جنێو و بوختانە شەخسییەکانی ئەو بە من، تەنها لە یەک ڕستەدا ڕای خۆم لەسەر ئەو دەڵێم. تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە جەنابی موهتەدی لەم بەری پەرژینەکەوە بوو، وە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هاوبیری ئیمەیە، نە ئەوم بە کەسێکی قووڵ و پڕمایە زانیوە و نە

زەرڕەیەکیش لەسەر ئەو و ئینتیمای ئەو بۆ ئەم ڕیزە حیسابم دەکرد. جم و جوولەکانی ئەو لەوبەری پەرژینەکەشەوە مایەی دڵخۆشییەکی زیاتر نییە.
هەڵەیەکی گەورەیە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران ئەگەر لە ئیمکاناتەکانی باندە ڕەش و کوتەکبەدەستەکانی نە تەنها ڕاستی کۆنەپەرست، بەڵکوو "چەپ"ی ناسیۆنالیستیش لە دژی کۆمۆنیزمی کرێکاری غافڵ بێت. جم و جوولەکانی ئەخیری عەبدوڵای موهتەدی لە بنەڕەتدا دەبێ لەم چوارچێوەیەدا دەرک بکرێن. ئەو دەیەوێت لە دژی ئێمە حیزبی نەفرەت دروست بکات. بێگومان دەبێ ناوی بخرێتە نێو لیستی ئەوانەی کە زووتر دەستیان پڕ کردووە و لەویش وەستاترن.

ڕیسوایی سیاسی، یان کۆت و بەندی دیپلۆماسی، دیسانەوە دەربارەی ناوەڕۆکی باسەکە

خاسییەتی هاتنە خوارەوەی ئاستی نووسراوەکانی جەنابی موهتەدی بۆ خۆی هەر شتێک بێت، بۆ ڕێکخراوەکەی ئەو بڕیارە ئەوە بێت کە باسی ڕاستڕەویی سیاسییان لە کوردستانی عێراق و دۆستایەتییان لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا بشارێتەوە. ئەم ڕەخنەیە هێشتا لە جێگای خۆیەتی و ئەو پرسیارانەی خرابوونە گۆڕ هەر وا بەبێ وەڵام ماونەتەوە.
بەر لە هەر شتێک دەبێ بە ڕۆشنی و بە سادەیی ئەوە بڵێم، کە دوورکردنەوەی ڕێکخراوە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان لە کۆنەپەرستیی ناوچەکە، خواستێکی ئاشکرا و سیاسەتێکی ڕاگەیەنراوی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و عێراقە. ئەمە سیاسەتێکی ڕەوا و شۆڕشگێڕانە و سروشتی ئێمەیە. هەر چەندێک جەنابی موهتەدی و کەسانی وەکوو ئەو هاتوهاوار بکەن، خەڵک هان بدەن و پیلانگێڕیی بکەن، ناتوانن بەقەد سەرە دەرزییەک حەقانییەتی ئەم خواستە لەکەدار بکەن و پێداگرتنی ئێمە لەسەر ئەم سیاسەتە کەم بکەنەوە. ڕێگە بدەن دیمەنێکی هاوتای ئەمە بێنینە بەرچاوی خۆمان، ڕەنگە نیشاندانی ڕەهەندە واقیعییەکانی ئەم گرێیە سادەتر بکاتەوە. بیهێننە بەرچاوتان، هەر وەکوو چۆن بەکردەوە دەرهات، ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستین، دوای هاتنەسەرکاری خومەینی، لەگەڵ دەوڵەت و ڕەوتی ئیسلامی لە ئێران نزیکایەتی بکات. بە شێوەیەکی فەرمی، ڕژێمی ئیسلامی وەکوو بەرهەمی ڕەوای شۆڕشی خەڵک بە فەرمی بناسێت. لایەنگریی لە دەسەڵاتداریتی ڕژێمی ئیسلامی بکات و لە تاران بنکە بکاتەوە. وا بێننە بەرچاوتان کە

ئەم ڕێکخراوە سەرەڕای بینینی سەرکوت و دەستگیرییەکان و دواتریش ئیعدامە بە کۆمەڵەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕی دوای 30ی خورداد، نە تەنها ناڕەزایەتی دەرنەبڕی و پەیوەندیی خۆی نەپچڕێنێ، بەڵکوو هەرچی زیاتر لایەنگری لە ڕژێمی ئیسلامی بکات و دیسانەوە ئەو بە حوکوومەتی ڕەوای ئێران ناوبەرێت. هەر ئەمەندە، نە تەنها حەق دەدات بە کۆمۆنیستی فەلەستینی یان ئێرانی کە پەردە لە ڕووی ئەم پەیوەندییە هەڵماڵێ و داوا بکات کە حەقانییەتی خواستی ڕزگاریی خەڵکی فەلەستین نەکرێتە بەڵگەی پاساوکردنی ڕژێمێکی کۆنەپەرست و داوا بکات کە ڕێکخراوی ڕزگاریبەخش دەست لە هەلپەرستیی خۆی هەڵگرێ، دەست لە پشتیوانیی سیاسیی خۆی لەم ڕژێمە هەڵگرێ و بێتە پاڵ شۆڕشگێڕان لە ئێران، بەڵکوو ئەمە دەکاتە ئەرکی ئەوان. ئێستا وای دابنێین کە "پی. ئێڵ. ئۆ" هەر بەمە نەوەستێ و دەست بکات بە ڕاگەیاندن دەرکردن لە دژی پەیکار و فیدایی، ئەوان بە دارودەستەی ئەم و ئەو ناوبەرێت، ڕاییگەیەنێ کە ئەمانە "هێز نین"، "فریویان خواردووە"، ناڕەزایەتینامە بنووسێ و بڵێ کە فلانە وتاری پەیکار و ڕەزمەندگان سەبارەت بە پەردەهەڵماڵین لە ڕووی حاڵەتێکی دیاریکراو لە پشتیوانیی ماددی "پی. ئێڵ. ئۆ" لە ڕژێمی ئیسلامی بە فەرمانی بێگانە و بەمەبەستی جاسووسی و هاندانی عەرەبستانی سعودی بووە، کە وای دابنێین ئیمکاناتێک دەدات بە "پی. ئێڵ. ئۆ". دەبێ چی بە کۆمەڵێکی بەم جۆرە بڵێی؟ گومانی تێدا نییە کە بۆ ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئێران و فەلەستین، هیچ شتێک لە ڕەخنە و ڕیسواکردنی جیددیی ئەم شێوازە ئۆپۆرتۆنیستییە ڕەواتر نییە.
ئەم حاڵەتەی ڕێکخراوەکەی جەنابی موهتەدی لە مەیدانی کوردستانی عێراقدا تەنانەت لەم نموونە گریمانەییەش شوورەییتر و ڕیسواترە. دەڵێم نموونەی گریمانەیی، چونکە "پی. ئێڵ. ئۆ" لە دنیای واقیعیدا، هەرگیز تا ئەم ئاستە خۆی سووک نەکرد. وە دەڵێم ڕیسواتر، لەو ڕووەوە کە ڕێکخراوەکەی جەنابی موهتەدی بەم ڕەهەندە دیاریکراو و مەحدودەوە، بێ ئەوەی سەد لە هەزاری "پی. ئێڵ. ئۆ" پێویستی ماددی و دارایی و دیپلۆماسی هەبێت و بۆ درێژەپێدانی هەڵسووڕانی خۆی پێویستی بەوە بێت کە خۆی لەگەڵ "هێزە"کاندا بسازێنێ، بە سادەیی و ئارەزوومەندانە خۆی خستۆتە ئەم هەڵدێرەوە و وادیارە نە تەنها دزێوییەک لەم کارەدا نابینێ، بەڵکوو ئەمە بە بەڵگەی پایەگای کۆمەڵایەتی و بەهێزیی خۆی دەزانێ.

جەنابی موهتەدی لە هەر کوێیەک بەکەڵکی بێت، ڕادەگەیەنێ کە لە ساڵی91دا لە کوردستان "شۆڕشێک" بەرپا بووە (هەر چەندە سەبارەت بە چارەنووسی دواتری ئەم شۆڕشە، بۆ ماوەی 5 ساڵ بێدەنگییەکی گەورە دەکات). شۆڕشی 91ی کوردستان، زۆر باشە. بەڵام جێگای سەرسووڕمانە کە ئەم جەنابانە لە شۆڕشی کوردستاندا بڕیاریان داوە بچنە پاڵ خومەینییەکان و پەنجە لە پەیکار و فیدایی و ڕەزمەندگانی کوردستان ڕابوەشێنن. ئێمە پرسیارمان کردووە، ئەگەر لە کوردستان شۆڕش کراوە (وە تەنانەت ئەگەر نەشکراوە)، لەسەر چ بنچینەیەک حیزبە میللی_ خێڵەکییەکانی کورد وەکوو دەسەڵاتدارانی مەشرووعی کۆمەڵگا قبووڵ دەکەن و جارپان بۆ دەدەن؟ بۆچی لە بەرامبەر هێرشەکانیان بۆ سەر ماف و حورمەت و ژیانی خەڵکیدا، بێدەنگن و لای هەموو دنیا پۆز بە دۆستایەتییەکەتانەوە لێئەدەن؟ بۆچی یەک وشە، تەنانەت یەک وشە، لە بەرامبەر تیرۆری ژنان لە ڕژێمەکەی ئەواندا، دەستگیری و ئەشکەنجەدان و هەندێ جار کوشتنی کرێکارانی نارازی و کۆمۆنیستەکان لە لایەن ئەوانەوە، دەسبازیی ئاشکرای ئەوان لەگەڵ کۆنەپەرستیی ئیسلامی لە دژی خەڵک و بەتایبەت کۆمۆنیستەکان، سانسۆرکردنی بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکان، باجخۆرییەکانیان لە خەڵک و شەڕی کۆنەپەرستانەیان لەگەڵ یەکتری و سیاسەتی تەسلیمکردنی خەڵکی بە باڵبەستکراوی و بێئومێدی بە عێراق، قسە ناکەن و لە بەرامبەردا بە بچووکترین بەهانە لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پڕۆپاگەندە دەکەن؟ چۆن لەبەردەم بارەگای یەکێتیی تاڵەبانی و پارتیی بارزانی "میوان" و بە ئەدەب، وە لەبەردەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خاوەنماڵ و جنێوفرۆشن؟ ڕەخنەی ئێمە لەم کارکردە لەڕادەبەدەر ڕاستڕەوانە و ئەم جێگاوشوێنە کە قابیلی داکۆکی لێکردن نییە، ڕەخنەیەکی سیاسیی جیددی و بە تەواوی مەشرووعە. وەڵامی ئەم ڕەخنەیە، جنێودان بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و مەنسوور حیکمەت و سەدان هاورێی دوێنێتان نییە. کۆبوونەوە بگرن، هاوبیری بکەن و سیاسەتێکی دروستتر بگرنە بەر. هیچ عەیب نییە؟ کاتێک ئێمە ناڕەزایەتی لەم ئۆپۆرتیۆنیزمە سیاسییە ئاشکرایە لە مەیدانی سیاسیی کوردستانی عێراق و ئەم پشتیوانییە لە حیزبە کۆنەپەرستەکانی کورد دەرئەبڕین، ئەم جەنابانە خۆیان گێل ئەکەن و لەجیاتی ئەمە، بە تاسەوە دەکەونە قسەکردن لە سوودەکانی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. زۆر جێگای سەرنجە کە نە جەنابی ئێلخانیزادە و نە جەنابی موهتەدی، کە بە پێویستی زانیوە دەستێک بە وتارەکەی

جەنابی ئێلخانیزادەدا بهێنێت و بیرازێنێتەوە، بە هیچ جۆرێک خۆیان لە قەرەی شێوەی هەڵوێستی غەیرە قابیلی دیفاعیان لە بەرامبەر حیزبە میللی_ خێڵەکییەکانی کورد نادەن. بە تەواوی بێدەنگی لەم مەسەلەیە ئەکەن و وا نیشان دەدەن کە گوایە ڕووی ڕەخنەکە تەنها و تەنها لە پەیوەندییان لەگەڵ عێراقدایە. ئەم مانۆرە دوو هۆی سەرەکی هەیە. هۆی یەکەم بە تەواوی سیاسییە و بەڵگەیەکی تری ناسنامەی ڕاست و ناسیۆنالیستی ئەم ڕەوتەیە. ئەمانە دۆستایەتی و هاوڕێبازییان لەگەڵ حیزبە کۆنەپەرستەکانی کورددا بە نەنگ نازانن، لە کاتێکدا ئەوەی کە بە ڕای خۆشیان بە "خاڵی لاواز"یان دەژمێردرێت و دەبێ ڕوونی بکەنەوە، پەیوەندییانە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. حیزبە کوردەکان هەر چییەک بن بە کۆمەڵە ڕەوتێکی نێو بزووتنەوەی میللی و "خۆیی" لەقەڵەم دەدرێن، لە کاتێکدا کە عێراق دەوڵەتێکی "بێگانە"یە، کە سەرباری هەموو شتێک دوژمنێکی ڕاستەوخۆ و ستراتیژی ئەم بزووتنەوە خۆیییەشە. بۆ ڕەوتێک کە خۆی بە بەشێک لە هەمان بزووتنەوە دادەنێ، بوونی پەیوەندی لەگەڵ حیزبە میلییەکانی کورددا و تەئییدکردنی ئەم حیزبانە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە نە نەنگە و نە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. ئەم هاوڕێتییە لای ئەوان بە مەسەلەیەکی پێویست و بەڵگەنەویست و سروشتی دەژمێردرێت. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکی بێگانە و دوژمندا، ئەو شتەیە کە لەم بزووتنەوەیەدا دەتوانێ ببێتە مایەی پرسیار و دەبێ وەڵامی پێ بدرێتەوە. ئەمە بناغەی بیرکردنەوەی ئەوانە. دووەم، لە باسی پەیوەست بە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، هەست بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاتر دەکەن، چونکە بە قەولی خۆیان، دەتوانن بەڵگەی ئەوە بهێننەوە کە ڕابەرایەتی ئەو کاتەی حیزبی کۆمۆنیست و "شەخسی مەنسوور حیکمەت"، پێشتر لەو حیزبەدا تەئییدی بەرقەرارکردنی پەیوەندییان لەگەڵ عێراقدا کردبوو، لە کاتێکدا کە لە بەرامبەر حیزبە کورددییەکاندا بەهانەیەکی بەم جۆرەیان نییە. نە تەنها بەڵگەنامەکانی دژایەتیکردنی جیددیی ئێمە لەگەڵ تەئییدکردنی ئەم حیزبانەی ناو مەیدانی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریانەوە بە ئاشکرا بڵاو بووەتەوە، بەڵکوو دەورانی هاوپشتیی ئاشکرای ڕێکخراوەکەی جەنابی موهتەدی لەگەڵ ئەم حیزبانە لە بنەڕەتدا، لەدوای جیابوونەوەی ئێمەوە دەست پێ دەکات و ئەم ڕاستڕەوییە ناکرێ بە "تەئییدکردنی مەنسوور حیکمەت" پاساو بدرێ. بۆیە لە ئەنجامدا مەسەلەکە دائەشکێنن. خۆیان لە باس دەربارەی لایەنە سیاسی و میحوەرییەکە، واتە ناسیۆنالیزم و ڕاستڕەوی لە

مەیدانی کوردستاندا دەدزنەوە. وا نیشان دەدەن کە گوایا تاوانی پاشکۆیەتی بۆ عێراق دراوەتە پاڵیان و لە بەرامبەردا فۆرموولە کلێشەیی و ستۆک و سواوەکانی باڵی ڕاستی دە ساڵ پێش ئێستای ئەو حیزبە لە بارەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی پەیوەندی لەگەڵ عێراق بۆ "خەباتی چەکدارانە" و "هەبوونی ڕادیۆ" دووبارە دەکەنەوە.

ڕێگە بدەن، بۆ بەرگرتن لە لێڵبوونی باسەکە، جارێکی تر لێرەدا چوارچێوەی باسەکە بە ڕۆشنی و بە کورتی باس بکەین. تا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، ئێمە قسەیەکمان لە پاشکۆیەتی سیاسیی ئەوان نەکردووە. بە پێچەوانەوە، من لە نووسراوەکەی ئینتەرناسیۆنالدا ئەوەم ڕاگەیاندووە کە ئەمە تەنها پەیوەندییەکی سەوداگەرانە و بازرگانییە. ئەم دۆستانە خۆشیان خەریکن ئەمە بە ڕۆشنیدەڵێن. لە عێراق، ئیمکاناتی ماددی و نیشتەجێبوون وەردەگرن، بۆ هەڵسووڕانیان پێویستییان بەم ئیمکاناتە هەیە و ئامادەشن بەها سیاسییەکەیشی بدەن. ئەوەی کە من لەو نووسراوەیەدا وتوومە و باسێکی تازەش نییە کە پێشتر لە ڕیزەکانی خودی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نەکرابێت، ئەوەیە کە ئەم بەها سیاسییە ڕۆژبەڕۆژ گرانتر بووە. ئەقڵی سەلیم، هەروەها یەک زەڕە دەرککردنی ڕاستییە سیاسییەکانی ساڵەکانی ئەم دواییە لە عێراق و کوردستاندا، حوکمی ئەوە دەکات کە ئیتر ئەم سەوداکارییە هەڵبوەشێتەوە. وەرگرتنی ئیمکانات لە عێراق لە سەرەتای کارەوە لەگەڵ سەربەخۆیی ئیرادەی کۆمەڵەدا ناکۆک نەبوو. بەڵام هەنگاو بەهەنگاو و بەدرێژایی چەند قۆناغێک و دوابەدوای چەند وەرچەرخانێک، بە تەواوی وای لێهات. وە ئەمە شتێکی تازە نییە. هەر لە کاتی ئێمەدا وای لێ هاتبوو. ئەو مەحدوودییەتانەی کە لەم هەلومەرجەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بۆ هەموومان لە ناوەندیی ئەو حیزبەدا، چ ئەوانەی کە ئەڵتێرناتیڤێکیان بەدی نە ئەکرد و چ ئەوانەی کە بەشوێن ڕێگایەکەوە بوون بۆ دەربازبوون لەم پەیوەندییە، زۆر تاڵ و ئازاربەخش بوو. لەوە دڵنیا نیم تەنانەت کەسانێکی وەکوو جەنابی موهتەدی و ئێلخانیزادە کە بە بەرچاوی خەڵکییەوە شانازیش بەم پەیوەندییەوە ئەکەن و ئەمە بە بەڵگەی پایەگای خۆیان لەنێو "خەڵک"دا دادەنێن، ئەگەر ئەمڕۆ بیانەوێت لە سەرەتاوە دەست پێ بکەنەوە، ئاخۆ بەم سادەییە خۆیان ئەخەنە ناو پەیوەندییەکی بەم جۆرە و لەم ئاستەدا. ڕەوتی لەدەستدانی سەربەخۆیی ئیرادەی سیاسی، ڕەوتێکی ماددی و حاشاهەڵنەگر بوو. ئەم ڕەوتە بە پاشەکشێی ناوەندیی ئێمە بۆ ناو خاکی عێراق

دەستی پێ کرد و بە بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و دواتر ئۆردووگای خۆمان لە لایەن عێراقەوە و دواتر ئاوارەیی خەڵکی کوردستانی عێراق لەدوای شەڕی کەنداو گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. لێرەدا ئیتر ئەوە ڕوون بوو، کە دەبێ چاو بە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا بخشێنرێتەوە. ئەم پەیوەندییە لە چەند خاڵێکی وەرچەرخانی چارەنووسساز لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا بێدەنگبوونێکی مەرگبار و زیانباری بەسەر ئێمەدا سەپاندبوو، وە لە ڕووی سیاسییەوە ئیتر نەدەکرا درێژەی پێ بدرێت. کاتێک ئەم حەقیقەتانە بۆ ئەم جەنابانە باس دەکەیت، لەپشتی ئەم ڕستەیەدا سەنگەر دەگرن کە "مەنسوور حیکمەتیش ئەم پەیوەندییەی تەئیید کردبوو". من لە ساڵی 83دا و بەر لە پێکهێنانی حیزب، نەک هەر چەک وەرگرتنی کۆمەڵەم لە عێراق تەئیید ئەکرد، بەڵکوو هانیشم ئەدا. بەڵام ناکۆکی لەسەر مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، لە بڕگەی ئاشتیی ئێران و عێراق و ئاسۆی پاڵپێوەنانمان بۆ ناو ناوچەکانی قوڵایی عێراقدا دەست پێ دەکات. کەسێک کە وەکوو جەنابی موهتەدی بییەوێت ئەم قەڵشت و بێنەوبەردە گەرمەی دواتر لەنێو حیزب لەسەر ئەم مەسەلەیە حاشا بکات، تەنها خەریکە خۆی دەکاتە گاڵتەجار. بەڵگەنامەکانی ئەم قسەوباس و بێنەوبەردانە زۆرە و هەندێکیان هەر ئەو کاتە بە ئاشکرا بڵاوبوونەوە. قسەکانی خودی جەنابی موهتەدی لە پلینۆمی شانزەهەمدا کە بەدەستمانەوەیە بڵاوی بکەینەوە، نموونەیەکی بچووکی ئەم بەڵگەنامانەیە. پێشتریش وتوومە و دیسانەوەش جەختی لەسەر ئەکەمەوە، من بەرپرسیارێتی سیاسەتە فەرمییەکانی حیزب تا ئەو کاتەی کە لە ڕابەرایەتی ئەو ڕێکخراوەیەدا بووم، واتە لە کۆنگرەی دامەزرێنەرەوە تا ساتەوەختی جیابوونەوە، لە ئەستۆ دەگرم. ئێمە لە هیچ بڕگەیەک لەو حیزبەدا، پەیوەندی پچڕاندنمان لەگەڵ عێراقدا تەرح و پەسەند نەکرد. لەو هەلومەرجەدا و بەو پێکهاتە ڕێکخراوەیی و شێوازی هەڵسووڕانەوە، جێبەجێکردنی کتوپڕی بڕیارێکی بەم جۆرە دەیتوانی ببێتە مایەی تراژیدیایەکی ئینسانی مەزن. لەدەستدانی ئیمکاناتی جێگیربوون و ئیمکاناتی ماددی تەنها لایەنێکی مەسەلەکە بوو، فاکتەرێکی گرنگتر ئەوە بوو کە پچڕینی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا دەیتوانی ببێتە مایەی هەندێ کردەوەی تۆڵەسێنانە، کە ئێمە لەبەرامبەریدا ئەگەر بێ دیفاع نەبووینایە، لانیکەم زۆر بە ئاسانی ڕووبەڕووی زەربە دەبووین. لەبەر ئەمە، ئەم دەروازەیە یەکسەر بەڕوومااندا کراوە نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی ئەو دەورەیە شایەدی بەرامبەرکێی توندی دوو ڕەوتە: لە لایەکەوە

ئێمە کە دەمانەویست کادر و ئیمکاناتەکان هەرچی زووتر لەژێر کۆنترۆڵی عێراق دەربکەین، ڕووبەڕووبوونەوەمان بۆ زەربەخواردن لە بەرامبەر عێراقدا کەم بکەینەوە، شێوازی کاری ڕێکخستن بگۆڕین و کۆتایی بەم دەست و پێ بەستراوەییە عەمەلییە نەخوازراوە بهێنین، وە لەوبەرەوە ئەو کەسانەی کە ڕێک بە لێکدانەوەی ساختەی لە چەشنی قسەکانی ئەمڕۆی موهتەدی دەربارەی "خەباتی چەکدارانە" و بواری کەڵکوەرگرتن لە "کێشمەکێشی دەوڵەتانی ناوچەکە" بەریان بەم ڕەوتە دەگرت. سەیر لەوەدایە کە عەبدوڵای موهتەدی لەو دەورەیەدا لە ڕیزی ئێمەدا بوو، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکە بۆ دەورەیەک بەرپرسی پرۆژەی ناردنەدەرەوەی هەڵسووڕاوانی حیزب بۆ ئەوروپا (وازهێنان لە "خەباتی چەکدارانە"؟) بوو. هەر چۆنێک بێت، ئێمە سەرکەوتین. تا ڕادەیەک هەر لەو حیزبەدا و دواتریش بە جیابوونەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو ئیمکانات و ئەو کادرانەمان لەژێر کۆنترۆڵی عێراق هێنایە دەرەوە. بێگومان هەندێک ئیمکاناتمان لەدەست دا، کە بۆ وەدەستهێنانەوەیان دەبێ زۆر تێبکۆشین. بەڵام لەنێو خەڵکی کوردستاندا وەکوو حیزبێک و بزووتنەوەیەک، دەیان بەرامبەر بەهێزتر دەرکەوتین. بزووتنەوەیەک کە ئیتر ناچار نەبوو بێدەنگی بکات و توانی بە بەرچاوی هەموو کۆنەپەرستانەوە، لە دەوڵەتی عێراقەوە تا حیزبە کۆنەپەرستەکانی کوردستان، وەکوو قسەکەر و داکۆکیکەری سەرسەختی کۆمۆنیزم و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەربکەوێت.

بەم پێیە تا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، مەسەلەکە ڕۆشنە. باس لەسەر لایەنگریکردن، یان بەدرۆخستنەوەی وەرگرتنی ئیمکانات لە عێراق لەو دەورەیەدا نییە. بەڵکوو لەسەر دەسنیشانکردنی ئەوەیە، کە بەهای سیاسیی ئەم ئیمکانات وەرگرتنە لە ماوەی چەند قۆناغێکی دیاریکراودا کە لە "ئینتەرناسیۆنال"دا باسم کردوون، تا هاتووە گرانتر لەسەرمان تەواو بووە. لە کاتی تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراقەوە تا کاتی جیابوونەوەی ئێمە، پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا مەسەلەیەکی جێگای چاو پیاخشاندنەوە و مشتومڕ بوو لەو حیزبەدا. بەداخەوە تەنانەت دوای تاوانی عێراق لە هەڵەبجە و دواتر کوشتاری دەیان هاوڕێی خۆمان لە بۆمبارانی کیمیایی ئۆردووگای ناوەندیی کۆمەڵە، نەماندەتوانی بە یەکجاری ئەڵقەی ئەو پەیوەندییەی کە هەنگاو بەهەنگاو و بە ئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە تەنگتر ببووەوە، بپسێنین. بەڵام ئەوە ئێمە بووین کە وەکوو ڕابەرایەتی ئەو حیزبە، بۆ پچڕاندنی هەمیشەیی ئەم

پەیوەندییە، هەر لە بارسووککردنی ڕێکخستنەوە لە خاکی عێراقدا، تا ڕەخنەگرتنی جیددی لەو دیدگا و شێوەکارەی کە ئەم کۆتوبەندەی پێویست و پاساو دەکرد، پەیگیرانە هەوڵمان دا (وە لە کۆڕ و کۆمەڵە قەوماییەکانەوە هەر لەم بابەتە جنێوانەمان خوارد). وە سەرەنجام لە ساڵی 1991ەوە تا ئەمڕۆ، بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەیان پێک دەهێنا، ئەم پەیوەندییەیان بە تەوای پچڕاند. زیاتر لە پێنج ساڵە کە بەشی هەرە زۆری ئەو ڕێکخستنە پانوپۆڕەی ئەو کاتە لە کوردستان، واتە دەیان نەفەرێکی لێ دەرچێت، لەژێر کۆنترۆڵی عێراق دەرکێشرانە دەرەوە. لەنێو ئەمانەدا گەلێکیان خۆیان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا ڕێک خست، کە نە لە عێراق هیچ ئیمکاناتێک وەردەگرێت و نە هیچ سانسۆرێک لەسەر دەربڕینی سەربەخۆ و ئازادانەی بۆچوون و سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر ڕژێمی عێراق و مەسەلەکانی کۆمەڵگای عێراقدا قبووڵ دەکات. جەنابی موهتەدی هەر چەندێک درۆ هەڵبەستێ و هاتوهاوار بکات، ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێک لە حەقیقەتێکی سادەدا بکات، ئەویش ئەوەیە کە من ئەندامی حیزبێکم کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حیزبە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا نەبووە، وە ئەو جەنابانەش سەرانی ڕێکخراوێکن کە سەرباری هەموو ئەم ڕووداوە چارەنووسسازانەی ئەم پێنج ساڵە لە ناوچەکەدا و سەرباری هەموو ئەو ئەڵتێرناتیڤانەی کە لەبەردەمیاندا بوو، ئەم دەست و پێ بەستراوەییەیان هەر وا قبووڵ کرد و خۆبادان بە بەرەکەتە ماددییەکانی بەم و بەو دەفرۆشن. بەم تەفاسیلەوە نازانم تا کەی دەکرێت لە پشت فۆرموولەی "مەنسوور حیکمەت خۆی تەئییدی کردبوو" خۆت حەشار بدەیت و ئەندامانی گومانکردووی ڕێکخستن خاو بکەیتەوە. جەنابانی ئازیز، بەر لە ساڵی 91 هەر چییەک بووبێ، لانیکەم لەو مێژووە بەدواوە ئیتر "مەنسوور حیکمەت تەئییدی ناکات". هۆیەکانیشم بە هێمنی و پتەوییەوە بۆتان ڕوون کردووەتەوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە خۆتان بەرپرسیارێتی سیاسەتەکانتان و وەزعییەتتان لە ئەستۆ بگرن.

لە ڕووی سیاسییەوە مەسەلەی سەرەکی، هەر وەکوو وتم، نەک ساتوسەودای ئەوان لەگەڵ ڕژێمی عێراق، بەڵکوو پەیوەندی نزیک و پشتیوانی کردنیانە لە حیزبە کۆنەپەرست و میللی عەشیرەتییەکانی کورد. ئەمە تەوەرێکی سەرەکیی ڕەخنەی ئێمەیە. جێی سەرسووڕمانە کە لە هەموو شێر و ڕێوی هێنانەوەکانی ئەم جەنابانەدا،

تەنانەت یەک دێڕیش سەبارەت بەم مەسەلەیە پەیدا ناکەی. لە بەرامبەردا زۆر بە ڕاشکاوی و ڕۆشنی و لە تریبوونە جیاجیاکانەوە، ئەم حیزبە دواکەوتووانە، بە خاوەن دەسەڵاتی چارەنووسی خەڵکی کورد و خاوەنی شەرعیی دەسەڵات لە کوردستان ناو دەبەن. کۆمەڵە ئینسانێک کە ناوی خۆیان ناوە سۆسیالیست، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە تاوانی ئەوەی کە گوایە "تەنها یەکێکە" لە ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستانی عێراق حاشا لێ دەکەن و لە بەرامبەردا بە هەر بەهانەیەک یەکێتی و پارتی بە "حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان" ناو دەبەن، وە لەمەش خراپتر، نەسیحەتی ئەوەیان دەکەن، کە بە هۆی ئەم "هێزهاوسەنگییە سیاسی"(!)یەی کە ئێستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە، وا باشترە خودی ئەمانەش لە پەیوەند بە ڕژێمی عێراقەوە "مەسەلەی خەڵک چارەسەر بکەن". چەپی کوردستان بە فەرمی ناناسن، لە بەرامبەردا دە حەقداری بۆرژوا بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنن. وە ئەم دۆستایەتییانە بە پێچەوانەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقەوە، نە بە پێداویستیی ماددی لێک دەدەنەوە و نە بە عەشقیان بۆ "خەباتی چەکدارانە" و نە بە پێداویستییەکانی ئوردووگاداری و ڕادیۆداری و نە بە هیچ شتێکی دیکە. تەنها بە سەرسامییەوە دەڕوانن، بە جۆرێک کە دەڵێی هەر لە بنەڕەتەوە لە پرسیارەکە حاڵی نەبوونە. واقیعییەت ئەوەیە کە ئەوەندە ئەم پەیوەندییەیان بە لاوە بەڵگەنەویست و سرووشتییە، کە هەست بە ناکۆکییەک ناکەن. ئەمە ماهییەتی سیاسیی خۆیانە. قسەیەکیان نییە تا بیکەن.

ڕەخنەی ئێمە لە کۆمەڵەی ئەمڕۆ، گۆشەیەکی بچووکە لە ڕەخنەی ئێمە لە خودی چاوگی سەرەکیی ئەم کۆنەپەرستییە لە ناوچەکەدا. عێراق و هەموو کوردستان قەڵەمڕەوێکی کاری بزووتنەوەی ئێمە و هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئێرانە. خەتای ئێمە نییە، کە کۆمەڵەی ئەمڕۆمان لە کەناری ڕەوتە میللی_ خێڵەکییەکاندا پەیدا کردووە. خەتای ئێمە نییە، کە ئەمانە بەرامبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، نەک لە پاڵی ئەو، سەریان دەرهێناوە. هیچ پیلانێکی سەیر و سەمەرە بۆ تاڵکردنی ژیان لە جەنابی موهتەدی لە ئارادا نییە. ئەمە حەرەکەتی مەشرووع و سیاسی و پێشڕەوی ڕەوتێکە، کە خەریکە لەگەڵ ئەم کۆنەپەرستییەدا، لە ناوچەکە بەرامبەرکێ دەکات و لە کاتی کاردا بێگومان جاروبار یەخەی پارێزەرانی ئەم کۆنەپەرستییەش دەگرێ. ئەوەی کە کۆمەڵەی ئەمڕۆ سیاسەتی پشتیوانیکردنی خۆی لەم حیزبە دواکەوتووانە بە چ فۆرموولەیەک بۆ خۆی پاساو

دەکات و دەرخواردی ئەندامانی دەدات، بۆ ئێمە هیچ بایەخێکی نییە. ئێمە، گرووپە سیاسییەکان نەک لەسەر بناغەی بوونی ڕادیۆ و بنکە و چادەمکردن و پاسەوانیکردنیان، بەڵکە لەسەر سیاسەتیان داوەری دەکەین.

سیاسەتی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا، چ لە پەیوەند بە دەوڵەتی عێراقەوە و چ بەتایبەتی لە بەرامبەر حیزبە میللییەکانی کورددا، سیاسەتێکی مایەپووچانە و شیاوی داکۆکی لێکردن نییە. ئەم پرسیارە بە سەر سەری ڕابەرانی ئەمڕۆی ئەم ڕێکخراوەوە هەڵواسراوە. بە داخەوە جنێودان بە مەنسوور حیکمەت و درۆهەڵبەستن لەمەڕ مێژوویەکی بەڵگەدار و خەوشهەڵنەگر، وەڵامی ئەم پرسیارە سیاسییە واقیعییە ناداتەوە. دوای نیشتنەوەی هەموو گەرد و خۆڵەکان و کرانەوەی هەموو گرێکان، دیسانەوە ئەم پرسیارە دەکرێتەوە: ئەمە چ سیاسەتێکە؟ ئەمە چ هەڵبژاردنێکی سیاسیی ڕیسوایە؟ ئەمە بناغەی مەسەلەکەیە. هەڵاتن لە دەستی ئیمکانی نییە.

جەنابی ئێلخانیزادە لە وەڵامدا گوتبووی، ئەمە بەهایەکە کە ڕێکخراوەیەکەیان بەوپەڕی مەیلی خۆیەوە لە پێناوی بەهرەمەندبوون لە ئۆردووگا و ڕادیۆ لەناو خاکی عێراقدا دەیدات. ئەم وەڵامە بە ڕای جەنابی موهتەدی، بە ئەندازەی کافی "خەباتکارانە" نەهاتووەتە بەرچاو و ئەو وەکوو ڕاستکردنەوەیەک بۆ عومەری ئێلخانیزادە ڕایدەگەیەنێت، کە نەخێر باس لەسەر بەهرەمەندبوون لە ڕادیۆ و ئۆردووگا نییە، بەڵکوو ئەم سیاسەتە مەرجی "خەباتکردنی چەکدارانە"ی ڕێکخراوەکەیانە. خۆشبەختانە نە ئەمڕۆ و نە لەوپەڕی زاڵبوونی قودسییەتی چەک بەسەر بزووتنەوەی چەپدا، "خەباتی چەکدارانە" بەشێک لە موقەددەساتە فیکرییەکانی ئێمە نەبووە و نابێتە مایەی هیچ گەورەکردنەوە و پیرۆزڕاگرتنێکی ئۆتۆماتیکییانە لە لایەن ئێمەوە. موجاهیدین و تاڵیبان و حەماسیش "خەباتی چەکدارانە" دەکەن، بێ ئەوەی هیچ ڕێزێکیان لای ئێمە هەبێت. ئێمە وەکوو کەسانێکی کۆمۆنیست، بەر لەوەی سەرنجمان بچێتە سەر نیتاق و مەتارەی جەنابی موهتەدی، دەچێتە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەوان، کە بە داخەوە هیچ ناچێتە دڵەوە. بۆچوونی من سەبارەت بە خەباتی چەکدارانەی لە چەشنی ئەوەی ئەوان، پێشتر وە لەناویاندا لە ئۆرگانی ناوەندیی خودی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە بڕیارنامەکەم سەبارەت بە پرانسیپەکانی هەڵسووڕانی سەربازیی کۆمەڵە (پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە)، کە جەنابی موهتەدی هێشتا دەبێ بەپێی ئەوە کار بکات، بە دووروودرێژی بەیان کراوە و لەبەر ئەمە تکا ئەکەم ئەم سفرە

دواکەوتووەی قودسییەتی چەک لێرەدا ڕانەخات. جگە لەمەش، ئەوان دەبێ لوتف بفەرموون و ئاماژێکیش لە قەوارەی خەباتی چەکدارانەی پێنج ساڵی ڕابردوویان، کە وادیارە ئەم هەموو ئۆپۆرتیۆنیزم و ڕاسترەوییە قەرەبوو دەکاتەوە، بخەنە بەردەم خوێنەرانی خۆیان. واقیعییەت ئەوەیە، وە هەموو چاودێرانی مەسەلەکانی کوردستان دەزانن، کە یەکەمین سیاسەتی ملکەچبوون بۆ عێراق و دڵڕاگرتنی حیزبە میلییەکانی کورد، ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئیمکانێکی ماددیی ڕێکخراوەکەیان بۆ هێنان و بردنی هێزی چەکدار بووە، چ جای بگات بە خەباتی چەکدارانە. بە بڕوای من جەنابی ئێلخانیزادە، فۆرموولبەندییەکی سیاسیتر و قابیلی دەرکتر و ڕاستگۆیانەتری لە مەسەلەکە بەدەستەوە دابوو. دەربڕینەکەی جەنابی موهتەدی خەباتکارانەتر نییە، تەنها منالانەترە.

پەیوەندیی ئەمڕۆی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ڕژێمی عێراق و یەکێتیی نیشتمانی و پارتیی بارزانی، بە هیچ جۆرێک قابیلی داکۆکی لێکردن نییە. ئەگەر ئەم ڕێکخراوە سۆسیالیست بووایە، ئەگەر ڕابەرانی تەنانەت بە یەک مانای گشتیش، چەپگەرا بوونایە و ئاسۆیەکیان هەبووایە، زۆر بەر لە ئێستا دەبووایە خێر و بەرەکەتی ئەم ڕەوتانایەن بدایەتەوە بە ڕوویاندا و لە مەیدانی سیاسیی عێراق و کوردستاندا، لە کەناری خەڵک و کۆمۆنیستەکان ڕابوەستانایە. بەڵام لە ڕێکخراوێکی میللی کورد لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان، ڕێکخراوێک کە هەموو تێڕوانینێکی بۆ سەرکەوتن، گەڕانەوە بۆ ناو شار بە تفەنگەوە و چەند ڕۆژێک شانبەشانی حیزبی دیموکرات، لاساییکردنەوەی تاڵەبانی و بارزانییە، ئەمە چاوەڕوانییەکی بێجێیە. مەسەلەکە لێرەدایە، کەسانێک کە تەنانەت لە جەرگەی ئاڵوگۆڕێکی وا گەورەدا، شێواز و ئایندەی خۆیان لەسەر چەند تێبینییەکی ئاوا ورد بنیات دەنێن، لە وەدیهێنانی هەر ئەو خەونە هیچەی خۆشیان بێ توانا دەمێننەوە.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
رویدادهای بزرگ و انسانهای کوچک
اولین بار در آذر 1375، دسامبر 1996، توسط انتشارات نسیم منتشر شد.

مجموعه آثار منصور حکمت، جلد هشتم، صفحات 343 تا 354
انتشارات حزب کمونیست کارگری ایران، چاپ اول، نوامبر 1997

دەربارەی لەباربردنی منداڵ

(گفتوگۆی "هەمبەستەگی")

سورەیا شەهابی: بەرلەوەی بچینە سەر خاڵە سەرەکییەکانی باسی لەباربردنی منداڵ، وەکوو بەرگری لە "مافی بڕیاردان"، "مافی ژن بەسەر لەشی خۆیدا"، "بەرگری لە مافی ژیان" و سەرەنجام ئەم خواستە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئینسانیدا، ئەمەوێ سەرەتا ڕای تۆ دەربارەی خاڵێک بزانم، ئەویش ئەوەیە، دژایەتیی بەرنامە لەگەڵ خودی ئەم کرداره لە لایەکەوە و داواکاریی قانوونی بوونی لە لایەکی ترەوە، چۆن لێک دەدەیتەوە؟ ئەڵێن مادام بەرنامە لەباربردنی منداڵ بە نیشانەی لەخۆبێگانەیی ئینسان دائەنێت، کەوایە، پێویستە سەرەنجام دژی قانوونی بوونی لەباربردنی منداڵ بێت و گوایە موافەقەتی بەرنامە لەگەڵیدا تاکتیکە. لەم بارەیەوە ڕات چییە؟

مەنسوور حیکمەت: لە بەرنامەی ئێمەدا، ئەم شێوە مامەڵەیە نە بە بەندی لەباربردنی منداڵەوە مەحدوود دەبێتەوە و ڕاستییەکەیشی نە شێوازێکی مەحدوود بە ئێمەیە. زۆرێک لە پەیوەندی و مەسائیلە کۆمەڵایەتییەکان هەن، کە ئێمە لە کاتێکدا کە خوازیاری لەنێوچوونیانین، لە هەمان کاتدا وەکوو واقیعییەتێکی ماددی و مەوجودی کۆمەڵگای ئێستا، بەفەرمییان دەناسین و هەوڵ ئەدەین کاریگەری خراپی ئەم پەیوەندی و مەسەلانە بەسەر ژیانی خۆمان و هەموو خەڵکەوە کەم بکەینەوە. شێوازی مامەڵەی بەرنامە لەگەڵ کاری کرێگرتەدا ڕێک هەر وایە. ئێمە خوازیاری لەنێوچوونی کاری بەکرێین، دنیایەک کە تیایدا کەسێک لە پێناو ژیانی ڕۆژانەیدا ناچارە توانای لەشی بە کەسێکی تر بەکرێ بدات، بۆ مرۆڤایەتی بە شەرمەزاریی دەزانین. کاری بەکرێش هەر وەک لە باربردنی منداڵ، نیشانەی لەخۆ بێگانەیی ئینسانە. بەڵام بەشێکی زۆری بەرنامە پەیوەستە بە قانووندانان بۆ هەلومەرج و ڕێوشوێنی کاری بەکرێ لەم کۆمەڵگایەدا. دەستەواژەی دەوڵەت بە هەمان شێوە. دەستەواژەی ئایین بەهەمان شێوە. هەر لەم بەشی دووەمی بەرنامەیەدا، ئێمە خوازیاری ئازادیی بەکاربردنی هەندێ مەوادی هۆشبەر و تەنانەت دابینکردنیشین لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەوانەی بە مەوادی هۆشبەر ئالوودە بوون. وە ئەمە بەشەرتی لەنێوبردنی ئالوودەبوون بە مەوادی هۆشبەر ئەزانین. ئێمە داوای سڕینەوەی یاساغکردنی

لەشفروشی و پشتیوانیی یاساییمان لە لەشفرۆشان کردووە، وە ئەمە بە شەرتێکی لەنێوبردنی لەشفرۆشی دەزانین. موسیبەتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە ناقانوونیکردنی ئەو موسیبەتانە و تەمێکردنی قوربانییەکانی وەڵام نادرێتەوە. ئەمە بە تەنها قسەی ئێمە کۆمۆنیستەکان نییە، بەڵکوو قسەی هەر کەسێکە کە شانبەشانی هەر ئەم شارستانییە ئەورووپاییە چووبێتە پێشەوە.

لەباربردنی منداڵیش ڕێک هەر وایە. ئێمە لە باربردنی منداڵ بە کارێکی ڕاست نازانین. حەزمان دەکرد کۆمەڵگایەک هەبووایە کە بە هیچ جۆرێک ئەم مەسەلەیەی تیادا نەهاتایەتە پێشەوە. هیچ کەس کاری بەمە نەگەییشتایە و هەڵبژاردنێکی ئاوا هەرگیز نەهاتایەتە پێشەوە. ئایا ئەمە خواستێکی سەیرە؟ نەخێر. ئەمە خواستی زۆربەی هەرە زۆری خەلکە و لەپێش هەمووشیانەوە خواستی هەر کەسێکە، چ ژن و چ پیاو، کە لە ژیانی خۆیدا هەستی بە دەردی لەباربردنی منداڵ کردبێت. من کەسێک یا بزووتنەوەیەک شک نابەم کە خودی کرداری لەباربردنی منداڵ وەکوو کردارێکی سەربەرزانەی مرۆیی پیرۆز بکات. بێ هەستی و بێ دەربەستی عاتیفی لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا لە کۆڕ و کۆمەڵی ئوسووڵییەکان لە بزووتنەوەی فێمینیستیدا دەبینرێ، بەڵام ئەمە زیاتر بەرەنجامی پەروەردەی سیاسیی سیکتاریستی و دەمارگیری ئایدیۆلۆژی و فیرقەیی ئەوانە، تاوەکوو ئەوەی گەڕانەوە بێت، بۆ هەسپێکردنی واقیعییان وەکوو مرۆڤ.

بەڵام هەر ئەوەندەی ئێمە بمانەوێ و ئارەزوو بکەین، واقیعییەتی دەرەوەی ئێمە لە ناو ناچێت. حامیلەبوونی نەخوازراو و پەشیمانی لە حامیلەبوونی خوازراو لە ئارادایە، ڕێگری مالی و فەرهەنگی و سیاسی لە ئارادایە، زەخت و زۆر لەسەر ژنان بێ ئەندازە زۆرە و بە ناچاری بۆ ژمارەیەکی زۆریان لە باربردنی منداڵ وەکوو تەنها ڕێگای دەرچوون لە گێژاوێک دێتە بەرچاو. لەباربردنی منداڵ واقیعییەتێکی دنیای ئەمڕۆیە و کۆمەڵگا ناتوانێ گوێی خۆی لێ کەڕ بکات، ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات. دەبێ ڕێوشوێنی ئەم کرداره کە سەربەخۆ لە ئیرادەی هەر دەوڵەت و حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی بە هەر حاڵ مەوجوودە، دیاری بکرێت. قەدەغەکردنی لەباربردنی منداڵ، تەمێکردنی قوربانیانی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییەیە کە لە ئارادایە. ئەمە ناتوانێ هەڵوێستی ئێمە بێت.

بەرنامەی ئێمە ڕایدەگەیەنێ کە کرداری لە باربردنی منداڵ بە نادروست و پێچەوانەی پرانسیپە مرۆییەکانی خۆی دەزانێ. بەڵام بڕوای وایە، چ لە پێناوی پارێزگاری لە قوربانییەکانی ڕیگرییە ئابووری و دواکەوتوویی فەرهەنگییەکان کە لەم کۆمەڵگایەدا هەن، وە چ بۆ خەبات لە بەرامبەر زەمینەکانی ئەم کردارەدا، پێویستە لەباربردنی منداڵ قانوونی بێت. ڕاستییەکەی، زۆربەی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی "پرۆچویس" و کارگێڕانی و پزیشکانی کلینیکەکانی لەباربردنی منداڵ و یاسادانەرانی پرۆچویسی هەیئەی دەسەڵاتداری ئەمەریکاش هەر ئەم هەڵوێستەیان هەیە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر ئەمە دەڵێن: لەباربردنی منداڵ کارێکی ڕاست نییە، بەڵام دەبێ قانوونی بێت. ئەگەر جیاوازییەک لە ئارادایە، ئەوا ڕاشکاویی ئێمەیە لە خستنەڕووی نامرۆییبوونی خودی کرداری لەباربردنی منداڵدا. بە لای ئوسووڵییەکانی بزووتنەوەی فێمینیستییەوە وا دیارە ئەم ڕەخنەیە قورسە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری قانوونیکردنی لە باربردنی منداڵ تا دوازدە هەفتەیی، خۆڕاییبوونی، مەرجدارکردنی ئەم کردارە تەنها بە بڕیاری ژنەوە و ئەنجامدانییەتی لە کلینیکی تایبەتیدا. بزووتنەوەی پرۆچویس لە ئەمەریکا، ئەم خواستانە وەکوو ئارەزووە باڵاکانی خۆی سەیر دەکات و جێبەجێبوونیشیان لە ئەمەریکادا بەم زووانە بە عەمەلی نازانێ. ئەگەر چەپی پێشووی تازە فێمینیستی کۆچکردووی ئێرانی لەگەڵ ئەم خواستە گرفتی هەیە، دڵنیا بن کە لە فێمینیستبوونییەوە نییە. ئەگەر کەسێک لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی من بکات، من داوای لێ دەکەم بە کورتی و بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە: یەکەم، ئەمەی کە ڕای خۆی دەربارەی خودی کرداری لەباربردنی منداڵ چییە، وە ئایا ئەم کردارە لە ڕووی مەبدەئییەوە بە کارێکی تاڵ و ناشیرین ئەزانێت، یاخود هیچ کێشەیەکی مەعنەوی و مەبدەئی و ویژدانیی لەگەڵ لەباربردنی منداڵدا نییە. بە بڕوای من، کەسێک کە لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا هەڵسێ و کرداری لەباربردنی منداڵ بە کارێکی سووک و بێ بایەخ لەقەڵەم بدات، کە خەڵکی بێهودە لە بەرامبەریدا تووشی دڵەڕاوکێ و دوودڵی دەبن، چ جای ئەوەی کە ئەم کردارە بە نیشانەی سەربەرزیی ژن لە کۆمەڵگا و بە مایەی شانازی دابنێ، وەڵامی خۆی هەر لەو هۆڵەدا وەردەگرێتەوە. ئەم جۆرە بێ دەربەستی و مامەڵە ساویلکە و ڕووکەشانەیە لەگەڵ مەسەلەیەکی ئەخلاقیی گەورەدا کە لەباربردنی منداڵ لەبەردەم

هەموواندا، چ لایەنگرانی قانوونیبوون و چ بەرهەڵستکارانی، دای دەنێ، خۆی لەناو هەر کۆڕێکی دەرەوەی کۆبوونەوەی فیرقەکەی خۆیدا بە سادەیی پەردە لە ڕووی خۆی هەڵئەماڵێ. دووەم، داوای لێ دەکەم ڕەخنەی خۆی لەو بەندەی بەرنامەی ئێمە بە ڕاست و ڕەوان و بێ هەراوهوریا بخاتە ڕوو، کە خوازیاری لەباربردنی قانوونی و خۆڕایی منداڵە تا دوازدە هەفتەیی و لەسەر بڕیاری ژن.

سورەییا شەهابی: لەبارەی ئایینەدەی مافی لەباربردنی منداڵ لە سۆسیالیزم و بە گشتی لە کۆمەڵگایەکدا کە پێودانگە ئینسانییەکان پەیرەو بکات، ئەڵێن وا هات و سەرەڕای هەموو فێرکاری و کۆمەک و پشتیوانییەک، تینێجەر (هەرزەکار)ی 12_ 13 ساڵە دووگیان بوو، ئایا ئێوە ناچاری دەکەن منداڵ بەخێو بکات، لە کاتێکدا کە خۆی منداڵە؟

مەنسوور حیکمەت: ئەم جۆرە پرسیارانە لە جۆری پرسیار و فەتوای بەهانەگیرانەی نەریتی ئیسلامییە، (ئەگەر بوومەلەرزە بوو و ... .). هێنانەوەی نموونەی کچێکی 12 ساڵە بۆ پاساودانی لەباربردنی منداڵ، هێنانەمەیدانی بەڵگەیەکی لاوازە، لەبەر ئەوەی لەباربردنی منداڵ، دیاردەیەکی فراوانتر لە کێشەی حامیلەبوونی کچانی دوازدە ساڵەیە و مەنتیقی خۆیشی لێرەوە وەرنەگرتووە. لە بەریتانیای ئەمڕۆدا سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتە کۆمەڵایەتییانە و ئەو هەموو بێ مافی و بێ ئیمکاناتییەی منداڵان، بە گوێرەی ئاماری خودی کەمپینی سەراسەری لەباربردنی منداڵ، کە ڕێگرتن لە کەمکردنەوەی ماوەی لەباربردنی منداڵ لە 24 هەفتەییەوە بۆ 18 هەفتەیی بە یەکێک لە شانازییەکانی خۆی دائەنێ، لەسەرجەمی 160 هەزار حاڵەتی لەباربردنی منداڵ لە ساڵی 1992دا تەنها سێهەزار حاڵەتی لەناو کچانی ژێر تەمەنی 16 ساڵیدا بووە. واتە کەمتر لە 2%. بڕوا ناکەم لەم لیستەشدا ئاماری 12ساڵەکان لە یەک لە سەد زیاتر بێت. ناکرێ 160 هەزار حاڵەتی لەباربردنی منداڵ بە کێشەی حامیلەبوونی نەخوازراوی کچانی 12 ساڵە پاساو بدرێت. لە بەرامبەر هەر سیستەم و هەر بەڵگەهێنانەوەیەکدا، ئەکرێ بنبەستی ئەخلاقی و چەندین بڕوبیانووی مەنتیقی و "توضیح المسائل" ("ڕوونکردنەوەی مەسەلەکان"/ ناوی کتێبێکی خومەینییە، کە پڕە لە قسەی حەلەقوبەلەقی شەرعی و دینی/ و.) ئاسا دابنرێت و هەلومەرجێکی دەردناک و تراژیدی بهێنرێتە پێشچاو. منیش ئەتوانم لە بەرامبەر ئەمەدا بپرسم. ئەگەر لەو کۆمەڵگایەی کە ئاواتی "کەمپینی سەراسەری لەباربردنی منداڵ"ە لە بەریتانیادا،

لەباربردنی منداڵ تا ڕۆژی پێش لەدایکبوون ئازاد بێت، وە ئەگەر ژنێکی 28 ساڵە لە هەفتەی (31)ەمدا بڕیار بدات کە منداڵەکەی لەبار بەرێت، بەڵام هیچ پزیشکێک ئامادە نەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمان چی ئەکەن، پزیشکەکە "ناچار ئەکەن" سەرباری ئەوەی ئەم کارە بە تاوان و بە کارێکی دژی مرۆیی دەزانێ، لەباربردنەکە ئەنجام بدات؟ مەسەلەی منداڵ لەباربردن، مەسەلەیەکی گرنگ و گشتی و کۆمەڵایەتییە و دەبێت وەڵامی گشتی پێ بدرێتەوە. ئەگەر وەڵامی گشتی و ڕیشەیی بزووتنەوەیەک ڕاست و مرۆیی و ڕێنیشاندەر بێت، دەتوانرێ حاڵەتە تایبەتییەکانیش لە چوارچێوەی ئەم وەڵامە مرۆییەدا وەڵام بدرێتەوە. بەڵام وەڵامێکی نامرۆیی بە هیچ نموونە و شێر و ڕێوی هێنانەوەیەک دەربارەی ئەم یان ئەو حاڵەتی تایبەتی، مەشرووعییەت بەدەست ناهێنێت.

بە هەر حاڵ وەڵامی من بە کێشەی تینێجەری سۆسیالیستی حامیلە ئەمەیە: یەکەم، ئێمە هیچ قسەیەکمان لە ناقانوونیبوونی لەباربردنی منداڵ لە سۆسیالیزمدا نەکردووە. ئێمە قسەمان لەوە کردووە، کە کۆمەڵگا ئیتر پێویستی بەم کارە نامێنێ. سەرەنجام من بڕوا ناکەم لە سۆسیالیزمدا (بە تایبەت لە سۆسیالیزمدا) کچێکی دوازدە ساڵە ناچار بە منداڵبوون یان هەر کارێکی تر بکرێت. دووەم، دەبێ بە باشکردن و پەرەپێدانی شێوازەکانی پێشگیریی حامیلەبوون، فێرکاریی جنسی، پەرەپێدانی مافەکانی منداڵان و بردنەسەری حورمەتیان، خەبات لە دژی ئەخلاقیاتی دواکەوتووانە و دەمارگیری نەزانانەی ناکۆک لەگەڵ ڕۆشنبیریی جنسیی گشتی و کۆنترۆڵی ئازادانەی کەسەکان بەسەر پەیوەندییە جنسییەکانی خۆیاندا و دەبێ بەم جۆرە شتانە بەشوێن وەڵامی واقیعییەوە بین. دەبێ کارێک بکرێت کە نەک تەنها تینێجەرەکان، بەڵکوو هەر کەسێک کە نایەوێت حامیلە بێت، بتوانێت حامیلە نەبێت. ئایا ئەمە لە ڕووی عەمەلی و زانستییەوە لە توانادایە؟ بە ڕای من گومانی تێدا نییە. داهێنان و باشکردنی شێوازەکانی پێشگیریی حامیلەبوون لە کۆمەڵگای دژەژنی هاوچەرخدا وەکوو پێویست بایەخی پێ نادرێ. ئەگەر یەک لە دەهەزار بەشی بودجەی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای جەنگی و سیخوڕی تەرخان ئەکرێ، بۆ ئەم مەسەلەیە خەرج بکرایە، تا ئێستا شێوازەکەیان دۆزیبووەوە. دیسانەوە دەگەڕێینەوە بۆ جێگای یەکەم: ئایا لەنێوبردنی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا کارێکی ناخۆش و تاڵە، یان نا. ئایا دەنگێک لە دەروونی ڕەخنەگریی ئێمەوە بە ئەو دەڵێت: "بریا ناچار بە ئەنجامدانی ئەم کارە

نەبووینایە"، یان نا؟ ئەگەر بەڵێ، ئەوا ئەو کاتە هەوڵ و کۆشش لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکدا کە ئینسانەکان لەوێدا ناچار بە منداڵ لەباربردن نەبن، تەنها ڕێگای مرۆیی و شەرافەتمەندانەی پێشکەوتنە. بەڵام کەسێک کە لەباربردنی منداڵ وەکوو ئۆپەراسیۆنی ئاڵووەکان سەیر دەکات و توانای دەرککردنی قووڵی مەسەلەکە و تاڵی و گێژاوە ئەخلاقییەکەی بۆ ئینسانە بێشومارەکان و نەوە جیاجیاکان نییە، بێگومان بەم خەباتە نامۆیە.

سورەییا شەهابی: بەرنامەی حیزب لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو جەمسەری "پرۆچویس" و "پرۆلایڤ"دا، لە کام لا قەرار ئەگرێ، وە بە گشتی، ئەم جەمسەربەندییە چۆن هەڵئەسەنگێنی؟

مەنسوور حیکمەت: بۆچوونێکی تا ڕادەیەک باو کە بەتایبەت لەناو کۆڕ و کۆمەڵە تازە فێمینیستە ئێرانییەکاندا لە دەرەوەی وڵات هەیە، ئەمەیە کە گوایە پرۆچویسەکان لایەنگری لەباربردنی منداڵن و پرۆلایڤەکان لە دژین. مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە. باسەکە لەسەر قانوونیبوون، یا نەبوونی لەباربردنی منداڵە، نەک لەسەر باشبوون و خراپبوونی ئەم کارە. پرۆچویسەکان لە هەمان کاتدا کە زۆرێک لەوان دژی کرداری لەباربردنی منداڵن، داکۆکی لە قانوونیبوونی لەباربردنی منداڵ ئەکەن. هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش داکۆکیکردنە لە قانوونیبوونی لەباربردنی منداڵ. لە ڕووی حوقوقییەوە، ئەوەی کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە، ئاوات و ئامانجی باڵای بزووتنەوەی پرۆچویسە لە وڵاتێکی وەکوو ئەمەریکادا، کە تا بیست ساڵی تریش شانسی بەدەستهێنانی ئەم خواستانەیان نییە و لە زۆرێک لە وڵاتە ئەورووپاییەکانیشدا هێشتا نەهاتۆتە دی. لە بەرنامەی ئێمەدا، لەباربردنی منداڵ تا 12 هەفتەیی ئازاد و قانوونییە. بڕیاردان بە تەواوی لەدەستی ژن خۆیدایە، نەک هیچ کەسێکی تر و ژن پێویستی بە تەبریر و بەڵگەهێنانەوە بۆ هیچ ناوەندێکی پزیشکی و ئیداری نییە. لەباربردنی منداڵ بە خۆڕاییە و پێویستە لە کلینیکی سازکراودا ئەنجام بدرێت. وەدیهاتنی خواستێکی لەم چەشنە تەنانەت لە خەیاڵی بزووتنەوەی فێمینیستی ئەمەریکاشدا جێگای نابێتەوە. لە ڕووی مافناسییەوە، چاودێری دەرەوە لە ئەورووپا و ئەمەریکادا، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکوو دەقێکی پرۆچویس دەستەبەندی دەکات، چونکە خوازیاری ئازادیی لەباربردنی منداڵە.

بەڵام خودی ئەم ناولێنانە پرۆچویس (لایەنگری هەڵبژاردن) و پرۆلایڤ (لایەنگری ژیان) گومڕاکەر و پرۆپاگەندەئامێزە. لە ئەمەریکا کە لانکی سەرەکی ئەم جەمسەربەندییەیە، بەشی پڕ هات و هاوار و میلیتانتی بزووتنەوەی پرۆلایڤ لە گرووپە ڕاست و محافەزەکار و ئایینیەکان پێک هاتووە، کە لە واقیعدا بچووکترین ڕێز و حورمەت بۆ ژیان دانانێن. ئەمانە لایەنگرانی سزای ئیعدام و بەرینکردنەوەی مەودای ئەم سزایەن بۆ تازەلاوان. لایەنگرانی هەمیشەیی سیاسەتە میلیتاریستییەکانی ئەمەریکان. لە بنەڕەتەوە کۆنەپەرست، نەژادپەرست و دژی خارجی و دوژمنی هەژارانن. خەڵکی ئەمەریکا لەژێر دەستی ئەمانەدا بە بەردەوامی لەژێر باری هەژاری و نەخۆشیدا تواونەتەوە و دەتوێنەوە. لەو لاشەوە سیمبۆل و لانکی سەرەکیی بزووتنەوەی پرۆچویس، لایەنگری هەڵبژاردن، حیزبی دیموکراتی ئەمەریکا و نموونەی وەک کلینتۆنە کە هەر ماوەیەک بەر لە ئێستا هێرشێکی بێ شەرمانەی فراوانیان لە دژی دایکانی بێ مێرد بەڕێخست و چوار ملیۆن منداڵی ئەمەریکاییان مەحکووم بە ماڵبەکۆڵی و بەدخۆراکی و ژیانی ژێر خەتی هەژاری کرد. ئەوە گاڵتەجاڕییە کە ئیجازەی لە باربردنی منداڵ بە مافی هەڵبژاردن ناو لێ دەبەن. ئەمە دواییین هەڵبژاردنی هەر مرۆڤێکە. ئەمانە پێشتر هەڵبژاردنی خۆشگوزەرانی، هەڵبژاردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی ژنان، هەڵبژاردنی کارکردن و بەردەوامبوون لە خوێندن، هەڵبژاردنی ئاسایشی ئابووری و حورمەتی کۆمەڵایەتی، وە تەنانەت هەڵبژاردنی پەیوەندیی سێکسیی ساغ و پارێزراویان لە ژنان زەوت کردووە، دواتر لەسەر لێواری کەوتنەخوارەوەدا، ئەم هەڵبژاردنە دەدەن بەو، کە لە نێوان فڕێدان و خوفڕێدانەخوارەوەدا سەرپشکی دەکەن. بە ڕاستی ژنێک کە لەباربردنی منداڵەکەی "هەڵئەبژێرێ"، دەبێ چەندە لە بەرامبەر ئەم هەموو هەڵبژاردنەدا کە کۆمەڵگا خستوویەتییە بەردەمی، دڵخۆش و سوپاسگوزار بێت! لەبەر ئەمە ئەگەر لە من بپرسن، خۆم بە پرۆچویس پێناسە ناکەم. ئەمە ناولێنانێکی ڕیاکارانە و فریودەرانەیە. من خۆم وەکوو لایەنگری قانوونیبوونی لەباربردنی منداڵ تا دوازدە هەفتەیی و دژی کرداری لەباربردن دەناسێنم.

سورەییا شەهابی: بەرنامە داواکاری قانوونیکردنی لە باربردنی منداڵە هەتا 12 هەفتەیی. ئەم سنووری 12 هەفتەییە و چۆنێتی دیاریکردنی و فاکتەرەکانی دیاریکردنی باسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. هەندێ کەس وای لێ دەڕوانن، کە

ڕەنگە لە ڕوانگەی بەرنامەوە، تەنها لەم تەمەنەدا ئەتوانرێ کۆرپەلە بە مرۆڤ دابنرێت، وە لەبەر ئەمەیە کە لەباربردنی کۆرپەلە لەم تەمەنە بە دواوە (جگە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی، کە بەرنامە دەستنیشانی کردووە) بە ناقانوونی دادەنێت. ئەمەوێ ئەوە بڵێم، سەبارەت بە تەمەنی کۆرپەلەیەک کە ئەتوانرێ لەبار ببرێ، تێگەیشتنی جۆراوجۆر هەن. هەندێک وا تێدەگەن کە لەبەر ئەوەی پێش ئەم تەمەنە کۆرپەلە بە ئەندازەی پێویست پێنەگەیشتووە و ناتوانێت سەربەخۆ لە لەشی دایک بژی، بە مرۆڤ ناژمێردرێت.

مەنسوور حیکمەت: باسی دوازدە هەفتەیی لە بەرنامەی ئێمەدا، هیچ پەیوەندییەکی بە ساتی دەستپێکردنی ژیان، یاخود توانای درێژەدان بە ژیانی کۆرپەلە لە دەرەوەی منداڵداندا نییە (کە بۆ بڕێک کەس بە ساتی سەربەخۆبوونی ناسنامەی کۆرپەلە لە دایک دائەنرێ). دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵانە. ئاشکرایە کەسێک کە وەکوو ئێمە کرداری لەباربردنی منداڵ خۆی لە خۆیدا بە نامرۆیی دەزانێ و وەکوو ناچارییەکی کۆمەڵایەتی و شەڕێکی ئەهوەنتر داکۆکی لە قانوونیبوونی دەکات، مەیلی بە لای ئەوەدایە کە ماوەی لەباربردنی منداڵ هەرچی کەمتر بکرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە پێویستە قانوون بە عەمەلی بۆ ژنان ڕێنیشاندەر بێت و شتێکی فۆرمالی نەبێت. لە ڕوانگەی پزیشکی و جەستەییەوە، پێویستە هەلی دەستنیشانکردنی حامیلەبوون و بڕیاردان و بەرنامەدانان بۆ ئەم کارە هەبێت. واقیعیەت ئەمەیە کە لە ڕوانگەی پزیشکییەوە لەباربردنی منداڵ بەر لە کاتێکی دیاریکراو ناعەمەلی و تەنانەت مەترسیداریشە. بەم جۆرە دەبێ مۆڵەتەکە هەم بە ئەندازەی پێویست کافی بێت، وە لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی ئیمکان سنووردار بێت. ڕووی مەسەلەکە بۆ ئێمە، کە مکردنەوەی مۆڵەتی لە باربردنەکەیە تا ئەوپەڕی، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و تواناییە پزیشکی و کۆمەڵایەتییەکان. ئێمە لە دیاریکردنی ماوەی ڕێگە پێدراو بۆ لەباربردنی منداڵ، تەشخیسی خۆمان نەکردووەتە پێوانە. بەڵکوو هەر لەم دنیا بۆرژوواییەدا، تەماشای نموونە ئینسانیتر و دڵسۆزترەکانمان کردووە و ئەم ژمارەیەی خۆمان لەوێوە هێناوە. لە ئەسکەندناڤیا مۆڵەت 12 هەفتەیە (لە هەندێ بەشی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشووشدا مۆڵەت هەر تا دوازدە هەفتەیی بوو. لە ئەڵمانیا، نەمسا، بەلژیک و یۆنان، ئایسلاندە و بڕێک وڵاتی تریش هەر وایە). ئێمەش هەر ئەمەمان بە پێوانە وەرگرتووە. وا دەرئەکەوێ کە لە وڵاتانی ئەورووپای باکووردا، نارەزایەتییەکی

بەرچاو لە دژی ئەم ماوەیە و بە قازانجی زیادکردنی لە ئارادا نییە. وا دیارە، ئەشێ ئەم مۆڵەتە 12 هەفتە بێت و ئیتر هەڵگرتنی قورسایی و لەباربردنی نهێنی لە ئارادا نەمینێ و بگەین بە هاوسەنگییەکی سیاسی لە نێوان خواستی ئازادیی لەباربردنی منداڵ و پارێزگاری هەرچی زیاتری کۆرپەلە. بۆچی کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ لێکولێنەوەیەکی ئاماری و شیکاریمان لەسەر ئاکامەکانی کەمکردنەوەی ئەو ماوەیە لە 12 هەفتەوە بۆ 11 هەفتە نییە، وە لە هیچ قسە و باس و دیالۆگێکی کۆمەڵایەتیدا، عەمەلیبوون و کارسازبوونی ژمارەیەکی کەمترمان نەسەلماندووە. لە ئێستادا ئامرازی ئەم کارەمان لەبەردەستدا نییە. بەم پێیە پەنا بۆ بچووکترین ژمارەیەک دەبەین، کە وڵاتێکی سەرمایەداری کە بە واقیعی وجودی هەیە، بە دەستییەوەی دابێت. ئەگەر کەسێک بڵێت، بۆچی 13 هەفتە، وە یان زیاتر نەبێت، ئەو کاتە وەڵامی من ئاوا دەبێت: ئەگەر دوازدە هەفتە بۆ کۆمەڵگای سوێد باش و عەمەلییە، ئەوا بۆ بەرنامەی ئێمەش باشە. ڕێگا بدەن ئەوانەی کە ئەیانەوێ ماوەکە زیاد بکەن بەڵگە و ڕەخنەکانی خۆیان نەک لەبەرامبەر بەرنامەی ئێمەدا، بەڵکوو لەبەرامبەر سیستەمی باو لە ئەسکەندناڤیادا بخەنە ڕوو، ئێمەش گوێ دەگرین و ئەگەر حەقانییەتێک لەم خواستەدا هەبێت، بێگومان دەرکی ئەکەین.

دەربارەی ساتی دەستپێکردنی ژیان و ساتی سەربەخۆیی ناسنامەی کۆرپەلە لە دایک، بێگومان من تەنها دەتوانم ڕای شەخسیی خۆم بڵێم. ئاشکرایە کە بەرنامەی حیزبێک شوێنی ئەم ڕادەربڕینانە نییە. لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکەوە ساتی دەستپێکردنی ژیانی ئینسانێکی تازە بە بڕوای من لەحزەی دەستپێکردنی حامیلەبوونە. واتە کاتێک کە کلیلی ڕەوتێکی تازەی بیۆلۆژیکی بادەدرێت و دابەشبوونی خانەیی دەست پێ دەکات. ئەمە خاڵی سەرەتای پەیدابوونی ئینسانێکی تازە و دیاریکراوە. خوێندنی باڵا و دکتۆرای بیۆلۆژی ناوێ بۆ ئەوەی کەسێک لەوە تێبگات کە دوای حامیلەبوون ئەگەر گیروگرفتێک ڕوو نەدات، ئەم ڕەوتە بە ئینسانێکی دیاریکراو لە دەرەوەی منداڵداندا کۆتایی پێ دێت. ئەمەی کە چەند ڕۆژێک لە تەمەنی ئەم ئینسانە لەناو لەشی دایکی گوزەراوە کە قەومەکان تەنها بە چاوی ڕووت ناتوانن ببینن، شتێک لە پەیوەند بە خاڵی دەستپێکردنی ئەم ژیانەوە ناگۆڕێت. ئەم وێنایەی کە لە چرکەیەکی بڕگەیەکی تایبەتیدا ڕۆحی ئینسانی لە ناو وجودی ئەم کۆمەڵە خانەیەدا چێنراوە، لەوە دڵخوازانەتر و ئایینی ترە کە بکرێ قبووڵ بکرێت. بەڵام هەر وەکوو وتم، بە ڕای من

باسی دوازدە هەفتەیی پەیوەندییەکی بەم پرسیارەوە نییە. لە هەر شوێنێکدا ئەم ڕەوتە بپچڕێت، ڕەوتی گەشەی ئینسانێکی تازە پچڕاوە. ڕاستە، ئەوەی کە ئەم کۆرپەلەیە لە چ قوناغێکدا دەست و قاچ و سەر و دڵی بۆ پەیدا دەبێت (کە زۆر بەر لە 12 هەفتەییە)، بە شێوەیەکی سرووشتی قورسایی دەخاتە سەر زەینی هەر ئینسانێک. بە بڕوای من هەر لەبەر ئەمە پەرەسەندنی شێوازەکانی وێنەگرتن، کۆمەک بە خەڵک دەکات، کە لێکدانەبڕاوی قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی ئینسان ببینن و زیاتر هەستی پێ بکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ لەباربردنی منداڵ لە لایان ببێتە کردارێکی تاڵتر و ناخۆشتر. بەڵام لە باسەکەی ئێمەدا سەبارەت بە ماوەی 12 هەفتەیی ئەم فاکتۆرانە دەوریان نییە. لە باربردنی منداڵ لە 6 هەفتەیی و 9 هەفتەییشدا لە ناوەڕۆکدا هەر هەمان واقیعییەتە. پچڕینی ڕەوتی گەشەی ئینسانێکە کە تەمەنی خۆی دەست پێ کردووە.

بابەتەکەی تر، واتە باسی سەربەخۆیی کۆرپەلە لە دایک، باسێکی بە تەواوی حوقووقییە، کە مۆری سیستەمی حوقووقیی سەردەمی خاوەندارێتی و بەتەوەرەبوونی فەردی پێوە دیارە. لە ڕوانگەی ماددییەوە، لە ڕوانگەی توانای مانەوەوە، ئێمە تەنانەت لە دەرەوەی منداڵدانیشدا لە یەکتری سەربەخۆ نین. کاتێک کەسێک بە تەنیا دەکەوێتە کێو و بیابان، یان دورگەیەکەوە، دەچن بە هانایەوە و "ڕزگاری" دەکەن و ئەیگێڕنەوە بۆ ناو کۆمەڵگای مرۆیی. باسی سەربەخۆیی لە دایک، لە واقیعدا باسی سەربەخۆیی ناسنامەی حوقووقی کۆرپەلەیە لە دایک، نەک توانای مانەوەی بەبێ دایک، کە ئەتوانێت بەپێی تەکنەلۆژیایەک کە هەیە، گۆڕانی بەسەردا بێت. کۆمەڵگای سەرمایەداری، تاکەکەسی بە یەکەی پایەیی بۆ پێناسەکردنی ماف دیاری کردووە. فەرز ئەوەیە، لەو ساتەوەی کە کۆرپەلە سەربەخۆ لە دایک پێناسە بکرێت، ئیتر وەکوو ئینسانێک دەبێتە خاوەنی مافە فەردییەکانی خۆی. ئەو کاتە لەم سیستەمە حوقووقییەدا، مافەکانی دایک و کۆرپەلە وەکوو دوو فەردی جیا لەیەک لەنێو یەک شوێنی هاوبەش و یەک قەڵەمڕەوی جەستەیی هاوبەشدا، لەگەڵ یەکتر ناکۆکی پەیدا دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر کۆرپەلە ئینسانێکی تر بێت، ئەو کاتە لەناوبردنی لە دیدگای یاسای ئەو کۆمەڵگایەوە بە قەتڵونەفس دەژمێردرێت. ئالێرەدایە کە ئەم ئەقڵییەتە دەبێ بگەڕێ و لەحزەی سەربەخۆیی بدۆزێتەوە. یەکێک کە خۆی بە داکۆکیکەری مافەکانی ژنان دەزانێت، دەبێ ڕێک وەکوو پارێزەرە زۆرزان و فێڵبازە ئەمەریکاییەکان لە دەعوا ماڵییەکاندا، ساتی سەربەخۆیی کۆرپەلە دوابخات و لەساتی لەدایکبوونی نزیک بکاتەوە: کۆرپەلە

"بەشێکە لە لەشی دایک"، ژن ئازادە هەر چییەک لە "لەشی خۆی" بکات. زەمانێک بوو کە کوشتنی منداڵ بەر لە ناوکبڕین بە قەتڵ نە ئەژمێردرا، چونکە هێشتا کۆرپەلە بە بوونەوەرێکی "سەربەخۆ" حساب نەدەکرا. بە هەر حاڵ ئەمانە فۆرموولبەندی باڵێکە. باڵی بەرامبەر کە خۆی بە پارێزەری کۆرپەی لەدایک نەبوو دادەنێ، بە پێچەوانەوە ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە ساتی سەربەخۆبوونی منداڵەکە بباتە پێشترەوە و توانای کۆرپەلە بۆ هاتنە دەرەوە لە منداڵدان و ڕاوەستان لەسەر پێی خۆی بسەلمێنێ. بە بڕوای من تەواوی چوارچێوەی ئەم باسە نابێ قەبووڵ بکرێت. بۆچی مرۆڤایەتی ناتوانێ ئەم پرۆسە شکۆدار و سەرسووڕهێنەرە و تێکڕای ئەم دیاردەی حامیلەبوون و لەدایکبوونە، وەکوو شکڵی کۆنکرێتی پەیدابوونی ئینسانێکی تازە سەیر بکات و سەرتاپای واقیعیاتی ئەم پرۆسەیە بە لێکهەڵپێکراوی قەبووڵ بکات. بۆچی دەبێ فۆرموولی ناکۆکی نێوان دایک و کۆرپەلە، مشتومڕ سەبارەت بە سنوورەکانی خاوەندارێتی هەردوو لا بەسەر خانەکانی منداڵدان و کۆرپەلەدا قەبووڵ بکرێت؟ بۆچی دەبێ دەرکی مرۆڤ دەربارەی دیاردەیەکی ئاوا بنەڕەتی و ئەبەدی و ئەزەلی لەسەر بنەمای دەستەواژەیەکی ئاوا دەورەیی و گوزار، لە چەشنی خاوەندارێتی و تیۆری لیبراڵی تاکەکەسی دابمەزرێت؟

سورەییا شەهابی: هەندێ کەسی تر (بەتایبەت بەشێک لە فێمینستەکان)، حیزب بەوە تاوانبار دەکەن کە لەبەر ئەوەی کۆرپەلە بە ئینسان دائەنێت، سەرەنجام دەبێ وەکوو ئایینداریەکان سپێرم (وە نەک سپێرم و هێلکە هەردووکیان) هەم بە پیرۆز بزانێ و هەم بە سەرچاوەی ژیان! ئەمانە ئەو ئەنجامگیرییە دەکەن: کەواتە بەپێی تێڕوانینی بەرنامە، دەبێ لە بنەڕەتدا بەرنامە دژی هەر جۆرە پێش پێ گرتنێک لە حامیلەبوون بێت.

مەنسوور حیکمەت: سپێرم وە هەروەها داوای لێبووردن ئەکەم هێلکەش، هیچ پیروزییەکی تایبەتییان نییە. باسەکە زۆر بە ڕۆشنی سەبارەت بە بوونەوەرێکی تازەیە کە بە یەکگرتنی ئەم دووانە هاتۆتە بوون و گەشەی خۆی دەست پێ کردووە. بەڵام باسی ڕێزدانان بۆ ژیانی ئینسانی، باسێکی بایۆلۆژی نییە. باسێکی فەلسەفییە. یان باشتر بڵێم، ڕێزدانان بۆ ژیانی بایۆلۆژی، ڕەنگدانەوەی ڕێزدانانی فەلسەفییە بۆ ژیان. ڕێزدانانە بۆ پۆتانسێل و ناوەڕۆکی ژیانی ئینسانی. ئەم ڕێزدانانە نیشانەی ژیریی ئینسانە نەک پەنابردن (تەوەکەل) و خورافەی دینی. ئەگەر ژیانی ئینسانی بە هەر

شێوەیەک بێ حورمەت بکرێت، ژیانی ئینسانە کۆنکرێتەکانیش، ئەو ئینسانانەی کە بە واقیعی مەوجوودن، بێ نرخ دەکرێت. ژیانی ئینسانی نە دابەشکردن هەڵئەگرێ و نە پلەپلەکردن. هیچ پەیوەندییەکی بە سەربەخۆیی و بزووتن و جم وجووڵ و تەمەن و هەست و ڕەنگ و ڕەگەز و میللەت و کات و شوێن و لەشساغی یا نوقسانی ئینسانەکانەوە نییە. باسی ئێمە، لانیکەم باسی من وەکوو نووسەری بەرنامەی حیزب، ئەمە نییە کە ئێمە دەبێ هێلکەی پیتراو و خانەکانی سەروەختی دابەشبوون بە "پیرۆز" بزانین. باسەکەی من ئەمەیە، کۆمەڵگایەک کە دەرهێنانی کۆرپەلە لە سکی دایکدا و پچڕینی ڕەوتی ژیانێک کە دەستی پێ کردووە تەحەمول دەکات و هیچ ڕێگرییەکی بۆ دانانێت، چ جای ئەوەی کە وەکوو ڕێگای پێشگرتن لە زیادبوونی دانیشتووان، مەرجی درێژەدانی ژن بە خوێندن، مەرجی خۆلادان لە هەژاری و شتی تریشی دایبنێت، هیچ نرخێک بۆ ئەو ئینسانانەش دانانێت کە لەبار نەبراون. بە سووک سەیرکردنی کۆرپەلە، ڕەنگدانەوەی بە سووک سەیرکردنی ئێمەیە و ئەم بە سووک تەماشاکردنەش ئەچەسپێنێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان نەوەکانی دوای ئێمە شارستانێتی ئێمە دەخوێننەوە و لە بەرامبەر نەریتی لەباربردنی منداڵدا سەرسام دەبن. هەر بەو جۆرەی کە ئێمە لە بەرامبەر قوربانیکردنی لاوان لەبەردەم بارەگای خواوەندەکاندا و سووتاندنی "ژنە جادووگەرەکان" کە لە ڕۆژی خۆیدا ئەم کارانە بە هەمان ئەندازە بە پێویست ئەزانران بۆ وەڵامدانەوە بە گرانی و نەهاتی و تەنگانە ئابووری و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا، سەرمان دەسووڕمێ. ئەوانیش ئەم نەریتە وەکوو نیشانەی درندەیی ئێمە و بێ نرخیی ئینسان لە سەردەمی ئێمەدا سەیر دەکەن. وە لە وەڵامی دوا خاڵدا ڕێگا بدەن بپرسم: چ کەسێک زیاتر بە خەمی پێشخستن و پەرەپێدانی شێوازەکانی پێشگرتن بە حامیلەبوونە، ئەو کەسەی کە دەیەوێ لەباربردنی منداڵ وەکوو کارێکی تاڵ و ناخۆش خۆتی لێ لابدەیت، یان ئەو کەسەی کە لەباربردنی منداڵ وەکوو ڕێگا چارەیەکی بێخەوش و قابیلی قبووڵ، ئیتر بۆ منداڵنەبوون و کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتووان چاو لێ دەکات؟

سورەییا شەهابی: لە سبەینێی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراندا، کاتێک داواکارییەکانی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران وەکوو قانوون پەسەند بکرێن و لەباربردنی منداڵ قانوونی ببێتەوە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە دەمودەست ئاماری لەباربردنی منداڵ بچێتە سەرەوە. پەسەندکردنی قانوونی ئازادیی لەباربردنی منداڵ

هەنگاوێکی دەسبەجێیە و دەوڵەت ئەرکێتی جێبەجێی بکات و لەبەرچاوی بگرێت، لەحاڵێکدا کە فێرکاریی بەرفراوانی ڕێگاکانی پێشگرتن و فێرکاریی جنسی و ڕەخساندنی ئیمکاناتی پەیوەندیی جنسیی ساغ و پارێزراو، پرۆسەیەکی دووروودرێژترە و پێویستی بە کات دەبێ، ئایا ئەم زیادبوونە دەسبەجێیەی ئاماری لە باربردنی منداڵ لەگەڵ ئامانجی بەرنامەدا ناکۆک نییە، کە کەمکرنەوەی حاڵەتەکانی لە باربەردنی منداڵە، وە ئایا لە بەرامبەردا، نەیارانی لەباربردنی منداڵ لەسەر حەق نین، کە ڕەخنە لە جێبەجێکردنی دەسبەجێی ئەم بەندەی بەرنامە بگرن؟

مەنسوور حیکمەت: یەکەم، ئەوەی کە ئاماری منداڵانی لەباربراو تەنانەت لە کورتماوەشدا ئەچێتە سەرەوە، حەتمی نییە. بە بڕوای من ناچێتە سەرەوە، چونکە ئەو پێوانانەی کە دەبێ لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن، ئاماری کرداری لەباربردنی منداڵ لە ماوەی پێش قانوونیبوونەوە و پاش قانوونیبوونەوەدا نییە، بەڵکوو دەبێ کۆی منداڵ لەباربردنەکان (بە فەرمی و نهێنییەوە) و "منداڵ فڕێدانەکان" لە لایەن خودی دایکەوە، لەو دوو دەورەیەدا لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن. لە ئێراندا حاڵەتەکانی منداڵ فڕێدان لە لایەن خودی دایکەوە، لە ڕێگەی هەڵگرتنی شتی قورس و خۆبەردانەوە و شتی ترەوە زۆر زۆرە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم کردارە بووەتە بەشێک لە فۆلکلۆری ئەم وڵاتە. ئەم حاڵەتانەی "لە باربردنی منداڵ" لە هیچ جێگایەک تۆمار ناکرێن. قانوونیکردنی لەباربردنی منداڵ، ئاماری چوونە لای پزیشک بۆ لەباربردنی منداڵ بەرەو سەر دەبات، بەڵام لەبەرامبەردا ئاماری ئەم جۆرە منداڵ فڕێدانانە کەمتر دەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە، کەمبوونەوەی حاڵەتەکانی منداڵ فڕێدان، یان لەباربردنە نهێنییەکانی منداڵ بە قازانجی لەباربردنی یاسایی منداڵ، کۆمەک بەوە دەکات کە ئەم ژنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەندێ دەزگا و ئۆرگاندا بکەن، کە بە گوێرەی بەرنامەی ئێمە، کاریان کۆمەککردن بە وان و پارێزگاریی ماددی و مەعنەوییە لێیان، وە یەکێک لە کارەکانی ئەم ئۆرگانانە، هەوڵدانە بۆ هاندانی دایکان، تا منداڵەکانیان لەبار نەبەن و مافەکانی دایک و منداڵ و ئەرکەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایان بەرامبەر بە وان بۆ ڕۆشن بکەنەوە. ئەوە شتێکی چاوەڕوان کراوە کە ڕێژەیەک لەو ژنانەی کە دەچن بۆ لایان، ئامادە بن واز لە منداڵ لەباربردنەکەیان بهێنن. من ئەو خەملاندنە ئامارییەی تۆ، لە ئاکامەکانی یاسایی بوونەوەی منداڵ لەباربردن، بە موحتەمەل نازانم.

دووەم: هەر وەکوو وتت بەرنامەی ئێمە، بە تەنها باس لە قانوونی بوونەوەی لەباربردنی منداڵ ناکات، بەڵکوو کۆمەڵێک هەنگاوی دەمودەست و حەیاتی بۆ ساغڕاگرتن و پارێزراوکردنی پەیوەندی جنسی و بەرینکردنەوەی بەکاربردنی پێداویستییەکانی پێشگیری حامیلەبوون تێدایە. ئەوەم قەبووڵە کە گۆڕینی پەیوەندیی جنسیی ئازاد و ساغ و پارێزراو بە بەشێکی جێگیر و سەلمێنراوی فەرهەنگی کۆمەڵگا حەتمەن کاتی دەوێ. بەڵام چەند بەرابەرکردنی بەکارهێنانی هۆیەکانی پێشگیری و کەڵکوەرگرتنی زیاتر لە کاندۆم و ئای. یو. دی(I. U. D)، کاتێک کە دابینکردنی خۆڕایی ئەمانە ببێتە سیاسەتی دەوڵەت، کاتێکی زۆری ناوێ. ئەکرێ ئاماری حامیلەبوونی نەخوازراو بە خێرایی بهێنرێتە خوارەوە. کاتێک قسە دێتە سەر بەرقەرارکردنی شێواز و پێوانە و نەریتە مودێرنەکان لە ئێراندا، زۆر کەس دەستبەجێ وێنای گوندنشینە دوورەکان لە خەڵکی ئێران بەدەستەوە دەدەن و ناڵەیان لێ بەرز دەبێتەوە کە خەڵکی "فەرهەنگی ئەمەیان نییە". بەڵام ئێران بە گشتی کۆمەڵگایەکی شارییە، زۆربەی ئەم خەڵکە لاوانێکن کە دەچنە قوتابخانە و تەنانەت ئەگەر دانیشتووانی دێهاتە دوورەکانیش بن، بیر و هۆشیان بەلای شار و ئەلگۆ هاوچەرخەکانی ژیانەوەیە. خەڵکی ئێران، "میللەتی" ڕۆژنامەی تەوفیق و "ئۆمەتی" جەماعەتی خومەینی نین. ئەندامی کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارین لە دوادوایی سەدەی بیستەمدا و لە کوورەی گۆڕانگارییە هونەری و کۆمۆنیکاسیۆنییەکانی ئەم سەردەمەدان. کەمپینی فێرکاریی جنسی و پەرەپێدانی هۆیەکانی پێشگیری حامیلەبوون لە ئێراندا بە ڕای من، لە ئاستێکی زۆر باڵادا دەچێتە پێشەوە. هەڵبەتە دەبێت واقیعیەتێک لەبەرچاو بگیرێت. ئەم کارە بەبێ خەباتێکی لێبڕاوانە لە دژی ئیسلامییەکان و کۆنەپەرستان عەمەلی نییە. ڕەوتێک دەتوانێ ئەم بەرنامەیە بەدەستەوە بگرێت، کە لە ڕووی سیاسییەوە، پابەندی خەباتێکی لێبڕاوانە لە دژی دەمارگیریی ئایینی و کۆنەپەرستان بێت. وە ئەمە بەر لە هەر کەسێک، کاری چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکانە.

بە هەر حاڵ، کەمکرنەوەی حاڵەتەکانی لەباربردنی منداڵ لە گرەوی دوو فاکتەری سەرەکیدایە: یەکەم، پەرەگرتنی پەیوەندیی جنسیی ساغ و پارێزراو و دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ئیمکاناتی خۆڕایی و گونجاوی مەنع و دووەم، خەبات لە دژی پیاوسالاری و دژەژنی نەک تەنها لە بیروباوەڕدا، بەڵکوو لە پەیوەندییە

ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، بە جۆرێک کە حامیلەبوون و منداڵبوون و دایکایەتی، بچووکترین کاریگەری خراپ لەسەر مەوقیعیەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، پیشەیی و مەعنەویی ژنان لە کۆمەڵگا و لە خێزاندا دانەنێت و منداڵداری ببێتە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بەرنامەڕێژکراوی خەڵک و ڕووداوێکی دڵخۆشکەر لە ژیانی ئەواندا. قانوونی بوونەوەی لەباربردنی منداڵ، کۆڵەکەیەکی سیاسەتێکی هەمەلایەنەیە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە و پێویستە وەکوو بەشێک لەناو ئەم گشتەدا سەیر بکرێ، نەک وەکوو هەنگاوێکی تاقانە و سەربەخۆ.

سورەییا شەهابی: بەرنامەی حیزب، لەباربردنی منداڵی بە "لەناوبردنی ئەنقەستی کۆرپەلەی ئینسانی" لەقەڵەم داوە، وە خۆشت لە قسەکانتدا ئاماژەت بۆ ئەوە کرد، کە لەباربردنی منداڵ لە هەر تەمەنێکدا بێت "بچرینی ڕەوتی گەشەی مرۆڤێکە کە تەمەنی خۆی دەست پێ کردووە". کەسانێک لەم پێناسەیە ئەم ئەنجامگیرییە دەکەن، کە ئەنجامدانی لەباربردنی منداڵ لە دیدگای بەرنامەی حیزبەوە تاوانە و ئەو دایکەی کە بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کارێکی وا دەدات، دەکەوێتە خانەی تاوانبارێکەوە کە قەتڵی بە ئەنقەستی ئەنجام داوە و ئەمەش بێ ئینسافییە!

مەنسوور حیکمەت: ئەم قسەیە، کە لە باربردنی منداڵ بچڕاندنی ڕەوتی گەشەی مرۆڤێکە کە ژیانی خۆی دەست پێ کردووە، لەگەڵ ئەم بانگەشەیەی کە دایک قەتڵی بە ئەنقەستی کردووە، یا تاوانێکی ئەنجام داوە، ئاسمان و ڕێسمان لێک دوورن. لکاندنی ئەم دووانە بە یەکەوە، نە نیشانەی هەوڵی دڵسۆزانەیە بۆ تێگەیشتنی مەسەلەکە و نە تەبلیغێکی کاریگەرە لە دژی فۆرموولبەندییەکەی بەرنامەی ئێمە. ئەمە خۆدزینەوەیە لە ئەسڵی باسەکە. بە ڕای من کەسێک کە لەباربردنی منداڵ لە ڕووی مەبدەئییەوە بە کارێکی بێ خەوش دادەنێ، پێویستە هەر ئەمە بڵێ و بە ڕاشکاویش بەرگری لێ بکات. بە خۆتاوانبارکردن لە قسەی خەڵکانی ترەوە و دواتر خۆگیڤکردنەوە، وەڵامی مەسەلەکە نادرێتەوە. سەرەنجام ئەم جۆرە ناڕەزایەتییە، یەک شت دەگەیەنێ، مانای ئەم ناڕەزایەتییە ئەوەیە، کە ئەگەر ڕۆژێک بۆ ئەم ڕەخنەگرە بسەلمێنرێت کە منداڵ درێژکراوەی سروشتیی کۆرپەلەیە و کۆرپەلەش بە ناچاری دەسپێکی مرۆڤێکە، ئەو دەمە خودی ئەو کەسە، لەباربردنی منداڵ بە قەتڵ و تاوان دادەنێت، وە ئەمە بۆ لایەنگرێکی لەباربردنی منداڵ، ناتوانێت هەڵوێستێکی پتەو بێت.

هەر چونێک بێت، بە بڕوای من، ناوبردنی منداڵ لەباربردن بە تاوان، یان قەتڵ "لە چوارچێوەیەکی زەمەنیدا کە لە یاساکانی ئەمڕۆی ئەورووپادا باوە" ڕاست نییە، چونکە تاوان و قەتڵ دەستەواژەیەکی حوقووقین و پێناسەیەکی کومەڵایەتییان هەیە نەک شەخسی. هەر کەسێک پێویستە لە چوارچێوەی نەریت و سوننەتەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆیدا داوەری لەسەر بکرێت. کۆمەڵگا هەموو شێوەکانی لەناوبردنی مرۆڤ لە سەردەمی ئێمەدا بە قەتڵ ناو نابات. واقیعیەت ئەمەیە، ئینسانەکان لەم دنیایەدا خەریکن بە گەلێک شێوازی جۆراوجۆر یەکتری لە مافی ژیان مەحرووم دەکەن. سەربازێک کە لە جەنگدا ئینسان دەکوژێت، ئەندامێکی دەستەیەکی دادوەری کە دەنگ بە حوکمی ئیعدامی کەسێک دەدات، پزیشکێک کە لە ڕووی سۆز و بەزەیی و میهرەبانییەوە مەرگی نەخۆشێک کە لە سەرەمەرگدایە پێش دەخات. دەوڵەتێک کە وێڕای ئاگاداریی وردی لەوەی کە ئاماری مردن چەندێک دەچێتە سەرەوە، بیمەی تەندروستی کەم دەکاتەوە. کەسێک کە دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتیی ئێستگەی ئەتۆمی کەم دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت ئەمە ئاماری شێرپەنجەی خوێن لەنێو منداڵانی ئەو دەوروبەرەدا دەباتە سەرەوە. سەرەک کۆمارێک کە حوکمی بۆمبباران‌ی جێگایەک دەردەکات، پارتیزانێک یا تیرۆریستێک کە بۆمبێک ئەنێتەوە، ئەمانە هەر هەموویان ئاگایانە لە کوشتنی ئینسانە واقیعییەکاندا بەشداری دەکەن. بەڵام کۆمەڵگا مەرج نییە هەموو ئەم کارانە بە قەتڵ و ئەنجامدەرانیشیان بە قاتڵ بژمێرێ. تێڕوانینی شەخسیی ئێمە ئەکرێ لەگەڵ تێڕوانینی کۆمەڵگادا جیاواز بێت. تێڕوانینی شەخسیی ئێمە، ئەکرێ پشتی بە پرانسیپێکی مرۆیی ڕەهای ئەوتۆ بەستبێ، کە هیچ لێکدانەوە و ئەملا و ئەولایەک هەڵنەگرێ. تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی کە تاوان چییە، ڕێژەییە و لە ڕووی مێژووییەوە مەرجدارە و لە گۆڕاندایە. سەردەمێک بوو، کوشتنی منداڵ و هاوسەر لە لایەن پیاوەوە بە تاوان نە ئەژمێردرا. جەنابی ئیبراهیمی خەلیل لە ئیسلام و جولەکەدا، بڕیار بوو بە ڕۆژی ڕووناک کوڕەکەی خۆی لە ئۆپەراسیۆنێکی درندانەی خواناسیدا سەر ببڕێت، کە خۆشبەختانە وەکوو سیاوش مودەریسی دەڵێت، لە ئاخرین چرکەدا ئاشکرا دەبێت، کە خوداوەند گاڵتەی کردووە و مەبەستی تەنها تاقیکردنەوەی ئەو بووە. هەر لەم دنیایەدا و نە لە ڕابردوویەکی زۆر دووریشدا، کوشتنی دیلەکانی شەڕ و کۆیلەکان تاوان نەبوو، هەتا ساڵانی حەفتاکانی هەر ئەم سەدەیەی ئێمە، هەڵواسین و لە سێدارەدانی ڕەشەکان لە لایەن نەژادپەرستە

سپییەکانەوە لە ئەمەریکا بە قەتڵ حیساب نەدەکرا. کەسێک بە هۆی کوشتاری هێرۆشیما و ناکازاکییەوە "ترومن"ی بە قاتیل نە ژماردووە. لە ئەمەریکا کتێبخانە بە ناوی ئەم بەشەرەوە هەیە. تێڕوانینی ئەخلاقی و حوقووقی کۆمەڵگا بۆ کردەوەیەک، ڕەنگدانەوەی حەساسییەتی مەعنەوی و سۆزداریی کۆمەڵگایە بەرامبەر بەو کردەوەیە لەو سەردەمە تایبەتەدا. ئەم حەساسییەتە تەنانەت لە یەک دەورەیەکیشدا لە قەڵەمڕەوە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە. ئەم حەساسییەتە و ئەم کاردانەوە ئەخلاقی و عاتیفییە، وە بێگومان ئاکامە حوقووقییەکانیشی، ئەبەدی نییە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. زۆرێک لە کردار و شێوازەکانی ئەمڕۆی ئێمە، نەوەکانی دوای ئێمە بێزیان لێ دەکەنەوە. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە مەعریفە و تێڕوانینی عاتیفیی کۆمەڵگا بۆ مەسەلەکان، پێویستە بە شێوەیەکی واقیعی و لە ماوەی چەند نەوەیەک لە ئینسانە واقیعییەکاندا ڕوو بدات. من زۆر بە توندی دژی سزای ئیعدامم، بە بڕوای من سزای ئیعدام لە ناوەڕۆکدا ئینسانکوژییەکی بە ئەنقەستە و نەخشەمەندانەیە. بەڵام ناتوانم بە ئارەزووی خۆم دەستەیەکی دادوەری کە لە ئەمەریکا دەنگ بە تاوانبارکردن یا ئیعدامی تاوانبارێک دەدات، بە قاتیل دابنێم. چونکە کۆمەڵگا، وە بێگومان خودی ئەوان، ئەم پێناسەیەیان بۆ کارەکەیان نییە. ژنێک کە دەست بۆ لەباربردنی منداڵ دەبات بەدڵنیاییەوە لە ڕوانگەی خۆیەوە کۆرپەلە بە ئینسانێک، یاخود بە ئینسانێکی تەواو دانانێت، وە لە فەرهەنگ و یاسای کۆمەڵگاوە، وێنایەکی خراپ لەسەر کرداری منداڵ لەباربردن وەرناگرێ.

بە هەر حاڵ، هەر وەکوو وتم، ئێمە منداڵ لەباربردنمان بە قەتڵ و تاوان ناو نەبردووە، وە خوازیاری قانوونیکردنی لەباربردنی منداڵین تا ڕادەیەکی فراوانتر لەوەی کە لە یاساکانی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوادا هەیە. بەڵام ئەمەی کە کۆرپەلە قوناغێکە لە ژیانی ئینسانێکی دیاریکراو کە هەر ئێستا پێی ناوەتە ناو ژیانەوە، حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە. ئەگەر ئەم حەقیقەتە ئەبێتە مایەی ئازاردانی ویژدانی کەسێک لە منداڵ لەباربردندا، خەتای ئیمە نییە. ئەو چاوەڕوانییەی، کە ئێمە لە پێناوی ئاسوودەکردنی ویژدانی کەسانێکدا کە نیازی لەباربردنی منداڵیان هەیە، بێین ئەم ڕاستییە لە فیکرماندا بسڕینەوە و بۆ نموونە وا نیشان بدەین کە حاجیی لەقلەق کۆرپەلە ئەهێنێت، زیادە ڕەوییە.

سورەییا شەهابی: لە هەندێ وڵات، بۆ نموونە لە بەریتانیادا، بەخشینی ئیجازەی لەباربردنی منداڵ بە پزیشک سپێردراوە، تا لەسەر بنچینەی دیاریکردنی سەلامەتیی جەستەیی و دەروونیی دایکەکە، ئەم ئیجازەیەی پێ بدات و ئەمەش بووەتە مایەی نارەزایەتیی زۆرێک لە پزیشکان. لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا ئیجازەی لەباربردنی منداڵ بە دایک سپێردراوە. "ئیجازەی پزیشک" یا "بڕیاری دایک"؟ ئایا ئەم بەرامبەرکێیە هیچ جێگایەکی لەبەرنامەی حیزبدا هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە ئایا سپاردنی ئیجازەی لەباربردنی منداڵ بە ئیجازەپێدانی پزیشک، هیچ جێگایەکی لە باسەکانی پەیوەست بە لەباربردنی منداڵ لە بەرنامەی حیزبدا هەبوو، وە ئەگەر نەیبوو، بۆچی؟

مەنسوور حیکمەت: دەستەواژەی ئیجازەی پزیشک، تەنها بۆ لەباربردنی منداڵ لەدوای دوازدە هەفتەییەوە نەبێ، سەرەتا لە نووسینی دەقی بەرنامەدا مەترەح نەبوو، چونکە ڕووی مەسەلەکە بەو جۆرەی کە بە واقیعی لە هەموو وڵاتەکاندا هەیە، هەڵبژاردن و بڕیاردان لەدەستی ژندایە. بزووتنەوەی قانوونیکردنی لەباربردنی منداڵ، بزووتنەوەیەکە بۆ دانی ئەم مافە و ئەم هەڵبژاردنە بە ژن. باسی تەشخیسدانی پزیشک دەربارەی مەترسیی ئازاریی جەستەیی و دەروونی حامیلەبوون بۆ ژنان، ڕێگایەکە، کە لە هەندێ وڵاتدا هەوڵیان داوە لەباربردنی منداڵ بە عەمەلی قانوونی بکەنەوە، بەبێ ئەوەی کە بە فەرمی دان بە موجازبوونی ئەم کارەدا بنێن. بە تایبەتی وشەی "مەترسیی ئازاریی دەروونی" بەم مەبەستە دانراوە کە بوار بۆ لێکدانەوە بهێڵێتەوە و بە عەمەلیی پزیشک سەرپشک بکات، کە مۆری پشتیوانی لە خواستی ژن بۆ لەباربردنی منداڵ بدات. ئەمە سیستەمێکە کە هەر ئەمڕۆ لە بەریتانیادا کاری پێ دەکرێ. لە ڕووی عەمەلییەوە، لەباربردنی منداڵ لە بەریتانیادا دەشێ بکرێ و بە خواستی ژن ئەنجام دەدرێت. بەڵام لە ڕووی حوقووقییەوە، ئەوە پزیشکە کە بڕیاری لەسەر ئەدات. ئەگەر پزیشکێک پشتیوانی لە داواکاری ژنەکە بۆ لەباربردنی منداڵ نەکات، کە هەڵبەتە هەندێ جار ڕوو دەدات، ژنەکە دەچێتە لای پزیشکێکی تر و مۆری پشتیوانی لەو وەردەگرێ. ئەم شێوازە ڕیاکارانەیە ئەمڕۆ، هەم دەنگی خەڵک و هەم دەنگی پزیشکەکانیشی بەرز کردووەتەوە. ئەگەر پزیشکەکە کەسێکی دژی لەباربردنی منداڵ بێت، لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا دژواری زۆر ئەهێنێتە ڕێی ژنەکە و کارەکەی دوا ئەخات. بە وتەیەکی تر بەپێی پێوانە ئەخلاقییەکانی پزیشکی ئەو شوێنە،

هاوولاتیانی بەریتانیا لە مەسەلەی لەباربردنی منداڵدا لە ماف و ئیمکاناتی جیاواز یەهرەمەندن. لە لایەکی ترەوە، پزیشکەکان بە ڕاستی ناڕەزایەتی دەردەبڕن، کە کاری ئەوان نەک تەشخیسدانی پزیشکی، بەڵکوو بووەتە ڕێنماییەکی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان. کارێک کە دەبووایە ئەرکی یاسا بووایە. ئەمە مەوقیعیەتێکی غەیرە ئەخلاقی و ڕیاکارانەی بەسەر پزیشکەکاندا سەپاندووە، بە موخالیفان و لایەنگرانی لەباربردنی منداڵەوە. ئەڵێن ئەگەر لەباربردنی منداڵ کارێکی یاساییە، ئەوا دەبێت بڕیار لەسەر دانیشی هەر لە لایەن خودی ژنەوە بێت. هەڵوێستی ئێمەش هەر ئەمەیە.

سورەییا شەهابی: پێشتر وتت ناوبردنی ئیجازەی لە باربردنی منداڵ بە "مافی هەڵبژاردن"، شتێکە لە چەشنی ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان کەوتنەخوارەوە و خۆخستنەخوارە لە بەرزاییەکەوە. هەندێک لە فێمینیستەکان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مافی لەباربردنی منداڵ، یەکێکە لە گرنگترین ئەو مافانەی کە ئیمکانی هەڵبژاردن بە ژنان دەدات. هەڵبژاردنی بوون و نەبوون بە دایک، وە هەڵبژاردنی کاتی بوون بە دایک.

مەنسوور حیکمەت: من لەگەڵ تێڕوانینی بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی فێمینستیدا، لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتیی ژن و خۆهۆشیاری ژن گرفتم هەیە. ئەمانە ژن بە توێژێک، یان گروپێکی کەمایەتی وێنا دەکەن، کە دەبێ مافە پیشەییەکانی خۆی وەربگرێ و بچێت بە لای کارییەوە و ئیتر هەقی بەسەر دنیا و مەسەلەی کۆنترۆڵی چارەنووسی جیهان و کۆمەڵگای ئینسانییەوە نەبێت. بە بڕوای من لە باسی لەباربردنی منداڵدا، ژن کەمایەتییەکی خاوەن دەعوا و مەحرووم نییە کە قەرارە پاداشتی خۆی لە شێوەی ئیجازەی لەباربردنی منداڵدا وەربگرێتەوە و بڕوا و ئیتر کاری بەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی، مەعنەوی، فەلسەفی و مێژووییەکانی ئەم گرفتەوە نەبێت. لە وێنای ئەمانەدا، ژن هەمیشە لە باسی لەباربردنی منداڵدا، تەنها لە شێوەی کڕیارێکی حامیلەی کلینیکدا خۆی دەنوێنێ، نەک ڕابەری کۆمەڵگا، نەک فەیلەسوف و ئایدیۆلۆژێ کە دەبێ سەرەنجام سەبارەت بە ژیان و ناسنامەی مرۆیی کۆرپەلە و حورمەتی مرۆیی و شتی تر خاوەن ڕا بێت، نەک مرۆڤێک کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژنە، یان پیاو دەتوانێ سەبارەت بەم مەسەلانە ڕا و بۆچوونی هەبێ و بە مەسەلەی خۆی بزانێ و بییەوێ دنیا بە ئاقارێکی تایبەتیدا بەرێت. لە مەکتەبی ئەمانەدا ژن حامیلەیەکە کە نایەوێ حامیلە بێت، وە ئیتر کارێکی بەم مەسەلانەی ترەوە نییە. بە

بڕوای من ئەم فێمینیزمە ڕووی دووەمی پیاوسالارییە، کە ئەویش بە هەمان شێوە ژن لە دەخاڵەتکردن لەم مەیدانەدا دوور دەخاتەوە، وە ئەم دووانە دوو دیوی یەک پارەن. لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆدا، بۆ ژنێک کە تەنها بەشێک لە کەمایەتییەکی دووگیانی کۆمەڵگا نییە و وەکوو ئینسان مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کۆمەڵگا و ژیان و حورمەتی ئینسانی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیدا دەکات، ئیجازەی لەباربردنی منداڵ مافی بڕیاردانێکی ئەوتۆ نییە. ئازادی لەباربردنی منداڵ وەکوو حەبی سیانور وایە، کە چریکەکان لە زەمانی شادا لەگەڵ خۆیان هەڵیان دەگرت. ئیمکانێکە بۆ دەرچوونێکی دەردناک، لە ڕووداوێکی دەردناکتر. ئیجازەی لەباربردنی منداڵ لە چەشنی ئیجازەی خۆکوژییە. ئازادیی لەباربردنی منداڵ، ئیجازەی لەبەینبردنی کۆرپەلەی خۆتە، بۆ خۆلادان لە ئاکامە خراپەکانی منداڵداری لەم کۆمەڵگایەی ئێستادا. ئازادیی لەباربردنی منداڵ بووەتە زەروورەتێک لەبەر ئەوەی زۆرێک لە ئازادییە ئینسانییەکان لە ژنان زەوت کراوە. مافی بەهرەمەندبوون لە زانستی جنسی، ئازادیی کەڵکوەرگرتن لە هۆیەکانی مەنعی سەد لەسەد سالم و بێ خەتەر، ئازادیی ڕزگاربوون لە ئەخلاقی ئایینی و پیاوسالارانە لە پەیوەندیی جنسیدا، ئازادیی پەیوەندیی جنسی ئاوەڵا و ئازاد کە ژن لەو پەیوەندییەدا ئازادیی تەواوی لە ڕەفتاری جنسیی خۆیدا هەبێت، مافی ئەوەی ئازاد بێت لەوەی کە منداڵت هەبێت و جێگاوشوێنی ئابووری و کارەکەت پارێزراو بێت، ئازادیی ئەوەی، کە بەبێ ئەوەی لەژێر گوشاری ئابووری و ئەخلاقی و فەرهەنگیدا، ناچار بە هاوسەرگیری و ژیانی هاوبەش لەگەڵ مێرددا بیت، منداڵت هەبێت. ئازادیی کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی خۆڕایی و گونجاو بۆ بەخێوکردنی منداڵ. ئازادیی لەوەی، منداڵت هەبێت و ژیانی کۆمەڵایەتیت هەبێت. مافی پارێزراوبوون لە دەستدرێژیی جنسی چ لە خێزان و چ لە دەرەوەیدا. ئازادیی هەڵبژاردنی دایکایەتی، بەبێ ئەوەی کە ژیان و خۆشگوزەرانی و بەختیاری خۆت وەکوو ژنێک و ئینسانێک فیدا بکەیت. ئازادیی لەوەی، ببیت بە دایک و خۆشگوزەرانی و تەندروستی و فێرکاری و ڕابواردنی منداڵەکەت زامن بێت.

لە نەبوونی ئەم مافانەدایە کە ژن لە مەوقیعییەتی "هەڵبژاردنی" لەباربردنی منداڵدا خۆی دەبینێتەوە. لەم بارەیەوە پێویستە خاڵێکمان لا ڕۆشن بێت. خودی حامیلەبوونی ژن بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیەوە، بەو مانایەیە کە نەیتوانیوە ئیرادەی خۆی بۆ دایکایەتیکردن و نەکردن، وە هەڵبژاردنی کاتی دایکایەتییەکەی لەناو هەمان پرۆسەدا

که مرۆڤ تیایدا حامیله دەبێت، واته پەیوەندی جنسی، پیاده بکات. ئەگەر قەراره ژن کۆنترۆڵی بەسەر هەڵبژاردنی دایکایەتی و کاتی دایکایەتییەکەیدا هەبێت، ئەوا پێویسته ئیراده و کۆنترۆڵی له قەڵەمڕەوی پەیوەندیی جنسیدا هەبێت. ئەمە به مانای بەهرەمەندبوونه له زانیاریی جنسی، به مانای دەستڕاگەیشتنه به هۆیەکانی مەنعی ساغ و بێ خەتەر و بەشداریکردنێتی له پەیوەندییەکی جنسیی یەکسان و ئازاد و ئارەزوومەندانه و دوور له هەر جۆره گوشار و زۆر و ئیجبارکردنێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. بێگومان کوشتنی کۆرپەله ڕێگایەکه بۆ بەرگرتن له بوون به دایکی ژن، بەڵام ژنێک بەم شێوازه دایکایەتینەکردن "هەڵدەبژێرێت"، که پێشتر نەیتوانیبێت، ئازادانه ژنبوونی خۆی تاقی بکاتەوه.

سورەییا شەهابی: هەندێک لەو باوەڕەدان، هەر فۆرموولبەندییەک که مافی لەباربردنی منداڵ نەک به "پۆزەتیڤ" بەڵکوو به "نێگەتیڤ" لێک بداتەوه، ئەم مافه سنووردار دەکات و به عەمەلی وا له ژنان دەکات که له گشت هەلومەرجێکدا کۆرپەلەکەیان بهێڵنەوه. ئەڵێن ئەم بەنده کەشێکی ئەخلاقی له بەرامبەر ئەم کارەدا پێک دێنێ، که له بەرژەوەندیی ژناندا نییه و دەستی کڵێسا و دین له سنووردارکردنەوەی مافی بڕیاردانی ژناندا ئاوەڵا دەکات.

مەنسوور حیکمەت: ئەم نموونەیه هەر هەمان تەبدیلکردنی ژنه به هەتیو و به کەمایەتییەکی پیشەیی ژێر چاودێری، که پێشتریش باسم کرد. ئەمانه ئەیانەوێ ژن، تەنانەت له چوارچێوەی باسکردن له ماهییەتی ئینسانی و فەلسەفیی لەباربردنی منداڵ بخەنه دەرەوه و حەقی بەسەریەوه نەبێت و هیچ نەڵێ و نەبیستێ. ئەیانەوێ "توێژی ژنان" تەنانەت له حەقیقەت دوور ڕابگرن و ڕێگرییان بۆ پێک بهێنن. تازه هەر لەم دنیا جیاکراوەیەی توێژی ژنانیشدا، هێشتا ڕۆشن نییه، بۆچی له پێناوی ئارام و ئاسوودەکردنی ویژدانی ئەو ژنانه که منداڵەکانیان لەبار ئەبەن، دەبێ ئەو ژنانەی که پێیان وایه لەباربردنی منداڵ هەر چۆنێک بێت کارێکی تاڵه، که دەبێ کۆمەڵگا ڕۆژێک لێی ڕزگاری بێت، بێدەنگ بن و له بەرامبەر یەکێک له گرنگترین گرفته فیکرییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بێدەنگ و بێ دەربەست بن. ئەگەر لەباربردنی منداڵ مافێکە، لێکۆڵینەوه و خستنەڕووی ڕاستیش مافێکی تره. ئەمانه هەردووکیان به قازانجی ژنانن. تەنانەت ئەگەر به قازانجی بڕێک له فێمینیستەکانیش نەبێت.

سەبارەت به مەسەلەی کڵێسا، ئەمەمان زۆر بەر گوێ دەکەوێ، که تێڕوانینی نێگەتیڤی بەرنامه سەبارەت به خودی کرداری لەباربردنی منداڵ، سەرباری خواستی قانونیبوونی، ئاو به ئاشی کڵێسا و باڵی ڕاستی ئایینیدا دەکات. ئەمە تێگەیشتنێکی له ئەندازه بەدەر لاوازه. نموونەی پێچەوانەی ئەمە، ئەکرێ له باسی پۆرنۆگرافی (فلیمی جنسی)دا ببینرێ. فێمینیزم و کڵێسا له بەرامبەر پۆرنۆگرافیدا، دوو هەڵوێستی تەواو لێک نزیکیان هەیه و تەنانەت له خۆپیشاندانەکاندا له تەنیشت یەکترەوه دەردەکەون. ئایا ئەکرێ بوترێ نارەزایەتیی فێمینیستەکان له بەرامبەر پۆرنۆگرافیدا، دەستی کڵێسا بۆ زیادکردنی گوشاری مێژوویی لەسەر ژنان و بۆ بەرگرتن به ئازادی و خۆدەرخستنی جنسیی ژنان ئاوەڵا دەکات؟ وه ئایا ئەم نزیکایەتییه، بەڵگەیەکی کافییه بۆ بێدەنگبوونی فێمینیزم له بەرامبەر مەسەلەی پۆرنۆگرافیدا؟

هەڵسەنگاندنی نێگەتیڤی خودی کردەی لەباربردنی منداڵ به تەنها قسەی ئێمه نییه. قسەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکییه. قسەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەیه که لەباربردنی منداڵ "هەڵدەبژێرن" و ئەشیانەوێ قانوونی بکرێتەوه. بۆچوونی کۆنکرێتی خەڵک سەبارەت به ناسنامەی ئینسانیی کۆرپەله هەر چییەک بێت، زۆربەی هەرە زۆری ئەوان هەست بەوه دەکەن، که ئەمە کارێکی دەردناک و نەخوازراوه و به هەر حاڵ پەیوەندی به پچڕاندنی ژیانی ئینسانەوه هەیه. ئەوه کڵێسایه که خۆی بەم سۆزه شەریفه ئینسانییەوه هەڵدەواسێ و بەم ئیعتباره ئەیەوێ بازاڕی خۆی گەرم ڕابگرێ. بگره ئەوه ئەم بێ سۆزی و بەکەم ڕاگرتنه بایۆلۆژیکی و پیشەگەراییه فێمینیستییەیە، که ڕێگەی ئەم ڕیاکاری و بەرزکردنەوەی ئالای ڕێز و ئیحترام بۆ ژیانی داوەته دەستی ئایین، واته یەکێک له ترسناکترین و دژی مرۆییترین دامەزراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.

وەرگێڕانی: بڕیار مەهدی
پێداچوونەوەی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
در باره سقط جنین
"همبستگی"، شماره های 73 و 74
اوت و سپتامبر 1997

بۆ کۆنگرەی یەکەمی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

هاورێیانی ئازیز!

بەرپاکردنی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە بەشداربووانی کۆنگرە و هەموو ئەندامان و هەڵسووڕاوانی حیزب پیرۆزبایی دەکەم. بە داخەوەم کە شانازیی بەشداریکردنی کۆنگرەم پێ نەبڕا. هەر لێرەدا زۆر سوپاسی مەکتەبی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەکەم کە منیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە بانگهێشت کرد.

هاورێیان! ئەوەی کە کۆنگرەی یەکەم بەکردەوە چ دەورێک لە ژیانی حیزبدا دەگێڕێ، ئەوە شتێکە کە ئێوە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دیاری دەکەن. بەڵام من وەکوو هەڵسووڕاوێکی ئەم بزووتنەوەیە و ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کۆمەڵێک ئومێد و چاوەڕوانی جیددیم لەم کۆنگرەیە هەیە.

ئێمە کە لە دەرەوەی کۆنگرە چاومان بڕیوەتە ئەم کۆبوونەوە مێژووییەی ئێوە، عەزم و ئیرادەیەکی یەکپارچە و ڕاوەستاومان لەم کۆنگرەیە دەوێ. ئاسۆیەکی ڕۆشن، ڕابەرییەکی هاوئاهەنگ، ئیرادەیەکی یەکپارچە بۆ هێنانەگۆڕی حیزبێکی توندوتۆڵ و بە دیسپلین و حەماسێکی بە تین و خێرا بۆ بەئاکامگەیاندنی بەرنامە، ئامانج و ئاواتەکانی ئەم بزووتنەوە ئینسانی و شۆڕشگێڕەمان دەوێ. ئێمە ڕاگەیاندنی دووبارەی ڕێکخراوێکی پڕشۆڕی شۆڕشگێڕمان دەوێت، کە عەزمی کردووە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە کۆتایی بە کابووسی خەڵکی عێراق بهێنێ.

کەم بزووتنەوە لە هەلومەجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاوا لەبار بۆ گەشە و هەڵدان بەهرەمەند بووە. شەش ساڵە دەڵێی مێژووی عێراق لە لوتف بە ئێمە زەمەنی ڕاگرتووە تا پێی بگەین. شەش ساڵە دەروازەی دەسەڵاتیان لە سەرتاسەری عێراق و بە تایبەتی لە کوردستاندا بە کراوەیی هێشتۆتەوە، تا بەڵکوو ئێمە بچینە ژوورەوە. خەڵکێکی تینووی ئاڵوگۆڕ، خەڵکێک کە بەشوێن هێزێکی چینایەتی ڕێکخراو و پێشرەوەوەیە کە ئیلهام لە داهاتوو وەربگرێ، ئەمانە زەمینەی کاری ئێمەن.

هاورێیان، سەیری ڕووداوەکانی ئێران بکەن، سەیری بار و دۆخی عێراق بکەن. پێکدادان و ئاڵوگۆڕی ئێجگار گرنگ بەڕێوەیە. ئێمە دەبێ کارێک بکەین کە کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری، مۆری خۆیان لەم ئاڵوگۆڕانە بدەن. ئەم دەورەیە دەبێ دەورەی ئێمە بێت. دەبێ ئەمە بانگەوازی کۆنگرە بێت. سەرکەوتووبن.

بژی شۆڕشی کرێکاری!
بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!

مەنسوور حیکمەت
16/ 01/ 1988

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

حیزب و دەسەڵاتی سیاسی

(وتارێک لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)
15ی نیسانی 1998

بێگومان، هاوڕێیان لە بارەی ئەم بابەتەوە چاوەڕوانی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام باسەکەی من دەربارەی هەنگاوە یەک لە دوای یەکەکان، هەر لە هاویشتنی مەوادی خۆراکی بۆ کارمەندانی سەرکوتگەری ڕژێم، تا دەگات بە ڕاپەڕینی چەکدارانە نییە. من نامەوێ لێرەدا ئەم قۆناغانە شرۆڤە بکەم. بەڵکوو دەمەوێ تێبینییەکانی خۆم دەربارەی بابەتگەلێک بخەمە ڕوو، کە لە پرۆسەی هێزگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە خۆیان تەرح ئەکەن و ئەو فاکتۆرانە ڕۆشن بکەمەوە کە دەخاڵەتیان لەم مەسەلەیەدا هەیە.

ئەمەوێ بە چەند خاڵێک دەست پێ بکەم، کە زیاتر بە پرسیارگەلێک دەکەن، کە لە لای ئێمە بە کفر دەژمێردرێن. کفر بەو مانایەی، کە بە ڕواڵەت وەڵامە تیۆرییەکانی تا هەنووکە، تەرحکردنی خودی ئەم پرسیارانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

من پێم وایە، بە تێڕوانینێکی وردتر لە تیۆری کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی سیاسی، ئەوە دەرئەکەوێ، کە ئەم پرسیارانە هیچ نارۆشنییەک ناهێننە ئاراوە. وەلی من ئەم پرسیارانەم هەیە و دەمەوێ ئێوەش بیری لێ بکەنەوە و بەشداری لە تەرحکردنیدا بکەن.

یەکەمین خاڵێک لە پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەمەیە:

دەسەڵاتی حیزب یان چین؟ کەسێک کە بیر لە سەرئەنجامی ئەم باسە دەکاتەوە، ئەمە یەکەمین پرسیارێکە، کە ڕووبەڕووی ئێمەی دەکاتەوە. لێمان دەپرسێت، کە بۆچی دەتانەوێ لە بارەی "حیزب" و دەسەڵاتی سیاسییەوە بدوێن؟ بە پێی تیۆری سۆسیالیستی بڕیار بوو، قسە لە بارەی "چین" و دەسەڵاتی سیاسییەوە بکەن، بڕیار وا نییە، ئێوە کۆمۆنیستەکان، سەبارەت بە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن حیزبەکەتانەوە بدوێن. سەرئەنجام (لەم ڕوانگەیەوە)، باسی "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" لەگەڵ تیۆری سۆسیالیستیدا ناکۆک دێتەوە. پێمان دەڵێن، بەو پێیەی کە تیۆری دەڵێت، چینی کرێکار دەسەڵات لە بۆرژوازی دەسەنێت و خۆی بە ناونیشانی چینی فەرمانڕەوا ڕێک

دەخات، ئەوە ڕۆشن نییە، کە حیزب لێرەدا، چ جێگایەکی هەیە و هەر لە بنەڕەتەوە، بۆچی باسی "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" ئەهێننە ئاراوە؟

ئەم "قەدەغەبوون"ە لە پەیوەند بە حیزب و دەسەڵاتی سیاسییەوە، تەنها بە ئێمە دەگوترێت. تەنها ئێمە کۆمۆنیستەکانین، کاتێک کە باسی دەسەڵاتی سیاسی ئەکەین، هۆشداریمان پێ ئەدەن کە لە جێی خۆمان دانیشین، ئێوە بە پێی تیۆرییەکەی خۆتان، بڕیار نییە وەکوو حیزب لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک ببنەوە، بەڵکوو بڕیارە چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێتەوە.

ئێمە، چ لە دەروونی بزاڤی سۆسیالیستی و چ لە دەرەوەی خۆمان، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەڵوێستانە و ئەم جۆرە هۆشداریدانانە دەبینەوە. ئەمە بۆ ئێمە لە ڕیزی چشتە "قەدەغەکراو"ەکان دەژمێردرێت. ئەگەر بێت و پێنج کەسی ناسیۆنالیست لە دەوری یەکدی کۆوەبن و پارتێکی نوێ دامەزرێنن، ئەوا یەکسەر باسی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ئەکەن، هیچ کەسێکیش نایات بیانوویان پێ بگرێت، هیچ کەس! دەڵێن، حیزبی ناسیۆنالیستی تازەی ئێران دامەزراوە و بەڕێز فلانەکەس سەرۆکەکەیەتی و بڕیاری خۆی بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی ڕادەگەیەنێ، سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی وەزیرانیش دەناسێنن و لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیش سەبارەت بەم مەسەلەیە، چاوپێکەوتن ساز ئەکەن. لێ ئەگەر ئێمە بڵێین، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەرەکێتی بە ئاقاری دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو بنێ، یەکەمین کەسێک کە یەخەمان دەگرێت، یەکێک لەو چەپانەی پەنا دەستی خۆمان، لە چەشنی "یەکێتیی کۆمۆنیستی"یە، کە دەڵێت: کاکە ئەوە چی قەوماوە؟ ئەوە چینە کە بڕیارە دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەی مەگەر دیاردەی یەکێتیی سۆڤێتی نابینن؟

ئەمە، گراچو مارکس، کۆمیدیگەری بەناوبانگی ئەمریکاییم دێنێتەوە یاد، کە دەی گوت: من نابمە ئەندامی یانەیەک کە کەسانی وەکوو من بە ئەندامی خۆی قبووڵ بکات!

تێڕوانینی کەسانی بەرامبەریشمان لەو جۆرەیە. دەڵێت، من ئامادەم لە کۆمەڵگایەکدا، کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوا لیبراڵدایە زیندەگی بکەم، ئامادەم لەژێر سایەی حوکوومەتی کۆنزێرڤاتیڤەکان زیندەگی بکەم، ئامادەم لە ژێر سایەی حوکوومەتی لیبراڵیدا زیندەگی بکەم، بەڵان لەژێر سایەی حوکوومەتێکدا کە دەوڵەتەکەی لە کەسانێکی وەکوو من پێک دێت، ئامادە نیم زیندەگی بکەم!

ئەمە خاڵێک و لایەنێکی تیۆریی ئەو مەسەلەیەیە کە قسەی لەسەر ئەکەین و پێویستە بچینە سەری. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە، لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بەو جۆرە بدوێین, کە ئەمڕۆ گەرەکمانە پێی بدوێین. پاشان دەچینە سەر باسە کۆنەکانی خۆمان لەمەڕ، شۆڕشی کرێکاری، ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران، گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاپەڕین.

مەهدی خانبابا تارانی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ "نیمروز"، کە من خوێندومەتەوە دەڵێت، کێشەی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە، کە چاوی لە دەسەڵات بڕیوە! من تێناگەم. ئەی گوایە، بریارە ئۆپۆزیسیۆن چ کارێکی دی بکات؟ گرفتی مەهدی تارانی بۆ نموونە، ئەوە نییە کە ئۆپۆزیسیۆن لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنییەوە باش یان خراپ بیر دەکاتەوە، دەڵێت، کێشەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوەیە، کە چاوی لە دەسەڵات بڕیوە!

یەکەمین خاڵێک، کە من دەمەوێ بیڵێم و ڕەنگە وەک کفر تەماشای بکرێت ئەوەیە، کە ئەم حیزبە چاوی لە دەسەڵاتی سیاسی بڕیوە و گەرەکێتی دەسەڵاتی سیاسی لە چنگ بگرێت. ئەمە نەک هەر تەنها لەگەڵ بە دەسەڵات گەییشتنی چینی کرێکاردا ناکۆک نییە، بەڵکە لە بنچینەدا تەنها ڕێیەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە ئەوەیە کە لە ڕێگەی حیزبەکەی خۆیەوە دەست بۆ دەسەڵات بەرێت. هەڵبەتە ئەو مەسەلەیەی، کە دەسەڵاتگرتن لە لایەن حیزبەوە، دەکرێت دەسەڵاتگرتنی چینی بە دوادا نەیات، پەیوەستە بەوەی، کە ئەو حیزبە چ جۆرە حیزبێکە. قسەکانی من سەبارەت بە حیزبێکی کۆمۆنیستیی کرێکارییە.

خاڵێکی دیکە کە بە ڕواڵەت و گوایە لە تیۆرییەوە بۆ ئێمە هاتووە ئەوەیە، کە پرۆسەی دەسەڵاتگیریی سیاسی وەکوو پرۆسەی ناشتنی درەختێکە، ئەویش بەو مانایەی کە: کۆمۆنیستەکان بە کارکردن لەنێو چینی کرێکار دەست پێ ئەکەن. تەبلیغ، تەرویج، سازماندەیی ئەکەن و لە نێو "چین"دا پەرە ئەستێنن. وردە وردە چین ڕێک دەخەن. کەسان و کۆڕ و کۆمەڵی دەروونی چین، دەبنە کۆمۆنیست. ئەم توانا و چوونە نێو "چین"ەوە، هەنگاو بە هەنگاو ڕوو لە زیادی دەکات. توانای ئاکسیۆنیی پەیدا ئەکەن. توانای خۆپێشاندان پەیدا ئەکەن و بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، پەیوەندیی نێوان حیزب و چین بە جۆرێک مەحکەم دەبێت، کە حیزب دەتوانێت چینی کرێکار بۆ ڕاپەڕین بە کێش بکات. شۆڕش ڕێک بخات و دەسەڵات لە چنگ بگرێت. ئەمە تیۆری چەپ و وێنای گشتیی کاری کۆمۆنیستییە.

من ئەمەوێ لێرەدا یەک پرسیاری کفراوی دیکە بکەم: ئەگەر بێت و ئەم پرۆسەیە لە بیست ساڵ زیاتر درێژە بکێشێت، ئێمەش بە ڕێکخستنی چینی کرێکار دەست پێ بکەین، بۆ نموونە، کرێکارانێک کە هەنووکە بیست بیستودوو ساڵانن و سازماندەییان بکەین، لەم بارەدا، لە پاش 10تا 15 ساڵی تر، بەشێک لەوانە دەبنە خاوەنی منداڵ، ژمارەیەک نەخۆش دەکەون و ژمارەیەکیش لەوانە دەست لە کاری سیاسی دەکێشنەوە. سەرئەنجام دەبینین، لە پاش ئەم هەموو ساڵە ئێمە، لە لایەکەوە بە ڕواڵەت مرۆڤەکان دەکەین بە کۆمۆنیست، لە لایەکی دی، ئەوانە خانەنشین دەبن و لە کاری سیاسی دوور دەکەونەوە.

مەگەر فێرکاریی سۆسیالیستی، کۆمۆنیزم، ڕێکخراوبوونی چین و پەیوەندیی نێوان حیزب و چین، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەگوازرێتەوە؟ بۆ نموونە، ئێمە بێین، کار لەسەر کرێکارانی دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی ئێران بکەین و بە ئومێدی ئەوە بین، کە لەگەڵ کرێکارانی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیست و دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمی ئێران بە دەسەڵات بگەین؟

ئایا دەکرێت، حیزبێکی کۆمۆنیستی بۆ ماوەی 50 ساڵ لەنێو کرێکاراندا کار بکات و پاش 50 ساڵ بە دەسەڵات بگات؟

بۆ من، بە ناونیشانی ڕێبوارێکی بێگوناه لە کۆمەڵگادا، چاوەڕوانییەکی لەو جۆرە نەشیاوە. چونکە ئەم میراتە ڕێکخراوەییە، ئەم گفت و بەڵێنە ئایدیۆلۆژییە، ئەم هۆشیارییە چینایەتییە و ئەم پەیوەندییەی نێوان حیزب و چینە، هەر وا بە سانایی لە وەچەیەکەوە بۆ یەکێکی دی ناگوێزرێنەوە. ئێمە گەرەکمانە ئەمە ببینین! ئێوە لەنێو کرێکاراندا هەڵدەسوورێن و بۆ نموونە، بە ڕادەی لە سەدا 20 پەرەتان سەند و پاش ماوەیەک حەوسەڵەیان نامێنێ، دەنا ڕادەی هاتن و چوون چەند دەبێت؟ ئێمە بەردەوامی بە ژیانی سیاسیمان ئەدەین، لە کاتێکدا ئەو کرێکارانەی کە کار و چالاکیمان لەگەڵدا دەکردن، دەڕۆن. ئێمە ئەم دیاردەیە لە زیندەگی سیاسیی خۆماندا دەبینین.

ئەم حیزبە، حیزبێک بوو کە لە یەکی ئایارەکانی شاری سنە دەخاڵەتی ئەکرد، لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان کە گوێبیستی ڕادیۆ بوون، بەرنامەی حیزب و بەرنامە ڕادیۆییەکانیان ڕوونووس و بڵاو دەکردەوە، سەفەری هەندەرانیان دەکرد، پەیوەندی هەبوو. هەنوکە لە خۆمان دەپرسین و خەڵکانی دیکەش لێمان دەپرسن، ئەو نفووزەی

که هەمان بوو چی لێ بەسەر هات؟ سەیر لەوە دایە کە ئێمە ئەو نفووزە کرێکاری و ئەو پەیوەندییانەمان لەنێو دڵ و لە دوای سەرکوتکارییە خوێناوییەکانی 21 (30ی خورداد)ی حوزەیرانی ساڵی 1981دا پەیدا کرد، ڕایەڵە و پایەی کرێکاریمان هەبوو و ئێستا نیمانە. چییان لێ هات؟ مەسەلەکە ئاشکرایە، حەوسەڵەیان نەما، هەموویان لە چاوەڕوانی هاتنی شۆڕشدا نابن، تا ئەوان لەگەڵ خۆیدا بەرێت. پاش ماوەیەک بڕیارێکی دیکە لە زیندەگیی خۆیان ئەدەن و کارێکی دیکە دەکەن، یان هەر بە یەکجاری دەڵێن، ئەم کارە کەڵک و ئاکامێکی نییە. ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و هەڵسووڕاوە کرێکارییانەی کە لەو سەردەمانە لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئێستا دەبیستین کە خەریکی کارێکی دیکەن.

ئەم دەسەڵاتە سیاسییە، ئەم دەسەڵاتە حیزبییە، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە ناگوێزرێتەوە. نفووزی کرێکاریی پارتەکان پاشەکەوت ناکرێت. ئەمە لە چەشنی دەخیلەیەک نییە کە ئێوە پارە و پوولی تێبکەن، تا دەگاتە بڕێکی وا کە بایەخی هەبێت. کاتێک کە نفووزی کرێکاری بەدەست ئەهێنی، بە بڕوای من یان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگری، یان کەڵکی لێ وەرناگری و دەبێت دووبارە بچیت کار بکەیتەوە تا بە شوێنێک بگەیت. ئایا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کەڵک لەو نفووزە وەردەگری یان نا؟ ئەزموونی تەواوی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپا بەو جۆرەیە. ئەزموونی تەواوی پارتە سیاسییە چەپەکانی دنیا بەو جۆرەیە. ئەو حیزبانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە دێنە سەر کار، هەر چوار ساڵ جارێک، لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا، بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن و خەڵکی دەنگیان پێ دەدات، چەپەکانیش وەک هەمیشە، هیچ کاتێک دەنگ ناهێنن. ئەگەر بڕوانیتە داستانی زیندەگی چەپی سیستەمی پەرلەمانی و چەپی ڕادیکاڵ، دەبینیت کە ترۆتسکییەکان، لە هەندێک کاتدا و سەرئەنجام، نزیک دەبنەوە لەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ناوچەییدا، کەسێکیان بگاتە ئەنجوومەن و تازە لە دوای 20 ساڵ و تەنانەت لە وڵاتگەلێکی وەکوو ئینگلتەرا و فەرەنسا، ناتوانن ئەم کارەش لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا بکەن. ئەمە داستانی سەرکەوتنەکانی پارتە چەپە ڕادیکاڵەکانە، لە پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا. کاتێکیش کە بە ڕواڵەت هاوڕێ فلان چووە نێو ئەنجوومەنی شارەوە، ئیدی باسێک لە مەڕ دەسەڵاتی سیاسی نامێنێتەوە.

ئەبێ ئەم پرسیارە بکرێت:

ئایا ڕێی تێ ئەچێت بە تیۆرییەکی لەم جۆرە، یانی تیۆری پەرەسەندنی پلە بە پلە، لە پەیوەست بە گەییشتن لە خاڵی A بۆ B، لە سفرەوە بۆ سەد و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین، بە ئاکامێک بگەین؟ هەروەها، ئایا ڕاپەڕینی کۆمۆنیستی، سەرئەنجامی پرۆسەیەکی لەو بابەتەیە؟

خاڵێکی تر و پرسیارێکی تر: ئایا هەر کاتێک کە بمانەوێت یان بتوانین، دەتوانین دەسەڵات لە دەست بگرین، یان ئەوەتا لە کۆمەڵگادا، دەبێ ئاڵوگۆڕێک ڕوو بدات؟

وای دابنێ کە ئێمە پەرەمان سەند و لە سەدا 30 تا 40ی کرێکاران بە ڕیزەکانی ئێمەوە پەیوەست بوون، هەر وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، یان وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسای 20 ساڵ بەر لە ئێستا. ئایا کاتێک بە ئێرە گەییشتیت، ئیتر خۆت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئامادە کردووە؟ ئایا مەسەلەی پەیوەندیی نێوان حیزب و چین یەکلا ئەبێتەوە؟ ئایا هەر کاتێک حیزب، چینی بۆ شۆڕش ئامادە کرد، شۆڕش ئەبێت؟

شۆڕش، دیاردەیەکە لە کۆمەڵگادا. سەرئەنجام لە ڕوانگەی ڕێکخراوەیی و فیکریی چەپەوە دەگووترێت، کە هەر کاتێک ئێمە ئامادە بووین، ئەچین دەسەڵات لەدەست ئەگرین. بەڵام تیۆری مارکسیستی دەڵێت، کە پێویستە کۆمەڵگا بکەوێتە نێو دەورەیەک لە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەوە، تاوەکوو بتوانین لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگادا دەخاڵەت بکەین. کۆمەڵگایەک، کە نایەوێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، بە سەرکوت بەر بەو کرێکارە دەگرێت، کە دەست بۆ دەسەڵات دەبات، با ڕادەی ڕێکخراوبوونی بە هەر ئەندازەیەکیش بێت. ناکرێت تۆ لە بەرەبەیانێکی ئارامدا، لە خەو ڕابیت و بڵێیت، من ئامادەم دەسەڵات لەدەست بگرم، خودی کۆمەڵگا لە بار و دۆخێکی وەهادا، ڕێگات پێ نادات کە دەسەڵات لەدەست بگریت.

جۆشخواردنی شۆڕشگێڕانە، هەڵکشانی کاری سیاسی، لە ئارابوونی ناکۆکییەک لە ناخی کۆمەڵگەدا، کە چینەکان بۆ ململانێکردن لەگەڵ یەکدی بەکێش دەکات و لە هەندێک بڕگەی تایبەتی نێو ئەو ململانێیەدا، دەکرێت دەسەڵات بگریت، لەو فاکتەرە گرنگانەن کە کاریگەرییان لەسەر مەسەلەی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی هەیە. ئایا لە هەر کات و ساتێکدا، دەکرێت دەسەڵات لە دەست بگیرێت؟ ئایا ئەگەر پێت وا بوو، کە لە باری ڕێکخراوەیی، چەندایەتی، سەربازی و هێزەوە ئامادەیت، دەکرێت دەسەڵات

لەدەست بگریت؟ ئایا دەسەڵات لە هەر بار و دۆخێکدا، قابیلی لەدەستگرتنە، یان ئەوەتا بە تەنها لەنێو بار و دۆخێکی تایبەتیدا ئەکرێت دەستی بۆ ببردرێت؟

وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارگەلە ئەمەیە:

بە دیدی من، تیۆری زرک، هەمیشە حیزب بەبێ چین و چین بەبێ حیزب لەبەرچاو دەگرێت. کاتێک کە دەربارەی حیزب دەدوێت، بە ناونیشانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانێکی بێ ڕەگ و ڕیشە لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەک، ئەویش ئەوەیە کە ئەمە ئەنجوومەنێکی شۆڕشگێڕانەیە و بە تەواوەتی لە دەرەوەی چینە و لە دەروونی خودی چیندا هیچ کاریگەرییەکی نابێت و بەر هیچ کاریگەرییەکیش ناکەوێت. ئەم مەسەلەیەمان لە ئەدەبیاتی پێشووترماندا شرۆڤە کردووە. کاتێکیش باسی چین ئەکات، پێی وایە کە ئەم چینە بچووکترین حیزبیبوونیان (تەحەزوب) لەنێودا نییە، ئەوە خودی کرێکارانن کە لە حاڵی تەحەسون (ڕاگرتنی کار و مانەوە لە شوێنی کار/ و.) و مانگرتندان و بە هەمان سەروسیما و بە دەستەگەلی دەسەڵات دەگرن، وە ئەگەر هاتوو ئەوانە خۆیان ڕێکخراو کرد، یان ڕێکخراوێکی سیاسی لەنێویاندا تەشەنەی کرد، ئەوا یەکسەر شۆڕشەکەیان لەکەدار ئەبێت!

بە شێوەیەکی گشتی، لە دەربڕینە زرکەکانی تیۆرییە باو و بڵاوەکاندا، ئەم دوو جەمسەرە لە ئارادایە: حیزب لە لایەک بەبێ کرێکاران، کرێکاران لە لایەکی دی بەبێ حیزب.

ئەو مەسەلەیەی کە خەسڵەتی کرێکاری حیزبێکی کۆمۆنیستی و کرێکاریبوونی لە هەبوونی بەرنامەیەکی کرێکاریدایە، بەبێ ئەوەی بە ناچاری تێکڕای کرێکاران یان زۆرایەتی کرێکاران لەگەڵیدا بن، دیاردەیەکە کە ئێمە گەرەکمانە تەرحی بکەین.

حیزبێکی کرێکاری، با لەنێو کرێکاراندا کەمایەتیش بێت، لە ساتەوەختی مێژوویی چارەنووسسازدا، دەتوانێت بزاڤی زۆرینەی کرێکاران ڕێک بخات، ڕاپەڕین بەرپا بکات، دەسەڵات بگرێت و بیپارێزێت و لە ڕاستیدا، لەم ڕێییەوە دەتوانێت ببێتە زۆرایەتی. بە بڕوای من، ئەم کارە دەشێت بکرێت. پێویستە بەم جۆرە بێت، ئەگەر نا، هەر کەسێک بێت، هەر مامۆستایەکی زانکۆ کە سۆسیالیزمی خوێندووە بڵێت، ئەم کارە لە تەک ئەو شتەی کە من خوێندوومە جووت نایەتەوە، یان هەر چەپێک کە وانەی لە ستالینیزمەوە وەرگرتووە، بە ئێمە بڵێت، ئێوە لەنێو کرێکاراندا، کەمینەیەکی تایبەتن و مافی ئەوەتان

نییە دەست بۆ دەسەڵات ببەن، وەڵامی من بۆ ئەوانە بەم جۆرەیە: تیۆری ئێمە، هەر لە سەرەتاوە بەم جۆرە نەبووە کە ئێوە باسی ئەکەن.

وەڵامی من ئەمە ئەبێت، ئێمە هیچ کاتێک، ئەگەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە ئارادا نەبێت، ناتوانین زۆرینەی چین بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، هیچ کاتێک ناتوانین. پێویستە کەمایەتیی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی چین، لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا چەند هەنگاوێکیان نابێت، تا ببێتە هۆی ئەوەی زۆرایەتی چین پێیانەوە پەیوەست بن. ئەگەر لە هەر جێیەک، شوێنپێیەکتان نەبێت، هیچ هۆکارێک لە ئارادا نییە، تاوەکوو کەسێک پێتانەوە پەیوەست بێت. هیچ کەسێک پاڵنەرێکی نییە، بە حیزبێکەوە پەیوەست بێت، کە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ کارێکی گرنگ پێ نەبێت. جەماوەری خەڵک بە کەسانێکەوە پەیوەست دەبن، کە بەرنامەیەکی تایبەتییان بۆ گۆڕینی کۆمەڵ هەیە. جەماوەری چینی کرێکار کاتێک تەماشا ئەکات کە ئێوە ڕاپەڕین دەخەنە دەستووری کارتانەوە و پاشان پێتان ناکرێ و ڕێکخستنەکەیتان بۆ مەیسەر نابێت، دەڕوات پەیوەندی بە حیزبێکی ڕێفۆرمیستەوە دەکات، کە بە لای کەمەوە دەتوانێت زیادبوونی کرێکانیان بۆ مسۆگەر بکات. پەیوەندیی حیزب و چین لەگەڵ شۆڕش و چاکسازی، پەیوەندییەکی تایبەتی و بە تەواوەتی مرۆڤایەتییە، ئەویش باشبوونی بار و دۆخە لە هەر ساتێک و باشبوونی بار و دۆخی زیندەگییە.

بەڵام ئەگەر کرێکاران ببینن کە ئێوە بە نیاز نین و لەبارتاندا نییە بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیف، بزووتنەوەیەک ڕێک بخەن کە ئاکامێکی هەبێت، چاکە، دەڕۆن دەنگ بە هەمان حیزبی چەپی بۆرژوایی دەدەن کە لانی کەم پێیان دەکرێت بەر بە کۆنزێرڤاتیڤەکان بگرن، داکۆکی لە لانی کەمی ژیان بکەن، یان لە دەرمان و دکتۆری خۆڕایی پارێزگاری بکەن ...

وەڵامی خودی من بەم بابەتە ئەمەیە:

حیزبێکی کرێکاری کە کەمایەتییەک بێت، هێزێکی واقیعی لە دەروونی چیندا هەبێت، حیزبێکی کۆمۆنیستی کە هێزێکی واقیعیی هەستپێکراوی لە دەروونی چیندا هەبێت، کە توانای کاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پێ ببەخشێت، ئەوا لە ڕێگەی هەمان کاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی نێو مەیدانی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانێ باقی "چین"ەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ. میکانیزمی نزیکبوونەوەی حیزب لە دەسەڵاتی سیاسی لە پەیوەست بە چینەوە ئەمەیە، حیزب کاتالیزاتۆر (catalysator، حفاز/

و.)ی نییە، تاوەکوو چین، میتابۆلیزمی(کارلێکردن، تفاعل/ و.) دەروونی خۆی تێدا ببینێت.
بە هەمان شێوە و بە بڕوای من، هەمان کەمایەتی و هەمان حیزبە، ناچارن کە لە پاش گرتنی دەسەڵات، یەکسەر ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە ڕێکخستنی دەسەڵاتدا بگێڕن.
بەم پێیە، ئێمەش هەر وەکوو پارتگەلی بۆرژوازی، هەڵپەی دەسەڵاتمانە، واتە، ئێمەش دەمانەوێت دەسەڵات بگرین. ئەگەر حیزبێکی بۆرژوازی بڵێت، کە دەیەوێت دەسەڵات بەدەست بهێنێت، ئایا پێیان دەڵێین، مەگەر ئێوە حیزبێکی بۆرژوازی نین، ئایا تەواوی بۆرژوازی لەگەڵ ئێوەدان و لێیان دەخوازین کە نفووزی خۆیانمان لەنێو تاک بە تاکی بۆرژواکاندا پێ نیشان بدەن؟ وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن، هەڵبژاردن ئەکەین، تا ببینین کە ئەو نفوزەمان هەیە یان نا؟ هەڵبژاردن ئەو ڕێگایەیە کە ئەوان پرۆسەی بەدەستهێنانی هێز و نفووز لەنێو چینەکەی خۆیانی پێ نیشان ئەدەن.
ئەگەر هەڵبژاردن بەرنامە و ڕێگای ئێمە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، ئەوا ئێمەش دەڵێین، شۆڕش ئەکەین و پاشان ببینین کە کرێکاران پشتیوانیمان لێ دەکەن یان نا؟ ئێمەش ڕێک ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە تەرح ئەکەین. بێگومان ئەوان دەڵێن، کە ئێمە شۆڕشەکەتانمان قبووڵ نییە. ئێمەش دەڵێین: هەڵبژاردنەکانی ئێوەمان قبووڵ نییە. ئەمەوێ بڵێم، کە ئەم دووتای تەرازووە هاوسەنگن.
کاتێک لە کۆنگرە چووینە دەرەوە، بۆ نموونە، لە چاوپێکەوتنێکدا ئەڵێین، بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو ئەنێین، یەکسەر چەپی دەرەوەی خۆمان هاواری لێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێت، ببینن ئەوانە سیکتاریستن، گەرەکیانە دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆیان پاوەن بکەن! وەڵامی من بۆ ئەوانە ئەمەیە، مەگەر ئێوە لە پێناوی چیدا هاتوون؟ ئایا ئێوە لەو ئۆتۆمۆبیلە کۆنە ئەڵمانییەن کە مۆتۆڕەکەی لە دواوەیە، تا چین بدەنە پێش خۆتان؟ ئەی فەلسەفەی بوونی خودی ئێوە چییە؟
بە بڕوای من، پەیوەندیی نێوان حیزب و چین لە بازنەیەکدا دێت و دەچێت، لاواز دەبێت و بەهێز دەبێت. پلەپلە هەڵناکشێ و پاشەکەوت ناکرێ. ئێوە بە ناونیشانی حیزبێکی سیاسی، لە هەر دەورەیەکدا، هەلێکی دیاریکراوتان لەبەردەستدایە، کە چین بۆ هەستانێک، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، ساز و ئامادە بکەن. ئەگەر لەمە کەڵک وەرنەگری، ئەبێ بڕۆیت لە سەرەتاوە تێ هەڵچیتەوە. هێز لە جێیەک بۆ ئێوە پاشەکەوت نابێت. ڕەنگە لە بیرەوەریی مێژووی کرێکاران، بیرەوەریی کۆمەڵگە،

نفووزی نێو چەپدا بمێنێتەوە، بەڵام نفووزی سیاسی ئێوە لەنێو کرێکاراندا لە شوێنێکدا پاشەکەوت ناکرێت. کرێکار دێت و دەڕوات، دەورەیەک لەگەڵتاندایە و دەورەیەک لەگەڵتاندا نییە. ئەگەر شۆڕش بکەیت و شۆڕش شکست بخوات، کرێکاران ڕیزەکانت شەپۆل شەپۆل بەجێ دەهێڵن. منیش بم ئەڕۆم و بەجێت ئەهێڵم. هەر کەسێک ئەقڵی پێ بشکێ، پاش تێکشکانی شۆڕش، حیزبە کۆمۆنیستەکان بەجێدەهێڵێت. بەردەوامی ژیانی حیزبێکی کۆمۆنیستی لە بار و دۆخێکی وادا، بەرنامە و نەخشەیەکە کە ئەو حیزبە کۆمۆنیستە ڕێنوێنی بکات و لەسەر پێ ڕای بگرێ، بەڵام لەم هەلومەرجەدا، ئەگەر کەسێک یەک هەنگاو لەولای ئەو شوێنەوە ڕاوەستابێت، ئەوا دەڕوات، ئۆقرەی لێ دەبڕێت.
خەڵکی پێیان خۆشە، لەبری ئەوەی سیناریۆیەکی سەیر و سەمەرە بۆ زیندەگییان بکێشن، لە دنیادا بژین و باش بن، خۆشگوزەران بن، تێکەڵی و دۆستایەتییان هەبێت. ئێمە کۆمەڵە کەسانێکین، لەبەر هەندێک هۆ، جۆرە سیناریۆیەکی زیندەگی بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین، وەلێ جەماوەری فراوانی خەڵک ئەم کارە ناکەن. سەرئەنجام دەورەیەک بۆ ئێمە هەیە، کە کار و چالاکی تێدا ئەنجام بدەین، یان ئەوەتا بە ئەنجامێکی دەگەیەنین، یان ئەبێ هەمدیسان لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە.
ئایا گرتنی دەسەڵات پەیوەستە بە نفووزی ئێمە لەنێو چینی کرێکاردا، بە جۆرێک کە هەر کاتێک بەو ئاستە گەییشتین و هەر کاتێک گەرەکمان بێت، بچین دەسەڵات بەدەستەوە بگرین؟ بە بڕوای من، نەخێر! حیزبێک دەتوانێت دەسەڵات لەدەست بگرێت، کە ئەو هەلومەرجەی ئەم دەسەڵاتە لە نێویدا ئاوێزانە، دەستنیشان بکات. ئەگەر ئەم ڕوانگەیەمان نەبێت، هیچ کاتێک ناتوانین دەسەڵات لەدەست بگرین، تەنانەت ئەگەر هێزێکی مەزنیش لە کرێکاران لەگەڵماندا بن.
لە مێژووی پارتە چەپەکاندا نموونەگەلی زۆر هەیە، کە تەنانەت سیمپاتیی تەواوی کرێکارانی بۆ خۆی بەدەست هێناوە، ئەگەر دەستیان بۆ ڕاپەڕین ببردبایە، کارەکە تەواو ببوو. ڕاپەڕینیان نەکرد، ئەو کرێکارانەش کە لەگەڵیاندابوون، ڕۆیشتن، ڕابەرانیشیان گیران و لە سێدارە دران. چەندین نموونە لەسەر حیزبە چەپەکان هەیە، کە دواتریش سەرکۆنە کراون کە: ئێوە ئەم هەموو نفووزەتان هەبوو، هێز و تواناتان هەبوو و ... بۆچی لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، کە مەسەلەی دەسەڵات کراوە بوو، نە چوون دەسەڵات بگرن؟

ڕەنگە بڵێن، کرێکاران لە هەلومەرجێکی وادا ڕیزەکانمان بەجێ ناهێڵن. بەڵام بۆرژوازی کە بێکار دانانیشێ، پڕۆپاگەندە ئەکات، پێشنیاری ڕێفۆرم ئەکات و چاکسازی لە کۆمەڵدا ئەکات، ئەو مۆڵەتی چوون بۆ پیکت (picket: کۆڕ و کۆمەڵی ناڕەزایەتی/ و.) نادات، تا بگات بەوەی ئێمە، بۆ بەدەستەوەگرتی دەسەڵات، کار لەنێو کرێکاراندا بکەین، کارێک دەکات، کە لە توانای ئێوەدا نەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتۆرانە، بە بڕوای من مەسەلەکە بەم شێوەیە فۆرموولە ئەکرێت:

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە حاڵێکدا کە خاوەنی بەشی کاریگەری کرێکاران بێت، بەشی کەمایەتی، وەلی کەمایەتییەکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی کرێکاران، کەمایەتییەکی خاوەن دەنگی کرێکاران لە کۆمەڵگادا و کەمایەتییەکی چالاکی کرێکاران بێت، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیزبێک بێت ،بەم مانایە کە پەیوەندی لەگەڵ چینی کرێکاردا پتەو بێت، بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، نفووزی خۆی لە سەردەمانێکدا بە ڕادەیەک گەیاندبێت، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە ناوجەرگەی دنیای سیاسەتدا، بە وێنەی یەکێک لە یاریکەرانی ئەسڵیی گۆڕەپانی سیاسەت دەرکەوتبێت، ئەگەر ئەم حیزبە، هەستەوەریی بۆنکردنی بە جۆرێک بێت کە بکارێت، ئەو هەلومەرجەی کە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا کراوەیە و بووە بە بابەتی مشتومڕی کۆمەڵایەتی دەسنیشان بکات، دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنێ. بێجگە لەمە، ناتوانێت دەسەڵات بەدەست بهێنێ.

چارەنووسێکی حەتمی و تەوزی (جبري) لە ئارادا نییە. بەو کفرانەی کە گوتم، ئێمە دەسەڵات بەدەست ئەهێنین. ئەوەی سەرنجڕاکێشە لە مەسەلەکەشدا، حەتمی نەبوونی چارەنووسی ئێمەیە. مەسەلەکە بە پراکتیکی خۆمانەوە، بە توانستی دەستنیشانکردنمانەوە، بە فاکتۆری بڕیار و ئیرادەی بە ئاگایانەی خۆمانەوە، لەو دەورانانەی کە هەلی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕووی ئێمەدا کراوەیە، پەیوەستە. من پێشتریش گوتوومە، سۆسیالیزمیش چشتێکی حەتمی و تەوزی نییە ...

بە داخەوە، لە ژیانی ئێمەدا جارێک یان دووجار بار و دۆخی وا دێتەکایەوە. ئێوە پێویستە بەرنامە و نەخشەی خۆتان بۆ ئەو بار و دۆخە بنووسنەوە. ئەوەی کە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا حەتمی نییە و لە پاش من، کرێکاران و خەڵکانێک بە ناوی من و ئێوەوە دێن و سەرئەنجام دەسەڵات دەگرن، هیچ ئارامییەک بە من و بەم

حیزبە تایبەتە نابەخشێت. بەڵکوو پێویستە ئەم حیزبە تایبەتە بێت و بڵێت، کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئێمە و لە زەمانی ئێمە و کرێکاراندا هەوڵ ئەدات، نەک ئەوەی خەریکی شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی سیناریۆیەک بێت، کە بڕیارە جیهان بەپێی یاساکانی خۆی تێپەڕێنێت.

سەرئەنجام، بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، کارێکی عەمەلییە. بە یەک مانا، پێویستە بڵێم، کە دەسەڵاتی سیاسی ئەمانە دەگرێتەوە:

1) ببیتە نەریتێکی سیاسی و خەباتکاری زیندوو لە هەناوی کۆمەڵگا و چینی کرێکاردا. ئەم نەریتە کە لەگەڵ هەر هەڵکشان و داکشانێکدا لەبەین ناچێت. ئەگەر ئێوە توانیبێتتان ببنە نەریتێکی سیاسی، ئەوا کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە بە یەکێک لە هێزە دەخاڵەتگەرە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێک لەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە هەیە، ئەگەر گریمان هەڵبژاردن ئەنجام درا، ڕەنگە 10 یان 30ی لە سەدی دەنگی کرێکاران بەدەست بهێنێت، بەڵام هێزێکە لە مەیداندا، بەشێکە لە ژیانی خەڵک، بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵ. ئەمە کارێکە بەدەر لە هەڵکشان و داکشانەکان، بەدەر لە بار و دۆخی شۆڕشگێڕانە و ناشۆڕشگێڕانە، ئێوە دەتوانن پێوەی سەرقاڵ بن و ئەوە مسۆگەر بکەن، کە ئەم نەریتە بمێنێتەوە و ڕێگای خۆی بکاتەوە.

2) بە ناونیشانی یەک حیزب، پێویستە هەلومەرج و بار و دۆخێک کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ئامادەیە، بناسیت و دەستبکەیت بە دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی. ئەو دەمە شانسی ئەوەت ئەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنیت و ببیتە حیزبی زۆرایەتی، یانی، حیزبی زۆرینەی کۆمەڵ. ئەمە میکانیزمی بە "زۆرایەتیبوون"ە، نەک بە پێچەوانەوە یانی، "زۆرایەتیبوون" میکانیزمی بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت.

دەستبردنی چینی شۆڕشگێڕ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، مەرجی زۆرایەتیبوونە لە کۆمەڵدا، نەک بە پێچەوانەوە. زۆرایەتیبوون لە کۆمەڵگای دەرەوە و لە پەراوێزی مێژوودا، مەرجی مانەوە لە مەیدانی ئەسڵیی مێژوودا نییە. ئەمە ئەستەمە. ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە کە لە هەر گۆشەیەکەوە تێی بڕوانیت، تایبەتمەندییەکانی ئێمە و پرۆسەی زۆرایەتیبوونی ئێمە نیشان ئەدات. نەک پرۆسەی وردەوردەی پەرەسەندنی مێژوویی و بەرئەنجامی پرۆسەی تەبلیغ و تەرویج و هاوخەتکردنی پێشوەختی زۆرایەتیی چین، کە هەڵوێستی هەمیشەیی چەپی تا ئێستا بووە.

من هەوڵم دا، سەبارەت بەو پێویستییانەی کە چۆن دەتوانیت بۆ نەریتێکی سیاسیی زیندوو، لە هەناوی کۆمەڵدا بگۆڕێیت، بدوێم. من کۆمەڵە تێزێکی دیاریکراوم لە پەیوەست بە حیزبێکی تایبەت و گراییشێکی تایبەت لە کۆمۆنیزم خستە ڕوو. لە پەیوەست بە حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی، قسە و باسم نەکردووە. ئەو پێویستییانە دەژمێرم:

_ یەکەمین مەرجی ئامادەبوونی ئێمە لەو جەنگەی کە بۆ دەسەڵات دەکرێت ئەوەیە، کە ئاڵاهەڵگری چەپی زێدەڕەوی (افراطی) نێو هەناوی کۆمەڵگا بین، نەک کەسی دووەم و سێیەم. دەبێت ئاڵای چەپی زێدەڕەو لە کۆمەڵگادا، چەپی کرێکاری لە کۆمەڵگادا، بەبێ ڕکابەر (منافس) لە دەستی ئێمەدا بێت. ئێمە بە ناونیشانی نوێنەری ڕاپەڕینی کرێکاریی داهاتوو، بە ناونیشانی ئەو تارماییەی کە لەبان سەری کۆمەڵگاوە دێت و دەچێت، بناسرێین. ببینە ئەو لایەنە، کە گشت ئەو هێزانە (کە داکۆکی لەو هەلومەرجەی هەنووکە لە ئارادایە ئەکەن) گەرەکیانە تاوانباری بکەن. ئەم حیزبە ئەو حیزبە بێت کە ئاڵای نارەزایەتیی ڕادیکاڵی کرێکاری، ئاڵای مارکسیزم، ئاڵای ڕەخنەی سۆسیالیستی لەو کۆمەڵگایەی لە ئارادایە، لە دەستدا بێت. نەک یەکێک لە بەشداریکەرانی چەپ، بەڵکە نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت. دواتر دەتوانێن دەربارەی ئەوەی کە تا چ ئەندازەیەک بەو ئاقارەدا چووینەتە پێش، یان هێشتا مەودای نێوانمان چەندە، یان بە کوێ گەییشتووین، بکۆڵینەوە.

ئەمە یەکێکە لەو قەڵەمڕەوانەی کە پێویستە ئێمە بچینە ناوییەوە. چونکە کاتێک کۆمەڵگا ئێمە بە ناونیشانی چەپ بناسێت و کاتێک بیری کردەوە، کە ئەبێ دەسەڵات بداتە دەستی چەپی زێدەڕەو، ئەمانە بوار ئەکەنەوە کە ئێمە دەسەڵات بگرین. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگا، بۆ نموونە حیزبی تودە، بە ناونیشانی نوێنەری چەپی زێدەڕەو بناسێت و ئارەزووی ئەوە بکات، کە دەسەڵات بە چەپ بدات، ئەوە بە حیزبی تودەی دەسپێرێت. ئەگەر کۆمەڵگا پێی وابێت کە مارکسیستەکان لە فیدایی و نەریتی فیداییدا بەرجەستە بوونە و کاتێک کە پێی خۆشە و شەیدای ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بداتە دەستی سۆسیالیستەکان، ئەوە بە چریکە فیداییەکانی ئەدات.

پێویستە ئاڵاهەڵگری ئەو خواستانە، ئەو پێویستی و ئەو بەرنامە و ئامانجە کۆمەڵایەتییانە، ئەو ڕەخنە سیاسییە، لە هەناوی کۆمەڵدا بێت، تا خەڵکی بڵێن، با ئەمانە تاقی بکەینەوە، با لە پشت ئەمانەوە خۆمان تەیار بکەین. پێویستە لەسەر تۆ ئەوە

دەستەبەر بکەیت، کە تۆ ئەو بزووتنەوەیەیت. ئەگەرنا کەسانێکی زۆر، وێنەی مارکسیان بەرز کردەوە و بە سەرئەنجامێکی دیکە گەییشتن.

_ دووەم، ئەوەی کە ئەبێ بەشی چالاک، بەرچاو و مەلمووسی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵگا بین. ئەوەم لە سەرەتای قسەکانمدا گوت، کە دەبێت لە پەراوێزی سیاسەتەوە بەرەو دڵی کۆمەڵگا بڕۆین. دەبێت یەکێک لە چەند یاریکەری ئەسڵیی دابەشکردنی دەسەڵات و یەکێک لە چەند یاریکەری ئەسڵیی هەلومەرجی سیاسیی کۆمەڵگا بین. باسی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، تەنها ئەوە نییە، کە ئایا ئێمە دەتوانین دەوڵەت بەدەست بهێنین یان نا؟ بەڵکە ئەوەیە، ئایا دەتوانین هێزێک لە دەروونی کۆمەڵگادا بەدەست بهێنین، کە جێگای سەرنج بێت و بتوانین دواتر لە ململانێی نێوان هێزەکان لەسەر دەسەڵات بە کاری بەرین و فکرێکی لێ بکەینەوە؟ ئەگەر بەرامبەرەکەمان سوپای هەیە، تاوەکوو کەسێک بە یەخسیری بهێڵێتەوە، ئەوا ئێمەش بە هەمان شێوە، گەرە نوێنەری ئەو هێزە بین لە کۆمەڵگادا. تەنانەت ئەگەر نەمانتوانی گشت دەسەڵاتیش گیر بخەین، پێویستە لە هەناوی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا هێزێک بین، حیسابمان بۆ بکرێ و بڵێن، "ئەوانە جێگای مەترسین". دەبێت هێز بین، دەبێت قسەی خۆمان بکەین، بڵندگۆ بە دەستمانەوە بێت و دەبێت بەشی واقیعیی ئۆپۆزیسیۆن بین. دوایی ئەچینە سەر ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تا چ ڕادەیەک لەم تێڕوانینە نزیک بووەتەوە. من خۆشحاڵم کە خەریکین لەمە نزیک ببینەوە، چ لە یەکەم و چ لە دووەم نزیک بووینەتەوە.

_ سێیەم، دەبێت حیزبی ئەو چینە بین. من ئەزانم کە ڕەوتگەلێکی بە تەواوی بێ ڕیشە، دەتوانن لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ڕیشە دابنێن و بێن و بە ناونیشانی یەک دارودەستەی بێ نەریت دەسەڵات بەگیر خەن، لێ ناچارن لە میانەی پرۆسەیەکەوە، پایەکانی خۆیان لەسەر یەکێک لە چینە کۆمەڵایەتی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەن گیر بکەن، چونکە چینگەلی کۆمەڵایەتیی نێو ئەو کۆمەڵگایەن. ناکرێت تەنها بە ناونیشانی دوازدە کەسی نەگریس و گروهێکی دڕ، بڕۆی چنگ لە دەسەڵات گیر بکەی. ئەبێ تەقەلای ئەوە بدەیت، لە لایەن توێژێکی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەکی ئەو، دەسەڵات بەدەست بهێنی. ئەو چینە بۆ ئێمە چینی کرێکارە و ئەو توێژە بۆ ئێمە توێژی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی چینی کرێکارە، کە لەمێژەوە سەبارەت بە وان قسەمان کردووە. ئێمە ئەبێ بەشێک بین لەم توێژە و بەکردەوە پەیوەندیمان لەگەڵیدا

هەبێت. ئەمە گۆشەیەک لە پەیوەندیی نێوان ئێمە و دەسەڵاتی سیاسییە کە هێشتا بە عەمەلی فەراهەم نەبووە. ئێمە لە پەیوەندییەکی زیندوو، خوڵقێنەر و بەیەکتر ئاوێزان، لەگەڵ بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست و نارازیی چینی کرێکاری ئێراندا نیین. خودی ئەم بەشەی چینەکە، زۆر دەستئاوەڵا نییە، تاوەکوو خۆی نیشان بدات و تێبگەین کە چۆن بیر دەکاتەوە و چ ئاراستەیەکی هەیە. بار و دۆخی سەرکوت، نەیهێشتووە ئەو بەشە، ئەم هەلەی بۆ بڕەخسێ، بەڵان بە هەر حاڵ دەتوانین، بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ ئەوە ببینین، کە ئەمە یەکێکە لە کەموکورتییەکانمان.

_ چوارەم، دەبێت توانای ڕابەری لە خۆت نیشان بدەیت. ئەمەش بەو مانایەیە، ئەو حیزبانەی کە دەیانەوێت ڕەدووی جەماوەر بکەون، ئەو حیزبانەی کە بە قەولی خۆیان بڕیارە لە جەماوەرەوە فێر بن، ئەو حیزبانەی کە دەیانەوێت لە ئاراستەکانی خودی چینەکە بڕوانن و پاشان خۆیانی پێ ڕەنگ کەن، بە بڕوای من، شانسێکی زۆریان نییە کە بە جێیەک بگەن. چونکە لە بار و دۆخی سەختدا، ئاراستە گشتییەکانی چینەکە ڕوو لە پاشەکشەیە و لە بار و دۆخی خۆشیدا، ئەشێت بە جۆرێکی دیکە بێت. لە بار و دۆخێکدا کە حیزبێکی گەورەی ڕێفۆرمیست لە ئارادا بێت، دەشێت ئاراستەی چینەکە بەو جۆرە بێت کە پشتیوانی لەو حیزبە بکات.

پێویستە قسەیەک بکەین، کە بتوانێت چینەکە لەو شوێنەی ئێستایەوە بۆ شوێنێکی دیکە ببات و توانایی ئەوەت هەبێ، کە ئەمسەر و ئەوسەر بکەیت و لەنێوچاوانی تۆدا ئەوە ببینن کە قسەکانت ماقووڵ و عەمەلین، ئەمە یانی، توانایی گواستنەوەی باسی خۆتان بۆ چینەکە. یانی، توانایی ڕابەریکردنی دەوێ. ئەمە باسێک نییە تەنها لە چوارچێوەی قاییلبێکردندا بێت، بەڵکە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە.

ڕێگە بدەن با بڕێک زۆرتر، هەر یەکێک لەو چوار خاڵەی کە لێی دوام، شی بکەمەوە:

_ دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ چین. مەسەلەی بوون بە بەشێک لە چین، تەنها پەیوەندییەکی حزووری، تاک بە تاک و پەیوەندییەکی سوزنی و تاقیگایی نییە. ئەگەر چین، تۆ (حیزب) بە ناونیشانی بزووتنەوەیەک کە لە مەیداندایە، ببینێ، سەرنجی بۆ لای تۆ (حیزب) دەچێت. بەم پێیە بەشێک لە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان حیزب و چین پەیوەستە بەوەی، کە حیزب لەسەر ئاستی سیاسی چ کارێک دەکات؟ بەشێکی پەیوەندیگرتنە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری و ئامادەگیتە لە نێویاندا. بەشێکی بە فەرمیناسینتە بە ناونیشانی ڕەوتێکی واقیعی لەنێو چینی کرێکاردا، کە لە بیری ئەم

مەسەلانەدایە. هەموو ئەمانە، پلەیەک لە ئاکتیڤیزمی سیاسی ئەخاتە دەستووری کارمانەوە. ئاکتیڤیزمێک کە ئەمڕۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەرەوەی وڵات لە خۆی نیشانی ئەدات، تەنها زەینی ڕای گشتی بۆ خۆی ڕاناکێشێ، بەڵکە سەرنجی کرێکاریش ڕادەکێشێ. سەرنجی کرێکار بۆ بەڵگەنامەکانت، بۆ کەسەکانت، بۆ باسەکانت، بەڵگەهێنانەوەکانت، بۆ ڕێکخراوەکانت، ڕادەکێشی. سەرئەنجام، لە قسەکانی ڕۆژی یەکەمیشدا گوتم، کە ئەم مەیدانی ناوە و دەرەوەی وڵاتە، بەیەکەوە گرێ دراون و کار لە یەکدی دەکەن. سەرئەنجام دەتوانین لە باسەکانماندا بچینە سەر ئەوەی، کە بۆچی دەڕۆین و ئەم ئاکسیۆنە ڕێک ئەخەین؟ مەرج نییە فاکتۆرە ناوخۆییەکان پێویستبوونی ئەو ئاکسیۆنە ڕۆشن بکاتەوە، یان هۆکارەکانی شی بکاتەوە. بەڵام من بە ئاکسیۆنێک هەڵئەستم، تا بە کەسێک (بۆ نموونە، لە تاران یان ئەسفەهانە، دەیەوێت پەیوەندی بە ئێمەوە بکات) بڵێم، ئەگەر چوویتە دەرەوە و ویستت بزانیت کە ئەوانە کێن، بچۆ بۆ فلانە شوێن، تاوەکوو بزانیت لەگەڵ بیرۆی کامە ڕێکخراو پەیوەندی ببەستیت، یان تەلەفۆن بۆ چ ژمارەیەک بکات.

_ تا ئەو جێگایەی بە خاوەندارێتی ئاڵای چەپ و کۆمۆنیزمەوە پەیوەستە، بە بڕوای من ئەمە قەڵەمڕەوێک نییە کە تەنها بە ئێران و زمانی فارسی، کوردی، یان عەرەبییەوە سنووردار بێت. حیزبێک، کە ئاڵا هەڵگری مارکسیزمە، ناتوانێت ئاڵاهەڵگری مارکسیزم لە ئاستێکی جیهانیتردا نەبێت، یان لانی کەم، یەکێک لە بانگەشەکەران و لایەنە ئەسڵییەکانی باس و توێژینەوەکانی مارکسیستی لەسەر ئاستی جیهاندا نەبێت. یەکێک لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کە بەدەر لەوەی کە باسە مارکسیستییەکان لە ئاستی جیهانیدا داکشاوە، یان باو نییە، لەو ئاستەدا دەرنەکەوتووین. بە بڕوای من، ئەمە یەکێکە لە باسە بنەڕەتییەکانمان، هەر ئەوەندە بەسە، کە ئێمە دەست بەم کارە بکەین و بەو ئاراستەیەدا بڕۆین و تا جارێکی تر ئەوە بۆ کرێکار بچەسپێتەوە، کە ئێمە ئاڵاهەڵگری مارکسیزمین. ئێستا ئیتر گرووپە مارکسییەکان ئەمە بە فەرمی دەناسن و هەندێک جار پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە مارکسیستەکان ئەوانن و هەندێک جار دەکەونە نوکتە گێڕانەوە و دەڵێن: بڕوانن مارکسیزمی ئەوانە چۆنە! دەڵێن: ئەمە مارکسیزم نییە و ...

گۆواری تیۆری و سیاسی کە توانایی ئەم ڕەوتە لە بواری تیۆری مارکسیستی و سۆسیالیستی دەرئەخات، ئەبێ هەبێت. بەرنامەی حیزب یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانمان

که کەسانی تر دەبێت بێن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و پێی قانیع بن. هەروەها سەبارە بە باسە مارکسیستییەکانی تر و ڕەخنەی مارکسیستی ئێمە لە مەڕ پرسە جۆراوجۆرەکانیش. هەنووکە ئێمە ئەوەندەی وەک ڕەوتێکی دژەئایینی دەناسرێین، ئەوەندە وەک ڕەوتێکی ئەهریمەن (طاغوت)ی ناناسرێین. دەڵێن ئەوانە، هەمان ئەو کەسانەن کە بچووکترین بایەخێک بە ئایین نادەن. هەموو دەڵێن، ڕەخنەی ئەوانە ڕیشەییە. دەڵێن، کە ئایین هەر لە بناغەوە نابێت هەبێت، بۆ ئەم قسەیەشیان بەڵگەیان هەیە. ئەوانە مارکسیستن، ئەوانە چەپن. ئێمە وامان کرد، کە یەکجار و بۆ یەکەمین جار لە کۆمەڵگادا کۆمۆنیزمێک لە ئارادابێت، کە قەرزارباری سازش لەگەڵ سۆزی خەڵک و مەیلی کۆمەڵ و خورافاتی نێو کۆمەڵدا نەبێت و بڵێن: ئەوانە دەبینی؟ ئەوانە دژی دینن. زۆر کەس بەو هۆیەوە، بەرەو لای ئێمە دێن و بەو بۆنەیە و بە هۆی ئەم هەڵوێستەی ئێمەوە بۆ نموونە، سەبارەت بە ئایین، ئەچن بڕوانن، تا بزانن مارکسیزم چی دەڵێت، یان مارکس لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟ یان باسەکانی ئێمە سەبارەت بە چارشێو، ناسیۆنالیزم و دژایەتیکردنی سەرسەختانەی ئەم حیزبە لەگەڵ ناسیۆنالیزم، کە کەسانی دیکە وەکوو لایەنی نێگەتیڤی ئێمە لێی دەڕوانن، لە کاتێکدا خاڵی بەهێزی لایەنی تیۆریی ئەم حیزبەیە.

سەبارەت بە ئایین، با خاڵێکی دیکە بڵێم: ڕاهی کارگەر پێنج پرسیاریان بۆم ناردبوو، پرسیبوویان: ئایا وەڵامیان ئەدەمەوە، منیش نووسیم: بەڵێ وەڵام ئەدەمەوە. یەکێک لە پرسیارەکان ئەوە بوو: پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵێ، یان نەء؟ من بۆیانم نووسی: ئەم پرسیارە زۆر سەیرە. چونکە ئەم پرسیارە پێشفەرزێکی بۆ خۆی داناوە، کە یەک وەڵامی ئا یان نا، هەڵناگرێ. چونکە وەڵامی ئا یان نا، پێشفەرزێک لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ، وەک ئەوەی کە تۆ، لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکدا، تێڕوانینی خۆت دەرئەبڕی و پەیوەندیی دیپلۆماسی هەیە و شتی دیکە. ئەمە لە چەشنی ئەوەیە کە لێت بپرسن، ئایا "وەلی فەقیە" بە شێوەیەکی یاسایی بێت، یان لە دەرەوەی یاسا بێت؟ ئا، یان نا، بۆ وەلی فەقیە یاسایی؟ تۆ ئەگەر وتت، نا ... دەی چاکە، کەواتە تۆ، وەلی فەقیهی یاساییت دەوێ. ئەگەریش بڵێی، بەڵێ، دەی چاکە، کەواتە، تۆ هەر لە بنەڕەتەوە دەبیتە لایەنگری ویلایەتی فەقیە! لە دوا وەڵامم بۆ پرسیارەکانی ڕاهی کارگەر، ئەمەم نووسی: پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا، لەگەڵ دژایەتی ئێمەدا ڕووبەڕوو نابێتەوە. ئێمە بە

ناونیشانی ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی دژی ئیسلام، ئەوە مەسەلە و گرفتی ئێمە نییە، کە ئاخۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەمەریکا پەیوەندییان هەیە، یان نا.

من وەک هەڵوێستی خۆم بە ناونیشانی کەسێکی دژەئیسلام، ئاماژەم بە ڕەوتە ئیسلامییەکان کرد. ڕەنگە ئەمە لە بەرنامەی ئێمەدا باس نەکرابێ، بەڵام من خۆم بە هەڵسووڕاوی بزاوتی دژی ئیسلام دەزانم و دەمەوێ گسکی لێ بدرێ. ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا، یەک ڕەوتی واقیعییە و دەزانم، کە دەیەوێت، چی بەسەر هاوڕەگەزەکانی مندا بهێنێ. من ڕەوتێکی دژەئیسلامیم و ئەمە باسێکی تیۆرییە، نەک هەستێکی شەخسی بێت و لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە من لە خێزانێکی نوێژکەر نیم. دژی ئیسلامم و دەتوانم لە ڕووی تیۆرییەوە باسی ئەوە بکەم، کە ئیدی ئەمە ئەفیوونی جەماوەر نییە. کۆرشی مودەڕیسی بابەتێکی لە ئینتەرناسیۆنالدا نووسیوە دەڵێت، ئەمە ئیدی ئەفیوونی جەماوەر نییە، کاشکێ وابوایە. ئەگەر ئەفیوون بوایە، ئەوا کارمان پێی نەبوو، ئێمە لە بەرنامەدا، پێدانی بڕێک مەوادی هۆشبەرمان بۆ ئالوودەبووانی واقیعی ئازاد کردووە، دەی چاکە ئەمەش (ئایین)مان دیسان ئازاد ئەکرد! ئەمە بزووتنەوەیەکی بۆگەنی دژی مرۆڤایەتییە، کە خەریکی مرۆڤکوشتن و هەڕەشە لێکردنێتی. هەڕەشە لە ئازادی و مەدەنییەتی مرۆ دەکات، کە بە بڕوای من ئەمڕۆ، ڕۆژئاوا ناوەندی مەدەنییەتە. ڕەوتە ئیسلامییەکان ئەگەر بیانەوێت لە ڕۆژئاوا بۆمب بنێنەوە و ماڵی خەڵکی وێران بکەن، زەرەرمەندی یەکەم کرێکاران دەبن کە بەو ڕادەیە پێشکەوتوون. بۆرژواکان کە خۆیان حوکوومەتی فاشیستییان هەبووە، گرفتێکیان لەگەڵ ئەمەشدا نییە. ئەگەر دەوڵەتی جەزائیر بڵێت، ئەو تاوانانەی بەردەوام ڕوو ئەدەن، لەژێر سەری ئیسلامییەکاندایە، خەڵکی باوەڕ دەکەن، چونکە بینیویانە تاوانکاری لە ئیسلامی سیاسیدا لە چ ئاستێکدایە.

دەمەوێ بڵێم، کە ئەمانە لە هەمان کاتدا باس و بابەتی تیۆریشن، بە مەرجێک کە قاڵبێکی تیۆریشی پێ بدەین و یەکێک بڕوات و بڵێت، ئیسلام ئیتر هەر تەنها ئەفیوونی جەماوەر نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە لە سەدەی بیستەمدا، کە دەیەوێت ڕۆڵێکی دیاریکراو بگێڕێت.

_ سەبارەت بە باسی بوون بە ئۆپۆزیسیۆنی چالاک و بەرچاو. گەلێک فاکتۆرمان هەیە، کە دەکرێ بیانژمێرین: ئاکسیۆنەکان، ڕۆژنامەکان، کەسایەتییەکان، چالاکییەکان، کۆبوونەوەکان، میتینگەکان، مانگرتنەکان، خۆپێشاندانەکان و ... ئەمانە کۆمەڵە

کارێکن، کە دەبنە مایەی ئەوەی خەڵکی بڵێن، ئەمە حیزبێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنە و یەکێکە لەو هێزانەی کە لە مەیدانداید. فراوانبوونەوەی هەڵسووڕانی تەبلیغی، تەرویجی، سازماندەیی و ئاکسیۆنی، ئەمانە مەرجی بوونی حیزبە بە ڕەوتێکی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن. ئێستا گشت کەسێک دەزانێت، کۆمەڵگای ئێران چەندین پارتی سیاسیی جۆراوجۆری تێدایە، بەشێکی لە ناوخۆ و بەشێکی تری بە هۆی جێگا و ڕێگای خۆیانەوە لە هەمبەر ڕژێم، مەسەلەی ئاساییش و سەرکوت، لە دەرەوە گرد بوونەتەوە. بەڵام مەرجێکی بنەڕەتی ئەوەیە، کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە پلەی یەکەم لە ناوخۆ بخەملێ، ئێستا ئەمە خاڵێکی لاوازە، بەڵام نابێت زیادەڕۆیی لەمەدا بکرێت. ئەگەر ئێوە لە دەرەوە ببنە هێزی ئەسڵیی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر ڕێکخستنەکانمان 60 تا 70 کەسیان سەرقاڵی ئیش و کاری ناوخۆ بن و ئەوەی دەمێنێتەوە خەریکی کاری دەرەوە بێت، هەموو کەسێک دەنگی ئەم حیزبە ببیستێت، بە یەک وشە، ئێمە دەبینە بەشێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆن. چونکە سبەی، ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ دەنووسێت: فلان کەس لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، بۆ کۆبوونەوەیەک چووە و وەڵامی "فەرخ نیگەهدار"ی داوەتەوە و ئابڕووی بردووە. یان فلان کەس بۆ ئەوێ ڕۆیشت و ئەوان ئاکسیۆنیان بەرپا کرد، 3000 کەسیان لە مەیدانی فلان کۆ کردەوە و لە دژی چاوپێکەوتنی خاتەمی لەگەڵ فلان پایەداری ئەوروپایی قسەیان کرد و خەڵکی بۆ ئەوێ چوون، دەستیان وەشاند و خواردنی پیسیان لە کاربەدەستانی ڕژێم گرت و ...

_ چۆن نیشانی بدەین، کە دەتوانین ڕابەرایەتی بکەین؟ پێش هەر شتێک، دەبێ نیشانی بدەین، کە ڕابەریمان هەیە. دەبێت ڕابەری تۆ بە ناونیشانی ڕابەر بناسن. حیزبێک کە لە پشتی بەردێکەوە یان لە پشتی دیوارەوە ڕاگەیاندنی نهێنی بڵاو دەکاتەوە، ناتوانێت ڕابەری کەسێک بێت. سەرئەنجام، مرۆڤ بەر کاریگەری مرۆڤ دەکەوێ (نەک تارمایی/ و.)، چ لەسەر ئاستی کارخانە، چ لەسەر ئاستی شار و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. ئێوە دەبێ پۆستەری گەورەتان هەبێت، تاوەکوو کاندیدەکانی ئێمە بۆ شوورای شۆڕشگێڕانە بناسرێن، یان بۆ ئەنجوومەنی شار، یان بۆ ڕابەرایەتیی یەکێتییە کرێکارییەکان و ... ئێستا کاتی ئەوەیە، کە هاوڕێیان جوانترین وێنەی خۆیان ئامادە بکەن، تا ئێمە بتوانین چاپیان بکەین و لە ڕۆژنامەکانی ناوەوە بڵاو ببنەوە. مەسەلەی ئەمنی لە ئارادایە؟ بەڵام ئەمە هەلومەرجێکی تازەیە. ئێمە هەر هەموو لە شۆڕشی 79دا ئامادە بووین بڕیاری ترسناک جێبەجێ بکەین، هەموومان سەفەری

ترسناکمان کردووە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان شەڕی ترسناک و کاری سەربازی و سەرسووڕهێنەریان کردووە. بەڵام ئێستا بار و دۆخەکە بە جۆرێکە کە ئەم وێنانە پێویست بن. ئەوە ئاشکرایە کە نامانەوێت زەبرمان لێ بدرێت، پەتەڕی نەبووینە، بەڵام دەبێت ڕابەری لەبەر دەستی خەڵکی دابنێیت. لە بەرامبەر گورزێک وێنە کە ئەوان بە دەرک و دیوارەکان، لەگەڵ بژی و بڕوخێکانی خۆیاندا هەڵی دەواسن، دەبێت ئێمەش سەد بەرابەری ئەوان، وێنەکانی خۆمان، لەگەڵ بژی و بڕوخێکانی خۆماندا، بە دەرک و دیوارەکاندا هەڵبواسین. من ئەگەر بژنەوم کە لە فلانە شار گوتوویانە، بژی هاوڕێ فلان، هەر وەکوو ئەوەی کە گوتوویانە بژی محەمەدی ئاسنگەران، ئەمە لەو حاڵەتانەیە کە من سەکۆکە لەژێر پای محەمەد دەرناهێنم! ... بەڵکوو بە دیاردەیەکی لەم جۆرە خۆشحاڵ دەبم و پێم وایە، کە دەبێت ناوی زۆرێک لە ئێمە بنووسن. لەو بڕوایەدام، لە هەر جێیەک کە نفووزمان هەیە، دەبێ بڵێن، فلانە کەست دێتەوە یاد؟ لە ژیاندا ماوە، سەرۆکی فلانە سازمانە، ئەندامی فلانە کۆمیتەیە، بەرپرسی فلانە کەمپینە، ئاکتیڤیستی فلانە ڕەوتە و ... ئەگەر ڕۆیشتیت بۆ لەندەن، دەبێ یەکەمجار ئەو ببینی و ... کەسایەتییەکان، ڕابەرەکان، کەسانێک کە بە ناونیشانی ڕووخساری بەرجەستەی کۆمەڵایەتی، کە لێهاتوویی گرتنی دەسەڵاتی سیاسییان هەیە، ئەگەر منی کرێکار لە ئێران بێمە مەیدان، ئەوانە بەو قسانەیانەوە، بەو شکڵ و شێوانەیانەوە، بەو سەر و سیمایەیانەوە و بەو سەرمەشقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیانەوە، دێنە سەر کار. ئەوانە خەڵکانی واقیعین، نەک ڕێکخراوگەلێکی سیاسی کە لە پشتی ناوێکی نهێنییەوە ڕاگەیاندن دەربکەن. ئەوانە تەنانەت ناوەکانیشان ئاشکرایە و دەزانیت، کە لە پشتی ئەم ناوەوە، چ مرۆڤێک، بە چ ڕەفتار و خوو و شکڵ و شێوەیەکەوە هەیە. بە کورتییەکەی، دەبێت لە ڕێگەی خەڵکانێکی واقیعییەوە، لەبەر مەیدان دەربکەوین.

_ هەڵوێستگیرییەکانی حیزب دەبێت هاوئاهەنگ و ورد بێت، وەڵامدەرەوەی پرسە سیاسییەکان بێت. ئەگەر ڕووداوێک هاتە پێشەوە، ئەبێ هەڵوێستێک وەربگری، کە بە دەردی ئەو خەباتە بخوات. لەم بارەیەوە قسەیەکی زیاتر ناکەم، چونکە هەمان باسە کۆنەکانی ڕابەریی سیاسی و هەمان ئەو چەمکانەیە کە قسەمان دەربارەیان کردووە.

_ لە کۆتاییدا، دەبێت دەستوبرد لە کاردا هەبێت. ناکرێت ڕابەری لە پشتی کاروانەکەوە بڵێت: ئەم کارە بکەن، یان بڵێت: بە بڕوای من، دەبێ ئەو کارە بکەن! دەبێت ڕابەری بۆ خۆی بچێتە بەرمەیدان. یەکێک لە هاوڕێکان دوێنێ وتی، منی

بەرپرسی کۆمیتە، دەبێت لە کوێوە بزانم کە "موهاجیرانی" بۆ دەرەوەی وڵات هاتووە؟ باشە! هەمان ئەو کەسانەی کە بڕیارە ئەو هەواڵەت پێ بگەیەنن، دەبێت تۆ بۆخۆت ئەوانی لێ ئاگادار بکەیتەوە! ئێمە ئەم خێرایی کارەمان نییە.

من دەمەوێ قسەکانم بە یەک خاڵ کۆتایی پێ بهێنم، ئەویش ئەوەیە، دەبێت چ وێنایەک لەسەر خۆمان، ببەینە نێو خەڵکەوە؟ ئێمە دەبێت، وێنایەک لە مەڕ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وێنایەک لەسەر بەرنامەی حیزب، سیاسەت و تێڕوانینەکانی، کە جێگای باوەڕ بێت، لە بەردەمی خەڵکی دابنێین و بە ماڵ، کارخانە و شەقامەکانی بگەیەنین.

کەواتە، ئەگەر بمانەوێت ئەم وێنایە بە چەند خاڵێک لە هزری خەڵکیدا جێگیر بکەین، ئەوا ئەو نیشانانە چین کە دەبێت لە مەڕ حیزبی ئێمەوە لە هزری خەڵکیدا بن؟

بە بڕوای من، دەبێت بڵێن:

حیزبی ڕادیکالیستە زێدەڕەوەکانە، بەڵام پێیان لە زەوییە. وێنایەک کە دەبێت لە هزری خەڵکیدا بێت ئەوەیە کە بڵێن، ئەمانە ڕادیکاڵێکی زێدەڕۆن، بەڵام پێیان لە زەوییە. دەزانن لە بارەی چییەوە دەدوێن، هەوایی نین. ئامانجەکانیان گەلێک زێدەڕەوانەیە و ئێستا دەیانەوێت پراکتیزەی بکەن، بەڵام هەوایی نین. دەزانن پرۆسەی واقیعی تێکۆشان چ کەند و کۆسپێک دەهێنێتە پێشەوە، لە بارەی ئاڵۆزترین مەسەلەوە، دیالۆگ ئەکەن و شارەزان، شارەزای ئەوەن، کە بارێک لە خاڵی ئەلیفەوە بۆ بێ ببەن، وەلی هەمیشە دەڵێن، ئامانجی ئێمە ئەمە نییە بە تەنها، دەمانەوێت، فلانە مەسەلە ڕیشەکێش کەین. لە ئەندازە بەدەر ڕادیکاڵن، ڕادیکاڵێکی کۆمەڵایەتی، نەک ڕادیکاڵێکی سیکتی و فیرقەیی. دەبێت وێنای خەڵکی لەسەر ئێمە، ڕادیکالیزمێکی کۆمەڵایەتی بێت. بە بڕوای من، دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە چ کارێک بۆ نموونە، ڕادیکالیزمی ئێمە بەهێز دەکات، یان وێنایەکی ناکۆمەڵایەتی لەسەر ئێمە دەبەخشێت، یان بە پێچەوانەوە، بە خەیاڵی خۆمان خەریکین کۆمەڵایەتی دەبینەوە، بەڵام لە ڕادیکالیزمی خۆمان کورت دەهێنین. دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە ئەو ڕەوتەی ئێمە بەرەو دەسەڵات ئەبات، ڕادیکاڵبوونمانە. دەبێت خەڵکی بڵێن، ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، کۆمەڵێک شت قەدەغە ئەکەن، خوا دەس بە عومریانەوە بگرێت!

دەبێت دەوڵەتێک بێتە سەرکار کە بڵێت، دەبێت کچان بۆ قوتابخانە بنێردرێن. ئەگەر نا، لە کەشوهەوایەکدا کە ناردنی کچان ئارەزوومەندانە بێت و گشت ڕۆژێکیش ئاخوند(مەلا) لەبان سەری خەڵکیدا بێت، خەڵکی کچەکانیان بۆ قوتابخانە نانێرن.

دەبێت دەوڵەتێک بێت، کە ئەگەر ئاخوند خەڵکی گەڕەکی بێزار کرد، سکاڵا بنووسن تاوەکوو پێشی پێ بگرێ.

ئەم مۆدێرنبوونە زێدەڕۆیە لە هەردووک لا، لە شێواز و لە بیردایە. شێوازەکانی ڕەوتێکی مۆدێرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ناکرێت شێوازگەلێکی دواکەوتوو، بەسەرچوو و لاواز بن، دەبێ ئەوە ببینن، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بە شێوەیەکی واقیعی لە خەڵکانێک پێکهاتووە، کە لە بەکارهێنانی ئامێر و لە کارکردن لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارکردن بە کەرەستە و پێداویستییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا شارەزان. ئەگەر بیانەوێت لە کۆمەڵگایەکدا، بە شێوەیەکی یاسایی خەبات بکەن، دەزانن چ کارێک بکەن، ئەگەر بڕیارە خەباتی سەر شەقامەکان بکەن، دەزانن دەبێت چ کارێک بکەن، ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ یەکێتییەکان پەیوەندی ببەستن، ڕێیەکەی دەزانن، میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەناسن، میکانیزمەکانی بەڕێخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەناسن، میکانیزمەکانی بەڕێخستنی ڕێکخراوە خێرخوازەکان دەناسن. ئەگەر ئێوە ڕەوتێکی تێکۆشەرن، کە لولەکێشی ئاو دەوڵەت بیکات و ئێوە تەنها دەوڵەت ئاگادار بکەنەوە، بە بڕوای من شانسێکی کەمتان هەیە، کە ببنە دیاردەیەکی لەو جۆرە.

_ لە کۆتاییدا، بە بڕوای من، تێکڕای ئەوانەی کە گوتم، چەند بەشێک لە بزاڤی سۆسیالیزمی کرێکاری پێک دەهێنن. دەمەوێ بڵێم، ئەمانە وێنایەکن لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی مارکسیزم. ئەوەی کە تەنها بە خەڵکی بڵێین ئێمە مارکسیستین، بەڵام نەتوانین کاریگەرییەکمان بەسەر زیندەگی خەڵکەوە هەبێت، هیچ شتێک ناگۆڕێت. یان تیۆری مارکسیستی و مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە کۆمۆنیستین، خۆی لە خۆیدا ئەوە دەرناخات کە ئێمە ڕەوتێکی مۆدێرنین.

_ خەڵکی بزانن کە ئەم ڕەوتە لە ڕادە بەدەر مرۆڤن یانی، ئەمە ڕەوتێک نییە کە بە تۆپزی، باری (نوێڵ) کۆمەڵگا بە ئاقارێکی دیاریکراودا ببات، هیچ کەسێک لەژێر دەست و پێی ئەم ڕێکخراوەدا ناشێلرێت. هێز و دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوە لە گەییشتنی مرۆڤایەتی بە هێز و دەسەڵاتە. ئەمە بە چ جۆرێک نیشان ئەدرێت؟

بە بڕوای من، ئێمە لەم ڕووەوە کەموکووڕیمان هەیە. ئەوە ڕاستە کە ئێمە لە نووسین و ئەدەبیاتماندا، داکۆکی لە مرۆڤایەتی ئەکەین، بەڵام پەیوەندیی واقیعی ئێمە لەگەڵ خەڵکی لەسەر ئەم بنەمایە نییە. من بەم جۆرەی دەبینم. ئەوەی کە مرۆڤەکان خەمبار

ئەکەین، گوشاریان بۆ ئەبەین، ئەوەی کە نەرمی و میهرەبانیمان لەگەڵ خۆمان و یەکتریدا نییە، لە زۆر جێگادا بەزەییمان بە مافە مەدەنییەکانی یەکتری و حورمەتی یەکتری نایەتەوە. بە بڕوای من ئەمە کەموکوڕییەکە لە دەرەوە دەبینرێت. لە پلینۆمێکدا کێشە نییە، دەڵێن، یەکترییان ئازار دا. بەڵام کاتێک لەدەرەوە تەماشا دەکرێت، خۆش نییە. بە بڕوای من، بنەمای ئێمە، مرۆڤایەتی ئێمەیە، مەدەنییەتی ئێمەیە، ڕێزلێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکییە، تەنانەت ئەگەر دژایەتی قووڵ و خوێنینیشمان لە نێواندا بێت.

سەرباری ئەوانە، پەیوەندیی ئێمە لە هەمان کاتدا، لە تەک خەڵکیدا، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دۆستایەتی بنیات نراوە. من هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە گوتم، ئەگەر دنیا بە دەستی ئێمەوە بوایە، ئەمڕۆکە ئێمە زۆر بەختەوەر ئەبووین. مەبەستم لە بەختەوەری، تەنها بەختەوەریی خۆت و خێزانەکەت نییە. بەختەوەریی کەسانێک کە نایاننناسی، بەختەوەری کەسانێک کە خۆشییان بە تۆدا نایات، یان ساڵی پار لەگەڵ تۆدا شەڕیان بووە، یان ڕەنگیان شێوەیەکی ترە و نەژاد و نەتەوەیان جیاوازە و دوو و سێ جاریش لەگەڵ نەتەوەکەی ئێوە بەشەڕ هاتوون. بەختەوەری مرۆڤەکان، ئەو بەختەوەرییە و هەوڵدان بۆ خۆشبەختی، خۆشگوزەرانی، ئاساییش، زەردەخەنە و پێکەنین و ئەمنییەتی ژیانی مرۆڤەکان، دەبێت ڕۆژانە لە هەڵسوکەوتی گشت ڕۆژێکمان خۆی بنوێنێ. ئەگەر لە دانیشتنێکدا بەشداریمان کرد، کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد، یان کەسێکمان بۆ خانەی حیزب بانگهێشت کرد، ئەگەر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێکی خۆماندا پەیوەندییەکمان بەست، ئەگەر ویستمان لەگەڵ یەکێکدا، بەشداری پلمیکێکی سیاسی بکەین، بە کورتییەکەی لە گشت هەڵسووڕانێکماندا، پێویستە خۆی دەربخات. ئەم حیزبە کۆمۆنیستە، بەم مەزنییەوە، نابێت تەنها جەنگ بکات، بەڵکوو دەبێت لە جێگایەکیشدا کۆمەک بکات. بایەخی فیدراسیۆنی پەنابەران لەوەدایە، کە ڕووخسارێکی مرۆڤانەی ئاوها پێشان بدات. ئەگەر بڕیار بووایە، شوورای پەنابەران تەنها لایەنگرانی خۆی لە تورکیا دەربکات، ئەم ڕووخسارە نە ئەهاتە دی، بایەخی کارکردن بۆ مافەکانی منداڵان، ئەگەر دەستی پێ بدەین، لەوەدایە کە سەربەخۆ لە ڕەنگ و ڕەگەز و خانەوادە، داکۆکی لە منداڵ و مافەکانی منداڵان دەکات، ئەمە داکۆکی واقیعیی ئێمە لە مافەکانی منداڵانە. نەک ئەوەی بچین سووتەمەنی بۆ خەبات لە پێناوی شتێکی تردا پەیدا بکەین، گوایە ئەمە فێڵی خۆمانە. پێویستە ئێمە بڵێین، کارم هەیە و فەرمانیشم

هەیە، بەڵام ئامادەم لە پێناوی مافی منداڵدا، کوتەکیش بخۆم، چونکە مەسەلەیەکی واقیعیی منە.

_ بڵاوکراوەکانمان بە چ زمانێک دەنووسرێن؟ بە بڕوای من ئەمە گرنگە.

بەدەستەوەدانی وێنایەکی مرۆڤدۆستانەی بەرجەستە و خۆشەویست لە حیزب، ئەرکی هەر هەموومانە، بە تەنها ئەرکی ڕابەرایەتی گشتیی نییە. لە میانەی پەیوەندییەکانی ڕۆژانەمانەوە ئەم ئەرکە لەسەر هەموومانە. بە بڕوای من، دەبێت کارێک بکەین کە بە هۆی خۆشەویستی و ئاشنایی ئەندامێکی حیزبەوە، هەستی خۆشەویستی بۆ تەواوی حیزب بهێنینە کایەوە. ڕەنگە ئەمە بە وێنەی وەعزێکی ئەخلاقی تێی بڕوانرێت، بەڵام بە بڕوای من حیزبی عەبووس، تا ڕادەیەک دەتوانێت بچێتە پێشەوە.

لە باسی سیناریۆی ڕەشدا ئێمە چیمان گوت؟ گوتمان، لە بار و دۆخی سیناریۆی ڕەشدا، ئەگەر شوێنێک بکەوێتە ژێر دەستی ئێمەوە، لەگەڵ ئەو هەموو نەفرەتەی کە لە "ئیمپریالیزم" و ئەو بێزارییە زۆرەی کە لە بەرامبەر "بەکرێگیراو"ەکانیدا هەمانە، هەریەکێک لە پزیشکانی بێ سنوور، تا ئەگات بە یونیسیف، دەکرێت حیسابمان بۆ بکەن، کە ئەگەر ئەتەوێ شتێک بە خەڵکی بگەیەنی، ئێمە ڕێگا ئەکەینەوە. ئێمە بژێوی خەڵکی بە بارمتە ناگرین. تەنانەت ئەگەر بزانین بە هاویشتنی چەند گوللە تۆپێک بۆ ناوچەیەکی خەڵکنشین، دوژمن ناچار بە پاشەکشە ئەکەین، ئەو کارە ناکەین. دەبێت ئەم وێنایە جێ بکەوێت. لەبەر ئەوەیە کە لە شۆڕشە مەزنەکاندا، ئەم وێنایە لە زەینی خەڵکیدا ئەبینی کە دەڵێن، ئەوانە مرۆڤگەلێکی پاک و شەریفی کۆمەڵن، ئەوانە قارەمانەکانی کۆمەڵن. ئەگەر کەسانی سیاسی و ڕادیکاڵی ئەو کۆمەڵگایە بن، بەڵام بە شێوەیەکی واقیعی، لەنێو دڵی خەڵکی جێی خۆتان نەکەنەوە، ئەشێت قازانجێکی هەبێت، بەڵام سەرئەنجام بە جێیەک ناگات و دەپووکێتەوە.

هاوڕێیان!

لە تەواوی ئەو مەیدانانەی کە باسم کرد، ئێمە کۆمەڵێک پێشڕەویمان کردووە، بە جۆرێک کە ئێستا بتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان لە خۆمان هەبێ کە حیزب لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا، دەخاڵەتی چالاکی ئەبێت. چەمکی دەسەڵاتی سیاسی خەریکە دووبارە بێتەوە بەر باس، کاتێک دەڵێم، دەسەڵاتی سیاسی، مەبەستم، تەواوی دەسەڵاتی دەوڵەتی نییە، مەبەستم، ڕاکێشانی چمکێکی لێفەی دەسەڵات و زۆرانبازییە لەسەری. ئەمە ئێستا لە تواناماندایە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە لایەنی جێگا و

ڕێگای ڕێکخراوەییەوە، بەو ئاستە گەییشتووە کە خۆی لەبەردەم دیدی گشتیدا نماییش بکات و خەڵکی ببینن کە هەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەندە کەسی لەگەڵدایە کە بتوانێت لە گەلێک لە مەیدانەکاندا، جێگۆڕکێ بە هێزە ماددییەکان بکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەندە ڕاست و ڕەوایی لە سیاسەتەکانیدا هەیە کە خەڵکی بڵێن، دەبێ جێگا بۆ ئەم ڕاستییانە بکرێتەوە.

چەند کەموکورتییەکی بنەڕەتیمان هەیە، کە من هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە باسم کردووە و ئێستا دووپاتی ناکەمەوە. دەبێت ئەو کەموکورتییانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە. بەڵام بە هەر حاڵ هاوڕێیان، ئێمە لە مانەوەی ئەم نەریتەدا، دەتوانین ڕۆڵمان هەبێت. ئەگەر نەمانتوانی دەسەڵاتیش بەدەست بهێنین و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تووشی قۆرتێک هات، خەڵکانێکی دیکە هەبن کە بیانەوێت درێژە بەو نەریتە بدەن، تا بەڵکوو لە بار و دۆخێکی تر و لە درفەتێکی تردا، بەرهەمێکی هەبێت. بەڵام ئامانجی ئێمە لەم دەورەیەدا، ئامانجی ڕۆتینی هەمیشەیی بزووتنەوەکەمان، ئەوەیە کە ئەو ئامانج و ئارەزوو و هێڵە فیکرییانە زیندوو ڕابگرین. ئامانجی ئێمە ئەبێت، هەستانە سەرپێ و هەنگاوهەڵگرتنەوە ڕووە و دەخاڵەتکردن لە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی بێت. لانی کەم دەبێت لە کێشمەکێش لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگادا دەخاڵەت بکەین. ئەگەر لە من بپرسن، من ئەڵێم، دەمەوێت بە شێوەیەکی جیددی لە زۆرانبازیی دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێراندا دەخاڵەت بکەین، دەخاڵەتێکی دیار و بەرجەستە.

ئێمە لەو جێوشوێنە قەرارمان گرتووە. ئەگەر باسەکەی من گەرەکی بێت کۆبەندییەکی بۆ بکرێت، ئەوا ئەڵێم، ئەم دەورەی یەک دوو ساڵە، لە مەڕ پەیوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، یەکلاکەرەوەیە.

دەشێت هەنووکە ژمارە و ئامار و بارۆمێترە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە نیشان بدەن، کە لێهاتوویی ئەوەمان نەبێت، کە بڕۆین تەواوی دەسەڵات بەدەست بهێنین. من دڵنیانیم، ئەمە پەیوەستە بەوەی کە لە مانگەکانی ئایندەدا، چیمان بەسەر دێت ... من نازانم بۆڵشەڤیکەکان لە شۆڕشی شوباتدا، بە چ ئێنێرژی و توانستێک چوونە نێو شۆڕشی ڕووسیاوە؟ بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەوان لە ڕابەرییاندا، لە تانوپۆیاندا، لە پەیوەندییان بە چینی کرێکاری ڕووسیاوە، ئەو پێداویستییانە (کە دەربارەیان ئاخاوتم)یان هەبووە، کە بتوانن لە وەرچەرخانێکی مێژوویيدا ڕۆڵیان هەبێت. ئێمە لەمە بێبەش نین. ناڵێم کە ئەتوانین. نامەوێ لە خۆڕا هەست ببزوێنم، نامەوێ خۆمان بکەمە شێر. بەڵام ئەڵێم، بە

شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ، کڵاوی خۆتان بکەنە قازی! هەر کەسێک کڵاوی خۆی بکاتە قازی، ئەگەر ئێمە لەم جێگا و ڕێگایەدا ببینێ، ئەو چاوەڕوانییەی لە ئێمە دەبێت کە لە ئایندەی سیاسیی ئەو مەملەکەتەدا، ئەو ڕۆڵە بگێڕین، کە وەک دەرئەکەوێ، هەتا ئێستا هیچ حیزبێک ڕۆڵی وای نەبینیوە.

چەپترین پارتەکانی ئەم وڵاتە یان کۆمەڵایەتی نەبوونە، ئەوانەش کە کۆمەڵایەتی بوونە وەکوو حیزبی تودە چەپ نەبوونە، یان کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبوونە، ئەگەر بووبێتیشن ئەوا دەبێت کۆمیتەیەک پێک بهێنین، تاوەکوو بڕوات لەوە بکۆڵێتەوە بزانێت، ئایا ئەوانە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوونە یان نا؟

ئەمە ئەرکێکە لەسەر ئێمەیە، کە هۆشیارانە و یەکگرتووانە، بە نەخشەیەکی سیاسیی واوە کە لەسەری پێکهاتبین و هاوئاهەنگ و زۆر چوست و چالاکانە، بە ئاکامی بگەیەنین.

هیوادارم کە بتوانین بەم تەرزە لە کۆنگرە بچینە دەرەوە.

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

پیاچوونەوەی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:

حیزب و قدرت سیاسی

منصور حکمت، منتخب آثار، صفحات 1399 تا 1410

انتشارات حیزب کمونیست کارگری_ حیکمەتیست، خرداد 1384 (2005)

سەبارەت بە ئازادیی بەیانی بیروڕا

(گفتوگۆ لەگەڵ ڕادیۆی "شەرارەها"ی ستۆکهۆڵم)

جەمشید ئەتیابی: ئەم کاتەتان باش ئاغای حیکمەت. ئەگەر دەکرێ بفەرموون سەرەتا ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی خۆتان سەبارەت بە ئازادی و مافی ئازادیی بەیانی بیروڕا، وە دوای ئەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئازادی و دیموکراسیدا باس بکەن، بەگشتی لە بنەڕەتدا تێگەیشتنی ئێوە دەربارەی ئازادی و دیموکراسی چۆنە؟

مەنسوور حیکمەت: ئەم شتەی کە ئەیڵێیت، چەمکێکی ئێجگار گشتگیر لە خۆ دەگرێ. من باش دەزانم مەبەستی سەرەکیی ئەم باسە کامەیە، وە چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی کە بگاتە ئەو ئاستە کە ڕادیۆی ئێوەش بەرنامەی لەبارەوە پەخش بکات. بریا هێلکەیەکی دیکەشیان بهاویشتایە، بەڵکوو باسی سۆسیالیزمیش مەترەح بووایە. بەڵام پێم وایە، ئەو هێڵە گشتییانەی کە بتوانێ باسی ئازادیی بەیان تەرح بکات، ئەمانەیە: یەکەم، ئازادیی بەیان و دەربڕینی بیروڕا تەنها بە مانای وتن و قسەکردن نایات. لە شوێنێک لە نووسینێکدا (کە وا بزانم لە لایەن ئاغای عەسکەر ئاهنین لە کانوونی نووسەران بوو)، نووسیبوویان کە ڕشتەی نووسەر و هونەرمەند، زۆر زیاتر لە میکانیکییەک یا لە کرێکارێکی سادە، پێویستی بە ئازادیی دەربڕین هەیە، لەبەر ئەوەی کارەکەی نووسین و وتنە، بۆیە سەبارەت بە ئازادیی بەیان هەستیارترە. ئەم وێنایە لە ئازادیی دەربڕین، کە گوایا ئازادیی بەیانی بیروڕا واتای، ئازادیی وتن، ئازادیی پەخشان، ئازادیی نووسین ئەدا بەدەستەوە، وێنایەکی هەڵەیە. ئازادیی بەیان و دەربڕین وەکوو یەکێک لە مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ، ئازادیی بەرجەستەکردنی وجوودە، ئازادیی وتن و قسەکردن بۆ خەڵکی، نووسین، سازکردنی فیلم، ناڕەزایەتی نواندن، درووشمدان و هوتافکێشان، وە بە هەر شێوازێک نمایشکردنی بیروڕای زات و هەستی تاک سەبارەت بە هەر مەسەلەیەک و گەیاندنی بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵەکان، بە ڕای گشتی و بە کۆمەڵگاکەی. هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە کە بە ئاگاداریی کۆمەڵگای بگەیەنێ کە چۆن بیر ئەکاتەوە و چ هەستێکی هەیە. هەموو کەسێک مافی خۆیەتی کە سەرنجی کۆمەڵگا بۆ لای دیدگا و بیروباوەڕی خۆی، بۆ لای هەستی خۆی و ڕەخنەی خۆی ڕابکێشێ، بە ڕای من ئەمەش نابێ هیچ سنوورێک بناسێ، واتە بەگوێرەی بۆچوونی نەریتی کۆنی کۆمۆنیستی.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک ئێمە بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستمان دەنووسی، گەڕاینەوە بۆ بەرنامەی بۆڵشەڤیزم. لەوێشدا فۆرموولەی "ئازادیی بێ قەید و شەرتی بەیان" هەبوو، "ئازادیی بێ قەید و شەرتی سیاسی" و لەوانەش "ئازادیی بێ قەید و شەرتی دەربڕین". بە ڕای ئێمە بە تەواوی ئاقڵانە بوو، چونکە ڕێگەدان بە هەر جۆرە کۆت و بەندێک بۆ ئازادیی دەربڕین، بە مانای دەستوالاکردنی کەسانێک کە ئەتوانن ئەم کۆت و بەندانە لە کۆمەڵدا هەموار بکەن. مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانێ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، یا دەزگایەکی سیاسیی سانسۆر یا کۆنترۆڵ بکات، لە هەر سیستەمێکدا هەمیشە سەرەوە(دەسەڵات)یە کە خوارەوە(هاووڵاتیان) سانسۆر دەکات. بەم پێیە، دانانی هەر جۆرە قەید و بەندێک (وەکوو ئازادیی دەربڕین بۆ خەڵک، یا ئازادیی دەربڕین بۆ لایەنگرانی نیشتمان، یاخود ئازادیی بەیان بۆ مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان، وە یا ئازادیی بیروڕا بۆ بیروباوەڕی بنیاتنەر)، دیاردەیەک پێناسە ئەکات وەکوو قازی و داوەری ئەم فاکتەرانە، کە ئەویش دەوڵەتە، دەوڵەت یا هەر مەقامێکی تر لە کۆمەڵگادا. هەڵبەتە لە وڵاتی ئێمەدا کە هەموو کەس دەوڵەتە، جۆرێکە لە دەزگای ئیسلام و ئاخوندەکان.

ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ئەندێشە، دەبێ بێ کۆت و بەند بێ. ئێمە ئەمەمان لە هەمان بیست ساڵ پێشتر لە بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا نووسی و دەستبەجێ سەدای ناڕەزایەتیی زۆرێک لە شۆڕشگێڕانی ئەو وڵاتە بەرز بووەوە کە ئەیانووت، دەبێ ئازادی بۆ خەڵک بێ و سەرکوتیش بۆ دژی خەڵکی، یان ئازادی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرکوتیش بۆ چەوسێنەران، وتیان ئەم "ئازادیی بێ کۆت و مەرجە سیاسییە" لیبراڵییە و ئەمانە "فەرهەنگی بەسەرچووەکانە" (لێرەدا مەبەست کۆمۆنیزمە/ و.)، یان لە بەرنامەیاندا نووسیوە، کە ئەمەش ترۆتسکیستبوونی ئەمانە ئەخاتە ڕوو، یاخود بۆ نموونە ئەمە نیشانەی ناشۆڕشگێڕبوونی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستە. من ئەو کاتەم لە یادە، کە بەنیازبوون ڕۆژنامەی "میزان"، ڕۆژنامەی ئەندازیار بازرگان دابخەن. دەستیان دایە پرۆپاگەندەی ئەوە، ئەمانە هاتوون بە فۆرموولبەندییەکەوە، کە بەرگری لە بڵاوکراوەی میزان نیشان ئەدات، وە ئەم فۆرموولبەندیی ئازادیی بێ قەید و شەرتەی بەیان ئەچێتە خزمەتی ئەم کارەیانەوە.

ئەمڕۆ لەو کاتەوە زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و ئێستا پێم وایە، ئیتر هەموو کەس چەمکی ئازادیی بێ قەید و شەرت لانی کەم سەرزارەکیش بێ ئەڵێتەوە. سەرەنجام

شتێک کە بە ڕای من دەبێ ببێتە جێگای سەرنج ئەوەیە، کە ئەمە دەستەواژەیەکە، تەنها بە سیاسەتەوە پەیوەست نییە، بە تەنها نەبەستراوە بە شۆڕش و خەباتی شۆڕشگێڕانەوە، بەند نییە بە ئازادیی حیزبگەلی سیاسی وە یان وەک دەگوترێ، بە ئازادیی دەربڕینی بیروڕاوە سەبارەت بە کۆمەڵگا. ئازادی، هەر جۆرە خۆ دەرخستنێکی تاکەکەسە، کە تێڕوانینی خۆی دەربارەی ئەم جیهانە بخاتە ڕوو. یەکێک لەو باسانە کە بۆ نموونە لە ئەمەریکا و بڕێک وڵاتانی دیکە کە سەبارەت بە ئازادیی بەیان مەترەحە، مەسەلەی ئازادیی دەربڕین و چەمکی پاکداوێنی و نەجابەتە. باسی پۆرنۆگرافی(إباحي) بۆ نموونە، ئایا خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە وێنە و فیلمی ڕەفتاری سێکسی خۆیان بگرن و نیشانی خەڵکی تری بدەن یان نا؟ وە یاخود، ئایا هێشتا لە ئەمەریکا خەڵکیی نارازی، مافی ئەوەیان هەیە ئاڵای ئەمەریکا بسووتێنن، یا دەبێ ئەو کارە قەدەغە بکرێ؟ تا ئەم ساتەش نیشتمانپەرستان و باڵی ڕاست لە ئەمەریکا نەیانتوانیوە قەدەغەبوونی سووتاندنی ئاڵای ئەمەریکا (لەناو یاسادا) بگونجێنن. ئەسڵی ئازادیی بەیان و دەربڕین دەڵێ، کە ناتوانیت ئەم کارە بکەیت. خەڵکی نارازیی ئەمەریکا مافی خۆیانە بە سووتاندنی ئاڵای ئەمەریکا قسە و بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن. ئەمەوێ بڵێم، ئازادیی بەیان بە تەواوی تەنها بە سیاسەتەوە نەبەستراوەتەوە، بە حیزبی سیاسی و شۆڕشگێڕ و بە کۆمەڵگای ئیستیبدادییەوە، بەڵکوو هەر جۆرە کۆنترۆڵێک لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ سەر ئەوەی کە کەسێک بتوانێ، قسەی خۆی بە هەر شێوازێک کە خۆی پێی باشە بەگوێی خەڵکی بگەیەنێت. ئەمە باسی ئازادیی بەیان و دەربڕینە و دەبێ تەواوی قەڵەمڕەوەکان بگرێتە بەر. یەک شت کە لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا هەیە و ئەمەوێ سەرنجی گوێگرانی ڕادیۆکەتانی بۆ ڕاکێشم ئەمەیە، ئێمە لەوێدا وتوومانە ئازادیی ڕەخنەگرتن، وە هیچ فاکتۆر و هیچ پیرۆزییەک کە بەنیاز بێ، ئازادیی ڕەخنەگرتن سنووردار بکات قبووڵ ناکەین. بۆ نموونە، کاتێک کە ڕەخنە لەگەڵ هەستی بە کۆمەڵی گرووپێکی تایبەت بەریەک بکەون. بە بڕوای ئێمە، دەبێ تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەستی بە کۆمەڵی گروپێکی تایبەتی، قەومی یا جەماوەری، بەریەکیش بکەون، دیسان ڕەخنەگرتن هەر ڕێگەپێدراوە. یاخود کاتێک لەگەڵ باوەڕی ئایینیی کەسێکدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. بە بڕوای ئێمە پیرۆزی ئایینی، میللی، نیشتمانی و یا ئەو فاکتۆرانەی لە چەشنی ئابووریی

نەتەوەیی یا ئاساییشی وڵات هیچ کامیان ناتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگا بۆ دەوڵەت بکاتەوە، تا بەر بە خۆدەرخستنی تاک و دەربڕینی هاووڵاتیان بگرێت.

ئەمە تەواوی باسی چەمکی ئازادیی بەیان و ڕادەربڕینە بە واتای ماف، سەرەنجام ئێستا شتێک لە پەیوەند بە مەسەلەی وتارخوێندنەوە، وە یان حوزووری پیاوانی ڕژێم لە دەرەوەی وڵات هەیە، باسێکی هێناوەتە پێشەوە، ئایا نارەزایەتی لە دژی وتارخوێندنەوەیەک، بۆ نموونە پیکتکردنی وتارێک، یاخود ڕێگرتن لە خوێندەوەی وتارێک، ئایا پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕینی وتاربێژە یان نا؟ ئەمە ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ بۆ ئەو باسانەی کە تا ئێستا کردوویەتی تەنها یەک ڕوونکردنەوە زیاد بکات، ئەویش ئەمەیە کە ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی خوارەوەیە. پارێزراوبوونی قسە و بەیان و دەربڕینی خوارەوەیە لە بەرامبەر سەرەوەدا. لە ڕووی حوقووقییەوە، پێناسەی ئازادیی بەیانی بیروڕا ئەمەیە. بەم واتایە کە ئەگەر تۆ قسە بکەیت و مەسەلەن من دەنگەدەنگ بکەم و قسەی ئێوە بە گوێگر نەگات، من ڕێم لە ئازادیی بەیانی بیروڕای ئێوە نەگرتووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، من خەریکم ئازادیی بەیانی خۆم بەکردەوە دەردێنم. من بە هاوار و دەنگەدەنگکردن، بە شاورلێدان و غەڵبەغەڵب، ڕێگا ئەگرم لەوەی ئێوە بتوانن قسەکانتان بکەن. ئێوە ئازادن قسەی خۆتان بکەن، هیچ کەس ئەو مافەی ئێوەی زەوت نەکردووە. بەڵام من بە قسەکردنی خۆم یا بە سازکردنی هەر جۆرە ئاکسیۆنێک وەکوو خۆپیشاندان و پیکت، ئەبمە کۆسپ لەبەردەم گەیشتنی قسەکانتان بەو جەماوەرەی کە مەبەستتانە. ئەمە هیچ ڕەخنە و خەوشێکی تێدا نییە. ئەتوانم نموونە بهێنمەوە، لەبیرمە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، فاشیستەکان لە سوێد خۆپیشاندانێکیان کرد، ئەگەر هەڵە نەبم لە ستۆکهۆڵم بوو، خەباتکارانی دژی فاشیزمی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی بەو پیرییەی خۆیانەوە هاتن و بە چەتر و گۆچانەکانیان ڕاویان نان. هەموومان بەم کارە خۆشحاڵ بووین، کەسیش نەی وت کاکە لێی گەڕێن با فاشیستەکان قسەکانیان بکەن. فاشیستەکان دەبێ قسەی خۆیان بکەن، خەریک بوون قسەیان دەکرد، ئازادیی بەیانی خۆشیان لە دەوڵەتی سوێد وەرگرتبوو، دابینیان کردبوو، مێز و کورسیان دانابوو، وە بۆ ئەوەی ئەمانە بتوانن میتینگەکەیان بەڕپا بکەن، پۆلیس پارێزگاری لێ دەکردن. لایەنی بەرامبەر کە لەگەڵ ئەم فاشیزمە جەنگاوە و ماهییەتیان دەناسێ، هاتووە سوود لە ئازادیی بەیان و دەربڕینی خۆی وەردەگرێ، هاتووە هاوار بکا، ڕیسواگەری بکا، هاتوهاوار بکات و

نەهێڵێ میتینگی ئەمانە بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێ بچێتە پێشەوە. یا هەر بۆ نموونە ئەگەر فاشیستەکان بیانەوێ لەناو گتۆی جوولەکەکاندا لە جێیەک یاخود لە گتۆی موسڵمانەکانی جێگایەک پێشانگایەک دابنێن و دژایەتیکردنی خۆیان بۆ بێگانە نیشان بدەن، ئاشکرایە کە خەڵک کۆ ئەبێتەوە و هووهایان لێ دەکێشێت، هاوار و دەنگەدەنگ بەرپا ئەکەن و ناهێڵن ئەمانە قسەکانیان بکەن. ئەمە پێشێلکردنی ئازادیی بەیانی ئەو فاشیستە نییە، بەڵکوو ئەمە دەرکەوتنی ئازادیی بەیان و ڕادەربڕینی قوربانیانی فاشیزمە کە لەوێدا هەستاوە و بۆتە ڕێگر لەبەردەم دووبارەبوونەوەی ئەو قسانەدا. ئازادیی بەیانی بیروڕا، چەمکێکە لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئەو کەسانەی کە لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا دەژین، لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیاندا، لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و ئەو خەڵکەی لەژێر سایەی ئەواندا ژیان بەسەر دەبەن، نەک پەیوەندییەکی ئاسۆیی نێوان دوو هاووڵاتی. ئەمەیان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دەستەواژەی ئازادیی بەیاندا یەک ناگرێتەوە. ئەمە پەیوەستە بە جوامێری، ئەدەب، دڵفراوانی، تۆلێرانس و ئەم شتانەوە، بەڵام بە چەمکی ئازادیی بەیان و پێناسەی حوقووقیی ئازادیی بەیانی بیروڕاوە، کە خەڵکی تەمەنێک لە پێناویدا خەباتیان کردووە بەند نابێتەوە. هاتوهاوارکردنی دراوسێیەک بۆ بێدەنگکردنی هاوسێکەی تەنیشتی، پەیوەندییەکی بە دەستەواژەی ئازادیی بەیانەوە نییە.

جەمشید ئەتیابی: ئاغای حیکمەت ئێوە لە قسەکانتاندا وتتان، کە هەمیشە لە سەرەوە، یانی لە لایەن دەوڵەتەوەیە کە سانسۆر ئەنجام ئەدرێ و هەقی ئازادیی بەیان لە هاووڵاتیان زەوت ئەکرێت. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم مافی ئازادیی بیروڕایە لە کۆمەڵگایەکدا نەخرێتە ژێرپێوە، دوو دیدگا لە ئارادایە، یەکێکیان ئەولەوییەتی ئازادی بەسەر دیموکراسیدا ئەدا و دەڵێ، لە ڕێگەی دابینبوونی ئازادیی تەواوکەماڵەوەیە کە ئەشێ بە دیموکراسیی واقیعی واتە، دابەشکردنی عادیلانەی داهات لە کۆمەڵدا بگەیت، تێڕوانینێکی تر دەڵێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئازادیی بەیانی کامڵ مسۆگەر بکات و بەکردەوە جێبەجێی بکات، پێویستە کە دیموکراسی بە مانای واقیعیی خۆی (یانی دابەشکردنی عادیلانەی سەروەت و هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی) لە کۆمەڵگادا بەرقەرار بێ. ئێوە لەم بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟ پێت وایە کە دیموکراسی لەپێشترە تا ئازادی، یاخود ئازادی لەپێشترە لەچاو دیموکراسیدا؟

مەنسوور حیکمەت: ڕاستییەکەی ئەم پێناسەیەی کە تۆ بۆ دیموکراسی کردت، لە فەرهەنگی زمانەوانی مندا ناوی سۆسیالیزمە. یەکسانیی ئابووری و هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتیی تایبەتی لە فەرهەنگی زمانەوانی مندا ناوی سۆسیالیزمە. بەڵام من لە مەبەستتان دەگەم. کەوایە ڕێگە بدەن من بە فۆرموولەی سۆسیالیزم وەڵامی بدەمەوە و لەم زمانە کەڵک وەرگرم. ئایا ئازادیی بەیانی بیروڕا شتێکە کە قەرارە دوای سۆسیالیزم جێبەجێ ببێ، یاخود شتێکە کە خۆی ئامرازی جێبەجێبوونی سۆسیالیزمە؟ با بڵێین کۆمەڵگایەکی ئازاد. ئایا ئازادیی بەیان پێشمەرجی کۆمەڵگایەکی ئازادە یا بەرهەمی ئەوە؟ ئەگەر وا دابنێم، پرسیارەکەی ئێوە بەم شێوەیەیە کە من لێی تێگەیشتم، بە چەند ڕستەیەک ئەتوانم وەڵامەکەی بدەمەوە. بە ڕای من ئازادیی بەیانی بیروڕا، مافێکی دەسبەجێ و بێ ئەملا و ئەولای هەمیشەیی هەر مرۆڤێکە کە دێتە دنیاوە، چ بڕیار بێ کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم بڕوا، چ نەڕوا، چ هەر شتێک سبەینێ چاوەڕوانمان بێ، ئازادیی بەیان و دەبڕین لە خودی خۆیدا گرنگە، لە خودی خۆیدا مافێکی سروشتی و هەقێکی زاتیی هەر مرۆڤێکە و پێویستە لە هەر سیستەمێکدا دابین بکرێ. بەم جۆرە نییە کە کەسێک بە من بڵێ: دۆستی ئازیز تەماشاکە، ئێمە لەپێناوی ئەوەی کە بە ئاراستەی سۆسیالیزمدا بڕۆین، دەبێ لێرەدا بۆ نموونە، دەمی کەسانێک داخەین و من بڵێم کە ئەها، مادامێکە ئەمانەوێ بەرەو سۆسیالیزم بڕۆین، کەواتە قەیدی نییە با دەمی ژمارەیەک دابخەین. ئەمە بەشێکە لە مافی خەڵک. ڕێگام بدەن بە شێوەیەکی کاتی من ئاوا پێناسەی بکەم: "ئازادیی بەیانی بیروڕا"، مافێکە کە بەدەر لە وجودی ناسنامەی تەرەف، وە خودی بوونیی (مەبەست، بوونی فیزیکییە لێرەدا/ و.) کەسەکە، ئەو هەقە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بڕیار نییە مرۆڤ ئیعتیبارنامەیەک پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی ئەم مافە وەربگرێ. هەر مرۆڤێک وەختێ لەدایک ئەبێ و پێ ئەخاتە سەر ڕووی زەوی، مافی خۆیەتی لەگەڵ ئەم جیهانەی کە پێی تێناوە، ئازادانە کار و کاردانەوەی هەبێ. هیچ کەسێکی دیکە هەقی نییە، وە بۆی نییە کە بێت و ڕێ لە پەیوەندیی ئازادانەی ئەم مرۆڤە لەگەڵ ناوەندی ژیان و دەوروبەریدا بگرێ. بەم پێیە ئازادیی بیروڕا، یەک مافی دەسبەجێیە، لە هەر شوێنێک بێت. چ سۆسیالیزمێک بەڕێوە بێ، چ بەڵێنی کۆمەڵگایەکی ئازاد درابێ و چ نەدرابێ، مافێکە کە پێویستە هەر هەمان ئان و سات وەربگیرێ و بشدرێ. بە بڕوای من ناکرێ و ناتوانرێ، بە شێواز و ڕەوشتی نائازاد، هیچ کۆمەڵگایەکی ئازاد بهێنرێتە ئاراوە. من وای بۆ ئەچم، کە

ناتوانرێ هیچ سۆسیالیزمێک لە ڕێگای سنووردارکردنی ئازادیی مرۆڤەکانەوە لە کۆمەڵگای ئێستادا کە ئاراستەکەی بەناو ڕێگای جۆرێک لە نەبوونی ئازادی و جۆرێک لە داخراندا تێپەڕێ بهێنرێتە ئاراوە. ئەگەریش لە مێژوودا شتی وا ڕووی دابێ، ئەوە سۆسیالیزم نەبووە ... (پچڕانی دەنگ)، یا سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە یەک وڵاتدا هەیە، ئەمانە بەناوی سۆسیالیزمەوە کاریان کردووە. وەکوو حاڵی حازر، چۆن هەر کەسێک قووت ئەبێتەوە و دەڵێ، من لایەنگری دیموکراسیم. ئێستا لە ناو ڕژێمەکانی دنیادا زۆر هەن لایەنگری دیموکراسین و خەریکە هەزار و یەک تاقیکردنەوە لە دیموکراسی دێتە ئاراوە. بێگومان کەسێک کە دیموکراتە (لە گیومە)، ئەتوانێ پێتان بڵێ کە ئەمانە دیموکرات نین و ئەمەش دیموکراسی نییە. سەبارەت بە سۆسیالیزمیش هەر هەمان شکڵە. خەباتی سۆسیالیستی لە هەر ساتێکیدا، یەک خەباتی ئازادیخوازانە و ئازادئەندێشانەیە. خەباتێک نییە کە بڵێم دەورانێکی سەختی هەیە، دەورەیەک دەبێ خۆشمان و ئەوانی تریش سانسۆر کەین، مەحدوودییەت بکێشین و ئەسارەت و داخران تەحەمول کەین، ئیتر ئازاد ئەبین و ئینجا ئینشائەڵڵا لەو کۆمەڵگا ئازادەدا ڕۆژێک دێین و ئازادیی بەیانی بیروڕای خەڵکی دەگێڕینەوە بۆیان. ئازادیی بەیان و ئازادیی دەربڕین، دەبێ هەر ئێستا و لە هەر ڕژێمێکدا دەستەبەر بکرێ، مێژوو بە هەر ئاراستەیەکدا بیەوێ بڕوات.

جەمشید ئەتیابی: ئاغای حیکمەت، ئەم مەسەلەیەی کە ئێستا ئێوە خستتانە ڕوو ڕاستە. لە لایەکی ترەوە دەبینین کە تەکنەلۆژی و سەرمایە هێندە پێشکەوتوون، هەر لە سەتەلایتەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەم ڕادیۆ ناوچەییەی ئێمە، بۆ بەیانی بیروڕای خۆیان بەکاری دێنن. بەڵام ئەوانەی کە سەتەلایتیان هەیە، ئەتوانن بەرنامەکانیان لە ئاستی ناوچەی جیاجیای جیهاندا پەخش کەن. ئێمە ئەو ئیمکانەمان نییە و هەر چۆنێک بێ، لێرەدا باسی دیموکراسی لە پەیوەند بە مەسەلەی ماڵییەوە دێتە پێشەوە. واتە لە ڕووی ئابوورییەوە ئێمە ئەو توانایەمان نییە و ئەگەر ئەم ڕادیۆیە بکرایە بۆ ئێران پەخش بکرایە، ئەو کاریگەرییەی کە ئەیتوانی دایبنێ لەبەرامبەر ئەوەی کە ئێستا تەنها لە یەک شاردا دایئەنێ، لە سەدا سەد جیاوازی دەکرد.

مەنسوور حیکمەت: لە قسەکانتان تێئەگەم. بەم مانایە کە تۆ ئەیڵێی لە ڕووی ماددییەوە، ئازادیی بەیان و ئازادییە فەردییەکان بەم شێوەیە ناتوانێ جێبەجێ ببێ، مەگەر ئەمەی کە یەکسانی لە کۆمەڵدا بەرقەرار بووبێ، کە هیچ ئیمتیازێک لە دەستی

کەسدا نەبێ و میدیاکان لە دەستی کەسێکدا کۆ نەبووبێتنەوە و ئەسڵەن مۆنۆپۆڵ نەکرابن. من ئەمە دەزانم و بە تەواوی قبووڵمە. بەڵام لەنێوان ئازادیی بەیانی بیروڕا وەکوو مافێک و وەکوو هەقێک کە دەکرێ کەم یان زۆر سوودی لێ وەربگیرێ، لەگەڵ ئازادیی بەیان و دەربڕیندا وەکوو واقیعییەتێک کە خەریکە هەر ڕۆژە لە زیندەگی مرۆڤەکاندا پراتیک ئەکرێ، ئەبێ جیاوازی دابنێین. کاتێ ئەڵێین ئازادی هەقێکە کە هەر لە ئێستاوە دەبێ مرۆڤ هەیبێ، لە ئاستی ڕواڵەتیدا بە شێوەی مافێک هەر لە ئێستاوە ئەبێ هەتبێ. واتە تۆ دەتوانی بڵێی ڕاستە کە من وەکوو (مرداک) Keith Rupert Murdochمیدیاکانم لەژێردەستدا نییە و من سەرۆکی CNN نیم، یان ژۆرنالیستی CNN نیم، یاخود سەرۆکی فلان ئەنجوومەن و پەرلەمان نیم و ناتوانم قسەکانم بەگوێی خەڵکی بگەیەنم، بەڵام ئەوە کێیە کە بە شێوەی نێگەتیڤ لەبەردەم قسەکردنی ئێمەدا ڕێگرە؟ ئەگەر قسە بکەم، لەگەڵ هێزی سەرکوتگەر بەرەوڕوو نابمەوە؟ جیاوازییەک کە لە نێوان کۆمەڵگایەکی ئیستیبدادی وەکوو ئێران لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژاوا یان ئەمەریکادا هەبێ، هەر ئەمەیە. کە هەڵبەتە لێرەدا هەم ڕێژەییە، هەم بە هەزار کەڵەک دەمی مرۆڤ دائەخەن. وەلێ تێکڕای مەسەلەکە وا دەرئەکەوێ، جیاوازییەک کە هەیە، ئەمەیە، ئەگەر لێرە قسەیەک بکەیت، دەنگتان بەگوێی کەسێک ناگات، بە تەنیشتانەوە ڕەت ئەبن، بڵندگۆتان بەدەستەوە نییە و کارایی قسەتان کەمە. بەڵام پۆلیس و هێزی سەرکوت، نایات بە هۆی ئەو قسانەوە کە کردووتە، بتگرێ و بتبات. لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێراندا، نەک هەر تەنها هیچ میدیایەکتان لە دەستدا نییە و دەنگتان بە گوێی کەسێک ناگات، بەڵکوو ئەگەر ڕاپۆرتت لەسەر بدرێ کە قسەکانت تەنها بە گوێی دوو نەفەریش گەیشتووە، هەر بەو هۆیەوە کە قسەیەکی لەم چەشنەت کردووە، بەدەر لەوەی ئەم قسانەت کردووە، یان نا، ئیتر تۆ تاوانباریت و ئەخرێیتە ژێر چاودێرییەوە و سەرکوت دەکرێی. هەبوونی ئازادیی بەیانی بیروڕا بەو واتایەیە، کە لە ڕووی یاساییەوە تۆ بۆت هەبێت قسەی خۆت بکەیت. وای دابنێ تۆ لە سوێد ئەتەوێ فیلمێ بەرهەم بێنیت و تیایدا ڕەخنە لە دەزگای مەزهەب و ئایین بگریت، بۆ نموونە بڵێیت مەسیح لە خورافەیەک زیاتر نییە، یاخود مەسیح بوونی ماددیی نەبووە (لێکۆڵینەوە ئەمەی نیشان داوە)، یان بەنیاز بیت شانۆگەرییەک دەربهێنی و دوایین وەسوەسەی مەسیح ڕوون بکەیتەوە. ئەمە خەوشێکی تیا نییە. لانی کەم لە هێڵی گشتیدا بەڕێوەبەری سانسۆر نایەت پێت بڵێ، تۆ ناتوانی و بۆت نییە ئەم شانۆگەرییە

بەرهەم بێنی، تۆ ناتوانی ئەم قسەیە بکەیت، ناڵێ ئەمە پێچەوانەی یاسایە، یان ئەتگرین زیندانت ئەکەین، یان ئەشکەنجەت ئەدەین. لە ئێران بەم شێوەیە نییە. لە ئێران ئازادیی بەیانی بیروڕا مافێکە وەکوو یەک هەقی شکڵی، وەکوو شتێک کە ئەگەر چی تۆ ئامراز و پارەت نییە کە لە ئاستی فراواندا پیادەی کەیت، وەلێ تەنانەت لانی کەم، بە شێوەیەکی گشتی تۆ ناتوانی قسەکانیشت بکەیت. لە ئێران بەیانی بیروڕا و ڕەخنە قەدەغە و تابوو و سنووردارە. جیاوازی ئەم دوو سیستەمە ئا لەم شوێنەدایە. هەڵبەتە (هەر وەکوو وتم) هەمان سیستەم (ڕۆژئاوا)یش کاری تۆقێنەر دەکات، ئەم سیستەمە خەڵک خانەنشین ئەکات، لەسەر کار دەرئەکات، هیچ کرێکارێک دەربارەی ئەو شوێنەی کاری تێدا ئەکات، ناتوانێت قسەیەک بکات، لە بەرامبەر خاوەن کارەکەیدا ناتوانێ قسەیەک بکات. هەر کارمەندێک ناتوانێ هەر چی بخوازێ سەبارەت بە ئیدارە و سەرۆکەکەی بڵێ. ئەو ژۆرنالیستانەی کە لە میدیا جیاجیاکاندا کار دەکەن ئەگەر وتارەکانیان جێگای ڕەزامەندیی سەرەوە نەبێ، پلەی کاریان سەرناکەوێ، سەرەنجام ڕەوشێک و شێوازێکی دیکە جگە لە پۆلیس و سوپا و ڕێکخراوەکانی سەرکوت بۆ کۆنترۆڵی بیروباوەڕ و سانسۆری بیروڕا لە ئارادایە. جیاوازیی ئەم دووانە هەر ئەمەندەیە. من قسەی تۆ بەم مانایە بە تەواوی تێئەگەم. بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ڕاستی هەر جۆرە ئازادییەک بە شێوەیەکی ئایدیاڵ و ئاسایی و مسۆگەر بەدەست بهێنێ و تەنانەت لە سوودبینین لە ئازادایییەکانیشدا یەکسان بن، دەبێ بنەمای ئابووریی کۆمەڵ لەسەر بنەمای یەکسان دامەزرابێت. هیچ گومانێک لەمەدا نییە. بەڵام من وا تێگەیشتم باسێک کە ئێستا هەمانە، (زیاتر) سەبارەت بە هەقی ئازادیی بەیانە تا پراتیکبوونی ئازادیی بەیان. چونکە ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێ بە ئاستێک بگەین کە کۆمەڵگایەکی ئازادمان هەبێ، کە لە ڕووی بونیاد و پێکهاتە ئابوورییەکەیەوە ئازاد بووبێ و بەشێکی کۆمەڵ بۆ بەشەکەی دیکەی بێگاری نەکات، پێشتر دەبێ قسە و باسی زۆر زیاترمان لەم ڕژێمە داخراوەدا بەبێ بوونی هەر ئەم میدیا و ڕاگەیاندنانە کردبێ. پێویستە لە دژی ئەم ڕژێمەی ئێستا ڕاپەڕین، وە ئەمەش یەک واقیعییەتە کە میدیاکان و دەزگاکانی ئەفکارسازی لە دەستی چینی دەسەڵاتدارایە و شۆڕشێک کە دەبێ لە بەرامبەر ئەم سیستەمەدا بەرپا بکرێ، دەبێ لە خاڵی هەڵسانی زۆر خوارترەوە دەست پێ بکات، وەلێ سەرەتا پێویستە هەر لەم سیستەمەدا ئازادیی بەیان و ئازادیی بیروڕا بەدەست بهێنرێ. بە جۆرێک کە بتوانی لەڕێی ڕۆژنامە بچووکەکان و ڕادیۆ

بچووکەکانەوە قسەکانی خۆت بکەیت. ئەمە خۆی یەک جیاوازی ماددییە. بەس تەنها بەمەی کە بۆ نموونە، لێرە میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەدەستی چینی دەسەڵاتداردا کۆبۆتەوە، ئازادیی بەیانی بیروڕا لێرە بە هەمان ڕادەی وڵاتێکی وەکوو ئێران و عەرەبستانی سعوودی لە بەردەم هەڕەشەدا نییە.

جەمشید ئەتیابی: ئاغای حیکمەت، ئێوە لەو قسانەدا کە فەرمووتان، ئەوەتان تەرح کرد، کە لە ڕژێمێکی عادیلانەدا، وە لە سیستەمێکی سۆسیالیستیدا، بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێ بە شێوەیەکی تەواو لە مافی ئازادیی بەیان بەهرەمەند بێ، پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکان بکەونە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. ئایا دوای سەرنگونبوونی ڕژێم، ئەگەر هاتوو (بە هەر حاڵ ئەمانە کۆمەڵێک ئەگەرن کە ئێمە لەسەر بنەمای ئەوانەوە باسەکانی خۆمان ئەبەینە پێشەوە) دەسەڵات بکەوێتە دەستی چەپ، بە باوەڕی ئێوە، دەبێ سەرلەنوێ مافی ئازادیی دەربڕین و ئیمکاناتی بەیان و تێڕوانین بۆ پیاوانی کۆماری ئیسلامی بە فەرمی بناسرێ یان نا؟ مەبەستم هەڵگرانی بیروباوەڕی کۆماری ئیسلامییە، نەک کابینە دەوڵەتییەکان، کە تا ئێستاش لە ناوەندی کاردان.

مەنسوور حیکمەت: ڕێگەم بدەن سەرەتا پێشەکیی پرسیارەکە ڕاستکەمەوە. من نەم وت دەبێ دەوڵەت بێت، دەخاڵەت بکات و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا بکرێنە دەوڵەتی. دواتر ئەگەر پێویست بوو ئەتوانین سەبارەت بەوە قسەبکەین ...

جەمشید ئەتیابی: نەخێر، بە هەر حاڵ سەبارەت بە کۆنترۆڵی ناوەندی (میدیا و ڕاگەیاندن) ...

... بەڵێ هەر ئەوە، من بڕوام بەمە نییە. تەنانەت وا تێدەگەم، کۆمەڵگای ئەمڕۆکە خەریکە شێوازی دیکە ئەهاوێتە دەرەوە. بۆ نموونە ئینتەرنێت و تۆڕەکانی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی دەزگای دەنگی و ویژواڵ و دەنگوڕەنگ کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە. بەم پێیە سبەینێ هەریەک لە ئێمە ئەتوانێ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنمان هەبێ و بەم مانایە ئەمە خەریکە مۆنۆپۆڵی زۆرێکیان دەشکێنێ. بەڵام ئێستا نامەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەوە. من تێگەیشتنێکی وام نییە، کە دەبێ دەوڵەتێکی بەخشندە و دەوڵەتێکی ژیر بهێنرێتە ئاراوە، کە دەزانێ، لە توانایدایە هەموو شتێک کۆنترۆڵ، یان پشکبەندی بکا و بۆ هەر یەکێکمان 20 دەقیقە ئانتێن فەراهەم و دابەش کات. با جارێ ئەمە لەولا بوەستێ.

سەبارەت بە باسی پیاوانی کۆماری ئیسلامی یاخود بە گشتی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی: لە سبەینێی شۆڕشدا، بەدوای بە دەسەڵاتگەیشتنی چەپدا، حوقووقی ئەمانە لە ڕووی ئازادیی بەیانەوە چۆن ئەبێ؟ پێم وایە ئەمە پرسیارەکەی تۆ بوو. بە ڕای من پێویستە لە نێوان ئازادیی دەربڕین و ڕەخنە و وتنی قسەی خۆدا، لەگەڵ ڕێکخراوبوون و کارکردن وەکوو یەک بزووتنەوەی سیاسیی دیاریکراو، جیاوازی دابنێین. من لەسەر ئەو بڕوایەم، کە مەحەکی ئازادیی بەیانیی بیروڕا ئەوەیە، کە کۆمەڵگا تەحەمولی هەبێ، ناهەموارترین ئەفکار ببیستێ. هەڵگری ناهەموارترین و قورسترین بیروڕا، ئەبێ بتوانێ بڵێ، من ئەم بیرکردنەوەیەم هەیە و بخوازێ قسەی خۆی بە گوێی خەڵکی بگەیەنێ و بخوازێ قسەکانی بخاتە ڕوو. من لە دووتوێی ئەم شتەدا خەوشێک نابینم. تۆ وا دابنێ (لایەنگری ڕژێمی ئیسلامی بخە لاوە) خودی ئیسلام بەلای منەوە بە هەمان ڕادەی ئیسلامی سیاسی کوشندەیە، خودی مەسیحییەت و ئایین بە هەمان ئەندازە شۆکهێنەر و کوشندەیە، کە ئینکیزیسیۆن*Inquisitionی ئیسپانیا و کوشتاری بە کۆمەڵی سەدەکانی ناوەڕاستیان، خودی ئەمەی کە بۆ نموونە قارەمانانی وڵاتان، قارەمانانی جەنگیشیانە، کە لە ڤێتنام کوشتار ئەکەن و پاشان ئەگەڕێنەوە مەدالیا وەرئەگرن، بە ئەندازەی کافی جەرگبڕە. ڕووداوی زۆر هەن، کە ئەگەر تۆ دانیشیت و بخوازی بیانژمێری کە کامیان لەگەڵ من دەکەوێتە ناکۆکییەوە و من تەحەمولی کامەیان ناکەم، ئەتوانی یەک لیستی بڵندبالا لەو شتانەی کە ئەکەونە خانەی دژی تۆوە ناشیرینن، ناهەموارن و لە فەرهەنگی ئازادیدا کوفرن، ڕیز بکەیت، بە ڕاستی ئەتوانی لیستیان کەی. کەسێ کە بەرگری لە کاری منداڵان ئەکات، کەسێ کە خەریکە تەبلیغ بۆ ئەوە دەکات کە خەڵک دەبێ خۆیان پارەی داوودەرمانیان بدەن و خەریکە دوو جۆر پزیشکیی ڕێک ئەخات، یەکێک بۆ هەژاران و یەکێکیش بۆ دەوڵەمەندان، بۆ نموونە، کەسێک دێت و خەڵک مەحکووم ئەکا، کە لە هەلومەرجی ژینگەیەکی تایبەتیدا زیندەگی بکەن، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێ کە خەریکن تاقیکردنەوەی کیمیایی یاخود تاقیکردنەوەی ڕادیۆئەکتیڤیان لەسەر ئەنجام ئەدەن، هەموو ئەم کارانەیان لە کۆمەڵگادا ئەنجام داوە. ئەمانە هەر هەموویان شۆکهێنەر و دڵتەزێنن. وەلێ ئازادیی بەیان و دەستەواژەی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا یانی، ئەمەی کە کۆمەڵگا تەحەمولی هەبێ ناهەموارترین، غەریبترین، سەیرترین و دژترین ئەفکار و بیروڕا ئیمکانی دەرکەوتنی هەبێ و بهێڵن خەڵک بیانبیستن. چونکە

ئەگەر بەنیاز بیت ئەمە بسڕیتەوە، ئەو کاتە دەبێ قازییەک و دادوەرێک پێناسە کەیت کە بڵێ، کام بیروڕا بەڵێ با هەبێ و کامیان نەخێر با نەبێ. ئەمەش ئیتر سەرەتای سەرهەڵدانی سانسۆر و داخران و سەرکوتە. ئازادیی بەیان یانی، هەر کەسێک هەقی هەیە قسەی خۆی بکات، چونکە لە پێشدا نازانین حەقیقەت کامەیە، لانی کەم وا فەرز ئەکەین کە لە پێشدا نازانین حەقیقەت کامەیە. لانی کەم دەبێ ڕێگا بدەین هەموو کەس قسەی خۆی بکات. لەنێوان ئەمەدا جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەمەی کە سیستەمێک ئیجازە بدا بۆ نموونە، فاشیستە هیتلەرییەکان دووبارە خۆیان ڕێک خەنەوە و پەلامار بەرنە سەر گەڕەکی قەومەکانی تر و کوشتاریان کەن، یا مەسەلەن ئیسلامییەکان سەرلەنوێ خۆیان ڕێکخراو کەنەوە و لەناو قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئێمەدا بۆمبگوزاری بکەن. لە نێوان ئەم دووانەدا جیاوازی هەیە. لە نێوان ئەوەی کە موسڵمانێکی فۆندەمێنتالیستی کۆنەپەرست ئیجازەی هەبێ قسەی خۆی بکات و ڕۆژنامەی خۆی ببێ، لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوێکی ئیسلامی کۆنەپەرست هەبێ کە ئیجازەی پێ بێ، بۆمب بتەقێنێتەوە، فەرق هەیە. وە تەواوی ئاڵۆزیی کاری دەوڵەتێکی ئازادیخواز و دەوڵەتێکی ئازاد ئەمەیە، کە دەبێ ئەم سنوورە ڕابگرێت. ئەگەر ئێوە دەستبکەن بە داخستنی دەمی خەڵکی، ئیتر کۆمەڵ ئازاد نییە. بەڵام ئەگەر ئێوە میکانیزمگەلێک بهێننە ئاراوە کە کۆمەڵ بتوانێ لە بەرامبەر بزووتنەوە کۆنەپەرستەکاندا، حەرەکاتی دژەمرۆیی، بەرگری لە خۆی بکات، ئەو کاتەیە کە ڕژێمێکی سیاسیی ئازاد دێتە ئاراوە. بەم واتایە دەڵێم، ئەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چەپەکان، ئەگەر (کەسانێک) وتیان ئێمە هێشتا بڕوامان وایە، کە خومەینی لەسەر هەق بوو، من ئەگەر لە ئیدارەی ئەوێدا کارێکم بەدەس بوو دەڵێم: بابە، ڕێگا بدەن با قسەی خۆی بکات. ئەگەر بینیمان خەریکە ڕێکخراو دائەمەزرێنێ، بە هەموو خەڵک ئەڵێین ئەدرەسی ڕێکخراوەکەی لە کوێیە. دەبێ نووسینگەیان هەبێ، خیتاب و وتاریان دەبێ ئاشکرا بێ. ڕێگا نادەین پیلانگێڕی بکەن. ئەگەر بخوازن گرفت، یا ڕێگریی بۆ مافی کەسێک پێک بێنن، ئەگەر بەنیاز بن کاری نایاسایی ئەنجام بدەن، دەستبەجێ بەرامبەر ئەو کارە نایاساییەیان دەوەستینەوە. دەربارەی کەسانێکیش کە لەم سیستەمانەدا بەشداربوون، بە بڕوای من ئادەمیزاد یا بێتاوانە، یاخود گوناهبارە. ئەگەر تاوانبارە (لەبارەی ئایندەی ئێرانەوە وای دادەنێین، کە ئێران کۆمەڵگایەکی ئازاد_ە کە_ یاسایەکی عادیلانەی تێدایە)، ئەو سزایەی کە بۆ ئەو تاوانە یان ئەو

گوناهه گونجاوه، دەدرێ بە ئەنجامدەری تاوانەکە و جگە لەوە ئیتر ئازار نادرێ. ئەگەر کەسێک بەرەڵا کرا کە لەسەر شەقام بڕوات، بچێتە زانکۆ دەرس بخوێنێ، یان وانە بڵێتەوە، ئەتوانێ سواری پاس بێ، ئەتوانێ لە کەنار و لەپاڵ باقیی خەڵکیدا زیندەگی بکات و تەواوی مافەکانی خۆشی هەبێ. سەرەنجام سەبارەت بە سزادان و زەوتکردنی حوقووقی کەسانێک کە لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا کاریان کردووە، بە ڕای من تاوان و گوناه دەبێ بە شێوەی فەردی پێناسە بکرێ، وە سزاش پێویستە هەر بە فەردی پێناسە بکرێ. گوناهباربوونی بە کۆمەڵ و سزادانی بەکۆمەڵ بە لای منەوە ئێجگار خەتەرناکە و نابێ ئەم کارە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، نابێ بووترێ هەموو ئەوانەی کە لەناو کۆماری ئیسلامیدا لە ئیداراتدا کاریان دەکرد، فڵان مافی مەدەنی لەدەس ئەدەن. چونکە یەکەم مونسیفانە نییە، دووەم، بابەتی ئەم تاوانە دیار نییە، ئەسڵی ئەم تاوانە، یاخود کەسێک کە ئەم تاوانەی ئەنجام داوە چ جۆرە کەسێک بووە. هەر کەسێ کە لەناو کۆماری ئیسلامیدا داوا و سکاڵای لەسەرە، دەبێ خۆی و پەروەندەکەی سەیر بکرێ و ببرێتە داگا. لەوانەیە سێ ساڵ زیندانی بەسەردا بدرێ، یان هەر هیچ زیندان نەکرێ، ڕەنگە غەرامە بکرێ، یا لەوانەیە ناچار بە هەزار کاری تر بکرێت، وەلێ نابێ گوناه و تاوان بەکۆمەڵ، یان بە شێوەی دەستەگەلی پێناسە بکرێ. نابێ قەرار و بڕیارەکان بە گوێرەی بیروباوەڕ لێک هەڵپێکرێن، وە نابێ بڵێین، کەسانێک کە باوەڕیان بە دیاردەیەک هەیە، لەم یاخود لەو مافی مەدەنی بێبەشن. بە بڕوای من ئەمە ڕێ پێدراو نییە.

جەمشید ئەتیابی: ئاغای حیکمەت، لە کۆتاییدا ئەگەر قسەیەک یاخود پەیامێکت بۆ هاووڵاتیانی ئێمە هەیە، بۆ گوێگرانی خۆشەویستی ئەم ڕادیۆیە، ئەتوانیت بفەرمووی، وە ئەگەر نا، با ئێمە سوپاسی ئێوە بکەین.

مەنسوور حیکمەت: ڕاستییەکەی جێگای خۆیەتی وەکوو کەسێکی حیزبیی وەفادار بۆ حیزبەکەی خۆی، هەموو گوێگرانی ئێوە بانگەواز کەم، کە ڕۆژنامەکانی ئێمە بخوێنەوە. پێم وایە هەر کەسێکی بەویژدان، ڕابردووی سازمانیی شەخسیی خۆی لە بیست ساڵی ڕابردوودا قورسایی نەخاتە سەر شانی، هەر کەسێ کە بە ڕاستی ئەو خواست و وتارانەی کە لەناو ڕۆژنامەکاندا هەن بە یەکتر بەراورد بکات، هەر کەس کە ئامانجی سیاسیی ڕەوتەکان لە مەحەک ئەدات، وەکوو مرۆڤێکی ئازادیخواز و سۆسیالیست ئەتوانێ بەم ئاکامە بگات، کە کاتی ئەوە هاتووە بە حیزبی کۆمۆنیستی

کرێکارییەوە پەیوەست بێت. لەناو بزوتنەوەی ئێمەدا مۆد نییە کە مرۆڤ بێتە دەرەوە و بانگەواز بکا، جەماعەت بێنە ناو حیزبی ئێمەوە. بەڵام ئێمە دەبێ ئەم کارە بکەین. چونکە دەرفەتی زۆر نەماوە. کۆماری ئیسلامی لەناو قەیرانێکی قووڵدایە. دەبێ کار لەگەڵ ئەو ڕژێمە یەکلا بکرێتەوە. بە بڕوای من ئەم جارەیان پێویستە سۆسیالیستەکان، کۆمۆنیستە کرێکارییەکان، چینی کرێکار سەربەخۆ بێنە مەیدان. لەژێر ئاڵای خۆیاندا دەرکەون و ئیتر ڕێگا نەدەن ئەم کۆمەڵەی کە لەم یەکسەد ساڵەدا، مێژووی ئەم وڵاتەی بەم تەرەف و ئەو باردا بەکێش کردووە و ئیستیبداد دوای ئیستیبدادیان لە گیرفان دەرهێناوە، مەیداندار بن. من بانگەواز و داوام بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەرنامەی ئێوە دەبیستن ئەمەیە کە_ زۆر سادە_ بێن لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا و لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا یەک بگرن. من وا تێئەگەم، دەتوانین ئاڵوگۆڕی گرنگ لەو وڵاتەدا بهێنینە ئاراوە. زۆر سوپاسی موحیببەتیشتان ئەکەم.

جەمشید ئەتیابی: بە خۆشحاڵییەوە. ئێمە زۆر سوپاسگوزارین ئەو کاتەت بە ئێمە بەخشی و پەسەندت کرد کە دیمانەت لەگەڵماندا ببێ. سەرفراز و سەرکەوتوو بیت.

تێبینی: ئەسڵی ئەم باسە زارەکییە. ئەم دەقەی بەردەستتان لە لایەن "داریووش باغانی"وە، لەبەر فایلی دەنگیی ماڵپەڕی "ڕۆژەنە"دا نووسراوەتەوە. فاتیح شێخیش سەرلەنوێ لەگەڵ فایلە دەنگییەکەیدا بەراوردی کردووە و نووسیویەتییەوە.

* ئینکیزیسیۆن Inquisition: ناوی دەزگای دادگای کڵێسای کاسۆلیکییە، کە لە سەدەی 15 و 16ی زایینیدا ئەرکی سەرکوت و تیرۆری ئازادییەکان بووە و زانایان و لێکۆڵەرانی تاوانبار دەکرد بە کوفر و ئیلحاد. هەر کەسێکیش ئیدانەی مەحکەمەی بکردایە، یا دەکوژرا، یا دەسووتێنرا.

وەرگێڕانی: حەمەغەفور

سەرچاوە:
درباره آزادی بیان
http://www. hekmat. public_archive. net

سەبارەت بە گرژی نێوان ئێران و ئەفغانستان

ئیسکرا: پرۆپاگەندەی جەنگیی و کەشوهەوای جەنگیی لە ئێران لە بەرامبەر تاڵیباندا، بە شێوەیەکی بەردەوام لە پەرەسەندندایە. پێشڕەویی سەربازیی تاڵیبان بە یارمەتی پاکستان لە ناوچەکانی باکووردا کە بە دەستبەسەراگرتنی مەزاری شەریف لە سەرەتای مانگی ئابدا دەستی پێ کرد، هەر بەردەوامە. هاوکات لەگەڵ ئەم پێشڕەوییانەدا، هەواڵی تاوانکاری و کوشتوبڕێکی زۆر و کوشتوکوشتاری بە کۆمەڵی گرووپە قەومی و دینییەکان لەسەر دەستی تاڵیبان بڵاو دەکرێتەوە. مانایەکی ئەم پێشڕەوییانە ژێرکەوتنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئەفغانستان بەدەستی پاکستان و تاڵیبانە و ئەمە جگە لە پشتیوانیکردنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە ڕەوتە ئیسلامییە نەیارەکانی تاڵیبان، دەتوانێ کاردانەوە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی سەربازیی کۆماری ئیسلامیش بەشوێن خۆیدا بێنێ. کوژرانی دیپلۆماتە ئێرانییەکان لە لایەن تاڵیبانەوە بۆتە بەهانەیەک بەدەست ڕژێمەوە، بۆ ئەوەی لەناوەوە خۆی کۆ بکاتەوە، بە بڕوای ئێوە ئەم دۆخە ڕوو لە کوێ دەکا و ئەگەر جەنگێکی پڕاوپڕ لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەڵگیرسا، چ ئاکامێکی لە ناوچەکە و لە ناوخۆی ئێراندا دەبێ؟

مەنسوور حیکمەت: "جەنگی پڕاوپڕ" ناتوانێ وەسفێکی دروست بێ بۆ ئەگەری شەڕی کۆماری ئیسلامی و تاڵیبان. ڕژێمی ئیسلامی نەک هەر مەبەستی نییە دەخاڵەتی سەربازی لەم ئاستەدا بکات، بەڵکوو هێزهاوسەنگی هەردوو لاش، ڕێگەی سەرهەڵدانی شەڕێکی پڕاوپڕ نادات. ئەگەر قسەیەک هەبێ، ئەوا لەسەر لێدانی سەربازی لێرە و لەوێ لە لایەن ڕژێمی ئیسلامییەوەیە و ڕەنگە ڕادەیەکی دیاریکراو لە پەیدابوون لە ناوچە سنووریییەکان و دواتر هەندێک هەنگاوی تۆڵەسێنانە و تێکدەرانە لە لایەن تاڵیبانەوە بێت. شەڕێکی پڕاوپڕ کە بەکردەوە دەتوانێ لە ئاکامی کێشمەکێشەکانی ئێستادا ڕوو بدات، شەڕی ئێران و پاکستانە. ڕوودانی ئەم ئەگەرە بێگومان ناوچەکە ژێرەوژوور دەکات. بێجگە لەم حاڵەتە و ئەگەر کێشەکە بە بەرانبەرکێی نێوان ڕژێم و تاڵیبان بەرتەسک بێتەوە، لایەنە سەربازییەکەی بە بڕوای من بەرچاو نابێت.

ئیسکرا: هەر لە ئێستاوە باڵێکی ڕژێم دەستی بە کەڵکوەرگرتن لە فەزای جەنگیی کردووە، بۆ بەرتەسککردنەوەی چاپەمەنی لایەنگرانی باڵەکەی تر (داخستنی ڕۆژنامەی توس) و پەرەپێدانی جەوی تۆقاندن لە کۆمەڵگە لە دژی خەڵکی ناڕازی. بە لەبەرچاوگرتنی کێشمەکێشی باڵەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانییەوە لەگەڵ نارەزایەتیی فراوانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکدا، جۆشدانی ئەم فەزا جەنگییە لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە چەندە دەتوانێ پاڵنەری ناوخۆیی هەبێت؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من پاڵنەرە ناوخۆییەکانی ڕژێم زۆر لاوەکین. گومانی تێدا نییە کە ڕژێمێکی کۆنەپەرست، بۆ بەرتەسکترکردنەوەی بازنەی سەرکوت، لەم ڕووداوەش کەڵک وەردەگرێت. هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەی توس بۆ باڵی خامەنەیی، پێویستی بە لەشکرکێشی بۆسەر ئەفغانستان نییە. حەتمەن لەژێر سایەی دۆخی نائاساییدا ئەم کۆمەڵە هەوڵ دەدەن سەرکوت پەرە پێ بدەن. بەڵام ئەم هەنگاوەی ڕژێم هەنگاوێکە بۆ وەڵامدانەوە بەو ڕەوەندانەی کە ئێستا لە ئەفغانستان لە ئارادان و مەسەلەی هێزپەیداکردنی پاکستان. نەک هەر ڕژێمی ئیسلامی، بەڵکوو هیچ کام لە وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستان حەز ناکەن ئەم وڵاتە هەر وا بە ئاسانی ببێت بە ناوچەی نفووزی ڕاستەوخۆی پاکستان. ئەمانە یەکدەستبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی تاڵیبان بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی نائاشکرای وڵاتانی دراوسێ سەبارەت بە دامەزراندنی حوکوومەتێکی ئیئتیلافی لە هێز و فراکسیۆنە سەرەکییەکان، لەقەڵەم دەدەن. تا ئەو کاتەی کە کێشمەکێشی ئەم باڵانە لە ئەفغانستاندا بە لایەکدا نەکەوتبوو، ئەم حوکوومەتە ئیئتیلافییە ئەگەرێکی واقیعی بوو، وە دەکرا پشکی هەر لایەنێک لە دەسەڵات لە ڕێگەی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستانەوە کەم و زیاد بکرێ. بەڵام سەرکەوتنی تەواوی تاڵیبان، ئەم پرۆژانە بە تەواوی هەڵدەوەشێنێتەوە. ڕژێمی ئیسلامی خەریکە سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئەفغانستاندا بەم شێوەیە درێژە پێ دەدا. بەم هێز نیشاندانە هەوڵ دەدا پاکستان و تاڵیبان ناچار بکا هاوسەنگییەکی کەمتر یەکلایەنە قبووڵ بکەن و ڕێگە لە پووکانەوە و لەناوچوونی هێزە لایەنگرەکانی خۆی بگرێ. وا دێتە بەرچاو، کە هەڵوێستی ئێران واتە، گێڕانەوەی هەلومەرجەکە بۆ هێزهاوسەنگیی سیاسی بەر لە داگیرکردنی مەزاری شەریف و بامیان و هەوڵدان بۆ شەریکەبەشبوونی باقی دارودەستەکانی تر لە حوکوومەتی داهاتووی ئەفغانستاندا،

نەک هەر لە لایەن باقی وڵاتە دراوسێکانی ئەفغانستانەوە، بەڵکوو لە لایەن بەشێکی گرنگی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی نێودەوڵەتییەوە جێگەی قبووڵە.
سەبارەت بە چوونەسەر و پەرەگرتنی فەزای جەنگی لە نێوخۆی ئێراندا هەر وەک وتم، تەنها لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و پاکستان جێگەی نیگەرانی جیددی بێت. بە بڕوای من دەخاڵەتی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە ئەفغانستاندا بەرتەسک و تاکتیکی و لێرە و لەوێ دەبێ. مەبەست لەم ئۆپەراسیۆنانە، بەدەستهێنانەوەی توانای ساتوسەودا و مشتومڕکردن لەگەڵ پاکستان سەبارەت بە چارەنووسی ئایندەی ئەفغانستانە. باوەڕ ناکەم تەنانەت تاقە کەسێکی ڕژێمیش بۆ یەک سات، ڕێگە بە خۆی بدات کە وای بێنێتە بەرچاو، حوزووری سەربازیی لە چەشنی حوزووری سوڤێت لە ئەفغانستاندا ئەبێت. شەڕێکی فراوان کە قەرار بێ کار بکاتە سەر نرخی قەند و شەکر بەڕێوە نییە. دووەم، بە بڕوای من تەنانەت ئەگەر ڕژێم بیەوێ ئەم فەزا جەنگییە بە مەبەستی خامۆشکردنەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک بخوڵقێنێ، تەنیا شەپۆلێکی فراوانتر و عەمەلیتری خەبات لە دژی خۆی پەرە پێ دەدا. شەڕ لەگەڵ تاڵیباندا، بە پێچەوانەی شەڕ لەگەڵ عێراق، نەک هەر نابێتە هۆی سەقامگیریی ناوخۆیی ڕژێم، بەڵکوو دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ڕژێم. هێزهاوسەنگی زاڵ لە کۆمەڵگادا، دەرفەتی ئەو مانۆرانە بە ڕژێم نادات. بە بڕوای من هەرگیز ناکرێ هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ عێراق وەکیەک چاوی لێ بکرێ، یان بەو بچوێنرێ.
ئیسکرا: لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، هەواڵێکی زۆر دەربارەی هێرشکردنە سەر ئەفغانییەکانی دانیشتووانی ئێران بڵاو کرایەوە، کە چاپەمەنییەکانی ڕژێمیش ناچار بوون دانی پێدا بنێن و داوایان لە خەڵک کرد، کە میوانپەروەر بن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نزیکەی دوو ملیۆن ئەفغانی لە سەراسەری ئێراندا بڵاو بوونەتەوە، تەبلیغاتی ڕژێم و دەستوپێوەندەکانی دەتوانێ ئاکامی زۆر خراپی لە دروستکردنی قەڵشت و دوژمنایەتی قەومی و دینی لە ئێراندا هەبێ. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ماوەی هەموو ئەم ساڵانەدا، داکۆکیکردن لە مافی ئەفغانییەکان لە ئێراندا، بنەمایەکی هەمیشەیی سیاسەت و تەبلیغاتەکانی بووە. لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا، چ هەنگاو و ڕێنوێنییەک بە پێویست دەزانی؟

مەنسوور حیکمەت: بەر لە هەر شتێک دەبێ بڵێم کە کۆچبەرە ئەفغانییەکانی دانیشتووی ئێران بە بڕوای من و لە ڕوانگەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسانی وڵاتن. لەم وڵاتەدا بە داخەوە کۆنەپەرستیی لە دەسەڵاتدایە و کۆنەپەرستیی مەیداندارە. لەم وڵاتەدا چەقۆکێشان لەسەر کارن و بڵندگۆکانیان بەدەستەوەیە. دەبێ بەر بەم کۆنەپەرستییە بگیرێت. کێشەکە لەنیوان "خەڵکی هاندراوی" ئێران و "ئەفغانییەکان"دا نییە. کێشەکە لە نێوان کۆنەپەرستیی ئیسلامی و قەومی لە ئێران لەگەڵ بەشێکی دیکەی خەڵکیی بێبەشی ئەم وڵاتەدایە، کە گوناهیان ئەوەیە، لە ئەفغانستانەوە هاتوون. هەر ئەو کۆنەپەرەستییەی کە هێرش دەکاتە سەر ژنان، هێرش دەکاتە سەر کۆمۆنیزم، هێرش دەکاتە سەر مۆدێرنیزم و سکۆلاریزم، ئێستا خەریکە هێرش دەکاتە سەر ئەفغانییەکانیش. ڕۆشنە دەبێ خەریکی کاری هۆشیارکردنەوە بین و کەسانی ناهۆشیار و هاندراو ئاگادار بکەینەوە. بەڵام وەڵامی واقیعی، ڕێکخستنی بەرگرییەکی ماددی لە بەرامبەر ئەم هێرش و دەستتدرێژییانەدایە. واقیعییەت ئەوەیە، کە توانای ئێمە وەکوو حیزبێکی ناقانوونی لە مەیدانی ناوخۆی ئێراندا بۆ هەڵخڕاندنی جەماوەر زۆر بەرتەسکە. بەڵام بە هەر تواناییەکەوە دەبێ ڕێگە لەم کارەساتانە بگرین. بە هەر حاڵ بانگەوازی ئێمە بەر لە هەر کەسێک بۆ کرێکارانی ئێرانە، کە پەیگیرانە داکۆکی لەم بەشە مەحرووەمتر و بێ مافترەی چینەکەی خۆیان بکەن. ئێمە بە دەوری خۆمان لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ داکۆکیکردن لە کۆچبەرە ئەفغانییەکان لە بەرامبەر ئەم دەستدرێژییە کۆنەپەرستانەیەدا درێغی ناکەین.
ئیسکرا: لە حاڵەتی ڕوودانی شەڕ لە نێوان تاڵیبان و کۆماری ئیسلامیدا، پێت وایە ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی ناوچەکە و وڵاتانی دراوسێی ئێران و هەروەها سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا چۆن دەبێت؟
مەنسوور حیکمەت: هەر بەو جۆرەی کە باسم کرد، بە بڕوای من ئەم شەڕە ئەگەر دەست پێ بکات، هەر بە بەرتەسکی و پەراگەندەیی دەمێنێتەوە. کاریگەرییەکەی ئەوە دەبێ کە گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر پاکستان و تاڵیبان بۆ دروستکردنی جۆرێک حوکوومەتی ئیئتیلافی، یان دابەشکردنی دەسەڵات لە ئەفغانستاندا پەرە پێ دەدات. بە بڕوای من ڕۆژئاواش لە دوا لێکدانەوەدا هەر پشتیوانی لەمە دەکا. هێزهاوسەنگیی ئێستا، واتە دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای تاڵیبان و پاکستان، بە لەبەرچاوگرتنی

وێنایەکی فراوانتری هێزهاوسەنگی لە هەموو ناوچەکەدا، وا دێتە بەرچاو درێژە نەکێشێ.

ئیسکرا: سیاسەت و تەبلیغاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە بەرامبەر ئەگەری شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و تاڵیبان چۆنە؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من، هەڵبەت وەکوو ڕایەکی شەخسیی خۆم، سیاسەتێکی دروست، دەبێ پشت بە چەند بنەمایەک ببەستێ.

1) بەختەوەریی خەڵکی ئێران و ئەفغانستان لە گرەوی لەناوچوون و سەرنگوونی هەردوو ڕژێمدایە. بزووتنەوەیەک کە لە ئێراندا ڕوو لە گەشەیە، قەراره کۆماری ئیسلامی بپێچێتەوە. لە شەڕی کۆماری ئیسلامی و تاڵیبان، ئێمە خوازیاری لەناوچوونی هەردووکیانین. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران دوژمنی ڕژێمی ئێران و دوژمنی تاڵیبانە.

2) بە بڕوای من بزووتنەوەیەک کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران سەرنگوون دەکا، دەبێ بیرێکیش لە حاڵی تاڵیبان و کۆنەپەرستیی ئیسلامی لە ئەفغانستاندا بکاتەوە. سەردەمی ئێمە، سەردەمی مەسەلەگەلی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ڕێگاچارەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە. حوکوومەتێکی کرێکاری لە تاراندا، ناتوانێ لەگەڵ حوکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان بسازێ و پەیوەندیی دراوسێیەتی باشی لەگەڵدا هەبێ. بە بڕوای من، سەرجەم مرۆڤایەتی، نابێ حوکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا قبووڵ بکا. ژیانی یەک ڕۆژی ژنێک لە ئەفغانستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی تاڵیبان، بۆ پێکهێنانی بریگاردە سوورە نێونەتەوەییەکان لەپێناو سەرنگوونکردنی حوکوومەتی تاڵیباندا بەسە. سەرەنجام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، هیچ بایەخێک بە مافی حاکمیەتی تاڵیبان وەکوو دەوڵەتی ئەفغانستان نادات.

3) بەم جۆرە بە بڕوای من، شەڕی ڕژێمی ئیسلامی و تاڵیبان، شەڕی دوو دەوڵەت، دوو وڵات و دوو خەڵک نییە، بەڵکوو شەڕی دوو داروودەستەی کۆنەپەرستی ئیسلامییە، کە ئێمە لەگەڵ هەردووکیاندا لە کێشمەکێشداین. شێوازی ئێمە لەم کێشمەکێشەدا ناکرێ و نابێ لەسەر گێڕانەوەی پەیوەندییەکانی هەردوو لا بۆ پێش هەلومەرجی ئێستا و ئامۆژگاریکردنی نەهێشتنی کێشە و ئاشتیکردن بێت. ئێمە وەکوو ڕیزی سۆسیالیزم و ئازادیخوازی، خۆمان لایەنێکی نەبەردێکی سیاسی و چارەنووسسازین لە ناوچەکەدا و بێگومان مشتومڕی ناوخۆی ئۆردووگای

کۆنەپەرستی بەرامبەر بە خۆمان بە وردییەوە تاقیب دەکەین. ڕای شەخسیی من وەکوو کۆمۆنیستێکی دوژمنی دین و ئیسلام و تێکۆشەرێکی ڕێگەی ڕزگاریی خەڵکی دنیای هاوچەرخ لە چنگاڵی مەینەتباری ئیسلامی سیاسی، ئەوەیە کە خواخوای تەفرەقە و دوژمنایەتیمان لە ڕیزی بزووتنەوەی ئیسلامیدا بێت و قەدردانی لێ بکەین. نازانم ئەوانی تر، بەڵام من یەکێک نابم لەو کەسانەی کە چەتە ئیسلامییەکان لە بەربوونە گیانی یەکتر ئاگادار بکەمەوە و داوای ئاشتی و ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵیان لێ بکەم. کاری ئێمە کۆکردنەوەی هێزە، بۆ سەرنگوونکردنی هەردووکیان.

4) لە ئاستی ناوخۆییدا، بەرگرتن بە داسەپاندنی ئیستیبدادی زیاتر بەسەر فەزای کۆمەڵگادا بە بەهانەی هەلومەجی نائاسایی، وە داکۆکیکردن لە ژیان و مافەکانی کۆچبەرە ئەفغانییەکان، دەبێ کۆڵەکەیەکی سیاسەتی عەمەلیی ئێمە بێت. بەڵام کاری ئێمە لەم لایەنە دیفاعییە زۆر واوەتر دەچێ. کێشمەکێشی ڕژێمی ئیسلامی لەگەڵ تاڵیبان و تەبلیغاتی خودی ڕژێم لە دژی تاڵیبان وەکوو ڕەوتێکی کۆنەپەرست و کەلله پوت، زمانی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ئیسلامییەتی خودی ڕژێمی ئێرانیش درێژ دەکات. وەختێک هێرشکردنە سەر "لێکدانەوە کۆنەپەرستانەکان لە ئیسلام" لە ئەفغانستان، مۆڵەتی پێ درا و لە زمانی خودی سەرانی ڕژێمی ئیسلامییەوە باس کرا، ئیتر کەس ناتوانێ بەر بە خەڵکی ئێران لە هێرشکردنە سەر کۆنەپەرستیی ئیسلامی لە خودی ئێراندا بگرێ. وەختێک خامەنەیی نارەزایەتی لەوە دەردەبڕێ کە "تاڵیبان خوێنی لاوانی هەشت ساڵەی حەڵال کردووە"، خەڵک لەسەر چارەنووسی کچانی 9 ساڵە لە ڕژێمەکەی ئەودا یەخەی ئەویش دەگرن. شەڕی ڕژێم لەگەڵ تاڵیباندا، هێرشکردنە سەر ئیسلام لە ئێراندا دەکاتە شتێکی ئاسایی و مۆڵەت پێدراو. لە پشتی درووشمی مەرگ بۆ تاڵیبان، درووشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی زیندوو دەبێتەوە، بەم پێیە ئێمە دەبێ سیاسەتێکی هێرشبەرانە بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی سەرنگوونیخوازیی بگرینە بەر، نەک تەنها سیاسەتێکی دیفاعی بۆ بەرگرتن لە مەحکەمکردنەوەی زیاتری سەرکوت.

5) گومانی تێدا نییە کە خەڵک بە شێوەیەکی ئاسایی مرۆڤدۆست، ئاشتیخواز و خوازیاری ئارامین. بەڵام لە نێوان نیگەرانیی هەمیشەیی خەڵک لە شەڕ و داڕوخانی ئابووری و پشێوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ داکۆکیکردنی حیزبە سیاسییەکان لە هەلومەرجی ئێستا، جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە. یەکەمیان نیشانەی مەدەنییەت و

بیرکردنەوە لە خودی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و دووەمیان بەڵگەی خۆپارێزی و دوژمنایەتیکردن لەگەڵ ئاڵوگۆڕە. هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، نەک هەر ناتوانێ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گرژی نێوان ڕژێمی ئیسلامی و تاڵیبان و ئامۆژگاریی چارەسەری کێشەکە بە شێوازی سیاسی و قانوونی بێت، بەڵکە دەبێ کرێکاران و جەماوەری خەڵک لە ئێران و ئەفغانستان بۆ کەڵکوەرگرتن لەو قەڵشت و ناکۆکییانەی کە لە ئارادان، لە پێناو سەرنگوونکردنی ڕژێمی ئیسلامی و حوکوومەتی تاڵیبان و بەرقەرارکردنی کۆمەڵگایەکی بە ڕاستی ئینسانی و ئاسوودە لە هەردوو وڵاتدا، بۆ مەیدانی خەبات بانگەواز بکا.

وەرگێڕانی: شەماڵ عەلی
پیاچوونەوەی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
درباره تنش میان جمهوری اسلامی و طالبان
"ایسکرا"، شماره 15
22 آبان 1377

حیزب و کۆمەڵگا

(لە گرووپی گوشارەوە بۆ حیزبێکی سیاسی)

لەم کۆبوونەوەیەدا دەمەوێ لە بارەی ئاسۆی هەڵسووڕانی حیزبەوە قسە بکەم. کۆمەڵێک بەرە و ئەرکی تازەمان لەبەردەمدایە و دەبێ پەیمانگەلێکی هاوبەش لەبەرامبەریاندا قبووڵ بکەین. پێویستە لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە چۆن دەمانەوێ ڕووبەڕووی ئەم مەسەلانە ببینەوە. ئێمە دەبێ چاوەڕوانییەکی تازەمان لە خۆمان و کارەکانمان و حیزبەکەمان هەبێت. هەندێک لەم چاوەڕوانییانە لایەنی چۆنایەتی هەیە و هەندێکیشی چەندایەتی. هەم دەبێ پێ بنێینە ناو کۆمەڵێک مەیدانی تازەوە و هەم تەوژم و خێرایی هەڵسووڕان و جم و جووڵی خۆمان زیاتر بکەین، چونکە مەسەلەکانیش لە دەرەوەی ئێمەدا تەوژمیان وەرگرتووە. دەبێ مەودا و ڕەهەندی هەڵسووڕانی خۆمان زۆر فراوانتر بکەینەوە.

ڕێگایەکی بیست ساڵە

هاوڕێیان، ئەمڕۆ بە چەند هەفتە پێش و پاشەوە، یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستە. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە باسەکەی ئەمڕۆمەوە هەیە، چونکە دەمەوێ ڕێگایەک کە لانیکەم لە مێشکی مندا وەکوو کەسێکی سۆسیالیست لەم بیست ساڵەدا، لە دامەزراندنی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە تا ئەمڕۆ بڕیومانە، ڕوون بکەمەوە. ڕەنگە بەمە بتوانم باسەکەم ڕۆشنتر بکەمەوە. بەڵام سەرەتا ڕێگەم بدەن لێرەدا پیرۆزبایی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە هاوڕێ حەمیدی تەقوایی بکەم. ئێمە ئەم دووانە یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستمان دامەزران. بەڵام بۆ من ئەوە زۆر ڕۆشن بوو کە ئەگەر منیش نەبوومایە، حەمید ئەم کارەی هەر ئەکرد، بەڵام ئەگەر ئەو نەبووایە، من خۆم ئەم کارەم نە ئەکرد. دەمەوێ ئەوە بڵێم و جەختی لەسەر بکەم، کە قەدردانی من لە هاوڕێ حەمیدی تەقوایی بێ پایانە. (چەپڵەی دووروودرێژی ئامادەبووان).

لە ڕوانگەی منەوە، لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا، ڕێگایەکمان بڕیوە کە تایبەتمەندی و خاڵی وەرچەرخانەکانی لە ڕووی سیاسی، تیۆری و میتۆدۆلۆژییەوە دەکرێ ڕوون بکرێتەوە. ئەمە ڕێگایەکە کە بە بڕوای من دەبێ بە هۆشیارییەوە درێژەی پێ بدرێت و

دەرکی بکەین، وە بە تایبەتی پێم وایە، دەبێ هەمیشە قۆناغەکانی دواتری بدۆزینەوە. چونکە ڕاوەستان لە خاڵێکدا، لە کاتێکدا هەلومەرجی بابەتی و پێداویستییەکانی گەشەی بزووتنەوەکەمان دەگۆڕێت، دەبێتە هۆی دواکەوتن و تەریک کەتنەوەی مرۆڤ. هەر بزاوتێکی سیاسی، دەبێ لەگەڵ مێژووی خۆی و شانبەشانی مێژووی سەردەمی خۆی بچێتە پێشەوە. دەبێ ڕێچکەیەک بۆ خۆی دیاری بکات.

بە بڕوای من ئەمڕۆش لەبەر دەروازەی قۆناغێکی تازەی ئەم ڕێچکەیەداین. لەم قۆناغە تازەیەدا چاوەڕوانیی تازە و ئەرکی تازەمان بۆ دێتە پێشەوە. ئامادەکردنی خۆمان وەکوو کەسانێکی دیاریکراو بە پێشینە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیاریکراوەوە، بۆ پێشوازیکردن لەو ئەرکانەی کە ئەم قۆناغە تازەیە دەیخاتە ئەستۆمان، پێویستی بەوە هەیە، کە ڕۆحی ئەم قۆناغە تازەیە دەرک بکەین و خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین. ئەگەر بمانەوێ ناوێک لەم قۆناغە بنێین، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەمە قۆناغێکە کە ئێمە تیایدا خەریکین پەیوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگا ئەدۆزینەوە. قۆناغێک کە تیایدا لە پەیوەندیی نێوان حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵگا ورد ئەبینەوە و دەمانەوێ میکانیزمەکانی کاریگەری دانانی حیزب و کۆمەڵگا لەسەر یەکتری زیاتر بناسین و بەدەستیەوەی بگرین.

لە سەردەمی ڕێک پێش شۆڕشی 79، مەسەلەی سەرەکی لەبەردەم ئێمەدا، مەبەستم ئەو گرووپەیە کە حەمیدی تەقوایی و من و هاوڕێیانێکی دیکە لە دەرەوەی وڵات هەمان بوو، مەسەلەی "کۆمۆنیزم و مارکس" بوو. بۆ ئێمە ئەو پرسیارە مێژینەییە لە گۆڕێ بوو، کە مارکسیزم لە ڕاستیدا چی دەڵێت و ئەو جەمسەرە کۆمۆنیستییانەی کە بە واقیعی لەو کاتەدا هەبوون، تا چ ڕادەیەک پەیوەندییان بە مارکسیزمەوە هەبوو. لە ڕوانگەی ئێمەوە کۆمۆنیزمی چین، سۆڤێت، ئەلبانیا، کۆمۆنیزمی ترۆتیسکیستەکان، کۆمۆنیزمی مارکس نەبوو. یەکەمین پرۆسەیەک کە ئێمە بڕیمان و دواتر خۆی لە کاراکتەری یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا بەرجەستە کرد، هەڵوێستەکردن و جەختکردنی ئێمە بوو لەسەر مارکسیزمی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕ. خەسڵەتی جیاکەرەوەی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست مارکسیستبوونی ئەو بوو. مارکسیستبوونی دامەزرێنەرانی بوو. بە سەرهەڵدانی شۆڕش، پرسیاری پەیوەندیی نێوان "کۆمۆنیستەکان و شۆڕش" هاتە ئاراوە، یان بە واتایەکی دیکە، پەیوەندیی کۆمۆنیستەکانی ئێران بە شۆڕشی ئێرانەوە. سەرنجی ئێمە چووە سەر مەسەلەکانی

ئەم مەیدانە. چینە کۆمەڵایەتییەکان لەم شۆڕشەدا چی ئەکەن، ئێمە دەبێ چی بکەین، هێزی شۆڕش لە کوێدایە، ماهییەتی شۆڕشەکە چییە، دەوڵەت چییە، بنەماکانی مامەڵەکردن لەگەڵ حیزبە بۆرژوایییەکان کامانەن، مەسەلەی زەویوزار چ جێوشوێنێکی هەیە، شێوەی هەڵوێستوەرگرتن لە بەرامبەر دەوڵەتی کاتی، لە بەرامبەر ڕەوتی ئیسلامی و باڵەکانیدا چییە، وە بە مانەیەک ئەم پرسیارەی کە وەکوو کۆمۆنیست دەبێ لەم شۆڕشەدا "چی بکەین". ئەمانە ئەو مەسەلانە بوون کە چووینە سەریان. لە درێژەی ئەم باسانەدا و لە جەرگەی باسی شۆڕشدا و لەسەر بنچینەی ئەو هەلومەرج و ئیمکاناتانەی کە شۆڕش هێنایە ئاراوە، دەستەواژەی حیزبی کۆمۆنیست هاتە ئاراوە. بە واتایەکی دیکە مەسەلەی "کۆمۆنیزم و حیزب" هاتە ئاراوە. تێزی ئێمە ئەوە بوو، کە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە، واتە بەرهەمی هەوڵ و کۆششەکانی ڕێکخراوێکی مارکسیستی وەکوو ئێمە لە جەرگەی شۆڕشدا، دەبێ پێکهێنانی حیزبێک بێت کە بە مانای واقیعیی وشە، وەکوو حیزبی چینی کرێکار، حیزبی کۆمۆنیست، سەیری شۆڕش بکات. ئەوەی کە دەبێ قۆناغی پێش حیزب کۆتایی پێ بێت. ئەگەر لەبیرتان بێت، ئەمە قۆناغێک بوو کە تیایدا قسە و باس لەسەر هەندێ پرسیاری لەم بابەتە چەقی بەست، کە حیزب چییە، پێشمەرجەکانی چییە، بەرنامە چ جێگایەکی تێدا هەیە، ڕەخنەی ئێمە لە تیۆری پەیوەند چییە و ... تاد. بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست، ئەم باسانە تێپەڕێنرا. دوای پێکهاتنی حیزب، مەسەلەیەک کە هاتە گۆڕ، مەسەلەی پەیوەندیی نێوان کۆمۆنیزم و چین، یان حیزب و چین بوو. ئەوە شتێکی سروشتی بوو، کە بە پێکهاتنی حیزب، مەسەلەی پەیوەندیی حیزب لەگەڵ بابەتی کارەکەی لە کۆمەڵگادا، واتە چینی کرێکار بێتە ئاراوە و باسی ئێمە لەسەر پەیوەندیی نێوان حیزب و چین چەقی بەست. ئەم باسانە، بە شێوەیەکی جیددی و بە نووسراو، لە باسی شێوەکار لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە لە کوردستان دەست پێ دەکات و تا باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری درێژەی دەبێت.

بە هاتنە گۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، باسەکە لە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی_ عەمەلی لەگەڵ چینی کرێکار واوەتر ڕۆیشت. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و دەسپێکردنی سەردەمێکی تازە کە بۆرژواکان ناویان لێنا، "کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم". لە گەڕان بەدوای بنەماکانی بزووتنەوەکەی خۆمان و جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەو کۆمۆنیزمەدا کە خەریک بوون کۆتاییهاتنەکەیان ڕائەگەیاند،

پەیوەندیی نێوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار لە ئاستێکی بنەڕەتیتردا، بووە جێگەی سەرنجی ئێمە. پەیوەندیی تیۆری لەگەڵ چین، پەیوەندیی حیزب لەگەڵ چیندا، پەیوەندیی مەسەلەی سۆڤێت لەگەڵ چینی کرێکاردا، پەیوەندیی شکستەکانی پێشوو بە دابڕانی کۆمۆنیزم لە چینەکە، پەیوەندیی حیزب و چین، ئەمجارەیان بە مانای یەکێتییەک کە حیزب دەبێ لەگەڵ چیندا پێکی بهێنێ، یەکگرتنی حیزب لەگەڵ چیندا، جێگای کرێکار لە حیزبدا، خەسڵەتی کرێکاریی خودی سۆسیالیزم و تەنانەت خەسڵەتی کرێکاریی تیۆریی مارکسیزم. تێڕوانین بۆ مێژووی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی هاوچەرخ لە دەریچەی ململانێی چینایەتی و ئینتیمای چینایەتیی ئەو مەیلانەوە کە بانگەشەی کۆمۆنیزم دەکەن. ئەمە لایەنە جیاجیاکانی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون. نازانم چەند کەس لە ئێوە لە سیمیناری یەکەمی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا (10 ساڵ بەر لە ئێستا ئامادە بوون). لەوێدا یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی من ئەوە بوو، کە دەستەواژەی کرێکار، نەک وەک بابەتێکی کار، بەڵکوو مەوجوودییەتی کرێکار وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە جەرگەی تیۆری چەوسانەوەدا دەچێتە نێو بناغەکانی مارکسیزمەوە. مارکس سەرەتا کۆمەڵگای بەبێ چینەکان ڕاڤە نەکردووە تا دواتر چینەکان وەکوو جەنگاوەرانێک کە ڕووبەڕووی یەکترین بکاتە نێو باسەکەیەوە. چین لەنێو خودی تیۆری چەوسانەوەی مارکسدایە. چین لەنێو خودی تیۆری گۆڕانی مارکسدایە. چین لەنێو خودی تیۆری مەعریفەی مارکسدایە. ئەمە ئەو سەردەمە بوو کە ئێمە کۆمۆنیزمی خۆمان بە ڕۆشنی، بە شێوەی مانیفێست، بە کۆمۆنیزمی پرۆلیتاری، یان کۆمۆنیزمی کرێکاری پێناسە کرد. لە یەک قسەدا، ڕەوتی جیابوونەوەی تیۆریی ئێمە لە میرات و مێژووی سۆسیالیزمی بۆرژوایی، لە ڕووی تیۆری، لە ئاسۆی کۆمەڵایەتی، لە بەرنامە، لە ڕوانین بۆ مێژووی کۆمۆنیزم و لە لێکدانەوەی ئێمە بۆ ئەرکە پراتیکییەکانی حیزبێکی کۆمۆنیستی، بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەکمیل دەبێت و ئێمە تازە لە خاڵی دەستپێکردنی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسیی دەخاڵەتگەر، لەسەر بناغەی تێڕوانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری قەرار دەگرین. کارێک کە بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەستمان پێ کرد.

لە هەر دەورەیەکدا چەقبەستن لەسەر ئەم باسە تایبەتانە بووە مایەی بەهێزتربوونمان. لە هەر دەورەیەکدا، ئەم پرسیارە تەوەرەییانە و ئەو وەڵامانەی کە دەیان خواست، ئێمەیان دەبردە قۆناغێکی بەرزتر و پراتیکێکی سیاسی بەهێزتر،

چونکە ئەم پرسیارانە ڕاست و بابەتی بوون و ئاوڕدانەوەی ئێمە لێیان ئەگەر کافیش نەبووبێت، لانیکەم لە ڕووی جیهەتگیرییەوە دروست بووە. ئەمڕۆ، لەدرێژەی ئەو باسانەدا و لەدرێژەی ڕەوتی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا کە بەرهەمی دانەدانەی ئەو باسانە و خۆڕۆشنکردنەوانەیە کە ژماردیانم، کۆمەڵێک پرسیاری تازە لەبەرامبەرماندا قوت دەبێتەوە، کە دەبێت بە هەمان شێوە، وەکوو پێشوو بە هەمان گوڕ و تین و جیددییەتەوە، وەڵام لە ئێمە وەربگرنەوە و ئەم وەڵامانە ببنە ڕێنمای پراتیکی سیاسیمان. باسەکانی "حیزب و کۆمەڵگا" و "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" لە ڕوانگەی منەوە ئەو باسانەن کە هەوڵ ئەدەن پەنجە بخەنە سەر ئاستەنگەکانی بەردەم بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە حیزبێکی پراوپڕی سیاسی و ئەم ئاستەنگانە لەسەر ڕێگای لابەرن.

حیزب و حیزبییەت و دەسەڵاتی سیاسی

ئەمە یەکێک بوو لە باسە سەرەکییەکانی کارنامەی کۆنگرەی دووەم، ئەو شتەی کە ڕێکخراوێک دەکاتە حیزبێکی سیاسی و لە گرووپەکانی گوشار، کۆڕ و کۆمەڵە فیکری، فیرقە عەقیدەییەکان، ناوەندە ئەدەبی و چاپەمەنییەکان و تۆڕی کۆڕ و کۆمەڵەکان جیای دەکاتەوە، لە پلەی یەکەمدا پەیوەندیی ئەو ڕێکخراوە بە دەسەڵاتی سیاسییەوەیە. چ وەکوو چەمکێک لە بیرکردنەوەی ئەو ڕێکخراوەیەدا و چ وەک واقیعییەتێک لە ژیان و پراتیکی ئەو ڕێکخراوەدا. مەبەستم لە دەسەڵاتی سیاسی، تەنها دەسەڵاتی دەوڵەتی نییە. تەنها گرتن و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتیم مەبەست نییە. ئەمەیان مەسەلەیەک نییە کە ڕۆژانە ڕوو بدات. بەڵکوو مەبەستم لە توانای ڕێکخراوێکە بۆ کۆکردنەوەی هێز و کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکدا. ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە ببێتە ڕێکخراوێکی ئەوتۆ، کە قورساییەکی گەورەی لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی کۆمەڵگادا هەبێت. کاتێک دادوبێداد لە نەبوونی حیزبی چینی کرێکار لە کۆمەڵگایەکدا ئەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە هیچ جۆرە گرووپێکی کۆمۆنیستی لەو کۆمەڵگایەدا نییە، بڵاوکراوە و ڕادیۆی کۆمۆنیستی تێدا نییە، کۆڕ و کۆمەڵ و تۆڕە سۆسیالیستییەکانی کرێکاران و گرێخواردوو لەگەڵ ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەو کۆمەڵگایەدا نییە. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە، کە چینی کرێکار لە حیزبێک بێبەشە کە لە مەیدانی سیاسەتی سەراسەریدا، لە ململانێی دەسەڵاتدا، نوینەرایەتیی بکات، ڕێکی بخات، هێزی ئەم چینە وەگەڕ بخات و ڕێنوێنی

بکات. بە بڕوای من پەیوەندیی هەر ڕێکخراوێک بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، پێوەری حیزبی بوون و نەبوونی کاراکتەری ئەو ڕێکخراوەیە. حیزب هەر ئەوە نییە کە ڕێکخراو و گرووپێکی سیاسی و فیکری لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەوەندە گەشەی کردبێت کە سنووورێکی دیاریکراوی تێپەڕاندبێت. حیزب ئەو ڕێکخراوەیە، کە چووەتە نێو مەیدانی ململانێی دەسەڵاتەوە. لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا چووەتە نێو گەمەی سیاسەتەوە. ئەو ڕێکخراو و دامەزراوەی کە لە دەرەوەی گەمەی سیاسەتی سەراسەری و لە دەرەوەی ململانێی واقیعی لەسەر دەسەڵات و دیاریکردنی دەسەڵاتداران لە کۆمەڵگادا دەژی، ئەو ڕێکخراوەیەی، کە چ بەپێی بڕیاری هۆشیارانەی خۆی بێت، یان بە هۆی تایبەتمەندییە چەندایەتی و چۆنایەتییەکانی خۆیەوە بێت، بکەوێتە دەرەوەی ئەم ململانییە، حیزبێکی سیاسی نییە. لە سبەینێی شوباتی 79دا، هێزێکی مەزن لە دەوری فیدایی (چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران_ ڕێکخراوێکی چەپ بوو لەوسای ئێراندا/ و.) کۆ بووەوە. بۆ حیزبێکی سیاسی، ئەم هێزە ئامرازی دەخاڵەتکردن لە دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵات لە دەورەیەکی دیاریکراودایە. یان لەم کارەدا سەرئەکەوێت و هێزهاوسەنگییەکی نوێ دێنێتە ئاراوە، یان ئەم هێزە بۆ دەورەیەک لەدەست ئەدەیت. فیدایی سەرباری نفووزە فراوانەکەی لە دوای شۆڕشدا، بەڵام ڕووخسار و تایبەتمەندییەکانی حیزبێکی سیاسی نەبوو. فیدایی سەرەنجام گرووپێکی گوشار بوو بەسەر بزووتنەوەی میللی و حیزبە ناسیۆنالیستە سەرەکییەکانەوە لە ئێراندا. نە ئاسۆی حیزبێکی سیاسی هەبوو، نە شانوشەوکەوتی ئەوی هەبوو، نە ڕەفتار و ئامانجەکانی ئەوی هەبوو. لقوپۆ جیاجیاکانی فیدایی و ئامۆزاکانیان لە ڕاهی کارگەر و گرووپەکانی دیکەی وەکوو ئەو، ئەمڕۆش هەر ئەوەن: گرووپی گوشار بۆ سەر حیزبە سەرەکیترەکانی نێو کۆمەڵگا.

پەراوێزکەوتنی ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان لە ململانێی دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگادا، ئێستا ئیتر لای هەمووان بووەتە شتێکی بەڵگەنەویست. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر وا نەبێت دەبێتە مایەی سەرسووڕمانی چاودێران. بۆ زۆر کەس، بە تایبەتی و بەر لە هەر کەسێک بۆ خودی ڕابەران و هەڵسووڕاوانی ئەم ڕێکخراوانە، کۆمۆنیزم نەک ڕەوتێکی خوازیاری دەسەڵات، بەڵکوو فیرقەی ئەو کاهینانەیە کە ئاگری مەشخەڵی حەقیقەتە چینایەتی و ئامانجە مرۆییەکان بۆ نەوەکانی ئایندە بە گەشاوەیی ئەهێڵنەوە. خزمەتکارانی سووڕپۆش و خاکی و بێ فیزی پەرستگای مێژوون،

قوربانیانی هەمیشەیی کۆنەپەرستین، زیندانیانی سیاسیی ئەبەدین، کەسانێکن کە هەمیشە ڕاستییەکانیان بەو جەماوەرە وتووە کە گوایە ئەوان هەمیشە ڕێگایەکی دیکە و ڕابەرانێکی دیکەیان هەڵبژاردووە.

دیدی مارکسیستی، دیدی کۆمۆنیستی کرێکاری، بۆ حیزبایەتی ئەمە نییە. ئەرکی ئێمە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسیی کۆمۆنیستی کرێکارییە. لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا، ئێمە بڵاوکراوە مارکسیستییەکانمان دەرکردووە، ئاڵای ئامانج و بەرنامە کۆمۆنیستییەکانمان هەڵکردووە، ڕێکخراوگەلی گەورە و بچووکمان دروست کردووە، تەبلیغ و تەرویجی کۆمۆنیستیمان کردووە. تێکۆشانی نهێنی و ئاشکرا و چەکدارانەمان کردووە. بەڵام ئەرکی ئێمە، پێکهێنانی حیزبێکی سیاسییە کە لە چەقی ململانێی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگادا ئاڵای کرێکار، ئاڵای یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی هەڵبکات و بە شێوەیەکی بابەتی، خۆی لایەکی ئەم ململانێیە بێت و شانسی سەرکەوتنی لەم ململانێ سیاسییەدا هەبێت. کۆمۆنیزم بۆ گۆڕانکارییە. گۆڕینی کۆمەڵگای بۆرژوواییش وا پێویست ئەکات کە چینی کرێکار لە ململانێی دەسەڵاتدا سەرکەوێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ ببێتە حیزبێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا. ئەم بیرۆکە سەرەتایی و بەڵگەنەویستەی مانیفێستی کۆمۆنیست، وەکوو هەموو بیرۆکەکانی مانیفێست، وەک دیدی ڕەخنەگرانەی مارکس، دەبێ لەژێر وێرانەی لادانەکان دەربهێنرێتە دەرەوە. هەر ئەو بۆچوونە دزێوانەی کە شۆڕشی کۆمۆنیستی و کۆمەڵگای سۆسیالیستییان هەواڵەی ئایندەیەکی دوور و دنیایەکی دیکە کردووە و نکۆڵییان لە دەمودەستی و داوالەسەربوون و هاتنەدی ئەمڕۆی ئەو کردووە، حیزبایەتیی کۆمۆنیستیی کرێکاری، واتە خۆنواندنی کۆمۆنیزمی کرێکارییشیان وەکوو حیزبێکی سیاسیی خوازیاری دەسەڵات، بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەت کردۆتەوە و بە نەشیاو و داوالەسەرنەبوو لە قەڵەمیان داوە.

بەڵام ئەوەی کە مانا دەبەخشێتە هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی ئێمە، ڕێک هەر ئەم پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەیە کە لە ئاستی هەموو کۆمەڵگادا، لە مەیدانی ململانێ لەسەر یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگادا خۆی بنوێنێ. حیزبێک کە کرێکار و هەر مرۆڤێکی لایەنگری ئازادی و یەکسانی، بتوانێ پێوەی پەیوەست بێت و لەوە دڵنیا بێت کە لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانێ بەکردەوە و بە واقیعی، کاریگەری

لەسەر کۆمەڵگاکەی خۆی، دەوروبەرەکەی خۆی و چارەنووسی مرۆڤەکانی سەردەمی خۆی دابنێت.

ئەگەر شتێک بیەوێت ناوەڕۆکی هاوبەشی قۆناغە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی ئێمە لەم بیست ساڵەدا نیشان بدات، هەوڵدانە بۆ قەوارەدان بە کۆمۆنیزمێکی کرێکاری کە نەک لە پەراوێزی کۆمەڵگا، بەڵکوو لە چەقی سیاسەتی کۆمەڵگادا، لە جەرگەی جەنگی دەسەڵاتدا، چینی کرێکار بهێنێتە مەیدان و نوێنەرایەتی بکات.

میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات

چوونە سەر باسی دەسەڵاتی سیاسی لە پلەی یەکەمدا دەستەواژەیەکی کۆمەڵایەتییە، ململانێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی داهێنانی کۆمۆنیستەکان نییە. کۆمەڵگا بۆ دەستاودەستپێکردنی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵێک میکانیزمی هەیە. تەبلیغ و ورووژاندن و سازدان داهێنانی مارکسیزم نییە. زەبروزەنگ، خرۆشان، یاخیبوون، جەنگ، هیچ یەکێک لەمانە داهێنانی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی سۆسیالیستی نییە. دەوڵەت، سەرنگوونی و شۆڕش، هیچ یەکێکیان داهێنانی کۆمۆنیستەکان نییە. ئەمانە دیاردە و میکانیزمی کۆمەڵایەتین، ئەوە تایبەتمەندییە بابەتییەکانی کۆمەڵگایە کە بە کۆمۆنیستێک دەڵێت چۆن دەکرێت دەسەڵات بگریت، کەی و لە چ کاتێکدا دەکرێ دەسەڵات بگریت، لە چ سەردەمانێکدا دەتوانرێ بیگریت، نەک بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو و ڕێوڕەسم و ئەو شتانەی لای ئێمە خۆمان پەسەندە. ئێمە داهێنەری مەنجەنیقە سیاسییە تازەکان بۆ گرتنی قەڵاکانی مێژوو نین. ئەگەر بەدەستهێنانی دەسەڵات مەسەلەی ئێمەیە، یەکەمین پرسیار ئەمەیە: میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات، میکانیزمەکانی بەهێزبوون و سەرکەوتن لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا، لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا چییە؟ ئەمە باسێکی زۆر بەرجەستەیە. ڕێگە بدەن بپرسین لەم دنیایەدا چۆن دەکرێت قسە بۆ مرۆڤگەلێکی زۆر بکرێت. چۆن دەکرێت مرۆڤگەلێکی زۆر یەکگرتوو و ڕێکخراو بکرێت. چۆن دەکرێت بزووتنەوەیەک دروست بکرێت کە کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی مرۆڤەکان لە ئاستێکی فراواندا دابنێت. چۆن دەکرێت بچیتە شەڕی بیروبۆچوونی زاڵ. ئەم بیروبۆچوونە زاڵە لە جیهانی ئەمڕۆدا چۆن دروست دەکرێت و خەڵکی پێ قانیع دەکرێت. میکانیزمەکانی کامانەیە و چۆن دەکرێ بچیتە جەنگیان. چۆن دەکرێت لە جیهانێکدا بەم تایبەتمەندییە

بەرهەمهێنانەوە، بەم تایبەتمەندییە سیاسی، سەربازی، ئینفۆرماتیک، کولتووری، فێرکاری، ببێتە هێزێک کە بتوانێ کاریگەری لەسەر ژیان و ئیرادەی ملیۆنەها مرۆڤی ئەندامی چینی کرێکار و ئەو جەماوەرە فراوانەی خەڵک دابنێت کە ئازادی و یەکسانییان دەوێت، وە بیانهێنێتە مەیدان و بە ئاراستەیەکی ڕاستدا ڕێنوێنییان بکات؟ ئەگەر حیزبی سیاسیی کۆمۆنیستیی کرێکاری بیەوێت کارێک لەم دنیایەدا بکات، دەبێ بەهێز بێت. دەبێ بەهێز بێت، دەبێ ئەوەندە بەهێز بێت کە بۆرژوازی ئەمڕۆ لە جیهانەکەی خۆیدا بەشکست بهێنێ. ئەمە قسەی دێرینی مارکسە کە بۆ گۆڕینی شتێک، تەنانەت بۆ نابودکردنیشی، دەبێ بزانێت چۆن کار دەکات. دەبێ یاساکانی حەرەکەتی بناسین. ئەوە ئێمە نین بڕیار ئەدەین کە چۆن دەکرێت لە جیهانی ئەمڕۆدا ببینە هێزێکی بەتوانای سیاسی. خودی کۆمەڵگا بەپێی تایبەتمەندییەکانی، میکانیزمەکانی ژێرەوژوورکردنی خۆیشی دیاری دەکات. دەبێ ئەم میکانیزمانە بناسین. ئەو میکانیزمانەی کە ڕێگە بە ئێمە، بە بزووتنەوە و حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەدات کە گەشە بکەین، نفووز پەیدا بکەین، هێز کۆ بکەینەوە، شۆڕشی پێ بکەین، دەسەڵات لەدەستیان دەربێنین و بەرنامەی خۆمان پیادە بکەین.

کاتێک قسە لە میکانیزمەکانی خودی کۆمەڵگا ئەکەین مەبەستم لە میکانیزمە قانوونییەکانی کۆمەڵگا نییە. ڕاپەڕین و شۆڕش میکانیزمەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخن بۆ گۆڕانکاری. خرۆشان، یاخیبوون، جەنگ، میکانیزمەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخن بۆ گۆڕانکاری، بەڵام دەرمانخواردکردنی نەیاران لە داوەتکردنی نانخواردندا، شێوازێکی گونجاوی ئەم کۆمەڵگایە نییە. لە کاتێکدا کە مەئموونی خەلیفەی عەباسی دەکرا چەندین جار ئەم شێوەیە بگرێتە بەر. لە نەوەی سەربەداران، هەڵبەتە مەبەستم گرووپی یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی ئێران نییە، یەکێک لە پاشاکان ئاوا دێتە سەرکار کە میر بە چەقۆ قەسابییەکەی دەکوژێت و خۆی دەکاتە پاشا. بەڵام ئێمە ئەم ڕێگایانەمان لەپێش نییە. ئێمە خەریکە ئەچینە ناو دەورەیەک لە ژیانی حیزبەوە، کە مەسەلەی نفووزی سیاسی لە کۆمەڵگادا، ئامادەبوون لە شەڕی دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی ئامرازەکانی گواستنەوەی هێز لە کۆمەڵگادا، بە شێوەیەکی جیددی بۆمان دێتە پێشەوە. ئەو ئامراز و قەڵەمڕەوانەی کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بەدەستەوەگرتنیان و چوون بۆ ناویان، بۆ هێزێک کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا خەبات ئەکات، خۆلادانی تێدا نییە. ئێمە لە ئێستادا نەختێک دەستمان بۆ ئەم ئامرازانە بردووە،

بەڵام وادێتە پێشچاو کە جاروبار لە توانای خۆمان سەرسام و تەنانەت نیگەران ئەبین. لە سەرکەوتنەکانی خۆمان ئەترسین و ڕائەکەینەوە بۆ ماڵ و لەپشتی دایکمانەوە خۆمان حەشار ئەدەین. هەندێ کەس لەگەڵ ئەم جم و جووڵ و خۆنواندنە سیاسییەدا هەست بە نامۆیی ئەکەن. کۆمۆنیزمێک کە لە گەڕەک و کۆڕ و کۆمەڵەکاندا تەبلیغ و تەرویج دەکات، کۆمۆنیزمێک کە لە مەوعیدە ڕێکخراوەییەکان و کۆبوونەوە بچووکە نهێنییەکاندا ئامادەیە، بۆیان ئاشنا و خۆییە، بەڵام بەو کۆمۆنیزمەی کە ئاڵاکەی خۆی لە ناوەڕاستی شار دابکوتێت، کۆمۆنیزمێک کە وەها هەمووان ببینن و بە فەرمی بناسن کە ئەو کرێکارەیش کە حیزب لە کۆڵانەکەیاندا نییە ڕاستبێتەوە و بیەوێت بەم کۆمۆنیستانەوە پەیوەست بێت، عادەتیان پێوە نەگرتووە. بەڵام لە دەرەوەی ئەم پەنجەرەیەدا، جەنگی دەسەڵات هەموو ڕۆژێک لە ئارادایە و هەمیشە کەناڵ و شێوازی تازە لەم جەنگەدا پەیدا دەبێت. دەخاڵەتکردنی ئێمە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەوە دەخوازێت کە ئێمە بچین بەشوێن میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا. ناسین و لەویش گرنگتر بەدەستەوەگرتنی ئەم ئامراز و شێوازانە بێگومان شتێکی سادە نییە. بەڵام دەستنیشانکردنی ئەو شێوازانەی کە بێ هیچ دوودڵییەک بەکاری حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی سەردەمی ئێمە نایات، کارێکی زۆر دژوار نییە.

"ئەریتی کلاسیکی کۆمۆنیستی". یان میراتی سەرکوت و تەریککەوتنەوە

هەر حیزبێکی کۆمۆنیستی، تا نەبێتە حیزبێک کە دەست بۆ ئەم شێوە و شێوازە کۆمەڵایەتییانە ببات، بە دەسەڵات ناگات. لە لایەکی دیکەشەوە، لە هەموو ڕەوتەکانی دیکە بۆ دەستبردن بۆ ئەم ئامرازانە نائامادەترە و توانای کەمترە. ئەوەی کە بەسەر کۆمۆنیزمدا هاتووە، ئەوەی کە بۆرژوازی توانیویەتی بە سەپاندنی چەندین شکست و سەرکوت و گوشاردانانی ڕۆژانە لەسەر کۆمۆنیستەکان، کۆمۆنیزم، واتە یەکێک لە حیزبەکانی خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا کە سەد و پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا هەر بەم میکانیزمانە هەوڵی ئەدا کە دەسەڵات بەدەست بهێنێ، بکاتە فیرقەیەکی نیمچە ئایینیی پەراوێزکەوتوو، کە ژیانی سیاسیی خۆی لە گۆشەیەکی کۆمەڵگادا پێناسە دەکات و ناسنامەی خۆی لەو گۆشەیەدا پەیدا دەکات و لە بنچینەدا خۆی نایەوێ ئیتر لەم گۆشەیە بێتە دەرەوە. وەک ئەو ئۆرگانیزم و ڤایرۆسانەی کە لە سەهوڵبەندانێکی گەورەدا خۆیان لەگەڵ ئەو سەرمایەدا ڕائەهێنن و بە زیندوویەتی

دەمێننەوە، بەڵام پاش تەواوبوونی سەهۆڵبەندانەکە و گەرمبوونی کەشوهەوا، ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ خۆرەتاو و گەرما، بە سەهۆڵبەندان ڕادێن و ئیتر تەنها لەو کەشوهەوایەدا دەژین. ئەو فاکتەرە دەرەکییەی کە ڕۆژێک ئەو ئۆرگانیزمەی ناچار کرد، لە پێناوی مانەوەدا، خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نالەبارەدا بگونجێنێ، دوای دوو سی سووڕ دەبێتە شێوەی ژیانی زاتی خودی ئەو ئۆرگانیزمە، دەبێتە بەشێک لە وجودی ئەو، نەریتی خودی ئەو، ناسنامەی خودی ئەو و ئیتر وێناکردنی ژیانێکی دیکەی جگە لەمە، دەبێتە شتێکی مەحاڵ. ئێمە کۆمۆنیستەکان لەژێر سەرکوتدا ژیاوین، پێیان وتووین ناتوانن بێنە دەرەوە و بە ئاشکرا و ئازادانە بچنە سەر مینبەر و بۆ خەڵکی قسە بکەن. پێیان وتووین دەتوانن لەگەڵ هاوڕێکەی خۆتاندا لە گۆشە و کەناریکدا، لە کووچە و کۆڵانێکدا بە نهێنی، شوێنێک کە هیچ کەسێک گوێی لە دەنگتان نابێت، هەر چییەکتان بوێت بەگوێی یەکتریدا بچپێنن. هەردووکتان ناچارن لەو گۆشەیەدا بژین و لەگەڵ یەکتریدا قسە بکەن، هەر چییەکتان دەوێت بە یەکتری بڵێن، بە هەر زمانێک کە پێتان خۆشە، چەندێک پێتان خۆشە درێژەی پێ بدەن. ئەوە فیرقەی خۆتانە و بە زمانی فیرقەیی خۆتان هەر چییەکتان دەوێت بە یەکتری بڵێن. بەڵام مۆڵەتی ئەوەتان نییە کە لێرە، لەبەردەمی خەڵک، لەبەردەمی کۆمەڵگادا دەم بکەنەوە. لەم پەراوێزەدا ئێمە و ئەمسالی ئێمە، فێری ئەوە ئەبین کە حیزبی کۆمۆنیست لە ئامرازێکی خەباتەوە بکەین بە دالانێک بۆ هێلانەکردن و ژیان. هۆیەک بۆ بوون، بۆ ژیان، کە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو نەریتەدا بژیت. ئەم نەریتە سیمبۆل و خودا و فریشتەی خۆی هەیە. بت و ئاکارگەلی خۆی هەیە. مێژوو و نەریت و حەدیس و زمان و ئاخاوتنی خۆی هەیە، کار بەوە گەیشتووە کە دەڵێی بۆ خودی ئەندامانی ئەم ڕەوتەش، کۆمۆنیزم ئامرازی خەبات نییە، بەڵکوو ئایینێکە، کۆمەڵە کەسێک کە بەهۆی سەرکوت و پرۆپاگەندەی فراوانی بۆرژوازییەوە لە دژیان، بە ژیان لە پەراوێزی کۆمەڵگادا مەحکووم کراون. ئەم کەسانە بۆ هەست بە شەرافەتکردن و مانابەخشین بە ژیانی خۆیان و بۆ خۆ قانیعکردن بەوەی کە خەریکی گۆڕینی جیهانن، ئەم ئایینەیان بۆ خۆیان داهێناوە. ئەم جۆرە کۆمۆنیستە هەر کاتێک لەم نەریتە لا بدات، ئیتر دەبێتە شتێکی نامۆ لە کۆمەڵگادا، دەست و پێ سپییە، هیچ کارەیە، کڵاوی لەسەر ئەنێن و ئەینێرنەوە. کاتێک دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بڵێت من دەمەوێ شۆڕش بکەم، کەسێک کە تا دوێنێ کارێکی بە مارکسیزمەوە نەبوو، مامۆستای ڕاستڕەوی زانکۆی لەندەن یان

قوتابی بەکالۆریۆسی زانکۆی تەکنەلۆژی تەهرانە، وە یان کوڕە نوێژکەری فلان حاجی ئاغایە، کە بۆ دەرسخوێندن بۆ فەرەنسایان ناردووە، دەستبەجێ لەبەردەمیدا قوت دەبێتەوە و دەڵێت، کاکە ئەم قسانەی تۆ لەگەڵ مارکسیزم ناکۆکە. بۆچی هەلومەرجی بابەتی و زاتی بۆ شۆڕشەکەتان ئامادە بووە؟ وە کۆمۆنیستەکەی ئێمە دائەمێنێ و دەڵێت بەڕاستتە؟ ناکۆکە؟ وە دووبارە دەچێتە قاوغەکەی خۆیەوە و دەچێت بۆ ئەوەی لە فیرقەکەی خۆیدا لە بارەی هەلومەرجی بابەتی و زەینیی شۆڕشی کرێکاری و پێداویستییەکانی هاتنی نۆبەی مێژوویی سۆسیالیزم لە ساڵی 3000دا قسە و باس بکات. کاتێک کۆمۆنیست پێ دەنێتە مەیدانی دەسەڵاتەوە، 50 سەرزەنشتکەری کۆمەڵایەتی لێ پەیدا ئەبێت کە بڵێن، کاکە نابێت، تۆ تیۆریکیت، ئێوە نەریتێکتان هەیە، ئێوە باوەڕتان بە قانوونمەندیی مێژوو هەیە، ئێوە مارکستان هەیە. کوا چینەکەتان؟ وەبیرمانی دەهێننەوە، کە ئێمە لە جنسێکی جیاین، کە ئێمە نابێت خۆمان لە باسی دەسەڵات بدەین. کاتێک ئێمە ناوی دەسەڵات ئەهێنین، هاواریان لێ هەڵئەسێت، کە ئای سەرکوتگەر و تۆتالیتەرەکان هاتن، ئەمە لە کاتێکدایە کە زیندانەکان هی خودی ئەوانە، دادگاکان هی خودی ئەوانە، ئەوانن کە خەڵکی زیندانی ئەکەن و لێیان ئەدەن، کوورەکانی مرۆڤ سووتاندن خودی ئەوان بەڕێیان خستووە، جەنگەکان خودی ئەوان بەڕێیان خستووە، هەموو ڕۆژێک کێوێک لە چڵک و کێم و هەڕەشە و گوللەمان تێ ئەگرن، بۆ ئەوەی هەر لەو گۆشەیە بمێنینەوە و سەر بەرز نەکەینەوە و کارێکمان بە دەخاڵەتکردن لە کۆمەڵگا و بە میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی دەخاڵەت لە کۆمەڵگا و پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا نەبێت. بۆ ئەوەی بچین ژیانی خۆمان لەنێو "دنیای چەپ"دا بەسەر بەرین. وە هاوڕێیان، لانیکەم لە بۆڵشەڤیزم بەم لاوە، بەشی هەرە زۆری چەپی ڕادیکاڵ و گرووپە کۆمۆنیستییەکان لەم دالانانەی پەراوێزی کۆمەڵگادا ژیاون.

بەشێکی زۆر لەو شێواز و نۆرمانەی کە پێمان وایە حەقیقەت و تایبەتمەندیی زاتیی بزووتنەوەکەمانە، ئاکامی تێئاخنران و "تێخراو"ی ئەو گوشارە دەرەکییانەیە کە بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ خستوویانەتە سەرمان و بە هیچ جۆرێک هی خۆمان نییە. زمانی ئێمە، زمانی ئاڵۆزی قسەی دژوار و نارۆشن نییە، هەر چەندە ئێمە دەبێ کەسانێکی هۆشمەند و ئاگادار بین و ئاڵۆزترین بێنەوبەردە تیۆرییەکان تاقیب بکەین، بەڵام زمانی ئێمە هەر ئەو زمانەیە کە مرۆڤی هاوچەرخی ئێمە سەبارەت بە

مەسەلەکانی خۆی قسەی پێ دەکات. سەرقاڵییەکانی ئێمە، سەرقاڵییەکانی فیرقەکەی خۆمان نییە، سەرقاڵییەکانی ئێمە، سەرقاڵییەکانی مرۆڤی ئەمڕۆیە، هەر چەندە کە دەبێت بە ڕیزەکانی خۆشمان ڕابگەین، بۆئەوەی ڕیزێکی بەهێز بێت. سەرقاڵییەکانی ئێمە ڕازاندنەوە و پێچانەوە و ڕێکوپێک کردنی دووبارە و چەند بارەی ئەو شتانە نییە، کە پێشینانی ئێمە وتوویانە، بەڵکوو وەڵامدانەوە بە مەسەلەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخە. من لایەنگری پڕڕەنگترین مارکسیستێکم کە بکرێ پەیدا بکرێت. پێم وایە پڕڕەنگترین مارکسیزم ئەو مارکسیزمەیە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر جیهانی دەرەوە دابنێت. بنچینەی قسەی مارکس ئەوە بوو، کە گووتی کۆمەڵگا بنەمایە. ئەوە کۆمەڵگایە کە ڕۆحی ئێمە، فیکری ئێمە، هەست و سۆزی ئێمە، جواناسی ئێمە و هەموو شتێکی ئێمە دیاری ئەکات. وە ئێستا ڕێک هەر ئەو کەسانەی کە بڕیارە کۆمەڵگا، ئەم جێگا و شوێنە چارەنووسسازەی لە بیرکردنەوەیاندا هەبێت، بوونەتە بێدەربەستترین گرووپ لە بەرامبەر یاساکانی جووڵە و میکانیزمەکانی خودی کۆمەڵگادا. کاتێک باسی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکانمان دەکرد، خەریک بووین هەر ئەمەمان دەگووت، کە سەیر کەن لانیکەمی میکانیزمێک کە خودی کۆمەڵگا بۆ یەکگرتووبوونی کرێکاران هێناویەتییە ئاراوە چییە، وەرن با بچین پێوەی پەیوەست بین و کاری پێ بکەین. قسەکانتان لەوێ بکەن، لەوێ گوێگری هەیە، باسی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان لەسەر ناسینەوەی سەرلەنوێی گۆشەیەک لە میکانیزمە واقیعییەکانی کۆمەڵگا بوو. وەبیرهێنانەوەی ئەوە بوو، کە چینی کرێکار بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەنێو کۆمەڵگادا قەوارەی گرتووە. مەسەلەکە ئاوا نییە، کە کرێکاران لە نەبوونی گرووپە چەپەکاندا، ژمارەیەک مرۆڤی پرش و بڵاو بن، کە سڕ و بێ جووڵە سەیری ئاسمان دەکەن، بۆ ئەوەی یەکێک بێت و پێیان بڵێت هەژاری خراپە و یەکێتی باشە. وتمان، دڵنیا بن، لە هەموو ساتێکدا لەنێو کرێکاراندا کۆڕ و کۆمەڵی بەرەنگاری هەیە. گووتمان مەرجی دەخاڵەت لە چارەنووسی کۆمەڵگادا، بە فەرمیناسینی میکانیزمەکان و یاساکانی جووڵەی کۆمەڵگایە. ئەمە بنچینەی مارکسیزمە. تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵگا، بێ توانایی لە دەستبردن بۆ میکانیزمەکانی کۆمەڵگا بۆ جێگۆڕکێی هێز و خۆنواندنی سیاسی، ئامادە نەبوون لە شەڕی دەسەڵاتدا، بێدەربەستی لە بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا و جێگاخۆشکردن لە قاوغی بوونەوەرێکی پیشەیی و فیرقەیی و لاکەوتەدا، ئەمانە نەریتی کاری کلاسیکی

کۆمۆنیستی نین. بەڵکوو میراتی ئیستیبداد و سەرکوت و شکستە. نابێ ئەو وێنایە قبووڵ بکەین، کە لە ژیانی سیاسی و شێوەی "کلاسیک"ی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی بەدەستەوە ئەدرێت. یەکەم، خودی ئەم "کلاسیک"ە، بیست ساڵ بەر لە ئێستا شتێکی دیکە بوو، دووەم، خودی ئێمە لە گۆڕینی ئەم "کلاسیک"ەدا ڕۆڵێکی بەرچاومان گێڕاوە. سەرئەنجام من هیچ بایەخێک بۆ ئەو قسەیە دانانێم کە دەڵێت، ئەمە شێوازی کلاسیکی کاری کۆمۆنیستی نییە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ بڵێین کاری کۆمۆنیستی چییە، وە ئەگەر ئێمە بەپێی هزر و هۆشی خۆمان و پێداویستییە سیاسی و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانمان، پێمان وایە کە دەبێ بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا بڕۆین، دەبێ بڕۆین و نیگەرانی ئەوە نەبین، کە پێشتر هیچ کەسێک بەم ڕێگایەدا نەڕۆیشتووە و ئەم ڕێگایە ناهەموار و دژوارە.

هەڵسووڕانی سیاسی، لە ناوەڕۆکدا هەڵسووڕانێکی ئاشکرایە

ڕێگە بدەن، لەسەر چەند ئەنجامگیرییەکی گشتی لەم پێشەکییە، هەڵوێستەیەک بکەم. یەکەمین خاڵ ئەوەیە کە خەبات بۆ دەسەڵاتی سیاسی، خەباتێکی ئاشکرایە. خەڵکی بە شێوەیەکی سروشتی ئاشکران و ئەوەش خەڵک و چینە کۆمەڵایەتییەکانن کە لە پێناوی دەسەڵاتدا خەبات ئەکەن. هەوڵ ئەدەن بیگرن و نەیدەن. خەباتی سیاسی لە کۆمەڵگادا، بە وێنەی خەباتێک لەنێو مرۆڤەکانی کۆمەڵگادا، کۆمەڵێک میکانیزمی ئاشکرای هەیە. گوتن، قسەکردن، نووسین، هاوارکردن، بانگکردن، سەرنجڕاکێشان، هێزکۆکردنەوە، ئێرە و ئەوێ پێکردن، بەرگریکردن، سەنگەربەندیکردن و ... تاد. هەموو ئەمانەی لەگەڵدایە. خەباتی سیاسیی نهێنی، شتێکە کە بەسەر بزووتنەوەی ئێمەدا سەپێنراوە و تاکوو ئێستاش ئەسەپێنرێت. خۆشمان بەم واقیعییەتە سەپێنراوە خوومان گرتووە. شێوازەکانی هەڵسووڕان لەو هەلومەرجەدا کە لەژێر سەرکوتدا نین نازانین. دەڵێی ئێمە هەر دەبێ بڕۆین لەژێر سەرکوتدا و بە پەنهانی کار بکەین. ئەوە ڕاستە کە حیزبی کۆمۆنیستی دەبێ بتوانێ ئەم هەڵسووڕانە نهێنییە ئەنجام بدات و هەمیشە بەشێک لە خەباتی کۆمۆنیستی، خەباتێکی نهێنییە. بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە ئامانجی هەڵسووڕانی ئێمە شکاندنی ئەم بەربەستی ئیستیبدادەیە کە ئێمە لە دەستبردن بۆ میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن و هێزگرتن و جەنگ لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا مەحرووم دەکات. ئێمە خەریکین بۆ ئەوە خەبات ئەکەین کە ئەم بەربەستە بشکێنین و بتوانین لە کەش و هەوایەکی ئاشکرا و دوور لە سەرکوت کار بکەین، بەڵام ئەوە

بۆرژوازییە کە ناهێڵێت. ئێمە دەمان گووت ئەرکی شۆڕشی 79، دابینکردنی پێشمەرجە دیموکراتیکەکانی شۆڕشی کرێکارییە. بەڵام ئەگەر ئەم هەلومەرجە بڕەخسایە، ئایا دەمانتوانی بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرین؟ ئایا ئەو چەپە ڕادیکاڵەی کە لە خودی خۆیدا گرووپی گوشارە، نەک حیزبێکی سیاسی کە چاوی بڕیبێتە کۆمەڵگا و دەسەڵات، تەنانەت لە هەلومەرجێکی دیموکراتیکیشدا، دەتوانێ دەخاڵەت لە چارەنووسی کۆمەڵدا بکات؟ پێم وا نییە.

یەکەمین ئەنجامگیری من ئەمەیە، هەڵسووڕانی سیاسی دەبێ لە ڕەهەندێکی ئاشکرا، فراوان و لەبەرچاوی خەڵکدا ئەنجام بدرێت و ئێمەش دەبێ پێ بنێینە ئەم مەیدانەوە. وە بەو شێوە نەریتەی کە هەتا ئێستا چەپەکان خەباتیان پێ کردووە، واتە شێوەی غەیبی، شێوەیەک کە تیایدا حوکم و درووشم و خواستەکان وەکوو ئەحکامێکی بەڵگەنەویست لەپشتی دیوارێکەوە بۆ خەڵکی فڕێ ئەدرێن، گوایە مێشکێکیان لە شوێنێکدا شاردۆتەوە، گوایە چاوێک لە ژیری و حیکمەتیان لە شوێنێکدا شاردۆتەوە و شوێنەکەی بە خەڵکی نالێن و ڕایدەگەیەنن، کە "ئێمە دەزانین مێژوو بەم ئاراستەیەدا ئەڕوات و بەو ئاراستەیەدا ناڕوات"، هەرگیز شێوەیەکی کارساز و کۆمۆنیستی نییە. ئەمە شێوازی ڕەوتە سیاسییە جیددییەکان نییە. سەرەنجام ئەگەر دەتانەوێت خەڵکی بەشوێن ئێوەدا بێن، دەبێ خۆتان نیشان بدەن. دەبێ بانگەوازی خۆتان ئاشکرا بکەن و خەڵک بەدوای خۆتاندا بهێنن. وە کەسێک ئەوە دەرک بکات کە بۆ هێنانەمەیدانی دوو ملیۆن کەس، پێویستت بە دە هەزار مرۆڤی واقیعی و خاوەن ناسنامە و ڕووخساری ناسراو هەیە، کە هەر کامیان نفووزێکیان لەنێو خەڵکدا هەبێت و لە شوێنێک بایەخ و قەدرێکیان هەبێت، لەوە تێدەگات حیزبێک کە پەنجا کەسایەتیی کۆمۆنیستی بە کۆمەڵگا ناساندووە و پێی وایە هێشتا کەمە، خەتی ڕاست و چەپی بەسەر تیۆری حیزبی لێنینیدا نەهێناوە و نەبووەتە "حیزبی کەسایەتییەکان". بەڵکوو زۆر بە سادەیی خەریکە دەڵێت هێشتا کەسایەتی کەممان هەیە. ئەوەی کە کەسایەتیت هەبێت، ڕووخسارە واقیعییەکانت هەبێت، ڕابەران و هەڵسووڕاوانی ناسراوت هەبێت، شێوازێکی باو و واقیعی ژیانی ئەو حیزبە سیاسییانەیە کە دەیانەوێت بەهێز ببن.

تاک لە خەباتی سیاسیدا گرنگە. تاک ئەو دیاردەیەیە کە ڕووخسار دەداتە یەکێتییەکان، حیزبە سیاسییەکان و بزووتنەوەکان بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک بەرجەستە دەکات و ئەوان دەخاتە بەردەستی خەڵک. لە تێڕوانین بۆ هەر دامەزراوێک، ئێوە تەنها

ناڕواننە فۆنکسیۆن و دەور و بەرنامە و فەلسەفەی وجودی ئەو دامەزراوەیە، بەڵکوو سەیری ئەو کەسانەش دەکەن کە ئەو دامەزراوەیە دروست ئەکەن، وە ئەمە لە بەرجەستەکردن و واقیعیکردنی پەیوەندیی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو دامەزراوەیەدا ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەیە. هەر تاکێک، هەر چەندە بەشێکیش بێت لە ڕێکخراوێک و دامەزراوێکی جەماعی، دەورێکی تاکەکەسی ئەگێڕێ و ڕۆڵێکی تایبەت بە خۆی لە ژیانی سیاسیدا هەیە. ئەو ڕێکخراو و بزووتنەوەیەی گوێ بە تاک نەدات و تاک بسڕێتەوە خۆی پووچەڵ کردۆتەوە و کاریگەری خۆی نەهێشتووە. ڕێکخراو نیشاندەری یەکێتییەکی قووڵە لە نێوان تاکەکاندا. سەرەنجام ڕێکخراو حیکمەتێکی زیاتر لە یەکخستنی تاکەکانی خۆی نییە. ئەوە دەزانم کە لە مێژووی هەر حیزبێکدا تاکەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام گرنگیی ڕێکخراو لەوەدایە کە لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێک تاکی دیاریکراوی هاوڕا و یەکگرتوو کردووە. ئەم ڕێکخراوە تۆڕێکە کە ئەم تاکانە و خەباتی ئەوان بەیەکەوە دەبەستێ، بەهێزی ئەکات، هاوئاهەنگی ئەکات، هێزی ڕێکخراوەکە دەکاتە پشتیوانەی هەڵسووڕانی تاک و هێزی هەموو تاکەکان دەکاتە هێزی ڕێکخراو. بەڵام ڕێکخراو جێگای خەباتی تاک ناگرێتەوە.

هەڵبەتە ئەم باسەش لەنێو ئێمەدا تازە نییە. ئێمە 15 ساڵ بەر لە ئێستا بە دووروودرێژی باسی دەستەواژەی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان و ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕۆڵی تاک و ڕابەری ناسراو و جێگەی متمانەمان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا کرد. کۆمۆنیزمی مارکسی، کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەم پێیە هەمیشە "حیزبی کەسایەتییەکان"ە. تواندنەوەی ناسنامەی فەردیی کۆمۆنیستەکان لە ڕێکخراوێکی ئیداری و سەربازی بێ ڕووخساردا، تا ڕادەی گۆڕینی ناوەکانیان بە پیتی کورتکراوە، سەندنەوەی ناسنامە لە کۆمۆنیستەکان و ئەوەی کە تەبلیغ و تەرویج و درووشم و بانگەواز بکرێتە بەرهەمی سکرتارییەت و کۆمیتەی کارگێڕی ڕێکخراوە غەیبییەکان. ئەمانە بەرهەمی بزووتنەوەی ئێمە نین، تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ئێمە نین. قسە لەسەر ئەوە نییە کە حیزب نابێت کۆمیتەی هەبێت، لەسەر ئەوە نییە کە حیزب نابێت هەیکەلێکی تۆکمەی ژێرزەمینیی هەبێت کە بتوانێت لە هەموو هەلومەرجێکدا خەبات بکات. باس لەسەر ئەوە نییە کە ئەوە هەر ئەو تۆڕە ژێرزەمینییەی ئێمەیە، دەرفەتی پێ داوین بگەینە ئەم جێ و شوێنەی ئێستامان. وە ئەوە دیسپلینی تۆکمەی ئێمەیە کە پشتیوانەی کاری ئێمەیە. قسە لەسەر هیچ یەکێک

لەمانە نییە، بەڵام ئایا ئێمە بە ئەندازەی پێویست، مەیدانمان لەدەستی ئەوانی دیکە دەرهێناوە، کە ئێستا کەسێک بکەوێتە گومانەوە و بڵێت ئایا زۆر بەم ئاراستەیەدا نەڕۆیشتوون؟

ئێمە دەبێ دیسان سەدان ئەوەندە بەم ئاراستەیەدا بڕۆین. ئێمە دەبێت هەر بەم مەودایەی ئێستامانەوە، دەیان ڕووخساری ئاشکرای دیکەمان هەبێت، بۆ ئەوەی کەسێک کە لە ئێران بیر لە بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەم ڕەوتە دەکاتەوە، بتوانێ بە دیاریکراوی ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە چ تەرز و چ تیپێک لە مرۆڤەکان، بە چ بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و تایبەتمەندییەکەوە دێنە سەرکار. وە بتوانن و بیانەوێت و ئاواتی ئەوە بخوازن کە ئەم تەرزە لە مرۆڤەکان بێنە سەرکار. ئێمە تا ئێستا لەم ڕێگایەدا تەنانەت بە دروستیش هەنگاومان نەناوە. ڕەنگە کەسێک بڵێت، ئەم کارانە سۆسیالیستی نین؟ ڕاستە بە مانای کۆن و فیرقەیی وشەکە، بەپێی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی چەوتی ئەوانەی کە دەیانەوێت لە گۆشە و کەنارەکانی کۆمەڵگادا بژین، بەڵێ ئەمانە سۆسیالیستی نین. بەڵام بۆ مارکسیستێک ئەمە دەقاودەق سۆسیالیزمە. بۆ کەسێک کە دەیەوێت دەسەڵات لە چنگی بۆرژوازی دەربهێنێ، ئەمە دەقاودەق سۆسیالیزمە. ئێمە ئەم زەروورەتەمان ڕێک لە کۆمۆنیزمەکەمان و مارکسیزمەکەمانەوە هەڵهێنجاوە و پێمان وایە، ئەمە مەرجی پێشڕەویی لە خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانماندایە. ئەگەر بڕیار بێت خاوەندارێتی تایبەتی و نیزامی کاری بەکرێ ژێرەوژوور بکەین و ئەو ئامانج و خواستە مێژووسازانە بەکردەوە دەربێنین کە ڕامان گەیاندوون، دەبێ بەوێنەی ژمارەیەکی فراوان لە مرۆڤی واقیعی و خاوەن ڕووخسار و سیمای سیاسیی تایبەتیی خۆمان، بچینە بەردەم کۆمەڵگا و بانگەوازی خۆمان بە کۆمەڵگا و بە گشت چینی کرێکار ڕابگەیەنین. خۆ حەشاردان لە کونجێکدا و بێ ڕووخساری و ژیان لە پەراوێزدا، تایبەتمەندیی کۆمۆنیزم نییە. ئەمانە خواستەکانی بۆرژوازی لە کۆمۆنیستەکانە. ئەوان داموودەزگای سەرکوتیان داناوە، داموودەزگای مەزنی درۆهەڵبەستنیان داناوە، تا ڕێک هەر ئەمە بەسەر کۆمۆنیزم و ڕیزی کۆمۆنیستیی چینی کرێکاردا بسەپێنن. خۆدەرخستن بە وێنەی مرۆڤگەلێکی واقیعی بۆ کۆمەڵێک مرۆڤی مارکسیست، دەقاودەق سۆسیالیزمە. ئەرکی سۆسیالیزمە، خاڵی دەسپێکردنی سۆسیالیزمە، جگە لەمە سۆسیالیزم نییە.

حیزب و چین: پەیوەندیی ناوچەیی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

کاری حیزب لەگەڵ کرێکاراندا چی بەسەردێت؟ هەڵبەتە کاری ڕاستەوخۆ و حزووری حیزب لەگەڵ هەڵسووڕاوان و کۆڕ و کۆمەڵ و تۆڕە کرێکارییەکاندا بەشێکی هەمیشەیی کاری حیزبێکی کۆمۆنیستییە و دەبێ هەمیشە مەشغوڵی بین. ئەمە ئەو جۆرە هەڵسووڕانەی نێو کرێکارانە، کە هەم لە بارەیەوە زۆرمان وتووە و هەم لە بەڵگەنەویستەکانی هەڵسووڕانی ڕۆژانەی حیزبە و هەر لە پێناوی ئەمەدا ڕێکخراومان پێک هێناوە. جۆرێکی دیکەش لە کاری کرێکاری ئەوەیە، کە ئیمکانی هەڵبژاردنی کۆمۆنیزم بۆ کرێکاران فەراهەم بکەیت. بە کرێکاران بڵێی ئەم جەنگە ئەبینن؟ دەتوانن لەم کێشمەکێشەدا کۆمۆنیزم هەڵبژێرن، کۆمۆنیزمی کرێکاری هێزێکی هەنووکەیی و مەوجودە. ئیتر جەنگ لە نێوان بەرەی میللی و حیزبی تودە و لایەنگرانی پاشایەتی و ئیسلامدا نییە. ئەمە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە و دەتوانن ئەو هەڵبژێرن. هەڵبژاردنی ئێوە تەنها لەنێو بازنەی حیزبەکانی چینی دەسەڵاتداردا نییە. ئەمە حیزبی خۆتانە و دەتوانن سبەینێ بۆ سەنتەری شاری تاران و بۆ نووسینگەی حیزب بچن و بە حیزبەوە پەیوەست بن و بەمجۆرە لەگەڵ باقیی کرێکارانی ئەندامی حیزبدا، لە شوێنی ژیان و کارگە و شارەکەی خوتاندا پەیوەست و یەکگرتوو بکرێن. دەتوانن هەر لەو ڕۆژەوە لێپرسراوێتی لە ئەستۆ بگرن. هاوڕێیان، ئێمە دەمانەوێت مافی هەڵبژاردن بە کرێکاران بدەین. ئەگەر ئێمە لە کونا بین، کرێکار بۆچی دەبێ ئێمە هەڵبژێرێت؟ ترۆتسکیستەکان دەیان ساڵە خەریکی ئەوەن، کە دۆڵمە بۆ پیکیتەکان ببەن و شانبەشانی کرێکاران بە دەستی پاسەوانەکان کوتەک ئەخۆن، کەچی هێشتا دەبینن، کاتێک کە کرێکار بیر لە مەسەلەی دەسەڵات و دەوڵەت لە کۆمەڵگادا ئەکاتەوە، دیسانەوە بیر لە سۆسیال دیموکراسی ئەکاتەوە. چونکە حیزبی ترۆتسکیست خۆی نەخستۆتە ئەو جێوشوێنەی کە وەکوو هێزێک لە کۆمەڵگادا لێوەشاوەیی ئەوەی هەبێت، لە لایەن کرێکارەوە وەک ئامرازێکی دەخاڵەتکردن لە مەسەلەی دەسەڵاتدا هەڵبژێردرێت و دەستەبژێری بکرێت. ئاخر دەبێ حیزبێک خۆی لە مەیدانی سیاسیدا حوزووری هەبێت، تا بکرێت تۆش هەڵیبژێریت. بۆ ئەوەی ئەوە دەرک بکرێت کە ئەم ڕەوتە کارێکی لەدەست دێت و ڕێگای خۆی ئەزانێت. دەتوانێ هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێت. حیزبی ئێمە دەبێ لە ئاستێکدا دەربکەوێت، کە کرێکاری ئێرانی بتوانێ هەڵیبژێرێ. مەبەست ئەوە نییە کە لە هەڵبژاردندا دەنگی پێ بدات. مەبەستم ئەوەیە کە

کرێکار وەکوو چینێک ئەم حیزبە هەڵبژێرێت و بڵێت من لەنێو ئەو ئەڵتێرناتیڤانەی کە هەن، لەگەڵ ئەم حیزبەدا دەڕۆم. ڕەهەندێکی هەمیشەیی و لەپساننەهاتووی هەڵسووڕانی ئێمە ئەوەیە، کە پەیوەندییە کرێکارییەکانمان جۆش بدەین. ڕەهەندێکی دیکەی هەڵسووڕانمان ئەوەیە کە بەپانتایی کۆمەڵگا و لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا، حیزب وەکوو ئامرازێکی واقیعی بخەینە بەردەستی چینی کرێکار، تا بۆ یەکلاییکردنەوەی یەکجاریی کۆمەڵگا، ئەم ئامرازە وەک حیزبی خۆی بەدەستەوە بگرێت. ئەگەر ئەمەی دووەمیان ئەنجام نەدەین، ئەوە لە ئەرکی کۆمۆنیستیی خۆماندا درێغیمان کردووە. چینی کرێکار چ گوناهێکی کردووە، کە دەبێ تا ئەبەد، سۆسیالیزم لە قاڵبی گرووپە دەکەسییەکانی "یەکیتی و خەبات لە ڕێگای داکۆکی لە مافەکانی کریکان"دا و حیزبەکانی چینە داراکانیش لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی سیاسی و سەرگەرمی یاریکردن بە چارەنووسی خۆیەوە ببینێت. دەبێ کۆتایی بەم دۆخە بهێنرێت و ئەمەش ئەو کۆمۆنیستانەی پێویستە کە دابونەریتی گۆشەگیری و فیرقەسازی و کولتووری گرووپی گوشار بنێنە لاوە و لە جەرگەی جەنگی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگادا دەرکەون.

وشەی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بە تەنهایی و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک بۆ کرێکار زۆر جێگای بایەخە. کرێکار بە شێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی لە کاتی شەڕێکی کۆمەڵایەتیدا بەدووی سۆسیالیستەکاندا دەگەڕێت. ئەمە بەشێکە لە نەریتی چینی کرێکار. سۆسیالیزم خۆی بەرهەمی چینی کرێکارە، ئەوە بزووتنەوەکەی ئەوانە کە کۆمۆنیزمی بۆ جیهان بەرهەم هێناوە. لە هەر شوێنێکی جیهاندا، لە ئەرژەنتینەوە تا کۆریا، کاتێک کرێکاران کۆ دەبنەوە، لەپێشەوە دەتوانی پێشداوەری ئەوە بکەیت، کە ئەدەبیاتی مارکسیستی لەناویاندا دەگەڕێت و دەخوێنرێتەوە. ئێمە دەبێ حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دروست بکەین کە لە کۆمەڵگادا، لە مەیدانی نەبەردی چینەکان لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگا، حوزووری هەبێت و ببینرێت. نەک تەنها ناوێک بێت لەخوار ڕاگەیاندنەکانی ڕێکخراو لە فلانە کۆڕ و کۆمەڵدا. ئەمە ئەو نەبەردەیە کە ئەمڕۆ لەپێشمانە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەک حیزبێکی کرێکاری، حیزبێک کە لەسەر بناغەی ململانێ و مشتومڕە چارەنووسسازەکان لەسەر مارکسیزم و جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کۆمۆنیزمی بۆرژوایی بینا کراوە، ئەمڕۆ گەیشتووەتە شوێنێک کە تەنها ڕێگای بەرەوپێشەوەچوونی بریتییە لە دەرکی پەیوەندی نێوان حیزب و

کۆمەڵگا و دەرکی دەستەواژەی میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. مەبەستم لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، پەلاماری ڕۆژی ئەخیر بۆسەر کۆشکی زستانە و پێکهێنانی دەوڵەت نییە، بەڵکوو مەبەستم بەهێزبوون و بڕەوسەندنی حیزبە لە کۆمەڵگادا، بە شێوەیەک کە ببێتە یەکێک لە جەمسەرە گرنگەکانی ململانێی چینەکان لەسەر دەسەڵات. بە جۆرێک کە نەتوانن لە سەرووی ئەوەوە، بەبێ حیسابکردن بۆ ئەو، شتێک بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. ئەمە هەر ئێستا دەستی پێ کردووە و ئێمە دەرکەوتەکانی دەسپێکردنی ئەم ڕەوتە دەبینین و خۆتان دەبینن کە چەندە ڕوو لەسەر و لە پێشرەویدایە.

هاوڕێیان، سەرکەوتن بەسەر بۆرژوازیدا دەبێ لە گۆڕەپانەکەی ئەودا ئەنجام بدرێت. ئێمە لە کۆنگرەی خۆماندا بەسەر هیچ کەسێکدا سەرناکەوین. دەسەڵاتی سیاسی لە ئۆردووگای خۆماندا بەدەست ناهێنین. بۆیە دەبێ بچینە گۆڕەپانی ئەوان، وە ئێستا خەریکین ئەڕۆین. ئێمە دەبێ خۆمان بۆ گێڕانی ئەم دەورە ئامادە بکەین. ئێمە لە هەر کوێوە هاتبین، چ مورەویجی سیاسی بووبین و چ ڕابەری کرێکاری و چ پارتیزان، چ شاعیر و نووسەر، ئێستا گەیشتووینەتە شوێنێک، کە دەبێ کۆمەڵێک دەور لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لە ئەستۆ بگرین و بیان گێڕین. وە بە وێنەی کەسایەتیی زیندووی بزووتنەوەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری وڵاتێک دەربکەوین و قسە بکەین. لەگەڵ هەموو کۆمەڵگادا قسە بکەین.

حیزبی مارکسیستی_ حیزبی کۆمەڵایەتی

ئێمە حیزبێکی مارکسیستیین و لەم ڕەوتی پەرەسەندنەدا، وەکوو هەر دیاردەیەک کە هێزی کێشکردنەکەی بڕیارە بگاتە شوێنە زۆر دوورەکانیش، ناوکۆکەی ناوەندیمان دەبێ زۆر پوخت و سەنگین بێت. لە کۆنگرەی دووەمدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد، کە لە ڕووی مێژووییەوە حیزبە چەپەکان کاتێک ویستوویانە کۆمەڵایەتی ببنەوە و لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا دەربکەون، بە لای ڕاستدا بایان داوەتەوە. ئەمەشیان بەو جۆرە پاساو کردووە کە کۆمەڵگا ڕاسترەوە و ئەگەر ئەمانیش دەنگیان بوێت، دەبێت بە لای ڕاستدا بابدەنەوە. وە هەڵبەتە لە ڕووی مێژووییەوە لەم کارەدا شکستیان خواردووە. ڕەنگە نوێنەرێک لە حیزبێکی ڕادیکاڵی چەپ بۆ دەورەیەک چووبێتە پەرلەمانەوە، بەڵام لە دەورەی دواتردا ئەو تاکە کەسەش فایلەکەیان ناوەتە بن دەستی و ناردوویانەتەوە. ئێمە یەکێکین لەو پەنجەبژێرە ڕێکخراوە کۆمۆنیستییانەی دوای بۆڵشەڤیکەکان کە

دەیانەوێت بە ڕادیکاڵیزم و ماکزیمالیزمەکەیان جەماوەری ببنەوە. ڕێکخراوێک کە ڕێک دەیەوێت ماکزیمالیزم و کۆمۆنیزم جەماوەری و کۆمەڵایەتی بکاتەوە. دەیەوێت ئامانجەکان و بیرۆکەی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکەی هەڵبگرێ و جەماوەری و کۆمەڵایەتی بکاتەوە. دەیەوێت ئەوپەڕی قسەی خۆی لە بارەی ئایینەوە بکات بە قسەی کۆمەڵگا. ئێمە ئەو کەسانەین، کە پێمان وایە دەبێ ئەم کۆمۆنیزمە کەمڕەنگ نەکراوەیە جەماوەری و کۆمەڵایەتی بکەینەوە.

ئەم ئاسۆیە، دوو پرسیار دەخاتە بەردەممان، یەکەم، ئەوەی کە ئایا کارێکی وەها لە توانادایە؟ کە بە بڕوای من تاقیکردنەوە ئەوەی سەلماندووە، کە لە سەردەمی ئێمەدا هەر ئەم شێوازە شێوازێکی کارایە. کۆمەڵگای هاوچەرخ وەڵامی ڕادیکاڵ و مرۆڤی ڕادیکاڵ و لەسازش نەهاتووی گەرەکە. کەسانێک کە قسەی بنەڕەتی و بنچینەیی خۆیان دەڵێن و دەیانەوێت هاوبیران و هاوڕێبازانی خۆیان یەکگرتوو بکەن، بۆ ئەوەی سەرلەبەری ئەم ئاسۆ ڕادیکاڵە بەدی بهێنن. ئەوەندە بەسە، کە لە سەدا پێنجی کۆمەڵگا قسەیان وەک ئێمە بێت، بۆ ئەوەی سەرلەبەری دەسەڵات بگرین. کافییە لە سەدا پێنجی خەڵکی ئێران چالاکانە داکۆکی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بکەن و ئەم حیزبە بە حیزبی خۆیان بزانن بۆ ئەوەی سەرتاپای ئەم وڵاتە بەدەستەوە بگرین. ئەوە گرنگ نییە کە بڵاوکراوە ڕێگەپێدراو و قانوونییەکانی ئێران ڕووی خۆش بە ئێمە نیشان نەدەن. ئەو مەملەکەتە لە سەدا شەست، مرۆڤی دژی دین و دژی خودای هەیە، کە بەدەست ڕژیمی ئیسلامییەوە چەقۆ گەیشتووەتە سەر ئێسکیان و هەموویان پشتیوانی سبەینێی ئێمەن، ئەوانەی کە بەدەست ئیسلامەوە ئەنالێنن ئێمەیان هەیە، ئەوانەی کە بەدەست نایەکسانیی ژن و پیاوەوە ئەنالێنن، ئێمەیان هەیە، کەسانێک کە بەدەست ڕۆژهەڵاتیبوونی زاڵ بەسەر ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆنەکەیانەوە ماندوو بوون، ئێمەیان هەیە. وە ئەوە مافی ئێمەیە کە ئێمەیان هەبێت. ئەم توێژانە ئەگەر ئێمە بە نوێنەری خۆیان بزانن، بەمە ناسنامەی کرێکاری و کۆمۆنیستیی ئێمەیان بە لاڕێدا نەبردووە. کەسانێک هەن کە دەڵێن، ئێمە بۆیە لەگەڵ ئێوەدا هاتووین، چونکە قسەی دڵی لاوان ئەکەن. ئێمە بۆیە لەگەڵ ئێوەدا هاتووین چونکە قسەی دڵی ژنان ئەکەن. یان لەبەر ئەوەی باسی کولتوورێکی مودێرنتر ئەکەن. یان لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر ئایینداا ڕاوەستاونەتەوە. ئەمە هیچ خەوشێکی تێدا نییە. کەسانێک کە لەگەڵ ئێمەدا دێن، بە هۆی ئەو دەورەوە لەگەڵمان دێن کە ئەو ڕۆژە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕین. وە

ئەگەر نەیگێڕین ئیتر لەگەڵ ئێمەدا نایەن و لەگەڵ ئەوانەدا ئەڕۆن کە ئەو دەورە لە ئەستۆ ئەگرن. وە هیچ عەیبێکی تێدا نییە کە ئەمانە لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە. لە سەرەتاوە بڕیار وا بوو کە چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکوو ئاڵابەدەستی هەموو ئازادی و یەکسانییەک لە کۆمەڵگادا دەر بکەون.

پرسیاری دووەم ئەوەیە، کە ئەگەر ئەم هێز و خواست و مەیلانەمان لە دەوری خۆمان کۆ کردەوە، چی ئەوە مسۆگەر ئەکات کە نەبینە حیزبی ئەوان. تەنها نەبینە حیزبی ئەو کارانە. لێرەدایە کە دەبێ جەخت لەسەر ئەودیوی مەسەلەکە بکەینەوە. ئەم حیزبە دەبێ بڕبڕەپشتێکی کۆمۆنیستیی پابەندی هەبێت و ئەم بڕبڕەپشتە دەبێ هەمیشە گەشە بکات. ڕێگەم بدەن لێرەدا نەختێ بچمە سەر باسی ئەندام و کادر. من پێم وایە هەر کەسێک پێی خۆشە ببێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەبێ بتوانێ ببێت. فەرزی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان بەشەرەفن، هەر کەسە خۆی دەزانێت کە بۆچی بووەتە ئەندام. بێگومان بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبی بەدڵ بووە. بەڵام دەبێت ئەم حیزبە توێژێک کادری هەبێت، کە ئەم حیزبە ڕێنوێنی بکات، زیندوو ڕای بگرێ و بەرهەمی بهێنێتەوە، بە سەروکاری ئیشەکانییەوە بچێت، گەشەی پێ بدات. کەسانێک کە هەموو نەخشەکەیان لە لایە، هەموو باسەکەیان لە لایە. ئەوپەڕی ئاسۆکە ئەبینن و پابەندیی تیۆری و ئینتیمای فیکری و بڕوایان بە ئامانجەکەیان بەهێز و تەواو بێت. ئەمە ڕەهەندێکی ئەرکەکانی ئێمەیە کە نابێت پشتگوێ بخرێت. قسە لەسەر ئەوەیە کە ئێمە 500 هەزار ئەندامەمان دەوێت و بۆ ئەم کارە پێویستمان بە دوو هەزار کادری بەتوانای کۆمۆنیست هەیە و دەبێ ئەمانە لەم حیزبەدا پەروەردە بکەین. سەرەنجام یەکێک لە کارەکانی کادری حیزب ئەوەیە، کە ئەندامە باشەکان هەڵئەبژێرێت و کاریان لەسەر ئەکات، ماتەریاڵیان ئەداتێ، قسە و باسیان لەگەڵ ئەکات و هەوڵ ئەدات پەروەردەیان بکات. دەستەواژەی حیزبی فراوانی کۆمەڵایەتی و حیزبی مارکسیستی بە بڕوای من لەگەڵ یەکدی ناکۆک نین. ئێمە دەمانەوێت بیسەلمێنین کە ناکۆک نین. دەکرێ مارکسیست بیت، ماکزیمالیست بیت، تیۆریک بیت، خوازیاری سەرلەبەری گۆڕانکاریی سۆسیالیستی بیت و لە هەمان کاتدا حیزبێکی فراوانی کۆمەڵایەتیت هەبێت کە بە بچووکترین لێکچوون لەگەڵ ئارەزووەکانی خەڵکدا فراوان دەبێتەوە. ڕەنگە بڵێن، کەسێک کە بۆ خواستەکانی لاوان لەگەڵ ئێمەدا هاتووە، کاتێک بە مەبەستەکەی خۆی بگات، ئیتر لەگەڵ ئێمەدا

نامێنێتەوە. ڕەنگە وابێت، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ ئێمەدایە، ئێمە قازانجمان کردووە. پشتیوانەی چەند دەیەی ئەم حیزبە لە ڕووی فیکری و پراتیکییەوە، ئەو ململانێیانەی کە چووەتە ناویانەوە و بە سەروچاوی خوێناوییەوە لێیان هاتۆتە دەرەوە، خەریکە پێمان دەڵێت، ئەم حیزبە لە کوێ وەستاوە. ئێمە کۆمۆنیستین، وە ئەم کۆمۆنیزمە بە ئەندازەی پێویست بەهێزە، کە چەندین و چەند بەرابەر ئەوەی ئێستا بڕۆینە پێشەوە بەبێ هەست بە مەترسی و نیگەرانیکردن لە ئالودەبوون بە دنیای پیسی سیاسەت، بڕۆینە پێشەوە و هێز کۆ بکەینەوە، وە ئەم هێزکۆکردنەوەیە ئەمڕۆ چارەنووسسازە.

ژیاندنەوەی کۆمۆنیزمی جیهانی

من سەبارەت بە ڕۆیشتنی حیزبی خۆمان بۆ نێو ناوەندی جیهانیی سیاسەت و ناوەندی کۆمەڵگا قسەم کرد. بەڵام خاڵێکی دیکەیش بە بڕوای من چارەنووسسازە. ئەگەر کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا ئایینده‌یەکی هەبێت، ئەوا لە ڕێگەی ئەو حیزبانەوە دەبێت کە ئەم کارە ئەکەن. نەک لە ڕێگەی پەیوەندیگرتنی سکرتارییەت و پەیوەندییە گشتییەکانی ئێمە لەگەڵ هەڵسووڕاوانی بەریتانی و ئەڵمانی و ئوسترالی و پرسینی ڕای ئەوان سەبارەت بە هەڵوێستەکانمان. هەڵبەتە ئەمەش کارێکی باش و پێویستە. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت شتێک، کۆمۆنیزم لە دنیادا زیندوو بکاتەوە، ئەوا توانا و لێوەشاوەیی دوو سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دنیایە، کە لە وڵاتانێکدا بە ئەندازەی پێویست ببنە هێز. ئەمە کۆمۆنیزم زیندوو ئەکاتەوە، تیۆری مارکسیزم زیندوو ئەکاتەوە، مانیفێست زیندوو ئەکاتەوە، کاپیتاڵ زیندوو ئەکاتەوە. ئەمە ئەرکی ئێمە و قەرزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانییە لای ئێمە کە بەهێز بین. ئەوەندە بەسە کە دوو ساڵ لە گۆشەیەکی جیهاندا دەسەڵاتمان بەدەست بێت. سەرکەوتنی ئێمە لە شەڕی دەسەڵاتدا، یان تەنانەت شکستپێدان و وەدەرنانی کۆنەپەرستی لە گۆشەیەکی ئەو مەملەکەتەدا، چاوی خەڵکی جیهان بە ڕووی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبە سەرکەوتووەکەی هەڵئەهێنێ و ئەوسا ئێوە دەتوانن لە بارەی مارکس و لێنین و ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی و مافی کرێکار لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ هەموو دنیا قسە بکەن. ئێمە، واتە ئەو حیزبانەی کە بتوانین لە کۆمەڵگادا ببینە دەسەڵاتێک، کۆمۆنیزم زیندوو ئەکەینەوە. ئەمە تەنها وەڵامی واقیعیی دوای هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتە. وەڵامدانەوەکانی پاش هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات، وەڵامدانەوەی تیۆریک نیین، وەڵامە

تیۆرییەکانیمان پێشتر داوەتەوە و دابوویانەوە. وەڵامەکانی پاش هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات وەڵامی پراتیکین. پراتیکی بە مانای فراوانی وشەکە. وەڵامی واقیعی ئێمە بە زیندووکردنەوەی کۆمۆنیزم، دوای ڕووداوی هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات، بەرپاکردنی ئەم ئاڵایەیە لە شوێنێک کە ژمارەیەکی ئەوتۆ لە خەڵکی، بە دەنگدانەوەیەکی بە ئەندازەی پێویست گەورەوە تیایدا بن، کە ئەم پلانێتە سەرنجی بچێتە سەر ئێمە و سەرهەڵدانەوەی ئێمە. ئەم کارە لە ئێمە ئەوەشێتەوە. ڕاستییەکەی من نازانم چ پارتگەلێکی دیکە لە دنیادا خەریکن ئەم کارە ئەکەن. بەڵام ئەوە دەبینم کە لە ئاستی وڵاتێکی وەکوو ئێراندا، ئێمە ئەم توانایەمان هەیە. ئەمە ڕێکخراوێکە، ئەو توانایەی هەیە کە کارێکی پۆزەتیڤی لەو ئاستەدا کە من باسم کرد ئەنجام بدات. بە جۆرێک کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی گشتی ئاستێک بباتە سەرەوە.

ئەو ئەرکەی کە ئەمڕۆ لەبەردەممانایە، سوودوەرگرتنە لەم سەرمایە بیست ساڵەیە، لەم هەستە بیست ساڵەیە، لەم ئەزموونە بیست ساڵەیە، سوودوەرگرتنە لەم هێزانەی کە بەدرێژایی ئەم ساڵانە کۆبوونەتەوە و بۆ ئەنجامدانی کارێک لە دەرەوەی بازنەی ئەم نەریتەدا و لە دەرەوەی ئەم مێژووە پەراوێزکەوتووەدا خاراو بوون، کارێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا. وە ئەمە کارێکە کە ئێمە دەستمان پێ کردووە و هەموومان پێی سەربەرزین.

بەڵام لە هەمان کاتدا، ئێمە بە ئەندازەی پێویست بەم قەڵەمڕەوانەدا ئاشنا نین، پسپۆڕیمان تیایاندا نییە، شارەزای پێچ و پەناکانی نین. دەبێ بە خێرایی فێری بین و لە ڕەقیبەکانمان هۆشیارتر و چالاکتر بین، داهینەرتر بین. دنیایەک کار لەم ڕێگایەدا هەیە و دەمەوێ دواتر لەم دانیشتنەدا لەسەر ڕەهەندە جیاجیاکانی هەڵوێستە بکەین.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
حزب و جامعە
"انترناسیونال"، شمارە 29
خرداد 1378، ئایاری 1999

ئیسلام بەشێکە لە لۆمپنیزمی نێو کۆمەڵگا

(گفتوگۆ لەگەڵ ڕادیۆی "هەمبەستەگی")

ڕادیۆی هەمبەستەگی: حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئێران تەنها حیزبێکە باس لەوە ئەکات کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خواست و ئارەزووەکان و شێوەی ژیانی خەڵک لە کۆمەڵگای ئێراندا نایاتەوە و وەک پینەیەکی ناجۆر خۆی بە جەستەی کۆمەڵگاوە لکاندووە. تۆ چ بەڵگەیەکت بۆ ئەم لێکدانەوەیەت لە بارەی کۆمەڵگای ئێرانەوە هەیە، هەروەها لە بارەی ئەو خاڵەوە کە دەڵێی ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە؟

مەنسوور حیکمەت: سەرەتا دەبێ لە پێناسەی ئەو کەسانە ورد بینەوە کە دەڵێن. ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە، یان بە گشتی هەندێ کۆمەڵگا بە کۆمەڵگای ئیسلامی پێناسە دەکەن، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئەم جۆرە پێناسەکردنانە دەیانەوێ وەڵام بە چ پێداویستییەک بدەنەوە. وێنایەک کە لە خۆرئاوادا لەسەر کۆمەڵگای ئیسلامی هەیە، وێنای خەڵکێکی بڕوادار بە ئیسلامە کە ڕێوشوێنەکانی ئیسلام بەڕێوە دەبەن. واتە نوێژ و ڕۆژوویان لە کاتی خۆیدایە و بۆچوونەکانیان لە کتێبە ئایینییەکانەوە وەرئەگرن. لە ڕاستیدا هاوولاتی کۆمەڵگایەکی وەک ئێران ئاوا وێنا دەکەن، کە گوایا موریدی جەنابی خومەینییە، یان لە ناخەوە نارەحەت ئەبێت ئەگەر کەسێک بەبێ سەرپۆش بێتە سەرجادە، حەزی لە مۆسیقای خۆرئاوایی نییە، خواردنەوەی ئەلکۆلی ناخواتەوە و گۆشتی بەراز ناخوات و ... تاد. بەڵام ئێمە هەموومان دەزانین کە هەر بەم بەڵگانە کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە. ئەم وێنایە وێنایەکی ئیستریۆتایپ و کلێشەییە کە خۆرئاوا خۆی بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کێشاوە کە دەستی هاوولاتییەکانی خۆی پێ ناگات و هاوولاتییەکی سویدی یان بەریتانی ڕێگایەک بۆ لەمەحەکدانێکی بابەتییانە و سەربەخۆی ئەم حوکمە شک نابات. ئایینی ئیسلام لە ئێراندا، هەر وەکوو مەسیحییەت بۆ نموونە لە ئیتالیا یان ئیرلەندادا، بێگومان کاریگەری بەسەر بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی کۆمەڵێک خەڵکەوە هەیە. ئەو کولتوورە ئایینی و ئەو میرات و مەڵۆزمە ئایینییە چەند هەزار ساڵەیە بێگومان قورسایی بەسەر هەڵسوکەوتی ئینسانەکانەوە هەیە، بەسەر پێشداوەرییەکانیان، تەنانەت بەسەر شێوەی تێڕوانینی ئینسانەکانیش بۆ یەکتری، گومانێک لەمەدا نییە.

بەڵام ئەمە لە بارەی هەر ئەو ئیتالیا و ئیرلەندا و فەرەنسایەشەوە، سەرباری هەموو نائایینیبوونێکیان ڕاستە. سەرەنجام کەسێک ئەتوانێ بڵێت ئەوانیش مەسیحین، بێگومان فەرەنساییەکیش وەڵامتان ئەداتەوە کە فەرەنسا کۆمەڵگایەکی مەسیحی نییە، بەڵام مەسیحییەت بەشێکە لە ڕابردوویان و قورسایی بەسەریانەوە هەیە. لە ئێرانیش بێگومان هەر بەم جۆرە ئیسلام قورسایی هەیە.

بۆ نموونە ئێوە بەرهەمی ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیرانی ئێران بخوێننەوە، وێنەیەک کە لە بارەی ژنەوە وەری ئەگریت، میراتی ئیسلام لە بارەی ژنەوەیە. وێنایەک کە لە بارەی شادی و خەمەوە بەدەستی دێنی، ئەو حاڵەتە شەیداییەی کە لەگەڵ بەدبەختی و مەرگ و قوربانیدان و شەهیدبووندا ئاوێتەیە و سەرتاپای ئەم کولتوورەی داگرتووە، ئەمانە ڕەگی ئیسلامیان تێدایە. بەڵام کاتێک لە خۆرئاوا باسی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەکەن، مەبەستیان کۆمەڵگایەکە کە یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان بووەتە شتێکی دەروونی و زاتی بۆ خەڵکەکەیی و لە ناخیانەوە هەڵئەقوڵێت. لە کاتێکدا باسی ئیمە ئەوەیە کە ئەم ئیسلامە لە پرۆسەیەکی سیاسیدا و لە ڕێگای زیندان و کوشتوبڕ و گرتنەوە، لە ڕێگەی گەلە حیزبوڵڵاکان و گەشتەکانی سەئرووڵڵاوە (ئەمانە هەندێ هێزی تایبەت بوون کە لە ناو جادە و شوێنە گشتییەکاندا، چاودێری خەڵکیان ئەکرد و هەر کەسێک لە جل و بەرگ و ڕۆیشتن و هەڵسووکەوتیدا سەرپێچی ڕێوشوێنەکانی ئیسلامی بکردایە هەر لەوێدا و بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەیان دایە بەر قەمە، یان تێزابیان پێیاندا ئەڕشت، یاخود دەستگیریان ئەکرد و دواتر بە بەرچاوی خەڵکەوە بەپێی حوکمی ئیسلامی جەڵدەیان لێ ئەدا، یان شەللاقکارییان ئەکرد/ و.) بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە. ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە، بەو بەڵگەیەی کە پێش ئەوەی ئەمانە بێن، ئیسلامی نەبوو. لەو کاتەوەش کە ئەمانە هاتوون، خەڵکی بەردەوام لە بەرامبەریاندا وەستاونەتەوە و بەرگری لە خۆیان ئەکەن. وای دابنێن، ئێوە دەتانەوێ سپرینگێک بچەمێننەوە، بەردەوام ئەیچەمێنیتەوە، بەڵام کاتێک گوشارەکە لەسەری لائەبەیت، دەگەڕێتەوە دۆخەکەی یەکەمی خۆی. ئەو حاڵەتە چەماوەییە، شێوەی واقیعی ئەو شتە نییە، شێوەی ئاسایی ئەو سپرینگە شکڵێکی ڕاستە، هەر بۆیە کاتێک ئەشیچەمێنیتەوە، بەرهەڵستی هەیە و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ دۆخەکەی خۆی. ئەگەر کەسێک بیست ساڵ بە کوشتوکوشتار و بەزۆر، بە پرۆپاگەندەی هەموو ڕۆژە لە ڕێگەی دەیان کەناڵی تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆییەوە،

دەیەوێت ژنانی وڵاتێک بخاتە ژێر چارشێوەوە، هێشتاش کاتێک تۆزێک دەست لە تێزاب و قەمە هەڵئەگرێت، چارشێوەکان نامێنن، ئەو کاتە دەبێ حاڵی ببن کە ژنانی ئەم کۆمەڵگایە پێودانگە ئیسلامییەکان قبووڵ ناکەن. بێگومان لەنێو 60 ملیۆن خەڵکی ئێراندا، سەد هەزار کەس قبووڵی ئەکەن و تەنانەت جارپشی بۆ ئەدەن، بەڵام خەڵکی ئاسایی ئەم وڵاتە لە ئاستی ملیۆنیدا چارشێوی ئیسلامی بە بەشێک لە زات و کولتووری خۆی دانانێت و نایەوێت.

ئەو موسیقایەی کە خەڵکی ئێران گوێی لێ ئەگرن، ئەوە نییە کە ئەوان بە فەرمی بۆیان دیاری کردوون و ڕێگەیان پێ داوە. بەڵکوو مایکڵ جاکسن و مادۆنا و گۆرانیبێژە پاپەکانی دیکەی خۆرئاوایە. لە مێژووی ئەم وڵاتەدا، گوگوش کەسایەتییەکی زۆر خۆشەویستتر بوو لە خومەینی. بەکاربردن و بەرهەمهێنانی بیرە لەم مەملەکەتەدا، هەمیشە لە بەرهەمهێنانی بەردەنوێژ و تەسبیح و بەرماڵ زۆرتر بووە، ئەم خەڵکە هەر ئەو خەڵکەیە. ئەگەر کەسێک وەکوو من و تۆ لەوێ ژیابێت و نەیەوێت ئێران لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بناسێت، ئەوە دەزانێت کە ئەم وڵاتە وڵاتێکی ئیسلامی نەبووە و بە ئێسک و پرووسک و لە ناخەوە ئارەزووی ئەوەی کردووە کە وەکوو کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانی لێ بێت. هەتاکوو ئێستاش، هەر کاتێک ئێرانییەک دەگاتە دەرەوە، خێراتر لە خەڵکی گەلێک لە وڵاتانی دیکە، خۆی لەگەڵ ئەوێدا ئەگونجێنێ و لە ڕووی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەوە، وەکوو خەڵکی ڕۆژئاوای لێ دێت و تەنانەت هەندێ دەستەواژەی وەکوو ناموسپەرستی، غیرەت و شۆڤێنیزمی پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەر چەندە لەنێو ئێرانییەکاندا هێشتا زۆر بەهێزە، بەڵام لای ئەمان بە بەراورد لەگەڵ گەلێک لە وڵاتانی دیکە کە بە شێوەیەکی جیددی دوچاری مەلۆزمی ئیسلام هاتوون، زووتر لاواز ئەبێت.

بە دیاریکراوی ئێران بە پێچەوانەی پێناسەکانی خۆرهەڵاتناسانی خۆرئاواوە، بە پێچەوانەی پێناسەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواوە و بە پێچەوانەی پێناسەکانی خودی دەستەی فەرمانڕەوای ئێرانەوە، کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە. ئێران کۆمەڵگایەکی تینووی ڕووناکی و تینووی مەدەنییەتە، کە بە تایبەتی بە چاوی لایەنگری بۆ کولتووری سەدەی بیستی خۆرئاواوە دەڕوانێتە جیهان. باوەڕی بە زانست بووە، دوو نەوە بەر لە ئێمە، بەبێ حیجاب بە جادە و باندا دەڕۆیشتن، مۆسیقا و سینەمای خۆرئاوا هەمیشە بەشێک لە کولتووری ئەم مەملەکەتە بووە، وە ئینسانە

ناوداڕەکانی کۆمەڵگای خۆرئاوا، بەشێک لە ناوداڕەکانی ئەم کۆمەڵگایەش بوون. لاساییکردنەوەی خۆرئاوا چ لە شێوەی ڕاکێشانی بۆڕی ئاو و شێوەی شارنشینیدا، چ لە قوتابخانەکان، چ لە شێوەی دروستکرنی زانکۆکان و چ لە زانست و کولتوورەکەیدا بە شتێکی پۆزەتیڤ لەقەڵەم ئەدرا. ڕەنگە کەسێک ڕەخنەشی لەمە هەبێت، من نامەوێ لێرەدا بچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام کۆمەڵگای ئێران کولتووری خۆرئاوایی وەکوو ئەلگۆیەک کە دەبێ بۆی بچێت قبووڵ کردووە و ڕێک هەر لەبەر ئەمەش کۆماری ئیسلامی لەحەقی ئەم خەڵکە نایات. ئەو نەوەیەی کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی خۆیدا هاتوونەتە دنیاوە و هەموو شتێکیان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمەدا بووە، تەنانەت لە من و تۆش زیاتر دوژمنی ئەم ڕژێمەن.

ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە و ئیسلامییەت قبووڵ ناکات، بەڵام تاکوو ئێستا بزووتنەوەیەکی بەهێزی دژی ئیسلامی، بزووتنەوەیەکی فیکری و سیاسیی دژی ئیسلامی بەهێزمان نەبووە کە ببێتە دەستکەوتێکی مێژوویی ئەم کۆمەڵگایە. بزووتنەوەیەکی وەهامان نییە کە بۆ نموونە بڵێین لە ساڵی 1999دا کۆمەڵگای ئێران حیسابی خۆی لەگەڵ ئەم میراتەی کۆمەڵگای کۆن واتە ئیسلام یەکلایی ئەکاتەوە، وە ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم مەملەکەتە.

ڕادیۆی هەمبەستەگی: پێشتر ئەورووپا مەڵبەندی خەبات لە دژی ئایین بوو، وە سەرەنجام ئایین بووە مەسەلەیەکی تایبەتیی خەڵک. ئێستا وا دێتە بەرچاو کە لە ئێراندا خەباتێکی بەم جۆرە لە ئارادا بێت، ئایا دەکرێ ئەم جێ و شوێنە لەگەڵ ئەو بزووتنەوە دژی ئایینییەدا بەراورد بکرێت کە لە ئەورووپادا هەبوو؟ پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە ئەو لایەنانەی کە شەرمۆکانە داکۆکی لە ئیسلام دەکەن، یەکێک لە کۆڵەکەکانی چالاکیی ڕاگەیاندنیان لە بارەی ئیسلامەوە، دابەشکردنی ئیسلامە بۆ ئیسلامی باش و خراپ و ئەوەی کە دەبێ لە بەرامبەر ئیسلامی خراپدا داکۆکی لە ئیسلامی باش بکرێت، وە ئەوەی کە ئیسلام دەکرێ ڕزگاریبەخش بێت و بە گشتی دەستەواژەی ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخشیان داهێناوە. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە و ئەم بزاوتە سیاسییە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

مەنسوور حیکمەت: لە بارەی پرسیاری یەکەمەوە هەر وەک پێشتریش گوتم، ئێمە شایەدی نەفرەتێکی دژی ئیسلامی و خەباتێکی کولتووریی کۆمەڵانی خەڵکی لە دژی ئیسلامین. تا ئەو جێگایەش کە بە خەباتی عەقیدەیی و پەردەهەڵماڵین لەسەر

بنەماکانی ئەم ئایینە و ڕیسواکردنی ئایینداری بە گشتی دەگەڕێتەوە، بۆ مرۆڤێکی ئازادئەندێش، ئایین بەشێکە لە لۆمپنیزمی نێو کۆمەڵگا و چەقۆکێشی و ئایین سەربە یەک خیزانن، کە دەبێ هەردووکیان تووڕ بدات. ئەگەر ئەم خەباتە ئێستا بەڕێوە ئەچێت، ئەوا بە لوتفی کۆمۆنیستانێکی لە بابەت ئێمەمانانە و ئەویش لە چوارچێوەی توانستی ڕێکخراوێکی سیاسیدایە. بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیری وڵات لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، بە خاوەنی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ڕۆشنگەرەوە کە هاوار بکەن من ئایینم نییە و خوانەناسم، بزووتنەوەیەکی ئاوامان نییە. لە کاتێکدا ئەورووپا کاتی خۆی پڕ بووە لەو گەورە بیرمەندانەی کە بەرامبەر بە هەیبەتی کڵێسا وەستاونەتەوە و قسەی خۆیان کردووە، لە قەڵەمڕەوەکانی زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتیدا ڕەخنەیان لەم خورافاتانە گرتووە و زۆرێکیان باجی ئەمەشیان داوەتەوە. ئێمە لەنێو توێژی بیرمەندانی ئەم مەملەکەتەدا ئەم بوێرییە مەعنەوی و سیاسی و فیکرییەمان نییە. ئەمڕۆ "نەیارانی فیکری" بە شێوەیەکی گشتی بە کەسانێک ئەوترێ، کە هاوڕێی جەنابی خاتەمی بن. سەرەنجام ڕەنگە ئەمە دەستی چینی کرێکار و دەستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ماچ بکات کە ئەم خەباتە بە سەرەنجامێکی بنەڕەتی بگەیەنن. من پێم وایە ئەم خەباتەی کە لە ئێراندا لە ئارادایە، ئەگەر ببێتە مایەی گەشەسەندنی ئەحزابێکی وەک حیزبی ئێمە و بزووتنەوەیەکی وەک بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری و ئەم بزووتنەوەیە بتوانێ سەرباری هەموو گرفتەکانی و ئەو ئاستەنگانەی کە لەسەر ڕێگای دایدەنێن بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، دەکرێ لە درێژماوەدا لە ڕیشەی ئایین بدرێ. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت، تەنها کۆماری ئیسلامی لابدەن و بەس، وە ئەو شێوە حوکوومەتییانەیان بوێت کە پەرلەمانی بۆ زیاد کرابێت، یان مافە مەدەنییەکان بۆ کۆماری ئیسلامی زیاد بکەن، من پێم وایە خەڵکی بە مافی خۆیان نەگەیشتوون.

لە بارەی ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخشەوە، ئەمانە میراتی حیزبی تودەن. بە بڕوای من هیچ یەکێک لەمانە، ئەندێشەیەکی ڕاستگۆیانە و واقیعی نییە کە لە ناخی دڵی کەسێکەوە هەڵقوڵابێت. هەر ئەو مرۆڤەی پێی دەڵێ ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخش، ئامادە نییە بڕوات لەگەڵ ئەهلی ئەو ئیلاهییاتە ڕزگاریبەخشەدا تێکەڵاو بێت، یان لەگەڵیاندا بژێت، یان بچێتە ناو حیزبەکەیانەوە. هەمیشە مەسەلەکە تاکتیکە، فێڵبازییە، دەیانەوێ لەنێو خودی ئاخوندەکاندا باڵێک بدۆزنەوە کە بتوانێت کۆمەک بە خۆیان بکات، بۆ ئەوەی بەرەی فراوان لە دژی سەرکوت دروست بکەن. ئەمە بیرکردنەوەیەکی تودەییە،

لەجیاتی ئەوەی بیروباوەڕی خۆی بەیان بکات، هەمیشە خەریکی کەڵەک و فێڵوفەرەجی سیاسییە. ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخش، ناوی ئەو ئاخونده مەسیحییانەیە کە ئامادەن لە دژی دیکتاتورییەکانی ئەمەریکای لاتین قسەیەک بکەن. بەمە دەڵێن ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخش. بەڵام هیچ ئیلاهییاتێک بەپێی پێناسەکەی خۆی ڕزگایبەخش نییە، ئیلاهییات واتە، خاڵی بەرامبەر بە ڕزگاریبەخش، ئیلاهییات واتە داخستنی چاو و گوێی ئادەمیزاد، واتە بەرگرتن بە بیرکردنەوەی سەربەخۆی خۆی و حەواڵەکردنی بۆ جیهان و خالقێکی نە ناسراو. ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخش قسەی پووچە. وەکوو ئەوە وایە کە بڵێین فاشیزمی ئازادیخواز، کە ئەمەش ناکۆکییەکە لە خۆیدا. ئیلاهییات ناتوانێ ڕزگایبەخش بێت، چ مەسیحی بێت، چ بووزایی، چ ئیسلامی. بۆ ڕۆشنفکرانی سەدەی نۆزدە، ئەسڵەن ڕزگاری بەر لە هەر شتێک، بە مانای ڕزگاری لە چەپۆکی ئایین بوو. بۆ ماوەی دەیان و سەدان ساڵ، ڕزگاری بۆ ڕۆشنفکر بە مانای، ڕزگاری لە ئایین و لە قەید و بەندی ئەندێشە سەپێنراوەکان بوو. ئێستا ئیلاهییات خۆی بووەتە ڕزگاریبەخش؟ لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی بلۆکێک بە ناوی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە، بۆ بە ناو بەرهەڵستیی لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا، پێویستی بەوە بوو کە بەشێک لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بەرامبەر بە خۆی خۆشبین بکات و بۆ خۆی هاوپەیمانی تاکتیکی دابتاشێ. ئەو کاتە جەنابی تاڵقانی دەبووە "ڕیزی شۆڕش" و ئێستاش جەنابی خاتەمی، یان فلان کەشیش لە کۆلۆمبیا و پۆلیڤیا. لە کاتێکدا کە لە ڕاستیدا ڕزگاریی ئەم وڵاتانە و ڕزگاریی خەڵکەکەیان، ڕزگاریی ئەوانە لە هەموو جۆرە ئیلاهییاتێک. من ئەمەم قبووڵ نییە، پێم وایە کەسانێک کە ئەمانە ئەنووسن، بەر لە هەر شتێک خەریکن تەربییەتی ستالین و تودەییانەی خۆیان نیشان دەدەن، نەک تەنانەت ئەندێشەی شەخسیی خۆشیان. کەسێک کە دەڵێت ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخش، خۆی ئامادە نییە بڕوات لە وڵاتێکی ژێردەسەڵاتی حوکمڕانیی ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخشدا بژێت، وای پێ باشترە بڕوات لە فەرەنسا یان بەریتانیا بژێت، بەڵام گەڵاڵەی ئەوە دائەڕێژێت کە خەڵکی پۆلیڤیا دەبێ بە ئیلاهییاتی ڕزگاریبەخش ڕازی بن؟ بە ڕای من ئەمە کارێکی ڕیاکارانە و ناڕاستگۆیانەیە.

ڕادیۆی هەمبەستەگی: هەندێک دەڵێن، ئیسلام دەکرێ مودێرن بکرێت و خوازیاری مودێرنیزەکردنی ئیسلامن. ئەم مەسەلەیە لە بەشێک لە بزووتنەوەی چەپیشدا ڕەنگی

داوەتەوە و خوازیاری ئەنجامدانی هەوڵێکن لەم بارەیەوە. ڕای ئێوە لە بارەی ئەم بزاوتە و ئەو تەقەلایانەی کە ئەدرێن چییە؟

مەنسوور حیکمەت: کەسێک کە دەیەوێت ئیسلام مودێرنە بکات، وەکوو ئەو بلیمەتە بیرخراپەیە کە دەیەوێت لە گەراجی خانووەکەیدا، دەزگایەک دروست بکات کە مسی بۆ بکات بە زێڕ! ئایا کارێکی باشە کە ئیسلام مودێرنە بکرێت؟ یەکەمین پرسیار ئەوەیە کە ئێستا بۆچی دەبێ ئیسلام مودێرنە بکرێت و لە پێناوی چیدا؟ ئەگەر کەسێک بڵێت کۆیلەداریش دەکرێ ئینسانی بکرێت، من دەڵێم ئێستا لە پێناوی چیدا دەتەوێ کۆیلەداری ئینسانی بکەیت، مەگەر ڕێبازی ئینسانی و مۆدێرن کەمە؟ دەبێ لەو کەسەی کە باس لە ئیسلامی مۆدێرن ئەکات، پرسیار بکرێت، ئایا خۆت ئەو ئیسلامە مۆدێرنەی؟ ئەگەر نا، ئیتر بۆچی خەریکی ڕێگا ئەکەیتەوە تاوەکوو دێوەزمەکانی سەرکوت و دواکەوتوویی مێژوویی، دیسانەوە لە شێوەی تازەدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن؟ وای دابنێن ئیسلام دەکرێت مۆدێرنیش بکرێت، بۆچی خەریکی کۆمەک بەوە ئەکەیت کە مۆدێرن بکرێت؟ لێگەڕێ ئەوەشی کە هەیە، دەرگای دوکانەکەی دابخات و بڕوات. جگە لەمەش بە بڕوای من، ئەو پێناسەیەکی بەرتەسکی بۆ "مۆدێرن" هەیە کە دەڵێت، ئیسلام دەکرێت مۆدێرن بێت. بێگومان ئەگەر ئیسلام بۆ نموونە، ڕێگا بدات کە کچان بە تەنوورەی خوارئەژنۆوە، بتوانن بۆ قوتابخانە بچن یان ڕێگا بدات کە ژن ببێتە قازی بەو مەرجەی کە هیچ کاتێک باس لە ئارەزووە سێکسییەکانی نەکات، لە ڕوانگەی ئەم کەسانەوە ئیسلام مۆدێرنە. ئەمە ئیتر قبووڵ نییە.

ئەو شتەی کە من بە مۆدێرنی دائەنێم (لە ڕاستیدا خودی ئەم وشەیەش ڕێژەییە)، وە ئەو کۆمەڵگایەی کە من دەمەوێت تیایدا بژیم و ئەو مۆدێرنیزمەی کە من پێم وایە شایستەی هەین، ئیسلام تیایدا جێگای نابێتەوە. ئیسلام دەبێ هەڵپێچرێت. هەر وەکوو چۆن هەندێک بڕوایان بە فاشیزم هەیە، هەر وەکوو چۆن هەندێک هێشتا بە توندی باوەڕیان بە پیاوسالاری هەیە، کەسانێکیش هەن، باوەڕیان بە ئیسلام هەیە. من لەنێو ئەمانەدا نیم و پێم وایە ئیسلام کارنامەکەی لەوە ڕوونترە کە کەسێک قۆڵی ڕزگارکردنی بۆ هەڵماڵێت. من ئەو کەسەی کە دەڵێت، ئیسلام دەتوانێ مۆدێرن بێت، بە موسڵمانێک دەزانم کە دەیەوێت درێژە بە عومری ئایینەکەی بدات و ئایینەکەی بپارێزێت. ئەگەر وانییە، ئینسانێک کە خۆی موسڵمان نییە، پێداگرتنی لەسەر ئەم

دەستەواژەیە دەرک ناکەم، مەگەر ئەوەی کە بیەوێ، هاوپەیمانی تاکتیکی بۆ شۆڕشەکەی خۆی دابتاشێ.

تێبینی: ئەم گفتوگۆیە لە بەرواری 13ی حوزەیرانی 1999 لە ڕادیۆی هەمبەستەگی لە مالمۆ_ سوێد پەخش کراوە.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
اسلام بخشی از لمپنیزم در جامعه است
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 79
2001 /11 /09

"ناقارەمانان"

"بەڵێن بدە، کە ئەگەر من توانیم قارەمان بم
تۆ لانی کەم وەکوو ئینسانێکی بەویژدان ڕەفتار بکەی"
جان لوکارە، ماڵی ڕووسیا

ئیرەجی ئازەرین لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئێراندا دوو وتاری نووسی، دوو "دواستون"ی کورت بۆ بڵاوکراوەی ئینتەرناسیۆناڵ. لە دووەمین و دواییین نووسینیاندا لە تەمووزی 1994، لە یاداشتێکدا بە ناونیشانی "دەورانی ناقارەمانی"، گلەیی لەوە کرد کە گوایە سەردەمی قارەمانی لە ڕیزەکانی چەپدا بەسەر چووە. وتی ڕوو وەرگێڕانی "لاوانی خوێنەواری چینی ناوەنجی ئێران" لە "هەڵسوورانی ڕێکخراوەیی سیاسی"دا دەگەڕێتەوە بۆ حیساباتی بەقاڵانە، هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانەوەی جێگەورێگەی شایستە و "سازگار لەگەل جێگاورێگەی چینەکەی خۆیان لە زنجیرە پلەوپایەکانی هەر ئەم کۆمەڵگایە"دا. ئیرەجی ئازەرین لە بەرامبەر ئەمەدا سووربوو لەسەر ئەوەی کە "پێشبینی ڕوودانی شۆڕشی کرێکاری، تەنانەت پێشبینی پێشڕەویی کرێکاران لە چوارچێوەی هەر ئەم نیزامە باڵادەستەدا، بەبێ قارەمانییە جەمعی و فەردییەکان تەنها دەتوانێ خۆشباوەڕییەکی ئەحمەقانە بێت.
ئیرەجی ئازەرین ئەمەی وت و ... ڕۆیشت!

*

ئیرەجی ئازیز،
نامەکەت سەبارەت بە کۆتاییهاتن، یان سڕینەوەی ئەندامەتیت لە حیزبدا، بەپێی مەنتیق نەدەبوو ڕوو بە من بنووسرێ. من لە ڕاستی ئەو مەسەلانەوە کە باست کردوون، لەوە نزیکتر بووم کە بتوانم لە قازانجی تۆدا شایەتی بدەم، یان داوەرێک بم کە بڕیار بێ، حوکم لەسەر بەرائەتی تۆ بدات. منێک کە دەزانم بۆچی ڕۆیشتی، چۆن ڕۆیشتی، خەریکی چی بووی، منێک کە دەزانم بۆچی لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە، چەند کەسن، چ کارێک ئەتوانن بکەن و چی ناتوانن بکەن، منێک کە دەزانم توانایی و لێوەشاوەییەکانتان چییە، سیاسەتەکانتان کامانەیە، خۆشەویستی و کینەتان لە

کوێوەیە، حیساباتتان چ "بەقاڵانە" و چ لە جۆرێکی تر بێت، لە چ قوماشێکە، بەم پێیە نامەکەی تۆ نەدەبووایە ڕووی لە من بێت. نامەکەی تۆ، بۆ شاردنەوە و ڕەنگکردنی ڕاستییەکان بۆ کەسانێکە کە ناوی تۆیان بیستووە و کینەیەکیان بەرامبەر بە ئێمە لەدڵدایە. بۆ ئەسغەر کەریمی و منە، بەڵام ڕووی لەوانە.
دەڵێی "فیربووم " کە زۆر جار لەپشتی درۆوە خۆفریودان حەشاردراوە. بە ڕاستی دەربڕینێکی حەکیمانەیە، بەڵام ڕاستییەکی ئەوتۆ لەم دەرسەدا نییە. لە سەدا 99ی درۆکانی دنیای ئەمڕۆ لە پێناو بەرژەوەندیی ڕوون و ئاشکرای سیاسی و ئابووری و لە لایەن دەزگا پسپۆر و پیشەییەکانی درۆبڵاوکردنەوە و درۆهەڵبەستنەوە دەکرێت، کە خۆیان باش ئەو حەقیقەتانە دەناسن وا کەمەریان بۆ قڵپکردنەوەیان بەستووە. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەم حیکمەتە وەرگیراوە شەرحی حاڵی خۆشت نییە. کێشەی کاری تۆ لێرەدا خۆفریودان نییە.
ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەمەش بڕیارە "مانیفێستی" تۆ بێت، ئیعتیبارنامەیەکە بۆ پێشکەشکردن بە حیزبی ئیستیقالە. بڕیارە لە جێگایەک، بە جۆرێک، بۆ هەڵگرتنی لە پەروەندە، تۆش هەستابیت و شتێکت وتبێ. ئەمە بڕیارە ئەو بێدەنگی و دەستکێشانەوەیەی کە لە پێناوی "بەرژەوەندیی بزووتنەوە"، وە نەدەکرا و نەمدەتوانییەکان لە چاوتروکانێکدا قەرەبوو بکاتەوە. ئەگینا بۆچی دەبێ ڕێگا ئاوەڵا بکەن و فەرش ڕاخەن و لە سەرووی مەجلیسەوە داتبنێن ؟
بەم پێیە هێشتا هەر "دەورانی ناقارەمانی"یە.
ئێمە دۆستی دێرینیش بووین، ئەم دۆستایەتییە بەنرخ بوو. دەکرا ئەمە مامەڵەی پێ نەکرێ. من هێشتا نایکەم، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ڕێز بۆ ڕێباز و کار و شێواز و مەیل و خەون و خەیاڵتان قائیل نیم. من خۆم ئومێدێکم بە ئاییندەی سیاسیتان نییە. پلاتفۆرمی سیاسیی ئێوە پلاتفۆرمێکی ڕاستە. ئەم پلاتفۆرمە لە دەورانی ڕکود و کاتێک کە "لاوانی خوێنەواری چینی ناوەنجی" بڕیار بوو بە موحاسەباتی "بەقاڵانە" سیاسەت بە قازانجی جێگاورێگای چینایەتیی خۆیان بخەنە لاوە، ڕەنگە بیتوانیبایە لە پێشوازی بەهرەمەند بێت. بەڵام سەختە بتوانێ پلاتفۆرمێک بێت بۆ گەڕانەوە بۆ سیاسەت و هێزکۆکردنەوە لە هەلومەرجی سیاسیی پڕ لە هەڵچوون و داچوونی ئەمڕۆدا ئەگەر بکرایە پێشتر کشتگر و ئەمیر خوسرەوییەکان کردبوویان.

به بڕوای من ئێوە حیزب دروست ناکەن، بەو بەڵگە سادەیە کە حیزب دروستکردن وا پێویست دەکات کە ئێوە "بنیاتنەر"ەکان و "ڕووخسار"ە بەنرخ و بەڕێزەکان، ڕێز لە ڕا و بۆچوونی کەسانی تر و پرانسیپی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی ڕابەری حیزبێک بگرن و مل بە ئەندامبوون لە کۆڕێکدا بە ڕای یەکسانەوە لە گەڵ ئەوانەی لاوترن و بگرە بە تواناتریشن، بدەن. بەڵام ئەگەر ئامادە بوونایە ئەمە قبووڵ بکەن، کۆتایی "کانوونی کۆمۆنیزمی کریکاری"، کۆتایی "هاوڕێبازی(تان) لەگەڵ مەنسوور حیکمەت، بۆ پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی کریکاری نەدەبوو. ئێوە حیزب دروست ناکەن، چونکە حیزب دروستکردن پێویستی بەوەیە، جیاوازییەکانتان بڵێن، پێویستی بەوەیە، شەهامەتتان هەبێت کە بۆچوونە ئیسپاتییەکانتان ڕۆشن و ڕاشکاوانە بخەنە ڕوو، بیخەنە بەر داوەریی کەسانی ترەوە، بەرپرسیارێتی ئاکامەکانیشی لە ئەستۆ بگرن. بەڵام ئەگەر توانای ئەمەتان ببوایە، پێویستییەکتان بە پەنابردن بۆ ڕێگای تر، بۆ "خزمەت بە سۆسیالیزم" نەدەبینی. ئێوە حیزب دروست ناکەن، چونکە نەک بۆ حیزبییەت، بەڵکوو لە دژی ئەو هاتوونەتە مەیدان، ئێوە حیزب دروست ناکەن، چونکە کەسی ئەم کارە نین.

ئیرەجی ئازیز، بەهانەکانی تۆم خوێندەوە، تێگەیشتم چ ڕێگایەکت هەڵبژاردووە، بەداخەوەم.

نادر (م. ح.)
1 تەمووزی 1999

سەرچاوە:
"ناقهرمانان"
/http://hekmat. public-archive. net

سەرنگوونی، شۆڕش و سۆسیالیزم

(نامە بۆ حەمیدی تەقوایی، فاتیحی شێخ)

ژمارە: 7006
بەروار: 17ی تەمووزی 1999

فاتیح گیان، حەمید گیان!
گفتوگۆکەم بەدەست گەیشت. بە بڕوای من ئەم بابەتە لێکدانەوەیەک لە سەر مەسەلەی بار و دۆخی سیاسی و ستراتیژی سیاسیی حیزب لە خۆ دەگرێت کە بڵاوکردنەوەی، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی باسەکە و ئیعتیباری ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ کراوە، قاڵبێکی بێ مروونە و وشک بەسەر ئاسۆی سیاسی حیزب و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی ئایندە لە ئێراندا ئەسەپێنێ. بەم پێیە ئەم وتارە (مەبەستی گفتوگۆکەیە/ و.) لە ڕووی عەمەلییەوە بە هەڵوێست دەربڕینێکی قەتعی لەسەر ڕەوتی عەمەلیی بار و دۆخی سیاسی دەژمێردرێت، کە بە بڕوای من بڕیاری پەیوەست بە کۆماری سۆسیالیستی، مەبەستێکی لەم جۆرەی نەبوو. من لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا نیم، چونکە بار و دۆخی ئایندەی ئێران زۆر سادە ئەکاتەوە و وێنایەکی ئایدیاڵی لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەنێتە جێگای هەموو ئەگەرە واقیعییەکان و هەر بەم پێیە جۆرێک لە بینینی یەکلایەنە و بێ مروونە و تەنانەت سادەئەندێشی لە شێوەی هەڵوێستی حیزبدا دروست دەکات. ڕێگەم بدەن ئەمانە هەندێک ڕوون بکەمەوە.
وێنای بابەتەکەی حەمید ئەمەیە. لە ئێران حەتمەن شۆڕش بەرپا دەبێت. شۆڕش کۆماری ئیسلامی سەرنگوون دەکات. چینی کرێکار بە پشتیوانی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی، کۆماری سۆسیالیستی بەرپا دەکات. دیارە ئەم وێنایە هەڵە نییە، چونکە بە هەر حاڵ یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە ڕەنگە ڕوو بدات. بەڵام ڕاست نییە، چونکە کۆمەڵێک ئەگەری مومکینی تر ڕەت دەکاتەوە. بابەتەکە و سازدەری گفتوگۆکە چەند شتێکی دیکەشیان بەفەرز وەرگرتووە کە جێگەی پرسیارن.

ئەوەی کە شۆڕشێک لە ئێراندا دەستی پێ کردووە و لە سەروبەندی هەڵگیرساندایە، ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە هەڵگرتنی ئەم درووشمە (مەبەست لە پەسەندکردن و بەرزکردنەوەی درووشمی "کۆماری سۆسیالیستی"یە/ و.)، شۆڕش بە شتێکی حەتمی دەزانێ. ئەوەی کە لەمە بەدوا دەکرێ هێزەکان بەسەر بەرەی شۆڕش و بەرەی دژی شۆڕشدا دابەش بکرێن. ئەوەی کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی هەمەگانییە. ئەوەی کە مەبەست لە شۆڕش، شۆڕش لەدژی ڕژێمی ئیسلامییە و بە سەرنگوونکردنی ڕژێم، شۆڕشیش سەردەکەوێ. ئەم فەرزانە بە بڕوای من، هەموویان جێگەی پرسیارن.
1) بە بڕوای من، سەرنگوونی و شۆڕش بەیەکەوە گرێیان نەخواردووە. سەرنگوونی بەبێ شۆڕشیش ئیمکانی هەیە و شیاوە. سەرنگوونی دەتوانێ بەرەنجامی پرۆسەیەکی سەربازی، قەیران و پەشێوی، پرۆسەی یاخیبوونی مەدەنی و کردار و پەرچەکرداری ئینتخاباتی و... هتدیش بێت. دەتوانێ بەرەنجامی سەرکەوتنی کۆمەڵێک هێز بێت بەدەر لە هێزە شۆڕشگێڕەکان یان بەوانیشەوە.
بە بڕوای من بە ئەگەری زۆر، سەرنگوونی لە ئێراندا نەک بەرەنجامی شۆڕش دەبێت، بەڵکوو یەکێک دەبێت لە ساتەکانی دەستپێکردنی شۆڕش. بە بڕوای من شۆڕش لە ئێراندا بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئینجا دەست پێ دەکات، وە نەبەردە چینایەتییە جیددیترەکان دوای ڕووخان دەبێت. بە بڕوای من لە سەرنگوونیدا زۆرێک بەشداری دەکەن، بەڵام لە شۆڕشدا، کرێکاران "زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک"یان لەگەڵدا نابێت.
2) کۆماری سۆسیالیستیش نەبەستراوەتەوە بە شۆڕش لە دژی ڕژێمەوە. بە بڕوای من ڕاگەیاندنی کۆماری سۆسیالیستیش دەتوانێ بەرهەمی سەرکەوتنی سەربازی، قۆستنەوە و دەستبردن بۆ دەسەڵات لە حاڵەتی بۆشایی سیاسیدا، کودەتا و هەر شتێکی تر بێت. چونکە کۆماری سۆسیالیستی دەتوانێ وەکوو دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی قەیران، دەربکەوێت. ڕەنگە پێکهێنانی حوکوومەتی شوورایی کرێکاری، لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری، کارێکی دژوارتر بێت. وە پێویستی بە جەنگی ناوخۆ هەبێت.
وێنای حەمید کەم و زۆر، دووبارەکردنەوەی پرۆسەی شۆڕشی 79یە. من ئەمە بە نزیکترین ئەگەر نازانم. چونکە باڵەکانی کۆماری ئیسلامی و هێزە سیاسییە دەخاڵەتگەرەکان لە ئێراندا، موجاهیدین، ڕاستی غەربی و کۆمۆنیستەکان و ... تاد. بە

گورزێک گۆڕەپانەکە بەدەستەوە ناگرن و بە گورزێکیش چۆڵی ناکەن. ئەمجارەیان بە ئەگەری زۆر، ڕاپەڕین لە سەرەتای شۆڕشدا ڕوو ئەدات نەک لە کۆتاییەکەیدا.
هەندێ بۆچوونی ناو دەقەکە زۆر یەکلایەنە و هەندێکیان نادروستە. بۆ نموونە:
* "هیچ گومانێک لەوەدا نەماوەتەوە کە شۆڕشێکی دیکە لە ئێراندا خەریکە شکڵ ئەگرێت"بە بڕوای من هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە خەبات بۆ سەرنگوونی لە ئێراندا پەرە دەستێنێ. بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەمە تا ئاستی شۆڕشێک باڵا ئەکات؟ جێگەی گومانە! بۆ حەمید شۆڕش بەفەرز وەرگیراوە و پرسیار ئەوەیە کە "شۆڕش چ ڕەوتێک دەگرێتەبەر". بە بڕوای من ڕەوتێکی موحتەمەل ئەمەیە کە کار نەگاتە شۆڕش، کودەتا و پەرچەکودەتا بکرێت. ڕژێم بڕوات و مەملەکەت بچێتە ناو قۆناغێکی ئاڵۆزی ناسەقامگیریی سیاسی و کێشمەکێشی سەربازییەوە.
* "ئێمە بە درووشمی کۆماری سۆسیالیستی ڕایدەگەیەنین کە لەو شۆڕشەی کە بەڕێوەیە، کرێکاران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، سەرمایەداری لەگۆڕ دەنێن". بێگومان ئێمە ئەمەمان دەوێت. بەڵام بەم درووشمە ئێمە شتێک لە بارەی حەتمییەتی بەڕێوەبوونی شۆڕش و ئەوەی کە کرێکاران چی دەکەن ناڵێین، بەڵکوو قسە لەسەر حەتمییەتی سەرنگوونی و ئەوە دەکەین کە ئێمە چیمان دەوێت.
* "بەرزکردنەوەی ئەم درووشمە لە لایەن حیزبەوە، پشت بە حەتمی بینینی ڕوودانی شۆڕش و سەرنگوونی رژێم دەبەستێت" (دەقی خودی پرسیاری دووەم). بە بڕوای من وانییە. بڕیارەکە باس لە حەتمییەتی پەرەسەندنی خەبات بۆ سەرنگوونی دەکات، نەک شۆڕش. بەرزکردنەوەی ئەم درووشمە لە لایەن حیزبەوە، بەپێی دەقی بڕیارەکە، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی درووشمی حیزبە لە جەرگەی خەبات بۆ سەرنگوونیدا.
* "هەر وەک حیزبی ئێمە پێشبینی شۆڕش و سەرنگوونی رژێم دەکات". پێشبینی سەرنگوونیمان کردووە، بەڵام شۆڕش مەرج نییە.
"شۆڕشێک کە لە ئێراندا خەریکە ڕوو ئەدات، لەم ڕێسایە بەدەر نییە".
* "درووشمی کۆماری سۆسیالیستی، لە ڕاستیدا دەربڕینێکی جەماوەریتری درووشمی حوکوومەتی کرێکاری لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆی ئێرانداییە". پێم وانییە بکرێت، هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران بە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە وەسف بکرێت. بەڵام درووشمەکەی ئێمە، بۆ هەلومەرجی خەباتی بەربڵاو لە پێناوی سەرنگوونیدایە. تەنانەت ئەگەر شۆڕشێکیش لە ئارادا نەبێت.

* "کۆماری سۆسیالیستی تەنها بە شۆڕش دەکرێ بەرقەرار بکرێت، چونکە ڕژێمی ئێران بە زمانی خۆش لاناچێت". شۆڕش تەنها بەدیلی "زمانی خۆش" نییە. ڕژێمی ئێران دەبێ بە زۆر سەرنگوون بکرێت. بەڵام مەرج نییە هەموو زۆرێک شۆڕش بێت.
* "لەم شۆڕشەدا چینی کرێکار تەنیا نییە. زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگا واتە، ژنان، لاوان و بەشێکی فراوانی توێژە بێبەشە شارییەکان لەم شۆڕشەدا لەپاڵ کرێکاراندان".
لە کام شۆڕشدا؟ لە نەبەرد بۆ سەرنگوونیدا، ڕەنگە ئەم وێنایە ڕاست بێت (هەر چەندە لاوان و ژنانیش دابەش دەبن)، بەڵام لە شۆڕش بۆ کردنی "ڕژێمی ئیسلامی بە دواییەن ڕژێمی سەرمایەداری (لە ئێراندا/ و.) و بە پێچەوانەوە، بە بڕوای من کرێکاران زۆرینەیەکی هەرە زۆریان لەگەڵدا نابێت.
بە کورتییەکەی، ئەم بابەتە لەسەر حەتمیبوونی شۆڕشە و درووشمی کۆماری سۆسیالیستی لەمەوە هەڵئەهێنجێ. پێویستیی شۆڕش و تەنانەت ئەگەری ڕوودانی، واتە واقیعیبوونی ئەگەری شۆڕش، وە خەیاڵی نەبوونی ئەم ئەگەرە لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەکرێ هەڵوێستی حیزب بێت. بەڵام بەحەتمیزانینی شۆڕش، هەڵوێستی فەرمی ئێمە نەبووە و بە تەواوی دەست و پێی ئێمە دەبەستێتەوە و ئێمە بە یەک ڕێگەی نێو چەندیین ڕێگەی موحتەمەلەوە ئەبەستێتەوە.
بە بڕوای من، وە بەپێی دەقی بڕیارەکە، دەبێ درووشمەکە پەیوەست بکەین بە خەبات بۆ سەرنگوونییەوە، وە لە بارەی شۆڕشەوە، دەبێ پڕۆپاگەندە بۆ پێویستییەکەی بۆ ئێمە و بۆ خەڵک بکرێت. ئیدەی حەتمیبوونی (شۆڕش/ و.)، چ جای ئەوەی کە ئێستا لە حاڵی ڕوودان دایە، بە بڕوای من دروست نییە. لانی کەم بڕیارە پەسەندکراوەکەی ئێمە ئەمە نییە. بۆچوونێکی بەم جۆرە، پێویستی بە بڕیارنامەیەک لەسەر هەلومەرجی سیاسی هەیە، کە تیایدا حەتمییەتی شۆڕشی نیشان دابێت.
ئەگەر حەمید لە باسێکی جیاوازدا لەسەر ڕەوتی موحتەمەلی بار و دۆخەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە قسە بکات، دەکرێ هەموو ئەمانە چاپ بکرێت. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیارێکی گرنگی نوێ، بە مانای پەسەندکردنی ئەم لێکدانەوەیە بە وێنەی هێڵی ڕەسمییە. وە ئەمە بە بڕوای من دروست نییە.
چەند خاڵێکی تر:
* دەربڕینی پرسیاری سێیەم بە بڕوای من باش نییە. هەر لە سەرەتاوە ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ کراوە دەخاتە هەڵوێستێکی دیفاعییەوە، تا بە هەزار زەحمەت گومان

لەسەر خۆی و حیزب لابەرێت. حەمیدیش زۆر ئەوەی هێناوەتەوە ،کە سۆسیالیزمی ئێمە لەگەڵ جۆری ڕووسی و چینیدا جیاوازە. کە زۆرتر ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکی خودی ئێمەیە. ڕەنگە حاڵەتێکی ئیسپاتیتر و کەم دەست و پێگیرتر لە پرسیارەکەدا، ببێتە مایەی وەڵامێکی ڕۆشنگەرانەتر و مەحکەمتر.

* وەڵامی پرسیاری پێنجەم ناتەواوە. سەرەڕای باسی شۆڕش کە ئاماژەم پێی دا، پێم وایە پرسیارکەر لە بارەی پەیوەندیی سەرنگوونی بە خەباتی ڕۆژانە و ڕێفۆرمخوازانە و ڕەنگە ئابووری و پەیوەستیی ئەڵقە بە ئەڵقەی لەمڕۆوە تا ئەو ڕۆژە پرسیاری کردووە. ئەم لایەنەی پرسیارەکە، وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە.

ماندوو نەبن!

مەنسوور حیکمەت

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:

سرنگونی، انقلاب و سوسیالیسم_ نامە بە حمید تقوائی و فاتح شیخ

http://hekmat.public-archive.net

بۆچی حیزب لە پەیوەند بە مەرگی شاملۆوە، هەڵوێستی خۆی دەرنەبڕی؟

(وەڵام بە پرسیارێک)

هاوڕێ بابەک، هاوڕێیانی خۆشەویست!

سەبارەت بە ڕەئی دەربڕین (یان لە ڕاستیدا ڕەئی دەرنەبڕین)ی حیزب لە پەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملۆوە، پرسیاری بۆچوونی منت کردبوو. وا دیارە ئێوە باسی بەرفراوانتان کردبێت. جێی داخە کە من لە باس و دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی باسەکەی ئێوەدا نەبووم. هەر بۆیە ڕەنگە شتێکیش بڵێم کە لای ئێوە جێگای باس و لێکۆڵینەوە نە بووبێ. بەڵام بە هەر حاڵ، من بۆچوونی تایبەتی خۆم دەڵێم.

بە بڕوای من، حیزب نە دەبوو لە پەیوەست بە مەرگی شاملۆوە، نووسینێکی ئامادە بکردایە کە تیایدا بەودا هەڵی بدایە، یاخود ڕەخنەی لێ بگرتایە. دروستتریش ئەم کارەی نەکرد. ئاخر لە مانگەکانی تردا، هونەرمەندان و شاعیرانی تریش مردوون، لە پەیوەند بەوانیشەوە ئێمە بە دروستی هەڵوێستی فەرمیمان نەگرت. مەبەستم لە (گولشیری، ڕەحمانی، نادرپوور و فەردین)ە. بەڵام هاوڕێیانێک دەیانەوێت بڵێن: لە پەیوەند بە مەرگی شاملۆوە فەرقی دەکرد. لە پەیوەند بەم "فەرقکردنەوە" من چەند خاڵێک دەبیستم. یەکەمیان: ئەوەیە کە شاملۆ ڕادیکال یاخود مرۆڤدۆست بوو. دووەمیان: ئەوەیە کە شاملۆ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا، سەری نەوی نەکرد و "نەخێر"ی بە حوکوومەت وت. تەنانەت لە هەندێ لە شیعرەکانیشیدا، هێما و ئاماژەی لەم جۆرە بە دژی کۆماری ئیسلامی دەبینرێت. دواهەمین خاڵیشیان: پلە و پایەی هونەری و ئەدەبیی بەرجەستەی شاملۆیە.

بەڵام ڕێم پێ بدەن کە من لەم خاڵەی دواییانەوە دەست پێ بکەم. بە بڕوای من لەم پەیوەندەیاندا دەبوایە لە پاش مەرگی شاملۆوە نووسین هەبوایە. بەڵام ئەمە وەزیفەی حیزبێکی سیاسی نییە، بەڵکوو ئەرکی هونەردۆست، ئەدەبدۆست و ئەو کەسانەیە کە پەیوەندییان بە شیعر و ئەدەبێ شاملۆوە هەیە. دەستپێشخەری حیزب و دانی هەڵوێستی فەرمی لەم مەیدانەدا و لە پەیوەند بە جێگاوڕێگای ئەدەبی تاکەکانەوە، هیچ کاتێک نزیکایەتی لەگەڵ تراڕیسیۆن و ئامانجەکانی ئێمەدا نییە. شیعر و ئەدەبیات،

مەیدانی داهێنان و تێگەیشتنی فەردییە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و دەوڵەتی کرێکاریی ئەو، دوو سبەی جێگایەکی بۆ شای شاعیران و ئەدەبیاتی ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراو، ئەدەبیاتی فەرمی و نافەرمی تیا نابێتەوە.

سەبارەت بە ڕێزلێنان لە شاملۆ وەک ڕادیکاڵێک و مرۆڤدۆستێک، هەست دەکەم لێرەدا قەڵەمڕەوی شیعر و ئەدەب، هێشتا بە نیگایەکی خۆرهەڵاتی ژێر دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرەوە سەرنج دەدرێت. لە خۆرهەڵات بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی، شیعر و ئەدەب جێگای خاڵیی ڕەخنەی سیاسی و کار و چالاکیی سیاسی پڕ کردۆتەوە. لە شوێنی ڕابەرانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەکان کە بە نووسین و لە دڵی هەر هەمان کومەڵە چالاکییە مادییەکانی ڕۆژانەدا کاری سیاسی خۆیان دەبەنە پێشەوە و کۆمەڵگا پۆلێن دەکەن. شاعیر و ئەدیبێک دەبینین کە بە شێوەی سەربەخۆ داکۆکی لە حەق دەکات و لەجیاتی ئەوان دانیشتووە. شوێنی خاڵیی خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێکخستن و دانی بەرنامە و پلاتفۆرمی جیاواز، بە شیعر و هێمای ئەدەبی هونەرمەندان پڕ کراوەتەوە. لەجیاتی ڕێکخستنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و پیاوان، بە خودی خۆیان و ڕێکخراوەکانیانەوە، بە خۆیان و ڕووخسارە ناسراوەکانیانەوە، بەیتێکی شیعری سەبارەت بە هاواری ژنێک لە خەیاڵی ئینساندا دەبینین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەوەشی بخرێتە سەر، کە چۆن دواکەوتوویی لە شکڵە هونەرییەکاندا ئامادەیی هەیە. لە ئەمەریکا و ئیتالیادا فیلمساز گرنگە، (بەڵام لەمڕۆدا مۆسیقاژەن گرنگترە). لە خۆرئاوا شاعیری جەماوەری و ناسراو نییە، بەڵام لە ئێراندا شاعیربوون گرنگ بووە. (لە ئێستادا گەلێک کەمتر). بەڵام ئەگەر بەشوێن ڕادیکاڵ و مرۆڤدۆستەوە بن، ئەو کاتە شاعیربوون، خەیاتبوون، نانەوابوون و گەلێک ناونیشانی تر لە ئینسانەکان بکەینەوە و با بە یەک چاوەوە سەرنجی هەموویان بدەین! ئایا بە بڕوای ئێوە حیزبی کۆمۆنیست پشت بکاتە ئەو ڕیزە فراوانە بەرینەی مرۆڤەکان کە لە کارنامەی خەباتیاندا سەبارەت بە ئازادی و بەرابەری، زیاتر دەبینرێن، وەک ئەوەی لە بەیت و دێرە شیعرییەکاندا هەیە و پلە و پایەکانی ڕێزلێنانی لە تێکۆشانی مرۆڤدۆستانە و ڕادیکاڵبوونی شاملۆدا بەرجەستە بکات؟ بە ڕاستی ئەمە بە مانای هێنانەخوارەوەی پێوەر و ستانداردەکان نییە؟ ئایا شاملۆ چ کەموکوڕییەک و ڕێگرییەکی هەبوو کە نەیدەتوانی وەک من و تۆ بە زمانی ئاسایی و لە ژیانی ڕۆژانەدا و بەبێ هیچ هێما و لێکچووانێکی شیعرییانە، ساڵەهای ساڵ دەربارەی ئازادی و بەرابەریی مرۆڤەکان

قسه بکات، ئەندامی ڕێکخراوێک بێت، شەڕ بکات، دروشم بدا، خەڵک هۆشیار بکاتەوە و بەرهەڵستی بکات. شاملۆ ئەندامی هیچ بزووتنەوە و ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵ و مرۆڤدۆست نەبوو. لە بەرهەمەکانیدا سەبارەت بە چارشێوی ئیسلامی، مافی مناڵ، بیمەی بێکاری، قەدەغەکردنی ئیعدام، لەناوبردنی کاری کرێگرتە، سیستەمی نوێی جیهان، گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، مافی تاوانباران و چەندەها شتی تر، نابیسترێت و نەوتراوە. هاتوهاواری قەڵەمڕەوی شیعر لەناو دەستەبژێرێکی بچووکی ئەدەبیی ئێران و خوێندەوارانی ئێراندا، ناتوانێت و نابێت بوونەوەرانێکی سیاسیی دابڕاو بۆ شاعیران و ئەدیبان دروست بکات، کە لەوێدا بنەما و پێوەرەکان شتی ترن.
شاملۆ "نەخێر"ی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران وت، فەرەیدوونی فەرەخزادیش، داریووشیش هەروەها. بەڵام ئەوانە "نەخێر"ی شەخسی بوون کە هیچ کاتێک ڕێگای بۆ یەک بزووتنەوەی "نەخێر"وتنی فراوان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆش نەکرد. شاملۆ دەیتوانی ئەندامی ڕابەریی حیزبێکی سیاسی بێت و "نەخێر"ەکەی پراکتیزە بکردایە، بۆ نەبوو؟
بەڵام ئەگەر شاملۆ شاعیرێکی کۆمۆنیست بووایە چی؟ بە بڕوای من دەبێ ناودارانی کۆمۆنیست بەرز ڕاگرین. ئەگەر شاملۆ شاعیرێکی کۆمۆنیست بووایە، ئەگەر فیلمساز یان وەرزشکار و زانایەکی بەناوبانگ بووایە کە ناو و ناوبانگی دەبووە بەڵگەی دەسەڵاتگیری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە، دەبووایە بەیاننامەمان دەربکردایە و گەورەمان ڕابگرتایە. بەڵام شاملۆ ناسیۆنالیست و ئێراندۆست بوو. بە کاڵبوونەوەی فەرهەنگی میللی لە نێوەندی ئێرانیانی دەرەوەی وڵاتدا، بە ناشیرینترین شێوە جنێوی دەدا. شاملۆ مەرگی کۆمۆنیزمی ڕاگەیاندبوو. شاملۆ ئەدیبێکی باش و داهێنەری بزووتنەوەی میللی و میللەتپەرستیی ئێرانی بوو. هەمان بزووتنەوە بۆی هەیە بە ئازیزی خۆی بزانێ. بە ڕاستی ئەوە چ میراتێکی ئەدەبییە کە ئەو دەرفەتە دەدات، ببینە شەریکی تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت سەرۆکی خودی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش (ئەگەر جورئەتی بکردایە و لە پەیوەند بە شاملۆوە قسەیەکی هەبووایە).
بە هەر حاڵ، ئێمە وەک حیزب لە پەیوەند بە مەرگی شاملۆوە بەیاننامەمان دەرنەکرد. چونکە لە پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوەوە نزیک نەبووین. ئەو جۆرە بەیاننامانە ئێمەی وەک ئەندامێکی بنەماڵەی هێزە تراديسیۆنییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێناسە

دەکرد. خۆجیاکردنەوە لەم تراديسیۆنە سیاسییە و دروستکردنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ و جیاواز، کە ڕەخنەی لە کۆمەڵگا و ڕێگاچارەکانی بۆ کۆمەڵگا، لە بناغەوە جیاوازی لەگەڵ ئەوەی کە هەتا ئەمڕۆش بەستەری ئەسڵیی ئۆپۆزیسیۆنە لە ئێراندا هەیە، بە هەموو سیمبۆل و پەیکەرە ناوداریەکانیانەوە، ئەمە کاری ئێمەیە. دەرچوون لە هەمان زەمینە سیاسییە تراديسیۆنییەکان و پێکهێنانی دابڕانێک لەوەی کە وەک ناوکۆییەکی ئەدەبی و فەرهەنگی چاوی لێ دەکرێت، بە دژی تەوژمەوە ڕۆیشتن، پێشڕەویی بزووتنەوەیە. شاملۆ کەسێکی خۆشناو و بەڕێز و ئینسانی بوو. کاری پرۆفیشیۆنالانەی خۆی باش دەزانی. ئەم جۆرە مرۆڤانە، دەوڵەمەندی بە کۆمەڵگا دەبەخشن. لە دنیای ئێمەدا، داهێنانی ئەم جۆرە کەسانە، سەد بەرابەر زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە. بەڵام شاملۆ ئەلگۆ و سیمبۆل و چرای سەر ڕێی بزووتنەوەی ئێمە نەبوو.
بەڵام ئایا نەدەکرا بەیاننامە دەربکرایە و دیدگای ئۆبژەکتیڤی شاملۆ دەستنیشان بکرایە و ئەگەر ڕەخنەیەکیش هەبووایە بووترایە؟ وەکوو حیزب ئەم کارە دروست نەبوو. مرۆڤێکی خۆشناو لە دەست دەرچووە، حیزبی سیاسی، نابێت جیاوازییەکانی خۆی هەر هەمان ڕۆژ ڕابگەینێت. بەڵام وەک کەسانی ئەهلی ئەدەب، هاوڕێیان دەیانتوانی ئەو کارەیان بکردایە، بە واژۆی خۆیانەوە نووسینیان هەبووایە و کار و بەرهەمی شاملۆیان هەڵسەنگاندایە. ئێستاش نەچووە بچێ، دەبێ ئەو کارە بکەن.
بە هەر حاڵ ئەمە بۆچوونی منە، پێخۆشحاڵم بۆچوونی هاوڕێیان بزانم.

بە ئومێدی دیداری هەمووان

نادر (م. حیکمەت)
6 ئابی 2000

وەرگێڕانی: بەکر ئەحمەد

سەرچاوە:
چرا حزب در رابطه با مرگ شاملو اعلام موضع نکرد؟
منصور حکمت، منتخب آثار، ص1553_ 1554

یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

نادر (م. حیکمەت)
7 سێپتەمبەر 2000

هاوڕێیان!
مەبەستی من لەم نووسینە دەستبردن بۆ مەسەلەی سازدانەوەی هەڵسووڕانی حیزب لە ناوچەی ژێردەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نییە. هاوڕێ ڕێبوار و هاوڕێیانی تر لەم بابەتەوە نووسینیان هەیە و من سەرنجەکانم سەبارەت بەو نووسینانە لە کۆبوونەوەکەدا ئەخەمە ڕوو. لێرەدا دەمەوێت سەرنجتان بۆ چەند خاڵێک ڕابکێشم، کە دەبێت سەربەخۆ لە ڕووداوەکانی ئەم دووایییە وەڵام وەربگرێت و بە بڕوای من سەرکەوتنی ئێمە لە داهاتوودا لە گرەوی چارەسەری ئەوانەدایە.
گوشاری ئەم دووایییانەی یەکێتیی نیشتمانی بۆ سەر حیزب لە عێراق و دەرگیری و داخرانی نووسینگەکانی حیزب لە سلێمانی، ئەسڵی مەسەلەی ئەمڕۆی ئێمە نییە. هەروەها گێڕانەوەی بار و دۆخەکە بۆ پێش ڕوودانی ئەو پێشهاتانەش ناتوانێت وەڵامی ئێمە و ئامانجی ئێمە بێت. بە بڕوای من بەو شێوازەوە کە ئێمە لە کوردستانی عێراقدا هەڵدەسووڕاین و بەو ئاراستەیەوە کە ئێمە گرتبوومانە بەر، درەنگ یان زوو دەبوو ئەو پەلامارەی یەکێتی و پاشەکشەی حیزب ببینین. کۆمۆنیزم ناتوانێت جووڵانەوەیەکی ڕۆتینی پەراوێزی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بێت، کە وەکوو حیزبە بۆرژوایییەکان هەمیشە "هەن" و لە پەراوێزی چەند لە سەدێکی ئەم کۆمەڵگایانە، درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. کۆمۆنیزم لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا یان دەبێت سەرکەوێت، یان شکستی پێ دەهێنن، یان دەبێت پێشڕەوی بکات، یان پاشەکشەی پێ دەکەن. خاڵێکی هاوسەنگی و نۆرمێکی مانەوەی چەندین ساڵە و ئاسایی بۆ کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ لە وڵاتانێکی دواکەوتوو، کە سەرکوتگەری و ڕژێمی سیاسیی کۆنەپەرست تیایاندا دەسەڵاتدارە، بوونی نییە. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ڕادیکاڵیزمی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە کۆمەڵگای وەک عێراق یان کوردستانی عێراق

تەلارێکی میژوویی و یەکێک لە "جێگا سەرنجڕاکێشەکان" بێت کە ساڵەها خەڵک بچن ببینن و بێنەوە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەکرێت لە گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگایەی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی، تەبلیغ و هۆشیارکردنەوەی کۆمۆنیستی وەک هەر خزمەتگوزارییەکی ناوشار، وەک ئاو و کارەبا و تەلەفۆن، ساڵەها بە شێوەی ڕۆتینی لەبەردەستی خەڵکدا بێت، بۆچوونێکی ناواقیعییە. کۆمۆنیزم نەک بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکوو بە تایبەت بە هۆی هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتانی وەکوو ئێران و عێراق و هاوشێوەیانەوە، بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و بە توانا و هێزی کردەی سیاسییەوە گرێی خواردووە. کۆمۆنیزمی بێ پەیوەند بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە، کۆمۆنیزمێک کە نەخوازێت مەسەلەی نفووزی کۆمەڵایەتی، باڵادەستی سیاسی و حاکمیەت لە ئەجێندای بەپەلەی خۆیدا دابنێت، مەحکووم بە شکستە.
هێرشی یەکێتیی نیشتمانی بۆ سەر حیزبی ئێمە لە عێراق، لە هێرشنەکردنی ئێمە بۆ سەر یەکێتییەوە سەرچاوەی گرتووە. مەبەستم هەرگیز هێرشی سەربازی نییە. مەبەستم هێرشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزم لە کوردستانی عێراقدایە، کە دەبوو لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوودا بکرایە. دەبوو هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئێمە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهاتایە، دەبوو پێکهاتی ڕابەرانی کۆمەڵگا بگۆڕایە. دەبوو پەیوەستەیی سیاسیی خەڵک بە حیزب و گرووپەکانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهاتایە، دەبوو کرێکاران و ژنان و خەڵکی بێبەش بە حیزبەکەیان ئاشنا بوونایە و لە ڕیزەکانیدا یەکگرتوو بوونایە، دەبوو بابەتەکان لە کۆمەڵگادا مۆری کۆمۆنیستەکانی لێ بدرایە، دەبوو هاوسەنگیی هێزی سەربازی ئاڵوگۆڕی بکردایە و سەرەنجام دەبوو ئەم ئۆردووە شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵە بۆ دەسەڵات هەڵمەتی ببردایە، دەبوو هەموو دەسەڵاتی بخواستایە و بۆ گرتنی دەستی درێژ بکردایە.
دەبێ بەر لە هەر شتێک، واقیعییەتێکی بەرچاوی کوردستانی ئەم ساڵانەی دووایی بە فەرمی بناسرێت. واقیعییەتێک کە بە بڕوای من زۆر ڕاچڵەکێنەرە و مایەی دەرسوەرگرتنە. بۆ ماوەی دەورەیەکی نزیک بە دە ساڵ، ئەم ڕەوتەی ئێمە لە کوردستان توانیویەتی، بە شێوەیەکی یاسایی و ئاشکرا هەڵبسووڕێ. بۆی کراوە کە بە شێوەیەکی یاسایی و ئاشکرا، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی هەبێت، ڕۆژنامە بڵاو بکاتەوە، نووسینگەی ئاشکرای هەبێت، هێزی سەربازی پێک بهێنێت. هیچ شتێک ڕێگری پەیوەندگرتنمان بە کرێکارانەوە نەبووە. هیچ کەس ڕێگری دروستکردنی پەیوەندیمان

لەگەڵ خەڵک نەبووە. ئێمە مۆڵەتمان هەبووە و لە توانامادا بووە کە ڕێکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا پێک بهێنین. میتینگی ئاشکرا دابنێین. هەلومەرجێکی لەم بابەتە خەونی زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان و لەوانە بۆ خودی ئێمە لە ئێرانە. حیزبی ئێمە لە ئێران، ئامادەبوونی کورتماوەی هێزەکانی لە مەریوان وەک ڕووداوێکی گەورە دەبینێت و ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. لە سلێمانی ئێمە 24 سەعات، شەو و ڕۆژ، بۆ ماوەی چەند ساڵ ئامادە بووین. "شوبات تا ئۆکتۆبەر"*ی ئێمە لە کوردستان ساڵەها درێژەی کێشا، بە کوێ گەیشتین؟

بە بڕوای من پێش ئەوەی پەلاماری یەکێتیی نیشتمانی و بەرتەسکبوونەوەی هەلومەرجەکەی ئەم دووایییە پرسیارێک بخاتە بەردەم ئێمە، ئەم واقیعییەتە دەبێت پرسیار بۆ ئێمە دروست بکات. بەرنامەی ئێمە بۆ پێشڕەوی و سەرکەوتن چییە؟ ئەگەر ئەم پەلامارەی یەکێتیی بتوانێت ئێمە بۆ ئەم پرسیارە بێدار بکاتەوە، ئەگەر بتوانێت ڕامان بچڵەکێنێت و بیرمان بهێنێتەوە کە مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە یەکێتیی نیشتمانی چی لەگەڵ ئێمە دەکات، بەڵکوو ئەوە بوو کە ئێمە لە بەرامبەر دەوڵەتی بەعس و نیمچە دەسەڵاتەکانی بۆرژوازیی لۆکاڵی دەمانەوێت چی بکەین، ئەگەر بتوانێت دووبارە مەسەلەی بنەڕەتی کۆمۆنیزم، واتە دەسەڵات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ ئێمە مەترەح بکاتەوە. ئەو کاتە ئەم ڕووداوە دەتوانێت بە ڕاستی خاڵی وەرچەرخانێکی ژیانی ئێمە بێت.

ئێمە و کۆمەڵگا

باسی حیزب و کۆمەڵگا پێش هەر کەس بە بڕوای من پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە هەیە. وای بهێننە بەرچاو کە ئێمە توانیبێتمان بارەگاکانی خۆمان لە سلێمانی دووبارە بکەینەوە و سەعاتەکانمان چەند مانگ بۆ دوواوە بگێڕینەوە. پاشان چی؟ بەرنامە و نەخشەی ئێمە بۆ پێشڕەوی و سەرکەوتن چییە؟ ئەمە پرسیارێکە کە دەبێ لە لایەن ڕابەرانی کۆمۆنیزمەوە لە عێراق وەڵامێکی کۆمەڵایەتی وەربگرێت. کۆمۆنیزم وەک گرووپی گوشار، بەهایەکی بەکاربردنی سنووورداری هەیە. بەڵام کۆمۆنیزم بە ناونیشانی ئەڵتێرناتیڤێک، وەک ئامرازی بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا، ئەو شتەیە کە ئێمە تەمەنمان لە پێناویدا داناوە. پێش ئەوەی باسمان بێتە سەر حیزب و بارەگا و نووسینگە و ڕادیۆ، پرسیارێک کە من لە ڕابەرێکی کۆمۆنیزمی عێراقم هەیە ئەوەیە کە بەرنامە و ستراتیژتان چییە؟ بوون و

نەبوونی ئێوە بڕیار وایە چ شتێک بگۆڕێت؟ دیارە کە ئینسانە ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستەکان لە هەر جێگا و شوێنێکەوە بێت، بۆ بەرگری لە مافەکانی بێبەشان تەقەلا دەکەن و هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی کۆنەپەرستی بوەستنەوە. بەڵام ئەم سەنگەربەندییە ڕۆتینییە بەرگریکارانەیە لە کۆمەڵگادا، ناتوانێت سەرچاوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم و پایەیەک بۆ هێنانە کایەی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستیی خاوەن ئیعتیبار بێت. کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە بڵێن، کە چ تەرحێکیان بۆ کۆمەڵگا هەیە و بە کام قۆناغانەدا و بە کام هەنگاوانە بریارە پێی بگەن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەم ئاسۆیەی نییە.

ئەم حەوت هەشت ساڵە گرنگترین و پڕ ئاڵوگۆڕترین دەورەی ژیانی سیاسیی عێراق (لە ناو عێراقدا کوردستانیش) بووە. سیمای ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی بێ پێشینە گۆڕاوە. هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە بناغەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. ئەگەر هێزێکی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ دەیەوێت لە چارەنووسی ئەم خەڵکە و ئەم وڵاتەدا ڕۆڵێکی جیددی بگێڕێت، ئەمە هەلێک بوو کە بە شێوەیەکی مێژوویی فەراهەم بووبوو. لە ژیانی هەر نەوەیەکدا، مەرج نییە هەلی وا تەنانەت یەک جاریش فەراهەم بێت. هیچ کاتێک کۆنەپەرستیی لەم وڵاتە بەم ئەندازەیە لاواز نەبووە، هیچ کاتێک خەڵک بەم ئەندازەیە ئامادەی شکاندنی تەوقی ناسیۆنالیزمی عەرەب و ناسیۆنالیزمی کورد نەبووە. هیچ کاتێک هەلومەرج بۆ دەستپێکردنی فەسڵێکی تازە لە مێژووی سیاسیی عێراق و کوردستان بەم جۆرەی ئێستا گونجا و نەبووە. ئەمە هەلێک بوو بۆ کۆمۆنیزم کە ببێتە هێزی یەکەمی ئەم کۆمەڵگایە. حیزبێک دەتوانێت بەمە بگات کە یەکەم، بیەوێت ئەم کارە بکات و دووەم ڕەوەندە کۆمەڵایەتی و مێژوویییەکان و هەلومەرجی بابەتیی دەورووبەری خۆی بناسێت. ڕابەرانێکی دەوێت کە خۆیان نەک وەک سەرۆکی ڕێکخراوەکەی خۆیان، بەڵکوو خۆیان بە کەسایەتیی مێژوویی بژمێرن و بەم تواناییە و بەم چاوەڕوانییەوە لە خۆ، بچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە. ڕابەری کۆمۆنیست ئەگەر ڕابەری خەڵک نەبێت، ڕابەر نییە. حیزبی کۆمۆنیست ئەگەر دەست بۆ مەسەلەکانی کۆمەڵگا نەبات و وەڵام بە گیروگرفتەکانی خەڵک و کۆمەڵگا نەداتەوە، حیزبێکی سیاسی نییە. ئێمە تا ئێستاش لە عێراق، بە وێنەی ڕابەرانی کۆمەڵایەتی و بە ناونیشانی حیزبی سیاسی بوونی خۆمان ڕانەگەیاندووە. بە بڕوای من ئێمە تازە وا لە خاڵی دەستپێکردنداین. ئەوەی کە لە سلێمانی بارەگامان هەیە یان نا، هیچ شتێک لەم

بابەتەوە ناگۆڕێت. ئێمە لە بەغداش بارەگامان نییە، بەرنامەمان بۆ ئەوێ چییە؟ بە بڕوای من دەبێت لانی کەم وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوەمان لابێت:

1) ئایا کەسانێکمان هەن کە لە ئاستی عێراق و کوردستاندا ڕابەرانی پلە یەکی خەڵک بن و لەم دەورانە خەتەرناکەدا خۆیان بە چارەنووسی خەڵکەوە گرێ بدەنەوە؟ کەسانێک کە فەلسەفەی ژیانی خۆیان بە ڕۆڵبینین لە چارەنووسی ملیۆنەها ئینسان و لە مێژووی کۆمەڵگایەک و وڵاتێکدا دانابێت؟ کەسانێک کە ئامادە بن، پێداویستییەکانی بینینی ڕۆڵێکی لەم چەشنە فەراهەم بکەن و مەترسییەکان و گوشارەکانی قەبووڵ بکەن؟ کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەبێ بوونی ڕابەرانی سەرتاسەریی ناسراو و جەسوور، بە هیچ جێگایەک ناگات. ئەم ڕابەرانە دەبێ بەرگریکارانی یەک ئاسۆی هاوبەش بن و سەربە یەک جووڵانەوەی فیکری و سیاسی بن. پێویستە بەرهەمی ڕەخنەگرتنێکی دیاریکرا و لە چوارچێوە فیکری و عەمەلییە کۆنەکان بن. دەبێ پێکەوە مەکتەبێکی فیکری_ سیاسیی نوێ لە ئاستی کۆمەڵگای عێراقدا پێک بهێنن. دەبێ کۆمەڵگای عێراق باس لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی جووڵانەوەیەکی کۆمۆنیستیی نوێ لە عێراقدا بکات، کە هەژموونی و دەسەڵاتی مێژوویی ناسیۆنالیزمی بەسەر سیاسەت و بیرکردنەوە لە عێراقدا بردۆتە ژێر پرسیارەوە. مەکتەبێک و جووڵانەوەیەکی نوێ و سەرنجڕاکێش بە ئاڵاهەڵگران و ڕابەرانی خۆیەوە. هەر جووڵانەوەیەک بە ئەندازەی توانا و ئاسۆی ڕابەرانی دەچێتە پێشەوە، دەبێ ڕابەری لێهاتوو و باشمان هەبێت.

2) پێویستە ستراتیژێکی ڕوونمان هەبێت. ئەمڕۆ بەسبەی خستن و خۆهێشتنەوە و گەشەی خەتیی بۆ یەکێتییە پیشەییەکان گونجاوە، ناتوانێت بنیاتنەری حیزبێکی شۆڕشگێڕانە بێت. پێویستە قۆناغەکانی گەشە و پێشڕەویی خۆمان تا سەرکەوتنی یەکجارەکی بناسێنین. قۆناغی خۆڕاگەیاندن و ناساندنی ناسنامەی خۆ بە خەڵک، جێگرتن لە مەیدانی ئەسڵیی پلمیکی سیاسیدا، قۆناغی جووتبوون لەگەڵ جووڵانەوە کرێکارییە ڕاستەوخۆکاندا، ڕێکخستنی نهێنی و بزاوتی ئاشکرا، ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان، پەیوەندی بە جووڵانەوە جەماوەرییەکانەوە، هێنانەدیی هەژموونییەکی سیاسی لە جووڵانەوە نارەزایەتییە گشتی و سەراسەرییەکاندا، گواستنەوە لە حیزبێکی بچووکەوە بۆ حیزبێکی جەماوەری. جەنگ لە قەڵەمڕەوی بیروباوەڕەکان و پێکهێنانی دەزگای گەورەی ڕاگەیاندن، چەکداری و حیزبی چەکدار، ڕاپەڕین و جەنگی جەماوەری. هەموو ئەمانە دەبێ بۆ ڕابەریی حیزبی عێراق لە تەرحێکی هەمە لایەنەدا

پێناسە کرابێت و ئاسۆیەکی واقیعیی ڕابەرییەکی سیاسی پێک بهێنێت. مەبەستم لە نووسینی بەڵگەنامەی وا نییە کە ئەمانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕیز بکات. مەبەستم ئەوەیە کە ڕابەرانی کۆمۆنیستی عێراق بزانن و بتوانن بە ڕوونی ئەوە بە ڕیزەکانی خۆیان و خەڵک بڵێن، کە بڕیارە چۆنچۆنی لە وەزعی ئێستاوە بگەینە ئەو جێگا و شوێنە باڵادەستە. چ ڕێگرییەک دەبێ لەسەر ڕێگا لاببرێت و چۆن؟ لە کوێوە دەبێ دەست پێ بکەین؟

3) دەبێ تێڕوانینێکی ڕوونمان بۆ هەلومەرجی بابەتیی کۆمەڵگا و ڕەوتی موحتەمەلی بار و دۆخەکە هەبێت. ئەو هەلومەرجە ئیمکاناتە بابەتییەکان و بەربەستەکانی بەردەم کارمان پێناسە دەکات. چارەنووسی بەعس چی لێ دێت؟ ئاڵوگۆڕی سیاسیی داهاتوو لە بەغداد چی دەبێت، خەڵک چییان دەوێت؟ چ پۆتانسێلێک بۆ ڕێکخراوبوون و جووڵەی چینی کرێکار هەیە، چ جووڵانەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە عێراقدا دەتوانێت شکڵ بگرێت؟ بار و دۆخی ئابووری چۆنە؟ کام گرایش و مەیل لەنێو خەڵکدا پەرە دەگرێت؟ لە کوردستان چی؟

4) ئەو گیروگرفتانەی کۆمەڵگا کە وەڵامیان دەوێت کامانەن؟ حیزب بە وەڵامدانەوە بە چ مەسەلەگەلێک خۆی بە کۆمەڵگا دەناسێنێت و لە ناوەندی پلمیکی کۆمەڵایەتیدا جێ دەگرێت؟ چارەنووسی حوکوومەتی بەعس، گەمارۆی ئابووری، مەسەلەی کوردستان، مەسەلەی ژن، مافە مەدەنییەکان، ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل، ئەمانە نموونەی ئەو پرسیارە گرێیانەن. حیزب دەبێ وەڵام بەم پرسیارانە بداتەوە. نەک لەسەر کاغەز و لە نامیلکەیەکدا، بەڵکوو لە دیالۆگێکی بەردەوام و بێ پسانەوە لەگەڵ کۆمەڵگا، خەڵکی عێراق و ڕای گشتیی نێودەوڵەتی.

5) نەخشەی ڕێکخراوەیی حیزب. پێویستە گەڵاڵەیەک بۆ سازدان و بیناکردنی هەنگا و بەهەنگاوی ئۆرگانە نهێنییەکان و ئاشکراکانی حیزبێکی سیاسی هەبێت. لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆکانەوە، تا کۆمیتە شارییەکان، ڕێکخستنی چەکداری و هی تر. هەر ساڵێک دەبێ لەم نەخشەیەدا چووبینە پێش. دەبێ ئەندێشەیەکی ڕێکخراوەیی ڕوونمان هەبێت، کە حیزبێکی لەم بابەتە لە وڵاتیک و دەورانێکی ئاوادا، دەبێ تایبەتمەندییەکانی چی بن. پێویستە کادر دروست بکەین، پەیوەندی پێک بهێنین، ڕۆتین بەدی بهێنین، ئیمکانات وەدەست بخەین.

6) ئامرازەکانی خۆدەرخستنی ئاشکرا و سەرتاسەری حیزب چین؟ میدیا و ڕۆژنامە و مینبەرەکانی حیزب کامانەن؟ ئایا کۆمەڵگا دادەپۆشن؟

7) دەبێ فۆکووسە دەورەییەکان کە وەک ئامرازێکی گواستنەوە حیزب لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تری باڵاتر دەگوێزێتەوە، پێناسە بکرێن و جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و ڕێکخستنی حیزب لەسەریان کۆ بکرێتەوە و ئاراستە بکرێت. مەسەلەی ژن لە کوردستانی عێراق، مافە مەدەنییەکان لە سەرتاسەری عێراق، مەسەلەی گەمارۆی ئابووری، مەسەلەی ڕێفراندۆم و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستان، نامەشرووعبوونی دەسەڵاتی بەعس و حیزبە کوردییەکان و پێویستی پێکهێنانی دامەزراوەی قانوونی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. ئەمانە چەند نموونەی ئەو فۆکووسانەن.

8) دەبێت لە هەر بڕگەیەکدا بزانین، کە حیزب لە چ قۆناغێکی ڕەوتی پێکهاتنی خۆیدایە. تایبەتمەندییەکانی ململانێی حیزب لەگەڵ دەوڵەتەکان و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەم مەسەلەیەوە پەیوەستە. کاتێک هاوڕێیان باس لە "هێرش بۆ سەر یەکێتی" دەکەن، دەبێ ڕوون بێت کە ئەمە چۆن هێرشێکە. بۆ حیزبێکی کۆمەڵایەتیی خاوەن هێز و چەکدار، دەکرێت ئەم هێرشە تەنانەت چەکدارانەش تێبگەین. بۆ حیزبێکی چکۆلە، کە هێزی چەکداری ئەوتۆی نییە و هێشتا لە قۆناغی خۆ مەترەحکردن وەک ئەڵتێرناتیڤێک و پەیوەندیی دروستکردنی لەگەڵ چینی کرێکار و جووڵانەوە نارەزایەتییەکاندایە، بەناچاری "هێرش" مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە. ئەگەر حیزب وێنایەکی لە جێگا و شوێنی خۆی لە کۆمەڵگادا و لە ڕەوتی پێکهاتن و پەرەگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک حیزبێکی گەورەی کۆمەڵایەتی نەبێت، ناتوانێت وەڵامی پێداویستییە پراکتیکییەکانی هەر قۆناغە بداتەوە.

باس لەم بابەتەوە زۆرە و من لە دوای کۆبوونەوە لەگەڵ هاوڕییاندا، هەوڵ دەدەم کە نووسینێکی پوختەتر ئامادە بکەم. بە بڕوای من، لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە. ئەوەی تا ئێستا کردوومانە، ماتەریاڵی دووبارە بیناکردنەوەیەکی بناغەییترە. کێشەی ئێمە ئەوەیە، کە لە ڕێکخستنەوە دەست پێ دەکەین و لە بارەگا و نووسینگە و ئەندام و ڕادیۆوە. لە حاڵێکدا دەبێت لە سیاسەت و ستراتیژ و ئاسۆ و کار و مەسەلە و ئەرکی کۆمەڵایەتیی جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە عێراق دەست پێ بکەین و خەسڵەت و ئەرکەکانی ڕێکخراوی خۆمان لەوێوە دەربکێشین.

ئەگەر ئەم ئاسۆ و ستراتیژە، وە ژمارەیەک کەس کە بە قووڵی باوەڕیان پێیان هەیە و پێی لەسەر دادەگرن، هەبن، ئەو کاتە دەکرێت جووڵانەوە و حیزبێکی بەهێز دروست بکەین. ئەگەر نەبن، ئەو دەمە هیچ جووڵەیەکی ڕێکخراوەیی و ئامادەکارییەکی عەمەلی، ناتوانێت بەر بە سستبوونەوەی ڕەوتی ئێمە لە عێراقدا بگرێت.

* ئاماژەیە بە ماوەی نێوان هەردوو شۆڕشی شوبات و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی 1917 لە ڕووسیادا، کە لەو چەند مانگەدا حیزبی بۆڵشەڤی بە شێوەیەکی ئاشکرا کاری کردووە و توانیویەتی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێت و دەسەڵات لەدەست بگرێت.

وەرگێڕانی: شەماڵ عەلی

سەرچاوە:
یادداشت برای جلسه با رهبری حزب کمونیست کارگری عراق
منصور حکمت، منتخب آثار، ص 1549_ 1552

بزووتنەوەی سەلبی و ئیسپاتی

(دەقی قسەکان، لە کاسێتی سیمیناری کۆنگرەی سێیەمەوە/ ئابی 2000)

هاوڕێیان!

من پشتگیریم لەو بڕیارنامەیە کرد، کە دوێنێ حەمید دابووی و دواتریش دەنگم پێی دا. گرفتی من لەگەڵ هیچ یەکێک لەو خاڵانەی کە حەمید گوتی نییە. پێم وایە، لە نەریتی کلاسیکدا، لێکدانەوەی بار و دۆخی سیاسی، ڕۆڵی پارتەکان، خەباتی شۆڕشگێڕانە، خەباتی کۆمۆنیستی، ڕاپەڕین و ئامانجی کۆتایی، درووشمی ئیسپاتی جێ دەگرن. ئەو شتەی کە من دەمەوێ لێرەدا بیڵێم، لەگەڵ ئەم تێگەییشتنە جیاوازی هەیە، نەک هەر تەنها لەگەڵ قسەکانی حەمید جیاوازی هەیە، بەڵکە لەو بڕوایەدام، لەگەڵ ئەو تێگەییشتن و شێواز و نەریتەی کە هەریەکە لە ئێمە لەسەر هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا هەمانە، جیاوازی هەبێت. من دەورەی شۆڕشگێڕانە لە دەورەی ناشۆڕشگێڕانە لەیەک جوودا ئەکەمەوە. من گەرەکمە لێرەدا چەمکگەلێک تەرح بکەم، کە خودی خۆم تازە پێی گەییشتووم و هیچ پێ لەسەر ئەوەش داناگرم کە کەسێک بێت قبووڵیان بکات. پێم وایە، ڕادیۆکەمان لەسەر ئەو هێڵەی حەمید کار دەکات، بڵاوکراوەکانمان لەسەر ئەو هێڵ و ئەو تێڕوانینانەی کە حەمید تەرحیان ئەکات دەنووسێت. دەرکی هەر کادرێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بەو جۆرەیە کە حەمید ڕاڤەی ئەکات و دروستیشە کە بیڵێن. خاڵێک کە من دەیڵێم، بە یەک وشە، جیاوازە، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە ناکەم کە تەنانەت بیانکەمە بڕیارنامە، چونکە بەر لە هەر چتێک ئەوانە یەک میتۆدێکن. من پێم وایە، باسی هەستی "بۆنکردن"ی ڕابەریی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا مەترەحە. بە بڕوای من، دەورەی شۆڕشگێڕانە هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دەورەی پێش خۆیی و لەگەڵ دەورەی پاش خۆی جیاوازە. دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی شۆڕشگێڕانەیە، هەر بەو جۆرەی کە چۆن مانۆر لەگەڵ جەنگدا جیاوازی هەیە. چونکە لە مانۆردا بۆ نموونە، مەسەلەی ترس لە ئارادا نییە، بەڵان بۆ جەنگ لە ئارادایە. جەنگ، مانۆرێک نییە کە بە شێوەیەکی ناواقیعی بە ئەنجام بگەیەنرێت. جەنگ دیاردەیەکی نوێیە. با مانۆرەکەتان بە هەر ئەندازەیەکیش بێت،

جەنگ دیاردەیەکی نوێیە و قانوونمەندیی خۆی هەیە. لە مانۆردا، کاتێک ببینن فیشەکێک لە ماددەیەکی ڕەنگ سوور تەقێنرا و بەر پای ئەفسەری فەرماندە کەوت، هەموو ڕاناکەن، بەڵکە ئەیبەن تیماری ئەکەن. بەڵام لە جەنگدا، ئەگەر فەرماندە فیشەکی بەرکەوێت، هەموو ڕائەکەن.

من بە پێچەوانەی تەواوی بزووتنەوە "دەبێت بۆچوونی ئیسپاتی بدرێت"، کە بیر دەکەمەوە هەر کۆمۆنیستێک بگریت دەڵێت، دەبێت ئاڵتێرناتیڤی ئیسپاتی بدرێت، لە دە بیست ساڵێک بەر لە ئێستا، ئەگەر هەر کەسێک پرسیاری لە من کردبێت، ئاڵتێرناتیڤی ئیسپاتیی ئێوە چییە؟ گوتوومە: نیمانە! ڕۆژی خۆی مەعلووم دەبێت، پێویست ناکات بیخەینە ڕوو، گرنگ نییە. ئاڵتێرناتیڤی ئیسپاتی کە بزووتنەوەی ئێمە ئەیخاتە ڕوو، ئاڵتێرناتیڤێکە، کە لە بەرنامەکەی، لە تیۆرەکەی، لە تیۆرە سۆسیالیستییەکەیی و لە ڕەخنەی خۆی لە کاپیتالیزم، خۆی بەرجەستە کردۆتەوە. دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی سەلبە. دەورەی نەرێ(نەفی)یە. بڕوانن، شەریعەتی و موتەهەری ناتوانن ڕۆڵی خومەینی بگێڕن. خومەینی گوتی، نا، نا بۆ شاە. هیچ شتێکی زیاتری نەگوت، هیچ ئەلگۆیەکی نەدا، هیچ درووشمێکی ئیسپاتی نەدا و دواهەمین کەسێک بوو کە خەڵکی قسەیان قبووڵ کرد. "شا"یان لە حاڵێکدا بڕێک لاواز بووە، قبووڵ نەکرد، شایان بە بەختیارەوە قبووڵ نەکرد، شایان بە شەریف ئیمامییەوە قبووڵ نەکرد و بەردەوام وتیان و وتیان، نا بۆ شاە. لەسەر بناغەی ئەم بزووتنەوە سەلبییەی کە لە ساڵی 79دا ڕووی دا، چوونە پشتی خومەینی، چونکە تەنها نیشانەیەکی گرنگی "نا" وتن بوو. من و ئێوەش لە کۆڵاندا ئەمانگوت، بە هێواشی ئەمانگوت نا، نا، بەڵام کەسێک گوێی لێ نەبوو. "نا"ی خومەینییان خستە نێو شەیپوورەوە و بۆ ئەنتێنەکانی دنیایان نارد و خومەینی بووە سیمبۆلی نا بۆ ڕژێمی پاشایەتیی، ئەوە گرنگ نەبوو لە ڕووی ئیسپاتییەوە چی دەڵێت، ڕێک وەهابوو، کە خەڵکی ئامادە بوون، قسە ئیسپاتییەکانی فەرامۆش بکەن، نەبیستن و درۆ لەگەڵ خۆیاندا بکەن. ئەیانزانی و ڕۆشن بوو کە چ بۆگەناوێک لەژێر ئەو مێزەرەدایە. بە بڕوای من، هیچ ژنێکی ئێرانی گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەگەر ئەم مرۆڤە بێت، باری خراپ دەبێت. هیچ ڕۆشنفکرێک، هیچ کارمەند و هیچ مامۆستایەک وا بیری نەکردەوە کە ئێستا ئەوانە دێن، کۆمەڵگا ئازاد دەبێت و هەر هەموو، یەکی مێزەرێک دەخەینە بان سەرمان و دەچین لە پارکی شاردا پیاسە ئەکەین!! بەڵکوو ئەوانە وا بیریان دەکردەوە کە ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، یەکەمین

کارێک کە دەیکەن، چارشێو دەسەپێنن. من خۆم لە خۆپیشاندانی تاسوعا کە حەمید ئاماژەی پێ دا، لەگەڵ ژنەمامۆستایەکی زانکۆ، کە درووشمی، بژی کۆماری ئیسلامی ئەدا، کەوتینە قسە و پێم گوت: ئاخر ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، ئەوا سبەی چارشێو ئەکەنە سەرت، گوتی: هەنووکە دەبێت شاە نەمێنێت.

بزووتنەوەکەی خۆی بە سەلبی پێناسە دەکات و تا کۆتایی لەگەڵ نوێنەری سەلبیدا دەڕوات. ئەگەر کۆمەڵگا بڕیاری ئەوەی دابێت کە سەلبییەکەی خۆی دوادوایی پاشایەتییە و پاشایەتی گەرە نەمێنێ، ئەو دەمە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەڕوات کە تا دواهەمین ڕۆژ دەڵێت، مردن بۆ پاشایەتی و لەگەڵ گرنگترین کەسێکدا دەڕوات، کە دەڵێت، مردن بۆ پاشایەتی. بە بڕوای من ئەوە هەڵەیە، شۆڕش لەسەر بنەمای درووشمی ئیسپاتی سازمان بدرێت و بە درووشمی ئیسپاتی ڕابەرایەتی بکرێت، هەڵەیە! ئایا بزووتنەوەی ئێمە دەبێت زۆر بە سەختی ئیسپاتی بێت، بە وردی بزانێت کە ئەگەر بچووکترین چمکێکی دەسەڵاتی بەگیرخست، چ یاسایەک دائەنێت؟ چ ئابوورییەک دائەمەزرێنێت؟ چ ڕێکخستنێک ئەهێنێتە ئاراوە و چ فەرهەنگێک بە فەرمی ئەکات و ... هتد.؟ هەموو ئەمانە دەبێت بگوترێت، ناڵێم، نەیڵێین، من هیچ خیلافێکم لەگەڵ بۆچوونەکەی حەمیددا نییە، کە دەبێت داوای کۆماری سۆسیالیستی بکرێت، دەبێت مەسەلەکان شرۆڤە بکرێن، دەبێت لەسەریان بنووسرێت، دەبێت خشتەبەندی بکرێت و هێڵ بکێشرێت، دەبێت درووشمە ئیسپاتییەکان بگوترێن، دۆخی گشت توێژەکان لەو دروشمانەدا بگوترێت، بەڵام بۆ دەورەی شۆڕشگێڕانە، ئەوانە بە دەرد ناخوات! ئەم لایەنە ئیسپاتییانە دەبێت بگوترێن، تا بزانن کە ئێوە دەتوانن حوکوومەت بکەن، وەلێ ڕابەریکردنی شۆڕش، بە ڕاوەستاویت لەسەر بزووتنەوەی سەلبییەوە گرێی خواردووە و بەوەی کە تا کوێ دەتوانن، بزووتنەوەی سەلبی بۆ خۆتان بەکێش بکەن. ئەگەر کۆمەڵگای ئێران ئامادە نەبێت تا درووشمی "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" بڕوات، من و ئێوە ناتوانین بە زۆر و بە درووشمی ئیسپاتی بیان بەین. دەڵێت نایەم! هەر ئەو ئاغای خاتەمییە دەڵێت، زێدەڕەو! تێکدەر! ئاژاوەگێڕ! تۆ شەرم لە خۆت بکە! ڕێگامان نادەن کارێک بکەین. پەراوێز ئەکەوین و لەو گۆشەیەدا دەمێنینەوە. دەبینە یەکێک لە هێزە لاکەوتەکان. ئەگەر کۆمەڵگا دەیەوێت تا بەکۆتاییگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بڕوات، هونەری ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێت ئەوە بێت، کە نوێنەرایەتی ئەو ئاڵا سەلبییە بکات. ئالێرەدایە کە درووشمە ڕیشەییییەکانی ئێمە

وەکوو، "بەرابەریی ڕەهای ژن و پیاو، بە بێ هیچ نەرمی نواندنێک"، ئەو سەلبییەیە! من هیچ هەڵاواردنێک قبووڵ ناکەم! هیچ ئیسلامێک قبووڵ ناکەم! هیچ چارشێوێک قبووڵ ناکەم و هیچ هەژارییەک قبووڵ ناکەم! ئەمانە سەلبیبوونی بزووتنەوەکەی تۆن، کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک قبووڵیان ناکات. ئەمە خەسڵەتی سەلبیی بزووتنەوەکەی ئێمەیە، کە بوار دەکاتەوە تا خەڵکی بێنە پێشەوە. خەڵکی هەموویان بەیەکەوە نابنە سۆسیالیست. بە درووشمی ئیسپاتی، سەوزەفرۆشەکان نابنە سۆسیالیست، بە درووشمی ئیسپاتی ئێمە، کارمەندان نابنە سۆسیالیست، بە درووشمی ئیسپاتی ئێمە، ئەندازیاران نابنە سۆسیالیست، بە ئەگەرێکی زۆرترەوە، کرێکاران نابنە سۆسیالیست. بزووتنەوەی ئیسپاتی ئێمە، گەلێک لەو بزووتنەوەیەی کە دەتوانین بە شێوەی سەلبی ڕابەرایەتی بکەین و دەسەڵاتی پێ بەدەست بهێنین، بچووکترە. باسی من ئەمەیە، باسی هەژموونی لێرەدایە. کام بزووتنەوەی ئیسپاتی لە بزووتنەوەی سەلبیدا هەژموونی هەیە؟ کامە بزووتنەوەی ئیسپاتی؟ بزووتنەوەی ئایینی، بزووتنەوەیەکی ئیسپاتییە. دەزانێت چ خۆڵێک بە سەر کۆمەڵگادا بکات، ئەوە دیارە کە پەڕاوی "حوکوومەتی ئیسلامی" لە لایەن خومەینییەوە نووسراوە. ئەبولحەسەن بەنی سەدر وتبووی، کە گەرەکێتی چ کارێک ئەنجام بدات. لە ئاغای شەریعەتی بپرسن، ئەو دەزانێت بۆ ئەم مەملەکەتە چی دەکەن. بزووتنەوەی ئیسپاتیی ئیسلامی، باڵی کۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆنی میللی_ ئیسلامی ئێران، کۆنەپەرسترین بەشێکی ئەوانە کە قسەی خۆی کردبوو، بنکاری حوکوومەتیشی نووسیبوو، کە لە ژێر سایەیدا دارایی بۆ پشکی ئیمام دەگۆڕێت و ژن مافی دەنگدانی نییە و گشت ئەو مەسەلانە دەبنە بنەمای زیندەگیی خەڵک. نەیانتوانی تەنانەت پیادەشی بکەن. ئاشکرایە کە پێیان نەکرا. ئەم بزووتنەوەیە چونکە ڕابەری خەباتی سەلبیی جەماوەری خەڵک بوو، بە سەرکەوتن گەییشت، ئەگەر قسەی ئیسپاتی بگوتبایە، خەڵکی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە پێلەقەیەکیان تێ ئەسرەواند. هەر لەبەر ئەوەیە دەڵێن، ئیمام پیانۆ لێ ئەدات، هاوسەرەکەی ئۆپێرا دەخوێنێت و ئەبولحەسەن بەنی سەدر بە تەنها خۆی، مۆدێلێکی تازەی "فایتەرپلین"ی داهێناوە. دەڵێن، تەواوی فەلسەفەکارانی جیهانیان بۆڕ داوە، بەو ئەندازەیە ئەوانە پێشڕەون! ئیتر بینیمان ... خەڵکی قبووڵیان کرد، باوەڕیان پێ کردن، خەڵکی بڕوایان کرد، کە ئەوانە کۆنەپەرست نین. خەڵکی بڕوایان کرد، کە ئەوانە ڕێگە ئەدەن قسە بکەن. خەڵکی نەفرەتی ئەوانەی دەزانێ، خەڵکی نەفرەتی ئەوانەی لە

کۆمۆنیستەکان دەزانێ، تەنانەت لە شۆڕشی مەشرووتەدا سەرانی ئەوانەیان لە سێدارە دا، بەو جۆرە هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە پاشایەتی، لەو ساتە مێژوویییە و تەیارکردنی سەرجەم سۆزی کۆمەڵگا لە دژی ڕژێمی شا، بەو ڕادەیە بەهێز بوو کە خەڵکی لەگەڵ هەر کەسێکدا گوتی، نا بۆ شا، بڕووخێ. من بیر لەم یادەوەرییە ئەکەمەوە، دەبێت ئەم میتۆدۆلۆژییە لەبەردەم ئێمەدا بێت. بڕوانن، بزووتنەوەی ئیسپاتی، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە دەورەی شۆڕشگێڕانە، بزووتنەوەی ئاگاهگەری نییە، کە هەنووکە بهێنرێتە سەر شەقامەکان. ئاگاهگەری هیچ کاتێک ناکرێت بهێنرێتە سەر شەقامەکان. ئاگاهگەری هیچ کاتێک ناچێتە بەردەم سەربازگە، درووشمی ئیسپاتی ناچێتە بەردەم سەربازگە. سەرئەنجام، بە بڕوای من ئەوە هەڵەیە، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بار و دۆخی فیعلی و ڕێک لەم دووڕێیانەدا، "نا بۆ کۆماری ئیسلامی!"، "نا بۆ ئیسلام!"، "نا بۆ چارشێو!"، بێت و بڵێت، ئێمە دێین و 37 سەعات کار دائەنێین و کۆتایی ساڵ کرێی هەر کەسێک بەم شێوەیە حیساب ئەکەین و ئەی دەین. ئێوە گەرەکتانە چۆنچۆنی حوکوومەت بکەن؟ یەکێک لە ئینتەرنێتەوە پرسیاری کردبوو، ئێوە ئامارێکمان پێ بدەن، پێمان بڵێن، کە خەرجی حوکوومەتەکەتان چەندەیە؟! ئامار نادەم! مەگەر خومەینی ئاماری بە ئێوە دابوو؟! مەگەر فرانکۆ لە ئیسپانیا، ئاماری بە کەسێک دابوو؟! ئەو شێخانەی تاڵیبان، ئاماریان دابوو؟! هاتن، زەبریان وەشاند و گرتیان، پاش ئەوە گوتیان، کە دەیانەوێت چی بکەن. بەو ڕادەیە ناسراو بوون کە خەڵکی نەڵێن، ئەمانە لە ئاسمانەوە هاتوون. هەتا ئێستا لە ئاسمانەوە دێن و داوای ڕابەری ئەکەن. ماوەیەک لە پێش هەڵبژاردنەکانی پۆڵۆنیا بوو، کە لایەنێک لە ئەمەریکاوە هاتبوو، دەیویست ببێتە سەرەککۆمار. لە چیک گەرەکیان بوو ئۆلبرایت بۆ سەرۆکایەتی کۆماری چیک کاندید بکەن، کە ئەم کەسە بۆ خۆی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا بوو. بە بڕوای من دەبێت، ئەوەندە ناسراو بن، کە بزانن ئێوە کێن و لەژێر بنچک سەوز نەبوون، بەڵام دەبێت ڕابەری بزووتنەوەی سەلبیی کۆمەڵگا بن. دەبێت بزووتنەوەکەت بناسن و "نا"ی تۆ بڵێنەوە. من ئەمە دەڵێم، نەک ئەوەی جێگای "چی ئەکەین"ەکانە. لە بەرنامەی ڕادیۆدا ئەوەمان هەبوو، کە ئەگەر درووشمەکان بخوێنەوە هەموویان سەلبین، ئەوە بۆچی خەڵکی درووشمی ئیسپاتی ناڵێنەوە، لە بری وتنی "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی"، ئەوە بڵێین کە چ نیزامێک لە شوێن کۆماری ئیسلامی دائەمەزرێنن. ئەم کارە و ئەم شێوازە، ژەهرن، جەختی لەسەر ئەکەمەوە،

ژەهرن! ئەگەر گەرەکتانە، خەڵکی خۆی لێتان بە دوور بگرێت، بڕۆن لە جێی، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەوە بڵێن، کە دەتانەوێ چی لە جێگەی کۆماری ئیسلامی دابنێن. ڕۆژی شۆڕش، ڕۆژی ڕاپەڕین، ڕۆژی پەشێوی، دەبێت بڵێن، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی. بڵێن، "نا" بۆ ئەم ئاخونده و "نا" بۆ ئەو ئاخونده، هەڵبەتە نە بە شێوەی "ئەکسەرییەت"، نە بە شێوەی "دووی خورداد"یش. هیچیانم ناوێت، کۆماری ئیسلامیم ناوێت. چونکە خەڵکی نایانەوێت، ئەو دەمە خەڵکی دەکەونە دووی ئێوە.

بە بۆچوونی خۆم، هەنووکە سەڵتەنەتخوازان، نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی سەلبی ناکەن. گرفتی باڵی ڕاستی لایەنگری ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ئەوەیە، ئەوەندە جوامێر نین کە بوەستن و بڵێن، کۆماری ئیسلامیمان گەرەک نییە، خاتەمیش دیسانەوە نا. داریووشی هومایوون و هاوکاران و لایەنگرانی بە خاتەمی دەڵێن، بەڵێ. لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەیبەینەوە. لەبەر ئەوەیە، خەڵکی دەڵێن، ئەو ڕادیۆی ئینتەرناسیۆناڵە زۆر چاک دەپەیڤێ. بە جێنشین دەڵێن، ئەوە چ دەور و دوکانێکە داتانناوە. ئەگەر دەتەوێ ڕادیۆیەکی پرۆ_ خاتەمیت هەبێ، ئەوا هەبوو. ڕۆژنامەی پرۆ_ خاتەمی کە هەیە، تکایە ئێوە لە بارەی سەرنگوونییەوە قسە بکەن. خەڵکی تەلەفۆن بۆ ڕادیۆ ئەکەن و ئەوانەمان پێ دەڵێن. پێمان دەڵێن، ڕاست دەفەرموون، نیوەی خەڵکی پشتیوانی ئێوەن. بە هەر حاڵ، بە بڕوای من، میتۆدۆلۆژی و جێگانەکردنەوە بۆ دەورەی شۆڕشگێڕانە شتێکی نوێیە. من دەمەوێ لەسەر ئەم میتۆدە بیر بکەمەوە و چاوەڕێی ئەوە ناکەم، کەسێک بە فیعلی پەسەندی بکات. من تەواوی باسەکەی هاوڕێ حەمیدی تەقوایی، تا ئەو جێگایەی کە بزووتنەوەکەمان بە خەڵکی ئاشنا ئەکات، دەیخاتە نێو جەرگەی "چین"ەوە و دەیکات بە بزووتنەوەیەکی سەرنجڕاکێش لە کۆمەڵگادا، پەسەند ئەکەم، بەڵام لە میکانیزمی شۆڕش و لە دەورەی شۆڕشگێڕانە و لە دەورەی "نا"گوتنی خەڵکیدا، ئێمە دەبێت نوێنەری "نا" بین و هەر چەشنە تەقەلایەک بۆ "بەڵێ"گوتن، شرۆڤەکردنی شتی ئیسپاتی، بە بڕوای من، ئەو بزووتنەوە بەهێزە مەزنەی کە دەکرێت بێتە پشتی ئێمە، پارچەپارچە ئەکات. ئەم باسە سازش نییە. مەرگ بۆ شا، سازش لەگەڵ کەسدا نەبوو. "نا بۆ کۆماری ئیسلامی"، سازش لەگەڵ کەسدا نییە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، دژی سازشە. مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆ چارشێوی ئیسلامی و مەرگ بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزی، سازش نییە. "بژی"یەکانیشمان دەڵێین، وەلی ئەگەر خەڵکی بژییەکانمان دەڵێنەوە، لە سۆنگەی ئەوەیە، کە لە زمانی

ئەو هێزەوە دێتە دەرەوە، کە ئەو دروشمە سەلبییانە دا ئەدەن. ئەگەر هاتوو گوتیان، بژی کۆماری سۆسیالیستی، لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن، چونکە تاقە هێزێکی بە بایەخی سەرنگوونخواز ئەمە دەڵێت. واتە لە هزری خەڵکیدا، دەبێت ئێمە ببینە ئەو هێزەی کە دەتوانێت ڕژێمی ئیسلامی سەرنگوون بکات، ئەوجا دەتوانێت بار و دۆخەکە ڕێک بخات، نەک بە پێچەوانەوە، یانی ئەوەی کە ئێمە ڕژێمی ئیسلامی داگرینە خوارەوە و هێزێکی دیکەش بێت ئەوەی ئێمە بێنێتە خوارەوە. دەبێت خەڵکی ئەوەیان قبووڵ بێت کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕژێم دەڕووخێنێت و بۆ دەسەڵاتگرتن ئامادەیە. لە کۆنگرەشدا گوتم، بە باوەڕی من، کۆمەڵگا هەمیشە وا هەست ئەکات، کە لە نێوان چەپ و ڕاستدا هەڵبژێرەرە. چەپ چییە؟ ڕاست چییە؟ لە بار و دۆخێکدا کە خەڵکی هەژار و بێبەش هەست بەوە ئەکەن کە پێویستییان بە ئاساییشە، هەست ئەکەن، پێویستییان بە خۆشگوزەرانی و ئازادی و بەرابەرییە، چەپەکان دێنە پێشەوە. کاتێک ڕاست دەیەوێت زەبر بوەشێنێت، دەڵێن، هەموو چتێک بە داهێنانی تاکەوە گرێی خواردووە، دەڵێن، کێ گوتویەتی کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرپرسیارن لە خەڵکی، هەر کەسە با بۆخۆی بڕوات، نانی خۆی پەیدا بکات، کێ گوتویەتی، هەموو چتێک با خۆرایی بێت، مەگەر شار بێ خاوەنە، لە بار و دۆخێکی وادا، ڕاست دێتە پێشەوە.

کۆمەڵگا لە نێوان چەپ و ڕاستدا، هەڵبژاردنی خۆی ئەکات، بەڵام لەسەر بنەمای قابیلی باوەڕبوون، لەسەر بنەمای قابیلی پایەداربوونی ئەو بزووتنەوەیە. ئایا ئەم ئاڵتێرناتیڤە پەسەندە، ئیمکانی هەیە، دەکرێت تەرح بکریت؟ من پێم وانییە هیچ کەسێک لە ئەمەریکا بڵێت، دەتوانین بزووتنەوەی ترۆتسکیستی لە هەمبەر کلینتۆن ڕاستکەینەوە. لایەنێک بە هەر ئەندازەیەک لە دەروونی ترۆتسکیستدا بێت، بەڵام ئازادە لەوەی کە بچێت دیموکرات و کۆماریخواز هەڵبسەنگێنێ و بیرێک لە حاڵی خۆی بکاتەوە. گرنگ ئەوەیە، کۆمەڵگا ئەوە قبووڵ بکات کە کێ دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. کێ دەتوانێت زەبر بوەشێنێت، بڕووخێنێت و دواتر دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت. ئەمە وەزیفەی ئێمەیە.

بەم پێیە، یەکەم دەبێ بڵێم، ئێمە گەرەکمانە زەبر بوەشێنین و بڕووخێنین، دووەم، نیشانی بدەین کە دەتوانین حوکوومەتەکەمان بپارێزین. پرسیاری خەڵکی ئەوە نییە کە چ پەیوەندگەلێکی خاوەندارێتی دائەمەزرێنین. دەڵێن، وەرامی ئەگەری دەخاڵەتی ئەمەریکا چۆن ئەدەنەوە؟ وەرامی هەژاری چۆن ئەدەنەوە؟ پێش هەر شتێک دەپرسن،

ئایا ڕێگەتان پێ ئەدەن حوکوومەت بکەن؟ لە کوێ هەیت؟ دەبێت خەڵکی ئەو دەمەی کە یەکدی دەبینن بڵێن، لە ماڵەکەی ئێمەدا هەن، لە گەڕەکەکەی ئێمەدا هەن، لە کۆڵانەکەی ئێمەدا هەن، لە قوتابخانەکەی ئێمەدا هەن و لە گشت جێگایەکدا هەن و بڕوانن، ئەوانە بە ڕاستی هێزیان هەیە. سەرئەنجام، بەدەستەوەگرتنی کۆمەڵێک دروشمی ئیسپاتی بە شێوەی چەپکێک ئایدیاڵ و پەیڤگەلی دروست و ڕۆشن، ئەگەر ئەو دروشمانە ببەیتە نێو ماڵی خەڵکی، شتێکتان لێ قبووڵ ناکەن. دەبێت خەڵکی باوەڕ بەوە بهێنین و متمانە بەوە بکەن، کە ئێمە هێزێکین لە بارماندایە بوەشێنین و دەسەڵات لەدەست بگرین.

سەرئەنجام من وای بۆ دەچم، کە دەبێت هاوکێشەکان بە چەشنێکی دیکە ڕێک بخرێن:

1) حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەبێت نوێنەری "نا"گوتن بە کۆماری ئیسلامی و هەر جۆرە چاکسازییەکی ئەو نیزامە بێت.

2) حیزب دەبێت نوێنەری "نا"گوتن بە هەر بەشێکی دیکەی میللی_ ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی بێت، کە گەرەکی بێت، هەر توخمێک لەوانە بخاتە نێو سیستەمەکەی خۆیەوە. پاشاییخوازان دەیانەوێت بڕۆن پێنج نەفەر بهێنن، بۆ ئەوەی یاسای مەشرووتەی پاشایەتی لە ڕوانگەی ئایینەوە هەموار بکەن، هیچ کاتێک نکۆڵییان لەم هەڵوێستەیان نەکردووە. هیچ کاتێک بڕیار وا نەبووە کە مەشرووتەی پاشایەتی لەگەڵ "ئایینی پاکی ئیسلام!" دژایەتییەکیان هەبێت. لەبەر ئەوەیە کە لە حوکوومەتی ئاخوند ئەدات، وەلی بە خودی ئاخوند، بە وانەگوتنەوەی ئیمام جومعەی تاران لە زانکۆی تاران کە لەگەڵ "شا"شدا حەشر و نەشری هەیە، مەسەلەیەکی نییە. مەشرووتەی پاشایەتی نایەوێت ئەم لایەنە بکوتێت. کێ گوتویەتی ئەمانە، دەیانەوێت لە کاروباری هاوسەرێتی و جیابوونەوە، مافی یەکسان بە ژنان بدەن؟ کێ گوتویەتی ئەمانە، لەگەڵ ئازادیی پەیوەندیی جنسی گرفتێکیان نییە؟ کێ گوتویەتی پەیوەستەگییە ئایینی و ئایینزاییەکانی خەڵکی لە ناسنامەکانیان کوێر ئەکەنەوە و بە هیچ کلۆجێک ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەن کە لە پەیوەست بە بیر و باوەڕی ئایینی تاکەکانەوە بپرسێتەوە؟ ئەمانە تێکڕا سەلبین. ئەمانە تێکڕا "نا"گوتنە بە دیاردەیەک کە لە بەرامبەر ئێمەدایە و ئەگەر ئێمە بتوانین نوێنەرایەتی بێزاریی خەڵک لە ئیسلام بین، پاشاییخوازان شانسێکی زۆریان نییە. چونکە هەر بۆخۆیان دژی ئیسلام نین، هەر بۆخۆیان گەرەکیانە بێن و بڵێن، شمشێر هەردەم لەدەستی ئێمە و مزگەوت لە دەستی ئیسلامییەکاندا بێت، کە

بەو هۆیەوە خەڵکی بچەپێنن. بێگومان ئێمە دەبێ لەسەر شەپۆلی دژی ئیسلامی، لەسەر شەپۆلی دژی پیاوسالاری و لەسەر شەپۆلی دژی سەرکوت کە لە ئارادان، بچینە پێشەوە. پاشاییخوازان کە لایەنگری ئازادیی بێ بەند و مەرج نین، یەکەمین کارێک کە پاشایەتیی مەشروتە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ ئەوەیە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یاسای 1310 زیندوو بکاتەوە و سنووورێک بۆ سەندیکا ڕەسەن و نارەسەنەکان، مۆڵەتپێدراوەکان و مۆڵەتپێنەدراوەکان بکێشێت. بێگومان دەیانەوێت، خۆپێشاندانەکان بە بڕیارگەلێک بڕێک سنووردار بکەنەوە. بێگومان دەیانەوێت، یاسای سانسۆر دابنێن. سبەی ڕۆژ ئەمانە گشت دەڵێن، ناتوانن نەیڵێن. چونکە ئەمەریکا لێیان قبووڵ ناکات و دەڵێت، دەبێت بتوانن بە جۆرێک بەرسڤی کۆمۆنیستەکان بدەنەوە کە ماددە و گەڵاڵەیەک پەسەند بکەن!

من وای بۆ دەچم کە ئەگەر میتۆدۆلۆژیی دەورەی ئاگاهگەری و بزووتنەوەسازی دەیەوێت ببێتە ڕابەری شۆڕش، دەبێت هاوکات ئاڵوگۆڕ بەسەر میتۆد و شێوەڕوانینی خۆیدا بهێنێ، ئەبێ بچێتە پای سەلب. ئەمە خۆبەخۆ، نیشانەی هیچ جۆرە کاڵبوونەوەیەک لە سۆسیالیستبوون نییە. بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسانە دەیانەوێت هەموو خەڵکی بخەنە دوای خۆیان، تەنانەت کاتێک کە دەزانن ناکرێت مرۆڤ بە سۆسیالیزم قانیع بکەن. من بە چ جۆرێ کەسێک بە سۆسیالیزم قانیع بکەم، لە کاتێکدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەودا نەیاتەوە! لە حاڵێکدا ئەگەر ئەمڕۆش گوتی بەڵێ، ئەوا سبەی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام دەیەوێت لەگەڵ شەپۆلی "نا"گوتن بە کۆماری ئیسلامیدا بێت. سەرئەنجام، ئەم میتۆدۆلۆژییەی من جیاوازی هەیە. لەگەڵ تەواوی قسەکانی حەمیدم. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت کە میتۆدۆلۆژی و تاکتیکی دیاریکراوی خۆمان، شێوازی دەخاڵەتی خۆمان لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بەو قسە ڕاستە هەمیشەییەمان بسپێرین، کە دەبێت خەڵکی بزانن، ئێمە چی دەڵێین و بزانن لە جێی کۆماری ئیسلامی گەرەکمانە چی دابنێین، لەوەی کە خەڵکی دەبێت بزانن و فراوانترین پڕۆپاگەندە بکەینە بنکاری خۆمان، نکۆڵی ناکەم، کاتێک ڕادیۆکەشمان درووشمی ئیسپاتی ئەدات و ... هتد. نارەحەت نابم. بەڵام جیاوازی بەشێکی حیزب کە پڕۆپاگەندە دەکات و هەمیشە تەبلیغات ئەکات و خۆی دەناسێنێت، لەگەڵ بەشێکی دیکە کە ئەرکی ئەوەیە، ئەم بزووتنەوەیە لەم دوو ساڵە دیاریکراوەدا، بە سەرکەوتنێکی سیاسی و سەربازی بگەیەنێ، نابێت تێکەڵ بکرێت. ئەگەر ڕابەریی

سیاسی بڕوات لە پێشی خەڵکەوە بوەستێت و بە شێوەیەکی ئیسپاتی تەرویج بۆ سۆسیالیزم و چۆنیەتی پیادەکردنی بکات، خەڵکی هەمان ئەو وەرامە بەو ڕابەرییە دەدەنەوە کە بە بەرەی میلیلیان دایەوە، کە گەرەکی بوو، بە لەبەرگرتنەوەی یاسای بەلژیک، خەڵکی بخاتە پاڵ خۆی. خەڵکی دەبێ ئەوە بزانن، ئێمە هێزێکین، بەو بار و دۆخەی کە هەنووکە لە ئارادایە نارازین. ڕادیۆکانمان دەبێت بڵێن، گەلۆ لە مانە قبووڵ مەکەن! گەلۆ بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک، ڕێگە مەدەن کە ئیسلام تێکەڵی ژیانتان بێت! گەلۆ بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک، ڕێگە بە دژایەتیکردنی ژنان مەدەن! ژنان، پیاوان، خەڵکینە! تۆزقاڵێک جەور و ستەم قبووڵ مەکەن، لە هیچ کەسێک قبووڵ مەکەن، بە هیچ شتێکی کەموکووڕ ڕازی مەبن ... و بە ڕێکوپێکی خەڵکی لە بزووتنەوەی سەلبی ئاگادار بکەینەوە. ئەو دەمە لەو حاڵەدا، خەڵکی دەڵێن، دەی چاکە، ئەی چی دێتە شوێنی؟ ئەگەر خەڵکی ببینێت، ئێمە ڕادیۆمان هەیە، سوپامان هەیە و لە شاردراین، ئیتر ئاشکرایە و دەڵێن، ئەمانە شوێنی دەگرنەوە. یان ئەمانە دێن، یان حیزبی پەهلەوی، حیزبی پەهلەوی بۆ ئەو مەبەستە تازە دەبێت زەحمەتی بکێشێت. کەسێکی دیکە نییە. لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە، ئەو هێزەی کە نوێنەری "نا"یە، درووشمی ئیسپاتیشیان لە لای ئەوان پەسەندە، کە دەکرێت زیندەگی لە گەڵدا بکەن، باشتر لەو دۆخەی کە لە ئارادایە. ئەو دەمە کۆماری سۆسیالیستی لای خەڵکی، دەبێتە گشت ئەو شتانەی کە حەزیان پێیە. کۆماری ئیسلامیش تا ماوەیەک بەو جۆرە کاری کرد. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە نەیگوت، من دێم لە ملی خەڵکی ئەدەم، بەڵکوو بە پەیماندان بە چەسپاندنی دادپەروەریی ئیسلامیی موجاهیدین و شەریعەتیچییەکان هات. گوتیان بە سەڵەوات نان بە ماڵان ئەدەین، داهاتی فرۆشی نەوت دابەش ئەکەین و بە ئۆتۆمبیل مرۆڤەکان بە فڕگە دەگەیەنین! بە ڕاستی ئاوهایان بە خەڵکی گوت. مرۆ باشترین جۆری زیندەوەرەکانی سروشتە کە دەتوانێت کڵاو بکاتە سەر خۆی ... مرۆڤە، ئینسانە. هیچ غەریزەیەکی بۆ داکۆکیکردن لە خۆی نییە، دەتوانێت کڵاو لەسەر بکات، ئەگەر پێی وابێت، شتێک کە بە دوایدا ئەڕوات بە قازانجێتی، دەشێت خۆی هەڵداتە نێو ئاگرەوە. خەڵکی خۆیان بڕوا بە خۆیان ئەهێنن کە ئەو خواستەی تۆ هەتە، ئەوان دەیانەوێت، ئەگەر هاتوو پێیان وا بوو، ئەو دیاردەیەی کە نایانەوێت، تۆ دەتوانیت بیخەیتە لاوە. ئەمە تەواوی مەسەلەکەیە، خەڵکی تێئەگەن، تۆ تەنها هەر خواستت نییە، بەڵکە توانای ئەوەشت هەیە. بە بڕوای من، گرفتێک کە ئێمە لە شۆڕشی

داهاتوودا هەمانە، بێباوەڕی خەڵکە بە کۆمۆنیزم. بێباوەڕی بە کۆمۆنیزم نەک وەکوو ئایدیۆلۆژی، کە کەسانێکی زۆر و دوژمنانمان، لە دژی و لە میانەی داکۆکیکردن لە بازاڕی ئازاد، گوتویانە و پڕۆپاگەندەی ئەوەیان کردووە کە کۆمۆنیزم دوایی هات و ... هتد. مەبەستم لە بێباوەڕی بە کۆمۆنیزم، بە ناونیشانی یەک بزاڤ کە ئایا دەتوانێت زەبر بوەشێنێت، دەسەڵات بگرێت و لێیدا بمێنێتەوە. ئەوەی کە ئێمە لە هزری خەڵکیدا، لە کەسایەتیگەلی جونیۆر و گچکەبەشداری سیاسەتەوە بە نەفەری ئەسڵی و سینیۆر لە مەیدانی سیاسەتدا دەگۆڕێت.

سەرئەنجام من لە بری درووشمگەلی ئیسپاتی و شیکردنەوەی ئیسپاتی و ئەندازەگیری و بودجەبەندی سۆسیالیزم، ڕابەرانی جۆراوجۆر و ناسراو پێشنیار ئەکەم. لە بری درووشمگەلی: دەبێت چی بکەین؟ هێزی سەربازی بەهێز پێشنیار ئەکەم، لە بری گەلێک لە کارەکانی دی، ڕادیۆی بەهێز و چەند سەعاتە پێشنیار ئەکەم. تەلەڤیزیۆن پێشنیار ئەکەم. بەناوبانگبوونی هەر چی زیاتری حیزب پێشنیار ئەکەم. با خەڵکی تاوتوێی بکات. خەڵکی تاوتوێی ئەوە بکەن کە ئەمانە دەتوانن حوکوومەت بکەن. بە بڕوای من بۆڵشەڤیکەکان جگە لەوەی، کۆتایی بە جەنگ ئەهێنن، هیچ شتێکی ئیسپاتییان نەگوت. خەڵکی جەنگی نەدەویست، بۆڵشەڤیکەکان گوتیان، ئێمە کۆتایی پێ دەهێنین. خەڵکی گوتیان تزاریشمان ناوێت، زۆر نەبوو ئەو ڕۆیشتبوو. خەڵکی دەیانەویست کۆتایی بە جەنگ بهێنن، گوتیان یەک هێزی دژی جەنگ لە کۆمەڵگادا هەیە و ئەوانەش ئەمانەن، بۆڵشەڤیکەکان.

ئیتر بە پێچەوانەی لێکدانەوەی دیموکراتەکان، بۆڵشەڤیکەکان لە ڕووسیادا خەڵکیان قانیع نەکرد، کۆمەڵێک لەوان ڕۆیشتن و حوکوومەتیان لەدەست گرت و ڕایانگەیاند کە هەنووکە حوکوومەت بە دەستی ئێمەوەیە، چی دەڵێن؟ بە کورتییەکەی، پشتیوانی لەو مەسەلەیە ئەکەن کە جەنگ کۆتایی پێ بهێنین و نان دابەش بکەین، یان نا؟ بڕۆ بڕیاری خۆت بدە! بە دڵنیاییەوە، ئەگەر خەڵکی بیان گوتبایە، نەء، گەرەکمان نییە لە تەک ئێوەدا بین، من وەک شەخسی خۆم، وای بۆ دەچم کە بۆڵشەڤیکەکان حوکوومەتیان تەسلیم ئەکرد.

بە هەر حاڵ، باسەکەی من ئەمەیە ... من دەڵێم، ئاراستەگیری(جیهەتگیری) لە لایەنی ئیسپاتییەوە و بزووتن لە دەورەیەکدا کە کۆمەڵگا گەرەکێتی بزووتنەوەی سەلبی تاقی بکاتەوە، بە نرخی لاکەوتەبوونی بزاڤی کۆمۆنیستی تەواو دەبێت. ئێوە دەبێت ڕابەری

بزووتنەوەی سەلبی بن. دەبێت ڕابەری بزووتنەوەی سەلبی بن و بۆ ڕابەرایەتیکردن دەبێت هێزێکی بەرچاوتان هەبێت و لێوەشاوەیی بەردەوامیدان بە زیندەگیتان هەبێت و لەو بار و دۆخەدا بتوانن بمێننەوە و دەبێت بە ڕاستی هێز بن. من ناکۆکییەکم لەگەڵ پرانسیپدا نییە و لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگا پێویستە بزانێت، ئێمە چی دەڵێین، ئاڵتێرناتیڤی ئیسپاتی ئێمە ئەبێت چی بێت، قسەیەکم نییە.

سەرئەنجام، لە بەرامبەر باسگەلێک کە دێن، بەرنامە و تاکتیکەکانمان تەرح ئەکەن، هەروەها بە مەبەستی پڕۆپاگەندەی باشتری بەرنامە و داخوازییەکانمان کە کاری هەمیشەییمانە، سەرنجی زیاتر بۆ باسی حیزب و کۆمەڵگا بە دروست دەزانم. یانی، ئەوەی کە حیزب بخەینە بەرچاوی خەڵک، لە ماڵان دەربارەی حیزب قسە بکەن، ئارمەکەی بناسن، دەنگمان ببیستن، قسەمان ببیستن و بزانن لە هەر شارێک، ئەو کەسە کێیە و چۆن پەیوەندییان بۆ دروست ئەکات.

(چەپڵەی ئامادەبووان)

*

بەشی دووەم:

لە وەڵامی باسی دووەمی حەمیدی تەقواییدا، بە کورتییەکەی ئەڵێم: یەکێک لە هاوڕێیان، لە کاتی پشوودا، پێی گوتم، ئایا ئیتر واز لەو باسانە و لە تەبلیغی ئەو بەرنامانەی خۆمان کە بە سۆسیالیزمەوە پەیوەستن بهێنین! بزووتنەوەی سەلبییە، ئیتر ئەگەر هەر کەسێک بپرسێت، بۆچوونی ئێوە چییە؟ وەڵامی ئەدەمەوە، چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟! پێم وایە، ئەم کۆمەڵە شتە ڕۆشنە: ئێمە کێین، چیمان دەوێ، بە ناونیشانی یەک حیزب، تا چ ئەندازەیەک وێنا و درووشم و ئامانجەکانمان دەبەینە نێو کۆمەڵگاوە، تەنانەت چۆنیەتی پیادەکردنی ئەوانە لە کۆمەڵگادا. پرسیارەکە لەسەر شێوازی ڕابەریکردن و بەدەستهێنانی هەژموونییە لە بزووتنەوەیەکی سیاسیدا کە لە دەورەیەکی دیاریکراو و لە وڵاتێکی دیاریکراودا دێتە کایەوە. سەرئەنجام بە بڕوای من، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەبێت گشت ڕۆژە، درووشم و ئومێد و ئامانج و سیاسەتەکانی لە کۆمەڵگادا پەمپ بدات، تا بتوانێت وێنای خۆی بۆ کۆمەڵگا دەربخات. بەشێک لە مەسەلەی ناساندنی حیزب بە کۆمەڵگا ئەوەیە کە ئامانجەکان چین و دەویسترێت چ سیستەمێک بۆ کۆمەڵگا بهێنرێت. باسەکەی من ئەمەیە، ئەگەر

شیکردنەوەکەی خودی حەمید قبووڵ بکەین، ئەمە ئیتر کافی نییە. حەمید ئەڵێت، یەک بزووتنەوەی سەرنگوونی لە ئارادایە کە چینەکان گەرەکیانە ڕابەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن و هێدی هێدی بۆ بزووتنەوەیەکی گشتی دەگۆڕێت. خەڵکی، ڕۆحیان لە کۆماری ئیسلامی بە کونەلووتیان گەییشتووە و ئیدی ئەوانیان گەرەک نییە. تەواوی مەسەلەکە لەسەر یەک دەستەواژە دامەزراوە، دەڵێت، گەرەکیان نییە. کەسێک دەتوانێت ڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە لە ئەستۆ بگرێت کە نوێنەری گەرەکنەبوون بێت و نوێنەری هەتاسەری بردنی ئەم گەرەکنەبوونە بێت. دەشێت کەسێک ئەم شیکردنەوەیە ڕەت بکاتەوە و بڵێت، خەڵکی شتگەلێکی لە حوکوومەت دەوێت و شتگەلێکی دیکەشی ناوێت، یان پێیان ڕازی دەبێت و سەرئەنجام، شانس بۆ هێزە ڕێفۆرمخوازەکانە. تەبەرزەدی و "ئۆفیسی تۆکمەکردنی یەکێتی"، بۆ نموونە، دەبێ هەروا بڵێن. یان موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی و ئەکسەرییەت، دەشێت هەر بەو جۆرە بن. بالانسی ئەمانە، جۆرێک لە چاکسازی ڕژێمی ئێستایە و ئاسۆی خۆیان بەم جۆرە دەوێت، لە بری قسەی خەڵک، بڕیار بدەن. بەڵام ئەگەر خەڵکی ڕژێمیان نەوێت، تەنانەت ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە ئەو گەرەکنەبوونەی ئەوان پلەیەک زیاتر بەرز بکەینەوە، ئەمە ئەرکی حیزبێکی شۆڕشگێڕە. ڕابەرایەتی بزووتنەوەی سەرنگوونی، بە دروشمی سەرنگوونی بەولاوە، بە هیچی دیکە بەدەست نایات. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئەو ڕابەرییە نادەنە دەستی هەر هێزێک کە بڵێت، "من زیاتر دەڵێم: نا". دەبێت خەڵکی لەنێو ئەو هێزە سیاسییە کۆمەڵایەتییانەی لە ئارادان و دەزانن کێشێکیان لە کۆمەڵگادا هەیە، ڕووی خۆیان پێشانی ئەو هێزە بدەن و لە دەوری ئەو هێزە خڕ ببنەوە کە نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوە سەرنگوونیخوازییە ئەکات. لە دوا ئەنجامدا، خەڵکی قسە و مرازی خۆی لە دروشمەکانی ئەو هێزەدا دەبینێتەوە. بڕوانن هەنووکە پاشاییخوازان مایکیان ئازاد کردووە، تا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری قسە بکات. هەنووکە تەقەلای ئەوە ئەکەن کە جیاوازییەکانیان لەگەڵ ئێمەدا، بە لای خۆیانەوە، کەمڕەنگ تێی بڕوانن. لە بەردەم خۆیان وا دەنوێنن کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مۆدێرنە. ئەوانە ئیسلامییەکان دەرئەپەڕێنن. لەگەڵ ئەمەریکا دەڕۆین و دەیگرین. لە لای ئێمە هەوڵ ئەدەن، چاوپۆشی لە دەستداماڵین، خاوەنداری سۆسیالیستی و هەڵوەشاندنەوەی کاری بە کرێ بکەن و وەک هێزێک کە کۆماری ئیسلامی لاواز دەکات، چاومان لێ بکەن. ئێمە هەر کارێک بکەین، ئەم جۆرە هێزانە لێکدانەوەی

خۆیانی لەسەر ئەکەن و بە خۆیان دەڵێن، نا ... ئەمانە مەبەستیان داماڵینی خاوەندارێتی نییە، هەر بەو جۆرەش دەڕوانن خۆیان کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی تێک بشکێنن، چاو دەبڕنە هێزەکان تا بزانن چ هێزێک لە هەمبەر هەڵوێستی هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی ئێمەدا دابمەزرێنن. لە هەمان پرۆسەدا، بەشێک لەوانە تەنانەت هەوڵ ئەدەن کە پێش بەم داخوازانەی حیزب بگرن. بە بڕوای من، مەیلە کۆمەڵایەتییەکان بێگومان، سوود لە حیزب وەردەگرن و گوشار دەخەنە سەر حیزب. باسەکەی من ئەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەبلیغ ئەکات، تەرویج و سازماندەیی ئەکات، ئەمانە بە جێی خۆی و بەشێکی دانەبڕاوەن لە تیۆری و لە ڕوونکردنەوەی بەرنامە و لەو دروشمانەی کە خەڵکی بەوانە مەرامی خۆیانی تێدا دەناسنەوە. بەڵان لە یەک دەورە و لە یەک بڕگەدا کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە مەیدانی جەنگی دەسەڵاتدا جێ ئەگرێ، ئەو دەمە دەبێ بزانن چ قایش مۆتۆڕێک تۆ لە دەسەڵات نزیک دەخاتەوە، نەک ئەوەی کە چ قایش مۆتۆڕێک تۆ دەناسێنێت. لەو ڕۆژانەی کە دەبێت دەسەڵات لە چنگ بگرن، ناتوانن ڕاوەستن تا خۆتان بناسێنن. دەبێت دەسەڵات لە چنگ بگرن. لێرەدایە دەبێت بزانن، خەڵکی چۆنچۆنی ڕیگە بە ئێوە ئەدات کە دەسەڵات بگرن و ڕوو لە ئێوە ئەکەن، هەروەها چی بکرێت، تا ڕوو لە ئێوە بکەن؟ لەم لایەنەوەیە کە دەڵێم، ئەگەر لە ڕادیۆ و تەبلیغاتمان بڵێین، دروشمی "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی" بە تەنها بەس نییە، بەڵکوو خەڵکی دەبێت دروشمگەلێکیش بدەن، کە بزانن چییان دەوێت! بە بڕوای من، ئێمە گەرەکمانە بەم جۆرە خەڵکی گومڕا بکەین. مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی کافییە! ئایا لە ڕاستیدا، ئەگەر ببیستین کە لەم زانکۆیە و لەو گەڕەکە، لەم کارخانەیە و لەو کارخانەیە، دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی بەرز بۆتەوە، ئیتر کافی نییە؟ دەبێت چی بڵێن؟ دەیانەوێت دروشمی کێ بڵێنەوە؟ دروشمی داریووش هومایوون؟ نا! دروشمی پارتگەلی دووی خوردادی؟ نا! دەیانەوێت دروشمی ئێمە بڵێنەوە. هەنووکە ئەوە هەر ئێمەین کە دەڵێین، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی. حەمید دەڵێت، ئەو دەمە ئەوانە گشت دێن ئەم دروشمە دەڵێنەوە. باشە، تەواوی مەسەلەکە ئەمەیە، تەواوی مەسەلەی هەژموونیش ئەمەیە.

(لە نێو ئامادەبووواندا: موجاهیدینیش دەیڵێت!)

... موجاهیدین ناڵێت: مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، دەڵێت: مەرگ بۆ حوکوومەتی ئاخوندی. هەر وەکوو باوە دەووترێت، لە زۆر مەسەلەدا، ئیسپاتی لە سەلبدا خۆی

بەرجەستە ئەکات. ئەوەی کە ئێوە هەتا کوێ گەرەکتانە نەفی بکەنەوە، نیشانی ئەدات کە گەرەکتانە ئاڵوگۆڕ لە چیدا بکەن. ئەوە ڕۆشنە کە دەبێت بۆچوونی ئیسپاتی تۆ لە ژوور سەری کۆمەڵگادا بێت. من دەمەوێت بڵێم، کە درووشمی ڕۆژی جەنگ، ئەو درووشمە: ئایا "جەنگاوەرێک هەیە" دەخوازن و با بەرەو سەربازگەکان بڕۆین، زەبر بوەشێنن و بیگرن، نامانەوێت، ڕازی نابم، یان بۆ نموونە بڵێن، تەبەرزەدی نۆکەری بێدەسەڵات، لەوەوە سەرچاوە ناگرێت، کە من ئاڵتێرناتیڤم گوتووە. درووشمەکان لەوەوە سەرچاوە ئەگرن کە ئەوانە دەیانەوێت سازش بکەن، بەڵام تۆ ناتەوێت، تەنها لەمەوە. یەکە یەکەی سیاسەتمەدارانی چینەکانی دیکە دەیانەوێت سازش بکەن، وەلێ تۆ ناتەوێت. یەکە یەکە لە پاراستنی ئەو دۆخەی کە لەو ڕۆژەدا هەیە، سوودمەند ئەبن، وەلێ تۆ سودمەند نیت. ئەگەر خەڵکیش سودمەند نەبن و هەست بکەن کە سودمەند نین، ئەوا بۆ لای تۆ دێن. یان دەبێت تۆ کارێک بکەیت کە هەست بکەن سوودمەند نین. بەم مانایە قبووڵی ئەکەم کە هەر چەند بچینە پێشەوە، بار و دۆخەکە پشێوتر بێت، بڕی زیاتری ئەوەی کە ئاڵتێرناتیڤ چییە، دەبێت بیهێنینە گۆڕ. سەرئەنجام، خەڵکی دەبێت لە نێوان دوو هێز کە هەردووکیان لایەنگری سەرنگوونین، هەڵبژاردنێک بکات. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پێش ئەوەی کە لە درووشمی ئیسپاتی تۆوە سەرچاوە بگرێ، لە هەڵبژاردنی نێوان چەپ و ڕاستی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت و لەوەی کە کام یەک لەو دووە شانسی مانەوەی هەیە. بە بڕوای من، خەڵکی پاش ئەوەی کە ڕژێمیان ڕووخاند، دەچنەوە ماڵی خۆیان. چینی کرێکار ڕەنگە بیەوێت لە مەیداندا بمێنێ و کاری دیکە ئەنجام بدات، بەڵام بە بۆچوونی من، خەسڵەتی گشتیی بزووتنەوەکە لەگەڵ سەرنگوونیدا کۆتایی دێت. خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی گەرەکیانە ئەوە ببینن، چ هێزێک دەتوانێت کۆتایی بەو گرفتارییانە بهێنێت و نۆرمێک دائەمەزرێنێت. ئەگەر چەپی کۆمەڵگا، چەپی لایەنگری ئەلبانی و پرۆ ڕووسی بێت، کە دەیەوێت وێنای خۆی لە کۆمەڵگای ئەلبانییەوە وەربگرێت، من لێتان قبووڵ ئەکەم و دەڵێم، نامانەوێت، تەنانەت ئەگەر زەبر بوەشێنێت و بیگرێت، هەمدیسان نامانەوێت. بەم مانایە، ئەوەی کە چ وێنایەک لە کۆمەڵگا لەسەر تۆ هەیە، گرنگە. لێ ئەم وێنایە لە ڕادیکالیزەکردنی خەڵکیدا ڕۆڵێکی نییە، لە هەڵبژاردنی تۆ بە ناونیشانی ئاڵتێرناتیڤی ڕادیکاڵ ڕۆڵی هەیە. دەمەوێت جیاوازی ئەمانە باس بکەم. لە بزووتنەوەی سەرنگوونیدا، بۆپێشەوەڕاندنی ئاڵتێرناتیڤی ئێمە مانایەکی نییە. ئەگەر بزووتنەوەی

سەرنگوونی پێشڕەوی کرد، بۆ قبووڵکردنی حوکوومەتەکەی تۆ، ئەوە گەلێک ڕۆڵی هەیە، کە تۆ کێیت، دەتەوێ چی بڵێیت و دەتەوێ چ کارێک بکەیت. بە بڕوای من، ئەگەر ئێمە لە خەمی شتگەلێکی دیکەدا بووینایە، دروستر کارمان دەکرد. لە بارەی مەسەلەی گوتنی ئەوەی، ئێمە کێین، لەسەر ئەو خاڵە چەقبگرین کە ئێمە بە ناونیشانی لایەنێکی بەهێزی سیاسی کە دەتوانێت حوکوومەت بکات، دەتوانێت ڕاپەڕین سازمان بدات، دەتوانێت لە گشت جێیەک حوزووری هەبێت، بوونی هەیە و سەبارەت بەوانە درۆ و زیادەڕەوی نەکراوە، بناسن. لە خودی هەمان کۆنگرەی سێدا، ژمارەیەک دەڵێن، ئەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە گەزافکاری ئەکات، لە گشت جێیەک نییە. دوو ساڵ لەمەوبەر دە بەرابەری ئەمانە لە بارەی ئێمەوە دەگوترا. پاشان دەبینێ کە عەبدوڵڵای دارابی و مەجیدی حوسێنی لە دەوروپشتی مەریوان پیاسە ئەکەن و قسە بۆ خەڵکی دەکەن. ئیدی ناتوانن وامان پێ بڵێن. خەڵکی کوردستان، با هەر چەندە درووشمی ئیسپاتیشمان بۆیان ڕوون کردبێتەوە، بەڵان ئەوان ئێستا زیاتر باوەڕمان پێ دەکەن، کاتێک کە مەجیدی حوسێنییەک، مانگێکی ڕەبەق لە ناوچەکەدا دەسوڕێتەوە، چووە نێو شار و هاتە دەرەوە، تێکەڵی خەڵکی بوو، بەڵام ئەم حوکوومەتە زاتی نەکرد سۆراخی بکات. خەڵکی باوەڕ دەکەن کە ئەمانە دەتوانن، ئەهلی کارن، هێزی ئەوەیان هەیە. تەنانەت بە بڕوای من، پڕۆپاگەندەی ئەوەی، کە "ئەوانە پارە لە ئیسرائیل وەردەگرن!"، بە قازانجی ئێمەیە. با بڵێن! ئیسرائیل کە ئامادە نییە، بێت کۆمەک بە دەستەیەکی چوارنەفەری بکات، ئەگەر قازانجی خۆی تێدا نەبینێ، بێگومان ئەبێ تاوتوێی ئەوەی کردبێت، کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێزێکە، دەکرێت سەرمایەگوزاری پێوە بکرێت! با وا بڵێن! ئەوە ڕۆشنە کە وەڵامی ئەوانە ئەدەینەوە. بەڵام ئەم خۆشباوەڕانە تێناگەن کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە ناونیشانی هێزێکی سیاسی لە دەوڵەتێکی وەکوو ئیسرائیل کە هەر دەوڵەت نییە و بە هیچ جۆرێک تەنانەت وەکوو ئەردەن نییە و بەڵکە دەبێت پێشتر لەگەڵ ئەمەریکا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبێت، کە پارە بە کێ بدات، سەفتە سەفتە پارەی وەرگرتووە. وێنایەکی لەم جۆرە چووەتە نێو ماڵانەوە و سەرئەنجام، خەڵکی دەڵێن، ئەمانە دەتوانن دەسەڵات بگرن و بیپارێزن، تەنانەت ئەشێ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکا بە سازشێک بگەن، تا بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. ئەم وێنایە چووەتە نێو ماڵانەوە. ئایا ئێمە کۆمەڵێک لاوی ئاوانتۆریست و ئایدیالیست و ماگزیمالیستین، یان حیزبێکی سیاسی

بەهێز و ڕادیکاڵ، کە زەبر دەوەشێنێت و دەسەڵات دەگرێت، دەتوانێت بمێنێتەوە و دەوڵەت دابمەزرێنێت، کشتوکاڵ دەخاتە ڕێ و ئابووری دەخاتەوە سەریەک، قوتابخانە و نەخۆشخانە دەخاتە ڕێ؟ بە بڕوای من ئەم وێنایە گرنگە، تا ئەو شوێنەی قسەکانتان لە دروستکردنی ئەم وێنایەدا ڕۆڵی هەبێت، زۆر ڕاست و دروستە و تەنانەت لە سەرنگوونیدا، دەبێت هەر درێژەی پێ بدەین. وەلێ جێگای ئەوەی کە تۆ ئەرکتە تواناییت، هاوئاهەنگیت، جەماوەریبوونت، حوزوورت و لەبەردەستبوونت نیشان بدەیت، ناگرێتەوە. ئێمە کۆنگرەمان خستە بەردەست، تا خەڵکی بڕوامان پێ بکەن. هێزی سەربازیمان خستە بەردەست، تا خەڵکی بڕوامان پێ بکەن. ڕابەریمان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیمان خستە بەردەستی خەڵکی، تا بڕوامان پێ بکەن. ئەم لایەنەیە، کە سەرباری باسەکانی ئێوە، گرنگە. "یەکێتیی کۆمۆنیستی"یش لەوانەیە کە ئاڵتێرناتیڤی ئیسپاتی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵان ناتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات.

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

سەرچاوە:
جنبش سلبی و اثباتی
www.hekmat.public-archive.net

وتاری دەسپێکی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

لە سەرەتای کۆنگرەی پێشوو، لە باسی دەسپێکدا باسی ئەوەمان کرد کە بار و دوخ خەریکە دەگۆڕێت و حیزب دەبێ خۆی ئامادە بکات. جێگاورێگای حیزبمان بە شەمەندەفەرێک لێک چواند (ئەوەبوو دواتر ئەم مەسەلەیە خوێندنەوەی جۆراوجۆر و سەرنجراکێشی بۆ کرا)، شەمەندەفەرێک کە خەریکە ئەکەوێتە ڕێ، لە وێستگە دەرئەچێت و زۆری پێناچێت کە سەرنشینەکانی دیمەنی زۆر جیاوازیان دێتە بەرچاو کە هیچ وێکچوونێکیان لەگەڵ ساتی کەوتنەڕێدا نییە. دیمەنەکان بە خیرایی ئەگۆڕێن. دوو ساڵ و چەند مانگێک لەمەوبەر وتمان حیزب بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەردا بێت و بە ئاسانی نەناسرێتەوە و دەورێکی بە تەواوی جیاواز و تازە پەیدا بکات. لەو کۆنگرەیەدا خوازیاری ئەوە بووین، کە پێبەپێی ئەم هەلومەرجە پڕ لە ئاڵوگۆڕە، ئێمەش ئاڵوگۆڕمان بەسەردا بێت. توخمێکی سەرەکی چوونە پێشی ئێمە، ئاڵوگۆڕی خۆمانە. دواتر دێینە سەر ئەوەی کە بۆچی بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا بتوانین گوڕانکارییەک وەدی بێنین، دەبێ لەپێشدا گۆڕانکاری لە خۆماندا پێک بهێنین. دێینە سەر ئەوەی کە بۆچی تەنها کۆمۆنیزمێکی دیکە دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێت. وە ئیمە هەمیشە خەریکین بە ئاراستەی ئەم ئاڵوگۆڕ پێکهێنانە لە خۆماندا، ملی ڕێگا دەگرین و ئەم کۆنگرانە لەو بڕگە مێژووییانەن کە تیایاندا ئێمە ئاڵای ئەم گۆڕانکارییانە بەرز ئەکەینەوە، کە دەبێ بەم ئاراستەیەدا بڕۆین و دەبێ بەم شێوەیە ڕێگامان بنەخشێنین و کاروانەکەمان درێژە پێ بدەین.

ئێمە لە کۆنگرەی پێشوودا پێشبینی ئەوەمان کرد، کە هەلومەرج بە خێرایی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بەسەریدا هات، بە خێرایی گۆڕا. ئەگەر بمانەوێت ئەم دەورەیە بە ساڵی شتێک ناوبەرین، نە ساڵی خاتەمی بوو، نە ساڵی "دەفتەری چەسپاندنی یەکێتی"، نە ساڵی دووی خورداد بوو، بەڵکوو ساڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو. لە هەر کەسێک بپرسیت پێت دەڵێت، ڕووداوێکی تازە کە لە دنیای سیاسەتی دوو ساڵی ڕابردووی ئێراندا رووی دا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو.

ئەم حیزبە لەسەر نەخشەی ئێران نەبوو، لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران نەبوو، ئێستا هەیە. گرفتی وەلی فەقیە نەبوو، ئێستا هەیە، گرفتی وەزارەتی هەواڵگری (ئیتیلاعات) نەبوو، ئێستا هەیە، گرفتی ڕۆشنبیرانی مۆڵەت پێدراوی ناو ئێران نەبوو، ئێستا هەیە. شتێکی تازە هاتە سەر هەموو هاوکێشەکانی پێشوو، ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کریکارییە. لە کۆنگرەی پێشوودا وتمان ناوخۆ و دەرەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بۆ ئەوەی تۆ لە ئێراندا ببیتە بزووتنەوەیەک، پێویست نییە ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتەوە و لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی ئاسمانییەوە بنێریتەوە بۆ ناو ئێران. هەر واش بوو. ئەمڕۆ تەواجودی ناوخۆی ئێرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە تەواجودی دەرەوەی وڵاتی ئەم حیزبە گەورەتر، موعتەبەرتر و مەترەح ترە. نە تەنها دەکرێ ئەمە بە ئامار و ئەرقام بسەلمێنرێت، بەڵکوو دەکرێ بچیتە ناو مەیدانی سیاسیی ئێرانەوە و سەیر بکەیت و بزانیت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کوێیە، دەکرێ لە کەسێکی سەرجادە بپرسیت لە کوێیە، لە "ئوستانداری کوردستان" بپرسیت لە کوێیە، لە سەرنووسەری فلانە ڕۆژنامەی دووی خوردادی بپرسیت لە کوێیە، لەو خامەنەئییەی کاتێک دەچێت بۆ نوێژی هەینی بپرسیت، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کوێیە. وە ئەوان پێتان دەڵێن کە ئایا لەم دوو ساڵەدا بە ڕاستی دیمەنەکان گۆڕاون یان نا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە دوو ساڵ و چەند مانگ لەمەوبەر دەیگووت، "ئیمە حیزبێکی دەرەوەی وڵاتیین و ئێستا کۆمەڵە ئەرکێکی تازەمان کەوتۆتە ئەستۆ، بار و دۆخ لە ئێراندا خەریکە دەگۆڕێت و ئێمە دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی ببینە حیزبێکی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ئێراندا". ئێستا دەتوانێ ئاوڕ بداتەوە و بڵێت ئێمە حیزبێکین لە ئێراندا، حیزبێکی ناسراو، بە نفووز و بە ئەندامانێکی زۆرەوە. وە ئەمە بڕیاری کۆنگرەی پێشوو بوو، کە دەبێ حیزبێکی لەم چەشنە دروست بکەین.

هەر وەک وتم، ئەو دیمەنانە بە تەواوی گۆڕان، پرسیارێک ئەگەر هەبێت ئەوەیە، ئایا ئێمەش پێبەپێی ئەوان گۆڕاوین؟ وە بە بڕوای من، ئەم کۆنگرەیە هێشتا بە مانایەک لەسەر خۆمانە. لەسەر خۆمانە و لەسەر ئەوەیە، ئایا دەتوانین ئەوەندە بگۆڕێین، کە ئەو دەورەی لێمان چاوەڕوان دەکرێت بیگرینە ئەستۆ؟

ئیتر ڕێگای گەڕانەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گیراوە، ئەم حیزبە ئیتر بە هیچ جۆرێک ناکرێت بگێڕدرێتەوە بۆ ئەو قاڵبە بێ توانا و تەریک و بێ کاریگەرییەی کە

چەپ لە چەندین دەیەی یەک لەدوای یەکدا لە ئێران هەی بووە. ئەم حیزبە ئەگەر من و ئێوەش وازی لێ بهێنین، لە تاران و ئەسفەهان و ئابادان و ڕشت و تەبرێز کەسانێک کە ئێمە تەنها قسەکانی خۆمانمان بۆیان کردووە، لقەکانی ئەکەنەوە. تەنانەت چاوەڕوانی ئێمەش نابن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، تەنانەت ئەگەر من و ئێوەش بڕیار بدەین دای بخەین، لە هەراوهوریاکانی ئایندەی ئێراندا پێک دێت. ڕێگای گەڕانەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گیراوە، ئەم حیزبە تەنها دەبێ بۆ پێشەوە بڕوات. وە بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە بڕوات، پێویستە کەسانێک کە لەم کونگرەیەدا کۆبوونەتەوە، دیدێکی تازە و تێڕوانینێکی تازەیان بۆ خۆیان و ئەرکەکانیان هەبێت. وە ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بتوانێت جارێکی دیکە ئەم دیدە تازەیە بخاتە ڕوو، تەنانەت پاڵێکی دیکە بە ئێمەوە بنێت و ئێمە بخاتە سەر ئەو ڕێچکەیەی کە دەبێ پێیدا بڕۆین، بە بڕوای من کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەبێت، تەنانەت ئەگەر ژمارەی بڕیارنامەکانمان لە دوو ڕۆژی ئایندەدا لە سێ چوارێکیش زیاتر نەبێت.

هەر وەک پێشتریش وتم، قسە لەسەر خودی ئێمە و ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ئێمە وەکوو حیزبێکی سیاسی بەسەر خۆمانیدا دێنین. ئێوە سەیر کەن، هەمیشە لە هەموو جێگایەک کۆمۆنیزم وەکوو ڕزگاریبەخشی جیهان، ڕزگاریبەخشی خەڵک پێناسە دەکەین. وەکوو مامۆستای چینی کرێکار، وەکوو مامۆستای کۆمەڵگا کە بیروباوەڕی نوێ دەبات، ڕۆشنگەرە، حیزبێک کە ڕزگاریبەخشە، ئازادیبەخشە. لە کاتێکدا، لانیکەم لەم بیست و پێنج شەش ساڵەی کە ئێمەمانان چالاک بووینە (هەندێکمان زۆرتر)، لەوە حاڵی بووین و دواتر بە سەیرکردنی دنیای "سۆسیالیزم" و بزووتنەوەی جیهانیی "کۆمۆنیزم" دڵنیا بووین، کە ڕاستییەکەی یەکەمین کارێک کە دەبێ بکرێت ئەوەیە، کە خودی ئەم ڕزگارکەرە دەبێ ئازاد بکرێت. ئەگەر دەبێ کەسێک ئازاد بکرێت، یەکەمین کەس خودی ئازادکەرە، ئەگەر دەبێ کەسێک فێر بکرێت، یەکەم کەس خودی ئەم مامۆستایەیە. ئەم بزووتنەوەیە بە قیافەیەکەوە کە لە ساڵی 1978دا هەی بوو، ناتوانێ بە شوێنێک بگات و بەو قیافەیەوە ناتوانێ شتێک بگۆڕێت. لە گۆشە و کەناری کۆمەڵگادا کەوتووە، کاریگەریی نییە، لە پەراوێزدایە، لە دەرەوەی خۆی بڕیاری بۆ ئەدەن، چارەنووسی دیاری ئەکەن و هەموو جارێک لە بڕگە مێژووییەکاندا دەیکەنە قوربانی.

چەپێک کە بییەوێت ڕزگارکەر بێت، ئازادکەر بێت، خەڵک فێر بکات، ڕۆشنگەر بێت، سەرەتا دەبێت خۆی ڕزگاری بێت، ئازاد ببێت، ڕۆشن ببێتەوە و فێر ببێت. وە ئەمە ئەو پرۆسەیەیە کە ئێمە لە بیست و چەند ساڵ لەمەوبەرەوە دەستمان پێی کردووە. کاتێک ئەمڕۆ لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەدا، دەڕوانینە ڕابردووی ئەم ڕەوتەی خۆمان، کە لە ڕۆژی خۆیدا ڕەوتێکی پڕ پێکدادان و پڕ هەراوهوریای مانەوە و خەبات و هەڵسووڕان و بڵاوبوونەوە و تەقەلا بوو، چەند ئەلگۆیەکی تیادا دەبینین. دەبینین کە چۆن جۆرە کۆمۆنیزمێکی دیاریکراو لە ئێران پەیدا دەبێت، خۆی پێناسە دەکات و دیسانەوە پێناسەی خۆی تازە دەکاتەوە، قەید و بەندی ئەو میراتە دەست و پێگیرەی کە پەیوەندی بە کۆمۆنیزمەوە نییە، بەڵکوو بەرهەمی شێواندنی کۆمۆنیزم و شکستی کۆمۆنیزمە، لە دەست و پێی خۆی دەکاتەوە، جۆرێک سۆسیالیزمی جیاواز دروست دەکات، بۆ ئەوەی تازە بتوانێ بڕوات دنیا ڕزگار بکات. بۆ ئەوەی بتوانێ بڕوات کەسێک ڕۆشن بکاتەوە. بۆ ئەوەی بتوانێ بڕوات شتێک بگۆڕێت. ئێمە هێشتا لە ناوەڕاستی ئەو ڕێگایەداین.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ وریا بێت و ئەو ڕێگایە بە هۆشیارییەوە درێژە پێ بدات، ڕێگایەک کە لە کۆمۆنیزمێکی لاکەوتووی، ناکۆمۆنیستی، ناکرێکاری، ناچالاک، ناپراتیکی، ناکۆمەلایەتییەوە ببێتە کۆمۆنیزمێکی کرێکاریی کۆمەڵایەتیی دەخاڵەتگەر لە چارەنووسی کۆمەڵگادا، کە توانا و پەرۆشیی ئەوەی هەیە کە دەسەڵات بگرێت و ژیانی خەڵک بگۆڕێت. هەموو داستانی ئێمە لەسەر گۆڕینی ژیانی خەڵکە. هیچ شتێک جگە لە گۆڕینی ژیانی ئینسانی سەردەمی خۆمان، فەلسەی کۆمۆنیزم پێک ناهێنێ. کۆمۆنیزم نە تیۆرییە، نە تێز و نە کەوتنەشوێنی دیالێکتیک و فەلسەفەی ماتەریالیزم. بەڵکوو هەوڵی ئینسانەکانی هەر سەردەمێکە بۆ ئەوەی دنیای خۆیان بگۆڕن، بەو جۆرە کە فەلسەفە و تیۆری و هەموو شتێک بۆیانی ڕۆشن کردۆتەوە. بۆ ئەوەی یەکسان بن و ئازاد بن. کۆمۆنیزمێک کە نەیەوێت ئەم کارە بکات، ئایندەیەکی نابێت. وە کۆمۆنیزمێک کە بیەوێت ئەمە بکات، سەرەتا دەبێ بزانێت کە چۆن دەتوانێ شان بداتە بەر ئەم کارە. چ شتێک لەبەردەم بەهێزبوونیدا ڕێگرە، چ شتێک لەبەردەم بەتوانابوون و سەرکەوتنیدا ڕێگرە. ئەم وشانە هەموویان لە قاموسی ئەو کۆمۆنیزمەدا کفر بوون:

"دەسەڵات"، "سەرکەوتن"، "بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی کۆمەڵگا"، بڕیار بوو کۆمۆنیستەکان ئەم کارانە نەکەن! بڕیار بوو کۆمۆنیستەکان بڕۆن کتێب بنووسن، ئەندێشە بدەن و دواتر سیاسەت بسپێرنە دەستی حیزبگەلێکی دیکە کە بە ڕواڵەت دەیانەوێت "دیموکراسی" بێنن و هیچ کاتێکیش نایهێنن، بۆ نەوەت و نۆ لە سەدی خەڵکی هیچ کاتێک نایهێنن. کۆمۆنیستەکانیان وەکوو ڕەوتێک پێناسە کردووە، کە دەبێ لە پەراوێزی کۆمەڵگاوە قسە بکات، وەکوو نمایشگایەک کە دەبێ ئەویش لەنێودا بێت، نەبوونی خراپە، بەڵام نابێ خۆی لە چارەنووسی کۆمەڵگا و لە چارەنووسی دەسەڵاتدا هەڵبقورتێنێ. بە جۆرێک کە کاتێک ئێمە قسەمان لە دەسەڵات کرد، کەسانێکی زۆر ڕاچڵەکین. کاتێک من دوو ساڵ لەمەوبەر بە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیم گوت، بە پێنج لە سەدی کۆمەڵگاوە کە دەکاتە سێ ملیۆن کەس، ئێمە دەسەڵات ئەگرین، سەڵتەنەت تەڵەبەکان نەیان وت نابێت، ئەمەریکا نەی وت نابێت، ئەوە چەپەکان بوون کە گوتیان نابێت. بە سێ ملیۆن کەس دەتەوێت دەسەڵات بگریت؟! من ئێستا دەمەوێ ئەم ژمارەیە کەمتر بکەمەوە (پێکەنین و چەپڵەی ئامادەبووان). بە بڕوای من بە دوو ملیۆن، بە یەک ملیۆنیش دەکرێت. بۆچی ناکرێت؟ دەبێ بکرێت. من بیستوومە کە ئەو حوکوومەتانەی هەڵبژێردراوی دەستی خەڵکن، ناکرێت بەهێزی کەمایەتییەک بڕوخێنرێن، بەڵام بۆچی ناکرێت حوکوومەتە سەرکوتگەرە بێپەردەکان بە کەمایەتییەک بڕوخێنرێن؟ ئەم قسەیە لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی ناکرێت ئاپارتاید بە کەمایەتییەکی خەباتکار بڕوخێنرێت؟ بۆچی ناکرێت ئەڵمانیای داگیرکەر بە کۆمەکی کەمایەتییەکی خەباتکاری چەکدار لە وڵاتی فەرەنسا بکرێتە دەرەوە؟ بۆچی ناکرێت ڕژێمێکی ئاخوندی لە مەملەکەتێکدا، بە کۆمەکی کەمایەتییەک بڕوخێنرێت؟ من بیستوومە حوکوومەتی پەرلەمانیی دیموکراتیک ناکرێ بە هێزی کەمایەتی بڕوخێنرێت، بەڵێ، بەڵام ئەگەر حوکوومەت بە ڕاستی پەرلەمانی و دیموکراتیک بێت، ئەو کاتە ئێمە دەنگی زۆربە بەدەست دێنین. بەڵام کاتێک حوکوومەتی جێگای باس، خۆی نوێنەری کەمایەتییەکی کەم و سومبولی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستییە و بەزۆری چەک خۆی ڕاگرتووە، ئەگەر بە دوو کەسیش بکرێت بڕوخێنرێت دەبێ بڕوخێنرێت. بەڵام چەپێک کە ئێمە خەریکین خۆمانی لێ جیا ئەکەینەوە، نایەوێ کارێک بکات، دەیەوێ لەگەڵ هاوڕێکەی خۆیدا حاڵ لە خۆی بێنێ، ئەم باسەی قبووڵ نییە کە حیزبێکی کۆمۆنیستی بیەوێت سەرەنجام لە بڕگەیەکی دیاریکراودا دەسەڵات بگرێت. بەدەستهێنانی دسەڵات

مەسەلەیەکی پراتیکی و بابەتییانەیە. دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی ناگرن، ڕۆژێکی چوارشەممە لە مانگێکی دیاریکراودا، لە کەشوهەوایەکی ئاسمانیی دیاریکراودا، ژمارەیەکی دیاریکراو هەڵئەسن ئەچن دەسەڵات ئەگرن. ئەگەر بڕیار بێت دەسەڵات هەمیشە فەسڵی ئەخیری کتێبە زانستییەکەی ئێمە بێت، هیچ کاتێک پێی ناگەین. دەبێ ڕۆژێک دیاری بکەین کە بتوانین لەو ڕۆژەدا دەسەڵات بگرین. وە ئەو ڕۆژە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یەکێکە لەو ڕۆژانەی کە لە یەکساڵ، یەکساڵ و نیو، یان دوو ساڵی ئایندەدا ڕەنگە بێتە پێشەوە و ئەگەر ئێمە دەسەڵات نەگرین، ئاوا نییە کە خەیاڵ بکەین و بڵێین دەسەڵاتمان نەگرتووە، بەڵام "سبەینێ بۆی دێینەوە". سبەینێ ئیتر ناگەڕێینەوە. کۆمۆنیزمی شکستخواردوو دەکوتن و وردوخاشی دەکەن. کۆمۆنیزمی شکستخواردوو لیبراڵیزمی شکستخواردوو نییە کە بڕواتە ماڵەوە و ڕۆژنامەکەی دەربکات. کۆمۆنیزمی شکستخواردوو وەها دەکوتن کە بۆ 30 ساڵ بکەوێتە لاوە.

دەرفەتێکی مێژوویی لەبەردەم کۆنگرە و لەبەردەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدایە، کە بڕوات دەوری خۆی بگیرێت، وە ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بتوانێ بڵێت، دەیەوێ چ دەورێک بگێڕێت، وە چۆن دەبێ بیگێڕێت و سەرەنجام بە ئێمە بڵێت، کە دەبێ چ شتێک لە خۆماندا بگۆڕین بۆ ئەوەی بگەینە ئەوێ، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەبێت.

ڕێگایەک کە ئێمە گرتوومانەتە بەر، ڕەوتێکی پێکهاتن کە لە بیست و چەند ساڵ لەمەوبەرەوە گرتوومانەتە بەر، لە گرووپێکی گوشارهێنەرەوە (تەنانەت گرووپی گوشارهێنەریش وشەیەکی قەبەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە لە ئاستی سیاسیدا کەسێک هەستی بە گوشاری ئێمە نە ئەکرد)، لە کۆڕ و کۆمەڵی فیکری_ تەبلیغیی کۆمۆنیستییەوە، بۆ حیزبێکی سیاسی، پرۆسەیەکە کە دەبێ هۆشیارانە بە ئەنجامی بگەیەنین. کەسانێک وا بیر ئەکەنەوە کە پەرینەوە لە تیۆرییەوە بۆ سیاسەت هەرەسهێنانە. گوایا هەرچی تۆ لە قەڵەمڕەوی پاک و بێگەردی تیۆری دوور بکەویتەوە و لە کردار نزیک ببیتەوە، خەریکیت نوشست دێنیت: "فلانە کەس پێشتر ئەناتۆمی لیبرالیزمی چەپی دەنووسی، کەچی ئێستا تەنها قسە لە سەرنگوونی دەکات!". ئەمە لە قامووسی ئەواندا بە داکشان دەژمێردرێت، نەک پێشڕەوی. هەنگاوێک لەولاتری ئەوانەوە، ئەگەر ئەو ئەناتۆمی لیبرالیزمی چەپەش نەنووسی و لەجیاتی ئەمە تەنها شیعر بڵێیت، تەنانەت ئینسانێکی گرنگتریشی! لە ڕاستیدا لەو فەرهەنگی ڕۆشنفکری و ئەلیتیستییەی کە نیازی گۆڕینی کۆمەڵگای نییە، بە واقیعی تەنانەت نیازی

لێکدانەوەیشی نییە. فیکر هەمیشە لە کردەوە گرنگترە، بزووتنەوەی فیکری هەمیشە پلەیەک لە سەرووی بزووتنەوەی عەمەلییەوەیە و کۆڕ و کۆمەڵی فیکری هەمیشە دەتوانێ پۆز بەسەر حیزبی سیاسی لێ بدا. بۆ ئێمە وانییە. حەرەکەتکردن لە ئەندێشە کۆمۆنیستییەکانەوە بۆ بزووتنەوەیەکی زەمینی و مەلمووسی سیاسی کە بتوانێ دەست بۆ ئەو کۆمەڵگا دیاریکراوە ببات، بە ئابوورییەکەیەوە، بە سیاسەتەکەیەوە، بە پۆلیسەکەیەوە، بە ئاخوند و مەلاکانییەوە، بە نەزانییەکەیەوە، بە وەزعی فێرکردن و پەروەردە و تەغزیەی فیکریی خەڵکییەوە و ... تاد. وە بیەوێت هەمووی بگۆڕێت، حەرەکەتێکی ڕوو لە هەڵکشانە. ئەگەر فیکر نەیەوێت ببێتە کردەوە، بە بڕوای من پووڵێک ناهێنێت. لەگەڵ خاوەنەکەیدا دەمرێت. بەم پێیە حەرەکەتێک کە ئێمە تا ئێرەمان هێناوە، لە کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنگەریی کۆمۆنیستییەوە کە ڕەخنەی خۆی لە کۆمەڵگا، لە کۆمۆنیزمی هاوچەرخی خۆی و لە بەرەنجامە هەڵەکان دەخاتە ڕوو، بۆ حیزبێکی سیاسی کە دەیەوێت دەست بۆ ئەوە ببات کە شتێک بگۆڕێت، گەشەسەندن و هەڵکشانی بزووتنەوەکەیە. هاوڕێیان وشەی "حیزبی سیاسی" وشەیەکی تەوەرەییە.

هاوڕێیان! ئێمە دەمانەوێت حیزبێکی سیاسی پێک بهێنین، باوەڕ بکەن کە هێشتا پێکمان نەهێناوە، خەریکین پێکی ئەهێنین. ئێوە سەیر کەن، بیست و چەند ساڵ لەمەوبەر، منی کۆمۆنیستی بیست و حەوت بیست و هەشت ساڵە، کە دەمەویست چالاکی بکەم، دەبوایە بچوومایە بە شوێن دەستەواژە سەیر و سەمەرەکانی چەپی ئەو زەمانەدا کە لە هیچ جادە و کۆڵان و کارگەیەکدا نەبوو، تەنها لە کۆڕ و کۆمەڵە چریکی (پارتیزانی) (کە تازە ببوونە ناچریکی)یەکانی خۆیاندا هەبوو، بە شوێن هەندێ وشەی تەوەرەییدا بگەڕێم، تا بزانم چی ئەڵێ. سەبارەت بە "ڕیڤیژینیزم" چی ئەڵێ؟ سەبارەت بە "بۆرژوازیی نیشتمانی و نانیشتمانی" چی ئەڵێ؟ وە ئەم ڕەمز و وەڵامانە سەیر بکەم و بزانم ئەتوانم لەگەڵیاندا کار بکەم یان نا. وە هەڵبەتە ئەوان هیچ کارێکیان لە من نە ئەویست، تەنها ئەوە نەبێت کە وەکوو ئەوان قسە بکەم. ئەمڕۆ کەسێک کە لە ئێران لە وەزعی ژیانی ناڕازییە، کرێکارێک کە دەڵێت، ئەمە شایانی من نییە، کۆمەڵگا نابێ ئاوا بێت، لاوێک کە دەڵێت، بۆچی لە تەواوی دنیادا، دەبێ من لەم بەدبەختییەدا بژیم؟ من لەگەڵ خەڵکی فەرەنسادا چ جیاوازییەکم هەیە؟ ژنێک کە دەڵێت ئەمە چ بەشێکە کە بە باڵای منیان بڕیوە، ئەمانە دەبێ بتوانن بڕۆن پەیوەندی بە شوێنێکەوە بکەن، ڕێکخراو ببن، یەک بگرن و لە سبەینێوە خەباتیان دەست پێ بکەن، لە سبەینێوە

تەبلیغ بکەن، هەرا ساز بکەن، ڕێپێوان بکەن، مانگرتن بکەن، ڕاپەڕین بکەن. ئەگەر من ساڵی 1978_ 1979 ڕێکخراوێکم بناسیبایە کە بکرایە لەگەڵیدا بیت و ئەم کارانە بکەیت، ئێستا لێرە نە ئەبووم. من و ئێوە ئەگەر لە ساڵی 79 و 80دا لەجیاتی پەیوەستبوون بەو کۆڕ و دەستە فیکریی سیاسی و ڕێکخراوە چەپییانەی کە قسەیان لەسەر خۆیان ئەکرد و بیریان لە خۆیان ئەکردەوە، حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵمان لە مەیدانی کۆمەڵگادا بینیبایە کە بکرایە پێوەی پەیوەست بین، ئێمە ئەو کاتە بەشداریمان لە شۆڕشدا دەکرد و ئەو کاتە خومەینی نە دەهات و ئەو کاتە خامەنائییەک نەبوو، وە ئەو کاتە سەد هەزار ئیعدام نەبوو، ئەو کاتە نەوەیەک لە ژنانی ئەم مەملەکەتە، وەکوو هاوولاتی پلە دوو نە ئەژیان، ("هاوولاتی پلە دوو"یش وەسفێکی زۆرە ... ڕاستییەکەی نازانم چۆن باسی بکەم کە سووکایەتی نەبێت). ئەگەر شتێکی وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە بکرایە بچیت ببیتە ئەندامی و دەست بە تێکۆشان بکەیت، لەبەردەم من و تۆ و کەسانی دیکەدا هەبووایە، ئەم بیست و چەند ساڵ بەدبەختییە نەدەبوو. بەڵام نەبوو، وە ئێمە ناچار بووین کە خۆمان یەکێک دروست بکەین و لە قۆناغی "مانیفاکتۆر"ەوە دەست پێ بکەین. بەڵام دەبێ ئەمە بە ئەنجام بگەیەنین، ئەمە دەبێ ببێتە حیزبێکی سیاسی. دەبێ بڕوات لە کۆڵانەکانی خەڵکیدا، لە تاکتاکی شار و گەڕەک و دێهاتەکاندا، لە هەموو شوێنێک، لقی هەبێت، هەر ئینسانێک کە لە وەزعی ژیانی خۆی ناڕازی بێت، بتوانێت ببێتە ئەندامی، بتوانێ تیایدا ڕای خۆی بڵێت، تیایدا چەک بە دەستەوە بگرێت، بتوانێ بە یارمەتی ئەو، مانگرتن بەرپا بکات، بتوانێ بە یارمەتی ئەو، وەڵامی کەمینەیەکی بۆرژوازی ملهوڕ بداتەوە کە ئێستا لەسەر کارە و ئەگەر ئەم حیزبە وجودی هەبێت، ئەوا لە شەو و ڕۆژێکدا شکستیان پێ ئەهێنێ.

ئێمە حیزبی زۆرینەین. تەنانەت ئەگەر زۆرینەش لەگەڵماندا نەبێت ئێمە حیزبی زۆرینەین. بۆچی زۆرینە لەگەڵماندا نییە؟ چونکە نایەڵن لەگەڵماندا بن. کوا ئەو هەلومەرجە ئازادەی کە ئینسانەکان بتوانن ڕای خۆیان بڵێن؟ کوا ئەو هەلومەرجە ئازادەی کە ئینسانەکان بتوانن قسەی خۆیان بکەن؟ ئێمە حیزبی زۆرینەین و لەسەرمانە ڕێگە بدەین، زۆرینە یەکگرتوو بێت. لەسەرمانە ڕێکخراوێک دروست بکەین کە زۆرینە بتوانێت تیایدا ببێتە ئەندام. لەسەرمانە ڕێکخراوێک دروست بکەین کە زۆرینە بتوانێت بە یارمەتی ئەو ڕێپێوان بکات یان سوپای سوور دابمەزرێنێت. ئێمە

لەسەرمانە. هەر کەسێک دەیەوێت ئەمڕۆ تیۆری باس بکات، با بڕوات بیکات. ئێمە باسی تیۆریمان کرد و باشتر و جدیتر لەوانی دیکە، بۆ ئەوەی بە ئێرە بگەین، بۆ ئەوەی بتوانین کلیلی گۆڕینی جیهان پەیدا بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین بزووتنەوەیەکی سیاسی دروست بکەین کە دەست بۆ کۆمەڵگا دەبات و دەیگۆڕێت، بە جۆرێک کە دوای ئێمە، ئیدی تەمەنی ئینسانەکان درێژتر بێت، خانە و لانەیان باشتر بێت، حورمەتیان زۆرتر بێت، خوشبەخت بن، ئەو ئینسانە واقیعییانەی کە من و ئێوە نایان ناسین. ئامانجی ئێمە ئەمەیە و لەسەرمانە کارێک بکەین کە ئەم ئینسانانە بتوانن چارەنووسیان بەدەستەوە بگرن. ئێمە دەبێ "حیزبێکی سیاسی" دروست بکەین. حیزبی سیاسی، کلیلی مەسەلەکەیە. وە ئەم کۆنگرەیە، وە عەلەنی بوونی، بۆ نموونە، بەشێکە لەو پرۆسەیەی کە ئێمە تیایدا حیزبێکی سیاسی دروست دەکەین. کاتێک ئەم کۆنگرەیە بە ئاشکرا دەبەسترێت، ئیتر هی ئێمە نییە، هی ئەوانە، هی ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەن، سەیری ئەکەن، داوەری لەسەر ئەکەن، بڕیاری خۆیانی لەسەر ئەدەن، پەسەندی ئەکەن یان پەسەندی ناکەن. حیزب دەبێتە هی ئەوان. ئێمە خەریکین حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەدەینە دەستی خەڵک، دەدەینە دەستی کرێکاران. میراتی باوکی من و ئێوە نییە. حیزبی ئەو خەڵکەیە کە دەیانەوێ بە یارمەتی ئەم حیزبە، ئەمجارەیان ئیتر کڵاویان بۆ نە دوورن. ئەم جارەیان ئیتر نایەنەوێت شکست بخۆن و ئێمە لەسەرمانە لە کاتی خۆیدا بگەین پێیان، لە کاتی خۆیدا بگەین و ئەم حیزبە بگەیەنینە دەستیان. وە ئەمە پەنجەرەیەکی بچووکی سیاسییە کە لەبەردەمی ئێمەدایە، پەنجەرەیەکی بچووکی میژووییە کە لەبەردەمی ئێمەدایە. دەرفەتێکی مەحدوودە.

کاتێک من لە ڕۆژنامەی "ئینتەرناسیۆنالی هەفتەگی"دا گوتم، ئەمە هەلێکی مەحدوودە و ئێمە ڕەنگە لەدەستی بدەین. هاوڕێیانێک ئاگاداریان کردمەوە کە ئەمە ورەی هاوڕێیان دێنێتە خوارەوە. من گوتم، ڕەنگە لەوە تێنەگەین کە مەسەلەکە چییە و ڕەنگە خراپی بکەین و ڕەنگە ئەم هەلە لەدەست بدەین. بە بڕوای من ئەوەی شکۆدارە ئەوەیە، ئەم هەلەمان هەیە. ئەگەر کەسێک پێی وایە، "تا ئێمە ئەنجامی ئەدەین! تا حەتمەن ئێمە سەرئەکەوین! بە بڕوای من مەسەلەکەی بە تەواوی دەرک نەکردووە. دەڵێن: "سەرکەوتنی کۆمۆنیزم حەتمییە!"، نەخێر، هیچ شتێک لە کۆمۆنیزمدا حەتمی نییە، بەندە بەوەوە، کە کومەڵە ئینسانێک بچن ئەو کارانە بکەن، وە دەبێ لە کاتی خۆیدا، لە جێگای خۆیدا و بە خێرایی و بە وزەی پێویستەوە بیکەن. کۆمۆنیزم، ئەگەر کومەڵە

ئینسانێکی دیاریکراوی کۆمۆنیست، لە چرکەساتێکی دیاریکراوی مێژوودا، کومەڵێک ئیرادەی دیاریکراو نەکەن و ئەو توانا و وزەیە لە خۆیاندا پێک نەهێنن کە ئەو ئیرادەیە عەمەلی بکاتەوە، شکست دەخوات.

کۆمۆنیزم ناکرێت وەکوو نووسینگەی گەشتیاری لە وڵاتێکدا بیکەیتەوە و بیپارێزێت. کۆمۆنیزم ناکرێت هەشت ساڵ وەکوو فرۆشگایەکی زنجیرەیی لە وڵاتێکدا بهێڵیتەوە. لە وڵاتانی ئیستبدادیدا ئەمە ناکرێت. یان سەرئەکەوێ یان لێت دەدەن، وە بە جۆرێک لێت دەدەن کە بتوانن بۆ ماوەی 30 ساڵ کەڵەکەی سەرمایەی خۆیا بکەن، 30 ساڵی بێ مانگرتن ببەنە سەر، 30 ساڵ بتوانن خەڵکی ئەملا و ئەولا پێ بکەن. بۆیە وا بیر نەکەنەوە، ئێمە جیگاوڕێگامان وەکوو لیبراڵەکان و سەڵتەنەتخوازان و دووی خوردادییەکانە، ئاوا نییە. ئێمە یان دەبێ بیبەینەوە، یا لێمان دەبەنەوە.

لێرەوەیە کە پێم وایە ئەم کۆنگرەیە لە گرنگترین برگەی مێژووی ژیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا بەرپا دەکرێت. ئەو پەیامەی کە لێرەوە ئەچێتە دەرەوە، وێڕای ئەو ئینسانانەی کە دەچنە دەرەوە، دەبێ ئەوە نیشانی خەڵکی بدەن کە ئەم حیزبە هەیە، ئیتر ڕێگە نادات کە چارەنووسی خەڵکی ئێران و چارەنووسی چینی کرێکاری ئێران و چارەنووسی ئازادیخوازی و حورمەت و شەرەفی ئینسانی لە ئێراندا لە دەستی مشتێک ئاخوند و نەتەوەپەرست و کاپیتالیستدا بێت کە لە شۆڕشی مەشروتییەتەوە تا ئێرە، خەڵکیان کردۆتە یاری دەستی خۆیان. یەک لە دوای یەک دیکتاتۆرییان هێناوە. خەڵکێک کە دەتوانن بۆ خۆیان خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی بهێننە دی، ئەمان لە بەدبەختیدا ڕایان گرتوون. دەبێ دەور و زەمانەی ئەمانە کۆتایی پێ بێت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەلێکی بچووکی لەبەر دەستدایە کە ئەم دەورە بگێڕێت، بڕواتە ئەوێ. وە ئەگەر نەڕواتە ئەوێ، هاوڕێیان، ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە! دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی ئیستیبدادی کە ئینسانی کۆمۆنیست تیایدا دەگمەن و قاتییە.

بەڵام ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم دەورە بگێڕێ، بار و دۆخ تەنها لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایات، هەر حیزبێک ئەمڕۆ لە وڵاتێکی شەست ملیۆنیدا کۆمۆنیزم بباتە بەر دەروازەی دەسەڵات، تەنانەت نەک ناویشی، ئاڵای سوور لە یەکبەیەکی پایتەختەکانی ئەورووپادا بەرز دەکاتەوە، بزووتنەوەی کرێکاری ئەم وڵاتانە دەبووژێنێتەوە، کۆمۆنیزم لە یەکبەیەکی زانکۆکانی ئەورووپادا زیندوو دەکاتەوە.

ئەگەر لە ئێران، لە کۆریا، بەرازیل، ئەرژەنتین، ئافریقای باشوور، لە هەر وڵاتێکدا کە ڕەهەند و گرنگییەکی ئاوای لە ئابووری سیاسیی جیهانی ئەمڕۆدا هەبێت، حیزبێکی بۆڵشەڤی لە بابەتی ئێمە، بۆ جارێکی دیکە کارێک کە بۆڵشەڤیکەکان کردیان، ئەنجام بدات، نەخشەی جیهان جارێکی دیکە دەگۆڕێت، جارێکی دیکە ڕۆژێکی تازە دەست پێ دەکات. مەسەلە تەنها ئێران نییە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەبێ بیر بکاتەوە کە ئایا هەیکەلی ئەوەندە گەورەیە و ئەوەندە جوامێریی هەیە، کە ئەم ئەرکە مێژوویییەی بۆی فڕێدراوە بیگرێتەوە و لەدەستی نەدات! هاوڕێیان! ناکرێ نەیگریت و نەکەویت، ئەگەر نەیگرینەوە ئەکەوێت و تەواو ئەبێت. بە بڕوای من ئەمە داستانی ئەم کۆنگرەیەی ئێمەیە و دەورێکە کە دەبێ حیزبی ئێمە بیگێڕێت.

بە بڕوای من ئێمە بەم ئاراستەیەدا زۆر چووینەتە پێشەوە، زۆر لە چەپی تا ئێستا دوور کەوتووینەتەوە. ئەم حیزبە نە لە زەینی ئێمەدا، نە لە زەینی خەڵکیدا و نە لە زەینی خودی ئەم چەپانەدا کە پێیان وایە خزمایەتییان لەگەڵماندا هەیە و هێشتا دەبێ ئامۆژگاریمان بکەن، لەگەڵ ئەم چەپەدا بەراورد ناکرێت. بەڵام ئێوە نابێ خۆتان لەگەڵ ئەوانەدا بەراورد بکەن. خۆتان بەو ئەرکانە لە مەحەک بدەن کە لە ئەستۆمانە. ئایا ئێمە دەتوانین لە ئێران حوکوومەت بەدەستەوە بگرین؟ چۆنچۆنی؟ بە چ میکانیزمێک؟ ئایا ئێمە ئەوەندە کادرمان هەیە، کابینەیەکی کۆمۆنیستی پێک بهێنین؟ ئایا دەتوانین لە هەر کووچە و کۆڵان و جادەیەکدا، ئاژیتاتۆرێکی سوسیالیست دابنێین کە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟ ئەگەر ئەمەریکا حەزی لە حوکوومەتەکەی ئێمە نەبوو، چی لەگەڵدا ئەکەین، سیاسەتی ئێمە چییە؟ پاکستان بۆمبی ئەتۆمی هەیە، چی ئەکات؟ وەڵامی ئێمە بەم مەسەلەیە چییە؟ ئیسلامییەکان چۆن لە مەیدان دەر ئەکەین؟ چەندێک دەخایەنێت تا ئێمە یەکسانیی خەڵک لە جارنامەیەکدا ڕابگەیەنین و چەندە هێزی ئەوەمان هەیە کە پیادەی بکەین؟ ئەمە ئەو پرسیارە واقیعییانەیە کە دەبێ ئەو ئینسانانەی کە بڕیاریان داوە، کارێک بۆ کۆمەڵگاکەیان و هاوسەردەمەکانی خۆیان بکەن، لە خۆیانی بکەن. ئێمە دەبێ خۆمان لەگەڵ ئەرکەکانماندا بەراورد بکەین نەک لەگەڵ کەسانێکدا کە بەجێمان هێشتوون و بە داخەوە هێشتا زۆر لێیانەوە نزیکین. هێشتا بە داخەوە لەو چەپەوە نزیکترین وەک لە ئەرکەکانمان، بەڵام ئەم کۆنگرەیە بە بڕوای من دوا هەنگاوە، کە ئێمە دەتوانین هەڵی بگرین و نیشانی بدەین کە دەمانەوێ بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆین و کارێکی دیکە بکەین.

من نامەوێ کاتتان لێ بگرم، لەو باسانەدا کە لە هەردوو بڕیارنامەی بار و دۆخی سیاسی و جێوشوێنی تایبەتیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەیکەم، دەگەڕێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە. لێرەدا تەنها دەمەوێ سەرخەتی باسێک بخەمە ڕوو، کە بە بڕوای من ئەم کۆنگرەیە دەبێ لەسەری هەڵوێستە بکات.

هاوڕێیان! ئێمە لە یەکێک لە چارەنووسسازترین ساتەوەختەکانی مێژووی کۆمەڵگای ئێراندایین. هەمووتان دەزانن حوکوومەتێک کە لەسەرکار بووە، خەریکە بەو ڕق و بێزارییە گشتییەی کە لەناو خەڵکیدا دروستی کردووە هەرەس دێنێت. بۆشاییەکی سیاسی دێتە ئاراوە. ئەم بۆشاییە سیاسییە نابێتە شتێکی ڕۆتینیی کۆمەڵگا، نابێتە شتێکی هەمیشەیی، یەکێک پڕی دەکاتەوە. یەکێک ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ یەکەم جارە کە لەبن دەستی سەرکەوتنێکەوە دانیشتووە. بە بڕوای من دەبێ ڕووی وەرچەخێنێ و ئەم سەرکەوتنە ببینێت و ئیتر بیر لە ڕابردووی نەکاتەوە. وە بە بڕوای من دەبێ بڕوات بۆ ئەم سەرکەوتنە. بڕوات بۆ دەسەڵات. بڕوات دەسەڵات بگرێت، وە دەتوانین. بەڵام کارێکی هەرقلییە هاوڕێیان! کارێکی هەرگیز سادە نییە. جۆرێکی دیکەی ڕابەریی لە ئێمە دەوێت. جۆرێکی دیکەی هەڵسووڕانی لە ئێمە دەوێت. جۆرێکی دیکەی لە ڕاگەیاندن لە ئێمە دەوێت. جۆرێکی دیکەی ئینێرژی دەوێت. جۆرێکی دیکەی لە یەکێتی دەوێت. کەسانێک کە بیانەوێ بچنە کامی ئەم تالووکەیەوە، جۆرێکی دیکەیان لە یەکێتی پێویستە. جۆرێکی دیکەیان لە ئیرادە و بڕیار دەوێت، تکایە هەر کەسێک پێی خۆشە ببێتە دارتاش، ببێتە بیناساز، شیعر بڵێت، کتێب بنووسێت، لێی گەڕێ بۆ دوو ساڵی دیکە ئەگەر شکستمان خوارد. ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ وەکوو هێزێکی چڕوپڕی سیاسی بچێتە ناوجەرگەی کۆمەڵگای ئێرانەوە. دەبێ بیگۆڕێت. بە بڕوای من، دەبێ ئەم کارە بکات و دەتوانین بیکەین. ئەو شتەی کە زۆر مایەی دڵخۆشییە، ئاسۆی سەرکەوتنمان نییە، چونکە بە بڕوای من شانسی سەرکەوتنمان کەمە. ئەو شتەی کە مایەی دڵخوشییە ئەوەیە، کە بۆ یەکەمین جارە ئیمکانی هەیە. بۆ یەکەمین جارە چارەنووسی ئێوەیان داوەتە دەستی خۆتان. وە بۆ یەکەمین جار ئێمە دەتوانین کۆمەک بەوە بکەین کە خەڵکی چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن. ئەم شانسە، هەر چەندە بچووکە، بەڵام دڵخۆشکەرە.

وە ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە کە لەبەردەمی ئێمەدایە. پێشتر وتم، کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ڕێگای گەڕانەوەی لە خۆی بەستووە. ئەم دێوە ئیتر ناکرێ بکرێتە ناو ئەو قوتووەوە. تەواو بوو. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هاتۆتە دەرەوە، خەڵکی بینیویانە، چاوەڕوانییان لێی هەیە، ڕەخنەتان لێ ئەگرن، بچنە سەر تەلەفۆن بزانن لە تارانەوە چی بە حیزب ئەڵێن. چی لەسەر ئەم کۆنگرەیە ئەڵێن؟ دەپرسن: دەتانەوێ چی بکەن؟ ئێمە لە ئێران چی بکەین؟ بەرنامەتان چییە؟ ئەڵتێرناتیڤ چییە؟ چ دروشمێک بدەین؟ لە کوێ کۆ ببینەوە؟ وە ئێمە نابێ تەنها وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، دەبێ وەڵامی ئەوەش بدەینەوە کە ئەگەر خامەنائی بڕیاری دا بداتە بناگوێی خاتەمیدا، چەندێکی پێ ئەچێت بۆ ئەوەی ئێمە شارەکان لە دەستی هەردووکیان دەربێنین؟ ئەگەر لە تاران کودەتا بکرێت و حوکوومەتێکی سەربازی هاتە سەرکار، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ ئەمە بە وێنەی فیکەی دەستپێکردنی قوناغێکی نوێ تێبگات. وە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ حیزبێک بێت، کە خرۆشانی خەڵک ڕێک بخات و ڕابەریی بکات. چەندێک دەخایەنێت تا ئێمە خۆمان بۆ ئەمە ئامادە ئەکەین؟ حیزب تا چ ڕادەیەک لە قاڵبی دەروونی و زەینی ئەنجامدانی ئەم کارەدایە؟ چەندە ڕابەرایەتی ئێمە توانای ئەمە لە خۆیدا دەبینێ؟ ئەمڕۆ خەڵکی توانای ئەمە لە ئێمەدا ئەبینن. ئەمڕۆ ئەگەر خەڵکی، چوار دانە هێز لە ئێراندا بژمێرن، یەکێکیان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر، کاتێک لە کۆنگرەی دووەمدا ئێمە ئەمەمان پێشبینی کرد، لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە بە جیددی وەرنەئەگیرا. ئێستا چ کەسێک ئەتوانێ گومان لەوەدا بکات، کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چاو و چرای ڕادیکاڵیزمی ئێرانە؟ ئێوە سەیر کەن، کۆمەڵگا کۆمۆنیزمی خۆی پەیدا دەکات. هەر کۆمۆنیزمێک کە لەبەردەستیدا بێت و بتوانێ پەیدای بکات. لە سەردەمی خرۆشاندا، کۆمەڵگا پێویستی بە چەپی ڕادیکاڵ هەیە، ئینسانی مەحرووم، پێویستی بە چەپی ڕادیکاڵ هەیە، ئەمڕۆ ئاڵایەک ئەبینن، ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. خەڵکی، ئێمەی وەکوو کۆمۆنیزمی ئەم دەورەیەی ئێران هەڵبژاردووە. کەسێک جگە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەشوێن ڕێکخراوی کۆمۆنیستی چەپەوە لە ئێراندا نییە. ئەگەر کۆمۆنیزم لە ئێراندا بیەوێت خۆی ڕێک بخات، بەدوای ئەم حیزبەدا دەگەڕێت. لە کرێکاری کارگەوە، تا لاوانی زانکۆکان، تا مامۆستا و هەموو کەسێک لە خۆی دەپرسێت، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کوێیە؟ چاوەروانیی ئەوەی هەیە کە حیزب

ڕێکی بخات. بەشوێن ڕابەرایەتی و کادرانی حیزبدا دەگەڕێت. ئەمە بزووتنەوەیەکی سەراسەری، گەورە و زۆر گەورەترە لەم کۆمەڵە کەسەی کە لێرە دانیشتوون، ئەم بزووتنەوەیە هێزەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ئەو پێشوازییەی کە لە ئێران لە ئێمە کراوە، وە ڕەنگدانەوەیەک کە لە ئێران بوومانە، ئەوەندە سەرسووڕهێنەر بووە، کە ئێستا ئیتر بە شێوەیەکی واقیعی هیچ کەسێک نیگەرانی، "دەرەوەی وڵاتی"بوونی حیزب نییە. پرسیار ئەوەیە، ڕێگا بەم هێزانەمان لە ئێران نیشان بدەین. پرسیار ئەوە نییە، هێزەکانی ئێمە لە ئێران لە کوێن، پرسیار ئەوەیە کە هێزەکانی ئێمە لە ئێران نەخشەیان چییە؟ ئێستا دەبێ چی بکەن؟ بەرنامەی ئێمە بۆ ئەوان چییە؟ دەبێ چ کاردانەوەیەکیان هەبێت لە بەرامبەر مەسەلە جیاجیاکاندا؟

هاوڕێیان! لێرەدا من قسەکانم تەواو ئەکەم، بەو ئومێدەی کە کۆنگرە ئەم ئەرکە مێژوویییەی دەرک بکات. گوتم، ئێمە دەرفەتێکی مێژوویی دیاریکراومان بەدەست هێناوە، کە ڕۆڵی خۆمان بگێڕین. ئەم دەرفەتە ئەڕوات. بۆچوونی خۆتان بۆ سیاسەت لە حیزبە لیبراڵەکانەوە وەرمەگرن، لە ئەوروپاوە وەرمەگرن، لە حیزبە دووی خوردادییەکانی ئێرانەوە وەرمەگرن، لە "بیرجیاوازەکان" (دیگەرئەندێشان)ی ئێرانەوە وەرمەگرن. کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ لە یەک فرسەتی دیاریکراودا دەتوانێ سەربکەوێت. ئەم شانسە بۆ یەکەمین جار لە ماوەی سەدەیەکدا لە ئێران هاتۆتە ئاراوە، هاوڕێیان، ئەم شانسە تەنها بۆ ئەوە نییە کە ئێمە لە ئێران کارێک بکەین، ئەگەر ئێمە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بکەینە حیزبێکی نزیکە دەسەڵات، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حیزبێک بێت کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە دەبێ دەوڵەتی بەدەستەوە بێت و دەتوانێت دەوڵەتی بەدەستەوە بێت و ئەم پرۆسەیە دەستی پێ کردبێت، ئەو کاتە ئێمە دنیا دەگۆڕین، ئێمە دنیا دەگۆڕین. تەمەنێک لە مشتومڕی تیۆری و دیفاع لە مارکسیزم بۆ ئەوە بوو، کاتێک دەگەینە ئەم ساتە مێژوویییەی ئێستا، ئیتر شمشێری خۆمان لەدەستماندا بێت. ئێستا کاتی ئەوە نییە کە بگەڕێینە دواوە و شتێک دروست بکەین. کاتی ئەوە نەماوە تۆ بڕۆیت شتێک دروست بکەیت. دەبێ بە چەکێک کە دروستت کردووە، بچیتە مەیدانەوە و ئێمە ئەم چەکەمان لە بیست و چەند ساڵدا دروست کردووە.

من ئومێدەوارم کۆنگرە ئەم ڕۆڵەی خۆی دەرک بکات و لەمەش زیاتر ئومێدەوارم کە دوای کۆنگرە ئەم ڕۆڵەی خۆمان دەرک بکەین. هاوڕێیان! لە شێوە هەڵسووڕانی

ئێمەدا، لە حیزبە کۆمۆنیستەکان و بە تایبەتی لە ئێمەدا، ڕابەرایەتی و کادر کۆمەڵێک دەستەواژەی چارەنووسسازن، تەوەرەیین. ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە چی ئەکات، بەوەوە بەستراوەتەوە کە ڕابەری و کادرەکانی خەریکن چی ئەکەن. چونکە ئێمە ئەزانین کە چینی کرێکار و خەڵک بەگشتی، پەیڕەوی لە حیزبی شۆڕشگێڕی خۆیان ئەکەن. چونکە ئەزانین قیافە و شکڵی هەر بزووتنەوەیەک، وەکوو ڕابەری و کادرەکانی لێدێت. سەرئەنجام تۆپ لە مەیدانی ئێمەدایە. ئێمەین، ئێمە لێرە و ژمارەیەکی زۆر لە دەرەوەی ئێرە، کە ڕابەران و کادرانی ئەم بزووتنەوەیە پێک ئەهێنین و ئەوە ئێمەین کە دەبێ بڕیاری خۆمان بدەین و من پێم وایە، ئەمە نەبەردێکە کە لێرەدا لەبەردەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دایە. هەر وەک پێشتر گوتم، دواتر دەچینە سەر تاکتاکی ئەم باسانە، بە تایبەت باسی جێوشوێنی تایبەتیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، من لەوێدا نۆرەیەک لەسەر ئەو بڕیارنامەیە قسە ئەکەم. ئومێدەوارم کۆنگرە بەم ئاراستەیەدا بڕوات. ئومێدەوارم بتوانین بە شێوەیەکی پیشەیی بەشوێن مەسەلە تەوەرەییەکاندا بچین. بتوانین سەرنجی کۆنگرە بۆ ئەو ئەرکانە ڕابکێشین کە هەیەتی و سەرنجی بۆ ڕێنوێنییەک ڕابکێشین کە لەمەودوا بە حیزبی دەدات.

هاوڕێیان! دژوارییەکان لەدوای ئەم کۆنگرەیەوە دەست پێ دەکەن، ئەگەر ئەم کۆنگرەیە ڕێگایەکی ڕاستی نیشان دابێت، ڕێچکەکەی دیاری کردبێت، کاری ئێمە ئاسان دەکات. بەڵام بە ڕاستی دژواریی کارەکە، لەدوای ئەم کۆنگرەیەوەیە و من سەرنجی هەمووتانی بۆ ڕائەکێشم. زۆر سوپاستان ئەکەم.

(چەپڵەی دووروودرێژی ئامادەبووان)

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
سخنرانی افتتاحیه کنگره سوم حزب کمونیست کارگری
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 34
9 دی 1379، 29 دسامبر 2000

مێژگردی: باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی

(گفتوگۆ لەگەڵ "پرسش")

پرسش: تێگەیشتنی ئێوە لە هەندێ چەمکی وەکوو بونیادگەرایی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی چییە؟ جیاوازی ئەم دوو دەستەواژەیە لە چیدایە؟

مەنسوور حکمت: من دەستەواژەی بونیادگەرایی ئیسلامیی بەکار ناهێنم، چونکە بە ڕای من، ئەمە تێگەیشتنێکی ڕاستڕەوانەی ئامانجدارە، کە بە ئەنقەست وێنایەکی گومڕایانە لە ئیسلام و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەدەستەوە دەدات. ئەوەی واقیعییە، باڵاکردنی ئیسلامی سیاسییە. ئیسلامی سیاسی بە ڕای من بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی هاوچەرخە و جگە لە شکڵ و شێوە، ئیتر هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا نییە. لە ڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ئەو مەسەلە سیاسی_ کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە مەبەستێتی، ئەم بزووتنەوە نوێیە بە تەواوی ڕیشەی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدایە. دووبارەبوونەوەی هەمان دیاردەی پێشوو نییە. ئەمەیان ئاکامی شکست وە یان باشتر بڵێم، ناکام و نیوە و ناچڵمانەوەی پرۆژەی مودێرنیزەکردنی ڕۆژئاواییانەی وڵاتانی ئیسلامنشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکانی زایینیدا. وە شانبەشانی ئەمەش ئاوابوونی ئەو بزووتنەوە سکۆلار_ ناسیۆنالیستییە بوو، کە جێبەجێکەری سەرەکی ئەم مۆدێرنیزەکردنە ئیداری و ئابووری و فەرهەنگییە بوو. قەیرانی حوکوومەتی و ئایدیۆلۆژیکی لە ناوچەکەدا پەرەی سەند. بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئاکامی ئەم بۆشاییە ئایدیۆلۆژیک سیاسییە و سەرلێشواویی بۆرژوازیی ناوچەیی ئەم وڵاتانەدا بە وێنەی یەکێک لە ئاڵتێرناتیڤەکانی باڵی ڕاستی کۆمەڵگا بۆ تازەکردنەوەی هەیکەلی حوکمڕانیی بۆرژوایی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەپ و چینی کرێکارێک کە لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریدا ئەمیش پەرەی سەندبوو، هاتە مەیدان. لەگەڵ ئەمەشدا بەبێ ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی 78_ 1979ی ئێران، ئەم ڕەوتانە بە بڕوای من، هێشتا شانسێکی ئەوتۆیان نەبوو، وە بە لاکەوتەیی ئەمانەوە. لە ئێراندا بوو کە ئەم بزووتنەوەیە خۆی لە شێوەی

حوکوومەتێکدا ڕێک خستوو، ئیسلامی سیاسیی لە گشت ناوچەکەدا کردە هێزێکی بەرچاو و جێگەی باس.

ئیسلامی سیاسی لە ڕوانگەی منەوە، ناونیشانێکی گشتیی ئەو بزووتنەوەیەیە، کە ئیسلام بە ئامرازێکی سەرەکی بۆ دەستپێهێنانەوەیەکی ڕاستڕەوانەی چینی دەسەڵاتدار و نیزامێکی حوکوومەتی لە دژی چەپڕەوی لەم کۆمەڵگایانەدا دەزانێ. وە بەم پێیە لە پێشبڕکێ لەسەر بەشی خۆی لە دەسەڵاتی جیهانیی سەرمایە لەگەڵ بەشەکانی دیکە و بەتایبەت لەگەڵ جەمسەرەکانی هەژموونیی جیهانی سەرمایەداریدا لە کێشمەکێشدایە. ئەم ئیسلامە سیاسییە مەرج نییە ناوەڕۆکێکی سکۆلاستیک و فیقهی پێدراو و دیاریکراوی هەبێت. ئیسلامی سیاسی مەرج نییە بونیادگەرا و دکترینر بێت. لە مروونەی سیاسی و پراگماتیزمی عەقیدەیی خومەینییەوە تا ناوەندە وشکە پیرۆزەکان، لە باڵی ڕاستی حوکوومەتی ئێراندا، لە نەهزەتی ئازادی و مەهدی بازرگان و ئەمەل و نەبیهبەڕیی بێ عەمامە و بۆینباخ لە ملەوە تا تاڵیبان، لە حەماس و جیهادی ئیسلامییەوە تا "پرۆتستانیزمی ئیسلامی"ی وەکوو سرووش و ئەشکوەری لە ئێران، هەموویان بەشە جیاجیاکانی ئەم ئیسلامە سیاسییەن.

دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا و میدیا و جیهانی ئەکادیمییان، چەمکی بونیادگەراییان هێناوەتە پێشەوە بۆ ئەوەی لق و باڵە تیرۆریست و دژە ڕۆژئاواییەکانی ئەم ڕەوتە ئیسلامییە لە لقە لایەنگرەکانی ڕۆژئاوا و ئەوانەی ئەهلی سازشن جیا بکەنەوە. دژە ڕۆژئاواییەکان بە بونیادگەرا ناو ئەبەن و هێرش ئەکەنە سەر بونیادگەرایی بۆ ئەوەی ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە کۆڵەکەیەکی حوکمڕانیی ڕاستڕەوانە و دژی سوسیالیستە لە ناوچەکەدا، کە لە ئێستادا بە هیچ شتێک جێگاکەی پڕ ناکرێتەوە، بپارێزن. بەڵام ڕەوتە دژە ڕۆژئاواییەکان، هەموویان باڵی وشکە موقەدەس و دەمارگیرە فیقهییەکان لەم بزووتنەوەیەدا نین. بونیادگەراترین بەشەکانی کەمپی ئیسلامی وەکوو تاڵیبان و سعودییە، خۆیان نزیکترین یارانی ڕۆژئاوان.

پرسش: بەدەسەڵاتگەیشتنی ئیسلامیستەکان تا چ ڕادەیەک نیشانەی پاشەوپاش گەڕانەوەیەکی دینییە؟ ئایا ئەمە گەڕانەوەیەکی دینییە لەم کۆمەڵگایانەدا؟ گەڕانەوەیەک بۆ بەها و باوەڕە دینییەکان لە ژیانی فەردی و کۆمەڵایەتیدا؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من سەرچاوەی ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ زیندووبوونەوەی ئیسلام بە وێنەی دەزگایەکی ئیعتیقادی. ئەمە ئیسلامی فیقهی نییە، بەڵکوو ئیسلامی سیاسییە. بنەماکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هاوکێشەی سیاسیی دیاریکراو. ئەوە بەڵگەنەویستە کە بە پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، گوشار بۆ زیندووکردنەوەی دیاردە دینییەکان لە کۆمەڵگادا زیاد دەکات. بەڵام ئەمە گوشارێکی سیاسییە. هەندێ جار خەڵکی مل بەم گوشارە دەدەن. کۆڵەکەی ئەم "ڕێنیسانس"ە ئیسلامییە زەبروزەنگ و تیرۆرە. لە جەزائیر بە شێوەیەک و لە ئێران بە شێوەیەکی دیکە. لە ئێران ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە پێچەوانەوە، شانبەشانی باڵاکردنی ئیسلامی سیاسی و حوکمڕانیی دینی، شەپۆلی هەڵگەڕانەوەی دژی ئیسلامی لە ئاستی مەعنەوی و عەقیدەیی و لە ژیانی شەخسیی خەڵکدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەرەی سەندووە. باڵاکردنی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا بووەتە پێشەکییەک بۆ شۆڕشێکی فەرهەنگی دژی ئیسلامی و دژی دینی لە زەینی خەڵکیدا و بە تایبەتی لەنێو لاواندا، کە بە تەقینەوەیەکی مەزن سەرنجی جیهان بۆ لای خۆی ڕائەکێشێت و زەنگی کۆتاییهاتنی عەمەلیی ئیسلامی سیاسی لە سەرتاپای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لێدەدات.

پرسش: ئاروەندی ئابراهامیان هەر لەم مێژگردەدا دەڵێت، هەرەسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوا بزمار نابێت لە تابووتی بزووتنەوەی ئیسلامی، چونکە مەیلەکانی دیکە، بە تایبەت غەیرە شیعەکان، دەتوانن خۆیان نەبەنە ژێر باری ئەم شکستەوە. ئایا تۆ لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدای؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من جووڵانەوەی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە هەرەسی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە هەناسەدان ئەکەوێت. باسەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئێرانی ئیسلامی مۆدێلێکی شکستخواردوو دەبێت کە ئەوانی دیکە ئەتوانن خۆیانی لـێ بێبەری بکەن. شکستی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا لە جەرگەی خرۆشانێکی سکۆلاریستیی مەزنی جەماوەریدا ڕوو دەدات. خرۆشانێک کە دەست بۆ بنەماکانی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی دەبات و نە تەنها لە بیروڕای گشتیی جیهاندا تڕۆی دەکات، بەڵکە مەحکووم و ڕیسوای ئەکات. شکستی ڕژێمی ئیسلامی شتێکی لە بابەت هەرەسی ئەڵمانیای نازی دەبێت. هیچ فاشیستێک ناتوانێ بە سادەیی و تەنها بە خۆجیاکردنەوەی مەکتەبی و ڕێکخراوەیی خۆی لەم جەمسەرە هەرەسکردووەدا هەڵوێست و جێگاوڕێگای خۆی بپارێزێت. هەرەسی

کۆماری ئیسلامی، تێکڕای ئەم ڕەوتە دەیان ساڵ دەباتە سووڕی متبوونەوە. شکستی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، سەرکەوتنێکی دژی ئیسلامیستییە کە ئەم سەرکەوتنە تەنها بە چوارچێوەی ئێران مەحدوود نابێتەوە.

پرسش: ئێوە وەسفکردنی وڵاتانێکی وەکوو ئێران بە "وڵاتی ئیسلامی" ڕەت دەکەنەوە. بۆچی؟

مەنسوور حیکمەت: هەر پۆلێنکردن و ناولکاندنێک، ئامانجێکی لەپشتەوەیە. ئیسلام هەزار و چوارسەد ساڵ لە ئێراندا بەڕێوە چووە و بێگومان مۆری خۆی بە هەندێ شتەوە ناوە. بەڵام ئەمە تەنها یەک فاکتەری نەخشاندنی سیمای ئەم کۆمەڵگایەیە. هەر وەکوو سەرکوت، پاشایەتی، حوکوومەتی پۆلیسی، دواکەوتوویی پیشەسازی، ئینتیمای قەومی، زمان، خەت، پێشینەی مێژوویی، مێژووی سیاسی، دابونەریتەکانی بەر لە ئیسلام، تایبەتمەندییە جەستەییەکانی خەڵک، باڵا، شکڵ و شێوە و ڕەنگ و ڕوو، پەیوەندی و هاموشۆی نێونەتەوەیی، جوگرافیا و ئاووهەوا، خۆراکی خەڵک، پانی و درێژی وڵات، ڕادەی چڕیی دانیشتووان، پەیوەندییە ئابوورییەکان، نیزامی سیاسی، ڕادەی شارنشینی، تەلارسازی و ... تاد. هەر یەکێک لەمانە تایبەتمەندییەکی واقیعی ئەم کۆمەڵگایە نیشان دەدات. جا ئەگەر کەسێک جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لەنێو ئەو سەدان فاکتەرەدا کە لەنێوان ئێران و پاکستان و فەرەنسا و ژاپۆندا جیاوازی دروست ئەکات، پەنجە بخاتە سەر حوزووری ئیسلام لە هەندێک گۆشەی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا و ئەم مۆرە بە نێوچاوانی من و تۆ و دەشتی و هیدایەتەوە بنێت، بۆ ئەوەی ئەو زۆربەی هەرە زۆرەی کە نە خۆی بە ئیسلام دەزانێ و نە بۆ ئیسلام و ئاخوند هیچ بایەخێک دائەنێت، ئەوە بێگومان بە شوێن ئامانجێکی تایبەتییەوەیە. ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە. حوکوومەت ئیسلامییە. ئیسلام دیاردەیەکی سەپێنراوە لە ئێراندا، نە تەنها لەمڕۆدا، بەڵکوو لە سەردەمی پاشایەتیشدا هەروا بووە، وە لە ڕێگەی داپڵۆسین و کوشتنەوە لەسەرکار ماوەتەوە. ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە. بیست ساڵە دەیانەوێ بەزۆر بیکەنە ئیسلامی، نەیان توانیوە. ناوبردنی کۆمەڵگای ئێران بە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، بەشێکە لە جیهادێکی کۆنەپەرستانە بۆ بەئیسلامیکردنی.

پرسش: ئایا تۆ ئیسلامی سیاسی وەکوو هێزێک سەیر ئەکەیت، کە لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتانی موسڵماننشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا هەر وا دەمێنێتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: مانەوە، دەستەواژەیەکی ڕێژەییە. سەرەنجام زەمانێک دێت کە ئەم ناوچەیە ئیسلامی سیاسی بە یەکجاری تووڕ بدات و بیکاتە دیاردەیەکی بەسەرچوو کە ئەگەرچی هێشتا بۆ تەماشا و لێکۆڵینەوە ماوەتەوە و تەنانەت پەیڕەوانێکیشی هەیە، بەڵام بەکردەوە هیچ دەورێک لە ژیانی خەڵکیدا ناگێڕێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم ساتە کەی دێت، بە تەواوی بە ڕەوەندە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگایانەوە و بە دیاریکراویش بە خەبات بۆ ئازادی و سۆسیالیزمەوە بەستراوەتەوە. هێشتا ڕەنگە چەند نەوەیەکی دیکەش ناچار بن کە تەحەمولی ئەم ئیسلامە بکەن و بێگومان هەندێ زانا و لێکۆڵەرەوەش ئیسلام بە شتێکی هەتاهەتایی دائەنێن. بەڵام هیچ شتێکی هەتاهەتایی و بونیادی لە ئیسلامەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وجودی نییە. بزووتنەوە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازانەکان دەتوانن پەروەندەی ئیسلامییەت دابخەن. لە ئێراندا ساتەوەختی ڕزگاربوون لە دەستی ئیسلام، دەکرێ زۆر زوو بێتە پێشەوە. بە بڕوای من کۆماری ئیسلامی ئێستا ڕەوتی لەناوچوون دەپێوێ و لەگەڵ ئەمیشدا ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا تێک دەشکێنرێت. وە ئەگەر گوشاری سیاسیی ئیسلام و ئیسلامەتی لابچێت، ئەو کاتە پووچی و بێ ڕیشەیی ئەو شتەی کە بە هەژموونی کولتووری ئیسلام بەسەر کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێراندا لەقەڵەم ئەدرێت، بە خێرایی ئاشکرا ئەبێت. ئێران لە ماوەی چەند ساڵێکدا، لە پێگەی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسییەوە دەبێتە ناوەند و ڕابەری خەبات لەدژی ئەو.

یەکێک لە شێوەکانی مانەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا بە ڕای من، تیرۆریزمە. خەبات لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بە بڕوای من، تا چەندین ساڵ پاش سەرکەوتنی سیاسیی مرۆڤایەتی بەسەر ئیسلام لە ناوچەکەدا، هەر وا درێژەی دەبێت. پێچانەوەی گرووپەکانی تیرۆری ئیسلامی پێویستی بە کاتێکی زۆرتر دەبێت.

پرسش: ئێوە پێشتر لە چەند نووسراوێکدا، گیان بەبەرداهاتنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر، بە مەسەلەی فەلەستین و کێشمەکێشی نێوان عەرەب و ئیسرائیلەوە دەبەستنەوە. بەشداربووەکانی دیکەی ئەم مێزگردە، لەگەڵ ئەم جەختکردنە تایبەتەی ئێوە لەسەر جێگاوڕێگای ئەم کێشمەکێشەدا نین.

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من، ئەوان بە شێوەیەکی ستاتیک چاو لە مەسەلەکە ئەکەن. پرسیار تەنها ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە وەڵام بە چ گرێوگۆڵێک و لەسەر تەوەرەی کام ململانێ باڵای کردووە. هەر چەندە تەنانەت هەر لەم

چوارچێوەیەشدا، کێشمەکێشی عەرەب و ئیسرائیل و مەسەلەی فەلەستین و وجودی "دوژمن"ێکی قەومی_ دینی_ ئیمپریالیستی کە ناسیۆنالیزم و عەلمانییەتی عەرەب لە بەرامبەریدا چۆکی داداوە، کۆڵەکەیەکی باڵاکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی بە وێنەی ئاڵتەرناتیڤێکی دەسەڵاتخواز پێک دەهێنێت. پرسیاری لەمەش گرنگتر ئەوەیە، کە ئەگەر مەسەلەی فەلەستین نەبوایە، ئەگەر وڵاتی ئیسرائیل لەسەر ئەم خاکە دیاریکراوەدا نەبوایە، ڕەوتە ئایدۆلۆژی، سیاسی و کولتوورییەکانی جیهانی سەدەی بیستەم، وڵاتانی عەرەبنشین و موسوڵماننشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان بە چ ئاراستەیەکدا دەبرد و تا چ ڕادەیەک ئەم ناوچەیەش وەکوو ئەمەریکای لاتین و ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات، دەرفەتی ئاویتەبوونیان بە سیستەمێکی جیهانیی "ڕۆژئاوایی"دا دەبوو؟ تا چ ڕادەیەک کاپیتالیزم، تەکنەلۆژی، پیشەسازی و سەرمایەی ڕۆژئاوایی بە هەموو کارکردە یەکسانساز و وێکچووسازە ئیداری و کولتوورییەکانییەوە لەم ناوچەیەدا گەشەی دەکرد. تا چ ڕادەیەک ئیسلامیش وەکوو باقی دیانەتەکان لە سەدەی بیستەمدا، دەبووە یەکێک لە لقە بە فەرمی ناسراو، مۆدێرنیزەکراو، دەست پێ هێنراو و ئاوێتەبووەکان لە سەرخانی سیاسیی کاپیتالیزمێکی جیهانیدا؟ پرسیار ئەوە نییە، کە ئایا مەسەلەی فەلەستین و ئەم کێشمەکێشە بووەتە مایەی گەشەکردنی ئیسلامێکی سیاسیی نوێکراوە (کە بە بڕوای من ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە)، پرسیار ئەوەیە، کە تا چ ڕادەیەک ئەم کێشمەکێشە بووەتە ڕێگر لەبەردەم ئاوێتەبوونی موسوڵمانەکان و وڵاتانی موسوڵماننشین لە پەیکەرەی سەدەی بیستەم و لە سیستەمی کاپیتالیستی جیهاندا؟ تا چ ڕادەیەک مەسەلەی گەشەی ئابووری، گواستنەوەی تەکنەلۆژی، ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو کولتوورە ڕۆژئاواییەی کە لە جیهاندا زاڵە، سەرهەڵدانی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی کاپیتالیستی، گەشەی ئەو دامودەزگا سیاسی و ئیدارییانەی کە لەگەڵ نموونەی ڕۆژئاواییدا دێنەوە و گەشەی ڕەوتە فیکری و کولتوورییەکانی ڕۆژئاوایی (وەک، عەلمانییەت و مۆدێرنیزم و لیبرالیزم) لەم وڵاتانەدا کاریگەری نێگەتیڤیان لە مەسەلەی فەلەستینەوە وەرگرتووە. ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن، بە عەلمانیبوون و غەربگەرایی لە وڵاتانی گیرۆدەی ئیسلامدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێ کردبوو، وە تا ساڵانی شەستەکانی زایینی، کۆمەڵێک ئەنجامی باشی بەدەست هێنابوو. بەڵام ڕۆژئاوا بەهۆی مەسەلەی فەلەستینەوە، بەهۆی بوونی کێشمەکێشێکی ناوچەییەوە کە خۆی سێبەری جەمسەربەندییەکی بنەڕەتیی جیهانیی

بوو لە سەردەمی جەنگی ساردا، بەهۆی هاوپەیمانیی ستراتیژییانەی لەگەڵ ئیسرائیلدا، تێکڕای مەسەلەی ئاوێتەبوونی وڵاتان و کۆمەڵگا عەرەبنشین و موسوڵماننشینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ کەمپی جیهانیی کاپیتالیزمی ڕۆژئاواییدا ناومکین کرد و ڕەتی کردەوە. وەڵامی واقیعی بە کۆنەپەرستیی ئایینی، تەنها لە سۆسیالیزم ئەوەشێتەوە، بەڵام گەشەی ئیسلامی سیاسیی میلیتانت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرئەنجامی شکستی ناسیۆنالیزم و عەلمانیەت و مۆدێرنیزمی بۆرژوایی لەم وڵاتانەدایە، کە بەپێی لۆژیک دەیتوانی و تەنانەت بەرەو ئەوە ئەچوو کە ئیسلامەتی لە خۆیدا بتوێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر قسەیەکیش لە بارەی پرۆتستانیزمی ئیسلامییەوە لە ئارادا نەبوو، ئەم ڕەوتە دەیتوانی ئیسلام لەم کۆمەڵگایانەدا لانیکەم لەو جێگاوشوێنەدا دابنێت کە کاتۆلیزم لە ئیرلەندا هەیەتی. بەڵام مەرجی ئەم سەرکەوتنە بۆرژواییە، گەشەی کاپیتالیزم، گەشەی پیشەسازی و گواستنەوەی تەکنەلۆژیی سەرمایە بوو، کە بەهۆی بوونی کێشمەکێشی عەرەب_ ئیسرائیلەوە، لە جەرگەی جەنگی ساردا، ڕۆژئاوا مەیلی لێ نەبوو. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خەڵکەکەی لە کولتووری سیاسیی ڕۆژئاوادا، وەکوو شەیتان وێنا کراون. ئەمانە سیما نێگەتیڤە سەرەکییەکانی نێو کولتووری سیاسیی ڕۆژئاوا لەپاش سەرهەڵدانی ئیسرائیلن. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕۆژئاوا، وەکوو ئەمەریکای لاتین و ئاسیای باشووری خۆرهەڵات نییە. ناوچەیەکی قەدەغەکراوە. ناسەقامگیرە، پڕ مەترسییە، جێگەی متمانە نییە، دوژمنانەیە. ئیسلامی سیاسی لەم چاڵە تاریکەدا گەشەی کردووە. ئەگەر مەسەلەی ئیسرائیل نەبوایە، گرفتەکانی میسر و سعودییە و عێراق، لە بابەتی گرفتەکانی بەرازیل و پیرۆ و مەکسیک دەبوو. حەتمەن ئیسلامی سیاسی هەر دەبوو، بەڵام وەکوو بزووتنەوەیەکی لاکەوتە و فیرقەیی دەمایەوە و نە ئەچووە ناو گۆڕەپانی سەرەکی سیاسەتی ئەم وڵاتانەوە.

پرسش: ئێوە عەلمانییەت چۆن پێناسە دەکەن؟ ئایین و بزووتنەوە ئایینییەکان لە سیستەمێکی عەلمانیدا، تا چ ئەندازەیەک بواری خۆنواندنیان لە مەیدانی سیاسەت و کولتووردا هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: عەلمانییەت دەبێ هەر بەو شێوەیە پێناسە بکەین کە باوە. ناکرێت ڕادیکالیزمێکی زۆر بچەسپێنین بەم دەستەواژەیەوە. عەلمانییەت واتە، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن. جیاکردنەوەی ئایین لە ناسنامەی هاووڵاتی

و پێناسەکردنی ماف و دەسەڵات و ئەرکەکانی هاووڵاتیان. کردنی ئایین بە مەسەلەی تایبەتی تاکەکان. ئەو کاتەی کە ئیتر ئایینی تاکەکان لە پێناسەکردنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەوان و لە پەیوەندی نێوان تاک و دەوڵەت و تاک و بێرۆکراسیدا حیسابی بۆ نەکرێت. بەم جۆرە عەلمانییەت کۆمەڵێک هەلومەرجی لانیکەمە. بۆ نموونە من ناتوانم هەموو هەڵوێستگیریی خۆم بەرامبەر بە جێگاوڕێگای ئایین لەنێو کۆمەڵگادا، لە چوارچێوەی ئەم دەستەواژەیەدا جێ بکەمەوە. من تەنها خوازیاری عەلمانییەت نیم، بەڵکوو خوازیاری خەباتی هۆشیارانەی کۆمەڵگام لەگەڵ ئایینداا. خوازیاری ئەوەم کە چۆن بەشێک لە داهاتی کۆمەڵگا بۆ بەرگرتن بە مەلاریا و نەخۆشییە درمەکان خەرج ئەکرێت، هەر چۆن لە دژی ستەمکێشی ژنان، نەژادپەرستی، ئازاردانی منداڵان، هۆشیارانە سیاسەت دائەڕێژرێت، بە هەمان شێوە، وزە و توانایەک لە کۆمەڵگادا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئایین تەرخان بکرێت. هەڵبەتە مەبەستم لە ئایین، دامەزراوەی ئایینی و ئایینە پێناسەکراوەکانە، نەک ئەندێشەی ئایینی و تەنانەت بڕوابوون بە ئایینە کۆنەکان و ئەوانەی ئێستا. من کەسێکی دژی ئایینم و خوازیاری ئەوەم کە کۆمەڵگا سنوورێکی زۆر زیاتر لەوەی کە لە سیستەمێکی عەلمانیدا هەیە، بۆ ئایینی خۆڕێکخستوو و "پیشەسازیی ئایینی" دابنێت. ئەگەر قانوون ئایینەکان ناچار بکات کە خۆیان وەکوو کۆمپانیا قازانجهێنەرەکان و دامەزراوە ئەهلییەکان ناونووس بکەن، باج بدەن، لەژێر پشکنیندا بن، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی هەڵاواردنی جنسی، مافەکانی منداڵان، قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی درۆ، قەدەغەکردنی تۆمەت و ورووژاندن، یاساکانی پاراستنی گیانداران و ... تاد. ڕەچاو بکەن، ئەگەر وەک "پیشەسازیی جگەرە" مامەڵە لەگەڵ "پیشەسازیی ئایین"دا بکرێت، تەنها ئەو کاتە ئێمە لە هەڵوێستێکی مەبدەئی لە بەرامبەر مەودای خۆنواندنی ئایین لە کۆمەڵگادا نزیک دەبینەوە.

پرسش: ڕەنگە جیاوازییەکە لەوەدا بێت، کە بشێ سڕینەوەی ئایین بە سەرکوتی بیروباوەڕی ئەو کەسانە لەقەڵەم بدرێت کە بڕوایان بەو ئایینە هەیە. چۆن دەکرێت ئەم هەڵوێستە چالاکە دژی دینییە لە پێشێلکردنی ئازادیی ئەندێشە و ڕادەربرین جیا بکرێتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: هەر وەکوو پێشتر گوتم، من باسی ئایینی خۆڕێکخستوو و "پیشەسازیی ئایینی" ئەکەم، نەک بیروباوەڕی ئایینی. هەموو کەسێک دەتوانێ هەر

بیروباوەڕێکی هەبێت و دەری ببڕێت و جاری بدات و خەڵکی لەدەور ڕێک بخات. پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگا چ ڕێوشوێنێک دائەنێت بۆ پارێزگاری لە خۆی. کۆمەڵگای ئەمڕۆ هەوڵ ئەدات کە منالان لە پرۆپاگەندەکانی پیشەسازیی جگەرە بەدوور بگرێت و بیان پارێزێت. لە بارەی پیشەسازیی ئایینیشەوە، دەکرێ هەمان کار بکرێت. مرۆڤی جگەرەکێش هەموو مافێکی خۆی هەیە و دەتوانێ هەر دامەزراو و ئەنجوومەنێک بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆ باشییەکانی تووتن و یەکخستنی جگەرەکێشەکان دروست بکات. بەڵام ئەمە بە مانای دەرگا خستنەسەرپشت بۆ پیشەسازیی جگەرە نییە. دەزگای ئایینیی ئیسلام و ئایینە سەرەکییەکانی دیکە (مەسیحی، یەهودی، هیندۆسی و ... تاد.)، ئەنجوومەنی دڵخوازانەی ئەو کەسانە نین کە باوەڕیان بە ئەندێشەیەکی دیاریکراو هەیە، دەزگای سیاسی و دامەزراوەی ماڵی زۆر گەورەن کە هەرگیز بە شێوەیەکی واقیعی حیساب و کیتابیان لەگەڵدا نەکراوە، نەخراوەنەتە ژێر ڕکێفی قانوونە عەلمانییەکانی کۆمەڵگاوە و لە بەرامبەر کردەوەکانی خۆیاندا بەرپرسیار نەبوون. هیچ کەسێک حاجی ڕوحوڵڵا خومەینی لەسەر دەرکردنی فەتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی نەکێشایە دادگا. ئەمە لە کاتێکدا کە هاندان بۆ کوشتنی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی جیهاندا تاوانە. ئەمە هێشتا گوشەیەکی بچووکە لە تۆڕێکی کوشتوبڕ و بڕینی ئەندامەکانی لەشی ئینسان و تۆقاندن و مرۆڤڕفاندن و ئەشکەنجە و ئازاردانی منالان. بە بڕوای من کارتێلی مادده هۆشبەرەکانی مدی ئین (سکوبارەکان) و بازرگانانی چین و مافیای ئیتالیا (وە ئەمەریکا) بە ئەندازەی پەنجە بچووکی دینە خۆڕێکخستووەکان نابن. من باسی خەباتێکی ڕەوا و بەرنامەڕێژکراوی کۆمەڵگایەکی ئازاد و کراوە لە دژی ئەم دەزگا و دامەزراوانە ئەکەم. لە هەمان کاتدا، بڕوابوون بە هەر شتێک، تەنانەت دواکەوتووترین و دژی ئینسانیترین بیروباوەڕ، بە مافی حاشاهەڵنەگری هەر مرۆڤێک ئەزانم.

پرسش: ئەو عەلمانییەت و ئایین سڕینەوەیەی کە تۆ باسی لێوە ئەکەیت، چەندە زەمینەی لە وڵاتانی نێو بازنەی دەسەڵاتی ئیسلام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە؟ چەندە ئیمکانی ئەوە هەیە، کە عەلمانییەت لەم کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵبدات؟ ئاروەندی ئابراهامیان باسی لەوە کرد کە ئیمکانی ئەوە هەیە، ئەم کۆمەڵگایانە هەم بە ئیسلامی بمێننەوە و هەم عەلمانیش بن. کام بزووتنەوەگەلێک سەرچاوەی عەلمانییەت لەم کۆمەڵگایانەدا پێک ئەهێنن و چەندە شانسی سەرکەوتنیان هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: بە بڕوای من ماندوویەتی چەپ لە ڕووی تیۆرییەوە و ئەو گورزانەی کە ئامانجخوازی و ئەندێشەی ڕەخنەگرانە و ڕادیکاڵ لە ناوەڕاستی سالانی حەفتاکان بەم لاوە خواردی، ژمارەیەکی زۆر لە تیۆریسینە چەپ و خێرخوازەکانیشی لە بەرامبەر وەدیهێنانی ئاواتە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا دوچاری دیدێکی قۆناخبەندی_ تاکتیکی و پلەپلەگەراییەکی ئەسەفبار کرد. سەد ساڵ بەر لە ئێستا، بەشەرییەتی پێشرەو، گاڵتەی بەوە ئەکرد کە ڕزگاری مرۆڤ بەدەستی کەشیشەکان و لە ڕێگای چەکوپینەکردنی ئایین و سەرهەڵدانی خوێندنەوە و لێکدانەوەی تازەی ئایین لەنێو کلێسادا بەدەست بێت. ئەمڕۆ توێژەرەوە و بیریارانی پسپۆر، دەتوانن گەڵاڵەی ئەوە دابڕێژن کە ژنی ئێرانی لە ئێستادا، دەتوانێ عەلمانییەت بە زیادکردنی ڕەنگێکی کراوەتر بۆ سەر ڕەنگە مۆڵەتپێدراوەکانی دەوڵەت بۆ چارشێوی ژنان لێک بداتەوە. ئەمە بە بڕوای من نەبینینی دینامیزمی گۆڕان و شۆڕشە لە کۆمەڵگادا. جیهان تاوەکوو ئێستا لە ڕێگەی ژێرەوژوورکردنەوەکانەوە بەرەو پێش چووە. لە ڕێگەی گۆڕانکارییە سەرسووڕهێنەر و خێراکان لە بواری بیرکردنەوە، تەکنیک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

بە بڕوای من، ئەوەی بە ڕاستی خەیاڵی و نەشیاوە، چەکوپینەکردنی ئیسلام و گۆڕینی هەنگاوبەهەنگاوی ڕژێمە ئیسلامییەکانە بۆ حوکوومەتی عەلمانی. ئەوەی کە واقیعییە، شیاوە، وە لە پەیوەست بە ئێرانەوە ئیتر ناچارییە، وەدیهاتنی عەلمانییەت لە ڕێگای خرۆشانی دژی ئایینیی خەڵکییەوەیە، لە دژی ئەم حوکوومەتانەی کە هەن و لە دژی هەموو ڕاڤەکردن و خوێندنەوە جیاجیاکان لە ئیسلام.

پرسش: ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و بزووتنەوانەی کە دەتوانن مژدەدەری سکۆلاریزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بن، کامانەن؟

مەنسوور حیکمەت: بەپێی قاعیدە، ئەمە دەبوو پەیامی مێژوویی بزووتنەوە بۆرژوواییەکان و کاپیتالیزمی تازە پێگەیشتووی ئەم وڵاتانە لە سەدەی بیستەمدا بووایە. کاری لیبراڵیزم، ناسیۆنالیزم، مۆدێرنیزم و ڕۆژئاواگەریی بووایە. بۆ دەورەیەک وا تەسەور دەکرا کە ئەم پرۆسەیە هەر چەندە بە شێنەیی و نیوە و ناچڵ، بەڵام لە ئارادایە. بەڵام ئەم بزووتنەوانە لە سالانی حەفتاکاندا ئیتر تەمەنیان بەسەرچوو، وە پرۆژەی گەشەپێدانی خۆرئاوایی ڕاوەستا و قەیرانی حوکوومەتیی پەرەی سەند. بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زۆربەی

حاڵەتەکاندا دەوڵەتی پرۆرۆژئاواییان پێک نە هێنا. ڕووخاندنی بنەماڵە پاشایەتییەکان بووە مایەی سەرهەڵدانی دەوڵەتە سەربازییەکان، کە بەشێکی زۆریان لە ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا کەوتنە نێو بازنەی دەسەڵاتی سۆڤێتەوە. کاپیتالیزم و پیشەسازی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، لە ڕێگەی دەوڵەتە ناسیۆنالیست و سەرکوتگەرەکانەوە بڵاو بوونەتەوە. کۆمەڵگایەکی مەدەنی بۆرژوایی پێک نەهات. لیبرالیزم و مۆدێرنیزمی بۆرژوایی دوو بزووتنەوەی سەنگین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نین. ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدار، چ لایەنگری سۆڤێت و چ لایەنگری خۆرئاوا، بە گشتی لە هاوپەیمانێتییەکی سیاسی لەگەڵ ئیسلامدا بووە.

بە هەر حاڵ سکۆلاریزم بە وێنەی بەرهەمێکی فیکری، سیاسی و ئیداری گەشەی کاپیتالیزم، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەری هەڵنەدا. بە بڕوای من بۆرژوازیی ناوچەکە نەخشەکارێکی سکۆلاری نییە، وە یان تەنانەت توانای هەڵوێستگیرییەکی بەم جۆرەی نییە. دامەزراندنی نیزامێکی سکۆلار ئیتر کاری بزووتنەوە سۆسیالیستی و کرێکارییەکانە. وە ئەمە بە بڕوای من، مەسەلەیەکە کە سەرکەوتنی چەپ لە ناوچەکەدا، لانیکەم بە دەستوبردی لە ئێراندا، دەکاتە ئەگەرێکی واقیعی و ماددی. خەڵکی نیزامێکی سکۆلاریان دەوێت، وە لە نەبوونی بەرەیەکی عەلمانیی ڕاستڕەودا، خەڵکی لەدەوری ئاڵای چەپی کۆمۆنیست کۆ دەبنەوە، کە ئامادەی خەباتێکی بنەڕەتی لە دژی دەسەڵاتدارێتی ئایین بێت.

پرسش: بەڕای تۆ تا چ ڕادەیەک دەکرێ سکۆلاریزم لەم کۆمەڵگایانەدا پیادە بکرێت؟

مەنسوور حیکمەت: لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەم پەیوەندی و ڕایەڵە فراوانە لە نێوان بەشە جیاجیاکانیدا، بە بڕوای من پاراستنی سەرخانێکی ئیسلامی لە ناوچەیەکی ئاوا فراواندا، نامومکینە. ناکرێ بەر بە سەرهەڵدانی سکۆلاریزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بگیرێت. بە بڕوای من، سکۆلاریزم نەک تەنها دەکرێ پیادە بکرێت، بەڵکوو دوای ئەزموونی ئێران و ئەفغانستان و جەزائیر، بووەتە پێویستی و خواستی خەڵکی ناوچەکە. کێشەکە هێشتا لە بنەڕەتدا هەر مەسەلەی فەلەستینە. ئەم کێشمەکێشە هەر وەک چۆن باڵە کۆنەپەرستە ئایینییەکان لەناو خودی ئیسرائیل بەهێز دەکات و توانایەکی زۆر زیاتر لەو سەنگە واقیعی و بچووکەی کە لەنێو کولتوور و بیروباوەڕی خەڵکدا هەیانە پێ دەبەخشێت، لە بەرەی بەرامبەریشدا تەمەنی ئیسلامی سیاسی و

ناسنامەی ئیسلام درێژ دەکات. هەر چی زووتر وڵاتی سەربەخۆی فەلەستین دابمەزرێت، ئەوەندە زووتر گۆڕی ئیسلام و ئیسلامەتی لە ناوچەکە گوم ئەبێت.

پرسش: ڕاتان بەرامبەر بە تێزی "ململانێی شارستانییەتەکان"ی سامۆئیل هانتینگتون چییە؟ بەپێی بۆچوونەکانتان، ئێوە دەبێ ئەگەری سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییەتێکی شەڕ لەژێر ئاڵای ئیسلامدا ڕەت بکەنەوە.

مەنسوور حیکمەت: وتار و تێزەکەی هانتینگتون لە ڕووی زانستی و ناوەڕۆکەوە بێ ئەندازە بێ نرخ و پووچ بوو، دەستبەجێ و بە دوورودرێژی لە لایەن زۆرێک لە توێژەرەوەکانەوە وەڵامی پێ درایەوە. لێکدانەوەی دڵخوازانە، گونجاندنی واقیعییاتەکان لەگەڵ بۆچوونە زیهنییەکانی نووسەردا، شێواندنی ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکان و میتۆدۆلۆژییەکی بێ ئەندازە هەژار و دواکەتووانە لە شیکردنەوەدا، ئەمانە جێگایەک بۆ بە جیددی وەرگرتنی باسەکە ناهێڵنەوە. ئەم باسەی هانتینگتون لە ساڵی 1993دا تەرح کرا، دوای هەرەسی سۆڤێت و ڕاگەیاندنی "کۆتایی کۆمۆنیزم" و "کۆتایی مێژوو" لە میدیا و ئەکادیمیای ڕۆژئاوادا. بۆ ماوەی دەیان ساڵ هەموو زەین و هۆشیاریی سیاسیی بۆرژوازیی خۆرئاوا لەدەوری بوونی دوژمنێکی جیهانی، جەمسەرێکی جیهانی و بەهێزی ڕەقیب، گەڵاڵە کرابوو. لە ساڵانی دوایی و لە سەردەمی ڕێگاندا، ئەم ململانێیە تەنانەت لێکدانەوەیەکی تەواو هۆلیودیی پەیدا کردبوو. "ئیمپراتۆری شەڕ" و "شەڕی ئەستێرەکان"، چەند دەستەواژەیەکی ئەم کولتوورە سیاسییە بوون. دوای نەمانی سۆڤێت، مەسەلەی "دوژمن کێیە؟" و مەسەلەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەرکەکانی ناتۆ و ڕێکخراوی سی ئای ئەی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و گەشەی سەرلەنوێی تەریکخوازی لە هەندێ باڵی کۆماریخوازەکاندا پەرەی سەند. "ململانێی شارستانییەتەکان" وەڵامێکی پڕ لە هاتوهاوار، لەنێو هەمان کولتووری هۆلیودیدا، بەم پرسیارانە بوو.

من لەگەڵ ئەم خاڵەی گراهام فولەردا بە تەواوی هاوڕام، کە جیاوازییە "شارستانییەت"ەکان قاڵبێکن بۆ سەرهەڵدانی ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئارادان. دەستەواژەی "شارستانییەتەکان" لە پڕۆپاگەندەی جەنگی و دۆزینەوەی بازاڕی سیاسی بۆ ئەم بەرژەوەندییانە، ڕۆڵیان هەیە. بەڵام لە خودی کێشمەکێشەکەدا ڕۆڵێکیان نییە. ئیسلامەتی و لێکدانەوە ئیسلامییەکان و دەمارگیریی ئیسلامی، ئامرازی هەڵخڕاندنی کۆمەڵایەتین لەو کێشمەکێشە ماددییە کۆمەڵایەتییانەدا، کە خۆیان

پەیوەندییەکیان بە ئیسلام و شارستانییەتی ئیسلامی و ململانێی ئەو لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاواییەوە نییە. ڕووداوەکانی یۆگۆسلاڤیا، لەسەر جیاوازی شارستانییەتی مەسیحی خۆرئاوا لەگەڵ مەسیحییەتی ئەرتەدۆکسی خۆرهەڵات نییە (کە مەعلووم نییە لەم نێوەدا بۆچی "شارستانییەتی" ئیسلامی لە بۆسنە و کۆسۆڤۆ سەری ناوەتە سەر سەرینی "شارستانییەتی" خۆرئاوا!). یان دە ساڵ وێرانکردنی عێراق ئاکامی ململانێی نێوان شارستانییەتی خۆرئاوا و ئیسلامی نییە. دنیا چینایەتییە. شانۆی خەباتی چینایەتییە. شانۆی ململانێی باڵ و بەشە جیاجیاکانی سەرمایە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندیی ماددی و قازانج و بازنەی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی چەوساندنەوەیە. شانۆی خەبات لەپێناوی ئازادی و سڕینەوەی هەڵاواردندایە. شانۆی ململانێی نێوان چەپ و ڕاستە. شانۆی ململانێی شارستانییەتەکان نییە. وە سەرەنجام، قسەکردن لە شارستانییەتی ئیسلامی، وەکوو شتێک کە گوایە، لە ڕۆژهەڵاتی ئەو هێڵەی جەنابی هانتینگتون لەسەر نەخشەی جیهان کێشاوێتی، دەسەڵاتدارە، شتێکی پووچە. نە ئیسلام شارستانییەتە، نە لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتدارە و نە توانای گێڕانی دەوری ئیمپراتۆرییەتێکی شەیتانی هەیە. پڕۆپاگەندەی ڕۆژانە لە خورئاوا، بە تایبەت کاتێک کلینتۆن، بلێر و ناتۆ دەم ئەکەنەوە، ئەم وێنایە بەدەستەوە ئەدات، کە گوایا سەددام حوسێن لەبەر دەروازەی داگیرکردنی جیهاندایە و ژیانی ئێمە لە سایەی مەرحەمەتی ناتۆدایە کە تاکوو ئێستا لەبەردەم ئەم دێوەزمەیەدا بە چنگ و ددان بەرگری کردووە! ورووژاندنی بیروڕای گشتیی خۆرئاوا لە دژی خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەرژەوەندییەکی ماددیی زۆری بۆ هەندێک ناوەندی جیاجیا تێدایە، بەڵام پەیوەندییەکی بە ڕیزبەستنە حەقیقییەکانەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا نییە. بە هەر حاڵ، باسەکەی هانتینگتون لە ڕووی عەمەلییەوە نفووزێکی پەیدا نەکرد، هەر چەندە ڕەنگە خێرێکی زۆری بۆ پیشەکەی هانتینگتون و بودجەی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی "ئەلین" لە زانکۆی هاروارد بووبێت.

تێبینی: ئەم مێژگردە بۆ یەکەمجار لە ژمارە 3ی زستانی 2001ی گۆڤاری فارسی زمانی "پرسش" (واتە: پرسین، کە گۆڤارێکی وەرزیی سیاسیی کۆمەڵایەتی کولتوورییە و سەرنووسەرەکەی عەلی جەوادییە) بڵاو کراوەتەوە. باقی بەشداربووانی مێژگردەکە بریتی بوون لە: ئولیفەر روی، گراهام فولەر، ئیرفەند ئەبراهامیانو ئیان لیسەر.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
میزگرد: عروج و افول اسلام سیاسی
"انترناسیونال هفتگی"، شمارە 69
9 شهریور 1380، 31 اوت 2001

دەربارەی خەبات لە دژی ئایین

(دەقی گفتوگۆ لەگەڵ ڕادیۆی ئینتەرناسیۆناڵ)

15 شوباتی 2001

ئازەر ماجیدی: مەنسوور حیکمەت، تۆ بەشداریی مێژگەردێکی وەرزنامەی "پرسش"ت بە ناوی "باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی" کردووە. مەسەلەگەلێکی زۆر لەم چاوپێکەوتنەدا هەیە، کە پێمان باش بوو لە بارەیانەوە لەگەڵتاندا گفتوگۆ بکەین. بەهۆی کەمی کاتەوە، ئەمانەوێ لە بارەی چەند لایەنێکی ئەم مەسەلانە پرسیارت لێ بکەین. یەکێک لەو مەسەلانە کە ئێوە تەرحتان کردووە، وتووتانە، کە سکۆلاریزم کۆمەڵێک هەلومەرجی لانیکەمە. وە لە درێژەیدا دەڵێن، کە ئێوە بە تەنها خوازیاری سکۆلاریزم نین، بەڵکوو لایەنگری خەباتێکی هۆشیارانەی کۆمەڵگان لە بەرامبەر ئایینیدا. ئەمانەوێ ئەوەمان بۆ باس بکەن، کە پێکهاتەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەم خەباتە چین؟

مەنسوور حیکمەت: کاتێک لە پەیوەند بە ئایین، وە بە تایبەتی دەربارەی ئیسلام لەم دەورەیەدا قسە دەکەین، دەبێ لەبەرچاومان بێ کە ئایین دیاردەیەکە ئەکرێ نیشان بدرێ، کە بۆ مرۆڤ مایەی ڕەنج و کوێرەوەرییە. مایەی سەرکوتە، مایەی بێ ڕێزییە. مایەی ڕیسوابوونی مرۆڤەکانە. بەم پێیە ئێمە لەگەڵ دیاردەیەک و لەگەڵ مەسەلەیەک بەرەوڕوو دەبینەوە، کە دەبێ لەسەر شانمان سووکی کەین. هەر وەکوو چۆن بۆ نموونە، ئێوە ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان تەنها بە کار و مەسەلەی شەخسی مرۆڤ دانانێن، وە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئەم ئالوودەبوونە لەناو بچێ، تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکان ڕێگەیان پێ بدرێ کە ئەو مادانەش بەکار بهێنن، هێشتا بە کەمی دەزانن و پێتان وایە، دەبێ کارێک بکرێ ئەم خووە بە تەواوی بەسەر سەری خەڵکەوە لابچێ. سەبارەت بە ئایینیش هەر وایە. ئایینیش دیاردەیەکە، هەر چەندە مرۆڤ ئازادە باوەڕی بە هەر شتێک هەبێ، بەڵام باوەڕبوون بەم کۆمەڵە مەسەلە سیاسی، فیکری و مەدەنییەی کە پێی دەووترێ ئایین و لەوانەش ئیسلام، هۆکاری بەدبەختی خەڵک بووە. بەم پێیە وەکوو هەر بەڵایەک ئێمە لە بەرامبەریدا خەبات دەکەین. بە بروای من، ئەوەی کە ئایین وەکوو کار و مەسەلەی مرۆڤەکانی لێ بکرێ هێشتا کەمە. واتە کۆمەڵگا دەبێ کارێک بکات کە ئیسلام لەناو بچێ. زۆر بە ڕۆشنی با

بڵێم، دەبێ کارێک بکەین کە ئیسلام ئازادانە و بە شێوەیەکی ئیختیاری لە لایەن خەڵک خۆیەوە لەناو ببرێ. بۆ ئەوەی خەڵک چیتر دیلی ئایین نەبێ، چیتر لەژێر کاریگەری ئایینیدا نەمێنێتەوە، وە چیتر خەڵک بەهۆیەوە سەرکوت نەکرێت و ڕەنج نەکێشن و لەناو خورافاتدا پەلوپۆ نەکوتن. ڕێگای لەناوبردنی ئایین کامەیە؟ پەروەردە و فێرکردنی دەوڵەتێکی ئازادە، کە دەرس و وانەی ڕاستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی، مێژوویی، بایۆلۆژیکی، فیزیکی و سروشتییەکان بە هاووڵاتیانی خۆی دەڵێتەوە. وە دەوڵەت کۆمەڵە یاسایەکی مەدەنی بۆ پارێزگاری لە هاووڵاتیان لە بەرامبەر دەستدرێژیی ناوەند و دامەزراوە ئایینییەکان و پیشەسازیی ئایینیدا دابڕێژێ. بە بڕوای من، دەبێ ئایین وەکوو پیشەسازی تووتن تەماشا بکرێ. هەر وەکوو چۆن هەر کەس ئارەزووی خۆیەتی جگەرە بکێشێ، بەڵام دەبێ کۆمەڵە یاسایەک هەبن، هەتا دامەزراوەکانی تووتن نەتوانن بە خراپی کەڵک لە ئالوودەبوونی خەڵک بە جگەرەکێشانەوە وەربگرن و نەبنە هۆی لە ڕادە بەدەری نەخۆشی، وە دەستیان ئاوەڵا نەبێت کە منداڵان و تازەلاوان ڕابکێشنە ناو ئالوودەبوون بە جگەرەکێشانەوە. سەرەنجام سەبارەت بە ئایینیش دەبێ کۆمەڵێک یاسای بەم جۆرە دابنرێ. واتە کۆمەڵە یاسایەک کە ڕێگا نەدات پیشەسازی ئایینیی، وەکوو دوکانێکی ئایینی، ژیانی خەڵک خراپ بکات. لە ژیانی نەوەیەکدا ئەتوانرێ کارێک بکرێ، کۆمەڵگایەکی ئازادی وا بێتە ئاراوە، کە تیایدا ئایین وەکوو نەخۆشی مەلاریا، یاخود وەکوو ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان ڕیشەکێش کرابێ.

ئازەر ماجیدی: ئێوە سەبارەت بە پیشەسازییە ئایینییەکان و پیشەسازیی ئایین دوان و دواتر چووانتان بە پیشەسازی تووتن. من ویستم بپرسم، مەبەستتان لە پیشەسازی ئایینیی و سەنعەتی مەزهەب چییە؟ ئایا ئەمە تەنها گاڵتەیەکە کە ئایین وەکوو پیشەسازی تووتن سەیر دەکەن؟

مەنسوور حیکمەت: هەرگیز، هەرگیز، بەو جۆرە نییە. ئەڵێم پیشەسازی، چونکە بڕێک کەس وا بیر دەکەنەوە کە ئایین عەقیدە و باوەڕی خەڵکە. وا نییە. ئایین پیشەسازییەکی تەواوە. خاوەنی هەیە، لە بەرژەوەندیی ژمارەیەکدا ئەبێتە هۆی سەروەتی ماددی و دەسەڵاتی سیاسیی تەیفێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا. لە خزمەتی دەسەڵاتداریتییەکی سیاسی لە کۆمەڵگادایە، واتە دەسەڵاتداریتی چینایەتی ئەو کۆمەڵگایە. ئایین پیشەسازییەکە، دەیان ملیارد دۆلار پارە تیایدا ئاڵووێر دەکرێ.

پرۆپاگەندەی ئایینیی لەم پارەیە دابین دەکرێ. ئەم پارەیەش بە کڵاولەسەرنان و لێسەندن و ... هتد. بۆ نموونە، لە ئێران لە ڕێگەی دەوڵەتەوە ئەم پارەیە لە گیرفانی خەڵک دەردەهێنرێ. یەک داموددەزگای بڵاوکردنەوەی درۆیە. درۆ بەسەر خەڵکدا پەخش ئەکەنەوە. خەڵک دەترسێنن. لەم دنیایە بە توندوتیژی خەڵک دەترسێنن، "لەو دنیاش" بە سزادان. ئایین کتومت وەکوو مافیایە. دامەزراوەی ئایینی، چ کریستیان، چ ئیسلام، چ یەهوودییەت، بەر لەوەی کۆمەڵێک بیروباوەڕی فیکری بن، داموددەزگایەکی گەورەی کۆمەڵایەتین، لەسەر پێی خۆیان وەستاون، باج وەردەگرن، پارە کۆ دەکەنەوە و لە پێناوی مانەوەی خۆیان و حاکمییەتی خۆیاندا خەرجی دەکەن. بەم پێیە، پیشەسازییە ئایینییەکان لە جیهاندا، دیاردەی زۆر زەبەلاحن. واتە، پارەیەک کە بۆ ئیسلام یاخود بۆ کڵێسای مەسیحییەت خەرج ئەکرێ، ئەگەر سەرنجی بدەنێ، بەراورد دەکرێ بە گەورەترین کۆمپانیای نێونەتەوەیی. بەراورد دەکرێ بە بودجەی کەڵەکەکراوی سەربازیی دەیان وڵات لەسەریەک. کەواتە، ئایین دەبێ وەکوو پیشەسازییەک تەماشا بکرێ، کە هۆشیارانە خەریکی فرۆشتنی بەرووبوومەکەیەتی و خەریکە بازاڕی تایبەت بە خۆی پەیدا دەکات. وە تێدەکۆشێ کە بەکاربەر ئالوودەی خۆی بکات. کەواتە ئەگەر کۆمەڵگایەک دەخوازێ خۆی ئازاد بکات، دەبێ بەم جۆرە بڕوانێتە ئایین و بەرەوڕووشی ببێتەوە. نەک وا بیر بکاتەوە کە ئایین کۆمەڵێک عەقیدەیە و باوەڕبوونە بە کەری دەجاڵ و شیوەن بۆ کەربەلا! ئایین پیشەسازییەکی مەزنی فرێدانی خورافە و تۆقاندنی خەڵک و ملکەچ پێ کردن و بە تەسلیمکێشانی خەڵکە لە بەرامبەر دەسەڵاتی چینایەتی زاڵدا. وە ئەگەر ئێوە کۆمەڵگایەکی ئازادتان دەوێ، دەبێ پارە خەرج کەن، هێز تەرخان کەن، هێزی مرۆیی ئامادە کەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا بەرەوڕوو ببنەوە. هەر بەو جۆرەی کە بەرەوڕووی باندەکانی مادە هۆشبەرەکان دەبینەوە، یان بەو شێوەیەی کە بەرەوڕووی کۆمپانیای سودجویی دەبینەوە، کە دێن خەڵک دەدزن و دەفرێنن و لە جێگای خۆیاندا وێرانەیەک بەجێ دەهێڵن، بەهەمان شێوەش دەبێ بەرەو ڕووی پیشەسازیی ئایینی ببینەوە.

بێگومان باوەڕی هەر کەسێکیش بۆ کەسەکە خۆی بەڕێزە و دەبێ ڕێگا بدرێ، هەر کەسێک بە هەر شتێک کە دەیەوێ، باوەڕ و عەقیدەی هەبێ و ئازاد بێت. بەڵام ئەگەر لەسەر بنچینەی ئەم باوەڕانەوە داموددەزگایەکی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی

دابمەزرێنرێ کە ئامانجی بەستنەوە و لەقاڵبدانی خەڵک بێت، ئێوە دەبێ بە هاوکاری خەڵک، وە لە لایەن هاووڵاتیانی کۆمەڵگاوە بەرامبەری بوەستنەوە.

ئازەر ماجیدی: دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵەی کە لە دواییدا باست کرد. بەڵام بەرلەوە ویستم ڕای ئێوە بزانم. لەوانەیە بڕێک کەس کۆماری ئیسلامی وەکوو دەوڵەتێک کە بە تەواویی ئایینییە، یاخود تەنانەت ڤاتیکانیش وا سەیر کەن کە تۆ دەیڵێیت. بەڵام ئایا ئایین و مەزهەب بۆ نموونە، لە ئەورووپای ڕۆژئاواش کە لە بڕێک جێگایدا لە دەوڵەت جیایە و نەخشێکی ئەوتۆی بەسەر ژیانی خەڵکەوە نییە، ئێوە هەر بەو شێوەیە، واتە وەکوو باندی مافیایی تەماشای دەکەن؟

مەنسوور حیکمەت: سەرەتا با ئەوە بڵێم، ئەمەی کە لە ئەورووپا لەو جێگایانەی کە ئایین هیچ نەخشێکی نییە، لەبەر ئەوەیە ئەم شتانەی کە باسم کرد، لە سەدەکانی ڕابردوو لە بەرامبەریدا ئەنجام دراون. ڕۆیشتوون سەروەت و ملک و ماڵ و وەقفەکانیان لێ سەندۆتەوە. یاسایان داناوە کە ڕێگا نادات، ئایین لە پەروەردە و فێرکردندا دەخاڵەت بکات. یاسا دانراوە، ڕێگای لە دەخاڵەتی ئایین لە باری کەسێتی خەڵکدا گرتووە. بەڵام ئەورووپای ئەمڕۆ، نموونەیەکی باش نییە بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئایین چییە. دەبێ سەد ساڵ بگەڕێینە دواوە بۆ ئەوەی بزانین هەر ئەم ئایینە چی بەسەر خەڵکدا هێناوە! هەر ئێستا پاپا ناچار بووە، بەهۆی هاوکاریی کڵێسای کاتۆلیک لەگەڵ هیتلەر و داموددەزگایەکی مرۆڤسووتاندنەوە کە هەیبوو، داوای پۆزش بکات. لە زۆر جێگا نموونە هەیە. هەر ئێستا لە ئیرلەندەی سەروو پرۆتستانتەکان بەردەرگای قوتابخانە سەرەتاییەکان دەگرن و خوێندکارە کچۆڵەکان بەردباران دەکەن. تەنانەت بۆمبەکانیان بە سەروچاویاندا دەتەقێننەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەوان کاتۆلیکن و ئەمان پرۆتستانتن. دەبێ ڕووداوەکانی یۆگۆسڵاڤیا و ئەو کێشمەکێشانەی کە لەوێ هەن تەماشا بکرێ. دەبێ سەیری شیشان بکرێ، ئەفغانستان سەرنج بدرێ. بە بڕوای من، ئایین بە شێوەیەکی گشتی نەخشی هەیە. لە هەندێ جێگا خەڵک گوێی ئایینیان گرتووە و لەسەر جێی خۆی دایانناوەتەوە، وە ئەو جێگایانە حاڵەتی شارستانی و مەدەنییان بە خۆیانەوە گرتووە. بەڵام هێشتا وەکوو هێزێکی زەخیرە و یەدەک لەوێ هەن. من ڕێک پەرلەمانی کڵێسای مەسیحییەتیش لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا هەر لەم چوارچێوەیەدا دائەنێم. وەلێ هەر ئێستا ئەو ڕۆڵ و ئەو بازاڕگەرمییەی کە ئیسلام هەیەتی، بۆ نموونە، لە ئێران و ئەفغانستان خەریکی ئینسان کوشتنە، مەسیحییەت لە ئەورووپای

ڕۆژئاوادا نییەتی. بەڵام ڕۆڵی لە سەرکوتی ژناندا هەیە. ڕۆڵی لە کپکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازانەدا هەیە. لە بەرگرتن بە نوێبوونەوەدا دەور دەبینێ. وە هێشتاش هەر دەستی لە گیرفانی خەڵکدایە. تا ئێستاش کڵێسا بە توندی دەستی لە گیرفانی خەڵکدایە و سەرچاوە و داهاتێک کە دەبێ بۆ خۆشبەختیی مرۆڤەکان خەرج بکرێ، دەیگێڕنەوە و بۆ بڵاوکردنەوەی خورافات لەنێو خەڵکیدا خەرجی دەکەن. زەرەر و زیانی مەسیحییەت بەو ڕادەیە ئاشکرا و بینراو نییە، کە هی ئیسلام لە ئێران، ئەفغانستان و عەرەبستانی سعوودییەدا هەیەتی و دیارە. بەڵام بە ئامار و بە ژمارە ئەتوانرێ نیشان بدرێ، کە کڵێسا چ نەخشێکی هەیە.

لە هەندێ جێگا کڵێسا لە دژی دەوڵەتە ئیستیبدادییەکان وەرچەرخاوە. بۆ نموونە لە ئەمەریکای لاتینیدا. بەڵام ئەوە کڵێسا نییە کە وەرچەرخاوە. ئەوە ئەو کڵێسایەیە کە دەبینێ خەڵک مەیلیان بە لای چەپدا هەیە، وە لە پێناوی پارێزگاریکردن لە ڕەونەقی خۆی، ناچار بووە کە لە هاوشانی خەڵکدا بڕواتە ڕێوە. بەڵام هەر کاتێ سەربکێشێتە ناو هەر ناوەندێکی جیددیی کۆمەڵایەتییەوە، ئیسلام و ئایینەکان لە تەنیشت چینە داراکانەوە دەبینی، کە خەریکن خەتیان پێ دەدەن و ئاراستەیان دەکەن بۆ سەرکوت و لەقاڵبدانی کۆمەڵایەتی.

ئازەر ماجیدی: ئێوە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسی ئەوەتان کرد کە دەبێ دامودەزگاکانی ئایین بپێچرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پارە دابنرێ و هێز تەرخان بکرێ. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەسەڵاتدا بەشدار بێت و کۆماری سۆسیالیستی لە ئێراندا دامەزرێ، ئەم مەسەلەیە چ شکڵ و شێوەیەک بە خۆیەوە دەگرێ؟ چونکە ئێوە وتتان، باوەڕ و عەقیدەی خەڵک بەڕێزن. لەوانەیە ئەمە بە باشی ئەوە نیشان نەدات، کە مامەڵە لەگەڵ ئایین، ئاخوند و مزگەوتەکان چۆن دەکرێ؟ وە لەگەڵ کەسانێک کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە و موسڵمانن چۆن؟ ئەم لایەنە بڕێک ڕۆشن بکەنەوە.

مەنسوور حیکمەت: بە ڕای من، بیروباوەڕی شەخسیی مرۆڤەکان خۆیان بۆ خۆیان بەڕێزن. لەوانەیە من ڕێز بۆ بیروباوەڕی ڕاسیستی و نەژادپەرستانەی کەسێک دانەنێم، کە داینانێم. بەڵام مادام خۆی دەیەوێ وا بیر بکاتەوە و تا ئەو جێیەش کە ئازاری بۆ کەس نییە، بیروڕای شەخسیی ئەو کەسە خۆیەتی. لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانە هەر مرۆڤێک مافی خۆیەتی هەر چۆنێک پێی خۆشە وا بیر بکاتەوە. ڕێگا

بەکەس نادرێ لە دنیای ناوەوەی هیچ کەسێکدا دەخاڵەت بکات و یاسا پێشێل بکات و پێی بڵێ، تۆ بۆت نییە بەم شێوەیە بیر بکەیتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە هەوڵی گۆڕینی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە نەدەین. مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ، وە بتوانێ لە نێوان هەڵبژاردنی بیروباوەڕە جیاوازەکاندا خۆی سەرپشک بێ. بەڵام ڕۆڵێکی بنەڕەتیی ئایین ئەمەیە، کە بەزۆر و بە ڕێگای تۆقاندن و دەمارگیری، هەموو بیروباوەڕ و بیرە ئازادیخوازەکان لەبەرچاوی خەڵک دوور دەخاتەوە و لە بەرامبەریاندا یاساکان ژێرپێ دەخات. لە کابوول، تاڵیبان ویستی ژمارەیەک کەس ئیعدام بکات، تەنها لەبەر ئەوەی بانگەوازیان بۆ ئایینێکی دیکە کردبوو. ئەمە ئێستا لە ئەفغانستان ناشیرین و زێدەڕەوییە. بەڵام ماهییەتی کاری هەموو ئایینەکان هەر ئەمەیە. پەروەردە و فێرکردن کلیلی ئەسڵییە. ئەوەی مرۆڤ پێویستی بەوە نەبێ کە باوەڕ بەم خورافاتانە بکات و بزانن جیهان شتێکی دیکەیە. بەڵام بە تەنها هەر ئەمە نییە. دەبێ کۆمەڵە یاسایەک دابنرێ کە ئەم دامودەزگا ئایینییانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بۆ نموونە، دەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر کۆنتۆ بانکییەکانیان وەکوو هەر کارگە و دامەزراوێکی دیکە بکرێ. واتە، سیستەمی ئیسلامی و مزگەوتەکان و ئایەتوڵڵاکانیش دەبێ بە گوێرەی ئەو یاسایانە بجووڵێنەوە کە کارگەی بسکیتی ڤیتانا و فابریکەی ئاوگەرمکردنسازی، وە یان کۆمپانیای جگەرەی وینستۆن پەیڕەوی دەکەن. بەم جۆرە دەبێ حیساباتیان کۆنترۆڵ بکرێ و بزانرێ پارەیان لە کوێوە هێناوە و چۆنچۆنیش خەرجیان کردووە! باجیان داوە یان نا؟ دزییان نەکردبێ، فێڵ و تەڵەکەیان لە دەوڵەت نەکردبێ و پارەیان لە خەڵک نەسەندبێ ... هتد.

ژمارەیەک یاسا هەن کە هەر ئاوا خۆیان دەبنە هۆی داخستنی زۆرێک لە دامەزراوە و شوێنی ئایینیی. ئەگەر یاسای پارێزگاریکردن لە گیاندران بە جیددی بگرین، دەبێ بەشێکی گەورەی دابونەریتی ئیسلامی بلۆک بکرێت، چونکە لە ڕادەبەدەر، بە شێوەیەکی توندوتیژ لەگەڵ گیاندراندا ڕەفتار دەکات. ئەگەر ئێمە بەرگری لە مافەکانی منداڵان بەو یاسایانەی کە شایستەی مافەکانی منداڵانن بکەین، ئەوا بەشێکی زۆر لە چالاکی و هەڵسووڕانی ئایینیی دەبێ ڕابگیرێن، بەو هۆیەوە کە بە تەواوی لەگەڵ ئازادیی منداڵاندا ناکۆک و دژن، واتە ئەوەی کە منداڵان پارێزراو و دوور لە هەڕەشە و تۆقاندن و ئەشکەنجەدان و کارە ئیجباریییەکان بن و ... هتد. ئەگەر بە دروستی مافەکانی ژنان چاودێری بکەین، دیسان بڕێکی زۆر لە یاسای ئایینی دەبێ لاببرێن.

بەم مانایە، پیاوانی ئایینی چیتر ناتوانن یاساکانیان پیادە بکەن، ئەگەر لە ڕووی حوقووقییەوە ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگادا یەکسان بن، دەبێ سەرجەم یاساکانی خێزان و هاوسەرگیری و تەڵاق و ئیرس و میراتێک کە ئیسلام داینناون، لەکار بخرێن و بخرێنە لاوە. لە هەر شوێنێکیش ئەگەر کەسێک بیەوێ تەرحیان بکات، ئەوا لەگەڵ یاسا مەدەنییەکاندا دەکەونە ناکۆکییەوە. ئەمەوێ بڵێم، ئەگەر بەرگری لە مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ بکەین، بەشێکی زۆر لە ئایین لەناو دەچێ. وە ئەگەر بەرگری لە زانست و ئازادیی ئەندێشە بکەین، بەشێکی دیکەی ئایین پاک دەبێتەوە. لە کۆتاییدا ئەگەر 250 کەسێک لە وڵاتێکی 60 ملیۆنیی وەکوو ئێراندا، هێشتا لەسەر ئەو باوەڕە بن کە بەڵێ، ڕۆژی مەحشەرێک هەیە و پێنج کەڕەت لە ڕۆژدا دەبێ نوێژ بکرێ و ئەگەر نەکرێ، فڵان دەبی و حەتمەن دەبێ هەر چەند وەخت جارێک مەڕێک سەرببڕی، چونکە سەردەمێک ئیبراهیم خەلیل ویستبووی منداڵەکەی خۆی بکاتە قوربانی، ئارەزووی خۆیەتی! لەم چەشنە مرۆڤانە سەیرتریش لە دنیادا هەن. بەڵام چیتر ئەمانە نابنە یاسای کۆمەڵایەتی و سەرئێشە بۆ کەسیش دروست ناکەن. تەنانەت خودی ئەم جۆرە مرۆڤانە کە باوەڕیان بەم خورافاتانە هەیە، ڕەفتارێک لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیاندا دەکەن، کە نەک لە مافە مەدەنییەکانی ئەوانەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکوو لە ئایین و دەمارگیریی ئەم مرۆڤانەوە مایە دەگرن، بۆیە دەوڵەت دەچێ پێشیان پێ دەگرێ. من بڕوام بەوە نییە کە لە بەرامبەر ئیسلامدا توندوتیژی بەکار بهێنرێ. هەر وەک چۆن بڕوام بەوەش نییە، کە لە بەرامبەر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشدا کە لە کۆمەڵدا هەن، توندوتیژی بەکار ببرێ. بەڵام باوەڕم بەوە هەیە، کە یاساکان و هۆشیارکردنەوە بە هاوشانی یەکدی، دەتوانن دەرگای ئیسلام قفڵ بکەن. بۆ نموونە سەرۆکی کڵێسای بەریتانیا ڕایگەیاندووە کە وەزعی مەسیحییەت خراپە، وە چیتر کەس گوێی لێ ناگرێ. بۆچی؟ چونکە خەڵک پێویستییان پێی نییە. وە هێزیشی بەدەستەوە نەماوە.

وەرگێڕانی: حەمە غەفور

سەرچاوە:
درباره مبارزه با مذهب
http://hekmat.public-archive.net

ڕووبەڕووبوونەوە لە نزیکەوە

(ڕاپۆرتێکی پزیشکی)

لەم هەفتانەی دواییدا دۆستانێکی زۆر، لە هاوڕێیانی شەخسی، هەڵسووڕاوان و دۆستانی حیزب، خوێنەرانی ئینتەرناسیۆنالی هەفتانە و گوێگرانی ڕادیۆی ئینتەرناسیۆنالی، نیگەرانیی خۆیان لە دیارنەبوون و بێدەنگی چەند هەفتەیی من دەربڕیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە من تازە لە گرفتێکی تا ڕادەیەک گەورەی پزیشکی دەرچوومە و ئەگەر چی هەر لە سەرەتاوە بە نامەیەک کۆمیتەی ناوەندیی حیزبم لە مەسەلەکە و ڕەوتی چوونە پێشەوەی کارەکان ئاگادار کردەوە و لە دوا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیشدا بەشداریم کردوو ڕوونکردنەوەی پێویستم لەو بارەیەوە دا، ئێستا ئیتر دۆخەکە بە ئەندازەی پێویست گەڕاوەتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، کە بتوانم مەسەلەکە بە ئاگاداری هەمووان بگەیەنم.

چەند هەفتەیەک بەر لە ئێستا، دوای هەندێ پشکنین، دەرکەوت ئەو برینە بچووکەی کە لەم مانگانەی دواییدا لە دەوری زمانم سەری هەڵدابوو، لە ڕاستیدا لووی شێرپەنجەیە و دەبێ نەشتەرگەری بکرێت. ئەم نەشتەرگەرییە بە خێرایی لە کلینیکێکی باکووری ئەمەریکا ئەنجام درا. لووەکە و بۆ دڵنیاییش بەشێک لە شانە تووشنەبووەکانی چواردەورەکەیی و هەروەها چەند توێژاڵێک لە لووە لیمفاوییەکانی گەردن کە ئەیانتوانی ببنە دەروازەیەک بۆ دزە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، لابران. شیکاری دەری خست کە ئەم نەخۆشییە لە قۆناغی سەرەتاییدا بووە، لووەکە بچووک بووە و بە تەواوی لابراوە و شانە پیسەکە دزەی نەکردووەتە ناو لووە لیمفاوییەکانەوە. بە ڕای پزیشکەکان، چارەسەرەکانی من لەم قوناغەدا، ڕەنگە دوای چەند ڕۆژێک لە ڕادیۆتێراپیی تەواوکەر و ئیحتیاتی، تەواو بێت. ئەمە نەخۆشییەک نییە هەر لەگەڵتا بێت، بەڵکوو لە ڕوانگەی زانستی پزیشکییەوە، دوای نەشتەرگەرییەکە، ئەم نەخۆشییە کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام ئەگەرێکی کەم بۆ سەرهەڵدانەوەی هەیە و ئەمەش لە ساڵانی ئایندەدا چاودێرییەکی پزیشکیی ڕێکوپێک و تایبەتی دەخوازێت. زۆربەی تووشبووانی ئەم نەخۆشییە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا چارەسەر ئەکرێن، شانسێکی باشیان بۆ چاکبوونەوە و ژیانێکی کەم

تا زۆر نۆرماڵ هەیە. بە قەولی فودی ئالن، گرنگ نییە مەرگ کەی و لە کوێ دێتە سۆراخم، گرنگ ئەوەیە لەو کاتەدا من لەوێ نەبم.

ئێستا ئیتر نیشانە لاوەکییەکانی نەشتەرگەرییە قورسەکەی من کەم تا زۆر نەماوە. سەرباری ئەو زیانەی کە نەشتەرگەرییەکە بە ماسولکەی زمانی گەیاندبوو، قسەکردنی من تووشی گرفتێکی ئەوتۆ نەبووە و ڕوو لە چاکبوونەوەی یەکجارییە. هەر وەکوو وتم، ئەم نەخۆشییە لەگەڵ تەمەندا نییە، وە تا ئەو کاتەی کە نەگەڕابێتەوە، نییە. بەپێی ڕێسا، دەبێ ئەم ڕووداوە لە ئێستادا کاریگەرییەکی جەستەیی لەسەر من و توانای کار و هەڵسووڕانی من دانەنێت. بەڵام بە هەر حاڵ، بە داخەوە هێشتا شێرپەنجە وشەیەکی ترسناکە و ئەگەر چی ئێستا لە ئەنجامی دەستکەوتە پزیشکییەکانی ئەمڕۆدا ئیتر بێ سێ و دوو، بە سزای ئیعدام دانانرێت، هێشتا سێبەرێکی ڕەش، هەڕەشەیەکی هەمیشەیی، مێژوویەکی لەناوچوون و حوکمێکی تەنفیز نەکراو، بەسەر سەری ئەو کەسانەوە کە تووشی دەبن ڕادەگرێ. دەبێ حیساب بۆ ئەم ڕووداوە بکرێت. بەرەیەکی تازەی شەڕ لە ژیانی ئەو کەسە و نزیکەکانیدا دەکرێتەوە. دەبێ جێگای ئەم ڕووداوە لەنێو ژیاندا بکرێتەوە و خۆتی لەگەڵدا ڕابهێنیت. هەندێ شتی ڕۆتینی دەبێ بگۆڕیت. ئەم ڕووداوە، بە تایبەتی لە سەرەتای کاردا، بە هەر حاڵ کاریگەری خۆی لەسەر جۆری هەڵسووڕان و ڕۆڵی من لە حیزبدا دادەنێت. بەرنامەی من ئەوەیە ،کە لە ڕووی سیاسی و حیزبییەوە زۆر هەڵسووڕاو بم. لەم ڕووەوە، ئەم ڕووداوە هیچ شتێک بۆ من ناگۆڕێت. لە هەمان کاتدا بە هاوبیری لەگەڵ ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا خەریکی پەیداکردنی ئەو ڕێگایانەین کە گوشار و قورسایی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی لەسەر من کەم ببێتەوە و بتوانم بە دەستئاوەڵاییەکی زیاتر و لێپرسراوێتییەکی ڕاستەوخۆی کەمترەوە کار بکەم. یەکێک لەو کارانە، گۆڕینی هەمیشەیی سەرنووسەریی "ئینتەرسیۆنالی هەفتانە"یە. بە سوپاسەوە بۆ کۆڕشی ئازیز، هەیئەتی سکرتێران کە بەم زووانە سەرنووسەرێکی هەمیشەیی تازە دیاری ئەکەن. گۆڕانکارییەکانی دیکە، دەبێ پلینۆمی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندی لە مانگەکانی داهاتوودا پەسەندی بکات.

وە سەرەنجام، هەر کەسێک لە نزیکەوە لەگەڵ شێرپەنجە ڕووبەڕوو بێتەوە، پێتان دەڵێت، کە چۆن ئەم ئینسانە بۆ چەند ڕۆژێک، بۆ گەشتوگوزارێکی سەیر و سەمەرەی فیکریی و مەعنەوی دەنێرێت. دەڵێی چاوبەستەکانتان دەکەنەوە، قفڵەکان لەسەر سۆز

و ئەفکارتان لادەبەن و ئەهێڵن جارێکی دیکە سەرلەنوێ ئازادانە و بە خێراییەکی سەرسوورهێنەر، گەشتێک بەناو هەموو کۆڵان و لاکۆڵانەکانی دنیا و ژیانتاندا بکەن.
من ئەم گەشتەم کرد. زۆر شتی لێوە فیربووم. دۆزینەوەی خۆت و ڕەنگە سەرە دەرزییەکیش نزیکبوونەوە لە ڕاستی و مانای ژیان. دەمەوێ لە یەکەم فرسەتدا کە بتوانم ئەم سەفەرنامەیە، بە تایبەت ڕوو لەو سەدان ئینسانە میهرەبانانەی کە لەو ڕۆژانەدا، لە دوور و نزیکەوە، من و خیزانەکەمیان لە باوەش گرت، بنووسم. لە ئێستادا تەنها پڕ بە دڵ سوپاسیان ئەکەم.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرنامەیەکی گرنگی بەدەستەوەیە بۆ خەڵک. ئەمساڵ ساڵێکی چارەنووسسازە لە مێژووی ژیانی حیزب و بزووتنەوەی ئازادی و یەکسانیدا. کارمان زۆرە. منیش گەڕامەوە.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
مواجهه از نزدیک: یک گزارش پزشکی
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 55
4 خرداد 1380، 25 مه 2001

تەرحی سازماندەیی ڕابەریی حیزب

(پەسەندکراوی پلینۆمی 14هەمی کۆمیتەی ناوەندی، سێپتامبەری 2001)

پێشەکی: ئامانجی ئەم تەرحە، خستنەڕووی شێوەیەکی خوازراو بۆ سازماندەیی درێژماوەی ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی حیزبمان جووت بێتەوە. ئەزموونی ئەم دواییە نیشانی دا، تەرحی پەسەندکراوی پلینۆمی پێشوو، کە لەوێدا دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەسەر مەکتەبی سیاسی و لیدەری حیزبدا دابەش بووە، دەتوانێت لە کاتی لەئارادابوونی پێویستییە دیاریکراوەکانی، بۆ هێنانەکایەوەی ڕابەرییەکی کاریگەر و بەهێز، تەرحێکی گونجاو بێت. لە هەمان کاتدا لە کاتی لەئارادانەبوونی ئەو پێویستییانە، حیزب بەرەو شکست ئەبات. بۆ نموونە، گردەوەبوون و کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەک و زووبەزووی مەکتەبی سیاسی و لەئارادابوونی سیستەمێکی ئیداریی ناوخۆیی پشتبەستوو بەو مەرجە، سەرەنجامی ئەرکی ئەم ئۆرگانەیە بە ناونیشانی دەزگایەکی سەرەوەی حیزب، کە سیاسەت دائەڕێژێ و لێی دەپرسێتەوە. بە نەبوونی ئەم گردەوەبوون و دەخاڵەتگەرییەی مەکتەبی سیاسی، لایەنێکی بنەڕەتی تەرحی پەسەندکراوی پلینۆمی پێشوو، نایەتە جێبەجێکردن. لە لایەکی ترەوە، هەڵبژاردنی کەسێک بە ناونیشانی لیدەر، تا ئەو کاتە بە شێوازێکی کارساز دەژمێردرێ کە: یەکەم، کاندیدگەلێکی کافی و ئامادە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە لە ئارادا بێت، دووەم، لە هەمان کاتدا، کەسێک وە یان چەند کەسێک لە کاندیدەکانی ئەم پۆستە، لە ئۆتۆریتەیەکی سیاسی و مەعنەوی جێکەتوو، کە یەکگرتوویی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی حیزب لەژێر ڕابەرایەتی خۆی ڕابگرێ، بەهرەمەند بێت. ئەگەر بەم جۆرە نەبێت، ئەوا دانانی لیدەر، ئەشێ، بە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی سازمانکاری ڕابەری، بگورێت. هەڵبژاردنی لیدەرێک بۆ حیزبێکی ئاسایی و جێکەوتە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاواییدا، حیزبێکی بەهرەمەند لە نەریتی بەهێزی کاری حیزبی، بە فراکسیۆن و باڵگەلی شکڵگرتووەوە، شێوازێکی گونجاوە. بەڵام لە حیزبێکی شۆڕشگێڕی دژەڕێژەودا، ئەرکێکی بنەڕەتی لیدەر، پێکهێنان و پاراستنی یەکێتییەکی بەرفراوانی حیزبییە. ئەوەی کە لە هەر دەورەیەک و

لە هەر هەلومەرجێکدا، کەسێک وە یان کەسانێک بەم تایبەتمەندی و ئۆتۆریتەیەوە حوزووریان هەبێت و ئامادەی ئەم لێپرسراوێتییە بن، ناتوانرێت مسۆگەر بکرێت.

سەرەنجام، ئەم تەرحەی ئێستا، لەسەر چاوپێداخشاندنەوە بە دوو خاڵ لە شێوازی سازمانکاری ئێستا، بنیات نراوە.

1) لە جێگای فەردی لیدەر، کۆڕێک، دەستەگەلێک، جەمعێکی ڕابەری جێگیر، پێشنیار ئەکرێت. ئێستا کەسێک لە سەرەوەی ئەم جەمعە قەراری گرتووە، بەڵام دەسەڵاتەکانی تا ئاستی سکرتێری ئەم جەمعەیە و لە مافی ڤیتۆی تایبەتی بەهرەمەند نییە.

2) دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەسەر لیدەر و مەکتەبی سیاسیدا هەڵئەوەشێتەوە. تەواوی دەسەڵاتەکانی ڕابەریی حیزب لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا، بۆ مەکتەبی سیاسی ئەگوێزرێنەوە. ڕابەریی جێگیر (کە لەم تەرحەدا، ناوی نراوە هەیئەتی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی)، بەشێکە لە خودی مەکتەبی سیاسی، کە لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە، بۆ ڕابەرایەتی سیاسی و ڕێنوێنیکردنی عەمەلی و سازماندەیی حیزب هەڵئەبژێردرێت.

ئەم تەرحە بە ڕووکەش، لە هێڵە گشتییەکانیدا، گەڕانەوەیە بۆ شێوە کۆنەکەی سازماندەیی ڕابەری حیزب (مەکتەبی سیاسی بە ناونیشانی ڕابەریی حیزب، لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا). بەڵام ئەبێ، جەخت لەسەر چەند جیاوازییەکی عەمەلی و شێوەکاریی کە لەم تەرحەدایە، لەگەڵ شێوە کۆنەکەیدا بکرێت:

1) لەئارادابوونی ڕابەرییەکی بەکۆمەڵی جێگیر و گرد و کۆ لە جوگرافیایەکدا، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە سەرەوەی حیزب حوزووری هەیە، کۆڵەکەی بناغەیی ئەم تەرحەیە. هەتا ئێستا حیزب، لە ئاوها گرد و کۆیەکی ڕابەری بەهرەمەند نەبووە.

2) ئەم جەمعە بە تەنها ڕابەریکردنی جێبەجێکردن و ئیدارەکردنی حیزبی لە ئەستۆدا نییە، بەڵکوو ڕابەریکردن بە مانا فراوانەکەی لە ئەستۆدایە. نەخشەدانەری گشت سیاسەتەکان، تاکتیکەکان، نەخشەکانی کار، کەمپینەکان و شتی تر، شیکردنەوەی ئەوانە لە ناوە و لە دەرەوەی حیزب، داکۆکیکردن لێیان، پیادەکردنیان، سازدان و ئامادەکرنی هێز، لەنێو حیزب و چین و کۆمەڵگادا، بۆ بەجێگەیاندنی ئەوانە، بناغەی هەڵسووڕانی ئەم جەمعەیە. نووسین و قسەکردن لەسەر لایەنی جۆربەجۆر، لە مەسەلەی تیۆرییەوە هەتا بە مەسەلەی سازماندەیی ئەگات، بەشێکی بنچینەیی و لەدابڕاننەهاتووی کاری ئەم جەمعە و ئەندامەکانییەتی. گۆڕینی ئەم هەیئەتانە بە

ئۆرگانی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ڕووت و بەس، بە مانای تەواوی وشە، یانی مەحرومکردنی حیزب لە ڕابەری.

3) بناغەی بەکارهێنانی چاودێریکردنێکی سەربەخۆ لەسەر ڕابەریی نیشتەجێی حیزب لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە لەم تەرحەدا، (چاودێریکردنێک، کە لە تەرحی پلینۆمی پێشوودا، لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە لەسەر لیدەر بەکار ئەهێنرا)، بە هەڵبژاردنی سکرتێرێک بۆ کۆمیتەی ناوەندی کە ئەندامی ڕابەریی جێگیری حیزب نییە و سەربەخۆ ڕاپۆرتی خۆی بە پلینۆم ئەدات، زامن ئەکرێت.

سەرەنجام، هەر تەرحێک تەنها بە ئەندازەی ئیرادە و توانایی جێبەجێکەرانی کاریگەر و بەکەڵک ئەبێت. پرانسیپێکی بناغەیی هەر تەرحێک بۆ سازماندەیی ڕابەریی حیزب، لەئارادابوونی کەسانێکە کە ئامادە بن، بە پلەی ڕابەرییەکی سیاسی و حیزبی بە مانای دروست و تەواوی وشەکە، دەرکەوتبن. لێرەدا دیسانەوە، ئامادەیی کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی و بە تایبەت هەیئەتی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کاروبارێک کە لە ئەستۆی دەگرن، مەرجی سەرکەوتوویی ئەم تەرحەیە.

بینای ڕابەریی حیزب و ئۆرگانەکانی:

1) کۆنگرەی حیزب، کۆمیتەی ناوەندی هەڵئەبژێرێت.

2) کۆمیتەی ناوەندی ئۆرگانێکی پلینۆمییە. لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا، مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێراوی پلینۆم، ڕابەریی حیزبی لە ئەستودایە.

3) مەکتەبی سیاسی بۆ مسۆگەرکردنی ڕابەریی هەمیشەیی و نیشتەجێی حیزب، لە نێوان خۆیاندا "هەیئەتی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی" و "سەرۆکی مەکتەبی سیاسی" هەڵئەبژێرن.

4) هەیئەتی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی، ڕابەریی جێگیری سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبە. سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، لە سەرەوەی هەیئەتی هەمیشەیی، قەراری گرتووە و کۆبوونەوەکانی هەیئەتی هەمیشەیی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی ئەنجام ئەدرێت. بڕیارەکانی هەیئەت، بە زۆرایەتی ڕێژەیی دەنگەکان بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

5) دەسەڵاتەکانی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لە هەیئەتی هەمیشەییدا، هاوشێوەی سکرتێری ئۆرگانێکە. سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لە پرۆسەی بڕیاردانداا، هەر وەکوو ئەندامانی تری هەیئەتی هەمیشەیی، خاوەنی یەک دەنگە.

6) هەیئەتی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی، جەمعێکی گرد و کۆ و جێگیر لە تاکە وڵاتێکدایە.

7) تەرح و سازماندەیی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی حیزب (پێکهێنانی هەیئەتی سکرتێرەکان، کۆمیتەی جێبەجێکردن، مەکتەبی ناوەندی و ئۆرگانی تر) لە دەسەڵاتەکانی هەیئەتی هەمیشەییە.

8) پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە هەمان شێوە، کەسێک بە ناونیشانی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵئەبژێرێت. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی نابێت، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، مەرجەعێکی تەنفیزی نییە، هەروها مەرجەعێک نییە بۆ دارشتنی سیاسەت و بۆ ڕابەریکردن. ئەرکی سەرەکی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پێی ئەسپێردرێ، چاودێریکردنێکی سەربەخۆیە لەسەر هەڵسووڕانی مەکتەبی سیاسی و ڕابەریی حیزب، وە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی جیاکارە لەو بارەیەوە بۆ پلینۆم. بانگەوازکردن و سازماندەیی پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندی، لە لایەن سکرتێری کۆمیتەی ناوەندییەوە ئەنجام ئەدرێت.

9) پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە لای زۆرەوە، شەش مانگ جارێک و کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دوو مانگ جارێک ئەبەسترێت.

10) سەنگوپێوانەکانی جێبەجێکردن و وردەکارییەکانی تری ئەم تەرحە، لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە دائەڕێژرێ و بڕیاری لەسەر ئەدرێت.

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

سەرچاوە:
طرح سازماندهی رهبری حزب
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 70
16 شهریور 1380، 7 سپتامبر 2001

کۆتاییهێنان به تیرۆریزم کاری ئێمەیە

(گفتوگۆ سەبارەت بە هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ئەمەریکا)

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: لە ئەنجامی هێرشی تیرۆریستی و خۆکوژی بۆ سەر باڵەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهان لە نیویۆرک و بینایەی پنتاگۆن لە واشنتۆن، هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمەریکا گیانیان لە دەست داوە. هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا چییە؟

مەنسوور حیکمەت: دوابەدوای ڕووداوەکە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەستبەجێ بەیاننامەیەکی لەم بارەیەوە دەرکرد، ئێمە ئەم هەنگاوە بە وێنەی تاوانێکی گەورە لە دژی مرۆڤایەتی، بە وێنەی کۆکوژییەکی پڕاوپڕ مەحکووم دەکەین. دڵمان لەگەڵ خەڵکی لە خوێنهەڵکێشراوی ئەمەریکادایە و پڕ بە دڵ لەم ناخۆشییەی ئەواندا بەشداری دەکەین. ڕێکخراو و دەوڵەتانی کۆنەپەرست، تیرۆریزمیان کردووە بە گۆشەیەکی جێکەوتووی ژیانی هاوچەرخ. ئێمە باوەڕمان وایە، کە دەتوانرێ و دەبێ بە هێزی خەڵک کۆتایی بە تیرۆریزم بهێنرێت، بە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەوە. ئەوە بۆ ئێمە ڕۆشنە کە ئەم ڕووداوە، سەرەڕای ڕەهەندی سەرسووڕهێنەری تاوانێک کە ڕاستەوخۆ ڕووی داوە، تازە خۆی سەرەتایەکە بۆ پەرەسەندنی پێشبڕکێی تیرۆریستی لە ئاستی جیهاندا. ڕۆژێکی ڕەش و پەردەی یەکەمی کوێرەوەرییەکی زۆرترە. بانگەوازی ئێمە بۆ خەڵک ئەوەیە کە بێنە مەیدان و خۆیان دنیا بە دەستەوە بگرن. دەبێ دنیا لە دەستی بۆمبڕێژان و جەنەراڵەکان دەربهێنرێ.

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: ئەم هەنگاوە تیرۆریستییە لە لایەن کێوە ئەنجام دراوە و بەدوای چ ئامانجێکەوەیە؟

مەنسوور حیکمەت: هێشتا ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرا نەبووە. دەکرێ ئەگەری جۆراوجۆر لە ئارادا بێت. لە ڕووداوی ئۆکلاهمادا بە خێرایی دەرکەوت، کە دەستەیەک لە باڵی ڕاستی توندڕەوی خودی ئەمەریکا، هۆکاری ئەو کارەساتە بوون. بەڵام ئەمجارە لە نیشانەکاندا وا دەرئەکەوێ، کە ڕەوتێکی ئیسلامی لە پشتی ئەم تاوانەوە بێت. خەسڵەتی خۆکوژی کردەوەکە، ئەم ڕووداوە ئەخاتە خانەی نەریتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە. ئەوەی کە کام ڕێکخراوی ئیسلامی یان کام پێکهاتە لە ڕێکخراوە و

دەوڵەتان لە پشتی ئەم هێرشەوە بوون، ئەمەیان نارۆشنترە. ڕەهەندەکانی ئەم کردەوەیە، بوونی چوار گرووپ بە چوار فرۆکەوانی مەشقپێکراوەوە بۆ لێخوڕینی فرۆکەی نەفەرهەڵگر کە ئامادەی خۆکوژی بوون، نیشانەی نەخشەیەکی درێژماوەی 4_ 5 ساڵەیە. ئەوەی کە سەرەداوێ لەم نەخشە گەورە و درێژماوەیە دزەی نەکردووە و نەگەیشتووەتە ڕێکخراوە جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا، بەڵگەی ئەوەیە کە سەرچاوە زانیارییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی نفووزێکی ئەوتۆیان لەنێو ئەم ڕەوتانەدا نەبووە. کە ئەمەش دیسانەوە ئاماژە بۆ دەرەوەی ئەمەریکا و ئەورووپا ئەکات. سەرباری ئەمانە ناتوانرێ بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە ئەنجامدەران و هۆکارەکانی ئەم هێرشە قسە بکرێت. دەوڵەتی ئەمەریکا و میدیاکان، بە شێوەیەکی سەرەکی پەنجە بۆ گرووپی بن لادن درێژ ئەکەن.

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: بەرپرسانی ئەمەریکا قسە لە تۆڵە و تەمێکردنی تیرۆرستان و وڵاتانی لایەنگری تیرۆریزم دەکەن. بن لادن تاوانبار کراوە و ئەڵێن ئەگەر تاڵیبان ئەو تەسلیم نەکاتەوە، ڕەنگە هێرش بکرێتە سەر ئەفغانستان. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

مەنسوور حیکمەت: بە ڕای من، بێگومان ئەمەریکا و ناتۆ دەست دەدەنە کردەوەیەکی گەورەی توندوتیژی. مەرج نییە، وە یان لە بنەڕەتەوە مەبەست تەمێکردنی ئەنجامدەرانی ئەم ڕووداوە نییە، کە ڕەنگە نیشانەی ئەمەریکا هەر ڕووی لەوان نەبێت، بەڵکوو بە مەبەستی هێزنواندن لە ئاستی جیهانیدا و هەروەها بۆ لەبەرچاوگرتنی هەندێ فاکتەری دەروونی و مەعنەویی ناوخۆیی لە خودی ئەمەریکادا. ئەمەریکا لە نێوان ڕێگایەکی سیاسیی کاریگەر بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە تیرۆریزمی دژی ئەمەریکایی و ڕێگایەکی سەربازی بوودەڵەدا، بێگومان دووەمیان هەڵدەبژێرێ. چونکە تێڕوانینی ئەمەریکا بۆ خۆی و باڵادەستیی خۆی، لەسەر توانا سەربازییەکەی دامەزراوە.

لە بارەی ڕەهەندەکانی کاردانەوەکەی ئەمەریکاوە، هێشتا شتێکی بڕاوە لە ئارادا نییە، پێم وا نییە کە خۆشیان بۆمب و مووشەکوەشاندنی دووراودوور بۆ شار و ناوچەکانی ئەفغانستان بە هەنگاو و ڕێگایەکی کافی بزانن. ئەگەر تاڵیبان بن لادن تەسلیم بکاتەوە، ڕەنگە ڕەهەندی کاردانەوە سەربازییەکەی ئەمەریکا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا بمێنێتەوە. ئەگینا، بە پێی قاعیدە جۆرێک لە داگیرکردنی زەمینی و پێشڕەوی لە

ئەفغانستان و تەنانەت لە عێراقدا دەخەنە بەرنامەیانەوە. ئەمە زۆر شت دەگۆڕێ، ڕووخساری سیاسیی دنیا دەگۆڕێ.

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: لە کاردانەوە بەراییەکاندا بەرامبەر بەم ڕووداوە، لە خودی ئەمەریکادا باس لە لاوازیی ئەمنی و زانیاری کراوە. بە شێوەیەکی واقیعیش، لە خاکی ئەمەریکادا هێرش کراوەتە سەر بینایەی وەزارەتی بەرگری و گرنگترین ناوندی مالی و خەڵکێکی زۆریش بوون بە قوربانی. ئەم ڕووداوە چ کاریگەرییەک لەسەر ئەمەریکا وەک زلهێزی جیهان دائەنێت، ئەمەریکا بۆ پێشگرتن بە هاتنەخوارەوەی مەوقیعیەتی خۆی، ڕەنگە چ کارێک بگرێتەبەر؟

مەنسوور حیکمەت: بە پێچەوانەوە، بە ڕای من، ئەم تیرۆریزمە بە قازانجی جێگیرکردنی ڕووخساری ئەمەریکا وەک زلهێزێک کار دەکات. زلهێزیی ئەمەریکا کارێکە کە لە بەرامبەر جەمسەرە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی دیکە لە جیهانی سەرمایەداریدا پێناسە دەکرێت، نەک لە بەرامبەر ئەفغانستان یان عێراق یان جیهادی ئیسلامی یان حەماس. زلهێزیی ئەمەریکا بە مانای ئەوەیە، کە هەر چییەکی بوێت لە جیهاندا بیکات. نەک ئەوەی کە فرۆکەخانەکانی ئیمکانی دزەتێکردنی نەبێت، یان بیناکانی لە سووتاندن نەیات. فەزای ئەمڕۆی دنیا، دوای ئەم ڕووداوە، ڕێک وەک دەورانی دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە، فەزای دەربڕینی وەفاداریی سەرلەنوێی هێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بۆ ئەمەریکا و تەسلیمبوون بە خواستە سیاسی و سەربازییەکانی دەستەی حوکمڕانی ئەمەریکایە. ئەم تاوانە تیرۆریستییە، وەرەقەیەکی سپی ئیمزاکراو دەداتە دەستی ئەمەریکا بۆ دەخاڵەتکردنی سەربازی لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ پێداگری سەرلەنوێ لەسەر باڵادەستیی جیهانیی خۆی. تا یەک ڕۆژ پێشتر دەوڵەتی ئەمەریکا بە هۆی لایەنگری توند و لاسارانەی لە ئیسرائیل و دەرچوونی لەژێر باری پەیماننامەی کیوتو (سەبارەت بە پاراستنی ژینگە) لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە باڵاکانی و میدیاکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە لەژێر گوشاردا بوو. ئەمەریکا وەک ئامراز و بەهانە و پێشەکییەک، بۆ هێزنواندنی سەربازیی خۆی، کەڵک لەم ڕووداوە وەردەگرێت. لە کورتماوەدا هەموو دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان "بەڵێ قوربان"ی بۆ دەڵێن و ئامادەباش ڕادەوەستن. بەڵام لە درێژماوەتردا هاوکێشە ئابووری و سیاسییە جێکەوتووترەکان دیسانەوە خاڵی هاوسەنگی بە زیانی ئەمەریکا دەگۆڕن.

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: لە باری سیاسییەوە، ئایا ئەم ڕووداوە مەسەلەکانی وەک ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلەی فەلەستین دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە؟ چۆن؟

مەنسوور حیکمەت: لە کورتماوەدا بێگومان هەموو شتێک دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. هەردوو لای کێشمەکێشەکە لە فەلەستین و ئیسرائیل حەپەساو و نیگەرانن. عەرەفات بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە مایکرۆفۆن و مەحکوومی دەکات، نەکا گۆشەیەکی ئەم ڕووداوە بە ناوی ئەوەوە بنووسن. سەرانی ئیسرائیل بە توندی لەو فۆرموولبەندییە کە دەڵێ، ئەم ڕووداوە درێژەی مەسەلەی فەلەستین و کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر توندوتیژییەکانی ئیسرائیلدا، دەپەشۆکێن و شانی خۆیان لە بەرپرسیارێتی خاڵی دەکەن. بەڵێ کاریگەری ئەم ڕووداوە لە درێژماوەتردا، بە کاردانەوەی سەرەتایی ئەمەریکا لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا بەستراوەتەوە. ئەگەر هێزنواندنێکی خوێناوی دژی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ڕوو بدات، ئەو کاتە لە کۆتایی ئەم بێنەوبەرەیەدا، هەر وەکوو لە کۆتایی هێرش بۆ سەر عێراقدا بینیمان، سووڕێکی دیپلۆماسی بۆ ئاشتیی هەردوو لا لە دڵی ئەم هاوسەنگییە سەربازییە تازەیەدا دەست پێ دەکات. بەڵێ مەسەلەی فەلەستین و جیگاوڕێگای ئیسرائیل و عەرەبەکان ڕیشەیەکی قووڵتری لە واقیعیەتە ناوچەییەکاندا هەیە. ئاشتی لە فەلەستین بەبێ وەرچەرخانی هەردوو کۆمەڵگا لە ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو چەپ لە توانادا نییە. سکۆلاریزم و عەدالەتخوازی لە هەردوو بەری کێشەکەدا دەبێت بەسەر قەومپەرستی و ئایینیدا سەرکەوێ، تا ئاشتی مومکین بێت. مەسەلەی فەلەستین ڕێگاچارەی سەربازی نییە. تۆقاندن لە بەینی نابات. سەرئەنجام لە ئاکامدا تا ڕوانگەی هەردوو کۆمەڵگا بەرامبەر بەیەک و ڕیزبەستنی سیاسیی نێوان چەپ و ڕاست لە دەروونی هەردوو لادا ئاڵوگۆڕ نەکات، مەسەلەکە لە جێگای خۆی ئەمێنێتەوە.

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: لە ڕاگەیاندنی تا ئێستای میدیای ڕۆژئاوادا، ئەم هێرشە تیرۆریستانەیە بە بەرامبەرکێ لەگەڵ دیموکراسی پێناسە دەکەن و هەندێ لە "وڵاتانی ئیسلامی" بە جۆرێک خراونەتە ناو ئەم بەرامبەرکێیەوە. ئایا ئەمە ئەشێ ببێتە هۆی گەشەی ڕاسیزم لە ڕۆژئاوادا؟

مەنسوور حیکمەت: لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوادا، لێرەولەوێ ئاماژە بۆ تێزەکانی "شەڕی شارستانییەکان"ی هانتیگون بەدی ئەکرێت. ئەوەی کە ئەمە

کێشمەکێشێکی "شارستانی"یە، هێرشێکە بۆسەر "شێوە ژیانی" ڕۆژئاوایی، بۆسەر دیموکراسی و ... هتد. لێرەولەوێ دەبیسترێ. بەڵێ حەرەکەتی ڕەوتی ئەسڵیی کۆمەڵگا و تەنانەت خودی قسەکەرانی دەوڵەتی ئەمەریکا، بەڵگەی ئەوەن کە قسەی ئەم تێڕوانینە نایگرێت. من لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا، نیگەرانی گەشەی ڕاسیزم نیم. ڕاسیستەکان بێگومان ماوەیەک چالاکتر دەبن و خەڵکی هان دەدەن، بەڵام کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ڕەتیان دەکاتەوە. بە پێچەوانەوە، بە بڕوای من خەڵکی ئەمەریکا تا ئەوەندەی بکرێت لە دوورەوە لێی تێبگەیت، میهرەبانی و ئینسانییەتێکی جێگەی ستایشیان لە بەرامبەر ئەم کارەساتە ڕاچڵەکێنەرەدا نیشان داوە. بە بڕوای من خەڵکی ئەمەریکا تەنانەت کاردانەوەیەکی سەربازی لە دەوڵەتی ئەمەریکا لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سادەیی قبووڵ ناکەن، کە تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێ. ئەم ڕووداوە لەوە گەورەترە کە بکرێت بە کڵێشە باوەکان و پڕۆپاگەندە بڕۆیتە سۆراخییەوە. سەرئەنجام بە بڕوای من، کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی مامەڵەیەکی ئالۆزتر و تێگەیشتووانەتر لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا دەکات. تەکنەلۆژیی کۆمونیکاسیۆن ئەمڕۆ، گێلکردنی خەڵکی و دەرخوارددانی دەمارگیری دژوارتر کردووە. هەر ئەو تەلەڤیزیۆنەی کە کارەساتی نیویۆرک دەخاتە بەرچاوی جیهان، وێرانبوونی کابوولیش نیشان دەدات. کەسێک کە بۆ کارەساتی نیویۆرک فرمێسکی هەڵڕشتبێت، ناتوانێ بە ئاسانی بۆ دووبارەبوونەوەی لە کابوولدا هەڵهەڵە لێ بدات.

ئینتەرناسیۆناڵی هەفتانە: لە ڕاگەیاندنی حیزبدا پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشراوە، کە کارەساتی نیویۆرک حەڵقەیەکە لە توندبوونەوەی پێشبڕکێیەکی تیرۆریستی، پێشبڕکێیەک کە زۆربەی دەوڵەتانی دنیا لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان بە تایبەت ئیسلامییەکان تیایدا بەشدار دەبن. چۆن دەکرێت، بەر بەم پێشبڕکێیە بگیرێ و بە ڕای ئێوە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەبێ لە خەباتی دژی تیرۆریزمدا چ دەورێک بگێڕێ؟

مەنسوور حیکمەت: کۆتاییهێنان بە تیرۆریزم کاری ئیمەیە. کاری ئێمەمانانێک کە لە پێناو یەکسانی ماف و حورمەتی ئینسانەکان و جێخستنی بەهای ئەوان تێدەکۆشین. تیرۆریزمی دەوڵەتیی دەبێ بە ڕووخاندنی دەوڵەتانی تیرۆریست کۆتایی پێ بهێنرێ. تیرۆریزمی نادەوڵەتی دەبێ لە ڕێگای کۆتاییهێنان بەو کوێرەوەری و هەڵاواردن و چەوسانەوە و سەرکوتانەوە لەبەین ببرێ، کە ئینسانەکان بەرەو بێئومێدی پاڵ پێوە

دەنێن و دەیان کەنە قوربانیی ڕەوت و ڕێکخراوە کۆنەپەرستە دژی بەشەرییەکان. لە ڕێگای پەردەهەڵماڵین لە ڕووی دین و نەتەوەپەرستی و نەژادپەرستی و هەر ئایدۆلۆژیایەکی بوودەڵە کە ڕێز بۆ ئینسان دانانێت. وەڵامی ئێمە خەباتە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگا کراوە و ئازاد و یەکسانانەی کە لەوێدا ئادەمیزاد و گیان و حورمەت و ئاساییشی نرخی هەبێت. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری و حیزبە هاوشێوەکانمان، لە بەرامبەر هەردوو لای ئەم پێشبڕکێ تیرۆریستییەدا ڕادەوەستن. هەم لە بەرامبەر دەوڵەتانی کۆنەپەرست و هەم بزووتنەوە و حیزبە کۆنەپەرستەکان. بەڵام لە ئێستادا ئەوە ئەوانن کە ڕووخساری جیهان دیاری دەکەن. ئێمە و ئەحزابی وەکوو ئێمە، دەبێ بەشەرییەتی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز لە دژی گشت ئەم هەلومەرجە بهێنینە مەیدان. تا کاتێک کە ئەمە نەکرا بێت، ئەم نەهامەتییە درێژەی دەبێت.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
پایان دادن بە تروریسم کار ماست
"انترناسیونال هفتگی"، شمارە 71
23 شهریور 1380، 14 سپتامبر 2001

دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر
بەشی یەکەم: جەنگی تیرۆریستەکان

دوو جەمسەری کۆنەپەرستانە

تاوانی تیرۆریستیی سامناکی 11ی سێپتەمبەر 2001 لە دژی بەشەرییەت و کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاع لە ئەمەریکا، جیهانی خستووەتە بەر دەروازەی یەکێک لە تاریکترین و خوێناویترین سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخ. ئەوەی کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمەریکا ناوی لێ ناوە جەنگی جیهانی لە دژی تیرۆریزم، لە ڕاستیدا چوونی جیهانە بۆ ناو قۆناغێکی تازە و وێرانسازی لە جەنگی جیهانیی تیرۆریستەکاندا.

لە هەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە دژی بەشەرییەدا، دوو ئۆردووی سەرەکیی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ڕاوەستاون کە مۆری خوێناویی خۆیان لە ژیانی دوو نەوە لە خەڵکی جیهانی ئێمە داوە. لە جەمسەرێکیاندا، مەزنترین ماشێنی تیرۆریزمی دەوڵەتی و تۆقاندن و باجخۆریی نێونەتەوەیی ڕاوەستاوە. کە پێک هاتووە لە دەستەی فەرمانڕەوا و دەوڵەتی ئەمەریکا، واتە، تەنها هێزێک کە چەکی ئەتۆمی لە دژی مرۆڤ بەکارهێناوە و سەدان هەزار مرۆڤی بێ ئاگا و بێ گوناهی هێرۆشیما و ناکازاکی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا کردووەتە خۆڵەمێش، ملیۆنەها مرۆڤی لە ڤێتنام کوشتووە و خاکەکەیانی بە بۆمبی کیمیایی بۆ ساڵەها سووتاندووە و لە کەڵکی خستووە. ناتۆ و ئیئتیلافەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی کە لە عێراقەوە تا یۆگۆسلاڤیا ماڵ و قوتابخانە و نەخۆشخانەی خەڵکیان بەسەریاندا ڕووخاندووە و نان و دەرمانی ملیۆنەها منالیان بە بارمتە گرتووە. بۆرژوازی و دەوڵەتی ئیسرائیل، داگیر دەکەن، دەست بەسەرا دەگرن، کوشتار دەکەن، مەحرووم دەکەن. ئەمانە ئۆردووگای ئاوارەکان دەدەنە بەر بۆمب و ڕۆکێت و ئەو منداڵە دەسالانانەی کە خۆیان لە باوەشی باوکیاندا پەنا داوە یان لە ڕیزی قوتابخانە ڕاوەستاون، دەدەنە بەر گوللە. لە هێرۆشیما و ڤێتنامەوە تا گرانەدا و عێراق، لە مەیدانەکانی تیربارانی ئیندۆنیزیا و شیلییەوە تا کوشتارگاکانی فەلەستین، کارنامە و پەروەندەی ئەم جەمسەرە جیهانییەی تیرۆریزمی دەوڵەتی و ملهوڕیی ئیمپریالیستی بە شێوەیەکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر بە بەرچاوی خەڵکی جیهانەوەیە.

لە جەمسەری بەرامبەردا، تیرۆریزمی ئیسلامی و بزووتنەوەی کۆنەپەرستانە و چەپەڵی ئیسلامی سیاسی ڕاوەستاوە. ئەمانە کە زەمانێک لە جەنگی ساردا خۆیان دەستساز و پەروەردەی دەستی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بوون و ئامرازی ڕێکخستنی کۆنەپەرستیی ناوچەیی بوون لە دژی چەپ لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا بوونەتە جەمسەرێکی چالاکی تیرۆریزمی نیونەتەوەیی و یەکێک لە ڕەقیبەکانی جەنگی دەسەڵاتی بۆرژوایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. مێژووی دژی مرۆیی ئیسلامی سیاسی، لە ئێران و ئەفغانستان و پاکستانەوە تا جەزائیر و فەلەستین لیستێکی دوورودرێژە لە کۆکوژی و تاوانی دڵتەزێن. لە کوشتارە دەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتییەکانی ئێران و ئەفغانستانەوە تا تاوانکاریی ڕۆژانەی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ئیسرائیل و جەزائیر و نێوجەرگەی ئەورووپا و ئەمەریکا، لە سەرکوتی خوێناوی نەیارانی فیکری و سیاسییەوە تا زاڵکردنی یاسا کۆنەپەرست و دژی بەشەرییەکانی ئیسلام بەسەر خەڵکیدا و بە تایبەت بەسەر ژناندا، لە سەربڕین و دەستبڕینە شەرعییەکانەوە تا بۆمبنانەوە و کۆمەڵکوژییەکانی نێو پاس و کافیتیریا و دیسکۆکان. ئەمانە سەرەقەڵەمی کارنامەی ئەم کۆنەپەرستانەیە.

ئێستا بڕیارە ئەم کێشمەکێشە سەدان هەزار و بگرە ملیۆنەها ئینسانی دیکە، سبەینێ لە ئەفغانستان و دوو سبەی لە هەر گۆشەیەکی دیکەی جیهان، بکاتە قوربانی. دەبێ لە بەرامبەر ئەمەدا ڕابوەستین.

پرۆپاگەندەی جەنگی:

شانبەشانی ئەم ڕیزبەستنە سەربازییە، ئێمە ڕیزبەستنی ئایدیۆلۆژی و ئیعلامیی ئەم دوو ئۆردووگایە دەبینین. درزتێکردن و ڕووخاندنی دیواری ئەم ڕاگەیاندنە و دەرکێشانی حەقیقەت لەپشتی شەپۆلێکی مەزن لە ڕیاکاری و درۆ کە جیهان لووش دەدات، مەرجی یەکەمی ڕێکخستنی ڕیزێکی سەربەخۆیە لە بەشەرییەتی ئازادیخواز لە بەرامبەر جەنگی جیهانیی تیرۆریستەکاندا. ئاڵای توندڕەوان لە هەردوو ئۆردووگادا لە دوورەوە ئاشکرایە و دەبینرێت. دنیای ئاڵۆزی ئەمڕۆ ئیتر پێشوازییەکی ئەوتۆ لەم بیروبۆچوونە کرچوکاڵانە ناکات. ئاڵای چەرخانی و جینگوئیزمی ئەمەریکایی و ڕۆژئاوایی، ڕاسیزم، زۆربڵێیی "شەڕی شارستانییەتەکان" و شتی لەم بابەتە، تەنها دەتوانێ لە گۆشە و کەناری کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا نفووز پەیدا بکات. سەرانی ئەمەریکا و دەوڵەتەکان و میدیای ڕۆژئاوایی خۆیان دەزانن کە ئەم بیروبۆچوون و

هەڵوێستە کرچ و کاڵانە ناتوانێت چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و ئیعلامی کێشمەکێشێک پێک بهێنن کە چوونەتە ناوییەوە. لە جەمسەری بەرامبەریشدا بیرۆکەی جیهادی ئیسلامی، خوێنڕشتنی بێ جیاوازی چ لە ڕێگای "خودا" و ئایینداا، چ بۆ "ئازادیی قودس" و ڕزگارکردنی خاکی ئیسلام لە چنگاڵی زایۆنیزم و ئیمپریالیزمی خوێنخۆری جیهانی، بە شێوەیەکی گشتی تەنها لەنێو ڕیزەکانی خودی توندڕەوەکان و هەڵسووڕاوانی ئیسلامی سیاسیدا برەوی هەیە و جەماوەری خەڵک لە کۆمەڵگای هاوچەرخ لە پانایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناهێنێتە پشت خۆی. ئەو مشتومڕە ئیعلامی و نەبەردە ئایدیۆلۆژییانەی کە بڕیارە ئەم کێشمەکێشە سەربازییە خوێناوییە پاساو بدات کە بەڕێوەیە، ناتوانێ لەسەر ئەم لێکدانەوە ساف و سادە توندڕە و سیکتاریستی و ساویلکانانەیە بینا بکرێت. ئەوەی کە سەرەنجام دەتوانێ جەماوەری فراوانی خەڵک لە ڕۆژئاوا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکێشێتە کامی ئەم جەنگەوە و لە پاڵ هەردوو لایەنی ئەم بەرامبەرکێ کۆنەپەرستانەیەدا ڕایان بگرێت، ئەم بیروبۆچوونە کرچوکاڵانە نییە، بەڵکوو لێکدانەوە و پاساوی لەمانە ئێسکسووکترە، کە تاکوو ئێرەش شایەدی پەرەسەندنی خێرایان بووین.

لە فۆرموولەی ڕۆژئاواییەکاندا، بە جیا لە ئاماژە چەقۆکێشانەکانی بووش، "بەشەرییەتی شارستانی" لە بەرامبەر بەڵای تیرۆریزمدایە. ئەمەریکا وەکوو ڕابەری ئەم بەرەی شارستانییەتە نیشان دەدرێت. ئامانج پووچەڵکردنەوەی تیرۆریزم و سپاردنی تیرۆریستانە بە داد و عەدالەت. مەسەلەکە بە ڕواڵەت لە هێرش بۆ سەر عێراق و بۆمبارانی بەلگراد سروشتیترە. چ کەسێک ئەتوانێ لەسەر سیاسەتە سەربازییەکەی گلەیی لە "ئەمەریکا" بکات، لە کاتێکدا کە 6000 کەس لە "خەڵکەکەیان" بەو شێوە درندانەیە کوشت؟ چ شتێک لە کاردانەوەی سەربازیی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ لێدان لەم تیرۆریزمە و پاراستنی "هاووڵاتیانی" و بگرە خەڵکی جیهان، لە تاوانەکانی ئایندە کە ڕەنگە بەڕێوە بێت بەڵگەنەویستترە؟ بۆ ئامادەبوون لە یانەی "بەشەرییەتی شارستانی"دا، هیچ مەرجێکی نەتەوەیی و نەژادی و دینیان دانەناوە. داواکاران هەر ڕەنگ و شێوە و ئایین و ڕابردوویەکیان هەبێت، کافییە فۆرمی پشتیوانی لە ئەمەریکا پڕ بکەنەوە. پرۆپاگەندەی جەنگی ئەم جارە، بڕیار نییە نەژادی، نەتەوەیی، ئایینی و تەنانەت سیاسییش بێت. مەسەلە پاراستنی هەناردنی نەوت، داکۆکی لە دیموکراسی و گێڕانەوەی کوێت بۆ شێخەکانی نییە. ئەگەر سوپای ئەمەریکا جارێکی دیکە بۆ

دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە پێش ئەمە چەندین جار ئەنجامی داوە، خۆی ئامادە دەکات، وا نیشان دەدات کە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژیانە، داکۆکییە لە مافی سەفەر، لە مافی نەتەقینەوەی ئینسانەکان لە گۆشەی ماڵ و شەقامەکانیان. تاوانی 11ی سێپتەمبەر، تاکوو ئێستا بەهێزترین چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و ئیعلامی بۆ دەخاڵەتگەریی سەربازیی ئەمەریکا و ناتۆ لە گۆشە و کەنارە دوورەدەستەکانی جیهان فەراهەم کردووە. لەم ساتەدا، جیاکردنەوەی جەماوەری فراوانی خەڵک لە ڕۆژئاوا لە سیاسەتی سەربازیی دەستەی حوکمڕانی ئەم وڵاتانە، پێویستی بە کارێکی هەرقلیی هۆشیارکردنەوە هەیە. ئەم هاوسەنگییە فیکرییە ڕەنگە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی تازەدا بە خێرایی بگۆڕێت، بەڵام لەم ساتەدا تێزی "مشتومڕی شارستانێتی لەگەڵ تیرۆریزمدا"، کۆنترۆڵی بیروڕای گشتی لە ڕۆژئاوادا داوەتە دەستی سیاسەتمەداران و میدیای ڕۆژئاوایی.

لە جەمسەری بەرامبەریشدا چوارچێوەیەکی ئاڵۆز و تا ڕادەیەک کاریگەر بۆ بەرگری لە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی خەریکە شکڵ ئەگرێت. کەم کەس جورئەتی ئەوەی هەیە کە داکۆکی لە شەڵاڵی خوێنکردنی هەزاران کەس لەم تاوانە ئاشکرایەدا بکات. تەنانەت جانەوەرانی دەسەڵاتدار لە ئێران و ئەفغانستانیش ناچارن قسەکانیان چاک بکەن. داکۆکی ئاشکرا لە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی ئاڵای ئەم جەمسەرە نابێت. لایەنی ئیسلامی لە جەنگی تیرۆریستەکاندا پشت بە لێکدانەوە و پاساوێکی کارا بەڵام کۆن بۆ تیرۆریزم دەبەستێت، کە کۆڵەکەیەکی "دژی_ ئیمپریالیزم"ی وردەبۆرژوایی جیهانی سێیەم و بە تایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئێمە 7 ساڵ پێش ئێستا، لە ئاکامی شەپۆلێک لە ئینسانکوژیی ئیسلامی لە ئیسرائیل و میسر و جەزائیر، لە ستوونی یەکەمی "ئینتەرناسیۆنالّ"دا، ڕاشکاوانە پەردەمان لەڕووی ئەم دیفاعە کۆنەپەرستانەیە لە تیرۆریزم هەڵماڵی و مەحکوومان کرد. بێ سوود نییە ئەگەر ئەو نووسینە کورتە لێرەدا بهێنینەوە:

"شەپۆلێک لە ئینسانکوژیی ئیسلامی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقای گرتۆتەوە، قوربانیانی ئەم شەپۆلە، سادەترین خەڵکانی سادەن. لە میسر و جەزائیر خەڵکی بیانی، بە کرێکار و گەشتیار و خانەنشینەوە، دەدەنە بەر گوللە و سەریان دەبڕن، ڕیزی منداڵانی خوێندنگای سەرەتایی بۆمبباران دەکەن، ئەو کچە لاوانەی کە مل بە زەواجی زۆرەملێ نادەن، شەڵاڵی خوێن دەکەن. لە گردی ئاویو ڕێبوارانی بێ

ئاگا بە منالْ و پیر و لاوەوە لە شەقام و پاسەکاندا دەکوژن. وە قارەمانانە لە ئیسرائیلەوە تا جەزائیر، بەشەرییەتی سەرسام دلْنیا دەکەنەوە کە ئەم "خەباتی چەکدارانە"یە درێژەی دەبێت.

سەردەمانێک چەپی تەقلیدیی "دژی ئیمپریالیست" زەبروزەنگی کوێرانە و هەوسارپچڕیوی ڕەوتە جیهانسێیەمی و دژی ڕۆژئاواییەکانیان ئەگەر بە ستایشەوە سەیر نەکردایە، لانیکەم چاوپۆشییان لێ ئەکرد. ستەمێک کە لە میللەتانی مەحرووم و گەلانی ستەمدیدە دەکرا، بە قەولی ئەمان، ئەم تیرۆریزمەی وەکوو کاردانەوەیەکی ڕەوا پاساو دەکرد. تیرۆریزمی گرووپە فەلەستینییەکان، ڕەوتە موسلْمانەکان، وە یان سوپای ڕزگاریخوازی ئیرلەندا، کە قوربانییەکانیان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر خەلْکی بێ دیفاع و بێ ئاگای مەدەنی دەگرتەوە، نموونە بەرجەستەکانی ئەم تیرۆریزمە "ڕەوا"یە لە سەردەمەکانی پێشوودا بوون. تیرۆریزمێک کە بە ڕواڵەت وەلْامی ستەمەکانی ڕابردوو و ئێستای ئەدایەوە، تیرۆریزمێک کە بە ڕواڵەت لە کاردانەوە بە زەبروزەنگ و سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی دەوڵەت و دەسەلْاتە سەرکوتگەرەکان سەری هەلْدابوو. سەیر لەوەدایە کە دەوڵەتی ئیسرائیلیش بە دریژایی چەندین ساڵ ڕێک هەر بەم پاساوە واتە، بە پشتبەستن بە کۆکوژییە لەوەسفنەهاتووەکانی فاشیزمی هیتلەری و ڕەوتە دژی یەهوودییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا لە دژی خەلْکی یەهوود، سەرکوتی زەبروزەنگاویی خەلْکی مەحرووومی فەلەستین و کوشتاری هەموو ڕۆژەی لاوانی فەلەستینی پاساو کردووە. ئەم جۆرە پاساوە و تیرۆریزمێکی کوێرانە کە بە پشتبەستن بەم پاساوانە لە خۆرهەلْاتی ناوەڕاستدا، چ لە لایەن ڕێکخراوە عەرەب و فەلەستینییەکان و چ لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بەڕێوە چووە، هەمیشە لە لایەن کۆمۆنیزم و چینی کرێکارەوە ڕیسوا و مەحکووم بووە و مەحکوومە. بچووکترین پەیوەندیی واقیعی و مەشرووع لە نێوان ئەو میحنەتە سامناکانەی کە لە سەدەی ئەخیردا بەسەر خەلْکی یەهوددا هاتووە، لەگەڵ سەرکوتگەری و تاوانەکانی دەوڵەتی ڕاست و توندڕەوی ئیسرائیل لە دژی خەلْکی فەلەستین نەبووە و نییە. بچووکترین پەیوەندیی واقیعی و مەشرووع لە نێوان ئەو دەرد و کوێرەوەرییانەی کە خەلْکی فەلەستین چەشتوویانە لەگەڵ تیرۆریزمی ئەو ڕێکخراوانەی کە دراونەتە پاڵ ئەم خەلْکە، چ ئیسلامی و چ نائیسلامی نەبووە و نییە. ئەمە کەلْکئاوەژوو و سەرمایەگوزاریکردنی ڕەوت و باڵەکانی بۆرژوازی بە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەوە، لە

کوێرەوەرییەکانی خەلْکی مەحرووەمە. مەحکوومکردن و لە مەیدان وەدەرنانی ئەم تیرۆریزمە لە لایەن چینی کرێکارەوە بە تایبەتی لە وڵاتانی ناوچەکەدا، مەرجێکی بنەڕەتیی بەدەستهێنانی جلْەوی خەباتی کۆمەلْایەتی لە لایەن کرێکارەوەیە بۆ کۆتاییهێنان بەم کوێرەوەریانە.

شەپۆلی تازەی ئینسانکوژیی ئیسلامی بە تایبەتی لە باکووری ئەفریقا، وا دیارە ئیتر تەنانەت پێویستی بەم جۆرە پاساوە سیاسییەش نەبێ. عەمامەیەک و تفەنگێک، گشت ئەو شتەیە کە بۆ دەستپێکردنی ئەم جیهادە چەپەلْە لە دژی ئینسانییەت پێویستە. ئەمە گانگستەریزمی ئیسلامییە و چاوگەکەی ڕژێمی دەسەلْاتداری ئێرانە. چارەنووسی ئەم ڕەوتەش هەر لە ئێران یەکلایی دەبێتەوە." (م. حکمت، انترناسیونال 16 نوامبر 1994)

بە پەرەسەندنی ئەم کێشمەکێشە و بە تایبەت بە هێرشی پێشبینیکراوی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئەفغانستان، "دیفاعی دژی ئیمپریالیستی" لە ڕەوتی ئیسلامی و تەنانەت پاساوکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانیان بە بەهانەی تاوانکاری و سەرکوتگەرییەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە دەتوانێ جارێکی دیکە جێگای خۆی لەناو خەلْک و حیزبە سیاسییەکانی خۆرهەلْاتی ناوەڕاست و هەروەها چەند بەشێک لە چەپی ڕادیکاڵی نەریتی و ڕۆشنفکریی کۆمەلْگاکانی ڕۆژئاوادا بکاتەوە. پەناگای عەقیدەیی سەرەکیی گانگستەریزم و کۆنەپەرستیی ئیسلامی لەم شەڕی دەسەلْاتەدا، درووشمە بۆگەن و بە ئاشکرا دژی بەشەرییە دینی و ئیسلامییەکان نابێت، بەلْکوو ئەم بەناو "دژی ئیمپریالیزم"ە میللی_ ئایینی و وردەبۆرژوازییە دەبێت.

هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لە بەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا، ناتوانێ بەبێ پەردە لە ڕوو هەلْماڵین و تێکشکاندنی ئەم چوارچێوە عەقیدەییانە و پرۆپاگەندە جەنگییە ڕیاکارانەیە لە هەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیەدا، سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

کێشمەکێشەکە لەسەر چییە

ئەمە لە هەردوو لاوە شەڕی دەسەلْاتە. تیرۆریزم واقیعییەتێکی ئەم کێشمەکێشەیە، بەلْام ئەم مشتومڕە، وە جەنگێک کە خەریکە ئاگر ئەسێنێت، لەسەر تیرۆریزم نییە. هەمووان دەزانن کە چوونەژوورەوەی ئەمەریکا بۆ ناو ئەفغانستان و تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادن بە قەد سەرە دەرزییەک لەو کەمپینە تیرۆریستییەی کە لە

لایەن ڕەوتی ئیسلامییەوە هەڕەشە لە ڕۆژئاوا ئەکات کەم ناکاتەوە و هێمنی و ئاسوودەییەکی زیاتر بۆ دانیشتووانی ئەورووپا و ئەمەریکا دابین ناکات. بە پێچەوانەوە، تەنانەت مەترسییەکە زۆرتر دەکات. مەسەلەی فەلەستین ئەو قەڵەمڕەوەیە کە تیایدا ئەمەریکا و بزووتنەوەی ئیسلامی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەک ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەڵام ئەم کێشمەکێشە بە مانای تایبەتی وشەکە لەسەر یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی فەلەستینیش نییە. سیاسەتی ڕاگەیەنراوی ئەمەریکا، واتە شەڕێکی سەربازیی "فراوان، درێژخایەن و هەمەلایەنە" بە ئاشکرا هەردوو مەسەلەکە، واتە مەسەلەی فەلەستین و مەسەلەی تیرۆریزمی ئیسلامی، خەستتر دەکاتەوە. نە تەنها ئەمە، بەڵکوو شەڕی ناوخۆیی پێشبینیکراو لە پاکستان بە کۆمەڵێک ئاکامی زۆر وێرانکەرەوە لە ناوچەکە و لە ئاستی جیهانیدا، وە ئەزمەی قووڵی حوکوومەتی لە وڵاتانی بە ڕواڵەت سەقامگیری ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەشێ لە ئەنجامە بەراییەکانی ئەم سیاسەتە سەربازییە بن. خۆیان ئەمە بە باشی دەزانن، بەڵام بۆ ئەمەریکا، مەسەلەی سەرەکی لەم نێوەدا، جێخستن و پەرەپێدانی هەژموونی و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی خۆی وەکوو تاکە زلهێز بەسەر جیهاندایە. چارەسەری مەسەلەی فەلەستین یان خەبات لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی ئامانجی ئەم سیاسەتە نییە. پتەوکردن و پەرەپێدانی جێوشوێنی جیهانیی ئەمەریکا، لە جەرگەی ئەو گوشار و ئەو دەرفەتانەی کە تاوانی 11ی سێپتەمبەر هێناویەتییە ئاراوە، ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتەیە.

بۆ ئیسلامییەکانیش، ئەمە شەڕێکە لەسەر دەسەڵات. نە دەرد و کوێرەوەرییەکانی خەڵکی فەلەستین و نە زوڵم و ستەمی مێژوویی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات، سەرچاوەی ئەم تیرۆریزمە نییە. ڕەوتی ئیسلامی لە پێناوی مانەوە و پاراستنی جێوشوێنی ڕوو لە نشێوی خۆی و سەرەنجام بۆ پەرەپێدانی جێوشوێنی خۆی لە بونیادی دەسەڵاتی بۆرژوایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەکۆشێت. تیرۆریزم و دوژمنایەتیی کوێرانە لەگەڵ هەر شتێکدا کە بۆنی ڕۆژئاوا و ڕۆژئاواگەرایی لێوە بێت، سەرمایەی سیاسیی ئەوانە لە کۆمەڵگا و لەنێو ئەو جەماوەرەدا کە بەحەق ئەمەریکا و ئیسرائیل بە فاکتەری سەرەکی بێ مافی و مەحرووملییەتەکانی خۆیان دادەنێن. ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێکهاتنی وڵاتی فەلەستین، سووککردنی باری دەرد و کوێرەوەرییە نەتەوەیی و میللییەکان و هەڵپێچانی جیاکارییەک کە بەسەر خەڵکی

فەلەستیندا سەپێنراوە، زەنگی مەرگی بزووتنەوەی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لێدەدات. تیرۆریزم ئامرازی سەرەکیی ڕەوتی ئیسلامی بۆ قووڵکردنەوەی زیاتری قەڵشتە میللی و نەتەوەیی و ئایینییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە و بۆ زیندووهێشتنەوەی ئەم کێشمەکێشە وەکوو سەرمایەی سیاسی و سەرچاوەی هێزگرتنی خۆیەتی. ئیسلامییەکان، سەرباری ئەو گوشارە سەربازییەی کە لە لایەن ئەمەریکاوە دەخرێتە سەریان، پێشوازی لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەکەن.

بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخۆ لە بەرامبەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بێوێنە و مەرگبارەی جەمسەرە سەربازی و تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان، دەبێ ڕاستییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لەپشتی ڕاگەیاندنی جەنگی و پاساوەکانی ئۆردووگا دژ بەیەکەکان دەربکێشرێنە دەرەوە و ببرێنە نێو خەڵک. ئەم ڕووداوە و سیاسەتێک کە ئەمەریکا گرتوویەتییەبەر، کۆمەڵێک ئاکامی جیهانی و ناوچەیی گرنگی هەیە. ڕووخساری سیاسی و فیکریی جیهان دەستخۆشیی گۆڕانکارییەکی قووڵ دەکات. سیاسەت لە ئێراندا بە توندی کاریگەری لەم گۆڕانکارییانە وەردەگرێت. پێویستە بچینە سەر وێستگا سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە و سەرخەتەکانی سیاسەتێکی مەبدەئیی کۆمۆنیستی.

(درێژەی هەیە)

سەرچاوە:
دنیا پس از 11 سپتامبر
بخش اول: جنگ تروریستها
"انترناسیونال هفتگی"، شمارە 72
30 شهریور 1380، 21 سپتامبەر 2001

دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر
بەشی دووەم: "جیهانی شارستانی" لە کوێدایە

بەربەرییەت حەتمی نییە

جەنگی تیرۆریستان دەتوانێ سەرەتای یەکێک لە خوێناویترین سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخ بێت. هەر ئێستاش ملیۆنەها ئینسان هەناسەسوار بوونە. بەڵام ئەم ئاسۆیە حەتمی نییە. گۆڕەپانەکە تەنها بە دوو لایەنی کێشمەکێشەکە بەرتەسک نابێتەوە. هێزێکی سێیەم، دێوێکی نووستوو لە ئارادایە کە دەتوانێ بار و دۆخەکە بگۆڕێت. ئەگەر ئەم دێوە لە خەو هەستێت، ئەم سەردەمە دەتوانێ سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانکارییەکی ئیجابی و وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بێت لە جیهاندا کە مرۆڤایەتی لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لێی بێئومێد ببوو. بووش و بلێر و خامەنائی، ئەمەریکا و ناتۆ و ئیسلامی سیاسی، ئەوە نازانن کە بە ڕاستی بەشەرییەتێکی شارستانی، جیهانێکی شارستانی وجودی هەیە، کە ڕەنگە لەم نێوەدا لە خەو ڕاپەڕێت و لە بەرامبەر جەنگی تیرۆریستاندا بەرگری لە خۆی بکات. سەرباری ئەم هەموو تاریکییە و مەترسییەک کە لە بەرامبەر ئێمەی خەڵکدا دایان ناوە، سەدەی بیست و یەکەم دەتوانێ سەدەی بەربەرییەتی کاپیتالیستی نەبێت. ئەم ڕۆژانە، ڕۆژانێکی چارەنووسسازن.

میدیاکان ڕووخساری ئایدیۆلۆژی و مەعنەویی ڕاستەقینەی جیهان نیشان نادەن. بۆچوونی خۆیان دەڵێن، بۆچوونی زاڵ، بۆچوونی چینی دەسەڵاتدار. بۆچوونێک کە بە کەڵکیان دێت. میلیتاریزم، تیرۆریزم، ڕاسیزم، نەتەوەپەرستی، فەناتیزمی دینی و سوودپەرستی، لە ڕیزی پێشەوەی هەواڵەکاندان، بەڵام ئەمانە لە قووڵایی زەینی زۆربەی خەڵکی سەردەمی ئێمەدا جێگەیەکی مەحکەمیان نییە. سەیرکردنێکی سادەی جیهان، نیشانی دەدات، کە جەماوەری فراوانی خەڵکی جیهان لە دەوڵەت و میدیاکان چەپترن، مرۆڤدۆستترن، ئاشتیخوازترن، یەکسانیخوازترن، ئازادترن، ئازادیخوازترن. خەڵکی لە هەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە نەنگینەدا، هیچ ئارەزوویەکیان لەوە نییە کە سەرانی بۆرژوازی بەسەر خۆیاندا سوار بکەن. دەستەی فەرمانڕەوای ملهوڕی ئەمەریکا دەستبەجێ بۆی دەرئەکەوی کە سەرباری یەکێک لە مەزنترین تاوانە

تیرۆریستییەکان، سەرباری نمایشی زیندوو و لەحزە بە لەحزەی لەلێدانکەوتنی دڵی هەزاران مرۆڤ، سەرباری ماتەمی و ڕق و بێزارییەک، هەر کەسێک کە ویژدانی بە بەرژەوەندییەک نەفرۆشتبێ، دادەگرێت، هێشتاش هەر ئەم کۆمەڵگای ڕۆژئاواییە، هەر ئەم خەڵکەی کە هەموو ڕۆژێک مێشکی شۆردراوە، هەر ئەوانەی کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە ڕاسیزم و دژایەتیکردنی بێگانە "دەرس" دەدرێن، خوازیاری خۆ بواردن، ئینساف، عەدالەت و کاردانەوەی ئەقڵانی دەبن. خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە چ لە دنیای چەپەڵی نێو کەللەسەری خامەنائییەکان و خاتەمییەکان و مەلا محەمەد عومەرەکان و شێخە ورد و درشتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا و چ لە ستۆدیۆ دیلۆکسەکانی سی ئێن ئێن و بی بی سیدا ئۆمەتی دەمارگیری موسڵمان و ئەندامانی "شارستانییەتی ئیسلامی" وێنا دەکرێن، شانبەشانی خەڵکی ئەمەریکا ماتەمبار دەبن و نارەزایەتی دەردەبڕن. دەرککردنی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیسلامی سیاسی بێزارن، دەرککردنی ئەوەی کە بەشێکی زۆر فراوانی خەڵکی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا لە دەستی ملهوڕییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل وەتەنگ هاتوون و خۆیان لەپاڵ خەڵکی مەحروومی فەلەستیندا دەبیننەوە، دەرککردنی ئەوەی کە زۆربەی ئەم خەڵکە خوازیاری لابردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراقن و دەتوانن خۆیان بخەنە جێگای دایک و باوکە جەرگسووتاوەکانی عێراق کە بێ دەرمانیی، منداڵەکانیان بۆ باوەشی مەرگ دەبات، دەرککردنی ئەوەی کە ئەم جەماوەرە فراوانەی خەڵکی بەشەرەف و بەویژدانی جیهان لەم شەڕی بووش و بن لادنەدا، ئەم دوو دۆستە قەدیمی و دوژمنەی ئەمڕۆ، لەگەڵ هیچیاندا نین، هۆشێکی زۆری ناوێت. ئەم بەشەرییەتە شارستانییە لەژێر کەلاوەی پڕۆپاگەندە و مێشک داشۆرین و تۆقاندندا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بێدەنگ کراون، بەڵام دەکرێ بە ڕۆشنی ئەوە ببینرێت کە ئەم تەڵەکەبازییانەی قبووڵ نەکردووە. ئەمە هێزێکی مەزنە. دەتوانێ بێتە مەیدان. لە پێناوی ئایندەی بەشەرییەتدا دەبێ بێتە مەیدان. هەموو دژواریی کارەکە لێرەدایە. هێنانەمەیدانی ئەم هێزە مەزنە. لە جەنگی تیرۆریستەکاندا بەرەکانی شەڕەکە دیاری کراوە، ڕیزەکان لێک جیاکراونەتەوە، سەرچاوە و هێزەکان ئامادە کراون، ئەمە ڕوبەڕوبوونەوەیەکی سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسیی فراوانە، سەرباری هەموو نارۆشنییەکان، بەڵام چوارچێوەی فیکری و سیاسیی ئەم جەنگە بۆ سەرانی هەردوو

ئۆردووگاکە ڕۆشنە. بەڵام لە بەرەی ئێمەدا، لە بەرەی ئەو بەشەرییەتەدا کە دەبێ لە بەرامبەر ئەم سیناریۆ سامناکەدا بوەستێتەوە، هەموو شتێک ناڕۆشنە.

گومان لەوەدا نییە کە ڕیزی بەرگری لە بەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا هەر لە ئێستاوە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا پێک هاتووە و کەوتووەتە هەڵسووڕان. بەڵام هەر بەو ئەندازەیەی کە ئیسلامیستەکان و ئەمەریکا پێویستییان بە تیۆری و ستراتیژێکی ڕۆشن، بە لێکدانەوەیەکی هاوبەش و کارا هەیە، ئەم بزووتنەوە خەڵکییەش پێویستی بە ئاڵایەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵە پرانسیپێکی ستراتیژیی کارا هەیە. بزووتنەوە سیاسییە جیاوازەکان، بە تایبەتی لەنێو باڵی چەپدا، لە ئایندەدا هەوڵ دەدەن کە ئەم بەرگرییە ئاراستە بکەن و ڕابەرایەتییەکەی بە دەستەوە بگرن. پرسیارەکە لێرەدایە، چ خەتێک بەسەر خودی ئەم "چەپ"دا زاڵە.

لە بەشی پێشوودا وتمان کە لە پاڵ داڵەکانی هەر دوو جەمسەردا، واتە میلیتاریستەکانی ئەمەریکا و فاشیستەکانی ئیسلام، دوو لێکدانەوەی ئاڵۆزتر و پوختەتر و "موحتەرەمانەتر"یش بۆ داکۆکی لە هەردوو لای ئەم کێشمەکێشە لە ئارادایە. لە هاوشانی میلیتاریزمی ئەمەریکادا کەسانێک هەن کە فۆرموولەی جەنگی شارستانێتی لە دژی تیرۆریزم جاڕ ئەدەن. لە هاوشانی ئینسانکوژەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا کەسانێک هەن، کە تیرۆریزمی ئیسلامی بە "دژی_ ئیمپریالیزم"ی میللی_ دینیی و جیهان سێیەمیی باوی دەیەی حەفتادا پاساو دەکەن. هیچ یەکێک لەم لێکدانەوانە لە بزووتنەوەی بەرگری خەڵکیدا نفووزێکی جیددی نابێت. حیزب و گرووپەکانی ڕاستی سەنتەر لە ڕۆژئاوا و پاشماوەی چەپی باوی خوێندکاری_ ڕۆشنفکریی دەیەکانی پێشوو لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، دەبنە مشتەریی سەرەکیی ئەم فۆرموولە ژیرانەترەی ڕاگەیاندنی جەنگیی هەردوو لایەن. ئەوەی کە لە ئاستی تیۆری و سیاسیدا دەتوانێ بزووتنەوەی ئایندەی خەڵکی پێشڕەوی جیهان بە لاڕێدا بەرێت، بە ڕای من هەڵوێستی پاسیفیستی و هەوڵی عەبەسیی لیبراڵییە بۆ پاراستنی ئەم دۆخەی کە هەیە (تەنها بەرگرتن بە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان)، وە یان گێڕانەوەی هەلومەرجەکە بۆ دۆخی پێشوو (پێش 11ی سێپتەمبەر).

ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر کردەوەیەکی شێتانەی بێ پێشینەی کەسانێکی دابڕاو لە دەروونی کۆمەڵگا نەبوو. هەر چۆن کردەوەی سەربازیی ئەمەریکاش کە بەم زووانە ڕوو ئەدات وا نەبوو. جیهان بەر لە 11ی سێپتەمبەر لە هاوسەنگیدا نەبوو، بەڵکوو لە

ڕەوتێکی گۆڕانکاریی پاشەوپاش گەڕانەوەدا بوو. کۆمەڵێک گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی گرنگ لەپشتی ئەم ڕووداوانەوە هەن. ئەم گرفتانەن کە جیهانیان بەم ئاراستەیەدا بردووە. ئەم گرفتانە دەبێ وەڵام وەربگرنەوە. 11ی سێپتەمبەر گۆشەیەکە لە وەڵامی ئیسلامی سیاسی بەم هەلومەرجە. هەر وەکوو چۆن هێنانەسەرکاری تاڵیبان، وێرانکردنی بەغدا، برسیکردنی خەڵکی عێراق، تاساندنی خەڵکی فەلەستین، بۆمبارانی بەلگراد و ئێستایش "جەنگی درێژخایەن لە دژی تیرۆریزم" گۆشەیەک لە وەڵامی سەرانی سەرمایە لە ئەمەریکا و ئەورووپا بەم کێشمەکێشانەیە. بزووتنەوەی خەڵکی لە بەرامبەر هەلومەرجێکی وەهادا، ناتوانێ بزووتنەوەیەکی بانگەشەکەر بۆ ئارامی و "هێرش بۆسەر ئەفغانستان قەدەغەیە" بێت. ئارامی و پارێزگاریکردن لە دۆخی ئێستا نە تەنها عەمەلی نییە، نە تەنها خەیاڵپڵاوییە، بەڵکوو نە عادیلانەیە، نە ئازادیخوازانە و نە کارایە. بزووتنەوەی بەرگریی خەڵکی لە بەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا، تەنها دەتوانێ لەدەوری وەڵامە ئیسپاتییەکان بە گرفتە سیاسی و ئابوورییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئێمە و لەدەوری هەڵوێستێکی چوست و چالاک نەک بۆ پارێزگاریکردن لە دۆخی ئێستا، بەڵکوو بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا، ڕێک بخرێت. ئێمە سەبارەت بە هەموو ئەو گرفتانەی کە بەم ڕووداوانە بەرجەستەبوونەوە، مەسەلەی باکوور و باشوور، مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی عێراق، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی ئەفغانستان و ئێران، مەسەلەی میلیتاریزم و زلهێزیی ئەمەریکا و ناتۆ لە سیستەمی نوێی جیهاندا، مەسەلەی ڕاسیزم، مەسەلەی قەڵای ئەورووپا و ... تاد. بەرنامەکاری سەربەخۆ و وەڵامی سەربەخۆی خۆمان بووە. هەر ئەمە دەبێ ببێتە بەرنامەکار و وەڵامی بزووتنەوەی بەرگریی خەڵکیی لە بەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا. ئەمە جیاوازیی ئێمەیە لەگەڵ ئارامیخوازیی تاڵیبان و ئەو پاسیفیستانەی کە کەلێن و کێشمەکێش و نائارامییەکانی دنیای پێش 11ی سێپتەمبەر نابینن، یان بە لایانەوە گرنگ نییە. ئەگەر ئێمە بەر لە هەموو ئەم ڕووداوانە بەرنامەیەکمان بۆ گۆڕینی جیهان هەبووە، بناغەی هەڵوێستگیرییەکی مەبدەئی لە هەلومەرجی ئێستاشدا، دەبێ بردنەپێشەوەی هەمان بەرنامەکار لەم هەلومەرجە تازەیەدا بێت. ئێمە بەنیازنین کە ئەفغانستان لەژێر دەستی باندی ئینسانکوژی تاڵیباندا بهێڵینەوە. ئێمە بەنیازنین لە سایەی دەسەڵاتی ئەمەریکای دەست بەمووشەکدا بژین. ئێمە بەنیازنین ئیسلامی سیاسی و حوکوومەتە

ئیسلامییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەحەمول بکەین، ئێمە بەنیازنین بە بێ وڵاتیی خەڵکی فەلەستین و سەرکوتی هەموو ڕۆژهیان ڕازی بین. ئێمە تیرۆریزممان نە ئەویست، چ ئیسلامی و خۆکوژی، چ لە لایەن سوپا و کەتافییەپۆشەوە بێت. ئێمە ئەم هەژارییە لە نیوەی جیهاندا قبووڵ ناکەین. ئێمە سەربازگەی چواردەورەی ئەوروپامان ناوێت. ئێمە مل بە ڕاسیزم و قەومپەرستی نادەین. نە تاوانکاریی 11ی سێپتەمبەر و نە ئەو جیهادەی ناتۆ کە بەم زووانە لە هیندۆکش ڕوو ئەدات، نابێ لە بزووتنەوەیەکی چوست و چالاک بۆ گۆڕینی جیهان، ڕیزێکی خێرخواز و ئارامیخوازی بێ ڕەخنە و بێ ئەرک دروست بکات.

بزووتنەوەی "مرۆڤدۆستانە"و ئاشتیخوازانە وەڵامی هەلومەرجی ئەمڕۆ ناداتەوە. بەڵام نفووزی ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەت لەنێو خەڵکی سادەی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا، بەهۆی دژی زەبروزەنگی و ئینساندۆستی و هەروەها محافەزەکاریی خۆبەخۆی خەڵکەوە، زۆر فراوانە. هەڵوێستێکی بەم جۆرە دەخاڵەتی ئەمەریکا لە ئەفغانستان مەحکووم دەکات، بەڵام لە بەرامبەر حوکمڕانیی تاڵیباندا خۆی بە بەرپرس نازانێت. خەڵکهاندان لە دژی موسڵمانەکان و ڕاسیزم مەحکووم دەکات، بەڵام هۆیەک بۆ گوشاردانان لەسەر ئیسرائیل و ئەمەریکا بە قازانجی خەڵکی فەلەستین نابینێ. ئەم هەڵوێستە، هیوای سەرکەوتن بۆ جاک ئەسترا لە سەفەرەکەیدا (بۆ ئێران/ و.) ئەخوازێ، بۆ ئەوەی بەڵکوو ئەم کارە جەمسەری تیرۆریزمی ئیسلامی ئارام و جڵە و بکات، جا با ئەمە حوکمڕانی ئەم گورگانە بەسەر خەڵکی ئێرانەوە سەقامگیر بکات، ئەم هەڵوێستە بەرگری لە مافە مەدەنییەکانی خەڵکی موسڵمانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکات، بەڵام لە پێناوی نەهێشتنی بارگرژیدا، ڕەخنەگرتن لە چارشێوی ئیسلامی و بێ مافییەکانی ژنان لە وڵاتە ئیسلامییەکان و ژینگە ئیسلامییەکان ڕەت دەکاتەوە و بەری پێ دەگرێت. ئەم هەڵوێستە هەمووان بۆ مەیدان چۆڵکردن و وازلێهێنانی هەلومەرجەکە هەر بەو شێوەیەی کە پێشتر هەبوو، بانگەواز دەکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەسەر زەین و کردەوەی خەڵکی ناڕازیدا زاڵ بێت، بەشەرییەتی شارستانی، مەیدان بۆ تیرۆریستە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان چۆڵ دەکات. ئەگەر بمانەوێ ئایندەیەک هەبێت، ئەوا بە پەیدابوونی بەرنامەکارێکی چالاک، ئازادیخوازانە و پێشرەوەوە لە ڕیزی پێشەوەی خەڵکیدا پەیوەستە. ئەمە کاری کۆمۆنیستەکانی مارکسە. ئەمە کاری ئێمەیە.

لە بەشی داهاتوودا دەچمە سەر سەرخەتە گشتییەکانی بەرنامەکارێکی چالاک لە بەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا. بەڵام پێویستە بە کورتی ئاماژەیەک بۆ فەوریترین مەسەلەیەک بکەم، کە ئەم ڕۆژانە لە ئارادایە، واتە هێرشی ئەم زووانەی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانستان. 99 لە سەدی خەڵکی جیهان ئەوە دەزانن و دەتوانن بە ڕۆشنی ئەوە ڕوون بکەنەوە، کە بۆچی هێرشی سەربازیی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانستان و تەنانەت دەستگیرکردنی بنلادنیش، کە ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئەم کردەوە سەربازییانەیە و لە ڕووی عەمەلییەوە وەک ئەگەرێکی زۆر دوور دێتە بەرچاو، نە تەنها مەترسییەکانی تیرۆریزم لە دژی ئەمەریکا و ئینگلتەرا کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ڕیسکی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئایندە زۆر زیاتر ئەکات. زۆر ئاشکرایە کە خودی دەوڵەتانی ئەمەریکا و ئینگلتەرا ئەم مەسەلەیە دەزانن. لێکدانەوەی فەرمیی ڕۆژئاوا بۆ مەسەلەکە، لە چوارچێوەی ئەو لێکدانەوە هۆلیوودی و جیمزباندییانەدایە کە وا دیارە ئەوان پێیان وایە دەرخوارددانی ئەم جۆرە لێکدانەوانە بە خەڵکی، سادەتر و خێراترە. ملیۆنێر یان گانگستەرێکی شێت لە گۆشەیەکی دوورە دەستی جیهاندا، دەیەوێ شارستانێتی نابوود بکات، سەددام، میلۆسۆڤیچ، بنلادن، وە قارەمانانی ئەمەریکایی بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی دەکەونە خۆ. بەڵام لێکدانەوەکانی خۆیان نیشانی دەدات، کە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بارەگایەکی ناوەندی و فەرماندەییەکی هاوبەش و ڕێکخراوێکی قووچەکیی نییە، بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە کە لە کۆمەڵێک شانە و ڕێکخراو و تۆڕ و ناوەندی دەوڵەتی پێک هاتووە کە بە کۆمەڵێک پەیوەندیی فەرمی و نافەرمی، وەکوو بزووتنەوەیەکی نهێنی، بە کۆمەڵێک داهێنانی فراوانەوە لە ئاستی ناوچەییدا، پێکەوە بەستراون. بۆ ڕۆژئاوا، چوونە ناو ئەفغانستانەوە سەرەتای هەڵمەتێکی سەربازی و سیاسیی فراوانترە. دەستگیرکردن، یان کوشتنی بنلادن ئەو ئەنجامەی دەبێت، کە لە ئاستی ناوخۆی ئەمەریکادا، لە دەستوبردی هەنگاوە سەربازییەکانی دواتر کەم بکاتەوە و ببێتە مسداقییەتێک بۆ "تۆڵەسەندنەوەی ئەمەریکا"، کە ئەمەش دەتوانێ فەزای نێوخۆی ئەمەریکا تا پەلاماری تیرۆریستیی ئایندەی ئیسلامییەکان، وە تەنها تا ئەو کاتە، ئارام بکاتەوە. بەڵام ئەمە هەنگاوێکی بچووکە لە پرۆسەیەکی سیاسی و سەربازیی فراوانتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە مەودای کۆتاییەکەی تاکوو ئێستا ڕانەگەیەنراوە. لە دوا لێکدانەوەدا، ئەمە هێزنیشاندانێکە بە ئیسلامی سیاسی. واتە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە کە

ڕۆژئاوا خۆی لە پەراوێزی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هێنایە ئاراوە و بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەپ لە سیستەمە سەرمایەدارییە تازە لەدایکبووەکانی ئەم وڵاتانەدا، وە هەروەها وەکوو گوشارێک بۆسەر بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئەوانی هێنایە سەرشانۆ. ئەم هێزنیشاندانە دەکرێ بە بەرتەسکی بمێنێتەوە، بەڵام بە تایبەت بەهۆی خەسڵەتی ناچەقبەستوویی و توندڕەوێتیی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامییەوە، بە ئەگەرێکی زۆر بەرەو یەکلاییکردنەوەیەکی بنەڕەتیتر بەکێش دەکرێت. ئیسلامی سیاسی بەبێ پشتیوانیی ڕۆژئاوا، ناتوانێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە. هەر بەمەندەی ئێستا، پەرەسەندنی نەبەردی عەلمانییەکان و ئیسلامییەکان لە پاکستان و کەوتنەحاڵی پەیکەری نیوەگیانی خاتەمییەکان لە ئێران و پەرەسەندنەوەی دووبارەی کێشمەکێشی نێوان باڵەکان، بەڵگەی ئەوەن کە نەبەردی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی، دەتوانێ ببێتە هەوێنی گۆڕانکارییەکی جیددی لە هێزهاوسەنگی نێوان فراکسیۆنەکانی بۆرژوایی لەم وڵاتانەدا بە زیانی ئیسلامییەکان.

لە بەرامبەر خودی هێرشی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانستان، دەکرێ چی بڵێین. ئایا "دەست لە ئەفغانستان هەڵگرن!" هەڵوێستێکی مەبدەئی و پێشڕەوە؟ خەڵکی ئەفغانستان و ئۆپۆزیسیۆنەکەی شتێکی دیکەی جگە لەمەتان پێ دەڵێن. ئاسۆی هەرەسی تاڵیبان، واتە باندێکی ئینسانکوژ و دەڵاڵێکی گەورەی ماددە بێهۆشکەرەکان، هێزە سیاسییەکانی ئەفغانستانی خستووەتە جۆش و خرۆشێکی گەشبینانەوە. خواستی ڕووخاندنی تاڵیبان خواستێکی ئینسانی و پێشڕەوە. نابێ ڕێگا بدرێت دژایەتی ڕەوا و مەبدەئی لەگەڵ میلیتاریزمی ئەمەریکادا بە وێڵکردنی ئەفغانستان لەژێر دەستی تاڵیباندا ڕاڤە بکرێت. ئەمە یەکێکە لە نموونە زیندووەکانی ناکافی بوون و نادروستبوونی ئارامیخوازی و داکۆکی لە هەلومەرجێک کە لە ئارادایە. خەڵکی ئەفغانستان تەمەنێکە چاوەڕێی ڕۆژی هەرەسی تاڵیبانن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمەریکا بۆ ڕزگارکردنی ئەفغانستان پێ نانێتە ئەم وڵاتەوە. خۆیان تاڵیبانیان هێنایە سەرکار. ئەمجارە ڕەنگە لاوازی بکەن، بەڵام بە ناچاری بوونی قبووڵ بکەن. بەڵێنیان بە موشەڕەف داوە کە حوکوومەتی ئایندەی ئەفغانستان دیسانەوە جێگەی ڕەزامەندیی پاکستان بێت. قەرارە کۆمەڵێک جانەوەر لابەرن و هەر لەو قوماشە، کەسانێکی دیکە لە جێگایان دابنێن. هەڵوێستی مەبدەئی، بەشداریکردنە لە هاوشانی ئۆپۆزیسیۆنی پێشڕەوی ئەفغانستان بۆ ڕووخاندنی تاڵیبان لەجەرگەی هەلومەرجی ئێستادا و بەرقەرارکردنی دەوڵەتێکی

هەڵبژێردراوی خەڵکە لەم وڵاتەدا. دەبێ ئەمە بەسەر ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکاندا بسەپێنرێت. هەر جۆرە هێرشێکی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر خەڵکی مەدەنیی ئەفغانستان و ڕووخاندنی شار و لادێ و ژێرخان و ئامرازە ماددییەکانی ژیانیان، دەبێ مەحکووم بکرێت. هەر جۆرە بەندوبەستێک لە نێوان ئەمەریکا و پاکستان و ئێران و باقیی دەوڵەتاندا بۆ سەپاندنی دارودەستەیەکی دیکە بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا مەحکوومە. بەڵام ڕووخاندنی تاڵیبان لە لایەن سوپا دەرەکییەکانەوە خۆی لە خۆیدا مەحکووم نییە. تاڵیبان لە ئەفغانستاندا دەوڵەتێکی مەشرووع نییە، دەبێ بڕووخێنرێت. مەسەلەکە لەسەر ئەو دەوڵەتەیە کە لە جێگای دادەمەزرێت، هەروەها زامنکردنی ئازادی و ئیمکانی عەمەلیی دەخاڵەتی خەڵکی ئەفغانستان لە دیاریکردنی نیزامی سیاسیی ئایندەی ئەم وڵاتەدایە.

(درێژەی هەیە)

سەرچاوە:
دنیا پس از 11 سپتامبر
بخش دوم: "جهان متمدن" کجاست
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 73
6 مهر 1380، 28 سپتامبر 2001

دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر
بەشی سێیەم: ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی

لە دەرەوەی هەردوو جەمسەری بەرامبەرکێی کۆنەپەرستانەی ئەمڕۆدا، واتە میلیتاریزمی ئەمەریکا و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە لایەک و بەرەی ئیسلامی سیاسی لە لایەکی تر، فەزای زاڵ بەسەر زۆرینەی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئاشتیخوازی جیهاندا، فەزای هەراسانی و نیگەرانییە. فەزای بێئومێدییە. هەمووان نیگەرانی ئاڵۆزتربوونی هەلومەرجەکەن، واتە پەرەسەندنی پێشبڕکێی کاری شێتانە و تیرۆر. ئاوارەیی و مەرگی سەدان هەزار خەڵکی بێگوناهی ئەفغانستان، پەلاماری کیمیایی و میکرۆبی لە ڕۆژئاوادا، تەقینەوەی سیاسی لە پاکستان، کەوتنەدەستی بۆمبە ئەتۆمییە "گیرفانی" و "لاپتۆپ"ەکان بە دەستی ئاوانتۆریستە سیاسی و دەمارگیرە ئایینییەکان و تاوانکارانی نێونەتەوەیی. "جەنگی تازەی ئەمەریکا" و قۆناغێکی تازە لە خوێنڕشتنێکی جیهانیی لە ئاستێکدا، کە تەنها ئەمەریکا توانای ئەمەی بووە و هەیە. درووشم و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی شەرافەتمەندی جیهان بە شێوەیەکی گشتی ڕووی لە پاراستنی هەلومەرجی مەوجود و گێڕانەوەیە بۆ خاڵی هاوسەنگیی پێشوو. ئەمە بەشەرییەتێکە کە ئومێدێکی بە ئایندەیەکی باشتر نییە. لە باشترین حاڵەتدا داوای ئارامی دەکات. لە دەستی بۆمب و جەنگ و توندوتیژی هەڵدێت. مرۆڤایەتییەک سەرباری ڕواڵەتی بیرسادەیی و کەم هۆشیاری و ملکەچیی ڕۆژانەی، توانا دژی مرۆییەکانی ئەو درندانەی کە پێیان ناوەتە مەیدان واتە، ئیسلامی سیاسی و میلیتاریزمی ئەمەریکا دەناسن و دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت بەر بە کارەساتەکانی دواتر بگرن. لەنێو تەیفی فراوانی ئەو هێزانەی کە بۆ دژایەتیکردنی ئەم کێشمەکێشە هاتوونەتە مەیدان، پاشماوەی گرووپە چەپە لاکەوتەکانی ئەورووپاشی لەگەڵدا بێت، کە تا 10ی سێپتەمبەر بە شتێکی کەمتر لە "شۆڕشی جیهانی" ڕازی نە ئەبوون. ئێستا ئارامیخوازیی، کۆشش بۆ بەرگرتن بە ڕەوتێک کە بەری کەوتووە، کۆشش بۆ پاراستنی هەلومەرجی مەوجود و گەڕانەوە بۆ هاوسەنگییەک کە بەر لە 11ی سێپتەمبەر لە ئارادا بوو، بووەتە سیاسەتی زاڵ. پاسیڤیزم بەسەر بزووتنەوەی مقاوەمەتدا مەیلی زاڵە. وە ئەمەش سیاسەتێکی لە ڕادە

بەدەر زیانبارە، کە نە تەنها بەر بە کوێرەوەری و کارەساتەکانی ئایندە ناگرێت، بەڵکوو تەنانەت ڕوودانیان زامن دەکات. سیاسەتی پاسیڤیستی و شەوارەبوون بە لایەنی سەربازیی و چەکدارانەی ئەم بەرامبەرکێیە و زەبروزەنگێکی فیزیکی کە ئەشێ بەسەر جیهاندا بێت، ڕێک ئەو زیانەی هەیە، کە خەڵکی دووچاری ئیفلیجیی سیاسی دەکات. بەرگرتن بەم پێشبڕکێ تیرۆریستییە و ئەم شەپۆلە لە تەقاندنەوە و خاپوورکردن و کوشتاری بەکۆمەڵ کە بۆیان ئامادە کردووین، لە گرەوی دەخاڵەتی جەماوەری فراوانی خەڵکدایە، هەم لە ئەورووپا و ئەمەریکا و هەم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ناوبراو بە جیهانی سێیەم لەو پرۆسە سیاسییانەدا کە ئەم ڕووداوانەیان لێ ئەکەوێتەوە. دەخاڵەتێک لەسەر بناغەی بەرنامەکارێکی چالاک و ئیسپاتی. لەم حاڵەتەدا، ئاسۆی ئایندە مەرج نییە تاریک بێت.
پێویستە ئەم پرۆسانە و واقیعییەتە سیاسییەکان لەژێر خاکوخۆڵی ڕاگەیاندنی جەنگیدا بدۆزینەوە.

لەودیوی ڕاگەیاندنی فەرمییەوە: تیرۆریزم و ئیسلامی سیاسی

گومان ناکەم هیچ کەسێک، تەنانەت لە خودی سوپای ئەمەریکاشدا، ئەم ڕاڤەکردنە قبووڵ بکات، کە تاوانی 11ی سێپتەمبەر کاری گروپێکی فەناتیک بوو، کە کەسێک بە ناوی ئوسامە بن لادن لە ئەفغانستان ڕێوشوێنیان بۆ دیاری ئەکات، کە دوژمنایەتییەکی شەخسی و کوێرانەی لەگەڵ ئەمەریکا و "شێوەی ژیانی" ئەمەریکایی و "دیموکراسی"دا هەیە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە سوورن، کە ئەم کردەوەیە "کاری موسوڵمانەکان" نەبوو، وە لە "فێرکارییەکانی قورئان"ەوە سەرچاوەی نەگرتبوو. ژۆرنالیستە بەئەزموونەکان هەوڵ ئەدەن کە بەپێی توانا، ناوی مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل نەیەتە ئاراوە. دەڵێن هەر جۆرە بەستنەوەیەکی مەسەلەی فەلەستین بەم هێرشە تیرۆریستییەوە، بە مانای داننانە بەوەی کە ئەم کردەوەیە لە ڕاکێشانی سەرنجی ڕۆژئاوا بۆسەر وەزعی فەلەستینییەکان کاریگەر بووە. لە ئەنجامدا لەجیاتی ئیسلامی سیاسی و ئیسرائیل، ئێمە حەواڵەی بن لادن و ئەفغانستان دەکەن. جەنگی ئەمەریکا لەگەڵ تاڵیبان لە ئەفغانستان ڕووداوێکی زۆر گرنگە بە کۆمەڵێک ئاکامی درێژخایانەوە لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا. ئەم جەنگە بێگومان کاریگەری لەسەر چارەنووسی ئیسلامی سیاسی و تەنانەت مەسەلەی فەلەستینیش دادەنێت. بەڵام پەیوەندییەکی بە دۆزینەوە و سزادانی ئەنجامدەرانی کردەوەکەی 11ی

سێپتەمبەرەوە نییە و تەنانەت ئەگەری کردەوەی تیرۆریستی لە دژی ڕۆژئاوا زۆر زیاد دەکات. (دواتر دێمەوە سەر ئەمە).

تیرۆریزمی ئیسلامی واقیعییەتێکی سەردەمی ئێمەیە. ئەم تیرۆریزمە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ستراتیژی ئیسلامی سیاسییە. ئیسلامی سیاسی، بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی ناوچەکە و هەنووکە لە ئاستی جیهاندایە، کە لەسەر ستەمی مێژوویی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا لە خەڵکی عەرەب زمان و بە شێوەیەکی تایبەتی لە خەڵکی فەلەستین ئەلەوەڕێت. بێ وڵاتیی خەڵکی فەلەستین و ستەمی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی لەسەر فەلەستینییەکان، سەرچاوەیەکی سەرەکیی بێزارییە لە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەمەش گرنگتر، بوونی مەسەلەی فەلەستین و پشتیوانیی هەمیشەیی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە ئیسرائیل لە بەرامبەر عەرەبدا، چ لە سەردەمی جەنگی سارد و چ دوای ئەو، قەڵشتێکی گەورەی ئابووری، کولتووری و دەروونی لە نێوان ڕۆژئاوا و خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە. بەڵام ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی وەکوو بزووتنەوەیەک، دەرفەتی ئەوە پەیدا دەکات کە ئەم نارەزایەتی و قەڵشتە بکاتە سەرمایەی دەستی و لە پەراوێزی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە پێ بنێتە نێوجەرگەی مشتومڕ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، ئیتر ئەمەیان ڕاستەوخۆ بەرهەمی خودی ئەمەریکا و ڕۆژئاوایە. ئیسلامی سیاسی وەکوو بزووتنەوەیەکی تاوانکارانە بەم مەودا فراوانەی دەسەڵاتەوە، دروستکراوی دەستی ئەمەریکا و ڕۆژئاوایە. ئەم دێوەزمەیە خودی خۆیان دروستیان کرد و بەریان دایە گیانی خەڵکی ناوچەکە و ئەمڕۆش خەڵکی سەراسەری جیهان. ئیسلامی سیاسی، ئامرازی دەستی ڕۆژئاوا لە جەنگی سارد لە دژی سۆڤێت بوو، وە ئامرازی تێکشکاندنی بزووتنەوە و شۆڕشە چەپ و کرێکارییەکان لە هەموو وڵاتانی ناوچەکەدا بوو. ئەمە ئامرازێک بوو کە دوای بنبەستی حوکوومەتە ناسیۆنالیستییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ بەرگرتن بە هێزگرتنی چەپ هێنایانە مەیدان. مەسەلەی فەلەستین و بوونی حوکوومەتە ئیسلامییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆڵەکەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی پێک ئەهێنن. وە هەر سیاسەتێکی چالاک و پێشڕەوی خەڵکی، بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا، دەبێ لێرەوە دەست پێ بکات:

1) چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین. دەبێ ئەم گرفتە مێژوویییە چارەسەر بکرێت. خەڵکی فەلەستین پێویستە وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبێت. دەبێ ئەمەریکا و

دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ناچار بکرێن کە دەست لە پشتیوانی یەکلایەنەی خۆیان لە ئیسرائیل هەڵبگرن. دەبێ ئیسرائیل ناچار بکەن ئاشتی و سەربەخۆیی فەلەستین قبووڵ بکات. چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین، گرنگترین کۆڵەکەی ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی و بەشێکی سەرەکی بەرنامەکارێکی پێشڕەو و چالاک پێک دەهێنێت لە بەرامبەر هەلومەرجی ئێستادا.

2) ڕۆژئاوا، دەبێ دەست لە پشتیوانیی کۆنەپەرستانەی لە دەوڵەتە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان و حیزبەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵگرێت. بەبێ پشتیوانیی ڕۆژئاوا، ڕژێمی ئیسلامیی ئێران نە دەهاتە سەرکار و نە لەسەرکار دەمایەوە. بەبێ پشتیوانیی ڕۆژئاوا، نیزامە کۆیلەداری و شێخە پەراگەندەکانی سعودییە و میرنشینە ورد و درشتەکان لەسەرکار نەدەمانەوە. بەبێ پشتیوانیی ڕۆژئاوا نە تەنها تاڵیبان، بەڵکوو دەستە و تاقمەکانی پێشووی موجاهیدینی موسڵمانیش نەیان دەتوانی ئەفغانستان بکەن بە شانۆی تراژیدیایەکی ئینسانیی گەورە. هەر ئەمڕۆش بە بڕینی ئەم پشتیوانییە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەی ڕۆژئاوا لە بزووتنەوەی ئیسلامی، خەڵکی ناوچەکە بە خێرایی ئەم حوکوومەتانە دەکێشنە خوارەوە. خواستی ڕووخاندنی حوکوومەتە ئیسلامییەکان و بەرگرتن بە بەندوبەستی ئەمەریکا و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ ئەم حوکوومەتانەدا، دەبێ بەشێکی گرنگی دیکەی پلاتفۆرمی دژی تیرۆریستی هەر بزووتنەوەیەکی پێشڕەوی خەڵکی بێت.

3) گەمارۆی ئابووریی عێراق دەبێ کۆتایی پێ بێت. کوێرەوەرییەکانی خەڵکی عێراق لە زەینی خەڵکی ناوچەکەدا بووەتە مەسەلەی فەلەستینێکی دووەم. بووەتە بەڵگەیەکی زیندووی تیرۆریزمی ئەمەریکایی و ڕۆژئاوایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرباری ئەمە، ئەم گەمارۆی ئابووریە تەمەنی حوکوومەتی کۆنەپەرستی عێراقی درێژ کردووە و خەڵکی مەحرووومی عێراقی لە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە بۆ جەنگێکی هەموو ڕۆژە لە پێناوی مانەوەی فیزیکیدا پاشەکشە پێ کردووە. خەبات لە پێناوی لابردنی گەمارۆی ئابووریی سەر عێراق، کۆڵەکەیەکی دیکەی پلاتفۆرمێکی پێشڕەوە لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی.

4) دەبێ چالاکانە بۆ بەرگری لە عەلمانییەت لە وڵاتانی موسڵماننشین و ژینگە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان و گیرۆدە بە ئیسلامەتی لە خودی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بێینە مەیدان. بۆچوونی دواکەوتووانەی "هەر کۆمەڵگایەک کولتووری خۆی" و درێغیکردن لە

بەرگریکردن لە مافە مەدەنی و ئینسانییەکانی خەڵک و بە تایبەت ژنان لەم وڵات و ژینگانەدا، دەستی ئیسلامی سیاسی بۆ توقاندنی خەڵکی و بزواندنی لاوان ئاوەڵا کردووە. دەبێ جیهانیبوونی مافەکانی مروڤ و مافە مەدەنییەکانی ئینسانەکان بە ئەسڵ وەربگیرێت و هەر جۆرە سازانێک لەگەڵ ئایین و فەرمانڕەوایەتی کۆنەپەرستانەی ئایین لەسەر حیسابی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم بکرێت.

تیرۆریزمی ئیسلامی واقیعییەتێکە. تیرۆریزم کاری موسڵمانەکان نییە، بەڵام سیاسەتێکی فەرمیی بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە. ئەمە بزووتنەوەیەکی بێ ناوەڕۆک و دروستکراوی دەستی ڕۆژئاوا لە جەرگەی جەنگی سارد و لە ململانێی ئەنتی کۆمۆنیستی لەگەڵ کرێکاران و ئازادیخوازانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئەم بزووتنەوەیە سست و لاوازە، نفووزێکی سیاسی و مەعنەوی ئەوتۆی لە وڵاتە گەورەکانی ناوچەکەدا نییە. لە واقیعیاتە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە لەدواترە. بەبێ پشتیوانیی ڕۆژئاوا، ئیسلامی سیاسی بە دەستی سۆسیالیزم و عەلمانییەت لە ناوچەکەدا شکست دەخوات. لە ئێران کە وەکوو فەلەستین، یەکێک لە گرنگترین مەیدانەکانی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئیسلامی سیاسییە، ئاوابوون و ڕووخاندنی ئیسلامی سیاسی، هەر ئێستا دەستی پێ کردووە.

لەبەشی داهاتوودا:

* جەنگی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، کە ئێستا لە ئەفغانستان دەستی پێ کردووە، جەنگێک نییە لەدژی تیرۆریزم، چونکە نە تەنها وەڵام بە هیچ یەکێک لە پێداویستییەکانی خەبات لە دژی تیرۆریزم، کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ناداتەوە، بگرە پشت بە بەشێک لە خودی ڕەوتی ئیسلامی دەبەستێ. لەگەڵ ئەمەشدا بە بڕوای من ئەمەریکا چووەتە ناو کێشمەکێش لەگەڵ ئیسلامی سیاسییەوە. ئەمە شەڕێکە لەسەر دەسەڵات. ئەم کێشمەکێشە بەپێی لۆژیک، دەبێتە مایەی لاوازکردنی ئیسلامی سیاسی. بەڵام ئامانجی ڕۆژئاوا سڕینەوەی ئیسلامی سیاسی نییە، بەڵکوو لاوازکردن، ملکەچ پێ کردن و پێکهێنانی ئاراییشێکی تازە لە ڕیزەکانیدایە بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی تازە. جەنگ لە ئەفغانستاندا، لەسەر تازەکردنەوەی پێناسەی پەیوەندیی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدایە. ئێمە دەبێ ئەم چوارچێوەیە و ئەم سازشە تازەیە بشکێنین و سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکە لەم هێزە کۆنەپەرستە لەجەرگەی ئەم هەلومەرجە تازەیەدا چالاکانەتر ببینە پێشەوە.

* هەڵوێستی پاسیڤیستی، ئەم کێشمەکێشە تازەیەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا نابینێت. گرنگیی ئەمە چ بۆ خەڵکێک کە خۆیان قوربانیی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستە بوونە و چ گرنگییەکەی لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئایندەی جیهاندا لەبەرچاو ناگرێت و لەم بارەیەوە هیچ ئەرکێک بۆ خۆی دانانێت. دەبێ ڕەخنە لەم هەڵوێستە ئارامیخواز و کۆنزێرڤاتیڤانەیە ببرێتە نێو بزووتنەوەی بەرگریی خەڵکییەوە لە دژی تیرۆر و میلیتاریزم.

* بەهۆی ڕەهەند و لایەنە جیهانی و مێژووییەکانی ئەم کێشمەکێشەوە، تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆژی و زەینییەکانی خەڵکی جیهانی ئەمڕۆ بە تایبەت لە ڕۆژئاوادا، زۆر لەگەڵ سەردەمی هێرش بۆسەر عێراق و تەنانەت سەردەمی هێرش بۆسەر یۆگۆسلاڤیادا جیاوازە. بە ڕووهێنانی فراوانتری خەڵک بۆ سیاسەت و خەباتی مەدەنی، میلیتاریزمی ئەمەریکا لەم کێشمەکێشەدا لە ڕووی سیاسییەوە لاوازتر دێتە دەرەوە. ئەم کێشمەکێشەی ئێستا، کە خۆی لەسەر چەند گۆشەیەکی نەزمی نوێی جیهانیی دوای هەرەسی سۆڤێتە، دەتوانێ لە حاڵەتی دەخاڵەتی توخمی پێشڕەودا، تێکڕای ئەم مەسەلەیە و خودی مەسەلەی زلهێزی و ملهوڕیی ئەمەریکا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بداتە بەر ڕەخنە. وە ئەمە لە دیدگای مەسەلەی ئازادی و یەکسانییەوە لە ئاستێکی جیهانیدا، مەسەلەیەکی چەند بەرابەر لە چارەنووسی ئیسلامی سیاسی گرنگترە.

(درێژەی هەیە)

سەرچاوە:
دنیا پس از 11 سپتامبر
بخش سوم: افول اسلام سیاسی
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 75
20 مهر 1380، 12اکتوبر 2001

دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر
بەشی چوارەم: دوای ئەفغانستان

ئەفغانستان: جەنگ یان تیرۆریزمی ئاسمانی؟

لە ئەفغانستاندا جەنگێک لە ئارادا نییە. بەپێی لوژیک، جەنگ لانیکەم پێویستی بە دوو لایەن هەیە. ئەوەی ئێستا لە ئارادایە، بۆمبارانی ئەفغانستانە لە لایەن ئەمەریکاوە. لەم تاکتیکە تازەداهێنراوەی تاکە زلهێزی جیهان و پۆلیسی خۆسەپاندووی نێونەتەوەییدا، تیرۆر و تۆقاندن لە ئاستێکی ملیۆنیدا بە فەرمی جێگای جەنگی گرتۆتەوە. لەدوای ڤیتنامەوە، وا بڕیارە کە کۆمەڵگای ئەمەریکا جارێکی تر شایەدی گەڕانەوەی کیسەتەرمی ئەو سەربازانە نەبێت کە بۆ بەرە دوورەدەستەکان نێردراون. وە بەهای ئەمەش، ئێستا دەبێ خەڵکی مەدەنیی ئەو وڵاتە بیداتەوە کە لە بەدبەختیدا، لە تێزەکانی دکتۆر سترنج لاوهای شوورای ئەمنی قەومی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، بە سەرپێیی بە لانکە و پەناگەی دوژمنی چەتوونی ئەمەریکا و ڕابەری تازەی "ئیمپراتۆری شەڕ" پێناسە کراوە. زیانێک کە سوپای ئەمەریکا لێی ناکەوێت، بە سەدقاتەوە لە خەڵکێکی مەدەنی بێ ئاگای دەسەنن، کە لە وڵاتێکی عادەتەن هەژار و پەراوێزکەوتووی جیهاندا خەریکە بە چنگەکڕێ نانی خۆی پەیدا ئەکات. ڕۆژێک ئەم بیتاقەیە بۆ خەڵکی عێراق دەرئەچێت، ڕۆژێک یۆگۆسلاڤیا، ڕۆژێک لیبیا و ڕۆژێک ئەفغانستان. لە تاریکی شەودا، لە بەرزایی دەیان هەزار مەتر و لە کەشتی و ژێردەریاییەکانی ئەودیوی شەپۆلی ئۆقیانووسە دوورەکانەوە، دەیان هەزار تەن بۆمب و مووشەک بەسەر شارەکانی خەڵکیدا دەبارێنن. بە شانازییەوە ڕایدەگەیەنن، کە وڵاتی بەرامبەر "بە بۆمب بۆ چاخی بەردین دەگەڕێنینەوە"، لەگەڵ ئەمەشدا سوورن لەسەر ئەوەی، کە بۆمبە "ژیر"ە ئەمەریکییەکان تەنها گوناهکاران دەپێکێ. ئامانج تۆقاندنە. تۆقاندنی هەموو کۆمەڵگا. زاڵکردنی ترس، ترس لە مەرگ، لە ئاوارەیی، لە خاپوورکردنی هەموو سیمایەکی شارستانی، تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگا گۆج دەبێت و ئیمکانی بەرگری نامێنێت. سوپای پیادەی ئەمەریکا، ئێستا تەنها سەگێکی ڕاوە، کە دوای تەواوبوونی تەقەکان و نیشتنەوەی تەپوتۆز و هەراوهوریاکان، دەبێ بچێت و نێچیرە بێگیانەکە بهێنێت.

شەڕاگەیاندنی هیچ کەسێک، تەنانەت ئەمەریکا و ڕۆژئاوایش، لە دژی تاڵیبان، ناکرێ مەحکووم بکرێت. تاڵیبان دەبێ بڕوات و سەرەنجام دەبێ هەر لە ڕێگای زەبروزەنگ و کردەوەی سەربازییەوە بڕوات. دوژمنایەتی ڕۆژئاوا لەگەڵ تاڵیباندا، لە دۆستایەتی تا ئێستایان باشترە. هیچ کەسێک بەر بە پێچانەوەی دەورودوکانی ئینسانکوژانێک ناگرێت، کە ڕۆژئاوا خۆی هێناونییە سەرکار. بەڵام لە نێوان جەنگ و تیرۆردا جیاوازی هەیە. کردەوەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ئەفغانستان تیرۆریستییە. بۆمبارانی شارەکان و ناوچە خەڵکنشینەکانی ئەفغانستان دەبێ مەحکووم بکرێت و ڕابگیرێت. ئەفسانە بێسەروبەرەکان لە بارەی توانای سەربازیی تاڵیبان و مێژووی بەچۆکداهاتنی زلهێزەکان لە ئەفغانستان، خزمەت بە دریژەپێدانی ئەم شێوە تیرۆریستییە دەکات. موجاهیدینی ئەفغان لە جەنگی دژی سۆڤێتدا، هێزی هێڵی پێشەوەی بەرەی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بوون. تاڵیبان باندێکی گانگستەریی تاوان و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ماددە هۆشبەرەکانە، کە ڕۆژئاوا خۆی، وە بە هاوکاریی پاکستان و سعودییە دروستی کردووە. دەتوانن لە سوویچەوە بیکوژێننەوە و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بیپێچنەوە. بەڵام تیرۆریزمی ئاسمانی سەلامەتترە، بەرچاوترە، بۆ خەڵکی ناڕازیی جیهان بەعیبرەتترە، زلهێزانەترە. دەبێ لە بەرامبەر ئەم شێوە دژی ئینسانییەدا ڕابوەستین.

لە نێوان تاڵیبان و ئیسلامی سیاسیدا

کردەوە سەربازییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ئەفغانستان، تەنانەت ئەگەر ببێتە مایەی ڕووخاندنی تاڵیبان و مەرگی بن لادنیش، نە تەنها هەڕەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی لە دژی ڕۆژئاوا کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ڕەهەندەکانی ئەم تیرۆریزمە پەرە پێ دەدات. سەرانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ئەمە دەزانن و بە فەرمی خەڵکی ڕۆژئاوا لەمە وریا ئەکەنەوە. بەڵام هەڵبژاردنی ئەفغانستان وەکوو یەکەمین گۆڕەپان و مەیدانی "تۆڵەسەندنەوە"ی ئەمەریکا لە بەرامبەر تاوانی 11ی سێپتەمبەردا بۆ ئەوان دوو خاسیەتی بنەڕەتیی هەیە:

یەکەم، تەنانەت ئەگەر ئەوەشیان قبووڵ بێت کە تیرۆریزمی ئیسلامی و ئەو نەفرەتە دژی ڕۆژئاواییەی کە ئەم تیرۆریزمە لەسەری ئەلەوەڕێت، واقیعییەتێکی سیاسییە و ڕێگاچارەیەکی سیاسی هەیە، ئەوان تەنها کاردانەوەیەکی سیاسی بە هێرشێکی فیزیکی و سەربازیی گەورە کە لە ناوخۆی خاکی ئەمەریکادا ئەنجام دراوە، بە کافی و گونجاو نازانن. میلیتاریزم، کۆڵەکەیەکی ئایدۆلۆژیی فەرمییە لە ئەمەریکا و بەردی بناغەی

پێناسەی ناسنامەی ئەو وەکوو زلهێزێکە. لەم دیدگایەوە هێرش بۆسەر ئەمەریکا، تەنها دەکرێ بە هێرش بۆسەر کەسێکی دیکە و جێگایەکی دیکە وەڵام بدرێتەوە. بۆ ئەمەریکا تۆڵەسەندنەوەی 11ی سێپتەمبەر، سەربەخۆ لە ماهییەت و زەمینە و خەسڵەتەکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی، تەنها دەکرێ کردەوەیەکی سەربازی بێت. ئەم کردەوە سەربازییە دەبێ گەورە بێت، دەبێ "ڕق و دەسەڵاتی ئەمەریکا"، زەبروزەنگی ئەمەریکا، نوێنەرایەتی بکات. بەڵام کردەوەی سەربازیی گەورە، پێویستیی بە مەیدان هەیە. جەنگ پێویستی بە مەیدانی جەنگ هەیە. هەڵبژاردنی ئەفغانستان لەبەر بوونی بن لادن لەوێ نییە، بە پێچەوانەوە هەڵبژاردنی بن لادن لەبەر ئەوەیە کە لە ئەفغانستاندایە. لە ئەمسالی بن لادن کەم نین، لە سەرانی تیرۆریزمی ئیسلامی کە بە ئاشکرا و نهێنی لە ئێران، بەریتانیا، فەرەنسا، میسر، پاکستان، لوبنان، فەلەستین، چیچان و بۆسنە دەژین. ئەو وێنایەی کە تیرۆریزمی ئیسلامی تۆڕێکی قووچەکییە، بە پێکهاتەیەکی کارگێڕیی دیاریکراوەوە، کە بن لادن لەسەرەوەی ڕاوەستاوە، گاڵتەجاڕییە. بە ئەقڵەوە ناچێت، خامەنائییەک لەم پێکهاتە ئیدارییەدا لەژێر سەرکردایەتی بن لادندا بووبێت. ئەفغانستان دەروازەیە. ئەو گۆڕەپانەی کە دەکرێ مەیدانی کردەوەیەکی گەورەی سەربازی بێت. ئەفغانستان تەنها مەیدانی شیاوە بۆ "تۆڵەسەندنەوەی ئەمەریکا" لە مەودایەکی سەربازیی فراوان و سامناکدا، کە دەستەی حوکمڕانی ئەم وڵاتە بەڵێنی داوە. لە دەرەوەی ئەفغانستان وەها ئامانجێکی سەربازی کە بکرێ دیاری بکرێت و هێرشی بکرێتە سەر، لە ئارادا نییە. تازە لێرەشدا سەرانی ڕۆژئاوا دادوبێدادی ئەوەیانە، کە تەلاری هێندە بەرز و پردی هێندە گەورەی بۆ وێرانکردن تێدا نییە.

دووەم، هەر وەک لە بەشی پێشوودا وتم، ئەو شتەی کە بڕیارە لەپشتی کێشمەکێش لەگەڵ تاڵیبان و بن لادن لە ئەفغانستاندا یەکلایی بکرێتەوە، پەیوەندی و هێزهاوسەنگیی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدایە. "جەنگی درێژماوە لە دژی تیرۆریزم" ناوی ڕەمزیی هێزنیشاندانێکە بە ئیسلامی سیاسی. جەنگێکی دەسەڵاتە، کە لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە دەبێ لە پێناوی پێناسەکردنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی پایەداری نەزمێکی نوێی جیهانی لەدوای هەرەسی سۆڤێتەوە درەنگ یان زوو ئەنجام بدرێت. ئیسلامی سیاسی، ئەم بەرهەمە لاوەکییەی جەنگی سارد، لەدوای هەرەسی سۆڤێتەوە وەکوو کەمپێکی بۆرژوایی خوازیاری دەسەڵات لە وڵاتانی

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە مەڵبەندە "ئیسلامی"یەکانی خودی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا سەری هەڵداوە. ئەم ڕەوتە لە بەشێک لە جیهان و لە وڵاتانێکی زۆر گرنگی وەکوو ئێران و پاکستان، یان بە فەرمی لە دەسەڵاتدایە، وە یان قورساییەکی سیاسیی زۆری هەیە. گۆشەیەکە لە کێشمەکێش لەسەر ئایینەدەی فەلەستین و ئیسرائیل. لە کۆمارەکانی پێشووی سۆڤێتدا، هەنگاوێک لەم لای جبەخانە ئەتۆمییەکانەوە، ڕاوەمشک دەکات. لە خودی ڕۆژئاوادا، لە سایەی پارەی سعودییە و کۆمەکی دەوڵەتی و ئایدۆلۆژیی ڕیسوای (هەر کۆمەڵگایە و کولتووری خۆی)، پۆل پۆل لاوانی ئەو مەڵبەندانە کە گیرۆدەی ئیسلام بوون، دەکاتە ئەندامی خۆی. لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە ئەم ئیسلامە سیاسییە ئیتر ئەو ڕەوتە دەستکەلا و گوێڕایەڵە نییە کە بڕیار بوو لە ئابلۆقەدانی سۆڤێتدا دەوری هەبێت، لە شۆڕشی دژی پاشایەتیی ئێراندا بەر بە دەسەڵاتی چەپ بگرێت و ببێتە دەردی سەر بۆ عەرەفات و ناسیۆنالیزمی عەرەب. ئێستا ئەم دیاردەیە بانگەشەی زۆرتری هەیە. لەژێر سایەی ڕۆژئاوا هاتووەتە دەرەوە. وە لە 11ی سێپتەمبەردا، لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، ئیسلامی سیاسی پێی زیاد درێژ کرد. هێرشی تیرۆریستی لەم ئاستە و لەنێوجەرگەی ئەمەریکادا، چەخماخەی ئەم هێزنیشاندانە حەتمییەی لێدا. ئەم ڕووداوانە لە بنەڕەتدا چەند بەش و قۆناغێکی جیاجیای جەنگێکی دەسەڵات لە نێوان ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا پێک دەهێنن. لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، ئەمە نەبەردێکە لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان، حیزبە ئیسلامییەکان و تێکڕای بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا. تاڵیبان، لاوازترین، لەرزۆکترین و پووچترین سیمبۆلی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە و سەرەنجام لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، گونجاوترین خاڵی چوونەژوورەوەیە بۆ نێو ئەم جەنگی دەسەڵاتە هەمە لایەنەیە. سەرکەوتنی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لە ڕووی سەربازی و عەمەلییەوە، دەست لە بناغەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی نادات. خۆیان ئەمە دەزانن. مەڵبەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە پلەی یەکەمدا لە ئێران، سعودییە، وە لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی میسر و لوبنان و فەلەستیندایە. بەڵام ئەمە جەنگی دەسەڵاتە، جەنگی مانونەمان نییە. ئەفغانستان تاقە مەیدانە کە تیایدا بە شێوەیەکی واقیعی، لانیکەم لە چوارچێوەی ئێستای جیهاندا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسیدا ئیمکانی هەیە. تاقە مەیدانێکە کە "جەنگی درێژخایەن لە دژی تیرۆریزم" دەتوانێ بە

کردەوەیەکی سەربازیی بەرچاو و خێرا دەست پێ بکات، بێ ئەوەی هەموو شتێک بە یەکجاری بدات بەسەریەکدا.

ئەمە کێشمەکێشێکی سیاسییە

"جەنگی درێژخایەن لە دژی تیرۆریزم" واتە، جەنگی دەسەڵاتی ئەمەریکا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، دوای ئەفغانستان تەنانەت ئەگەر هەردوو لایان لە هەندێ بڕگەدا دەست بۆ کردەوەی سەربازیی لێرەولەوێ و کردەوەی تیرۆریستی لە دژی یەکتریش ببەن، لە ناوەڕۆکدا کێشمەکێشێکی سیاسی دەبێت. ئامانجی ئەم جەنگە لە لایەن ئەمەریکاوە نەهێشتنی ئیسلامی سیاسی نییە. بە پێچەوانەی دەستخۆشانە ئیعلامییەکانی دووی خوردادییەکان (مەبەست لە باڵی خاتەمییە/ و.) ئەوە جەنابی خاتەمی و سیاسەتە ژیرانەکەی نەبوو، کە "ئێرانی لە بۆمبباران ڕزگار کرد". هێرش بۆسەر ئێران و بۆمبباراننێکی لەم جۆرە لە بنەڕەتەوە، لە بەرنامەی ڕۆژئاوادا نییە. ئەو وێنایەی کە ئەمەریکا لە دوای ئەفغانستان یەک لەدوای یەک لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەچێتە شەڕەوە کە ڕۆژێک بە تیرۆریست لە قەڵەمی داون، زۆر ساویلکانەیە. مەبەستی ڕۆژئاوا لەم هێزنیشاندانەدا، نەک تێکشکاندنی ئیسلامی سیاسی، وە یان تەنانەت مەرج نییە ڕووخاندنی دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش بێت، بەڵکوو قوبووڵ پێ کردنی هەژموونی سیاسیی خۆی بە بزووتنەوەی ئیسلامییە و دیاریکردنی ڕێوشوێنی گەمەکەیە. لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، ئەم بزووتنەوەیە دەبێ سنووری خۆی بزانێت. دەبێ قەڵەمڕەوی ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی لە ناوچەکە بەرتەسک بکاتەوە، جێوشوێنی خۆی و جێگاورێگای تایبەتیی ئەمەریکا دەرک بکات. نە تەنها دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەتوانن لەسەر کار بن، بەڵکوو تەنانەت تیرۆریزمیش مۆڵەتی هەیە، بەو مەرجەی قوربانییەکانی ئەم تیرۆریزمە کۆمۆنیستەکان، چەپەکانی ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و تورکیا بن. بەڵام پەلامار لەنێو خودی خاکی ئەمەریکادا، ئیتر ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەمەریکا دەیەوێت، ئەم دەرسە و ئەم هاوسەنگییە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ببات.

ئەمە جەنگێکی دەسەڵاتە، نەک کێشمەکێشێک لەسەر ئیسلام، لیبراڵیزم، دیموکراسیی ڕۆژئاوایی، ئازادی، مەدەنییەت، ئاسایش و ئارامی یان تیرۆریزم. ئەمە نەبەردێکە لە نێوان ئەمەریکای زلهێز و بزووتنەوەیەکی سیاسیی خوازیاری دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە مەودایەکی هەڵسووڕانی جیهانیی هەیە، بۆ پێناسەکردنی هاوسەنگییەکی سیاسی و دیاریکردنی قەڵەمڕەوەکانی نفووز و هەژموونی خۆی.

ڕۆژئاوا بەشوێن پێکهێنانی دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکانەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. ئەمەریکا، پاکستان، ئێران و تەیفی فراوانی کۆنەپەرستان لە ناوچەکەدا، لە ئێستاوە بۆ سەپاندنی حوکوومەتێکی ئیستیبدادی و دواکەوتووی دیکە بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا، خەریکن لەگەڵ یەکتریدا بەندوبەست دەکەن. ئێران و سعوودییە و پاکستان و شێخنشینەکانی کەنداو، ئەم کۆنەپەرستترین ڕژێمانەی جیهانی ئەمڕۆ، هاوپەیمانانی فەرمی و عەمەلیی ڕۆژئاوان لەم کێشمەکێشەدا. تەنانەت لە حاڵەتی هەرەسهێنانی دەوڵەتە ئیسلامییەکانیشدا، ئاڵتێرناتیڤی حوکوومەتیی جێمەبەستی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، حیزبە ڕاستە کۆنەپەرست و نیزامە پۆلیسی و سەربازییەکان دەبێت.

ئەمەریکا مێژوو دروست ناکات

بەڵام ڕۆژئاوا ئایندەی ئەم ڕەوەندە دیاری ناکات. سیاسەتی ئێستا و کردەوەکانی ئەمەریکا، بمانەوێ و نەمانەوێ چوارچێوە سیاسییەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەشێوێنێ. بەڵام ئەوە کۆمەڵێک هێزی دیکەن کە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاڵتێرناتیڤەی کە لە ئایندەدا شکڵ دەگرێت، دیاری دەکەن. گومان لەوەدا نییە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، دەبێتە مایەی لاوازبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزب و دەوڵەتەکانی ئەم بزووتنەوەیە. بەڵام ئەم کێشمەکێشە لە گۆڕەپانێکی خاڵیدا ڕوو نادات. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەر وەکوو خودی ڕۆژئاوا، شانۆی کێشمەکێشی نێوان کۆمەڵێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە کە بەر لەم کێشمەکێشەی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا هەبوونە و ڕەوەندیی سیاسیی کۆمەڵگا جیاجیاکانیان شکڵ پێداوە. کێشمەکێشی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی بە هەموو گرنگییەکەوە کە هەیەتی، هێزی بزوێنەر و مۆتۆڕی بەرەو پێشەوەبردنی مێژوو لەم کۆمەڵگایانەدا نییە، بە پێچەوانەوە، خۆی دەچێتە چوارچێوەی ئەم مێژووەوە و هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕاڤە دەکرێت. ململانێ لەسەر دیاریکردنی نەزمی نوێی جیهانی کۆمەڵێک یاریکەری گرنگتری هەیە. چینە کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە سیاسییەکانیان چ لە ڕۆژئاوا و چ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی و ئابووری و کولتووریی جیهان ڕیزبەندییان کردووە. ئەوە بزووتنەوەکانن کە سەربەخۆ لە خواستی سەران و سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا و سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی، دوا ئاراستەی ئەم ڕەوندانە دیاری دەکەن.

به شێوەیەکی دیاریکراو، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژئاوا خوازیاری بڕێک پاشەکشە بە ئیسلامی سیاسی و پێناسەکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانێکی تازەش بێت لەگەڵیدا، بزووتنەوە سۆسیالیستی و ئازادیخواز و عەلمانییەکان لە ناوچەکەدا لەم هەلومەرجە تازەیەدا سەربەخۆ لە نەخشەکانی ڕۆژئاوا دێنە سەرشانۆ. بۆ نموونە، بە ڕای من، ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا دەڕووخێت، نەک لەبەر ئەوەی کە ڕۆژئاوا لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی دواییدا خواست یان مەبەستێکی بەم جۆرەی هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە لە جەرگە و شانبەشانی ئەم کێشمەکێشە تازەیە، خەڵکی ئێران و لە پێشەوەیاندا کۆمونیزمی کرێکاری، حوکوومەتی ئیسلامی دەکێشنە خوارەوە. شکستی کۆماری ئیسلامی، گەورەترین گورز لە پەیکەری ئیسلامی سیاسی دەبێت. ئەگەر چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین مەرجی لەنێوبردنی زەمینە سیاسی و فیکری و کولتوورییەکانی گەشەی ئیسلامی سیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاستی جیهانیدایە، ئەوا شکستی کۆماری ئیسلامی، مەرجی تێکشاندنی ئەوە، وەکوو بزووتنەوەیەکی خوازیاری دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەبێ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیسلامی سیاسی لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێتە ڕەوتێکی ئۆپۆزیسیۆنی بێ ئاسۆ و بێ ئایندە.

(درێژەی هەیە)

تێبینی: لە کۆتایی بەشی چوارەمدا نووسراوە، ئەم باسە درێژەی هەیە، بەڵام بەهۆی سەختیی نەخۆشیی مەنسوور حیکمەتەوە، ئیتر بەشی دیکەی بەدوادا نەهات و تەواو نەکرا.

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
دنیا پس از 11 سپتامبر
بخش چهارم: پس از افغانستان
"انترناسیونال هفتگی"، شماره 77
4 آبان 1380، 26 اکتوبر 2001

زەروورەتی ئەمڕۆژیی لێنین!

(لە کۆبوونەوەیەکی پاڵتۆکی لە 12ی کانوونی یەکەمی 2001)

پرسیار: ئایا هێشتا ئەشێ پشت بە لێنین ببەسترێت؟ ئایا هێشتا لێنینیزم مەوزووعییەتی هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: بڕوانن! تا ئەو جێگایەی کە لێنین سەبارەت بە هەلومەرجی مێژوویی وڵاتێکی دیاریکراو بە مێژووی تایبەتییەوە قسە ئەکات و ئەو حوکمانەشی کە ئەی دات لە ڕووی پێویستییەوە قابیلی بەگشتیکردن نییە. بەڵام من لێنین وەکوو کەسێک کە بیرۆکەی شۆڕشی کۆمۆنیستی و بیرۆکەی ئیمکانییەتی قبووڵبوونی سۆسیالیزم ئەخاتە ڕوو، وە مەسەلەکە بە دەستبردنی حیزبی کۆمۆنیست بۆ دەسەڵاتی سیاسی گرێ ئەداتەوە، بەم ناونیشانە وا تێئەگەم، لێنین لە پێشەوەی حیزبی ئێمەدایە و هەمیشە مەوزووعییەتی هەیە. لێنین کەسێکە کە مارکسیزمی لە دیدگاکانی ئۆلۆشیۆنیستی و کاملگەرایی و ئەمەی کە جیهان چاوەڕێیە سۆسیالیزم ڕۆژێک خۆی سەوز بێت، ڕزگارکرد و بۆ کار و کردەوەی زیندووی مرۆڤ و تێکۆشانی سیاسیی زیندووی مرۆڤەکانی گۆڕی. نەخشی لێنین ئەوە بوو، کە ئەم جێگاوڕێگایەی ناسی و دەستی بۆ دەسەڵات برد. ئەگەر ئەم هەڵوێستە لەگەڵ ئومێدەواری و نائومێدەواریی ژمارەیەک لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا لێک هەڵپێکیت، لێنینت لە مانای واقیعی خۆی داتەکاندووە. ئێمە زۆر دەمێکە ئەو مەیلەمان خستۆتە لاوە، کە سۆسیالیزم بە دوو سبەی ئەسپێرێت. ئێمە وتمان کە ئەم حیزبە هەر لەم دەورەیەدا هەوڵ ئەدات کە ئەم نەخشە بنوێنێت. ئەرکی کۆمۆنیزمە کە دەسەڵات لەدەست بگرێ، تاوەکوو بتوانێت ئەم هەڵبژاردنە بداتە دەستی کۆمەڵگا و چینی کرێکار، تا بە سۆسیالیزمەوە لەوسەری ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەکاندا بێتە دەرەوە. بە هەر حاڵ، شێوازی لێنین زەروورەتی ئەمڕۆژیی هەیە و زەروورەتێکی زۆر زیاتریش.

پرسیار: ئایا ئێران وڵاتێکی چەند میللەتییە؟

مەنسوور حیکمەت: وەڵامێکی کورت ئەدەمەوە: ناوبردنی وڵاتێک یاخود کۆمەڵگایەک بە چەند میللەتی یەک هەڵبژاردنی سیاسییە، وەکوو ئەوەی کە ئەگەر بپرسن، ئایا ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە، من ئەڵێم نەخێر، کەسێکی تر ئەڵێ: بەڵێ. بە بڕوای من

میللەت و میلییەت چەمکێکی سیاسییە، چەمکێکی ئایدیۆلۆژییە. بۆ نموونە، کەسێک کە یەکلا بووەتەوە لەسەرئەوەی، مرۆڤێک لەسەر بنەمای قەومییەتی پێناسە بکات و بڵێت، من ئەم کەسە بە ئازەریی ئەزانم، ئەوەش بە هیتۆ، ئەوەشیان پشتۆیە، ئەمەشیان ئیگۆ و ئەوی تریان بە باسک ئەزانم، ئەیەوێت ڕەنگی ئایدیۆلۆژیی خۆی لەو کۆمەڵگایە بدات. لەوانەیە ئێران چەند میللەتیی بێت، یا نەبێت. ئەمە پەیوەستە بەوەوە کە ئایدیۆلۆژیی فەرمی لەو وڵاتەدا، وە لێکدانەوەی فەرمی بۆ ئەو وڵاتە، کەسانێک ئەینووسن کە چەمکەکانی قەومییەت بۆیان بەرجەستەن، یان نا؟ ئەگەر من بم، ئەڵێم نەخێر تەنها ئێران، لە هیچ جێگایەکدا وڵاتانی جیهان چەند میللەتی نین. مرۆڤەکان بە زمانی جۆراوجۆر پێکەوە قسە ئەکەن، ئەمەی کە پێیان بڵێین میللەت، بەرەنجام و کارکردی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە لەم وڵاتانەدا. سەردەمانێک ئەم مرۆڤانە بە خۆیان نە وتووە میللەت. پاشان لەوانەیە هەر ئەم میللەتانە بۆ چەند میللەتی دیکە دابەش بن. ئەمە ڕووداوێکی سیاسی_ ئایدیۆلۆژییە و بەشێک لە زانستی ئۆبژەکتیڤ نییە. ئەگەر خەڵکی ئێران بخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە و لە DNAیان بکۆڵینەوە، هیچ شتێک سەبارەت بە لوڕبوون، یاخود گیلکبوونیان نادات بەدەستەوە. ئەمە باسێکی سیاسییە، باسێکی ئایدیۆلۆژییە. ئێوە ئەتوانن ئەوە هەڵبژێرن کە کەسێکی تر بەم جۆرە خەڵک دابەش ئەکات. من ئەمەوێ بەم جۆرە دابەشیان نەکەم و ئەڵێم خەڵکی ئێران ژمارەیەک مرۆڤی خاوەن مافی یەکسانن و بە زمانە جۆراوجۆرەکان قسە ئەکەن.

ئایا ستەمی میللی هەیە؟ بێگومان هەیە، لەبەر ئەوەی کە ناسیۆنالیزم هەیە و تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمیش ئەوەیە کە میللییەت بۆ یەک سنووری لەبڕین نەهاتوو بگۆڕێت، وە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی وا دابەش بکات کە قەڵشت و جیایی بخوڵقێنێ، بە مەبەستی ئەوەی وەکوو میللەتێک زوڵم لە میللەتێکی تر بکات و بڵێت ستەمی میللی هەیە.

بەڵام ئەبێ ستەمی میللی لاببرێت، وەڵامدانەوە بە ستەمی میللی، وڵاتدان بەو میللەتانە نییە. هەر کەس بێت و بە ئێوە بڵێت، حەسەن بەگ خەریکن نوکتەم لەسەر دروست ئەکەن و ئێوە وڵاتێکم بدەنێ، ئێوە لێی قبووڵ ناکەن. وەڵامی ستەمی میللی، لابردنی ستەمی میللییە. هەر وەکوو چۆن وەڵامی ستەمی جنسی، لابردنی ستەمی جنسییە و وەڵامی ستەمی نەژادی، هەڵگرتنی ستەمی نەژادییە و وڵاتدان بە قوربانییەکانی نییە. ئەوەی کە میللەت بنەمای دەوڵەتە، ناسیۆنالیستەکان لە دوو سێ سەدەی دواییدا دایان

هێناوە. بە بڕوای من، میللەت بنەمای حاکمییەت نییە، بنەمای فەلسەفیی دەوڵەت، میللەت نییە. تەنها مرۆڤ ئەتوانێت بنەمای فەلسەفیی دەوڵەت بێت و یەکێتیی ئارەزوومەندانەی ئەو مرۆڤانەی کە ئەیانەوێت لەوێدا بژین، هاووڵاتیبوونە. بەم پێیە، ئەگەر وادانێین کە دەوڵەتەکان بڕیار نییە میللی و ناسیۆنالیستی بن، ئەوسا دیار نییە، بۆچی دەبێت ستەمی میللی بۆ مەسەلەی پێکهاتنی وڵاتی جیاواز ببرێت.

نموونەیەکی دیکە لە پەیوەند بە مەسەلەی میلییەوە ...

ئەگەر ناسیۆنالیستەکان خۆیان ڕاوەشێنن و باوەشێنی مەسەلە میلییەکان بکەن و کارەساتە میلییەکان بخوڵقێنن، بە شێوەیەک کە چیتر لە نێوان ئەو میللەتانەدا نەشێ بە زمانی خۆش، ئاشتی و ئاسایش فەراهەم بکرێت، بەڵێ ناچارین وەکوو ڕێگاچارەیەکی ناشیرین، باس لە جیابوونەوە بکەین و ڕێگا بۆ ڕێفراندۆمێک بکەینەوە، کە ڕێگا بۆ ئەو میللەتەی کە زوڵمی زۆری لێ کراوە، خۆش ئەکات و ئیتر باوەڕی سەبارەت بە پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەدەست داوە و ئەیەوێت جیا بێتەوە. بەم شێوەیە و بەم ئیعتیبارە، من قبووڵی ئەکەم. سەبارەت بە کوردستان، سیاسەتی فەرمیی ئێمە ڕێگای داوە بە ڕێفراندۆمێک و خواستی یەک ڕێفراندۆم لە کوردستان کە ئایا خەڵکی کوردستان ئەیەوێ جیا بێتەوە، وە یان ئەیەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە، بە مەرجی هەلومەرجی یەکسان لەگەڵ باقیی هاووڵاتیانی ئێراندا؟ بەڵام ئەمەی کە ئێوە ئەیڵێن، دەبێ سەبارەت بە گەیلانیش دابنێین. من بەم جۆرە بیر ناکەمەوە. هەر چەندە ئەشێت کە ستەم لە خەڵکی گەیلان کرابێت، مەسەلەیەکی میللی کە تیایدا خوێن ڕژابێت، ڕەشبینی و کینەی بەرپا کردبێت، پەژارە لەپشتییەوە ڕاوەستابێت، تووڕەیی کەڵەکە کردبێت. مەسەلەیەکی بەم جۆرەمان سەبارەت بەگیلک نییە. هەر کاتێک مەسەلەیەکی لەم بابەتەیان بۆ خوڵقاندین، ئەو کاتە ناچارین هەر بەم شێوەیەی پێشوو بچین بەدەمییەوە. بەڵام ئێمە ناڕۆین بەپیریی بەشبەشکردنی مرۆڤەکانەوە. پێشوازی لە جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری ناکەین. ناچین بەدەمی دابەشکردنی وڵاتانەوە بۆ شەش کەڕەت چوار، کە لە هەر یەکێکیاندا قەومێک هەبێت. بە پێچەوانەوە، دەبێت سنوورەکانی جیهان لاببرێن. دەبێ مرۆڤەکان پێکەوە بژین، بە هەر زمانێک ئەیانەوێت قسە بکەن، بە هەر زمانێک پێیان خۆشە بنووسن و هەر کامێکیش لەم زمانانە کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەکاریگەرتری ئەزانن، بەکاری ببەن.

من خۆم نە ناسیۆنالیستم و نە ئەشمەوێ ئیمتییاز بە هیچ ناسیۆنالیستێک بدەم.

تێبینی: لە لایەن ئیرەج فەرزادەوە پیادە کراوە و نووسراوەتەوە.

وەرگێڕانی: حەمە غەفور

سەرچاوە:
"اکتبر"ی فارسی، شمارە 7
13 ئۆکتۆبەر 2004

مانای دیموکراسی، ڕای تاک و دەخاڵەتی هاووڵاتیان لە چارەنووسی کۆمەڵگادا

(لە کۆبوونەوەیەکی پاڵتۆکی لە 12ی کانوونی یەکەمی 2001)

هۆشمەند: سوپاسی بەڕێز مەنسوور حیکمەت ئەکەم بۆ کاتێک کە پێی دام، پرسیارەکەی من ئەوەیە: هەڵوێست و پێناسەی ئێوە بۆ دیموکراسی چییە؟ ئایا ئێوە باوەڕتان بە دیموکراسیی پێناسەکراوی دنیا هەیە، یان نا؟

مەنسوور حیکمەت: سوپاس هۆشمەندی ئازیز، لە پەیوەند بە دیموکراسییەوە، پێم وایە، بە درێژی لەسەری نووسیومە، ئەگەر دەستت بەو نووسینانە ناگات، ئەدرەسێکم بدەیتێ بۆتان ئەنێرم .

باسەکانی من لەپەیوەند بە دیموکراسییەوە، لەسەر سایتەکان پەیدا ئەبێ و بە هەمان شێوەش لە خودی بەرنامەی "دنیایەکی باشتر"دا هەیە، بەو جۆرەی کە ئێوە ئەڵێن، لە پەیوەند بە دیموکراسیی باوی دنیاوە قسەمان کردووە.

بڕوانە! بۆچوونێک بە تایبەت لەنێو چەپەکانی وڵاتانی دواکەوتوودا، چەپەکانی وڵاتانی هەژارتردا هەیە، گوایە دیموکراسی هاوتای وشەی ئازادییە. سەرەنجام ئازادی یانی، دیموکراسی و ئەمە تەنها شکڵێکە کە ئازادی ئەتوانێ بە خۆیەوە بیگرێ. وە هەر لێرەدایە کە ئەگەر کەسێک بڵێ، من دیموکرات نیم، ماناکەی ئەبێ بەوەی، کە ئازادیخواز نییە، سەرکوتگەر و لایەنگری سەرکوتگەرییە. لە کاتێکدا کە دیموکراسی، وشەیەکی هاومانای ئازادی نییە، وشەیەکە لە دەورەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا، چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، بۆ مانادان بە ئازادی لە ڕوانگەی خۆیەوە بە دەستەوەی داوە.

دیموکراسیی پەرلەمانی یان دیموکراسیی بۆرژوازی، شێوەیەکە کە ئەم چینە، بنەمای کۆمەڵگاکەی لەسەر سوودبردنی سەرمایە، بنەمای کاری بەکرێ، بنەمای بوونی بازاڕ، بنەمای کڕین و فرۆشتن دامەزراندووە و هێزی کاریشی گۆڕیوە بە کاڵایەک، ئازادی پێ پێناسە کردووە. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە، سیستەمی سیاسی لەسەر دەستەواژەی دیموکراسیی پەرلەمانی بنیات ناوە و بەوەش ئەڵێ ئازادی. ئەمە ئازادییە بەو مانایەی کە کۆمەڵگا و ئەو چینە بەو جۆرە لێی ئەڕوانن. ماناکەی ئەوە نییە کە لە ڕووی

مێژووییەوە تەنها ئەشێ بەم جۆرە تەماشای ئازادی بکرێ، یا لە ڕووی مێژووییەوە تەنها بەم جۆرە تەماشایان کردووە، یان سۆسیالیستەکان لەسەریانە بەم جۆرە تەماشای ئازادی بکەن .

سۆسیالیستیش لە پەیوەند بە ئازادیی مرۆڤەوە پێناسەی خۆی هەیە. بەڵام باسی سۆسیالیزم لەسەر ئازادی، ئابووریش ئەگرێتەوە. وە ئابووری و سیاسەت بە وردی پێکەوە گرێ ئەدات.

بڕوانە! من دیموکرات بە مانای دیموکراتیی پەرلەمانی نیم، چونکە سیستەمی پەرلەمانی، سیستەمێک نییە کە دەسەڵات بە هاووڵاتیان بدات، تاوەکوو دەخاڵەت لە چارەنووسی خۆیاندا بکەن. سیستەمێکە بە پێچەوانەوە، ئەم دەسەڵاتە بە بەردەوامی لە هاووڵاتیان ئەسەنێتەوە و دەورە لە دوای دەورە بە کەسانی دیکەی ئەدات. هەر لەبەر ئەوەشە پێی ئەڵێن، دیموکراسیی نوێنەرایەتی، یان دیموکراسیی بریکاری. ئەم بریکارانە کەسانێکن کە بۆ هەر 4 ساڵ جارێک یان هەر 5 ساڵ جارێک، لەو کۆمەڵگایانەدا کە وای دابنێین دیموکراسییان تێدایە، دەسەڵاتی دەخاڵەتکردن لە چارەنووسی کۆمەڵگادا بە نوێنەرایەتی جەماوەری ملیۆنی خەڵک وەرئەگرن. لەو دەورەیەدا هاووڵاتی لە ڕێگەی دیموکراسییەوە بچووکترین توانای دەخاڵەتی لە کۆمەڵگادا نییە. دیارە لە ڕێگای میکانیزمی ترەوە دەتوانێ، کە دواتر دێمە سەریان، بەڵام لە ڕێگەی دیموکراتییەوە، ناتوانێ دەخاڵەت لە چارەنووسی کۆمەڵگادا بکات. ئەگەر لە ماوەی ئەم 4 ساڵەدا، ئەم حوکوومەتە جەنگ ڕابگەیەنێ، لە هاووڵاتی ناپرسن. ئەگەر بڕی سوود بەرز بێتەوە، لە هاووڵاتی ناپرسن. ئەگەر بڕیار بدەن، قوتابخانەی ئایینی بکەنەوە، لە هاووڵاتی ناپرسن. هاووڵاتی وەکالەتی داوە، ئازادییەکەی بۆ ماوەی 4 ساڵ بە کەسانی دیکە داوە. دوای 4 ساڵەکەش کە دێنەوە، دەخاڵەتێک لە هاووڵاتیان ناخوازن، پێی ئەڵێن، بریکاری دوای ئەوت هەڵبژێرە. وەرە لەنێو ئەو هەڵبژاردنانەدا کە پارتگەلی سیاسی خستوویانەتە بەردەمت، یەکێک هەڵبژێرە و ئەم ئینسانانە لەم 4 ساڵەدا بە دەسەڵات بگەیەنە.

من لە ئێوە ئەپرسم، ئەگەر لە جیاتی سیاسەت، مەسەلەکە ئابووری بوایە، بیان وتایە، وەرن هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن، کە لە جێی ئێمە خۆشگوزەران بن، بێن و هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن، کە لە جێی ئێمە بچنە قوتابخانە، هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن کە لە جێی ئێمە بچنە لای دکتۆر و لە خزمەتگوزاریی

تەندروستی بەهرەمەند بن. یان وەرن هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن کە لە جێی ئێمە خواردن بخۆن، هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن کە لە جێی ئێمە سێکس بکەن ... هیچ کەسێک ئەمە قبووڵ ناکات.

هیچ کەسێک، لە هەموو ئەو ئینسانانەی کە دیموکراسیی پەرلەمانییان قبووڵە، قبووڵ ناکەن کە لەو 4 ساڵەدا ئیختیاری ژیانیان لەو بوارانەوە کە باسم کرد، لە سەرپەرشتی منالەکانیان، تا بژێوییان، تا خۆشگوزەرانییان بە کردەوە بدەنە دەست کەسێکی تر. بریکاریی لەم مەسەلانەدا بسپێرێت بەو بریکارە و بڕوات و 4 ساڵی تر بێتەوە. بەڵام لەم سیستەمەدا سیاسەت چونکە گرنگی نییە، خەڵک ئەم کارە ئەکەن. هۆکاری ئەوەی دیموکراسیی پەرلەمانی ئەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ ئەوەیە، کە سیاسەت لەم سیستەمەدا بێ بایەخە. لەبەر ئەوەی سیاسەت هەر لەپێشەوە لە لایەن خەڵکەوە زانراوە، ئەزانن کە سیاسەت لە دەست ئاغایانی دەسەڵاتدایە و ئەزانن کە هەتا پەرلەمانیش سەنتەری دەسەڵات نییە.

ئێوە بڕوانن، کۆمپانیای بوئینگ کە سی هەزار کەس لە کار دەر ئەکات، ڕەزامەندی لە هیچ مەرجەعێک وەرناگرێ، کۆنگرەی ئەمەریکا قسەی تیا ناکات. بەڵام شارێکی گەورە دائەخات. سی هەزار کەسی شارێک، ژمارەیەکی تا ڕادەیەک گەورەیە. لە ئەنجامی ئەمەوە، هەژاری هەیە، بێبەشی هەیە، ماددە هۆشبەرەکان هەیە، خۆکوشتن هەیە، لە پەیوەند بە هیچ یەکێک لەمانەوە خەڵک و نوێنەرەکانیان قسەیەک ناکەن، ڕا نادەن. بوینگ دایئەخات. کۆڕ و کۆمەڵە حاکمەکان بەسەر کۆمەڵگاوە لە پەیوەند بە ئابوورییەوە بڕیاری خۆیان داوە، پەرلەمانیش ئیشی ئەوەیە، مۆری تەئیدی لێ بدات. سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانی، سیستەمێکە بۆ شەرعییەتدان بە حوکوومەتێک کە بەر لە پەرلەمان و لەسەرووی پەرلەمانەوە بوونی هەیە، ئەویش حوکوومەتی چینی دەسەڵاتدارە، حوکوومەتی چینێکە کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەسەڵاتدارە.

بەم پێیە، نا! من لایەنگری دیموکراسیی پەرلەمانی نیم. ڕۆشنە کە دیموکراسیی پەرلەمانیم پێ باشترە وەک لە حوکوومەتی سەربازی، ڕۆشنە ئەوم پێ باشترە وەک لە سەرکوتگەریی پاشایەتی، ڕۆشنە ئەوم پێ باشترە وەک لە حوکوومەتی پۆلیسیی نهێنی. بەڵام پێم وانییە، ئاستی ئێمە ئەوەندە بهێننە خوارەوە، کە ئەوە بە ناونیشانی ئایدیاڵی خۆمان لە ژیاندا قبووڵ بکەین. سۆسیالیزم بۆ ئێمە یانی ئازادی، وە ئەڵتێرناتیڤی ئێمە لە بەرامبەر دیموکراسیدا سۆسیالیزمە. ئەگەر بەم مانایە لێک

بدرێتەوە کە سۆسیالیزم بەها بۆ ڕای تاک دانانێت، چونکە دیموکراسی پێوەری مافی تاکە، دەی باشە ئەڵێین، کەسێک کە حەبی تەبلیغاتی فەرمیی کۆمەڵگای بۆرژوازی قووت داوە، وا ئەڵێت. لە کاتێکدا کە هەرگیز بەم جۆرە نییە. تەنها بزووتنەوەیەک کە بە مانای واقیعی، ماف بە تاک ئەدات، کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە چارەنووسی سیاسی و ئابووریی خۆیدا دەخاڵەت بکات، سۆسیالیزمە.

تێبینی: لە لایەن ئیرەج فەرزادەوە پیادە کراوە و نووسراوەتەوە.

وەرگێڕانی: جەمال موحسین

سەرچاوە:

معنی دمکراسی، رأی فرد و دخالت شهروندان در سرنوشت جامعه

/http://hekmat.public-archive.net

توێژینەوەیەکی کورت سەبارەت بە فیدراڵیزم

(نەتەوەپەرستی دەبێ ببێت بە کارێکی شەخسی)

ڕێگە بدەن چەند وشەیەک سەبارەت بە فیدراڵیزم بڵێم. ئێمە ئێستا هەموومان (پێم وایە هەموو ئەوانەی کە لەم ژوورەدان، مەگەر ئەوە بە ڕاستی کەسێکی دواکەوتوو بێت) بیست و چەند ساڵێکە لە پێناو ئەوەدا خەبات دەکەین کە ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە بکەینە دەرەوە و ببێتە کاری شەخسی. ئایین ببێتە کارێکی شەخسی. ئێستا پاش بیست و چەند ساڵ، ژمارەیەک هاتوون و دەڵێن، وەرن با نەتەوە بە دەوڵەتەوە پەیوەست کەین، بە پەروەردە و فێرکردن و حوکوومەت، وە ببێتە شێوەی ژیان. من ئەڵێم، هەر بەو جۆرەی کە ئایین دەبێ کاری شەخسی بێت، قەومیەتیش بە هەمان شێوە دەبێ ببێتە کاری شەخسی. بۆی هەیە کەسێک نەتەوەی هەبێت وە کەسێکی تر نەیبێت. هەر بەو شێوەیە، کەسێک دینی هەیە، وە یەکێکی تر نییەتی. بۆیان هەیە ئینسانەکان قەومییەتی جۆراوجۆریان هەبێت، بۆیان هەیە ژمارەیەک بیانەوێت. بۆیان هەیە ژمارەیەک بیانەوێت لە بەیانییەوە تا ئێوارە ڕابەرە نەتەوەییەکانیان بەگەورە بگرن و پیرۆزیان بکەن. ژمارەیەک بیانەوێ لە بەیانییەوە تا شەو گاڵتە بە میراتی نەتەوەی ئەوان بکەن (کە من لە دەستەی دووەمم.) ئەوەش هەر دەبێ کاری شەخسیی ئێمە بێت.

ئایا ئێمە ڕێگە ئەدەین پاش بیست و سێ ساڵ حوکوومەت بە ناوی ئایینەوە، بە گۆڕینی ئایین بە یەکێک لە پێکهاتەکانی حوکوومەت، بە گۆڕینی ئایین لە کارێکی شەخسییەوە (کە زەمانی شایش بە هەمان شێوە کاری شەخسی نەبوو) بۆ دامەزراوەی دەوڵەت، پاش بیست ساڵ حوکوومەتی ئیسلامی سیاسی، ئینجا قەومییەت ئەم دەورە لە ئەستۆ بگرێت؟ نەخێر! ئازیزی من، نەتەوەییبوونی ئینسانەکان، تورک، فارس، کورد، عەرەب و بەلووچ، بوونیان هەر بەو شێوەیەی کە شیعە، سوننە، بەهایی و یەهوودی بوونیان کاری خۆیانە. بۆ خۆشیان بەڕێزە. خۆشی لە خۆیان. نابێ ڕێگە بدەین ئەو جێگەیە پەیدا بکات، کە بە شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە پەیوەست بێت. وە نابێ ڕێگە بدەین ببێتە یاسا. وە سبەینێ ئێمەش بە هەمان شێوە کە ڕێگە نادەین ناسنامەی ئایینیمان بدەنێ و بڵێن، تۆ شیعەی، تۆ سوننەی، تۆ

بەهاییت، تۆ مەسیحی و یەهوودیت و پاشان لەگەڵ ئەوانی تر لەم سەردەمە دیاریکراوە، یا لەو سەردەمی دیاریکراو جیاوازیت هەیە، سبەینێ بڵێن تۆ لوڕیت لێرە چی ئەکەیت؟ تۆ کوردیت چۆن هاتیتە کەنار ئەم شەقامە؟ تۆ کە ژمارەی سەیارەکەت سمنا نییە، چۆن لە بلواری ناوەڕاستی شاری سنەدا سەیارەکەت ڕاگرتووە؟ نامانەوێ نەتەوەمان بە ناسنامەمان بگۆڕن و نامانەوێ بیگۆڕن بە بەشێک لە دەسەڵات. ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەوەیە، کە ئیسلامی سیاسی بۆگەنە و دەسەڵاتی ئیسلامی و حوکوومەتی دینی و حوکوومەتێک کە ئایین بە ئایدیۆلۆژیی دەسەڵات و بە پایەی دەسەڵات دەگۆڕێت، بە بۆچوونی من بە تۆزێک بیرکردنەوە دەتوانی تێی بگەیت، کە چۆن ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە حوکوومەتی نەتەوەیی و فیدراڵیزم پیسە، وە بە هەمان شێوە قیزەوونە، خوێنڕێژییە و بە هەمان شێوە دواکەوتووە.

ئەمە هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە فیدراڵیزمە. ئەگەر کەسێک بیەوێت پاریزگاری لە حوکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا بکات، ئەوە لەگەڵ ئێمە تەرەفە. لەگەڵ هەموو ئێمە کە لەم ژوورە ئامادەین تەرەفە. سبەی دیسان ئەگەر کەسێک بیەوێت حوکوومەتی نەتەوەیی بێنێتە سەرکار، لەگەڵ ئێمە تەرەفە. باشترە کە ئەوە بزانێت. کە لە لای ئێمەوە رەت ئەکرێتەوە. ئەبێ شوێنی ئازاردان و ئیعدامکردن دروست بکات. بڕوات سیا (CIA) بهێنێت و پاڵ بە ناتۆوە بدات، دواتر بڕوات بیبیسی و سی ئێن ئێن بێنێتە پشت خۆی. دەبێت نەوەیەک پێشێل کات، تاوەکوو بواری ئەوە پەیدا بکات کە حوکوومەتی قەومی لەم وڵاتە جێگیر بکات و ڕایگەیەنێت کە ئەو ناوچەیە و ئەو زەوییە هی تورکەکانە، ئەوە هی لووڕەکانە و ئەوە هی بەلووچەکانە.

لێرەدا سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە کۆمەڵگای فیدراڵیی ئەوان لەسەر بنەمای دابەشکردنی پارێزگاکانی کۆماری ئیسلامییە. باشە ئەگەر سبەی کۆماری ئیسلامی ئازەربایجانی کرد بە سێ بەشەوە، ئەو کاتە سێ کۆماری ئۆتۆنۆمی و کۆماری فیدراڵمان هەیە یان نا؟ ئەگەر نا، ئەو سنوورانە چ کەسێک دەیان کێشێت؟ لێرەدایە کە باسی شاری تاران نموونەیە. تارانی مانای چییە؟ هەر کەس دێتە تاران بە خۆی دەڵێ تارانی و ڕاستیش دەڵێ، ڕاست دەڵێ تاران ... لە خەڵکێک کە لە شوێنەکانی تری مەملەکەتەوە هاتوون، ئەیانەوێ لەوێ بژین. فیدراڵیزم یانی، ئەوانە بەربدەیتە گیانی یەکتر لە تاران. بەریان بدەیتە گیانی یەکتر نەک لە گرد و شاخەکانی لووڕستان و کوردستان، بەڵکوو لە تاران! لەبەر ئەوەی کە هەر یەکەیان ئەیەوێت وەفاداری بۆ کۆماری فیدراڵی خۆی

بسەڵمێنێت. کێشەکە لە سەراییڤۆ (لە بۆسنە) ڕووی داوە. بینیمان. یۆگۆسڵاڤیا لەبەر چاومانە. ئەوە فیدراڵیزمە. چیا (یەکێک لەوانەی کە لە کۆبوونەوە پالتاکییەکەدا پرسیاری کرد) ئەپرسێ، باشە ئەی چۆنە جیابوونەوە قوبووڵ دەکەن؟ ئایا ئەمە ناکۆکی نییە؟ نەخێر ناکۆک نییە. لەبەر ئەوەی لە حاڵەتێکدا نەفرەتی نەتەوەیی ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە، بە هەوڵی شۆڤێنیستیی ناوەندی و ناسیۆنالیزمی ناوچەیی ئەوەندە ئەم نەفرەتە قووڵ ئەبێتەوە کە مێژوویەک لە شەڕ و پێکدادان، نارەحەتی و دژایەتی لە نێوان تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا پێک ئەهێنێت، کە هیچ ڕێگەیەک جگە لەوە نامێنێتەوە، تاوەکوو نیازپاکیی خۆت نیشان بدەی، وە بڵێی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە خوێناوی و خوێنڕێژییە، نەتەوەیەک کە بەو ڕادەیە لەژێر چەوسانەوەدا بووە و ئیتر ناتوانێت ڕێک بکەوێت، وەرە ڕێگە بدە سەیر کەین، ئەیەوێت جارێکی تر ئەوە تاقی بکاتەوە، کە ئەیەوێت پێکەوە بژین یان دەیەوێت وڵاتی خۆی دامەزرێنێت. ئەمە چارەسەرێکی تاڵە. جیابوونەوەی ژمارەیەک لە کۆمەڵگایەک کە پێشتر ژیانیان تێدا بەسەر بردووە و بەشکردن و جیابوونەوەیان لەسەر بنەمای قەوماییەتیان، ڕووداوێکی تاڵە. بەڵام ئەگەر ناچار بووین، دەبێ ئەم کارە بکەین. هیچ کاتێک نەمان وتووە قایلین کە هەموو میللەتێک، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی هەبێت. بێگومان بەو جۆرە نییە. هەر وەک چۆن قبووڵمان نییە وڵات بۆ هەموو ئایینەکان دامەزرێت، بۆ هەموو میللەتانیش قبووڵمان نییە. بێگومان وڵات ماناکەی نە نەتەوەیە، وە نە گەلە، وە نە ئایینە، بەڵکوو یەکێتیی دڵخوازانەی ئینسانەکانە. لە ئەنجامدا هەر ژمارەیەک کە بیانەوێ پێکەوە بژین، ئەبێ بتوانن بەیەکەوە بژین. هێنانی "وشەی" میللەت و ناسیۆنالیزم لە پێناسەی دەوڵەتدا، (بەو مانایەی کە) ئێرە حوکوومەتی ئێرانییەکانە، ئێرە حوکوومەتی لووڕەکانە و ... هتد. ئەمە بە بۆچوونی ئێمە کۆنەپەرستانەیە.

سەبارەت بە کوردستان، ئێمە بەردەوام وتوومانە، کە کێشەیەکی میلییە و مەترەحە. هەر وەک چۆن کێشەی فەلەستین کێشەیەکی نەتەوەییە و مەترەحە. بەڵام کێشەی باسک کێشەیەکی نەتەوەیی نییە و مەترەح نییە. سەرەڕای ئەو هەموو تۆپبارانەی کە باسکەکان لە باکووری ئیسپانیادا دەیکەن، کێشەی باسک کێشەیەکی نەتەوەیی نییە و مەترەح نییە. کۆمەڵگای ئیسپانیا بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە. بەڵام کێشەی فەلەستین کێشەیەکی نەتەوەییە و مەترەحە، ئەبێ وەڵام وەربگرێتەوە. کێشەی کوردستان کێشەیەکی نەتەوەییە و مەترەحە، ئەبێ وەڵام وەربگرێتەوە. مانای ئەوە نییە کە

کێشەی خۆراسانیش ئەبێ وەڵام وەربگرێتەوە. لێرەدا کێشەیەکمان نییە. هەر کاتێک بزووتنەوەیەکی میللیی دەمارگیر لە هەردوو لاوە پەیدا بوو کە پاڵ بە خەڵکەوە بنێ دەست بنێنە بینی یەکتر و پاش پەنجا ساڵ شێواندن و خوێنڕێژی، ئەو دەمە مەسەلەی میللی لە لووڕستان مەترەح ئەبێت و ئەبێ بەپێی هەمان سیاسەت ڕەفتار بکەین.

بەڵام سیاسەتی نوێ و پێشنیاری ئێمە بۆ خەڵکی کوردستان چییە؟ ئەوەیە کە یەکێتیی دڵخوازانە هەڵبژێرێت. ئێمە ئەبێت ڕێفراندۆم بخەینە بەردەم، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بزانێت کە بڕیار بە دەستی خۆیەتی، بەڵام دەتوانین پێشنیاری ئەوەی بۆ بکەین، کە بمێنێتەوە و نەڕوات. سیستەمەکە شووراییە. دەسەڵات لە گەڕەکەکانە. دەسەڵات بەدەست تاکتاکی کۆمەڵگاوەیە. لە ئەنجامدا، نەخێر ناکۆکی نییە. ئێمە پێشنیاری جیابوونەوە ناکەین. ئێمە مافی ڕێفراندۆم بە فەرمی دەناسین. ڕێفراندۆم، بە هۆی ئینسانکوژییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و پاشایەتی لە کوردستان، بەهۆی مەحروومکردنی خەڵکی لە مافە بنەڕەتییەکانیان، بەهۆی میلیتاریزەکردنی بەشێک لە وڵات لە لایەن حوکوومەتی هەمان وڵاتەوە و بۆمبباران و تۆپبارانێک کە کردوویانە، ئیتر بووەتە شتێکی ناچاری. بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت ئەو متمانەیە بەدەست بێنی، تا خەڵکی کوردستان بتوانن ئاسوودە بن، وە بۆ ئەوەی بتوانی وەڵامی ناسیۆنالیستە کوردەکان بدەیتەوە، ئەبێ مەسەلەکە بدەیتە دەستی خودی خەڵک. ڕاستییەکەی، من لەو باوەڕەدام، سەرەڕای ئەو هەموو مێژووەی خەڵکی کوردستان، خەڵکی کوردستان لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا، دەنگ بە جیابوونەوە نادەن. لێکدانەوەی شەخسیی من ئەوەیە. ئێستا ئاوایە. تەنانەت سەرەڕای ئەو هەلومەرجە کارەساتبارە ئاوهایە، تا ئەوەی بگات بەوە، کە حوکوومەتێکی ئازادیخواز لە تاران لە دەسەڵاتدا بێت، کە نوێنەرایەتیی خەڵکی بکات، وە شوورای سنە بە هەمان ئەندازەی هەر شارێکی دیکە دەسەڵاتی هەبێت.

وەرگێڕانی: کاوە عومەر

سەرچاوە:

پرسش و پاسخ در پالتاک 26 دسامبر 2001

/http://hekmat.public-archive.net

پێرست

مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ 7
پایەکان و ئاسۆکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری 51
دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت 87
لەکوتایی دەورەیەکدا 145
میللەت و ناسیۆنالیزمو بەرنامەی کۆمۆنیزمی کریکاری 165
دنیایەکی باشتر 213
لە پێناوی داکوکیکردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عیراقدا 283
بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری 295
"دیبلۆماسی" یان هەڵبژاردنی سیاسی؟ 301
گفتوگۆ لەگەڵ مەنسوور حکمت سەبارەت بە دروشمی فیدرالیزم 327
نامەیەک بۆ دوو هاوڕێ 335
ڕووداوە گەورەکان و ئینسانە چووکەکان 345
دەربارەی لەباربردنی منداڵ 361
بۆ کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق 383
حیزب و دەسەڵاتی سیاسی 385
سەبارەت بە ئازادیی بەیانی بیرورا 411
سەبارەت بە گرژی نێوان ئێران و ئەفغانستان 425
حیزب و کومەڵگا 433
ئیسلام بەشێکە لە لۆمپنیزمی نێو کۆمەڵگا 457
ناقارەمانان 465
سەرنگوونی، شۆڕش، سۆسیالیزم 469
بۆچی حیزب لە پەیوەند بە مەرگی شاملۆوە، هەڵوێستی خۆی دەرنەبڕی 475
یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی 479
بزووتنەوەی سەلبی و ئیسپاتی 487
وتاری دەستپێکی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران 505

مێژگردی: باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی 521
دەربارەی خەبات لە دژی ئایین 535
ڕووبەڕووبوونەوە لە نزیکەوە 543
تەرحی سازماندەیی ڕابەری حیزب 547
کۆتاییهێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە 551
دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر 557
زەروورەتی ئەمڕۆژیی لێنین! 587
مانای دیموکراسی، ڕای تاک و دەخاڵەتی هاووڵاتیان لە چارەنووسی 591
توێژینەوەیەکی کورت سەبارەت بە فیدراڵیزم 595